ته فسيرى قورئانى
بەرزو بەڕێز

به رگى پێنجه‌م

ته فسيرى سووره‌تى (الأنعام)

عه لى باپير

تەفسیری قورئانی بەرز و بەپێز

عەلی باپیر

بەرگی پێنجەم

تەفسیری سوورەتی (الأنعام)

پێناسەی کتێب

ناوی کتێـــــب : تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز.

نووســـەر: عەلـی باپـیر.

نەخشەسازیی ناوەوە: عزالدین محمد عمر.

نۆرەو ساڵی چاپ: یەکەم ١٤٣٦ ك– ٢٠١٥ز.

تـــیراژ : ٢٠٠٠ دانە.

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٧)ی ساڵی (٢٠١٢)ی پێ دراوە

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتی

الحَمْدُ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيِئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لاَ إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ آل عمران، ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ النساء، ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ الأحزاب.

أمَّا بَعْدُ: فإنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كَلامُ اللهِ وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ[١].

خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەکان!

هیچ گومانی تێدانیە - بۆ مرۆڤی بڕوادار - کە ئەو تەمەنەی لە خزمەت دوایین کتێبی خوا (قورئان)دا بەسەردەبرێ، جا بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی لە

١) ئەوە پێی دەگوترێ: (خطبة الحاجة) کە پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بەڕێزی فێردەکرد پێش هەر قسەیەکی گرنگ بیڵێن، وەك وتاری جومعەو داخوازییکردن (خِطْبَة)و .. هتد، وە ئەم وتارە هەرکام لە: الترمذي: (١١٠٥)، والنسائي: (١١٠٤)، وابن ماجه: (١٨٩٢) وأحمد: (٣٧٢٠)، وطبراني: (٢٤١٤) هێناویانەو (مسلم)یش بەشێکی هێناوە.

خزمەتدابووندا بێ؛ خوێندنەوە، تێفکرینو رامان، فێرکردن، کارپێکردن ... هتد، بەباشترین جێگرتن جێگا دەگرێو خاوەنەکەی لە دنیاو دوارۆژدا لێی بەهرەمەندە.

منیش کە - وەك باسکردنی چاکەی خوا (التحدّث بنعمة الله) دەیخەمەڕوو- لەوەتی فامم کردۆتەوە، خوای بەبەزەییو بەخشەر چاکەی لەگەڵ کردووم، بە فەرمایشتی بەرزو بێ وێنەی خۆیەوە سەرگەرمی کردووم، بەر لە تەمەنی بیست ساڵیی یەوە هیدایەتی داوم، کە قورئانی بەرێزو پێز لەبەر بکەم، سەرقاڵی خوێندنەوەی تەفسیرەکانی قورئانو تێوەرامانی ئایەتە پڕ بەرەکەتەکانیو، لێوردبوونەوەیان بم.

هەر بۆیەش تێکرای کتێبو نامیلکەو وتارو دەرسەکانم، کەمو زۆر لەبەر رۆشنایی قورئان دابوون، کە دیارە هەر ئەمەش شتێکی سروشتییە؛ ئاخر ئایا ئیسلام بێجگە لە قورئان پاشان سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، کە ئەویش هەر روونکردنەوەی قورئانو چۆنیەتی جێبەجێکردنو کارپێکردنیەتی، شتێکی دیکەیە؟! بێگومان نەخێر.

ئنجا لەمێژ ساڵیش بوو کە براو خوشکانێکی دڵسۆزی نزیكو ئاشنام، داوایان لێدەکردم کە دەست بکەم بە دانانی تەفسیرو لێکدانەوەیەکی قورئان، هەتا لە رەمەزانی ساڵی (١٤٢٨)دا هاتە دڵمەوە، کە ناوی خوای لێبهێنمو دەست بەو کارە گەورەو گرنگە بکەم، بەڵکو وردە وردە بەپێی بوارو دەرفەت، هەرساڵە هەندێکی لێ ئەنجام بدەم، لەگەڵ سەرقاڵیی زۆرو جۆراو جۆریشدا، هەتا دەرفەتێکی وام بۆ دەرەخسێ کە بتوانم خێرایی تێدا بکەمو خۆمی بۆ یەکلایی (متفرِّغ) بکەمەوەو، خوا پشتیوان بێ تەواوی بکەم، ئەگەر تەمەن بەبەریەوە مابێ.

سەرچاوەی دانانی ئەم تەفسیرو لێکدانەوەیەشم وێڕای سەرنجدانی زۆربەی ئەو تەفسیرانەی کە باونو دەستم پێیان گەیشتوە، بریتیە لە وردبوونەوەو تێوەرامانی خۆم لە خودی قورئان، چونکە بێگومان قورئان هەندێکی هەندێکی روون دەکاتەوە: (القرآن يُفَسِّر بعضُهُ بَعْضَاً)، پاشان سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، چونکە پێغەمبەری خواش روونکەرەوە (مُبَيِّن)ی قورئانە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی:

﴿... وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾﴾النحل،

واتە: وە زیکرمان بۆ لای تۆ ناردۆتە خوار تاکو ئەوەی بۆ خەڵکی نێرراوەتە خوار، بۆیان روون بکەیەوە، وە بەڵکو خۆشیان بیربکەنەوە.

ئومێدیشم وایە - بە یارمەتی خوای بەخشەر ﷻ - شایستەیی ئەوەم هەبێ تەفسیرو لێكدانەوەیەكی وا بۆ قورئان پێشكەش بە مسوڵمانانی كوردستان بكەم، كە لە قورئان بوەشێتەوەو مایەی بەهرەو سوودی خوێنەران بێ، بەتایبەتیش كە زیاتر لە سی (٣٠) ساڵە لەگەڵ قورئانی بەرزو مەزنو تەفسیرەكانیو كتێبەكانی سوننەتدا خەریكمو دەیان كتێبو بەرهەمی جۆراوجۆرم لە زۆربەی بوارەكانی زانستەكانی شەریعەتدا پێشكەش كردوون.

شایانی باسیشە كە ئەو بیستو دوو مانگ زیندانیی كرانەم لەلایەن ئەمریكاوە - لە (٢٠٠٣/٧/١٠ تاكو: ٢٠٠٥/٤/٢٨) - دەرفەتێكی گەورەو گرنگ بوو، بۆ زیاتر پێدا قووڵبوونەوەی كتێبی خوا (تبارك و تعالى)، وە بۆ پەیدابوونی تێگەیشتنی تایبەت لەبارەی زۆرێك لە ئایەتەكانی یەوە، ئەم ڕاستییەش لە كتێبی: (الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله تعالى)دا زۆر چاك دەروشاوەتەوە[1]، بەلام هەڵبەتە ناڵێمو هیچكەسیش بۆی نیە بڵێ: كە ئەم تەفسیرەی من تێروتەواوە، چونكە وێڕای سنووورداربوونی تواناو بڕستم لە بەرانبەر كتێبی لە هەموو ڕوویەكەوە ڕەها (مطلق)و بێسنوور (لا محدود)ی خوادا، نەشمویستوە كە زۆر بەملاولادا بچمو بچمە نێو هەندێك وردەكارییەوە، كە یان من تێیدا پسپۆڕو شارەزا نیم، یان خوێنەر پێویستی پێی نیە، لە كاتێكدا دەیەوێ لە قورئان تێبگاتو، بزانێ خوا (تبارك وتعالى) ڕاستەوخۆ چی پێ فەرمووە؟!

ئنجا هەر لێرەشەوە بە پێویستی دەزانم پڕ بە دڵ سوپاسی ئەو برا گەنجە ڕووح سووكو گورجو گۆڵو دڵسۆزە بكەم (حەزی نەكرد ناوی بهێنم)، كە هەڵسا بە نووسینەوەو هێنانە سەر كاغەزو، پاشان تایپكردنو دوایی پێداچوونەوەو هەڵەگیریی، سەرجەم ئەم زنجیرە دەرسە، كە لە ئەسڵدا لە شێوەی وتار (محاضرة)دا پێشكەش كراون، هەروەها هەڵسا بە (تخريج)ی سەرجەم دەقەكانی سوننەت، لە سەرچاوە متمانە پێكراوەكانەوەو، زەحمەتو ماندووبوونێكی زۆری بە

---

١) ئەو كتێبە كە ئێستا چاپ كراوەو كەوتۆتە بەردەستی خوێنەرانو، سەرجەم هەشت بەرگو دەوری سێ هەزارو پێنج سەد (٣٥٠٠) لاپەڕەیەو، هەوڵمداوە بەگشتی تێیدا باسی سەرجەم لایەنەكانی ئیسلام بكەمو، تاكە سەرچاوەشم قورئان بووە، وێڕای دەقەكانی سوننەت، كە لە هۆش (ذاكرة)دا بووون.

سەرجەم بەرگەکانی ئەم تەفسیرە کێشاوە، خوا بە باشترین شێوە پاداشتی بداتەوەو، هەر ساڵحو ساغو سەلامەتو سەربەرزبێ[1]، لە خوای بەرزو بێهاوتاش داواکارم ئەو جۆرە گەنجو لاوانە لە کوڕانو کچان لەنێو گەلەکەماندا زۆر بکات.

شایانی باسیشە کە ئێمە لەم تەفسیرەماندا باسی بەش (جزء)ەکانی قورئانو دابەشکردنەکانی دیکەی وەك: - (حزب) - ناکەین، چونکە هەر سووڕەتێك بۆخۆی شتێکی سەربەخۆیەو سەرجەم ئایەتەکانی وەك ئاڵقەکانی زنجیرێك پێکەوە پەیوەستن‌و، ئاشکراشە کە دابەشکرانی سەرجەم قورئان بۆ سی (٣٠) بەش (جزء) و شەست (٦٠) (حزب)، شتێکە لەلایەن زانایانەوە کراوە، بۆ ئاسانکاریی خوێندنی قورئان، دیارە ئێمە لە دابەشکردنی بەرگەکانی ئەم تەفسیرەشدا، دیسان حیساب بۆ بەشەکان (أجزاء)ی ناکەین‌و بە گوێرەی سووڕەتەکان بەرگەکانی دیاریی دەکەین.

دوا قسەشم ئەوەیە کە:

ئەم تەفسیرە - وەك پێشتر گوتمان - لە ئەسڵدا بەشێوەی دەرس‌و وتار پێشکەش کراوە، بەڵام دواتر خۆم دووجار بە وردیی پێیدا چوومەوەو، بەپێی پێویست دەستکارییم کردوە، دیارە هەموو دەرسێکیش بەناوی خواو ستایشی خوا ﷻ دەستی پێکردوە، بەڵام ئێمە لە سەرەتای دەرسەکانەوە ئەوانەمان لابردوە، بۆ زۆر دووبارە نەبوونەوەو، ئەو (خطبة الحاجة)یەی لە سەرەتای ئەم پێشەکییەوە هاتوە، لەجیاتی سەرەتای سەرجەم دەرسەکانە.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ، وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ.

دووشەممە ٢٥ رجب ١٤٣٢

٢٠١١/٦/٢٧ هەولێر

---

١) ئەو برا دڵسۆزە ئێستاش پاش سووڕەتی (الأعراف)، سەرگەرمی سووڕەتی (الأنفال)ەو عەزمیشی جەزم کردوە، کە ئەگەر تەمەنمان بەردەوام بێ، هەتا کۆتایی ئەم تەفسیرە سەرگەرمی کارەکەی بێ.

پێشەکی ئەم بەرگە

خوێنەرە بەڕێزو سەنگینەکان !

ستایش‌و شوکرانەی شایستە بۆ خوای بەخشەر ﷻ، کە یارمەتی داین سوورەتی (الأنعام)یش ـ کە ئەم بەرگی پێنجەمە دەیگرێتە خۆ ـ تەفسیر بکەین‌و بیخەینەگەڵ چوار بەرگەکەی پێشووی: {تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز}.

شایانی باسیشە کە سوورەتی (الأنعام) لە ڕیزبەندیی موصحەف (ترتیب المصحف)دا یەکەمین سوورەتی مەککەیی یە، بۆیە هەوڵمان داوە لە سەرەتای ئەم بەرگەوە، وێڕای سوورەتی (الأنعام) پێناسەی کۆی قورئانی مەککەییش بکەین‌و، هێڵە گشتییەکانی بخەینەڕوو.

هەروەها لەم بەرگەدا بە پێویستمان زانیوە: هەڵوەستەی درێژ بکەین لەبەردەم هەندێك بابەتی بوونناسیی‌و ئیمانیی‌و عەقیدەیی دا، بە پێی تەفسیرکردنی ئەو ئایەتە بەهێزو پێزانەی، کە لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوون.

خوای میهرەبان‌و بە بەزەیی هەرچی زیاتر لە هیدایەت‌و تۆفیقی خۆیمان بۆ زیاد بکات، لە پێشکەشکردنی ئەم تەفسیرەو، سەرجەم کاروبارو چالاکییەکانمان داو هێزو پێزی باشتریان تێبخات.

سبحانك اللّهم وبحمدك، أشهد أن لا اله الاّ أنت، أستغفرك وأتوب إليك

١ ی ذی الحجة ١٤٣٦ ك

١٤ ی مایسی ٢٠١٥ ز

هەولێر

پێناسەی سوورەتی (الأنعام) ونێوەڕۆكەكەی

بسْم الله الرَّحمن الرَّحيم

الحَمد لله رَبّ العَالَمِين، وَصلَّى اللهُ تَعَالَى وَسَلَّمَ وَبَارَك عَلَى سَيِّدِ الْمرسَلين وَخَاتَم النّبيّين مُحَمَّدٍ وآلِهِ أَجْمَعِين، مِنَ الصَّحْبِ والأَزْوَاجِ وَالقَرَابَةِ وَالتابعِينَ لَهُمْ بإِحسَان إلى يَومِ الدّين.

بەڕێزان !

خوا ﷻ پشتیوان بێ هەوڵدەدەین بەر لەوەی ڕاستەوخۆ بچینە سەر تەفسیركردنی ئەم سوورەتە موبارەكە، پێناسەیەكی بكەین و، پێگەو گرنگیی و پلەو پایەی بخەینەڕوو، پاشان سەردێرو نێوەڕۆكی بابەتەكانی دەخەینەڕوو.

یەكەم: ئەم سوورەتە لە ڕیزبەندیی (مُصْحَف)دا، واتە: ئەو قورئانەی كە بە دەستیەوە دەگرین، شەشەمین سوورەتە، وە ژمارەی ئایەتەكانی بە ڕای زۆربەی زانایان (١٦٥)ە، هەندێكیشیان گوتوویانە: (١٦٧)ە، وە كەمترو زیاتریشیان گوتوە.

دووەم: ئەم سوورەتە یەكێكە لە سوورەتە مەككەییەكان، كە دەگوترێ: سوورەتی مەككەیی، واتە: ئەو سوورەتانەی كە پێش كۆچ كردنی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەكانی لە مەككەوە بۆ مەدینە، هاتوونە خوار، بەتایبەتی خودی پێغەمبەر ﷺ پێش ئەوەی كۆچ بكات لە مەككەوە بۆ مەدینە، وە هەر سوورەتێك دوای كۆچكردن هاتبێتە خوار، پێی دەگوترێ: سوورەتی مەدینەیی، واتە: ئەو سوورەتانەی كە مەككەیین، مەرج نیە لە نێو مەككە هاتبنە خوار، هەروەها سوورەتە مەدینەییەكان، با دوایش لە مەككە هاتبنە خوار، بەڵام مادام كەوتبنە پاش كۆچكردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە، هەر پێیان دەگوترێ: سوورەتی مەدینەیی.

دیارە زۆربەی زانایان گوتوویانە: ئەم سوورەتە سوورەتێكی مەككەییە، وە هیچ ئایەتی مەدینەیی تێدا نیە، چونكە هەندێ سوورەتی دیكە هەن، سوورەتی

مەککەیین، بەڵام ڕەنگە چەند ئایەتێکی مەدینەیی‌یان ڕەگەڵ کەوتبن، یاخود سوورەتێك مەدینەییە، بەڵام چەند ئایەتێکی مەککەیی ڕەگەڵ کەوتبن، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری زانایان دەڵێن: ئەم سوورەتە هەمووی مەککەییە، وە هیچ ئایەتی مەدینەیی ڕەگەڵ نەکەوتوون.

هەندێکیش گوتوویانە: دوو ئایەتی مەدینەیی ڕەگەڵ کەوتوون، ئەوانیش: ئایەتی ژمارە (٩١) کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ إِذۡ قَالُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٖ مِّن شَيۡءٖۗ قُلۡ مَنۡ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ ٱلَّذِي جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورٗا وَهُدٗى لِّلنَّاسِۖ تَجۡعَلُونَهُۥ قَرَاطِيسَ تُبۡدُونَهَا وَتُخۡفُونَ كَثِيرٗاۖ وَعُلِّمۡتُم مَّا لَمۡ تَعۡلَمُوٓاْ أَنتُمۡ وَلَآ ءَابَآؤُكُمۡۖ قُلِ ٱللَّهُۖ ثُمَّ ذَرۡهُمۡ فِي خَوۡضِهِمۡ يَلۡعَبُونَ ٩١ ﴾، وە ئایەتی ژمارە (١٤١) کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَ جَنَّٰتٖ مَّعۡرُوشَٰتٖ وَغَيۡرَ مَعۡرُوشَٰتٖ وَٱلنَّخۡلَ وَٱلزَّرۡعَ مُخۡتَلِفًا أُكُلُهُۥ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُتَشَٰبِهٗا وَغَيۡرَ مُتَشَٰبِهٖۚ كُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦۖ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ١٤١ ﴾.

وە هەندێکیش دەڵێن: شەش ئایەتی مەدینەیی تێدان، سێیان: ئایەتەکانی ژمارە (٢١و ٢٢) کە خوا (جل جلاله) دەفەرموێ: ﴿ وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٢١ ﴾، وە ئایەتی ژمارە (٩١) کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ ﴾، وە سێ ئایەتەکەی دیکەش: ئایەتەکانی ژمارە: (١٥١و ١٥٢ و ١٥٣)ن، کە دە (١٠) وەصیەتەکانیان تێدان.

بەڵام بە سەرنجدانی نێوەڕۆکی ئەو دوو ئایەتە، یاخود ئەو شەش ئایەتە، بۆمان دەردەکەوێ، کە هیچ شتێك ئێمە ناچار ناکات بڵێین: ئەو ئایەتانە مەدینەیین، چونکە ئەوانیش هەموویان لەگەڵ جەوو سروشتی ئایەتە مەککەییەکانو، سوورەتە مەککەییەکاندا دەگونجێن.

سێیەم: سوورەتی (الأنعام) بە ڕای سەرجەم زانایان تەنیا سوورەتێکە لە سوورەتە درێژەکان، (چونکە جوزئێك زیاترە) کە هەمووی بە یەك جارو بە یەك شەو دابەزیوە[١]، وە لەوبارەوە چەند فەرمایشتێك هەن:

فەرمایشتی یەکەم: ﴿عَنْ جَابِرِ بنِ عَبْدِاللهِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ سُورَةُ الأَنْعَامِ، سَبَّحَ رَسُولُ اللهِ ﷺ، ثُمَّ قَالَ: لَقَدْ شَيَّعَ هَذِهِ السُّورَةَ مِنَ المَلَائِكَةِ مَا سَدَّ الأُفُقَ﴾[٢]، واتە: جابیری کوڕی عەبدوڵلا (خوا لێیان ڕازی بێ)، دەڵێ: کاتێك سوورەتی (الأنعام) دابەزی، پێغەمبەری خوا ﷺ خوای بە پاك گرت {(سُبْحَانَ اللهِ)ی کرد}، دوایی فەرمووی: ئەم سوورەتە ژمارەیەکی ئەوەندە زۆر لە فریشتەکان هێناویانە، (یانی وەك ڕێزلێگرتن بەڕێیان کردوە لەو شوێنەوە کە خوای پەروەردگار دایبەزاندوە) کە ئاسۆیان پڕ کردبوو، یانی: ژمارەی فریشتەکان ئەوەندە زۆر بوون، ئاسۆ لەوان پڕ بوو بوو.

فەرمایشتی دووەم: ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: نَزَلَتْ سُورَةُ الأَنْعَامِ بِمَكَّةَ لَيْلاً جُمْلَةً، حَوْلَهَا سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ يَجْأَرُونَ بِالتَّسْبِيحِ}[٣]، واتە: عەبدوڵلای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ)، دەڵێ: سوورەتی (الأنعام) بە یەك جار بە شەوێ لە مەککە دابەزی، وە حەفتا هەزار فریشتە لە دەوری بوون، (واتە حەفتا هەزار فریشتە لەگەڵ جبریل دا هاتبوون، کە دیارە ئەسڵی وەحی هەمووی جبریل هێناویەتی، بەڵام ئەوجارە، حەفتا هەزار فریشتەی لەگەڵدا بوون) دەنگیان بەرز دەکردەوە بە (سُبْحَانَ اللهِ) گوتن.

---

١) بەڵام من پێموایە زۆرێك لە سوورەتە مەککییەکان ـ ئەگەر نەڵێم ـ هەموویان ـ بە یەکجارو لە یەك کاتدا دابەزیون .

٢) أَخْرَجَهُ البَيْهَقِيُّ في "شعب الإيمان" برقم: (٢٤٣١)، الحَاكِمُ برقم: (٣٢٢٦)، وَقَالَ: صَحِيح عَلَى شَرْطِ مُسْلِم، وَقَالَ الشيخ الألباني: قُلْت: وَأَقَرّهُ ابْنُ كَثِير، لَكِن رَدّه الذَّهَبِي، فالحديث إسناده حسن، لا سيّما وله شواهد كثيرة موصولة ومرسلة، أنظر: موسوعة: فضائل سور وآيات القرآن، قسم الصحيح، الجزء الأول، ص٢٥٥، ٢٦١، الشيخ محمد بن رزق بن طرهوني.

٣) أَخْرَجَهُ الطَّبَرَانِيُّ في "الكبير"، ج١٢، ص٢١٥، وَرَوَاهُ أَبُو عبيد في فضائل القرآن: ص ١٢٩، وابن الضريس في فضائل القرآن: ص ١٥٧ ، من طريق حماد بن سلمة عن علي بن زيد به، وفي إسناده علي بن زيد وهو ضعيف.

دیارە ئەوە مەرج نیە خەڵك گوێی لێبووبێ، بەڵام دیارە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو هەواڵەی داوەو عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسیش لەوەوە دەیگێڕێتەوە.

فەرمایشتی سێیەم: ﴿عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله ﷺ: أُنْزِلَتْ عَلَيَّ سُورَةُ الأَنْعَامِ جُمْلَةً وَاحِدَةً يُشَيِّعُهَا سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ، لَهُمْ زَجَلٌ بِالتَّسْبِيحِ، وَالتَّحْمِيدِ﴾[1] واتە: ئوبەی کوڕی کەعب (خوا لێی ڕازی بێ)، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: سوورەتی (الأنعام)م بە یەك جار دابەزیە سەر، حەفتا هەزار فریشتە هێنایان بەڕێیان کرد، دەنگیان بەرزکردبوّوە بە (سُبْحَانَ الله) کردنو (الحَمْدُ لِلّه) گوتن.

چوارەم: ئەم سوورەتە (٧٨) جار وشەی موبارەکی (اللّه)ی تێدا دووبارە بۆتەوە، وە (٥٠) جار وشەی (رَبّ)ی تێدا هاتوە، وشەی: (اللّه) دیارە ناوی تایبەتی خوای پەروەردگارە، وە (رَبّ) یانی: پەروەردگار، ئەویش هەر یەکێکە لە سیفەتەکانی خوای بێوێنە، وە (٣٢) جار وشەی (هُوَ) بۆ خوای پەروەردگار بەکارهاتوە، هەموویان پێناسەی خوان ﴿ هُوَ ٱلَّذِى ﴾، وە وشەی (قُلْ) واتە: بڵێ، کە خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بڵێ، (٤٢) جار بەکارهاتوە، کە ئەو (٤٢) جارە، بە زۆریی دەربارەی خوا بەیەك گرتنە واتە: تەنیا خوا بە پەروەردگارو، بە بەدیهێنەرو، بە پەرستراو دەزانین.

پێنجەم: ئەم سوورەتی (الأنعام)ە، یەکەمین سوورەتی مەککەییە، لە دوای سوورەتی (الفاتحة) کە لە بەرگی یەکەمی ئەم زنجیرە دەرسەدا تێپەڕیوە، کە تەفسیری دەکەین، بۆیە بە پێویستی دەزانم کە لەبارەی نێوەڕۆکی قورئانی مەککییەوە بەگشتی، وە سوورەتە مەککەییەکانەوە، وە ئەو پانتاییەی کە لە کۆی قورئاندا گرتوویانەتەوە، بدوێین، پێش ئەوەی بێینە سەر نێوەڕۆك و بابەتەکانی سوورەتی (الأنعام).

١) أَخْرَجَهُ أَبُو الشيخ، والدر المنثور، المصدر السابق، ص٢٠٦.

سوورەتە مەککەییەکان: پانتایی و نێوەڕۆکیان

بەڕێزان !

قورئان هەمووی لە دوو قۆناغی ژیانی پێغەمبەردا ﷺ دابەزیوە: قۆناغێکیان کە (١٣) ساڵ دەخایەنێ، ئەو کاتە بووە کە پێغەمبەر ﷺ لە مەککە بووە، وە قۆناغی دووەم کە (١٠) ساڵو چەند مانگێك دەخایەنێ، ئەو کاتە بووە کە پێغەمبەر ﷺ کۆچی کردوە بۆ مەدینەو لە مەدینە بووە، ئنجا دوایی کە لە مەدینە چۆتە دەرێو قورئانی بۆ هاتوە، لە جەنگی (تبوك)دا، لە شام بۆی هاتوە، لە شوێنێکی دیکە بۆی هاتوە، گرنگ ئەوەیە وەك پێشتر گوتمان، قورئانی مەدینەیی، واتە: ئەو قورئانەی کە لە قۆناغێکدا بۆ پێغەمبەر ﷺ هاتوە، کە پێغەمبەر ﷺ تێیدا لە مەدینە نیشتەجێ بووە.

ئنجا هەموو زانایان لەسەر ئەوە یەك دەنگن کە قورئان (١١٤) سوورەتە، وە لەو (١١٤) سوورەتە، زۆربەی هەرە زۆری زانایان لەسەر ئەوە یەك دەنگن کە (٨٦) سوورەتیان مەککەیین، (٢٨) سوورەتیشیان مەدینەیین، وە پانتایی ئەم دوو بەشەش بە شێوەی نزیکەیی (بصورةٍ تقريبيَّة) ، دوو لەسەر سێی قورئان سوورەتە مەککەییەکان پێکی دێنن، کە لە ماوەی (١٣) ساڵدا دابەزیون، وە یەك لەسەر سێی قورئانو تۆزێك زیاتریش مەدینەییەو لە ماوەی (١٠) ساڵدا دابەزیوە.

بەنسبەت نێوەڕۆكو هێڵە گشتیەکانی سوورەتە مەککەییەکانیش یان قورئانی مەککەیی، دەڵێین: لەبەرئەوەی کە بە زۆریی وایە ئینسان چۆن بیربکاتەوەو عەقیدەی چۆن بێو تێڕوانینیو جیهان بینینی چۆن بێ، هەڵسوکەوتیشی وادەبێ، وە ژیانو گوزەرانیشی وادەبێ، بۆیە خوا ﷻ لە وەحی کۆتایی خۆیدا کە قورئانە ـ وە من پێم وایە هەموو کتێبەکانی دیکەی خوای پەروەردگاریش هەر وابوون ـ خوا بۆ مرۆڤەکان، سەرەتا باسی بووناسییو جیهانبینییو ئیمانو عەقیدەی بۆ کردوونو، بۆی باسی

لایەنی عیبادەتو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خوادا، کردوون، وە بۆی باسی خوو رەوشت کردوون، ئنجا دوایی هاتۆتە سەر باسی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەنێو خۆیانداو، بوارو بابەتەکانی: سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و جەنگ‌و ئاشتی‌و پەیوەندییەکان‌و هتد ... .

ئنجا خوای کاربەجێ کە دەزانێ ئینسان بیرکردنەوەو تەصەووفی چۆنە، ئاواش رەفتار دەکات، تەماشا دەکەی ئەو کەسەی ئیمانی بە خوا هەیە، ئیمانی بە رۆژی دوایی هەیە، ئیمانی بە پێغەمبەران (عَلَيهِم الصَّلاةُ وَالسَّلام) هەیە، وە ئیمانی بە هەموو ئەو شتانە هەیە کە پێغەمبەران هەواڵیان پێداون، وە پێغەمبەری خاتەم هەواڵی پێداون، هەڵسوکەوتەکانیشی مسوڵمانانەن، وە کەسێك کە بڕوای بەو شتانە نیە، هەڵسوکەوتەکانیشی نامسوڵمانانەن، چونکە بە تەئکید هەڵسوکەوتی ئینسان، هەڵقوڵاوی بیرو بڕواو بووناسیی‌و جیهانبینیی ئینسانە، بۆیە خوای پەروەردگار لە قورئانی مەککەیی دا ـ کە وەك گوتمان (٨٦) سوورەتەو دوو لەسەر سێی قورئان پێکدێنێ ـ بە پلەی یەکەم باسی بووناسیی کردوە، کە بە ئینگلیزیی پێی دەڵێن: (Ontology) (ئۆنتولوجی) وە بە عەرەبی دەڵێن: (مَعْرِفَةُ الوجُود)، یان (علم الوجُود) واتە: باسی ئەوە کە:

ئینسان چییە؟ لە کوێ هاتوە؟ کێ هێناویەتی؟ بۆچی هاتوە؟ بۆ کوێ دەچێ؟ ئەم ژیانە دنیاییە چییە؟ ئایا ژیانی دیکەی بە دوادا دێ؟ پاشان ئەو بوونە کە ئینسان تێیدا دەژی، ئەو ئاسمانانە، ئەو ئەستێرانە، ئەو زەوییە، ئەو دەوروبەرە، چییە؟ بۆچی دروست بووە؟ کێ خاوەنیەتی؟ چۆن بەڕێوە دەچێ؟ سەرەنجامی چۆن دەبێ؟ هەر دەمێنێ؟ یان لەنێو دەچێ‌و نامێنێ؟ وە ئایا دوای ئەوەی کە لەنێو دەچێ، چی دیکەی دێتە جێ؟

پاشان لە قورئانی مەککەیی دا باسی ئەوە کراوە کە ئینسان دەبێ هەڵوێستی لە بەرانبەر خاوەنی ئەو بوونەوەرەدا چۆن بێ، ئیمانی پێبێنێ، ئیمانی پێنەهێنێ؟ بیپەرستێ، یان نا؟ ئەگەر بیپەرستێ، چۆنی بپەرستێ؟ چۆن یادی بکات؟ چۆن لێی بترسێ؟ چۆنی خۆشبوێ؟ چۆن پشتی پێ ببەستێ؟ چۆن بۆی ملکەچ بێ؟ وە ئایا ئەو بەرنامەو شەریعەتە کە ناردوویەتی، چۆنی مامەڵە لەگەڵدا بکات؟

وە ئنجا ئینسان دەبێ ڕەوشتو هەڵسوكەوتی چۆن بێ؟ ئایا ڕاست بێژبێ، یان درۆزن بێ؟ دەستپاك بێ، یاخود ناپاك بێ؟ بە ڕەحم بێ، یان بێ ڕەحم بێ؟، ئازابێ، یان ترسنۆك بێ؟، بەخشندە بێ، یان چرووكو ڕژد بێ؟ بە ئینصاف بێ یاخود بێ ئینصاف بێ؟ ... هتد، هەروەها مەسەلەی (باری كەسێتیی) كە ئینسان دەبێ چۆن ژیانی خێزانیی پێكەوە بنێ؟ ئەوانە لە قورئانی مەككەیی دا زۆر باسكراون، بەڵكو چەقی قورئانی مەككەیی ئەو بابەتانەن: بووناسیی، وە ئیمانو عەقیدە بە هەموو بەشەكانییەوە، وەك ئیمان بە خوا ﷻ بە سیفەتەكانی خوا، بە بەدیهێنەرایەتیی خوا، بە پەروەردگاریێتیی خوا، بە خاوەنداریێتیی خوا، بە سەرپەرشتیاریێتی خوا، بە پەرستراویێتیی خوا، بە ناوە هەرە چاكەكانیو سیفەتە بەرزەكانی.

وە پاشان ئیمان بە فریشتەكان، كە خوا زۆربەی كاروباری بوون (وجود)ی بە فریشتەكان سپاردوە، وە ئیمان بە كتێبەكانی خوا، كە فریشتەكان دیانهێنن، وە ئیمان بە پێغەمبەران (علیهِم الصَّلاَةُ والسَّلاَم) كە نوێنەرو ڕەوانەكراوی خوان، وە ئیمان بە ڕۆژی دوایی كە ئەو ڕۆژەیە ئینسان تێیدا بە خزمەت خوا دەگاتەوە، وە بە دیداریی خوا دەگاتەوەو لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەكات، وە سزای دەدا، ئەگەر خوار ڕۆیشتبێ، یان پاداشتی دەداتەوە، ئەگەر ڕاست ڕۆیشتبێ.

وە لە قورئانی مەككەیی دا ئەوەی تێبینی دەكرێ: هەمیشە خوای زاناو شارەزا بە چەند وشەیەك دواندنەكانی خۆی ئاڕاستە كردوون، ئەوانیش:

١- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ ﴾، واتە: ئەی مرۆڤ ! واتە: مرۆڤ جارێ پێش ئەوەی بزانرێ ئیمان دێنێ، یان ناهێنێ؟ ڕەشە یان سپییە؟ عەرەبە یان غەیری عەرەبە؟ پیاوە یان ئافرەتە؟ گچكەیە یان گەورەیە؟ خوێندەوارە یان نەخوێندەوار؟ بەرپرسە یاخود سادەیە؟ دەوڵەمەندە یان نەدارە؟ هەرچی هەیە، بالای قەدو قیافەی دیمەنی چۆنەو چۆن نیە؟ دوێنراو (مخاطب)ی خوایە.

٢- ئنجا وشەی: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ ﴾، واتە: ئەی وەچەی ئادەم ! واتە: ئەی هەموو ئەوانەی كە لە ئادەم ﷺ پاش كەوتوونو ڕەچەڵەكیان دەچێتەوە سەر ئادەم ﷺ، كە بێگومان مرۆڤ هەمووی دەچێتەوە سەر ئادەم ﷺ.

٣- وە وشـەی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ﴾، واتە: ئەی خەڵکینـە !.

٤- هەروەها وشــەی: (بشـر)، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ مِنَ ٱلْمَآءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُۥ نَسَبًا وَصِهْرًا ۗ وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا ﴿٥٤﴾ ﴾الفرقـان، بەڵام وەك نازنـاوو ناونیشـانی دوانـدن، ئـەو سـێیانە ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْإِنسَٰنُ ﴾، ﴿ يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ ﴾، ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ﴾ن، وە تەنانـەت یەك جاریش لە قورئانی مەککەیی دا خوا بـە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، ئێمـەی مرۆڤـی نەدوانـدوە، کـە دوایـی حیکمەتەکـەی ڕوون دەکـەمەوە، ئـەوە بـە نسـبەت قورئـانی مەککەییەوە.

دیارە قورئانی مەدینەیـی کە وەك گوتم وەك ژمارە بیستو هەشت (٢٨) سوورەتە، وە وەك قەبارەش یەك لەسەر سێی قورئانی، مەدینەییە، سوورگەی سەرەکیی و ئەو مەدارەی کە قورئانی مەدینەیی تێدا دەسووڕێ، بریتیە لە ڕێکخستنی ژیانو گوزەرانی کۆمەڵگـای مسـولمان، وە ڕێنماییکردنی کۆمەڵگای مسولمان، لە هەموو بوارەکانی حوکمو سیاسەتو ئابووریی‌و بازرگانیی‌و خێزانیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و جەنگو ئاشتیی‌و پەیوەندییـەکـانو، ئەدەبــە گشتییەکــانو هەڵســوکەوتــە کۆمەڵایەتییـەکـان ... هتــد، وە لــە قورئــانی مەدینــەیی دا، تــەنیا دوو شــێوە بەکارهــاتوون بــۆ دوانــدنی ئینســانەکان، ئەوانیــش: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ﴾، واتــە: ئــەی خەڵــکینە، وە ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، واتــە: ئــەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە ! ئنجا ئایا حیکمەتی ئەوە چییـە؟ حیکمەتەکەی ئەوەیـە کە:

پـێش ئـەوەی مـرۆڤـ مسـولمان بـێ، خـوای بەدیهێنــەر وەك مرۆڤـ دەیدوێنێ: ئـەی ئینسـان، ئەی وەچەی ئادەم ! ئەی خەڵکینە، ئنجا ئەمـە چی لـێ وەردەگیـرێ؟ ئەمە ئەوەی لـێ وەردەگیـرێ کە: ئەو شەریعەتەی خوای پەروەردگار، ئەو دینە کۆتاییەی خـوا، بۆ ئینسـان هاتوە، وەك ئینسـان، نەك تەنیا بۆ فـلان گەل، یـان فـلان ڕەگـەز، یـان فـلان ڕەنـگ، یان فـلان چینو توێـژ، بەڵکو بۆ ئینسان هاتوە، وەك ئینسـان، ئنجا ئەو ئینسانە وەك گوتم: ئینتیمای نەتەوەیـی هـەر ئینتیمایەکە، عەرەبە یان غـەیری عەرەبـە؟ وە لـە ڕووی ڕەنگـەوە: ڕەش پێسـتە، یان سپی پێستە؟ وە لـە ڕووی قـەدو قیـافەیەوە: جـوانە یان نا؟ لە ڕووی سـەروەتو سـامانەوە: دەوڵەمەنـدە، یـان هــەژارە؟ وە لـە ڕووی پێگـەی

کۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە: پلەدارە یان سادە ؟ وە لە ڕووی ڕەگەزەوە: مێیە یان نێرە؟ وە لە ڕووی تەمەنەوە: گەنجە یان پیرە، یان منداڵە؟ هەموویان دەگرێتەوە، دیارە قورئانی مەدینەییش کە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾، واتە: ئەی خەڵکینە! چونکە دیسان ئەو خەڵکە کە ئیمانیان هێناوە، کۆمەڵە خەڵکێکن، وە بۆ ئەوەش خوای پەروەردگار وای دواندوون، چونکە قەوارەیەك کە ئیسلام دایدەنێ و بنیاتی دەنێ، هەر بۆ مسوڵمانان نیە، ئەو دەوڵەتەی کە پێغەمبەر ﷺ لە مەدینە پێکیهێناوە، جوولەکەشی تێدا بوون، هاوبەشدانەریشی تێدا بوون، مونافیقیشی تێدا بوون، نەصرانییشی تێدا بوون، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾، واتە: ئەی خەڵکینە! تاکو مسوڵمان و غەیری مسوڵمانیش بگرێتەوە، وە کە دەشفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! دیسان ئیمانداران هەموویان: نێرن، مێن، پیرن، گەنجن، وردن، درشتن، خوێندەوارن، نەخوێندەوارن، بەرپرسن، سادەن، هەموویان دەگرێتەوە.

ئنجا بۆچی خوای کاربەجێ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، تەنیا لە سوورەتە مەدینەییەکاندا بەکاریهێناوە، وە لە مەککە بەکاری نەهێناوە؟ وەڵام: چونکە ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! دواندنە لەگەڵ کۆمەڵگایەك دا لە مەدینە، کە کۆمەڵگای مسوڵمانانەو دوای ئەوە دروست بووە، کە لەوێ پشتیوانان پەیدا بوون و، کۆچکەرەکانیش بۆ ئەوێ چوون، وە پێغەمبەر ﷺ، پەیماننامەیەکی نووسی بۆ چۆنیەتی مامەڵە پێکەوەکردنی پێکهاتەکانی مەدینە، بە کۆچکەران و پشتیوانان، بە هەموو تیرەکانیانەوە، هەروەها جوولەکەکان و موشریکەکان، دوای ئەوە ئنجا کۆمەڵگایەك دروست بوو و ئەو کاتە خوا فەرمووی: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! بەڵام پێشتر مسوڵمانان وەك تاکەکان (أفراد) هەبوون، کۆمەڵگایەکیان نەبوو، تاکو بتوانن شەریعەت پیادە بکەن و بە حەڵاڵ و حەرامەکانی خواوە پابەند بن و بتوانن ئەمرو نەهییەکانی خوا جێبەجێ بکەن، بۆیە لە قۆناغی مەککەدا خوای پەروەردگار زیاتر ئەو ئەرکانەی ناردوون کە بە تاك دەکرێن، وەك: بووناسیی و ئیمان و عەقیدەو، عیبادەتی شەخصیی و هەڵسوکەوت و ڕەوشتەکان، کە ئەوانە هەموویان بە تاکەکان دەکرێن، بەڵام ئەو ئەرکانەی کە لە مەدینە ناردوونیە

خـوار، بـە تـاك جێبـەجێ ناكرێـن، وەك دەرفـەموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ ﴿١٨٣﴾ ﴾البقرة، ﴿ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ ﴿٢١٦﴾ ﴾البقرة، ﴿ وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ ﴿١٩٠﴾ ﴾البقـرة، ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيۡنٍ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى فَٱكۡتُبُوهُۚ ﴿٢٨٢﴾ ﴾البقـرة، ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَأۡكُلُواْ ٱلرِّبَوٰٓاْ أَضۡعَٰفٗا مُّضَٰعَفَةٗۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿١٣٠﴾ ﴾آل عمران، ئەوانە هەموویان دیارە بـە دەسـتە جـەمعیی جێبـەجێ دەكـرێن‌و، بـە قەوارەیـەك جێبـەجێ دەكـرێن، جـا پیـرەمێردی شاعیـریش دەڵـێ :

كاكــە خـوا كـاری نابەجـێ ناكـا   تا كێـو نەبینـێ بەفری تـێ ناكـا

خوای زاناو شـارەزا زانیویەتی كە مسولْمانان نـاتوانن لـە مەككـە یاسـاكانی شــەریعەت جێبەجێ بكـەن، بۆیە لەوێ نەینـاردوونە خوارێ، هەندێك لە زانایـان دەڵـێن: تەنـانەت نوێـژیش لـە مەدینــە فـەرز بـووە، بـەڵام ڕای ڕاسـت ئەوەیـە كـە لـە كـاتی شــەڕۆیی‌و بەرزبوونەوە (الإسـراء والـمعراج) لە سـاڵی دەیەم، یان یـازدەیەمی پێغــەمبەرایەتیی ادا فەرز بووە، بەڵام بە تەئكید ڕۆژووگرتنـی مانگی ڕەمەزان لـە ســاڵی دووەمـی كۆچـیی ادا فــەرز بـووە، وە زەكـات لـە مەدینـە فـەرز بـووە، وە حـەج لـە مەدینــە فـەرز بـووە، وە جەنگ‌و جیهـاد لە مەدینە فـەرز بووە، هەروەها سزا شـەرعییەكان، وەك سـزای دزیـی‌و، سزای زیناو، سزای كوشتن‌و، سـزای بوختـانی داوێـن پیسیـی‌و، سـزای ڕێگـریی‌و... هتـد، ئەوانـە هـەموویان لـە مەدینــە فـەرز بـوون، چـونكە هـەتا قـەوارەو دەسـەڵاتێك نـەبێ، ئەوانە جێبـەجێ ناكـرێن.

ئنجا بەڕاستی هـەتا ئینسـان ئیمانی نەبـێ، كـردەوەی باشی لــێ چـاوەڕوان ناكـرێ، وە پاشـان مسـوڵمانان تـاكو خـاوەنی ئیـرادەو ئیـدارەی خۆیـان نـەبن، نـاتوانن ژیـان‌و گوزەرانی سیاسیـی‌و ئابووریی‌و كۆمەڵایەتیـی خۆیان بە گوێرەی شـەریعەت ڕێكبخـەن، كەواتە: هـەبوونی قەوارەی سیاسیی پێویسـتـەو پـێش ئـەوە، حـوكمی جێبـەجێ كردنـی ئـەو یاسـایانە جیـایە، بۆیـەش ئـەوە ڕوون دەكەمـەوە، چونكە هەنـدێ كـەس تەماشـای واقیعەكـە دەكـات، دەڵـێ: بۆچـی لـە بازاڕەكـان شـەڕاب دەفرۆشـرێ‌و، قومـار دەكـرێ‌و،

دەبیستین زینا دەکرێو، قەتڵ دەکرێ، بەڵام لە جیاتی ئەوەی سزای شەرعیی بدرێ، حەپس دەکرێ ؟ وەڵام: لە ڕاستیدا ئەو یاسایانە بە قەوارەی سیاسیی و بە دەسەڵاتی سیاسیی جێبەجێ دەکرێنو، مسوڵمانان دەبێ دەسەڵاتی سیاسیان هەبێ، ئەوجار جێبەجێکردنی ئەو سزا شەرعییانەیان لەسەر فەڕزە، وە لە پێش ئەو سزا شەرعییانەش دا، جێبەجێ کردنی باقی لایەنەکانی دیکەی شەریعەت، کە گرنگترینیان دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی تاك تاکی کۆمەڵگایە، وە چەسپاندنی دادگەرییە، وە لابردنی ستەمەو نەهێشتنی گەندەڵییە، نەهێشتنی جیاوازییە لەنێوان چینو توێژەکانی کۆمەڵگادا، وە نەهێشتنی قۆرخکارییە، ئەوانە هەمووبیان کەی دەکرێن؟ وە بە کێ دەکرێن؟ بێگومان بە کۆمەڵگایەك کە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی بێ بەسەر خۆیەوەو، خاوەنی ئیرادەو ئیدارەی خۆی بێ.

پاشان پیادەکردنی یاساکانی شەریعەت ناگونجێ بێجگە لە قەناعەتی زاتیی تاکەکانی کۆمەڵگا، هیچ پاڵنەرێکی دیکەی هەبێ، واتە: دەبێ خەڵك بۆخۆی قەناعەتی وابێو ئیمانی هەبێ بەو شەریعەتە، ئنجا دەگونجێ شەریعەت بەسەر ئەو کۆمەڵگایەدا جێبەجێ بکرێ، کەواتە: کۆمەڵگا ئەگەر ئەو قەناعەتەی نەبێ، با خۆشی بە مسوڵمان بزانێ، کە لە حەقیقەتدا ئەو کاتە ئەو خۆ بە مسوڵمان زانینە، نیشانەیەکی پرسیاری گەورەی لەسەرەو ئیشکالێکی زلی تێدایە، چونکە کەسێك خۆی بە مسوڵمان بزانێ، دەبێ قەناعەتیشی بەوە بێ، کە دەبێ شەریعەتی خوای بەسەردا جێبەجێ بکرێ، بەڵام گریمان ئەوە خەڵکێکی وا هەبوو، کە ئێستا زۆر لە مسوڵمانان وان، ئنجا ئایا بەهۆی نەزانینەوەیە؟ یان بەهۆی ناچارییەوەیە، یان بەهۆی لاسایی کردنەوەوەیە؟ یان بەهۆی حاڵەتی نیفاقەوەیە؟! گرنگ ئەوەیە کۆمەڵگایەك تاکەکانی قەناعەتێکی زاتییان نەبێ، کە دەبێ شەریعەتیان بەسەردا پیادە بکرێ، ناگونجێ بەسەریان پیادە بکرێ، چونکە دین ناگونجێ بەزۆر بەسەر خەڵکدا فەرز بکرێ، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ ﴿٢٥٦﴾ ﴾ البقرة، واتە: تۆبزیی کردنو ناچاریی کردن لە دینداریی دا نییە.

کەواتە: خوا (عز وجل) پێش ئەوەی بە مسوڵمانانی بفەرموێ: دەبێ چی بکەنو چۆن بکەن؟ وە ئەمرو نەهیو حەڵاڵو حەرامیان بۆ دیاریی بکات، بووناسیی و ئیمانی لێی حاڵی کردن، دیارە ئێمەش بە هەمان شێوە: دەبێ سەرەتا وەك ئینسان

وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە: ئەم بوونە چییە؟ کێ دروستی کردوە؟ وە بۆچی دروستی کردوە؟ ئنجا ئایا مرۆڤ بۆچی لەسەر ئەم زەوییە دانراوە؟ وە چی لێ داواکراوەو دەبێ چی بکات؟ وە چۆن بکات؟ ئنجا ئایا دوای ئەم ژیانە، ژیانی دیکە هەیە، یان نا؟ وە ئایا پێویستە چۆن لەگەڵ بەدیهێنەرو خاوەنی ئەم بوونەوەرەدا مامەڵە بکەین؟ وە ئایا چاكو خراپ، حەڵاڵو حەرام، ڕاستو چەوت، کێ دیارییان دەکاتو چیو چین؟! دەبێ ئینسان پێشێ وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە عەقڵو دڵدا ڕۆشن بێ، ئنجا ئەرکە شەرعییەکانی دەکەونە سەر شان، وە ئنجا دەتوانێ بە شەریعەتەوە پابەندبێ، چ وەك ژیانی تاکیی خۆی، چ وەك ژیانی خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی.

لێرەشدا من دەمەوێ ئاماژە بکەم بە مەسەلەیەکی گرنگ، کە کاتی خۆی زانایانی ئیسلام لە کتێبەکانیاندا باسیان کردوە، لە باسی ئیمانو عەقیدەدا کە ئەو کاتە پێی گوتراوە: (علم الکلام) ئەویش ئەوەیە کە کاتێك هاتوون باسی خوای پەروەردگاریان کردوە، بە وشەی (صانع) دروستکەر، کارساز، وەسفیان کردوە، کە من بۆخۆم تێبینییم لەسەر ئەو وشەیە هەیە، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَـٰٓئِهِۦ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٨٠﴾﴾ الأعراف، واتە: خوا ناوی هەرە چاکی هەن، تەنیا بەو ناوە هەرە چاکانەی بانگی بکەن، وە واز لەوانە بێنن، کە لە ناوەکانی خوادا لادانیان کردوە، لەمەو دوا سزای ئەوەیان دەدرێتەوە.

بۆیە من پێمـوایە وشەی (صَانع) نابێ بۆ خوا بەکاربهێنرێ، مەگەر بگوترێ: تەرجەمەی: بەدیهێنەر (خَالق)ە، وشەی (خَالق) یەکێکە لە ناوەکانی خوای پەروەردگار، بەڵام وشەی: (صَانع) لە قورئاندا نەهاتوە، وە لە سوننەتی پێغەمبەریشدا ﷺ نەهاتوە.

لێرەدا مەبەستم ئەوەیە: کە زانایانی ئیسلام لە باسی بەدیهێنەرایەتیی خوادا بەزۆریی باسی (صانع)یەتی خوایان کردوە، واتە: ئەوە کە خوا ئەم کەونو کائیناتەی دروست کردوە، کتێبەکانی عەقیدەی ئیسلامیی کە کاتی خۆی نووسراون، زیاتر باسی

چەسپاندنی بوونی بەدیهێنەر (إثبات الخالق)، یان (إثبات الصانع)یان کردوە، بۆ وێنە: (العقیدة النسفیة)و(تهذیب الکلام) کە دێنە سەر باسی خوای پەروەردگار، زیاتر جەخت لەسەر لایەنی بەدیهێنەرایەتییو پەروەردگاریەتیی خوا دەکەنەوە، ئنجا لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین کە زانایان کاتی خۆی لە کتێبەکانی خۆیان دا زیاتر جەختیان لەسەر ئەو لایەنە کردۆتەوە، لەبەر ئەوە بووە کە ئەو کاتە جەوو بارودۆخە فیکرییەکە وای خواستوە، ئەگەرنا وە نەبێ عەقیدەی ئیسلامیی تەنیا بریتی بێ لەو لایەنە.

ئنجا ئێستاش زۆر کەس کە باسی خوا بەیەکگرتن دەکات، تەنیا باسی ئەوە دەکات کە دەبێ تەنیا خوا بپەرسترێو هاوبەشی بۆ دانەنرێ، واتە: تەنیا جەخت لەسەر لایەنی خوا بەیەکگرتن (توحید) دەکەنەوە، لەویش زیاتر لایەنە عیبادییەکەی، دیارە ئەوەش دیسان واقیعێك وای کردوە، کە مسوڵمانان ئاوا بیربکەنەوە، بۆ وێنە: ئەگەر تەماشای کتێبەکەی (محمد بن عبدالوهاب) بکەین، کە باسی تەوحید دەکات، هەروەها زۆر لە کتێبی دیکەی مەشرەب سەلەفیی، زیاتر هەر باسی ئەو بابەتە دەکەن، ئنجا کە تۆ تەماشا دەکەی، پێت وایە عەقیدەی ئیسلامیی تەنیا ئەوەیە! یان تەماشا دەکەی (إبن تیمیة) ڕەحمەتی خوای لێبێو هەندێك لە زانایان کە باسی خوا بەیەکگرتن (توحید)یان کردوە، زیاتر باسی ناوو سیفەتەکان (الأسماء والصفات)یان کردوە، چونکە زیاتر باسی ئەو شتانەیان کردوە کە لە سەردەمی ئەواندا ئیشکالو مشتومڕیان لەسەر بووە، کە هەندێك کەس هەبوون، ویستوویانە سیفەتەکانی خوا هەموویان تەئویل بکەن، بە جۆرێك کە سیفەتەکان لە خوا دابڕنن، کە پێیان گوتراوە: (المُعَطِّلَة) و(الجَهْمِیَّة). بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئێمە دەبێ باسی ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی بکەین، وەك لە قورئانو سوننەتدا هاتوە، نەك وەك کاردانەوە بۆ واقیعێکی دیارییکراو، بێنی تەنیا لایەنێکی لێ باس بکەی !

هەڵبەتە وەك گوتم: ئەو زانایانە کە کاتی خۆی وایان کردوە، ڕەنگە پاساوی خۆیان بووبێ، بەڵام بەڕاستیی ناگونجێ ئەو کتێبانە وەك کتێبی عەقیدەی ئیسلامیی، یاخود وەك کتێبی ئیمانو پایەکانی ئیمان، تەماشا بکەین، چونکە باسی ئەوانی تێدا نیە، تەرکیزو جەختیان لەسەر لایەنێك کردۆتەوە، کە لە سەردەمی خۆیاندا وای پێویست کردوە، چونکە ئەو لایەنە زیاتر هێرشی لەسەر بووە، یاخود ئەو

لایەنە زیاتر پێویست بووە بۆ مسولْمانان ڕوون بکرێتەوە، بەلاّم دەبێ ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی لە قورئان و سوننەتەوە بێنین، نەك لە هەندێك کتێبەوە، وەك من لە کتێبەکەی خۆمدا (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت دا) کە شەش (٦) بەرگە، لەوێدا باسم کردوە، وە پاشان عەقیدەی ئیسلامیی نابێ هیچ ناوێکی لێ بنرێ: وەك سەلەفیی، خەلەفیی، ئەشعەریی، ماتوریدیی، نا، بەلْێ ئێمە هەندێك زانامان هەبوون: ئەبو حەسەنی ئەشعەرییمان بووە، وە ئەبو مەنصووری ماتوریدییمان بووە، فلاّن زانای دیکەمان بووە، ڕێزمان بۆیان هەیە، بەلاّم عەقیدەی ئیسلامیی، پەیوەندیی بە هیچ کەسێکەوە نیە، وە بە هیچ قۆناغێکیشەوە نیە، نە پەیوەندیی تەنیا بە سەلەفەوەیە، نە بە خەلەفەوە، نە بە ئەبو حەسەنی ئەشعەرییەوە، نە بە ئەبو مەنصووری ماتوریدییەوەو، نە بە ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوەو، نە بە باقلانییەوەو، نە بە فلاّن کەسەوە ئەوانە هەموویان زانایانی ئیسلام بوون، بەلاّم کە باسی ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی یان کردووەو، باسی پایەکانی ئیمانیان کردوە، وەك گوتم جاری وایە لەبەر ڕۆشنایی، یاخود لەژێر زەختی واقیعەکەی خۆیاندا، جەختیان لەسەر لایەنێك کردۆتەوە، بەلاّم ئەمە مانای وانیە کە عەقیدەی ئیسلامیی هەر ئەوەندەیە، بەلْکو دەبێ تەماشای هەموو قورئان و سوننەت بکەی، ئنجا تێگەیشتنێکی هاوسەنگت دەربارەی ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی بۆ دروست دەبێ و، کتێبی زانایانیش هەر کەسەو لە بواری خۆیدا سوودی لێ دەبینین، ڕەحمەتی خوایان لێبێ و خوا پاداشتیان بداتەوە، بەلاّم ناتوانی هیچ کام لەو کتێبانە بکەیە بەرنامە، نە ئەوەی تەحاویی و، نە ئەوەی موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب و، نە ئەوەی ئیبنو تەیمییە، نە (العقيدة النسفية) و نە (تهذيب الكلام) و نە (المواقف)، هەر کام لەوانە مرۆڤ تەنیا دەتوانێ سوودیان لێ ببینێ، وەك کەلەپوورێك، وە لەڕاستییدا کتێبەکانی دیکەش هەروان، وەك کتێبە فیقهییەکان و، کتێبەکانی دیکە کە دەربارەی تەزکیەی نەفس نوسراون، وەك بەرهەمی زانایان سوودیان لێ دەبینین، بەلاّم نابێ خۆمانیان پێ ببەستینەوەو، موو بە موو بیانکەین بە بەدیل بۆ قورئان و سوننەت، ئەوە هەلْەیەکی زۆر گەورەیەو، تەنیا قورئان و سوننەت وەلاّمی هەموو پرسیارەکانی هەموو سەردەمەکانیان تێدان، چ لە ڕووی عەقیدەوە، چ لە ڕووی فیقهەوە، چ لە ڕووی تەزکییەوە، بەلاّم هیچ کتێبێك وەلاّمی پرسیارەکانی هەموو ڕۆژگارەکانی تێدا نین و وەلاّمی پرسیارەکانی ڕۆژگاری خۆی داوەتەوە.

ئنجا پێویستە ئەوەش بگوترێ كە قورئانی مەككەیی، سێ لەسەر چواری پانتایی یەكەی تەرخانكراوە بۆ بەسەرهاتی پێشووان، بەتایبەت بەسەرهاتی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) لەگەڵ گەلەكانیاندا، چونكە ئەوەی نەزانێ دنیا چۆن هاتووەو چۆن ڕابردوە؟ نازانێ ئێستاش چی بكات، وە نازانێ بۆ داهاتووش چۆن بەرنامە دابنێ، لەبەر ئەوە خوێندنەوەی مێژوو زۆر گرنگە، زۆر گرنگە بزانی لە پێش تۆدا چی گوزەراوە، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ لَقَدۡ كَانَ فِي قَصَصِهِمۡ عِبۡرَةٞ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِۗ مَا كَانَ حَدِيثٗا يُفۡتَرَىٰ ... ﴿١١١﴾ ﴾یوسف، واتە: لە بەسەرهاتی ئەواندا (واتە: پێغەمبەران و گەلەكانیان) پەند هەیە بۆ خاوەن عاقڵان، قسەیەك نەبووە كە هەڵبەسترابێ... هەروەها خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ وَكُلّٗا نَّقُصُّ عَلَيۡكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَۚ ... ﴿١٢٠﴾ ﴾ هود، واتە: وە بەسەرهاتی پێغەمبەرانت بۆ دەخوێنینەوە، كە دڵو عەقڵی تۆ زیاتر پێی دەچەسپێو بەرچاوت ڕۆشن دەكاتەوە.

ئنجا بە بۆچوونی من كە سێ لەسەر چواری قورئانی مەككەیی تەرخان كراوە بۆ بەسەرهاتو مێژووی بەشەر، ئاماژەیە بەوە كە ژیانی بەشەر سێ لەسەر چواری ڕابردوە، لەوكاتەوە كە قورئان دابەزیوە، سێ لەسەر چواری لەوەو پێش تێپەڕیوە، وە یەك لەسەر چواری ماوە، واتە: ژیانی بەشەر زۆری ڕۆیشتووە كەمی ماوە، وەك لە فەرمایشتێكی پێغەمبەریشدا ﷺ ئاماژەی پێدەدا كە دەفەرموێ:

﴿إِنَّمَا أَجَلُكُمْ فِي أَجَلِ مَنْ خَلَا مِنَ الأُمَمِ كَمَا بَيْنَ صَلَاةِ الْعَصْرِ وَمَغْرِبِ الشَّمْسِ، وَمَثَلُكُمْ وَمَثَلُ الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى كَمَثَلِ رَجُلٍ اسْتَعْمَلَ عُمَّالاً، فَقَالَ: مَنْ يَعْمَلُ لِي إِلَى نِصْفِ النَّهَارِ عَلَى قِيرَاطٍ، فَعَمِلَتْ الْيَهُودُ، فَقَالَ: مَنْ يَعْمَلُ لِي مِنْ نِصْفِ النَّهَارِ إِلَى الْعَصْرِ عَلَى قِيرَاطٍ، فَعَمِلَتْ النَّصَارَى ثُمَّ أَنْتُمْ تَعْمَلُونَ مِنَ الْعَصْرِ إِلَى الْمَغْرِبِ بِقِيرَاطَيْنِ قِيرَاطَيْنِ، قَالُوا: نَحْنُ أَكْثَرُ عَمَلاً وَأَقَلُّ عَطَاءً، قَالَ: هَلْ ظَلَمْتُكُمْ مِنْ حَقِّكُمْ؟ قَالُوا: لا قَالَ: فَذَاكَ فَضْلِي أُوتِيهِ مَنْ شِئْتُ﴾[1]. واتە: كاتی مانەوەی ئێوە

---

١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (٤٧٣٣)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٦٦٣٩) ابْنَ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا.

لەسەر زەوی لەچاو ئۆممەتانی پێشوو، وەك ماوەی نێوان نوێژی ئێوارە (عصر) و خۆرئاوابوون (شێوان) وایە.

{یانی: لە بەیانییەوە هەتا نوێژی عەصر چەندە، لەچاو نێوان عەصرو شێوان، ماوەی مانەوەی ئۆممەتانی پێش ئێوەش، لەچاو تەمەنی ئێوە، ئەوەندەیە} ...

ئنجا ئەوەش وەك گوتم: ئاماژەیە بەوە كە ئۆممەتی پێغەمبەر ﷺ واپێدەچێ تەمەنەكەی یەك لەسەر چوار كۆی تەمەنی مرۆڤایەتیی بێ، ئەوەش هەر هەڵهێنجانێك و تێگەیشتنێكی خۆمەو، دەگونجێ لێكۆڵینەوە لە شوێنەوارەكان، ئەوە زیاتر دەربخات، وە بە تەئكید ژیانی بەشەر بەشی زیاتری ڕۆیشتوە، بەڵام نازانین ئایا كەمتری ماوە، یان نا؟ ئەوە دیارە هەر خوا دەیزانێ.

ئنجا با بێینە سەر نێوەڕۆكی مەبەستەكانی سوورەتی (الأنعام): ئەگەر بەگشتی سەرنجی سوورەتە مەككەییەكان، یان قورئانی مەككەیی بدەین، دەتوانین بڵێین: لە سێ سووڕگەدا دەسوڕێنەوە:

یەكەم: خوا بەیەكگرتن.

دووەم: پێغەمبەرایەتیی و وەحی.

سێیەم: دوارۆژو باسی بەهەشت و دۆزەخ.

سوورەتی (الأنعام)یش لە ڕووی قەبارەوە پاش (الأعراف) گەورەترین سوورەتی مەككەییە، ئەم سوورەتەش وەك هەموو سوورەتە مەككەییەكان بەگشتی باسی ئەو سێ بابەتە دەكات:

١/ باسی خوا بەیەكگرتن: باسی ئەوە كە هەر خوا ﷻ بەدیهێنەرەو، هەر خوا ﷻ پەروەردگارەو، هەر خوا ﷻ خاوەنە، وە خوا بەتەنیا سەرپەرشتیاریی كەون و كائینات دەكات، وە دەبێ هەر خوا ﷻ بپەرسترێ و، بەندایەتیی بۆ بكرێ و، ملی بۆ كەچ بكرێ، وە لە هەموو كەس و لە هەموو شتێ زیاتر خۆش بویسترێ و بە گەورە بگیرێ و، شەرمی لێ بكرێ و، ترس و سامی بەرانبەر بنوێنرێ و، پشتی پێ ببەسترێ، وە نەزرو قوربانیی دەبێ هەر بۆ ئەو بكرێ و، دەبێ سەرجەم

دروشمەكانی خواپەرستیی هەر پێشكەشی ئەو بكرێن، وە دەبێ یاساو بەرنامەكانی ژیان، هەر لەو وەربگیرێن.

٢/ وە سورگەی دووەم بابەتی پێغەمبەرایەتیی و وەحی بۆ هاتنی پێغەمبەرانە (عَلَيهِم الصَّلاَةُ وَالسَّلام) وە بەسەرهاتیان لەگەڵ قەومەكانیان: چیان گوتووە؟ چییان لێ هاتووە؟ سەرەنجامیان چۆن بووە؟ پەیامەكەیان چی بووە؟ كێ ئیمانی بە پێغەمبەران هێناوە؟ كێ دژیان بووە، بە زۆریی؟!

٣/ وە پاشانیش بابەتی دوارۆژ: سەرەنجام چۆن دەبێ؟ ئەم كەون و كائیناتە سەرەنجامی چی لێ دێ؟ چۆن قیامەت دێ؟ وە دوای زیندووبوونەوە، ژیانی بەهەشت و دۆزەخ چۆن دەبێ؟ ئەم سوورەتی (الأنعام)ە، لەم سێ سوورگەیەدا دەسووڕێتەوە، وەك باقی سوورەتە مەككەییەكان.

ئنجا وەك گوتمان: وشەی بڵێ (قُلْ) لە سوورەتی (الأنعام)دا، زۆرترین ڕێژەی دووبارەبوونەوەی هەیە، وە لە هیچ سوورەتێكی دیكەدا ئەوەندە دووبارە نەبۆتەوە، وە ئەو (٤٢) جارە، مەگەر چۆن دەنا هەمووی دەربارەی خوا بەیەكگرتنە، كە خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویٰ: ئاوا بە هاوبەش پەرستەكان بڵێ، ئەوەیان بۆ ڕوون بكەوەو، ئەوەیان بۆ ڕوون بكەوە، وەك دوایی دەیبینین كە زانایانی زمان بەو شێوازە دەڵێن: شێوازی دان پێ پێدانان (أسلوب التقرير)، (تقرير) واتە: وابكەی كە بەرانبەرەكەت دانی پێدا بنێ، بۆ وێنە: دەفەرمویٰ:

﴿ قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴿١٤﴾ ﴾.

﴿ قُلْ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْتَغِي حَكَمًا ﴿١١٤﴾ ﴾.

﴿ قَالَ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِيكُمْ إِلَٰهًا ﴿١٤٠﴾ ﴾.

﴿ قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِي رَبًّا ﴿١٦٤﴾ ﴾.

ناوونیشانەکانی بابەتەکانی سوورەتی (الأنعام)

هەڵبەتە من بە سەرنجدانی خۆم، ئەگەرنا دەگونجێ ناوونیشانی زیاتریش لە سوورەتی (الأنعام) دەربێنین، بەڵام من سی (٣٠) ناوونیشانم دەرهێناون :

یەکەم: باسی یەکتایی خوا لە بەدیهێنەرایەتییدا، کێ هەموو شتێکی پەیدا کردوە؟ کێ هەموو شتێکی بەدیهێناوە ؟ تەنیا خوای بالادەست، وە تەنیا خوا پەروەردگارەو تەنیا دەبێ خواش بپەرسترێ، وە باسی ناوو سیفەتەکانی خوا، وە بەڵگە هێنانەوەی جۆراو جۆر لەوبارەوە، زۆربەی ئایەتەکان دەکەونە ژێر ئەو ناوونیشانەوە.

دووەم: سەرنج ڕاکێشانی مرۆڤ ، بۆ دیاردەو دیمەنە سروشتییە دڵ بزوێنەکان، وە کردنیان بە بەڵگەی پەروەردگارێتیی و بێهاوتایی خواو تەنیایی خوا، لە پەرستراو بەندایەتیی بۆ کرانی دا؛ ئەوەش ناوونیشانێکی دیکەیە، کە زۆر لە ئایەتەکان دەخاتەوە ژێر خۆی.

سێیەم: ناساندنی خوا بە کردەوەکانی، کە خوا زانیاریو دەستەڵاتو بەزەیی بێسنووری هەیە، بە هەموو وردەکارییەکانی دروستکراوەکانی ئاگادارە، وە مراندنو خەواندن، وە دەربازکردن لە گرفتارییەکان، وە ناردنی سزا لە سەرێو لە خوارێ بۆ ئەوانەی کە سەرپێچیی دەکەنو...هتد، بەشێکن لە کارەکانی خوا ﷻ.

چوارەم: ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە، کە خوا بەیەکگرتن شتێکی خوارسك (فطري)ە لە دەروونی ئینساندا، وە عەقڵو زانستو واقیعی ژیانی مرۆڤ، ناچاری دەکەن، کە خواناس بێو خواپەرست بێ.

پێنجەم: سەلماندنی پێغەمبەرایەتییو وەحیو، بەرپەرچدانەوەی تۆمەتو گومانی بێبڕوایان، بە بەڵگەی عەقڵییو زانستییو واقیعیی.

شەشـەم: ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە وێڵکردنی بەشـەر، وە پەیامو بەرنامە بـۆ ڕەوانـە نـەکردنیان لەلایـەن خـوای پـەروەردگارەوە، شـتێکی نـا شـایستـەیەو ناگونجـێ خـوای کاربـەجێ بەشـەر وێـڵ بکـات، وە پـەیامو بەرنامـەیان بـۆ نەنێـرێ، وە ئـەوە لەگـەڵ کاربەجێیـو بەزەیـیو زانایی خـوای پەروەردگـاردا ناگونجـێ.

حەوتـەم: ڕاگەیانـدنی ئـەو ڕاسـتییە کـە یـەکێك لـە یاسـاکانی خـوا، لـە ژیـانی بەشـەردا، ئەوەیـە کـە هـیچ کۆمەڵـگایەك مـادام بێئاگـا بـێ، پـێش وریاکردنـەوەو نـاردنی پێغـەمبەران (عَلَـيهِمِ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم) خـوا خەڵکـەکەی نافەوتێنـێ، خـوای پەروەردگار ئەو ڕاستییەی لە چەند شوێنێك لەم سوورەتەدا دووبارە کردۆتەوە.

هەشـتەم: خسـتنە ڕووی ئـەو ڕاسـتییە کـە پێغەمبـەران (عَلَـيهِمِ الصَّلاَةُ وَالسَّـلام) هەڵبژاردەی نێو بەشـەرن، وە لە هەموو سیفەتێکی بـەرزو جـوان لـە لووتکـەدا بـوون، بۆیە پێویسـتە بکرێنـە سـەرمەشـق.

نۆیـەم: باسـی دوا ڕۆژو ئیسـپاتی ڕۆژی دوایـی، کـە ئـەو ڕۆژە حەتمییـەو هـەر دێ، وە لێپرسـینەوەی تێـدا دەبـێو سـزاو پاداشـت دەبـێ، وە هـەبوونی بەهەشـتو دۆزەخ، دادگـەریی خوای پەروەردگار دەیخـوازێ.

دەیـەم: هۆشـداریی دان بە بێبـڕوایانو ئاگادارکردنەوەیان، لـەوە کە ئـەوانـەی بێبـڕوان بە خـواو بە ڕۆژی دوایـیو، بە پێغـەمبەران، لە ڕۆژی دوایـی دا پەشـێمان دەبنـەوە، بەڵام دیـارە پەشـێمانییەکەیان هـیچ سـوودیان پێ ناگـەیەنـێ.

یازدەیـەم: باسـی هەنـدێك ئیشـوکاری هەنـدێك لـە فریشـتەکان لـە ژیـانی بەشـەردا، وەك پاراسـتنی مرۆڤەکـانو، تۆمارکردنـی کردەوەکانیـان، وە گیـان کێشـانیان.

دوازدەیـەم: باسـی پووچـیی بیـرۆکەی هاوبەشـدانەران، ئەوانـەی کـە فریشـتەکانیان بـە کچـی خـوا دادەنـان، وە شـەیتانەکانیشـیان بە کوڕی خـوا دادەنا.

سـێزدەیەم: ڕاگـەیاندنی ئـەو ڕاسـتییە کـە ئیسـلام تاکـە دینـی خـوا بـووە بـۆ هـەموو پێغەمبـەران لە ئـادەمەوە تا خاتەم، هـەر بۆیـەش کـە دەگـوترێ: (الأَدیَـان السَّمَاوِيَة) ئـەوە هەڵەیـەو لەڕاسـتیدا یـەك دینـی ئاسمـانیی هەیـە: ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُ ﴿١٩﴾ ﴾آل عمـران، بـەڵام چـەند بەرنامەیـەکی ئاسـمانییـان هـەن، وەك خـوا

دەفەرموێ: ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ﴿٤٨﴾﴾المائدة، واتە: بۆ هەر كام لە ئێوە {ئەی مسوڵمانو جوولەكەو نەصرانییو خاوەن كتێبەكان} بەرنامەیەكمان داناوە، بەڵام نەیفەرمووە (لِكُلٍّ مِنْكُمْ جَعَلْنَا دِيناً)، ئایین (دین) وەك بەرنامەیەكی گشتییە، كە ئیسلامە، بەڵام لە وردەكارییەكاندا، شەریعەتەكان جۆراو جۆرن.

چواردەیەم: خوا تاكە سەرچاوەی یاسادانانو دیاریكردنی حەڵاڵو حەرامو ئەمرو نەهییە، وە هیچ كەس بۆی نیە بچێتە ئەو بازنەیەوە، مەگەر بە مۆڵەتی شەریعەتو لە چوارچێوەی فراوانی شەریعەتدا، واتە: لە چوار چێوەی شەریعەتدا كە زانایان ئیجتیهاد دەكەنو، یاسا هەڵدەهێنجنو دادەنێن، ئەوەی كە خوا ئیزنی لەسەر بێ لە چوار چێوەی شەریعەتدا، یاسا هەڵبهێنجرێو ئیجتیهاد بكرێ، ئەوە قەیناكا، بەڵام یاسایەك دابنرێ پێچەوانە بێ لەگەڵ شەریعەتداو تێكبگیرێ، ئەوە دیارە كوفرەو شیركە.

پازدەیەم: لەم سوورەتەدا چەند ئایەتێك باسی ئەوە دەكەن كە بەختیاریی ئینسان، یاخود ڕووڕەشییو ماڵوێرانی ئینسان، بەرهەمی كردەوەكانی خۆیەتی، وە خوا لە بەرانبەر چاكەدا، بە دە بەرانبەر، وە لە بەرانبەر خراپەدا، هەر یەك بە یەك، حسابی دەكات.

شازدەیەم: باسی ئازادیی مرۆڤەكان لە چوار چێوەی ویستی ڕەهای خوادا، وە لە چوارچێوەی یاساكانی خوادا، كە بۆ ژیانی مرۆڤ دانراون، واتە: ئینسان ئازادە، بەڵام لە ژێر ڕكێفی ئیرادەی ڕەها (مطلق)ی خوا دایە، وە لە چوارچێوەی ئەو یاسایانە دایە كە خوا دایناون، بۆ نموونە: خوای پەروەردگار یاسای داناوە، كە ئینسان ئەگەر بچێ بۆ سەرێ، دەبێ ئامرازێكی پێ بێ، ئەگەر بتەوێ بفڕی، ناتوانی، مەگەر ئامرازێكت پێ بێ، وە ئەگەر چوویە نێو ئاوێ، دەبێ مەلە بزانی، كە مەلەت زانی، ئازادیو لەنێو ئاوەكەدا دەتوانی خۆت دەرباز بكەی.

حەڤدەیەم: دادگەریی ڕەهای خوا ﷻ، خوا باسی دادگەریی خۆی كردوە، كە ئەویش ئەوە داخوازی دەكات، كە تاكو كۆمەڵەكان، مامەڵەی جیاوازیان لەگەڵدا بكرێو چاكەكاران سەرفرازو، بەختەوەرو، ستەمكارانو لاڕێبووان، ماڵوێرانو بێ

مرادبن، نەك هەموویان یەك حیسابیان بۆ بکرێ، لەم سوورەتەدا ئەو بابەتە زۆر جەختی لەسەر کراوەتەوە.

هەژدەیەم: بە هۆی ئیمانەوە ئینسان سینگی گوشاد دەبێ، وە دڵی ئارام دەبێ، وە بە پێچەوانەوە: کوفرو شیرك دەبنە مایەی دڵ تەنگیی‌و سەغڵەتیی‌و تەنگە نەفەسیی‌و نارەحەتیی‌و دەردەداریی ئینسان.

نۆزدەیەم: دەستکاریی کردنی حەڵاڵ‌و حەرام، بەبێ مۆڵەتی شەریعەت، سەرچاوەکەی نەفامییەو نەزانینە، نابێ هیچ کەس دەستکاریی حەڵاڵ‌و حەرام بکات، بەڵکو لەڕاستییدا دەستکاریی کردنی حەڵاڵ‌و حەرام، لە نەزانینەوە دێ، وە ئەگەر ئەو کەسەش کە دەستکاریی حەڵاڵێك دەکات، کە خوا حەڵاڵی کردووەو ئەو حەرامی دەکات، یان حەرامێك کە خوا دایناوە، ئەو حەڵاڵی دەکات، ئەگەر بە عەقیدەوە بێ، مرۆڤ پێشی لە ئیسلام‌و ئیمان دەردەچێ.

بیستەم: خستنە ڕووی ئەو ڕاستییە، کە گۆشتە قەدەغە کراوە سەرەکییەکان بەس ئەم چوارەن: مردار، خوێن، گۆشتی بەراز، سەربڕاو بۆ غەیری خوا، واتە: لە گۆشتەکان غەیری ئەو چوارە هیچیان قەدەغە نین، وەك دوایی باسی دەکەین، هەڵبەتە لەوبارەشەوە زانایان مشتومڕێکیان هەیە.

بیست‌و یەکەم: لەم سوورەتەدا بەڵگە هێنراوەتەوە، لەسەر ئەوە کە کافرەکان بیانوویان نەبێ بۆ هاوبەش بۆ خوا دانان، وە شت قەدەغەکردن، بەوە کە خوا ئەوەی لەوان ویستوە، وە ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە ئەوە بۆچوونی موشریکەکانە کە دەڵێن: ئێمە بۆیە هاوبەشمان بۆ خوا داناوەو، شتمان حەڵاڵ‌و حەرام‌و کردوە، چونکە خوا ویستوویەتی، خوای پەروەردگار بەڵگە لەسەر ئەوە دێنێتەوەو ئەوە هەڵدەوەشێنێتەوەو دەیانخاتە ڕوو کە ئەوە قسەیەکی پووچە، چونکە بەڵێ ئیرادەی خوا گشتگیرەو ڕەهایە، بەڵام خوای پەروەردگار هیچ کات شتی خراپی لە بەندەکان نەویستوەو، خۆیانن کە خراپە پەیدا دەکەن.

ئنجا ئایا کافر دەبن، موشریك دەبن، مونافیق دەبن، خراپەکاریی دەکەن، حەڵاڵ‌و حەرام دەستکاریی دەکەن؟ تا کۆتایی.

بیستو دووەم: لەم سووڕەتەدا مرۆڤ هان دەدرێ بۆ گەڕانو پشکنین بە زەویدا، وە سەرنجدانی شوێنەواری گەلانی پێشوو، وە پەند وەرگرتن لە سەرەنجامەکانیان.

بیستو سێیەم: ئەو ڕاستییە ڕوون کراوەتەوە، کە موحەممەد ﷺ لەسەر هەمان ڕێبازی ئیبراهیمی خەلیلە، وە ئەهلی تەوحیدەو دوورە لە شیرك، وە یەکەمینی مسولْمانانە، چونکە ئەو کاتە کافرەکان دەیانگوت: ئێمە لەسەر ڕێبازی ئیبراهیمین ﷺ، بەلاّم خوای پەروەردگار لەم سووڕەتەدا ڕوونی دەکاتەوە، کە نەخێر، تەنیا موحەممەد (پێغەمبەری خاتەم) لەسەر ڕێبازی ئیبراهیمە ﷺ.

بیستو چوارەم: خوا فەرمان بە پێغەمبەری خاتەم دەکات، کە خۆڕاگر بێو، پشوودرێژ بێ، وەك پێغەمبەرانی پێشوو، لە بەرانبەر بە درۆ دانانو، ئازاردانو، ناڕەحەت کرانیدا لەلایەن خەلْکەوە.

بیستو پێنجەم: خوا فەرمان بە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ دەکات، بەوە کە گرنگیی بدات بە مسولْمانانی ڕەشو ڕووت، ئەو بڕواداره شوێنکەوتووانەی کە هەژارو نەدارو سادەن، ئاگای لەوان بێ، وە لەبەر سەرقالْ بوون بە زلەزلەکانو خۆ بەزلگرەکانەوە، ئاگای لە ڕەشو ڕووتەکان نەبڕێ.

بیستو شەشەم: ئەو ڕاستییە ڕوونکراوەتەوە کە هیدایەتی خوای کاربەجێ مایەی زیندووبوونەوەی ئینسانە، لە ڕووی مەعنەوییەوە، وە کافربوونیشی مایەی مردنیەتی، واتە: ئینسان وەك چۆن مردنی جەستەیی هەیە، مردنی مەعنەوییشی هەیە، وە وەك چۆن ژیانی جەستەیی هەیە، ژیانی مەعنەوییشی هەیە.

بیستو حەوتەم: خوا فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکات، کە موژدە بدات بە ئیمانداران: کە گوناحو خراپەکانیان کە بە نەفامیی کردوویانن، پاش گەڕانەوەی ڕاست، لەلایەن خوای پەروەردگارەوە، لەو گوناحو خراپانەیان دەبەخشرێن.

بیستو هەشتەم: ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە کە پاش هاتنی نیشانە گەورەکانی قیامەت، ئیمانی مرۆڤ دەوری نابێ، یانی: دوای ئەوەی کە نیشانە گەورەکان دەردەکەون، ئینسان ئیمانیش بێنێ، بێسوودە، کە یەکێك لە نیشانە گەورەکان: هەلْهاتنی خۆرە لە خۆرئاواوە، وە یەکی دیکە هاتنی یەئجووجو مەئجووجە... هتد.

بیستو نۆیەم: ڕوونكردنەوەی ئەو ڕاستییە كە ئیسلام مایەی یەك ڕیزیی‌و تەبایی مسوڵمانانە، بۆیە پەرتەوازەیی مسوڵمانان، هۆكاری دەرچوونیانە لە بازنەی ئیسلام، هەڵبەتە پەرتەوازەییەك كە سەربكێشێ بۆ خەلەلی عەقیدەیی گەورە لە بازنەی ئیسلام بەرەدەر.

سی یەم: خستنەڕووی ئەو ڕاستییە كە مرۆڤەكان جێنشینی خوان لەسەر زەوی، وە خوا بەهۆی ئەوەوە كە پێیداون، وە بەرزیی‌و نزمیی تێدا كردوە، خستوونیەتە تاقیكردنەوە.

دیارە بۆیەش ئاماژەم بەم ئایەتانە نەكرد، كە دەلالەت لەسەر ئەو ناوونیشانانە دەكەن، چونكە دوایی بە درێژیی باسیان دەكەین، بەڵام بەڕاستیی من بۆ دابەشكردنی ئەم سوورەتە بەسەر چەند دەرسێكدا، چەند ڕۆژێك تێوەرامانم كرد، زۆر وردبوومەوە: سبحان اللّٰه، ئەم سوورەتی (الأنعام)ە، وەك دەریایەك وایە، كە شەپۆل لە دوای شەپۆل دێ، وە زۆر لە سوورەتە مەدینەییەكان ئاسانە دابەشیان بكەی بۆ چەند بڕگەیەك‌و، هەر بڕگەی بۆ چەند دەرسێك، بەڵام سوورەتی (الأنعام) زۆر بەزەحمەتە، چونكە وەك چۆن دەریا شەپۆل لە دوای شەپۆل دێ، ئاوایە، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە بەیەك جار هاتۆتە خوار، وە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە بابەتی عەقیدەو ئیمان پلە پلەیی تێدا نیە، بە پێچەوانەی بەرنامەكانی ژیانەوە، بۆیەش یاساكانی شەریعەت پلە پلەیان تێدایە، خوای پەروەردگار لە ساڵی دووەمی كۆچیدا ڕۆژووگرتنی فەرز كردوە، بەڵام دوای ساڵێكی دیكە یان زیاتر، زەكات، ئنجا دوایی حەج، بەڵام ئیمان‌و عەقیدە بەیەك جار هاتۆتە خوار، چونكە ئەوە حەقیقەتێكە ئینسان بە عەقڵ‌و دڵی وەریدەگرێ .

شایانی باسیشە:

من جوگرافیای ئەو (١٦٥) ئایەتەم دابەش كردوە بۆ نۆزدە (١٩) دەرس، جگە لەم دەرسی یەكەمە كە پێشەكیی بوو، بەم جۆرە :

دەرسی یەكەم: لە ئایەتی: (١ تا ١٠).

دەرسی دووەم: لە ئایەتی: (١١ تا ٢١).

دەرسی سێیەم: لە ئایەتی: (٢٢ تا ٣٢).

دەرسی چوارەم: لە ئایەتی: (٣٣ تا ٣٩).

دەرسی پێنجەم: لە ئایەتی: (٤٠ تا ٤٩).

دەرسی شەشەم: لە ئایەتی: (٥٠ تا ٥٨).

دەرسی حەوتەم: لە ئایەتی: (٥٩ تا ٦٧).

دەرسی هەشتەم: لە ئایەتی: (٦٨ تا ٧٣).

دەرسی نۆیەم: لە ئایەتی: (٧٤ تا ٩٠).

دەرسی دەیەم: لە ئایەتی: (٩١ تا ٩٤).

دەرسی یازدەیەم: لە ئایەتی: (٩٥ تا ١٠٥).

دەرسی دوازدەیەم: لە ئایەتی: (١٠٦ تا ١١٧).

دەرسی سێزدەیەم: لە ئایەتی: (١١٨ تا ١٢٧).

دەرسی چواردەیەم: لە ئایەتی: (١٢٨ تا ١٣٥).

دەرسی پازدەیەم: لە ئایەتی: (١٣٦ تا ١٤٤).

دەرسی شازدەیەم: لە ئایەتی: (١٤٥ تا ١٥٠).

دەرسی حەڤدەیەم: لە ئایەتی: (١٥١ تا ١٥٣).

دەرسی هەژدەیەم: لە ئایەتی: (١٥٤ تا ١٦٠).

دەرسی نۆزدەیەم: لە ئایەتی: (١٦١ تا ١٦٥).

لە کۆتایی پێناسەمان دا بۆ سوورەتی (الأنعام)، ئەم چەند دەقە دێنین:

١/ {عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُمَا، قَالَ: إِذَا سَرَّكَ أَنْ تَعْلَمَ جَهْلَ الْعَرَبِ فَاقْرَأْ مَا فَوْقَ الثَّلاثِينَ وَمِائَةٍ فِي سُورَةِ الأَنْعَامِ: ﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوْلَٰدَهُمْ سَفَهًۢا بِغَيْرِ

عِلْمٍ ﴾ إِلَى قَوْلِهِ ﴿ قَدْ ضَلُّوا۟ وَمَا كَانُوا۟ مُهْتَدِينَ ﴾}[1]، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: ئەگەر پێت خۆشە نەزانیی عەرەبەکان بزانی، ئەوە ئایەتی (١٣٠) بە پشتەوە لە سوورەتی (الأنعام) بخوێنەوە: ﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓا۟ أَوْلَـٰدَهُمْ سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾ هەتا ﴿ قَدْ ضَلُّوا۟ وَمَا كَانُوا۟ مُهْتَدِينَ ﴾.

٢/ (فخرالدين الرازي) گوتوویەتی: {قَالَ الأصوليّون: هَذِهِ السّورَة اخْتُصت بنَوعَين مِنَ الفَضِيلَة، أَحدهُمَا: أَنَّهَا نَزلَت دَفْعَةً وَاحِدَةً، والثاني: أَنَّهَا شَيَّعها سَبْعُونَ أَلْفاً مِنَ المَلاَئِكَةِ، والسَّبَبِ فِيه أَنَّهَا مشتَمِلَة عَلَى دلائل التوحيد، وَالعَدل، والنبوَّة، والمعَاد، وَإِبْطَال مَذَاهِب المبطلِين والملحِدين، وَذَلِكَ يَدلّ عَلَى أَنّ عِلم الأُصُول فِي غَايَة الجَلالة والرِّفعَة، وَأَيْضَاً فَإِنْزَال مَا يَدل عَلَى الأَحْكَام قَدْ تَكُون المَصْلَحَة أَن ينزله الله تَعَالى على قدر حاجتهم، وَبحسب الحوَادِث والنَوَازِل، وَأَمَّا مَا يَدل عَلَى عِلم الأصُول، فقَد أَنْزَلَهُ اللهُ تَعالى جُمْلَةً وَاحِدَةً، وَذَلِكَ يَدل عَلَى أن تعلُّمَ علم الأصُول وَاجِبٌ عَلَى الفور لا عَلَى التَّرَاخِي}[2]، واتە: زانایانی بنچینەکانی دین، گوتوویانە: ئەم سوورەتە دوو جۆرە چاکیی هەن، کە تایبەتن بەخۆیەوە:

یەکەمیان: ئەوەیە کە هەمووی بە یەك جار دابەزیوە.

دووەمیشیان: ئەوەیە کە (٧٠) هەزار لە فریشتەکان بەڕێیان کردووە لەگەڵی هاتوون.

هۆی ئەوەش کە ئەم سوورەتە ئەم دوو فەزڵەی هەیە، ئەوەیە: کە بەڵگەکانی خوا بەیەکگرتنی تێدان، وە باسی دادگەریی خواو، باسی پێغەمبەرایەتیی و وەحی، وە باسی ڕۆژی دواییو، باسی پووچەڵکردنەوەی بیروبۆچوونی ئەوانە کە بێبڕوان، وە

١) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٣٣٢٤).
٢) التفسير الكبير للفخرالدين الرازي، ج١٢، ص١٢٢، ١٢٣.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە زانیاریی بنچینەکانی دین (واتە: عەقیدە)، لەوپەڕی بەرزیی‌و لەوپەڕی گرنگیی دایە، وە ئەوەش دەگەیەنێ کە یاسا شەرعییەکان جاری وایە بەرژەوەندیی لەوەدا دەبێ کە خوای بەرز بەپێی پێداویستی، وە بەپێی ڕووداوەکان‌و بەپێی پێشهاتەکان ئەو ئایەتانەی کە بنچینە شەرعییەکانیان تێدان‌و، یاسا شەرعیەکانیان تێدان، دایان بەزێنێ، بەڵام ئەو ئایەتانەی کە ئیمان‌و عەقیدەیان لێ وەردەگیرێن، خوای بەرز بەیەکجار دایبەزاندوون، وە ئەوەش دەگەیەنێ کە فێربوونی زانیاری بنچینەکانی دین (مەبەست پێی ئیمان‌و عەقیدەیە) دەستبەجێ پێویستە، نەك بەکاوەخۆ، (مەبەست ئەوەیە حوکمە شەرعییەکان بۆ وێنە: نوێژو ڕۆژوو زەکات‌و حەجو جەنگ‌و جیهاد، هەر کات لەسەرت پێویست بوون، دەبێ حوکمە شەرعییەکانیان بزانی، بەڵام ئیمان‌و عەقیدە پێویستە هەوڵبدەی دەستبەجێ هەرچی لەبارەی ئیمان‌و عەقیدەوە هاتوە، بیزانێ، نەك بە پلەپلەیی).

٣/ (مُحَمَّد الطَاهِر بن عَاشور) دەربارەی سوورەتی (الأنعام) دەڵێ: (هِيَ أَجْمَع سُور القُرْآن لأَحْوَال العَرَبِ فِي الجَاهِلية، وأشَدّها مقارعة في الجدَال والإحتِجَاج عَلَى سَفَاهَةِ أَحْوَالهِم)[١]، واتە: ئەم سوورەتە کۆکەرەوەترین سوورەتەکانی قورئانە، بۆ حاڵ‌و باڵی نەفامەکان لە سەردەمی نەفامییدا، (بە تایبەت لە ڕووی عەقیدەیانەوەو لەڕووی هەڵسوکەوتیانەوە) ، وە بە توندترین شێوەش وتووێژ دەکات، وە بەڵگە لەسەر نەفامیی‌و لەسەر بێ ئاگاییان دێنێتەوە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

١) التحرير والتنوير، ج٧، ص١٢٥.

دەرسی یەکەم

پێناسـەی ئەم دەرسـە

خـوا پشـتیوان بـێ لـەم دەرسـەماندا، دە (١٠) ئایـەتی یەكـەمی سـوورەتی (الأنعـام) دەتوێژینـەوە، لـە ئایـەتی (١ تـا ١٠)، كـە خـوای بـەرزو مـەزن بـە ستایشـكردنەوە خـۆی دەناسێنێ، ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ﴾. وە خۆی بـە بەدیهێنـەری ئاسمانەكانو زەویو پەیداكەری تاریكییەكانو ڕووناكیی دەناسێنێ، وە دوایی ئاماژە بـە هەڵوێستی لادەرانەی بێبڕوایان دەكات.

پاشان باسی ئەو ڕاستییە دەكات، كە ئێمەی مرۆڤی لـە قوڕ دروست كـردوە، وە كـاتی دیارییكراویشی بۆ كۆتایی پێهێنانی ژیانمان، چ وەك تـاك تاكمـان، چ وەك كۆمـەڵ، واتـە: كۆی مرۆڤایەتی، دیاریی كردوە، دوایی ئەوە دەخاتە ڕوو كە لە ئاسمانەكانو زەویدا هـەر بۆخـۆی پەرسـتراوە، (واتـە: پەرسـتراوی ڕاسـتەقینە)، وە نهێنیـیو ئاشـكراو هەڵسوكەوتەكانمان هەمووی دەزانـێ.

ئنجا خـوا باسـی هەڵسـوكەوتی كافرەكان دەكـات لـە بەرانبـەر ئایەتـەكانی خـوادا، وە هەڕەشـەیان لێـدەكات لەسـەر بـەدرۆ دانـانی هـەقو گاڵـتە پێكردنـی، وە دوایـی سـەرنجی بێبڕوایان ڕادەكێشێ بۆ مێژوو، وە سەرەنجامی شـوومی پێشینە بـەدرۆزانو لادەرەكانیـان دەخاتـە بەرچاو، وە پاشان لـە وەڵامـی بیـانووگرتنو داواكـاریی بێجـێی كافرەكانـدا، كـە ئەوان بیانوویان دەگـرتو دەیـانگوت: دەبووایـە كتێبێكمـان بۆبـێ، نـەك پێغەمبـەر ﷺ، ئایەتـەكان بخـوێنێتەوە، وە دەبووایـە كتێبێكـی نوسـراومان بۆبـێو دەسـتی لـێ بـدەین، خواش ﷻ دەفەرموێ: ئەگەر كتێبێكیشـمان بۆ ناردبان كە لەسەر شتێك نووسـرابایە، وە دەستیشیان لـێ دابایە، دیسان دەیانگوت: ئەوە جادوویەكی ئاشـكرایە.

وە دوایی بەرپەرچیان دەداتـەوە، لـە وەڵامـی ئـەوەدا كـە داوا دەكـەن، فریشـتەیان بـۆ دابـەزێ، وە دەفـەرموێ: ئەگـەر فریشـتەمان دابەزاندبایـە، ئـەوە نـەدەبووە مایـەی

هیدایەتیان، وە سەرەنجام شایستەی ئەوە دەبوون کە خوای پەروەردگار، وەك میللەتانی پێشوو کە موعجیزەیەکی ئاشکرایان بۆ هاتووە، ئیمانیان پێ نەهێناوە، کۆتاییان پێ هاتوە.

وە لە کۆتاییدا خوای بەبەزەیی ڕوو لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکات، وە دڵی دەداتەوە پێی دەفەرموێ: لە پێش تۆشدا گاڵتە بە پێغەمبەرانی دیکە کراوەو سەرەنجامیش گاڵتەکەران سەریان بە فەتارە چووە.

﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَۖ ثُمَّ ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ (١) هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن طِينٖ ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلٗاۖ وَأَجَلٞ مُّسَمًّى
عِندَهُۥۖ ثُمَّ أَنتُمۡ تَمۡتَرُونَ (٢) وَهُوَ ٱللَّهُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَفِي ٱلۡأَرۡضِ يَعۡلَمُ سِرَّكُمۡ وَجَهۡرَكُمۡ
وَيَعۡلَمُ مَا تَكۡسِبُونَ (٣) وَمَا تَأۡتِيهِم مِّنۡ ءَايَةٖ مِّنۡ ءَايَٰتِ رَبِّهِمۡ إِلَّا كَانُواْ عَنۡهَا مُعۡرِضِينَ
(٤) فَقَدۡ كَذَّبُواْ بِٱلۡحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمۡۖ فَسَوۡفَ يَأۡتِيهِمۡ أَنۢبَٰٓؤُاْ مَا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ (٥) أَلَمۡ
يَرَوۡاْ كَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَبۡلِهِم مِّن قَرۡنٖ مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَا لَمۡ نُمَكِّن لَّكُمۡ وَأَرۡسَلۡنَا ٱلسَّمَآءَ
عَلَيۡهِم مِّدۡرَارٗا وَجَعَلۡنَا ٱلۡأَنۡهَٰرَ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمۡ فَأَهۡلَكۡنَٰهُم بِذُنُوبِهِمۡ وَأَنشَأۡنَا مِنۢ بَعۡدِهِمۡ قَرۡنًا
ءَاخَرِينَ (٦) وَلَوۡ نَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ كِتَٰبٗا فِي قِرۡطَاسٖ فَلَمَسُوهُ بِأَيۡدِيهِمۡ لَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنۡ هَٰذَآ
إِلَّا سِحۡرٞ مُّبِينٞ (٧) وَقَالُواْ لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡهِ مَلَكٞۖ وَلَوۡ أَنزَلۡنَا مَلَكٗا لَّقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ ثُمَّ لَا
يُنظَرُونَ (٨) وَلَوۡ جَعَلۡنَٰهُ مَلَكٗا لَّجَعَلۡنَٰهُ رَجُلٗا وَلَلَبَسۡنَا عَلَيۡهِم مَّا يَلۡبِسُونَ
(٩) وَلَقَدِ ٱسۡتُهۡزِئَ بِرُسُلٖ مِّن قَبۡلِكَ فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُواْ مِنۡهُم مَّا كَانُواْ
بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ (١٠)﴾.

مانای وشــە بە وشەی ئایەتەکـان

((بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشـندە، ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ئاسـمانەکانو زەوی هێنـاوەنە دیو تاریکـییەکانو ڕووناکـیی پەیدا کـردوون، کەچـی دوای ئـەوەش ئەوانەی کە بێبڕوان، پەرسـتـراوانی دیکە لەگەڵ پەروەردگاریاندا یەکسانو بەرانبـەر دەکـەن! ﴿١﴾ (خـوا) ئـەو کەسـەیە کـە لـە قـوڕێ دروسـتی کـردوونو، پاشـان کـاتێکی دیـاریکراویی "بـۆ کۆتـایی پێهێنـانی تـاك تاکتـان" دانـاوە، وە کـاتێکی نـاوبراو (دیـارییکراو)یش لـەلای خـوێ هەیـە، (بـۆ کۆتـایی پێهـاتنی هـەمووانتان لەسـەر زەوی) کەچـی دوای ئـەوەش (ئـەی کافرەکـان!) ئێـوە لـە گومـانو دوودڵـیی دانـە! ﴿٢﴾ وە ئـەو، خوایە لە ئاسمانەکانو لە زەویدا، نهێنییو ئاشکراتان دەزانێ، وە دەزانێ چی دەکەن ﴿٣﴾ وە هـیچ نیشـانەیەك لـە نیشـانەکانی پـەروەردگاری خۆیانیـان بـۆ نایـەت، مەگـەر پشـتی تێدەکەن ﴿٤﴾ ئنجا بێگومـان ئەوان کاتێك هەقیان بۆهـات، بەدرۆیان دانا، بە مسۆگەریی لەمـەودوا هـەواڵی ئـەوەیان بـۆ دێ کـە گاڵتـەیان پـێ دەکـرد. ﴿٥﴾ ئایا سـەرنجیان نـەداوە لـەپێش وانـدا چـەند سـەدەمان لـەناو بـردوون، کـە بـە جۆرێـك لـە زەویـدا باڵادەسـتمان کردبـوون، ئێوەمـان ئـاوا باڵادەسـت نـەکردوە، وە بـارانی بـەخورزەممان بـۆ نـاردن، وە ڕووبارگەلــمان بــەژێر (خانووبــەرەیان)دا ڕەوان کــردن، بــەڵام ســەرەنجام بەهــۆی گوناهەکانیانـەوە، فەوتانـدمانن، وە دوای وان (خـەڵکی) سـەدەی دیکـەمان پێگەیانـد ﴿٦﴾ (دەڵـێن: کتێبـی نووسـراومان بـۆ بێنـە) وە ئەگـەر (گریمـان) بەرنامەیـەکمان بـە نووسـراوی دابەزاندبایـە سـەرتو دەستیشـیان لـێدابایە، دیسـان ئەوانـەی بێـبڕوان دەیـانگوت: ئــەوە جادوویــەکی ئاشــکرایە ﴿٧﴾ وە گوتیــان: دەبووایــە فریشــتەی دابەزیبایەسـەر! ئنجا ئەگـەر فریشـتەمان دابەزاندبایـە (وە ئیمانیـان پـێ نەهێنابایـە) کاریان تەواو دەبوو و چاوەڕوانییشیان نـەدەکرا ﴿٨﴾ وە ئەگـەر ڕەوانـەکراومان گێڕابایـە بە فریشـتە، دەمانکردە پیـاو، لەو حاڵەتەشدا ئەو تێکەڵکردنو سەر لێتێکـدانەی ئێسـتا دەیکەن، ئێمەش دەمانکرد (واتە: ئەگەر ئێسـتا هۆکاری بـڕوا نـەهێنانیان بـە پێغەمبـەر ئەوەیـە کـە مرۆڤێکـی پیـاوە، خـۆ ئەگـەر فریشـتەش بووایـە هـەر دەبـوو لەسـەر شێوەی

پیاوێك بووایە، ئەگەرنا نەیانـدەبینیو، لەو حاڵەشدا هەمان ئیشكالیان بۆ دروست دەبوو (٩) وە بێگومان لەپێش تۆدا "ئەی موحەممەد!" گاڵتە بە پێغەمبەران كرا، بەڵام سەرەنجام ئەوەی گاڵتەیان پێدەكرد، دەوری ئەوانەیانی دا، كە گاڵتەیان پێدەكرد (١٠)).

شیكردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ): (الحَمْدُ: الثَّنَاءُ بِالفَضِيلَةِ، وَهُوَ أَخَصُّ مِنَ المَدْحِ، وَأَعَمُّ مِنَ الشُّكْرِ)، (الحَمْدُ) بریتیە لە مەدحكردنی كەسێك بەو سیفەتە باشانەی كە تێیدان، بەڵام (حَمْد) تایبەتترە لە (مَدْح)، وە گشتی تریشە لە (شُكر)، چونكە مەدح پەیوەندیی تەنیا بە كەسێكەوە نیە كە بە ویستی خۆی چاكەیەك بكات، یان سیفەتێكی باشی هەبێ، بەڵكو دەگونجێ مەدحی شتێكی ماددیی بێ ژیانیش بكەین، بەڵام (حَمْد) تەنیا بەرانبەر بە زاتێك دەگوترێ، كە بە ئیختیاری خۆی چاكە بكات، یاخود كە سیفەتی باشی تێدان، بۆیە دەڵێ: (وَأَعَمُّ مِنَ الشُّكْر)، چونكە شوكر تەنیا لە بەرانبەر نیعمەت دایە، لە بەرانبەر چاكەو نیعمەتێكدا شوكر دەكرێ، بەڵام (حَمْد) مەرج نیە، ئەو كەسەی كە تۆ ستایشی دەكەی بەهۆی چاكەیەكەوە بێ، كە لەوەوە بە تۆ گەیشتبێ.

(خَلَقَ): (الخَلْقُ: أَصْلُهُ التَّقْدِيرُ المُسْتَقِيمُ وَيُسْتَعْمَلُ فِي إِبْدَاعِ الشَّيءِ مِنْ غَيْرِ أَصْلٍ وَلا احْتِذَاءٍ)، (خَلْق) بریتیە لە ئەندازەگیرییەكی ڕاست، وە بەكاریش دەهێنرێ لە بەدیهێنانی شتێكدا، بێئەوەی ئەو شتە ئەسڵێكی بووبێ، یاخود چاولێكەریی تێدا كرابێ، یانی: خوا ﷻ ئەو زەوی و ئاسمانانەی دروست كردوون و لە نەبوون هێناونیە دی.

(وَجَعَلَ): (جَعَل: لَفْظٌ عَامٌّ فِي الأَفْعَالِ كُلِّهَا) وشەیەكی گشتیە، هەم بۆ پەیداكردنی شتێك، وە هەم بۆ گۆڕینی لە حاڵێكەوە بۆ حاڵێك، وشەی (جَعل) بۆ هەموو ئەو

حاڵەتانە بەکاردێ: (صَارَ، أَوْجَد، أَوْجَد شَيئاً مِن شَيء، صيّر شَيئاً إلى حَالَة دُونَ أُخْرَى، الحُكْمُ بشَيء عَلَى شَيءٍ)، واتە: بوو، پەیدای کرد، شتێکی لە شتێك پەیداکرد، شتێکی لە حاڵێکەوە بۆ یەکی دیکە گۆڕی، حوکمێکی بە شتێك بەسەر شتێك دا دا.

(يَعۡدِلُونَ): وشەی (يَعْدِلُون) دوو واتای هەن، (عَدَلَ) بە مانای (سَوَّى) دێ، واتە: یەکسانی کرد (أَي: يَجْعَلُون لَهُ عَدِيلاً) یانی: هاوتای بۆ دادەنێن، یاخود (عَدَل) بە مانای (جار و انحرف) ستەمی کردو لایدا، دێ، ئەو کاتە (یعدلون) بە مانای (يَنْحَرِفُون) واتە: لادەدەن، دێ.

(أَجَلٗا): (الأَجَلْ: المُدّة المَضْرُوبَة للشَّيء، وَأَصْلُهُ استِيفاء الأَجل، أَي: مُدّة الحَيَاة)، (أَجَل) بریتیە لە کاتێکی دیارییکراو بۆ شتێك، وە لە ئەسڵدا لەوەوە هاتوە، کە ئەو کەسە یاخود ئەو شتە، ماوەی ژیانەکەی خۆی تەواو دەکات، دەڵێ: فلان کەس ئەجەلی هاتوە، واتە: ماوەی ژیانەکەی تەواو بووەو کۆتایی هاتوە.

(تَمۡتَرُونَ): واتە: دەکەونە گومانەوە، دەڵێ (المِرْيَةُ: التَرَدُّد فِي الأَمْرِ وَهُوَ أَخَصُّ مِنَ الشَّكِ، والمُمَارَاة: المُحَاجَةُّ فِيمَا فِيهِ مِريَة)، (تَمْتَرون) لە (مِريَة)ەوە هاتوە، بریتیە لە دوو دڵیی لە شتێکدا کە تایبەتترە لە گومان، بەڵام (مُماراة) بریتیە لە موناقەشەکردن لە شتێکدا کە گومانی تێدایە.

(قَرۡنٍ): واتە: سەدە، ئێستا کە دەڵێین: (قَرْن) واتە: سەد ساڵ، بەڵام مەرج نیە هەر سەد ساڵ بێ، (القَرْنُ: القَوْم المُقْتَرِنون فِي زَمَن وَاحِد وَجَمْعُهُ قُرُون) (قَرْن) بریتیە لە خەڵکێك کە لە ماوەیەکی دیارییکراودا پێکەوە دەژین، جا هەندێکیان گوتوویانە: قەرن سەد ساڵە، هەندێك گوتوویانە: حەفتا ساڵە، هەندێکیشیان بە کەمتر یاخود زیاتریان داناوە.

(مَّكَّنَّٰهُمۡ): واتە: بالادەستمان کردبوون، دەست ڕۆیشتوومان کردبوون، توانامان پێدابوون، چونکە دەڵێ: (مَكَّنَ لَهُ فِي الشيء: جَعَلَ لَهُ عَلَيْهِ سُلْطَانًا) واتە:

دەستەڵاتی پێدا بەسەر ئەو شتەدا، (مَكَّنَ فُلاناً مِنَ الشيء: أمكنه منه، وتمكّن: علا شأنه)، واتە: فلان توانای بە فلانكەس دا بەسەر ئەو شتەدا، (وتمكّن) واتە: بالادەست بوو، وە دەست ڕۆیشتوو بوو.

(مِّدْرَارًا): واتە: بە خورزەم، دەڵێ لە ئەسڵدا لە (دِرّ)ەوە هاتوە، (الدِرَّةُ: كَثْرَة اللَّبن وَسَيْلاَنُهُ وَالجَمْع دِرَرٌ، وَسَمَاء مِدْرارٌ: تَدُرُّ بالمطر) ئاژەڵێك شیری زۆر تێدابێ، مانگایە، مەڕە، بزنە، حوشترە، شیری زۆری تێدابێ، دەگوترێ: شیرەكەی زۆر دێ، (سَمَاء مِدْرارٌ) ئاسمانێك كە بارانەكەی بە خورزەم ببارێ‌و هەڵڕێژێ.

(قِرْطَاسٍ): دەڵێ: (القِرْطَاسُ: مَا يُكتَبُ فيهِ)، ئێستاش دەڵێن (قرْطَاسِية) كە لێرەدا دیارە بە كاغەز دەگوترێ، بەڵام لە قورئاندا (قِرْطَاس) هەر شتێكە لەسەری بنووسرێ، پێست بێ، بەردی تەنك بێ، گەڵای درەخت بێ، كاغەز بێ، چەرم بێ، هەرچی بێ.

(وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم): واتە: لێمان تێكەڵ دەكردن، دەگوترێ: (لَبِسَ الثَّوْب يَلْبَسُه لُبْساً، وَلَبَسَ عَلَيْهِ يَلْبِسُ لَبْساً: خَلَّطَ، وَفِي الأَمْرِ لُبْسَةٌ: أَي شبهة وَلَيْسَ بوَاضِح) واتە: بەرگەكەی پۆشی، دەیپۆشێ بەپۆشین، بەڵام (لَبَسَ عَلَيْهِ يَلْبِسُ لَبْسًا) ئەو شتەی لێ تێكەڵ كرد، (وَفِي الأَمْرِ لُبْسَةٌ) واتە: ئەو شتە (لَبْس)ی تێدایە، واتە: شوبهەی تێدایە، یاخود ڕۆشن نیە.

(فَحَاقَ): واتە: دابەزی، دەوری دا، خوا ﷻ فەرموویەتی ﴿ولا يحيق المكر السَّيء إِلاَّ بأَهْلِهِ﴾، أَي لا ينزلُ ولا يصيب﴾ هەندێك گوتوویانە: (حَاق) واتە: دابەزی، وە هەندێك گوتوویانە: واتە: دەوری دا.

(سَخِرُواْ): واتە: گاڵتەیان پێكرد، لە عەرەبیدا دەگوترێ: (سَخِرَ مِنْهُ، سَخِرَ بِهِ) هەردووكیان بە مانای گاڵتەی پێكرد، دێ، ئنجا (سَخِرَ بِهِ سَخْراً، وسُخْراً وَسُخْرِيةً: هَزِيءَ بِهِ) هەموویان بە مانای گاڵتە پێكردن، دێن.

(يَسۡتَهۡزِءُونَ): (الهُـزْءُ: مَـزْحٌ فِـي خِفْيَـةٍ) واتــە: (هُـزْءْ) یــان (هُـزواً) بــە مانــای گاڵـتەپێکردنێکی پەنهانــە، لـە زمـانی عەرەبیـدا دەگـوترێ: (هَزِئـتُ بـهِ وَاسْـتَهْزَأْتُ، والإسـتهزاء: ارتيـاد الهُزء، وإن كـان قد يُعَبَّـر بـهِ عـن تعـاطي الـهُزءِ)، واتـە: گاڵـتەم پێکـرد، بە شـێوەیەکی پەنهـان.

مانـای گشـتی ئایەتەکـان

خوای بە بەزەیی بە (بسم الله الرحمن الرحيم) واتـە: (بـە نـاوی خـوای بـە بـەزەیی بەخشـندە) دەست پێدەکات، وەك جـاری دیکـەش گوتوومانـە: کـە ئینسـان دەڵـێ: (بسم الله الرحمن الرحيم) دەبێ سێ شـتان لە دڵو مێشـکی خۆی ئامادە بکات:

یەکەم: بە ناوی خوای بە بەزەیی‌و بەخشـندە ئەو کارە دەکـەمو بۆ خـوای دەکـەم.

دووەم: ئەم کـارە بەپێـی شـەریعەتی خوا دەکـەم.

سـێیەم: ئەم کارە دەکەم بە شـانو شـەوکەتی خۆم نا، بەڵـکو بـە یارمـەتی خـواو بـە ئاسانکاریی خـوا، هـەر سێ واتایەکـە دەبێ لە دڵـدا ئامادە بـن، چـونکە پێچـەوانەی هەر کـام لەو سـێیانە، لادانە:

١- کارەکـەت بۆ خوا نەبـێ، شـیـرکە.

٢- کارەکـەت بەپێـی شـەرعی خـوا نەبـێ، ئینحـرافو بیدعـەتە.

٣- کارەکــەت پاڵــبدەیە لای خــۆت، ئــەوە عوجبــەو بــە خــۆ سەرســامــبوونە، وە نەگێڕانەوەی فـەزڵە بۆ خـاوەنی فەزڵ.

دیارە ئەم (١٠) دە ئایەتـە لـە سـوورەتی (الأنعـام)دا، وەك پێشـەکی وان، وە لـە هـەموو سـوورەتەکانی قورئـان دا خــوای پــەروەردگار چــەند ئایــەتێك وەك پێشــەکیی دێنــێ، هـەروەك چۆن چـەند ئایەتێکیش هـەن، وەك کۆتـایی، لێرەدا خـوا بەوە دەست پێدەکـات، دەفـەرموێ:﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَۖ ثُمَّ

﴿ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ ﴾، ستایش بۆ خوایەك كە ئاسمانەكانو زەوی هێناونە دی، وە تاریكییەكانو ڕووناكیی گێڕاون، ئنجا دوای ئەوەش، ئەوانەی بێبڕوان، شتانی دیكە لەگەڵ پەروەردگاریاندا یەكسان دەكەن، ﴿ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ ﴾، واتە: دوای ئەوەش كە خوا بەدیهێنەری ئاسمانەكانو زەوییە، وە هەرچی حاڵەتەكانی كە لە ئاسمانەكانو زەوی دا هەن، كە تاریكیی و ڕووناكیی، لە هەموو حاڵەتەكانیان گشتی ترن، هەموویان خوای پەروەردگار پەیدایكردوون، كەچی دوای ئەوەش ئەوانەی بێبڕوان، هەندێك لە دروستكراوەكانی خوا لەگەڵ پەروەردگاریاندا یەكسان دەكەن، ئەوە واتایەكی، یاخود ﴿ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ ﴾، واتە: لادەدەن لە پەروەردگاریان، ئەوەی یەكەمیان واتە: جگە لە خوا لەگەڵ خوادا یەكسان دەكەن لە پەرستراندا، وە ئەوەی دووەمیان واتە: لادەدەن لە پەرستنی خوا، بۆ پەرستنی جگە لە خوای بێ هاوتا، كە دیارە ئێمە دوایی لە مەسەلە گرنگەكاندا، زیاتر تیشك دەخەینە سەر مەسەلەی ستایش كردن بۆ خوا، كە لێرەدا خوا بۆچی وا دەست پێدەكات؟ بۆچی یەكسەر دەفەرموێ: ﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ﴾، ستایش بۆ خوایە؟! وە دوایی ڕوونی دەكەینەوە، دەفەرموێ: خوا كە ئاسمانەكانو زەوی دروست كردوون، مەبەست پێی چییە؟

ئنجا دوای ئەوەی خوا ﷻ باسی بوونەوەری فراوانی كرد، باسی ئاسمانەكانو زەوی كرد، ئنجا دێتە سەر باسی بوونەوەری گچكە، كە ئینسانە، چونكە ئینسانیش بوونەوەرێكی بچووكە، دەفەرموێ ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن طِينٖ ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلٗاۖ وَأَجَلٞ مُّسَمًّى عِندَهُۥۖ ثُمَّ أَنتُمۡ تَمۡتَرُونَ ﴾، خوا ئەو كەسەیە كە ئێوەی لە قوڕ دروستكردوە، ئایا ئێمە لە قوڕ دروست بووین؟ دوایی ڕوونی دەكەمەوە، ئەوە چۆنە؟ بە تەئكید ئادەم ﵇ باپیرە گەورەی بەشەر لە قوڕ دروست بووە، ئەوە دیارە، بەڵام ئەدی بۆچی خوا ﷻ دەفەرموێ: ئێوەمان لە قوڕ دروست كردوە؟ ئایا مەبەست پێی ئەوەیە كە مادام باپیرە گەورەتان كە ئادەمە ﵇ لە قوڕ دروست بووەو، ئێوەش لە ئادەم وەپاش

كەوتوون، كەواتە: هەمووتانی لە قوور دروست كردوە؟ یاخود مەبەست پێی ئەوەیە: كە وەك چۆن جەستەی ئادەم ﷺ لە قوور دروست بووە، جەستەی ئێوەش پێكهاتەكانی هەر دەچنەوە بۆ قوری زەوی؟ چونكە قور (طین) چیە؟ (گڵ + ئاو = قور) هەموو پێكهاتەكانی جەستەی ئینسانیش دەگەڕێنەوە بۆ ئاوو، بۆ خاك ﴿ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلًا ﴾، دوایی خوا كاتێكی دیاری كرد، واتە: بۆ ئەو بوونە، بۆ ئاسمانەكانو زەوی، كاتێكی دیاریكردوە ﴿وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُۥ ﴾، وە كاتێكی دیاریكراویش لەلای خۆیەتی، دەشگونجێ مەبەست پێی ئەوەبێ، كە: خوای كاربەجێ بۆ مردنی هەر كامێكتان كاتێكی دیاری كردوە، وە كاتێكی دیاریكراوو ناوبراو لەلای خوا هەیە بۆ كۆتایی پێهێنانی ژیانی هەمووتان لەم سەر زەوییە، وە لە ڕاستییدا دووەمیان: زیاتر دەچێتە عەقڵەوە، بە بۆچوونی من، ئەگەرنا ئەوی دیكەش هەندێك لە زانایان گوتوویانە: واتە: خوا كاتێكی دیاری كردوە بۆ هەمووتان، بۆ وێنە: ئەو ئینسانە ئەگەر هیچ نەساغ نەبێو كەس نەیكوژێو شتێكی بەسەرنەیەت، حەفتا ساڵ هەشتا ساڵ، نەوەد ساڵ دەژیی، بەڵام كاتێكی دیاریكراو لەلای خوا هەیە، خوا دەزانێ كە ئەو ئینسانە، تەمەنە سروشتییەكەی خۆی تەواو ناكاتو بە بیست ساڵیی، یان بە سی ساڵیی بە ڕووداوی سەیارە دەمرێ، تووشی نەخۆشییەكی تایبەت دەبێ، تەمەنی كۆتایی پێدێ، بەڵام ئەوی دیكەیان زیاتر دەچێتە عەقڵەوەو ئەوم پێ ڕاسترە، كە مەبەست لە ئەجەلی یەكەم، واتە: كاتی دیاریكراو بۆ مردنی هەر كامێكمان، وە مەبەست لە كاتی ناوبراو (أجل مُسَمًّى) كاتی كۆتایی پێهاتنی ئەم بوونەوەرەیە، كە لە نێویدا دەژین، ﴿ثُمَّ أَنتُمْ تَمْتَرُونَ ﴾، دوایی لەگەڵ ئەوەشدا كە خوای پەروەردگار سەرەتاو كۆتایی هەمووتانی دیاری كردووەو بەدەستە، ئنجا ئێوە دەكەونە گومانیشەوە، ئەی بێبڕوایەكان؟!

دیارە لێرەدا ڕووی دواندن لە بێبڕوایانە، نەك لە ئیمانداران، چونكە ئیمانداران ناكەونە گومانەوە، ئێمە دەزانینو دڵنیاین كە خوا بەدیهێنەری ئێمەیە، وە ژیانو نەمانو بوونمان بە دەست خوای پەروەردگارە، لەو كاتەوە كە دەیەوێ، دەبین، وە لەو كاتەدا كە خوا دەیەوێ، كۆتاییمان پێ دێ، كەواتە: لێرەدا ڕووی دواندن لە بێبڕوایەكانە.

ئنجا دیسان خوا بە شتێکی دیکە خۆی دەناسێنیو دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱللَّهُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَفِي ٱلْأَرْضِ ﴾، وە ئەو، خوایە لە ئاسمانەکانو لە زەویدا، لێرەدا مەبەست چییە؟ واتە: هەر ئەو خوایە بێ هاوتایەیە کە شایستەی پەرسترانە، یاخود: هەر ئەو خوایە کە کارهەڵسوڕێنەری ئەو بوونەوەرەیە لە ئاسمانەکانو لە زەویدا، تەنیا ئەو شایستەی پەرسترانە. چونکە کافرەکان دەیانگوت: بەڵێ، لە ئاسمانەکان دا هەر خوا بەدیهێنەرو پەروەردگارو پەرستراوە، بەڵام لەسەر زەوی غەیری خوایان دەهێنایە ڕیزی خوا ﷻ، دەیانگوت: ئەوانیش بۆیان هەیە، حەڵاڵو حەرام دابنێن، ئەمرو نەهییان بەسەردا بکەن، بەبێ گەڕانەوە بۆ لای خوا ! بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: هەر ئەو خوایە لە ئاسمانەکانو لە زەویدا ﴿ يَعْلَمُ سِرَّكُمْ وَجَهْرَكُمْ وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبُونَ ﴾، پەنهانتانو ئاشکراتان دەزانێ، وە دەزانێ چی دەکەن، هەر خوا دەزانێ پەنهانتان چییەو ئاشکراتان چییە؟ وە دەشزانێ چ کردەوەیەك بەدەست دێنن.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر باسی هەڵوێستی بێبڕوایەکانو دەفەرموێ: ﴿ وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ مِّنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُواْ عَنْهَا مُعْرِضِينَ ﴾، وە هیچ نیشانەیەك لە نیشانەکانی خوای پەروەردگاریان بۆ نایەت، مەگەر پشتی تێدەکەن.

ئایا لێرەدا مەبەست لە نیشانە چییە؟ دەگونجێ مەبەست پێی ڕستەکانی قورئان بێ، ڕستەکانی قورئان خوا ناوی لێناون ئایەت، وە دەگونجێ مەبەست پێی موعجیزەی پێغەمبەران بێ (عليهم الصلاة والسلام)، وە دەگونجێ مەبەست پێی دیاردەو دیمەنە سروشتییەکان بێ، وە دەگونجێ مەبەست پێی ئەو شتانە بێ کە ڕوو دەدەن، وەك لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ کە مانگ لەت بوو، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱقْتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلْقَمَرُ ﴿١﴾ ﴾القمر، دەگونجێ مەبەست پێ هەرکامێك لەوانە بێ، دەفەرموێ: هەر کام لە نیشانەکانی پەروەردگاریان بۆبێ، حەتمەن پشتی تێدەکەن، لەجیاتی ئەوەی سەرنجی بدەن، وە بە هۆی ئەو نیشانانەوە، خاوەنی نیشانەکە، کە پەروەردگارە بیناسن، پشتی تێدەکەن!

دوایـی دەفـەرموێ: ﴿ فَقَدْ كَذَّبُواْ بِٱلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ ﴾، هـەقیان بـە درۆزانـی، دوای ئـەوەی کـە بۆیـان هـاتبوو، هـەق لێـرەدا بریتـیە لـەم قورئـانـە، یـان بریتیـە لـە پێغـەمبەر ﷺ، یـان بریتیـە لـەو ئیسـلامەی کـە ئـەم قورئـانەو ئـەم پێغەمبـەرە هێناویانە، ئەو هەقەیان بە درۆزانی، دوای ئـەوەی کە بۆ لایان هات، ﴿ فَسَوْفَ يَأْتِيهِمْ أَنۢبَٰٓؤُاْ مَا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴾، لـە مـەودوا بـە تەئکیـد ئـەوەی کـە گاڵتـەیان پێـدەکرد، هەواڵەکەیان بۆ دێ، واتە: دەزانن کە ئـەو هەقـە: خوایـەك، پەروەردگـارێك ناردبووی، ئەو هەقە، کە قورئانە، یان پێغـەمبەرە ﷺ، یان ئیسـلامە، وە لێپرسـینەوەش دەکات لەگەڵ ئـەو کەسانەدا کە هـەقی بۆ ناردوون و پشـتیان تێکردوەو بـە درۆیان داناوەو گاڵتەیان پێکردوە، چونکە خوای پەروەردگار سێ شتی باس کردوون:

(إِعْرَاض، تَكْذِيب، إِسْتَهْزَاء) پشت هەڵکـردن، بـە درۆ دانـان، گاڵتـەپێکردن، پلـە پلـە، چونکە پشـت تێکـردن سـووکترە لە بـە درۆدانـان، وە بـە درۆدانـان (شـتێك بـە درۆ دابنێـی‌و بڵـێی: ڕاسـت نیـەو بـڕوام پـێ نیـە)، سووکترە لـەوەی گاڵتـەی پێبکـەی، دیارە ئەوانە وردە وردە هەر پێیان لـێ هەڵێناوە، ئنجا ئەمە ئـەوە دەگەیـەنێ کە کوفر هەندێکی هەندێکی ڕادەکێشـێ‌و، گوناهـەکان هەندێکیـان هەندێکیان ڕادەکێشـن.

ئنجا خوای پەنهـانزان سـەرنجـیان بـۆ مێـژوو ڕادەکێشـێ، خـوا ﷻ لـە قورئانـدا زۆر جـار سـەرنجی بەشـەر بـۆ مێـژوو ڕادەکێشـێ، پێشـێ خـوای پـەروەردگار سـەرنجـیانی بـۆ دەوروبـەریان ڕاکێشـا، بـۆ ئاسمانـەکان‌و زەوی، ئنجـا سـەرنجـیان ڕادەکێشـێ بـۆ مێـژووی میللـەتانی پێشـوو، دەفـەرموێ: ﴿ أَلَمْ يَرَوْاْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ ﴾، ئایـا نەیانـبینیـوە؟! نەیانـبینیـوە بە چاوی سـەر نا، بەڵکـو چاوی عەقـڵ‌و دڵ، چونکە دیارە گەلە پێشـووەکان، گەلـی نـووح‌و، گەلـی هوودو، گەلـی صالح، وە گـەلانی پێغەمبـەرانی دیکە، نـاتوانین بیانـبینیـن تێپـەڕیون، کەواتـە: بـە چاوی عـەقڵ‌و دڵ تەماشـای مێـژوو بکەن، ئایا نەیانـبینیـوە: لە پێش وانـدا چـەند کۆمەڵـگاو چـەند سـەدەمان فەوتانـدوون، کـە ئـەوان چـۆن بـوون؟ ﴿ مَّكَّنَّٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، دەسـت ڕۆیشـتوومان کردبـوون لـە زەویـدا، کردبوومـانن بـە خـاوەنی پێگـەو توانـاو دەسـەڵات، ﴿ مَا لَمْ نُمَكِّن لَّكُمْ ﴾، ئیمکانییەت‌و توانایەکمان بە وان دابوو، بە ئێوەمان نـەداوە، ئەی کافرەکانی مەککە!

لێرەدا مەبەست پێی كافرەكانی مەككەیە، نەك كافرەكانی ئێستا، چونكە ڕەنگە ئەو توانایەی هێزێكی زەبەلاحی وەك ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ئێستا هەیەتی، لە مێژووی بەشەردا شتی وا نەبووبێ، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی كافرەكانی ئەو كاتەیە، كە قورئان لە نێویاندا دابەزیوە، دەفەرموێ: توانایەكمان داببووە كافرەكانی پێش ئێوە، كە بە ئێوەمان نەداوە، ئەی خەڵكی مەككەو دەووروبەری! كە دیارە خەڵكی مەككە توانایەكی ماددیی وایان نەبووە، بگرە تەنانەت دەوڵەتیان نەبووە ﴿ وَأَرۡسَلۡنَا ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡهِم مِّدۡرَارٗا ﴾، وە باران‌و هەوری بە خوڕزەممان بۆ ناردبوون، هەوری پڕ لە بارانمان بۆ ناردبوون، بۆ ئەوەی وڵاتیان بۆ ئاوەدێر بكات ﴿ وَجَعَلۡنَا ٱلۡأَنۡهَٰرَ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمۡ ﴾، وە ڕووباری زۆرمان بۆ گێڕابوون كە بە ژێر كۆشك‌و باڵەخانەكانیاندا دەڕۆیشتن، بەڵام سەرەنجام چییان لێ هات؟ ﴿ فَأَهۡلَكۡنَٰهُم بِذُنُوبِهِمۡ ﴾، بە هۆی گوناهەكانیانەوە فەوتاندمان، واتە: لە هیچیان كەم نەبوو، ئیمكانیەتێكی زۆریان هەبوو، بەڵام بە هۆی گوناح‌و تاوانەكانیانەوە، فەوتاندمان‌و لە بەینمان بردن، ﴿ وَأَنشَأۡنَا مِنۢ بَعۡدِهِمۡ قَرۡنًا ءَاخَرِينَ ﴾، وە دوای هەر كامێك لەو كۆمەڵگایانە، كۆمەڵگایەكی دیكەمان پەیدا كرد، دوای هەر كام لەو سەدانە، سەدەیەكی دیكەمان هێنانە جێ، كەواتە: ئەی كافرەكانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ، وە كافرەكانی هەر ڕۆژگارێكی دیكەش! ئێوەش بترسێن لەوەی كە ئەگەر هەڵوێستی ئەو كافرە پێشووانەتان هەبێ، لە پشتتێكردن لە بەرنامەی خواو، بە درۆ دانانی‌و، گاڵتە پێكردنی، هەمان سەرەنجام كە بەسەر ئەوان هاتوە، بەسەر ئێوەش بێ.

ئنجا دێتە سەر باسی هەڵوێستێكی دیكەیان، كە دیارە ئەوان پێشنیاریان كردوە بۆ پێغەمبەر ﷺ كە ئەو قورئانەیان لە كتێبێكدا، لە نووسراوێكدا بۆن بێنێ، دەستی لێبدەن، وەك لە سووڕەتی (الإسراء)دا دەفەرموێ: ﴿ ... وَلَن نُّؤۡمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيۡنَا كِتَٰبٗا نَّقۡرَؤُهُۥۗ قُلۡ سُبۡحَانَ رَبِّي هَلۡ كُنتُ إِلَّا بَشَرٗا رَّسُولٗا ﴿٩٣﴾ ﴾، واتە: دەبێ بچی بۆ ئاسمانێ لەوێدا كتێبمان بۆ بێنی، نووسراوێك، وە بڕواشت پێ ناكەین،

كە چووی بۆ ئاسمانێ، هەتا كتێبێك نەهێنی لە پێش چاوی ئێمە بچی بۆ ئاسمانێ دوایی بێیەخوار كتێبێكیشت پێبێ، دەیانگوت دەبێ كتێبەكەش ئاوابێ: (مِنَ اللهِ رَبِّ العَالَمِينَ إِلى فلان بْنِ فلان ! إِنَّ مُحَمَّداً رَسُولِي فَآمِنوا بِهِ) لە خوای پەروەردگارەوە بۆ فلانی كوڕی فلان! موحەممەد پێغەمبەری منەو دەبێ ئیمانی پێ بێنن، دەیانگوت: ئاوا دەبێ یەك بە یەك نامەمان بۆ بێ!!

ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَلَوۡ نَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ كِتَٰبٗا فِي قِرۡطَاسٖ فَلَمَسُوهُ بِأَيۡدِيهِمۡ لَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ مُّبِينٞ ﴾، وە ئەگەر وەك ئەوان داوا دەكەن، ـ وەك بیانوو گرتن ـ گریمان نامەیەكیشمان لە نووسراوێكدا بۆ سەر تۆ ناردبایەو دەستیشیان لێدابایە، ئەوكاتیش ئەوانەی بێبڕوان دەیانگوت: ئەوە جادوویەكی ئاشكرایە، كەواتە: هیچ لە قەزیەكە نەدەگۆڕا، ئەگەر بەدوای بەڵگەدا دەگەڕێن، ئەوە فەرموون: قورئان، وەك قورئان تەحەددای كردوە، فەرموون قورئانێكی وا بێنن، ئەگەر نەتانتوانی، فەرموون دە سووڕەتان بێنن، ئنجا ئەگەر هەر نەتانتوانی، فەرموون: یەك سووڕەت بێنن، وە ئەگەر هەر نەتانتوانی، بزانن كە ئەوە قسەی پێغەمبەر ﷺ نیەو فەرمایشتی خوایە، چونكە خوا هەر لەو پیتو دەنگانەی ئێوە قسەیان پێدەكەنو شتیان پێدەنووسن، قورئانی فەرمووە، دە فەرموون ! ئەو پیتو دەنگانە لەبەردەستی ئێوەشدا هەن، چونكە سەرەتای چەند سووڕەتێك لە قورئاندا بە پیتی پچڕ پچڕ دەستپێدەكات: (آلم، ص، ن، ق، آلر) یانی چی؟ یانی ئەو پیتانە لەبەردەستی ئێوەشدا هەن، دە فەرموون ! ئەگەر ڕاست دەكەن كە دەڵێن: قورئان خوا بۆ پێغەمبەری ﷺ نەناردووەو بۆخۆی دایناوە، ئەوە ئێوەش ئەو پیتانەتان لەبەردەستدان، ئەو دەنگانە لەبەردەستی ئێوەش هەن، ئێوەش قورئانێكی وابێنن، یان دە سووڕەت، یان لانی كەم سووڕەتێك بێنن، كەواتە: ئەگەر لە بەڵگە بگەڕێن، ئەو بەڵگە هەیە، بەڵام ئەگەر هەر لە بیانووگرتن بن، ئەگەر خوا ﷻ بیانووشتان ببڕێ، دیسان ئەوە ناكەنە بەڵگە لەسەر ئەوە كە (موحەممەد) پێغەمبەری خوایەو دەڵێن: ئەوە جادوویەكی ڕوونە.

ئنجا باسی بیانوویەكی دیكەیان دەكات، دەفەرموێ: گوتیان: دەبووایە فریشتەیەك دابەزێتە سەری، لە چەند شوێنی دیكەش لە قورئاندا لە سووڕەتە مەككەییەكاندا،

خـوای پەروەردگـار باسی ئەو بیانووەی كافرەكان دەكات، بۆ نموونـە: ﴿ قَالُوٓاْ أَبَعَثَ ٱللَّهُ بَشَرًا رَّسُولًا ﴿٩٤﴾ ﴾الإسـراء، گوتیـان: ئایـا خـوا بەشـەرێكی بـە پێغەمبـەرو ڕەوانـەكراو ناردوە، دەبووایە فریشـتەیەك بێ، چونكە بەشـەر ئـەوەی لـێ ناوەشـێتەوەو، شایستەی ئەوە نیـە، خوا فەرمایشتی لەگەڵ بكاتو وەحـی بۆ بنێرێ، دەبێ مەلائیكـەت بــێ، جا خــوا دەفــەرموێ: ﴿ وَقَالُواْ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيۡهِ مَلَكٌ ﴾، دەڵـێن: دەبووایــە فریشــتەیەك دابەزێتــە ســەری، گوتیــان: باشــە قەینــاكا موحەممــەد ئــەوە بەشــەرە، بــەڵام بــا فریشتەیەكی لەگەڵدا بێ، فریشتەكە بڵـێ: ئەوە موحەممــەد ﷺ پێغەمبــەری خوایە، خـــواش دەفـــەرموێ: ﴿ وَلَوۡ أَنزَلۡنَا مَلَكًا لَّقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ ثُمَّ لَا يُنظَرُونَ ﴾، وە ئەگـــەر فریشـتەمان دابەزاندبووایە كار تەواو دەبوو، دوایـی چاوەڕێشـیان نەدەكـرا، چـی تـەواو دەبـوو؟ واتە: یاساو سـوننەتی خوا وابووە، لـە مێـژووی بەشـەردا كـە بـۆ هـەر كام لـە میللەتـان موعجـیزەیەكی بەرهەسـتی بـۆ نـاردبێو ئیمانیـان پـێ نەهێنـابێ، كۆتـایی پێهـێناون، وەك گەلـی فیـرعەون كـە مووسـا عليه السلام گۆچـانەكەی دەسـتی پێشـانداو ئیمـانیان پـێ نەهێنـا، خوا فەوتاندنی لە ئاوێدا.

وە گەلـی عـاد كە خوای بەرز هـود عليه السلامی نارد بۆ لایـان ئیمانیـان پـێ نـەهێنا، دیـارە موعجیزەی هەبووە، بەڵام خوا باسی موعجـیزەكەی نەكـردوە.

وە گەلـی ثەموود خـوا جل جلاله پێغەمبـەر صالح عليه السلامی نـارد بـۆ لایـان موعجیـزەیەكـی دایـە، كە بریتـی بـوو لـە حوشـترێك، كە لـە شـاخێك، لـە بـەردێكی گـەورە هاتـە دەرێ، حوشترێكی زینـدوو كە بایـی هەموو خەڵـكی شــارەكە شـیـری تێـدابوو، بـەڵام ئیمانیـان پێ نەهێنـاو حوشــترەكەیان سـەربڕی، خوای باڵادەسـتیش فەوتـاندنی... هتـد.

كەواتە: ئێوەش ئەگـەر موعجیزەیەكـی واتـان بـۆ هاتبــا، وە فریشـتەیەك دابەزیبایـە، كۆتاییتـان پێ دەهـات، ئەمە واتایەكـی.

واتایەكی دیكـەی ئەوەیە كە ئێوە ناتوانن فریشـتە ببیـنن، وە ئەگـەر فریشـتە لەسـەر شـــێوەی خـــۆی هاتبایــە بەرچــاوتان، لـــە بـــەین دەچـــوونو تەحەممولـــی دیتـنیتـــان نەدەكـرد.

دوایـــی دەفـــەرموێ: ﴿وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ مَلَكًا لَّجَعَلْنَٰهُ رَجُلًا وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا يَلْبِسُونَ ﴾، وە ئەگەر پێغەمبەرمان گێڕابا بە فریشتە، واتە: لەجیاتی بەشەرێك فریشتەیەكمان كردبا بە پێغەمبەر، دەبوو بردبامانە سەر شێوەی پیاوێك، بۆچی؟ چونكە لەسەر شێوەی ڕاستەقینەی خۆی ناتوانن فریشتە ببینن و، هەر دەبوو چووبایە سەر شێوەی پیاوێك ﴿وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا يَلْبِسُونَ ﴾، وە دیسان لێمان تێكەڵ دەكردن، ئەوەی لە خۆیان تێكەڵ كردوە، واتە: ئەو كاتە ئەگەر فریشتەیەك بووایە چووبایە سەر شێوەی پیاوێك و گووتبای: من فریشتەم، دەیانگوت: نەخێر، تۆ فریشتە نی، ئەوە نیە لەسەر شێوەی پیاوی، ئنجا ئەگەر هەر گوتبای: فریشتەم بەڵام چوومەتە سەر شێوەی پیاو، بۆئەوەی بمبینن، دەیانگوت: نەخێر، ڕاست ناكەی، وە دیسان لێیان تێكەڵ دەبوو، ئەوەی كە ئێستا لە خۆیانی تێكەڵ دەكەن.

لە كۆتایی دا وەك دڵدانەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ ﴿ وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُوا۟ مِنْهُم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴾، وە بە دڵنیاییی لەپێش تۆدا گاڵتە كراوە بە پێغەمبەران و پێغەمبەرانی زۆر گاڵتەیان پێكراوە ﴿ فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُوا۟ مِنْهُم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴾، وە سەرەنجام ئەوەی كە گاڵتەیان پێ دەكرد، ئەوانە گاڵتەیان دەكرد ئەو سزایە دابەزیە سەریان، وە لە بەینی بردن.

كەواتە: تۆش ئەی موحەممەد ﷺ! كە سەروەری پێغەمبەرانی و كۆتایی هەموویانی، تۆش ڕێزپەڕنی لەو یاساو بنچینەیەی كە گاڵتەت پێدەكرێ، بەڵكو لەپێش تۆدا پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) گاڵتەیان پێكراوە، بەڵام خوای كاربەجێ سزای ئەو گاڵتە پێكەرانەی داوە، واتە: ئەو گەلەی تۆش خوای دادگەر نایەڵێ ئاوا وەك بەرزەكی بانان بۆی دەربچن، بەڵكو سەرەنجام تووشی سزا دەبن.

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: کە دەفەرموێ: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَۖ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ﴾، ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ئاسمانەکانو زەوی دروستکردوون، وە تاریکاییەکانو ڕووناکیی گێڕاون، دوایی ئەوانەی کە بێبڕوان لە پەروەردگاریان لادەدەن، یاخود جگە لە پەروەردگاریان یەکسانو بەرانبەر دەکەن لەگەڵ پەرستراوان دا لە پەرستندا.

پێویستە بزانرێ کە پێنج سوورەت لە قورئاندا بە ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾، دەستیان پێکردوە:

یەکەم: سوورەتی (الفاتحة)یە: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢﴾.

دووەم: سوورەتی (الأنعام)ە: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَۖ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ ۝١﴾.

سێیەم: سوورەتی (الكهف)ە: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبۡدِهِ ٱلۡكِتَٰبَ وَلَمۡ يَجۡعَل لَّهُۥ عِوَجَاۜ ۝١﴾.

چوارەم: سوورەتی (سبأ)ە: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُ فِي ٱلۡأٓخِرَةِۚ وَهُوَ ٱلۡحَكِيمُ ٱلۡخَبِيرُ ۝١﴾.

پێنجەم: سوورەتی (فاطر)ە: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ جَاعِلِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُوْلِيٓ أَجۡنِحَةٖ مَّثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۚ يَزِيدُ فِي ٱلۡخَلۡقِ مَا يَشَآءُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ۝١﴾.

ئنجا ئایا ئەمە چی دەگەیەنێ؟ ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كە خوا ﷻ كە بۆخۆی ستایشی خۆی دەكات، دیارە خوا بۆخۆی لە هەموو كەس چاكتر دەزانێ دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ خوادا بكرێ، خوا دەیەوێ ئێمە فێر بكاتو كە دەفەرموێ:

﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾، واتە: خوا ستایش بۆ كراوە، وە مەدحو سەنا هەڵدەگرێو، دەبێ مەدح بكرێو پەسند بكرێو ستایش بكرێ لەلایەن ئینسانەوە، لەلایەن جیننەوە، لەلایەن فریشتەوە، لەلایەن هەموو دروستكراوەكانەوە.

ئنجا لێرەدا خوا ﷻ خۆی بە دوو سیفەت دەناسێنێ: بە (خَلْقُ)و بە (جَعْل) ﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ﴾، ﴿وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَ﴾، ئاسمانەكانو زەوی بەدیهێناون، وە تاریكایی‌و ڕووناكیی تێدا گێڕاون، كەواتە: ئەم بوونە، خاوەنەكەیو بەدیهێنەرەكەی، خوایە، وە هەرچی تەصەڕڕوفاتی تێشیدا دەكرێ، كە وەك گوتم: دیارترین شت لە حاڵەتو گۆڕانكارییەكان لە بوونەوەردا، بریتییە لە تاریكیی‌و ڕووناكیی، كە دوو حاڵەتی زۆر گشتیین، ئەوەش دیسان، ئەو تەصەڕووفەش تەنیا خوای پەروەردگار دەیكات.

سێ بابەتی گرنگ :

١) حیكمەتی ڕستەی (ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ):

بۆچی خوا نەیفەرمووە: (أَحْمَدُ الله)، بەڵكو فەرموویەتی: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾؟!

وەڵام: چونكە (أَحْمَدُ الله)، واتە: من ستایشی خوا دەكەم، بەڵام ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾، واتە: خوا شایستەی ستایشكردنە، ئنجا چ خوا ستایشی خۆی بكات، چ فریشتە بیكەن، چ جند بیكەن، وە چ ئینسان بیكەن، چ دروستكراوەكانی دیكە بیكەن، وەك خوای پەروەردگار لە سوورەتی (الإسراء)دا دەفەرموێ: ﴿وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا ﴿٤٤﴾﴾، واتە: هیچ شتێك نیە كە خوا بە پاك نەگرێو ستایشی نەكات، بەڵام ئێوە تێیان ناگەن،

هیچ شتێك نیە لە گەردیلەوە بگرە، لە چڵە گیایەکەوە بگرە، لە خانەو شانەیەکەوە بگرە، هەرچی دروستکراوی خوایە، هەمووی خوا بە پاك دەگرێو ستایشی دەکات، ئنجا ئەگەر فەرموویای: (أَحْمَدُ اللهَ)، واتە: ئەو کەسەی کە قورئان دەخوێنێ، هەر ئەو ستایشی خوا دەکات، بەڵام ﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ﴾، واتە: ستایش بۆ خوا لەلایەن هەموو دروستکراوەکانی خواوە، وە لەلایەنی خۆشیەوە.

پاشان ئەگەر فەرموویای: (أَحْمَدُ اللهَ)، ڕەنگە ئەو کەسە کە وایدەگوت، قسەکەی درۆ دەرچوویایە، چونکە ئەگەر ئەو کە دەڵێ: من ستایشی خوا دەکەم، بەڵام لەوکاتەدا بێئاگا بێ، ئەوە قسەکەی ناڕاست دەردەچێ.

وە ئنجا گوتنی: ﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ﴾، ستایش بۆ خوا، هیچ ئیددیعای تێدایە، بەڵام کە دەڵێیی (أَحْمَدُ اللهَ)، من ستایشی خوا دەکەم، جۆرێك لە ئیددیعای تێدا هەیە، کە زۆریش زەحمەتە ئینسان بتوانێ ستایشی خوا بکات، بەڵام کە دەڵێی: ﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ﴾، واتە: ستایش بۆ خوا، جا چ ئینسان توانی ئەو ستایشە بکات، کە بە تەئکید بێجگە لە زاتی خوا خۆی، هیچ کەس ناتوانێ وەك بۆ خوا شایستەیە، ستایشی بکاتو مەدحی بکاتو پێیەهەڵا بڵێ، وە ئەو سیفەتە بەرزو ناوە هەرچاکانەی باس بکات.

٢) جیاوازی نێوان (حَمْد) و (مَدْح) و (شُكْر):

سێ وشەمان هەن، کە بریتین لە : (حَمْد) و (مَدْح) و (شُكْر)، ئایا جیاوازییان چییە؟

(حَمْد) تەنیا ئاڕاستەی کەسێك دەکرێ، کە بە ویستی خۆی چاکەیەك دەکات، یاخود سیفەتی چاکی تێدا هەن، واتە: دەبێ خاوەنی ئیرادەو ئیختیار بێ، بەڵام (مَدْح) ئاڕاستەی هەر شتێك دەکرێ، با ئیختیاریشی نەبێ، بۆ وێنە: من مەدحی ڕۆژ دەکەم، مەدحی خواردنێك دەکەم، مەدحی گوڵێك دەکەم کە جوانە، کە هیچیان ئیختیاریان نیە، بەڵام (حَمْد) ستایشکردن، تەنیا بۆ کەسێکە کە خاوەنی ئیختیارە، ئەوە جیاوازیی نێوان (حَمْد) و (مَدْح).

وە پاشان (شُكْر) تەنیا لە بەرانبەر نیعمەت دایە، هەرچەندە لە كوردەواریی خۆماندا (حَمْد ومَدْح و شكر) هەموویان تێكەڵن، هەر دەڵێین: سوپاس، بەڵام من جیام كردۆتەوە، (حَمْد)م كردوە بە ستایش، (شُكْر)م كردوە بە سوپاس، بۆ وێنە، دەڵێی: (أَشْكُركَ) یانی: سوپاست دەكەم، (شُكْر) لە بەرانبەر نیعمەت دایە، دەبێ چاكەیەك بووبێ لەو لایەنەوە بۆ تۆ، ئنجا تۆ (شُكْر)ی دەكەی، بەڵام (حَمْد) نەبەستراوەتەوە بە چاكەوە، ئێمە دەڵێین: ﴿ اَلْحَمْدُ لِلَّهِ ﴾، خوای بەرز سەرچاوەی هەموو چاكەكانە، بۆیە لەو كاتەدا كە تۆ ستایشی خوا دەكەی، چاكەكان ناهێنیە پێش چاوی خۆت، كە لەبەرئەوەی كە خوا ﷻ چاكەی لەگەڵدا كردووی، تۆش ستایشی بكەی، بەڵكو هەر لەبەرئەوە كە شایستەی مەدح و سەنایەو، لەبەر سیفەتە پەسندەكانی دەڵێی: ﴿ اَلْحَمْدُ لِلَّهِ ﴾، ئنجا كە دەڵێی: (الشُّكْرُ لله) لەبەر چاكەو نیعمەتەكانی، ئەوە جیاوازیی سەرەكیی ئەو سێ وشەیەیە.

٣) كورتە باسێك دەربارەی ئاسمانەكان و زەوی :

خوا ﷻ باسی ئاسمانەكان و زەوی دەكات، بۆ زانیارییتان لە قورئاندا خوا ﷻ هەركام لە: وشەی (السَّماء)ی بەكارهێناوە، وە وشەی: (السَّمَاوَاتِ)ی بەكارهێناوە، وە وشەی (سَبْعَ السَّمَاوَات)یشی بەكارهێناوە.

ئنجا لە زمانی عەرەبیدا، هەر شتێك كە لە سەرووی تۆوە بێ، (كُل مَا فَوْقَك)، (كُل مَا عَلاك) پێی دەگوترێ: (السَّمَاء)، ئنجا ئەو (السَّمَاء)ە، دەگونجێ مەبەست پێی سەقفی خانوو بێ، وە دەگونجێ مەبەست پێی هەور بێ، وە دەگونجێ مەبەست پێی جەو بێ، وە دەگونجێ مەبەست پێی ڕەها (مُطْلَق)ی سەرەوە بوون بێ، وە دەشگونجێ مەبەست پێی ئەو حەوت ئاسمانانە بن، كە ئێمە نازانین سنوورەكەیان كوێیەو نێوانەكەیان چییە، كە خوای پەروەردگار باسی كردوون، وە لە سوننەتی پێغەمبەریشدا ﷺ بەتایبەتی لە بەسەرهاتی شەوڕۆو بەرزبوونەوە (الإسراء والمعراج)دا پێغەمبەر ﷺ باسی حەوت

ئاسمانەکان دەکات، لە هەر ئاسمانێك کێی لێبووەو؟ چۆن بووە؟ کەواتە ئاسمان واتە: سەرەوە.

ئەدی زەوی چییە؟ زەوی ئەوەیە کە ئێمە لەسەری دەژین، ئنجا ئایا خڕۆکەی زەوی لەنێو ئاسماندا چییە؟ خڕۆکەی زەوی یەکێکە لە نۆ (٩) خڕۆکەی کۆمەڵەی خۆر کە بە ڕیزبەندیی بریتین لە: {عطّارد، زهرة، أرْض، مَرِيخ، مشتَري، زُحَل، يُورانوس، نبتون، بلوتو}، ئەوانە نۆ خڕۆکەن، کە بە دەوری خۆردا دەخولێنەوەو پێیان دەگوترێ کۆمەڵەی خۆر.

خۆر چییە؟ خۆر یەکێکە لە ئەستێرەکانی مەجەڕەی کاکێشان، کە ئێمە دەڵێین: کاکێشان عەرەب دەڵێن: (درب التَّبَّان) واتە: ڕێی کاکێشان، فارس دەڵێن: (ڕاهی شیری) واتە: ئەو ڕێیەی کە شیری پێدا هاتووە شیری لێ ڕژاوە، وە ئینگلیز دەڵێن (Milky way) واتە: ڕێی شیریی، کە ئەو کاکێشانە دەوری سەد ملیار ئەستێرەی تێدایە، یەکێك لە ئەستێرەکانی ئەو کاکێشانە ئەو خۆرەی ئێمەیە، کە نە ئەستێرەیەکی زۆر گەورەیە، نە زۆر گچکەیە، سەد ملیار ئەستێرەی وەك ئەو خۆرەی ئێمە لەو کاکێشانەدا هەیە، ئنجا ئایا چەند کاکێشان هەن لە ئاسماندا؟ تا ئێستا بەمەزەندە زانایان دەڵێن: دەوری سەد ملیار کاکێشان هەیە، یانی بە ژمارەی ئەستێرەکانی نێو مەجەڕەی کاکێشان کە سەد ملیارە، ئنجا ئایا دەبێ موڵکی خوا چەند فراوان بێ؟!!

وە هەندێك لەو کاکێشانانە هەن کە بە سەدان ملیۆن ساڵی تیشکیی تیشکەکەیان دەگاتە ئێرە، واتە: ئەو تیشکەی کە دەگاتە ئێمە، هی سەدان ملیۆن ساڵ لەمەوبەرە، کە تیشك لە چرکەیەکدا سێ سەد هەزار کیلۆمەتر دەبڕێ، ئنجا سێ سەد هەزار (٣٠٠٠٠٠) کیلۆمەتر لە چرکەیەکدا جاران (X)ی (٦٠) بکە بۆئەوەی خولەکت بۆ دەربچێ، پاشان ئەنجامەکەی جارانی (٦٠) بکە بۆئەوەی سەعاتت بۆ دەربچێ، ئنجا ئەنجامەکەی جارانی (٢٤) بکە بۆئەوەی ڕۆژو شەوت بۆ دەربچێ، پاشان ئەنجامەکەی جارانی (٣٦٥) بکە بۆئەوەی ساڵێکت بۆ دەربچێ، ئنجا ئەو ماوەیەی کە تیشك لە ساڵێکدا دەیبڕێ، پێی دەگوترێ: ساڵی تیشکی، کەچی هەندێك لە کاکێشانەکان بە سەد ملیۆن ساڵی تیشکیی، ئنجا

تیشكەكەیان دەگاتە ئێرە، كە بۆ زانیاریتان خۆر تیشكەكەی بە هەشت خولەك (دقیقة) دەگاتە ئێمەو، هی مانگ بە چركەیەكو یەك لەسەر سێی چركەیەك تیشكەكەی دەگاتە ئێمە، لە حاڵێكدا كە مانگ (قمر) سێ سەدو حەفتاو ئەوەندە هەزار كیلۆمەتر لە ئێمەوە دوورە، كەچی بە چركەیەكو، یەك لەسەر سێی چركەیەك تیشكەكەی دەگاتە ئێمە!

كەواتە: ئەم بوونەوەرە زۆر فراوانە، ئنجا وەنەبێ بوونەوەر بریتی بێ لە كۆی حەوت ئاسمانەكان، بەڵكو لەڕاستیدا هەرچی دەردەكەوێ لە كاكێشانەكانو لە ئەستێرەكانیان، هەمووی لە سنووری ئاسمانی یەكەم دایە، چونكە خوای پەروەردگار دوای ئەوەی باسی حەوت ئاسمانەكان دەكات، دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ ﴾ الملك، واتە: بە تەئكید نیزیكترین ئاسمانی لە ئێوەمان بە چرایان ڕازاندۆتەوە، كەواتە: هەرچی ئەستێرەیەو خڕۆكەیەو ئەوانەی كە بە دەوریاندا دەخولێنەوە، هەمووی لە سنووری ئاسمانی یەكەم دایە، ئنجا ئەوەش سنوورەكەی لە كوێ كۆتایی دێ؟ نازانین، ئنجا لە سەرووی ئەوەشەوە، شەش ئاسمانی دیكەو چیو چی دیكە هەن؟

كەواتە: ئەم بوونەوەرە كە ئێمە تێیدا دەژین زۆر فراوانە، ئنجا وەك گوتم زەویش بە قەبارە زۆر بچووكە، بەڵام بە پێگە زۆر زۆر گرنگو گەورەیە، چونكە تاكە شوێنێك كە ژیانی لەسەر هەبێ، ژیانی زیندەوەر، ئەم زەوییەی ئێمەیە، ئەوەی تا ئێستا زانیاری سەلماندوویەتی، هەر ئەوەیەو ژیانی مرۆڤ و جند تەنیا لەسەر ئەم زەوییەی ئێمەیە.

ئنجا هەر بەم بۆنەیەوە فەرموودەیەكی پێغەمبەر ﷺ هەیە، هەرچەندە سەنەدەكەی بەلای هەندێك لە زانایانەوە بەهێزە، كە زۆر جێی سەرنجە، پێغەمبەری خوا بۆمان باسی بوون (وجود) دەكات، كە ئەمە دەقی فەرموودەكەیە: ﴿عَنْ أَبِي هُرَيرَةَ رضي الله عنه قَالَ: «بَيْنَمَا نَبِيُّ اللهِ ﷺ جَالِسٌ وَأَصْحَابُه، إِذْ أَتَى عَلَيهِم سَحَابٌ، فَقَالَ نَبِيُّ اللهِ ﷺ: أَتَدْرُونَ مَا هَذِهِ؟ قَالُوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَم، قَالَ: هَذِهِ العَنَانُ، هَذِهِ رِوَايَا الأَرْض، يَسوقُها اللهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى إِلَى قَومٍ لا يَشْكُرُونَه، ولا

يَدْعُونَهُ، ثُمَّ قَالَ: هَلْ تَدْرُونَ مَا فَوقَكُمْ؟ قَالُوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَم، قَالَ: فَإِنَّهَا الرَّقِيعُ: سَقْفٌ مَحْفوظٌ، ومَوجٌ مَكْفُوفٌ، ثُمَّ قَالَ: هَلْ تَدْرُونَ مَا بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهَا؟ قَالُوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَم، قَالَ: بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهَا خَمْسُمِائَةِ عَامٍ، ثُمَّ قَالَ: هَلْ تَدْرُونَ مَا فَوقَ ذَلِكَ؟ قَالُوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَم، قَالَ: فَإِنَّ فَوْقَ ذَلِكَ سَمَاءَيْنِ، (بُعْدُ) مَا بَيْنَهُمَا خَمْسُمائَةِ سَنَةٍ، ثُمَّ قَالَ كَذَلِكَ، حَتَّى عَدَّ سَبْعَ سَمَوَاتٍ، مَا بَيْنَ كُلِّ سَمَاءَيْنِ مَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ، ثُمَّ قَالَ: هَلْ تَدْرُونَ مَا فَوقَ ذَلِكَ؟ قَالُوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَم، قَالَ: إِنَّ فَوْقَ ذَلِكَ الْعَرْشُ، وَبَيْنَهُ وَبَيْنَ السَّمَاءِ بُعْدُ مَا بَيْنَ السَّمَاءَيْنِ، ثُمَّ قَالَ: هَلْ تَدْرُونَ مَا الَّذِي تَحْتَكُمْ؟ قَالُوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَم، قَالَ: إِنَّهَا الأَرْضُ، ثُمَّ قَالَ: هَلْ تَدْرُونَ مَا تَحْتَ ذَلِكَ؟ قَالُوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَم، قَالَ: إِنَّ تَحْتَهَا أَرْضًا أخرى، بينهما مسيرة خَمْسُمِائَةِ سَنَةٍ، حَتَّى عَدَّ سَبْعَ أَرَضِينَ، بَيْنَ كُلِّ أَرْضَيْنِ مَسِيرَةُ خَمْسُمِائَةِ سَنَةٍ، ثُمَّ قَالَ: وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ! لَوْ أَنَّكُم دَلَّيتُم بِحَبْلٍ إِلَى الأَرْضِ السُّفْلَى، لَهَبَطَ عَلَى اللهِ، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ۝٣﴾ الحديد»[1].

واتە: ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێ دەگێڕێتەوە، دەڵێ: لە کاتێکدا کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵە (بەڕێزە)کانی دانیشتبوون، هەورێکیان بەسەردا هات، پێغەمبەری خوا فەرمووی: دەزانن ئەمە چییە؟ گوتیان: خواو پێغەمبەری خوا زاناترن (ئەوە ئەدەبێکی بەرزی هاوەڵان بووە، لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ کە شتێك زانیبیشیان نەیانگوتوە: فڵان شتەیە، گوتوویانە: خواو پێغەمبەری خوا زاناترن، دەنا دەیانتوانی بڵێن: ئەوە هەورە، زانیویانە هەورە، بەڵام گوتوویانە: نەوەك نهێنییەکی دیکەی لەژێردا هەبێ، با پێغەمبەری خوا، خۆی پێمان بڵێ) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەوە هەورە، وە ئەوانە ئاودێرکەری زەویین، (زەوی ئاودێر دەکەن)، خوای پایە بەرز بەردەوام ئەم هەورانە دەنێرێ بۆ کەسانێك کە نە سوپاسی دەکەن، نە لێشی دەپاڕێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتیان بۆ ئاودێر

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد بِرقم: (٨٨١٤)، وَالتِّرمِذِيُّ بِرقم: (٣٢٩٨)، وَقَالَ: غَرِيبٌ، والطبراني في "مسند الشاميين" برقم: (٢٦٦٥)، وضَعَّفَهُ كُلٌ مِنَ الألباني وشعيب الأرنؤوط وأيمن صالح شعبان.

دەكات، دوایی فەرمووی: دەزانن لە سەرووتانەوە چی هەیە؟ گوتیان: خواو پێغەمبەری خوا زاناترن، فەرمووی: ئەوە ئاسمانە لە سەرووتانەوە، سەربانێكی پارێزراوە، وە شەپۆلێكی كۆكراوەیە، (ئاوا پێناسەی ئاسمانی كرد)، دوایی فەرمووی: دەزانن لەنێوان ئێوەو ئاسماندا ماوەی چەندە؟ گوتیان: خواو پێغەمبەری خوا زاناترن، فەرمووی: لە نێوان ئێوەو ئاسماندا ڕێگای پێنج سەد ساڵە، دوایی فەرمووی: دەزانن لە سەرووی ئەو ئاسمانەوە (واتە: ئاسمانی یەكەم) چی هەیە؟ گوتیان: خواو پێغەمبەری خوا زاناترن، فەرمووی: لە دوای ئەویشەوە دوو ئاسمانی دیكە هەن، كە لە نێوانیاندا پێنج سەد ساڵ ڕێیە، هەتا حەوت ئاسمانی ژماردن، دوایی فەرمووی: لە نێوان هەر دوو ئاسماناندا وەك ماوەی نێوان ئاسمانو زەوی وایە، (واتە: هەموو پێنج سەد ساڵ، پێنج سەد ساڵ لەیەك دوورن)، دوایی فەرمووی: دەزانن لە سەرووی حەوت ئاسمانەكانەوە چی هەیە؟ گوتیان: خواو پێغەمبەری خوا زاناترن، فەرمووی لە سەرووی ئەوەوە، عەرش هەیە (بارەگای خوا هەیە)، وە لە نێوان عەرشو ئاسماندا، (واتە: ئاسمانی حەوتەم لەگەڵ عەرش) ماوەی نێوان دوو ئاسمانان هەیە، (واتە: پێنج سەد ساڵ) دوایی فەرمووی: دەزانن چی لە ژێرتانە؟ گوتیان: خواو پێغەمبەری خوا زاناترن، فەرمووی: خڕۆكەی زەوی، دوایی فەرمووی: دەزانن لەژێر خڕۆكەی زەوییەوە، زەوییەكی دیكە هەیە، پێنج سەد ساڵ ڕێ دوورە، لەم زەوییەی خۆمانەوە (واتە: بە باری خوارێ دا) هەتا حەوت زەوی ژماردن، لە نێوان هەردوو زەوییاندا پێنج سەد ساڵ ڕێیە، (واتە: بەرەو خوار) دوایی فەرمووی: سوێند بەو كەسەی كە گیانی موحەممەدی بەدەستە، ئەگەر پیاوێك بە پەتێك شۆڕ بكەنەوە بەرەو زەوی یەكەم، بەرەو زەوی خواری خوارێ، دەكەوێتە سەر خوای پەروەردگار! (واتە: ئەو پیاوە دەكەوێتە سەر خوای پەروەردگار) دوایی ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ٣﴾ الحدید، واتە: خوا یەكەمە، دواهەمینە، ئاشكرایە، پەنهانە، وە بە هەموو شتێك زانایە.

دیارە ئەم فەرموودەیە زۆر جێی سەرنجەو بە پێی ئەم فەرمایشتە ــ كە فەرمایشتی دیكەش هەن، بەڵام ئەم فەرمایشتە فەرمایشتێكی تاكە لەوبارەوە ــ وا دێتە بەرچاو، كە نوێترین زانست كە بەشەر پێی دەگات، سەبارەت بە تێڕوانین دەربارەی بوونەوەرو ئاسمانەكانو زەویو بوون: خوای پەروەدگار بە پێغەمبەری خوێ ﷺ گوتوە، بەڵام لە قەدەر عەقڵی خەڵكی ئەو ڕۆژگارە قسەی كردوە، یانی پێغەمبەر ﷺ كە دەفەرموێ: ئاسمانی یەكەم پێنج سەد ساڵ لێتانەوە دوورە، نەیفەرمووە پێنج سەد ساڵ بە چ پێوەرێك ؟ ئێمە باسمان كرد، كە هەندێك لە كەهكەشانەكان چەند ملیۆن ساڵ، ساڵی تیشكیی لە یەكدی دوورن، ئایا ئەو پێوەرەی كە پێغەمبەر ﷺ مەبەستی بووە، ساڵی تیشكییە، ساڵێكی دیكەیە، یان شتێكی دیكەیە كە لە تیشك خێراترە، یان مەبەستی پێی چی بووە؟ وە ئایا (پێنجسەد)ەكە، مەرجە تەنیا پێنج سەد (٥٠٠) بێ، دەگونجێ مەبەستی پێ ژمارەیەكی زۆر بێ، واتە: مەسافەیەكی زۆر دوور؟ وا پێدەچێ مەبەستی ئەوەی دووەمیان بێ، بەڵام پێغەمبەر ﷺ لەقەدەر عەقڵی خەڵك قسەی كردوە، كە فەرموویەتی: لە نێوان هەردوو ئاسمانانداو، پێنج سەد ساڵ ڕێیە، واتە: ماوەیەكی زۆر زۆر هەیە، ئەو كاتە ژمارەی پێنج سەد (٥٠٠) ژمارەیەكی زۆر بووە، وەك لە قورئاندا خوای پەروەردگار ژمارەی حەفتای (٧٠)ی بەكارهێناوە، بۆ وێنە: دەفەرموێ: ﴿إِن تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ سَبۡعِينَ مَرَّةٗ فَلَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَهُمۡ ٨٠﴾ التوبة، واتە: ئەگەر حەفتا جار داوای لێبوردنیان بۆ لە خوا بكەی، خوا لێیان خۆش نابێ، ئایا ئەگەر بیكاتە حەفتاو یەك جار، خوا لێیان خۆش دەبێ؟ نەخێر، ئەدی بۆچی دەفەرموێ: حەفتا؟ یانی هەرچەندە زۆر بۆیان لە خوا داوای لێبوردن بكەی، خوا لێیان خۆش نابێ، بۆ نموونە: جاری وایە تۆ چوار جار، چووی بۆ لای كەسێك دەڵێی: هەزار جار هاتم بۆ لات، تۆ هەر نەهاتی، دیارە هەزار جار نەچووی، چوار، پێنج جار چوویو قسەكەت بەس بۆ زێدەڕۆیی (مُبَالَغَة)یە.

بەهەر حاڵ، ئەوەی كە دەمەوێ سەرەنجتانی بۆ ڕابكێشم ئەوەیە، كە لێرەدا پێغەمبەر ﷺ شتێك دەفەرموێ، ئەویش ئەوەیە كە لە سەرووی حەوت

ئاسمانەکانەوە، عەرشە، وە عەرشیش ئەوەندە دوورە لە ئاسمانەکانەوە، کە ئێمە نازانین ئەوە ماوەیە بە چ پێوەرێکە، وە وا پێدەچێ زیاتر مەبەست ئەوەبێ کە زۆر دوورە، عەرشیش زۆر لە ئاسمانی حەوتەمەوە دوورە، بە باری سەرێ دا، هەروەك چۆن ئاسمانی یەکەم زۆر لە ئێمە دوورە، ئەو پێنج سەد ساڵەش بۆ ئەوەیە کە تۆ بزانی زۆر زۆر دوورە، چونکە دیاریی نەکردوە، ئەو پێنج سەد ساڵە بە ڕۆیشتنی کەروبارە، بە ڕاکردنە، بە ڕۆشتنی باڵندەیە، بە خێرایی دەنگە، بە خێرایی تیشکە، بە خێرایی شتێکی دیکەیە لە تیشك خێراتر؟ دیاریی نەکردوە ئێمەش لەخۆمانەوە ناتوانین دیاری بکەین.

کەواتە: ئەم بوونەوەرە، پێغەمبەر ﷺ بە هاوەڵانی بەرێزی و بە ئوممەتیشی فەرمووە، کە زۆر زۆر فراوانە، واتە: ئەوەی کە کاتی خۆی بیردۆزەی (بطلیموس) کە گوتوویەتی: زەوی وەك سینییەك وایە لەسەر ئاوێ، ئاسمانیش گومبەزێکە بەسەری دادراوە، ئەستێرەکانیش گلۆپن و تێی چەقێنراون، مانگ و ڕۆژیش لە شوێنی خۆیان وەستاون، پێغەمبەری خوا ﷺ بە پێی ئەو فەرمایشتە، ئەوەی بەدرۆ خستۆتەوە، کە وانیەو، ئەو ئاسمانانە زۆر زۆر دوورن، وە ڕاست نیە ئاسمان گومبەز بێ بەسەر زەوی دا دربێ، بەڵکو پێنج سەد (٥٠٠) ساڵ لە زەوی دوورە، واتە: زۆر زۆر دوورە، ئنجا حەوت ئاسمان لەسەر یەکن، لە نێوان هەر دوو ئاسمانان دا مەسافەیەکی زۆر زۆر هەیە، ئاسمانەکانیش لەگەڵ عەرش زۆر زۆر لێك دوورن، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ شتێکی دیکەی باسکردوە، دەفەرموێ: لە خوار ئەو زەوییەی ئێمەوە زەوییەکی دیکە هەیەو، ئەم زەوییە لەگەڵ ئەو زەوییەی خوارێ، پێنج سەد ساڵ ڕێ لێك دوورن، دوایی زەوییەکی دیکە، دوایی زەوییەکی دیکە، تا حەوت زەوی، وە ئنجا ئاماژەی بە شتێکی سەرنجڕاکێش کردوە، دەفەرموێ: ئەگەر پیاوێك بە حەبلێك بەردەنەوە بۆ زەوی یەکەم، دەکەوێتە سەر خوای بێ وێنە! لێرەدا مەبەستی پێغەمبەری خوا ئەوەیە کە تێمان بگەیەنێ ئەم زەوییەی ئێمە هەر چوار دەوری ئاسمانە، ئێستا سەرەوەی زەوی لە کوێ دەردەکەوێتەوە؟ لە بن پێی ئەمریکییەکان دەردەکەوێ، یاخود لە بن پێی ئوسترالییەکان، چونکە زەوی ئاوایە، بە بەرگێکی دەریایی دەور دراوە، دوایی بە دەورێکی هەواییش دەور دراوە، وە لە فەزادا دەخولێتەوە بە دەوری

خۆیو بە دەوری خۆردا، واتە: تۆ ئەگەر پەتێك بەردەیەوە لەولاش لە ئاسمانەوە دەردەچیو لە فەزاوە دەردەچی! پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستی پێ ئەوە بووە، بەڵام بۆیە لەجیاتی ئاسمان وشەی (خوا)ی بەکارهێناوە، چونکە خوای بەرزو مەزن (تبارك وتعالى) لە سەرووی دروستکراوەکانی خۆیەوە.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَ ﴾، وشەی (جَعَل) چەند واتایەکی هەن، وەك: دروستی کرد، هێنایە دی، گۆڕی، کەواتە: ﴿ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَ ﴾، واتە: دروستی کردوون، یاخود تاریکییەکانو ڕووناکیی لە شتەکانی دیکە پەیدا کردوون، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجًا...﴿٧٢﴾ ﴾ النحل، واتە: وە خوا لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون، بەڵام بە نسبەت کافرەکانەوە، دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمۡ عِبَٰدُ ٱلرَّحۡمَٰنِ إِنَٰثًا...﴿١٩﴾ ﴾ الزخرف، واتە: ئەو فریشتانەی کە بەندەی خوای بە بەزەیین، کردیانن بە مێینە، واتە: لە عەقڵی خۆیان دا گۆڕیانن.

وە مەبەست لە (الظلمات) هەر ئەو تاریکاییانەن کە دەیانبینین، بەڵام ڕووناکیی ئەو شتەیە، کە شتەکانی پێ دەبینی، وە تاریکیی ئەوەیە کە شتەکان نابینی، خوای پەروەردگار تاریکییەکانی بە کۆ هێناوە، فەرموویەتی: (ظلمات)، لەبەرئەوەی تاریکییەکان جۆراو جۆرن، بەڵام (نور)ی بە تاك هێناوە، دەشگونجێ مەبەست لە (ظلمات) گومڕاییو سەرگەردانییەکان بن، گوناهەکان بن، وە مەبەست لە (نور) هەق بێ، کە هەق یەکێکە، بەڵام ناهەق زۆرە (٢ + ٢= ٤)، ئەنجامی ڕاست هەر (٤)ە، بەڵام (٥)و (٣)و (٦) هەر هەموویان هەڵەن، هەر ژمارەیەکی دیکە بڵێی، جگە لە (٤) هەڵەیە، کەواتە: هەڵە زۆرنو جۆراو جۆرن، بەڵام هەق یەکێکە، هەڵبەتە، هیچ تێکگیرانیش نیە کە بڵێین: مەبەست لە (ظلمات) و (نور) تاریکییەکانو ڕووناکییەکان، هەم تاریکییو ڕووناکیی ماددییو بەرهەستن، هەم هی مەعنەویین، واتە: مەبەست پێیان هەقو ناهەقە.

وە كە دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ﴾، ئەوە دوو واتای هەن:

١/ ئەگەر بڵێی ﴿ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ﴾ ڕاوەستی‌و دوایی بڵێی: ﴿يَعۡدِلُونَ﴾، واتە: ئەوانەی كوفریان بە پەروەردگاریان كردوە، لادەدەن، واتە: لادەدەن بەرەو ناهەق، ئەوە مانایەكی.

٢/ دەشگونجێ بڵێین: ﴿ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ﴾، واتە: ئەوانەی بێبڕوان، یەكسان دەكەن لەگەڵ پەروەردگاریان دا، واتە: دروستكراوەكان لەگەڵ خوادا یەكسان دەكەن لە پەرستراندا.

ئنجا ئەوانەی شارەزای زمانی عەرەبیین، دەڵێن: ئەو (ب)ی دەچێتە سەر ﴿بِرَبِّهِمۡ﴾، ئەگەر پەیوەست (متعلق) بێ بە ﴿يَعۡدِلُونَ﴾ەوە، ئەو كاتە ئاوای لێ دێ: ﴿ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ﴾، واتە: یەكسان دەكەن بە پەروەردگاریان، وە دەشگونجێ (ب) پەیوەست (متعلق) بێ بە (كفروا)ەوە، واتە: ئەوانەی كە كوفر بە پەروەردگاریان دەكەن، لادەدەن، كەواتە: وشەی (يَعْدِلُون) یان بە مانای (يُسَوُّون) یەكسان دەكەن، دێ، یان بە مانای (يَنْحَرِفُون) لادەدەن، دێ.

ئنجا كە دەفەرموێ:

خوا ئاسمانەكان‌و زەوی دروستكردوون‌و تاریكاییەكان‌و ڕووناكیی داناون، پاشان دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾، ئنجا دوای ئەوەش ئەوانەی كە بێبڕوان بە پەروەردگاریان، لادەدەن، یاخود هاوبەشی بۆ دادەنێن‌و دروستكراوەكان لەگەڵ خوادا یەكسان دەكەن، بۆیە وایفەرمووە، چونكە: وشەی (ثُمَّ لِلتَّرْتِيبِ مَعَ التَّرَاخِي)، واتە: (ثم) بۆ ڕیزبەندییە، بەڵام كە ماوەی پێ بچێ، وەك بڵێی دوور بكەوێتەوە، بۆ وێنە: دەڵێی: (جَاءَ مُحَمَّد ثُمَّ أَحْمَد) واتە: موحەممەد هات، دوایی ماوەیەكی پێچوو، ئنجا ئەحمەد هات، بەڵام ئەگەر گوتت: (جَاءَ مُحَمَّد

فَأَحْمَد)، واتە: موحەممەد هاتو یەكسەر ئەحمەدیش بە دوای دا هات، ئنجا لێرەدا بۆیە (ثم) بەكارهێنراوە، چونكە لە عەقڵی ئینسانەوە دوورە دوای بەدیهێنەرایەتی خوا بۆ بوون، لە پەرستنی وی لابدرێ.

مەسەلەی دووەم: كە دەفەرمویێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن طِينٍ ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلًاۖ وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُۥۖ ثُمَّ أَنتُمۡ تَمۡتَرُونَ ﴾: سێ هەڵوەستە لەبەردەم ئەم ئایەتە موبارەكەدا دەكەین:

هەڵوەستەی یەكەم: كە دەفەرموێ: ﴿ خَلَقَكُم مِّن طِينٍ ﴾، ئاماژەیە بەوە كە: ئەی بەشەر! خوا ئێوەی لە قوڕێ دروست كردوە، كە هەركامێك لە ئێمە ئەگەر شوێنێكی بە قوڕ بێ، زوو دەچێ بیشواتەوە، كەچی خوای زاناو توانا دەفەرموێ: ئێوەمان لە قوڕ دروستكردوە، خۆتان لێ نەگۆڕێ! ئەو كەرەستەیەی جەستەی ئێوەی لێ پێكهاتوە، شتێكی زۆر نا بەرچاوە، ئەگەر پریشكە قوڕێكتان پێوە بنووسێ، زوو لە خۆتانی دەكەنەوە، ئێوە لەو قوڕە دروست بوون، بۆیە خۆتان لێ نەگۆڕێو لەخۆبایی مەبن، ئینسان بە جەستەكەی گەورە نەبووە، جەستەكەی لە قوڕ دروست بووە، وەك هەر دروستكراوێكی دیكەی ئەم زەوییە، بەڵكو ئینسان بە رووحەكەی گەورە دەبێ، رووحەكە لە خواوەیە، وە رووحیش بە چی پاك دەبێ؟ بە ئیمانو تەقواو بە پەیوەندیی لەگەڵ خوای پەروەردگاردا.

كەواتە: ئەو شتانەی كە پەیوەندییان بە جەستەتانەوە هەیە، قەدو قیافەو، جوانییو سەروەتو سامانو، خواردنو خواردنەوەو، جلو بەرگو، كۆشكو تەلارو... هتد، هەمووی پەیوەندیی بە بەدەنەوە هەیە، خۆتانی پێ هەڵمەكێشن، بەڵكو ئەوەی پەیوەندیی بە رووحتانەوە هەیە: ئیمانو تەقواو، یادی خواو، چاكەو طاعەتو سیفەتی بەرز، بەوە دڵخۆش بن.

(طين): یانی قوڕ، قوڕ لە چی دروست دەبێ؟ (تراب + ماء) واتە: گڵ لەگەڵ ئاو كۆدەبێتەوە، قوڕی لێ پێكدێ، دیارە شتێكی ئاشكرایە كە ئینسان جەستەكەی لەم خاكە دروست بووە، بەلام پێغەمبەر ﷺ بۆ زیاتر هۆشیاركردنەوەی ئێمە

دەفەرموێ: ﴿النَّاسُ بَنُو آدَمَ وَآدَمُ مِنْ تُرَابٍ﴾[1]، واتە: خەڵك ڕۆڵەی ئادەمن، ئادەمیش لە گڵە.

ئنجا ئایا كە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿خَلَقَكُم مِّن طِينٍ﴾: مەبەستی لە: لە قوڕ دروستكرانی ئێمە چییە؟ ئەوە دوو مەبەست دەگەیەنێ:

یەكەم: باپیرە گەورەی ئێوە كە ئادەمە عليه السلام ڕاستەوخۆ لە قوڕ دروست بووە، ئەوە دیارە چونكە خوای پەروەردگار لە چەندان ئایەتدا، وە پێغەمبەریش ﷺ لە چەندان فەرمایشتدا، باسیان فەرمووە، كە باپیرە گەورەی ئێوە یەكسەر لە قوڕ دروست بووەو، ئێوەش ڕۆڵەی ئەون، كەواتە: ئێوەش لە قوڕ دروست بوون.

دووەم: یاخود ئێوە ڕاستەوخۆ لە قوڕێ نەهاتوونە دەر، بەڵكو ناڕاستەوخۆ لە قوڕ دروست بوون، چۆن؟ جارێ ئەو (نُطْفَة)یەی كە ئێمەی لێ دروست دەبین، (نُطْفَة)كە لە چی دروست دەبێ؟ لە خوێن دروست دەبێ، خوێن لە چی دروست دەبێ؟ لە خواردنی هەزمكراو، خواردنی هەزمكراو لە چی دروست دەبێ؟ لەو شتانەی كە دەیانخۆین، ئەو شتانەی كە دەیانخۆین چییین؟ یان ڕووەكە، یان ئاژەڵە، یان ئاوە، وەك: گەنمو جۆو نیسكو نۆكو ماشو سەوزەو میوەو گۆشتو ئاو، كە هەموویان لە زەوی پەیدا دەبن، یانی: (نُطْفَة)ە كەش هەر لەو شتانە كە لە زەوی پەیدا دەبن، دروست بووە، بۆیەش خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِىٓ أَحۡسَنَ كُلَّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥۖ وَبَدَأَ خَلۡقَ ٱلۡإِنسَٰنِ مِن طِينٖ ۝٧﴾السجدة، واتە: خوا ئەو كەسەیە كە هەموو شتەكانی بە چاكترین شێوە دروست كردوە، وە دروستكردنی ئینسانی لە قوڕێوە دەست پێكردوە، واتە: ئادەم عليه السلام ﴿ثُمَّ جَعَلَ نَسۡلَهُۥ مِن سُلَٰلَةٖ مِّن مَّآءٖ مَّهِينٖ﴾، دوایی وەچەكەی لە خولاصەیەك لە ئاوێكی كەم بایەخ، یان ئاوێكی قێزەون، وەدیهێناوە، كە مەبەست پێی تۆوی پیاوو هێلكۆڵەی ئافرەتە.

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد بِرقم: (١٠٧٩١)، وَأَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٥١١٦)، وَالبَيْهَقِيُّ بِرقم: (٢٠٨٥١)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٩٥٦) وَاللَّفظُ لَهُ، وَحَسَّنَهُ كُل من الألباني وشعيب الأرنؤوط.

هەروەهـــا لـــە ســـوورەتی (الـمؤمنون)دا خـــوا دەفــەرموێ: ﴿ وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٖ مِّن طِينٖ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلۡنَٰهُ نُطۡفَةٗ فِي قَرَارٖ مَّكِينٖ ﴿١٣﴾ ﴾، واتـــە: وە بێگومان ئینسـانمان لە خولاصەیەك لە قوڕ دروست كردوە، دوایی كردوومانە بـە نوتفـە لـە شـوێنێكی سەقامگیردا، كـە مەبەست پێی منداڵدانی دایكە، ئنجا دەگونجێ مەبەســت لـە (مِن سُلَٰلَةٖ مِّن طِينٖ) ئـادەم عليه السلام بـێ، كـە ئـادەم عليه السلام لـە قوڕی زەوی وەرگیراوە، دەشگونجێ مەبەست پێی هەر ئەو قۆناغـەی پێش بوونە نوتفەی ئینسان بێ، كە ئـاوی پیـاوو هێلكۆڵـەی ئـافرەت (حيمن الرجل و بويضة المرأة) پێكـەوە ئاوێتـە دەبـن و كۆدەبنـەوە، ئنجا بەرهەردووكیـان نوتفـە پێكدێنـن، واتە: حەیوانی مەنەویی، یـانی: زینـدەوەرێكی دیكە پێكدێنـن، كـە پێی دەگـوترێ: (نطفة)، ئنجا ئـەو نوتفەیـە دوایـی گەشـە دەكـاتو دەبێتـە (مضغة)و قۆناغەكانی دیكە دەبڕێو، دەبێتـە كۆرپەلـەو لەدایك دەبـێ.

كەواتـە: ئـەی بەشـەر! ئێـوە لـەوە دروست بـوون، سُبْحَانَ اللّه ! بەشـەر زۆر بـێ ئاگـایە! زۆرجـار ئینسـان لـە بـیری دەچێتـەوە لـە كوێـوە هـاتوە؟ لـە چییـەوە دروسـت بـووە؟ لـە شـتێك دروست بـووی كـە بـە زەرەبـین نـەبێ نـابینرێ؟ چـونكە هەندێك خەڵكی عـەوام وادەزانـێ: ئـاوی پیـاوو ئافـرەت هەمووی تێكـەڵ دەبـێو ئنجا دەبێتـە كۆرپـەڵـە ! نـا، زینـدەوەرێكی زۆر بچـووك لـە ئـاوی پیـاودا لەگـەڵ زیندەوەرێكی زۆر بچووك لە ئـاوی ئافرەتدا، كـە هیچیان بـە چـاو نابینرێـن، یـەك دەگـرن، كـە دوای یەكگرتنیشیان هەر بە چـاو نـابینرێن، ئنجا ئەوەیـە دوایـی وردە وردە لەنێو منداڵدانی ئـافرەت دا گەشـە دەكـاتو گـەورە دەبـێو دەبێتـە كۆرپەڵەو، دەبێتــە ئەو ئینســانەی كە دوایــی دەبێتــە پیاوێكی پـڕ بـە كراســیو زۆرجـاران خــوا بە هـەق ناناسـی!!

هەڵوەســـتەی دووەم: كـە دەفــەرموێ: ﴿ ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلٗاۖ وَأَجَلٞ مُّسَمًّى عِندَهُۥۖ ثُمَّ أَنتُمۡ تَمۡتَرُونَ ﴾، واتـە: دوایـی خـــوا كـاتێكی دیاریكـــرد، وە كـاتێكی نـاوبراویش لـەلای خۆیــەتی.

كاتێكی دیاری كرد: یانی: بۆ هەر كامێكتان ماوەیەك ژیانی دیاریی كردوە.

﴿ وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُ ﴾، وە كاتێكی ناوبراویش لەلای خۆیەتی، ئەو كاتە ناوبراوە، مەبەست پێی كۆتایی هاتنی ژیانی بەشەرە لەسەر زەوی، هەموو لایەك: كافرو مسوڵمان، ئێستا لەسەر ئەوە یەك دەنگن كە ڕۆژێك دێ ئەم سەرزەوییەی ئێمە نامێنێ، ئەم كۆمەڵەی خۆرە، نامێنێ، ڕۆژێك دێ تیشكی خۆر كۆتایی دێ، كە ڕۆژانە بە ملیۆنان تەن تیشكی ڕۆژ سەرف دەبێ‌و هەمووی تەقینەوەی نێوكییە، كاتێك دێ كۆتایی پێ بێ.

هەندێكیش دەڵێن: مەبەست لە ئەجەلی یەكەم ئەوەیە كە خوای كاربەجێ داینـاوە هەر بەشەرێك بە شێوەی ئاسایی‌و سروشتی ئەوەندە بژیەت، بۆ وێنە: حەفتا ساڵ، هەشتا ساڵ، نەوەد ساڵ، سەد ساڵ، ﴿ وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُ ﴾، بەلام خوا لە زانیاریی بێسنووری خۆیدا، زانیویەتی فلان كەسە، ژیانە سروشتییەكەی خۆی بەڕێ ناكات، سەیارە لێی دەدات، تووشی نەخۆشییەكی كتوپڕ دێ، نەفەرێك دەیكوژێ، شتێكی بۆ ڕێكدەكەوێ‌و ژیانەكەی كۆتایی دێ.

بەلام من مانای یەكەمم پێ ڕاسترە، كە مەبەست لە ئەجەلی یەكەم ﴿ ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلًا ﴾،واتە: بۆ هەر كامێكتان ئەجەلێكی داناوە: (قَضَى لِكلّ مِنْكُمْ أَجَلاً) ﴿ وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُ ﴾، كاتی دیاریكراوی كۆتایی هاتنی ژیانی هەموو مرۆڤەكان لەسەر زەوی، لەلای خۆیەتی، یانی بەس خوا دەیزانێ.

<u>هەڵوەستەی سێیەم</u>: كە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ أَنتُمْ تَمْتَرُونَ ﴾، یانی: دوای ئەوەش كە خوا ﷻ ئاوای دروست كردوونو، بەو شێوە هێناونی‌و، كە نە ژیانتان بەدەست خۆتانەو، نە هاتنتانو نە كۆتایی ژیانتان، هیچی بەدەست خۆتان نیە، كەچی ئێوە دەكەونە گومانیشەوە؟! كە مەبەست پێی كافرەكانە، (ثُمَّ لِلتَّرْتِيبِ مَعَ التَّرَاخِي) ە، واتە: (ثم) بۆ ڕیزبەندییە، بەلام كە ماوەی پێ بچێ، یانی دوای ئەوەش ئەوجار دەكەونە گومانەوە! شتێكی زۆر بێجێیە، بكەویە گومان لەوەدا

كە خـوا نەتوانـێ زینـدووت بكـاتەوە! لـەوەدا كـە خوایـەكی بـەرزو گـەورە كـە ئـەو كـەونو كـائینـاتو ئـەو بـازاڕەی ساز كـردوە، كەچـی تـۆ گومانـت هەبـێ بتوانـێ زیندووت بكاتەوە، تۆ نەبووی‌و تـۆی هێنـاوەتە دی، ئایـا ئێسـتا كە گەردیلـەكانی بـوونی تـۆ بەزەویـدا بلاّو دەبنـەوە، ناتوانـێ كۆیـان بكاتـەوە؟! هـەموو خـاوەن صـەنعاتێك دوای ئەوەی صـەنعاتەكەی تێكدەچـێ، یان دەشكێ، دەتوانـێ دروسـتی بكـاتەوە، وەك دەفـەرموێ: ﴿ كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥ ﴿١٠٤﴾ ﴾ الأنبيـاء، واتـە: وەك چـۆن یەكەمجـار دروسـتمان كردوە، دەیگێڕینەوە.

مەسـەلەی سـێیەم: كـە دەفـەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱللَّهُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَفِى ٱلْأَرْضِ يَعْلَمُ سِرَّكُمْ وَجَهْرَكُمْ وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبُونَ ﴾، وە ئـەو خوایـە لـە ئاسـمانەكانو لـە زەویـدا، نهێنیـیو ئاشـكراتان دەزانـێو، دەزانـێ چـی دەكـەن، ئەمـە دوو واتـای هـەن، وەك توێژەرەوانی قورئـان گوتوویـانە:

١) كە دەفـەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱللَّهُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَفِى ٱلْأَرْضِ ﴾، واتـە: (وَهُوَ اللهُ العَظِيم مُـدَبّرٌ مَعْبُـودٌ فِـي السَّـمَاوَاتِ وَفِـي الأَرْض) ئـەو خوایـە مەزنـەی كـە كارسـازو كارهەڵسـوڕێنەرە لـە ئاسمانـەكانو لـە زەویـدا، واتـە: هـەر ئـەو بەدیهێنـەرو پەروەردگـارو خاوەنو كارسـازە.

٢) یاخود كە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱللَّهُ ﴾، (اللە): هەنـدێك لـە زانایـان دەڵێن: (إِلَـه)ەو، (ال)ی چـۆتە سـەری، یـانی: (إِلَـه الحَـقّ) واتـە: هـەر خـوا پەرسـتراوی هەقـە لـە ئاسمانـەكانو زەویـدا، كەواتـە: وەك چـۆن لـە ئاسـمانان دا، فریشـتە تـەنیا خـوا دەپەرسـتن، ئێـوەش ئـەی خەڵـكی سـەر زەوی! لەسـەر زەوی تـەنیا خـوا بپەرسـتن، مەچن هەندێك لە دروستكراوەكان بكەنە هاوبەشی خوا لە پەرستراندا، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتەی سوورەتی (الزخـرف)ە كـە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى فِى ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ وَفِى ٱلْأَرْضِ إِلَٰهٌ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٨٤﴾ ﴾، واتە: هەر ئـەوە كـە لـە ئاسمان پەرستراوە، وە لەسەر زەویش هەر ئەو پەرستراوە، وە ئەو كاربەجێی زانایـە.

ئنجا من لێرەوە دەمەوێ شتێکتان بۆ ڕوون بکەمەوە، زۆر کەس بەتایبەتی ئەوانەی مەشرەب سەلەفیین لە شتێکدا بەهەڵەدا چوون، کە دەڵێن: خوا لە ئاسمانە، هێندێکیان زۆر بە سادەیی تەماشای ئەو تەعبیرە دەکەن، پێیانوایە خوا لە ئاسمانێیەو لەسەر کورسییەك دانیشتووە ... هتد!

ئێمە دەڵێین: خوا لەسەر عەرشی خۆیەتی، بەڵام بە تەئکید کاتێك بووە کە نە عەرش بووەو، نە ئاسمان بووەو نە زەوی بووە، خوا پێویستی بە غەیری خۆی نیە، نە پێویستی بە عەرشەو نە بە کورسییەو نە بە ئاسمانە، ئەو کاتە خوا چۆن بوو، ئێستاش هەر وایە، ئەدی لەسەر عەرش بوونی خوای پەروەردگار چۆنە؟ ئێمە دەڵێین: کە دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۚ ﴿٤﴾﴾ الحديد، دوایی خوا چووە سەر عەرش، یان بەرز بۆوە بۆ سەر عەرش، ئەوە بە پێی زمانی عەرەبی ماناکەی دیارە، بەڵام بۆ خوای بێوێنە دەبێ بڵێین: وەك بۆ خوا شایستەیەو ئێمە نازانین، ئێمە کە دەڵێین: دیتنی خوا، دیتنی ئێمە بە چاوە، بەڵام ئایا دیتنی خوا بە چاوە؟ نەخێر، بیستنی ئێمە بە گوێیە، ئایا خوای پەروەردگار بە گوێ دەبیستێ؟ نەخێر، هەروەها ئێمە بە پێ دەڕۆین و بە دەست شت دەکەین و، بە زمان قسان دەکەین، بەڵام سیفەتەکانی خوای پەروەردگار پەیوەندییان بە ئەندامانەوە نیە.

کەواتە: خوا کە دەفەرموێ: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ ﴿١١﴾﴾ الشورى، واتە: هیچ شتێك وەك خوا نیە، لەسەر عەرش بوونی خوای بەرز تایبەتە بە خواوە ﷻ، هەروەك چۆن سیفەتەکانی دیکەی وەك هی دروستکراوەکان نین، لەسەر عەرش بوونی خواو، لە ئاسمان بوونی خواش، ئەویش تایبەتە بە خوای پەروەردگارەوە، وەك بۆ خوا شایستەیە، نەك وەك و دێتە زەینی ئێمەوە، مەخلووقێك دێتە سەر کورسی، یان لەنێو مەخلووقێکدا دەبێ، ئەوە هەمووی نەگونجاوە بۆ خوای پەروەردگار، بۆیە کە دەڵێین: خوا لە ئاسمانە، یان کە دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي فِي ٱلسَّمَآءِ﴾، ئەوەی کە لە ئاسمانە، دیارە مەبەست پێی خوایە، بەڵام ئایا ئاسمان مەبەست پێی چییە؟ یانی ئەوەی کە لە سەرووتانەوەیەو لە سەرووی

دروستكراوەكانەوەیە، بۆیە زانایان گوتوویانە: (اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالى مُسْتَوٍ عَلَى عَرْشِهِ بَائِنٌ عَنْ خَلْقِهِ)، خوا لەسەر عەرشی خۆیەتی لە دەرەوەی دروستكراوەكانی خۆیەتی، بەو شێوەی كە بۆ خوا شایستەیە.

كەواتە: نەیەتە زیهنتانەوە بڵێن: خوای پەروەردگار لەنێو ئاسمانێ دایە ! چونكە خوا ﷻ وەك هیچ كام لەو شتانە نیە كە دێتە زیهنو خەیاڵی ئێمەوە، وەك زانایان گوتوویانە: (وَكُلُّ مَا جَرَى بِبَالِكَ، فَاللّٰهُ بِخِلَافِ ذَلِكَ) هەرچی بە دڵتدا دێ، بە خەیاڵتدا دێ، خوای پەروەردگار ئەوە نیە، چونكە خوای بێ وێنە، بۆخۆی وا خۆی پێناسە كردووە دەفەرمووێ: ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَيْءٌ ۖ ﴿١١﴾ ﴾ الشورى، واتە: هیچ شتێك وەك خوا نیە، وە خوا وەك هیچ شتێك نیە، نە لە زاتی دا، نە لە سیفەتەكانی دا، ئنجا كە دەفەرمووێ: خوا لە زەوییە، واتە: دەبێ لە زەویدا هەر تەنیا خوا بپەرسترێ، یان حوكمی خوا لە زەوییە، سیفەتەكانی خوا بەسەر خەڵكی سەر زەویشدا زاڵن.

مەسەلەی چوارەم: كە دەفەرمووێ: ﴿ وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ مِّنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُواْ عَنْهَا مُعْرِضِينَ ﴾، وە هیچ كام لە ئایەتەكانی پەروەردگاریان بۆ نایەتو هیچ نیشانەیەك لە نیشانەكانی پەروەردگاریان بۆ نایەت، مەگەر هەر پشتی تێدەكەن، لێرەدا كە دەفەرمووێ: ﴿ وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ ﴾، هیچ نیشانەیەكیان بۆ نایەت، ﴿ مِّنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُواْ عَنْهَا مُعْرِضِينَ ﴾، لە نیشانەكانی پەروەردگاریان، مەگەر هەر پشتی تێدەكەن، واتە: كافرەكان هەر جۆرە بەڵگەو نیشانەیەكیان بۆ بێ هەر پشتی تێدەكەن، وەك بڵێی: بڕیاریان داوە، سەرنجی ئایەتەكانی خوا نەدەن، بڕیاریان داوە نەیانەوێ خوا بناسنو نەیانەوێ خوا بپەرستن، خوا دەناسن كە خاوەنی كەونو كائیناتە، بەڵام نایانەوێ خوا بناسن، وەك پەرستراو، وەك پەروەردگار، وەك تاكە خاوەن، كە دەبێ هەر بەندایەتیی بۆ ئەو بكەن.

هەڵبەتە وشەی (آية) لە قورئاندا زۆر هاتووە چەند واتایەكی هەن:

١/ لە ئەسڵدا (آيـة) بە مانای نیشانە (العلامة) دێ، چونکە زەکەریا دوای ئەوەی کە خوا ﷻ موژدەی پێدا، کە کوڕیان دەبێ، گوتی: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّيٓ ءَايَةٗۚ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَ لَيَالٖ سَوِيّٗا ١٠ ﴾مريم، واتە: خوایە ! نیشانەیەکم پێبدە، (خوا) فەرمووی: نیشانەکەت ئەوەیە کە هەتا سێ شەوان نەتوانی قسان بکەی (زارت بگیرێ)، بۆیە دوایی کە قەومەکەی قسەیان لەگەڵ کرد، ئاماژەی بۆ کردن، چونکە زمانی گیرا بوو، کە ئەوە نیشانەی ئەوە بوو، یەحیا بۆتە نوتفەو لە زگی دایکی دایە.

٢/ وە بە مانای (معجـزة)ش هاتوە، موعجیزە واتە: نیشانەیەك کە پێغەمبەرێك ﷺ بیکاتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوایە.

٣/ وە بە مانای دیاردەو دیمەنە سروشتییەکانیش هاتوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَكَأَيِّن مِّنْ ءَايَةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ ١٠٥ ﴾ یوسف، واتە: زۆر نیشانە هەن لە ئاسمانەکانو زەویدا بە لایاندا تێدەپەڕن، بەڵام پشتیان تێدەکەن.

٤/ هەروەها بە مانای ڕستەکانی قورئانیش هاتوە، ئایەتەکانی قورئان، واتە: ڕستەکان کە قورئانیان لێ پێکدێ.

٥/ وە بە مانای ڕووداوی سەیریش هاتوە، وەك شەق بوونی مانگ لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ، کافرەکان داوای موعجیزەیەکیان لە پێغەمبەری خوا کرد، گوتیان: مانگمان بۆ شەق بکە، ئاماژەی بۆ کرد، مانگ لەت بوو، لە سووڕەتی (القمر)دا دەفەرموێ: ﴿ ٱقْتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلْقَمَرُ ١ وَإِن يَرَوْاْ ءَايَةٗ يُعْرِضُواْ وَيَقُولُواْ سِحْرٞ مُّسْتَمِرّٞ ٢ ﴾، واتە: قیامەت نزیك بۆوەو مانگ لەت بوو، وە ئەگەر ئایەتێك، نیشانەیەك ببینن (کە مەبەست پێی ڕووداوی لەت بوونی مانگە)، پشتی تێدەکەنو دەڵێن: ئەوە جادوویەکی بەردەوامە. (یانی: ئەمەش هەر جادوویە).

کەواتە: وشەی (آیـة) بەو پێنج واتایانە هاتوە، بۆیە کە خوا ﷻ دەفەرموێ:
﴿ وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ مِّنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا۟ عَنْهَا مُعْرِضِينَ ﴾، دەگونجێ مەبەست پێی ڕستەکانی قورئان بێ، وە دەگونجێ مەبەست پێی موعجیزەکان بێ، وە دەگونجێ مەبەست پێی ئەو ڕووداوانە بێ، کە نیشانەن لەسەر ئەوەی کە موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خوایە.

مەسەلەی پێنجەم: کە دەفەرموێ: ﴿ فَقَدْ كَذَّبُوا۟ بِٱلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ ۖ فَسَوْفَ يَأْتِيهِمْ أَنۢبَٰٓؤُا۟ مَا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴾، ئەوانە هەقیان بە درۆ دانا، دوای ئەوەی بۆیان هات، لەمەودوا هەواڵی ئەوەی کە گاڵتەیان پێدەکرد، بۆیان دێ.

(النَّبَأُ: الخَبَرُ المُهِم) واتە: هەواڵێکی گرنگ، کە دەفەرموێ: ﴿ فَسَوْفَ يَأْتِيهِمْ أَنۢبَٰٓؤُا۟ مَا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴾، لەمەودوا هەواڵەکانی ئەوەی کە گاڵتەیان پێدەکرد، بۆیان دێ، واتە: ئەو شتەی کە گاڵتەیان پێدەکرد، دێ، یاخود سزای ئەو گاڵتە پێکردنەیان بۆ دێ، هەر دوو واتاکەی هەیە، ئنجا خوا ﷻ سێ وشەی بەکارهێناون بۆ ئەو کافرانە، کە بریتین لە: (إِعْرَاض، تَكْذِيب، إِسْتِهْزَاء) پێشێ فەرموویەتی: ﴿ وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ مِّنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا۟ عَنْهَا مُعْرِضِينَ ﴾، وە هیچ نیشانەیەك لە نیشانەکانی پەروەردگاریان بۆ نایەت، مەگەر هەر پشتی تێدەکەن، پشت تێکردن، یەکەمین قۆناغی کافربوونە، یەکەمین قۆناغی بەرەو کوفر چوون، ئەوەیە کە ئینسان پشت لە ئایەتەکانی خوا بکات، پشت لە دینی خوا بکات، دوایی بە درۆ دانان، ئەوجار گاڵتە پێکردن.

کەواتە: کوفر پلەپلە ئینسان پێیدا ڕۆ دەچێ، پێشێ کوفرێکی سووکترە، دوای وردە وردە قورس دەبێ، دوایە وردە وردە قورسترو قووڵتر دەبێتەوە، خوا پەنامان بدات، هەروەها ئیمانیش هەروایە، ئیمانیش ئینسان یەکسەر نابێتە ئیماندارێکی زۆر ئیمان دامەزراوو ئیمان کامڵ، ئەو پلەپلەیی یە سوننەتی خوایە لە دروستکراوەکانی داو، لە فەرمانەکانی دا (التَدرُّج: سُنَّةُ اللهِ فِي خَلْقِه، وفي أَمْرِهِ)، خوا شتەکانیشی بە پلەپلەیی دروستی کردوون، وە فەرمانەکانیشی کە

ناردوون بە پلەپلەیی ناردوونی، هەموو شتێکی لێکرا حەڵاڵ نەکردوە، هەموو شتێکیشی لێکرا حەرام نەکردوە، بەڵکو پلەپلەیی تێدا ڕەچاو کردوە.

مەسەلەی شەشەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ يَرَوْا۟ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ مَّكَّنَّـٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مَا لَمْ نُمَكِّن لَّكُمْ وَأَرْسَلْنَا ٱلسَّمَآءَ عَلَيْهِم مِّدْرَارًا وَجَعَلْنَا ٱلْأَنْهَـٰرَ تَجْرِى مِن تَحْتِهِمْ فَأَهْلَكْنَـٰهُم بِذُنُوبِهِمْ وَأَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا ءَاخَرِينَ ﴾، چەند هەڵوەستەیەك لەبەردەم ئەم ئایەتە موبارەکەدا دەکەین:

یەکەم: کە دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ يَرَوْا۟ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ ﴾، ئەگەر ماناکەی بە سادەیی لێکدەینەوە، واتە: ئایا نەیانبینی لە پێش واندا چەند سەدەمان فەوتاندن، یانی: چەند کۆمەڵگا کە لە سەدەیەکدا بەیەکەوە دەژیان، بەڵام ئایا مەبەست لەو بینینە چییە؟ مەبەست لێی بینینی عەقڵە، وەك ڕوونکەرەوانی مانای قورئان گوتوویانە: (الرُّؤيَة هُنَا قَلْبِيَّة وَلَيْسَتْ بَصَرِيَّةً)، یانی: بینین لێرەدا بینینی دڵە نەك چاو، ئایا بە عەقڵ نازانن لە پێش واندا چەندان کۆمەڵگای دیکە فەوتاون، لە ئەنجامی ئەوەدا کە بڕوایان بە ئایەتەکانی خواو بە پێغەمبەرانی خوا نەکردوە، ئایا مێژوویان نەخوێندۆتەوە، نەیانبیستوە؟!

دووەم: کە دەفەرموێ: ﴿ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ ﴾، (قرن) واتە: جیل، یان کۆمەڵگا، یان کۆمەڵە خەڵکێك کە لە کاتێکدا کە پێکەوە دەژین، لێرەشەوەیە کە زانایان وشەی (قَرْن)یان بۆ سەد ساڵ، یان بۆ حەفتا ساڵ، بەکارهێناوە، بەڵام لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ ﴾، چونکە سەد ساڵ بۆخۆی لە بەین ناچێ، مەبەست ئەو خەڵکەیە کە لەو سەد ساڵەدا ژیاون، یان لەو حەفتا ساڵەدا بەیەکەوە ژیاون، ئەو خەڵکە فەوتاون، کەواتە: مەبەست لە (قرن) واتە: خەڵکێك کە لەو سەدەیەداو لەو کاتەدا بەیەکەوە ژیاون.

سـێیەم: کـە دەفـەرموێ: ﴿ مَّكَّنَّـٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَا لَمۡ نُمَكِّن لَّكُمۡ ﴾، زۆر جیـلو کۆمەڵگـامان فەوتانـدن لـە پـێش وانـدا، کـە لـە زەویـدا بـەهێزمان کردبـوون، نیشتەجێمان کردبوون، دەسەڵاتو تواناى ماددییمان پێدابوون، کە ئەوەمان بە ئێـوە نـەدابوو، لـە زمـانى عەرەبیـدا دەڵـێ: (أَمْكَنَّاهُ فِـي الأَرْضِ، أَوْ مَكَنَّـاهُ فِـي الأَرْض)، هـەردووکى یـەك مانـاى هەیـە، واتـە: لـە زەوییـدا پێـگەى پێـداو چەسـپاندى، دەسـتەڵاتى پێـدا، دەسـت ڕۆیشـتووى کـرد، بالادەسـتى کـرد، دەفـەرموێ: لـە پـێش ئەوانـدا ئـەو کافرانـەى سـەردەمى پێغەمبـەر ﷺ، وە کافرەکانى سەردەمى ئێمەش‌و زۆر گـەل‌و کۆمەڵگامان فەوتانـدوون، کە لـەوان بەتوانـاتر بوون.

هەڵـبەتە بـە پلـەى یەکـەم مەبەسـتى پێـى کـافرەکانى قورەیشـە، کـە لـە مەککـە لە دژى پێغەمبـەرى خوا ﷺ ڕاوەسـتابوون، واتە: ئەو توانـاو ئیمکانیەتە ماددییەى کە دابوومان بە کافرەکانى پێش ئێوە، کە لـە ئـەنجامى ئـەوەدا بڕوایان بـە پێغـەمبەرانى خـوا نەکـرد، فەوتـاندمانن، ئـەو ئیمکـانیەتەمان نـەداوە بـە ئێوە، ئەوان لە ئێـوە توانـادارتر بـوون، دەست ڕۆیشـتووتر بـوون، دەوڵەمەنـدتر بـوون، بـە دەستەڵاتتـر بـوون، کەچـى هـەر فەوتاندیشـمانن، کەواتـە: ئێـوە بـە ئاسـانتـر دەفەوتێنـین، هەرچـەندە بـۆ خـواى تـوانـا ئاسـانو قـورس نیـە، هەمـووى وەك یەکـە، خـوا ئەگـەر ویسـتى شتێك ببـێ، هـەر پێویسـت ناکـات پێشـى بفـەرموێ ببـە، هـەر کـە ویستى یەکسـەر دەبـێ، وەك دەفـەرموێ: ﴿ إِنَّمَا قَوۡلُنَا لِشَيۡءٍ إِذَآ أَرَدۡنَٰهُ أَن نَّقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ٤٠ ﴾النحـل، ئـەوجار باسـیان دەکات کە ئەو گەلانە، ئەو کۆمەڵگایانە چـۆن بوون.

چـوارەم: دەفـەرموێ: ﴿ وَأَرۡسَلۡنَا ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡهِم مِّدۡرَارًا وَجَعَلۡنَا ٱلۡأَنۡهَٰرَ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمۡ فَأَهۡلَكۡنَٰهُم بِذُنُوبِهِمۡ وَأَنشَأۡنَا مِنۢ بَعۡدِهِمۡ قَرۡنًا ءَاخَرِينَ ﴾، وە ئاسـمانمان، واتە: بارانـى هـەورمان بە خـوڕژەم بەسـەردا باراندن، (السَّمَاء) لێرەدا مەبەست پێـى هـەور (سَحَاب)ە، یاخود مەبەسـت پێى بـاران (مَطَر)ە، واتـە: بـاران بـارینى

بە خورزەم، بە ڕێژنە، چونکە وشەی (مِدْرَار) لە (دِرّة)ەوە هاتوە (درة)ش بریتیە لەوەی کە گوانی ئاژەڵێك بدۆشیو شیرێکی زۆر لێ بڕژێ، ئنجا ئەگەر باران زۆر بوو، ڕووباریش زۆر دەبن، بۆیە دەفەرموێ: ڕووباریشمان گێڕابوون بە ژێر کۆشكو باڵەخانەکانیاندا دەڕۆیشتن، واتە: نیعمەتی زۆرمان پێدا بوون، ئیمکانیەتو توانای زۆرمان پێدا بوون، وڵاتمان بۆ ئاوەدان کردبوونەوە، کوردەواریی خۆشمان دەڵێن: (ئاوو ئاوەدانی).

پێنجەم: کە دەفەرموێ: ﴿ فَأَهْلَكْنَٰهُم بِذُنُوبِهِمْ وَأَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا ءَاخَرِينَ ﴾، بەهۆی گوناهەکانیانەوە فەوتاندمانن، واتە: ئێوەش وریابن، ئەگەر لەسەر گوناهان بەردەوام بن، هەمان چارەنووسی ئەوانتان دەبێ.

شەشەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا ءَاخَرِينَ ﴾، لە دوای وان سەدەی دیکەمان پێگەیاندن، واتە: ئەگەر ئێوەش لابەرین، جیلی دیکەو خەڵکی دیکە، کە لە سەدەیەکی دیکەی جیا لە سەدەی ئێوەدا دەژین، دێنو دەبنە میراتگری ئێوە، ئەوە هەڕەشەیەکە خوای کاربەجێ دەیکات.

کەواتە: پەند لە پێشووانتان وەربگرنو، هەڵەی ئەوان دووبارە مەکەنەوە، بۆئەوەی هەمان چارەنووسی ڕەشی کە بەسەر وان هاتوە، بەسەر ئێوەش نەیەت.

مەسەلەی حەوتەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَٰبًا فِى قِرْطَاسٍ فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ لَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴾، هەڵبەتە ئەمە لە وەڵامی داواکارییو پێشنیارو بیانوو گرتنی کافرەکاندایە، دیارە ئەوان بیانوویان بە پێغەمبەر ﷺ گرتوە، کە دەبێ خوا ﷻ نامەیەکیان بۆ بنێرێ، پێغەمبەریش ﷺ بیانداتێو نووسرابێ لە خوای پەروەردگارەوە بۆ ئەبو جەهل، بۆ ئەبو سوفیان، بۆ نەضری کوڕی حاریث، بۆ عوتبە، بۆ شەیبە، بۆ فلان، بۆ فیسار! موحەممەد پێغەمبەری منەو ئیمانی پێ بێنن! چونکە دەیانگوت: بە چی بزانین کە تۆ پێغەمبەری!!

وەك لە سوورەتی (الإسراء)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفۡجُرَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَرۡضِ يَنۢبُوعًا ﴿٩٠﴾ أَوۡ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٞ مِّن نَّخِيلٖ وَعِنَبٖ فَتُفَجِّرَ ٱلۡأَنۡهَٰرَ خِلَٰلَهَا تَفۡجِيرًا ﴿٩١﴾ أَوۡ تُسۡقِطَ ٱلسَّمَآءَ كَمَا زَعَمۡتَ عَلَيۡنَا كِسَفًا أَوۡ تَأۡتِيَ بِٱللَّهِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ قَبِيلًا ﴿٩٢﴾ أَوۡ يَكُونَ لَكَ بَيۡتٞ مِّن زُخۡرُفٍ أَوۡ تَرۡقَىٰ فِي ٱلسَّمَآءِ وَلَن نُّؤۡمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيۡنَا كِتَٰبٗا نَّقۡرَؤُهُۥ ... ﴾، واتە: (كافرەكان دەڵێن: وە ئیمانت بۆ ناهێنین هەتا ......، وە دەبێ بچی بۆ ئاسمانێ، وە بڕواش بە چوونە ئاسمانەكەتو بە بەرزبوونەوەت ناهێنین، هەتا كتێبێك، نامەیەكمان بۆ نەهێنی بیخوێنینەوە، نامە لە خوای پەروەردگارەوە بۆ فلانی كوڕی فلان! ئیمان بە موحەممەد بێنە، پێغەمبەری منە !!

تەماشا ئەو بیانووە بێعەقڵانەیە بكەن! وەك بڵێی خوا ﷻ (بەشەرێك بێ، كوێخای دێیەك بێ، حوكمڕانێك بێ، لە شوێنێك، زۆر پەكی لەسەر وان كەوتبێ، داخۆ ئیمانی پێدێنن یان نا؟)، ئنجا لەوێ خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ سُبۡحَانَ رَبِّي هَلۡ كُنتُ إِلَّا بَشَرٗا رَّسُولٗا ﴿٩٣﴾ ﴾، واتە: بڵێ: پاكیی بۆ پەروەردگارم {كە من داوای شتی وای لێ بكەم} من تەنیا بەشەرێكی ڕەوانە كراوم، هەرگیز ئەو شتانە لە خوا داوا ناكەم، خوا نامە بۆ چەند كەس بنێرێ؟ ئەگەر نامەی بۆ سەردەمی وان ناردبایە، كافرەكانی ئێستا دەیانگوت: دەبێ نامە بۆ ئێمەش بنێرێ، ئەو هەموو نامانە چۆن دەنێردرێن؟!

ئنجا لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوۡ نَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ كِتَٰبٗا فِي قِرۡطَاسٖ فَلَمَسُوهُ بِأَيۡدِيهِمۡ لَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ مُّبِينٞ ﴾، وە ئەگەر كتێبێك لە نووسراوێكدا بنێرین بۆ سەر تۆ، (كتاب) واتە: نووسراو، یاخود نامە، نامەیەك لە شتێك دا كە لەسەری بنووسرێ، {قرطاس: دەگونجێ چەرم بێ، پێست بێ، گەڵای درەخت بێ، بەردی تەنك بێ، وە دەشگونجێ كاغەز بێ، وەك ئێستا هەیە، هەمووی دەگرێتەوە} بە دەستی خۆیان دەستی لێ بدەن، ئەوجار ئەوانەی

بێبڕوان دەڵێن: ئەوە جادوویەکی ئاشکرایە، واتە: ئەگەر ئەوەشمان کردبایە هەر ئیمانیان نەدەهێناو دەیانگوت: ئەوە جادوویە، ئەگەرنا نامە چۆن لە ئاسمانێ دێ؟ ئەمە سیحرە کردووتە، کەواتە: خوای پەروەردگار مەبەستی لەو ئایەتە موبارەکە ئەوەیە، کە ئەوانە کەللەڕەقو نەسەلمێنو عینادن، ئەی پێغەمبەر ﷺ! خەمیان لێ مەخۆ، تۆ موعجیزەو بەڵگەی خۆت پێیە، کە ئەو قورئانەیە، وە بەرنامەی خۆت پێیە، بەڵکو هەر بۆخۆت موعجیزەی، وەك مەولەوی شاعیر دەڵێ:

هەتیو وە ئەدەو ئومی عەللامە لەمە موعجیزتر موعجیزە کامە

واتە: منداڵێکی بێ باب و دایك، ئەو هەموو ئەدەبو ڕەوشتە بەرزە، کە مامۆستای بەشەرە لە ئەدەبدا، بە بەڵگەی ئەوەی خوای پەروەردگاریش دەربارەی ڕەوشتی بەرزی فەرموویەتی: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ۝٤ ﴾ القلم، واتە: بێگومان تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ) لەسەر ڕەوشتێکی زۆر گەورەو مەزنی. (ئومی عەللامە) نەخوێندەوار بێو عەللامەیەك بێ، هەموو خەڵك بە شانازییەوە ئامادەبێ قوتابی وی بێ، ئەدی ئەگەر ئەوە خوا فێری نەکردبێ، لە کوێ فێر بووە؟ کەواتە: پێغەمبەر ﷺ هەر خۆی موعجیزەیەو هەر خۆی بەڵگەی پێغەمبەرایەتیی خۆیەتی، کەواتە: تۆ نوقسانییت نیە، لە بەڵگەدا، بەڵام ئەوانە نوقسانییان هەیە لەوە کە ناسەلمێننو نایانەوێ دان بە هەق دابنێن، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتانەی سوورەتی (الحجر)ە، لە ئایەتەکانی (١٤و١٥)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَظَلُّواْ فِيهِ يَعْرُجُونَ ۝١٤ لَقَالُوٓاْ إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَٰرُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَّسْحُورُونَ ۝١٥ ﴾، واتە: وە ئەگەر دەرگایەکیان بۆ بکەینەوە بچن بەرەو ئاسمانێو بەرز ببنەوە (دەرگایان بۆ بکەینەوەو پەیژەیەکیشیان بۆ دابنێین بۆ ئاسمانێ بچن) ئەوجار دەڵێن: ئەوە ئێمە چاومان بەستراوە، بەڵکو ئێمە جادوومان لێکراوە، واتە: ئەگەر دەرگاشیان بۆ بکەینەوەو پەیژەشیان بۆ بەردەینەوە خوارێو بچن بۆ ئاسمانیش، دەڵێن: ئەوە فێڵمان لێکراوەو جادوومان لێکراوەو هەڵخەڵەتێنراوین.

هەروەهـــا لـــە ســـوورەتی (الطـور) لـــە ئایـــەتی (٤٤)دا دەفـــەرموێ: ﴿ وَإِن يَرَوْاْ كِسْفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ سَاقِطًا يَقُولُواْ سَحَابٌ مَّرْكُومٌ ﴿٤٤﴾ ﴾، واتـــــە: ئەگـــــەر پارچـــــە ئاسمانێکیشـــیان بەســـەردا بەردەینـــەوە (پارچـــەیەك ئاســـمانیان بەســـەردا بەربێتەوە، بۆ وێنە: یەکێك لە خڕۆکەکان بەربێتەوە) دەڵێن: ئەوە هەورێکە کەڵەکە بووە لەسەر یەك و، دیسان دانی پێدا ناهێنن.

<u>**مەســـەلەی هەشـــتەم**</u>: کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَقَالُواْ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ مَلَكٌ وَلَوْ أَنزَلْنَا مَلَكًا لَّقُضِيَ ٱلْأَمْرُ ثُمَّ لَا يُنظَرُونَ ﴾، وە (کافرەکـان) گوتیـان: دەبووایـە فریشـتەیەك دابەزێتـە سـەری (یانـی: فریشـتەیەکی لەگەڵـدابێ، بڵـێ مـن شـایەدم کـە ئـەو موحەممـەدە پێغەمبـەری خوایـە)، وە ئەگـەر ئێمـە فریشـتەمان دابەزاندبووایـە کـار تەواو دەبـوو، دوایی چاوەڕێشـیان نەدەکـرا، یانی: چی کـار تـەواو دەبوو؟ واتـە: ئەگەر فریشـتە بنێـرین سـوننەتو قـانوونی خـوا وایـە، فریشـتە بـۆ سـزا دەنێرێ، بۆیە دەینێـرێ، کە ئەو قەومـە بفەوتێنـێ، ئنجا ئەگەر فریشـتە بنێـرین بۆ فەوتانـدنیان دەینێـرین، هەروەك چۆن فریشـتەی نـارد بـۆ قـەومی لـووط ، دوایی ئەوە بوو قەومی لووطیـان ژێرەوژوور کـرد.

ئنجـا ئـەم ئایەتـە وەك ئـەو ئایەتانـەی سـوورەتی (الحجـر) وایـە، کـە خـوا دەفـــــەرموێ: ﴿ وَقَالُواْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِى نُزِّلَ عَلَيْهِ ٱلذِّكْرُ إِنَّكَ لَمَجْنُونٌ ﴿٦﴾ لَّوْ مَا تَأْتِينَا بِٱلْمَلَـٰٓئِكَةِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ﴿٧﴾ مَا نُنَزِّلُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَمَا كَانُوٓاْ إِذًا مُّنظَرِينَ ﴿٨﴾ ﴾، واتـــە: وە گوتیـــان: ئـــەی ئـــەو کەســـەی کـــە (ذکـــر)ی دابەزێندراوەتـە سـەر! بێگومـان تـۆ شـێتی، ئـەدی بۆچـی فریشـتەمان بـۆ نـاهێنی، ئەگـــەر لـــە ڕاســـتانی، (خـــواش ﷻ وەڵام دەداتـــەوەو دەفـــەرموێ:) فریشـــتان دانابەزێنیـــن، مەگـــەر بـــە هـــەق نەبـــێ، وە ئەگـــەر فریشـــتەمان دابەزاندبایـــە، چـاوەڕێمان نەدەکـردن، واتـە: فریشـتان دابەزێنیـن، بـۆ ئـەوەیان دادەبەزێنـین لـە بـەینیان بـەرن، خـواش ﷻ نەیویسـتوە ئەوانـە لەبـەین بـەرێ، بۆیـە فریشـتەی دانەبەزانـدوون.

هەروەها لە سوورەتی (الفرقان) لە ئایەتەکانی (٢١و٢٢)دا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَوْ نَرَىٰ رَبَّنَا ۗ لَقَدِ ٱسْتَكْبَرُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ وَعَتَوْ عُتُوًّا كَبِيرًا ﴿٢١﴾ يَوْمَ يَرَوْنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ لَا بُشْرَىٰ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا ﴿٢٢﴾﴾، واتە: ئەوانەی کە ئومێدیان بە دیداریی ئێمە نیە، گوتیان: بۆچی فریشتە دانابەزێتە سەرمان، یان بۆچی پەروەردگارمان نابینین؟ (خوا دەفەرموێ) خۆیان زۆر پێ گەورە بووە، وە زۆر تووشی ملهوڕیی‌و سەرکێشیی بوون، ئەو ڕۆژەی کە فریشتەکان دەبینن موژدە بۆ ئەوان (بۆ تاوانباران) نیە، لەو ڕۆژەدا، وە دەڵێن: دەبێ هیچ کەسێك هەبێ بەلامان لێ لابداو بۆمان ببێتە پەرژین‌و بۆمان ببێتە دیوارێك؟! بەلام نەخێر، هیچ کەس بەلای خوا ناگێڕێتەوە، ئنجا کە خوا دەفەرموێ: ئەگەر فریشتەمان ناردبایە کاریان تەواو دەبوو، زانایان چوار مانایان بۆ لێك داوەتەوە:

یەکەم: ئەگەر فریشتە هاتبایە، بەس بۆ سزادانیان دەهات‌و کۆتاییان پێ دەهات.

دووەم: ئەگەر فریشتەیان دیتبایە، تەحەمولیان نەدەکرد، فریشتە ببینن لەسەر شێوەی خۆی، بەشەر ناتوانێ‌و تەحەممول ناکات فریشتە بیبینێ.

سێیەم: ئەگەر فریشتەیان دیتبایە، قۆناغی تاقیکردنەوە کۆتایی پێ دەهات، چونکە ئەگەر فریشتە بێ، مانای وایە مرۆڤ لەنێو تاقیکردنەوەدا وەلامی پرسیارەکانی وەرگرتووە! بەلام ئیمتیحان ئاوا نیە، خوای کارەجێ ئێمە تاقی دەکاتەوە لەم ژیانە دنیاییەدا، خۆی لە ئێمە پەنهان کردوە، فریشتە نابینین، دۆزەخ نابینین، قیامەت جارێ نەهاتووە غەیبە، خوای پەنهانزانیش کە باسی ئیماندااران دەکات، بەوە وەسفیان دەکات کە بڕوایان بە پەنهان هەیەو دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱلْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣﴾﴾ البقرة، ئنجا ئەگەر تۆ هەموو شتەکان ببینی، ئەوە کەی تاقیکردنەوەیە، ئەوە مانای وایە قۆناغی تاقیکردنەوە بەسەر دەچێ‌و کۆتایی دێ.

چوارەم: ئەگەر فریشتەیان دیبایە، وە ئیمانیان پێ نەهێنابایە، شایستەی سزای مەرگ دەبوون.

مەسەلەی نۆیەم: کە دەفەرموێ: ﴿وَلَوۡ جَعَلۡنَٰهُ مَلَكٗا لَّجَعَلۡنَٰهُ رَجُلٗا وَلَلَبَسۡنَا عَلَيۡهِم مَّا يَلۡبِسُونَ ﴾، وە ئەگەر پێغەمبەرمان گێڕابایە بە فریشتە، دەبوو ئەو فریشتەیەمان گێڕابایە بە پیاو، ئەو کاتیش ئەوەی کە ئێستا لە خۆیانی تێکەڵ دەکەن، دیسان لێمان تێکەڵ دەکردن، یانی: چی؟ واتە: ئەگەر موحەممەد ﷺ کە بەشەرێکەو کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەبدولموتتەلیبی کوڕی عەبدولمەنافە، تا دەچێتەوە سەر عەدنانو ئەویش دەچێتەوە سەر ئیسماعیلو، ئەویش دەچێتەوە سەر ئیبراهیم، ئەگەر ئەو پێغەمبەرە ﷺ بەشەر نەبووایە، فریشتەیەك بووایە، دەبوو بچێتە سەر شێوەی بەشەرێك، پیاوێك، چونکە پێغەمبەران هەموویان لە پیاوان بوون، ئنجا با سەرنج بدەین: پیاوێك هاتوە دەڵێ: من پێغەمبەری خوام، کاکە تۆ کێی؟ من فریشتەم، ئەدی بۆچی لەسەر شێوەی پیاوی؟ ئاخر خوا منی بردۆتە سەر شێوەی پیاو، بۆئەوەی بتوانن ببینن، لەسەر شێوەی خۆم ناتوانن ببینن، ئنجا کێ دەڵێ: تۆ فریشتەی ...؟ سەرەنجام لێیان تێکەڵ دەبوو.

بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَلَبَسۡنَا عَلَيۡهِم مَّا يَلۡبِسُونَ ﴾، وە لێمان تێکەڵ دەکردن، ئەوەی ئێستا لە خۆیانیان تێکەڵ کردوە، واتە: ئەگەر فریشتەشمان ناردبایە، ئەگەر لەسەر شێوەی خۆی بووایە بۆ سزا دەبوو و، لەبەین دەچوون، وە ئەگەر خۆشی بردبایە سەر شێوەی پیاوێك، دیسان ئەوانە لێیان تێکەڵ دەبوو، وە ئەو ئامانجەی ئەوانی هەر نەدەپێکا.

کەواتە: هاتنی فریشتە دوو حاڵەتی دەبوون:

یەکەم: یان لەسەر شێوەی ڕاستەقینەی خۆی دەبوو، کە ئەو کاتە نەیاندەتوانی ببینن، یان ئەگەر بینیباشیان تەحەممولیان نەدەکرد، وەك چۆن پێغەمبەر ﷺ کە جبریلی لەسەر شێوەی خۆی بینی، زۆر ترسا! ﴿عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ: وَهُوَ يُحَدِّثُ عَنْ فَتْرَةِ الْوَحْيِ، فَقَالَ فِي حَدِيثِهِ: بَيْنَا أَنَا

أَمْشِي إِذْ سَمِعْتُ صَوْتًا مِنَ السَّمَاءِ فَرَفَعْتُ بَصَرِي فَإِذَا الْمَلَكُ الَّذِي جَاءَنِي بِحِرَاءٍ جَالِسٌ عَلَى كُرْسِيٍّ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ، فَرُعِبْتُ مِنْهُ، فَرَجَعْتُ، فَقُلْتُ: زَمِّلُونِي﴾[1]، واتە: جابیری کوڕی عەبدوڵلا خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ باسی ئەو کاتەی دەکرد کە وەحی پچڕابوو، لە کاتی قسەکردنی دا دەیفەرموو: لە کاتێك دا کە دەڕۆیشتم گوێم لە دەنگێك بوو لە ئاسمان، چاوم بەرز کردەوە، ئەو فریشتەیەی کە لە (ئەشکەوتی حیرا) هاتە لام (لەسەر شێوەی پیاوێکو سێ جار بەخۆیەوە گوشی، وە گوتی: بخوێنە)، تەماشام کرد لەسەر کورسییەك دانیشتوە، نێوان ئاسمانو زەوی پڕ کردبوو، لێی ترسام، وە گەڕامەوەو گوتم: داماپۆشن.

کەواتە پێغەمبەری خواش تەحەممولی نەکردوە لەسەر شێوەی خۆی فریشتە ببینێ، ئەدی خەڵکی دیکە چۆن تەحەمولی دەکات؟ ئەوە ئەگەر لەسەر شێوەی خۆی بێ.

<u>دووەم</u>: وە ئەگەر لە شێوەی پیاوێکیش دابووایە، ـ وەك گوتم ـ لێیان تێکەڵ دەبووو دەیانگوت: کێ دەڵێ تۆ مەلائیکەتی؟ ئاخر مەلائیکەتمو چوومەتە سەر شێوەی پیاوو؟، ئاخر چۆن بزانین ؟! ئەگەرنا بێگومان پێغەمبەر ﷺ چەند جارێك جبریلی لەسەر شێوەی (دِحْيَةُ الْكَلْبِيّ) بینیوە، (أم سلمة) خوا لێی ڕازی بێ، گوتوویەتی: جبریل دەچووە سەر شێوەی (دِحْيَةُ الْكَلْبِيّ) کە یەکێك بووە لە هاوەڵانو پیاوێکی زۆر جوان بووە، لەسەر شێوەی وی دەیبینی، ئەگەر شێوەی چووبایە سەر پیاوێك.

<u>**مەسەلەی دەیەمو کۆتایی**</u>: کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدِ ٱسۡتُهۡزِئَ بِرُسُلٖ مِّن قَبۡلِكَ فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُواْ مِنۡهُم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿١٠﴾ ﴾، ئەوە دڵدانەوەیە بۆ پێغەمبەر ﷺ، خوا دەفەرموێ: لەپێش تۆشدا گاڵتە بە زۆر لە

١) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٦١)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٣٢٥) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَأَحْمَدُ برقم: (١٤٥٢٣)، وَالحَاكِمُ برقم: (٢٩٩٣) وَقَالَ: صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَين.

پێغەمبەران کراوە، بەڵام ئەوەی کە گاڵتەیان پێدەکرد، گاڵتە پێکراوەکە دوایی دەورەی دان.

پێغەمبەر ﷺ پێی دەگوتن: خوا دەتانفەوتێنێ، خوا بوومەلەرزەتان بۆ دێنێ، خوا لافاوتان بۆ دەنێرێو دەتانخنکێنێ، کەچی ئەوان گاڵتەیان پێکردوە، ئیدی سەرنجام ئەو شتەی کە گاڵتەیان پێکردوە، دەوری داون، یاخود ئەوەی کە گاڵتەیان پێدەکرد، کە هاتنی قیامەتە، قیامەتی ئەوان هات، هەڵبەتە قیامەتی گەورەش بەتەئکید بەرێوەیە، وشەی (حَآقَ) هەندێك بە (أحَاط) واتە: دەوری دان، وە هەندێکیش بە (جَاءَ وَنَزَلَ) هات، وە دابەزی، لێکیان داوەتەوە.

کەواتە: ئەی موحەممەد ﷺ تۆش وەك ئەو پێغەمبەرانە کە خەڵکەکەیان گاڵتەیان پێدەکردن، ئەو هەڕەشانەی کە تۆ لێیان دەکەی، کە لە قورئاندا هاتوون، بەتەئکید ئەگەر ئیمان نەهێنن، ئەو هەڕەشانە بۆ ئەوانیش دێنە دی، ئنجا چ لە کاتێك دا کە لە ژیاندان، بێتە دی، چ لە دوای مردن، بۆیان بێتە دی.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

لەم دەرسەمان دا ئایەتەکانی (١١ تا ٢١) واتە: یازدە (١١) ئایەت تەفسیر دەکەین، لەم یازدە ئایەتەدا خوا ﷻ دە جاران وشەی (قل) ئاراستەی پێغەمبەری خۆی دەکات، کە دیارە لەم سوورەتەدا بەگشتی چل‌و دوو جار (٤٢) جار ئەو وشەیە دووبارە بۆتەوە، خوای تاك‌و تەنیا لەم ئایەتانەدا بە پێغەمبەری خۆی ﷺ دەفەرموێ: بە هاوبەشدانەرەکان بڵێ: بە زەویدا بڕۆن‌و سەرنج بدەن، ئایا سەرەنجامی بە درۆ دانەرانی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) چۆن بووە؟ پاشان دەفەرموێ: لێیان بپرسە: ئایا کێ خاوەنی ئاسمانەکان‌و زەوییە؟وە پێیان بڵێ: ئایا بێجگە لە خوا دۆست‌و پشتیوانێکی دیکە بگرم؟ واتە: کەسی دیکە شایستەی ئەوەنیە کە بیکەمە دۆست‌و مشوورخۆری خۆم.

پاشان خوا بە پێغەمبەری خۆی ﷺ دەفەرموێ: کە بە هاوبەش بۆ خوادانەرەکان ڕابگەیەنێ: کە فەرمانی پێکراوە، (واتە: پێغەمبەر لەلایەن خواوە فەرمانی پێکراوە) کە یەکەمین گەردنکەچ بێ بۆ خوا، وە لە هاوبەش بۆ خوادانەران نەبێ، وە هەروەها پێیان ڕابگەیەنێ: کە ترسی سزای پەروەردگاری هەیە، لە ڕۆژێکی مەزندا، ئەگەر بێت‌و گیرۆدەی شیرك‌و هاوبەش بۆ خوادانان بێ.

دوایی خوای بێ وێنە باسی چەند سیفەتێکی مەزنی خۆی دەکات: کە هەر ئەو خێرو شەڕی بەدەستە، وە بەسەر بەندەکانیانەوە بالأدەستە، وە کاربەجێی شارەزایە، ئنجا جارێکی دی فەرمان بە پێغەمبەری خۆی ﷺ دەکات: کە پرسیار لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بکە: ئایا شایەدیی دانی کێ گەورەترە لە شایەدیی دان دا؟ دوایی هەر بۆخۆی وەڵام دەداتەوە کە: خوا خوای بالأدەست‌و زاناو شارەزا شایەدی نێوانمانە، وەك قورئانیشی بۆ ناردووم کە پێتان ڕابگەیەنم، وە بە هەر کەسێکی دیکەش کە پێی دەگات.

وە پاشـان فـەرمانی پێـدەکات کـە یـەکتایی خـواو تـەنیایی خـوا ڕابگەیەنـێ، وە دەیخاتەڕوو کە خاوەن کتێبەکـان جوولـەکەو نەصـڕانییەکانو ئـەوانی دیکـە، قورئـان، یـان موحەممـەد ﷺ وەك کوڕەکـانی خۆیـان دەناسـن، وەك چـۆن مرۆڤـ کـوڕی خـۆی دەناسـێ، لـەنێو منداڵانـدا ئەگـەر بیبینـێ، ئـەوانیش ئـاوا دەزانـن کـە موحەممـەد ﷺ پێغـەمبەری خوایـەو، قورئـان دوایـین کتێبـی خوایـە، بـەڵام لـە سـۆنگەی خـۆ دۆڕاندنیـانەوە، کە خۆیـان لەدەسـتداوە، ئیمـان ناهێنـن.

وە لە کۆتـاییدا خـوا دەفەرموێ: هیچ کـەس سـتەمکارتر نیـە لـەو کەسـەی کـە درۆ بـە نـاوی خـواوە دەکـات، واتـە: هاوبـەش بـۆ دادەنـێ، یـان ئایەتەکـانی خـوا بـە درۆ دەزانـێ.

﴿قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ ٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿١١﴾ قُل
لِّمَن مَّا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ قُل لِّلَّهِ ۚ كَتَبَ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ ۚ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ
يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ ۚ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٢﴾ وَلَهُۥ
مَا سَكَنَ فِى ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿١٣﴾ قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا فَاطِرِ
ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَهُوَ يُطْعِمُ وَلَا يُطْعَمُ ۗ قُلْ إِنِّىٓ أُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَسْلَمَ ۖ
وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٤﴾ قُلْ إِنِّىٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّى عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ
﴿١٥﴾ مَّن يُصْرَفْ عَنْهُ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمَهُۥ ۚ وَذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٦﴾ وَإِن يَمْسَسْكَ
ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٧﴾
وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٨﴾ قُلْ أَىُّ شَىْءٍ أَكْبَرُ شَهَـٰدَةً ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ
شَهِيدٌۢ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۚ وَأُوحِىَ إِلَىَّ هَـٰذَا ٱلْقُرْءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ ۚ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ
أَنَّ مَعَ ٱللَّهِ ءَالِهَةً أُخْرَىٰ ۚ قُل لَّآ أَشْهَدُ ۚ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌ وَإِنَّنِى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ
﴿١٩﴾ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَـٰهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمُ ۘ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ
لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٢٠﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَـٰتِهِۦٓ ۗ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ
ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٢١﴾﴾

مانای وشــە بە وشــەی ئایەتەکـان

(("ئەی موحەممەد" پێیان بڵێ: بە زەویدا بڕۆنو بگەڕێن، پاشان سەرنج بدەن! سەرەنجامی بە درۆ دانەران (ی پێغەمبەران) چۆن بووە! ﴿١١﴾ بڵێ: ئایا ئەوەی لە ئاسمانەکانو زەوی دایە هی کێیە؟ بڵێ: هەر هی خوایە، بەزەیی پێداهاتنەوە (بەرانبەر بە دروستکراوەکان)ی لەسەر خۆی پێویست کردوە، بێگومان لە ڕۆژی قیامەتدا بەرەو گۆڕەپانی کۆکردنەوە کۆتان دەکاتەوە، کە هیچ گومانی تێدانیە، ئەوانە (ی بێبڕوان) خۆیانیان لەدەست داوە، بۆیە ئیمان ناهێنن ﴿١٢﴾ وە هەرچی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی شەوو ڕۆژەوە، هی ویە، وە ئەو بیسەری زانایە ﴿١٣﴾ بڵێ: ئایا جگە لە خوا، دۆستو سەرپەرشتیارێکی دیکە بگرم، پەیداکەری ئاسمانو زەوی، لە حاڵێکدا کە ئەو خۆراك دەداتو خۆراك نادرێ؟ بڵێ: بە دڵنیاییەوە من فەرمانم پێکراوە یەکەمین کەس بم، کە ملکەچ دەبێ (بۆ خوا) وە پێم گوتراوە: کە لە هاوبەش دانەران نەبی! ﴿١٤﴾ بڵێ: من ئەگەر سەرپێچیی لە پەروەردگارم بکەم، لە سزای ڕۆژێکی مەزن دەترسم ﴿١٥﴾ هەر کەس لەو ڕۆژەدا لێی لابدرێ، ئەوە (خوا) بەزەیی پێداهاتوە، وە هەر ئەوەش بردنەوەیەکی ڕوونە ﴿١٦﴾ وە ئەگەر خوا تووشی زیانێکت بکات، جگە لە خۆی هیچ کەس لای نابات، وە ئەگەر چاکەیەکیشت تووش بکات، ئەوە بێگومان لەسەر هەموو شتێك بە توانایە ﴿١٧﴾ وە ئەو (خوا) بەسەر بەندەکانیەوە ملپێکەچکەرە، وە ئەو کاربەجێی شارەزایە ﴿١٨﴾ بڵێ: ئایا چ شتێك شایەدییدانەکەی گەورەترە؟ بڵێ: خوا، لە نێوان منو ئێوەدا شایەدە (کە تەنیا خوا پەرستراوی ڕاستەقینەیە) وە ئەم قورئانەم بۆ نێرراوە، کە ئێوەی پێ وریا بکەمەوەو، هەر کەسێکی دیکەش کە پێی دەگات، ئنجا ئایا ئێوە شایەدیی دەدەن کە لەگەڵ خوادا پەرستراوی دیکە هەن؟ بڵێ: من شایەدیی (وا) نادەم، بڵێ: بێگومان پەرستراوی هەق تەنیا یەك پەرستراوە، وە من دوورو بەرییم لەو شتانەی دەیانکەنە هاوبەش (بۆ خوا) ﴿١٩﴾ ئەوانەی کتێبمان پێداون دەیناسن (قورئان، یان

موحەممەد) وەك چۆن کوڕەکانیان دەناسن، ئەوانە (ی بێبەڕوان) خۆیانیان دۆڕاندوە، بۆیە ئیمان ناهێنن ﴿٢٠﴾ ئنجا ئایا کێ ستەمکارترە لە کەسێك درۆ بە ناوی خواوە بکات (کە گوایە هاوبەشی هەن) یان بڕوای بە ئایەتەکانی نەبێ، بێگومان ستەمکاران سەرفراز نابن﴿٢١﴾))

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان

(كَتَبَ): واتە: نووسی، بەڵام لێرەدا بەو مانایە نایەت، وەك لە چەند شوێنی دیکەی قورئانیش دا ئەم وشەیە هاتوە، بەڵکو بە مانای (أَثبت، قدّر، أوجب، فرض، أَلْزَم) واتە: چەسپاندی، بڕیاریدا، پێویستی کرد، بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی دا.

(سَكَنَ): (السكن، السُّكُونُ: ثبُوتُ الشَّيءِ بَعدَ تَحرُّكٍ)، (سكن) بریتیە لە سەقامگیربوونی شتێك و ئارامگرتنی دوای ئەوەی کە جووڵاوە. (وَيُستَعْمَلُ في الإستِيطانِ وَاسمُ المَكانِ نحو: سكن فلان، مكان كذا، سكن: من السكنى، أو السكون، مَسكن وجَمعُهُ مساكن) واتە: (سكن) لە نیشتەجێبوونیشدا بەکاردەهێنرێ، وە بریتیە لە ناوی شوێنیش، دەگوترێ: لە فلان شوێن نیشتەجێ بوو، کەواتە: وشەی (سكن) کە لێرەدا هاتوە، لە زمانی عەرەبیدا دەگونجێ بە مانای وەستان بێ دوای جووڵە، وە بە مانای نیشتەجێبوون بێ لە شوێنێك، وە (مسكن) بە (مساكن) کۆ دەکرێتەوە.

(وَلِيًّا): واتە: دۆستتان، سەرخەرتان، پشتیوانتان، (الوَلاءُ وَالتَّوالِي: أَنْ يَحْصُلَ شَيْئَانِ فَصَاعِداً حُصُولاً لَيسَ بَيْنَهُمَا مَا لَيْسَ مِنْهُمَا، وَيُسْتَعَارُ ذَلِكَ لِلْقُرْبِ مِنْ حَيْثُ الْمَكَانُ، وَمِنْ حَيْثُ النِّسبةُ، والدِّينُ، والصداقة، والنصرة، والإعتقاد)، وشەی (وَلاءُ و تَوالِي) مانایان ئەوەیە کە دوو شت بە دوای یەکدی دابێن، وە هیچ شتێکی دیکەیان نەکەوێتە نێوانەوە، وە دەخوازرێتەوە بۆ نزیکیی لە ڕووی شوێنەوە، یاخود لە ڕووی خزمایەتیی و نەسەبەوە، یاخود لە ڕووی ئایین و مەزهەبەوە، یان

لە ڕووی برادەرایەتیی‌و سەرخستنەوە، یان لە ڕووی بیروبڕواوە، وشەی: (وِلايَـةُ) بە مانای سەرپەرشتییکردن، یاخود کار بە ئەستۆوەگرتن دێ، وە وشەی: (وَلايَـةً)ش بەمانای یارمەتییدان دێ، وە وشەی: (الوَلـيُّ والْمَوْلَى: يُستعملان في كُلّ ذلك) هەرکام لە (وَلـيُّ) و (مَـوْلَى) بەیەك واتا بەکاردێن، واتە: سەرپەرشتییکردن یاخود سەرپەرشتییکران.

(فَاطِرِ): (فَـاطِر) و (خَـالِق) مانایان وەك یەکە، واتە: بەدیهێنەر، پەیداکەر، بەڵام وشەی (فَطـر) بە مانای (شـق) دێ، (أَصْـلُ الفَطْـر: الشـق طـولاً، وفَطَـر: أبـدع و أوجـد) ئەسڵی (فطـر) بریتییە لە جیابوونەوە بە باری درێژیی دا، وە زیاتر سەرنجی ئەوە دەدرێ، لە حاڵەتێکی نەبوونییەوە جیای کردۆتەوەو، هێناویەتە حاڵەتی بوون، کەواتە: (فَاطِر) بە مانای داهێنەر (مبدع) و پەیداکەر (مُوجِدْ) دێ.

(يُصْرَفْ): (الصرف: رَدُّ الشيء من حالـةٍ إلى حالـةٍ أو إبدالُـهُ بغيرِهِ)، (صَرف) بریتییە لەوەی کە شتێك لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێك بگۆڕێ، یان لە حاڵێکەوە لابدەی بۆ حاڵەتێکی دی، واتە: بیگۆڕی، یاخود لایبەری، شتێکی دیکە بهێنیە شوێنی.

(كَاشِفَ): واتە: لابەر، چونکە لە (كَشْف)ەوە هاتوە، دەڵێ: (كَشَفَ الشيءَ وكَشَفَ عَنْهُ: رَفَعَ عَنْهُ، مَا يُوَارِيه وَيُغَطِّيه، وَأَظْهَرَهُ، وَكَشَفَ غمَّهُ أزالَـهُ)، وشەی (كَشْف) بە مانای دەرخستنی شتێك دێ، کەسێك کە شتێکی شاردۆتەوەو دایپۆشیوە، لەسەری لادەبردرێ، وە بە مانای ئاشکراکردن‌و پێشاندان دێ، وە (كَشَفَ غمَّهُ: أزالَـهُ) واتە: غەمەکەی لابرد.

(ٱلْقَاهِرُ): لە (قَهر)ەوە هاتوە، (القَهْرُ الغَلَبَةُ وَالتذليـلُ مَعَـاً، وَيُسْـتَعْمَلُ فِي كُلّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا) (قَهْر) بریتییە لە زاڵبوون‌و ملپێکەچ کردن پێکەوە، وە بەکاریشدەهێنرێ بۆ هەر یەکێکیان بە جیا.

(شَيْءٍ): واتە: شت، ئایا دروستە ئەم وشەیە بۆ خوا بەکاربهێنرێ؟ دەڵێین: بەڵێ، بەڵام خوا پاکیی بۆ وی شتێکە، نەك وەك شتان (إنَّ اللّه سُبْحَانَه شَيءٍ لا

كَالأَشْيَاء)! چونكه (هُوَ الَّذِي يَصِحُّ أَنْ يُعْلَم وَيُخْبَرَ عَنْهُ، ويقع عَلَى الـمَوجُودِ والـمَعْدُوم..) (شَيء) بریتیه له هەر شتێك كه بگونجێ هەواڵی لەبارەوە بدرێ، یان بگونجێو بزانرێ، وە بۆ شتێك بەكاردێ، كه هەبێ، یاخود هەتا شتێك كه نەشبێ له زیهنی خەڵكدا هەبێ، بەڵام له واقیعدا بوونی نەبێ.

(شَهَٰدَةً) (من الشُّهُودُ والشّهادةُ: الحُضُورُ مَعَ الـمُشَاهَدَةِ، إمَّا بالبَصَرِ أو البَصِيرَةِ) واته: (شّهادةُ) لە (شهُودُ) و (شَهَادة)ەوە هاتوە، كه بە مانای ئامادەبوون دێ لەگەڵ بینیندا، چ بینینی بەچاو، چ بینینی بە عەقڵ، وە (الشَّهَادَةُ: قَوْلٌ صَادِرٌ عَنْ عِلْمٍ حَصَلَ بِمُشَاهَدَةِ بَصِيرَةٍ أو بَصَرٍ) (شَهَادة) بریتیه له قسەیەك كه دەردەچێ له كەسێكەوە كه عیلمێكی هەیە، بەهۆی ئەوەوە كه بەچاو شتی بینیوە، یاخود بە عەقڵ دەركی پێكردوە، بۆی پەیدابووە.

(لِأُنذِرَكُم): (مُنذِر) ترسێنەر، یان ووریاكەرەوە (الإِنْذَارُ: إخْبَارٌ فيهِ تَخْوِيفٌ، كَمَا أَنَّ التَّبْشِيرَ إخْبَارٌ فيهِ سُرُورٌ) (إنذَار) بریتیه له هەواڵدانێك كه ترساندنی لەگەڵ دابێ، هەر وەك چۆن (تَبشير) بریتیه له هەواڵ پێدانێك كه دڵ خۆشیی تێدابێ.

(بَرِيٓءٞ): (أَصْلُ البُرءِ وَالبَرَاءَةِ وَالتَبرِّي: التنحِّي مِمّا يُكْرَهُ مجاورَتُهُ، وَلَذَا قِيْل بَرِئْتُ مِنَ الـمَرَضِ بَرأً يبرَءُ)، (تَبرِّي) بریتیه لەوە كه مرۆڤ خۆی له شتێك بە دوور بگرێ، كه پێی ناخۆش بێ لێی نزیك بێ، بۆیە گوتراوە: له نەخۆشییەكەم چاك بوومەوە، له زمانی عەرەبیدا دەگوترێ: (بَرِئْتُ مِنَ الـمَرَضِ) چونكه خۆی دوورگرتوە له نەخۆشییەكەی، كه ئەو پێی ناخۆشە هەیبێ.

(خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ): واته: خۆیان لەدەستداوە، یان خۆیان دۆڕاندوە (أَضَاعُو وَأَهْلَكُوا أَنْفُسَهُم) مرۆڤ كه دەستمایەكەی كەم بكات، یان نەمێنێ، زەرەری كردوە.

مانـای گـشـتی ئایەتەکـان

پێشتـر باسـمان کرد کە دە (١٠) ئایەتی پێشێ وەك پێشەکی وابوون، بـۆ کـۆی بـاس‌و بابەتـەکانی سـوورەتی (الأنعـام)، کـە وەك گوتمـان: سـوورەتی (الأنعـام) زیـاتر باسـی یەکتـایی خـوا ﷻ دەکات، کـە تەنیـا خـوا بەدیهێنـەرە، وە تـەنیا خـواش دەبـێ پەرسـتراو بێ‌و بەندایەتیی بۆ بکرێ، ئنجا ئـەم دەرسـەمان، تـەوەرە سـەرەکییەکەی بریتیـە لـەوە کـە خـوا ﷻ دە (١٠) جـاران بـە پێغـەمبەری ﷺ دەفـەرموێ: بلّـێ، واتـە: پێیـان بلّـێ، چەند پرسیارێکـیان لـێ بکـە، یان چەنـد فەرمانێکیان پـێ بکـە: کە ئایا ئەوانـەی تەنیـا خوایـان بـە پەرسـتـراو دانـەناوەو، جگـە لـە خـوا شـتی دیکـەیان پەرسـتوە سـەرەنجامیان چۆن بـووە؟ وە کـۆمەڵێك لـە سیفەتەکانی خـوای بـێ هاوتـا کـە بەڵـگەو پاسـاوی ئـەوەن، کـە دەبـێ تـەنیا ئـەو بەندایـەتیی بـۆ بکـرێ‌و بپەرسـترێ، تـەوەرە سـەرەکییەکەی ئەوەیـە.

سـەرەتا خـوای کـاربەجـێ دەفـەرموێ: ﴿ قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ ٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴾، بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: تۆ پێیـان بلّـێ، بـە هـاوبەش بـۆ خـوا دانـەرەکان بلّـێ: بـە زەویـدا بـڕۆن، پاشـان سـەرنج بـدەن‌و وردبنـەوە ! ﴿ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴾، ئایا ئەوانەی پێغـەمبەرانیان بە درۆ دانـاوەو بێبـڕوابوون بە پێغـەمبەران، بـە کـتێبەکـانی خـوا، سـەرەنجامیان چۆن بـووە؟ تەماشـا بکەن! واتە: ئەگـەر سـەرەنجامی ئـەوان تەماشـا بکـەن، پەنـدیان لـێ وەردەگـرن‌و، ئێـوە وەك ئەوان ناکـەن، چونکە ئەم دنیـایە شاری بێ خاوەن نیە، خـاوەنێکی هەیـە کـە خـوای پەروەردگـارە، وە ئەو خاوەنـە شـایستەی ئەوەیـە کـە تـەنیا ئـەو بەندایـەتیی بـۆ بکـرێ‌و ملکەچیی بۆ بکرێ، کە بەندایەتیی کردنەکـەمان بـۆ ئـەوو ملکـەچ کردنمـان تـەنیا بـۆ ئـەو، ئەوەیـە کـە ئـەو هیـدایەت بەرنـامەیەی ئـەو دەینێـرێ بـە پێغەمبـەرانی خۆیـدا (علیهم الصلاة والسلام)، لێیـان وەربگـرین، وە ژیـانی خۆمـان: ژیـانی تاکـییمان، ژیـانی کۆمەڵایەتییمـان، سیاسییمان، بە هەموو ڕەهەندەکانیانەوە، بەو شێوەیە بگوزەرێنیـین‌و ڕێك بخـەین، کە هیدایەت‌و بەرنـامەی خوا دیـاریکـردوە.

ئنجا دیسان بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: پرسیارێکی دیکەیان لێ بکات: وە سەرنجیان وەردەسووڕێنێ بۆ کتێبی بوونەوەرو، دەفەرموێ: ﴿ قُل لِّمَن مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾، پێیان بڵێ: ئایا هەرچی لە ئاسمانەکانو زەویدا هەیە، هی کێیە؟! کێ دەتوانێ بڵێ: خاوەنی خۆرم، خاوەنی مانگم، خاوەنی ئەستێرەکانم، خاوەنی بارانم، خاوەنی چیاکانم، خاوەنی کانیو سەرچاوەکانم! کەس هەیە بتوانێ ئیددیعای ئەوە بکات؟ بێگومان نەخێر، هەر خوای بالادەست خاوەنیانە، جا ئەو پرسیارکردنە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێ (الأسلوب التقريري) واتە شێوازی ئەوە کە تۆ بەرانبەرەکەت ناچار بکەی دان بەوەدا بێنێ، کە تۆ مەبەستتە، نەك وەڵامێکی دیکە بداتەوە: کێ خاوەنی هەرچییەکە کە لە ئاسمانەکانو لە زەوی دایە؟

﴿قُل لِّلَّهِ﴾، بڵێ بێگومان هەر خوا، هەمووی هی خوایەو، هەر خوا خاوەنە، ﴿كَتَبَ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَ ﴾، بەزەیی نواندنی بەرانبەر بە دروستکراوەکانی لەسەر خۆی پێویست کردوە، واتە خوا ﷻ کە پێغەمبەری بۆ ناردوون، وە کتێبی پێدا ناردوە، لە سۆنگەی ئەوەوەیە کە خوا بەزەیی بە ئێوەدا هاتۆتەوەو ڕەحمتان پێ دەکات، بۆیە پێغەمبەری بۆ ناردوون، کە موحەممەدە ﷺ، کە تەواوکەری کاری هەموو پێغەمبەرانی پێش خۆیەتی، وە کتێبی بۆ ناردوون، کە بریتیە لە فەرمایشتی خۆی، ئەوە لە ڕووی ڕەحمو بەزەییەوە، ئەوەی لەگەڵ ئێوەدا کردوە، کەواتە: ڕەحمەتی خوا وەربگرنو وابکەن کە ڕەحمەتی خوا بتانگرێتەوە، ﴿لَيَجۡمَعَنَّكُمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا رَيۡبَ فِيهِ ﴾، وە بە دڵنیایی یەوە هەر بەهۆی بەزەیی خۆشیەوە خوا بڕیاری داوە، چونکە ئەو (ل) لامە لامی قەسەمە، یانی: سوێند بە خوا، خوا کۆتان دەکاتەوە بەرەو گۆڕەپانی ڕۆژی قیامەت، کە هیچ گومانی تێدا نیە ئەو ڕۆژە دێ، ئەویش هەر بەهۆی بەزەیی خۆیەوە، تاکو چاکەی چاکەکاران زایە نەبێ، وە ئەوانەی ستەمیان کردوە، لێیان بپرسرێتەوە کە ئەوەش دیسان بەزەییو ڕەحمەتی خوایە، کە ئەوەی کردوە، ئەدی ئایا ئەوانەی بێبڕوان چییان لێ دێ؟ سەرەنجامیان چۆن دەبێ؟ دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴾،

ئەوانەی خۆیانیان لە دەست داوە، بۆیە بڕوا ناهێنن، دیارە ئەو تەعبیرە زۆر وردەو دەبێ باش سەرنجی لێ بدەین: ئەگەر وەك ڕواڵەت تەماشای بکەین، ئاوایە: ئیمان نەهێنان هۆکارە، خۆ لە دەست دان دەرەنجامە، دەبوو فەرمووبای: (ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمْ) ئەوانەی ئیمان ناهێنن، خۆیان لەدەست داوە، بەهۆی نەبوونی ئیمانەوە، لەسەر بوونەکەی خۆیان قەرزار دەبنەوە، بەڵام خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾، ئەوانەی خۆیانیان لەدەست داوە، بۆیە ئیمان ناهێنن، بۆچی ئەو شێوازە بەکارهاتوە؟ ئەمە وەك دواییش باسی دەکەین، خوای زانا ئەوەی گرنگە، کە ئەنجامەکەیەو دەرەنجامەکەیە، پێشی خستوەو، هۆکارەکەی دوا خستوە، یاخود بۆیە ئەو شێوازە بەکارهاتوە کە: ئەوانەی خوای بێ وێنە بە شایستەی ئەوەی نەزانیون دەربازو سەرفرازبن، وە دۆڕانی لە چارەنووسیون، ئەوانەن کە بڕوا ناهێنن، واتە: بە هۆی ئەوەوە کە خوا دۆڕانی لە چارە نووسیون، بۆیە ئیمان ناهێنن.

ئنجا جارێکی دیکە سەرنجیان ڕادەکێشێ، بۆ کات (زمان)، پێشێ سەرنجی ڕاکێشان ــ وەك توێژەرەوانی قورئان گوتوویانە ــ بۆ شوێن (مکان) هەرچی لە شوێنەکان دا هەیە، وە فەرمووی: ﴿ قُل لِّمَن مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ قُل لِّلَّهِ ﴾، هەرچی شوێنێك لە ئاسمانو زەوی دایە، هەمووی هی خوایە، ئنجا سەرنجیان ڕادەکێشێ بۆ (زمان)، هەرچی لە کاتەکاندایە، دەفەرموێ: ﴿وَلَهُۥ مَا سَكَنَ فِى ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ ﴾، چونکە دوو حاڵەت ئەگەریان هەیە لە کاتەکاندا: یا تاریکیی، یان ڕووناکیی، یان شەو، یان ڕۆژ، واتە: لە تاریکییدا، یان لە ڕووناکییدا، هەر ئەو دوو حاڵەتەش هەن، هەموو بوون بگەڕێ، یان تاریکە، یان ڕووناکە، یان شەوە، یان ڕۆژە، یانی: هەرچی لە شەودابێو هەرچی لە ڕۆژدابێ، هەمووی هی خوایە ﷻ ﴿وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴾، وە خوا بیسەری زانایە، وا مەزانە کە لە تاریکییدابن دەنگتان نابیستێ، هەمیشە خوا پێتان زانایەو ئاگادارە، کەواتە: خوا خاوەنداریێتیی

ڕەهای هەیە بۆ هەموو شتێك، هەرچی لە هەر شوێنێکە، وە هەرچی لە هەر کاتێکدایە، هەر خوا خاوەنیەتی، ئنجا مادام وابێ: دەبێ تەنیا هەر ئەویش پەرستراوبێ، بۆیە دوایی دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيّٗا فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾، بڵێ: ئایا بێجگە لە خوا ﷻ سەرپەرشتیارێکی دیکە بگرم، کەسێکی دیکە بکەمە مشوورخۆری خۆم، کە شێوازی ژیانم فێربکات‌و، حەڵاڵ‌و حەرامم بۆ دابنێ‌و، ئەمرو نەهیم ئاراستە بکات؟ وە بزانم داخۆ چۆن بژیم؟ چۆن نەژیم؟ ژیانی خۆم چۆن ڕێك بخەم؟ ئایا جگە لە خوا کەسێکی دیکە شایستەیی ئەوەی هەیە بیکەمە سەرپەرشتیارو مشوورخۆری خۆم؟ ﴿ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾، لە حاڵێکدا کە ئەو بەدیهێنەرو پەیداکەری ئاسمانەکان‌و زەوییە، ﴿ وَهُوَ يُطۡعِمُ وَلَا يُطۡعَمُ ﴾، وە لە حاڵێکدا کە خوا خۆراك دەدا بە غەیری خۆی، وە هیچ کەس خۆراك نادا بەو، واتە: هەموو شتێك پێویستە ئەو بیژیەنێ، بەڵام ئەو پێویستی بە غەیری خۆی نیە؟ ئەو پرسیارکردنە دیارە پرسیارکردنی نکوڵیی لێکەرانەیە (الإستفهام الإنكاري) واتە: تۆ چاوەڕێی وەڵام ناکەی، وەڵامەکەی لەنێو خۆیدایە، ئەگەر تۆ بە کەسێك بڵێی: ئەوە مێز نیە؟! ئەدی ئەوە دیوار نیە؟ ئەوە گڵۆپ نیە؟ ئاماژەش بکەی بۆ گڵۆپ، واتە: گڵۆپە، واتایەکەی لەنێو خۆیدایە، لێرەشدا کە دەفەرموێ: ئایا جگە لە خوا بکەم بە سەرپەرشتیاری خۆم‌و، مشوورخۆری خۆم‌و، دۆستی خۆم، لە حاڵێکدا کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان‌و زەوییەو، ئەو بژیوو خۆراك دەدات بە غەیری خۆی، وە ئەو خۆراکی پێ نادرێ؟ واتە: هەموو شتێ پێویستی بەو هەیە، بەڵام ئەو پێویستی بە هیچ شتێك‌و هیچ کەسێك نیە، ﴿ قُلۡ إِنِّيٓ أُمِرۡتُ أَنۡ أَكُونَ أَوَّلَ مَنۡ أَسۡلَمَ ﴾، بڵێ: فەرمانم پێکراوە، کە یەکەم کەس بم کە ملکەچ دەبم بۆ خوا ﷻ، وە من یەکەم کەسم کە ملکەچ دەبم بۆ خواو قەناعەتم پێیەتی، ﴿ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴾، وە نەهییم لێکراوەو پێم گوتراوە: لە هاوبەش بۆ خوا دانەران مەبە، لەوانە مەبە کە هاوبەش بۆ خوا دادەنێن.

ئنجا جارێکی دیکە دیسان خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنۡ عَصَيۡتُ رَبِّي عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ﴾، پێیان بڵێ: من ئەگەر سەرپێچیی لە پەروەردگارم بکەم، لە ئازاری ڕۆژێکی مەزن دەترسم، واتە: من کە پێغەمبەری خواو هەڵبژێردراوی خوام، لە کاتێکدا سەرپێچیی لە پەروەردگارم بکەم، لە ئازارو سزای ڕۆژێکی مەزن دەترسێم، ئایا ئێوە لێی ناترسن، ئەی موشریکەکان؟ ئێوە زیاتر شایستەی ئەوەن کە بترسێن، من پێغەمبەری خواو، هەڵبژاردەی خواو، خۆشەویستی خوام، لێی دەترسێم، ئەدی ئێوە چۆن لێی ناترسێن ؟

﴿ مَّن يُصۡرَفۡ عَنۡهُ يَوۡمَئِذٖ فَقَدۡ رَحِمَهُۥۚ وَذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡمُبِينُ ﴾، هەر کەسێك ئەو سزایەی لێ لابدرێ لەو ڕۆژەدا، ئەوە بە تەئکید خوا بەزەیی لەگەڵ نواندووە، وە هەر ئەوەش بردنەوەو سەرکەوتنێکی ئاشکراو ڕوونە، کەواتە: بە هۆی چییەوە، سزای ڕۆژی مەزن لە ئینسان لادەدرێ؟ بە هۆی خوا بەیەکگرتنو ئیمانەوە، بە هۆی ئەوەوە کە بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەی کە شایستەیەتی، کەواتە: ئێوەش هەوڵبدەن ئیمان بێنن، وە خوا بەیەکگربن، بۆ ئەوەی خوا بەزەیی پێتاندا بێتەوە لەو ڕۆژەدا، وە تاکو ئەو سەرکەوتنو بردنەوە مەزنەتان بەقسمەت بێ.

ئنجا دوایی خوای پەروەردگار ڕوو لە پێغەمبەر ﷺ دەکات، بەڵام بە تەئکید مەبەست پێی هاوبەش بۆ خوادانەرەکانە، وەك دەڵێ: (دیوار لەگەڵ تۆمە، گوێسوانە گوێت لێ بێ) چونکە هەڕەشەیە لەوان، بەڵام ڕووی نواندن لە پێغەمبەری خوایە، دەفەرموێ: ﴿ وَإِن يَمۡسَسۡكَ ٱللَّهُ بِضُرّٖ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَۖ وَإِن يَمۡسَسۡكَ بِخَيۡرٖ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴾، وە ئەگەر خوا ﷻ بیەوێ زیانێکت تووش بکا، هیچ کەس لێت لانابات، وە ئەگەر بیەوێ چاکەیەکیشت تووش بکات، لەسەر هەموو شتێك بە توانایە، ئنجا مادام هەر خوا زیان گەیاندنو سوود گەیاندنی بەدەستە، کەواتە: دەبێ هەر ئەو بپەرسترێ، وەك گوتم ئەوانە هەموویان بەڵگە هێنانەوەن، کە دەبێ تەنیا خوا ﷻ بەندایەتیی بۆ بکرێ، تەنیا خوا ملکەچیی بۆ بکرێو بپەرسترێ، بەڵام ئاگاداربن! کە تەنیا خواپەرستن، واتە: ئەوپەڕی ملکەچیی و

ئەوپەڕی خۆشویستنو، ئەوپەڕی لێترسانو، ئەوپەڕی بە گەورەگرتنو، ئەوپەڕی پشت پێ بەستن، تەنیا بۆ خوا بێ، وە ئەمەش ئەوە دەخوازێ کە هەرچی پێغەمبەری خوا موحەممەد ﷺ لە خواوە هەواڵی پێدەداو دەیهێنێ، هەموویت قبوولّ بێ، بە عەقڵ تێی بگەی، بە دڵ قبووڵت بێ، بە زمان دانی پێدابێنی، وە بە ئەندامەکانی جەستەشت جێبەجێی بکەی، ئەوە مانای بەندایەتییە، نەك لێرەدا خەڵکی بە سادەییو بە شێوەیەکی جوزئیی لێی تێبگات، کە: نوێژو ڕۆژووی تەنیا بۆ خوا بێ، بەڵام دوایی لە بواری سیاسییو لە بواری کۆمەڵایەتییو، لە بواری ئابووریی دا، گوێ نەداتە شەریعەت! نەخێر، تەنیا خوا پەرستن، وە تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا کردن، واتە: لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ملکەچی خوا بێ.

ئنجا خوای پەروەردگار لەسەر زیاتر خستنەڕووی سیفەتەکانی خۆی بەردەوام دەبێو دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ ﴾، وە خوا بەسەر بەندەکانییەوە باڵادەستەو مل پێ کەچکەریانە، ﴿ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ﴾، وە خوا کاربەجێیەو شارەزایە.

ئنجا جارێکی دیکە ڕوو لە پێغەمبەر ﷺ دەکاتو دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَٰدَةً ﴾، پێیان بڵێ: چ شتێك شایەدییەکەی گەورەترە، چ شتێك ئەگەر شایەدیی بدا شایەدییەکەی لە هی هەموو کەس گەورەترە؟ ﴿ قُلِ ٱللَّهُ ﴾، بڵێ خوا، شایەدییدانی خوا لە شایەدییدانی هەموو کەسێكو شتێك گەورەترە، کەواتە پێیان بڵێ: ﴿ شَهِيدٌۢ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ﴾، بڵێ: خوا لە نێوان ئێمەو ئێوەدا شایەدە، واتە: خوا شایەدی منە کە من پێغەمبەری خوام.

ئنجا ئایا شایەدییدانی خوا بۆ (محمد) پێغەمبەر ﷺ کە پێغەمبەری خوایە، لە چیدا بەرجەستە بووە؟ ﴿ وَأُوحِىَ إِلَىَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ ﴾، یانی: شایەدیی دانی خوا بۆ من، لەوەدا بەرجەستە دەبێ، کە ئەم قورئانەم بۆ نێرراوە لەلایەن خواوە، کەواتە: ئەم قورئانە بەڵگەو موعجیزەو ئیسپاتکەری پێغەمبەرایەتیی موحەممەدە ﷺ،

پێغەمبەری خوا ﷺ غەیری قورئان بەڵگەیەکی دیکەی نەهێناوەتەوە بۆ ئیسپاتی پێغەمبەرایەتیی خۆی، هەرچەندە زۆر موعجیزەی دیکەی هەبوون، بەڵام بۆ ئیسپاتی پێغەمبەرایەتیی خۆی، بەس ئەم قورئانەی بە بەڵگە هێناوەتەوە، بۆچی؟

چونکە ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ نموونە: ئاو هاتن لە نێوان پەنجەکانی، کە چەند جار ئەوە دووبارە بۆتەوە، وە زۆربوونی خواردنی کەم، خواردنێکی کەم بەشی دوو سێ نەفەری کردوە، بەڵام دوایی چەند سەد نەفەر لێیان خواردوە، دوای ئەوەی دووعای لەسەر کردوە، وە ئەوە کە دەنکە چەوو بەرد، تەسبیحاتی لەدەست دا کردوە، وە ئەوە کە هەور سێبەری لێکردوە، وە ئەوە کە ئەو بنکە دارخورمایەی وتاری لەسەر دەدا، وەك بەچکە حوشتر ناڵاندی و گریا، کاتێك پێغەمبەر ﷺ لەسەری لاچوو، چونکە مینبەرێکیان بۆ دروست کرد، چووە سەر مینبەرەکە، وە ئەوانەی لە مزگەوتەکە دا بوون، هەموویان گوێیان لێ بوو کە وەك بەچکە حوشتر باڕاندی، هەتا پێغەمبەر ﷺ لە مینبەرەکە دابەزیو چوو دەستێکی پێدا هێنا، ئەمجار بێدەنگ بوو، وە زۆر شتی دیکەی لەو جۆرانە[(١)].

ئەگەر پێغەمبەر ﷺ یەکێك لەو شتانەی کردبایە بەڵگە لەسەر پێغەمبەرایەتیی خۆی، ئێمە ئێستا پەکمان دەکەوت، چونکە ئەوانەی ئەوکاتە بینیویانە، هەر بۆ ئەوان دەبووە بەڵگە، ئەدی ئێمە چی بکەین؟! بەڵام نەخێر، خوا موعجیزەو بەڵگەیەکی داوە بە پێغەمبەری خاتەم (موحەممەد) ﷺ کە ئەو کاتەو ئێستاو دوای ئێستاو لە هەموو کاتو شوێنەکاندا، وەك یەك بەڵگەیە، کە قورئانە، ئەم قورئانە کە خوا بۆ پێغەمبەری ﷺ ناردوە، وە تەحەددای ئینسو جندی پێکردوەو پێشێ فەرموویەتی: قورئانێکی وا بێنن، دوایی بۆی سووك کردوونو فەرموویەتی دە (١٠) سوورەتی وا بێنن، دوای سووکتری کردوەو فەرموویەتی: یەك سوورەتی وا بێنن، ئەگەر بڕوا ناکەن، بەوە کە قورئان فەرمایشتی خوایە، بۆ پێغەمبەری خۆی ﷺ ناردوە، بەڵام هەر نەیانتوانیوە، کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ قُلِ ٱللَّهُ شَهِيدُۢ بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡۚ

---

١) لە بەرگی چوارەمی کتێبی: (الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله) کە باسی پێغەمبەری خاتەم (محمد) ﷺ و سیرەو ژیانو موعجیزەکانی تێدایە، زۆرێك لەو موعجیزانەی لەسەر دەستی ڕوویان داوە تۆمارکراونو ئاماژە بە سەرچاوەکانیان کراوەو دەقەکانیان (تخريج) کراون.

﴿ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ ﴾، بلێ خوا لە نێوان منو ئێوەدا شایەدەو ئەم قورئانەم بە سروش بۆ نێردراوە، واتە: شایەدیی دانی خوا بۆ ڕاستیەتی پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەری خۆی (موحەممەد) ﷺ لەم قورئانەدا بەرجەستەیە.

ئنجا ئایا خوا ئەم قورئانەی بۆچی بۆ ناردوە؟ ﴿ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ ﴾، بۆئەوەی ئێوەی پێ بترسێنم، وە هەر کەسێکی دیکەش کە پێی دەگات، ئنجا دوایی پێغەمبەر ﷺ دیسان دەپرسێ، کە خوا پێی دەفەرموێ: ﴿ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ ٱللَّهِ ءَالِهَةً أُخْرَىٰ ﴾، ئایا ئێوە شایەدیی دەدەن کە لەگەڵ خوادا پەرستراوی دیکە هەن؟ ئایا شایەدیی وا دەتوانن بدەن؟ ﴿ قُل لَّآ أَشْهَدُ ﴾، بڵێ: من شایەدیی وا نادەم، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ شایەدیی بە هەق نەبێ نادات، بەڵام هەر کەسێ بڵێ: بەڵێ، خوا پەرستراوی دیکەی لەگەڵدا هەن، شایەدییەکی بە درۆی داوە، وە بۆی ئیسپات نابێ، چونکە غەیری خوای بێهاوتا، هەمووی دروستکراوی خوایە، دروستکراوی خواش نابێ وەك خوا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، چونکە دروستکراوی خوا، یان وەك خۆتە، کە بەشەرە، یان لە خوار خۆتە، کە شتەکانی دیکەن، ﴿ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ﴾، بڵێ: بێگومان ئەو (واتە: خوا ﷻ) پەرستراوی بەهەقە، تەنیا یەك پەرستراوە، ﴿ وَإِنَّنِى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴾، وە بێگومان من دوورمو حاشا دەکەم لەوەی ئێوە دەیکەن بە هاوبەش بۆ خوا.

ئنجا خوا بەڵگەو شایەدییەکی دیکە لەسەر ڕاستێتیی موحەممەد ﷺو پێغەمبەرایەتییەکەی باس دەکات، کە بریتییە لە شایەدیی دانی خاوەنی کتێبەکان، دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمُ ﴾، ئەوانەی کتێبمان پێداون، دەیناسن، وەك چۆن کوڕەکانی خۆیان دەناسن، دەگونجێ مەبەست لە (دەیناسن) واتە: موحەممەد ﷺ دەناسن، یاخود قورئان دەناسن، کە کتێبی خوایە، وەك چۆن کوڕەکانی خۆیان دەناسن.

گێڕراوەتەوە كە عومەری كوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێ بە عەبدوڵلای كوڕی سەلامی گوتوە: (أتَعرِفُ مُحَمَّداً كَمَا تَعْرِف ابنَك؟)، واتە: ئایا موحەممەد ﷺ دەناسی وەك چۆن كوڕی خۆت دەناسی؟ ئەویش گوتوویەتی: بەڵێ زیاتریش لە كوڕەكەم موحەممەد دەناسم كە پێغەمبەری خوایە، چونكە خوا بە ئەمینی ئاسمانی دا كە بریتیە لە جبریل، ناردوویەتی بۆ ئەمینی سەر زەوی، كە موحەممەدە ﷺ، وە نیشانەكانی هەموو لە كتێبەكانی ئێمەدا هاتوون لەبەرئەوە من زیاتر لەوەی كە دەزانم كوڕەكەم كوڕی منە زیاتر لەوە دەزانم كە موحەممەد پێغەمبەری خوایە ﷺ، زۆربەی تەفسیرەكان ئەو پرسیارەو وەڵامەی نێوان عومەرو عەبدوڵلای كوڕی سەلامیان هێناوە خوا، لە هەردووكیان ڕازی بێ[1].

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ﴾، جارێكی دیكە دووبارەی دەكاتەوە دەفەرموێ: ئەوانە خۆیان لەدەست داوە، بۆیە ئیمان ناهێنن، كە وەك گوتم لەڕاستیدا ئیمان نەهێنانیان، هۆكاری خۆ لەدەست دانیانە، بەڵام خوای پەروەردگار دەرەنجامەكەی پێش خستوە.

لە كۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ﴾، وە كێ ستەمكارترە لە كەسێك درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستێ، یاخود ئایەتەكانی خوا بە درۆ دەزانێ، واتە: یەكێك لەو دوو گوناهە، یان هەردووكیان دەكات، ﴿مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا﴾، درۆ بە ناوی خواوە دەكات، واتە: دەڵێ: هاوبەشی هەن، ئەوەش درۆ هەڵبەستنە بۆ خوا، ﴿أَوۡ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ﴾، یاخود ئایەتەكانی خوا بە درۆ دەزانێ، واتە: بڕوا بە پێغەمبەرایەتیی موحەممەد ﷺ ناكات، وە بڕوا بەوە ناكات كە قورئان بۆ موحەممەد ﷺ هاتوە، واتە: هەر كەسێك یەكێ لەو دوو گوناهەی هەبێ، لە هەموو كەس ستەمكارترە، چ جای هەردووكیانی هەبن، ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾، بێگومان ئەوانەی ستەمكارن، سەرفراز نابن.

---

١) الجامع لإحكام القُرآن: ج٢، ص١٤٤.

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: کە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ ٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿١١﴾ ﴾، ئەم تەعبیرە بەلای کەمەوە لە دوو شوێنی دیکە لە قورئاندا هاتوە:

١/ لە سوورەتی (النمل)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٦٩﴾ ﴾، واتە: بڵێ بە زەویدا بڕۆنو سەرنج بدەن، سەرەنجامی تاوانباران چۆن بووە؟

٢/ لە سوورەتی (العنكبوت)دا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ بَدَأَ ٱلْخَلْقَ ۚ ثُمَّ ٱللَّهُ يُنشِئُ ٱلنَّشْأَةَ ٱلْءَاخِرَةَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٠﴾ ﴾، واتە: بڵێ بە زەویدا بڕۆن سەرنجیش بدەن خوا چۆن دروستکراوەکانی دەست پێکردوە، دواییش بۆ جارێکی دیکە دوای ئەوەی کە فەوتان، دەیانهێنێتە کایەوەو دروستیان دەکاتەوە؟!

ئەوە نوکتەیەکی ڕەوانبێژییە، زیاتر ئەوانەی پسپۆڕی زمانی عەرەبیین، لێی تێدەگەن، دەڵێن: لەم ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ ٱنظُرُوا۟ ﴾، واتە: بڵێ بە زەویدا بڕۆنو دوایی سەرنج بدەن، بەڵام لە سوورەتی (النمل)دا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ ﴾، بە زەویدا بڕۆنو سەرنج بدەن، لە وێ بە (ثُمَّ)، لێرە بە (ف) ئایا جیاوازییان چییە؟! (ثُمَّ) لەگەڵ پیتی (ف) هەردووکیان بۆ (عَطْف)ن، ئەگەر بڵێی: (جاء زيد فعمر) یان (جاء زيد ثم عمر) یەکەمیان واتە: زەید هات یەکسەر بە دوایدا عومەر هات، بەڵام دووەمیان واتە: زەید هات دوای ماوەیەك عومەریش هات، کەواتە: هەردووکیان بۆ

(عَطْف)ن، بەڵام وشەی (ثُمَّ)، دەڵێ: بەکاوەخۆ (تراخي) و دووریی (بعد) دەگەیەنێ، واتە: ماوەیەکی پێ دەچێ، بەڵام (ف) یەکسەر بەدوایدا، جا ئەوە لێرەدا یانی چی؟ ئەوەی یەکەمیان کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟﴾، واتە: کە بە زەویدا ڕۆیشتن، یەکسەر سەرنج بدەن، ئەوەی دیکە دەفەرموێ: ﴿قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ ٱنظُرُوا۟﴾، بە زەویدا بڕۆنو، دوایی بە کاوەخۆ سەرنج بدەن، ئەویش چونکە مرۆڤ دوو حاڵەتی هەن:

١- جاری وایە ئینسان سەفەر دەکات، سەفەرێکی ئاسایی دەکات، بازرگانییە، گەشتێکە، خوا دەفەرموێ: لەو حاڵەتەدا کە تۆ سەفەر دەکەی، یا بۆ مەبەستێکی دیکەش سەفەرت کرد بێ، مادام دیاردەو دیمەنەکان دەبینی، سەرنجان لێبدە، ﴿قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ ٱنظُرُوا۟﴾.

٢/ چونکە مەبەستتان لە سەفەرەکەتان سەرنجدانی ئایەتەکانی خوای پەروەردگارە، بڵێ بە زەوی دا بڕۆنو یەکسەر سەرنج بدەن، ﴿قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟﴾.

ئنجا ئەم ئایەتە سێ شتی لێ وەردەگیرێن:

أ/ کە خوا دەفەرموێ: پێیان بڵێ: بە زەویدا بڕۆنو سەرنج بدەن، سەرەنجامی ئەوانەی کە پێشتر پێغەمبەرانیان بەدرۆ زانیوە، چۆن بووە؟ واتە: ئێوەش بترسێن، ئەگەر وەك وان بکەن، وەك وانتان بەسەر بێ، چونکە هەر کەسێك بە ڕێی کەسێکدا بڕوات، ئەو کەسە بە چ سەرەنجامێك گەیشتوە، ئەویش بە هەمان سەرەنجام دەگات.

ب- ژیانی بەشەر بە یاساکانی خوا بەڕێوە دەچێ، وە ئەوەش یاسای خوایە، کە ئەوانەی پێغەمبەران بەدرۆ دەزانن، ئەوانە گوناهبارو تاوانبارنو سزا دەدرێن، کەواتە: ئەوە یاسایەکی خوایەو ناگۆڕێو گۆڕانی بەسەردا نایەت، وەك دەفەرموێ: ﴿فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا ۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحْوِيلًا ﴿٤٣﴾﴾ فاطر،

واتە: سوننەتی خواو یاسای خوا نە دەگۆڕدرێو نە لادەدرێ، کەواتە: تەماشا بکەن، لە پێش ئێوەدا هەر کەسێك پێغەمبەرانی خوای بەدرۆ زانیبێ سەرەنجامەکەی خراپ بووە، کەواتە: ئێوە وەك وان مەبن، چونکە ئەوە یاسای خوایەو بەسەر ئێوەشدا دەچەسپێ، وەك چۆن بەسەر ئەوانی پێش ئێوەدا چەسپیوە.

ج- خوا دەفەرموێ: لە مێژوو بکۆڵنەوە، وە خوا فەرمان بە بەشەر دەکات کە لە مێژوو بکۆڵێتەوە: ﴿ قُلۡ سِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ ﴾، بە زەویدا بڕۆن، چونکە گەڕان بە زەویدا دوو گەڕانە: سەفەرکردنی کردەیی، وە سەفەرکردنی تیۆریی، گەڕانی کردەیی، ئەوەیە کە هەر بە کردەوە بڕۆی بۆ وێنە: بچی بۆ میسر، ئەهرامەکان ببینی، وە بچی شوێنی عادو سەموود ببینی، لەلای شام نێوان شامو دوورگەی عەرەبیی دا، وە بچی بۆ یەمەن سەددی مەئریبو شوێنەواریی سەبەئییەکان ببینی، وە بچی بۆ شوێنەکانی دیکە، لە هیند لە چین ... هتد، وە حاڵەتێکی دیکەی گەڕان بریتییە لە گەڕانی فیکریی، واتە: کتێب بخوێنیەوەو مێژوو بخوێنیەوە، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ سِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ ﴾، هەردووکی دەگرێتەوە، واتە: هەم بە جەستە بڕۆی بگەڕێی، بپشکنی، یاخود کتێب بخوێنیەوەو سەرچاوەکانی مێژوو بپشکنی، کە میللەتان سەرەنجامیان چۆن بووە؟ بەتایبەت ئەوانەی کە پێغەمبەرانی خۆیان بە ناڕاست داناوە، وە سەرپێچییان لێکردوون.

مەسەلەی دووەم: کە دەفەرموێ: ﴿ قُل لِّمَن مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ قُل لِّلَّهِۚ كَتَبَ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَۚ لَيَجۡمَعَنَّكُمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا رَيۡبَ فِيهِۚ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴾، خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: پرسیاریان لێ بکات، کە ئەم شێوازە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێ: (الأسلوب التقريري) واتە: شێوازێك کە تۆ بەرانبەرەکەت ناچار بکەی دانی پێدابنێ، واتە: پرسیارێکی لێ بکەی کە وەڵامەکەی دیار بێ، بۆ نموونە: ئاوت لە پێش بێ،

پێی بڵێی: ئەوە ئاو نیە؟! ئاگرت لە پێش بێ، پێی بڵێی: ئەوە ئاگر نیە دەسووتێ؟ ... هتد، خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەگەر لێیان بپرسی بڵێی: هەرچی لە ئاسمانەکانو زەوی دا هەیە، هی کێیە؟ ئەگەر کەسێ ئیحتیرامی عەقڵی خۆی بگرێ، هەر دەڵێ: هی خوایە، خۆ ناڵێ هی منە، یا هی فلان کەسە، ئەدی لە پێش ئەودا، ئەدی لە دوای ئەو کە ئەو دەفەوتێ؟ لێرەدا مەبەست لەم پرسیارو وەلامە ئەوەیە کە مادام خوا خاوەنی ئاسمانەکانو زەوییەو ئەوەی لە ئاسمانەکانو زەوی دایە، خاوەنەکەی خوایە، کەواتە: دەبێ هەر ئەو بپەرسترێو، بەندایەتیی بۆ بکرێو، هەر ئەو بە پەروەردگار بزانرێ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ قُل لِّلَّهِ ﴾، بۆخۆت وەلام بدەوە، بڵێ: هەرچی لە ئاسمانەکانو زەویدایە هی خوایە.

ئنجا خوا ﷻ باسی سیفەتێکی دیکەی خۆی دەکات کە بریتیە لە بەزەیی نواندن، بەلام بە شێوازێك نا کە بفەرموێ: (هو الرحمن) یان (هو الرحیم) (هو یرحمکم)، بەڵکو دەفەرموێ: ﴿ كَتَبَ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ ﴾، لەسەر خۆی ڕەحمەتی پێویست کردوە، واتە: لەسەر خۆی پێویستی کردوە کە بەزەیی بە دروستکراوەکانی دابێ، دیارە خوا ﷻ هیچ شتێکی لەسەر پێویست نیە، بەلام ئەگەر بۆخۆی لەسەر خۆی پێویست بکات، دەبێ، ئنجا ئەوە لە نێوان ئەشاعیرەو موعتەزیلەدا، کێشەو مشتومڕێکی زۆری لەسەرە: موعتەزیلە گوتوویانە: دەگونجێ خوا شتی لەسەر پێویست بێ، ئەشاعیرە گوتوویانە: خوا ناگونجێ شتی لەسەر پێویست بێ، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾ الأنبیاء، واتە: خوا پرسیاری لێ ناکرێ لەوە کە دەیکات، ئەوان پرسیاریان لێ دەکرێ.

بەلام وەلامی ڕاست ئەوەیە، کە هیچ کەس ناتوانێ هیچ شتێك لەسەر خوا پێویست بکات، بەلام خوا ئەگەر بۆخۆی شتێکی لەسەر خۆی پێویست کرد، ئەوە لەسەر خۆی پێویستی دەکات، بۆ وێنە دەفەرموێ: ﴿ وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا

﴿نَصۡرُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٤٧﴾ الروم، واتە: هەقە لەسەر ئێمە یارمەتی ئیماندااران بدەین، یان دەفەرموێ: ﴿كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغۡلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِيٓۚ...٢١﴾ المجادلة، واتە: خوا نووسیویەتی منو پێغەمبەرانم، زاڵ دەبین، لێرەش کە دەفەرموێ: ﴿كَتَبَ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَۚ﴾، لەسەر خۆی بەزەیی نواندنی پێویست کردوە، بۆخۆی لەسەر خۆی پێویست کردوە، وە گەورەییە بۆ خوا کە بەزەیی نواندن بەرانبەر بە دروستکراوەکانی لەسەر خۆی پێویست کردوەو، هیچ نوقصانیی تێدا نیە، تاکو بڵێی: چۆن دەبێ خوا شتی لەسەر پێویست بێ، مادام بۆخۆی لەسەر خۆی پێویست کردبێ، کە هەموو دروستکراوەکان پێویستیان بەو سیفەتە هەیە، خوا بە بەزەیی بێ لەگەڵیان.

ئنجا دوایی دەفەرموێ: ﴿لَيَجۡمَعَنَّكُمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا رَيۡبَ فِيهِۚ﴾، بێگومان کۆتان دەکاتەوە بەرەو ڕۆژێك، واتە: بەرەو گۆڕەپانی ڕۆژێك کە هیچ گومانی تێدا نیە، کە ئەو ڕۆژەش ڕۆژی قیامەتە، لێرەدا چۆنیەتی پێکەوە پەیوەستبوونی ئایەتەکان ئاوایە.

مادام خوا خاوەنی هەموو شوێنەکانە، ناگونجێ ئەوانەی لەو شوێنانەدانەو دروستی کردوون، لێیان نەپرسێتەوە، بۆیە دەبێ قیامەت بێ، وە کە قیامەتیش بێ، ئەی خەڵکینە! بەندایەتیی بۆ خوا بکەن، بۆئەوەی لە قیامەتدا سەربەرزو سەرفراز بن، وە بتوانن وەڵامی پرسیارەکانی خوا بدەنەوە.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿كَتَبَ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَۚ﴾، خوا لە ئایەتی (١٥٦)ی سوورەتی (الأعراف) بە شێوەیەکی دیکە دەفەرموێ: ﴿وَرَحۡمَتِي وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٖۚ﴾، واتە: ڕەحمەتی من هەموو شتێکی گرتۆتەوە، یانی: زاڵمیشی گرتۆتەوەو، شەیتانیشی گرتۆتەوە ! بەڵێ لە دنیادا، ڕەحمەتی خوا هەموو شتێکی گرتۆتەوە، بەڵام ئایا مانای وایە لە قیامەتیش خوا ڕەحم بە هەموو شتێكو بە هەموو کەس دەکات؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە لە هەمان

شـــوێن دا دەفـــەرموێ: ﴿وَرَحۡمَتِي وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٖۚ فَسَأَكۡتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِنَا يُؤۡمِنُونَ ١٥٦﴾، واتە: وە بەزەیی من هەموو شتێکی گرتۆتەوە، بەڵام لەمەودوا (لە ڕۆژی دوایی دا) بێگومان تەنیا بۆ ئەوانەی دەنووسم کە پارێز دەکەنو زەکات دەدەن، وە ئیمان بە ئایەتەکانمان دێنن، کەواتە: ڕەحمەتی خوا لە دواڕۆژدا تایبەتە بە ئەهلی ئیمانەوە، بەڵام لە دنیادا بۆ هەموو کەسە، بۆ وێنە: باران ڕەحمەتی خوایەو بۆ هەموو کەسی دەنێرێ، با ڕەحمەتی خوایە، ئەو هەموو نیعمەتانە، ڕەحمەتی خوانو هەموو دروستکراوەکانو هەموو بەندەکان، بە چاكو خراپەوە لێیان بەهرەمەندن.

ئنجا لەوبارەشەوە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ زۆرن، بۆ وێنە: یەکێك لە فەرموودەکان ئەمەیە: ﴿عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه ﷺ: لَمَّا قَضَى اللَّهُ الْخَلْقَ كَتَبَ كِتَابًا فَهُوَ عِنْدَهُ فَوْقَ الْعَرْشِ، إِنَّ رَحْمَتِي غَلَبَتْ غَضَبِي﴾[1]، واتە: ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: دوای ئەوەی خوا دروستکراوەکانی دروست کردن، نووسراوێکی نووسی لەلای خۆی دانا لەسەر عەرش: بێگومان بەزەییم پێش تووڕەییم کەوتۆتەوە.

هەروەها لەوبارەوە ئەمەش فەرمودەیەکی دیکەیە: ﴿عَنْ سَلْمَانَ رضي الله عنه، قَالَ، قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «إِنَّ اللهَ خَلَقَ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ مِائَةَ رَحْمَةٍ، كُلُّ رَحْمَةٍ طِبَاقَ مَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ، فَجَعَلَ مِنْهَا فِي الأَرْضِ رَحْمَةً، فَبِهَا تَعْطِفُ الْوَالِدَةُ عَلَى وَلَدِهَا، وَالْوَحْشُ وَالطَّيْرُ بَعْضُهَا عَلَى بَعْضٍ، فَإِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ أَكْمَلَهَا بِهَذِهِ الرَّحْمَةِ»﴾[2]، واتە: سەلمانی فارسیی خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: خوای بەرز ئەو ڕۆژەی کە ئاسمانەکانو

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٨١١٢)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٣١٩٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٩٠٣)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٦١٤٤).

٢) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٣٧٧١)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٩١١)، وَالحَاكِمُ برقم: (٧٦٢٨)، وَقَالَ: صَحِيح عَلَى شَرْطِ مُسْلِم.

زەوی دروست کردن، سەد (١٠٠) ڕەحمەتی دروست کرد، هەر ڕەحمەتێکیان پڕی نێوان ئاسمانەکانو زەوییە، لەو سەد (١٠٠) ڕەحمەتە، یەکێکی خستە سەر زەوی، بەو یەك ڕەحمەتە دایك بەزەیی بە منداڵی دادێ، (دیارە بابیش بەزەیی بە منداڵی دادێ، بەڵام ڕەحمەتی دایك زیاترە)، وە هەروەها ئاژەڵو دڕندەو باڵندەو پەڕەوەر هەموویان بەزەییان بە یەکدی دادێ، هەر بەو ڕەحمەتە، ئنجا کە ڕۆژی قیامەت داهات، خوا نەوەدو نۆ (٩٩) ڕەحمەتەکەی دیکە لەگەڵ ئەو ڕەحمەتەی دەخاتە کار، بۆ لێخۆشبوونی ئەوانەی کە گوناهبارن، (دیارە ئەوانەی ئەهلی ئیمانن، چونکە ئەوەی ئیمانی نەبێ، دیارە ڕەحمەتی خوای پەروەردگار نایگرێتەوە).

ئنجا کە دەفەرمویّ: ﴿لَيَجۡمَعَنَّكُمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا رَيۡبَ فِيهِ﴾، ئەمەش بەرجەستەکەری ڕەحمەتی خوایە، واتە: بەهۆی ڕەحمەتی خواوە، خوا کۆتان دەکاتەوە، ئەگەر خوا بەزەیی بە دروستکراوەکانیدا نەهاتبایەوە، لێیان دەگەڕا، دوایی چاكو خراپ هەموو لەبەین دەچوونو، کەس لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەدەکرا، بەڵام ئەوە پێچەوانەی ڕەحمەتو بەزەیی یە.

مەسەلەی سێیەم: کە دەفەرمویّ: ﴿ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ﴾، وەك پێشتر گوتم: بە ڕواڵەت دەبوو ئاوابێ: (ٱلَّذِينَ لَمۡ يُؤۡمِنُواْ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ) ئەوانەی ئیمانیان نەهێناوە، سەرەنجام خۆیان دۆڕاندوە.

وشەی ﴿خَسِرُوٓاْ﴾، یانی: (ضَيَّعُوا وَأَهْلَكُوا) واتە: خۆیان فەوتاندوە، بەڵام خوای کاربەجێ ئەوەتا لێرەدا شێوازەکەی گۆڕیوە، فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ﴾، بۆچی؟ چونکە خۆ لە دەست دانو خۆ دۆڕاندن، ئەوەیە کە ئینسان لەسەر بوونەکەی خۆی قەرزدار بێتەوە، ئنجا ئەوە دەرەنجامە، ئیمان نەهێنانیش هۆکارە، بەڵام خوای کاربەجێ دەرەنجامەکەی پێش خستوە، چونکە ئەوە گرنگترە بە نسبەت بێبڕوایانەوە لە دواڕۆژدا، وە هۆکارەکەی دوا خستوە، کە بریتیە لە ئیمان نەهێنان.

وە دەشگونجێ مەبەست پێی ئەوەبێ کە ئەوانەی کە لە عیلمی بێ سەرەتای خوادا، دۆڕابوون، دۆڕان و خەسارەتیان بۆ نووسراوەو بە قیسمەت کراوە، لەبەرئەوەیە کە شایستەی ئەوەن، بۆیە ئیمان ناهێنن.

ئنجا ئەمە ئەوەشی لێ وەردەگیرێ کە کەسێك بێبڕوایە، پێی وانەبێ شتێکی گرنگی کردوە، ئەی بابای کافر! تۆ بۆیە ئیمان ناهێنی، چونکە خوا نەیویستوە تۆ سەرفرازو بەختەوەر بی، کەواتە: شانازیی بە بێ ئیمانییەکەی خۆتەوە مەکە، پێت وا نەبێ شتێکی گەورەت کردوە، ئەسڵەن خوای دادگەر ویستی لەسەر نەبووە تۆ ئیمان بێنی، لەبەرئەوەی شایستە نی، شایستەی سەرفرازییەك نی، کە بەرهەمی ئیمانە، بەڵکو شایستەی خەسارەت و دۆڕانێکی، کە بەرهەمی کوفرە، بۆیە با کافرەکان شانازیی بە بێئیمانیی و بە کوفری خۆیانەوە نەکەن و، پێیان وابێ شتێکی گەورەیان کردوەو تەحەددای ئیرادەی خوایان کردوە ! ئنجا ئەوە لە قورئاندا لە شوێنی دیکەش دا هاتوە، بۆ وێنە:

١) لە سوورەتی (الزمر)دا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنَّ ٱلْخَـٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۗ أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْخُسْرَانُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٥﴾ ﴾، واتە: بڵێ بێگومان زەرەرمەندانی ڕاستەقینە ئەوانەن، کە خۆیان و ماڵ و منداڵیان لە ڕۆژی قیامەتدا لەدەست دەدەن، ئا ئەوە زیانباریی ئاشکرایە ! مرۆڤ خۆیشی ماڵ و منداڵەکەیشی لەدەست داوە، لێك دابڕاون !

٢) هەروەها لە سوورەتی (الشورى)دا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّ ٱلْخَـٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۗ أَلَآ إِنَّ ٱلظَّـٰلِمِينَ فِى عَذَابٍ مُّقِيمٍ ﴿٤٥﴾ ﴾، واتە: وە ئەوانەی بڕوادارن گوتیان: بێگومان خەسارەتمەندان خۆیان و کەسوکاریان لەدەست دا لە ڕۆژی قیامەتدا، بێگومان ستەمکاران لە ئازارو سزایەکی بەردەوامدان، کەواتە: مادام ئیمان نەهێنان مایەی زیانبارییە، ئەی ئینسانەکان! ئیمان بێنن، بۆئەوەی تووشی زیانباریی نەبن.

مەسەلەی چوارەم: کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَلَهُۥ مَا سَكَنَ فِي ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴾، واتە: وە موڵکی خوایە هەرچی کە لە شەوو ڕۆژدا سەقامگیر دەبێ، وە ئەو بیسەری زانایە.

وشەی: (سَكَنَ) لە زمانی عەرەبیدا بە دوو واتا دێ:

١/ بە مانای ئامادەبوو (حَضَرَ).

٢/ وە بە مانای نیشتەجێ بوو (أَقَامَ)ش دێ.

واتە: (سُكُونْ) دەگونجێ لە بەرانبەر (تَحَرُّك)دا بێ، واتە: هەرچی دەجووڵێو هەرچی کە ناجووڵێ، هەمووی هی خوایە لە شەوو ڕۆژاندا، یاخود هەرچی سەقامگیر دەبێ لە شەو و ڕۆژاندا، هی خوایە، وە مەبەست لە شەوو ڕۆژیش ئەوەیە کە شتەکانی نێو بوونەوەر بەگشتی، دوو حاڵەتی گشتییان هەیە، کە هەموویان دەگرنەوە: کە بریتین لە: تاریکیی و ڕووناکیی، یانی: تاریکیی و ڕووناکیی دوو حاڵەتی هەرە گشتیین، بۆ هەموو دروستکراوەکان، هەموو دروستکراوەکان، یان لە تاریکیی دان، یان ڕووناکیی دا، کەواتە: ئایەتەکەی پێشێ باسی ئەوەی کرد کە هەرچی لە ئاسمانەکانو زەویدا هەیە، هی خوایە، واتە: هەرچی پەیوەندیی بە شوێنەکانەوە هەیە، لێرەشدا ڕایگەیاندوە کە هەرچی پەیوەندیی بە کاتەکانەوە هەیە، هی خوایە ﷻ لێرەدا خوای زاناو توانا بۆیە ئەوە دەخاتە ڕوو، یانی: مادام خوا ﷻ خاوەنی هەموو شوێنەکانەو، هەموو ئەو شتانەی کە لە شوێنەکاندا نیشتەجێن، وە خاوەنی هەموو کاتەکانەو هەموو ئەو شتانەی کە کاتیان بەسەردا دێنو تاریکییو ڕووناکییان بەسەردا دێن، کەواتە: جێی خۆیەتی، وە شایستەیە کە تەنیا ئەو بپەرسترێ، وە بەندایەتیی تەنیا بۆ ئەو بکرێ.

مەسەلەی پێنجەم: کە دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيّٗا فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَهُوَ يُطۡعِمُ وَلَا يُطۡعَمُۗ ﴾، جارێکی دیکە خوا بە پێغەمبەر ﷺ

دەفەرموێ: بفەرموێ‌و بپرسێ کە ئەو پرسیارەش، پرسیارێکی نکوولیی لێکەرانەیە (الإِسْتِفْهَام الإِنْكَارِي)و مەبەست ئەوە نیە وەڵامەکەی وەربگریەوە، بەڵکو وەڵامەکەی لەنێو خۆیدایە، بۆ وێنە: کەسێك ئاوی لەبەردەم بێ، بڵێ: ئەوە ئاو نیە؟ دەبێ تۆ بڵێی: با، یان ئەگەر کەسێك لەسەر کورسییەك دانیشتبێ، بڵێ: ئەوە کورسی نیە؟ دەبێ بڵێی، با، لێرەدا خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: پێیان بڵێ: ئایا بێجگە لە خوا بکەمە دۆست‌و سەرپەرشتیاری خۆم ﴿فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾، لە کاتێکدا کە ئەو پەیداکەری ئاسمانەکان‌و زەوییە؟ ﴿وَهُوَ يُطۡعِمُ﴾، وە ئەو خۆراك دەدات بە غەیری خۆی‌و بژیویان پێدەداوت دەیانژیێنێ، ﴿وَلَا يُطۡعَمُ﴾، وە هیچ کەسێکیش بژیو بە وی نادات، واتە: خوایەك ﷻ بەو شێوەیە بێ، هەر ئەو شایستەیە بکرێتە سەرپەرشتیارو مشوورخۆرو دۆست‌و جێی پشت پێبەستن، وشەی (وَلِي) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای: نزیك دێ، وە بە مانای دۆست دێ، وە بە مانای پشتیوان دێ، وە بە مانای یارمەتیدەر دێ، وە بە مانای مشوورخۆر دێ، بە مانای سەرخەر دێ {واتە: کەسێك کە سەرت دەخات}، وە بە مانای کەسێك کە پشتی پێ دەبەستی‌و کاری خۆتی پێ دەسپێری، هەموو ئەو واتایانەی هەن.

ئنجا ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتانەی سووڕەتی (الأعراف)ە، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿كِتَٰبٌ أُنزِلَ إِلَيۡكَ فَلَا يَكُن فِي صَدۡرِكَ حَرَجٞ مِّنۡهُ لِتُنذِرَ بِهِۦ وَذِكۡرَىٰ لِلۡمُؤۡمِنِينَ ۝٢ ٱتَّبِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡ وَلَا تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَۗ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ ۝٣﴾، (خوا باسی قورئان دەکات دەفەرموێ:) ئەم کتێبە، کتێبێکە بۆ تۆ نێردراوەتە خوار، با لە سینەتدا هیچ سەغڵەتیی لەبارەوە نەبێ، (واتە: بەرانبەر بە هیچ شتێك لە کتێبی خوادا، هەست بە سەغڵەتیی مەکە، ئەی پێغەمبەر! ﷺ) بۆ ئەوەی خەڵکی پێ وریا بکەیەوەو بترسێنی، وە بۆ ئەوەی بیرخەرەوە بێ بۆ ئیمانداران، بە دوای ئەوە بکەون کە لە پەروەردگارتانەوە بۆتان دابەزێندراوە (واتە: بە دوای ئەو قورئانە بکەون) وە جگە لە خوا، بە

دوای سەرپەرشیارانی دیکەو مشوورخۆرانی دیکە مەکەون، کەمێك نەبێ بیر ناکەنەوە، {یاخود پەند وەرناگرن}.

کەواتە: (وَلِـي) کەسێکە کە بەرنامەت بۆ دادەنێ‌و کە لێرە دەفەرموێ:

﴿ قُلۡ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيّٗا ﴾، بڵێ: ئایا جگە لە خوا بکەم بە بەرنامە دانەر، یان مشوورخۆر، یان کار هەڵسوڕێنەری خۆم؟! بە تەئکید نەخێر، دیارە وشەی (وَلِـي) مانای پەرستراو (معبود)یش دەگرێتە نێو خۆی، چونکە پەرستراوێتیی (الألوهیة) بەشێکی بریتیە لەوە، کە پەرستراو سەرپەرشتیی پەرستارەکانی خۆی دەکات، (مَعْبُود) سەرپەرشتی بەندە (عَبْد)ەکانی خۆی دەکات، وە مشووریان دەخواو کاریان بۆ هەڵدەسووڕێنی، وە بەرنامەیان بۆ دادەنێ‌و ڕێنماییان دەکات.

ئنجا ئەو ڕستەیە کە دەفەرموێ: ﴿ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَهُوَ يُطۡعِمُ وَلَا يُطۡعَمُۗ ﴾، پێشتر باسی وشەی (فاطر)مان کرد، کە لە (فَطْر)ەوە هاتوە، (فَطْر) واتە: (شَق) هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: ئەمە ئاماژەیە بەوە، کە ئێستا وەك بیردۆزەیەك بۆ سەرەتای دروستبوونی بوونەوەر، هەندێك لە زانایانی گەردوونناس‌و فیزیا زان باسی دەکەن، کە بریتیە لە تەقینەوەی گەورە (الإنفجار الکبیر) ئەویش ئەوەیە کە کاتێك بووە ئەو بوونە، کە ئێستا لە ئاسمانەکان‌و زەویدا بەرجەستەیە، هەمووی یەك شت بووە، بەلام تەقینەوەیەکی گەورەی تێدا پەیدا بووە، وە ئەو بەشانەی لێ دروست بوون، هەڵبەتە هەندێکیان دەڵێن: زیاتر کۆمەڵەی خۆر، واتە: خۆرو نۆ خڕۆکەکانی دەوری، ئەو حاڵەتەی بەسەردا هاتوە، بەلام هەندێکیان دەڵێن: نەخێر لەڕاستیدا هەموو ئەو کەهکەشانانەی کە هەن، هەموویان ئەو حاڵەتەیان بەسەردا هاتوە، وەك لە سوورەتی (الأنبیاء) لە ئایەتی ژمارە (٣٠)دا خوا ﷻ ئاماژەی بۆ دەکات، دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمۡ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ كَانَتَا رَتۡقٗا فَفَتَقۡنَٰهُمَا ...﴿٣٠﴾ ﴾، واتە: ئایا ئەوانەی بێبڕوان نازانن نەیانبینیوە، (واتە: بە

چاوی عەقڵ‌و دڵ نەیانبینیوە، ئەگەرنا کەس بە چاوی سەر نەیبینیوە) کە ئاسمانەکان‌و زەوی پێکەوە لکاو بوون، لێکمان جیاکردنەوە!

ئنجا بۆ زانیارییتان ! ئەم ئایەتە موبارەکە ئیعجازێکی زانستی تێدایە، کە ئاماژە دەکات بە نوێترین بیردۆزەی زانیاریی کە ئێستا باس دەکرێ، بۆ چۆنیەتی دروستبوونی بوونەوەر، ئەویش ئەوەیە کە کاتی خۆی ئەم بوونەوەرە یەك شت بووەو دوایی لێك جیابۆتەوە، لێك جیابوونەوەکەشی، خوا وشەی: (فَفَتَقْنَٰهُمَا)ی بۆ بەکارهێناوە، (فتق) ئەوەیە کە شتێك لە شتێك جیاببێتەوە، بەڵام یەکجاریی لێی دوورنەکەوێتەوە[1]، ئەگەر ئینسان بلۆقێك لە جەستەی پەیدا بێ، بەڵام لێی جیانەبێتەوە پێی دەگوترێ: (فتق)، دیارە زەوی یەکجاریی لە خۆر جیانەبۆتەوەو بە هێزی کێشکردن(جاذبیة) هەر بەیەکەوە پەیوەستن، هەڵبەتە ئێمە ئایەتەکانی قورئان ملکەچ ناکەین بۆ بیردۆزە زانستییەکان، هەتا نەبن بە حەقیقەتی زانستیی، چونکە ئەوەی خوا دەیفەرموێ: هەر ئەوە راستە، بەڵام زانیاری بەشەر بەزۆریی رێژەیی (نسبي)یەو بەشێك لە حەقیقەتی بۆ دەردەکەوێ، دوایی حەقیقەتی بە تەواویی بۆ دەردەکەوێ، یان جاری وایە شتێکی بۆ دەردەکەوێ، دوایی شتێکی روونتری بۆ دەردەکەوێ‌و، لەوەی پێشی پەشیمان دەبێتەوە، لەبەرئەوە نابێ قورئان بە دوای بیردۆزە زانستییەکان بخەین، تاکو دەبن بە حەقیقەتی زانستیی، کە ئەو کاتە دیارە حەقیقەتی زانستیی، لەگەڵ ئەوەی کە وەحی دەیفەرموێ، هەمیشە یەکن، چونکە زانست باسی دروستکراوی خوا دەکات، وەحییش فەرمایشتی خوایە، هەمیشەش کردەوەی خوا لەگەڵ فەرمایشتی خوا یەکن، بۆیە زانایانی ئیسلام دەڵێن: هیچ کاتێك ناگونجێ عەقڵی ساغ (سلیم) لەگەڵ وەحی راست (صحیح) تێك بگیرێن، عەقڵی ساغ لەگەڵ وەحییەك کە لە رێیەکی راستەوە بە ئێمە گەیبێ، هەرگیز تێکناگیرێن، وە (إبن الرشد) کتێبێکی هەیە بە ناوی (فصل المقال فيما بين الشريعة والحكمة من الإتصال) واتە: (قسەی

---

[1]) بڕوانە: المعجم الوسيط، ص: ٦٧٢ ، (النَتْقُ: الشقُّ... بروز جُزْءٍ من الأمعاء من فتحةٍ في جدار البَطْن.

ڕوون دەربارەی پەیوەندیی نێوان شەریعەتو عەقڵ)، کە ئەو وشەی عەقڵ بە حیکمەت وەسف دەکات.

دیارە لە سووڕەتی (فصلت)یشدا خوای پەروەردگار ئاماژە بەو مەسەلەیە دەکات، کە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ فَقَالَ لَهَا وَلِلۡأَرۡضِ ٱئۡتِيَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهٗا قَالَتَآ أَتَيۡنَا طَآئِعِينَ ١١ ﴾، واتە خوا ویستی ئاسمان دروست بکات، کە ئەو کات لە شێوەی دووکەڵ دابوو، کە ئەوەش دیسان ئەو بیردۆزەیە کە دەڵێ: تەقینەوەی گەورە بووە، وە ئەو کاتە ماددەی بوونەوەر لە شێوەی گازێکی زۆر چڕو پڕدا بووە، پلەیەکی گەرمیی زۆر بە هێزی هەبووەو، لە ئەنجامدا لەنێو خۆیدا تەقیوەتەوە، هەڵبەتە وەك گوتم زانست ئێستا وا دەڵێ، بەڵام دیارە ئەگەر وەحی بە ڕاشکاویی گوتبای، شێوازەکەی چۆن بووە، ئێمە لەوێ دەوەستاین، ئەوەی خوا بیفەرموێ، هەر ئەوەیە، بەڵام ئایەتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ئاسمانەکان پێش ئەوەی دروست ببن، یان بوونەوەر پێش ئەوەی دروست ببێ، دووکەڵ (گاز) بووە، وە لە سووڕەتی (الأنبياء)یشدا دەفەرموێ ﴿ كَانَتَا رَتۡقٗا فَفَتَقۡنَٰهُمَا ﴾، واتە: پێکەوە لکاو بوون، لێکمان جیاکردنەوە.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ يُطۡعِمُ وَلَا يُطۡعَمُ ﴾، خوا خۆراك دەدات، بژیو دەدات بە غەیری خۆی، نەیفەرمووە: بە کێ؟ ﴿ وَهُوَ يُطۡعِمُ ﴾، بەرکار (مفعول)ەکەی فوتێنراو (محذوف)ە، یانی: (يطعم المخلوقات)، ﴿ وَلَا يُطۡعَمُ ﴾ بەڵام خۆراکی پێنادرێ، یانی: خوا هەموو دروستکراوەکان دەژیەنێو ژینیان پێ دەدات، چ خواردنی ماددییان بداتێ، وەك ژیاندارو ئینسانو زیندەوەرو پەڕەور، چ خواردنی مەعنەوییان بداتێ کە فریشتەکانن، یان هەر جۆرە خواردنێکی دیکەیان بداتێ، کە ئێمە نازانین چییە، گرنگ ئەوەیە هەرچی بژیو، خوا دەیدات بە دروستکراوەکانی، چ بژیوی ماددیی بێ، یان مەعنەویی، یان هەر شتێکی دیکە بێ، بەڵام خوای بێنیاز پێویستی بە دروستکراوەکانی نیە بژیوی بۆ دابین بکەن، لەبەرئەوەی خوا پێویستی بە غەیری خۆی نیە، وە

یەكێك لە سیفەتەكانی خوا ئەوەیە كە (الصَّمْدَ)ە، واتە: جێی نیازو بێنیازە، پێویستی بە غەیری خۆی نیەو، غەیری خۆیشی هەموو پێویستی بەو هەیە، ئنجا چ بۆ خواردن بێ، چ بۆ هیدایەت بێ، چ بۆ پەیدابوون بێ، چ بۆ بەردەوام بوون بێ، وەك مووسا (علیه السلام) فەرموویەتی: ﴿ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَىۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴿٥٠﴾ ﴾ طه، واتە: (مووسا) گوتی: پەروەردگارمان ئەو زاتەیە بوونی بە هەموو شتێك بەخشیوەو، دوایی ڕێنماییشی كردوە، چۆن بژی؟

كەواتە: بۆ پەیدابوونیان‌و بۆ بەردەوامبوونیان، وە بۆ بژیو پێدرانیان، هەموویان پێویستییان بە خوای زاناو توانایە، كەواتە: ئەی موشریكەكان! تەنیا ئەو خوایە شایستەی پەرستنە، كە هەموو دروستكراوەكانی دەژیەنێ، بەلام پێویستیی بە هیچیان نیە، بۆخۆی بێ نیازەو هەمووشیان پێویستییان بەوە، دیارە پێشتر باسمان كرد، كە ئەم سوورەتی (الأنعام)ە، بە زۆریی باسی خوا بەیەكگرتنە، كە دەبێ تەنیا خوا بەندایەتیی بۆ بكرێ‌و، بپەرسترێ، بە مانای فراوانی بەندایەتیی‌و پەرستن.

مەسەلەی شەشەم: كە دەفەرمویْ: ﴿ قُلۡ إِنِّىٓ أُمِرۡتُ أَنۡ أَكُونَ أَوَّلَ مَنۡ أَسۡلَمَۖ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿١٤﴾ قُلۡ إِنِّىٓ أَخَافُ إِنۡ عَصَيۡتُ رَبِّى عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥﴾ مَّن يُصۡرَفۡ عَنۡهُ يَوۡمَئِذٍ فَقَدۡ رَحِمَهُۥۚ وَذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡمُبِينُ ﴾، چەند هەڵوەستەیەك لە بەرانبەر ئەم سێ ئایەتە موبارەكەدا دەكەین.

سەرەتاش دەڵێین: خوا ﷻ لێرەدا دووجار بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ، كە بەو شێوەیە قسە لەگەڵ هاوبەشدانەرەكاندا بكە: ﴿ قُلۡ إِنِّىٓ أُمِرۡتُ أَنۡ أَكُونَ أَوَّلَ مَنۡ أَسۡلَمَ ﴾، بڵێ: من فەرمانم پێكراوە، یەكەمین كەس بم كە ملكەچ دەبم بۆ خوا.

لێتان تێکنەچێ وشەی (مُسْلِم) (إِسْم فَاعِل)ە، لەسەر کێشی (مُفْعِل) واتە: ملکەچ، کە بە کوردی دەڵێین: مسوڵمان، واتە: ملکەچ بۆ خوا، خوا دەفەرموێ: تۆ پێیان بڵێ: من فەرمانم پێکراوە: یەکەمین کەس بم، کە ملکەچ دەبم، بۆ خوا، ﴿ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴾، وە پێشم گوتراوە: لە هاوبەشدانەران نەبی، کەواتە: ئەوەی کە بە ئێوەی ڕادەگەیەنم، پێش ئێوە، خۆم پێوەی پابەندمو خۆم پێوەی پابەند کراوم، وە ئەوەی کە بە ئێوەی دەڵێم مەیکەن، پێشی بۆ خۆم نایکەم.

ئەم سێ ئایەتە چەند شتێکیان لێ وەردەگیرێ:

یەکەم: ئەوەی کە من بە ئێوەی دەڵێم: ملکەچبن بۆ خوا، بەندەبن بۆ خوا، تەنیا خوا بپەرستن، پێش هەمووتان بۆخۆم پابەند کراوم بەوەوە، وە من پێش هەمووتان ملکەچم بۆ خوا، وە لە هەمووتان بەندەترم بۆ خوا، ئنجا ئەمە زۆر گرنگە، زۆر خەڵکی بەرپرس شتی باش بە خەڵك دەڵێن، بەڵام بۆ خۆیان نایکەن، دەڵێن: جارێك مەلایەك ئامۆژگاریی خەڵکی کردوە، دوایی شتێك بووە بۆخۆی نەیکردوە، گوتوویانە: مامۆستا تۆ واتگوتوە، ئەویش گوتوویەتی: خەڵکینە! بە قسەم بکەن، بە کردەوەم مەکەن، بەڵام لەڕاستیدا خەڵك پێش ئەوەی گوێ بۆ قسەت بگرێ، تەماشای کردەوەت دەکات، وە ئەگەر قسەکانت مۆری کردەوەکانتان پێوە نەبێ، ئەوە پارەی قەڵبەو بەسەرتدا دەدەنەوەو نایانەوێ، خەڵك دەڵێن: دیارە مامۆستا بۆخۆی بڕوای بە قسەکانی خۆی نیە، ئەگەرنا ئیشی پێ دەکردن، ئەگەر بۆخۆت کار بە قسەکانت نەکەی، خەڵك دەڵێن: دیارە ئەو قسانەی خۆی بە ڕاست نازانێ، چونکە بۆخۆی لە هەموو کەس لە پێشترە، کە سوود بە خۆی بگەیەنێ، ئەگەر قسەکانی خۆی پێ چاکن، بۆخۆی دەبێ ئەو چاکەیە بکات، پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) جیاوازییان چی بووە لەگەڵ خەڵکی دیکەدا، لەگەڵ فەیلەسووفەکانو بیرمەندەکان دا، لەگەڵ ئەوانەدا کە ویستوویانە چاکسازیی بکەن؟ جیاوازییان ئەوە بووە کە هیچ قسەیەکیان نەکردوە، کردەوەیان پێ نەکردبێ، بەڵکو کردەوەیان لە قسەیان بەجێ نەماوە،

بەڵکو کردەوەیان لە قسەیان زیاتر نەبووبێ، کەمتر نەبووە، تەماشای ژیانی پێغەمبەران بکەن، ڕواڵەتو دەروونیان یەك بووە، قسەو کردەوەیان یەك بووە، دڵو زمانیان یەك بووە، بۆیە ئەوەی کە ئەهلی ئینصاف بووبێ، کەوتۆتە ژێر کاریگەرییان، ئەوەی کە خوا هیدایەتی بۆ نووسیبێ، بەڵام خەڵکی دیکە دەبینی وانیە، بۆ وێنە: سوقراتو ئەفلاتوونو ئەرستۆ کتێبیان نووسیون، بەڵام ڕەنگە لە هەشتێ مشتیان لە قسەکانی خۆیان جێبەجێ نەکردبێ، فلان کەسێك شتی نووسیوەو گوتوە، بەڵام لەوانەیە ئەوەی کە گوتوویەتی زۆری ژیانیو کردەوەکانی پێچەوانەی قسەکانی خۆی بووبێ، بەڵام پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) دوو فلیقانەیی لە بوونیاندا نەبووە، بۆچی؟ چونکە ئەوەی کە بە خەڵکیان ڕاگەیاندوە، وەك بەندایەتیی بۆ خوا، پێشێ بۆخۆیان کاریان پێکردوە.

دووەم: کە دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ إِنِّيٓ أُمِرۡتُ أَنۡ أَكُونَ أَوَّلَ مَنۡ أَسۡلَمَ ﴾، ئەمە ئەوەشی لێ وەردەگیرێ کە بانگخوازو پێشەواو بەرپرس، دەبێ لە پێش خەڵکەوە پابەندی شەریعەت بێ، دەبێ لەپێش واندا ملکەچ بێ بۆ خوا، وە لەپێش وانیشدا پابەندبێ بەو بەرنامەو شەریعەتەوە کە خوا دەینێرێ.

سێیەم: ئنجا دوایی کە دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنۡ عَصَيۡتُ رَبِّي عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ﴾، بڵێ: من ئەگەر سەرپێچیی لە پەروەردگارم بکەم، لە سزای ڕۆژێکی مەزن دەترسێم، واتە: من لە بەرانبەر خوادا، مافی لاملییو سەرپێچییم نیە، بەڵکو ئەوەی کە بە ئێوەی ڕادەگەیەنم، ئەگەر سەرپێچیی لە پەروەردگارم بکەم، منیش شایستەم کە خوای دادگەر سزام بدات، لە ڕۆژێکی مەزندا.

چوارەم: پاشان کە دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ إِنِّيٓ أُمِرۡتُ أَنۡ أَكُونَ أَوَّلَ مَنۡ أَسۡلَمَۖ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴾، یانی: ئەم دووە بە یەکەوە، بڵێ: من فەرمانم پێکراوە یەکەمین کەس بم، کە ملکەچ دەبم، وە پێم گوتراوە کە لە

هاوبەش بۆ خوا دانەران نەبم، كەواتە: ملكەچ بوون بۆ خوا، لەگەڵ هاوبەش پەیدا كردن بۆ خوا، پێچەوانەی یەكدین، هەر كەسێ ملكەچی خوا بێ، هاوبەشی بۆ پەیدا ناكات، وە هەر كەسێك هاوبەشی بۆ خوا پەیدا كرد، ملكەچی خوا نەبووەو خوای بە یەك نەگرتوە، جا چ شیركی گچكەبێ، كە ئەوە مانای وایە بە شێوەیەكی جوزئیی ملكەچی خوا نەبووە، وە چ شیركی گەورە بێ، كە مانای وایە بە شێوەیەكی گشتی ملكەچی خوا نەبووە، واتە: شیرك و مسوڵمانەتیی تێكدەگیرێن، ئەگەر ئینسان مسوڵمان بێ، موشریك نابێ، وە ئەگەر موشریك بێ، مانای وایە مسوڵمان نیە، دیارە مەبەستم شیركی گەورەیە، ئەگەرنا شیركی بچووك وەك: سوێند بە غەیری خوا خواردن، وە بەكارهێنانی هەندێك تەعبیر وەك (ماشاءَ اللّه وشئت)، وە ریا كە شیركی بچووكە، ئەوانە ئینسانیان پێ لە بازنەی ئیمان و ئیسلام دەرناچێ، بەڵام شیركی گچكە گوناهی گەورەیەو، ئینسانی پێ گوناهبار دەبێ.

پێنجەم: كە دەفەرموێ: ﴿ مَّن يُصۡرَفۡ عَنۡهُ يَوۡمَئِذٖ فَقَدۡ رَحِمَهُۥۚ وَذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡمُبِينُ ﴾، هەر كەسێك سزای ئەو رۆژە مەزنەی لێ لابدرێ، ئەوە بە تەئكید خوا بەزەیی پێدا هاتۆتەوە. وشەی (قَد) بۆ (تحقیق)ە، یانی: بە تەئكید هەركەس ئەو سزایەی ئەو رۆژەی لێ لابدرێ، خوا بەزەیی پێدا هاتۆتەوە، ﴿ وَذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡمُبِينُ ﴾، وە ئەوەش بردنەوەو بە ئامانج گەیشتنێكی روون و ئاشكرایە، بەڵام كێ سزای سەختی رۆژی قیامەتی لێ لادەدرێ؟ لەراستیدا كەسێك كە لە دنیادا، وایكردبێ، بەزەیی خوای پێ ببرێ، واتە: كەسێك لە رۆژی دواییدا رەحمەت و بەزەیی خوا دەیگرێتەوە، كە وایكردبێ لە دنیادا بیگرێتەوە، بە بەڵگەی هەر دوو ئایەتی ژمارە (١٥٦ و١٥٧) لە سوورەتی (الأعراف)دا، كە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَرَحۡمَتِي وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٖۚ فَسَأَكۡتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِنَا يُؤۡمِنُونَ

﴿١٥٦﴾، واتە: بەزەیی من هەموو شتێکی گرتۆتەوە، ئەوە لە دنیادا، بەزەیی خوا هەموو شتێکی گرتۆتەوە (بەڵام ئەدی لە قیامەت دا، هەموو کەسێك دەگرێتەوە؟ نەخێر، دەفەرموێ) لە قیامەت دا پێویستی دەکەم بۆ ئەوانەی کە لە دنیادا پارێز لە خوا دەکەن و تەزکیە دەکەن، (یان زەکات دەدەن)، وە ئەوانەی کە ئیمان بە ئایەتەکانمان دێنن، کەواتە: ئەوەی لە دنیادا ئەهلی تەقوا نەبووبێ و ئەهلی زەکات دان نەبووبێ و، ئەهلی ئیمان نەبووبێ بە ئایەتەکانی خوا، لە قیامەت دا لە ڕەحمەتی خوا بێبەش دەبێ، ئنجا دوایی ئەوانە پێناسە دەکات: ﴿ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلْأُمِّيَّ ﴿١٥٧﴾﴾، ئەوانەی بە دوای ڕەوانەکراوی پێغەمبەری نەخوێندەوار دەکەون کە موحەممەدە ﷺ.

هەروەها لە سوورەتی (الأعراف) لە ئایەتی (٥٦)دا خوای پەروەردگار بۆمان باس دەکات کە ڕەحمەتی خوا شایستەی هەموو کەس نییە، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٦﴾﴾، واتە: بێگومان بەزەیی خوا لە چاکەکاران نزیکە، ئەدی لە خراپەکاران؟ ئەوە بە تەئکید تووڕەیی خوا لەوان نزیکە، چونکە خوای بەرزو مەزن کاربەجێیە، هەر کەسە وەك خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، وە خوای زاناو شارەزا خاوەن داد (عدل)ەو خاوەن چاکە (فضل)یە، دادەکەی بۆ سزا دانە، بەڵام چاکەکەی بۆ پاداشتدانەوەیە، وەك خوا بۆ سزای خراپەو بۆ پاداشتدانەوەی چاکە، فەرموویەتی: ﴿مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١٦٠﴾﴾ الأنعام، واتە: خوای پەروەردگار خاوەنی (فضل)ە، لەگەڵ ئەوانەدا کە بە قسەی دەکەن، وە خاوەنی (عدل)ە، لەگەڵ ئەوانەدا کە بە قسەی ناکەن، بەڵام ستەمیان لێ ناکات، وەك دەفەرموێ: ﴿وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا ﴿٤٩﴾﴾ الكهف، واتە: پەروەردگارت ستەم لە هیچ کەس ناکات، بەڵام پڕ بە پێستی خۆیان مامەڵەیان

لەگەڵدا دەکات، بەڵام ئەوانەی کە ملکەچن بۆ خوای بەخشەر، بە یەك بە دە، پاداشتیان دەداتەوە، بەڵکو تاکو یەك بە حەوسەدیش زیاتر دەڕوا، وەك لە سوورەتی (البقرة)دا ئاماژەی پێکراوە .

مەسەلەی حەوتەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾، لێرەدا ڕووی دواندن لە پێغەمبەرە ﷺ، بەڵام مەبەستی پێ هەموو کەس و هەموو مرۆڤەکانن، بەتایبەت ئەو هاوبەشدانەرانەی کە پێغەمبەر ﷺ بانگی کردوون، هەروەها ئەوانەی سەردەمی ئێمەش، چ هاوبەشدانەر بن، چ کافر بن، چ مونافیق بن، چ مولحید بن، هەرچی بن، خوای پەروەردگار وەك حەقیقەتێك ڕوونی دەکاتەوە، بەڵام ڕوو لە پێغەمبەر ﷺ دەکات و دەفەرموێ: وە ئەگەر خوا تۆ تووشی زیانێك بکات، هیچ کەس جگە لە خۆی ئەو زیانەت لێ دوو ناخاتەوە، وە ئەگەر چاکەیەکت بۆ بێنێ لەسەر هەموو شتێك بە توانایە.

ئنجا ئایا وشەی (ضر) یانی چی؟ (الضرُّ: سُوءُ الحَالِ إمَّا فِي نَفْسِهِ، وَإمَّا فِي بَدَنِه لِعَدَمِ جَارِحَة وَنَقْصٍ، وَإِمَّا فِي حَالَةٍ ظَاهِرَةٍ مِنْ قِلَّةِ مَالٍ وَجَاهٍ) زیان بریتیە لە حاڵی خراپ، جا چ کە لە نەفسی دا تووشی خەم و خەفەت دەبێ، چ لە بەدەنی دا تووشی نەخۆشیی، یان کەم ئەندامیی دەبێ، چ لە حاڵەتی ڕواڵەتیی دا تووشی نەداریی و هەژاریی و ماڵ وێرانیی و کۆچ و کۆچباریی و دەربەدەریی و دەبێ، (راغب الأصفهاني) دەڵێ: (الضرُّ: الإسمُ الجَامِعُ لِما يَنَالُ الإِنْسَانَ مِنَ المَكْرُوه) دەڵێ (الضُّر) ناوێکی کۆکەرەوەیە، بۆ هەر شتێك کە ئینسان پێی ناخۆشە و تووشی دێ، جا لە نەفسی دا بێ، لە بەدەنی دا بێ، یان لە ماڵی دابێ، وە کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾، (خَیْر) دەڵێ: (الخَيْرُ: وَهُوَ ضِدُّ الشَّرِّ، وَهُوَ مَا يرغَبُ فِيهِ الكُلّ) (خَیْر) پێچەوانەو دژی (شرّ)ە، وە (خَیْر) ئەوەیە کە هەموو کەس بۆی ئارەزوومەندەو پێی خۆشە.

ئەوەی كە خوا لەم ئایەتەدا دەیەوێ بیفەرموێ ـ بە تێگەیشتنی من ـ ئەوەیە: كە ئەگەر زیانێكمان تووش بێ، بێجگە لە خوا كەس بۆی لاناچێ، وە ئەگەر تووشی خێرێكیش بین، بە تەئكید خوا لەسەر هەموو شتێك بە توانایەو دەتوانێ هەموو خێرێكمان بە نسیب بكات، وە دەشتوانێ هەموو شەڕو زیانو خراپیەكمان لێ لابدات.

ئنجا كە دەفەرموێ: ﴿فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ﴾، لە زمانی عەرەبیدا (لا كَاشِفَ)، دەڵێن: ئەم (لا)یە، بۆ (نفي الجنس)ە، واتە: (جنس)ی لادەر، بۆ ئەو زیانو زەرەرو نارەحەتییە نیەو هیچ كەس ناتوانێ، وە ئەوەی دیكەش كە دەفەرموێ: ﴿وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾، ئەوەش شێوازی كورت هەڵهێنان (حصر)ە.

كورتە باسێك دەربارەی چەمك و واتای: هەموو شتێك بە دەستی خوا بوون

ئەم حەقیقەتە، حەقیقەتێكی گرنگەو خوا لە قورئاندا گرنگیی زۆری پێداوەو لە چەند ئایەتاندا باسكراوە، هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە چەندان فەرمایشتدا باسیكردووە، چونكە: بە زۆریی خەڵك كە تووشی شیرك دێ، یان لەبەرئەوەیە كە چاوەڕوانی خێرێك لە كەسێك، یان لە شتێك دەكات، یان چاوەڕوانی لابردنی زەرەرێكی لێدەكات، واتە: یان بۆ ئەوەیە كە زیانێكی لێ دووربخاتەوە، یان دەیەوێ خێرێكی بۆ بێنێ، خوا لە چەندان شوێن لە قورئاندا، ڕایگەیاندوە كە زیان دوورخستنەوە (دفع الضّر)، وە سوود هێنان (جلب النفع) تەنیا بە خوایە، جگە لە خوا هیچ كەس ئەو توانایەی نیە.

هەڵبەتە لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە من کەسێك خەریکە دەخنکێ، دەچم دەریدێنم‌و سوودی پێ دەگەیەنم، یان زەرەری لێ دوور دەخەمەوە، یاخود کەسێك هەژارە سوودی پێدەگەیەنم‌و هاوکاریی دەکەم، مەبەست ئەو حاڵەتانە نین، تاکو یەکێك بۆی هەبێ بڵێ: چۆن غەیری خوا هیچ سوودو زیانی بەدەست نیە؟! دەڵێین: ئەوە ڕاستە، بەڵام لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ئەوە سەربەخۆ (بالإستقلال) نیە، چونکە: تۆ هی خۆت نی، وە یارمەتییەکەشت کە پەیدات کردوە، هی خۆت نیە، وە ئەندامەکانت کە بەکاریان دێنی، وە ئیمکانەتییەکەت کە بەکاری دێنی، هەموویان هی خوان، ئەوەی کە بە سەربەخۆیی شتەکان هی خۆینی‌و زیانیان پێ دوور دەخاتەوە لە ئێمەو، قازانجیان پێ نزیك دەخاتەوە لە ئێمە، تەنیا خوایە.

ئنجا لەڕاستییدا ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، بۆئەوەی خەڵك تووشی شیرك نەبێ‌و، ئەهلی تەوحید بێ، بۆیە ـ وەك گوتم ـ لە چەند شوێنێك لە قورئاندا خوای پەروەردگار ئەو ڕاستییەی بەیان کردوە، هەروەها پێغەمبەری خواش ﷺ لە چەندان فەرموودەی دا، بۆ وێنە:

١/ لە سووڕەتی (یونس)دا دەفەرمووێ: ﴿ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ ۚ يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٧﴾ ﴾، واتە: وە خوا ئەگەر زیانێکت تووش بکات، جگە لە خۆی کەس ناتوانێ لایبدات، وە ئەگەر بیەوێ چاکەیەکت بۆ بێنێتە پێش، هیچ کەس ناتوانێ بەخششی خوا دوور بخاتەوە، خوا هەر کەسێك بیەوێ لە بەندەکانی تووشی خێرو قازانجی دەکات، وە ئەو لێبوردەی بە بەزەیی یە.

٢/ وە لە سووڕەتی (فاطر)دا دەفەرمووێ: ﴿ مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا ۖ وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢﴾ ﴾، واتە: دەرگای هەر ڕەحمەتو بەزەییەك خوا بۆ خەڵکی بیکاتەوە، هیچ کەس

ناتوانێ بیگرێ (ئەگەر خوا ویستی ڕەحمت پێ بکات، ئەو ڕەحمەتە بە کەس ناگیرێ) وە ئەگەر خوا ویستی ڕەحمەتێکت لێ بگرێتەوەو شتێکت نەداتێ، کەس ناتوانێ بتداتێ، لەدوای وی، خوا زاڵی کاربەجێیە.

٣/ وە لە سوورەتی (الزمر)دا دەفەرموێ: ﴿قُلۡ أَفَرَءَيۡتُم مَّا تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنۡ أَرَادَنِيَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلۡ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ أَوۡ أَرَادَنِي بِرَحۡمَةٍ هَلۡ هُنَّ مُمۡسِكَٰتُ رَحۡمَتِهِۦۚ قُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُۖ عَلَيۡهِ يَتَوَكَّلُ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ ٣٨﴾، پێیان بڵێ: پێم بڵێن: ئایا دەبینن، ئایا دەزانن ئەوانەی کە لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە (بەشەرن، بەردن، مانگان، خرۆکەن، ئەستێرەن، حیزبن، هەرچی هەن ئەوانەی کە چاوەڕوانییتان لێیان هەیە) ئەگەر خوا بیەوێ زیانێکم تووش بکات، ئەوان دەتوانن ئەو زیانەم لێ لابەدەن، یان ئەگەر خوا بیەوێ بەزەییەکی بە مندا بێتەوە (چاکەیەکم بە نسیب بکات) دەتوانن نەهێڵن ئەو چاکەو بەزەییەی خوا بۆ من بێتو لێم بگرنەوە؟!

دیارە: نەخێر وەڵامەکەی هێندە ڕوونە، پێویست ناکات بڵێن: نەخێر، بۆیە دەفەرموێ: ﴿قُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُ﴾، بڵێ: خوام بەسە، ﴿عَلَيۡهِ يَتَوَكَّلُ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ﴾، پشت بەستووان تەنیا پشت بەو دەبەستن.

٤/ وە پێغەمبەری خوا ﷺ لەوبارەوە فەرموودەی زۆرن، بۆ وێنە: ﴿عَنْ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ رضي الله عنه أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَقُولُ: فِي دُبُرِ كُلِّ صَلاَةٍ مَكْتُوبَةٍ: لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، اللَّهُمَّ لا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ﴾[1]، واتە: موغیرەی کوڕی شوعبە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ کە لە نوێژی دەبۆوە (سەلامی دەدایەوە) دەیفەرموو:

١) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ أَخْرَجَهُ: البُخَارِيُّ برقم: (٨٤٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٣٣٧)، وَأَحْمَد برقم: (١٨١٦٤)، وَأَبُو دَاوُد برقم: (١٥٠٥)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٩٩)، وَإِبْنُ حِبَّانَ برقم: (٢٠٠٥)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (١٣٤١)، وَإِبْنُ خُزَيْمَة برقم: (٧٤٢)، وَأَبي عَوَانَة برقم: (٢٠٧٠).

بێجگە لە خوا هیچ پەرستراو نین، تاکەو هاوبەشی نین، موڵك هەر هی ئەوە، ستایش هەر بۆ ئەوە، وە ئەو لەسەر هەموو شتێك بە توانایە، ئەی خوایە! هەر شتێك تۆ بیبەخشی، کەس ناتوانێ رێی لێ بگرێ (رێگر نیە لەوەی کە تۆ بیبەخشی) وە هەر شتێك کە تۆ نەیبەخشی، بەخشەر بۆی نیە، (واتە: هەر شتێك کە تۆ بتەوێ نەبێ، کەس ناتوانێ بیبەخشێ)، وە خاوەن سامان، ماڵو سامانەکەی لە بەرانبەر تۆدا سوودی پێناگەیەنێ.

٥/ هەر لەوبارەوە ئەم فەرمایشتەش هەیە: ﴿عَنْ ابْنِ عَبَّاس رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: كُنْتُ خَلْفَ رَسُولِ اللهِ ﷺ يَوْمًا، فَقَالَ: يَا غُلامُ! إِنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ: احْفَظِ اللهَ يَحْفَظْكَ، احْفَظِ اللَّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ، إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللهَ، وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللهِ، وَاعْلَمْ أَنَّ الأُمَّةَ لَوْ اجْتَمَعَتْ عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ، إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللهُ لَكَ، وَلَوْ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ، إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللهُ عَلَيْكَ، رُفِعَتِ الأَقْلامُ، وَجَفَّتِ الصُّحُفُ﴾[١]، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: ڕۆژێك لە پشت پێغەمبەری خواوە ﷺ سوار بووبووم (ئەو کاتە مێرمنداڵ بووە) فەرمووی: ئەی ڕۆڵە! چەند وشەیەکت فێر دەکەم: خوا بپارێزە خوا دەتپارێزێ، (واتە: دینی خوا بپارێزە، فەرمانەکانی خوا بپارێزە، جا ئەگەر فەرمانن جێبەجێیان بکە، ئەگەر قەدەغەن خۆتیان لێ بە دوور بگرە)، خواش دەتپارێزێ، خوا بپارێزە لەوەی کە لێت توورە بێ، خوا بەرەو ڕووی خۆت دەبینی (واتە: هەمیشە خوای پەروەردگار یارو یاوەرت دەبێ) وە ئەگەر داوات کرد بەس لە خوا داوا بکە، وە ئەگەر یارمەتیت وەرگرت، بەس داوای یارمەتی لە خوا بکە {واتە: بۆ ئەو شتانەی کە تەنیا بە خوا دەکرێن، ئەگەرنا تۆ بە برادەرێکی خۆت بڵێی: ئەرێ ئەو قەڵەمەم نادەیە، شتێکی پێ بنووسم؟ ئەوە قەیناکا، کەسێك داوای هاوکارییەکی لێبکەی کە بەو دەکرێ، بەڵام ئەو شتانەی کە تەنیا بە خوا دەکرێن، بەس لە خوایان داوا بکەو، ئەوەی تەنیا بە خوا دەکرێ، وەك: شیفای نەخۆشیی، سەرخستن، ژێرخستن،

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٦٦٩)، وَالتِّرْمِذِيُّ برقم: (٢٥١٦)، قَالَ هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَقَالَ الشيخ الألباني: حَدِيثٌ صَحِيحٌ.

دەوڵەمەندبوون، هەژارکەوتن، عەزیزبوون، زەلیلبوون تا کۆتایی، چاوەڕوانیی ئەوانە لە غەیری خوا مەکە}، وە بزانە ئەگەر ئۆممەت هەموو کۆببنەوە (واتە: بەشەرییەت هەمووی کۆببێتەوە) کە سوودێکت پێبگەیەنن بە شتێك، ناتوانن سوودت پێ بگەیەنن، مەگەر خوا بۆی نووسیبی (یانی: ئەگەر خەڵکێك هاوکارییەکیشی کردیو سوودیان پێ گەیاندی، (پێش ئەوەی دەستی وان ببینی، دەستی خوا ببینە، بۆ ئەوەی سوپاسی خوا بکەیو پێشی ئەوان، چاکەکە لە خوا بزانە، ئەگەر خوا بۆی نەنووسیبایو خوا لە دڵی نەنابان، وە ئەگەر خوا هۆکارەکانی ساز نەکردبان، ئەو شتەت بۆ نەدەبوو) وە بزانە کە ئەگەر هەموو مرۆڤەکان کۆببنەوە، زیانێکت پێ بگەیەنن بە شتێك، ناتوانن ئەو زیانەت پێ بگەیەنن، مەگەر خوا بۆی نووسیبیو خوا بەسەرت بێنێ، قەڵەم هەڵگیراون، وە لاپەڕەکانیش وشکبوونەوە، (مەبەست ئەوەیە هەموو شتێك لە زانیاریی خوادا هەیە، کەواتە: پشت بە خوا ببەستە).

٦/ هەروەها ئەم فەرموودەیەش هەیە: ﴿كُنْتُ رَدِيفَ النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ: يَا غُلامُ، أَوْ يَا غُلَيِّمُ! أَلا أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ يَنْفَعُكَ اللهُ بِهِنَّ، فَقَالَ: احْفَظِ اللهَ تَجِدْهُ أَمَامَكَ، تَعَرَّفْ إِلَى اللهِ فِي الرَّخَاءِ يَعْرِفْكَ فِي الشِّدَّةِ، وَاعْلَمْ: أَنَّ مَا أَخْطَأَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَكَ، وَمَا أَصَابَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ، وَاعْلَمْ: أَنَّ النَّصْرَ مَعَ الصَّبْرِ، وَأَنَّ الفَرَجَ مَعَ الكَرْبِ، وَأَنَّ مَعَ العُسْرِ يُسْراً﴾(١)، واتە: ڕۆژێك لە پشت پێغەمبەر ﷺ سوار بوو بووم، گوتی: ئەی کوڕیژگە! (کوڕە بچکۆڵە!) هەندێك وشەت فێر دەکەم، خوا بەهۆیانەوە سوودت پێدەگەیەنێ: خوا

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٨٠٤)، تعليق شعيب الأرنؤوط : صحيح، وَأَخْرَجَهُ البَيْهَقِيُّ في "شعب الإيمان" برقم: (١٠٧٤)، وَالطَّبَرَانِيُّ في "الكبير" برقم: (١١٥٦٠)، وَالحَاكِمُ برقم: (٦٣٠٣).
بۆیە هەردووك ڕیوایەتم هێنان، چونکە نێوەڕۆکەکەیان لێك جیایە، ڕەنگە بگوترێ: ئایا پێغەمبەر ﷺ ئەوەیانی پێ فەرمووە، یان ئەوەیانی پێ فەرمووە؟ دەڵێین: هەردووکیانی پێ فەرمووە، بەڵام (ترمذي) ئەو ڕاویانەی کە ئەو لێیەوە وەرگرتوون، ئەو بەشەیان لەلا بووە، (طبراني) و (حاکم)یش بەشەکەی دیکە، ئنجا ئەگەر حەدیسێك بە دوو سێ ڕیوایەت هات، نابێ بگوترێ: دەبێ کامیان ڕاست بێ؟ مادام شتەکان تێکناگیرێن، هەردووکیانی فەرمووە، بەڵام ڕاویەکییان هەندێکی هێناوەو، بەشەکەی دیکەش، یەکی دیکە هێناویەتی.

بپارێزە لە پێش خۆت دەیبینی، لە فەرحانییداو لە کاتی ئاسانییدا خۆت بە خوا بناسێنە، لە سەغڵەتییدا دەتناسێ (واتە: کاتێك کە لە فەرحانییدایو هیچ گرفتت نیە، تۆ بەندەی چاکی خوابە، کە لێت قەوما، خوا مشوورخۆرێکی باشت دەبێو، یارمەتیدەرو هاوکارێکی باشت دەبێ)، وە بزانە ئەوەی کە تووشت نەبووە، نەدەگونجا تووشت بێ، وە ئەوەی کە توشت بووە، نەدەگونجا تووشت نەیەت[1]، وە بزانە کە سەرکەوتن لەگەڵ خۆڕاگریی دایە، وە دەروو لێکرانەوە لەگەڵ خەموخەفەت دایە، وە لەگەڵ زەحمەتو تەنگانەدا ئاسانیی هەیە.

واتە: ئەو شتانە هەموویان لێك نزیكن، كە تووشی خەفەتێك بووی، وامەزانە کە قەت لێی دەرباز نابی، خەریکە دەرووت لێ ببێتەوە، وە ئەگەر تووشی سەغڵەتییەك بووی، وامەزانە تازە هەورازەو هەرگیز سەرناکەوی، هەر هێندەت زانی سەردەکەوی‌و شۆڕدەبیەوە، وە ئەگەر خۆڕاگریش بی سەرکەوتوو دەبی.

مەسەلەی هەشتەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلۡقَاهِرُ فَوۡقَ عِبَادِهِۦۚ وَهُوَ ٱلۡحَكِيمُ ٱلۡخَبِيرُ ﴾، وە خوا بالآدەستە بەسەر بەندەکانییەوەو مل پێکەچکەریانە، وە ئەو کاربەجێی شارەزایە، وشەی (قهر) لە زمانی عەرەبیدا دەڵێ: (القَهْرُ: الغَلَبَةُ وَالتَذلِيلُ مَعًا) بریتیە لە زاڵ بوونو مل پێکەچکردن، کەواتە: (قاهر) بوونی خوا ﷻ بەسەر بەندەکانیەوە، یانی: هەم بالآدەستە، وە هەم ملیشیان پێکەچ

---

١) ئینسان ئەگەر ئەو حەقیقەتە بزانێ: کە ئەوەی تووشی نەبووە، نەدەگونجا تووشی بێ، وە ئەوەی کە تووشی بووە، نەدەگونجا تووشی نەیەت، جا چ بۆ چاکە بێ، چ بۆ خراپە بێ! جاری وایە کەسێك قوتار دەبێ لە بەڵایەك، کە ڕوو لە خەڵکێك دەکاتو ئەو دەربازی دەبێ، لە خۆشییان خەنی دەبێ، ڕەنگە وابزانێ ئەوە بە ئازایەتیی خۆی بووە، نا، ئەوە خوا نەینووسیبوو، دەستی خوا ببینە، خوا نەیهێشت ئەوە تووشی تۆ بێ، جاری وایە خێرێك بە وی دەبڕێ، یان پێی نابڕێ، لە حاڵەتی پێبڕاندا زۆر دڵخۆش دەبێ، لە حاڵەتی پێنەبڕاندا، زۆر سەغڵەت دەبێ، ئەگەر پێت بڕا، خوا نووسیویەتی، ئەگەر پێت نەبڕا، دیارە خوا نەینووسیبوو، زۆر خەفەتی بۆ دامەگرە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ وا دەفەرموێ.

دەکات، ئنجا ئەوەی بە خۆشی خۆی ملی بۆ خوا ﷻ کەچ دەکات، کە مسولْمانانن، وە ئەوەی بە خۆشی خۆی مل بۆ خوا کەچ نەکات، دوایی هەر ملکەچی خوا دەبێ، لە سەرەمەرگدا، وە دوایی دەکەوێتە بەردەستی فریشتان‌و هەر ملکەچی خوایە، ئێمە لە هەندێك شتدا ئیختیارمان هەیە، دەتوانین ملکەچی خوا بین، دەشتوانین ملکەچی خوا نەبین، لە بەشە ئیختیارییەکەمان دا، بەلاَم بەشێکی دیکەی ئیجبارییمان هەیە لە ژیانماندا، بۆ وێنە: کێ دەتوانێ نەخواو، نەخەوێ‌و، بە چاو نەبینێ‌و، بە گوێ نەبیستێ‌و، بە پێیان نەڕواو، لەژێر چەتری ئاسمانی خوادا نەبێ‌و، لەسەر زەوی خوا نەبێ‌و، ئاو نەخواتەوەو، هەوا هەڵنەمژێ‌و... هتد؟ ئەوانە هەموویان ملکەچیی ئینسانن بۆ خوا، تۆ ناچاری دەبێ هەوا هەڵمژی، ئەگەر دەتەوێ بژی، ناچاری دەبێ ئاوێ بخۆیەوەو، خواردن بخۆی، دەبێ بخەوی، دەبێ بە پێیان بڕۆی، بەکورتیی: ملکەچی یاساکانی خوای پەروەردگاری، لە بەشە ئیجبارییەکەت دا، بەلاَم ئازایەتیی ئەوەیە لەو بەشەدا کە دەتوانی ملکەچ نەبی، ملکەچ بی، واتە: لە بەشە ئیخیارییەکت دا، وە سزاو پاداشتیش لەوێ دایە.

کورتە باسێک دەربارەی لەسەرەوەبوونی خوا (فوقيّة الله)

دەمەوێ هەندێك باسی لەسەرەوەبوون (فوق)یەتی خوای بێ وێنە بکەم، خوا ﷻ لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ ﴾، واتە: خوا بالاْدەستەو مل پێ کەچکەرە بەسەر بەندەکانیەوە، لێرەدا مەبەست پێی بەرزیی (علو) نیە، بەو مانایەی کە لە ئایەتەکانی دیکەدا، ئاماژەی پێکراوە، کە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ﴾الأعراف، یان دەفەرموێ: ﴿ إِلَيْهِ يَصْعَدُ ٱلْكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ ۝١٠ ﴾فاطر، یان دەفەرموێ: ﴿ تَعْرُجُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ۝٤ ﴾المعارج، بەڵکو لێرەدا مەبەست پێی

(فوق)یەتی مەعنەوییە، بەڵام دەربارەی ئەوە کە خوا ﷻ لە سەرووی دروستکراوەکانی خۆیەتی، بەڕاستی بەزایەدانو تێپەڕاندن (إفراط، وتفریط)ی تێکەوتووە، من دەمەوێ لەوبارەوە تیشکێك بخەمە سەر بەرزیی (علوّ)ی خوای بێ هاوتا، بەو شێوەیە کە بۆ خوا شایستەیە، نەك بەو شێوەیەی کە دێتە زیهنی ئێمەوە، بۆ وێنە: کە بڵێم ئەم کتێبە لەسەر ئەم مێزە دادەنێم، بەو چەمکە نا، چونکە ئەوە هی دروستکراوە، بەڵام خوا دەفەرموێ: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ ١١﴾الشورى، واتە: هیچ شتێك وەك خوا نییە، کەواتە: زاتی خوا وەك هیچ کام لە زاتەکان نییە، وە سیفەتەکانیشی، وەك هیچ کام لە سیفەتەکان نین، بەڵام چەندان ئایەتو چەندان فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ فەرموویانە، وە بە عەقڵو فیترەتیش دیارە کە خوا لە سەرووی دروستکراوەکانی خۆیەتی، بە شێوەیەك کە بۆ خوا شایستەیە، با سەرنج بدەین :

١ - لە سوورەتی (الزمر)دا خوا دەفەرموێ: ﴿تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ ١﴾، واتە: دابەزاندنی کتێب لەلایەن خوای زاڵی کاربەجێوەیە، کەواتە: ئەم کتێبە لە سەرێوە دابەزێنراوەو، لە سەرەوە بۆ خوارێ هاتوە، ئێمەی خەڵکی سەر زەوی، لە خوارێین، خوای پەروەردگار کتێبی لە ئاسمانەوە دابەزاندوە لە سەرێوە، وە کە دەشفەرموێ: ﴿تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ﴾، کەواتە: خوای پەروەردگاریش لە سەرەوەیە.

٢ - وە لە سوورەتی (فاطر)دا خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿... إِلَيۡهِ يَصۡعَدُ ٱلۡكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ وَٱلۡعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرۡفَعُهُۥۚ ١٠﴾، واتە: وشەی چاكو پاك بەرەو خوا بەرز دەبێتەوە، وە کردەوەی باش بەرزی دەکاتەوە (واتە: ئەو وشە چاكو پاکە بەرز دەکاتەوە)، کەواتە:. خوا لە بەرزییەو ئێمەش لە خوارێین، وشەی چاكو پاکیش زۆر لە زانایان دەڵێن: ﴿ٱلۡكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ﴾ وشەی (توحید)ەو بۆ لای

خوا بەرز دەبێتەوە، کەواتە: خوا لە بەرزییە، هەڵبەتە لە بەرزیی بوونی خوا، بەو شێوەیەیە کە بۆ خوا شایستەیە.

٣ – هەروەها لە سوورەتی (النساء)دا خوا دەربارەی عیسا ﷺ کە جوولەکەکان دەڵێن: کوشتوومانەو نەصرانییەکان دەڵێن: بەڵێ جوولەکەکان لە خاچیانداوەو بەو بۆنەوەش صەڵیب بە ملی خۆیاندا دەکەن، خوا بە درۆیان دەخاتەوەو دەفەرمویٰ: ﴿ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًۢا ۝١٥٧ بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيۡهِ ۝١٥٨ ﴾، واتە: بە تەئکید ئەوان (جوولەکەکانو ڕۆمانەکان) عیسایان نەکوشت، بەڵکو خوا بەرەو لای خۆی بەرزی کردەوە، کەواتە: خوای پەروەردگار لە بەرزییە.

٤ - وە لە سوورەتی (المعارج)دا باسی فریشتەکان دەکاتو دەفەرمویٰ: ﴿ تَعۡرُجُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيۡهِ فِي يَوۡمٖ كَانَ مِقۡدَارُهُۥ خَمۡسِينَ أَلۡفَ سَنَةٖ ۝٤ ﴾، واتە: فریشتەکانو ڕووح بەرەو خوا بەرز دەبنەوە، لە ڕۆژێکدا کە ئەندازەکەی پەنجا هەزار ساڵە (٥٠٠٠٠)، (کە ڕۆژی قیامەتە)، کەواتە: لەو ڕۆژەدا فریشتەکان بەگشتی، وە ڕووح (کە جبریلە) بەرەو خوا بەرز دەبنەوە، کە ئەو ڕۆژەش ئەندازەکەی پەنجا هەزار ساڵە (٥٠٠٠٠)، واتە: ڕۆژێکی زۆر درێژە.

٥ - وە لە حەوت ئایەتاندا خوای کاربەجێ باسی ئەوە دەکات کە چۆتە سەر عەرش، دەفەرمویٰ: ﴿ ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥ ﴾طـه، ﴿ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ﴾الأعراف، دوایی خوا چووە سەر عەرش، بەرز بۆوە بۆ سەر عەرش، چۆن؟ بەو شێوە کە بۆ خوا شایستەیە.

٦ - پاشان پێغەمبەر ﷺ لە جەنگی (بني قريظة)دا کە بە دیل گیرابوون، وە سەعدی کوڕی موعاز سەرۆکی عەشیرەتی ئەوس بووو بریندار بوو، وە بەنی قورەیزەش هاوپەیمانی سەعدی کوڕی موعاز بوون، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئایا ڕازین سەعد بکەمە حەکەم؟ گوتیان: بەڵێ، گوتی: سەعد تۆ حەکەمی، چی لەو دیلانە بکەم کە پەیمانیان شکاندوە؟ سەعد گوتی: ئایا هەر بڕیارێك بدەم جێبەجێ دەکرێ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڵێ،

گوتی: بەسەر ئەو کەسەش دا کە لەو چادرە دایە (لەبەر ئەدەب نەیگوت: بەسەر تۆشدا) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڵێ، گوتی: من بڕیار دەدەم ئەوانەیان کە باڵغن‌و پیاون، بکوژرێن، چونکە ئەوانە غەدرو خیانەتیان کرد لە ئیسلام‌و لە مسوڵمانان، پێغەمبەر ﷺ یش فەرمووی: ﴿قَدْ حَكَمْتَ بِحُكْمِ اللّٰه مِنْ فَوْقِ سَبْعِ سَمَاوَاتٍ﴾[1]، واتە: حوکمێکت تێدا کردن، کە حوکمی خوایە کە لە سەرووی حەوت ئاسمانانەوەیە.

واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەو خوایەی کە لە سەرووی حەوت ئاسمانانەوەیە، حوکمەکەی تۆ موافیقی حوکمی ئەوە، دیارە پێغەمبەر ﷺ زانیویەتی کە خوای بەرز ئەوەی پێ خۆشە.

٧ - هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە دوعایەکدا کە ڕازو نیاز لەگەڵ خوادا دەکات، دەفەرموێ: ﴿أَنْتَ الظَّاهِرُ فَلَيْسَ فَوْقَكَ شَيْءٌ﴾[2]، واتە: خوایە! تۆ لە سەرەوەی، هیچ شتێك لە سەرووی تۆوە نیە.

٨ – ئنجا با بەڵگەیەکی عەقڵیی‌و فیطریی لەوبارەوە بێنینەوە، بۆیەش جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەمەوە، چونکە هەندێك مەلای خۆمان کە بەداخەوە کارتێکراون بەوەی پێی دەڵێن: فیکری ئەشعەریی، یان ماتوریدیی، دەڵێن: خوا لە هەموو شوێنێکە!، بەڵام خوا بۆخۆی لە حەوت ئایەتاندا دەفەرموێ: من لەسەر عەرشم، بەڵام چۆن لەسەر عەرشە؟ بەو شێوەو بەو مانایە کە بۆ خوا شایستەیە، نەك وەك وشکە سەلەفییەکی ناحاڵیی، یان ئەوانەی کە جەستێنەر (مجسِّمة)ن، دەڵێن، کە پێیان وایە خوا لەسەر کورسییەك دانیشتووە! نا، چونکە ڕستەی: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَيْءٌ ۝١١﴾ الشورى، واتە: هیچ شتێك وەك خوا نیە، پێچەوانەی ئەوەیە، بەڵام ناشتوانین بڵێین: خوا لە هەموو شوێنێکە، بەڵکو دەڵێین: خوا لە دەرەوەی

---

[1] أَخْرَجَهُ البَيْهَقِيُّ في "الكبرى" ج٩، ص٦٣، وَالبَزَّار برقم: (١٠٩١)، وَعَبْدُ بْنُ حُمَيد برقم: (١٤٩)، وَصَحَّحَهُ الألباني في "السلسة الصحيحة" برقم: (٢٧٤٥).

[2] أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٧١٣)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٤٨١)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٨٣١)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٩٦٦) وَالبُخَارِيُّ في (الأدب المفرد) برقم: (١٢١٢).

دروستکراوەکانی خۆیەتی، وە خوا لە سەرەوەی دروستکراوەکانی خۆیەتی، وەك لە عەقیدەی (طحاوي)دا هاتوە: (اللّٰه سُبْحَانَهُ وَتَعَالى مُسْتَوٍ عَلَى عَرْشِهِ، بَائِنٌ عَنْ خَلْقِهِ)، خوا لەسەر عەرشی خۆیەتی، لە دەرەوەی دروستکراوەکانی خۆیەتی، بەو شێوەیەی کە بۆ خوا شایستەیە، وە هەندێك کە دەڵێن: خوا لە ئاسمانە، وا دەزانن خوا لەنێو ئاسمانێ دایە، ئاخر خوا لەنێو دروستکراوی خۆیدا نابێ! خوا لە سەرووی دروستکراوەکانی خۆیەتی، وە بەو شێوەیەش کە بۆ خوا شایستەیە، لەسەر عەرشەکەیەتی .

٩ - ئنجا لەوبارەشەوە ئەو بەسەرهاتە هەیە، کە خاوەنی تەفسیری: (روح المعاني) (محمود الآلوسي) هێناویەتی دەڵێ: (ذكر محمد بن طاهر المقدسي أن الشيخ أبا جعفر الهمداني حضر مجلس إمام الحرمين، وهو يتكلم في نفي صفة العلو ويقول: كان اللّٰه تعالى ولا عَرْش، وهو الآن على ما كان، فقال الشيخ أبو جعفر: أخبرنا يا أستاذ! عن هذه الضرورة التي نجدها في قلوبنا فإنه ما قال عارف قط: يا أَللّٰه! إلا وجد في قلبه ضرورةً بطلب العلو لا يلتفت يُمنةً، ولا يُسرةً، فكيف تُدفع هذه الضرورة عن أنفسنا؟ قال: فلطم الإمام على رأسه ونزل، وأظنه، قال: وبكى، وقال حَيّرني الهَمَدَانِي!)[١]، واتە: موحەممەدی کوڕی تاهیری مەقدیسیی دەگێڕێتەوە، کە شێخ ئەبو جەعفەری هەمەدانیی لە کۆڕی ئیمامی حەرەمەیندا (کە ناوی جووەینیە) دادەنیشێ (کە زانایەکی زۆر گەورەی ئەهلی سوننەتو جەماعەتە) لەوکاتەدا ئیمامی حەرەمەین باسی نەفی سیفەتی بەرزیی لە خوا دەکات، گوتی: خوای بەرز بوو، عەرش نەبوو، ئێستاکەش هەر وەك ئەو کاتە وایە، شێخ ئەبو جەعفەریش دەڵێ:

ئەی مامۆستا! هەواڵمان پێبدە بۆچی خۆمان ناچار دەبینین، هیچ خواناسێك نەیگوتوە: (یا أَللّٰه) مەگەر لە دڵیدا هەست دەکات کە پێویست بەوە دەکات ڕوو لە سەرێ بکات، ئەوە بۆچی وایە هیچ ئاوڕ بە لای ڕاستو بە لای چەپدا ناداتەوە؟ دەڵێ: ئیمامی حەرەمەین دەستی بەسەر سەری خۆیدا داو

١) ج٤، ص١٥١.

(لەسەر مینبەر بوو، یان کورسی بوو، لێی دابەزیو گوتی: وابزانم گریاو گوتی: هەمەدانیی سەرسامی کردم!

دیارە پرسیارەکەی زۆر بەجێبووە، چونکە ئیمامی حەرەمەین بۆ خۆشی کە پاڕاوەتەوە هەر وای کردوە، ئنجا ئەگەر خوا لە سەرەوە نیە، بۆچی وادەکەی؟ کەواتە: لەڕاستیدا لە سەرەوەبوونی خوای پەروەردگار، شتێکە هەم دەقەکانی قورئانو سوننەت دەیگەیەنن، هەم عەقڵو فیترەتی ساغیش، کەواتە: بۆیە ئەوە بەزایەدان (تفریط)ە، کە نکوولیی لەوە بکەی خوا لە سەرووی دروستکراوەکانی خۆی بێ، وەك بۆ خوا شایستەیە، بەڵام ئەوەتان لەبیرنەچێ (وەك بۆ خوا شایستەیە)، وە من یەك بەرگ کتێبم لەوبارەوە نووسیوە، (ناوو سیفەتە بەرزەکانی خوا) کە بەرگی (٣)ی (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی)یە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ ئاگامان لە تێپەڕاندنیش بێ، بە ڕەهایی نەڵێین خوا: لە سەرەوەیە، واتە: کە سەرەنجام بگوترێ: خوای پەروەردگار وەك دروستکراوەکان لە سەرەوەیە، چونکە ئەوە هەڵەیە، یان بڵێی خوا لە ئاسمانە، وە پێت وابێ خوا لەنێو ئاسمانێیە، یان: خوا کورسی هەیەو عەرشی هەیەو خوا لەسەر کورسیو عەرش دانیشتوە ! ئەوە دروستکراوەکان وان، بەڵام خوای بێوێنە وانیە، وە خوای بەرزو مەزن نە پێویستی بە کورسی هەیەو، نە بە عەرشو، نە بە ئاسمان، بەڵام خوا بۆخۆی هەواڵی بە ئێمە داوەو دەفەرموێ بەرزبۆوە بۆ سەر عەرش، یان چووە سەر عەرش، ئێمەش خوای مەزن بەوە وەسف دەکەین، کە خۆی پێ وەسف کردوە، بەڵام چۆنیەتییەکەی خوا بۆخۆی دەزانێ، وەماناکەشی بۆ ئێمە دیارە، بەڵام ئەو مانایەی کە بۆ ئێمە دیارە، کە بریتیە لە: (چوونەسەر)و (نیشتەجێ بوون)و (بەرزبوونەوە)، ئەو مانایە بۆ خوا بەکارنایەت، هەروەك چۆن زانینی ئێمە بەهۆی عەقڵو دەماغەوەیە، بەڵام زانینی خوای بەرز پێویستیی بەوە نیە، وە قسەکردنی ئێمە بە زمانو قوڕگو سندوقی دەنگە، بەڵام فەرمایشتکردنی خوای بێوێنە، وانیە، وە بینینی ئێمە بە بیلبیلەو گلێنەی چاوە، بەڵام بینینی خوای تاك وانیە، وە بیستنی ئێمە بە گوێو بەو ئەندامانەیە کە گوێیان لێ پێکهاتوە، پەردەی گوێو سندانو چەکوشو ئەوانە، بەڵام

بیستنی خوای بێوێنە وانیە، کەواتە: بە هەمان شێوەش (لە سەرووبوون)ی خوای پەروەردگارو (بەرزبوونەوەی خوا بۆ سەر عەرش)یش بە هەمان شێوە بەو شێوەیە کە بۆ خوا شایستەیە.

١٠ - (الآلوسي) خاوەنی (روح المعاني) قسەیەکی جوان دەکات لەوبارەوە دەڵێ: (وبالجُمْلَة يَجِبُ تَنْزِيهُ اللهِ تَعَالَى عَنْ مُشَابَهَةِ الـمَخْلُوقِينَ وَتَفْوِيضِ عِلْمِ مَا جَاءَ مِنَ الـمُتَشَابِهَاتِ إِلَيْهِ عَزَّ شَأنه، والإِيْمَانُ بها عَلَى الوَجْهِ الَّذِي جَاءَتْ عَلَيْهِ وَالتَّأْوِيلِ القَرِيبِ إِلَى الذهنِ الشَّائِعِ نَظِيره فِي كَلَامِ العَرَبِ مِمَّا لا بَأْسَ بِهِ عِنْدِي، عَلَى أَنَّ بَعْضَ الآيَاتِ مِمَّا أَجْمَعَ عَلَى تَأْوِيلِهَا السَّلَفُ وَالخَلَفُ)[1]، واتە: بەکورتیی: دەبێ خوا بە پاك بگیرێ لەوەی کە وەك دروستکراوەکانی بچێ، وە ئەو ئایەتە موتەشابیهانەی کە هاتوونو ئێمە تێیان ناگەین، دەبێ زانیارییەکەیان حەوالەی خوا بکرێتەوە، وە ئیمان بێنین پێیان بەو شێوەیەی کە هاتوون، بەلاّم ئەگەر بە تەئویل کردنێکیش کە لە عەقڵەوە نزیك بێ تەئویل بکرێن، وە بەوە کە لە قسەی عەرەبانیشدا باوبێ، بەلای منەوە ئاساییە، وە بە تەئکید هەندێك ئایەتیش هەموو زانایانی پێشینو دوایین لەسەر تەئویل کردنیان یەکدەنگن.

منیش دەڵێم: بۆ وێنە: ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٤﴾﴾ الحديد، خوا لەگەڵتانە لە هەر شوێنێك بن، ئیمام ئەحمەدو هەموو زانایان دەڵێن: دەبێ تەئویل بکرێو نابێ بگوترێ: خوا ئێستا لێرەیە، واتە: ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ﴾، خوا لەگەڵتانە، بە چیو چۆن؟ (أي بعِلْمِه، وَقُدْرَتِهِ، وَسُلْطَانِهِ) بە زانیارییەکەیو بە تواناییەکەیو بە دەستەڵاکەی، بەلاّم بۆخۆی لێرە نیە، ئەگەر لێرەبێ، ئەدی چۆن لە سەرەوەی دروستکراوەکانی خۆیەتی، هەندێك لە ئایەتەکان هەر دەبێ تەئویل بکرێن، هەموو زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، بەلاّم دەبێ تەئویلێك بێ، بگونجێ لەگەڵ زمانی عەرەبیدا، وە نەبێتە هۆی لابردنی سیفەتەکانی خوا.

---

١) ج٤، ص١٥٢.

مەسەلەی نۆیەم: کە دەفەرمویَ: ﴿قُلۡ أَيُّ شَيۡءٍ أَكۡبَرُ شَهَٰدَةٗۖ قُلِ ٱللَّهُۖ شَهِيدُۢ بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡۚ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَۚ أَئِنَّكُمۡ لَتَشۡهَدُونَ أَنَّ مَعَ ٱللَّهِ ءَالِهَةً أُخۡرَىٰۚ قُل لَّآ أَشۡهَدُۚ قُلۡ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ وَإِنَّنِي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ﴾

پێنج هەڵوەستە لەبەردەم ئەم ئایەتە موبارەکەدا :

هەڵوەستەی یەکەم: لێرەدا خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویَ: ﴿قُلۡ أَيُّ شَيۡءٍ أَكۡبَرُ شَهَٰدَةٗ﴾، لە هاوبەش دانەرەکان بپرسە، بڵێ: چ شتێك شایەدیی دانەکەی گەورەترە، واتە: کێ شایەدیی دانەکەی گەورەترە؟ دوایی خوای کاربەجێ هەر بۆخۆی، وەڵام دەداتەوەو دەفەرمویَ: ﴿قُلِ ٱللَّهُ﴾، بڵێ: خوا، ئەگەر شایەدیی بدا، شایەدیی دانەکەی لە هی هەموو کەس گەورەترە، لێرەدا زانایان دەڵێن: دەگونجێ مەبەست لە شایەدیی لەسەردراو خوا بەیەکگرتن بێ، واتە: کێ ئەگەر شایەدیی بدا بۆ ڕاستێتیی خوا بە یەکگرتن، شایەدیی دانەکەی گەورەترە!؟ دیارە دوایی وەڵام دەداتەوە کە ئەگەر خوا شایەدیی بدا، لەسەر ئەوە کە تەنیا خوا بپەرسترێ‌و، تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا بکرێ، شایەدیی دانەکەی لە هی هەموو شتێك‌و لە هی هەموو کەس گەورەترە.

هەندێکیشیان گوتوویانە: دەگونجێ لێرەدا مەبەست لەو بابەتەی کە شاهێدیی لەسەر دەدرێ، پێغەمبەرایەتیی موحەممەد ﷺ بێ، واتە: ئایا چ شتێك ئەگەر شایەدیی بدات لەسەر ئەوە کە موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خوایە، شایەدیی دانەکەی گەورەترە؟

هەڵوەستەی دووەم: چۆنیەتی شایەدیی دانی خوا لەسەر تەوحید، لەسەر ئەوە کە تەنیا خۆی دەبێ بپەرسترێ‌و بەندایەتیی بۆ بکرێ، بە چەند جۆرێکە:

جـۆری یەکـەم: بـەو نیشـانەو بەڵـگانەی کـە لـە دەروونـی ئینسـانو لـە ئاسـۆیەکاندا دایناون، وەك دەفەرموێ: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَـٰتِنَا فِى ٱلْـَٔافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ ﴾ فصلت، واتە: لەمەودوا نیشانەکانی خۆمان لە دەروونیاندا، وە لـە ئاسـۆییەکاندا، (واتـە: لـە دەوروبەریانـدا) بۆیـان دەردەخـەین، تـاکو بۆیـان دەرکـەوێ کـە خـوا هەقـە، یان قورئـان هەقـە.

جـۆری دووەم: لـە شایەدییدانی خوای باڵادەستو بـێ هـاوتا، لەسـەر ڕاسـتێتیی خـوا بەیەکگـرتن، بریتیـە لـە عەقـڵو سروشـتە ساغەکان، کـە خـوا دروسـتی کردوون، واتە: هـەموو عەقڵێکـی سـەلیمو هـەموو سـروشتێکی سـاغ، دەزانـێ کە خـوا تاکـە پەرسـتـراوە، وە تاکـە زاتێکـە دەبـێ بەندایەتیی بۆ بکـرێ.

جـۆری سـێیـەم: لـە شـایەدییدانی خـوا لەسـەر خـوا بەیەکگرتن، بریتیـە لـە ئایەتـەکانی قورئـان، واتـە: ئـەو ڕسـتانەی کـە قورئانیـان لـێ پێکـدێ، لـە ئایەتەکانـدا خـوای پـەروەردگار شـایەدییـدانی خـۆی ڕاگەیانـدوە، وە قورئـانیش لە سـۆنگەی ئـەوەوە کە دەسـتەوسـانکەرەو هیـچ کـەس ناتوانـێ وەك قورئـان بێنـێ، کەواتـە: قورئان بەڵگـەو شـایەدە لەسـەر ئـەوە کـە تەنیـا خـوا شـایسـتەی پەرسـتنە.

جـۆری چـوارەم: بریتیـە لـە موعجیزەکـان، هیـچ پێغەمبـەرێك نـەبووە صـەڵاتو سـەلامی خوا لەسـەر هـەموویان بـێ، مەگـەر موعجیزەیەکـی دراوەتـێ، پێـی ئیسـپات کـردوە کـە پێغەمبـەری خوایـە، مـوعجیزەش بریتیـە لـە شـتێك کـە بەرانبـەرەکان دەستەوسـان دەکات، کەواتـە: موعجیزەکـانی پێغەمبەرایـەتییش، وە قورئـان بـۆ خـۆشـی کـە مـوعجیزەی پێغەمبـەری خاتەمـە، بەڵگـەن لەسـەر ئەوە کە خـوا تاکـە پەرسـتـراوی هەقـە، بـەڵام ئـایا ئەگـەر مەبەسـت لـەو شـتـە کـە شـایەدیی لەسـەر دەدرێ، پێغەمبەرایەتـیی موحـەممەد ﷺ بـێ، خـوا چۆن شـایەدیی لەسـەر داوە؟

یەكـەم: ئەوە كە خـوا پێغـەمبەرایەتیی بـە پێغـەمبەری كۆتـایی موحەممـەد ﷺ سـپاردوە، بۆخۆی بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوە كە پێغەمبـەرە، چونكـە: هـەر كەسێك تەماشـای حـاڵو ژیـانو بەسـەرهاتی موحەممـەد ﷺ بكـات، بـە ئاشـكرا دەسـتی خـوا دەبینـێ، چ پـێش پێغەمبەرایـەتیی، وە چ دوای پێغـەمبەرایەتی، وە دڵنیـا دەبـێ كـە موحەممـەد ﷺ پێغەمبـەری خوایـە، مەولـەوی شاعیـر لەوبـارەوە شـیعرێكی هەیـە دەڵـێ:

هەتیـو وە ئەدەو ئومـمی عەللامە   لەمە موعجیزتر موعجیـزە كامە!

پێغـەمبەر ﷺ بـێ بـاب بـووە، بەڵـكو بـێ دایكـیش بـووە، ئنجـا لەگـەڵ ئەوەشدا لە لووتكەی بەرزی ئەدەبو ئاكاردا بووە، پاشان نەخوێنـدەوار بووە، وە لـە لووتكـەی زانسـتو مەعریفـەتو شـارەزاییدا بـووە، ئنجا لەڕاسـتییدا كاتێك منداڵ بەبێ، دایـكو بـاب گـەورە بـێ، وە خاوەنـی ڕەوشـتو ئەدەبێكـی مـەزن بـێ، وە كاتێـك كەسـێك نەخوێنـدەوار بـێ، كەچـی لـە لووتكـەی مەعریفـەتو شـارەزاییو زانسـتدا بـێ، كەواتـە: دیارە خـوا فێـری كـردووەو خـوای پەروەردگار لەسـەر ئەو ئەدەبو ڕەوشـتە جوانە پەروەردەی كـردوە.

دووەم: هـەروەهـا خـوای پـەروەردگار بـەهۆی قورئانـەوە شـایەدیی دەدا كـە موحەممـەد ﷺ پێغەمبـەری خوایـە، چونكە قورئانێكـی لـە خـواوە بـۆ هـاتوە، كە هـیچ كـەس ناتوانـێ نـەك قورئانێكـی وا، بگـرە دە (١٠) سـوورەت، بـەڵكو یـەك سـوورەتی واش بێنـێ، كەواتـە: دیـارە موحەممـەد ﷺ ڕەوانـەكراوی خوایـەو قورئانـی بۆ هـاتوە.

سێیەم: جۆرێكی دیكە شایەدییدانی خـوای بێهاوتـا لەسـەر پێغـەمبەرایەتیی موحەممـەد ﷺ، بریتیـە لـە مـوژدەدانی كتێبـە پێشـووەكان، وە پێغەمبـەرانی پێشـوو (علـیهم الصـلاة والسـلام) لەسـەر پێغەمبەرایـەتیی موحەممـەد ﷺ، دیارە ئێستاش كتێبە پێشـووەكان، واتـە: پـەیمانی كۆنو پـەیمانی نـوێ، دیـارە كـە دەگـوترێ: پـەیمانی كـۆن (العهـد القـديم) واتـە: تـەوراتو هـەموو ئـەو كتێبـانەی كـە لەگـەڵ تـەورات دان، وە كـە دەگوتـرێ پـەیمانی نـوێ (العهـد

الجدید)، واتە: چوار ئینجیلەکانو کتێبەکانی دیکەی کە لەگەڵیاندان، وە ئێستاش لە پەیمانی کۆنو نوێ، لە زۆر شوێنان دا، لەگەڵ ئەوەش دا کە دەستکاریی کراونو گۆڕدراون، دەردەکەوێ کە پێغەمبەرانی پێشوو (علیهم الصلاة والسلام)، مووساو عیسا بە پلەی یەکەم، پاشان هەموو ئەو پێغەمبەرانەی دیکە، کە لە پەیمانی کۆنو نوێدا ناویان هاتوە، موژدەیان داوە کە لە دوا قۆناغی ژیانی بەشەردا، پێغەمبەری کۆتایی دێ، وە ئەو نیشانانەی کە ئەوان گوتوویانن: تەنیا بەسەر پێغەمبەر (محمد) ﷺ دا دەچەسپێن.

هەڵوەستەی سێیەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ ﴾، زانایان ئەوەیان کردوە بە بەڵگە کە وشەی (شيء) کە بە کوردی یانی (شت) هەر شتێکە بوونی هەبێ، بۆ خوا بەکاردێ، چونکە (شيء) شت، بریتیە لە هەر شتێك کە بگونجێ هەواڵی لێبدەی، وە بگونجێ بزانرێ، دیارە خوای پەروەردگاریش زانراوەو هەواڵی لێ دەدرێ، بەڵام بەتەئکید وشەی (شيء) یەکێك نیە لە ناوە چاکەکانی خوا، لەبەرئەوە ناتوانی بڵێی: (یا شيء)، بۆچی؟! چونکە خوا سبحانە وتعالی دەفەرموێ: ﴿ وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ﴿١٨٠﴾ ﴾الأعراف، خوا ناوە هەرە چاکەکانی هەن، بەوان لێی بپاڕێنەوە، بەڵام وشەی (شيء) لەو ناوانە نیە کە بۆ خوا بەکارهاتوون، بەڵکو وشەو تەعبیرێکی گشتیە کە خوای بەرزو مەزنیش دەگرێتەوە، بەڵێ خوا شت (شيء)ە، بەڵام (لیس كالأشیاء) وەك شتەکانی دی نیە، ئەو بەدیهێنەرەو شتەکانی دیکە هەموویان بەدیهێنراون.

هەڵوەستەی چوارەم: لەبەردەم ئەو ڕستەیەدا دەکەین: ﴿ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ ﴾، وە ئەم قورئانەم بۆ ڕەوانە کراوە، کەواتە: کە دەفەرموێ: بڵێ خوا شایەدە لە نێوان منو ئێوەدا، وەك گوتم لەسەر ڕاستێتیی خوا بەیەکگرتن (توحید)، یاخود لەسەر ڕاستێتی موحەممەد ﷺ کە پێغەمبەری

خوایە، دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ ﴾، وە ئەم قورئانەم بۆ ڕەوانە كراوە، واتە: وەك بەڵگەی ئیسپاتی خوا بەیەكگرتن، یاخود بەڵگەی ئیسپاتی پێغەمبەرایەتیی موحەممەد ﷺ، ئەوە ئەم قورئانەم بۆ نێردراوە، كە بەڵگەو شایەدە، ئنجا ئامانجی ڕەوانەكرانی قورئان، بەیان دەكاتو دەفەرموێ: ﴿ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَۚ ﴾، بۆئەوەی ئێوەی پێ وریا بكەمەوەو ئێوەی پێ بترسێنم، وە هەر كەسێكی دیكەش كە قورئانی پێ دەگات، دیارە وشەی (إِنْذَار) لە زمانی عەرەبیدا دەڵێ: (الإِنْذَار: إعلامٌ مع تخويف) بریتیە لە ئاگاداركردنەوە لەگەڵ ترساندن دا، قورئان هاتوە بۆئەوەی خەڵك وریا بكاتەوەو بێداریان بكاتەوە، وە بشیان ترسێنێ كە ئینسان بە هەوەنتە دروست نەكراوە، بەڵكو ئایندەیەكی زۆر ترسناك چاوەڕێی دەكات، كە بریتیە لە لێپێچانەوە وە لێپرسینەوە لەلایەن خوای دادگەرەوە.

كەواتە دەبێ ئینسان بزانێ چۆن دەژی؟ چی دەكات؟ چۆن دەكات؟ ئنجا كە دەفەرموێ: ﴿ وَمَنۢ بَلَغَۚ ﴾، كە ئەوە هەموو سەدەو وەچەكانی دیكەی دوای سەدەی پێغەمبەر ﷺ تا دنیا بە كۆتا دێ، دەگرێتەوە، چونكە هەندێك گوتوویانە: قورئان تەنیا بۆ عەرەب هاتوە، وە تەنیا بۆ ڕۆژگاری خۆی هاتوە، بەڵام ئەم ڕستە قورئانییە كە دەفەرموێ: ﴿ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَۚ ﴾، قورئانم بۆ نێردراوە، تاكو ئێوەی پێ وریا بكەمەوە، وە هەر كەسی دیكەش كە پێی دەگات دوای ئێوە، كەواتە: قورئان تەنیا بۆ گەلی عەرەب نەهاتوە. وە ئەمە ئەوەشی لێ وەردەگیرێ كە لەسەر مسوڵمانان فەرزە ئەم قورئانە بگەیەنن بە هەموو میللەتان، وە بیگەیەنن بە هەموو مرۆڤەكان، چونكە خوا لەسەر زمانی پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَۚ ﴾، ئەم قورئانەم بۆ ڕەوانەكراوە، تاكو ئێوەی پێ وریابكەمەوە، وە هەموو ئەوانی دیكەش كە پێیان دەگات، كەواتە: فەرزە لەسەر ئۆممەتی پێغەمبەر

ﷺ، ئەو لە سەردەمی خۆیدا بە خەڵکی ڕۆژگاری خۆی گەیاندوە، چ ئەوەی ڕاستەوخۆ پێی گەیاندوە، چ ئەوەی بە نامە بۆ پادشاکانی ڕۆمو فارسو میصرو حەبەشەو، وە لەسەر ئۆممەتەکەشی پێویستە، هەر جیلێك لە جیلەکانی ئۆممەتی پێغەمبەر ﷺ ئەم قورئانە بە هەموو زمانەکان هەوڵ بدات تەرجەمەی بکات، وە بیگەیەنێ بە مرۆڤایەتیی، تاکو ئەوەی کە خوا ویستوویەتی، ئەوانی پێ وشیار بکاتەوەو ئەو پەیامەی خوا بزانن چییە؟

(القرطبي) دەڵێ: کە دەفەرمویٚ: ﴿ وَمَنۢ بَلَغَ ﴾، واتە: وە هەر کەسێك کە باڵغ بووبێ، ئەم قورئانەی پێ بگەیەنم، بەڵام لەڕاستیدا ئەم واتایە بێهێزە، هەرچەندە ئەوەش دەگرێتەوە، چونکە ئەو کاتە هەر کەس باڵغ بووبێ لەسەری فەرز دەبێ، بە دوای قورئان بکەوێ، ئەوە ڕاستە، بەڵام لێرەدا ﴿ وَمَنۢ بَلَغَ ﴾، واتە: ئێوەشی پێ وریا بکەمەوە، وە هەر کەسێکی دیکەش کە پێی دەگات.

ئنجا پێغەمبەر ﷺ لەوبارەوە کە فەرزە لە دوای خۆی ئۆممەتەکەی قورئان بگەیەنن بە خەڵك، فەرموویەتی: ﴿بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً، وَحَدِّثُوا عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلَا حَرَجَ، وَمَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّداً فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ﴾[1]، واتە: ئایەتێکیش بێ لە منەوە بیگەیەنن، (بۆچی دەفەرموێ لە منەوە؟ چونکە ئەم قورئانە هەمووی لە ڕێی پێغەمبەرەوە ﷺ گەیشتوە، کەواتە: لەسەر ئۆممەتەکەی فەرزە کە ئەم قورئانە، وە ئەم ئیسلامە بگەیەنن بە خەڵکی دەوروبەریان) وە لە بەنی ئیسرائیلیشەوە بگێڕنەوەو هیچ سەغڵەتیی تێدا نییە، (واتە: ئەم هەواڵو شتانەی کە لە کتێبەکانیاندا هاتوون، با زانیاریتان لەسەری هەبێو بزانن چییان گوتوە، هەرچەندە ڕاستو درۆشی تێکەڵ کراوە، بەڵام دیارە وەك بەسەرهاتو مەعلووماتی مێژوویی، دەتوانن سوودیان لێ ببینن، نەك وەك دین، چونکە وەك دین ئەوە تەنیا قورئانو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئێمە دینێکی پابەندکەرە،

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٦٤٨٦)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٣٤٦١)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٦٦٩)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٦٢٥٦)، وَالدّارِمِيُّ برقم: (٥٤٢).

بەڵام ئەگەر ئینسان شارەزاییشی هەبێ دەربارەی کتێبەکانی خاوەن کتێبان، چ هی جوولەکەو نەصرانیی، یان هی ئەوانی دیکە، شتێکی باشە).

دوایی دەفەرموێ: ﴿وَمَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّداً فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ﴾، وە هەر کەسێك بە ئانقەست درۆ بە زمانی منەوە بکات، با شوێنی خۆی لە ئاگری دۆزەخدا هەڵبگرێ، بۆچی دەفەرموێ: (مُتَعَمِّداً)؟ تۆ شتێکت پێ دەگات دەڵێن: ئەوە حەدیسی پێغەمبەرە ﷺ، تۆش دەیگێڕیەوەو دەڵێی: پێغەمبەر ﷺ وایفەرمووە، واش نیەو فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ نیە، ئایا تۆ وەبەر ئەو هەڕەشەیە دەکەوی؟ نەخێر، بۆچی؟ چونکە تۆ بە ئانقەست ئەوەت بە دەمی پێغەمبەرەوە ﷺ بڵاونەکردۆتەوە، تۆ واتزانیوە فەرموودەیە، وە ئەگەر وا نەبووایە، زۆر لە زانایان وەبەر ئەو هەڕەشەیە دەکەوتن، بەڵام ئەگەر تۆ بزانی شتێك فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ نیە، وە بشڵێی: پێغەمبەر وایفەرمووە، ئەوە بەو هۆیەوە ئینسان وەبەر ئەو هەڕەشەیە دەکەوێ، بەڵام ئەگەر نەزانی لە رووی سەنەدەوە، دەقێك بە ئێمە گەیشتوە پێمانوایە کە فەرمایشتی پێغەمبەرە ﷺ بە دەمی پێغەمبەرە بڵاوی دەکەینەوە، بەڵام هی ئەویش نیە، ئەوە لەو حاڵەتەدا ئینسان وەبەر ئەو هەڕەشەیە ناکەوێ، چونکە بە ئانقەست درۆی بە ناوی پێغەمبەر ﷺ نەکردوە.

هەڵوەستەی پێنجەم: کە دەفەرموێ: ﴿أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللَّهِ ءَالِهَةً أُخْرَىٰ قُل لَّآ أَشْهَدُ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ وَإِنَّنِي بَرِيٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ﴾، دێتەوە سەر باسی خوا بەیەکگرتن (توحید)، دەفەرموێ: ئایا (ئەی کافرەکانو بتپەرستەکانو ئەی هاوبەشدانەرەکان، یاخود ئەی خەڵکینە بەگشتی!) ئێوە شایەدیی دەدەن کە لەگەڵ خوادا پەرستراوانی دیکە هەن؟ ﴿قُل لَّآ أَشْهَدُ﴾، تۆ بڵێ: من شایەدیی نادەم، چونکە بێجگە لە خوا هیچ پەرستراوێکی دیکە نیە، واتە: پەرستراوی بە هەق نیە، ئەگەرنا پەرستراوی بە ناهەق زۆرن، خەڵك مانگ دەپەرستێ، خۆر دەپەرستێ، بووذا دەپەرستێ، حیزبێکی کافر دەپەرستێ، ڕژێمێکی تاغووتیی دەپەرستێ، هەواو ئارەزووی خۆی دەپەرستێ،

پارەو سامان دەپەرستێ، چیو چی دەپەرستێ... هتد، ئەوانە هەموویان هەن، بەڵام ئەوانە هەموویان پەرستراوی بە ناهەقن، پەرستراوی بە هەق نیە جگە لە خواو، تەنیا خوا پەرستراوە، ﴿قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ وَإِنَّنِي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ﴾، بڵێ: تەنیا یەك پەرستراو هەیە، كە خوایە، وە من لەوەی كە ئێوە دەیانكەن بە هاوبەش بۆ خوا، بەرییەمو حاشایان لێ دەكەم، یەخەیان لێ دادەڕمو دوورییان لێ دەگرم.

مەسەلەی دەیەم: كە دەفەرموێ: ﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمُ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾، لە سوورەتی (البقرة)شدا ئەم رستە موبارەكە هاتوە: ﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمْ ... ﴿١٤٦﴾﴾، ئەوانەی كتێبمان پێداون، دەیناسن، وەك چۆن كوڕەكانی خۆیان دەناسن، واتە: موحەممەد ﷺ، دەناسن كە (موحەممەد) پێغەمبەری خاتەمە، چونكە ئەوكاتە هەموویان چاوەڕێیان دەكرد، جوولەكەو نەصرانییەكان چاوەڕێیان دەكرد، خاوەن بەرنامەكانی دیكە چاوەڕێیان دەكرد، بۆچی؟! چونكە هیچ پێغەمبەرێك نەبووە، مەگەر هەواڵی داوە بە ئۆممەتەكەی خۆی كە ئەگەر وەچەكانتان مان، لە كۆتایی زەماندا پێغەمبەرێك دێ بە ناوی موحەممەد ﷺ و بە ناوی (أحمد) كە لەسەر هەموو بەشەر پێویستە پابەندی ئەو بەرنامەیە بێ، كە دەیهێنێ، وەك لە سوورەتی (آل عمران)دا دەفەرموێ:

﴿وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُم مِّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنصُرُنَّهُ ۚ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِي ۖ قَالُوا أَقْرَرْنَا ۚ قَالَ فَاشْهَدُوا وَأَنَا مَعَكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ ﴿٨١﴾﴾، خوا دەفەرموێ: وە یادبكەوە كاتێك خوا پەیمانی پتەوی لە

پێغەمبەران وەرگرت (فەرمووی:) چونكە كتێب و حیكمەتم پێداون، دوایی ئەگەر پێغەمبەرێكتان هاتەلا، كە بە ڕاستدانەری ئەوە بوو كە پێتانە (لە بەرنامەكان)، ئەوە دەبێ بێگومان بڕوای پێبێنن و پشتی بگرن، (خوا) فەرمووی: ئایا دانتان پێداهێناو پەیمانی منتان لەسەر ئەوە وەرگرت؟ گوتیان: دانمان پێداهێنا، فەرمووی: دەجا شایەدبن، وە منیش لەگەڵتان دا لە شایەدانم.

وە خوا پێغەمبەرانی پێشووی، هەر پێغەمبەرەی بۆ كۆمەڵگایەك ناردوە، بۆ كاتێكو شوێنێك، بۆ گەلو عەشیرەتێك، بەڵام پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ بۆ هەموو بەشەر نێردراوە، چونكە دەبوایە بەشەر كۆببنەوە لەسەر یەك بەرنامە، كە ئەویش موحەممەد ﷺ دەیهێنێ، بۆیە هەموو كۆمەڵگایەكان كە پێغەمبەرانیان لەنێودا ڕەوانەكراون، پێغەمبەرەكانیان پێیان ڕاگەیاندوونو زانیویانە كە لە سەردەمی واندا پێغەمبەری كۆتایی نایەت، بەڵام فەرموویانە: بە جیلەكانی دوای خۆتان ڕابگەیەنن، كە ئەگەر پێغەمبەری كۆتایی هات، لەسەر هەموو مرۆڤایەتیی پێویستە واز لەو بەرنامانەی دیكە بێنێو واز لەو كتێبانەی دیكە بێنێ، كە بۆ قۆناغێكی دیارییكراوو بۆ كاتێكی دیارییكراوو بۆ كۆمەڵگایەكی دیارییكراو نێردراون، وە هەموویان بە دوای ئەو كۆتا كتێبو ئەو كۆتا پێغەمبەرە ﷺ بكەون، كە بۆ هەموو بەشەر دێ، كە پێغەمبەرەكە ناوی (مُحَمَّد) و (أحْمَد)ە، وە كتێبەكەشی قورئانە.

ئنجا خوا دەفەرموێ: خاوەن كتێبەكان دەیناسن، وەك چۆن كوڕەكانی خۆیان دەناسن، واتە: موحەممەد ﷺ یاخود قورئان، هەردووكی دەگرێتەوە، وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا، وە لە پەیمانی كۆنو پەیمانی نوێ (العَهْد القَدِيم وَالعَهْد الجَدِيد)دا كە دووسێ هەزار لاپەڕە دەبن، لە چەند شوێنان لەو كتێبانەدا، هاتوە كە پێغەمبەران موژدەیان داوە لە دوای ئەوان پێغەمبەرێك دێ، شوێنكەوتووەكانی ئاوانو، ئەو پێغەمبەرە دەستەڵاتی ئاوا دەبێو، ئەو پێغەمبەرە ئایەتەكانی خوا ئاوا دەخوێنێتەوە ... هتد، كە سیفەتەكانی جگە لە موحەممەد ﷺ بەسەر هیچ كەسی دیكەدا ناچەسپن، وە من لە كتێبی:

(الإسلام كما يتجلى في كتاب الله)دا بە درێژیی باسی ئەو مەسەلەیەم کردوە، وە چەند نموونەیەکی گرنگم لەوبارەوە لەو کتێبانەوە هێناون[١].

دوایی دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴾، واتە: ئەوانەی کە خۆیان لەدەستداوە بۆیە ئیمان ناهێنن، کە پێشتریش باسمان کرد، ڕستەکە بە ڕواڵەت دەبێ ئاوابێ: (الَّذِينَ لَمْ يُؤْمِنُوا فَخَسِرُوا أَنْفُسَهُم) ئەوانەی ئیمانیان نەهێناوە، سەرەنجام خۆیان لەدەستداوە، بەڵام خوای پەروەردگار بەو شێوەیە ڕستەکەی داناوە: ئەوانەی خۆیان لەدەستداوە، بۆیە ئیمان ناهێنن، واتە: خوا خۆ لەدەستدانو خۆ دۆڕاندنەکەی، کردوە بە ئەنجامو پێشی خستووەو، هۆکارەکەی کە ئیمان نەهێنانە، دوای خستوە، بۆچی؟ چونکە لەڕاستیدا بەنسبەت ئەوانەوە کە لە دوارۆژدا خۆیان لەدەستدەدەنو خۆیان دەدۆڕێننو، لەسەر بوونەکەیان قەرزدار دەبنەوە، ئەوەی بوّوان زیاتر بایەخی هەیە، بریتیە لە خۆ لەدەستدان، دیارە ئیمانەکەیان لە دنیادا نەهێناوە، بەڵام خۆ لەدەستدانو قەرزداربوون لەسەر بوونی خۆیان، لە دوارۆژدا وەدەرکەوتوە، بۆیە خوای پەروەردگار ئەوەی پێش خستوە.

<u>مەسەلەی یازدەیەمو کۆتایی</u>: کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾، کێ ستەمکارترە لە کەسێك کە درۆ بە ناوی خواوە دەکات، یان ئایەتەکانی خوا بە درۆ دەزانێ.

دوو شت خوا خاوەنەکەیانی بە زاڵمترین کەس داناوە:

<u>یەکەم</u>: کەسێك کە درۆ بە ناوی خواوە دەکات.

<u>دووەم</u>: کەسێك ئایەتەکانی خوا بە درۆ دەزانێ، واتە: ئەو کەسەی کە یەکێك لەو دوو سیفەتانەی تێدابێ، زاڵمترین کەسە.

---

١) بڕوانە: المجلد الرابع، ص ٢٨٦- ٣٠٣، وە لە تەفسیری سوورەتی (الأعراف) ئایەتی ژمارە (١٥٧)دا، چەند نموونەیەکم لەو موژدانە هێناون.

ئنجا درۆ بە ناوی خواوە یانی چی؟ واتە: بڵێی: خوا هاوبەشی هەیە، ئاخر كوا خوا هاوبەشی هەیە؟! خوا مەخلووقی هەن‌و غەیری خوا، هەموو بەدیهێنراوەكان‌و هەموو ژیانداره‌كان، خوا ڕێو شوێنی بۆ داناون، چ مرۆڤ بن، چ جند بن، چ فریشتە بن، چ ماددەی بێ گیان بێ، چ هەر دروستكراوێكی دیكە كە لە بوونەوەردا هەیە، لە گەردیلەوە تا كەهكەشان، بێ ژیان بێ، یان ژیاندار، هەمووی دروستكراوی خوایە، بۆیە ئەگەر یەكێك لە دروستكراوەكانی خوا، بێنیە ڕیزی خواو هاوتای بكەی لەگەڵ خوادا، ئەوە تۆ درۆت بە ناوی خواوە هەڵبەستوە، بۆیە خوا دەفەرموێ: كەسێك وابكات ستەمكارترین كەسە، ﴿أَوۡ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ﴾، یان ئایەتەكانی خوا بە درۆ بزانێ، واتە: هیچ كەس ستەمكارتر نیە لەو كەسەی كە خوا بەیەكگرتن بە ناڕاست دادەنێ‌و، شیرك هەڵدەبژێرێ، یاخود ئایەتەكانی خواو پێغەمبەرایەتیی‌و وەحی بە درۆ دادەنێ، هەر كەسێك یەكێك لەو دووانە بكات، ئەوە ستەمكارترین كەسە، ئەدی كەسێك هەردووكیانی تێدابن، هەم درۆ بە ناوی خواوە بكاو بڵێ: خوا هاوبەشی هەیە، هەم ئایەتی خواش بە درۆ دابنێ! ئەوە بە تەئكید هەر زۆر ستەمكارە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾، بێگومان ستەمكاران سەرفراز نابن، بۆ زانیاریتان وشەی (ظالم) لە قورئاندا بە مانای كافر دێ، وە بە مانای كەسێك دێ كە ستەم لە كەسێكی دیكە دەكات، وە بە مانای هاوبەشدانەر (مُشْرِك)یش دێ، چونكە وشەی (ظُلْم) بە دوو شێوە پێناسە كراوە: (الظُّلْمُ: وَضْعُ الشَّيْءِ فِي غَيْرِ مَوْضِعِهِ، أَو تَجَاوُزُ الْحَدِّ)، (ظُلْم) بریتیە لەوەی شتێك لە غەیری شوێنی خۆی دابنێی، یاخود بریتیە لە سنوور بەزاندن، ئنجا كەسێك بێنێ لە جێی تەوحید ئیمان بە شیرك بێنێ، وە ئایەتەكانی خوا بە درۆ دابنێ، بە تەئكید ئەوە شتێكی زۆر بێجێی كردوە، وە لە هەمان كاتدا سنووریشی بەزاندوەو سنوور شكێنیی كردوە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

لەم دەرسەدا ئایەتەکانی (٢٢ تا ٣٢) واتە: یازدە ئایەت تەفسیر دەکەین، کە تەوەری سەرەکییان بریتیە لە بەرجەستەکردنی سەرەنجامی شوومی هاوبەش بۆ خوا دانەران لە ڕۆژی دوایی دا.

بەڵێ ئەم دەرسە سوڕگەی سەرەکیی ئەوەیە کە خوا ﷻ باسی سەرەنجامی شوومی ئەوانە دەکات، کە هاوبەش بۆ خوا دادەنێن، کە لەڕۆژی دواییدا پاش خڕکرانەوەی هەموو لایەك، پرسیار لە هاوبەشدانەرەکان دەکرێ، لەبارەی هاوبەشەکانیانەوە، ئەوانەی کە کردوویانن بە هاوبەش لە پەرستندا، پرسیاریان لێدەکرێ: کوا هاوبەشەکانتان لە کوێن، ئەوانەی کە گومانتان دەبرد هاوبەشی خوان؟ دیارە بێجگە لە نکوولیی لێکردن هیچی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە.

پاشان خوا باسی هەڵوێستی نەبیسەرانەو کەللەڕەقانەیان لە بەرانبەر ئایەتەکانی خوادا دەکات، هەروەها تۆمەتی ئەفسانەی پێشینان دانەپاڵ قوڕئان! کە دەڵێن: قوڕئان ئەفسانەی پێشینانە، ئەوەیان دەخاتەڕوو.

وە دوایی ئاماژە بە هەڵوێستی خەڵك دوورخەرەوانەو خۆ دوورگیرانەیان لە بەرانبەر پێغەمبەردا دەکات، کە هەم خەڵکیان دووردەخستەوە، هەم بۆخۆشیان لێی دوور دەکەوتنەوە، دوایی دیمەنی ڕاگیرانیان لە سەر ئاگری دۆزەخو، پەشیمان بوونەوەیان دەخاتە بەرچاو، هی کافرەکانو هی هاوبەشدانەرەکان، وە بە درۆیان دەخاتەوە، لە خۆزگە بە ئیمان خواستنەکەیاندا، چونکە لەوێ خۆزگە بە ئیمان دەخوازن، بەڵام خوا دەفەرموێ: درۆ دەکەن ئێستاش ئەگەر بیانگێڕنەوە بۆ دنیا، هەر بە هەمان بەزمی پێشی دەست پێ دەکەنەوە.

ئنجا دوایی باسی هەڵوێستی تەنیا ژیانی دنیا بینین‌و، نکووڵیی کردنیان لە قیامەت دەکات، وە دوایی جارێکی دیکە هەڵوێستی ڕاگیرانیان لە قیامەتدا، لەبەردەم پەروەردگاردا دەکات، کە سەرزەنشت دەکرێن، وە دان بە هەڵەو کەموکوڕییەکانی خۆیاندا دێنن، کە بەهەڵەدا چوون، وە سەرەنجام ئاکامی شوومیان کە بریتیە لە زیانباریی‌و خەفەتباریی‌و وە گوناح‌و خراپە لە کۆڵنانیان، دەخاتەڕوو.

لە کۆتایی دا خوای بەرزو مەزن ژیانی بێبڕوایان بە گەمەو یاریی‌و پێناسە دەکات، وە ڕایدەگەیەنێ کە مەنزڵگای دواڕۆژ بۆ پارێزکاران باشترە ئەگەر بفامن.

﴿ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ أَيْنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ
﴿٢٢﴾ ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴿٢٣﴾ ٱنظُرْ كَيْفَ كَذَبُوا۟
عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ۚ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾ وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ ۖ وَجَعَلْنَا عَلَىٰ
قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا ۚ وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا۟ بِهَا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا
جَآءُوكَ يُجَٰدِلُونَكَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٢٥﴾ وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ
وَيَنْـَٔوْنَ عَنْهُ ۖ وَإِن يُهْلِكُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٦﴾ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ
فَقَالُوا۟ يَٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٧﴾ بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُوا۟
يُخْفُونَ مِن قَبْلُ ۖ وَلَوْ رُدُّوا۟ لَعَادُوا۟ لِمَا نُهُوا۟ عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿٢٨﴾ وَقَالُوٓا۟ إِنْ هِىَ إِلَّا
حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ ﴿٢٩﴾ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَىٰ رَبِّهِمْ ۚ قَالَ أَلَيْسَ هَٰذَا
بِٱلْحَقِّ ۚ قَالُوا۟ بَلَىٰ وَرَبِّنَا ۚ قَالَ فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿٣٠﴾ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ
كَذَّبُوا۟ بِلِقَآءِ ٱللَّهِ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتْهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغْتَةً قَالُوا۟ يَٰحَسْرَتَنَا عَلَىٰ مَا فَرَّطْنَا فِيهَا
وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ عَلَىٰ ظُهُورِهِمْ ۚ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٣١﴾ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا
لَعِبٌ وَلَهْوٌ ۖ وَلَلدَّارُ ٱلْـَٔاخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾

مانای وشــە بە وشـەی ئایەتەکـان

{وە (یـاد بکـەوە) ئەو ڕۆژەی تێکـڕایان کۆدەکەینـەوە، دوایـی بـە وانـەی هاوبەشیان (بۆ خـوا) دانـاوە دەڵـێین: کـوان ئەو هاوبەشانەتان کـە پێتـان وابـوو (هاوبەشـی خـوان لە پەرسـتندا)؟ ﴿٢٢﴾ ئنجـا ئەنجـامی تاقیکرانەوەکەیان (بـەو پرسیار لێکردنـە) هـەر ئـەوە بـوو کـە گوتیـان: بـە خـوا پـەروەردگارمان! ئێمـە هاوبەشـدانەر نەبوویـن ﴿٢٣﴾ سـەرنج بـدە! چـۆن خۆیـان بـە درۆ دەخەنـەوە، وە ئـەوەی کـە هەڵیـان دەبەسـت (کـە گوایـە خـوا هاوبەشـی هـەن) لـێیان بـزر بـوو ﴿٢٤﴾ وە هەیانـە لـەوان کـە گوێـت بـۆ هەڵدەخات، بـەڵام پـەردەمان خسـتوونە سـەر دڵیـان، تـاکو تێینەگـەن، وە قورسـاییمان خسـتۆتە گوێیـانەوە، وە ئەگـەر هەرچی بەڵگـەو نیشـانە هەیـە ببینـن، بـڕوای پـێ ناهێنـن، دەڵـێن: ئەم (قورئـان)ە، جگـە لـە ئەفسـانەکانی پێشـوان، هیچی دیکە نیـە ﴿٢٥﴾ وە ئـەوان خەڵکیـشی لـێ دەسـڵەمێننەوەو، خۆشـیان لـێی دوور دەکـەونەوە، وە هـەر هەسـت ناکـەن، ئەگـەرنا (بـەو ڕەفتارەیـان) بـەس خۆیـان دەفەوتێنـن ﴿٢٦﴾ وە ئەگـەر ببینـی لـە کاتێکـدا کـە لەسـەر سـوێی ئاگـر (ی دۆزەخ) وەستاندیانـن، ئنجـا گوتیـان: خۆزگـە گێڕرابایـنەوە (بـۆ دنیـا) وە ئایەتـەکانی پـەروەردگارمان بـە درۆ نەزانیبایـەو لـە بـڕواداران بوویناییـە، (ئـەوە دیمـەنێکی دڵتـەزێنت دەبینـی) ﴿٢٧﴾ (خـوا دەفەرموێ:) بەڵـکو ئـەوەی پێشـتر پـەنهانیان دەکـرد، بۆیـان دەرکـەوتوە، دەنـا ئەگـەر گێڕراباشـنەوە، هـەر دەگەڕانـەوە سـەر ئـەوەی کـە ڕێگرییـان لـێی کـراوە، وە بێگومـان درۆزنـن ﴿٢٨﴾ وە (هاوبەشـدانەرەکان) گوتیـان: (ژیـان) هـەر ژیـانی دنیـایەو زینـدووش ناکرێینـەوە ﴿٢٩﴾ وە ئەگـەر تـۆ (بـە چـاوی عەقـڵ و دڵ) ببینـی کاتێـك کـە لەبـەردەم (دادگـای) پەروەردگاریانـدا ڕادەگیـرێن (دیمـەنێکی سـامنـاك دەبینـی، خـوا فەرمووی:) ئایـا ئـەم (زیندووکرانـەوەو لێپرسینەوەیـ)ە هـەق نیـە؟ گوتیـان: بـا، سـوێند بـە پەروەردگـارمان، فـەرمووی: دە ئـازار بچێژن بەهـۆی ئـەوەوە کـە کـافر بـوون ﴿٣٠﴾ مسـۆگەر ئەوانـەی کـە دیـداری خـوایان بـە درۆ دادەنـا، زیانبـار بـوون، (وە لەسـەر

زیانەکەیان بەردەوام بوون) هەتا کاتێك کتوپڕ کاتی دیارییکراو (ی قیامەت) هات، گوتیان: هۆی داخو خەفەت! لەسەر ئەوە کە کەمتەرخەمییمان تێدا کرد (لە ژیانی دنیادا)، وە لەو حاڵەدا قورسایی یەکانیان (گوناحو خراپەکانیان) لەسەر پشتیان هەڵدەگرن، ئاگاداربن ئەوە خراپترین شتە کە هەڵیدەگرن (٣١) وە ژیانی دنیا (لە ڕوو ماددییەکەیەوە) جگە لە یاریی و خافڵان هیچی دیکە نیە، وە بێگومان مەنزڵگای دیکە (دوارۆژ) بۆ ئەوانەی پارێز دەکەن، باشترە، ئایا نافامن!(٣٢)}.

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان

(تَزْعُمُونَ): وشەی (زعم) قسەیەکە کە درۆبێ، دەڵێ: (الزَّعْمُ: حِكَايَةُ قَوْلٍ يَكُونُ مَظِنَةً لِلْكَذِبِ، وَلِهَذَا جَاءَ فِي القُرآن في كُلّ مَوْضع ذُمَّ القَائِلُونَ بِهِ)، (زعم) بریتیە لە گێڕانەوەی قسەیەك کە ئەگەری درۆی زیاتر لێ دەکرێ، بۆیە لە هەموو قورئاندا تەنیا لەو شوێنانەدا هاتوە کە هەر کەسێك ئەوەی گوتبێ زەم کراوە، (يزعمون) واتە: پێیان وایە، بەڵام لە پێوابوونەکەدا، بە هەڵەداچوون و درۆ دەکەن.

(فِتْنَتُهُمْ): (فِتْنَةٌ) یانی: تاقیکردنەوە، (أَصْلُ الفَتْنِ: إِدْخَالُ الذَّهَبِ النَّار لِتَظهَر جَوْدَتُهُ مِنْ رَدَاءَتِهِ، وَاسْتُعْمِل فِي إِدْخَال الإِنْسَان النَّار) واتە: ئەسڵی وشەی (فِتنَة) لە (فَتْن)ەوە هاتوە (فَتْن)یش ئەوەیە زێڕ بخەیە نێو ئاگر، بۆئەوەی چاك و خراپی لەیەك جیابێتەوە، وە بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی کە ئینسان بە ئاگر سزا بدرێ، وە بە مانای تاقیکردنەوە، هاتوە، وەك خوای کاربەجێ بە مووسا ﷺ فەرمووە: ﴿...وَفَتَنَّكَ فُتُونًا ...﴾ طـه، واتە: تۆمان تاقیکردەوە بە چەند تاقیکردنەوەیەك، تاکو خڵتەی پێوە نەهێڵێ، وە بە مانای ئازارو گرفتارییش هاتوە.

(يَفْتَرُونَ): واتە: درۆ هەڵدەبەستن، کە لە (فَرْي)یەوە هاتوە، (الفَرْيُ: قَطْعُ الجلد للخَرْزِ والإِصْلاَح، واستعمل الإِفْتِرَاءُ لِلْكَذبِ والشِّرْكِ وَالظُّلْم)، کەسێکی پینەچیی کە چەرم دەبڕێ بۆئەوەی کە پینەی پێ بکات، یاخود بیدوورێتەوە، پێی دەگوترێ: (فري)، جا وشەی (إِفْتِرَاء) بۆ درۆ هەڵبەستن، وە بۆ شیرك و ستەمیش بەکارهێنراوە، چونکە شیرکیش شتێکی بێ بنەمایە، وە ستەمیش شتێکی بێجێیە.

(أَكِنَّةً): (جَمْعُ كِنَان، نَحو: غِطَاء وَأَغطية، لكن أكنان جمع كنّ)، (أَكِنَّةً) کۆی (كِنَان)ە، (كِنَان) واتە: توورەگە، یان کیف، وەك (غطاء) واتە: سەرپۆش، وە

کۆیەکەی (أَغطیة)یە، بەڵام (أَکنان) کۆی (کِنّ)، واتە: پەناگەو شوێنێك کە ئینسان تێیدا خۆی پەنهان بکات.

(وَقۡرٗا): دەڵێ: (الوقر: الثِّقَلُ فِي الأُذُن، يُقَالُ وَقَرَتْ أُذنُهُ تَقِرُّ وَتَوْقِرُ)، واتە: گوێگرانیی، وەك: کەسێك شتێکی لە گوێ هاوێشترابێ‌و نەیبیستبێ.

(أَسَٰطِيرُ): (أَسَاطِير هِيَ جَمْع أُسْطُورَة، نَحْو: أُرْجُوحَة وَأَرَاجِيح، وَأُحْدُوثَة وَأَحَادِيث، أَي: شَيءٍ كتبوه كَذِبَاً وَمَيْنَاً)، (أَسَاطِير) کۆی (أُسطورة)یە، ئێمە بە کوردیی دەڵێین: ئەفسانە، واتە: حیکایەتێك یان بەسەرهاتێکی بێ بنەما، نەك ڕووداوێکی مێژوویی کە ئەسڵی هەبێ، وەك (أُرْجُوحَة وَأَرَاجِيح)، جۆڵانەوەو جۆڵانەکان (وَأُحْدُوثَة وأحاديث) واتە: ڕووداوێك، یان شتێك تازە پەیدا بووبێ، کۆیەکەی (أَحَادِيث)ە، لێرەدا مەبەستیان لە (أَسَاطِير) چییە؟ (أَي شَيءٍ كتبوه كَذِبَاً وَمَيْنَاً) شتێکە هەر بە درۆ نووسراوە، قورئانیان بەوە ناوزەند دەکرد.

(وَيَنۡـَٔوۡنَ): دەڵێن: (نَأى: نَأياً مثل نَعَى: أَعْرَضَ، وَتَبَاعَدَ) خۆی لێ دوورگرت.

(يَٰلَيۡتَنَا): (لَيْتَ طَمْعٌ وَتَمنٍّ)، (لَيْتَ) واتە: خۆزگەو بریا، لە کوردەوارییدا کە شتێك نایەتە دی دەڵێن: ئەی خۆزگە، ئەی بریا هاتبایە دی.

(بِلِقَآءِ ٱللَّهِ): واتە: بە دیداری خوا، (اللِّقَاءُ: مُقَابَلَة الشَّئَ وَمُصَادَفَته مَعَاً، وَقَدْ يُعَبّر بِهِ عَن كُل وَاحِدٍ مِنْهُمَا) دەڵێ: (لِقَاء) بریتییە لە بەرەوڕووچوونی شتێك، وە پێگەیشتنی، وە جاری وایە بۆ هەر کامێك لەوانە بەکاردێ، جا چ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، چ بۆ گەیشتنی (لِقَاء الله) یانی: دیداری خوا، کە ئینسان بچێتە خزمەت خواو بە دیداری خوا بگات.

(بَغۡتَةٗ): یانی: (فَجْأَةً) واتە: کتوپڕو لەناکاو (البَغْتُ: مفاجأة الشيء مِنْ حَيْثُ لا يُحْتَسَبُ، بَغَتَ فَهُوَ بَاغِتٌ) (بَغَتَ): واتە: کتوپڕو لەناکاو شتێك هات، بێئەوەی کە پێشەکی هەبێ.

(يَحَسۡرَتَنَا): (الحَسْرَةُ: الغَمُّ عَلَى مَا فَاتَهُ وَالنَّدَمُ عَلَيْهِ، كَأَنَّهُ انْحَسَرَ عَنْهُ الجَهْلُ الَّذِي حَمَلَهُ عَلَى مَا ارتَكَبَهُ) وشەی (حَسْرَة) واتە: داخو خەفەتێك، وە پەشێمانبوونەوە، (حَسَرَ) واتە: قۆڵی هەڵكرد، ئەو داخو خەفەتە بەسەر ئەو ئینسانەدا دێ لە حاڵێكدایە كە نەزانینەكەی وایلێكردوە تووشی ئەو غەڵەتە بێ، دوایی كە نەزانینەكەی نەماوە، بەرچاوی ڕۆشن بۆتەوە، بۆیە پەشێمان بۆتەوەو ئێستا دەزانێ چی كردوە.

(أَوۡزَارَهُمۡ): كۆی (وِزْر)ە، (وِزْر) یانی: (ثِقل) قورسایی، ئنجا (أَوْزَارهُم) یانی: (أَثْقَالَهُم)، قورساییەكانیان، گوناحو تاوانێك كە ئینسان دەیكات، وەك كۆڵێكی قورس وایە لەسەر شانیەتی، كە دەفەرموێ: ﴿ وَهُمۡ يَحۡمِلُونَ أَوۡزَارَهُمۡ عَلَىٰ ظُهُورِهِمۡۚ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴾، قورساییەكانی خۆیان بەسەر كۆڵی خۆیان داداوە، چەند شتێكی ناخۆشە ئینسان كە دەچێتەوە خزمەت خوا، بە كۆڵێك گوناهەوە بچێتەوە، هەگبەی گوناهانی پڕ بێ، بڵێ: خوایە! ئەوەم بە دیاریی بۆ تۆ هێناوە!

(لَعِبٞ): دەڵێ: (لَعِبَ: عَمِلَ عَمَلاً لا يُجْدِي عَلَيْهِ نَفْعَاً، ضِد: جَدَّ)، (لَعِبَ) واتە: كارێكی كرد، كە سوودێكی پێ ناگەیەنێ، پێچەوانەی (جَدَّ) واتە شتێكی چاكی كرد، سوودی هەبوو.

(وَلَهۡوٞ): (اللَّهُو: مَا يَشْغَلُ الإِنْسَانُ عَمّا يعنيه ويُهِمُّه، يُقَالُ لَهَوْتُ بِكَذَا، وَلَهَيْتُ عَنْ كَذَا، اشْتَغَلت عَنْهُ بِلَهْوٍ) (لَهو) بریتیە لە هەر شتێك كە ئینسان سەرقاڵ بكات لە شتێك، كە ئەو شتەی كە لێی غافڵەو بێ ئاگایە، بۆ ئەو چاكترەو گرنگترە، دەگوترێ: (لَهَوْتُ بِكَذَا، وَلَهَيْتُ عَنْ كَذَا) هەردووكیان یەك مانایان هەیە، واتە: پێوەی سەرقاڵ بووم، سەرگەرم بووم، دوایی باسی دەكەین كە خوای پەروەردگار بۆچی ژیانی دنیای بێبڕوایان، یاخود ژیانی دنیا لە ڕووە مادديیەكەیەوە، بە وشەی (لهو و لعب) باس دەكات.

مانای گشتی ئایەتەکان

خوای زاناو توانا لەو ئایەتانەدا کە ڕابردن باسی پێغەمبەرایەتیی‌و خوا بەیەکگرتن‌و دوارۆژی کرد، بەڵام ئەم ئایەتانە زیاتر باسی سەرەنجامی بێبڕوایان دەکەن، لە دوارۆژدا کە وەزعیان چۆن دەبێ؟ چی دەڵێن؟ چی دەکەن؟ چۆن پەشێمان دەبنەوە؟... هتد.

دەفەرموێ: ﴿ وَيَوۡمَ نَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعٗا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشۡرَكُوٓاْ أَيۡنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمۡ تَزۡعُمُونَ ﴾، وە ئەو ڕۆژەی هەموویان خڕدەکەینەوە، دوایی بەوانەی کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، دەڵێین‌و لێیان دەپرسین: کوان ئەو هاوبەشانەتان کە پێتانوابوو هاوبەشی خوان؟ واتە: کوان، بۆ یارمەتیتان نادەن، بۆ نایەن شەفاعەتتان بۆ بکەن، بۆ نایەن شتێکتان بۆ بە شتێك بکەن، ئەگەر ڕاستتان دەکرد؟ ئێمە دیارە ئێستا لە دنیاین، بەڵام خوای کاربەجێ قیامەت وەك ئێستا دێنێتە بەرچاومان، واتە: لە قیامەت دا ئەوە سەرەنجامتان دەبێ، ئەوانەی کە دەیانپەرستن لەگەڵ خواو لە جیاتی خوا، لێتان بزر دەبن‌و دیار نامێنن، خواش پێتان دەفەرموێ: کوا شەریکەکانتان؟ ئێوەش هیچ وەڵامێکتان نابێ، کەواتە: هەر ئێستا دەستیان لێ هەڵبگرن.

دیارە بۆیەش خوای زانا قیامەتمان وەك ئێستا دێنێتە بەرچاو، چونکە بەنسبەت خوای پەروەردگارەوە، ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو، هەر یەکن، (ئانیشتاین) لە بیردۆزی گوێرەیی (النظرية النِّسبيَّة) خۆیدا باس دەکات، کە ئێمەی بەشەر بەهۆی ئەوەوە کە مەحکوومی کات‌و شوێنین، کات (زمن) دەکەینە سێ بەش:

أ / بەشێکی کە تێپەڕیوە، پێی دەڵێین: ڕابردوو (ماضي).

ب / بەشێکی دیکە کە ئێستا تێیداین، دەڵێین: ئێستا (حاضر).

ج / بەشێکیش کە نەهاتوە، پێی دەڵێن، ئایندە، داهاتوو (مستقبل).

بەڵام خوای زاناو شارەزا لە دەرەوەی زەمانو مەكانە، دوێنێو ئەمڕۆو ئێستا بۆ خوا نیە، بەنسبەت خوای بێوێنەوە، كات هەمووی وەك یەكە، بۆیە خوای كاربەجێ كە باسی بەهەشت دەكات دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا ٱلْجَنَّةُ أُزْلِفَتْ ﴿١٣﴾ ﴾التكویر، واتە: وە كاتێك بەهەشت نزیك خرایەوەو ڕازێنرایەوە (بۆ پارێزكاران)، بە ڕێژگە (صیغة)ی ڕابردوو دەیفەرموێ، یان لێرە دەفەرموێ: ﴿ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ﴾، ئەو ڕۆژەی هەموویان كۆدەكەینەوە، وەك ئێستا، چونكە بەنسبەت ئێمەوە داهاتوو نەهاتووە، ڕانەبردوو تێنەپەڕیوە، ئێستاش تێیدا دەژین، بەڵام بەنسبەت خوای تاكەوە زەمان هەمووی یەك شتە، ئەوە مەسەلەیەكی قووڵی فەلسەفییە، بەڵام ویستم ئاماژەیەكی پێ بكەم.

جا با بزانین ئەوانە وەڵامیان چی دەبێ؟ دوای ئەوەی كە خوا دەفەرموێ: ﴿ أَيْنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴾، ئەو هاوبەشانەتان كە پێتانوابوو هاوبەشی خوان، وە بەندایەتییتان بۆ دەكردن، كوان ؟ ﴿ ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلَّآ أَن قَالُواْ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴾ دوایی فیتنەی ئەوان واتە: تاقیكردنەوەی ئەوان، یان سزای ئەوان، یان پاساو هێنانەوەیان، یان وەڵامی ئەوان، یان دەرەنجامی تاقیكرانەوەیان، بە هەموو ئەو مانایانە دێ، واتە: وەڵامیان بۆ ئەو پرسیارە كە بۆخۆی تاقیكردنەوەو فیتنەیە، هەر ئەوە بوو كە گوتیان: سوێند بە خوا پەروەردگارمان! ئێمە هاوبەشدانەر نەبووین، حاشا دەكەن! دەڵێن: هاوبەشمان دانەناوە بۆ تۆ، هەر گوتوومانە: (بەس خوا خوایە، ئەوی دیكە هەمووی كاو بایە) واتە: خۆیان بە درۆ دەخەنەوە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ ٱنظُرْ كَيْفَ كَذَبُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ﴾، تەماشا بكە! چۆن خۆیان بە درۆ دەخەنەوە، درۆ بە خۆیانەوە دەكەن، واتە: خۆیان بەدرۆ دەخەنەوە ﴿ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ ﴾، وە ئەوەی كە هەڵیان دەبەست، نەما، بزر بوو، ئەو هاوبەشانەی كە بۆ خوایان هەڵدەبەستن، لەبەرچاویان نەمان، چونكە لە واقیع دا نەبوون، بەڵێ، وەك دارو بەردو مانگو خۆرو ئەستێرەو هەواو ئارەزوو و

حیزب ... هتد، وە وەك چەند دروستكراوێكی دیكە، هەبوون، بەڵام وەك هاوبەشی خوا، نەبوون، دەنا وەك دروستكراو هەبوون، بەڵكو عیساش كە نەصرانییەكان پەرستوویانەو، عوزێریش كە جوولەكەكان پەرستوویانەو، پیاوچاكانیش كە پەرستراون، دێن بەرائەت دەكەنو دەڵێن: خوایە! ئێمە جگە لە پەرستنی تۆ هیچی دیكەمان فێر نەكردوون، ئەوانە درۆیان بە ناوی ئێمەشەوە كردوە.

ئنجا باسی هەڵوێستی هاوبەش بۆ خوا دانەرەكان دەكات لەگەڵ پێغەمبەران دا، كە دوای باسی سەرەنجامە قیامەتییەكەیان دەكات، دەفەرموێ: ﴿ وَمِنۡهُم مَّن يَسۡتَمِعُ إِلَيۡكَۖ وَجَعَلۡنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ أَكِنَّةً أَن يَفۡقَهُوهُ ﴾، وە هەیانە چاك گوێت بۆ هەڵدەخات بە حیساب، بۆئەوەی بزانێ چی دەڵێی؟ بەڵام ئێمە كیفمان لەسەر دڵیان داناوە، یاخود پەردەمان لەسەر دڵ داناون، یاخود دڵیانمان خستۆتە نێو كیفو توورەگەوەو سەرەكەمان بەستوە، بۆئەوەی كە تێی نەگەن، ﴿ وَفِيٓ ءَاذَانِهِمۡ وَقۡرٗا ﴾، وە گوێشیانمان قورسو گران كردوەو، قورساییمان خستۆتە نێو گوێیەكانیانەوە، ئینسان قورسایی لە گوێدا بێ، گوێی لە هیچ نابێ، وە ئەگەر دڵیشی لە توورەگە دابێ پێی تێناگات، واتە: ئەگەر شتێك بخرێتە توورەگەو كیفێكەوە، دوایی سەرەكەشی گرێی لێ بدرێ، دیار نابێ، واتە: ئەوانیش دڵیان داخراوەو عەقڵیان داپۆشراوە، وە گوێشیان گیراوە ﴿ وَإِن يَرَوۡاْ كُلَّ ءَايَةٖ لَّا يُؤۡمِنُواْ بِهَا ﴾، وە ئەگەر هەر ئایەتێك، هەر نیشانەیەك ببینن، هەر ئیمانی پێ ناهێنن.

یەكێك بۆی هەیە، بڵێ: ئنجا بۆچی خوا وای لێكردوون؟ وەڵامەكەی ئەوەیە كە خوای دادگەر لێرەدا باسی چەسپاندنی یاساكانی خۆی دەكات، بەسەر ئەوانەدا، ئەگەرنا خوا وای لێ نەكردوون، ئەوانە بۆخۆیان وایان لە خۆیان كردوە، بەڵام مادام بە پێی یاسای خوایە، وەك خوا وای لێكردبن، وایە، ئەگەرنا بۆخۆیان وایان لەخۆیان كردوە، بە بەڵگەی چی؟ بە بەڵگەی ئەوە كە خوای دادگەر دەفەرموێ: ﴿ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٧﴾ ﴾إبراهيم، واتە: وە خوا ستەمكاران گومڕا دەكات، خوای دادگەر كێ گومڕا دەكات؟ ئەوەی ستەمكاربێو زوڵم لەخۆی بكات، ئەوانەی كە ڕێی چەوت دەگرن، خوای دادگەریش دەفەرموێ: مادام ڕێی چەوت دەگری،

بڕۆ، بۆچی؟ چونکە خوا ویستوویەتی ئەو خەڵکە لەم ژیانەدا تاقی بکاتەوە، ئنجا کە تاقییان بکاتەوە، دەبێ بواریان پێ بدات، دەفەرموێ: ئەوە ڕێی چەوتە، ئەگەر بەویدا بڕۆن، تووشی زیان دەبن، بەڵام ئەگەر دەشڕۆن ڕێتان لێ ناگیرێ، بۆ ئەوەی تاقی بکرێنەوە، وە ئەوەش ڕێی ڕاستە، ئەگەر بەویدا بڕۆن، قازانج دەکەن، بەڵام زۆریشتان لێ ناکرێ، ڕێی ڕاست بگرن، ئەدی ئەگەر وا نەبێ ئینسان چۆن تاقی دەکرێتەوە؟ بۆیە دەبێ وریابن! لێرەدا خوای کاربەجێ مەبەستی ئەوە نیە کە پێی خۆش نەبێ، یاخود نەهێڵێ ئەوانە تێبگەن، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ئەوانە کارێکیان بەسەر خۆیان هێناوە، بەهۆی گوناحو تاوانەکانیانەوە، کە وەك عەقڵیان داپۆشرابێ‌و لە تووڕەگە دابێ، لە هەگبەو کیف دابێ، وە گوێشیان قورسایی تێدابێ، بۆخۆیان وایان لە خۆیان کردوە، بە هۆی گوناحو تاوانەکانیانەوە، خۆیان تووشی حاڵەتێکی ئاوا کردوە.

﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوكَ يُجَٰدِلُونَكَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ﴾ {ئەو حاڵەتەیان هەیە} تاکو کە دێن بۆ لات موناقەشەت لەگەڵدا دەکەن، شەڕە قسەو دەمبەدمەت لەگەڵدا دەکەن، ئەوانەی بێبڕوان دەڵێن: ئەمە جگە لە ئەفسانەی پێشینان، هیچی دیکە نیە ! قورئان هەر ئەفسانەیەو درۆو دەلەسەیەو حیکایەتی بێ بنەمایە، بۆیەش وایانگوتوە، چونکە تەماشایان کردوە قورئان زۆری بەسەرهاتە، ئەو عەقڵ‌و ئیدراکەشیان نەبووە کە خوای تواناو زانا ئەم کتێبەی داناوە بۆ ئێمەی بەشەر، کە ڕەنگە سێ لەسەر چواری مێژووی بەشەر تێپەڕیبێ، ئەو سێ لەسەر چوارە، دەبێ بیگێڕێتەوەو پەندو عیبرەتەکانی ژیانی ئەو میللەتانە، کە چۆن ژیاون‌و لەگەڵ پێغەمبەرەکانیان دا چۆن ڕەفتاریان کردوە؟ سەرەنجامیان چۆن بووە؟ بۆمان بخاتەڕوو، بۆئەوەی ئەو یەك لەسەر چوارەی ژیانی بەشەر کە ماوەو پێغەمبەری خاتەمی ﷺ بۆ هاتوە، پەند وەربگرێ لە ژیانی ئەو سێ لەسەر چوارەی کە ڕابردوە، هەر بۆیەش ئەگەر تەماشای هەموو قورئان بکەین، دەتوانین بڵێین: سێ لەسەر چواری، یاخود دوو لەسەر سێی قورئان بەسەرهاتەکانن، بەسەرهاتی پێغەمبەرانن، بۆچی؟! تاکو ژیانی بەشەر ئەو سێ لەسەر چوارەی کە ڕابردوە، خوای میهرەبان بیکاتە جێی پەندو عیبرەت‌و، دەرسی ژیانی لێ وەربگیرێ، بۆ ئەو یەك لەسەر چوارەی کە ماوە.

دوایی باسی هەڵوێستێکی دیکەیان دەکات، دەفەرمویٚ: ﴿ وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْـَٔوْنَ عَنْهُ وَإِن يُهْلِكُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴾، وە ئەوانە خەڵکیشی لێ دەپرینگێننەوەو لێ دەسڵەمێننەوەو، خۆشیانی لێ بە دوور دەگرن، ئەمە واتایەکی، هەندێکیشیان گوتوویانە: ئەو بێبڕوایانە خەڵکیش لە پێغەمبەر ﷺ دوور دەخەنەوە، کە زیانی پێ نەگەیەنن، واتە: بەرگرییشی لێدەکەن، وە خۆیشیانی لێ دوور دەگرن، کە دەڵێن: مەبەست پێی (أبو طالب)ە، بەڵام بەڕاستی ئەو مانایە بێهێزە، ئنجا شیعە لێرەدا زۆر خۆیان مشەوەش کردوە، چونکە شیعە (أبو طالب) بە مسوڵمانێکی زۆر چاك دادەنێن، دەڵێن: مسوڵمانێکی زۆر گەورەیەو، ئەهلی سوننەت هەر لە ڕقان ڕەواجیان بەو حەدیسانە داوە، کە دەڵێن: (أبو طالب) کافرە، لە ڕقی ئیمام عەلی !! کە بێگومان بەهەڵەدا چوونو درۆ دەکەن، (أبو طالب) ئیمانی نەهێناوە، بەڵام لێرەدا ئەم ئایەتە هیچ پەیوەندیی بە (أبو طالب)ەوە نیە، وە:

﴿ وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْـَٔوْنَ عَنْهُ ﴾، واتە: وە کافرەکان خەڵکی لێ دوور دەخەنەوە، کە ئیمان نەهێنن، وە بۆخۆشیان دووریی لێ دەگرن، یانی: نە بۆخۆیان ئیمانی پێ دێننو، نەدەهێڵن خەڵکیش ئیمانی پێ بێنێ، وەك گاشە بەردێك، کە بکەوێتە زاری کانیەکەوە، نە بۆخۆی دەخواتەوەو، نە دەهێڵێ خەڵکیش لێی بخواتەوە، ئاوایان لێهاتوە.

خوا دەفەرمویٚ: ﴿ وَإِن يُهْلِكُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴾، وە ئەوانە هەر خۆیان دەفەوتێنن، بەڵام هەست ناکەن، واتە: بەو هەڵوێستەیان هەر زیان لە خۆیان دەدەنو، هەر خۆیان دەفەوتێنن، ئەگەرنا لەڕاستیدا ناتوانن زیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ بدەن، بەو واتایە کە پەکی کارەکەی بخەن، ئەزیەتی دەدەنو، نارەحەتی دەکەن، بەڵام کارەکەی پەکی ناکەوێ، شتێك خوا بیەوێ سەر بگرێ، هەر سەردەگرێ.

ئنجا باسی هەڵوێستێکی دیکەی قیامەتیان دەکات، دیمەنێکی دیکەی قیامەتیان دێنیتە بەرچاو، دەفەرمویٚ: ﴿ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ فَقَالُوا۟ يَـٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾، ئەگەر تۆ ببینی کاتێ کە دەوەستێنرێن لەسەر

ئاگـر، لێـرەدا هەندێـك لـە زانایـان بۆیـان بۆتـە ئیشـكال: چـۆن لەسـەر ئـاگر دەوەستێنرێن؟ ئەدی ناسووتێنو نارەحەت نابن؟! نەخێر، بەڵكو مەبەست ئەوەیە كە لەسەر سوێو قەراغی ئاگری دۆزەخ دەوەستێنرێن، ئیدی مەرج نیە چووبنە نێوی، دیارە هەم لە زمانی كوردییداو، هەم لە عەرەبییداو، هەم لە هەموو زمانەكان دا ئەو جۆرە تەعبیرانە هەن، دەفەرموێ: ئەگەر ئەوانە ببینی كە دەوەستێنرێن لە سوێی ئاگر، لە نزیكی ئاگری دۆزەخ، سێ خۆزگان دەخوازن! ﴿ فَقَالُواْ يَٰلَيۡتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾، گوتیان: ئەی خۆزگە بگێڕدرێینەوە بۆ دنیا، {ئنجا كە گێڕراینەوە} ئایەتەكانی پەروەردگارمان بەدرۆ دانانێین، وە لە ئیماندارانیش دەبین، بەڵام ئایا ئەو خۆزگانە دێنە دی؟! بە تەئكید نەخێر، ئەوە خەیاڵ پڵاوە، خۆزگەو بریایەكی بێبەرە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ بَلۡ بَدَا لَهُم مَّا كَانُواْ يُخۡفُونَ مِن قَبۡلُ ﴾، بەڵكو ئەوەیان بۆ دەركەوتو بۆ ئاشكرا بوو، كە پێشتر دەیانشاردەوە، چییان دەشاردەوە؟ كافر بۆچی پێی دەگوترێ (كافر)؟ (كافر) یانی: پۆشەر (ساتر)، لەبەرئەوەی كە فیطرەتو سروشتی ئینسان خوا دەناسێ، بەڵام بابای كافر ئەو حەقیقەتە كە لە دەروونیدا هەیەو، خوا لەگەڵ بوونی دا تێكیهەڵشێلاوە، دەیشارێتەوە، ﴿ وَلَوۡ رُدُّواْ لَعَادُواْ لِمَا نُهُواْ عَنۡهُ وَإِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ ﴾، وە ئەگەر گێڕراباشنەوە، دەگەڕانەوە سەر ئەوەی لێیان قەدەغە كراوە، واتە: دەگەڕانەوە سەر بەزمی پێشێ، وە بە تەئكید درۆ دەكەن، كە دەڵێن: ئیمانمان دەهێناو ئایەتەكانی خوامان بە درۆ دانەدەنا، درۆ دەكەنو ڕاست ناكەن.

ئنجا باسی هەڵوێستێكی دیكەیان دەكاو دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُوٓاْ إِنۡ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا وَمَا نَحۡنُ بِمَبۡعُوثِينَ ﴾، وە گوتیان: ژیان تەنیا ئەم ژیانە دنیاییەمانە، وە ئێمە زیندوو ناكرێینەوە، دەمرینو زیندووبوونەوە نیە، ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذۡ وُقِفُواْ عَلَىٰ رَبِّهِمۡ ﴾، وە ئەگەر تۆ ببینی كاتێك كە لەسەر پەروەردگاریان ڕادەگیرێن،

یانی: لەبەردەم دادگای پەروەردگاریاندا ڕادەگیرێن، ئنجا خوا دادگاییان دەکاو دەفەرموێ: ﴿قَالَ أَلَيۡسَ هَٰذَا بِٱلۡحَقِّ﴾، فەرمووی: ئایا ئا ئەوە هەق نیە، ئەو زیندووبوونەوەو ئەو وەزعەی کە ئێستا هاتۆتە پێشێ و دەیبینن، هەق نیە؟ ڕاست نەبوو؟ ﴿قَالُواْ بَلَىٰ وَرَبِّنَاۚ قَالَ فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡفُرُونَ﴾، گوتیان: با، سوێند بە پەروەردگارمان {ڕاستەو ئێمە بەهەڵەدا} چووین، (خوای دادگەریش): فەرمووی سزاو ئازار بچێژن، بەهۆی ئەوەوە کە بێبڕوا بوون، دەبێ بیچێژن.

ئنجا لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَآءِ ٱللَّهِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغۡتَةً﴾، بێگومان ئەوانەی بڕوایان بە دیداری خوا نەبوو، زیانبار بوون، پێیانوابوو ناگەنەوە خزمەت خوا، هەتا ئەو کاتەی کە تێیدا کتوپڕو لەناکاو بەبێ پێشەکی دنیا کۆتایی هات، ئنجا ئەو (ساعة)یە، چ (ساعة)ی گەورە بێ، (قیامەتی گەورە)، چ (ساعة)ی گچکە (کاتی مەرگ)، هەرکامێکیان بێ دەگونجێ، وەك گوتراوە: (مَنْ مَاتَ فَقَدْ قَامَتْ قِيَامَتُهُ) واتە: هەر کەسێك مرد، قیامەتی خۆی هاتوە، دیارە مردنیش کتوپڕ دێ، لەو کاتەدا چی دەڵێن؟ دەڵێن: ﴿قَالُواْ يَٰحَسۡرَتَنَا عَلَىٰ مَا فَرَّطۡنَا فِيهَا﴾، هەی داخو خەفەت!! {لە کوێی؟ ئێستا وەختی ئەوەیە کە خەفەتان بخۆین}، لەسەر ئەوە کە ئێمە کەمتەرخەمییمان تێدا کرد، {لە چییدا؟ لە ژیانی دنیادا، یاخود لە ئایەتەکانی خوادا}، ﴿وَهُمۡ يَحۡمِلُونَ أَوۡزَارَهُمۡ عَلَىٰ ظُهُورِهِمۡۚ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ﴾، حاڵیشیان وایە: گوناهەکانی خۆیان لەسەر پشتی خۆیان هەڵگرتوە، تێلەکەو هەگبەی گوناهانیان لە کۆڵێناوە، وە لە خزمەت خواشدا ڕاوەستاون، ئاگاداربن! خراپترین شت ئەوەیە کە ئەوان هەڵیانگرتووە لە کۆڵیان ناوە.

چەند ناخۆشە ئینسان بە کۆڵێك گوناهەوە بچێتەوە خزمەت خوا، لە کاتێکدا خوا دروستی کردوە، تاکو تاقی بکاتەوەو لەسەر زەوی دایناوە، ئاوەدانی بکاتەوەو بەندایەتیی بۆ خوا بکات، کەچی لە جیاتی ئەوەی بەدەستی پڕ لە تەقواوە

بچێتەوە لای خوا، بە کۆڵێك گوناح و شەرمەزاریی و عەیبدارییەوە بچێتەوە خزمەت پەروەردگاری !! ﴿وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا لَعِبٌ وَلَهْوٌ ۖ وَلَلدَّارُ ٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾، وە ژیانی دنیاش تەنیا یاریی و کات بەسەربردنە، وە مەنزڵگای دوارۆژ باشترە بۆ ئەوانەی پارێز دەکەن، ئایا نافامن؟ لێرەدا وەك دواییش لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین، کە دەفەرموێ: ﴿وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا لَعِبٌ وَلَهْوٌ﴾، دوو واتای هەن:

١) ژیانی دنیا (واتە ژیانی دنیای بێبڕوایان) گەمەو کات بەسەر بردنەو، هیچی دیکەی تێدا نیە.

٢) یاخود ژیانی دنیا لە رووە مادییەکەیەوە، دەشوبهێتە گەمەی منداڵان و یاریی و کات بەسەربردنیان، بەڵام مەنزڵگای دوارۆژ بۆ ئەوانەی کە پارێز دەکەن، بە تەئکید چاکترەو بەراورد ناکرێ لەگەڵ دنیادا، هەر کەسێك عەقڵی هەبێ، ئەو حەقیقەتە دەرك دەکاو دەیزانێ.

چەند مەسەلەیەكی گرنگ

مەسەلەی یەكەم: كە خوا دەفەرمویٚ: ﴿ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوٓاْ أَيْنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴾، وە ئەو ڕۆژە كە تێكڕایان كۆدەكەینەوەو خڕیان دەكەینەوە، دوایی بەوانەی كە هاوبەشیان (بۆ خوا) داناوە دەڵێین: كوان ئەو هاوبەشانەتان كە پێتان وابوو، (واتە: پێتانوابوو كە هاوبەشن)؟، لێرەدا دیارە ئەم پرسیاركردنە پرسیاركردنی ڕاستەقینە نیە، واتە: وەنەبێ خوای پەروەردگار لێیان بپرسێ: كوان لە كوێن؟ ئەوانیش بڵێن: لە فلاٌن شوێنن، یان هاتوون، یان نەهاتوون، یان خۆیان پەنهان كردوە، بەڵكو لە زانیاریی ڕەوانبێژییدا دەربارەی ئەم پرسیاركردنە دەڵێن: (سُؤَالُ تَقْرِيعٍ وَتَوْبِيخٍ وَتَبْكِيتٍ) واتە: پرسیاركردنی سەرزەنشتكردنو سەركۆنەكردنە، نەك پرسیاركردنێك بێ كە چاوەڕێی وەلاٌمەكەی بكەیەوە، بۆ وێنە: كەسێك خۆی بە شتێك هەڵدەكێشێ، تۆ دەڵێی: كوا فلاٌن شتەت؟ یانی: مەبەستت نیە بڵێ: لە فلاٌن شوێنە، یانی: سوودی پێ نەگەیاند، ئنجا كە دەفەرمویٚ: كوان ئەو هاوبەشانەتان كە گومانتان دەبرد؟ دوو واتایان هەڵدەگرێ:

یەكەم: واتە: خۆیان لە كوێن؟ بۆچی دیارنین؟ كە وەك گوتم، ئەوە سەرزەنشتكردنە.

دووەم: یاخود سوودیان لە كوێیە؟ كوا سوودیان بۆ ئێوە، ئەدی بۆچی بەندایەتییتان بۆ دەكردن؟ بەشێك لە بەندایەتییتان بۆ ئەوان تەرخان دەكرد؟

بەندایەتیی (عبادة)یش دووبەشی سەرەكییە:

١/ یان پێشكەشكردنی دروشمەكانە.

٢/ یان وەرگرتنی بەرنامەكانە، (تقديم الشعائر، وأخذ الشرائع).

دروشم وەك: نوێژ، ڕۆژوو، زەكات، حەج، پاڕانەوە، نەزر، قوربانیی، سوێند پێ خواردن، پشت پێ بەستن، زۆر خۆشویستن... هتد، وە (شرائع)یش واتە: ئەو

یاساو بەرنامەیەی كە ژیانی تاكیی‌و خێزانیی‌و كۆمەڵایەتیی‌و سیاسیی ڕێك دەخات.

ئنجا هەر كەسێك بەشێك لە دروشم‌و پەرستنەكانی بۆ كەسێك ئەنجام بدات، یان یاساكانی ژیانی لێوەربگرێ، ئەوە مانای وایە وەك پەرستراو مامەڵەی لەگەڵدا كردوە.

وە كە دەفەرموێ: ﴿ أَيْنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴾، یانی: (كُنْتُمْ تَزْعُمُونَهُم شُرَكَاء) واتە: پێتانوابوو هاوبەشن، وشەی (زَعْم) كە پێشتریش باسمان كرد: عەبدوڵلای كوڕی عەبباس خوا لە خۆی‌و بابی ڕازی بێ، دەڵێ: (كُلُّ زَعْمٍ فِي كِتَابِ الله، فَالْمُرَادُ بِهِ الكَذِبُ)[1]، واتە: هەموو وشەیەكی (زَعْم) لە كتێبی خوادا مەبەست پێی درۆیە، لە ئەسڵدا (زَعْم) واتە: پێی وایە، وایزانی، بەڵام پێوابوون‌و پێزانینێكە، كە لە بنەڕەتدا درۆیە.

مەسەلەی دووەم: كە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴿٢٣﴾ ٱنظُرْ كَيْفَ كَذَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ۚ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾،

لەم دوو ئایەتەدا خوا هەڵوێستی بتپەرستەكان، لە وەڵامی ئەم پرسیارەی خوای پەروەردگاردا، دەخاتەڕوو، دەفەرموێ: دوایی فیتنەی ئەوان تەنیا ئەوەندە بوو كە گوتیان: سوێند بە خوا پەروەردگارمان! هیچ هاوبەشێكمان دانەناوە، ئنجا دیارە درۆ دەكەن بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱنظُرْ كَيْفَ كَذَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ﴾، سەرنج بدە! چۆن درۆ لەگەڵ خۆیان دەكەن، یان خۆیان بە درۆ دەخەنەوە، واتە: شتێكیان كردوەو ئێستا دەڵێن: نەمانكردوە، شتێكیان گوتوەو ئێستا دەڵێن: نەمانگوتوە، یان درۆیەك دەكەن كە تەنیا زیانی بۆخۆیانە. ﴿ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴾، وە لێیان ونبوو، لێیان بزر بوو، ئەوەی كە هەڵیان دەبەست، ئەوەی كە دەیانكردە هاوبەش بۆ خوا.

---

١) مفاتيح الغيب للرازي: ج ٦، ص ١٥٦.

توێژەرەوانی قورئان چەند مانایەکیان بۆ وشەی (فتنە) لێکداوەتەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ لَمۡ تَكُن فِتۡنَتُهُمۡ إِلَّآ أَن قَالُواْ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشۡرِكِينَ ﴾، ماناکەی ئاوەیە، واتە: دوایی تاقیکرانەوەیان بەو پرسیارلێکردنەی خوا، ئەنجامەکەی هەر ئەوە بوو کە سوێندی بە درۆیان خوارد، چونکە خوا کە لێیان دەپرسێ‌و ئەوانیش وەڵام دەدەنەوە، ئەوە تاقیکردنەوەیە:

١/ هەندێك گوتوویانە: (فِتۡنَتُهُمۡ) واتە: (إختبارهم) تاقیکرانەوەیان بەو پرسیارو وەڵامە.

٢/ هەندێکی دیکە گوتوویانە: (فِتۡنَتُهُمۡ) (أي: قَوْلُهُمْ)، واتە: قسەکەیان.

٣/ هەندێك گوتوویانە: (فِتۡنَتُهُمۡ) (أي: جَوَابُهُمْ)، واتە: وەڵامەکەیان.

٤/ هەندێکی دیکە گوتوویانە: (فِتۡنَتُهُمۡ) (أي: مَعْذِرَتُهُمْ) واتە: پاساو هێنانەوەکەیان.

٥/ هەندێکیش گوتوویانە: (فِتۡنَتُهُمۡ) واتە: (إنخداعهم) هەڵخەڵەتاوییان بەو پەرستراوانە، کە لە دنیادا بە هاوبەشی خوایان داناون.

پرسیارێك و وەڵامەکەی :

ئنجا لێرەدا بە ڕواڵەت پرسیارێك دروست دەبێ، ئەویش ئەوەیە: کە لە لایەکەوە ئەو هاوبەش پەرستانە، سوێند بە خوا دەخۆن، دەڵێن: بە خوا پەروەردگارمان! ئێمە هاوبەشدانەر نەبووین، کە دیارە درۆش دەکەن، کەچی لەولاشەوە لە سوورەتی (النساء) لە ئایەتی ژمارە (٤٢)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يَكۡتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثٗا ﴾، واتە: هیچ قسەیەکیان لە خوا پەنهان ناکەن، واتە: کافرەکان لە قیامەتدا چی ڕاستە دانی پێدادێنن‌و دەیڵێن‌و، هیچی ناشارنەوە، کەچی لێرەشدا دیارە وا پێشان دەدەن، کە هاوبەش پەرست نەبوون، ئەمە چۆنە؟!

لەوبارەوە (طبري) لە تەفسیرەکەی دا ئەم پرسیارو وەڵامە دێنێ: {عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ، قَالَ: أَتَى رَجُلٌ ابْنَ عَبَّاسٍ فَقَالَ: قَالَ اللهُ: ﴿وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴾، وَقَالَ فِي آيَةٍ أُخْرَى: ﴿وَلَا يَكْتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثًا ﴾، قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: أَمَّا قَوْلُهُ: ﴿وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴾، فَإِنَّهُمْ لَمَّا رَأَوْا أَنَّهُ لاَ يَدْخُلُ الجَنَّةَ إِلاَّ أَهْلُ الإِسْلاَمِ، قَالُوا: تَعَالَوا لِنَجْحَدَ! فَقَالُوا: ﴿وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴾! فَخَتَمَ اللهُ عَلَى أَفْوَاهِهِم، وَتَكَلَّمَتْ أَيدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ: ﴿وَلَا يَكْتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثًا ﴾}[1]، واتە: سەعیدی کوڕی جوبەیر (کە یەکێکە لە زانایانی تابیعین) دەڵێ: پیاوێك هاتە لای عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆیو باوکی ڕازی بێ، گوتی: خوا دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴾، هاوبەشدانەرەکان گوتیان: بە خوا پەروەردگارمان! ئێمە هاوبەشدانەر نەبووین، وە لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿وَلَا يَكْتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثًا ﴾، واتە: کافرەکان لە ڕۆژی دواییدا هیچ قسەیەك لە خوا ناشارنەوە! (ئەمە چۆنە؟) عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسیش وەڵامی دایەوە، گوتی: ئەوە کە دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴾، لە کاتێکدایە کە هاوبەشدانەرەکان دەبینن تەنیا ئەهلی ئیسلام دەچنە بەهەشت، ئەوانیش دەڵێن: ڕاستە ئێمە لە دنیادا کافرو هاوبەش پەرست بووین، بەڵام وەرن بانکووڵیی لێ بکەین، بۆیە وادەڵێن‌و، ئەو درۆیە دەکەن، بەڵام دوایی خوا مۆر بەسەر دڵو زمانیانەوە دەنێ، وە دەستیان قسە دەکەن‌و پێیەکانیان قسە دەکەن‌و شایەدیی دەدەن، لەوکاتە دایە کە: ﴿وَلَا يَكْتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثًا ﴾، بە زمان درۆ دەکەن، بەڵام دوایی ئەندامەکانی جەستەیان شایەدییان لەسەر دەدەن، بۆیە هیچ شتێکیان پێ لە خوا ناشاردرێتەوە.

---

١) جامع البيان لطَّبَري ، برقم: (٣٠٥٦).

ئنجا لێرەدا زانایان پرسیارێکی دیکەیان بۆ دروست بووە :

ئایا کافرەکان لە ڕۆژی قیامەتدا درۆ دەکەن یان نا ؟

موعتەزیلە دەڵێن: نەخێر کافرەکان لە ڕۆژی دوایی دا درۆ ناکەن، بەڵام زۆربەی زانایان گوتوویانە: بەڵێ، درۆ دەکەن، وە بێگومان قسەی زۆربەی زانایان ڕاستە، بۆچی؟ چونکە ئێمە دەبینین خوای پەروەردگار لە زۆر شوێنی قورئاندا باسی کردوە، کە کافرەکان لە قیامەتدا درۆ دەکەن، بۆ وێنە:

١ / لە سوورەتی (المجادلة)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ ۖ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ ۚ أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ ﴿١٨﴾ ﴾، واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا کە خوا هەموویان زیندوو دەکاتەوە، سوێندی بۆ دەخۆن، وەك چۆن سوێند بۆ ئێوە دەخۆن، وە پێیانوایە لەسەر شتێك بوون، ئاگاداربن! ئەوانن درۆزنان، واتە: درۆ دەکەن، ئنجا دوای ئەوەش خوا ئاوا دەفەرموێ، کە پێشتر لە ئایەتی (١٤)ی سوورەتی (المجادلة)دا دەفەرموێ: ﴿ وَيَحْلِفُونَ عَلَى ٱلْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾، واتە: وە(لە دنیادا موونافیقەکان دێن بۆ لاتان) بە درۆ سوێندتان بۆ دەخۆن، کە دەشزانن درۆ دەکەن، کەواتە: لە دنیادا بە درۆ سوێند دەخۆن، دواییش خوا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ ﴿١٨﴾ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژەی کە خوا زیندوویان دەکاتەوە، سوێندی بۆ دەخۆن، وەك چۆن سوێند بۆ ئێوە دەخۆن، ئنجا لە دنیادا بە درۆ سوێندیان بۆ مسوڵمانان خواردوەو گوتوویانە مسوڵمانین، هەویش نەبوون، کەواتە: لە قیامەتیش دا بە درۆ سوێند دەخۆن، دیارە ئەمە بەڵگەیەکی زۆر بەهێزە لەسەر ئەوە کە کافرەکان لە قیامەتدا درۆ دەکەن.

٢ / ئنجا لە سوورەتی (المؤمنون) لە ئایەتی (١٠٧)دا خوا هێناویەتی دەفەرموێ: کافرەکان دەڵێن: ﴿ رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْهَا فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَٰلِمُونَ ﴾، واتە:

پەروەردگارمان! لە دۆزەخ دەرمانبێنە، ئەگەر گەڕاینەوە، ئێمە ستەمكارین، ئەگەر جارێكی دی گەڕاینەوە سەر شیركو كوفر، لەوێ ئاوا دەڵێن، كەچی خوا لە سوورەتی (الأنعام) ئایەتی (٢٨)دا دەفەرموێ: ﴿...وَلَوْ رُدُّواْ لَعَادُواْ لِمَا نُهُواْ عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴾، وە ئەگەر بشگێڕدرێنەوە بۆ دنیا، دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەوەی كە نەهییان لێكراوە، (كە شیركو كوفرە)، وە بێگومان ئەوان درۆزنن. كەواتە: كە لە ئایەتی (١٠٧)ی سوورەتی (المؤمنون)دا دەڵێن: پەروەردگارمان! لە دۆزەخ دەرمانبێنە، ئەگەر گەڕاینەوە سەر شیركو كوفر، ئێمە ستەمكارین، ڕاست ناكەن.

ئنجا ئێمە دەتوانین بڵێین: ئەم پرسیارە كە خوا دەفەرموێ: كافرەكان قسە ناشارنەوە لە خوا، وە لە هەندێك شوێن دەفەرموێ: بە درۆ سوێند دەخۆنو نكووڵیی دەكەن، كە موشریكو كافر بووبن، بە دوو شێوە وەڵام دەدرێتەوە:

یەكەم: قیامەت قۆناغ قۆناغەو، یەك قۆناغ نیە، بۆ وێنە خوای مەزن لە سوورەتی (الرحمن)دا دەفەرموێ: ﴿ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُسْـَٔلُ عَن ذَنۢبِهِۦٓ إِنسٌ وَلَا جَآنٌّ ﴿٣٩﴾ ﴾، واتە: لەو ڕۆژەدا نە ئینس نە جین لەبارەی گوناهەكانیانەوە پرسیاریان لێناكرێ، كەچی لە سوورەتی (الصافات)دا دەفەرموێ: ﴿ وَقِفُوهُمْ ۖ إِنَّهُم مَّسْـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾، ڕایانگرن، پرسیاریان لێ دەكرێ، ئەمە چۆنە؟ وەڵامەكەی ئەوەیە كە: لە قۆناغێكدا دەهێنرێنو پرسیاریان لێ ناكرێ، بەڵام لە قۆناغێكی دیكەدا پرسیاریان لێ دەكرێ.

واتە: مادام قیامەت قۆناغ قۆناغە، كەواتە: ئەوانیش لە قۆناغێكدا درۆ دەكەنو، لە قۆناغێكی دیكەدا كە بواری درۆكردنیان نیە، دانی پێدادێنن.

دووەم: كافرەكان نكووڵیی دەكەن، تاكو بەڵگەو ئیسپاتیان لەسەر پەیدا دەبێ، ئەو كاتە بەناچاریی دانیپێدادێنن، وەك چۆن لە دنیادا كەسێك كە تاوانێكی كردوە، هەتا دەزانێ بەڵگەو ئیسپاتی لەسەرە نكووڵیی لێدەكات، بەڵام كە زانی

بواری نکووڵیی کردنی نەماوەو، شایەدەکان هاتنە بەرچاوی، ئەوکاتە بەناچاریی دانی پێدادێنێ.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ ﴾، وشەی (ضَلَّ) یانی: ونبوو، بزر بوو، فەوتا، لەبەرچاو نەما، واتە: ئەوەی کە بە درۆ بۆ خوا هەڵیاندەبەست کە هاوبەشە، لە قیامەتدا هیچیان لەبەرچاو نامێنێ، چونکە بوونیان نەبووە، وەك هاوبەش بۆ خوا، ئەگەرنا بوونیان هەبووە، وەك: دارو بەردو، خۆرو مانگو ئینسانو ئەستێرەو مشكو مارو هەواو ئارەزوو ئەو شتانەی کە دەپەرسترێن، بەڵام ئەوانە هیچیان هاوبەشی خوا نین، بەڵكو تەنیا دروستكراوێكی خوان.

مەسەلەی سێیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِيٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا ﴾، وە هەیانە لەو (كافرانە) گوێت بۆ هەڵدەخات، بەڵام دڵیانمان خستۆتە چەند توورەگەو كیفێكەوە، یاخود پەردەپۆشمان كردون، بۆئەوەی كە تێنەگەن، وە گوێشیانمان گران كردون، بۆئەوەی كە نەبیستن.

وشەی (أَكِنَّةً) كۆی (كِنَان)ە، (كِنَان) واتە: كیف، بەرگ، توورەگە، هەر شتێك كە شتێكی تێبكەی، وەك (أَسِنَّة) كۆی (سِنَان)ە، كە بە مانای رِم دێ، (أَعِنَّه) كۆی (عِنَان)ە، كە بە مانای جڵەو دێ، (أَغْطِيَة) كۆی (غِطَاء)ە، كە بە مانای سەرداپۆش دێ.

وە وشەی: (وَقْرًا) واتە: (ثِقَلاً، أَوْ صَمَمَاً) واتە: گوێ گران بوون، یان گوێ كەڕبوون، وەك چۆن كەسێك شتێكی قورسی وەك ئاسنو قوڕقوشم بچێتە گوێیەوە، ئەو كاتە هیچ نابیستێ، ئاوایان لێهاتوە، ئنجا وشەی (وَقْر) بەو مانایە دێ، وە وشەی (وِقْر) بە مانای (حِمْل) دێ، واتە: بار.

لێرەدا پرسیارێك دەكرێ، ئایا خوای پەروەردگار بۆچی ڕێگا نادات ئەوانە عەقڵیان ئیش بكاو، دڵیان ئیش بكاو تێبگەن، بۆچی دڵی وا لێكردوون لە تووڕەگەو كیف دابێ، وە بۆچی گوێی وا لێكردوون، وەك شتێكی قورسی تێدابێ‌و هیچ نەبیستن؟ وەڵامەكەی ئەوەیە كە خوای دادگەر دەیەوێ بۆمان ڕوون بكاتەوە، كە ئەوانە لە ئەنجامی گوناح‌و تاوانەكانیان دا، وایان لێهاتوە، وەك كەسێك كە عەقڵی داپۆشرابێ، وە دڵی خرابێتەو تووڕەگەو كیفەوە، هیچ زانیاریی بۆ نەچێ، وە شتێكی خرابێتە گوێ، كە هیچ نەبیستێ، واتە: لە ئەنجامی گوناح‌و تاوانەكانی خۆیان دا وایان لێهاتوە، ئەگەرنا خوای كارزان ئەم ئایەتانەی بۆیە بۆ ناردوون، تاكو گوێبیستیان بن، وە ئەو هەموو موعجیزەو دیاردەو دیمەنانەی دروست كردوون، بۆئەوەی مرۆڤەكان سەرنجیان بدەن‌و بیریان لێبكەنەوە، وە بەهۆیانەوە خوای پەروەردگار بناسن، كەواتە: لێرەدا خوای میهرەبان دەیەوێ پێمان بفەرموێ: كە ئەوانە بەهۆی گوناح‌و تاوانەكانیانەوە، یاسای خوایان بەسەردا چەسپیوە، هەر كەسێكیش كە بەردەوام بوو لەسەر گوناهان، دڵی مۆر دەكرێ، گوێی نابیستێ‌و چاویشی هەق نابینێ، هەڵبەتە لێرەدا مەبەست ئەوەنیە گوێی نەبیستێ، دەبیستێ، بەڵام تێناگات، وە چاوی دەبینێ، بەڵام هەق نابینێ.

مەسەلەی چوارەم: كە دەفەرموێ: ﴿ وَإِن يَرَوۡاْ كُلَّ ءَايَةٖ لَّا يُؤۡمِنُواْ بِهَا ﴾، وە ئەگەر هەر نیشانەیەك ببینن، ئیمانی پێ ناهێنن، واتە: هەر بڕیاریان داوە كە ئیمان نەهێنن، لەبەرئەوە پەكیان لەسەر بەڵگەو نیشانە نەكەوتوە، هەڵبەتە ئەم ڕستە قورئانییە بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەرە ﷺ، چونكە زۆرجار كافرەكان ڕووبەڕوویان بە پێغەمبەر ﷺ دەگرت، دەیانگوت: تۆش وەك پێغەمبەرانی پێش خۆت موعجیزان بێنە، ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِن يَرَوۡاْ كُلَّ ءَايَةٖ لَّا يُؤۡمِنُواْ بِهَا ﴾، وە ئەگەر هەر نیشانەیەك، هەر بەڵگەیەك، هەر موعجیزەیەك كە بە پێغەمبەرانی پێشووش دراوە، ببینن، هەر ئیمانی پێ ناهێنن، وە بە كردەوەش ئەو كافرانەی مەككە هەر وابوون، وەك لە سووڕەتی (القمر)دا هاتوە: ﴿ ٱقۡتَرَبَتِ

﴿ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ ۝١ وَإِن يَرَوۡاْ ءَايَةٗ يُعۡرِضُواْ وَيَقُولُواْ سِحۡرٞ مُّسۡتَمِرّٞ ۝٢ ﴾

واتە: قیامەت نزیکەو مانگ لەت بوو. وە ئەگەر نیشانەیەك ببینن، پشتی تێدەکەنو دەڵێن: جادوویەکی بەردەوامە: ڕۆژێك کافرەکانی مەککە لە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆبوونەوەو گوتیان: بەڵگەیەکمان پێشان بدە، فەرمووی: چیتان دەوێ؟ (دیارە شەو بووە) گوتیان: مانگمان بۆ شەق بکە، پێغەمبەری خوا ﷺ بە پەنجەی موبارەکی ئاماژەی کرد، بە فەرمانی خوا مانگ لەت بوو، کافرەکان گوتیان: بەڕاستی موحەممەد جادوویەکی گەورەی کرد، ئەمە (بخاري) و (مسلم) لە (صحيح)ەکانیان دا هێناویانەو، پێشتریش هێنامان.

پاشان دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوكَ يُجَٰدِلُونَكَ ﴾، واتە: کە لەلای تۆ نین، هەر نیشانەیەك ببینن ئیمانی پێناهێنن، کە دێشن بۆ لای تۆ، شەڕە قسەو موناقەشەت لەگەڵدا دەکەن، کەواتە: هەر نایانەوێ ئیمان بێنن.

جا بەڕێزان بزانن! کە کەسێك کە نەیەوێ ئیمان بێنێ، هەموو بەڵگەی دنیای بۆ بێنی، ئیمان ناهێنێ، چونکە خوا توانایەکی داوە بە مرۆڤ، ئەگەر ڕەغبەتی لە شتێك نەبێ، دڵنیاش بێ کە ڕاستە، دانی پێداناهێنێ، وەك خوا دەربارەی داروودەستەی فیرعەون دەفەرموێ: ﴿ وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسۡتَيۡقَنَتۡهَآ أَنفُسُهُمۡ ظُلۡمٗا وَعُلُوّٗاۚ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ۝١٤ ﴾النمل، واتە: یەقینیان هەبوو لە دڵی خۆیاندا کە {موعیزەکانی مووسا} ڕاستن، {مووسا پێغەمبەری خوایە}، بەڵام نکوڵییان لێکردو دانیان پێدانەهێنا، بۆچی؟ ﴿ ظُلۡمٗا وَعُلُوّٗا ﴾، بەهۆی ستەمو خۆ بە زلگرییەوە.

ئێستاش خەڵك هەیە دەزانێ ئیسلام ڕاستە، ئیسلامییەکان ئینسانی باشو چاکەخوازن، لای کەم دزیی ناکەنو، درۆ ناکەنو، حەرام ناخۆن، چاویان لە ناموسی خەڵك نیە، بەڵام ئەدی بۆچی پشتگیرییان ناکەن؟ چونکە بەرژەوەندییەکانیان تێکدەچن، موشریکەکان بۆچی بڕوایان بە پێغەمبەری خاتەم نەدەهێنا؟ چونکە بەزمو بازاڕیان لێ تێکدەچوو، جوولەکەو

نەصرانییەکـان بۆچـی ئیمانیـان نەدەهێنـا؟ ئـەو بـەزمو بـازارەی کـە دایاننـابوو، خەڵـکە سـادەکەیان پـێ فریـو دەداو، بـە نـاوی دینــەوە خۆیـان پـێ دەژیانـدن، ئـەوەیان لـێ تێکدەچـوو، ئەگەرنـا خـوا دەفـەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمْ ﴿١٤٦﴾﴾البقرة، ئەوانـەی کتێبمـان پێـداون، پێغەمبـەر دەناسـن، وەك چـۆن کورەکـانی خۆیـان دەناسـن، بـەڵام بۆچـی دانـی پێداناهێنـن؟ لەبەرئـەوەی ئـەو بەرژەوەندییـە ناشـەرعییانەی کـە بـەهۆی یەهودییـەتو نەصرانییەتـەوە، ئەوانی دیکـەش بـەهۆی شیرکو بتپەرستییەوە، بۆیان دەستەبەر کـرابوون، ئـەو بەرژەوەندییانـەیان لـێ تێکدەچوون، ئـەوکات ئـەبو جـەهلو ئـەبو سـوفیان، نـەزری کـوڕی حـارسو کـێو کـێ، دەهاتنـە ڕیـزی بـیلالو صـوهەیبو سەلمانو عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودو ئـەبو زەڕی غیفاریی، وە هەموویان یەکسان دەبوونـەوەو، ئـەوکات بـەزمو بـازاڕو خـۆ بـەزلگرییان لـێ تێکدەچوو، بۆیـە هـەر ئیمـانیـان نەدەهێنـا.

مەسـەلەی پێنجەم: کە دەفـەرموێ: ﴿يَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾ ئەوانەی کە بێبـڕوان دەڵێن: ئەمـە جگە لە ئەفسانەی پێشـینان، چی دیکە نیـە.

جارێ وشەی (أَسَاطِير) کۆی (أُسْطُورَة)یـە، (أُسْطُورَة)ش واتـە: بەسـەرهاتێـك کە بنـەمایەکی مێـژوویی نـەبێ، وەك حیکایـەتی ڕۆسـتەمو زۆرابو زۆر حیکایـەتی یۆنـانیی و ئیغریقیـیو بابلـیی، کـە ناچنــە عەقڵــەوە، چـونکە هیــچ بنمـایەکی مێژوویـی یان نیە، ئەوان دەیانگوت: قورئـانیش تـەنیا ئەفسانەی پێشینانە، وشـەی (أُسْـطُورَة)ش لــە (سَـطَر)ەوە هـاتوە، (السـطر) کــە کۆیەکــەی (أسـطار)ە، کــۆی کۆیەکەشـی (أسـاطیر)ە، وە (سَطْر) واتـە: دێـڕ، دێرێـك کـە دەنووسـرێتەوە، وە (سطر، أسطر) بۆچی وایانـگوتـوە؟ چونکە تەماشایان کـردوە، قورئـان بەسـەرهاتی زۆری تێـدان، بەسـەرهاتی پێغـەمبەران، بەسـەرهاتی گەلـە پێشـووەکان، ئیـدی لـەو ڕووەوە کـە بەسـەرهاتی تێـدان، بـە حیسـابی خۆیـان بـواری شـوبهەو گومانێکیـان دەستکەوتوە، کە بڵێین: قورئـانیش وەك ئـەو بەسـەرهاتو ئەفسانانەی پێشـینانە، کــە لــە کتێبانــدا هــاتوون، بــەڵام لەڕاسـتیدا ئــەو بەسـەرهاتانەی قورئــان

دەیانگێڕێتەوە، لەگەڵ ئەفسانەکان زۆر جیان، هیچ بەسەرهاتێك لە قورئاندا نەهاتوە، کە لەگەڵ مێژوودا تێکبگیرێ، بەڵکو لە قورئاندا خوا زۆر ڕاستیی کە شێردراوە بوون، لە ژیانی پێغەمبەراندا، لە ژیانی بەشەردا، بەهۆی قورئانەوە ئاشکرای کردوونو، ڕوونی کردووتەوە، ئەوەی کە بە پێویستی زانیبێ، وەك دەفەرموێ: ﴿يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ ﴿١٥﴾﴾ المائدة، واتە: زۆر لەوەی کە ئێوە لە کتێب دا پەنهانتان دەکرد، خوای زانا لە قورئاندا دەریخستوە.

مەسەلەی شەشەم: کە دەفەرموێ: ﴿وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْأَوْنَ عَنْهُ وَإِن يُهْلِكُونَ إِلَّا أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ﴾، خوای زاناو شارەزا باسی هەڵوێستی کافرەکان دەکات، دەفەرموێ: ئەوان خەڵکی لێ دەپرینگێننەوەو خەڵکی لێ دوور دەکەنەوە، پێغەمبەر ﷺ، یان لە قورئان، یان لە هەردووکیان، وە بۆخۆشیان لێی دوور دەکەونەوە.

لێرەدا پرسیارێك دەکرێ: ئەوانە یەکەمجار بۆخۆیان دووردەکەونەوە، ئنجا خەڵکیش دوور دەخەنەوە، ئەدی بۆچی خوای پەنهانزان خەڵك دوور خستنەوەکەیانی پێش دوورکەوتنەوەیان خستوە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: ئەوەی ئەوان زۆر مەبەستیان بووە، ئەوە بووە کە خەڵکی لە پێغەمبەر ﷺ، یان لە قورئان، یان لە هەردووکیان، دووربخەنەوە، ئەوەی بەلایانەوە گرنگ بووە ئەوە بووە، بۆیە ئەوەیان پێش خراوە، ئنجا چی بۆ ئەوەیان زۆر لە لا گرنگ بووە؟ چونکە گوتوویانە: ئەگەر ئەو خەڵکە لەم پەیامو بەرنامەی پێغەمبەر ﷺ تێبگات، دەزانن کە لە بەرژەوەندییانەو ئیمانی پێدێنن، بۆیە خوا لە سوورەتی (فصلت)دا دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَسْمَعُوا لِهَٰذَا الْقُرْآنِ وَالْغَوْا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴿٢٦﴾﴾، ئەوانەی کە بێبڕوان گوتیان: گوێ بۆ ئەم قورئانە مەگرن، وە غەڵبەغەڵبو دەنگە دەنگو قسەی پڕوپووچی تێدابکەن، بۆئەوەی (خەڵکەکە نەیبیستێو)، بەسەریدا زاڵ بن، واتە: زانیویانە کە ئەگەر ئەو خەڵکە

ڕەش‌وڕووتە، لە قورئان تێبگات، بە دوای ئەوان ناکەوێ‌و لە خۆی ناوەشێنێتەوە ببێتە کۆیلەی ئەبو جەهلێك‌و فیرعەونێك‌و نەمرودوودێك‌و، خۆ بە پەرستراوزانێك، کەواتە: گوتوویانە: باشترین چارەسەر ئەوەیە کە نەهێڵین لە قورئان تێبگەن، هەر تێیبگەن لێمان هەڵدەگەڕێنەوە.

یەکێك بۆی هەیە بڵێ: ئەدی بۆچی زلەزلەکان تێشیدەگەیشتن‌و هەڵیش نەدەگەڕانەوە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە ئەوان بەرژەوەندییان لە بتپەرستیی دابوو، بەڵام خەڵکێکی ڕەش‌و ڕووت کە کڵاوی لەسەرنراوە، ئەگەر تێبگات هیچ بەرژەوەندیی نیە لەو بەرنامە پڕ کوفرو شیرکەدا، کە لەسەری فەرز کراوە، بۆیە زۆرجار ئەبو جەهل‌و زلەزلەکان دەیانگوت: ڕێگا مەدەن کۆیلەکان بچنە لای موحەممەدو بڵێن: جادووگەرە، شێتە، کاهینە، شاعیرە، تاکو لەبەرچاویان بکەوێ‌و گوێی بۆ نەگرن، هەر گوێی بۆ بگرن، لێتان هەڵدەگەڕێنەوە.

دەڵێن: ڕۆژێك شاعیرێك دەچێتە لای پێغەمبەر ﷺ کە ئەو کاتە ئەوانەی حەکیم‌و قسەزان‌و قسە ڕۆیشتوو بوون، دەبوونە شاعیر، بەڵام پێش ئەوەی بچێ پێی دەڵێن: کە چووی بۆ مەککە، ئاگات لە جادووگەرەکەی قورەیش بێ، هەڵتنەخەڵەتێنێ، واپێدەچێ لە عەشیرەتێکی دیکە بووبێ، ئەویش دەڵێ: چۆن هەڵدەخەڵەتێم، شاعیرم‌و حەکیمم‌و قسە زانم‌و ڕاست‌و چەوت لێك جیادەکەمەوە؟ دەڵێن: ئاخر قسەکانی زۆر کاریگەرن، کابرا دەڵێ: هێندەیان ترساندم، کە چوومە نێو کەعبە، لۆکەم لە هەردوو گوێم ئاخنی، بۆئەوەی هیچ قسەیەکیم نەکەوێتە بەر گوێ، دەڵێ: دوایی کە تەماشام کردو، شێوەو دیمەنی موحەممەدم بینی، بە عەقڵم دانەچوو ئەوە جادووگەر بێ‌و شێت بێ، پیاوێکی زۆر گران‌و سەنگین‌و نەجیب‌و هێدیی‌و مەندو لەسەرەخۆو بەرێز بوو، دەڵێ: هەر خۆم بەخۆمم گوت: تۆ چۆن دەبێ هێندە لە عەقڵی خۆت بترسێی؟! گوێی خۆت شل بکە، با دوو سێ قسەت بکەونە بەر گوێ، داخۆ چی دەڵێ؟ دەڵێ: لۆکەکەم شل کرد، (یاخود دەریهێناوە، پێغەمبەریش ﷺ قورئانی خوێندوە) بیستم قسەی زۆر مەعقوول دەکات، دیارە ئەو نەیزانیوە ئەمە قورئانە، دەڵێ: زیاتر لێی چوومە پێش گوتم: تۆ کێی؟ گوتی: من موحەممەدم‌و پێغەمبەری خوام، گوتم: تۆ چی دەڵێی؟ ئەویش هەندێ ئایەتی بۆ خوێندمەوە،

دوای ئـەوەی ئایەتـەکانی تەواوکـردن، هـەر لـەوێ نەجـووڵام‌و مسـوڵمان بـووم‌و ئیمـانم پـێ هێنـا.

ئنجا دوایی کە دەگەڕێتـەوە دەڵـێن: تۆشی هەڵخەڵەتاند ! ئەویـش دەڵـێ: بچن گوێـی لـێبگـرن، ئەوەی عەقـڵ‌و فیطرەتێکی سـاغی هەبـێ، ئـەوەی ئـەو دەیڵـێ، دەیسـەلمێنـێ.

دوایـی کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَإِن يُهۡلِكُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمۡ وَمَا يَشۡعُرُونَ ﴾، واتـە: تـەنیا خۆیان دەفەوتێنن، بەڵام هەسـت ناکـەن.

ئنجـا ئـەو کاتـە کـە خـوا وایـفەرمووە، ئەنجـامەکەی زۆر دیـار نـەبووە، بـەڵام ئێسـتا ئێمـە دەزانـین، ئـەو کەسـانەی کـە دژایـەتیی پێغەمبـەر ﷺیان کـرد، خەڵـکیان لـێ دوور دەخسـتەوەو پڕوپاگەنـدەیان بـۆ دەکـردو ناوونـاتۆرەیـان بـە دوادەخست، کـوان؟ لە کوێن؟ هەمووییـان فەوتـانو چوونە زبڵـدانی مێـژووەوە، ئەبو جـەهل‌و ئـەو زلـەزلانەی قورەیش کە بوختانیان بۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ هەڵدەبەسـت، وە لە کـاتی سـەجدە بردن دا، ڕیخـۆڵەو هەنـاوی ئاژەڵیـان دەخسـتە سـەر پشـتو، منداڵیان تـێبەردەدان، ئەوانە چییـان لـێهـات؟ ئێسـتا مەگـەر وەك شتێکی قێـزەون بـاس بکـرێن، ئەگـەرنا کـێ ناویـان دێنـێ! بۆیـە خـوا دەفەرموێ:

﴿ وَإِن يُهۡلِكُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمۡ وَمَا يَشۡعُرُونَ ﴾، تـەنیا خۆیـان دەفـەوتێنن، بـەڵام هەسـت ناکـەن، ئەگـەرنا پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـەوە زیـان ناکـات، هـەق هـەر دەچەسـپـێ، ناهەق دەڕوات، دیارە لە ڕۆژگاری ئێمەشـدا هـەر وایـە، ئـەوەی هەقە هەر دەچەسـپێ، ئەوەی ناهەقە دەڕوات، با ناهەقەکە سـوپاو پـارەو تەمـاعی لـە پشـت بـێ، هیچ نیـە، خـوا دەفەرموێ: ﴿ فَأَمَّا ٱلزَّبَدُ فَيَذۡهَبُ جُفَآءٗۖ وَأَمَّا مَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ فَيَمۡكُثُ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ كَذَٰلِكَ يَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡأَمۡثَالَ ﴿١٧﴾ ﴾ الرعـد، واتـە: ئـەوەی پـووش‌و پەڵاشـە[1] دەڕوات، ئـەوەی سـوودی هەیـە بـۆ خـەڵك (کـە ئاوەکەیـە) لـە

---

١) الزبـد: بریتـە لـەو پـووش‌و پەڵاشـەی لەگـەڵ ئـاوی بارانـدایـەو دەکەوێتـە سـەر ئـاو، دوایـی وشـك دەبێتـەوەو با ڕایـدەماڵـێ، بڕوانە : مختار الصِّحاح، ص ٢٤٣.

زەویدا دەمێنێتەوەو پێیدا دەچێتە خوار، یانی: لە زەوی دا خەزن دەبێو دوایی لە شێوەی کانیو سەرچاوەدا دێتەوە دەر، پووشو پەڵاشەکە چی لێدێ؟ وشك دەبێتەوەو بایەك لێی دەداو ڕایدەماڵێ، لەڕاستیدا ناهەقو باطڵ ئاوایە، لەو کاتەوەی ئیسلام هاتوە، چەندان بەرنامەو ڕێچکەو ڕێباز لەگەڵ ئیسلام دا ڕووبەڕوو بوونەوە؟ کوا لەکوێن؟ هەر ناویشیان نیە، کەچی ئیسلام وەك کێوێکی سەربەرز نەلەخشاو هەر وەك خۆی ماوەتەوە، لە سەردەمی ئێمەدا، هەروا دەبێو لە دوای ئێمەش هەروا دەبێ.

مەسەلەی حەوتەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُواْ عَلَى ٱلنَّارِ فَقَالُواْ يَٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾، وە ئەگەر دەیانبینی کە لەسەر ئاگر دەوەستێنرێن، (واتە: لە سوێی ئاگر، لە نزیك ئاگر، نەك لەسەر خودی ئاگر)، گوتیان: خۆزگە بگێڕدرێینەوە بۆ دنیا، وە ئایەتەکانی پەروەردگارمان بە درۆ نەزانین، وە لە ئیمانداران بین، دیمەنێکی دڵتەزێن دەبینی ! بەڵام ئەم خۆزگەو بریایە وەك پێشینان دەڵێن: (داری خۆزگەو بریا بەر ناگرێ)، من جارجار ئەگەر پێویست بکات، ئاماژە دەکەم بە جیاوازیی خوێندنەوەکان (أختلاف القراءات)، ﴿ نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ نُكذبُ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا ونكـون مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾، (حمزة) و (حفص) لە حەوت قورئان خوێنە ناودارەکان (القـرّاء السَّبعة) وایان خوێندۆتەوە: ﴿ نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾، بەڵام (كسائي) و (أبو عمر) و (أبو بكر) ئاوایان خوێندۆتەوە: ﴿ نُرَدُّ وَلَا نُكَذبُ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا ونكـونُ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾، کە دیارە بە هەردووك جۆرە خوێندنەوەکە دەگونجێ ماناکەی وابێ، کە سێ شتیان بە ئاوات خواستوون: گێڕرانەوە بۆ دنیاو، بێبڕوانەبوون بە ئایەتەکانی پەروەردگاریانو، لە بڕواداران بوون: (تَمَنّوا الـرَدّ وَتَرْك التَّكْذِيب وَالكَوْنَ مِنَ المُؤْمِنين).

وە دەشگونجێ بە پێی خوێندنەوەی دووەم مەبەست ئاوابێ:

خۆزگە بگێڕڕێینەوە، ئنجا بەڵێن بێ: بە ئایەتەکانی پەروەردگاریان بێبڕوا نەبین، وە لەگەڵ بڕواداران دابین.

واتە: بە پێی خوێندنەوەی یەکەم هەر سێ شتیان بە خۆزگە خواستوون، بەلاّم بە پێی هی دووەم، گێڕدرانەوەیان بە خۆزگە خواستوە، بەلاّم بۆ بە درۆ دانەنانی ئایەتەکانو لەگەڵ ئیمانداراندا بوون، بڕیار دەدەنو بەڵێن دەدەن کە وابن، کە دیارە لە هیچیان دا ڕاست ناکەن.

ئنجا لە زمانی عەرەبییدا (لو) وەك (ئەگەر) وایە لە زمانی کوردییدا، ئەگەر بڵێم: ئەگەر فلاّن کەس هات، یەکسەر چاوەڕێی ئەوە دەکەی، کە بڵێم لەبەری هەڵدەستم، یان ڕێزی دەگرم، یان خەلاّتی دەکەم، یان سەرزەنشتی دەکەم، ئنجا لێرەدا لە ئایەتەکەدا: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ...﴾ وەلاّمی (لو) دیار نیە، کە خوا دەفەرمویٚ: {ئەگەر بیانبینی کە دەوەستێنرێن لە نزیك ئاگری دۆزەخەوە، وە گوتیان: خۆزگە بگێڕدرێینەوە بۆ دنیا، وە ئایەتەکانی خوا بە درۆ دانانێینو لەگەڵ ئیمانداران دەبین}، وەلاّمی ئەگەر (لو) دیارنیە، وەلاّمەکەشی ئەوەیە کە: ئەگەر بیانبینی، دیمەنێکی سەرنجڕاکێش دەبینی، یاخود لە حاڵێکی زۆر خراپدا دەیانبینی، ئنجا بۆچی وەلاّمەکەی نەهاتوە؟ چونکە بە عەقڵ دیارە، وە بۆ ئەوەش کە زیهن بۆ ئەگەری هەر شتێك بچێ، بۆ وێنە: ئەگەر منداڵێکت سەرپێچیی کردبێ، یان کارێکی خراپی کردبێ، تۆش پێی بڵێی: ئەگەر بۆت هەڵسم! ئەگەر تووڕەم بکەی! یانی چی؟ ئەوکاتە ئەو منداڵە زیهنی بۆ سەد شت دەچێ، دەڵێ: خوایە! دەبێ لێم تووڕەبێ؟ قسەم پێ بڵێ؟ حەپسم بکات؟ ئازارم بدات؟ کە بێگومان ئەوەش دیسان یەکێك لە ڕووەکانی ڕەوانبێژیی قورئانە، کە جاری وایە شتێك قرتاو (حذف) دەبێ، بۆئەوەی ماناکەی زۆر فراوان بێ.

مەسەلەی هەشتەم: کە دەفەرمویٚ: ﴿بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُوا۟ يُخْفُونَ مِن قَبْلُ ۖ وَلَوْ رُدُّوا۟ لَعَادُوا۟ لِمَا نُهُوا۟ عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَـٰذِبُونَ﴾، (ڕاست ناکەن لەوەدا کە دەڵێن: ئەگەر ئێمە بگێڕدرێینەوە بۆ ژیانی دنیا، ئایەتەکانی خوا بە درۆ دانانێین، وە لەگەڵ

ئیمانداراندا دەبین) بەڵكو ئەوەی لە ڕابردوواو لەوەو پێش دەیانشاردەوەو پەنهانیان دەکرد، بۆیان ئاشکرا بووە.

لێرەدا توێژەرەوانی قورئان چەند مانایەکیان هێناون:

١ / هەندێك گوتوویانە: گوناهەکانیان پەنهان دەکرد، بەڵام لەوێ بۆیان ئاشکرا بوون، بۆیە ئاوا خەجاڵەتو شەرمەزار بوونو، دەستیان کردوە بە پاساو هێناوەو خۆزگە خواستن.

٢ / هەندێکیش گوتوویانە: واتە: ئەوەی پەنهانیان دەکرد، لە دووڕوویی (نفاق)، یاخود ئەوەی پەنهانیان دەکرد لە کوفر.

٣ / هەندێکی دیکەش گوتوویانە: واتە: ئەوەی پەنهانیان دەکرد، لەو سزایەی کە بۆیان دیاریی کراوە، دەیانزانی بەو شێوەیە سزا دەدرێن، بەڵام پەنهانیان کردوە لە خۆیان، وەك بڵێی فێڵیان لە خۆیان دەکرد.

٤ / بەڵام وا پێدەچێ ڕای ڕاستتر ئەوەبێ وەك (محمد الطاهر بن عاشور) لە تەفسیرەکەی خۆی: (التحرير والتنوير)دا دەڵێ: لێرەدا مەبەست لەوەی کە پەنهانیان کردوە، ئەو ئیمانو عەقیدەیە بووە کە لە دڵیاندا هەبووە، بەڵام ڕێیان پێنەداوە دەربکەوێ، لەبەر لێتێکنەچوونی ئەو بەرژەوەندییە ناشەرعییانەی کە هەیانبوون، واتە: ئەو ئیمانەی کە لە دنیادا ڕێیان نەدەدا دەربکەوێ، ئەو ئیمانە لە قیامەت دا دەردەکەوێ، چونکە لەوێ هیچ پاساوێك نەماوە بۆ ئیمان نەهێنان، وە لەڕاستییدا من ئەو مانایەم پێ زۆر بەهێزە. ئنجا بەسەرهاتێك هەیە لەوبارەوە، وەك لە دەرسی دواتر دەیگەینێ، ئەخنەسو ئەبو جەهل پێکگەیشتن، (ئەبو جەهل کونیەکەی أبو الحكم بووە) ئەخنەس ئەبو جەهلی جیاکردەوەو گوتی: ئەی ئەبو لحەکەم دەربارەی موحەممەد هەواڵم پێبدە! ئایا ڕاستگۆیە یان درۆزنە؟ چونکە لە قورەیش جگە لە خۆمو خۆت کەسی دیکەی لێ نیە قسەمان ببیستێ، ئەبو جەهل گوتی: بێ قەزابی، سوێند بە خوا موحەممەد ڕاستگۆیە، وە هەرگیز موحەممەد درۆی نەکردوە، بەڵام ئەگەر (بنو قُصَي)[1] {کە عەشیرەتی

١) قُصَي: باپیرە گەورەی (بنو هاشم)ی هۆزی پێغەمبەری خوایە ﷺ.

پێغەمبەرە ﷺ}، هەڵگرتنی ئاڵای جەنگو، پەردەکردن بۆ کەعبەو ئاو پێدانی حاجیان، عایدی وان بێ، ئنجا پێغەمبەرایەتییش هەر لەوان بێ، ئەدی هۆزی قورەیش چی بۆ دەمێنێتەوە؟ لەبەرئەوە بەدوای ناکەوین! ئەمە پشتگیریی ئەو تەفسیرەی دوایی دەکات کە ئێمە پەسندمان کرد.

پاشان کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ رُدُّوا لَعَادُوا لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ ﴾، وە ئەگەر بگێڕدرابانەوە (بۆ دنیا) دەگەڕانەوە سەر ئەوەی کە لێیان قەدەغە کرابوو، چییان لێ قەدەغە کرابوو؟! شیرك‌و کوفر.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە جاری وایە ئینسان حاڵەتێکی سۆزداریی بۆ دروست دەبێ، وەك کەسێکی گوناهبار دەکەوێتە ژێر کاریگەریی قسەیەك، دەڵێ: بڕیارم داوە دەگەڕێمەوە، دوو ڕۆژان چوار نوێژان دەکات، دوایی تێهەڵدەگەڕێتەوە، یان هەندێ کەس کە قومار دەکات، یان شەراب دەخواتەوە، یان جگەرە دەکێشێ، لەسەر گوناهێك بەردەوامە، تووشی حاڵەتێکی عاتیفیی دەبێ‌و دەڵێ: وازی لێ دێنم! ئنجا دوو سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێ‌و دوایی دەگەڕێتەوە سەر بەزمی پێشێ، وەك گوتراوە: (عَادَتْ حَلِيمَةُ إلى عَادَتِهَا القديمَة)، واتە: حەلیمە گەڕاوە سەر عادەتی پێشێی، ئەو حاڵەتانە هەن، بەشەر ئەگەر هەر بە سۆزداریی‌و دڵگەرمیی شت وەربگرێ، شتێکی خراپە، چونکە سۆز (عاطفة) وەك پووش وایە، پووش گڕو فڕە، زوو گڕ دەگرێ‌و زووش خامۆش دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر ئینسان بە عەقڵ‌و تێگەیشتنەوە شت وەربگرێ، وە بە قەناعەتێکی تەواو، هەتا ئەو قەناعەتەی لە دڵدا هەبێ، ئەوە لەسەر ئەو ڕێیەی کە گرتوویەتی، بەردەوام دەبێ.

مەسەلەی نۆیەم: خوا باسی بێبڕوایەکان دەکات، دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُوٓا۟ إِنْ هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَىٰ رَبِّهِمْ ۚ قَالَ أَلَيْسَ هَٰذَا بِٱلْحَقِّ ۚ قَالُوا۟ بَلَىٰ وَرَبِّنَا ۚ قَالَ فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴾، وە (بێبڕوایەکان) گوتیان: ژیان تەنیا ئەم ژیانە دنیاییەمانە، {هیچ ژیانی دیکەمان نیە}، دیارە

کافرو بتپەرستەکانی مەککە، هەموویان لەوانە نەبوون کە نکووڵیی بکەن لە هاتنی قیامەت، بەڵام ئەوانەی خوا لێرەدا باسیان دەکات، کۆمەڵێك بوون بڕوایان هەر بە قیامەت نەبووە، گوتوویانە: ژیان هەر ئەو ژیانەی دنیایە، وە ئێمە زیندوو ناکرێینەوە، ئنجا خوای کاربەجێ ڕاستەوخۆ لە دنیاوە دەیانگوازێتەوە بۆ قیامەتی، دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُواْ عَلَىٰ رَبِّهِمْۚ قَالَ أَلَيْسَ هَٰذَا بِٱلْحَقِّۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَرَبِّنَاۚ قَالَ فَذُوقُواْ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴾، وە ئەگەر بیانبینی کە دەوەستێنرێن لەسەر پەروەردگاریان، (واتە: لە بارەگای پەروەردگاریاندا دەوەستێنرین) خوا پێیان دەفەرموێ: ئا ئەمە هەق نیە {ئەو زیندووبوونەوەو، ئەو قیامەتو لێپرسینەوەو پاداشتو سزایە}؟ ﴿ قَالُواْ بَلَىٰ وَرَبِّنَاۚ قَالَ فَذُوقُواْ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴾، دەڵێن: با، بە پەروەردگارمان، ڕاستە {ئێمە بە هەڵەداچووبووین} فەرمووی: سزاو ئازار بچێژن، بەهۆی ئەوەوە کە بێبڕوا بوون، لێرەدا دیسان وەڵامی ئەگەر (لو) دیار نیە، واتە: ئەگەر بیانبینی، لە وەزعێکی زۆر سەغڵەتدا دەیانبینی، وە زۆر بە بەدبەختیی دەیانبینی، وە زۆر بە پەشێمانیی دەیانبینی، هەر وەڵامێك کە بگونجێ لەگەڵ مەقامەکەدا، زیهن بۆی دەچێ، بۆیە خوای کاربەجێو شارەزا یەك شتی دیاریی نەکردوە، بۆ وێنە: بفەرموێ: (وَلَوْ تَرَى إِذْ وُقِفُواْ عَلَى رَبِّهِمْ لَرَأَيْتَهُمْ نادِمِين)، بە پەشێمانیی دەیانبینی، کە ئەوکاتە هەر یەك مانای بوو، بەڵام ئێستا هەر مانایەك کە لەگەڵ مەقامەکەدا بگونجێ، زیهن بۆی دەچێ، وە ماناکەی زۆر فراوان دەبێ، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ إِذْ وُقِفُواْ عَلَىٰ رَبِّهِمْۚ ﴾، کە دەوەستێنرێن لەسەر پەروەردگاریان، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە پەروەردگاریان دەبینن، بەڵکو یانی: لەبەردەم دادگای پەروەردگاردا دەوەستێنرێن، وە مەرج نیە خوای پەروەردگار بۆخۆی ڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵدا بکات، بەڵکو لە ڕێی فریشتەکانەوە دەیاندوێنێ، بۆچی دەڵێین: مەرج نیە پەروەردگاریان ببینن، چونکە بە دەقی ئایەت کافرەکان لە ڕۆژی دوایی دا لە دیدارو بینیی پەروەردگاریان بێبەشن،

خـــوا ﷻ دەفـەرموێ: ﴿...إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ ﴿١٥﴾﴾ الـمطففــين، واتـە: ئەوان (کافرەکان) لـە ڕۆژی دوایـی دا پـەردەپۆش دەکـرێن لـە پەروەردگـاریان، خـوا نابیـنن، بینیـنی خـوای بـێ وێنـە گـەورەترین نیعمـەتی بەهەشـتەو، کافرەکان لێـی بێبەشــن، بــەڵام کــە دەفــەرموێ: لەســەر پــەروەردگاریان دەوەســتێنرێن، واتـــە: لەبــەردەم دادگــای پــەروەردگاردا، بــەڵام بــە پێــی ئایەتەکــەی دیکــە پەردەپــۆش دەکرێـنو نایبیـنـنو، لـەو نیعمـەتـە بێبـەش دەکـرێن.

مەسـەلـــەی دەیـــەم: کـــە دەفـەرمـــوێ: ﴿ قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِلِقَاءِ اللَّهِ حَتَّىٰ إِذَا جَاءَتْهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً قَالُوا يَا حَسْرَتَنَا عَلَىٰ مَا فَرَّطْنَا فِيهَا وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ عَلَىٰ ظُهُورِهِمْ ۚ أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ ﴾، بێگومـان ئەوانـەی کە دیداری خـوایان بـە درۆ زانـی، زیانبار بوون، هـەتا کاتێـك کە قیـامەت لـە نـەکاو هــات، گوتیـان: هـەی داخو خەفەت! لەسەر ئـەوەی کە بە زایـەمانـدا تێیـدا {لە دنیـادا، یـان لـە قیامەتـدا، یـان لە خواپەرستیی دا، هەمووی دەگرێتەوە} ﴿ وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ عَلَىٰ ظُهُورِهِمْ ۚ أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ ﴾، وە لــەو کاتــەدا قورســاییەکانی خۆیــان لەســەر پشــتیان هەڵدەگـرن، ئاگـاداربن! خراپـتـرین شـت ئـەوەیـە، کـە ئـەوان لەســەر پشـتـی خۆیـان هـەڵی دەگـرن.

لـەبەردەم ئـەم ئایـەتـەدا دوو هەڵوەســتە دەکـەیـن:

هەڵوەسـتەی یەکـەم: کـە دەفەرموێ: ﴿ قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِلِقَاءِ اللَّهِ حَتَّىٰ إِذَا جَاءَتْهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً ﴾، واتە: ئەوانەی بڕوایان بە دیداری خوا نەبووە، زیانبـار بوون، خەسارەتمەند بوون، وە زیانباریی‌و خەسارەتمەندییەکەیان بەردەوام بـووە، هەتـا کاتێك کـتوپـڕ کاتـی دنیـا تێکچوون هـات، ئەمـە چی لـێوەردەگیـرێ؟ واتە: ئینسـانی بێبــڕوا بەهـــۆی بێبـڕواییـــەوە، تووشـی زەرەرو زیـانو بەدبەختیــیو

چارەڕەشیی دێ، هەتا قیامەت، چونکە: ئینسانی بێبڕوا هەر لە دنیادا ژیانێکی پڕ دڵە ڕاوکەو نارەحەت دەباتە سەر، چاودێریی خوا بەسەر خۆیەوە نابینێ، چاوەڕێی زیندووبوونەوەو دیداری خوا ناکات، چاوەڕێ ناکات خوا پاداشتی بداتەوە، پێی وایە هەر کە مرد هەموو شتێك کۆتایی پێدێ، هەمیشە چاوەڕێی چاڵێکی ڕەش دەکات، کە بکەوێتە بنیو نەیەتەوە دەر! ژیانێکی ئاوا ژیانێکی ناخۆشە.

پاشان ئینسانی بێبڕوا بەهۆی بێ ئیمانییەکەیەوە، هەمیشە خەریکی گوناحو تاوانە، هەمیشە خەریکی تێرکردنی ئارەزووەکانیەتی، بێ گوێدانە عەقڵو شەرعو، بەرژەوەندیی خەڵكو، ڕەزامەندیی خواو، هەتا جەستەی خۆشی، وەك دەبینن چۆن مادده بێهۆشکەرەکان بەکاردێنن، جگەرە دەکێشن، سەرخۆش دەبن، بێهۆش دەبن، زیناو داوێنپیسیی دەکەن، کە ئەوە هەمووی دەبێتە دەردو نەخۆشیو ژەقنەبووت، یانی: هەر ژیانە دنیاییەکەشیان لێ تێکدەچێ، پێش قیامەت.

ئنجا ئەوە هەمووی لە ڕووی ژیانی تاکییەوە، وە لە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتییەوەش، ئەوانەی کە بێبڕوانو خۆیان لە خەڵکی دەکەنە پەروەردگارو پەرستراو، وە خۆیان بەسەر خەڵك دا فەرز دەکەن، ژیانی خۆیانو خەڵکیش دەکەنە دۆزەخ، کەواتە: لەڕاستییدا بێبڕواییو دوور لە خوایی، مایەی زیانباریی ئینسانە لە دنیادا، هەتا دەگەنە قیامەت، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَآءِ ٱللَّهِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغۡتَةٗ ﴾، ئەوانەی بڕوایان بە دیداری خوا نەبووە، زیانبار بوون، خەسارەتمەند بوون، وە زیانباریو خەسارەتمەندییەکەیان بەردەوام بووە، هەتا کاتێك کە کتوپڕ کاتی دیاریکراو هات، ئنجا چ قیامەتی گەورە بێ، چ قیامەتی گچکە، قیامەتی گەورە ئەوەیە کە دنیا تێکدەچێو خەڵك زیندوو دەکرێنەوە، کە لە فەرمایشی پێغەمبەردا هاتوە: ﴿لاَ تَقُومُ السَّاعَةُ إِلاَّ عَلَى شِرَارِ الْخَلْقِ﴾[1]، واتە: تێکچوونی ئەم دنیایە نایەت، مەگەر لەسەر خراپترینی خەڵك، وە لە

---

١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٩٤٩) عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنُ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ.

فەرمایشتێکی دیکەدا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿لاَ تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى لاَ يُقَالَ فِي الأَرْضِ: اللَّهُ اللَّهُ﴾[1]، واتە: تێکچوونی دنیا نایەت، هەتا ئەو کاتەی لەسەر زەوی ناگوترێ: (اللَّهُ اللَّهُ)، کەواتە: دنیا بەسەر خراپترین دروستکراوانی خوادا کاول دەبێ، کە کەسیان تێدا نامێنێ بڵێ: خوا (اللّه) کەس خوای لەبیر نامێنێ، وە لە فەرموودەیەك دا هاتوە: وەك چۆن گوێدرێژ سواری یەکدی دەبن، مرۆڤەکان ئاوا سواری یەکدی دەبن! دنیا بەسەر ئەواندا کاول دەبێ، جا چ ئەوانەی دەگەنە ئەو کاتە، بە نسبەت قیامەتی گەورەوە، چ قیامەتی بچووك مەبەست بێ، وەك گوتراوە: (مَنْ مَاتَ فَقَدْ قَامَتْ قِيَامَتُهُ)، واتە: ئەوەی مرد، قیامەتی[2] هاتوە، ئایا ئەوانەی ڕۆیشتوونو مردوون لە کافرەکان قیامەتیان نەهاتوە؟ با، هاتوە، چونکە هەر کەسێ مرد، لەخۆی حاڵی دەبێ، سزا، ئەگەر کافر بێ، یان پاداشت، ئەگەر ئیماندار بێ، پاداشتو سزا دەست پێدەکات، لە ژیانی بەرزەخدا، ژیانێك کە دەکەوێتە نێوان ئەم ژیانەی ئێمەو ژیانی دوایی، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ١٠٠﴾ المؤمنون، وە لە پشتیانەوە پەردەیەك هەیە، هەتا ڕۆژی قیامەتو زیندوو بوونەوە.

<u>هەڵوەستەی دووەم</u>: کە دەفەرموێ: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغۡتَةً﴾، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە دنیا تێکچوون لەنەکاو دێ، ئەوە لە سووڕەتی (الأعراف)دا هاتوە، کە دەفەرموێ: ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرۡسَىٰهَاۖ قُلۡ إِنَّمَا عِلۡمُهَا عِندَ رَبِّيۖ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقۡتِهَآ إِلَّا هُوَۚ ثَقُلَتۡ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ لَا تَأۡتِيكُمۡ إِلَّا

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٢٠٦٢)، وَعَبْدُ بْنُ حُمَيد برقم: (١٢٤٧). وَمُسْلِمٌ برقم: (٣٧٣)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٢٠٧)، وَإبْنُ حِبَّانَ برقم: (٦٨٤٩)، وَالبَزَّار برقم: (٦٩٨٠) وَالبَيْهَقِيُّ في "الشعب الإيمان" برقم: (٥٢٤).

٢) وشەی (ساعة) و (قیامة) لە یەك جیان. (ساعة) یانی: کاتی دیاریکراوی تێکچوونی دنیا، بەڵام (قیامة) یانی: کاتی هەڵسانەوەو زیندووکرانەوەی مردووانو دەست پێکرانی حەشرو حیساب.

بَغۡتَةً ﴿١٨٧﴾، واتە: (ئەی موحەممەد) پرسیارت لێدەکەن دەربارەی هاتنی کاتی دنیا تێکچوون، کەی دێو لەنگەر دەگرێ؟ بڵێ: زانیارییەکەی تەنیا لەلای پەروەردگارمە، تەنیا ئەو دەیزانێو دەریدەخات، هەواڵێکی زۆر قورسە لەسەر ئاسمانەکانو زەوی، لەنەکاونەبێ نایەت، کتوپڕ دێ.

هەروەها لەوبارەوە فەرمایشتی پێغەمبەریش ﷺ هەیە، دەفەرموێ: ﴿لا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا، فَإِذَا طَلَعَتْ وَرَآهَا النَّاسُ آمنوا أَجْمَعُونَ، فَذَلِكَ حِينَ لا يَنْفَعُ نَفسًا إِيمَانُهَا لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِنْ قَبْلُ، أَوْ كَسَبَتْ فِي إِيمَانِهَا خَيْرًا، وَلَتَقُومَنَّ السَّاعَةُ وَقَدْ نَشَرَ الرَّجُلانِ ثَوْبَهُمَا بَيْنَهُمَا، فَلا يَتَبَايَعَانِهِ، وَلا يَطْوِيَانِهِ، وَلَتَقُومَنَّ السَّاعَةُ وَقَدِ انْصَرَفَ الرَّجُلُ بِلَبَنِ لِقْحَتِهِ، فَلا يَطْعَمُهُ، وَلَتَقُومَنَّ السَّاعَةُ وَقَدْ رَفَعَ أُكْلَتَهُ إِلَى فِيهِ فَلا يَطْعَمُهَا﴾[1]، واتە: دنیا کۆتایی نایەت، تاکو خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵنەیەت، ئەگەر خۆر لە خۆرئاواوە هەڵهاتو خەڵکی بینییان، هەموویان ئیمان دێنن، بەڵام ئەوە ئەوکاتەیە کە ئیمان هێنانی هیچ کەسێك سوودی پێناگەیەنێ، کە پێشتر ئیمانی نەهێناوەو کاری چاکی نەکردوە، وە دنیا تێکچوون دێ، لە کاتێکدا کە دوو پیاو پۆشاك (یان قوماش)یێکیان بلاوکردۆتەوە کرینو فرۆشتنی پێدەکەن، نە کرینو فرۆشتنەکە تەواو دەبێو نە دەشیپێچنەوە، وە دنیا تێکچوون دێ، لە کاتێکدا کەسێك شیری حوشترەکەی دۆشیوە، پێش ئەوەی فریای ئەوە بکەوێ بیخواتەوە، وە دنیا تێکچوون دێ، لەکاتێکدا کەسێك حەوزەکەی خۆی سواغ کردوە، پێش ئەوەی ئاژەڵەکەی تێدا ئاو بدات، وە دنیا تێکچوون دێ لەکاتێکدا کە پیاوێك پاروەکەی بەرز کردۆتەوە، پێش ئەوەی بیخاتە نێو زاری.

ئنجا کە دەڵێن: ﴿يَحَسۡرَتَنَا﴾، یانی: هەی داخو خەفەت! وەرە بۆ لای ئێمە، ئێستا وەختیەتی، ئێستا کاتی ئەوەیە خەمو خەفەت بخۆین، چونکە جگە لە خەمو خەفەت، هیچ شتێکی دیکەمان بۆ نەماوەتەوە.

---

١) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٤٦٣٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٥٧).

وە کە دەڵـێن: ﴿ عَلَىٰ مَا فَرَّطْنَا فِيهَا ﴾، یانی: (علـی مـا ضَـيّعْنَا) لەسـەر ئـەوەی بەزایـەمانـدا، ئنجا ئایا (فیها) ڕاناوەکەی بۆچـی دەچێتـەوە؟ چوار ئەگەری هـەن:

١ / یـان بۆ قیـامەت دەچێتـەوە، واتە: ئێمـە تەمـەنی خۆمـان بـە زایـەداو، بـۆ ئـەو ڕۆژە کە قیـامەتـە، کارمـان نەکـرد.

٢ / یاخـود ئێمـە تەمـەنی خۆمـان بـە زایـەدا کـە کەمتەرخەمییمـان کـرد لـە خـواپەرسـتییدا.

٣ / یاخـود کەمتەرخەمییـمان کـرد، لـە پابەنـدبوون بـەو بەڵێنـەدا، کـە خـوا لێـی وەرگرتبوویـن، کە بەندەی خـوابیـن.

٤ / یاخـود کەمتـەرخەمییمان کـرد، لـە بەدەسـتهێنـانی بەهەشـتدا.

وە کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ عَلَىٰ ظُهُورِهِمْ ۚ أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ ﴾، لێـرەدا خـوا ﷻ گوناهەکـانی چـوواندوە بـە کۆڵێـكو بـارێکی قـورس، کە لەسـەر پشتی خۆیان هەڵیـانـگرتـوە، وە لەڕاسـتییدا گونـاح، بـار قورسییو بارگرانییـە، بـۆ دنیــاو بۆ قیــامەت.

مەسـەلـەی یـازدەیـەمو کۆتـایی: کـە دەفـەرمـوێ: ﴿ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا لَعِبٌ وَلَهْوٌ ۖ وَلَلدَّارُ الْآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴾، وە ژیـانی دنیـا تـەنیا یـاریی‌و کـات بەسـەربردنــە، وە بـە دڵنیــایی مەنـزڵگـای دواڕۆژ بـۆ کەسـانێك کـە پارێـز دەکـەن باشتـرە، ئایا نافـامن ؟

لەبارەی چەمكو واتـای (لعب) و (لهو)ەوە، زانایان چەند ڕایەکیان هەن:

١) هەندێـك گوتوویـانە: (لَعِـب) ئەوەیە کە بە ئامێر بـێ‌و، (لَهْـو) ئەوەیـە کـە بـەبێ ئامێـر بـێ‌و، بە ئامێریشـەوە دەکرێ.

٢) هەندێکیشــیان گوتوویانــە: (لَعِـب) پەیوەنــدیی بــە جەســتەوە هەیــەو، (لَهْـو) پەیوەندیی بە دڵەوە هەیە.

٣) هەندێکی دیکە گوتوویانە: (لَعِب) بۆ قۆناغی سەرەتای تەمەنە، تەمەنی منداڵیی‌و هەرزەکاریی، بەڵام (لَهُو) بۆ قۆناغی دواتری تەمەنە، کاتی گەنجیەتیی‌و دوایی کامڵ بوون‌و چوونە تەمەنەوە.

ئنجا خوای پەروەردگار کە دەفەرموێ: ژیانی دنیا تەنیا یاریی‌و گەمەو کات بەسەر بردنە، ئەوەش سێ واتای هەن:

١- واتە: ژیانە ماددییەکەی دنیا، یانی لە ڕووی ماددییەوە ژیانی دنیا، وەك خافڵان‌و یاریی منداڵان وایە.

٢- یاخود ژیانی دنیا لەچاو بەهەشت، وەك یاریی‌و گەمەی منداڵان وایە.

٣- یاخود ژیانی دنیای کافران، وەك گەمەو یاریی منداڵان وایە، ئەگەرنا ژیان هەمووی گەمەو یاریی نیە، ژیانی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)، ژیانی ئیمانداران، کە تێیدا خوا لە خۆیان ڕازی دەکەن‌و شەریعەتی خوا ﷻ پیادە دەکەن، ئەو ژیانە گەمەو یاریی نیە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی چوارەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە حەوت (٧) ئایەت پێکدێ، ئایەتەکانی (٣٣ تا ٣٩) تەوەری سەرەکیی ئەم حەوت ئایەتە، دڵدانەوەی خوای بە بەزەییە بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ، وە بەرچاوڕوونکردنەوەی، لەو ڕووەوە: کە بێبڕوایە ستەمکارەکان ئەو بە درۆزن نازانن، بەڵکو هەر نایانەوێ ئیمان بە ئایەتەکانی خوا بێنن، وە بۆی ڕوون دەکاتەوە، کە پێغەمبەرانی پێشووش (علیهم الصلاة والسلام) هەر ئاوا بە درۆ دانراونو ئازار دراون، بەڵام خۆڕاگربوون، هەتا خوا سەری خستوون، پاشان خوای کاربەجێ دەیخاتەڕوو، کە هێنانی بەڵگەو موعجیزەی ناچارکەر، ئەرکی پێغەمبەر ﷺ نیە، وە کافرەکانیش هەر بیانوو دەگرن، ئەگەرنا ئەوەی بیەوێ دەنگی زوڵاڵی هەق ببیستێ، ئەو موعجیزەیەی کە پێغەمبەری خاتەم هێناویەتی، کە قورئانە، بەسە بۆ هیدایەت، بەڵام ئەوەی کە مردووبێ، دوایی خوا زیندووی دەکاتەوەو لێی دەپرسێتەوە، واتە: ئەوەی کە بە مردنی مەعنەویی مردبێو، عەقڵو دڵو هەستەوەرەکانی خۆی لە کارخستبن.

پاشان خوا باسی بیانوو گرتنی کافرەکان دەکات کە داوای بەڵگەو نیشانەیەکی تایبەتیان دەکرد، وە خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: پێیان بڵێ: خوا لەسەر ئەوە بە توانایە، بەڵام ئەوان زۆربەیان نازانن کە هێنانی ئەو جۆرە بەڵگەو موعجیزەیە، لەگەڵ ئۆممەتی پێغەمبەر ﷺ دا ناگونجێ، چونکە ئۆممەتەکانی پێشوو، هەر کەس ئیمانی نەهێنابێ بەو موعجیزەیەی کە پێغەمبەرەکەیان بۆی هێناون، لەبەین چوون.

دوایی سەرەنجیان ڕادەکێشێ بۆ دیاردەی ئۆممەت بوونی ئاژەڵو زیندەوەرو پەلەوەران.

وە لە کۆتاییدا خوا ڕایدەگەیەنێ: کە بێبڕوایان بە ئایەتەکانی خوا، کەڕو لاڵن‌و لە تاریکایی دان.

پاشان ویستی ڕەهای خوا دەخاتەڕوو، لە بواری گومڕاکردن‌و ڕاستەڕێ کردنی مرۆڤەکاندا.

﴿ قَدۡ نَعۡلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحۡزُنُكَ ٱلَّذِي يَقُولُونَۖ فَإِنَّهُمۡ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ
ٱللَّهِ يَجۡحَدُونَ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدۡ كُذِّبَتۡ رُسُلٞ مِّن قَبۡلِكَ فَصَبَرُواْ عَلَىٰ مَا كُذِّبُواْ وَأُوذُواْ حَتَّىٰٓ
أَتَىٰهُمۡ نَصۡرُنَاۚ وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ وَلَقَدۡ جَآءَكَ مِن نَّبَإِيْ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿٣٤﴾ وَإِن كَانَ كَبُرَ
عَلَيۡكَ إِعۡرَاضُهُمۡ فَإِنِ ٱسۡتَطَعۡتَ أَن تَبۡتَغِيَ نَفَقٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَوۡ سُلَّمٗا فِي ٱلسَّمَآءِ فَتَأۡتِيَهُم
بِـَٔايَةٖۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمۡ عَلَى ٱلۡهُدَىٰۚ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴿٣٥﴾ إِنَّمَا يَسۡتَجِيبُ
ٱلَّذِينَ يَسۡمَعُونَۘ وَٱلۡمَوۡتَىٰ يَبۡعَثُهُمُ ٱللَّهُ ثُمَّ إِلَيۡهِ يُرۡجَعُونَ ﴿٣٦﴾ وَقَالُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ عَلَيۡهِ ءَايَةٞ
مِّن رَّبِّهِۦۚ قُلۡ إِنَّ ٱللَّهَ قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يُنَزِّلَ ءَايَةٗ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٣٧﴾ وَمَا مِن
دَآبَّةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٖ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن
شَيۡءٖۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ ﴿٣٨﴾ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا صُمّٞ وَبُكۡمٞ فِي ٱلظُّلُمَٰتِۗ
مَن يَشَإِ ٱللَّهُ يُضۡلِلۡهُ وَمَن يَشَأۡ يَجۡعَلۡهُ عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٣٩﴾ ﴾

مانای وشــه بە وشـەی ئـایەتەکـان

((بـە دڵنیـاییەوە دەزانـین "ئـەی موحەممـەد" ئـەوەی کافرەکـان دەیڵێن، دڵتەنگـت دەکـات، ئنجا بێگومـان ئـەوان تـۆ بـە درۆ نـازانن، بەڵـکو سـتەمکارەکان نکـووڵیی لـە ئایەتـەکانی خـوا دەکـەن، (هەرچـەندە بـە ڕاسـتیان دەزانـن، بـەڵام دانیـان پێدانـاهێنن) ﴿٣٣﴾ وە بێگومان لە پێش تۆشدا پێغـەمبەرانێك بـە درۆ زانـراون، بـەڵام لەسـەر بـە درۆ دانـرانو ئازاردانیـان خـۆڕاگر بـوون، هـەتا یارمـەتیمانیان بـۆ هـات، وە یاساو بڕیارەکانی خـوا گۆڕانیـان بەسەردا نایـەت، وە لە هەواڵی پێغـەمبەرانت بۆ هاتوە، (کـە چۆن بـوونو چییـان بەسـەرهـاتوە؟) ﴿٣٤﴾ ئنجـا ئـەگەر پشـت هەڵکردنیـانت لەسـەر دڵ گـەورەو گـران بـوو، ئەگـەر توانیـت تونێـڵێك لـە زەویـدا، یـان پەیژەیـەك لـە ئاسـماندا پەیدابکـەیو، نیشانەو بەڵگەیەکیان بۆ بێنـی (بیکـە)، وە ئەگـەر خـوا ویسـتبای تۆبزییـان لێبکـات، لەسـەر ڕێـی ڕاسـت کـۆی دەکردنـەوە، دەجـا لـە نـەفامان مەبـە ! ﴿٣٥﴾ بێگومـان تـەنیا ئەوانەی (بە گوێی عـەقڵو دڵ) دەبیسـتن، بـە دەنگـەوە دێن (و وەڵامـی بانگـەوازی خـوا دەدەنـەوە)، بەڵام مردووەکان خـوا بـۆ لای خـۆی زینـدوویان دەکاتـەوە، پاشـان بـۆ لای وی دەگێڕدرێنـــەوە ﴿٣٦﴾ وە کافرەکـان گوتیــان: خۆزگــە لــە پەروەردگاریـــەوە نیشــانەو بەڵـگەیەکی (ناچـارکەری) بـۆ دابەزێنرابایـە، بڵـێ: بێگومـان خـوا دەتوانـێ نیشـانەو بەڵـگەیەك دابەزێنـێ، بەڵام زۆربەیان نازانن (کە ئەوە بـە زیانیـان تـەواو دەبـێ) ﴿٣٧﴾ وە هـیچ زینـدەوەرێك لـە زەویـدا نیـیـەو، هـیچ باڵـندەیەك لـە ئاسـمان بـە دوو باڵەکـانی نافـڕێ، مەگـەر کۆمەڵێکـن وەك ئێوەومانـان، لـە کـتێب دا هـیچ شـتێکمان نەبـواردوە (کـە باسـمان نەکردبـێ، یـان تۆمارمـان نەکردبـێ) پاشـان بـەرەو لای پـەروەردگاریان کۆدەکرێنـەوە ﴿٣٨﴾ ئەوانەی بە ئایەتەکانمان بێبـڕوان، کەڕو لاڵن لە تاریکـاییەکاندان، خـوا هـەر کەسێکی بـوێ، گومڕای دەکـات، وە هـەر کەسێکیشـی بـوێ، دەیخـاتە سـەر ڕاسـتە ڕێ ﴿٣٩﴾)).

شیكردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(يَجۡحَدُونَ): (الجَحْدُ: نَفيُ مَا فِي القَلْبِ إِثْبَاتُهُ، وَإِثْبَاتُ مَا فِي القَلْبِ نَفيُهُ)، (جَحْد) لە زمانی عەرەبیدا ئەوەیە كە شتێكت لە دڵدابێ‌و، بە زمان نكووڵیی لێبكەی، یان شتێكت لە دڵدا نەبێ‌و، بە زمان بیڵێی، واتە: پێچەوانەی دەروونی خۆت قسە بكەی، وەك خوای پەروەردگار دەربارەی گەلی فیرعەون دەفەرموێ: ﴿وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسۡتَيۡقَنَتۡهَآ أَنفُسُهُمۡ ظُلۡمٗا وَعُلُوّٗا...﴿١٤﴾﴾ النمل، واتە: نكووڵییان (لە مووسا ﷺ و لە موعجیزەكانی) كردو دانیان پێدانەدەهێنان، بەڵام لە دڵیاندا دڵنیابوون (كە نیشانەو بەڵگەی خوای پەروەردگارن‌و مووساش پێغەمبەری خوایە) بەهۆی ستەم‌و خۆبەرزكردنەوەوە.

(وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِ): (كَلِمَات) كۆی (كَلِمَة)، (كَلِمَة) واتە: وشە، بەڵام لێرەدا (كَلِمَةُ اللّٰه) واتە: (حُكْم اللّٰه، إِرَادَةُ اللّٰه، سُنَّةُ اللّٰه)، یانی: بڕیاری خوا، ویستی خوا، یاسای خوا، كەواتە: (وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِ) واتە: بڕیارەكانی خوا، ویستەكانی خوا، یاساكانی خوا، گۆڕانیان بۆ نیە.

(نَفَقٗا): (النَّفَقُ: الطَّرِيقُ النَّافِذُ وَالسَّرَبُ فِي الأَرْضِ النَّافِذُ فِيهِ، وَمِنْهُ نَافِقَاء اليَربُوع)، (نَفَق) بریتیە لە ڕێیەك كە دوو سەری هەبن، بۆ لێ دەرچوون، وە لەوەوە بە كونی جرج گوتراوە: (نافقاء)، چونكە جرج كە لە زەوی دا كونێك لێبدات حەتمەن دوو سەری هەن، بۆیە بە مونافیق گوتراوە: مونافیق، چونكە وەك جرج دوو ڕووی هەن، دوو لای هەن.

(سُلَّمٗا): (السُّلَّمُ: مَا يُتَوَصَّلُ بِهِ إِلَى الأَمْكِنَةِ العَالِيَةِ فَيُرْجَى بِهِ السَّلَامَة، الدَّرَج)، (سُلم) یانی: پەیژە، بۆچی بە پەیژە گوتراوە: (سُلَّم)؟ چونكە بەهۆی پەیژەوە دەگەیە شوێنە بەرزەكان، وە سەلامەتیش دەبی، بۆیە گوتراوە: (سُلَّم)، واتە:

ئـەو شـــتەی کـە بـە ســـەلامەتیی پێـی بـەرز دەبیـــەوە، لـە شـوێنێکی نزمـەوە بـۆ شوێنێکی بــەرز.

(دَآبَّةٍ): (الـدَّبُّ وَالـدَّبِيبُ: مَشِيٌ خَفِيـفٌ وَيُسْتَعْمَلُ ذَلِـكَ فِي الحَيْوَانِ وَفِـي الحَشَـرَاتِ أَكْثَر) وشـەی (دب)و (دبیب)، بـە ڕۆیشـتنی هێـواش دەگـوترێ، وە بـۆ هـەر ئـاژەڵو پەلـەوەرو ژیـانداریێك بەکـاردێ، بـەڵام زیاتر بۆ زینـدەوەران.

(مَّافَرَّطْنَا): دوو وشـــەی دژ بـــە یەکدیـــمان هـــەن: (أَفْـرطَ و فَـرَّط)، (أَفْـرَطَ) واتــە: تێیپـــەڕاند، (فَـرَّط) واتـە: بەزایـــەی دا، کەواتـــە: (إِفْرَاط) تێپەڕاندنـــە، (تَفْرِيط) بەزایەدانو کورتـهێنانە، (ما فَرَّطـنا) یـانی بەزایەمان نـەداوە، نەمـانبواردە.

(أُمَمٌ): (الأُمَّة: كُلّ جَمَاعَة يَجْمَعُهُم أَمْرٌ مَا إمَّا دِيـنٌ وَاحِـد، أَو زَمَـان وَاحِـد، أَو مَكَان وَاحِـد سَوَاءً كَـانَ ذَلِـكَ الأَمْـر الجَـامِع تَسْخِيراً أَو إِخْتِيـاراً وَجَمْعُهَا: أُمَمْ) واتـە: (أُمَّة) هـەر کۆمەڵـە خەڵـکێکە کـە کارێـك کۆیـان بکاتـەوە، یـان یـەك دیـن کۆیـان بکاتەوە، یاخـود لـە کاتێکـدا، یان لـە شـوێنیکدا کۆببنـــەوە بـۆ مەبەســتێك، یـــان (أُمَّة) هەر کۆمەڵە شتێکن (کۆمـەڵە کەسـێك، کۆمەڵە سـاڵێك، کۆمەڵە ئاژەڵـێك) وەك خـــوا دەفـەرموێ: ﴿ وَادَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ أَنَا أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِۦ فَأَرْسِلُونِ ﴿٤٥﴾ ﴾ یوسـف، واتـە: دوای کـۆمەڵە سـاڵێك بـرادەرە سـجنەکەی یوسـف، یوســفی کەوتـەوە بیـر، بۆیـە (أُمَّة) هـەر کۆمەڵـە شـتێکە کـە شـتێك کۆیـان بکـاتەوە، جـا ئـاییـنێـك بـێ، یـــان ڕۆژگـــارێك بـــێ، یـــان شـوێنێـــك بـــێ، ئنجـــا ئـــەو شـــتە کۆکـــەرەوەیە، (تسـخیري) بێ، یان (إختیـاری) واتـــە: لـە ویسـتی مـرۆڤ بـەدەر بـێ، یـان لەژێـر ڕکێفی ئیـرادەی دابـێ.

(ٱلْكِتَٰبِ): واتە: پـەڕاو، نووسـراو، بـەڵام لێـرەدا بـە مانـای قورئـان دێ، یـان بـە مانـای (لـوح الـمحفوظ) دێ، ئـەو شـــتەی کـە خـوای زانـــا زانیـاری خـۆی تێـدا تۆمـار کـردوە، وەك زانـــایان دەڵـێن.

(صُمٌّ): کۆی (أَصَمّ)ە. (أصَم)یش واتە: کەڕ، (صُمٌّ): کەڕەکان، (صَمَم) بریتییە لە لەدەستدانی هەستی بیستن، وە هەر کەسێك کە گوێ بۆ هەق نەگرێ، یاخود وەری نەگرێو قبووڵی نەکات، ئەوە بە (کەڕ) وەسف دەکرێ.

(بُکْمٌ): کۆی (أبْکَمَ)، یان کۆی (بَکْم)، واتە: لاڵ، (بُکْمٌ): لاڵەکان، (أبْکَم) کەسێکە کە لەدایك دەبێ، قسان ناکاتو (لاڵ)ە، یاخود کەسێکە کە هەق ناڵێ، وە ئەوەی هەقیش نەڵێ لەسەر زمانی قەرزار بۆتەوە، وەك چۆن ئەوەی هەق نەبیستێ، لەسەر گوێی قەرزار دەبێتەوە، وە ئەوەی لە هەق تێنەگات لەسەر عەقڵی قەرزار بۆتەوەو، بوونو نەبوونی ئەو ئەندامانەی وەك یەك وایە، مادام هەقیان پێ نەبیستێو نەبینێو قبوول نەکاتو فەهم نەکات.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

١) هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە موبارەکەی کە خوا تێیدا دەفەرموێ: ﴿ قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحْزُنُكَ ٱلَّذِى يَقُولُونَ ۖ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَـٰكِنَّ ٱلظَّـٰلِمِينَ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾ لەوبارەوە ئەم بەسەرهاتە هەیە: ﴿عَنْ عَلِيّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ أَنَّ أَبَا جَهْلٍ قَالَ لِلنَّبِيِّ: إِنَّا لا نُكَذِّبُكَ، وَلَكِنْ نُكَذِّبُ بِمَا جِئْتَ بِهِ، فَأَنْزَلَ اللهُ تَعَالَى: ﴿ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَـٰكِنَّ ٱلظَّـٰلِمِينَ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾﴾[1]، واتە: عەلی خوا لێی ڕازی بێ دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئەبو جەهل بە پێغەمبەری ﷺ گوت: ئێمە تۆ بە درۆ دانانێین، بەڵکو ئەوەی هێناوتە بە درۆی دادەنێین!

ئەبو جەهل بۆخۆی زانیویەتی کوێی دێشێ، زانیویەتی موحەممەد ﷺ ڕاست دەڵێو ئەوەی هێناویشیەتی ڕاستە، بەڵام بۆچی دەڵێ: بەڕاستی دانانێین؟ چونکە ئەگەر بەڕاستی دابنێ، ئەو بەزمو بازاڕەی کە بۆخۆیان دروستیان کردوە، لێیان تێکدەچێ.

١) أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ برقم: (٣٠٦٤)، والحاكم برقم: (٣٢٣٠) وصحَّحهُ.

مانای گشتی ئایەتەكان

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا : سووڕگەی سەرەكی ئەم حەوت ئایەتە موبارەكە بریتییە لە دڵدانەوەی پێغەمبەر ﷺ، هەروەك زۆرجار گوتوومانە: ئەم سوورەتە هەمووی باسی یەكتایی خوایە، باسی تەنیا خواپەرستییە، باسی خوا بە یەكگرتنە، باسی ئەوەیە كە دەبێ تەنیا خوا بەندایەتیی بۆ بكرێو تەنیا خوا بپەرسترێ، بە مانای فراوانی پەرستن.

ئنجا زۆرجاری دیكەش گوتوومانە: پەرستنی خوای بێهاوتا ئەوەیەكە: ئەوپەڕی ملكەچییی، لەگەڵ ئەوپەڕی خۆشویستن، لەگەڵ ئەوپەڕی بە گەورە گرتن، لەگەڵ ئەوپەڕی لێترسان، لەگەڵ ئەوپەڕی پشت پێبەستن، لەگەڵ ئەوپەڕی شەرمو سامو ڕێز نواندن، تەنیا بۆ خوا بێ، ڕاستە شتی دیكەت خۆشدەوێ، بەڵام هیچ كەسو هیچ شتێكت بەقەد خوا خۆشنەوێو، ئەو ترسەی بەرانبەر بە خوا هەتە، بەرانبەر هیچ كەس نەتبێ، جاری وایە پشت بە هەندێ شت دەبەستی، بەڵام ئەوپەڕی پشت پێ بەستنت، بە خوا بێ.

كەواتە: دەبێ خوا لە ژیانی تۆدا، لە عەقڵو دڵی تۆدا: لە هەموو شتێكو لە هەموو كەسێك بەرزترو بەڕێزترو، شیرینترو، خۆشەویستترو، شەرم لێكراوترو، سام لێكراوترو مل بۆكەچكراوتر بێ، ئەوجار مانای وایە كە خوات پەرستوە.

جا خوای پەروەردگار بە پێغەمبەری خاتەم دەفەرموێ: ﴿ قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحْزُنُكَ ٱلَّذِى يَقُولُونَ ﴾، ئەی موحەممەد! دەزانین ئەوەی ئەوان دەیڵێن: تۆ دڵتەنگو ناڕەحەت دەكات، بەشەر بەشەرە دڵی خوێنو گۆشتە، بە قسەیەكی خۆش دڵی خۆش دەبێ، بە قسەیەكی ناخۆش دڵی ناخۆش دەبێ، با ئەو كەسە پێغەمبەریش بێ، ﴿ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴾، بەڵام دڵنیابە كە ئەوان تۆ بە درۆ دانانێن، دەزانن تۆ ڕاستگۆی، بەڵام ستەمكاران ــ ئەو هاوبەش بۆ

خوادانەرانەن کە نکووڵیی لە ئایەتەکانی خوا دەکەن ـ دەزانن ڕاستە لە دڵیاندا، بەڵام دانی پێداناهێنن، پێی لێ نانێن، ئەوە (جَحْد)ە.

خوای بە بەزەیی بەم شێوەیە دڵی پێغەمبەری خۆشەویستی داوەتەوە، کە ئەو کافرانەی پێت دەڵێن: موحەممەد جادووگەرەو، پێت دەڵێن: فاڵچیی‌و کاهینەو، پێت دەڵێن: شاعیرەو، قورئانی بۆخۆی هەڵبەستوە، ڕاست ناکەن لەگەڵ خۆیاندا، قەناعەتیان وانیە، دەزانن تۆ ڕاستگۆی.

ئنجا بۆ زانیارییتان ! ئەگەر مرۆڤ ڕاستگۆ بوو، لە هەموو شتێك لەلای قورستر ئەوەیە ڕاستگۆییەکەی بخرێتە ژێر پرسیارەوەو بە درۆ دابنرێ، ئەوەی زۆر لەسەر دڵ قورسە، وەك چۆن ئینسان ئەگەر پاك‌و عەفیف بوو، لە هەموو شتێك ناخۆشتر ئەوەیە کە پێچەوانەی عیففەت‌و پاکیی بدرێتە پاڵ، وە ئینسان ئەگەر ئازا بوو، زۆر ناخۆشە ترسنۆکیی بدرێتە پاڵ، وە ئینسان ئەگەر بەخشندە بوو، زۆر ناخۆشە چرووکیی بدرێتە پاڵ، بەڵام کەسێك کە بۆخۆی ترسنۆك بێ، یان چرووك بێ، یان دەستپاك نەبێ، یان درۆزن بێ زۆر لە دڵی قورس نایەت، ئەگەر بڵێن: ترسنۆکی، یان چرووکی، یان دزی، یان درۆزنی، چونکە سیفەتێکیان گوتوە، کە هەست دەکات تێیدا هەیە، بەڵام ئینسان سیفەتێکی بدرێتە پاڵ، کە پێچەوانەکەی هەبێ، زۆر پێی ناخۆشە، ئنجا دیارە پێغەمبەر ﷺ زۆر لەسەر دڵی ناخۆش بووەو زۆر نارەحەت بووە، بۆیە خوای پەروەردگار ئاوا دڵی دەداتەوە.

دوایی بە بارێکی دیکەدا دڵی دەداتەوە، دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ ﴾، وە بێگومان لەپێش تۆشدا پێغەمبەرانێکی زۆر بە درۆدانران، هەندێك لە تەفسیرە کوردییەکان نووسیویانە: بە درۆخرانەوە! کە ئەمە هەڵەیە، چونکە بە درۆ خستنەوە، ئەوەیە کە درۆزن بێ‌و درۆیەکەی بشارێتەوە، دوایی درۆیەکەی لێ ئاشکرا بێ، لە زمانی کوردییدا (تکذیب) یانی: بە درۆدانان، ئەوەیە کە کەسێك ڕاستگۆبێ‌و بە درۆ دابنرێ، بەڵام بە درۆخستنەوە، ئەوەیە کە درۆی کردبێ‌و درۆیەکەی لێ ئاشکرابێ، ئەو هەڵەیە لە هەندێك لە تەفسیرەکاندا هەیە، بۆیە باسم کرد، ﴿ فَصَبَرُواْ عَلَىٰ مَا كُذِّبُواْ وَأُوذُواْ ﴾، بەڵام ئەوان خۆڕاگر بوون لەسەر ئەوەی کە بە درۆ دانران‌و، لەسەر ئەوەی کە ئازاردران، نەك هەر بە درۆدانران،

بەڵکو ئازاریش دران، جنێویان پێدرا، نارەحەت کران، دەرکران، بەڵام خۆڕاگربوون و پاشەکشەیان نەکرد، ﴿حَتَّىٰٓ أَتَىٰهُمْ نَصْرُنَا﴾، هەتا سەرەنجام یارمەتی ئێمەیان بۆ هات، ئنجا ئایا یارمەتی خوا چۆن هاتوە؟ یانی: سەرکەوتن و خەڵکەکە دوایی گەیشتنە قەناعەت، یاخود خوا بەڵایەکی ناردو، خەڵکەکە لە بەین چوون و، ئەو پێغەمبەرانە لەگەڵ ئەو خەڵکەی ئیمانیان پێ هێنابوون، دەرباز بوون، بۆ وێنە: گەلی پێغەمبەر نووح، تۆفان هات کافرەکان فەوتان و خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، بە سواری کەشتی دەرباز بوون، هەروەها هوود، خۆی و ئەوانەی ئیمانیان پێ هێنابوو دەرباز بوون و، گەلی عاد لەنێو چوون، وە پێغەمبەر صالح، خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون و ئیمانیان پێهێنا بوو، دەرباز بوون و گەلی سەموود لەنێو چوون، وە پێغەمبەر شوعەیب، خۆی و ئەوانەی ئیمانیان پێهێنابوو، دەرباز بوون، کە بۆ گەلی مەدیەن و ئەصحابولئەیکە نێردرا بوو، چونکە قورئان باسی هەردووکیان دەکات، وە هەردووکیان لەبەین چوون، وە پێغەمبەر لووط، خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون و، ئیمانیان پێهێنا بوو، دەرباز بوون.

ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِ﴾، واتە: ویستی خواو، بڕیاری خواو، یاسای خواو، ڕستەکانی خوا، کە دیانێرێ گۆڕانیان بەسەردا نایەت و، کەس ناتوانێ بیانگۆڕێ، لە زمانی عەرەبیی دا ئەم (لا)یە لێرەدا بۆ (نفـي الجنس)ە، یانی هیچ لادەرێك نیەو هیچ گۆڕەرێك نیە بۆ بڕیارەکانی خوا، بۆ وشەکانی خوا، بۆ ویستەکانی خوا، ﴿وَلَقَدْ جَآءَكَ مِن نَّبَإِى۟ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾، وە بێگومان هەواڵی گرنگی ڕەوانەکراوان بۆ تۆ هاتوە، بەسەرهاتی پێغەمبەرانت بۆ گێڕدراوەتەوە، چونکە ئەم سوورەتی ئەنعامە، واپێدەچی لە ساڵی: دەیەم، یان یازدەیەمی پێغەمبەرایەتیی دا هاتبێتە خوار، یانی لەپێش ئەم سوورەتەدا، زۆر سوورەتی دیکە هاتوونە خوار، بۆیە دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ جَآءَكَ مِن نَّبَإِى۟ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾، وە بێگومان لە هەواڵی پێغەمبەرانت بۆ هاتوە، (نبأ) واتە: هەواڵێکی گرنگ.

پاشان خوای پەروەردگار بە شێوەیەك پێغەمبەری خۆی دەدوێنێ، كە ڕەنگە ئێرە تاكە شوێنێك بێ لە هەموو قورئان دا، بەو شێوەیە پێغەمبەری خوا دوێنرابێ، دەفەرموێ: ﴿ وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْرَاضُهُمْ فَإِنِ ٱسْتَطَعْتَ أَن تَبْتَغِيَ نَفَقًا فِي ٱلْأَرْضِ أَوْ سُلَّمًا فِي ٱلسَّمَآءِ فَتَأْتِيَهُم بِـَٔايَةٍ ﴾، وە ئەگەر پشت هەڵكردنو لاملیو پشت تێكردنی ئەوانت لەسەر دڵ، گەورەو گران بوو، ئەگەر توانیت تونێلێك، كونێك لە بن زەوی بدۆزیەوە، یاخود پەیژەیەك بەرەو ئاسمان، (واتە: موعجیزەیەكیان لە زەوی بۆ دەربێنی، یان لە ئاسمان بۆیان دابەزێنی، ئەوەیان بۆ بكە؟!) دیارە وەڵامەكەی قرتێنراو (مَحْذُوف)ە، بەڵام سیاق دەلالەتی لەسەر دەكات، واتە: ئەگەر توانیت، وابكە، بەڵام ناتوانی وابكەی، ﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى ٱلْهُدَىٰ ﴾، وە ئەگەر خوا ویستبای، لەسەر ڕێنمایی و لەسەر ڕێی ڕاست كۆی دەكردنەوە، بەڵام دیارە خوا نەیویستوە، ئنجا یەكێك لێرەدا بۆی هەیە بڵێ: باشە خوا بۆچی نەیویستوە، كۆیان بكاتەوە لەسەر هیدایەت؟ ئەدی پێغەمبەری بۆ ئەوە نەناردوە هیدایەتیان بدات؟ ئەدی كتێبی بۆ ئەوە دانەبەزاندوە، ببێتە مایەی هیدایەت دانیان؟ دەبا كۆی كردبانەوە!!

لێرە نابێ لێتان تێكبچێ: كە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى ٱلْهُدَىٰ ﴾، واتە: خوای باڵادەست وەك ویستی تەشریعیی، ویستوویەتی لەسەر هیدایەت كۆببنەوە، وەك دیارە كە پێغەمبەری بۆ ناردوونو، كتێبو پەیامی بۆ ناردوون، بەڵام وەك ویستی تەكوینیی نەیویستوە، بۆچی؟ چونكە ئەگەر وەك ویستی تەكوینیی وای لێكردبان، ئازادییەكەیانو ئیرادەكەیان زەوت دەبوو، بەڵام خوا ویستوویەتی: ئازادانە ئیمان بێنن، نەك تۆبزیی و زۆریان لێبكات، وەك لە شوێنی دیكەدا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَـَٔامَنَ مَن فِي ٱلْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ۚ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴿٩٩﴾ ﴾یونس، واتە: ئەگەر پەروەردگارت ویستبای، هەموو ئەوانەی كە لەسەر زەویین، ئیمانیان دەهێنا، {بەڵام پەروەردگارت نەیویستوە زۆریان لێبكات}، ئنجا ئایا تۆ زۆریان لێدەكەیو ناچاریان دەكەی ئیمان بێنن؟

خوای باڵادەست نەیویستوە ناچاریان بکاتو ویستوویەتی ئازادیان بکات، کە ئازادیشی کردوون، هەندێکیان ئازادانە ئیمانیان هێناوە، وە هەندێك ئازادانە کافر بوون.

دوایی خوای پەروەردگار فەرمایشتێك بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ، کە لە هیچ شوێنێکی دیکەی قورئاندا ئاوای پێ نەگوتراوە، دەفەرموێ: ﴿ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴾، لە نەفامان مەبە، واتە: ئەگەر بەدوای پێشنیارو داخوازییو بیانووگرتنەکانی کافران بکەوی، کە داوای موعجیزەت لێدەکەن، مانای وایە شتێکت کردوە لەگەڵ پێگەو پایەی تۆدا ناگونجێ، بەڵکو ئەوە هی نەفامانە، ئنجا لێرەدا ئەگەر وردبیەوە، دەبینی خوای پەروەردگار چەندە ڕێزی لە پێغەمبەرەکەی خۆی گرتوە، نەیفەمووە: (فَلا تَكُونَنَّ جَاهِلاً) واتە: نەفام مەبە، یان (فَلا تَجْهَل) واتە: نەفامیی مەکە، بەڵکو فەرموویەتی: ﴿ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴾، واتە: مەچووە ڕیزی نەفامانەوە، تۆ لە ڕیزی ئەواندا نی، پێگەو پایەی تۆ ڕێت لێدەگرێ کە بچیە ڕیزی نەفامانەوە.

پاشان هەر لەسەر ئەو مەسەلەیە بەردەوام دەبێو دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسْمَعُونَ ﴾، بێگومان تەنیا ئەوانە وەڵام دەدەنەوە، کە دەبیستن، ئنجا یەکێك بۆی هەیە بڵێ: خۆ ئەوانەش گوێیان هەبوو، ئەدی بۆچی نەیانبیستوە؟ دەڵێین: بەڵێ ڕاستە بگرە ئاژەڵیش گوێی هەیە، بەڵام لێرەدا مەبەست لە بیستن، بیستنی پەسندکردنو وەرگرتنو قبووڵ کردنە، واتە: بێگومان تەنیا ئەوانەی کە هەق بە گوێیەکانیان دەبیستنو قبووڵی دەکەن، هەر ئەوانە وەڵام دەدەنەوە، بەڵام ئەوانە دیارە هەستی بیستنی خۆیان بۆ وەرگرتنی هەق، لە کار خستوە، بۆیە وەك ئەوە وایە کە نەبیستنو گوێیان نەبێ، چونکە ئینسان لە ئەنجامی گوناهو سەرپێچیی دا هەستەوەرەکانی لەدەست دەدات، عەقڵی ئیش ناکات، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ ءَاذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَآ ﴿١٧٩﴾ ﴾ الأعراف، هەموو ئەو ئەندامو کۆئەندامانەی کە دەبێ هەقیان پێ تێبگاتو ببینێو ببیستێ،

لە كار دەكەون، دیارە دەنگەكان دەبیستن‌و، دیمەنەكان دەبینن‌و، عەقڵیشیان هەیە، بەڵام كە ئەو هەقەیان قبووڵ نەكردو، تێینەگەیشتن، وەك ئەوە وایە، ئەو هەستەوەرانەیان لەدەستدابێ، بۆیە دوایی دەفەرمووێ: ﴿ وَٱلْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ ثُمَّ إِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴾، وە ئەوانەی مردوون، خوا زیندوویان دەكاتەوە، دواییش بۆ لای وی دەگێردرێنەوە، ئەوانەش مردووی مەعنەوییـن، مردووی بەشی زیندوو خۆرن، زیندوو وەك جەستە، مردوو وەك ڕووح، كەسێك خواو خاوەنی خۆی نەناسێت‌و، نەیپەرستێ‌و بەندایەتیی بۆ نەكات، وە نەزانێ لە كوێوە هێناویەتی‌و؟ بۆچی هێناویەتی‌و؟ دەبێ چی بكات؟ دەیباتەوە كوێ؟ دەبێ چۆن بژیەت؟ ئایا ئەو جۆرە كەسە، چ جیاوازییەكی هەیە لەگەڵ ماددەیەكی بێ ژیان، لەگەڵ ئاژەڵێك دا؟ بۆیە خوای زاناو شارەزا لە شوێنێكی دیكەدا دەفەرمووێ: ﴿ وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ۖ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ ءَاذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَآ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَٱلْأَنْعَٰمِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْغَٰفِلُونَ ﴿١٧٩﴾ ﴾ الأعـراف، واتە: زۆرێك لە ئینس‌و جندمان بۆ دۆزەخ ئامادەكردوون، كە دڵیان هەیە پێی تێناگەن، چاویان هەیە پێی نابینن، گوێیان هەیە پێی نابیستن، ئەوانە وەك ئاژەڵن، بەڵكو گومڕاترن، ئەوانە بێئاگان.

سبحان الله ! ئایینی ئیسلام زۆر گرنگی بە عەقڵ‌و هۆشیاریی دەدات، ئینسان كە عەقڵی خۆی بەكارنەهێنا، دەكەوێتە بێئاگایی، كە كەوتە حاڵەتی بێئاگایی، جیاوازیی نیە لەگەڵ ئاژەڵ دا، بەڵكو لە ئاژەڵ خراپترە، بۆچی لە ئاژەڵ خراپترە؟ چونكە ئاژەڵ ناتوانێت ئاژەڵ نەبێ، گا هەر گایە، مەڕو بزن، هەر مەڕو بزنن، گورگ‌و چەقەڵ، هەر گورگ‌و چەقەڵن، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ مرۆڤ بێ‌و ئاژەڵ نەبێ، دەتوانێ درندە نەبێ، بۆیە مرۆڤ كاتێك خۆی دەباتە ڕیزی ئاژەڵ، لەوەدا كە هەر وەك ئەوان ژیانێكی ماددیی، جەستەیی دەگوزەرێنێ، دوور لە لایەنی مەعنەوییی‌و عەقڵیی‌و هۆشیاریی‌و، حیساب بۆ مافی خوا كردن‌و قیامەت‌و ... هتد، بۆیە كاتێك مرۆڤ ژیانێكی ئاژەڵانە بەڕێ دەكات، لەوان خراپترە، چونكە ئەو دەیتوانی ئاژەڵ نەبێ، بەڵام ئاژەڵ ناتوانێ ئاژەڵ نەبێ، ئاژەڵ ناچاریی یەو خوا كردوویەتی بە

ئاژەڵ، بەڵام ئینسانێك بە ویستی خۆی خۆی بكاتە ئاژەڵ، بێگومان لە ئاژەڵ خراپترە، وەك خوای كاربەجێ لە شوێنێكی دیكەدا دەفەرمووێ: ﴿ ... وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ ٱلْأَنْعَٰمُ وَٱلنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ ﴿١٢﴾ ﴾محمـد، واتە: وە ئەوانەی بێبڕوان، ڕادەبوێرن و دەخۆن، وەك چۆن ئاژەڵ دەخوات، وە ئاگر سەرەنجامیانە.

ئنجا لێرەدا دەفەرمووێ: ﴿ وَٱلْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ ثُمَّ إِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴾، وە مردووەكان خوا زیندوویان دەكاتەوە، ئەوانەی كە لە ڕووی مەعنەوییەوە مردوون، دوایی خوا زیندوویان دەكاتەوە، پاشانیش بۆ لای وی دەگێڕدرێنەوە.

ئنجا هەر لەسەر بیانووگرتنی كافرەكان بەردەوام دەبێ، دەفەرمووێ: ﴿ وَقَالُواْ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ ﴾، وە گوتیان: دەبووایە، {ئەم (لولا)یە، (لولا)ی هاندان (تحضیض)ی پێدەڵێن، بریا وابووایە، دەبووایە وابووایە}، نیشانەیەكی لەلایەن پەروەردگاریەوە دابەزێنرابەیە سەر، مەبەستیان لە نیشانە: بەڵگەو موعجیزەیە، واتە: موعجیزەی وەك پێغەمبەرانی پێشوو، بەڵام خوا بۆ وەڵامدانەوەیان؟ دەفەرمووێ: ﴿ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يُنَزِّلَ ءَايَةً وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، بڵێ: بێگومان خوا توانادارە لەسەر ئەوە كە نیشانەیەك، بەڵگەیەك بنێرێتە خوار، بەڵام زۆربەیان نازانن، یانی چی؟ واتە: ئەگەر ئەهلی زانیاریی بن، ئەوە قورئان بەڵگەیە، بەڵام ئەوانە خاوەنی نەزانینن، خوای زاناو توانا بۆ ئەهلی عیلم و ئەوانەی عەقڵی خۆیان بەكاردێنن و زانست دەیانجووڵێنێ، ئەم قورئانەی ناردوە، ئەم قورئانە موعجیزەیەكی ئەدەبیی، زانستیی، زمانەوانیی و... هتدی، گشتگیرە[1]، لە هەموو ڕوویێكەوە، بۆیە ئەوەی ئەهلی عیلم بێ و بەدوای بەڵگەدا بگەڕێ، ئەوە قورئان، بەڵام ئەوانە نازانن، ئەمە مانایەكی.

---

١) لەبارەی بەڵگەو موعجیزەیەكی گشتگیربوونی قورئانەوە دەتوانی سەرنجی بەرگی سێیەمی كتێبی: (الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله) بدەی.

مانایەكی دیكەشی ئەوەیە كە: خوا دەتوانێ موعجیزەی وەك هی پێغەمبەرانی پێشوو بۆ پێغەمبەر موحەممەد ﷺ بنێرێ، بەلام زۆربەیان نازانن، كە ئەگەر موعجیزەی وەك پێغەمبەرانی دیكە بنێرێو ئەوانیش ئیمانی پێ نەهێنن، لەبەینیان دەبات، وەك خوای توانادار حوشترەكەی بۆ پێغەمبەر صالح نارد، لە شاخێك هاتە دەر، بەلام دوایی پێغەمبەر صالحیان بە درۆ داناو حوشترەكەشیان سەربڕی، وەك خوای پەروەردگار لە سوورەتی (الشمس)دا باسی دەكات، دەفەرمویٚ:

﴿ فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنۢبِهِمْ فَسَوَّىٰهَا ﴿١٤﴾ ﴾، واتە: بەدرۆیان داناو سەریان بڕی، پەروەردگاریشیان بەهۆی تاوانیانەوە، بوومەلەرزەی ناردنەسەرو ولاتەكەیانی تەخت كرد.

هەروەها پێغەمبەرەكانی دیكەش كە خوای دادگەر گەلەكانیانی لەنێو بردوون، دوای ئەوە بووە كە موعجیزەی بەرهەستو بەرجەستەیان بۆ هاتووە، بە درۆیان داناوەو ئیمانیان پێ نەهێناوە، ئیدی شایستەی ئەوەبوون، كە خوا دادگەر لە بەینیان ببات.

ئنجا خوای زاناو شارەزا سەرنجیان ڕادەكێشێ بۆ شتێكی دیكەو، دەفەرمویٚ:

﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم ﴾، وە هیچ زیندەوەرێك لەسەر زەوی نیە، وە هیچ باڵندەیەك بە دوو باڵەكانی نافڕێ، مەگەر ئەوانیش كۆمەلانێكن وەك ئێوە.

لێرەدا خوای زانا پێیان بفەرمویٚ: فەرموون تەماشای كتێبی بوونەوەر بكەن، نیشانەكانی گەورەییو پەروەردگارێتیی خوا، زۆر جوان دیارن، بەتایبەت زیندەوەرانێك كە لەسەر زەویین، وە باڵندەو پەرندانێك كە دەفڕن، ئەوانە هەموویان وەك ئێوە كۆمەڵ كۆمەڵن، ﴿ مَّا فَرَّطْنَا فِى ٱلْكِتَٰبِ مِن شَىْءٍ ﴾، لە كتێبدا هیچ شتێكمان بە زایە نەداوە، واتە: لەم قورئانەدا هەرچی ژیانی ئینسان پێویستی پێیەتی، باسمان كردوە، یاخود (كتاب) مەبەست پێی (لوح المحفوظ)ە، كە زانایان دەڵێن: زانیاریی بێسنووری خوا لەوێ دا تۆماركراوە، لەوێدا هیچ شتێكمان فەرامۆش نەكردوە، ﴿ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ ﴾، دوایی هەر بۆ لای پەروەردگاریان

کۆدەکرێنەوە، واتە: ئەو زیندەوەرو درندەو ئاژەڵو پەلەوەرانە، هەموویان بەرەو لای پەروەردگاریان کۆدەکرێنەوە، ئنجا ئایا دوایی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ، یان ناکرێ؟ زۆربەی زانایان دەڵێن: لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ، هەندێکیش دەڵێن: مەبەست لەوە کە دەفەرموێ: بەرەو لای پەروەردگاریان کۆدەکرێنەوە، کاتی تێکچوونی دنیایە، وە هەندێکیش دەڵێن: لە قیامەتیش کۆدەکرێنەوە، بەڵام لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکات، دوایی لە مەسەلە گرنگەکان دا تیشکی زیاتری دەخەینەسەر.

لە کۆتاییدا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِى ٱلظُّلُمَـٰتِ ﴾، وە ئەوانەی بڕوا بە ئایەتەکانی ئێمە ناهێنن، کەڕن، لاڵن، لە تاریکاییەکاندان، ﴿ مَن يَشَإِ ٱللَّهُ يُضْلِلْهُ وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾، هەر کەسێك خوا بیەوێ (گومڕای بکات) گومڕای دەکات، وە هەر کەسێکیشی بوێ، دەیخاتە سەر ڕاستە ڕێ. بەڵام بە دڵنیایی خوا لەگوتەرە، نە کەس گومڕا دەکاتو، نە کەسیش دەخاتە سەر ڕاستە ڕێ، وەك خوای دادگەر دەفەرموێ: ﴿ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٢٧﴾ ﴾ إبراهيم، خوا ستەمکاران گومڕا دەکات، کەواتە: خوا لەخۆڕا خەڵك گومڕا ناکات، ئەوانە گومڕا دەکات کە ستەم دەکەن، وە هەمیشە ویستی خراپەو شەڕیان هەیە، نایانەوێ بەرەو خوا بڕۆن، ئنجا وەك خۆیان دەیانەوێ، خوای دادگەر ئاوا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، ئەگەرنا ئەگەر بیانەوێ بەرەو خوا بچن، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيَهْدِىٓ إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ ﴿٢٧﴾ ﴾ الرعد، ئەوەی بەرەو خوا بگەڕێتەوە، خوا ڕێنمایی دەکات، ئەوەی بەرەو خوا بجووڵێ، خوا دەستی دەگرێ، ئەوەی پشتیش لە خوا بکات، خوای پەروەردگار ئیهمالی دەکات، ئەوەش نیشانەی دادگەریی و کاربەجێی خوایە، چونکە ئەگەر وا نەکاتو بەتۆبزیی بیانگێڕێتەوە، مانای وایە ئەو ویستە ئازادانەی کە پێی تاقی دەکرێنەوە، وە پێی بوون بە مرۆڤ، لێیان زەوت دەکات، خوای دادگەریش ویستوویەتی مرۆڤ مرۆڤ بێ، ویستی ئازادانەی هەبێ، ڕێی ڕاستی خوا بگرێ، یان پشت لە پەروەردگاری بکات، سەرپشك بێ.

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: کە دەفەرموێ: ﴿ قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحْزُنُكَ ٱلَّذِى يَقُولُونَ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾، وشەی (قد) لە زمانی عەرەبیدا بەزۆری بۆ جەختکردنەوەو دڵنیاکردنەوەیە، واتە: بێگومان، بە دڵنیایی، بۆ وێنە: (قَد جَاء) واتە: بە تەئکید هات، ﴿ قَدْ نَعْلَمُ ﴾، واتە: بێگومان ئێمە دەزانین، ئەمە بۆ چییە؟ لێرەدا ئەمە بۆ وەڵامدانەوەی پێغەمبەری خوایە، ﴿ قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحْزُنُكَ ﴾، تۆ بزانە! پەروەردگارێك هەیە ئاگای لە دڵو دەروونو هەستو نەستی تۆ هەیە، دەزانێ کە تۆ بەهۆی بە درۆدانانی وانەوە، دڵ ناڕەحەت بووی، خوای پەروەردگار ئاگای لە هەستو نەستە شێردراوەکانی مرۆڤ هەیە، جاری وایە ئینسان بە دڵ شتێك لە خوا دەخوازێ: تۆ بڵێی خوای پەروەردگار ئەوەم بۆ بکات، یان پێم ببەخشێ، بێئەوەی هیچ قسەیەکیش بکات، خوای پەنهانزان بۆی دەکات، بۆچی؟ چونکە نێو دڵت دەخوێنێتەوە.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّهُۥ لَيَحْزُنُكَ ﴾، ئاواش خوێندراوەتەوە: (إِنَّهُ لَيُحزِنُكَ)، (أَحْزَنَ يُحْزِنُ، حَزَنَ يَحْزِنُ) هەردووك خوێندنەوە (قراءة) کە هاتوون، (حَزَنَهُ وأَحْزَنَهُ) واتە: دڵی توند کرد، ئەمەش ئەوەی لێوەردەگیرێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئەوەش دا کە باشترین کەس بووەو، گەورەی پێغەمبەران بووەو، چاکترین بەندەی خوا بووە، بەڵام بەشەر، بەشەرە، وە دڵ: گۆشتو خوێنە، دیارە مرۆڤ بە قسەی ناخۆش دڵی ناخۆش دەبێ، وە بە قسەی خۆشیش دڵی خۆش دەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا پێغەمبەری خوا خۆی زۆر بە سەرەوە نەبردوە، ئەگەرنا هیچ کەس نیە، قسەی ناخۆشی پێ ناخۆش نەبێ، وە بە قسەی خۆشیش دڵی خۆش نەبێ.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ ﴾، کە بەم شێوەش خوێنراوەتەوە: (**لا يُكْذِبُونَكَ**)، لە زمانی عەرەبی دەڵێ: (كَذَّبَهُ: أي: قَالَ لَهُ: أَنْتَ كَاذِبٌ، وَأَكْذَبَهُ أَي قَالَ لَهُ إِنَّ: مَا تَقُولُهُ كَذِبٌ)، (كَذَّبَهُ) یانی گوتی: تۆ درۆ دەکەی، بەڵام (أَكْذَبَهُ) واتە: گوتی: ئەوەی دەیڵێی درۆیە، تۆ درۆزن نی، بەڵام قسەکەت درۆیە، هەردوو خوێندنەوەکان هاتوون، هەندێکیش گوتوویانە: هەردوو وشەی (كَذَّبَهُ، أَكْذَبَهُ) یەك مانایان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کەسی بەرانبەرت بە درۆ دابنێی،

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ ﴾، بە تەئکید ئەوان تۆ بە درۆزن دانانێن، وە ئەوەی دەشیڵێی، بە درۆی دانانێن، بە پێی خوێندنەوەی دووەم، ئەدی مەسەلەکە چییە؟ دەفەرموێ: ﴿ وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجۡحَدُونَ ﴾، بەڵام ستەمکارەکان، هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، نکوڵی لە ئایەتەکانی خوا دەکەن، چونکە دەڵێ: (الجحْد: إِثْبَاتُ مَا نُفِيَ، وَ نَفْيُ مَا ثَبَتَ) شتێك کە لە دڵتدا نیە، بیڵێی، وە شتێك کە لە دڵت دایە، نەیڵێی، وەك خوا لە سوورەتی (النمل)دا دەربارەی فیرعەونو داروودەستەکەی کە دژایەتیی مووسایان کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەمووە موعجیزە گەورانەی هەبوون، خوا دەربارەیان دەفەرموێ:

﴿ وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسۡتَيۡقَنَتۡهَآ أَنفُسُهُمۡ ظُلۡمٗا وَعُلُوّٗاۚ ﴾، واتە: نکووڵییان لێکرد، هەرچەندە لە دەروونیشیان دا دڵنیابوونو دەیانزانی {کە مووسا ﷺ پێغەمبەری خوایەو} موعجیزەکانی هەموو ڕاستن.

لەوبارەوە (الطبري) لە تەفسیرەکەی خۆی، لە درێژەی بەسەرهاتێکدا، دەڵێ: {فَالتَقَى الأَخْنَس وَأَبُو جَهْل، فَخَلَا الأَخْنَس بِأَبِي جَهْل، فَقَالَ: يَا أَبَا الحكَم، أَخْبِرنِي عَن مُحَمَّدٍ، أَصَادِقٌ هُوَ أَمْ كَاذِبٌ؟ فَإِنَّهُ لَيْسَ هَهُنَا مِنْ قُرَيش أَحَد غَيْرِي وَغَيرك يَسْمَع كَلَامَنَا! فقَالَ أَبُو جَهْل: وَيْحَكَ، وَاللهِ إِنَّ مُحَمَّدَاً لَصَادِقٌ، وَمَا كَذَبَ مُحَمَّد قَطّ، وَلَكِن إِذَا ذَهَبَ بَنُو قُصَيٍّ بِاللّواء والحجَابَة والسِّقَايَة والنُّبوة، فَمَاذَا يَكُونُ لِسَائِر قُرَيش؟ فَذَلِكَ قَوْلُهُ: ﴿ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ

بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجۡحَدُونَ ﴾}[١]، واتە: ئەخنەس لەگەڵ ئەبو جەهل پێکگەیشتن، (ئەبو جەهل کونیەکەی أبو الحكم بووە) ئەخنەس ئەبو جەهلی جیاکردەوەو گوتی: ئەی ئەبولحەکەم ! دەربارەی موحەممەد هەواڵم پێبدە، ئایا ڕاستگۆیە یان درۆزنە؟ چونکە لە قوڕەیش جگە لە خۆمو خۆت کەسی دی لێنیە قسەمان ببیستێ، ئەبو جەهل گوتی: بێقەزابی، سوێند بە خوا موحەممەد ڕاستگۆیە، وە هەرگیز موحەممەد درۆی نەکردوە، بەڵام ئەگەر بەنو قوصەی (ئەسڵی بنو هاشم کە عەشیرەتی پێغەمبەرە ﷺ) ئاڵای جەنگی عاید بێو، پەردەکردن بۆ کەعبەی عاید بێو، ئاوپێدانی حاجیانی عاید بێ، ئنجا پێغەمبەرایەتییش هەر لەوان بێ ئەدی هۆزی قوڕەیش چی بۆ دەمێنێتەوە؟

دەڵێن: دوای ئەوەی یەکێك لە شوێنکەوتووانی موسەیلەمەی درۆزن هەواڵی پێغەمبەری پێدەگاتو دەزانێ ڕاستگۆیە، دەڵێ: (كَذَّاب رَبيعة أَحَبُّ إلـيَّ مِن صَادِقِ مُضَر) واتە: درۆزنی ڕەبیعەم (کە لە عەشیرەتەکەی خۆمە) پێ چاکترە لە ڕاستگۆی موضەڕ، عەرەب دوو هۆزی سەرەکیی بووە: (رَبيعة و مُضَر).

ئنجا ئێستاش هەر وایە، ئەو حیزبە عەلمانییانە، تەماشا بکەن لە هەموو دنیادا بابای عەلمانیی دەزانێ حیزبەکەی گەندەڵە، دزیی دەکات، ستەم دەکات، هەرچی خراپەیە دەیکات، بەڵام هەر لەگەڵیشیەتی، بۆچی؟ چونکە بەرژەوەندیی دنیایی هەیەو بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێك شتەوە، هەرچەندە دەزانێ هەق نیە، بەڵێ جاری وایە ئەگەر مرۆڤ مسوڵمانیش بێ، بەڵام ئیمانی تەواو نەبێ، تووشی ئەو حاڵەتانە دەبێ، بۆ وێنە:

ئەو سوپایەی کە لە کەربەلا دەوری حوسێنی کوڕی عەلییان دابوو، خوا لێیان ڕازی بێ، حوسێن پێی گوتن: من لەسەر نامەی خۆتان هاتووم، کە ئێوە شەست هەزار ئیمزاتان بۆ کۆکردوومەوەو داواتان کردوە بێم، گوتتان: ئێمە بڕوامان بە یەزیدی کوڕی موعاویە نیە، بەکەڵکی خەلیفایەتیی نایەت، وەرە بەیعەتت پێدەدەین، ئەدی بۆچی ئێستا دەورتان داوم؟ ئەوانیش هیچ وەڵامیان نەبوو، بۆی دەگریان دەشیان کوشت! ئنجا (عباس محمود العقاد) قسەیەکی زۆر جوان دەکات،

١) جامع البيان برقم: (١٣١٩).

دەڵـێ: (كـانـت سـیُوفهُم مَـعَ یَزِیـد وَقلُـوبهُم مَـعَ حُسَیْن) شـمشـێرەكانیان لەگـەڵ یەزیـد بـوون، دڵیشـیان لەگـەڵ حوسـێن بـوو، منـیش دەڵـێم: (فَغَلَبَـتْ سـیوفهُم قُلُوبَهُم)، شـمشـێرەكانیان بەسەر دڵـیاندا زاڵ بـوون !

زۆر كـەس وایـە، زۆر كـەس لەسـەر مەزهـەبی سـوپای یەزیـدە، دەزانـێ ئیسـلام هەقـە، مسـوڵمانان لەسـەر هـەقن، كەچـی هـەر بـەدوای سـەركردە گەندەڵەكـەی دەكـەوێ، بۆچـی؟ چونكـە بەرژەوەندییەكـەی لەگـەڵی دایـە، وەك ئـەبو جـەهلو كابرای شوێنكەوتووی موسـەیلەمـەی درۆزن.

مەسـەلـەی دووەم: كـە دەفـەرموێ: ﴿ وَلَقَدۡ كُذِّبَتۡ رُسُلٞ مِّن قَبۡلِكَ فَصَبَرُواْ عَلَىٰ مَا كُذِّبُواْ وَأُوذُواْ حَتَّىٰٓ أَتَىٰهُمۡ نَصۡرُنَاۚ وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ وَلَقَدۡ جَآءَكَ مِن نَّبَإِيْ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴾، چەند هەڵوەستەیەك لەبـەردەم ئەم ئایـەتـە موبارەكەدا دەكـەین:

١) كـە دەفـەرموێ: ﴿ وَلَقَدۡ كُذِّبَتۡ رُسُلٞ مِّن قَبۡلِكَ فَصَبَرُواْ عَلَىٰ مَا كُذِّبُواْ ... ﴾، بێگومان لە پێش تۆدا پێغـەمبەرانێك بە درۆ دانران، بەڵام خۆیان ڕاگـرتو لەسـەر بە درۆ زانـرانو بە درۆزن دانـران، تاكـو یارمەتیمانیان بۆ هـات، یانـی: تـۆش ئـارام بگـرە، یارمەتییت بـۆ دێ، ئنجـا ئایا چـۆن یارمـەتی خـوا بـۆ پێغـەمبەران هـات؟ دوای ئـەوەی خـوا مـوعجیزەی بەرهەسـتو زەقو ئاشـكرای بـۆ پێغـەمبەران نـاردن، قەومـەكانیان ئیمانیـان پێنەهێنـا، خـوای دادگـەر قەومـەكانیانی لـە بـەین بـردن، پێغـەمبەرەكەو ئەوانەی ئیمانیان هـێنابوو، ڕزگار بـوون، ئـەدی چۆن یارمـەتی بـۆ پێغـەمبـەری خاتـەم هـات؟ خـوای كاربەجـێ موعجیـزەیەكـی بەرهەسـتو ماددیـی بـۆ پێغـەمبەری خاتـەم نـە نـارد، بەڵـكو موعجیـزەیەكـی فیكـریی، زانسـتیی، ئەدەبـیی بـۆ نـارد، كـە بـەردەوام بـێ، ئـەویش ئـەم قورئانەیـە كـە ئێسـتا لەبـەردەسـتی ئێمـەیـە، هـەتا دوایـی خـوا یارمـەتی بـۆ نـارد كـە خەڵـكـێكی زۆر ئیمانیـان پـێ هێنـا، وە سـەرەنجام ئیمانـداران سـەركەوتن بەسـەر بێئیمـانـان دا، كەواتـە: ئـەوان خۆڕاگـر بـوونو تـۆش خۆڕاگربـە، یـانی: یارمـەتی خـوا بـۆ وان هاتـوە، بـۆ ئێـوەش دێ، هـەر واش بـوو، ئەمـە وەك ئـەوە وایـە كـە لـە سـوورەتی

(الأحقاف)دا دەفەرموێ: ﴿ فَٱصۡبِرۡ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلۡعَزۡمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ وَلَا تَسۡتَعۡجِل لَّهُمۡ ﴿٣٥﴾ ﴾، واتــە: خۆڕاگربە وەك چۆن خـاوەن ئیــرادە پتـەوەکان لـە پێغـەمبەران خـۆڕاگـر بوون، وە پەلـەیان لـێ مەکـە (واتـە لە سـزادانیـان).

٢) کە دەفـەرموێ: ﴿ وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِ ﴾، پێشـتـر ئاماژەمـان پێـدا، (كَلِمَاتُ اللّه) واتــە: بڕیارەکـانی خــوا، یاسـاکانی خــوا، ویسـتی خــوا، هـیچ کـەس ناتوانـێ لایـانبـداتو بیـانگـۆڕێ دڵنیـابە خـوای پـەروەردگار چی بـۆ پێغـەمبەرانی پێشـێ کردوە، ئەوەش بـۆ تـۆ دەکات، وە هـەر واش بـوو.

٣) کـە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدۡ جَآءَكَ مِن نَّبَإِيْ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴾، وە بێگومـان لـە هـەواڵی گرنگـی پێغـەمبەران بـۆ تـۆ هـاتوە، لـە زۆر شـوێنی قورئـان دا خـوای بـەرز باسـی بەسـەرهاتـی پێغـەمبەران بۆ پێغـەمبەری خاتەم دەکـات، بۆ وێنـە:

أ / لــە ســـوورەتی (هــود)دا دەفــەرموێ: ﴿ وَكُلّٗا نَّقُصُّ عَلَيۡكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَۚ ﴿١٢٠﴾ ﴾، واتـە: بەسـەرهاتی پێغـەمبەران بـۆ تـۆ دەخوێنینـەوە تاکو دڵـتـی پـێ بچەسـپێنین.

ب / هەروەهــا لــە سـوورەتی (یوسـف)دا دەفـەرموێ: ﴿ نَحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ أَحۡسَنَ ٱلۡقَصَصِ بِمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ وَإِن كُنتَ مِن قَبۡلِهِۦ لَمِنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ﴿٣﴾ ﴾، واتـە: ئێمـە بـەهۆی ئـەم قورئـانەوە کـە بۆتـی دەنێـرین، باشـترین بەسـەرهاتـت بەسـەردا دەخوێـنینـەوە، وە باشـتـرین گـێڕدراوەت بـۆ دەگێڕینەوە، با پێشـتـریش لە بێئـاگایان بووبـی، وە نەتزانیبـێ.

پێغـەمبەری خـوا نەخوێنـدەوار بووەو نەشـارەزا بووە، لـە کتێبـە پێشـووەکان، بـەڵام خـوای زانـاو شـارەزا شارەزای کـردووەو هـەموو شـتی فێـر کـردوە، کەواتـە: بەسەرهـاتی پێغــەمبەران (علیهم الصــلاة والسـلام) بـۆ تـۆ گـێڕدراوەتــەوەی پەنـدی لـێ وەربگـرە، وە ئەوان چییان کردوە، تۆش وا بکە، خـوای بەخشـەر چی بۆ وان کـردوە، ئـەوەش بۆ تـۆ دەکـات.

مەسەلەی سێیەم: کە خوا دەفەرمویٚ: ﴿ وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْرَاضُهُمْ فَإِنِ ٱسْتَطَعْتَ أَن تَبْتَغِيَ نَفَقًا فِي ٱلْأَرْضِ أَوْ سُلَّمًا فِي ٱلسَّمَآءِ فَتَأْتِيَهُم بِـَٔايَةٍ ۚ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى ٱلْهُدَىٰ ۚ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴾، لێرەدا خوای سبحانە وتعالى ڕوو لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکات دەفەرمویٚ: ئەگەر پشت هەڵکردنو ڕوو وەرسووڕاندنی بێبڕوایەکانت، لەسەر دڵ قورسە، ئەگەر توانیت تونێڵێکیان لە بن زەوی بۆ لێبدەی، یاخود پەیژەیەکیان بەرەو ئاسمان بۆ هەڵبەستی، کە نیشانەیەکیان، (واتە: بەڵگەیەك، موعجیزەیەك ئەوەی ئەوان داوای دەکەن) بۆ بێنی، (یانی: ئەگەر توانیت وابکەی، بیکە) وە ئەگەر خوا ویستبای لەسەر ڕێنمایی کۆی دەکردنەوە، دەجا تۆ لە نەفامان مەبە، واتە: وەختێ خوا نەیەوێ بە زۆر کۆیان بکاتەوە، زۆر سووربوونی تۆ لەسەر هیدایەتدرانیان، لەگەڵ ئەو یاسایەی خوادا تێکدەگیرێ، چونکە خوای ﷻ نەیویستوە بە تۆبزیو بە زۆر ناچاریان بکات، ئیمان بێنن، ویستوویەتی ئازادیان بکات.

کە دەفەرمویٚ: ﴿ وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْرَاضُهُمْ فَإِنِ ٱسْتَطَعْتَ أَن تَبْتَغِيَ نَفَقًا فِي ٱلْأَرْضِ أَوْ سُلَّمًا فِي ٱلسَّمَآءِ فَتَأْتِيَهُم بِـَٔايَةٍ ﴾، (كَبُرَ: شَقَّ، ثَقُلَ) واتە: بەزەحمەتە قورسو گرانە، ئەگەر قورسو گرانە لەسەر دڵت کە ئەوان پشت هەڵبکەنو پشتت تێ بکەنو ڕوو وەچەرخێنن، چارت چییە؟ یان دەبێ پشوودرێژ بیو خۆڕاگر بی، یان فەرموو: ئەگەر ئەوەی داوای دەکەنو بیانووی پێ دەگرن، کە بریتیە لە هێنانی موعجیزەیەكو بەڵگەیەك، وەك هی پێغەمبەرانی پێشوو، فەرموو: بزانە لە بن ئەرزێ بۆیان دەردێنی، یان لە ئاسمان بۆیان دێنیە خوارێ، واتە: بۆت ناکرێ، مەبەست پێی ئەوەیە.

هەڵبەتە دەشگونجێ ئەم ئایەتە لێرەدا مەبەست پێی مەدحی پێغەمبەر ﷺ بێ، واتە: تۆ ئەوەندە سووری لەسەر ئەوەی ئەوانە ئیمان بێننو هیدایەت بدرێن، کە ئەگەر بۆت کرابایە، تونێڵێك بە بن زەویدا لێبدەیو لە بن زەوی، بەڵگەو نیشانەیەکیان بۆ بێنی، یاخود پەیژەیەکت دەستبکەوێو سەربکەوی لە ئاسمانێ

بەڵگەو نیشانەیەكیان بۆ بێنی، واتدەكرد، واتە: تۆ ئەوەندە سووری لەسەر هیدایەتدرانی ئەوانە، كوردەواریی خۆشمان دەڵێن: (ئنجا كاكە! لە بن ئەرزێ بۆت دەربێنم، لە ئاسمانێ بۆت داباریێنم) یان دەڵێ: (ئاسمان دوورو زەوی سەخت)، كەواتە: وەك گوتم: لە لایەكەوە دەگونجێ ئەوە دڵدانەوە بێ بۆ پێغەمبەر ﷺ كە تۆ چی دەكەی، لە كاتێكدا كە خوا نەیویستوە ئەوانە بە زۆر هیدایەت وەربگرن، بەڵكو ویستوویەتی ئازادیان بكات، وە بە ئیرادەی ئازادانەی خۆشیان ئیمان ناهێنن، چارت چییە؟ ئایا لە بن ئەرزێ نیشانەیەكیان بۆ دێنی، یاخود لە ئاسمانێ بۆیان دادەبەزێنی؟ واتە: نابێ وابكەی، بەڵكو پشوودرێژو خۆڕاگر بە، چونكە ئەم قورئانە بەسە، ئەگەر بیانەوێ ئیمان بێننو هیدایەت بدرێن، ئەم قورئانە موعجیزەیەكی كافییە بۆیان، یاخود دەشگونجێ مەبەست ئەوەبێ ئەی پێغەمبەر! ﷺ تۆ ئەوەندە سووری لەسەر ئەوەی ئەوانە ئیمان بێننو هیدایەت بدرێن، كە ئەگەر بۆت كرابایە نیشانەیەك، یان بەڵگەیەك بێنی، دەتكرد، بەڵام بۆت ناكرێ .

مانای : تەنیا بەدەست خوابوونی هیدایەتو جیاوازیی نێوان ئیرادەی تەشریعیو ئیرادەی تەكوینیی

خوای زاناو توانا دەفەرمووێ: ﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى ٱلْهُدَىٰ ﴾، ئەم مەسەلەیە لە زۆر شوێنی قورئاندا هاتوە، بۆ وێنە:

١) لە سورەتی (القصص)دا دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِى مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ ۚ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴿٥٦﴾ ﴾، واتە: بێگومان تۆ ئەوەی كە خۆشتدەوێ، ڕێنمایی ناكەی، بەڵكو خوا هەر كەسێك كە بیەوێ ڕێنمایی دەكات، واتە: بە پێخۆشبوونی تۆ نیە، لە (صحيح مسلم)[1]دا هاتوە كە ئەم ئایەتە دەربارەی ئیمان نەهێنانی (أبو طالب)ی مامی پێغەمبەر ﷺ هاتۆتە خوار،

---

١) {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ لِعَمِّهِ عِنْدَ الْمَوْتِ: «قُلْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ أَشْهَدُ لَكَ بِهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ»، فَأَبَى فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِى مَنْ أَحْبَبْتَ ﴾ الآيَةَ}، صحيح مُسْلِمٌ: بَاب أَوَّلُ الإِيمَانِ قَوْلُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ، رقم: (١٤٣).

کە زۆر سووربوو لەسەر ئەوەی ئیمان بێنێو، ئەویش ئیمانی نەهێنا، خواش ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوەو فەرمووی: ﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ ﴾، واتە: تۆ ناتوانی ڕێنمایی ئەو کەسە بکەیو بیخەیتە سەر ڕێگای ڕاست، کە خۆشت دەوێ، (کە مامتە)، بۆچی خۆشی دەویست؟ لەبەرئەوەی مامی پێغەمبەر ﷺ بوو، وەك نەسەبو خزمایەتیی، وە پاشان پارێزەرێکی باشی پێغەمبەر ﷺ بووو پشتیوانییەکی باشی لێکرد، ئەویش وەك چاکەدانەوەیەکی، پێی خۆشبوو لەسەر دەستی ئەو ئیمان بێنێو هیدایەت بدرێ، سەرەنجام دەربازی بێ لە ئاگری دۆزەخ، ﴿ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ ﴾، بەڵام خوا هەر کەسێکی بوێ، هیدایەتی دەدات، واتە: هەر کەسێکی بوێ بە ویستی ئازادانەی خۆی هیدایەتی دەدات، وە ئەگەر ویستباشی بە ناچاریی هیدایەتی دەدان، بەڵام نەیویستوە، خوای دادگەر نەیویستوە خەڵك ناچار بکات لەسەر ئیمان هێنانیانو هیدایەت دانیان، ویستوویەتی خەڵك ئازاد بکات.

٢) هەروەها لە سوورەتی (یونس)یش دا دەفەرمووێ: ﴿ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَن فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ۚ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ ﴿٩٩﴾ ﴾، واتە: وە ئەگەر پەروەردگارت ویستبای، تێکڕای ئەو خەڵکەی کە لەسەر زەویین، هەموو ئیمانیان هێنابایە، ئیمانیان دەهێنا، ئایا تۆ خەڵك ناچار دەکەی لەسەر ئیمان هێنانیان، هەرچەندە پێشیان ناخۆشە؟ واتە: من ناچارم نەکردوون، هەرچەندە دەشتوانم، تۆ بە تەئکید ناشتوانی، واتە: دەرفەتی ناچارکردنت نیە، تۆ دەتوانی وا لە کەسێك بکەی لە ترسان بڵێ: مسوڵمانم، بەڵام ئەو کەسە نابێتە ئیماندار، بەڵکو دەبێتە مسوڵمانێکی ڕووکەشی موناف‌یق.

ئنجا دەفەرمووێ: ﴿ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْجَاهِلِينَ ﴾، تۆ لە نەفامان مەبە، واتە: ڕەفتاری وەك هی نەفامان لە خۆت مەوەشێنەوە، کەواتە: ئەمە نەفامییو بێئاگاییە لە یاساکانی خوا، کە کەسێك خوا نەیویستوە بە زۆر ئیمانی پێ بێنێ، تۆش هەر سووربی لەسەر ئیمان هێنانی، لەگەڵ ئەوەش دا کە خوا نەیویستوە بە زۆر ئیمان بێنێ، بە ئیرادەی تەشریعیی خۆی ویستوویەتی،

بەڵام بە ئیرادەی تەکوینیی نەیویستوە، چونکە خوا سبحانە وتعالى دوو جۆرە ئیرادەی هەن:

١ - ئیرادەیەکی تەشریعیی.

٢ - ئیرادەیەکی تەکوینیی.

کە خوا دەفەرموێ: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ ﴿١٨٥﴾﴾ البقرة، (ئەمە ئیرادەی تەشریعییە) واتە: خوا ئاسانیی بۆتان دەوێ و زەحمەتی بۆتان ناوێ، واتە: لە شەریعەتی خۆیدا یاساکانی ئاسان داناون، وە هەر کاتێك تێگیران، مۆڵەت هەیەو زەحمەتی بۆتان ناوێ.

ئەدی ئیرادەی تەکوینیی خوا، وەك چی ؟ وەك ئەوە کە خوا دەفەرموێ : ﴿ وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ ٱلْوَٰرِثِينَ ﴿٥﴾﴾ القصص، (ئەمە ئیرادەی تەکوینییە، ئیرادەی قەدەریی)، واتە: وە دەمانەوێ ئەوانەی لە زەوی دا چەوسێنراونەوە، دەسەڵاتیان بدەینێ، وە بیانکەینە حوکمڕان، کەواتە: خوای سبحانە وتعالى بە ئیرادەی تەکوینیی خۆی نەیویستوە ناچاریان بکات، لەبەرئەوەی ئەوە پێچەوانەی ئازادانە خوڵقێنرانی ئینسانە، مادام ئازادەو بۆ تاقی کردنەوە خوڵقاوە، دەبێ دەرفەتی پێ بدرێ، چۆن وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە، وە دەبێ دەرفەتی پێ بدرێ: ڕاست دەڕوات، چەوت دەڕوات، خراپ دەکات، چاك دەکات، وەك خوا لە سوورەتی (الإنسان)دا دەفەرموێ: ﴿هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْـًٔا مَّذْكُورًا ﴿١﴾ إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَٰهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴿٢﴾ إِنَّا هَدَيْنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ﴿٣﴾﴾، دوای ئەوەی باسی تاقیکردنەوەی ئینسان دەکات، دەفەرموێ: بەڕاستی ئێمە ئینسانمان لە نوتفەیەکی تێکەڵ دروستکرد، وە تاقیشی دەکەینەوە، وە وامانکردوە بیسەرو بینەر بێ، (واتە: هەستەوەرەکانمان پێداون، ڕێی خۆی پێ بزانێ و دەرك

بکـات)، وە بـــەرەو ڕێـی ڕاســت هیدایـەتمـان داوە، (یـانی: هیدایـەتی تەشـریعیی، ئەگەرنا خـوا هیـدایەتی تەکـوینیـی کەسێك بدات گومـڕا نابــێ، بەڵـکو مەبەســت پێـی ئەوەیــە: شـەریعەتمان بـۆ نـاردووەو ڕێمـان پێشــانداوە) یـان شـوکرانەبژێــرو سـوپاســگوزار دەبــێ، یـان سپڵــە دەبـێو گوێ ناداتـە هیـدایەتــی خــوا (دەرفــەتی هەردووکیــانی هەیــە).

٣) وە لـــە ســوورەتـــی (الکهـف)دا دەفــەرموێ: ﴿ وَقُلِ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكُمۡۖ فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡ ﴿٢٩﴾ ﴾، واتە: بڵـێ هـەق لـە پەروەردگارتانەوەیــە کـێ حــەز دەکـات بـا ئیمـان بێنـــێ، کـێش حـەز دەکـات بـا کــافر بــێ، (دەرفـــەتی هەردووکیان هەیە).

هەڵبەتــە ئـەوە کــە دەفـەرموێ: ﴿ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴾، هـەرچەنــدە بــە دڵنیــایـــی خـــوا ﷻ پێغـــەمبەری خـــوێ ﷺ لـــە هـــەموو کەســێك زیــاتر خۆشویســتوە، بــەڵام ئەویشـــی ئاگــادار کـردۆتـــەوە، کـــە نابـــێ شـتێك بکـات لـە نەفـامان بـێ، هەڵبەتـە نەیفـەرمووە: (فَلَا تَكُنْ جَاهِلًا) نەفـام مەبـە! یـان: (فَلَا تَجْهَلْ) نەفامیـــی مـەکــە بەڵکــو فەرموویـــەتی: ﴿ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴾، خــۆت ڕەگـــەڵ نەفــــامان مەخـــە، واتــە: تــۆ نەفــام نـــی، بـــەڵام هەڵویســـتێكو ڕەفتـارێکت نەبـێ، بچیــە ڕیــزی نەفامــانەوە.

مەســـەلەی چـــوارەم: کـە دەفـەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يَسۡتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسۡمَعُونَۘ وَٱلۡمَوۡتَىٰ يَبۡعَثُهُمُ ٱللَّهُ ثُمَّ إِلَيۡهِ يُرۡجَعُونَ ﴾، (إِنَّمَا) لــە زمـانی عەرەبیـــدا پێــی دەگـوترێ (أَدَاةُ الحَصْـر والإِثْبَـات) ئـامرازی کـورت هـەڵهێنانو چەسـپاندن، خــوا دەفـەرموێ: بێگومـان تـەنیا ئەوانــە وەڵام دەدەنــەوەو بــە دەنگــەوە دێـــن، کــە دەبیســـتن، مردووەکـانیش خـــوا زیندوویان دەکـاتەوە، پاشان دەگێڕدرێنەوە بۆ لای پەروەردگـاریان.

وشـەکــانی: (أَجَـابَ، اسْـتَجَابَ) هـەردووکیان یـەك مانایـان هەیــە، واتــە: وەڵامــی دایەوە، ئەدی جیاوازییان چییــە؟ لە زمانی عەرەبی دا هـەر کـات وشـەیەك پیتـەکانی

زیاتر بوون، ماناکەی بەهێزترە، بۆ وێنە: (سَمِعَ) واتە: بیستی، (اسْتَمَعَ) واتە: باش گوێی هەڵخست، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ الَّذِينَ يَسْمَعُونَ ﴾، (یجیب) واتە: وەڵام دەداتەوە، (یستجیب) مانای وەڵام دەداتەوەو قبووڵیشی دەکات، چونکە جاری وایە ئینسان وەڵامی شتێك دەداتەوە، بەڵام وەری ناگرێ، یەکێ بانگم دەکات دەڵێ: فلان کەس وەرە، دەڵێم: باشەو دەچم، بەڵام ئەو کارەی هەیەتی جێبەجێی ناکەم، ئەمە پێی دەگوترێ: (أجَاب) وەڵامی دایەوە، بەڵام ئەگەر بڵێی (استجَاب، يَسْتَجِيب) یانی: وەڵام دەداتەوەو ئەو داوایەی پێی دەگوترێ، جێبەجێی دەکات.

ئنجا خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ الَّذِينَ يَسْمَعُونَ ﴾، بێگومان هەر ئەوانەی دەبیستن وەڵامی داواکارییەکەی تۆ دەدەنەوە، کە وەرگرتنی هیدایەتی خوایە، ئایا لێرەدا (يَسْمَعُونَ) مانای چییە ؟ دوو جۆرە بیستنمان هەن :

أ/ بیستنێك هەیە کە تۆ هەر دەنگەکە دەبیستی.

ب/ بیستنێکی دیکە هەیە کە تۆ قبووڵیشی دەکەی.

واتە: بیستنی بە عەقڵو گوێ هەیە، وە بیستنی بە دڵ هەیە، لەگەڵ ئەوەدا کە بە گوێ دەیبیستی، بە دڵیش پەسەندی دەکەیو قبووڵی دەکەی، لێرەدا مەبەست پێی (سِمَاع قَلْبٍ وَقبُول) بیستنی بە دڵو قبووڵ کردنە.

دەربارەی وشەی (موتى) کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ الَّذِينَ يَسْمَعُونَ وَالْمَوْتَى يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ ثُمَّ إِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴾، بێگومان مەبەست پێی مردووانی مەعنەوییە بۆچی؟ چونکە ئەوانەی کە دەبیستن، دڵێکی زیندوویان هەیە، بەڵام ئەوانەی کە نابیستن، مردوون. کە بێگومان مەبەست مردنی جەستەیی نیە، بەڵکو مەبەست پێی کەسێکە دڵەکەی مردووبێ، ڕووحەکەی مردوو بێ، ئەوانە مەگەر خوای پەروەردگار لە قیامەتی زیندوویان بکاتەوە، ئەگەرنا ئەوانە بە مردنی مەعنەویی مردوون، ماوەتەوە بە جەستەش بمرنو بچنە ژێر زەوی،

بـەڵام لـە ڕووی ڕووحیـیو مەعنەویـیـەوە مـردوون، وەك بەشـەرێك مـردوون، تەنیـا وەك كەلەش ماونو مردووی بەشی زینـدووی خـۆرن.

وە لە زمـانی عەرەبیـدا: وشـەی (موتی) لەگـەڵ (أموات) لەگەڵ (مَیّتون) لەگەڵ (مَیْتُون) هـەموویان بـە مانـای مـردووان دێـن، تاكـی ئەمانـە چییـە؟ تاكەكەیـان (مَیْت، مَیِّت)ە، كـە لـە قورئانـدا هـاتوە: ﴿ إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾الزمـر، وە خوێنـراوەتەوەش (إِنَّكَ مَيْـتٌ وَإِنَّهُم مَيْـتُـونَ) (مَیِّتون) كـۆی (مَیّت)ە، وە (مَیْتون) كـۆی (مَیْت)ە، هەمووشـی بە مانـای مـردوویە.

مەسـەلـەی پێـنـجـەم: كە دەفـەرموێ: ﴿ وَقَالُواْ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦۚ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يُنَزِّلَ ءَايَةً وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، (كافرەكـان، هـاوبەش بۆ خـوا دانەرەكـان) گوتیان: دەبووایـە لـە پەروەردگارییـەوە نیشـانـەیەكی بـۆ دابەزێنرابایـە، مەبەسـتیان لـە نیشـانە یـانی موعجـیزیەك، یـان بەڵگەیـەك، وەك ئـەوەی بـە پێغـەمبەرانی پێشوو دراوە (صەڵاتو سەلامی خوایان لەسەر بێ)، وەك لـە سـوورەتی (الأنبیـاء)دا خـوای زانـا دەفەرموێ: ﴿ فَلْيَأْتِنَا بِـَٔايَةٍ كَمَآ أُرْسِلَ ٱلْأَوَّلُونَ ﴿٥﴾ ﴾، واتـە: بـا بەڵگـەو نیشـانەیەكمان بـۆ بێنـێ، وەك ئەوانـەی پێشـوو ڕەوانـە كـراون، بەڵگەی بەرهەسـتو زەقیان هەبووە.

بەڵام قورئـان بەڵگەیـەكی عەقڵیـیو فیكـرییو عیلمیـی یە.

حیكمـەتی موعجـیزەبوونـی قورئـان بۆ پێغـەمبـەری خـاتەم ﷺ

كە دەفـەرموێ: ﴿ وَقَالُواْ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ ﴾، ئایا وشـەی (آیـة) یـانی چـی؟

بە مانای بەڵگـەو نیشانەو موعجیـزە دێ، چونكە پێشتر باسـمان كـرد: ئایـەت لـە قورئانـدا چـەند واتایـەكی هـەن: بـە مانـای موعجیـزە دێ، وە بـە مانـای ڕووداوێكـی مێژوویـی دێ، وە بـە مانـای دیـاردەو دیمەنـە سروشـتییەكان دێ، كـە خـوا دروسـتی

کردوون، وە بە مانای ڕستەکانی قورئان دێ، بەڵام لێرەدا بە پێی سیاقی ئایەتەکە، هەموومان دەزانین مەبەستیان پێی موعجیزەیەکە، وەك هی پێغەمبەرانی پێشوو، خوای زاناو توانا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يُنَزِّلَ ءَايَةً ﴾، بڵێ: بێگومان خوا ﷻ تواناداره کە نیشانەیەك، موعجیزەیەکی ئاوا بنێرێتە خوار، ئەدی بۆچی وا ناکات؟ لەبەرئەوەی خوا کاربەجێیە، شتی بێجێ ناکات.

خوا ﷻ پڕ بە پێستی پێداویستی مرۆڤەکان مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکات، پاشان دەفەرموێ: ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾، بەڵام زۆربەیان نازانن، زۆربەیان نازانن مانای چی؟ تەماشای زۆر لە تەفسیرەکانم کرد، هی هەمووانم کۆکردۆتەوەو، دەگونجێ ئەم (بەڵام زۆربەیان نازانن) مەبەست پێی چەند شتێك بێ:

١/ زۆربەیان نازانن کە ئەگەر خوا موعجیزەو بەڵگەی وەك هی پێغەمبەرانی پێشوو (عَلَيهِمِ الصَّلاةُ وَالسَّلاَم) بۆ پێغەمبەری خاتەم بنێرێ، وە ئەوانیش ئیمانی پێ نەهێنن، وەك چۆن ئوممەتانی پێشووی لەبەین بردوون، کە ئیمانیان بە موعجیزەکانی پێغەمبەرەکانیان نەهێناوە، ئەوانیش لەبەین دەبات، بەڵام کە ئەوان نازانن، خوا دەزانێ، بۆیە بە نەزانینی وان ناکات.

٢/ زۆربەیان نازانن کە قورئان بەسە بۆ ئیسپاتی پێغەمبەرایەتیی موحەممەد ﷺ، بۆچی دەفەرموێ زۆربەیان نازانن؟ چونکە ئەوانەی کە زۆر شارەزاو زۆرزان بوون و سیاسیەتمەدار بوون، ئەوانەی کە تێگەیشتنی وردیان هەبوو، دەیانزانی کە قورئان موعجیزەیە، وەك پێشتر باسمان کردووەو دواتریش باسی دەکەین، دەیانزانی کە قورئان موحەممەد ﷺ داینەناوە، وە دەیانزانی کە فەرمایشتی خوایە، کەواتە: کەمێکیان دەیانزانی کە قورئان موعجیزەو بەڵگەیە.

٣/ زۆربەیان نازانن کە بەشەر قۆناغی ساوایی هەڵبواردووە، ئێستا گەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشتن، بەشەر هەتا لە قۆناغێکی ساوادا بووە، موعجیزەی بەرهەستی بۆ هاتوە، بۆ وێنە: منداڵ بەچی زیاتر موعجەب دەبێ؟ بەو شتانەی کە شتی بەرهەستن، هەتا تەمەنی بچووکتر بێ، پێویستی بە شتی

بەرهەست زیاترە، بووکە شووشە، سەیارە، دوایی کە وردە وردە گەورە دەبێ، یاریی فیکریی دەکات، دوایی وردە وردە گەورەتر دەبێ ... هەروەها، بەشەریش کە لە قۆناغی ساوایی دا بووە، خوای پەروەردگار بۆ ئیسپاتی ڕاستیی پێغەمبەرەکان (عَلَیهِمِ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) موعجیزەو بەڵگەی بەرهەستی ناردوون، بۆئەوەی کە لەگەڵ قۆناغی ئەو کاتی مرۆڤایەتیی دا بگونجێن، بەڵام دوای ئەوەی مرۆڤ گەیشتۆتە قۆناغی کامڵ بوون و ڕوشد، موعجیزەیەکی عەقڵیی و فیکریی و ئەدەبیی بۆ نێردراوە، کە قورئانە، کە بە عەقڵ دەرك دەکرێ، نەك بە هەستەکان.

٤/ زۆربەیان نازانن کە بیانووگرتن، ڕێی ئیمان هێنان نییە، وە بیانووگرتن کۆتایی پێ نایەت، ئەگەر بۆ کافرەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ شتێکی ناردبایە، کافرەکانی ئێستاش دەیانگوت: شتێکیش بۆ ئێمە بنێرە، هەتا ئیمان بێنین !.

٥/ زۆربەیان نازانن کە دەبێ ئیمان بە پەنهان (غیب) بێ، بەڵام کاتێك شتەکان دەبنە بەرهەست و بەرجەستە، ئەو کاتە ئیمان هێنان ئازایەتیی نابێ.

شایانی باسیشە خوا ﷻ بۆ قۆناغەکانی پێشووی ژیانی بەشەر، لە سەردەمی هەر پێغەمبەرێکدا، چ شتێك باوو بووبێ، بەڵگەو موعجیزەی ئەو پێغەمبەرە لەو شێوەیە بووە کە باو بووە:

١) لە سەردەمی مووسادا (علیه السلام) جادوو باوبووە، خوای پەروەردگار موعجیزەیەکی بۆ ناردوە، کە هەرچی جادووگەرە بۆڕی بدات، موعجیزە بووە، بەڵام لە شێوەی جادوودا بووە.

٢) هەروەها لە سەردەمی عیسادا (علیه السلام) لەو شوێنەی کە ئەو لەوێ بووە، زانستی پزیشکگەریی باوبووە، بۆیە موعجیزەکانی عیسا (علیه السلام) لەو بوارەدا بوون، بۆ وێنە: مردووی زیندووکردۆتەوە، کوێری زگماك و لاڵی زگماك و، نەخۆشیی بەڵەك و ئەوانەی چاك کردۆتەوە، کە تا ئێستاش زانستی پزیشکیی ناتوانێ ئەوانە چاك بکاتەوە، باڵندەی لە قوڕێ دروستکردوە، فووی پێدا کردوە، بووەتە باڵندە، هیچ کەس ناتوانێ شتی وا بکات، ئەوە بەڵگە بووە لەسەر

ئـەوەی کـە عیسا (علیـه السـلام) پێغـەمبەری خـوایە، چـونکە پـێش هـەموو پزیشـکەکان کەوتۆتـەوە.

٣) هەروەها لە سەردەمی هەر پێغەمبەرێکدا زانایان دەڵێن: چ شتێك زۆر باوبووە، خەڵـك بـە چ شـتێك زۆر سەرسـام و موعجـەب بـوون، خـوای کاربـەجێ موعجیزەیەکی داوە بە پێغەمبەری ئەو ڕۆژگارە، کـە بـە مەسافەیەکی زۆر پـێش هەموو خەڵك بکەوێتـەوەو، هیـچ کەس نەتوانێ شتی وابکات، تاکـو بـزانن ئـەوە لـە خـواوەیـە، وە لـە سـەردەمی پێغـەمبەری خاتـەم ﷺ دا، جارێ لـەو ژینگەیـەی یەکەم دا کە تێیدا بووە، کە نیـوە دوورگەی عەرەبیی بووە، زانستی ڕەوانبێـژیی و قسـەزانیی بـاوبـووە، عـەرەب گـەورەترین هونـەریان بریتـی بـوو، لـە شـیعرو پەخشـان و وتـاردان، خـوای زانـاو توانـاش قورئـانی نـارد، وەك موعجیزەیـەکی ئەدەبیی کە هەرچی شاعیرو ئەدیب هەبوون، بـۆری دان.

پاشـان ئۆممـەتی پێغـەمبەر ﷺ خـوای پەروەردگـار زانیویـەتی لـە دوا قۆنـاغی ژیانی بەشـەردا، بەشەر زۆر بەرەو پێشـەوە دەچێ لـە ڕووی زانستیی و فیکرییـەوە، لە هەموو بوارەکانی ژیانـدا، بۆیە قورئانێکی ناردوە لە هەر ڕوویێکەوە تـۆ تەماشای بکـەی، موعجیـزەیە، لـە ڕووی: گـەردوون ناسیی و فیزیـاو کیمیـاو زەوی ناسـیی و زینـدەوەرزانیی و ڕووەکناسـیی و مێژووناسـیی و پزیشـکگەریی و یاسـاناسـیی و... هتـد، وێـڕای ڕووی ڕەوانبێـژیی و، لـە هـەر ڕوویێکـەوە تـۆ تەماشـای قورئـان دەکـەی، موعجیـزەیە[1]، بێگومان ئێمە ناڵێین قورئان کتێبـی هەموو شـتێکە، بەڵکـو تەنیـا ئاماژەی تێـدایە لە هـەر کام لـەم بوارانـەدا، کـە هەر کەسێك پسـپۆریی تێیـدابوو تەماشـای قورئـان بکـات، لە قورئـانـدا ئامـاژەی وا دەبینێتـەوە، کە دڵـنیا بـێ، ئـەم قورئـانە کەسێك ناردوویـەتی، کە ئێسـتای دیوەو بـۆ ئێستاش قسەی کـردوە، نـەك تەنیـا بـۆ هـەزارو چوار سـەد (١٤٠٠)و ئەوەنـدە سـاڵە لەمەوبـەر! ئنجـا زاتێك بـۆ ڕابردوو و ئێستاو بۆ دوای ئێستاش قسـە بکات، دیارە خوایـە ﷻ، چـونکە بەشـەر بـۆ کاتی خـۆی قسـە دەکـات، بـۆ ڕۆژگـاری خـۆی قسـە دەکـات، بـەڵام خـوا ﷻ بـۆ

---

[1]) وەك پێشـتریش گوتـم: لـە بەرگـی سـێیەمی کتێبـی: (الإسـلام كـما يتجلّـى فـي كـتـاب الله) بـاسـی ڕووە جۆراوجۆرەکانی ئیعجازی قورئـانم کردوە بە تایبـەت لە ڕووی ئیعجازی زانستییـەوە سـی (٣٠) نـموونـەم هێناونەوە.

ئێستاش‌و بۆ دوای ئێستاش‌و، بۆ ئەوكاتەیش فەرمایشتی فەرمووە، بۆیە خوا ﷻ موعجیزەیەكی ئاوای داوەتە پێغەمبەری خاتەم ﷺ كە ئۆممەتەكەیشی دوای خۆی پەكیان نەكەوێ لە بەڵگەدا، ئێستا ئێمە وەك پێغەمبەری خاتەم تەحەددای كافرەكانی ڕۆژگاری خۆمان دەكەین، بەم قورئانە، دەڵێین: فەرمووون: ئەم قورئانە بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرایەتیی موحەممەد ﷺ كێ دەڵێ: وانیە، مشكان مەیدان نەكێلاوە! ئێوەش وێنەی ئەم قورئانە بێنن، نەتانتوانی، فەرموون: وێنەی دە سوورەت بێنن، هەر نەتانتوانی، فەرموون: وێنەی سوورەتێك بێنن! بەڵام هەر كەسێك دەیەوێ كاری وابكات با یەكەم: شارەزایی هەبێ لە زمانی عەرەبیی دا، پاشان بزانێ ئەم قورئانە چی تێدایە، نەك وەك موسەیلیمەی درۆزن (مُسَيْلمة الكذاب) شتێك بلێ، دوایی بیێتە جێی گاڵتەجاڕیی‌و پێكەنین، كە بە حیساب لاسایی قورئانی كردۆتەوە ! لە قورئاندا سوورەتی (الفيل) هەیە كە خوا دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَٰبِ ٱلْفِيلِ ۝١ أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِى تَضْلِيلٍ ۝٢ وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ ۝٣ تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ ۝٤ فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍۭ ۝٥ ﴾.

ئەویش (مُسَيْلمة) هەڵسا شتێكی دانا كە دەڵێ: (الفِيلُ مَا الفِيلُ؟ وَمَا أدْرَاكَ مَا الفِيل. لَهُ أذنان عريضان وَخُرطُومٌ طَوِيل) كە منداڵێكیش دەتوانێ وابڵێ، واتە: فیل، فیل چییە؟ تۆ چووزانی فیل چییە؟ دوو گوێی پان‌و لووتێكی درێژی هەیە.

هەڵبەتە ئەمە هیچ نیە، بەڵام سوورەتەكانی قورئان بەرنامەن، وە سوورەتەكانی قورئان نهێنییەكانی ئاسمان‌و زەوییان تێدان، بە هەر حاڵ ئەم باسە زۆر دوورو درێژە‌و، ئێمە بەم ئەندازەیە وازی لێدێنین.

<u>**مەسەلەی شەشەم:**</u> كە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم ﴾، واتە: هیچ زیندەوەرێك لە زەوی دا نیە، وە هیچ باڵندەیەك بە دوو باڵەكانی نافڕێ، مەگەر كۆمەڵانێكن وەك ئێوە.

یەكێك بۆی هەیە، بڵێ: ئەم ئایەتە چۆن پەیوەست دەبێتەوە بە ئایەتەكانی پێشەوە، ئەوان باسی دابەزاندنی موعجیزەو بەڵگە دەكەن، بۆ ئیسپاتی پێغەمبەراتیی موحەممەد ﷺ، بەلام لەم ئایەتەدا خوای پەروەردگار سەرنجیان ڕادەكێشێ بۆ ئەوە كە هیچ زیندەوەرێك لە زەوی دا نیە، وە هیچ باڵندەیەك نافڕێ، مەگەر ئەوانیش كۆمەڵن، وەك ئێوە؟!

لێكۆڵەوەران لە ماناو مەبەستەكانی قورئان، (مُفَسِّرون) سێ وەڵامیان داناوە، منیش یەكی دیكەم لێ زیادكردن، كە یەكەمیانە:

<u>یەكەم</u>: واتە: ڕێكوپێكیی لە ژیانی گیانداراندا بەڵگەی هەبوونی حیكمەتە لەپشت ئەم بوونەوەرەوە، كەواتە: ئەی كافرەكان! ئێوە بۆیە بڕوا بەوە ناكەن كە خوا پێغەمبەرێ بنێرێو، كتێبو بەرنامەی پێدا بنێرێ، چونكە پێتان وایە كە خوا مشووری لە ئێوە نەخواردووە، هەقی بەسەر ئێوەوە نیە، وەك عەلمانییەكانی ئێستاش وادەڵێن، دەڵێن: خوا هەقی بەسەر ژیانی ئێمەوە نیە، بۆخۆمان ژیانی خۆمان ڕێك دەخەین ! ئنجا خوا سەرنجیان ڕادەكێشێو دەفەرموێ: ئێوە هەر خۆتان نین لەسەر ئەم زەوییە، تەماشای هەرچی زیندەوەرە بكەن، تەماشای مێروولەو مۆرانەو هەنگو پەپوولەو هەرچی زیندەوەرە دەكەی، پاشان بچۆ بۆ شتی گەورەتر باڵندەو پەڕندەكان، چ هی بچووكیان وەك پەڕەسێلكە، چ هی گەورەیان، وەك قازو مراویی، پاشان ئاژەڵەكان، ئنجا دڕندەكان، هەرچی تەماشای دەكەی. دەبینی ئەوانیش ئۆممەتنو، ڕێكوپێكیی لە ژیانیاندا هەیە، هێلانە چۆن دروست دەكەن؟ بەچكەكانیان چۆن بەخێو دەكەن؟ چۆن گەرمیانو كوێستان دەكەن؟ چۆن لەنێو دەریاكاندا هاموشۆ دەكەن؟

دەڵێن: هەندێك جۆرە نەهەنگ یان ماسی هەیە، بۆ دانانی گەرایەكەی خۆی، چەندان فەرسەخ دەڕوات، سەدان كیلۆمەتر دەبڕێ، ئەو شوێنەی كە لێیەتی، بۆ نموونە: ساردە، ئەگەر گەراكەی ئەگەر لەوێ دابنێ، دەفەوتێ، دەچێ سەدان كیلۆمەتر دەبڕێ، دەچێ بۆ شوێنێكی گەرم، لەوێ گەرا دادەنێ، ئەو گەرایانە لەوێ دەترووكێنو دەبنە ماسی، وە لەو سەدان كیلۆمەترەوە دێنەوەو شوێنی خۆیانو پێ دەزاننەوە، چونكە لەوێ ناژینو

گەرمێنە، دێنەوە ئەو شوێنەی کە دایکیان لەوێ بووە، بێئەوەی هیچ کەس دەستیان بگرێ! هەروەها زۆر جۆرە باڵندەش گەرمیانو کوێستان دەکەن.

وە هەنگ چەندان کیلۆمەتر دەڕوات، شیلەی گوڵان دەمژێو دوایی دێتەوە، ئنجا ئەو ڕێکوپێکییە لە ژیانی مێروودا هەیە، وە ئەوەی لە ژیانی هەنگدا هەیە، وە ئەوەی لە ژیانی پەلەوەرەکاندا هەیە، هەمووی سەرسوڕهێنەرە، مانای وایە ئەوانە هەموویان ئۆممەتن.

کەواتە: خوا تەنانەت باڵندەو مێروولەو هەنگو ئاژەڵو دڕندەشی پشت گوێ نەخستوە، بەڵکو بەرنامەی بۆ داناونو هیدایەتی داون، کەواتە: چۆن ئێوە پشتگوێ دەخات، ئەی بەشەر! بەڵکو پێغەمبەرتان بۆ دەنێرێ، وە کتێبیشیان پێدا دەنێرێ، بۆئەوەی ژیانی خۆتان بە شێوەیەکی وا کە خوا دەیەوێ، ڕێکبخەن، ئەوە چۆنیەتی پەیوەستبوونی ئەو ئایەتە بە ئایەتەکانی پێش خۆیەوە، کە زۆربەی توێژەروان لێیان گیربووەو تەماشای تەفسیرەکانم کردوە، هیچیانم نەبینی بەم شێوەیە پەیوەستی بکەنەوە.

<u>دووەم</u>: خوای دادگەرو کاربەجێ مادام لە مارو مێروو بێئاگا نەبووەو هیدایەتی داون، لە ئێوەش بێئاگا نییەو ئێوەش هیدایەت دەدات، وە ژیانی هەموو دروستکراوەکان، ڕێکوپێکیی تێدایە، ژیانی ئێوەش دەبێ ڕێکوپێکیی تێدابێ، ژیانی وان بە حوکمی غەریزەو یاسا کیمیاییو فیزیاییو جیۆلۆجییەکان، ڕێكو پێکیی تێدا دەبێ، بەڵام ژیانی ئێوە دەبێ بەهۆی هیدایەتی خواوە، ڕێکوپێکیی تێدابێ، ئەویش بەوجۆرە کە خوا پێغەمبەر بنێرێو کتێب دابەزێنێ.

<u>سێیەم</u>: بۆ ناسینی خوا، ئەو خوایەی کە ئەو پێغەمبەرەی ناردوە، کە موحەممەدە ﷺ، وە ئەو کتێبەی پێدا ناردوە، ئێوە سەرنجی کتێبی بوونەوەر بدەن، چونکە هەتا زیاتر تەماشای کتێبی بوونەوەر بکەن، خاوەنی ئەو کەونو کائیناتە زیاتر دەناسن، وە زیاتر چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکەن کە هیدایەتو بەرنامە بنێرێ، وە پێغەمبەر بنێرێ، تاکو ڕێنماییتان بکات، چونکە کافرەکانی ئەو کات، وە کافرەکانی ئێستاش دەڵێن: ئاخر چ پێویست

دەكات خوا كتێب بنێرێ! ئینسان عەقڵی هەیە؟ هەتا ئەوانەش كە خوا دەناسن دەڵێن: پێویست ناكات خوا دەست بخاتە كاروباری بەشەرەوە، بەشەر بۆخۆی كاری خۆی دەزانێ، خوا هێندە گەورەیە، هیچ پەیوەندیی بەو وردەكارییانەوە نیە!!، هەتا هەندێك لە فەیلەسووفەكانی یۆنان گوتوویانە: خوا زۆر لەوە گەورەترە، كە شتی گچكە گچكە بزانێ، بۆیە (أبو حامد الغزالي) لە كتێبی (تهافت الفلاسفة)دا یەكێك لەو هۆكارانەی فەیلەسووفەكانیان پێ كافر دەكات، ئەوەیە كە گوتوویانە: خوا زانیاریی بە وردەكارییەكان نیە، چونكە خوا زۆر لەوە گەورەترە، بزانێ مێروو چی دەخوات؟ ماسی بۆ كوێ دەڕوات؟ بەشەر چی دەكات و، چی دەخوات؟ خوا ئەوەی لێ ناوەشێتەوە، ئەو شتە وردانە بزانێ، ئەوانەی وایانگوتووە (أبو حامد الغزالي) لەبەرئەوە بە كافری داناون، ڕاستیش دەكات، چونكە خوا هەموو شتێك دەزانێ، وەك فەرموویەتی: ﴿ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ﴿٢٣١﴾ ﴾ البقرة، واتە: وە بزانن كە خوا هەموو شتێك دەزانێ، پاشان بۆ ئێمەی بەشەر وایە كە دەڵێین: ئەوە گچكەیە، ئەوە گەورەیە، ئەگەرنا ئەو ئیعجازەی لە مێروولەدا هەیە، هەر ئەویش لە فیلدا هەیە، خۆ بەشەر كە ناتوانێ فیل دروست بكات، مێروولەشی هەر پێ دروست ناكرێ، مێشوولەشی پێ دروست ناكرێ، بەڵكو ڤایرۆسێكیشیان پێ دروست ناكرێ، بەكتریایەكیان بۆ دروست ناكرێ، وەك چۆن شێرو پڵنگیان پێ دروست ناكرێ، وە وەك چۆن پارچە شاخێكیان بۆ دروست ناكرێ، گەردیلەیەكیشیان هەر پێ دروست ناكرێ.

كەواتە: لەڕاستییدا لە چاوی ئێمەی بەشەردا، ئەوە گچكەیەو ئەوە گەورەیە، ئەگەرنا ئەو نهێنییەی لە گچكەكاندا هەیە، هەر ئەوەش لە گەورەكاندا هەیە، وە ئەگەر دروستكرانی گەورەكان بە زەحمەتە، دروستكرانی گچكەكانیش بە زەحمەتە، بەڵكو بە زەحمەتتریشە.

چوارەم: چۆنیەتی پەیوەستبوونی ئەم ئایەتە بە ئایەتەكانی دیكەوە ئەوەیە كە:

خوا ﷻ باس دەكات، دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ ﴾ ، ئنجا مادام خوا پەلەوەرو زیندەوەرو دڕندەو ئاژەڵانیش كۆبكاتەوە لە قیامەت دا، دیارە

ئێوەی مرۆڤ لە پێشترن، کە حیسابو کیتابتان لەگەڵ بکرێو، کۆتان بکاتەوەو لێتان بپرسێتەوە، چونکە خوای دادگەر باسی کردوە، وەك دەفەرمووێ: ﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٖۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ ﴿٣٨﴾ ﴾، واتە: مادام ئەوان کۆبکاتەوە، ئێوەش کۆدەکاتەوە، کەواتە: ئاگاتان لێ بێ، ئیمان بە پێغەمبەر ﷺ بێنن‌و ئیمان بە کتێبەکەی بێنن، پێش ئەوەی لە قیامەتێ کۆتان بکاتەوەو، لێتان بپرسێتەوە، وە تووشی شەرمەزاریی‌و پەشێمانیی ببن.

مەسەلەی حەوتەم: کە دەفەرمووێ: ﴿ مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٖۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ ﴾، واتە: لە کتێبدا هیچ شتێکمان بەزایە نەداوە، وە دواییش بۆ لای پەروەردگاریان کۆدەکرێنەوە. لە تەفسیری ئەم رستەیەدا دوو خاڵ دەخەینەڕوو:

١/ ئایا مەبەست لە (الكتاب) چییە؟

أ- هەندێك دەڵێن: (الكتاب) مەبەست پێی قورئانە، واتە: لە قورئاندا هیچ شتێکمان بەزایە نەداوە، هەموو شتێکمان لە قورئاندا باسکردوە، یەکێك بۆی هەیە بڵێ: ئەدی بۆچی لە قورئاندا باسی تەکنۆلۆژیاو دروستکردنی سەیارەو فڕۆکەو تەلەفۆن‌و تەلەفزیۆن، نەکراوە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: کە خوا هیچ شتێکی فەرامۆش نەکردوە لە قورئاندا باسی بکات، کە ژیانی بەشەر پەکی لەسەری کەوتبێ، وە لە مەودای عەقڵی ئینساندا نەبێ، بەڵام ئەوەتا بەشەر کامێراو تەیارەو سەیارەو کۆمپیوتەر دروست دەکات، کەواتە: ئەمانە لە مەودای عەقڵی ئینساندان، ئەو شتەی کە ئینسان بۆخۆی پێی دەکرێ‌و عەقڵی پێ دەشکێ، خوا لە قورئاندا باسی نەکردوە، تەنیا ئەو شتانەی باسکردوون، کە لە مەودای عەقڵی بەشەردا نین، بەڵام ئەو شتانەی کە بەشەر بۆخۆی دەیانزانێ: چۆن نان دروست بکات؟ چۆن چێشت لێ بنێ؟ چۆن نەخۆش چارەسەر بکات؟ چۆن کەلوپەل دروست بکات؟ ئەمانە لە مەودای عەقڵی

بەشـەردان، کەواتـە: کـە دەفـەرموێ: ﴿ مَّا فَرَّطْنَا فِي ٱلْكِتَٰبِ مِن شَيْءٍ ﴾، هیچ شتێکمان لە کتێبدا بەزایە نەداوەو فەرامۆشمان نەکردووە، حەتمەن باسمان کردوە، یانی: ئەو شتانەی کە ژیانی بەشەر پەکی لەسەریان کەوتوەو، لە مەودای عەقڵی بەشەردا نین.

ب - وە هەندێك لە زانایان گوتوویانە: (الكِتَاب) یانی: (اللوح المحفوظ) واتە: لەوحی پارێزراو، واتە: ئەو دروستکراوەی کە خوای زانا هەموو زانیارییەکانی تێدا تۆمارکردوون، لەبارەی دروستکراوەکانیەوە.

٢/ دەربارەی ئەوە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ ﴾، زانایان سێ واتایان بۆ لێکداوەتەوە :

یەکەم: تێکڕای پەلەوەرو زیندەوەرو ئاژەڵو، هەموو ئەوانەی کە خوا دروستی کردوون، بۆ لای پەروەردگاریان لە دنیادا کۆدەکرێنەوە، کەی کۆدەکرێنەوە؟ لە کاتێکدا کە دنیا تێکدەچێ، وەك خوای پەروەردگار لە سوورەتی (تکویر)دا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا ٱلْوُحُوشُ حُشِرَتْ ۝٥ ﴾ التكوير، واتە: کاتێك ئاژەڵەکان کۆکرانەوە سەریەك، دیارە کۆکرانەوە سەریەکیان لە کاتێکدایە کە دنیا تێکدەچێ.

دووەم: یاخود مەبەست لە: ﴿ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ ﴾، واتە: بەرەو گۆڕەپانێك کە پەروەردگاریان بۆی دیاریی کردوون، بۆ لێپرسینەوەو سزاو پاداشت، ئەوانیش بۆ ئەوێ کۆدەکرێنەوە.

سێیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ ﴾، هەم کۆکردنەوەی دنیایی دەگەیەنێ، هەم هی قیامەتیش دەگەیەنێ، منیش ئەم رایەم پێ ڕاستە، پێشەوای توێژەرەوانی قورئان (أبو جعفر الطبري)یش لە تەفسیرەکەی خۆیدا لەوبارەوە دەڵێ: (كَانَ أَصْوَبُ القَوْلِ فِي ذَلِكَ أَنْ يُعَمَّ بِمَعْنَى الآيَةِ مَا عَمَّهُ اللهُ بظَاهِرِهَا وأن يُقَالُ: كُلُّ دَابَّةٍ وَكُلُّ طَائِرِ

مَحْشُورٌ إِلى اللهِ بَعْد الفَنَاء وَبَعْدَ بَعْث القِيَامَةِ، إِذْ كَانَ اللهُ تَعَالَى ذِكْرُهُ قَدْ عَمَّ بِقَوْلِه: ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ﴾، وَلَمْ يُخَصِّصْ بِهِ حَشْرًا دُونَ حَشْر)[1]، قسەكەی زۆر بەجێیە، وە پێشەوا (طبري) ئەو عادەتەی هەیە، هەمیشە هەوڵدەدات چەمكی ئایەتەكان فراوانتر بكات، كە دیارە هەر واشەو چەمكی ئایەتەكان وایە، دەبێ مرۆڤ لێكدانەوەیەكی فراوانیان بۆ بكات، دەڵێ: قسەی ڕاستتر لەمەدا ئەوەیە كە دەبێ مانای ئایەتەكە بگشتێنرێ، چۆن خوا مانای ڕواڵەتەكەی گشتاندوە، وە بگوترێ: هەر زیندەوەرێك و هەر باڵندەیەك بەرەو خوا كۆدەكرێتەوە، چ كاتێك دنیا بەرەو كۆتایی دێ و تێكدەچێ، چ دوای زیندووبوونەوە لە قیامەتدا، چونكە خوای بەرز ﷻ بەگشتی فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ﴾، بەرەو پەروەردگاریان كۆدەكرێنەوە، واتە: هەم لە دنیادا كۆدەكرێنەوە، هەم لە قیامەت دا.

لەوبارەوە ئەم فەرمایشتەش هەیە: ﴿عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: «لَتُؤَدُّنَّ الْحُقُوقَ إِلَى أَهْلِهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يُقَادَ لِلشَّاةِ الْجَلْحَاءِ مِنَ الشَّاةِ الْقَرْنَاءِ»﴾[2]، واتە: ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: مافەكان بۆ خاوەنی خۆیان دەگێڕدرێنەوە لە ڕۆژی قیامەتدا، تاكو تۆڵە دەستێنرێتەوە بۆ مەڕی بێ قۆچ، لە مەڕی قۆچدار. {لەوانەیە مەبەست پێی بزن بێ، چونكە وشەی (شاة) بۆ بزنیش بەكاردێ[3]، یاخود ئەو مەڕەی كە قۆچی هەیە لەو مەڕەی كە قۆچی نیە دەداتو، شەڕی پێ لەگەڵ دەكات}.

---

١) جامع البيان، ج٧، ص٢٠٠، ٢٠١.

٢) أَخْرَجَهُ أَحْمَدُ بِرقم: (٧٢٠٣)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (٢٥٨٢)، وَالتِّرمِذِيُّ بِرقم: (٢٤٢٠) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٧٣٦٣) قَالَ شُعيب الأرنؤوط: إِسنادُهُ صَحِيح.

٣) بڕوانە: المعجم الوسيط، ص ٥٠١، {الشاة، الواحدة من الصّفان المَعْزِ والظِّباءِ والبقر والنَّعام وحُمُر الوحش، يقال للذكر والأنثى، ج : شاء وشياه}.

لە فەرموودەیەکی دیکەدا هاتوە کە (الطبري) بە سەنەدی خۆی دەیگێڕێتەوە، لە تەفسیرەکەی دا: (حَدَّثَنا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الأَعْلَى، قَالَ، حَدَّثَنا مُحَمَّدُ بْنُ ثَوْر، عَنْ مَعْمَرٍ، عَنْ جَعْفَرِ بْنِ بَرْقَانَ، عَنْ يَزِيدَ بْنِ الأَصَمِّ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، رَضِيَ اللهُ عَنْهُ في قولِه: ﴿إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٖۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ ٣٨﴾، قَالَ: يَحْشُرُ اللهُ الخَلْقَ كُلَّهُم يَوْمَ القِيَامَةِ، البَهَائِمَ وَالدَّوَابَّ وَالطَّيرَ وَكُلَّ شَيءٍ، فَيبلغ مِن عَدلِ الله يَوْمَئِذٍ أَن يأْخُذَ لِلجَمَّاءِ مِنَ القَرْنَاءِ، ثُمَّ يَقُولُ:"كُونِي تُرَابًا"، فَلِذَلِكَ: ﴿وَيَقُولُ ٱلۡكَافِرُ يَٰلَيۡتَنِي كُنتُ تُرَٰبَۢا ٤٠﴾ النبأ)[1] واتە: ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: خوا ﷻ لە ڕۆژی دواییدا هەموو دروستکراوەکان کۆدەکاتەوە: ئاژەڵەکانو زیندەوەرەکانو باڵندەکانو هەرچی ژیاندارەو هەموو شتێك، هەتا دادگەریی خوا تەواو دەچەسپێ بەشێوەیەك کە هەقی بێ قۆچ لە قۆچدار دەکرێتەوە، دوایی خوا ﷻ دەفەرموێ: ببنەوە بە گڵ، ئەوە ئەو کاتەیە کە خوای بەرز لەسەر زمانی بابای کافر دەفەرموێ: ﴿وَيَقُولُ ٱلۡكَافِرُ يَٰلَيۡتَنِي كُنتُ تُرَٰبَۢا ٤٠﴾، واتە: کافر لەو ڕۆژەدا دەڵێ: خۆزگە گڵ بوومایە، (کە دەبینێ ئاژەڵو باڵندەو پەلەوەرەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێ، لەسەر ئەوەی کە لەنێو خۆیان دا زوڵمیان لە یەکدی کردوە، بێگومان ئەوانە ناچنە بەهەشتو دۆزەخ خوا دەفەرموێ: ببنەوە گڵ، کافر لەوکاتەدا خۆزگە بەوان دەخوازێ، دەڵێ: ئەگەر منیش وەك وان ئاژەڵو ماڵات بام، ئێستا ڕزگارم دەبووو نەدەچوومە دۆزەخێ).

---

١) قال محقق (تفسير الطبري): جعفر بن برقان الكلابي: ثقة، و"يزيد بن الأصم بن عبيد البكائي": تابعي ثقة، وهذا الخبر رواه الحاكم في المستدرك ج٢، ص٣١٦، من طريق عبدالرزاق، عن معمر، عن جعفر الجذري، عن يزيد بن الأصم، وقال: "جعفر الجذري هذا، هو ابن برقان، قد احتج به مسلم، وهو صحيح على شرطه، ولم يخرجاه"، ووافقه الذهبي، وخرجه إبن كثير في تفسيره ج٣، ص٣٠٨، ٣٠٩، ثم قال: "وقد روي هذا مرفوعًا في حديث الصور". وخرجه السيوطي في الدر المنثور ٣: ١١، وزاد نسبته لأبي عبيد، وابن المنذر، وابن أبي حاتم.

هەڵبــەتە هەندێـك لە زانـايـانيش دەڵێن: ســزاو پاداشت تەنيا بۆ مرۆڤــو جنـدەو بـۆ باڵنــدەو ئـاژەڵ ژیانـداران نیــە، بــەڵام ئەوەتــا فەرمایشــتەکەی پێغــەمبەر ﷺ مانايەکــەی زۆر ڕوونــە، هەڵبەتــە ئــەوان دەڵــێن فەرموودەکــەی پێغــەمبەر ﷺ مەبەستی تەشـبیهە، یـانی: ئەگەر گریمـان بزنێکــی قۆچــدار زوڵــمی لـە مەڕێـکی بــێ قــۆچ کردبــێ، خــوای دادگــەر تۆڵــەی لــێ دەسـتێنێــتەوە، ئـەوان وای تـەئویل دەکـەن، ئنجا بـە هـەر حــاڵ ئـەوە یەکـێك نیـە لەو مەسـەلانەی ئەگـەر کەسـێك بڵــێ: وایـە یــان وا نیــە، پێـی لـە بازنـەی ئیسـلام بچێتــە دەرێو بــواری تێـدايە زانـايـان قسـەی لـەبارەوە بکـەن.

مەســــەلەی هەشـــــتەم: کـــە دەفـــەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا صُمٌّ وَبُكۡمٌ فِي ٱلظُّلُمَٰتِۗ ... ﴾، وە ئەوانـەی ئایەتـەکانی ئێمـە بـە درۆ دادەنـێن، کـەڕو لاڵـن لـە تاریکاییـاندان، واتە: عەقڵو گـوێو زمانیان لەکـارخستوە بەهـۆی گوناهەکانیـانەوە، ئەو هەستەوەرانەی خۆیـان لەکارخســتوە، بـە جۆرێـك کـە هـەر نەیانبــن، کەسـێك گوێی خۆی بەکار نەهێنــێ بـۆ بیستنی قسـەی هەق، جیاوازیی چییە لەگەڵ بابـای کـەڕدا؟ وە کەســێك چـاوی خـۆی بەکارهێنــێ بـۆ بینینــی هەق، جیاوازیی چییە لەگەڵ کوێردا؟ وە کەسێك زمانی خۆی بەکارنەهێنێ بۆ قسەی هەق، جیاوازیی چییە لەگـەڵ کەسـێکی لاڵ دا؟ وە کەســێك عەقڵــی خــۆی بەکارنەهێنــێ بـۆ تێگەیشـتنی ئایەتـەکان، جیـاوازیی چییـە لەگـەڵ بابـای بـێ عەقڵ دا؟.

مەســەلەی نۆیــەمو کۆتــایی: کـە دەفـەرموێ: ﴿ ...مَن يَشَإِ ٱللَّهُ يُضۡلِلۡهُ وَمَن يَشَأۡ يَجۡعَلۡهُ عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٣٩﴾ ﴾، واتــە: هـەر کەسـێك خــوا بیــەوێ گــومڕای دەکـات، وە هەر کەسێکی بـوێ دەیخـاتە سـەر ڕێـی ڕاسـت.

پێشـتـریش باسـمان کرد، لەو شـوێنـانەدا کە خـوای تـاكو پـاك بـە ڕەهایی بـاس دەکات، کە هەر کەسێکی بوێ، گومـڕای دەکـات، وە هەر کەســێکی بـوێ، هیـدایەتــی دەدات، مەبەسـت ئەوە نیــە کـە خوا لـەگۆترە وادەکـات، وە مەبەستیشـی ئـەوە نیـە ئەگـەر کەسـێك هیـدايـەتی بــوێ، هـەر گـومڕای بکـات! یـان هـەر کەسـێك بیـەوێ

گومڕابێ، خوا بەتۆبزیی ملی پێ بسووڕێنێو هیدایەتی بدات، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە ویستی خوا ڕەهایە، بەڵام ویستی ڕەهای خوا، بەپێی حیکمەتی خۆیو، بەپێی زانستی ڕەهای خۆی کار دەکات، سیفەتەکانی خوا هەموویان پێکەوە کاردەکەن، با تەماشا بکەین خوای پەروەردگار کێ گومڕا دەکات؟ خوا دەفەرمووێ: ﴿وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَ ٢٧﴾ إبراهيم، واتە: خوا ستەمکاران گومڕا دەکات، وە هەروەها دەفەرمووێ: ﴿وَمَا يُضِلُّ بِهِۦٓ إِلَّا ٱلْفَٰسِقِينَ ٢٦﴾ البقرة، واتە: وە سەرپێچییکاران نەبێ گومڕا نابن.

ئەدی خوا کێ هیدایەت دەدات؟ خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿وَيَهْدِيٓ إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ ١٣﴾ الشورى، وە دەفەرمووێ: ﴿وَيَهْدِيٓ إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ ٢٧﴾ الرعد، کەسێك کە بەرەو لای خوا دەگەڕێتەوە، خوا هیدایەتی دەدات، مانای وایە تۆ ڕووی خۆت دەبێ لەدڵەوە وەچەرخێنی بۆ لای خوا، هەروەها لە سووڕەتی (المائدة)دا دەفەرمووێ: ﴿ يَهْدِى بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضْوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ وَيُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذْنِهِۦ وَيَهْدِيهِمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ١٦﴾، کەواتە: تۆ دەبێ وەرچەرخێیو جووڵە بکەی بەرەو لای خوا، ئنجا خوای پەروەردگاریش دەستت دەگرێ، بەڵام کەسێك لامل بێ بەرەو خوا، خوای کاربەجێ بەتۆبزیی نایهێنێتەوە، چونکە خوای دادگەر ویستوویەتی ئەو خەڵکە تاقی بکاتەوە، ئەوەش بەبێ ئازادییو سەرپشككردن مەیسەر نابێ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی پێنجەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە دە (١٠) ئایەت (٤٠ تا ٤٩) پێكدێ‌و، سێ جاران وشەی (قل)یان تێدا دووبارەبۆتەوە، سوورِگەی ئەم ئایەتانەش بریتیە لە هۆشداریی دانە كافرەكان، لەسەر زمانی پێغەمبەری كۆتایی موحەممەد ﷺ كە ترسی هاتنی سزای خوا، یان هاتنی دوارِۆژیان هەبێ‌و، پشتێندی دڵنیایی لێنەكەنەوەو، پێیان وانەبێ دنیا شاری بێ خاوەنەو، هەرچی بكەن‌و هەر چۆن بكەن، هەر سەلامەت دەبن‌و وەك بەرزەكی بانان بۆی دەردەچن!

هەروەها خوای كاربەجێ ئاماژەیەكی خێرا دەكات بە سەرەنجامی شوومی بێبڕوایانی سەرپێچییكار، كە چۆن پاش جەربێنرانی جۆراوجۆرو، كەوتنیان لە تاقیكردنەوەی خوا، دووچاری سزای كتوپڕو سەخت بوون‌و، دوابڕاو بوون!

هەروەها خوا بە پێغەمبەرەكەی (موحەممەد) ﷺ دەفەرموێ: كە بە كافرەكان بڵێ: ئایا ئەگەر خوا هەستەوەرەكانی: بیستن‌و دیتن‌و عەقڵی لەبەین بردن، كێ بۆیان دەگێڕێتەوە؟ یان ئەگەر سزای خوا بە پەنهانیی، یان ئاشكرا هات، ئایا جگە لە ستەمكاران كێ لەبەین دەچێ؟!

وە لە كۆتاییدا خوای زاناو توانا، باسی ئامانجی نێررانی پێغەمبەران دەكات، كە مژدەدان‌و ترساندنی مرۆڤەكانەو، ئاماژەش بە سەرەنجامی هەر كام لە ئیماندارانی چاكسازییكەرو، بێبڕوایانی لادەر دەكات.

﴿ قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ ٱلسَّاعَةُ أَغَيْرَ ٱللَّهِ تَدْعُونَ إِن
كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٤٠﴾ بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ فَيَكْشِفُ مَا تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَآءَ وَتَنسَوْنَ مَا
تُشْرِكُونَ ﴿٤١﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَخَذْنَٰهُم بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمْ
يَتَضَرَّعُونَ ﴿٤٢﴾ فَلَوْلَآ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا۟ وَلَٰكِن قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ
ٱلشَّيْطَٰنُ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ
أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا۟ بِمَآ أُوتُوٓا۟ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴿٤٤﴾
فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ۚ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ ٱللَّهُ
سَمْعَكُمْ وَأَبْصَٰرَكُمْ وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم مَّنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِهِ ۗ ٱنظُرْ كَيْفَ
نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ ثُمَّ هُمْ يَصْدِفُونَ ﴿٤٦﴾ قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ بَغْتَةً
أَوْ جَهْرَةً هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٧﴾ وَمَا نُرْسِلُ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّا
مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ۖ فَمَنْ ءَامَنَ وَأَصْلَحَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٤٨﴾
وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَمَسُّهُمُ ٱلْعَذَابُ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾.

مانای وشــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((بڵـێ: ئایـا دەزانـن (یـان پـێم بڵـێن) ئەگـەر سزای خـواتان بـۆ هـات، یـان کـاتی دیارییکراو (ساعة) هـات، ئایـا ئەگـەر ئێوە لـە ڕاسـتانن (کە جگە لـە خـوا، شتێکی دیکە شایستەی پەرسـتـرانە) جگە لـە خـوا لـە کـەس دەپاڕێنـەوە؟ ﴿٤٠﴾ بەڵکو تەنیـا لەوی دەپاڕێنـەوە، ئنجـا ئەگەر ویستی، ئـەوەی بـۆی لـە خـوا دەپاڕێنەوە، لایدەبـاتو، ئـەوەی دەیکەنـە هاوبـەش (بـۆ خـوا) فەرامۆشـی دەکـەن ﴿٤١﴾ بێگومـان پـێش تـۆش (پێغـەمبەرانمان) بۆ لای چەند کۆمەڵگایەك ناردن (ئنجا بـە مەبەسـتی تاقیکردنـەوە) گرفتـاریی‌و دەردەدارییمـان بەسـەر هێنـان، بـەڵکو بـلاڵـینەوەو ملکەچیی (بـۆ خـوا) پێشـان بـدەن ﴿٤٢﴾ دیـارە دەبووایـە کـە سـزای ئێمـەیان بـۆ دەهـات زەبوونییـان (بـۆ خوا) پێشـاندابایە، بەڵام (وایان نـەکرد، چونکە) دڵیـان سـەختو ڕەق بـوو، وە شـەیتان کردەوەکانیانی بـۆ ڕازاندبوونـەوە ﴿٤٣﴾ ئنجا کاتێـك ئـەوەی پێـی ئامۆژگـاریی کـرابوون، لەبیریـان کـرد، دەروازەی هەموو شـتێك (ی خێر)مـان لێکردنـەوە، (وە ئەمجـارە بـە خۆشـییان تاقیمان کردنەوەو مۆڵەتمان دان) هەتا کاتێك کە ئـەوەی پێیـان درابـوو (لـە نـازو نیعمـەت) پێی دڵخـۆش (و لەخۆبـایی) بـوون، لـە نـەکـاو گرتمـان، ئیـدی یەکسـەر نائومێدو تەمابڕاو بوون ﴿٤٤﴾ ئنجا سەرەنجام ئەو کۆمەڵەی ستەمیان کرد، دوایان بـڕا (و فەوتان) وە ستایش بـۆ خـوای پەروەردگـاری جیهانییـان ﴿٤٥﴾ بڵـێ: ئایـا دەزانـن (یان پێم بڵێن) ئەگەر خـوا بیستن‌و چاوەکانتانی لێوەرگرتن (و نەیهێشـتن)، وە مۆری بەسـەر دڵەکانتانەوە نا، جگە لە خـوا چ پەرسـتراوێك بۆتان دێنێتەوە؟ سەرنج بدە! چۆن چـۆنی ئایەتـەکانمانیان بـە شـێوەی جۆراوجـۆر بـۆ دەخەینـەڕوو، ئنجـا دوای ئـەوەش ئەوانـە لامل دەبـن! ﴿٤٦﴾ بڵـێ: پێم بڵـێن: (یان ئایا دەزانن) ئەگەر سزای خـواتان کتوپـڕ (و بـە پەنهـانیی) یـان بەئاشـکرا بـۆ هـات، ئایا جگـە لـە کۆمەڵـی سـتەمکاران، کـێ لەبەیـن دەچـێ؟ ﴿٤٧﴾ وە ئێمـە پێغـەمبەران تەنیـا بۆ ئەوە دەنێـرین، کە مـوژدەدەرو ترسـێنەر بن، جا هـەرکـەس ئیمـان بێنـێ‌و چاکسـازیی بکـات، ئـەوە نـە (بـۆ داهـاتوو) ترسـیان لەسەرە وە نـە (بۆ ڕابردوو) پـەژارە دادەگـرن ﴿٤٨﴾ وە ئەوانـەش کـە ئایەتـەکانمان بـە درۆ دەزانـن، بەهـۆی لاڕێ بوونیـانەوە، سـزاو ئـازاریان پێوە دەچەسـپێ ﴿٤٩﴾)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(أَرَءَيۡتَكُمۡ): واتە: (أخبروني، أو هل تعلمون) دوو واتای هەن: مانای هەواڵم پێبدەن، یاخود ئایا دەزانن؟

(بِٱلۡبَأۡسَآءِ): (البُؤس والبَأْسُ والبَأْسَاء: الشدّة والمكرُوه إلاّ أن البؤس في الفَقْرِ والحَرْب أَكْثَر، وَالبَأس والبَأْسَاء في النكاية) وشەی (بأْس، بُؤس، بأْسَاء) واتە: سەختییو نارەحەتیی، بەڵام وشەی (بؤس) زیاتر بۆ هەژارییو جەنگ بەكاردێ، وە وشەی (بأساء)یش بۆ تۆڵە لێكردنەوەو تەمبێكردن.

(وَٱلضَّرَّآءِ): لە (ضر)ەوە هاتوە، (الضُّرُّ: سُوءُ الْحَال، والضَّرَّآء عَكس السَّرَّآء)، (ضرّ) واتە: حاڵی ناخۆش، پێچەوانەی (السَّرَّآء)ە، واتە: خۆشیی، وە (بأْس) بە مانای تەنگاویی‌و ناخۆشیی دێ، وە بەمانای جەنگێك دێ كە ئینسان تێدا دەكەوێتە تەنگانە.

(يَتَضَرَّعُونَ): واتە: دەپارێنەوەو دەلاڵێنەوە، یاخود زەبوونیی‌و گەردنكەچیی دەردەبڕن (ضَرَعَ الرَّجُلُ: ضَعُفَ وَذَلَّ فَهُوَ ضَارِعٌ، وَضَرِعٌ، وَتَضَرَّعَ: أَظْهر الضراعة)، واتە: بێهێزبوونو زەبوونبوون، وە كەسێك زەبوون بووبێ، پێی دەگوترێ: (ضَارِعٌ و ضَرِعٌ) ملكەچو بێهێز، یان (وَتَضَرَّعَ) واتە ملكەچیی‌و زەبوونیی خۆی‌و بێدەرەتانیی خۆی، خستە ڕوو.

(قَسَتۡ): لە (قسوة)ەوە هاتوە، (القَسْوَةُ: غِلَظُ القَلْب، وَأَصلُهُ مِنْ حَجَرٍ قَاس)، (قَسْوَة) بریتیە لە دڵ ڕەقیی، (قَسَت قُلُوبُكُم) واتە: ئێوە مانان دڵتان ڕەق بوو، وە لە بنچینەدا لە بەردی ڕەقەوە هاتوە.

(فَرِحُواْ): (الفَرح: انْشرَاح الصَّدْرِ بلذّة عَاجلَة، وَأَكْثَر مَا يَكُونُ ذَلِكَ فِي اللَّذات البَدَنِيَّة وَالدنيَوِيَّة)، واتە: دڵتان خۆشبوو، (فرح): بریتیە لە سینە گوشادبوون،

بەهــۆی لــەززەتێكی زوو تێــپەڕەوە، وە بەزۆریــی بــۆ لــەززەتو خۆشــییە جەستەیی‌و دنیاییەكان بەكــاردێ.

(بَغۡتَةً): واته: كـتوپـڕ، (البَغْت، مُفَاجَأَة الشيء مِنْ حَيْثُ لا يَحْتَسِب)، واتـه: شــتێك كتـوپـڕ بـێ كه ئینسـان چـاوەڕوانی نەكـات.

(مُّبۡلِسُونَ): (الإِبْلاَس: الحـزْن الـمعتَرِض مِـنْ شِـدَّةِ البَـأْس، وَأَبْلَـسَ: سَكَتَ وَانْقَطَعَت حُجَّتَـه)، (مُبلِسُون): واتـه: نائومێـد بـوون، تەمـا بـڕا بـوون، یـاخود خەفـەتبار بوونێـك كـه ئینسـان هیچ تـەمای نەمـا بـێ، (أَبْلَس) بـه مانـای (سَكَـت)ش دێ، یـانـی: بـێدەنــگ بوو، یاخود قسـەی نەمـا.

(دَابِرُ): (الدَّابِـر: المتَـأَخِّـر)، واتـه: ئـەوەی كـه لــه دواوە دێ، جـا قـەومێك ئـەوەی دواییـان بفـەوتـێ، مانـای وایـه ئـەوەی پێشـێ، لە مێـژە فەوتـاوە!

(نُصَرِّفُ): (الصَّرْفُ: رَدُّ الشيء مِنْ حَالَةٍ إلى حَالَة أوْ إِبْدَاله بِغَيْره) (صَرْف) بریتیـه لـەوە كـە شتێك له حاڵێك بۆ حاڵێكەوە بگۆڕێ‌و شتێكی دیكه له شوێنی دابنـرێ، ﴿ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ ﴾، واته: ئایەتەكانمانیان بۆ جـۆراوجـۆر دەكـەین.

(يَصۡدِفُونَ): (صَدَفَ عَنْهُ: أعْرَضَ إعْرَاضاً شَدِيداً، يَجْرِي مَجْرَى الصَّدَفِ أَي المَيْلُ فِـي أَرجل الـبَعِير، أَو فـي الصـلابة كـصَدَفِ الجبَـل أي جَانِبه، أَو الصـدَف الَّـذِي يُخْـرَجُ مِـنَ البَحْـرِ) (يَصدِفُون): واتــه: ملــی تێدەكــەن‌و پشــتی تێدەكــەن، زۆر بەتوونــدیی بــه شــێوەیەك كــه وەك (صــدف)ە، (صدف)یـش بریتیـه لـه جـۆرە دەردێـك كـه تووشـی لاقـی حوشتــر دێ، نانووشـتێتەوە، یـاخود لاقـی ڕەق دەبـێ بەلایەكـدا مەیل دەكات، یـاخود (صدف) یـانی: پارچه شـاخێكی ڕەق، لایەك لـه چیـا، یــان ئـەو (صدف)ەی كـه لـه بەحــر دەردەهێنـرێ‌و گەوهـەری تێدایـه، زۆر ڕەقـه، دەبـێ بشـكـێنرێ.

(يَمَسُّهُمُ): (الـمسّ: كَـاللَّمْس لَكِـن اللَّمْـس قَـدْ يُقَـالُ لِطَلَـب الشـيء، وَإِنْ لَـمْ يوجـد والـمَسُّ يُقَالُ فِي كُلِّ مَا ينَال الإِنْسَان مِنْ أَذَىً) (يَمَسُّهُم): (مَسّ) و (لَمْس) وەك

یەکن، یانی پێوەنووسان، بەڵام (لَمْس) بۆ شتێك بەكاردێ با پەیداش نەبێ، (إلتَمَسَهُ) واتە: ویستی پەیدای بكات، با پەیداش نەبێ، بەڵام (مَسّ) بۆ شتێك بەكاردێ، كە تووشی ناڕەحەتییەك یان ئازارێك ببێ.

مانای گشتی ئایەتەکان

خوای پەروەردگار لە درێژەی ئەو ڕێنماییانەدا كە بۆ پێغەمبەر ﷺیان دەكات، دەربارەی چۆنیەتی وتووێژكردنی لەگەڵ كافرەكاندا، یاخود لەگەڵ بتپەرستو هاوبەش بۆ خوا دانەرەكاندا، دوای ئەوەی لە ئایەتەكانی پێشوودا، خوا ﷻ چەند شتێكی بە پێغەمبەر ﷺ فەرموون، بۆ چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵیان دا، وە چەند ڕاستییەكی پێ فەرموون، كە بیانخاتە بەرچاوی هاوبەش بۆ خوا دانەرەكان، ئنجا خوای دادگەر جەخت لەسەر هاتنی سزاو جەزرەبەی خۆی دەكاتەوە، چ لە دنیادا، چ لە دواڕۆژدا، جا ئەو سزاو جەزرەبەیە، چ لە بەڵاو نەخۆشییو ناخۆشییدا بەرجەستە بووبێ، چ لە هاتنی مەرگو مردندا، چ لە هاتنی قیامەتو ڕۆژی دوایی دا.

سەرەتا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ ٱلسَّاعَةُ أَغَيْرَ ٱللَّهِ تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾، پێیان بڵێ، بە كێ بڵێ؟ دیارە بە هەموو ئەوانەی كە بانگیان دەكات بۆ لای خواو بانگیان دەكات بۆ ئیمانو ئیسلام، بەڵام بە پێی سیاقی ئایەتەكان، وە بەپێی نێوەڕۆكی ئایەتەكان، كە لێیان ورد دەبینەوە، زیاتر مەبەست پێی هاوبەش بۆ خوا دانەرەكانە، چونكە بۆ وێنە: دوایی دەفەرموێ: ﴿ أَغَيْرَ ٱللَّهِ تَدْعُونَ ﴾، واتە: ئایا لە غەیری خوا دەپاڕێنەوە، ئەگەر بەڵایەكتان بۆ هات؟ ئنجا دیارە هاوبەش بۆ خوا دانەرەكانن كە لە غەیری خوا دەپاڕێنەوەو، جگە لە خوا دێننە ڕیزی خوا ﷻ، بۆیە دەڵێین: مەبەست لە دواندنی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئاڕاستەكردنو ڕێنمایی كردنی لەلایەن خواوە، لەم ئایەتانەدا، زیاتر بێ قسەكردنو دەمكوتكردنی هاوبەش بۆ خوا دانەرەكانە، دەفەرموێ: بڵێ: هەواڵم پێ بدەن (أرءیتَكُم) بە مانای هەواڵم پێ بدەن (أَخْبِروني) یان بە مانای: ئایا دەزانن، هەردوو واتاكەی هەن، واتە: ئایا دەزانن، یان هەواڵم پێ بدەن، ﴿ إِنَّ

أَتَىٰكُمۡ عَذَابُ ٱللَّهِ أَوۡ أَتَتۡكُمُ ٱلسَّاعَةُ ﴾، ئەگەر سزای خواو ئازاری خوا هات، یاخود ئەو کاتە هات کە دنیا تێکڕا وێران دەبێ، (ٱلسَّاعَةُ): واتە ئەو کاتەی کە دنیای تێکڕا تێدا کاول دەبێ، ئەو بوونەوەرە هەموو کۆتایی دێ، لاپەڕەی ئەم وجوودە هەڵدەدرێتەوەو، لاپەڕەیەکی تازە دەست پێدەکات، بڵێ: هەر کامێك لەو دووانە بێن، ﴿ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ تَدۡعُونَ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴾، ئایا لە جگە لە خوا دەپاڕێنەوەو، داوای دەربازبوونو قوتاربوون لە غەیری خوا دەکەن، ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن، ئایا لە غەیری خوا دەپاڕێنەوە لەو کاتەدا؟ دیارە وەڵامی پرسیارەکە لەنێو خۆیدایە، ئەو جۆرە پرسیارکردنە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێ: (الإستفهامُ الإنكاريُّ) پرسیارکردنی نکوولّیی لێکەرانە، واتە: وەڵامەکەی لەنێو خۆیدایەو، پرسیارکەر چاوەڕێی وەڵام لە پرسیارلێکراو ناکات، بڵێ: ئا، یان نا، ئەگەر من گوتم: ئایا ئەمە قورئان نیە؟ ئایا ئەمە مایکرۆفۆن نیە؟ ئایا ئەمە دەفتەر نیە؟ بەرانبەرەکەم ناتوانێ بڵێ: نا! دەبێ بڵێ: با، چونکە دیارە لەبەرچاویەتی.

مەبەست لە (عَذَابُ ٱللَّهِ) کە دەفەرموێ: (إِنۡ أَتَىٰكُمۡ عَذَابُ ٱللَّهِ) دەگونجێ هەژاریی و نەداریی بێ، دەگونجێ نەخۆشیی و ناخۆشیی بێ، وە دەگونجێ خەم و خەفەت بێ، یان هەر ڕووداوێکی ناخۆشبێ، لە دەوروبەرماندا، لە ژیانماندا، هەمووی دەگرێتەوە، دیارە (سَاعَة) یەکێکە لە ناوەکانی هاتنی ڕۆژی دوایی، واتە: تێکچوونی ئەم بوونەوەرە، چونکە ئەم بوونەوەرە، یاخود ڕۆژی دوایی، دوو قۆناغی سەرەکین:

١/ پێشێ تێکچوونی ئەو بوونەی ئێستا هەیە.

٢/ ئنجا دوایی هاتنی قۆناغی دووەم، کە بریتیە لە قۆناغی زیندووبوونەوەو لێپرسرانەوەو کۆکردنەوەی خەڵك و، پاشان دابەشکردنیان بەسەر بەهەشت و دۆزەخدا بەپێی ئیمان و کوفرو، چاکەو خراپەکانیان.

لێرەدا خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: کە ئەو پرسیارە نکوولّییکەرانە ئاڕاستەی کافرەکان و موشریکەکان بکات، بۆئەوەی بزانن کە ئەوانەی جگە لە خوا لێیان دەپاڕێنەوەو دەیانپەرستن، هیچ پاساوێکیان نیە، چونکە ئەگەر ئازارو سزایەك بێ، یاخود تێکچوونی دنیا بێ، یان هەر تەنگانەو ناڕەحەتییەك بێ، لە

غەیری خوا ناپاڕێنەوە، كەواتە: با وەك چۆن لە تەنگانەدا تەنیا خوا دەناسن، لە شێنەییش دا تەنیا ئەو بپەرستن، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ بَلۡ إِيَّاهُ تَدۡعُونَ ﴾، بەڵكو تەنیا لە خوا دەپاڕێنەوە، لە زمانی عەرەبیدا ئەگەر بەركار (مفعول بە) پێش كردار (فعل)و بكەر (فاعل) كەوت، كورت هەڵهێنان (حَصر) دەگەیەنێ، فەرموویەتی: (بَلۡ إِيَّاهُ تَدۡعُونَ) نەیفەرمووە: (بَلْ تَدْعُونَ إِيَّاهُ)، یان (بَلْ تَدْعُونَهُ) بەڵكو دەفەرموێ: بەڵكو تەنیا لەو دەپاڕێنەوە، تەنیا داوا لەو دەكەن، ﴿ فَيَكۡشِفُ مَا تَدۡعُونَ إِلَيۡهِ إِن شَآءَ ﴾، ئەو كاتە (خوا ﷻ) بیەوێ ئەوەی كە بۆی لە خوا دەپاڕێنەوە، لایدەبات، وەك چۆن پەردەیەك لەسەر شتێك لادەبەی، ئەو بەڵایەتان لێ لادەبات، ﴿ وَتَنسَوۡنَ مَا تُشۡرِكُونَ ﴾، وە ئەوانەی دەیانكەنە هاوبەش بۆ خوا، لەو كاتەدا لەبیرتان دەچنەوەو، فەرامۆشیان دەكەنو، وێڵیان دەكەن، من ئینسانی بێدینم بینیوە، گوتوویەتی: من بابایەكی ماركسیی و ماددیی و، خوانەناس بووم، ڕۆژێك لە ڕۆژان ناوی خوام بەسەر زاردا نەدەهات، بەڵام جارێك گرتیانمو فڕێیاندامە ژوورێكی تاریكەوە (ژێر زەمینێك) یەكەمین وشە كە هاتە سەر زارم گوتم: (یا اَللە)، منیش زۆر خۆمم پێ سەیر بوو!! باشە من لە ژیانمدا خوام نەناسیوە، ئەوە چی بوو؟! (بەڵێ، لە تەنگانەدا سروشتەكەت، ڕووحەكەت هاواری خاوەنەكەی خۆی دەكات، هاواری بەدیهێنەرەكەی خۆی دەكات)، گوتی: لەوكاتەوە زانیم ئەو ماركسیزمو ماددیگەراییە شتێكی پووچە، دیارە هەر لە حیزبەكەی خۆمدا مامەوە، بەڵام بۆم دەركەوت كە نكووڵیی كردن لەوەی كە بوونەوەرو كائیناتو ئینسان خاوەنێكی هەبێ، شتێكی پێچەوانەی عەقڵو فیترەتو زانستو واقیعە، بۆیە خوا لێرەدا دەفەرموێ: بەڵكو تەنیا لە خوا دەپاڕێنەوە، كە تووشی تەنگانە بوون، وە ئەگەر خوا ویستی ئەوەی كە بۆی دەپاڕێنەوە واتە: ئەو بەڵایە كە دەتانەوێ خوا لایبدا، لایدەداتو دەربازتان دەكات، وە ئەوانەش كە دەیانكەنە هاوبەش، لەبیرتان دەچنەوەو فەرامۆشیان دەكەنو وێڵیان دەكەن.

ئنجا خوای كاربەجێ سەرنجی هاوبەش بۆ خوا دانەرەكان بەتایبەت، وە مرۆڤەكان بەگشتی بۆ مێژوو ڕادەكێشێ ، پێشێ سەرنجی ڕاكێشان بۆ فیترەتی

خۆیان، لە دەروونو فیترەتی خۆتدا، کاتێك دەستت لە هەموو پچکان دەبڕێو، دەکەویە تەنگانەو ناڕەحەتییەوە، هاوار دەکەیە خوا، کەواتە: مادام لە تەنگانەدا هەر ئەو لە فریات دێو، هەر هاواو دەکەیە وی، لە شێنەییشدا هەر ئەو بپەرستە، وەك پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتێکدا بە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ دەفەرموێ: ﴿تَعرَّفْ إلَى اللهِ فِي الرَّخَاءِ يَعْرِفكَ فِي الشِّدَّةِ﴾[1] واتە: لە کاتی ئاسوودەییو فەرحانییدا خوا بناسە، خوێت بە خوا بناسێنە، وەك بەندەی باش، لە تەنگانانەو لە سەغڵەتییاندا دەتناسێ.

ئنجا سەرنجیان بۆ مێژوو ڕادەکێشێو دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ ﴾، وە بێگومان لەپێش تۆشدا ڕەوانەمان کرد بۆ لای چەند کۆمەڵێك، چی بۆ ڕەوانەکردن؟ پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) وە پەیامو بەرنامەی خۆی بۆ ڕەوانەکردن ﴿ فَأَخَذْنَٰهُم بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ ﴾، گرتمانن بە (بِٱلْبَأْسَآءِ) و (وَٱلضَّرَّآءِ) (البَأساء) - وەك پێشتر باسمان کرد لە شییکردنەوەی وشەکان دا -، واتە: ئەو حاڵە ناخۆشانەی پەیوەندییان بە دەرەوەی ئینسانەوە هەیە: بێ جێگەو ڕێگەیی، بێ نوێنیی، بێ خۆراکیی، هەژاریی قەرزاریی، ئەوانە هەموویان دەگرێتەوە، وە (الضراء)یش ئەو ناڕەحەتییانەن کە پەیوەندییان بە دەروونی ئینسانەوە هەیە، ئەو ناڕەحەتییانەی تووشی ئینسان دێنو دڵی پێیان تەنگ دەبێ، وەك: نەخۆشییو، ناخۆشییو گرفتو دڵەڕاوکە (ضراء) هەموویان دەگرێتەوە، دەفەرموێ: بە گرفتارییە دەرەکییو نێوخۆییەکان، گرتمانن. (لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ) بەڵکو بپاڕێنەوە، (تَضَرُّع): بریتییە لە دەرخستنی بێهێزیی لە بەرانبەر خوادا، یانی پاڕانەوەو لالانەوەو کڕووزانەوە لە خوا.

---

١) أَخْرَجَهُ البَيْهَقِيُّ في "شعب الإيمان" برقم: (١٠٧٤)، وَالطَّبَرَانِيُّ في "الكبير" برقم: (١١٥٦٠)، وقال الشيخ الألباني: إِسنَادُهُ صَحيح لِغَيرهِ كَمَا بَيَّنتهُ فِي "ظلال الجنة تخريج السنة" لابن أبي عاصم.

ئنجا بۆچی خوای پەروەردگار ئاوا گرتنیو سزای دان؟ حیکمەتەکەی ئەوە بووە، کە لە خوا بپاڕێنەوەو بێهێزیی خۆیان لە بەرانبەر خوادا پێشان بدەنو بەندایەتیی خۆیان بۆ خوا بنوێنن، ﴿ فَلَوْلَآ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَا تَضَرَّعُواْ ﴾، (لَولا) لێرەدا پێی دەگوترێ (لَولا)ی (تَحْضيض)ی کە لە زمانی عەرەبی دا، واتە: هاندان، بەمانای (هَلاّ) دێ، یانی: دەبووایە کاتێك کە شیددەتو ناڕەحەتیی ئێمەیان بۆ دەهات، چ بە قەرزارییو نەدارییو هەژاریی، چ بە نەخۆشییو ناخۆشیی، دەبووایە کڕووزانەوە (تَضَرُّع)یان کردبایەو، لاڵبانەوە پاڕابانەوە، ئاتاجییو پێویستیی خۆیان بۆ خوا پێشان دابایەو، بەندایەتییو خۆیان بۆ خوا خستبایە ڕوو، ﴿ وَلَٰكِن قَسَتْ قُلُوبُهُمْ ﴾، بەلاّم دڵیان ڕەق بوو، لەجیاتی ئەوەی کە دڵیان نەرم بێ، وە هەست بە ئاتاجیی خۆیان بکەن بەرانبەر بە خوا، وە لە خوا بپاڕێنەوە بلاڵێنەوە، کەچی بەپێچەوانەوە: دڵیان ڕەق بوو، بۆچی دڵیان ڕەق بوو؟ ﴿ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴾، شەیتان ئەو کردەوانەی کە دەیانکردن، کردەوە خراپەکانیانی بۆ جوان کردن، دیارە لە ئەنجامی کردەوەی خراپیشدا ئینسان دڵی ڕەق دەبێ، دڵی ئینسان بە طاعەتو چاکە نەرم دەبێو، بە گوناهو تاوان سەختو ڕەق دەبێ، وەك خوای زاناو شارەزا دەربارەی جوولەکەکان دەفەرموێ: ﴿ فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَٰقَهُمْ لَعَنَّٰهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَٰسِيَةً... ﴿١٣﴾ ﴾المائدة، واتە: بەهۆی ئەوەوە کە پەیمانی خوایان هەڵوەشاندەوەو شکاند، لەعنەتمان لێکردنو دڵیشیانمان ڕەق کرد، کەواتە: خوا لەخۆڕا دڵی کەس ڕەق ناکات، چونکە لە شوێنی دیکە دەفەرموێ: دڵیانمان ڕەق کرد، مۆرمان بەسەر دڵەوە نان، لە ئەنجامی چی دا؟ بەهۆی کردەوە خراپەکانەوە، ئینسان دڵی ڕەق دەبێو مۆری بەسەر دڵەوە دەنرێ، حاڵەتی دەروونیی تێکدەچێ: چاوی هەق نابینێ، گوێی هەق نابیستێ، دڵی هەق دەرك ناکات.

ئنجا خوای قسە لەجێ لەسەر ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دیکەدا بەردەوام دەبێو دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦ

﴿فَتَحۡنَا عَلَيۡهِمۡ أَبۡوَٰبَ كُلِّ شَيۡءٍ﴾، ئنجا دوای ئەوەی، ئەوەی کە پێی ئامۆژگاریی کرابوون، فەرامۆشیان کردو لەبیریان چوو، واتە: دوای ئەوەی کە ئەو ناخۆشیی و نارەحەتییانەی هاتبوونە ڕێیان، کاریان تێنەکردن و لەجیاتی ئەوەی دڵیان نەرم بێ و بگەڕێنەوە لای خواو، هەست بە ئاتاجیی خۆیان بکەن و، بەندایەتیی خۆیان بۆ خوا بنوێنن، لەبیریان چووو فەرامۆشیان کرد، ئەوجار بارەکەمان لێ گۆڕین لە تاقیکردنەوەکەیان دا ﴿فَتَحۡنَا عَلَيۡهِمۡ أَبۡوَٰبَ كُلِّ شَيۡءٍ﴾، ئەوجار دەرگاکانی هەموو شتێکمان لێکردنەوە، واتە: دەرگای خۆشیی و نازو نیعمەت و هەبوون و... هتد، دوای ئەوەی کە بە نەهات پەندیان وەرنەگرت، ئەوجار دەرگای هاتمان بۆ کردنەوە، بەڵکو بگەڕێنەوە، دیارە خوای میهرەبان مەبەستی ئەوە بووە کە بگەڕێنەوە، ئەوە واتایەکی.

واتایەکی دیکەی ئەوەیە: ئەوە وەك سزایەك بووە، دوای ئەوەی بە تەنگانەو نارەحەتییەکان تەمبێ نەبوون و پەندیان وەرنەگرت، ئنجا خوا ﷻ وەك سزایەك بۆ ئەوەی زیاتر لەخۆبایی بن و، زیاتر لە خوا دووربکەونەوە، وە سەرەنجام زیاتر شایستەی سزا بن، خوا دەرگای نازو نیعمەتی بەسەردا کردنەوە.

لە فەرمایشتی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە، دەفەرموێ: ﴿إِذَا رَأَيْتَ اللهَ يُعْطِي الْعَبْدَ مِنْ الدُّنْيَا عَلَى مَعَاصِيهِ مَا يُحِبُّ فَإِنَّمَا هُوَ اسْتِدْرَاجٌ، ثُمَّ تَلا رَسُولُ اللهِ ﷺ: ﴿فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَتَحۡنَا عَلَيۡهِمۡ أَبۡوَٰبَ كُلِّ شَيۡءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُواْ بِمَآ أُوتُوٓاْ أَخَذۡنَٰهُم بَغۡتَةً فَإِذَا هُم مُّبۡلِسُونَ﴾﴾(١)، واتە: گەر بەندەیەکت بینی بەردەوام بوو لەسەر گوناهکردن، خواش نازو نیعمەتی بەسەردا ڕشتبوو، ئەوە بزانە پەلکێشکراو (إستدراج)ە، {واتە: خوا پەلکێشی دەکات بۆ سزادان، وەك چۆن کەسێك ئاژەڵێك دادەبەستێ، ئەگەر مەبەستی بێ سەری ببڕێ، ئاڵفی دەداتێ و خزمەتی

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٧٣٤٩)، وَالطَّبَرَانِيُّ في الكبير برقم: (٩١٣)، وَالبَيْهَقِي في "شعب الإيمان" برقم: (٤٥٤٠)، وَأَخْرَجَهُ أَيْضاً: الروياني برقم: (٢٦٠)، قَالَ المناوي: قَالَ العراقي: إِسْنَادُهُ حَسَنٌ. وَصَحَّحَهُ الألباني في "السلسلة الصحيحة" رقم: (٤١٣).

دەکات، تاکو قەڵەو بێ، بۆئەوەی بەکەڵکی سەربڕینێ بێ}، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ ئایەتەکەی خوێندەوە: ﴿ فَلَمَّا نَسُوا ... ﴾ .

بەڵێ: خوای دادگەر هەندێ لەوانەی کە بە هەموو شتێك تاقییان دەکاتەوە، هەر دەیدەنە لاملێیو پشت لە خوا دەکەن، بۆئەوەی زیاتر شایستەی سزای پڕ بە پێست بن، دەرگای خێرو خۆشییان لێدەکاتەوە، ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا بِمَآ أُوتُوٓا ﴾، هەتا ئەو کاتەی زۆر دڵخۆش بوون بەوەی کە پێیان دراوە، وشەی (فَرِحوا) بە زۆری لە قورئاندا بۆ حاڵەتی زەمکراو بەکارهاتوە، (فَرِحوا) لێرەدا واتە: تا کاتێ کە لەخۆبایی بوون، شانازییان بەخۆیانەوە کردو زۆر دڵخۆشبوون، خوایان لەبیر چوو، بەوەی کە پێیان درابوو، کە بە شێوەی نەناسراو (المجهول) هێناویەتی، ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا بِمَآ أُوتُوٓا ﴾، هەتا کاتێ کە دڵخۆش بوون، بەوەی کە پێیان دراوە، بۆیە بکەر (فاعل)ەکەی دیار نیە، وەك ئەوەی نەیانزانیبێ کێ پێی داونو ئەو خۆشییو نازو نیعمەتە، لە کێوەیە؟ دوای ئەوەی کە زۆر دڵخۆشو لەخۆبایی بوون، ﴿ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴾، کتوپڕ گرتمانو یەکسەر کەوتنە حاڵەتی بێئومێدیی، کەوتنە حاڵەتی تەمابڕاو بوون، یاخود کەوتنە حاڵەتی بێدەنگییو کشوماتیی، لە خەمو خەفەتو نارەحەتییو، لەژێر فشاری ئەو بەڵاو گرفتارییەدا کە بۆیان هات، هیچ نقەیان نەهاتو زاریان بوو بە تەڵەی تەقیو، ﴿ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، ئیدی سەرەنجام، ئەو کۆمەڵەی کە ستەمیان دەکرد، دوابڕاو بوون، دوایان بڕا، وە ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییانە، ﴿ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ﴾، واتە: دوا کەسیان لەبەین چوو، ئنجا ئەگەر کۆمەڵێك دوانەفەریان لەبەین بچێ، ئەدی ئەوانی دیکە چییان لێهاتوە؟ دیارە ئەوان پێشتر لەبەین چوون، کامەیان دەکەوێتە دوایە بۆ لەبەین چوونێ، دیارە ئەوەیان ئاخیر نەفەریانە، لە کوردەواریی خۆمان دا دەڵێ: (قڕەبڕ بوون)، یانی: ئەوەی قڕەیان

(ئـــەوەی دوایـــان) بـــڕا، یـاخود (قیـڕەبــڕ بــوون) واتـە: کەســیان تێـدا نـەما کـە بقیـڕێنـــێو، هـەموویان لەبەیــن چــوون، ئنجــا خـــوا ﷻ ستایشــی خــۆی دەکـاتو دەفەرموێ: ﴿ وَٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، ستایش بـۆ خـوای پـەروەردگاری جیهانەکانـە، واتـە: خـــوا ستایشــی خــۆی دەکـات کـە خەڵــکی زاڵمــی لەبــەین بــردوە، ئەمــە چــی لێوەردەگیــرێ؟ ئەمـە ئـەوەی لێوەردەگیــرێ کـە ئێــوەش ئـەی مسـوڵمانەکانو بەنـدە صاڵحەکـانی خـوا! دژی زوڵــمو زاڵــمان بـن، ئەوەتــا خــوا ستایشــی خـۆی دەکات کـە زاڵمـی لەبـەین بـردوون، کەواتـە: ئێـوەش وەك خـوای کارزانـی خۆتــان لـە بەرانبــەری زوڵـم دا بوەستن، وە لەگـەڵ زاڵمەکــاندا دەستەو یەخـەبن، وە مەهێـڵن دنیــا بخــەنە ژێــر ڕکێفـی خۆیـانەوە، جـا چ زاڵمێکی گـچکە بـێ (خۆماڵـیی بێ) چ زاڵمێکی گــەورە بـێ (دەرەکیی بـێ)، چ لەسـەر ئاستی دنیا بـێ، چ لەسـەر ئاستی شارو وڵاتێــك بــێ، چ لەســەر ئاستی گوندو دێهاتێك بێ، زوڵـم هەرچـۆن بـێ، هـەر شتێکی خراپـە، بۆیــەش خـــوای دادگـــەر لەعنـــەتی لـــە زاڵــمان کـــردوەو فەرموویـــەتی: ﴿ أَلَا لَعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ١٨ ﴾ هــود، ئاگاداربــن ! نەفرینی خــوا لـە زاڵمانـە.

ئنجا خـوای تـاكو پـاك دووبـارە بـە پێغـەمبەر ﷺ دەفـەرموێ: ﴿ قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِنۡ أَخَذَ ٱللَّهُ سَمۡعَكُمۡ وَأَبۡصَٰرَكُمۡ وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم مَّنۡ إِلَٰهٌ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَأۡتِيكُم بِهِ ﴾، ئنجـــا سـەرنجیـــان ڕادەکێشـــێ بــۆ ئــەو هەســتەوەرانەی کـە پێیــان دراون: هەســتی بیســـتنو، هەستی بینیـنو، هەسـتی دەرك کـردنو شـت زانیـن، دەفـەرموێ: (قُلۡ)، پێیــان بڵــێ: ﴿ أَرَءَيۡتُمۡ إِنۡ أَخَذَ ٱللَّهُ سَمۡعَكُمۡ وَأَبۡصَٰرَكُمۡ وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم ﴾، هەواڵــم پــێ بـدەن، یـان ئایــا دەزانـــن! ئەگــەر خـــوا بیســتـــنو چـــاوەکانی ئێــوەی وەرگــرت، وە مـۆری بەســەر دڵەکانتـانەوە نـا، ﴿ مَّنۡ إِلَٰهٌ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَأۡتِيكُم بِهِ ﴾، جگـە لـە خــوا چ پەرسـتــراوێك ئــەو ئەنـدامانەتـان بـۆ دێـنێتـــەوە؟ ئەگــەر خــوا کــەڕی کــردنو، کوێری کــردنو، بێعـەقـڵی کــردن، ئەو هەستەوەرانەی لێستاندنەوە، کــێ دەتوانـــێ ئەوانەتـــان بــۆ بگــەڕێـنێتـــەوە؟ بــە کــەس دێنـــەوە؟ نــەخێر، کەواتــە: ئــەو خـــوایەی کـە بیســەری کــردوونو، بینـەری

کردوونو، عاقڵی کردوونو، هۆشیاری کردوون، بەندایەتیی بۆ ئەو خوایە بکەن، ئنجا خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ، یان بە هەر کەسێ کە قورئان دەخوێنێتەوە، ﴿ ٱنظُرۡ كَيۡفَ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ ثُمَّ هُمۡ يَصۡدِفُونَ ﴾، سەرنج بدە، تەماشا بکە، تێوەڕامێنە، چۆن ئایەتەکانی خۆمان جۆراو جۆر دەکەین، واتە: جارێك دەڵێین: سەرنجی مێژوو بدەن، جارێك دەڵێین: تەماشای قیامەتێ بکەن، جارێك دەڵێین: تەماشای حاڵەتی تەنگەتاویی و نارەحەتیی بکەن، یان تەماشای حاڵەتی خۆشیی و ناخۆشیی بکەن، یان دەڵێین: تەماشای ئەندامەکانی خۆتان بکەن، ئەگەر خوا لێتان وەرگرێتەوە کێ بۆتان دەهێنێتەوە؟ تەماشا بکەن! چۆن ئایەتەکانیان بۆ جۆراو جۆر دەکەین، ﴿ ثُمَّ هُمۡ يَصۡدِفُونَ ﴾ (ثُمَّ للعطف مع التراخي والبُعْد) (ثُمَّ)، ئامرازی گێڕانەوەو بادانەوەیە، لەگەڵ پێچوونو دووریی دا، واتە: دوای ئەو ئایەتانەش کە بۆیان جۆراو جۆر دەکەین، ئنجا ئەوان هەر لادەدەن، وشەی (يَصۡدِفُونَ) یانی: لادەدەنو لامل دەبن، بەڵام وێڕای ئەوەش ئاماژەیە بە دەردێك کە تووشی حوشتر دەبێ، بەناوی (صَدَف) کە لاقی ڕەق دەبێو نانووشتێتەوە، واتە: ئەوان ملیان ڕەق بووەو، ناتوانن بەلای حەقیدا بسووڕێنەوە، یاخود ئاماژەیە بەو قۆزاخە (صَدَف)ە کە گەوهەری لەنێودایە، کە قۆزاخەیەکی زۆر ڕەقە، یاخود ئاماژەیە بە پارچە شاخ، کە پێی دەگوترێ: (صَدَف)، واتە: ئەوانە وا ڕەق بوون، وەك پارچە شاخێك، یان وەك (صَدَف) ێك، یان وەك حوشترێك کە تووشی ئەو دەردە بووە، ئاوایان لێهاتوە.

دوایی جارێکی دیکە بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ أَرَءَيۡتَكُمۡ إِنۡ أَتَىٰكُمۡ عَذَابُ ٱللَّهِ بَغۡتَةً أَوۡ جَهۡرَةً هَلۡ يُهۡلَكُ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾، پێیان بڵێ: پێم بڵێن، یاخود ئایا دەزانن! ئەگەر سزای خوا کتوپڕ، یان بە ئاشکرا بێ، {کتوپڕ واتە: بە پەنهانیی، چونکە شتێك کە بە کتوپڕ بێتە بەرچاوت، دیارە بە پەنهانیی هاتوە، ئێستا مارێك بێتە ئەم ژوورە مانای وایە کتوپڕو بە پەنهانیی هاتوە، بەڵام ئەگەر بە ئاشکرا بێو دیار بێ لەبەرچاوت، ئەوە دیارە بە پەنهانیی نەهاتوە}،

﴿ هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴾، ئـایـا جگە لـە کۆمـەڵی ستەمکاران کـێ لەبـەیـن دەچـێ؟ واتە: هەر ئێوە لەبەیـن دەچن، چونکە ئەگەر گریمان سزای خـوا بریتـی بـێ لـە کاتی تێکـچوونی دنیـاش، ئەهلی ئیمان دیارە تویْشووی خۆیـان پێیـە بـۆ ئـەو سـەفەرەو خۆیان ئامادە کردوە، بۆیـە بە هیـلاك ناچن، واتە: بە مردنێکی خـراپ نامـرن.

ئنجـا لـە کۆتـایی دا باسـی ئامـانجو حیکمەتـی نێردرانـی پێغـەمبەران (علیهم الصلاة و السلام) دەکاتو دەفەرموێ: ﴿ وَمَا نُرْسِلُ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ﴾ وە ڕەوانەکـراوانی خۆمـان نانێـرین، مەگەر موژدەدەر بنو ترسـێنەر بن.

موژدەدەرو دڵخۆشکـەر بن، بۆ ئیمانداران، بـۆ کەسـانێك کـە بـەدەم بانگەوازی خـواوە دێن، وە ترسـێنەرو وریـاکـەرەوە بن، بۆ کەسـانێك کە پشت لـە بانگەوازی خـوا دەکـەن، بـۆ ئیمانـداران کـە مـوژدەی خێـرو خۆشیی دنیـاو، مـوژدەی دواڕۆژیـان پـێبدەن، هـی بێبـڕوایانیش بیـانتـرسێنن لە ژیان تاڵیی‌و بەدحـاڵیی دنیـاو، دۆزەخـی دواڕۆژ.

ئنجـا دەفـەرموێ: ﴿ فَمَنْ ءَامَنَ وَأَصْلَحَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾، ئنجـا هەر کەسـێك ئیمـان بێنـێو چـاکە بکـات، ئـەوە نە ترسـیان لەسـەرە، نـە پـەژارەش دایـاندەگرێ، یـانـی: نە بۆ داهـاتوو ترسیان لەسەرە، نە بۆ ڕابـردووش خەمـێ دەخۆنو دڵیان نارەحەت دەبێ، بۆچی؟ چونکـە (ئەوەی پەرێـزی پاکە بێباکـە) کە تۆ پەرێـزت پـاك بووو ژیانەکـەت بە پاکیی هێنـا، کاتـێ تەماشـای ڕابردووی خۆت دەکـەی، دڵت خۆشـە، کەست بـە ناهـەق نەکوشـتوە، زینـات نەکـردوە، دزییت نـەکردوە، خراپـەت نەکـردوە، هـەقی خەڵکـت لـەلا نیـە، فەرمانـەکانی خـوات جێبەجـێ کـردوون، بەپێـی توانـا خزمـەتت بـە خەڵكو کۆمەڵگـای خـۆت کـردوە، صـیلەی ڕەحمت جێبـەجـێ کردوە، ڕەوشـتت بەرزو جـوان بووە، خـۆت لە گوناهـە گـەورەکان پاراسـتوە، وە ئەرکـە شەرعییەکانت جێبـەجێ کـردوون، هـەقی خـەڵكو دەوروبەرت جێبـەجێ کـردوە، بۆیـە کاتـێ تەماشـای ڕابـردووت دەکـەی، خەفـەت ناخـۆی، وە کاتـێ تەماشـای داهـاتووش دەکەی، کـردەوەی چاکـت کـردوەو، توێشـووت پێیـەو پەرێـزت پاکـە، بـۆ داهـاتووش ترسـت نیـە.

کەواتە: ئەمە ئینسان بیکاتە پێوەرو تەرازوو: تا چ رادەدەیەك بە رابردووی خۆت دڵخۆشی، وە تا چ رادەیەك بە داهاتووی خۆت ئومێدەواری؟ بەئەندازەی ئەوەی کە ئیمانت هەیەو، چاکسازیی دەکەی، ئومێدەوارییت هەیە بۆ داهاتوو، وە بێباکییشت هەیە بۆ رابردوو، ﴿ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا يَمَسُّهُمُ ٱلْعَذَابُ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ ﴾، بەڵام ئەوانەی ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ داناوە، سزاو ئازاریان تووش دێ، بەهۆی ئەوەوە کە لایان دەدا، ئەو سزاو ئازارە، وەك لە مەسەلە گرنگەکانیشدا زیاتر تیشکی دەخەینە سەر، هەم دنیا دەگرێتەوە، هەم دواڕۆژ، بەڵێ، لەڕاستیدا ئینسانی بێبڕوا، کە بڕوا بە ئایەتەکانی خوا ناکات، هەم لە دنیادا تووشی گرفتارییو ژین تاڵییو بێحاڵیی دێ، وە هەم لە دواڕۆژیشدا، وەك خوای باڵادەست دەفەرموێ: ﴿ وَلَعَذَابُ ٱلْأَخِرَةِ أَكْبَرُ ﴾ الزمر، بە دڵنیاییەوە: سزاو ئازاری دواڕۆژ گەورەترە، خوا پەنامان بدات.

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ ٱلسَّاعَةُ أَغَيْرَ ٱللَّهِ تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٤٠﴾ بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ فَيَكْشِفُ مَا تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَآءَ وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ ﴿٤١﴾ ﴾، (خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ) بڵێ: ئەی بێبڕوایەکان! ئایا دەزانن، {یاخود هەواڵم پێ بدەن} ئەگەر سزای خواتان بۆ بێ، یاخود کاتی تێکچوونی دنیا بێ، ئایا جگە لە خوا دەپاڕێنەوە، ئەگەر ڕاست دەکەن {کە لەگەڵ خوادا پەرستراوی دیکە هەن} ؟ بەڵکو تەنیا لەو دەپاڕێنەوە، وە ئەوەی کە داوای دەکەن، ئەگەر (خوا) بیەوێ لێتان لادەبات، واتە: ئەو ئازارو نارەحەتییە، ئەو سزایەی کە بە ملتاندا دێ، خوای میهرەبان لە کۆڵتان دەکاتەوەو لێتان دوور دەخاتەوە، وە ئەوانەی کە دەیانکەنە هاوبەش بۆ خوا، فەرامۆشیان دەکەن‌و لەبیرتان دەچن.

وشەی: (أَرَءَيْتَكُمْ) توێژەرەوانی قورئان دوو مانایان بۆ داناون:

یەکەم: هەواڵم پێ بدەن، یاخود پێم بڵێن.

دووەم: ئایا دەزانن! کە ئەگەر سزای خوا بێ، یان کاتی دیارییکراو بێ، ئەوانەی کە لەجیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە، ئایا دەتوانن ئەوەی داوای دەکەن، لە کۆڵتان بکەنەوە؟ بە تەئکید نەخێر.

لێرەدا خوای پەروەردگار دەیەوێ هۆشداریی بداتە کافرەکان، کە ئەگەر بڕوا بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ نەهێنن، ئەگەر لە دنیادا سزای خواتان بۆ بێ، یاخود سزای کاتی تێکچوونی دنیاتان بۆ بێ، جا چ کاتی تێکچوونی گەورە، کە دنیا تێکچێ، یان تێکچوونی گچکە بۆ هەر کامێکیان، کە بریتیە لە مردنی، چونکە زۆرجار گوتوومانە: (مَنْ مَاتَ فَقَدْ قَامَتْ قِيَامَتُهُ) هەر کەسێك مرد، قیامەتی وی هاتوە، واتە: چ تووشی نەخۆشیی‌و گرفتاریی‌و بەڵاو ئازارێك بن، چ تووشی مەرگ بن، چ تووشی دنیا بەسەردا کاول بوون بن، بێجگە لە خوا کەس

توانای ئەوەی نیە، کە ئازارتان لێ لابداتو، مەرگتان لێ دووربخاتەوە، یاخود ئەوەی کە جێگای مەترسییتانە، لێتان دوور بخاتەوە.

کەواتە مادام هەر خوا پەنایەو، هەر خوا دەتوانێ ئازارو نارەحەتییتان لێ دوربخاتەوە، هەر خواش بپەرستنو هاوبەشی بۆ دامەنێن.

مەسەلەی دووەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٖ مِّن قَبۡلِكَ فَأَخَذۡنَٰهُم بِٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمۡ يَتَضَرَّعُونَ ﴾، خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بێگومان لە پێش تۆشدا پێغەمبەرانمان ڕەوانەکردن بۆ ئۆممەتانو کۆمەڵگەکانی پێشوو ﴿ فَأَخَذۡنَٰهُم بِٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ ﴾ ئێمەش گرتمانن بە نارەحەتییو نەدارییو هەژاریی، وە بە ئازارو گرفتارییەکان ﴿ لَعَلَّهُمۡ يَتَضَرَّعُونَ ﴾، بەڵکو لە خوا بپاڕێنەوەو بکڕووزێنەوەو بلالێنەوە، دان بەوەدا بنێن کە ئەوانە بەندەنو، دەبێ بۆ خوا ملکەچ بن.

وشەی: (البأساء)، لە زمانی عەرەبییدا بە (الفَقْرُ والحَاجَة و سوء الحَالِ الخارجي) واتە: نەدارییو ئاتاجیی، وە ئەوە کە ئینسان حاڵی دەرەوەی خۆی خراپ بێ، واتە: موڵكو ماڵی نەبێ، سەروەتو سامانی نەبێ، بەرگو پۆشاکی نەبێ، خواردنو خواردنەوەی نەبێ، پێداویستییە سەرەتاییو سەرەکییەکانی نەبن، ئەوە پێی دەگوترێ: (البؤس، البأساء).

(الضَّرَّاء)، بریتیە لە نەخۆشییو تێکچوونیی حاڵەتی نێوەوەی ئینسان، واتە: ئینسان غەمو خەفەتی هەبێ، نەخۆشی هەبێ، ئازارێك لە جەستەی دا هەبێ، یان لە ڕووحی دا.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ئۆممەتانی پێش ئۆممەتی تۆمان، بە نەدارییو هەژارییو نەخۆشییو ناخۆشییو نارەحەتیی تاقیکردنەوە، بۆئەوەی ملکەچییو زەبوونیی خۆیان لە بەرانبەر خوادا پێشان بدەن، واتە: ئامانجی تاقیکردنەوەکە بۆ ئەوەبووە کە لە خۆیان حاڵی بن، کە پێویستییان بە خوایە، وە لەخۆیان حاڵی بن، کە لە بەرانبەر خوا بێهێزن، وە لەخۆیان بایی نەبن، وە بەرانبەر بە بەندەکانی خوا کە بێهێزن، ملهوریی نەکەن.

دوایی دەفەرموێ: ﴿ فَلَوْلَآ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَا تَضَرَّعُواْ ﴾، ئەم (لـولا)یە، (لولا)ی (تحضیض)ی یە واتە: بۆ هاندانە، بەمانای: (هلاّ) یانی: دەبووایە كـە ئـەو ئازارو ناڕەحـەتییەیان بۆ دەهات، ملكەچییان بـۆ خـوا دەربڕیبـایەو لـە خـوا پاڕابانـەوە، ﴿ وَلَٰكِن قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴾، بـــەڵام لەجیاتـی ئـەوە دڵیان ڕەق بوو، وە شـەیتانیش ئەو كردەوانەی كە دەیانكردن، بـۆی جـوان كرد، واتـە: لە ئەنجامی كردەوە شـەیتانییەكان دا دڵیان ڕەق بـوو.

ئەمە ئەوەی لـێ وەردەگیـرێ كە ئینسان لە تەنگانەو لـێقەوماندا زیـاتر هەست بـە بێهێـزیی خـۆی دەكـاتو، زیـاتر هەسـت بـە ئاتـاجیی خـۆی دەكـات، بـۆ خـوای باڵادەست، بۆیە جاری وایـە كـە خـوا مرۆڤ تووشی گرفتارییو دەردەداریی دەكات، تووشی نەخۆشیـیو ناخۆشیی دەكات، لەبەر ئـەوە نیـە كە خـوا ڕقـی لێبێتـەوە، بەڵكو خوا بۆیە ئەوەی بەسەر دێنێ، تاكو هەسـت بـە بێهێزیـی خـۆی بكاتو خـۆی بناسێ، وەك گوتراوە: (مَنْ عَرَفَ نَفْسَهُ فَقَدْ عَرَفَ رَبَّهُ) هەر كەسێك خـۆی بناسـێ، پەروەردگاریشی دەناسێ، كەواتە: خوا دەفەرموێ: میللەتانی پـێش ئێوەمـان تووشی گرفتاریـیو ناڕەحـەتیی دەرەكیـیو دەروونیـی كـردن، تاكـو لـەبەر خـوا بلاڵـێنەوەو هەست بە بێهێزییو ئاتـاجیی خۆیان بكـەن، لە بەرانبەر خـوادا، بـەڵام لـە جیاتی ئـەوەی كــە وابكــەن، بەهــۆی كــردەوە شــەیتـانییەكانیانەوە كـە شــەیتـان بـۆی ڕازاندبوونـەوە، دڵیـان ڕەق بـوو، كەواتـە: بەهـۆی تـاوانو گوناهـەوە، ئینسـان دڵـی ڕەق دەبـێ لە بەرانبـەر خـواو یادی خـوادا.

مەسـەلەی سـێیەم: خــوا پێشتــر فــەرمووی: بــە ناڕەحــەتییان تاقیمــان كردنــەوە، ناڕەحەتیــی لـە دەرەوەی خۆیانـدا، وەك: نـەبوونی سـەروەتو سـامانو جێگـاو ڕێگـاو دەربــەدەریی ئاوارەییو...هتــد، وە لــە دەروونــی خۆیــاندا، وەك نەخۆشــییو ناخۆشییو خەمو خەفەتو گرفتاریی، ئنجا دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُواْ بِمَآ أُوتُوٓاْ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴾، بــەڵام كاتێــك لەبیــریان چــوو، یــاخود پشــت گوێیــان كــردو فەرامۆشیان كرد، ئـەوەی كـە پێـی ئامۆژگاریی كـرابوون، (كە بریتـی بـوو لـە بـەڵاو

گرفتارییەکان)، ئەوجار بارەکەمان لێ گۆڕینو بە جۆرێکی دیکە تاقیمان کرنەوە، ﴿ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ ﴾، دەرگای هەموو شتێکمان بۆ کردنەوە، واتە: دەرگای خێرو خۆشییان، پێشێ خوا بە ناخۆشییان تاقیکردنەوە، ئەمجارە بە خۆشییان، تاکو بەهۆی نیعمەتەکانی خواوە، هەست بە چاکەی بکەنو سوپاسی بکەن، ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا۟ بِمَآ أُوتُوٓا۟ ﴾، هەتا کاتێك زۆر دڵخۆش بوونو لەخۆبایی بوون، بەوە کە پێیان دراوە، لەجیاتی ئەوەی کە بەهۆی نیعمەتەکانەوە چاکەی خوا ببینن بەسەر خۆیانەوەو سوپاسی خوا بکەن، ستایشی بکەنو سوپاسگوزار بن، بە پێچەوانەوە: زۆر دڵخۆش بوون، دڵخۆشبوونێکی لەخۆبایی بووانە! ﴿ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴾، ئێمەش کتوپڕ گرتمانو سزامانداند، ﴿ فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴾، ئیدی کەوتنە حاڵەتێکی نائومێدییو بێدەنگیی، (إبلاس) ئەوەیە کە ئینسان بێدەنگ بێ، هیچ قسەی بۆ نەمێنێتەوە، یان ئەوەندە خەمو خەفەتی هەبێ، قسەی پێ نەکرێ، یان نائومێد بێو دەستی لە هەموو پچکان ببڕێ.

ئەم ئایەتە موبارەکە وەك ئەم دوو ئایەتەی سوورەتی (الأعراف)ە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَا فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّبِىٍّ إِلَّآ أَخَذْنَآ أَهْلَهَا بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمْ يَضَّرَّعُونَ ۝٩٤ ثُمَّ بَدَّلْنَا مَكَانَ ٱلسَّيِّئَةِ ٱلْحَسَنَةَ حَتَّىٰ عَفَوا۟ وَّقَالُوا۟ قَدْ مَسَّ ءَابَآءَنَا ٱلضَّرَّآءُ وَٱلسَّرَّآءُ فَأَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ۝٩٥ ﴾، ئەم دوو ئایەتە هەمان مەبەستی ئایەتەکەی سوورەتی ئەنعام دەگەیەنن، لێرەدا خوا دەفەرموێ: لە هیچ وڵاتێكو شارێکدا هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردوە، مەگەر دانیشتووانی ئەو وڵاتو شارەمان تاقیکردۆتەوە، بە نەدارییو هەژارییو ناخۆشییو نەخۆشیی، بەڵکو بپاڕێنەوەو بلاڵێنەوەو هەست بە بێهێزییو ئاتاجیی خۆیان بکەن، بەڵام کە ئەوەیان سوودی نەبوو ﴿ ثُمَّ بَدَّلْنَا مَكَانَ ٱلسَّيِّئَةِ ٱلْحَسَنَةَ ﴾، دوایی ئەوجار لە شوێنی خراپە چاکەمان دانا، ﴿ حَتَّىٰ عَفَوا۟ وَّقَالُوا۟ ﴾، تاکو زیادیان کرد، یان لە سنووری خۆیان تێپەڕینو گوتیان: ﴿ قَدْ مَسَّ ءَابَآءَنَا ٱلضَّرَّآءُ وَٱلسَّرَّآءُ ﴾، باب و

باپیرانیشمان تووشی نەخۆشیی‌و گرفتاریی‌و خۆشیی‌و شادمانیی بوون، ئەمە هەر یاساو سوننەتێکەو وەزعی دنیا هەر وایە، کە هەژاریی‌و خۆشیی‌و ناخۆشیی‌و گرفتاریی بەدوای یەکدا دێن، وە لە ژیانی دنیادا ئەو هەورازو نشێوە هەر هەن، ئنجا کە وایانگوت‌و نەیانزانی تاقیکردنەوەی خوایە، وە نە بەهۆی ناخۆشیی‌و نارەحەتییەکانەوەو، نە بەهۆی خۆشییەکانەوە، نەگەڕانەوە بۆ لای خوا، واتە: نە ئەهلی صەبر بوون، نە ئەهلی شوکر بوون، ﴿ فَأَخَذۡنَٰهُم بَغۡتَةٗ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴾، لەنەکاو گرتنمان، بێئەوەی کە بۆخۆیان هەست پێبکەن.

مەسەلەی چوارەم: کە دەفەرموێ: ﴿ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْۚ وَٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، واتە: ئەو کۆمەڵەی کە ستەمیان دەکرد، دوابڕاو بوون، واتە: تاقیان لێ نەما، چونکە ئەگەر شتێك دواییەکەی ببڕێ، دیارە پێشەوەکەی زووتر نەماوە، لە کوردەواریی خۆشمان دا دەڵێن: دوابڕاو بوون، یانی: کەسیان نەما، یان دەڵێ: قڕەبڕ بوون، واتە: ئەوەی کە قڕە بووەو لە دواوەیە، ئەویشیان نەماوە، دەشگونجێ بگوترێ: قیڕەبڕ بوون، واتە: کەسیان نەماوە بقیڕێنێ ﴿ وَٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، سوپاس‌و ستایش بۆ خوای جیهانییان، وشەی ﴿ دَابِرُ ﴾، یش (الدَّابِر، وَالدُّبُر: الظَّهْر) واتە: پشتی ئینسان، دواوەی ئینسان، هەروەها (الدَّابِر: الآخر) دواکەس، بۆیە کە دەفەرموێ: ﴿ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلۡقَوۡمِ ﴾، أَي: آخِرُ مَنْ بَقِيَ مِنْهُمْ) واتە: دوا کەسی ئەو کۆمەڵەی فەوتاند.

ئنجا لێرەدا کە خوا دەفەرموێ: ئەوانەی کە ستەمکار بوون، کۆمەڵی ستەمکاران، دوابڕاو بوون‌و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییان، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ: کە خوا ﷻ زۆری پێخۆشە، زاڵمەکان لەبەین بچن، وە بە پێی ویست‌و یاسای خۆشیەتی، کە ستەمکاران لەبەین بچن، بۆیە ستایشی خۆی کردووە، مەدح‌و سەنای خۆی کردوە، کە ستەمکارو زاڵمەکانی لەبەین بردوون.

کەواتە: مسوڵمانانیش دەبێ شتێك کە خوا پێی خۆشە، وە ستایشی خۆی لەسەر دەکات، کە لەبەینبردنی زاڵمەکانە، دەبێ ئەوانیش تەماشای خوای

کارزان خۆیان بکەن‌و، دژی ستەمی ستەمکاران بن.

مەسەلەی پێنجەم: کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ ٱللَّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَـٰرَكُمْ وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم مَّنْ إِلَـٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِهِ﴾، واتە: پێیان بڵێ: ئایا دەبینین، دەزانن (یان هەواڵم پێبدەن)، ئەگەر خوا بیستنتانی، یان چاوەکانتانی وەرگرت، یانی: هێزی بیستنی نەهێشتن‌و، هێزی بینینتانی نەهێشت، ﴿وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم﴾، وە مۆری بەسەر دڵەکانتانەوە نا، واتە: وایلێکردن، نەفامن، ئایا بێجگە لە خوا، چ پەرستراوێك ئەو ئەندامانەتان بۆ دەگێڕێتەوە؟!

وشەی (قلوب) لە قورئاندا بە مانای (عقول)یش دێ، کە کۆی (عقل) و (قلب)ن، واتە: ئەوەی کە ئینسان دەرکی شتی پێدەکات، شتی پێ دەزانێ، ﴿مَّنْ إِلَـٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِهِ﴾ یانی: ئەگەر خوا کەرو کوێری کردن، وە شێت‌و حۆلی کردن، کێ جارێکی دیکە چاوو گوێ‌و عەقڵتان پێ دەبەخشێتەوە؟ بەتەئکید هیچ کەس، ئنجا ئەمە سێ شتی لێ وەردەگیرێن:

یەکەم: ئەوە وەبیرخستنەوەی چاکەو نیعمەتەکانی خوایە، واتە: ئەو نیعمەتانەی خوا کە خوا پێی داون، بەبێ بەرانبەر، بێئەوەی خۆتان داوای لێ بکەن، ئایا کەس داوای لە خوا کردوە دووچاوی پێ بدات؟ یان دوو گوێی پێ بدات؟ یان زمانێکی پێ بدات؟ یان عەقڵێك‌و دڵێکی پێ بدات؟ نەخێر، بەبێ ئەوەی داوا لە خوای بەخشەرو پەروەردگار بکەین، ئەو نیعمەتانەی هەموو بە ئێمە داون، کەواتە: ئەو خاوەن چاکەیەی، کە ئەو هەموو نیعمەتانەی بە ئێوە داون، هەر ئەو بپەرستن.

دووەم: ئەوە هەڕەشەیەو خوا دەفەرموێ: ئەو نیعمەتانەم بە ئێوە داون، شوکری ئەو نیعمەتانە بکەن‌و بۆ ڕەزامەندیی من بەکاریان بێنن: بە چاو هەق ببینن، بە گوێ هەقی ببیستن، بە عەقڵیش هەق بناسن، بەڵام وەختێك ئینسان بە گوێ‌و چاوو عەقڵ، هەق دەرك نەکات، ئەوە لەڕاستیدا شایستەی سزای خوایە، کە خوای دادگەر ئەو هەستەوەرانەی لێ وەربگرێتەوە، یاخود

ماناى وايە كە كەسێك كە ئەو گوێو چاوو دڵو عەقڵەى خۆى، كە دەتوانێ هەقیان پێ ببینێو ببیستێو تێبگاو بزانێ، بەكاریان نەهێنێ بۆ دۆزینەوەى هەق، كە لە پەیامى خوادا بەرجەستەیە، ئەوە لەسەر بوونى ئەو هەستەوەرانەى قەرزار بۆتەوە، واتە: جیاوازیى نیە لەگەڵ كەسێك دا، كە كوێرەو كەڕەو شێتو بێ عەقڵە.

سێیەم: پاشان ئەمە ئاماژەشى بۆ ئەوە تێدایە كە پەرستراو ئەو زاتەیە، بتوانێ ئەو شتانە بدات بە ئینسان، ئەوە شایستەى پەرستنە، نەك ئەو دارو بەردو صەنەمو بتو ئینسانو هەموو ئەو شتانەى دەیانپەرستن، هیچ شتێكیان بەدەست نیە، بگرە خۆشیان دەبێ خوا بوونو چاوو گوێیان پێ بدات، كەواتە: ئەو شتانە مەپەرستن، كە ئەو شتانەیان بەدەست نیە.

دوایى كە دەفەرموێ: ﴿ ٱنظُرۡ كَيۡفَ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ ثُمَّ هُمۡ يَصۡدِفُونَ ﴾، واتە: سەرنج بدە! چۆن ئایەتەكانى خۆمانیان بۆ جۆراو جۆر دەكەین، پاشان ئەوان لادەدەنو لاملیى دەكەن، ئەمە دوو واتاى هەن:

١/ خوا ﷻ بە زۆر شێوە نیشانەكانى پەرستراوێتیو گەورەیى خۆى دەخاتە ڕوو، جارێك سەرنجمان ڕادەكێشێ بۆ مێژوو، وە جارێك سەرنجمان ڕادەكێشێ بۆ بوونەوەر، بۆ ئاسمانو زەوى، وە جارێك سەرنجمان ڕادەكێشێ بۆ ئەو دیاردەو دیمەنانەى كە لە دەوروبەرمانن، باران بارینو هەورو رووەكو دارو درەختو میوەجات، وە جارێك سەرنجمان ڕادەكێشێ بۆ ئەو نیعمەتانەى، كە لەخۆماندا هەن، وەك هەستەوەرەكانمان، وەك چاوو گوێو عەقڵو زمانو، هەموو ئەو ئەندامانەى كە خوا پێى داوین.

٢/ تەماشا بكەن ! چۆن ئایەتەكانى قورئانیان بە جۆراو جۆریى بۆ دەخەینە ڕوو، هەر كۆمەڵە ئایەتێك باسى شتێك دەكاتو، جۆراو جۆرن، ﴿ ثُمَّ هُمۡ يَصۡدِفُونَ ﴾، كەچى دوایى ئەوانە سەربارى ئەو هەموو ئایەتە جۆراو جۆرانەش، لادەدەن.

وشەى (صَدَفَ يَصْدِفُ) یانى: لایدا، لادەدات،(صَدَفْ)یش ئەو قۆزاخەیە كە گەوهەرى تێدایەو زۆر ڕەقە، دەبێ بشكێنرێ، هەروەها (صَدَف) بە نەخۆشییەك

دەگوترێ کە تووشی حوشتر دێ، لاقی ڕەق دەبێ‌و نانوشتێتەوە، وە (صَدَف) بە شاخ‌و چیاش دەگوترێ، وە بە بەردی ڕەقیش دەگوترێ، واتە: ئەوانە دڵ‌و عەقڵیان ڕەق دەبێ وەك (صَدَف)، یاخود ملیان ڕەق دەبێ‌و ناگەڕێنەوە بۆ لای خوا، لەگەڵ ئەو هەموو نیشانەو ئایەتانەی خوادا.

مەسەلەی شەشەم: کە دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ أَرَءَيۡتَكُمۡ إِنۡ أَتَىٰكُمۡ عَذَابُ ٱللَّهِ بَغۡتَةً أَوۡ جَهۡرَةً ...﴿٤٧﴾ ﴾، واتە: بڵێ: ئایا دەبینن ! ئایا دەزانن ! {یان هەواڵم پێ بدەن} ، ئەگەر کتوپڕ سزای خواتان بۆ بێ، یان بە ئاشکرا، دیارە شتێك کتوپڕ بێ، بە پەنهانیی دێ‌و پێشەکییەکانی دیار نین‌و، هەستی پێ ناکرێ، واتە: بە پەنهانیی بێ، یان بە ئاشکرا، بەڵام لێرەدا فەرموویەتی: ﴿ بَغۡتَةً أَوۡ جَهۡرَةً ﴾، (بَغۡتَةً) واتە: کتوپڕ، چونکە شتی کتوپڕ هەمیشە بە پەنهانیی هاتوە، (جَهۡرَةً) واتە: بە ئاشکرا، چونکە دەگونجێ سزای خوا کتوپڕ بێ، جاری وایە کەسێك تووشی سەرەتان دەبێ، هەر بەخۆشی نازانی، یان کتوپڕ کەسێك گوللەیەکی وێڵی پێدەکەوێ، یان کتوپڕ دز هەڵدەکوتنە سەری، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانیی کردبێ، یان کتوپڕ بە ڕووداوێکی هاتووچۆ لەبەین دەچێ.

جاری واشە بەڵا بە ئاشکرا دێ: نەخۆشییەکی لێ پەیدا دەبێ، وردە وردە درێژە دەخایەنێ، یاخود دەکەوێتە ژێر باری قەرزان، هەتا دەکەوێتە سەر ساجی عەلیی‌و سەروەت‌و سامانەکەی نامێنێ، یاخود حیزبێکە، یان دەوڵەتێکە وردە وردە خەڵك لێی هەڵدەگەڕێتەوەو خۆپیشاندان دەکەن، وەك ئەو دیکتاتۆرانەی کە بینیمان لە: میسرو تونس‌و لیبیاو یەمەن‌و سوریاو... هتد، ئنجا دەفەرموێ: بڵێ: ئەگەر سزای خواتان بۆ هات کتوپڕو پەنهان، یان ئاشکراو لەبەرچاوان، ﴿ هَلۡ يُهۡلَكُ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾ ئایا جگە لە کۆمەڵی ستەمکاران کێ لەبەین دەچێ؟ واتە: هەر ئێوەی ستەمکار لەبەین دەچن، ئەوەش دیسان هەڕەشەیە لەو بێبڕوایانە، کە دەگونجێ سزای خواتان بۆ بێ، بە پەنهانیی، یا بە ئاشکرا، کتوپڕو لەناکاو یاخود، بە کاوە خۆو پلە بە پلە.

ئنجا لێرەدا فەرموویەتی: ﴿ هَلۡ يُهۡلَكُ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾، ئایا بێجگە لە کۆمەڵی ستەمکاران، کێ لەبەین دەچێ؟ لێرەدا وایفەرمووە، کەچی لە سوورەتی (الأنفال)دا دەفەرموێ: ﴿ وَٱتَّقُواْ فِتۡنَةٗ لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمۡ خَآصَّةٗۖ ...(٢٥) ﴾، واتە: پارێز لە بەڵایەك بكەن كە تەنیا تووشی ئەوانەتان نابێ كە ستەمیان كردوە، (واتە: تووشی هەمووتان دەبێ) ئەو دوو ئایەتە بەرواڵەت تێكدەگیرێن، ئنجا ئایا ئەو ئیشكالە چۆن حەل دەبێ؟ وەڵامەكەی ئەوەیە كە:

ئایەتەكەی سوورەتی (الأنفال)باسی سزایەكی تایبەتە، كە لە ئەنجامی كەمتەرخەمیی كۆمەڵگادا، لە بەرانبەر زوڵمو خراپەو ناشەرعیی دا، خوا سزایەك دەنێری بۆ كۆمەڵگایەكو هەموویانی پێ سزا دەدات، بە چاكو خراپەوە، بۆیە دەفەرموێ: لە بەڵایەك بترسێن، كە بەس تووشی ستەمكارانتان نابێ، بەڵام ئەوەی دیكە كە دەفەرموێ: ئەگەر ئازارو سزای خوا هات، ئایا جگە لە ستەمكاران كەسی دیكە لەبەین دەچێ؟ واتە: ئەمە سزایەكە بۆ كافران دێ، لەسەر كوفرەكەیان كە مەبەستی سزای دوارۆژە، یاخود مەبەستی ئەو سزایانەیە، كە خوای بەرز دەیاننێری لە ئەنجامی سزادانی كافراندا، نەك لە ئەنجامی كەمتەرخەمیی كۆمەڵگایەك دا، تاكو چاكو خراپیان بگرێتەوە.

واتە: چ ئەوانەی خراپەكار بوون، چ ئەو چاكەكارانەی كە دەستی خراپەكارانیان نەگرتوە، سزایەكە هەمووان دەگرێتەوە، بەڵام لە حاڵەتی دووەم دا كە سزای كۆتایی هاتنی ژیانی دنیا دێ، یان بەڵایەك دێ، بۆ سزادانی ستەمكارو خراپەكاران، هەرچەندە هەموویان دەگرێتەوە، بەڵام تەنیا ستەمكاران بە فیڕۆ دەچنو بە هیلاك دەچن، ئەگەرنا چاكەكاران پاداشتیان دەبێ، بۆ وێنە: ئەگەر ئێستا لافاوێك بێ بەسەر وڵاتێك دا، ئەوانەی ستەمكارو خراپەركارن، ئەوە بە هیلاك دەچن، بەڵام ئەوانەی ئیماندارو چاكەكار بن، بەڵێ ئەوە بەڵایەكەو هاتوە، بەڵام ئەوان بە هیلاك ناچن، بەو واتایە كە لێی ناچنە زەرەرێو ئەوان لەسەر ئەو ئازارو نارەحەتییە پاداشتیان هەیە، یان (طاعون) نەخۆشییەكە كاتی خۆی هەبووە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هەر كەسێك لە ئێوە بیستی

(طاعون) لە ولاتێكدا هەیە با نەچێتە ئەوێ، وە ئەگەر لەوێ دابوو، با نەچێتە دەرێ، چونكە ئەو كەسەی بە (طاعون)[1] بمرێ شەهیدە، بەلام ئایا كافر، كە بە (طاعون) دەمرێ شەهیدە؟ بێگومان نەخێر، بە هیلاك دەچێ، بەلام مسولمانەكە بە شەهید لە قەلەم دەدرێ.

ئنجا فەرموودەیەكی پێغەمبەر ﷺ هەیە كە پەیوەندیی بەم مەسەلەیەوە هەیە، كاتێك خوای بەخشەر نیعمەتو چاكەكانی بە كۆمەلێك دەدات، بەلام ئەوان لەسەر گوناه بەردەوام دەبن، ئەوە نیشانەی ئەوەیە، كە بەرەو سزادان دەچن، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿إِذَا رَأَيْتَ اللّٰهَ يُعْطِي الْعَبْدَ مِنَ الدُّنْيَا عَلَى مَعَاصِيهِ مَا يُحِبُّ، فَإِنَّمَا هُوَ اسْتِدْرَاجٌ، ثُمَّ تَلا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: ﴿ فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا۟ بِمَآ أُوتُوٓا۟ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴾﴾[2]، واتە: ئەگەر بەندەیەكت بینی بەردەوام بوو لەسەر گوناهكردن، خواش نازو نیعمەتی بەسەردا ڕشتبوو، ئەوە بزانە كە ئیستیدڕاجە (واتە: خوا پەلكێشی دەكات بۆ سزادان، وەك چۆن كەسێك ئاژەلێك دادەبەستێ، ئەگەر مەبەستی بێ سەری ببڕێ، ئالفی دەداتێو خزمەتی دەكات، تاكو قەلەو بێ، بۆئەوەی بەكەلكی سەربڕینێ بێ)، دوایی ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ئنجا كاتێ ئەوەی كە پێی ئامۆژگاریی كرابوون، فەرامۆشیان كرد، دەرگای هەموو شتێكمان لێ كردنەوە، (بۆئەوەی پەلكێش بكرێن بەرەو سزا)، ئنجا كاتێك دلخۆش بوون بەوەی پێیان درابوو، كتوپڕ گرتمانو سزاماندانو، سەرەنجام تەمابڕاوو نائومێد بوون.

---

١) ﴿إذا سمعتم به بأرضٍ فلا تَقْدَموا عليه، وإذا وقع بأرضٍ وأنتم فيها، فلا تخرجوا فراراً منه﴾ صحيح مسلم: ٥٧٤٥، كە باسی (وباعر) كراوەو ئەمیش یانی (طاعون) بڕوانە: المعجم الوسيط، ص ١٠٠٧، (الوَبأُ: الطاعون وكل مرضٍ فاشٍ عام)، دیارە (وباعر) و (وَبأ) هەردووكیان هاتوون.

٢) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٧٣٤٩)، وَالطَّبَرَانِيُّ في "الكبير" برقم: (٩١٣)، وَالبَيْهَقِي في "شعب الإيمان" برقم: (٤٥٤٠)، وَأَخْرَجَهُ أَيْضاً: الروياني برقم: (٢٦٠)، قال المناوي: قال العراقي: إِسْنَادُهُ حَسَنٌ. وَصَحَّحَهُ الألباني في "السلسلة الصحيحة" رقم: (٤١٣).

مەسەلەی حەوتەمو كۆتایی: كە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا نُرۡسِلُ ٱلۡمُرۡسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَۖ فَمَنۡ ءَامَنَ وَأَصۡلَحَ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿٤٨﴾ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَمَسُّهُمُ ٱلۡعَذَابُ بِمَا كَانُواْ يَفۡسُقُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾.

چەند ڕاستییەك لەبارەی پێغەمبەرانەوە (علیهم السلام)

لێرەدا خوا چەند شتێك دەربارەی پێغەمبەران (علیهم السلام) دەخاتە ڕوو:

١/ سەرەتا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا نُرۡسِلُ ٱلۡمُرۡسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ﴾، ئێمە پێغەمبەران (علیهم السلام) نانێرین مەگەر ترسێنەرو موژدەدەر بن، واتە: پێغەمبەران بۆ ئەوە نانێرین حەتمەن خەڵك بكەن بە ئیماندار، وە پێغەمبەران بۆ ئەوە نانێرین كە خەڵك سزا بدەن، وە پێغەمبەران بۆ ئەوە نانێرین داوا بكەن خوای بەرز دنیا بەسەر كافراندا وێران بكات، بەڵكو بۆ ئەوەیان دەنێرین كە موژدەی بەهەشت بدەن بە ئیمانداران، وە هەڕەشەی دۆزەخ بكەن لە كافرانو ملهوڕان، واتە: پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) هەر ئەوەندەیان بەدەستە، پەیامی خوا بە خەڵك بگەیەنن، موژدەیان پێبدەن: ئەگەر بەندایەتیی بۆ خوا بكەن، سەرەنجامیان باش دەبێ، وە خوای پەروەردگار لێیان ڕازی دەبێ، وە سەرەنجامی دنیاشیان باش دەبێ، ژیانێكی بەختەوەرانەو پاكو باشیان دەبێ.

وە ئەگەر بەدەم بانگەوازی خواوە نەیەن، هەم ژیانی دنیایان تاڵو تەنگو ناڕەحەت دەبێ، هەروەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةٗ ضَنكٗا وَنَحۡشُرُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَعۡمَىٰ ﴿١٢٤﴾ ﴾طه، هەم ژیانی دواڕۆژیشیان بەدبەختییو پەشێمانیی دەبێ، وە دووچاری سزاو جەزرەبەی خوا دێن.

كەواتە: تۆش ئەی موحەممەد! ﷺ كە یەكێكی لە پێغەمبەران، بەڵكو سەروەری پێغەمبەرانی، ئەركی تۆش هەر ئەوەیە، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ:

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَـٰكَ إِلَّا مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا ﴾، تۆمان نەناردوە، مەگەر موژدەدەرو ترسێنەر بی، بەڵام ئەو بیانوویانەی ئەوان دەیانگرن‌و، ئەو داوایانەی لێت دەکەن، وامان بۆ بکە! بچۆ بۆ ئاسمان‌و...هتد، هیچی ئیشی تۆ نیەو ئەرکی تۆ نیە.

٢/ ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ فَمَنۡ ءَامَنَ وَأَصۡلَحَ ﴾، یانی: هەمیشە ئیمان دەبێتە هۆی چاکسازیی، ئینسان بەهۆی ئیمانەوە صالح دەبێ، پاك‌و چاك دەبێ، وە چاکسازییکاریش دەبێ، کەواتە: کەسێك ئیمانمان تێدا بینی، بەڵام چاکێتییمان تێدا نەبینی، ئیمان نابینرێ، بەڵام خۆ چاکێتیی دەبینرێ، ئەگەر چاکێتییمان تێدا نەبینی، دەبێ لە ئیمانەکەشی بکەوینە گومانەوە، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَمَنۡ ءَامَنَ وَأَصۡلَحَ ﴾، یان لە شوێنێکی دیکە دەفەرموێ: ﴿ وَأَمَّا مَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَـٰلِحًا ﴾، کەسێك دەڵێ: من ئیمانم هەیە، ئێمە نازانین ئیمان پەنهانە، (الإِيْمَانُ سِرٌّ وَالإِسْلَامُ عَلَانِيَةٌ) ئێمە نازانین، بەڵام تەماشای دەکەین، ئەگەر کردەوەی باشی هەبوو، ئەگەر صالح بوو، ئەگەر چاکسازو چاکەکار بوو، دەڵێین: ئیمانی هەیە، بەڵام ئەگەر چاکەمان تێدا نەبینی، لاف لێدانی ئیمان بەبێ چاکیی، بەبێ چاکسازیی، بەبێ کردەوەی باش، لەڕاستیدا دەعوایەکە کەس وەریناگرێ، وە قسەیەکە وەك ماڵی قەڵپەو سەر بە خاوەنیەتی، خوا پەنامان بدات لەوەی کە ئیددیعای ئیمان‌و ئیسلام بکەین، بەڵام چاك نەبین‌و چاکساز نەبین.

٣/ کە دەفەرموێ: ﴿ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴾، لە قورئاندا زۆرجار ئەم ڕستەیە هاتوە: ﴿ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴾، چونکە: ئینسان دوو حاڵەتی هەن لە ژیانیدا: ترسی داهاتووی هەیەو، خەمی ڕابردووی هەیە، ترسی داهاتووی هەیە: دەبێ چیم لێبێ؟ خەمی ڕابردووشی هەیە: خوایە! دەبێ ئەو گوناهانەی ڕابردووم‌و ئەو ژیانەی ڕابردووم، چۆنم بۆ حیساب کرابێ؟ خوای پەروەردگار دەفەرموێ: کەسێك خاوەنی ئیمان بێ‌و کردەوەی باشی هەبێ، یان خاوەنی ئیمان‌و چاکە بێ، نە ترسی داهاتووی هەیە،

حەتمەن خوا لەگەڵی بە کەرەم دەبێ، نە ترسی ڕابردووشی هەیە، بەهۆی ئیمانەکەیەوە، (الإِسْلاَمُ يَهدِمُ مَا كانَ قَبْلَهُ)[1] ئیمانو ئیسلام پێش خۆی دەسڕێتەوە، ئەگەر ئیمانی چاکت هێنابێ، ئەگەر تۆبەی باش بکەی بۆ لای خوا، ڕابردووت دەسڕێتەوە، خاوێن دەبیتەوەو نەجاتت دەبێ، کەواتە: پەژارەت بۆ داهاتوو نابێو ڕابردووشت چاك دەبێ.

کەواتە با ئەوەی ئینسان بیکاتە تەرازوو: بایی ئەوەندە کە دڵ ئارامییت هەیە، سەبارەت بە داهاتووو ئایندەت، وە ئیرتیاحو ئاسودەییت هەیە، سەبارەت بە ڕابردووت، ئەوە بزانە خاوەن ئیمانیت، بەڵام بە مەرجێك ئەوە لە بۆش نەبێ، حەسەنی بەسرایی دەڵێ: (إِنَّ الْمُؤْمِنَ أَحْسَنَ الظَّنَّ بِرَبِّهِ، فَأَحْسَنَ الْعَمَلَ، وَإِنَّ الْمُنَافِقَ أَسَاءَ الظَّنَّ بِرَبِّهِ، فَأَسَاءَ الْعَمَلَ)[2]، واتە: ئیماندار باشترین گومانی بە پەروەردگاری دەبات، وە باشترین کردەوەش ئەنجام دەدات، بەڵام مونافیق خراپترین گومان بە خوا دەباتو، خراپترین کردەوەش ئەنجام دەدات، لەڕاستییدا جۆری کردەوەیە کە پێت دەڵێ: گومانی باشت بە خوا هەیە، یان گومانی خراپ؟ کەسی وا هەیە دەڵێ: گومانم بە خوای بە بەزەیی زۆر چاکە، خوا منی زۆر زۆر خۆشدەوێ، کەچی نوێژان ناکاتو ڕۆژووان ناگرێ، هیچ چاکەیەکیشی نیە، ئنجا دەشڵێ: وەڵڵاهی مامۆستا ! من بەینم لەگەڵ خوادا زۆر باشە، پێموایە پەیوەندییم لەگەڵ خوادا زۆر زۆر پتەوە ! من دڵم زۆر زۆر باشە، ئیمانێکی زۆر چاکم هەیە، خۆ بەوە نیە کە نوێژ ناکەم !! ئەوەیە دەڵێ: (شەل نیە، بەڵام پای شکاوە)! ئەدی ئەگەر ئیمانی زۆر باشت هەیە، بۆچی نوێژی تێدانیە، ئەدی ئەو ئیمانە باشە بۆچی ناتجووڵێنێ، خۆ ئەگەر سەیارەیەك، مەکینەیەکی باشی لەسەر بێ، باش دەڕوات، ئەدی تۆ بۆچی ناجووڵێیو بەرەو خوا حەرەکەت ناکەی، دیارە مەکینەیەکی باشت لەسەر نیە، مادام ئیمانی باشت هەبێ، دەبێ کردەوەی باشت هەبێ، کانیاوێك ئەگەر کانیاوێکی زۆر سازگار بێ، نابێ ئاوی تێدابێ؟ بەڵام تۆ هیچ ئاوت تێدا نیە، وشكو برینگی ! درەختی باش، میوەشی دەبێ، بەروبوومی باشی پێوە دەبێ، بەڵام تۆ هیچ میوەت

---

١) ﴿ ... أما علمت أنَّ الإسلام يَهدمُ ما كان قَبْلَهُ !﴾ رواه مسلم: (٣١٧).

٢) أَخْرَجَهُ إِبْنُ أَبي شيبة برقم: (٣٦٣٣٩).

پێـوە نیـە، کەواتـە زڕی ! بەڵـێ ئەگەر ئینسان ئیمانو کـردەوەی باشـی هەبـێ، حاڵەتی دڵ ئـارامـیی‌و ئۆخـژنـی بۆ دروست دەبێ سەبارەت بە ئاینـدەو داهاتووی، وە سەبارەت بە ڕابردووشی، بەڵام ئـەوە دەبێ لەسـەر بنـاغـەیـەك بـێ.

٤/ ئنجـــا کـــە دەفـــەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَمَسُّهُمُ ٱلۡعَذَابُ بِمَا كَانُواْ يَفۡسُقُونَ ﴾، ئەوانەی کە بڕوایان بە ئایەتەکانی ئێمە نیە، ئەوە سزایان تووش دەبێ.

توێـژەرەوانی قورئـان هــەموو گوتوویانـە، ئـەوە لـە قیامەتـێـیـە، بـەڵام مـن دەڵێم: لە دنیـایەش ئەو سزایـەیـان تـووش دەبـێ‌و: (يَمَسُّهُمُ الـعَـذَابُ فِي الدُّنيَـا وَالآخِـرَة) بـەڵـێ مـن پێـموایـە چەمکـی ئایەتـەکـە دنیـاش دەگرێتـەوە پێـش قیـامەت، بۆچـی؟ تەماشـا بکـەن ! دەفـەرموێ: ئەوانـەی بڕوایـان بـە ئایەتـەکانی ئێـمـە نیە، ئـنجا ئاشـکرایە ئەوانەی پابەنـد نین بە بەرنـامـەی خـواوە:

أ) لـە ڕووی جنیسـییەوە، ئینحیـراف دەکـەن، ئـەوە نەخۆشییەکانـی: ئایـدزو سیلانو زوهـریـی‌و... هتـد، دنیا پڕە لـەو نەخۆشییـانە.

ب) لــە ڕووی خـــواردنو خۆراکــەوە، ئینحیـــراف دەکــەن، مـــاددە ســـڕکەرو سەرخۆشکەرەکـان بەکـارـدێنن، وەك: تلـیـاك‌و حەشیشـەو شـەڕاب‌و حـەب‌و جگـەرەو نێرگـەلـەو... هتد.

ج) لـــە ڕووی زۆر خۆرییـــەوە، ئینحیـــراف دەکـــەن، تووشـــی قەڵەویـــی‌و ئـــەو دەرهاویشتـە خـراپـانەی کە لە قەڵـەویـی پەیـدا دەبـن، دەبـن.

د) لــە ڕووی کۆمەڵایەتییــەوە، ئینحیــراف دەکـەن‌و تووشــی لادان دەبـــن، ئــەو عـادەتـە خراپانەیان لـەنێو پەیـدا دەبـــن، کـە دەیانـبینین، وەك خووخـــدەی خـراپ‌و، لاساییـکردنەوەی خـەڵك‌و، بـەدوای مۆدیـل‌و عـادەتی خراپـی خەڵـك کەوتـن‌و، چاولێکـەریی.

هـ) لــە ڕووی سیاسییـــەوە، ئینحیــراف دەکـەن‌و تووشـی زوڵـم‌و خۆسـەپێنیی‌و دیکتـاتۆریـی دەبن، ئەوە دەیانبینین کـە چـۆن خەڵـك‌و میللـەت کـە جـام پـڕ بوو لەسـەری دەرژێ، لـێیـان ڕادەپەڕێ‌و دوایـی گـۆڕبەگـۆڕ دەبن‌و فڕێ دەدرێنـە زبڵـدانی مێـژوو، وەك (مُعَمَّر قَذَّافِي) کـە بـە خەڵـکی لیبیـای دەگـوت: (مَنْ

أَنْتُمْ؟ مَنْ أَنْتُمْ؟ أَنْتُمْ جِرَاثِيم) ! ئێوە کێن؟ ئیوە کێن؟ ئێوە میکرۆبن، یان دەیگوت: (أَنْتُمْ جُرْذان)، واتە: ئێوە جرجو مشکن !! وەك جرجو مشك تەماشای میللەتەکەی خۆی دەکرد، بۆیە خەڵکەکەی خۆی لێی ڕاپەڕینو بەوشێوەیە کوشتیان کە دیتمانو، بەو دەردە چوو، کە پێی چوو.

کەواتە: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا يَمَسُّهُمُ ٱلْعَذَابُ ﴾، ئەوانەی بڕوایان بە ئایەتەکانی ئێمە نیە، تووشی سزا دێن، یانی: لە دنیادا پێش قیامەت، ئەوەی لە بەرنامەی خوا لابدات، لەسەر ئاستی تاکیی، لەسەر ئاستی خێزانیی، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیی، لەسەر ئاستی سیاسیی، لە ڕووی ئابووریی‌و لە هەر ڕوویەکەوە لە شەریعەتی خوا، لابدات، تووشی بەڵاو گرفتاریی خراپ دەبێ، وەك خوای دادگەر دەفەرموێ: ﴿ ظَهَرَ ٱلْفَسَادُ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِى ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ ٱلَّذِى عَمِلُواْ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٤١﴾ ﴾ الروم ، واتە: خراپەو ئاشووب تەڕو وشکی گرتۆتەوە، بەهۆی کردەوەی دەستی خەڵکییەوە، تاکو بەشێك لە سزای کردەوەکانیان پێ بچێژێ بۆئەوەی بگەڕێنەوە. یانی لە دنیادا سزایەکەیان تەنیا بەشێکی کەمەو زۆرینەکەی هەڵگرتوە بۆ قیامەت.

٥/ ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ ﴾، واتە: بەهۆی ئەوەوە کە لایانداوەو لاڕێ بوون، لە چی لایانداوە؟ لە حوکمی عەقڵو فیطرەتو شەریعەت دەرچوون، لە یاساکانی خوا دەرچوون، بۆ وێنە: کەسێك سەیارە لێدەخوڕێ، کە لە جادە دەردەچێ‌و بەپێچەوانەی ئاراستەی یاساکانی هاتوچۆوە، دەڕوات، یان شەمەندەفەر کە لە سکە دەردەچێ، یا تەیارە کە لە مەجالی خۆی دەردەچێ، یان لەو شوێنەی کە لێی دەنیشێتەوە لە فڕۆکەخانە (مطار) کاتێك لە شوێنەکەی لە (مدرج) دەردەچێ، چی لێدێ؟ بێگومان: سەرەنجامی سووتانو لەبەین چوونە، ئینسانیش وەختێ لاڕێ دەبێ‌و لە بەرنامەی خوا لادەدات، تووشی سزاو جەزرەبەی خوا دەبێ لە دنیاو دوارۆژدا.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

دەرسی شەشەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە ئایەتەکانی: (٥٠ تا ٥٨) پێکدێ، واتە: نۆ (٩) ئایەت دەگرێتە خۆی، تەوەری سەرەکیی ئەم نۆ ئایەتە، کە حەوت (٧) جار وشەی (قُل)یان تێدا دووبارە بۆتەوە، واتە: خوا ﷻ حەوت جار بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ئەوە بڵێ...، ئەوە بڵێ...، بە کێ؟ بەو خەڵکەی کە بانگیان دەکات بۆ لای خوا بەگشتی، وە کافرەکانو هاوبەشپەیداکەرەکان بەتایبەت، کە دیارە ئەو کۆمەڵگایە کە ئەوکات پێغەمبەر ﷺ لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بۆتەوە، بەزۆریی هاوبەش بۆ خوا دانەرو بێبڕوابوون، جا تەوەری سەرەکیی ئەم نۆ ئایەتە بریتییە لە ڕێنماییو ئامۆژگاریی خوا ﷻ بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ لە بواری مامەڵەکردنییدا لەگەڵ هەرکام لە بێبڕوایانو هاوبەش بۆ خوا دانەران لە لایەکەوە، وە بڕواداران لە لایەکی دیکەوە.

خوا فەرمانی پێ دەکات، کە چەند ڕاستییەکی گەورەو گرنگ لەبارەی خۆیو بەرنامەو پەیامەکەیەوە بە بێبڕوایەکان ڕابگەیەنێ، وەك:

١/ ئیددیعا نەکردنی خاوەنداریێتیی خەزێنەکانی خوا.

٢/ ئیددیعا نەکردنی زانینی نادیار (غیب).

٣/ ئیددیعا نەکردنی ئەوەی کە فریشتەیە، چونکە بێبڕوایەکان هەندێ شتیان لێ داوا دەکرد، وەك خەزێنەکانی خوا لەبەردەستی پێغەمبەر ﷺ دابن، یاخود توانایەکی یاسادڕ (خارِقُ العادَة)ی هەبێ، پاشان خوا فەرمانی پێ دەکات، کە کەسانێك بە قورئان هۆشیار بکاتەوە، کە ترسی دیداری پەروەردگارییان هەیە لە دوارۆژدا.

ئنجا دوایی خوا ﷻ دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئیمانداراندا ڕێنمایی دەکات‌و پێی دەفەرموێ: بڕواداره دڵسۆزو ڕەش‌و ڕووتەکان، بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی بێبڕوا زلە زلەکان، لە کۆڕو مەجلیسی خۆت دەرمەکە، چونکە ئەوان تەکلیفیان لێدەکرد: ئەو ڕەش‌و ڕووتانە دەربکە، ئنجا دێینە کۆڕو مەجلیسی تۆوە، خوای پەروەردگاریش بە پێغەمبەر دەفەرموێ ﷺ هەرگیز شتی وا نەکەی.

پاشان فەرمانی پێدەکات کە هەر کات بڕوادارەکان هاتنە کۆڕو مەجلیسیەوە، سەلامیان لێبکات، وە سەلامی خوایان پێ بگەیەنێ، وە مژدەی بەزەیی‌و لێخۆشبوونی خوای بە بەزەیی بۆ کردەوە خراپەکانیان، پێ بدات.

لە کۆتایی دا خوا فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکات کە چەند شتێك بە کافرەکان بڵێ، بەتایبەت، وە بە خەڵك بەگشتی:

١) من ڕێم لێگیراوە کە پەرستراوەکانتان کە جگە لە خوا لێیان دەپاڕێنەوە، بیپەرستم.

٢) وە من شوێنی ئارەزووەکانتان ناکەوم، ئەگەرنا گومڕا دەبم.

٣) وە من لەلایەن پەروەردگارمەوە لەسەر بەڵگەیەکی ڕوونم، واتە: لەسەر ڕێبازێکی ڕوونم، وە سزادانیشتان عایدی خوایەو بەدەست من نیە.

٤) وە سزادانی ئێوە کە پەلەی لێدەکەن، ـ چونکە کافرەکان پەلەیان دەکردو دەیانگوت: بۆمان بنێرەوە دەیانگوت: کوا؟ با دۆزەخ بێ، وە ئاسمانمان بەسەردا بڕووخێنە ـ ، ئەگەر سزادانتان بەدەست من بووایە، ئەوە کێشەی نێوانمان کۆتایی دەهات‌و زوو یەکلایی دەبویەوە، واتە: ئەو سزایەم زوو بەسەردا دادەبەزاندن، بەڵام ئەو سزایە بەدەست من نیە، بەڵکو لەدەست خوای باڵادەست دایە.

﴿ قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمۡ عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمۡ إِنِّي مَلَكٌۖ
إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّۚ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُۚ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ٥٠ وَأَنذِرۡ
بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحۡشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ لَيۡسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيّٞ وَلَا شَفِيعٞ لَّعَلَّهُمۡ
يَتَّقُونَ ٥١ وَلَا تَطۡرُدِ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥۖ مَا عَلَيۡكَ مِنۡ
حِسَابِهِم مِّن شَيۡءٖ وَمَا مِنۡ حِسَابِكَ عَلَيۡهِم مِّن شَيۡءٖ فَتَطۡرُدَهُمۡ فَتَكُونَ مِنَ
ٱلظَّٰلِمِينَ ٥٢ وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لِّيَقُولُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم
مِّنۢ بَيۡنِنَآۗ أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَعۡلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ٥٣ وَإِذَا جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا
فَقُلۡ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡۖ كَتَبَ رَبُّكُمۡ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَۖ أَنَّهُۥ مَنۡ عَمِلَ مِنكُمۡ
سُوٓءَۢا بِجَهَٰلَةٖ ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعۡدِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَأَنَّهُۥ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٥٤ وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ
ٱلۡأٓيَٰتِ وَلِتَسۡتَبِينَ سَبِيلُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ٥٥ قُلۡ إِنِّي نُهِيتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن
دُونِ ٱللَّهِۚ قُل لَّآ أَتَّبِعُ أَهۡوَآءَكُمۡ قَدۡ ضَلَلۡتُ إِذٗا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُهۡتَدِينَ ٥٦ قُلۡ إِنِّي
عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبۡتُم بِهِۦۚ مَا عِندِي مَا تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦٓۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ
إِلَّا لِلَّهِۖ يَقُصُّ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰصِلِينَ ٥٧ قُل لَّوۡ أَنَّ عِندِي مَا تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦ
لَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡۗ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِٱلظَّٰلِمِينَ ٥٨ ﴾.

مانای وشــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((بلّـێ: پێتـان نالّێم عەمبـارەکانی خـوام لـەلان، وە پەنهـان نازانـم، وە پێتـان نالّـێم من فریشـتەم، من تەنیـا شوێن ئـەو سرووشــە دەکــەوم کە بـۆم دێ، بلّێ: ئایـە کـوێرو بینەر یەکسانن، ئایا بیـر ناکەنەوە؟ ﴿٥٠﴾ وە ئەو کەسانەی پێ بترسـێنەو وریـا بکــەوە (واتە: بە قورئـان)، کە دەترسـن بـۆ لای پەروەردگـاریان کۆبکرێنـەوە (لـە حالّێکـدا) کە جگە لەو هیچ پشـتیوانو تکاکاریان نیـن، بەلّکو پـارێز بکـەن ﴿٥١﴾ وە ئەوانـە (لـە کـۆڕی خـۆت) دەرمەکـە، کە بەیانیانو ئێواران لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوەو، مەبەستیان ڕوو (ڕەزامەنـدیی)یــەتی، نــە هــیچ لێپرســینەوەیەکی وان لەســەر تۆیــەو، نــە هــیچ لێپرسـینەوەیەکی تۆش لەسەر وانە، جا ئەگەر (گریمـان) دەریان بکـەی، لـە ستەمکاران دەبی ﴿٥٢﴾ وە ئاوا هەندێکیان بە هەنـدێکیان تاقیدەکەینـەوە (لـە ڕووی سـامانو پێگـەی کۆمەلاّیەتییــەوە جیاوازییــان دەکــەین) تاکـو (خـۆ بەزلگـرە بێبڕوایەکـان) بلّـێن: ئایا ئەوانەن کە خوا لە نێوان ئێمـەدا (هەلّبـژاردوونو) چاکەی لەگەلّ کـردوون؟! (بـەلاّم) ئایا خـوا زاناتر نیـە، بە سوپاسگوزاران (تاکو هەلّیانبـژێرێ بۆ هیـدایەت دان)؟! ﴿٥٣﴾ وە هـەر کـات ئەوانــەت هاتنــەلا، کـە بـڕوا بـە ئایەتــەکانمان دێـنن، ئــەوە پێیــان بلّــێ: سـەلامتان لـێ بـێ، پەروەردگارتان بەزەیی نواندنی لەگـەلّتـان دا لەسـەر خـۆی پێویسـت کردوە، وە بە دلّنیـاییـەوە، هەرکامێکتـان نەفامانـە خراپەیـەك بکـات، ئنجـا دوای ئـەوە بگەڕێتـەوەو چاکسـازیی بکـات، ئەوە (خـوا) لێبوردەی بە بەزەییـە (بەرانبـەری) ﴿٥٤﴾ وە بەو شێوەیە ئایەتـەکان ڕوون دەکەینـەوە (تـاکو لـێیـان تێبگــەن)، وە بۆئــەوەی ڕێبـازی تاوانبــاران ڕوون بێتــەوەو بزانــرێ ﴿٥٥﴾ بلّــێ: مــن ڕێگــرییم لێکــراوە کــە ئــەو (پەرســتــراو)انەی لــە جیــاتی خـــوا داوایــان لێدەکــەن، بیـانپەرسـتم، بلّـــێ: دوای ئارەزووەکانتـان ناکــەوم، ئەگەر وابکــەم، گـومڕا دەبــم، وە مـن لـە ڕێنمـاییکراوان نابـم ﴿٥٦﴾ بلّــێ: بێگومـان مــن لەلایــەن پەروەردگارمــەوە لەســەر ڕێ (بەلّــگە)یەکی ڕوونم، کەچـی ئێـوەش بەدرۆی دادەنێـن، ئەو (سزایەی) پەلەی لێدەکەن (بۆتان بـێ) لـەلای مـن نیـە، حوکمو بڕیار هەر هی خـوایە، هـەق بـاس دەکـات، وە باشـتـرینی دادوەرییکـەرانە

﴿٥٧﴾ بڵێ: ئەگەر ئەو (سزای)ەم بەدەست بووایە کە پەلەی لێدەکەن، کاری نێوان منو ئێوە کۆتایی دەهات، (و بە سزای خۆتان دەگەیشتن) وە خوا بە ستەمکاران زاناترە ﴿٥٨﴾)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان

(خَزَآئِنُ ٱللَّهِ): واتە: عەمبارەکانی خوا، بە کوردیی دەڵێین: عەمبار یان ئەمبار، دەشڵێین: خەزێنە، دەڵێ: (الخَزْنُ: حِفْظُ الشَّيءِ فِي الخِزانَة، وَالخَزَائِنُ جَمْعُ خِزَانَة)، (خَزْن) بریتییە لە پاراستنی شتێك لە عەمباردا، یاخود لە شوێنی تێیدا هەڵگیرانیدا، وە (خَزائِن) کۆیەکەی (خِزَانَة)یە، ئێمە لە کوردیدا دەڵێین: خەزنە، یان خەزێنە، بەڵام ئەسڵی خۆی بە عەرەبی پێی دەگوترێ: (خِزَانَة) کە کۆیەکەی (خَزائِن)ە.

(وَلَا تَطۡرُدِ): واتە: دەرمەکە، (الطَّرْدُ: هُوَ الإِزْعَاجُ وَالإِبْعَادُ عَلَى سَبيل الإِسْتِخْفَاف)، (طرد): بریتییە لە نارەحەتکردنو دوورخستنەوە، بە شێوەیەکی کەم تەماشاکەرانە.

(بِٱلۡغَدَوٰةِ): (الغَدْوَة وَالغدَاةِ: أَوّلُ النَهار، وقُوبِلَ الغُدوُّ بالآصال، وَالغدَاةِ بالعَشيِّ) وشەی (غَدْوَة وَغداة) هەردووکیان بە مانای سەرەتای ڕۆژن، پێش نیوەڕۆ یان بەرەبەیان، وە وشەی (غُدوّ) واتە: بەیانیان لەگەڵ (الآصال)دا دێ، واتە: ئێواران، وە وشەی (غداة)یش لەگەڵ (عَشِيّ)دا، دێ، هەردووکیان بە مانای بەیانیو ئێوارە، یاخود پێش نیوەڕۆو دوای نیوەڕۆ، دێن.

(وَٱلۡعَشِيِّ): دەڵێ: (العَشِي: مِنْ زَوَال الشَّمْس إِلى الصَّبَاح) (عَشِي): بریتییە لەو کاتەوە کە ڕۆژ لە نێوەڕاستی ئاسمانەوە لادەدات، واتە: ئێوارە دێ، تاکو بەیان، هەر پێی دەگوترێ (عَشيِّ).

(وَجْهَهُ): (أَصلُ الوَجْه الجَارِحَة وَاستُعْمِلَ فِي مُستَقبل كُلّ شَيء، وعُبّر عَن الذَّات بالوَجْه)، (وجه) لە زمانی عەرەبیدا بریتیە لەو ئەندامەی ئینسان کە دەکەوێتە نێوان هەردوو گوێیەکانی لەگەڵ چەناگەو پێشە سەری، بەڵام بەکاریش هێنراوە بۆ پێشەکیی هەر شتێك، دەڵێ: ئەو خانووە ڕووی لە منە، یان بەڵایەك هات، پێموایە ئەو بەڵایە ڕووی لە منە، پێشەکیی هەر شتێك پێی دەگوترێ: (وجه) وە هەروەها لەجیاتی (ذات)یش (وَجه) بەکاردێ، ﴿كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ ۝٢٦ وَيَبْقَىٰ وَجْهُ رَبِّكَ ذُو ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ ۝٢٧﴾ الرحمن، دەگونجێ مەبەست لە (وَجهُ) لێرەدا (ذات) بێ، واتە: زاتی هەموو شتەکان لەبەین دەچێ، تەنیا زاتی خوا دەمێنێتەوە، دەشگونجێ مەبەست بە (وجه) سیفەتێکی خوای پەروەردگار بێ، دیارە سیفەتەکانیش وەك زاتن، وەك چۆن نازانین زاتی خوا چۆنە، سیفەتەکانیشی ناتوانین چۆنیەتییەکەیان دیاریی بکەین.

هەروەها (وجه) بە مانای ڕەزامەندییش دێ، ئەگەر کەسێك ڕوو بداتە کەسێك، مانای وایە لێی ڕازییە، دەڵێ: ڕووی لەگەڵم خۆشە، مانای وایە لێی ڕازییە، ئەگەر ڕووی لێ وەرچەرخاند، مانای وایە لێی تووڕەیە، کەواتە: (وجه) بەمانای ڕەزامەندییش دێ.

(حِسَابِهِم): (حِسَاب) واتە: لێپرسینەوە، حیسابو کیتاب، لێپرسینەوەیە، یانی حاڵو وەزعیان لەسەر تۆ نیەو، حاڵو وەزعی تۆش لەسەر وان نیە، دەڵێ: (حَسَبَ المَالَ: عَدَّهُ وَأَحصَاهُ، وَحاسَبَهُ، نَاقَشَهُ الحِسَاب)، (حَسَبَ المال): واتە: ماڵو سامانەکەی ژمارد، سەرژمێری کرد، (حاسَبَهُ): واتە لێپرسینەوەی لەگەڵدا کردو لێی پێچایەوە.

(فَتَنَّا): یانی: (إختَبَرْنا وابْتَلَيْنا) تاقییمان کردووە، جەڕباندمان.

(مَنَّ): واتە: چاکەی لەگەڵ کردوون، دەڵێ: (المِنَّة: النِّعْمَةُ الثَّقِيلَة، مَنَّ فُلانٌ عَلَى فُلانٍ، إِذَا أَثْقَلَهُ بالنِّعْمَةِ)، (مِنَّة) واتە: چاکەی قورسو گران، دەگوترێ: فلان

کەس مینەتی لەسەر فلان کەس کرد، واتە: چاکەیەکی لەگەڵدا کردوە، باری قورس کردوە، بەلام بە زۆریی بۆ حاڵەتی زەم بەکاردێ، وەك یەکێك بە یەکێکی دی دەڵێ: منەتم لەسەر مەکە، بەلام جاری واش هەیە کابرا دەڵێ: تۆ منەتێکی زۆرت لەسەر منە، منەتم بە تۆ هەیە، یانی: چاکەت لە چاوی مندا هەیە.

(نُفَصِّلُ ٱلْأَيَـٰتِ): واتە: ئایەتەکانی خۆمان ڕۆشن دەکەینەوە، دەڵێ: (التَّفْصيل: التَبْيينُ، لأَنَّهُ يفصل الأُمُور بَعْضَهَا عَنْ بَعْض فَتَتَبَيّنَ) ئەگەر چەند شتێك کۆمەڵ بوون بەیەکەوە بوون، یەکێکیانت جیاکردەوە، مانای وایە ڕوون بۆوە، بەلام ئەگەر هەموویان بەیەکەوە کۆمەڵ بن، لێت تێکەڵ دەبن، خوا دەفەرموێ: ئاوا ئایەتەکانی خۆمان لە یەکدی جیادەکەینەوە، ڕوونیان دەکەینەوە، وە (فاصِل) لە (فَصْل)ەوە هاتوە، (الفَصْلُ: إبَانَة أَحَد الشَّيْئَين مِنَ الآخَر حَتَّى يَكُون بينهما فُرْجَةٌ، وَالحُكْم بَيْنَ النَّاس، وَالفَيْصَلُ الحَاكِمُ، وقِيلَ: القَضَاء بَيْنَ الحَقّ وَالبَاطِل)، وشەی (فَصْل): بریتیە لەوەی کە دوو شتان لە یەك جیابکەیەوە، بەینیان هەبێ، هەروەها دادوەریی کردن لە نێوان خەڵکیدا، وشەی (فَصل)ی بۆ بەکاردێ، وە (فَيصَل) بریتیە لە: دادوەر، هەروەها بریتیە لە: دادوەریی کردن لە نێوان هەقو ناهەقدا.

(بَيِّنَةٍ): (البَيِّنَات جَمْعُ بَيِّنَة: الدَّلالَةُ الوَاضِحَة) واتە: (بینات) کۆی (بَيِّنَة)یەو ئەمیش ئاوا پێناسە کراوە: (الدَّلالَة الوَاضِحَة عَقْلِيَةً كَانَتْ أو مَحْسُوسَةً، و سُمِّيَ شَهَادَةُ الشَّاهِدَين بينةً، كَمَا جَاءَ في صحيح مُسلِم: البَيِّنَةُ عَلَى المُدَّعِي) واتە: ڕێنیشاندانێکی ئاشکرا، بەڵگەیەکی ئاشکرا، چ عەقڵیی بێ، چ بەرهەست بێ، بۆیە شایەدیی دانی دوو شاهێدان پێی گوتراوە: (بَيِّنَة) چونکە بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشکرایە، یاخود ڕێنیشاندەرێکی ئاشکرایە، کە ئەو شتە بەوجۆرە بووە، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ، هاتوە فەرموویەتی: (البَيِّنَةُ عَلَى المُدَّعِي)، واتە: کەسێك ئیددیعایەك بکات دەبێ بەڵگەیەکی ڕوون بێنێ.

(ٱلْحُكْمُ): دەڵێ: (الحكم بالشيء أن تقضيَ بَأَنَّهُ كَذَا وَلَيْسَ بكَذَا، سَوَاء ألزمت ذلك غيرك، أو لم تُلْزِمْهُ) دەڵێ: حوکم دان بە شتێك ئەوەیە تۆ بڕیار بدەی

ئەو شتە ئاوایەو ئاوا نیە، ئنجا یەکسانە تۆ ئەو کەسە پابەند بکەی، یان پایەند نەکەی، واتە: حوکم دان بە شتێك، بۆ وێنە: من دەڵێم: حوکم دەدەم بەوەی کە فلان کەس ئینسانێکی باشە، یان فلان کەس ئینسانێکی خراپە، مەرج نیە سزاشی بدەی لەسەر خراپەکەی.

(يَقُصُّ ٱلْحَقَّ): واتە: هەق دەفەرموێ: یان هەق ڕوون دەکاتەوە، دەڵێ: (القَصُّ: تتبع الأَثَر، وَالقَطْع، وَالمِقَصُّ: المِقراض): (قَص) ئەوەیە کە بەدوای شوێن پێ بکەوی، یان بریتیە لە برینی شتێك، وە (مِقَص) بۆیە وای پێدەگوترێ، چونکە شتی پێ دەبڕدرێ.

هـۆی هاتنـەخـوارەوەی ئـایەتەکـان

هـۆی هـاتنە خـوارەوەی ئـەم ئایەتـەی کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَيْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٥٢﴾ ﴾، لەوبـارەوە ئـەم دەقە گێـڕدراوەتـەوە:

﴿عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ رضي الله عنه قَالَ فِيّ نَزَلَتْ: ﴿ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ ... ﴾، قَالَ: نَزَلَتْ فِي سِتَّةٍ: أَنَا وَابْنُ مَسْعُودٍ مِنْهُمْ، وَكَانَ الْمُشْرِكُونَ قَالُوا لَهُ تُدْنِي هَؤُلاءِ، وَفِي رِوايَةٍ كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ فِي سِتَّةِ نَفَرٍ، فَقَالَ الْمُشْرِكُونَ لِلنَّبِيِّ ﷺ اطْرُدْ هَؤُلاءِ لا يَجْتَرِئُونَ عَلَيْنَا، قَالَ: وَكُنْتُ أَنَا وَابْنُ مَسْعُودٍ وَرَجُلٌ مِنْ هُذَيْلٍ وَبِلالٌ وَرَجُلانِ لَسْتُ أُسَمِّيهِمَا فَوَقَعَ فِي نَفْسِ رَسُولِ اللهِ ﷺ مَا شَاءَ اللهُ أَنْ يَقَعَ، فَحَدَّثَ نَفْسَهُ، فَأَنْزَلَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ ... ﴾﴾[1] وە (الوَاحِدِي) لـە (أسباب النـزول)دا هێناویـەتی نـاوی شـەش کەسەکەشی هێنـاوە، کە ئەمانەن: (سَعد وَابْنُ مَسْعُود وَصُهَيب وَعَمَّار وَالمِقْدَاد وَبِلال)[2].

واتە: سـەعدی کوڕی ئەبی وەققاص، دەڵـێ: ئـەم ئایەتـە موبارەکانـە لـەبارەی منـەوە هاتنە خوار، دوایی دەڵێ: لەبارەی شـەش کەسانەوە هاتنـە خـوار، مـن یـەکێکیان بـووم و عەبدوڵـڵای کوڕی مەسعوودیش یەکێکـیان، {دوایـی نـاوی شـەشـە کەسـەکانیش هاتوە لـەلای (الواحدي)، کە: (عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودە، سـەعدی کـوڕی ئـەبی وەققاصـە، صوهەیبە، عەممارە، میقدادی کوڕی ئەسـوەدە، لەگـەڵ بیلالـی حەبەشـیی)، ئەوانـە

---

١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٤١٣)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٨٢٦٤)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٤١٢٨)، وَالوَاحِدي في "أَسباب النزول" ص١٤٥.

٢) بڕوانە: (الإستيعاب في بيان الأسباب ج٢، ص١٣٧، سليم الهلالي، ومحمد بن موسى آل نصر).

ڕەش‌و ڕووت‌و سادەو، هەندێکیان کۆیلە بوون‌و، هەندێکیان هەر هەژارو نەدارو لێقەوماو بوون، شوێنکەوتووانی پێغەمبەر ﷺ زۆربەیان هەر ئەوانە بوون، بەڵام دیارە دەوڵەمەندیشیان تێدا بوون وەك: ئەبوبەکری صیددیق‌و، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفو، عوسمانی کوڕی عەففان، خوا لە هەموویان ڕازی بێ، بەڵام زۆربەیان ڕەش‌و ڕووت بوون} کە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان پێیان گوت: (واتە بە پێغەمبەر ﷺیان گوت): تۆ ئەمانە لەخۆت نزیك دەخەیەوە، بۆیە ئێمە نایەینە کۆڕو مەجلیسی تۆ.

وە لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا هاتوە ئێمە لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ بووین شەش کەس بووین، هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بە پێغەمبەر ﷺیان گوت: ئەوانە دەربکە نەیەنە کۆڕو مەجلیسی ئێمەوە، جورئەت نەکەن بێنە نێومان، {کە تەنها لە مەجلیسی پێغەمبەردا ﷺ ئەو ڕەش‌و ڕووتانە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دادەنیشتن، ئەگەرنا ئەوانە قبووڵیان نەدەکرد بێنە مەجلیسیانەوە، بێنە (دار النّدوة)، یاخود بێنە ئەو شوێنانەی کە تایبەتن بەوانەوە}[1].

ئنجا سەعد دەڵێ: من‌و ئیبنو مەسعوود وە پیاوێك لە هوذەیل، وە بیلال، وە دوو پیاویش کە ناوەکانیان نازانم، ئێمە ئەو شەشە بووین (کە دوایی ناوەکانی دیکەش هاتوون کە لەسەرەوە باسمان کردن)، دەڵێ: ئەوان کە ئەو پێشنیارەیان بۆ پێغەمبەر ﷺ کردو ئەو داواکاریەیان لێکرد، ئەوە کەوتە دڵی پێغەمبەرەوە ﷺ، کە خوا ویستی بکەوێتە دڵی، (واتە: شتێك بە دڵی داهات، تەماشا دەکەین ئەو هاوەڵانە چەند بەئەدەب بوون، لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ، نەیانگوتوە: ئەوەی هاتۆتە دڵەوە کە: ئێمە دەربکات! بەڵکو دەڵێن: ئەوەی هاتە دڵەوە کە هاتە دڵی، دیارە پێغەمبەر ﷺ تەماشای کردوە، گوتوویەتی: من ئەگەر هەر لەگەڵ ئەو ڕەش‌و ڕووتانە بم، دینەکە ناچەسپێ، ئەگەر ئەو زلە زلانە گوێم بۆ بگرن، دوایی ئەو ڕەش‌و ڕووتانەش ڕزگاریان دەبێ‌و تووشی ئازارو ئەشکەنجە نابن، یانی، بەرژەوەندیی کارو بانگەوازەکەی

---

١) وەك چۆن لە ئەمریکا تا ئەو ساڵانەی دواییش دەیاننووسی: (سەگ‌و ڕەش پێست نابێ بێنە ژوورەوە) ئێستاش ڕەنگە لە هەندێ شوێنان مابێ، بەڵام ئیسلام (١٤٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا، ئەوەی هەڵوەشاندەوە، بۆیە کە ئۆباما لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، بۆ سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە خۆی هەڵبژاردو دەرچوو، زۆریان پێ سەیر بوو، کە ئۆباما ئەوەندە ڕەش پێستیش نیە، هەروەها تاکو ئەو ساڵانەی ڕابردوو، قبووڵیان نەدەکرد لە شەمەندەفەرو پاس دا، ڕەش پێستەکان دابنیشن.

ڕەچاو كردوە، لەو بیركردنەوەیەی دا كە بە دڵیدا هاتوە، نەك دان بەو عادەتە نەفامانەیەی ئەواندا بێنیٚو، ئەو ڕەش‌و ڕووتانە لە مەجلیسی خۆی دەربكات، بەڵكو وەك بەرژەوەندیی بانگەوازەكەی لەوانەیە چووبێتە دڵی، كە باشە، با جارێ ئەوانە لابچن‌و ئەو كافرانە بێن گوێم بۆ بگرن) شتێكی هاتە دڵەوە، ئیدی خوا ئەو ئایەتانەی ناردنە خوار: ﴿ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ﴾، ئەوانەی كە بەیانیان‌و ئێواران، یاخود پێش نیوەڕۆو دوای نیوەڕۆیان، لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوەو مەبەستیان ڕووی خواو دیداری (یاخود ڕەزامەندیی خواو پاداشتی) خوایە، دەریانمەكەو دووریان مەخەوە.

بەڵام ئایا كە دەفەرموێ: (وَلَا تَطْرُدِ) دەریانمەكە؟ ئایا پێغەمبەر ﷺ هەرگیز وابووە هیچ كەس لە كۆڕو مەجلیسی خۆی دەربكات؟ نەخێر، ئەدی ئەو تەعبیرە بۆچی بەكاردێنێ؟ لێتان تێكنەچێ، ئەو تەعبیرە هی كافرەكان بووە، ئەوان گوتوویانە: (أطرد هؤلاء)، خوای پەروەردگار وشەكانی ئەوانی دووبارە كردۆتەوە، ئەگەرنا پێغەمبەر ﷺ تەنانەت مونافیق‌و كافریشی لە كۆڕی خۆی دەرنەكردوون، ئەگەر تەعبیری پێغەمبەر ﷺ با، دەیفەرموو: دووریان مەخەوە، یاخود ڕوویان لێ گرژ مەكە، وەك لە سوورەتی (عَبَسَ)دا هاتوە، ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ١ أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ ٢ ﴾،

كەواتە: ئەم (وَلَا تَطْرُدِ)ە، وشەی كافرەكانە، تەعبیری ئەوانە، خوا بەكاری دێنێتەوە، واتە: تۆ ئەوەی ئەوان دەیڵێن: وامەكە، لە حاڵێكدا نە لێپرسینەوەی تۆ لەسەر وانە، نە لێپرسینەوەی وان لەسەر تۆیە، ئەگەر دەریانبكەی، تۆ لە ستەمكاران دەبی.

كە ئەوەش زۆر قورسە بۆ پێغەمبەر ﷺ.

دوایی خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُوٓا۟ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآ ۗ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ٥٣ ﴾، ئاوا هەندێكیان بە هەندێكیان تاقیدەكەینەوە، بۆئەوەی كافرە زلە زلەكان، بڵێن: ئا ئەوانەن كە خوا لەنێو ئێمەدا چاكەی لەگەڵدا كردوون‌و، بەسەر ئێمەدا هەڵیبژاردوون؟ یانی: ئەوان

پێیان وابووە، کێ دەوڵەمەندتر بێ، ئەو لە خوا نزیکترە، دەیانگوت: یانی چی خوا لەنێو ئێمەدا ئەو ڕەش و ڕووتانەی هەڵبژاردوون، کە ئێمە هیچ حیسابیان بۆ ناکەین، بە هەرچی و پەرچییان دادەنێین و، بە خەڵکی سادەو بێ پێگەیان دادەنێین، خوا چی دەفەرموێ: ﴿أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ﴾، ئەدی خوا زاناتر نیە بە سوپاسگوزاران! خوا سوپاسگوزاران هەڵدەبژێرێ بۆ نزیکیی لە خۆی، بۆ هیدایەت دران و بۆ ئیمان، ئەوانەش سوپاسگوزار بوون و نیعمەتەکانی خوایان گێڕاوەتەوە بۆ خوا، نیعمەتەکانی خوایان لە ڕەزامەندیی خوادا بەکارهێناوە، ئەوانە نیعمەتی خوا، کە ئیمان و ئیسلامە، پێشوازییان لێکردووەو سوپاسی نیعمەتی خوایان کردوە، وەك ئێوە نین کە سپڵەو ناسوپاسن: خوا کردوونی بەخاوەن پێگەی کۆمەڵایەتیی و، خاوەن پێگەی سیاسیی و ئیمکانیەتی ئابوورییتان هەیە، هەروەها خوا پێغەمبەرێکی لەنێو خۆتاندا بۆ ناردوون، کە بە زمانی خۆتان قسەتان بۆ دەکات، شانازیی و شەرەفە بۆخۆتان، کەچی ئەو نیعمەتانەی خوا کە پێیداون، نادیدە دەگرن و، ئەو نیعمەتە گەورەیەش کە نیعمەتی هاتنی پێغەمبەرە ﷺ نادیدەی دەگرن، مانای وایە ئێوە سپڵەو ناسوپاسن، بۆیە شایستەی ئەوە نین کە خوا هیدایەتتان بدات، ﴿أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٥٣﴾﴾ ئایا خوا زاناتر نیە بە سوپاسگوزاران، بە شوکرانە بژێران ئەوانەی کە قەدری نیعمەتی خوا دەزانن؟ با، کەواتە: ئەوانە شایستەی ئەوەن، کە خوا هیدایەتیان بداو هەڵیانبژێرێ.

مانـای گـشـتـی ئایەتەکـــان

وەك پێشتـــر ئاماژەمـان پێـدا، تــەوەری سـەرەکیــی چـواچێوەی گشــتی کـە ئـەم دە ئایەتـە قسـەی لــێدەکەن، بریتیـە لە چەند ڕێماییەکی خوای پەروەردگار بـۆ پێغەمبــەر ﷺ لەبارەی چۆنیـەتی مامەڵەکـردنی لەگەڵ بێبـڕوایان دا، وە ڕەتکردنــەوەی کۆمەڵێـك گومـانو تۆمــەت ســەبارەی بــە خــۆی، وە پاشــان چۆنیــەتی مامەڵەکردنــی لەگــەڵ ئیمانداارانێـك دا، کـە شــوێنی کـەوتوون، کـە بـە زۆریــی خـەڵکی ڕەشو ڕووتو هــەژارو نەدار بـوون، وە دواییــش دووبـارە قسـەکردنەوە لەگـەڵ بێبڕوایان، دەربـارەی ئـەوە کـە پێغـەمبەر ﷺ بەرنـامەو ڕێبـازی خۆی چۆن دەبینـێ، وە چۆن تەماشـای ئـەوان دەکات.

ســەرەتا خــوای پــەروەردگار بــە پێغەمبــەر ﷺ دەفــەرموێ: ﴿ قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ ﴾ دیــارە لێــرەدا خــوا ﷻ بــە پلــەی یــەك، مەبەســت پێــی بێبـڕوایانێکـە کە بیانوویان بە پێغـەمبەر ﷺ دەگرت، تاکو بەڵگـەو موعجیـزەی وەك هــی پێغـەمبـەرانی دیکـەیان بـۆ بێنــێ، بـەڵام دواییــش ڕووی لـە هــەموو بەشــەرە، دەفـەرموێ: تـۆ بڵـێ: مـن پێتـان ناڵێـم عەمبـارەکانی خـوا لـە لای منـن، تـاکو چیـم مەبەسـت بـوو، لـەو خـەزێنـەو عەمبـارانەی خـوا لـەو موعجیـزەو بەڵگـانە دەربێنـمو پێشانتان بدەم، کە ئێوە دەیانکـەنە بیـانوو، بـۆ ئیـمان هێنـان (وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ)، وە هـەروەها ناشـڵێم: پەنهـانو نادیـار دەزانــم، تـاکو ئـەو شـتانەی کـە دەتانــەوێ لـە شـتی پەنهــان، پێتــان بڵێــم، ﴿ وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّى مَلَكٌ ﴾، وە پێشــتان ناڵێــم: مــن فریشـتەم، واتـە: ناتـوانم شتێك بکـەم کە لە توانـای بەشــەر بـەدەرە، وە ئــەو قسانەشـم نەکردوون، بۆیـە ئێوەش ئـەو چاوەڕوانییـەتان لـەمن نـەبێ.

ئنجـا ئــەدی ئایـا پێغــەمبەر ﷺ چــی دەکـات؟ ﴿ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ ﴾، مـن تەنیـا شوێنـی ئەوە دەکـەوم، کە وەك وەحیـی بۆم دەنێـردرێ، واتـە: مـن شـوێنکەوتووی وەحیـیو پەیامی خـوام، بەڵام ئەو بیـانووانـەی ئێوە دەیاندۆزنـەوە، ئـەو داواکارییـانەی کە ئێوە دەیانکـەن، من نـاتوانـم ئەوانەتـان بۆ جێبـەجـێ بکـەم، چونکـە بـە پێـی ئــەو

وەحییەی بۆ من دێ، ئەو دەستەڵاتە بەمن نەدراوە، وە ڕاستییەتی پەیامو پێغەمبەرایەتیی منیش، یەکێ لەسەر ئەو جۆرە شتانە نەکەوتوە، ﴿ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ ۚ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ﴾ ، پێیان بڵێ: ئایا کوێرو بینەر یەکسانن؟ ئایا بیرناکەنەوە؟! واتە: منێك کە بە پێی وەحیی بەڕێوە دەچم، وەك چاوساغو بینەرێك وام، وە ئێوە کە پشت لە بەرنامەی خوا دەکەن، وەك کوێرو کوتر وان، ئایا یەکسانین، ئایا بیرناکەنەوە؟! یاخود مەبەست ئەوەیە کە پابەندی وەحییم، وە هەر کەسێك کە پابەندی وەحییو پەیامی خوا بێ، مانای وایە لەبەر ڕۆشنایی دا بەڕێوە دەچێو وەك کەسێك وایە کە بەرپێی خۆی دەبینێو، لەبەر ڕۆشنایی دا هەنگاو هەڵدەگرێ، بەڵام کەسێك کە پشت لە بەرنامەی خوا دەکات، بە لاسایی کردنەوەی کوێرانە، شوێن پێشینانی خۆی دەکەوێ، پشت لە وەحی دەکات، ئەوە لەڕاستییدا وەك کوێر وایەو یەکسان نین، واتە: ئەگەر هەر بیر بکەنەوەو عەقڵێکی سەلیمتان هەبێ، دەتوانن جیاوازیی بخەنە نێوان کەسێکەوە کە شوێنکەوتووی وەحییە، وە کەسێك کە شوێنکەوتووی هەواو ئارەزووی خۆیەتی.

پاشان خوا دەفەرموێ: ﴿ وَأَنذِرْ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُوٓا۟ إِلَىٰ رَبِّهِمْ ﴾، وە تۆ بەم قورئانە وریابکەوەو هۆشیار بکەوەو بترسێنە، کێ بترسێنێ؟ ئەوانەی دەترسێن، بۆ لای پەروەردگاریان کۆبکرێنەوە ﴿ لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِىٌّ وَلَا شَفِيعٌ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴾ ، لە حاڵێکدا کە هیچ کەس جگە لە خوا، سەرپەرشتیارو دۆستو پشتیوانیان نیە، وە هیچ تکاکەرێکیشیان نیە، واتە: هیچ کەسێك نیە کە مشووریان بخوات، سەرپەرشتییان بکات، پشتیان بگرێ، ئاگای لێیان بێ، وە هیچ کەسیش نیە بتوانێ تکایان بۆ بکات، لەلای خوای دادگەر، ﴿ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴾ ، بەڵکو پارێز بکەن، بەڵکو خۆ بپارێزن لە سزاو لێپرسینەوەی خوا، واتە: تەنیا ئەو کەسانە سوود دەبینن لەو پەیامە، بۆیە تۆ ئەوانەی پێ وریا بکەوە، کەسانێك کە ئەو ئامادەییەیان هەیە، مەترسیی لێپرسینەوەی ڕۆژی دواییان هەیە لەبەردەم دادگای خوای پەروەردگاریان دا، لە حاڵێکدا کە نە هیچ کەس تکاکەریانەو ، نە هیچ کەس سەرپەرشتیاریانە.

ئنجا خوای بە بەزەیی چەند ڕێنماییەك ئاڕاستەی پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ وە لەدوای ئەویشەوە ئاڕاستەی هەر كەسێك دەكات، كە بە ڕێی پێغەمبەری خوادا ﷺ هەنگاو دەنێن، دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ ﴾، وە كەسانێك دەرمەكە كە لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوە، بەیانیان‌و ئێواران، واتە: پێش نیوەڕۆیان‌و دوای نیوەڕۆیان، لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوە، تەنیا مەبەستیان ڕووی خوای پەروەردگارە، مەبەستیان ڕازیكردنی خوای پاك‌و تاكە، یان مەبەستیان ئەوەیە كە بەرەو خوا بڕۆن‌و لە خوا نزیك ببنەوە، ئەوانە دەرمەكە، هەڵبەتە ئەدەبی بەرزی پێغەمبەری ﷺ ئەوە نەبووە، خەڵك لە كۆڕو مەجلیسی خۆی دەربكات، تەنانەت كافرو مونافیقیش هاتبنە مەجلیسی، دەرینەكردوون، ئەدی خوای بەخشندە بۆچی ئەم وشەیەی بەكارهێناوە؟ لەبەرئەوە بەكاریهێناوە، چونكە كافرەكان وەك لە هۆی هاتنەخوارەوەكەیدا باسمان كرد: لەسەر پێغەمبەر ﷺ یان كردبوو بە مەرج دەیانگوت: تۆ ئەو ڕەش‌و ڕووتانە دەربكە، وەك بیلالی حەبەشیی‌و سەلمانی فارسیی‌و سەعدی كوڕی ئەبی وەققاص‌و عەبدوڵڵای كوڕی مەسعوودو صوهەیبی ڕۆمیی...هتد، ئەوانە دەربكە لە كۆڕو مەجلیسەكەت، ئنجا ئێمە دێینە كۆڕەكەتەوە، چونكە ئەوانە بە شایستەی ئەوە نازانین لەگەڵ ئێمەدا دابنیشن، بۆیە خوا دەفەرموێ: دەریان مەكە.

ئنجا دەفەرموێ:﴿ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَيْءٍ ﴾، نە لێپرسینەوەی ئەوان لەسەر تۆیە، نە لێپرسینەوەی تۆش لەسەر ئەوانە، واتە: ئەگەر هەڵەو كەموكوڕییەكیان هەبێ، لێپرسینەوەیان لەسەر خوایە، ئەگەر شتێكیش هەبێ بۆ تۆ، لە پاداشت یان تێبینی، ئەوەش دیسان لەسەر خوای پەروەردگارە، واتە: ئێوە لە بەرانبەر یەكدیدا بەرپرسیار نین، بەو واتایە كە كافرەكان ئەوەیان دەكردە بیانوو، كە گوایە ئەوانە ڕەش‌و ڕووتن، هەژارن، كۆیلەن، خەڵكی سادەن، بە حیسابی ئەوان شایستەی ئەوە نین لە كۆڕو مەجلیسی ئەواندا دابنیشن، بۆیە دەیانگوت، ئەوانە دووربخەنەوە، ئنجا ئێمە دێین، خوا دەفەرموێ:

﴿ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴾، ئەگەر دەریان بکەی، وەك ئەوان داوات لێدەکەن، ئەوە تۆ لە ستەمکاران دەبی، وەك گوتم: دیارە ئەدەبی بەرزی پێغەمبەر ﷺ لێی نەوەشاوەتەوە، کە هیچ کەس لە کۆڕو مەجلیسی خۆی دەربکات، نەك مسوڵمانانێك کە ویستوویانە خوا لە خۆیان ڕازی بکەن، بەڵکو کافرو مونافیقەکانیش هاتوون لە مەجلیسی دانیشتوون، بەڵام ئەم وشەیە لەبەر پێشنیاری کافرەکان بەکارهاتوە، چونکە دەیانگوت: (أُطرد هَؤلاءِ، يَعْنِي ضُعَفَاء الْمُسلِمِين) ئەوانە دووربخەوە، یانی: مسوڵمانە هەژارو بێهێزو کۆیلەکان، ئەوە تەعبیری کافرەکانە، خوای زاناو دانا بەکاری هێناوە.

دوایی خوا باسی هەڵوێستی کافرەکان دەکات، بەرانبەر ئەو ئیمانداڕانە، دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ ﴾، ئاوا هەندێکیان بە هەندێکیان تاقی دەکەینەوە، واتە: هەندێکیان پارەدار دەکەین، هەندێکیان هەژار، هەندێکیان لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە، لە سەرێن، هەندێکیان لە خوارێن، هەندێکیان خاوەنن، هەندێکتان کۆیلەن، پێکیان تاقی دەکەینەوە، بۆچی؟ دەفەرموێ: ﴿ لِّيَقُولُوٓاْ أَهَـٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآ ﴾، ئەو لامە (ل) (لام العاقبة)یە، هەتا ئەنجامی تاقی کردنەوەکە، ئەوە بێ کە کافرەکان بڵێن، ئا ئەوانەن خوا لەنێو ئێمەدا چاکەی لەگەڵ کردوون و هەڵیبژاردوون؟ ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّـٰكِرِينَ ﴾، ئایا خوا زاناتر نیە بە سوپاسگوزاران و شوکرانە بژێران؟ ئەوانەی کە خوا هیدایەتی داون بۆ ئیمان و بۆ ئیسلام و، بەرانبەر خوا وەفادار بوون، سوپاسگوزار بوون، شوکرانە بژێر بوون، بۆیە خوا هەڵیبژاردوون، بەڵام ئەی کافرینە ! ئێوە بێوەفاو ناسوپاسگوزار بوون، شایستەی ئەوە نەبوون خوا هیدایەتتان بدات، بەڵێ: خوا ئەوانەی لە نێو ئێوەدا گوڵبژێر کردوە، کە ئێوە بە کەمیان تەماشا دەکەن، چونکە موڵك و سامانیان نیە، یان چەوساوەن لەبەردەستی ئێوە، بەڵام لەلای خوا بەڕێزن، لەبەرئەوەی وەفادارو سوپاسگوزارن، وە ڕاستە ئێوە پارەدارو خاوەن سامان و دەسەڵاتن، وە پێگەی کۆمەڵایەتییتان بەرزە، بەڵام لەلای

خوا بچووکن، چونکە سپڵەو ناسوپاسن، وە مرۆڤ بە سیفەتی بەرز، بەرزدەبێتەوە، وە بە سیفەتی نزم نزمدەبێتەوە، نەك بە پارەو سامان بەرزبێتەوە، نەك بە دەستەڵات بەرزبێتەوە، تەرازووی خوا، جیایە لە تەرازووە لاسەنگو لارەکەی ئێوە.

ئنجا خوای بە بەزەیی جارێکی دی ڕێنمایی پێغەمبەر ﷺ دەکات، کە چۆن مامەڵە بکات لەگەڵ ئەو ئیماندارانەدا کە شوێنی کەوتوون، نەك بەو شێوەیەی کە کافرو موشریکەکان بۆی پێشنیار دەکەن، کە دەریانبکاتو دووریان بخاتەوە، کە لە دەوری پێغەمبەری خوا ﷺ کۆبوونەتەوە، بەڵکو ئەوە پێشنیارێکە زادەو هەڵقوڵاوی بیری نەزۆکی کافرەکانە.

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا فَقُلۡ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡۖ ﴾، ئەگەر ئەوانە هاتنە لات، کە بڕوایان بە نیشانەکانی ئێمە هەیە، بڕوایان بە ئایەتەکانی ئێمە هەیە، پێیان بڵێ: سەلامتان لێ بێ، واتە: لەلایەن خواوە سەلامەت دەبن، ئاشتیی‌و خێرو خۆشیی لە ئێوە بێ، دیارە پێغەمبەر ﷺ سەلامی خوایان پێدەگەیەنێ، ﴿ كَتَبَ رَبُّكُمۡ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَۖ ﴾، پەروەردگارتان بەزەیی لەسەر خۆی پێویست کردوە، بەرانبەر ئێوە، ﴿ أَنَّهُۥ مَنۡ عَمِلَ مِنكُمۡ سُوٓءَۢا بِجَهَٰلَةٖ ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعۡدِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَأَنَّهُۥ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾، کە هەر کامێك لە ئێوە بە نەفامیی خراپەیەك بکات، دوایی بگەڕێتەوەو چاکە بکات، ئەوە بێگومان خوا بۆ ئەو لێبوردەو بە بەزەییە، کەواتە: ئاوا لەگەڵ ئەو ئیماندارە هەژارانەدا، کە کافرەکان بە کەم تەماشایان دەکەن، مامەڵە بکە، ڕێزیان بگرە، سڵاویان لێ بکە، یان سەلامی خوایان پێبگەیەنە، کە پەروەردگارتان لەسەر خۆی پێویستی کردوە بەزەیی بە ئێوەدا بێتەوە، کە هەر کامێکتان خراپەیەك بکات، بە نەزانیی‌و بە نەفامیی، وە بگەڕێتەوەو پەشێمان بێتەوەو چاکە بکات، ئەوە حەتمەن خوا لەگەڵی لێبوردەو بە بەزەییە.

ئنجا دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ ﴾، وە ئاوا بەو شێوەیە ئایەتەکانی ڕوون دەکەینەوە، ئەسڵی وشەی تەفصیل، واتە: درێژکردنەوە، چونکە

قسە ئەگەر بە كورتیی بكرێ، ڕەنگە خەڵك باش تێینەگات، بەڵام ئەگەر درێژ بكرێتەوە، ماناكەی ڕوون دەبێتەوە، ﴿وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴾، وە بۆئەوەی ڕێگای تاوانباران ڕوون بێتەوە، بزانن چۆن بیردەكەنەوە ؟ چۆن ڕەفتارو مامەڵە دەكەن ؟ كە ئەم ئایەتە سێ جۆرە خوێندنەوەی هەن، وەك لە مەسەلە گرنگەكان دا ئاماژەی پێدەدەین.

لە كۆتایی دا خوا چوار جار فەرمان بە پێغەمبەر دەكات، پێی دەفەرمویٚ: بڵێ (قل) واتە: ئاوا بە كافرەكان بڵێ، دەفەرمویٚ: ﴿قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، بڵێ: من ڕێم لێگیراوە، كە ئەوانەی ئێوە لە جیاتی خوا لێیان دەپارێنەوە، بیانپەرستم، واتە: پەرستنی بتو صەنەمەكانو، ئەوانەی ئێوە دەیانپەرستن، لە من قەدەغە كراوە.

ئنجا بۆ جاری دووەم، دەفەرمویٚ: ﴿قُل لَّآ أَتَّبِعُ أَهْوَآءَكُمْ ﴾، بڵێ من بەدوای ئارەزووی ئێوە ناكەوم، واتە: ئێوە لە جگە لە خوا دەپارێنەوەو جگە لە خوا دەپەرستنو، بەدوای ئارەزووی خۆتانو، جگە لە خۆتان كەوتوون، من بەدوای (هوی) ناكەوم، بە دوای (هُدی) دەكەوم، ﴿قَدْ ضَلَلْتُ إِذًا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ ﴿٥٦﴾ ﴾، ئەگەر بەدوای ئارەزووی ئێوە بكەوم، ئەوە بە تەئكید گومڕا بووم، لە ڕێ پێشاندراوان نیم، هەمیشە (هوی) و (هدی) تێك دەگیرێن، بۆیە هەر كەس بەدوای (هوی) بكەوێ، لە (هدی) دوور دەبێ.

پاشان بۆ جاری سێیەم دەفەرمویٚ: ﴿قُلْ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبْتُم بِهِۦ ﴾، بڵێ: بێگومان من لەسەر ڕێیەكی ڕوونو ئاشكرام لە لایەن پەروەردگارمەوە، واتە: ئەو ڕێبازەی كە من لەسەرمی، كە لەم قورئانەدا بەرجەستەیە، بەڵگەیەكی ڕوونو ئاشكرایە، بەڵام ئێوە بڕواتان پێی نیەو بە درۆی دەزانن، ﴿مَا عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦٓ ﴾، ئەوەی ئێوە پەلەی لێدەكەن، كە بە زوویی بێ، لە سزاو

جەزرەبەی خوا، بەدەست من نیە، ﴿ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ يَقُصُّ ٱلۡحَقَّۖ ﴾، بڕیارو دادوەریی کردنو، ناردنی سزا، هەر بۆ خوایە، ﴿ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰصِلِينَ ﴾، وە خوا باشترین لێك جیاکەرەوەی: ڕاستو چەوتو، حەڵاڵو حەرامو، پاكو پیسو، كافرو مسوڵمانە (فاصل) واتە: لێك جیاکەرەوە، كە لێرەدا مەبەست ئەوەیە خوا باشترین دادوەرە.

لە كۆتایی داو بۆ جاری چوارەم دەفەرموێ: ﴿ قُل لَّوۡ أَنَّ عِندِي مَا تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦ ﴾ بڵێ: ئەگەر ئەوەی ئێوە پەلەی لێدەكەن، بەدەست من بووایە، چونكە كافرەكان هەموو جاری دەیانگوت: ئەگەر ڕاستە، دەبا خوا سزامان بدات، وەك خوا لە سووڕەتی (الأنفال)دا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذۡ قَالُواْ ٱللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا هُوَ ٱلۡحَقَّ مِنۡ عِندِكَ فَأَمۡطِرۡ عَلَيۡنَا حِجَارَةٗ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ أَوِ ٱئۡتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٖ ﴿٣٢﴾ ﴾ واتە: وە گوتیان ئەی خوایە! ئەگەر ئەوە ڕاستە {كە (قورئان) لەلای تۆوە هاتوە}، لە ئاسمانەوە بەردمان بەسەردا ببارێنە، یان سزایەكی بەئێشو ئازارمان بۆ بنێرە، ئنجا خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بڵێ: ئەگەر ئەوەی ئێوە پەلەی لێدەكەن، بەدەست من بووایە: ﴿ لَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡۗ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، كاری منو ئێوە تەواو دەبوو، بەڵام ئەوە بەدەست من نیە، بەدەست خوایە، وە خوا بە ستەمكاران زاناترە، ئەو باشترتان دەناسێ، بەڵام دیارە سزادانتان عایدی من نیە، بەڵكو عایدی خوای پەروەردگارتانە.

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم:

وەڵامدانەوەی بیانووگرتنەکانی کافران بۆ بڕواهێنانیان بە پێغەمبەرایەتیی (محمد) ﷺ

کە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمۡ عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمۡ إِنِّي مَلَكٌ ﴾، تۆ پێیان بڵێ: واتە: بە خەڵکی بەگشتی، بە مسوڵمانو نامسوڵمانەوە، یاخود تەنیا بە بێبڕوایەکانو هاوبەش بۆ خوا پەیداکەرەکان، کە بیانوویان بە پێغەمبەر ﷺ دەگرتو دەیانگوت: موعجیزەیەکی بەرهەستو زەق و ئاشکرامان بۆ بێنە، وەك هی پێغەمبەرانی پێشوو (علیهم الصّلاة والسّلام) واتە: ئیکتیفایان بە قورئان نەدەکرد، خوا دەفەرموێ: پێیان بڵێ: ﴿لَّآ أَقُولُ لَكُمۡ عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ ﴾، پێتان نالێم عەمبارەکانو خەزێنەکانی خوا لەلای منن، هەتاکو چیم بوێ، لێیان دەربێنم، ﴿وَلَآ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ ﴾، وە ناشڵێم پەنهانو نادیار دەزانم، ﴿وَلَآ أَقُولُ لَكُمۡ إِنِّي مَلَكٌ ﴾، وە پێشتان نالێم: من فریشتەم، کەواتە: خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: سێ هەڵەیان بۆ ڕاست بکەوە:

یەکەم: عەمبارەکانی خوا لەبەردەستی ئەو نین.

دووەم: ئەو پەنهان (غیب) نازانێ.

سێیەم: ئەو فریشتە نیە.

ئنجا توێژەرەوانی قورئان دوو ڕایان هەن، لەوبارەوە کە بۆچی خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ئەو سێ شتانەیان بۆ ڕوونبکاتەوە:

١/ هەندێكیان دەڵێن: مەبەست پێی وەڵامی بیانوو بیانوو گرتنەكانیانە، ئەوان بیانوویان دەگرت، دەیانگوت: ئەگەر دەتەوێ ئیمانت پێ بێنین، دەبێ شتێكمان بۆ بكەی، وەك هی پێغەمبەرانی پێشوو، موعجیزەو بەڵگەی جۆری ئەوانمان بۆ بێنی، بۆ وێنە: لە سوورەتی (الإسراء) لە ئایەتی (٩٠ تا ٩٣) لەو سێ ئایەتەدا باسی حەوت داواكاریی كافرەكان دەكات، هەڵبەتە لە شوێنی دیكەشدا لە قورئان دا هەر هاتوەو، ئەو داواكارییانەیان زۆر دووبارە كردوونەوە، لە سوورەتی (الإسراء)دا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفۡجُرَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَرۡضِ يَنۢبُوعًا ﴿٩٠﴾ أَوۡ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٞ مِّن نَّخِيلٖ وَعِنَبٖ فَتُفَجِّرَ ٱلۡأَنۡهَٰرَ خِلَٰلَهَا تَفۡجِيرًا ﴿٩١﴾ أَوۡ تُسۡقِطَ ٱلسَّمَآءَ كَمَا زَعَمۡتَ عَلَيۡنَا كِسَفًا أَوۡ تَأۡتِيَ بِٱللَّهِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ قَبِيلًا ﴿٩٢﴾ أَوۡ يَكُونَ لَكَ بَيۡتٞ مِّن زُخۡرُفٍ أَوۡ تَرۡقَىٰ فِي ٱلسَّمَآءِ وَلَن نُّؤۡمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيۡنَا كِتَٰبٗا نَّقۡرَؤُهُۥۗ قُلۡ سُبۡحَانَ رَبِّي هَلۡ كُنتُ إِلَّا بَشَرٗا رَّسُولٗا ﴿٩٣﴾ ﴾ واتە: كافرەكان گوتیان: ئیمانت بۆ ناهێنین هەتا ئەو حەوت شتەمان بۆ نەكەی:

یەكەم: (تَفۡجُرَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَرۡضِ يَنۢبُوعًا) دەیانگوت: ئەو شوێنەی ئێمە، خاكی مەككە زۆر شوێنێكی قاقڕو بێ ئاوە، قەیرانی ئاومان هەیە، تۆ سەرچاوەیەكی ئاومان بۆ هەڵقوڵێنە، ئەگەر پێغەمبەری خوای؟

دووەم: (أَوۡ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٞ مِّن نَّخِيلٖ وَعِنَبٖ فَتُفَجِّرَ ٱلۡأَنۡهَٰرَ خِلَٰلَهَا تَفۡجِيرًا) دەیانگوت: بۆخۆت دەزانی لە مەككە هیچ میوەجاتێك نیە، با باغێكت هەبێ لە دارخورماو لە ترێ، واتە: لە بەرزترین درەخت، كە خورمایە، تا نزمترین درەخت، كە دار مێوە، تێیدا بێ، ئنجا ڕووباریشیان بەنێودا بڕۆن، لەنێو ئەو باغو بێستانە، جۆگەلەو ڕووباری گەورە گەورە بڕۆن.

سێیەم: (أَوْ تُسْقِطَ ٱلسَّمَآءَ كَمَا زَعَمْتَ عَلَيْنَا كِسَفًا) دەیانگوت: یاخود پارچە ئاسمانێکمان - وەك تۆ گومان دەبەی – بەسەردا بباریٖنە، بۆیە گوتوویانە: (گومان دەبەی) چونکە خوای بەرز لە شوێنێکدا هەڕەشەیان لێدەکات دەفەرموێ: ئایا دڵنیان لەوەی خوای باڵادەست ئاسمانیان بەسەردا بڕووخێنێ؟

چوارەم: (أَوْ تَأْتِيَ بِٱللَّهِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ قَبِيلًا) دەیانگوت: یاخود خوا ﷻ لەگەڵ فریشتەکان بە پێشوازییمانەوە بێن، چەند داواکارییەکی بێجێیە، چەند بێئەدەبییەکی گەورەیە لەگەڵ خوادا ﷻ !!

پێنجەم: (أَوْ يَكُونَ لَكَ بَيْتٌ مِّن زُخْرُفٍ) دەیانگوت: یان خانوویەکی زێڕت هەبێ، کۆشکێکت هەبێ هەمووی زێڕ بێ، مادام تۆ پێغەمبەری خوای‌و، خواش هەموو شتێکی پێ دەکرێ، با کۆشکێکی زێڕت هەبێ.

شەشەم: (أَوْ تَرْقَىٰ فِى ٱلسَّمَآءِ) دەیانگوت: یاخود لەپێش چاوی ئێمە بەرزبیەوە بۆ ئاسمان‌و خوا هەڵت کێشێ.

حەوتەم: (وَلَن نُّؤْمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيْنَا كِتَٰبًا نَّقْرَؤُهُۥ) دەیانگوت: وە ئیمانت پێ ناهێنین، ئەگەر لە پێش چاوی ئێمەش بەرزبیەوە، هەتا کتێبێکمان بۆ نەهێنی (نامەیەکمان) بۆ نەهێنی بیخوێنینەوە، لەلایەن خوای پەروەردگارەوە، کە تێیدا هاتبێ: لە خوای پەروەردگارەوە بۆ فلان کەسی کوڕی فلان کەس !.

خواش ﷻ پێی فەرموون: (قُلْ سُبْحَانَ رَبِّى هَلْ كُنتُ إِلَّا بَشَرًا رَّسُولًا) پێیان بڵێ: پاکیی بۆ پەروەردگارم (کە من ئەو داواکارییانە لە خوا بکەم)، ئایا من جگە لەوەی بەشەرێکم ڕەوانەکراوم چیدیکە هەم؟! یانی: من چۆن دەتوانم ئەو شتانە لە خوای پەروەردگار داوابکەم، خوا ﷻ بۆ ئیسپاتی پێغەمبەرایەتیی من قورئانی ناردوە، ئنجا گریمان ئەو شتانەشی بۆ کردن، خۆ ئەوانەی لەوێ

نەبوون دەڵێن: ئێمە چاومان لێنەبووە، دەبێ بۆ ئێمەشی دووبارە بکەیتەوە، ئنجا جیلەکەی دوایێ دێ، دەڵێن: دەبێ بۆ ئێمەشی بکەی ! ئیدی ئەوە هەر نابڕێتەوە، یان یەکێکی دیکە دەڵێ: باشە تۆ ئەوەت بۆ ئەوان کردوە، بەڵام من شتێکی دیکە داوا دەکەم، بۆ وێنە دەڵێ: بێنە شاخێکم بۆ بکە بە زێڕ، یەکێکی دی دەڵێ: چیو چی...!! بۆیە ئەوە نابێ، ئنجا خوای زاناو توانا لەوبارەوە لە سوورەتی (العنکبوت)دا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُواْ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَٰتٌ مِّن رَّبِّهِۦۖ قُلْ إِنَّمَا ٱلْأَيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٥٠﴾ أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَىٰ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥١﴾ ﴾، واتە: ئەوان گوتیان: دەبوایە چەند نیشانەیەکی لە پەروەردگاریەوە بۆ بێن، بڵێ: نیشانەو موعجیزەکان تەنیا بەدەست خوان، منیش تەنیا وریاکەرەوەیەکی ئاشکرام بۆتان، (دوایی دەفەرموێ:) ئایا بۆ وان بەس نیە (ئەگەر راست دەکەن دەیانەوێ حاڵی بن‌و دڵنیا بن، کە تۆ پێغەمبەری خوای) کە ئێمە کتێبێکمان دابەزاندۆتە سەرت (کە قورئانەو) بەسەریاندا دەخوێنرێتەوە ؟ بێگومان بەزەیی (خوا)و بیرخستنەوە هەیە بۆ کۆمەڵێك (بیانەوێ) بڕوا بێنن. ئنجا نەك هەر ئەوەندە، بگرە: خوا تەحەدداشی کردوون، کە نەك قورئانێکی وا، بگرە دە سوورەتی وا، یان تەنانەت سوورەتێك بێنن‌و، نەشیانتوانیوە.

بەڵێ، هەر کەسێك تەماشای ئەو کەلامەی خوا بکات، دەزانێ کە ئەوە قسەی بەشەر نیە، ئایا قورئان بەس نیە؟! بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ هەر خۆی بەس بووە، کە ئەگەر بە عەقڵ‌و ئینسافەوە تەماشایان بکردایە، دەیانزانی پێغەمبەری خوایە، وەك گێڕراوەتەوە: ڕۆژێك دوو لە کافرە زلە زلەکان، یەکیان بەوی دیکەی گوت: پێتوایە موحەممەد ڕاست بکات؟ گوتی: بە خوا ئێمە جگە لە ڕاستیی چی دیکەمان لێ نەبینیوە، تەمەنی گەیشتۆتە چل ساڵی لەگەڵ بەشەراندا درۆی نەکردوە، ئێستا لە دوای چل ساڵی تۆ بڵێی بە ناوی خواوە درۆ بکات؟! گوتی: ئەدی بۆ ئیمانی پێ ناهێنی؟ گوتی: بۆیە ئیمانی پێناهێنم دەبێ عەشیرەتی ئێمە بەدوای عەشیرەتی وان بکەوێ، دەڵێن: ئێمە پێغەمبەرمان

لەنێو دایە، ئێمە پێغەمبەرێك لە كوێ بێنین ؟ كەواتە: ئێمە دەدۆڕێین لە مەیدانی عەشیرەتداریی دا[١] ! وەك زۆرێك لەو حیزبە عەلمانییانەی ئێستا، دەزانن ئیسلام ڕاستە، بەڵام ئەگەر بێو پابەندبن بە ئیسلامو شەریعەتەوە، ئەو كاتە ڕێی گەندەڵییو ستەمو حوكمی میراتیو تاكیو بنەماڵەیی یان لێدەگیرێو، یەكسان دەبن لەگەڵ خەڵك داو یەكیان بواری نابێ بڵێ: من جیام لە خەڵكی دیكە، وە ئیمتیازی ناشەرعیی لەدەست دەچێ، بۆیە هەر ئەو عەلمانییەتو ڕێچكە پڕ درۆو دەلەسانەی خۆیان پێ باشترە، لەو شەریعەتەی كە ڕێی فرتو فێڵو درۆو دەلەسە نادات.

٢/ هەندێكیش گوتوویانە: مەبەست لەو سێ شتانە كە خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ بڵێ: ئەو سێ شتانەم بەدەست نین: نە عەمبارەكانی خوام بەدەستن، نە غەیب دەزانمو نە فریشتەشم، مەبەست ئەوەیە كە خوا ﷻ دەیەوێ ڕایبگەیەنێ كە: موحەممەد ﷺ لایەنی سەرووی بەشەری نیەو موحەممەد ﷺ مرۆڤە، بەڵێ بەشەرێكی ناوازەیە، بەڵام لە سەرووی بەشەرەوە نیە، وەك شاعیرێك دەڵێ:

مُحَمَّد بَشَرٌ وَلَيْسَ كَالْبَشَرِ بَلْ هُوَ يَاقُوتَةٌ وَالنَّاسُ كَالْحَجَرِ

موحەممەد هەر بەشەرە، بەڵام وەك خەڵكی دی نیە

بەڵكو ئەو مرواریەو، خەڵكیش وەكو (بەرد)یە

مرواریش جۆرێكە لە بەرد، بەڵام زۆر جیایە لە بەرد.

١/ خوا ﷻ لە سوورەتی (فصلت)دا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ فَٱسْتَقِيمُوٓاْ إِلَيْهِ وَٱسْتَغْفِرُوهُ ۗ وَوَيْلٌ لِّلْمُشْرِكِينَ ﴿٦﴾ ﴾
واتە: تۆ پێیان بڵێ: بێگومان من بەشەرێكم وەك ئێوە، بەڵام وەحییم بۆ دێ، (خوا

١) پێشتر دەقی ئەو گێڕراوەیەمان هێنا بە تۆزێك جیاوازییەوە.

پەیامم بۆ دەنێری)، وەحییەکەش ئەوەیە کە پەرستراوی ئێوە، یەك پەرستراوە، کە وابێ بەرەو ئەو ڕاستە ڕێ بگرن، یان خۆتان لەگەڵ ئەودا ڕاست بکەن، وە داوای لێبوردنی لێبکەن، وە سزای سەخت بۆ ئەوانەی هاوبەش بۆ خوا دادەنێن.

٢ / هەروەها لە سوورەتی (الفرقان)دا خوای پەروەردگار باسی ئەوە دەکات کە هەموو پێغەمبەران (علیهم الصّلاة والسّلام) بەشەر بوون، وەك دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا قَبۡلَكَ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ إِلَّآ إِنَّهُمۡ لَيَأۡكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَيَمۡشُونَ فِي ٱلۡأَسۡوَاقِۗ وَجَعَلۡنَا بَعۡضَكُمۡ لِبَعۡضٖ فِتۡنَةً أَتَصۡبِرُونَۗ وَكَانَ رَبُّكَ بَصِيرٗا ٢٠﴾، واتە: لە پێش تۆدا هیچ کام لە پێغەمبەرانمان نەناردوە، مەگەر ئەوانیش خواردنیان خواردوەو بە بازاڕدا ڕۆیشتوون (وەك بەشەر)، وە هەندێکتان بە هەندێکتان تاقی دەکەینەوە ئایا ئارام لەسەر یەکدی دەگرن؟ وە پەروەردگارت بینەرە.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿وَلَآ أَقُولُ لَكُمۡ إِنِّي مَلَكٞ﴾، وە من پێتان نالێم فریشتەم، هەندێ لە توێژەرەوانی قورئان گوتوویانە: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە فریشتە لە ئینسان گەورەترە، چونکە خوا ﷻ پێی فەرمووە: بڵێ من فریشتە نیم، وا دیارە فریشتە لە مرۆڤ چاکترە، بۆیە خوا بە پێغەمبەری فەرمووە: بڵێ من فریشتە نیم، یانی: من خۆم هێندە پێ پاك و چاك نیە !

بەڵام من ئەو بۆچوونەم پێ بێهێزەو، ئەوە بەڵگە نیە لەسەر ئەوە کە فریشتە لە ئینسان گەورەترە، بەتەئکید فریشتە بەگشتی لە خەڵکی گەورەترن، بەگشتی یانی: بە کافرو مسوڵمانەوە، بەڵام پێموایە ئینسانی ئیماندار لە فریشتە گەورەترە، وە پێغەمبەرانیش (علیهم الصلاة والسلام) لە گەورە گەورەکانی فریشتەکان گەورەترن، بۆچی؟ چونکە خواپەرستییو طاعەتی فریشتەکان، هیچ ماندووبوونی تێدا نیە، چونکە بۆخۆیان خوای بێهاوەڵ وای دروست کردوون، کە خوا بپەرستن، وەك چۆن گەردیلە خوا وای دروست کردوە: ئەلیکترۆن بە دەوری پرۆتۆندا دەخولێتەوە، وە هەنگی وا دروست کردوە، شیلەی گوڵان بمژێو هەنگوین دروست بکات، فریشتەکانیشی وا دروست کردوون، کە ئەهلی طاعەتن پاکن و چاکن و،

بەرێزن، بەڵام ئینسانێك كە طاعەت دەكاتو بە سەرماو گەرماو ناڕەحەتیی‌و، ماڵی خۆی دەبەخشێ‌و، گیانی خۆی دەبەخشێ‌و، تووشی ئاوارەیی‌و ناڕەحەتیی‌و گرفتاریی دێ، لەسەر خوا، واپێدەچێ ئیماندارانی فەرمانبەر بۆ خوا، لە فریشتان گەورەتر بن، چونكە زەحمەت دەكێشن، بە طاعەتەكەیانەوە، بەڵام فریشتە زەحمەت ناكێشێ، ئێمە چۆن هەناسە دەدەین‌و ماندوو نابین، فریشتەكان ئاوا طاعەت بۆ خوا دەكەن‌و ماندوو نابن، بە هەر حاڵ فریشتە فریشتەیەو، ئینسانیش ئینسانەو، دوو دروستكراوی لێك جیاشن، بۆیە هەندێ لە زانایان دەڵێن: هەر دروست نیە بەراوردیشیان لەنێواندا بكرێ[1]، بەڵام ئەدی لێرەدا بۆچی وادەفەرمویێ؟ وەڵامەكەی ئەوەیە: چونكە لێرەدا پێغەمبەر ﷺ بەرپەرچی قسەی كافرەكان دەداتەوە، ئەوان پێیانوابوو كە دەبێ پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەرووی بەشەرەوە بێ، وە دەبێ شتی وایان بۆ بێنێ، كە بە خەڵكی ئاسایی ناكرێ، بۆیە ئەوە بەرپەرچدانەوەی قسەی ئەوانە كە: من فریشتە نیم، وە لە سەرووی بەشەرەوە نیم، بۆیە ئەو شتانەی لە سەرووی بەشەرەوە دەكرێن، ئەو چاوەڕوانییە لە من مەكەن: كانیتان بۆ هەڵقوڵێنم‌و، شاختان بۆ بكەم بە زێڕو، خانووی زێڕم هەبێ‌و، بچمە ئاسمانێ‌و، نامە لەلای خواوە بێنم، ئەو شتانە هی من نین، من بەشەرێكم بەندەی خوام، پابەندی شەریعەتی خوام، وەك لە سووڕەتی (الإسراء)دا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا مَنَعَ ٱلنَّاسَ أَن يُؤْمِنُوٓاْ إِذْ جَآءَهُمُ ٱلْهُدَىٰٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَبَعَثَ ٱللَّهُ بَشَرًا رَّسُولًا ﴿٩٤﴾ ﴾، واتە: هیچ شتێك رێی لە خەڵك نەگرت كە ئیمان بێنن، كاتێ نامەی خوایان بۆ هات، مەگەر ئەوە نەبێ كە گوتیان: ئایا خوا پێغەمبەرێكی بەشەری ناردوە، واتە: ئەوان ئینسانیان هێندە پێ نزمو بچووك بوو، پێیانوابوو شایستەی ئەوە نیە ببێتە نوێنەری خواو پەیامبەری خوا، بەڵام لەراستییدا ئینسان بەهۆی ئیمانەوە حورمەتو رێزی خۆی دەزانێ، وە ئینسان بەهۆی كوفرەوە، خۆی لەلا نزمو بچووكو پەست دەبێتەوە، خۆی دەكاتە مەیموون زادەو، خۆی یەكسان دەكاتەوە لەگەڵ قرژاڵو بۆقو مەیموونو بەرازدا، بەڵام

---

١) لە كتێبی (الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله) لە بەرگی سێیەم دا، باسی ئیمان بە فریشتانو باسی ئەم مەسەلەیەشمان كردوە.

ئینسان بەهۆی ئیمانەوە دەڵێ: من جێنشینی خوام، بۆیە کافرەکان لەبەرئەوەی لە هەمبانەی خۆیان گوێزیان ژماردوە، وە لە ڕوانگەی بە ئاژەڵ دانانی ئینسانەوە، تەماشای ئینسانیان کردوە، گوتوویانە: ئینسان لێی ناوەشێتەوە، نوێنەری خوابێ، بەڵام نەخێر، ئینسان بەهۆی بەندایەتییو پەیوەندیی بە خواوە، بەرزەو شایستەی ئەوەیە کە نوێنەری خوابێ، وە فریشتەکانیش لە خزمەتی دابن، وەك چۆن هەموو فریشتەکان کڕنووشیان بۆ ئادەم ﷺ برد، کڕنووشی ڕێزگرتنو حورمەت لێگرتن.

مەسەلەی دووەم: خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ، ئاوا بفەرموێ: ﴿إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ ﴾، من تەنیا شوێن ئەوە دەکەوم کە بۆم دەنێررێ، تەنیا شوێن ئەوە دەکەوم کە بە سرووش بۆم دێو، لەلایەن خواوە وەك پەیام بۆم دێ، واتە: ئەو شتانەی ئێوە دەیانڵێن، بیانووگرتنن، وە منیش بەڕاستیی بەدەم بیانوو گرتنەکەی ئێوەوە ناچم، من شوێن پەیامی خوا دەکەومو شوێن ڕێنمایی خوا دەکەوم، خوای پەروەردگار چیم پێ بفەرموێ، وادەکەم، گوێ نادەمە قسەو قسەلۆكو بیانووگرتنتان.

قسەیەك لەبارەی ئیجتیهادکردنی پێغەمبەرانەوە (علیهم السلام)

هەندێ لە زانایانو توێژەرەوان گوتوویانە، ئەم ڕستەیە، کە دەفەرموێ: ﴿إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ ﴾، من تەنیا شوێن ئەوە دەکەوم کە بۆم دێ، بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە پێغەمبەران (علیهم الصّلاة والسَلام) ئیجتیهادیان نەکردوە، یانی: کۆششیان نەکردوە بۆ هەڵێنجانی یاسا شەرعییەکان، یاخود بۆ بڕیاردان! بەڵام من ئەوەم پێ هەڵەیە، چونکە نە ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ، وە نە پێغەمبەران (علیهم الصّلاة والسلام) وابوون کە ئیجتیهادیان نەکردبێ، جارێ مەبەست لە ئایەتەکە ئەوەیە کە: من شوێن ڕێنمایی خوا دەکەومو گوێ بە پێشنیارو بیانووەکانی ئێوە نادەمو، ناکەومە ژێر کاریگەریی قسەکانتان، کە ئەمە لە چەند شوێنێکی دیکەش لە قورئاندا هاتوە، بۆ وێنە:

١/ لە سووڕەتی (یونس)دا، خوا لەسەر زمانی پێغەمبەر دەفەرمویَ: ﴿...إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ ۖ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥﴾﴾.

٢/ هەروەها لە سووڕەتی (الأحقاف)دا دەفەرمویَ: ﴿قُلْ مَا كُنتُ بِدْعًا مِّنَ ٱلرُّسُلِ وَمَآ أَدْرِى مَا يُفْعَلُ بِى وَلَا بِكُمْ ۖ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ وَمَآ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٩﴾﴾، ئەوە لە چەند شوێنان دا هاتوە: من بەدوای پەیامو ڕێنمایی خوا دەکەوم، واتە: لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە من گوێ بە بروبیانووو داواکاریی بێجێی ئێوە نادەم، مەبەست ئەوە نیە کە من ئیجتیهاد ناکەم، لە کاتێکدا کە وەحی نەبیَ، ئەو دوو بابەتە لە یەکدی جیان.

ئنجا ئەگەر تەماشای ژیانی پێغەمبەر ﷺ بکەین: ئایا ئیجتیهادی نەکردوە؟ بەتەئکید با، وە لەوبارەوە چوار نموونە دەهێنینەوە، بەڵام با سەرەتا پێناسەی ئیجتیهاد بکەین: (ئیجتیهاد واتە: عەقڵی خۆ بەکارهێنان، بۆ بڕیاردان، یان بۆ دەرهێنانی حوکمی شەرعیی، لە دەقێکی شەرعیی، یان بۆ بڕیار وەرگرتن، بۆ هەنگاو نانێك[1].

نموونەی یەکەم/ هەندێ لە دڵ نەخۆش و ئیمان لەرزۆکەکان، یان مونافیقو دەغەڵەکان، بەرلەوەی پێغەمبەر ﷺ بچێ بۆ جەنگی تەبووك لە ساڵی دەیەمی کۆچیی دا، هاتنە خزمەتی، گوتیان: مۆڵەتمان بدە، با نەیەین بۆ ئەو جەنگە، یەکێ دەیگوت: نەخۆشم، یەکێ دەیگوت: ماڵێمان کەسی تێدا نیە، هەر یەکێ بیانوویێکی دەهێنایەوە، پێغەمبەرش ﷺ مۆڵەتی دان، خوا ﷻ لەوبارەوە ڕەخنەی لێگرتو فەرمووی: ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ

---

١) هەندێك لە زانایانیش ئاوا پێنسەی (إجتهاد)یان کردوە: الإجتهاد: بَذْلُ الفقيه ما في وُسْعِهِ من الطاقة الفكرية والبدنية للحصول على الحكم الشرعي الصحيح في اعتقاده للقضيَّة المعنيَّة بالحكم، بڕوانە: أصول الفقه في نسيجه الجديد، د. مصطفى ابراهيم الزلمي، ص ٥٨٨، ط ٢٢.

لَكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَتَعۡلَمَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٤٣﴾ ﴾التوبة، واتە: خوا لێت ببووریْ، بۆچی مۆڵەتت دان، تاکو ئەوانەی کە ڕاست دەکەن و پاساویان هەیە، لەگەڵ ئەوانەی کە درۆزنن، بۆت لە یەك جیادەبوونەوە، نەدەبوو زوو مۆڵەتیان بدەی.

مانای وایە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر تەنیا بە وەحی ئیشی کردبایە، پێویستی بەوە نەدەکرد خوا پێی بفەرمویْ: خوا لێت ببووریْ، دیارە عەقڵی خۆی بەکارهێناوەو ئەوانە داوای مۆڵەتیان لێکردوە، بە عەقڵی خۆی فەرموویەتی باشە، ئەوە ئیزنم دان، بەڵام دیارە لە هەڵوێستەکەی دا نەیپێکاوە، ئنجا کە نەیپێکاوە مانای وانیە گوناهبارە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویْ: ﴿إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ، وَإِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ﴾(١)، واتە: ئەگەر حوکمڕان کۆششی کردو پێکای، دوو پاداشتی هەن، (پاداشتی کۆششکردنەکەو پاداشتی پێکانەکەی)، وە ئەگەر کۆششی کردو، نەیپێکاو هەڵەی کرد، پاداشتێکی هەر هەیە (پاداشتی ئەوە کە خۆی ماندوو کردوە).

نموونەی دووەم/ لە جەنگی (بەدر)دا پێغەمبەر ﷺ ڕاوێژی بە هاوەڵانی کرد چ لە دیلەکان بکەن، حەفتا (٧٠) کەسیان لیْ بە دیل گرتبوون، ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بیْ، گوتی: بەریان بدەین باشە، پارەیان لیْ وەربگرین، چونکە پێویستییمان بە پارەکەیە، با بەریان بدەین بەڵکو خوا هیدایەتیان بدا، عومەر خوا لێی ڕازی بیْ، گوتی: فلان کەس خزمی منە، بیدە من، با بیکوژم، فلان کەس خزمی ئەبوبەکرە، بیدە بەو با بیکوژیْ، فلان کەس خزمی (عەلی)یە، بیدە دەست وی، با ئەویش خزمی خۆی بکوژیْ، بۆئەوەی کافرەکان بزانن خاتری کەسیان ناگرین، پێغەمبەر ﷺ ڕای ئەبوبەکری پیْ چاك بوو، خوای پەروەردگار ڕەخنەی لێگرت، فەرمووی: ﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٧٨٠٩)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٧٣٥٢)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٧١٦)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٥٧٤)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٣٢٦)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٥٣٨١)، وَإِبْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٣١٤)، وَإِبْنُ حِبَّانَ برقم: (٥٠٦٠).

لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ ...﴿٦٧﴾ الأنفـال[1]، واتـە: بـۆ هـیچ پێغەمبەرێك نیە دیلان بگرێ، تاكو كافران لە پەلوپۆ نەخات، واتە: تا وایان لێ نەكات كە ملكەچ بن، ئەوانە جارێ هەر لەسەر ملهووڕیی خۆیان بەردەوامن، نەدەبوو بە ئومێدی قەرەبوو (فدیة) وەرگرتن، دەستگیرتان كردبانایە.

شایانی باسیشە: من پێمواپە دەقی ئایەتەكە هەرئەوەی لێوەردەگیرێ كە نەدەبوو بە هاندەری پارەو دەستكەوت بە دیلیان بگرن، كە جارێ كافرەكان درِك و هێزو پێزیان زۆرە، بەلاّم ئەوەی لێوەرناگیرێ كە بۆچی لە بەرانبەر قەرەبوو(فدیة) دا - پاش دەستگیركرانیان- بەرتاندان؟ وەك زۆربەی هەرەزۆری تەفسیرەكان گوتوویانە: كە من پێمواپە ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە ئایەتەكە: هۆی هاتنەخوارەوە: (سبب النزول)ەكە دەیگەیەنێ، نەك دەقی ئایەتەكە!

كەواتە: لێرەشدا خوای كاربەجێ شتێك بۆ پێغەمبەر ﷺ ڕاست دەكاتەوە، مانای وایە دیارە پێغەمبەری خوا ئیجتیهادی كردوە.

نموونەی سێیەم/ لە سوورەتی (التوبة)دا هاتوە كە پێغەمبەر ﷺ چوو نوێژی لەسەر عەبدوڵلای كوڕی ئوبەییەی كوڕی سەلوول كرد، كە سەرۆكی مونافیقەكانی مەدینە بوو، ئنجا كاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەری وەستا نوێژی لەسەر بكات، عومەری كوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێ، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ نوێژ لەسەر ئەو كەسە دەكەی ئاوای كردو ئاوای كردو... هتد، هەلۆێستە خراپەكانی باسكرد، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خۆت لادە، خوا منی سەرپشك كردوەو مەجالی داوم نوێژی لەسەر دەكەم، خواش ﷻ ئایەتی بۆ ناردە خوار، فەرمووی: ﴿ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٖ مِّنۡهُم مَّاتَ

---

١) بڕوانە: (الإستيعاب في بيان الأسباب، ج٢، ص ٢٥٠، بڕوانە (صحيح مسلم): ١٧٦٣ لام ، بەلاّم پێویستە بزانرێ كە هۆی هاتنەخوارەوە كە لەگەڵ نێوەڕۆكی ئایەتەكەدا گونجاو نیە، شایانی باسیشە ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (الأنفال) دا بە تێروتەسەلی قسەمان لەبارەی ئەو ئایەتەو هۆی هاتنەخوارەكەی كردوەو، دەرمان خستوە كە هۆی هاتنەخوارەوە(سبب نزول)ەكە لەگەڵ ئایەتەكەدا ناكۆكە، بۆیە ناچارین ڕەتی بكەینەوە با لە ڕووی (سند)یشەوە ڕاست بێ، چونكە (متن) ەكەی نەگونجاوە !.

أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓ ...﴿٨٤﴾﴾[١]، لەمەودوا هەر کام لە موونافیقەکان مرد، نوێژی لەسەر مەکە، وە لەسەر قەبرەکەشی ڕامەوەستە، پێشتر دیارە ئەوەی بۆ نەهاتوە، دەنا نەدەچوو بۆ سەر قەبرەکەیو نوێژی لەسەر نەدەکرد، واتە: نوێژەکردنەکەی بە وەحی نەبووەو بە ئیجتیهادی خۆی کردوویەتی[٢].

نموونەی چوارەم/ هەروەها لە هۆی هاتنە خوارەوەی سەرەتای سوورەتی (عبَس)دا چیرۆکی عەبدوڵلای کوڕی ئوممی مەکتووم، هەیە کە پیاوێکی نابینا بوو، هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ نەیزانی پێغەمبەری خوا ﷺ سەرگەرمی قسەکردنە لەگەڵ هەندێ لە زلەزلەکانی قورەیش دا، ئەویش هەر دەیگوت: ئەی پێغەمبەری خوا ! ﷺ خوای پەروەردگار هیچ ئایەتی دیکەی بۆ نەناردووی، پێمیان بدەی، بۆئەوەی زیاتر پێی لە خوا نزیك ببمەوە؟! پێغەمبەریش ﷺ ڕووی لێ وەرچەرخاندو پشتی تێکرد، وەك بڵێی: پێی ناخۆش بوو، چونکە لەوکاتەدا سەرقاڵی قسەکردن بوو لەگەڵ زلە زلەکانی قورەیش دا، ڕەنگە ئەوان بڵێن: مادام ئەو کوێرە هاتوە بۆ ئەو مەجلیسەی ئێمە، قسەت لەگەڵ ناکەینو گوێت بۆ ناگرین، پێغەمبەری خواش ﷺ ئەوەی بۆیە کرد لەبەر بەرژەوەندیی بانگەواز، بەڵام خوای دادگەر ڕەخنەی لێگرتو فەرمووی: ﴿عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ﴿١﴾ أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ ﴿٢﴾ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ ﴿٣﴾ أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ ٱلذِّكْرَىٰٓ ﴿٤﴾ أَمَّا مَنِ ٱسْتَغْنَىٰ ﴿٥﴾ فَأَنتَ لَهُۥ تَصَدَّىٰ ﴿٦﴾ وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ ﴿٧﴾﴾ التوبة[٣]، واتە: ڕووی خۆی گرژکردو پشتی تێکرد، کە کوێرەکە هات بۆ

---

١) بڕوانە: (صحيح البخاري): ٤٦٧١ ، وە (الإستيعاب...) ج ٢، ص ٣١٣.

٢) بەڵام لە تەفسیری سوورەتی (التوبة) کە بەرگی حەوتەمی ئەم تەفسیرەیە لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا باسم کردوە کە لە نێوان ئایەتەکەو هۆی هاتنەخوارەوە (سبب النزول)ەکەی دا تێکگیران هەیەو، لەوێ هەسەی کۆتایی خۆم لەوبارەوە کردوە.

٣) بڕوانە: (الإستيعاب في بيان الأسباب) ج ٢، ص ٤٩٥ – ٤٩٧، وە بڕوانە: سنن الترمذي: ٣٣٣١، وابن حبان في (الصحيح): ١٧٦٩، وأبو يعلى في المسند: ٤٨٤٨.

لای، تۆ چـووزانی لەوانەیـە تەزكـیە دەبـوو، یـاخود پەنـدی وەردەگـرت، بـەڵام كەسانێك كە خۆیان بـێنیـاز پێشان دەدەن (كە زلـە زلـەكانن)، تـۆ دەچی لـەوان نـزیك دەبیـەوە، چی دەبوو ئەگەر (بابای خۆبەزلگر) تەزكییەش نـەبێو پـاكیش نەبێتـەوە (لـە شـیـرك و كـوفر مـادام خـۆی بـە زل دەگـرێو پێی خـۆش نیـە كوێـرێك بێتـە مەجلیسـەكەتـەوە).

دوایی خـوای پەروەردگـار پێـی دەفـەرموێ: (كَلاّ) واتـە: جارێكی دی شتێكی وا نەكەی، لـە هـەموو قورئـاندا تەنیـا لـەو شـوێنەدا خـوای بـەرزو مـەزن بـە پێغـەمبەری فـەرمووە: (كَلاّ) چونكـە: (كَلاّ: كَلِمَةُ رَدْعٍ وَ زَجْرٍ)[1]، (كَلاّ): وشەیەكە بۆ پرینگاندنەوەو تێوەخوڕینو جۆرێكە لە سەرزەنشت، یانی: جارێكی دیكە ئەو هەڵوێستە دووبارە مەكەوە، بۆیـە پاشان پێغـەمبەر ﷺ هـەر جارێك دەگەیشـتە عەبدوڵڵای كـوڕی ئوممـی مەكـتووم، دەیفـەرموو: ﴿مَرْحَبَاً بِمَنْ عَاتَبَنِي فِيهِ رَبِّي، وَيَقُولُ لَهُ: هَلْ لَكَ مِنْ حَاجَةٍ؟﴾[2]، واتە: سڵاو لـەو كەسـەی كـە پـەروەردگارم لەسـەر وی گلـەیی لێكـردم، وە پێـی دەفـەرموو: هـیچ پێویستییەكت نیـە؟ كەواتە: راستە پێغـەمبەر ﷺ ئیجتیهادی كـردوە.

مەسەلەی سێیـەم: كە خـوای پەروەردگـار دەفـەرموێ: ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ ۚ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ﴾، بڵـێ ئایـا كـوێرو بینـەر وەك یەكـن؟ ئایـا بیـر ناكەنـەوە؟ ئەمەش دوو شـتی لـێ وەردەگیـرێن:

١) بەڵـێ ئەو شـتانەی ئێوە داوایان دەكەن، بەدەست مـن نـین، بـەڵام لەگەڵ ئێوەشـدا یەكسـان نیـم، چونكـە من لەبەر ڕۆشـنایی وەحییدا بەڕێوە دەچمو، بـەرپێی خـۆم دەبینـم، بەڵام ئێـوە كوێـرو كوتـرانە ڕێ دەكـەن.

٢) ئێوە ئەگـەر دانیش بـەو بەڵگەو نیشـانەیـەی خـوای پـەروەردگاردا نـەهێنن، كە قورئـانە، دان پێدانەهێنـانی ئێوە، بەو نیشـانەو موعجیزەیـەدا، بەهـۆی كوێریـی خۆتـانەوەیە، نـەك بەهـۆی كـەموكووڕیی ئـەو موعجیزەیـەوە، كوێرێكـی وەك

١) مختار الصحاح، ص ٤٩٩، (كلاّ: كلمةُ رَدْعٍ و زَجْرٍ، معناه: لا تَفْعَلْ، إنْتَهِ !).
٢) أسباب النزول للواحدي، ص٣٣٧، مرسلا.

ئێوە كە نازانێ ئەو قورئانە گەورەیە فەرمایشتی خوایە، لەگەڵ بینەرێكی وەك ئێمەدا، یەكسان نیە، ئەوە حەقیقەتە، بۆچی بیر ناكەنەوە؟

مەسەلەی چوارەم: كە دەفەرموێ: ﴿ وَأَنذِرۡ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحۡشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ لَيۡسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيّٞ وَلَا شَفِيعٞ لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ﴾، وە بەو قورئانە ئەوانە وریا بكەوەو بترسێنە، كە دەترسێن بەرەو پەروەردگاریان كۆبكرێنەوە، لە حاڵێكدا كە هیچ سەرپەرشتیارێكو تكاكارێكیان نیە لەلای خوا، یاخود جگە لە خوا، بۆ ئەوەی بپارێزرێن (لە سزای خوا).

زانایان دەڵێن: (الإِنْذَارُ إِعْلامٌ مَعَ تَخْوِيفٍ)[١]، واتە: (إِنْذَار) ئاگاداركردنەوەو هەواڵ پێدانە لەگەڵ ترساندن دا، وەك چۆن (تَبْشِير) بریتیە لە هەواڵ پێدان لەگەڵ دڵخۆشكردن دا، ئنجا كە دەفەرموێ: (وَأَنذِرۡ بِهِ) پێی بترسێنە، مەبەست پێی چییە؟ ئەو ڕاناوەی (بِهِ) بۆچی دەچێتەوە؟ زیاتر وایێدەچێ مەبەست پێی قورئان بێ، كەواتە: بەم قورئانە ئەوانە ئاگادار بكەوەو بترسێنە، كە دەترسێن بەرەو پەروەردگاریان بێنەوە، لە حاڵێكدا كە بێجگە لە خوا هیچ دۆستو پشتیوانو تكاكارێكیان نیە.

ئەدی ئایا ئەوانە مەبەست پێی كێن، كە دەفەرموێ: بیانترسێنە؟ دەگونجێ مەبەست پێی ئیمانداران بن، چونكە هەر ئەوان سوود لەو ئاگاداركردنەوەیە وەردەگرن، وە دەگونجێ مەبەست پێی كافران بن، با ئەوانیش ترسی خوایان بچێتە دڵو بزانن كە دنیا شاری بێ خاوەن نیە، وە بەهەوەنتە دروست نەكراون، یاخود مەبەست هەم موسوڵمانن، هەم كافران، موسوڵمانان بۆئەوەی لە تەقوا زیاد بكەن، كافرانیش بۆئەوەی ئەگەر تا ئێستا تەقوایان نەبووە، تەقوایان ببێ، چونكە دەفەرموێ: (لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ) ئنجا لەوانەیە یەكێك بڵێ: ئەگەر مەبەستی ئیمانداران بێ، ئەدی ئەوە نیە ئەهلی تەقوان؟ دەڵێین: تەقوا یەك پلە نیە:

---

١) (مختارالصحاح)، ص: ٥٦٣.

١/ لای کەمی تەقوا، بەبێ وی ئینسان نابێتە مسولْمان، کە دەبێ خۆ بپارێزێ لە کوفری گەورەو شیرکی گەورەو نیفاق، بەبێ ئەوە ئینسان نابێتە مسولْمان.

٢/ پلەیەکی دیکەی تەقوا ئەوەیە، کە بەبێ وی مرۆڤ نابێتە ئینسانێکی صالْح، کە شایەدیی لێ وەربگیرێ، کە بریتیە لەو تەقوایەی بتپارێزێ لە گوناهە گەورەکان، گوناهە گەورەکانیش دوو جۆرن: (چواندنی واجبێك، یاخود شکاندنی قەدەغەیەك).

٣/ وە تەقوا هەیە کە پلەی سەرەوەیە، کە ئینسان بەبێ وی نابێتە دۆستی خوا، کە ئەوەیە ئینسان خۆی لە گوناهە گچکەکانیش بپارێزێ، وە خۆ لەو شتانەش بپارێزێ کە جێگای مەترسیی نین، لە ترسی ئەوەی کە جێگەی مەترسییە، وەك لە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا ﷺ دا هاتوە: ﴿لا يَبْلُغُ الْعَبْدُ أَنْ يَكُونَ مِنَ الْمُتَّقِينَ حَتَّى يَدَعَ مَا لا بَأْسَ بِهِ حَذَرًا لِمَا بِهِ الْبَأْسُ﴾[1]، واتە: بەندە نابێتە پارێزکار (لە پلەی سێ)، تاکو هەندێ شت واز لێ نەهێنێ، کە هیچ ئیشکالێکی تێدا نیە، بەلاَم لە ترسی ئەو شتانەی کە ئیشکالیان تێدایە.

وە لە فەرمایشتێکی دیکەدا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {الْحَلالُ بَيِّنٌ وَالْحَرَامُ بَيِّنٌ، وَبَيْنَهُمَا مُشْتَبِهَاتٌ لا يَعْلَمُهَا كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ، فَمَنِ اتَّقَى الشُّبُهَاتِ اسْتَبْرَأَ لِعِرْضِهِ وَدِينِهِ، وَمَنْ وَقَعَ فِي الشُّبُهَاتِ وَقَعَ فِي الْحَرَامِ، كَالرَّاعِي يَرْعَى حَوْلَ الْحِمَى يُوشِكُ أَنْ يُوَاقِعَهُ}[2]، واتە: حەلاَڵ ئاشکرایەو قەدەغەش ئاشکرایە، وە لەنێوانیاندا هەندێ شت هەن، وێك دەچن (واتە: بە حەلاَڵیش دەچن و بە حەرامیش دەچن) جا هەر کەسێ خۆی لە شوبهەکان بپارێزێ، ئەوە هەم دینی سەلامەت بووە، هەم سومعەو ناویشی سەلامەت بووە، وە هەرکەسێکیش ئاژەڵ لە دەوری قەدەغەوە بلەوەڕێنێ، نزیکە زەرێ بکات.

---

١) أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ برقم: (٢٤٥١)، وَقَالَ: حَسَنٌ غَرِيبٌ، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٤٢١٥)، وَالطَّبَرَانِيُّ برقم: (٤٤٦)، وَالحَاكِمُ برقم: (٧٨٩٩) وَقَالَ: صَحِيحُ الإِسْنَاد، وَعَبْدُ بْنُ حُمَيد برقم: (٤٨٤)، ولكن ضَعَّفَهُ الألباني في (سنن إبن ماجه).

٢) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٨٣٩٨)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٥٢)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٥٩٩)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٣٢٩)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٢٠٥)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٤٥٣)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٩٨٤)، وَالدَّارمِيُّ برقم: (٢٥٣١).

(ئاژەڵەکانی بچنە نێو ئەو قەدەغەیەوە، کە نابێ بچنە نێوی)، واتە: هەرکەسێ خۆی نەپاراست لە شوبهەدارەکان، تووشی حەرامیش دەبێ.

مەسەلەی پێنجەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ۖ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَىْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَىْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴾، ئەم ئایەتە موبارەکە دیارە پێشتر هۆی هاتنە خوارەوەکەیمان باسکرد، کە ئەوە بوو: هەندێ لە زلە زلەکانی قورەیش گوتیانە پێغەمبەری خوا ﷺ: ئەگەر دەتەوێ بێینە مەجلیسی تۆو گوێت بۆ بگرین، ئەو کۆیلەو ڕەشو ڕووتانە دەربکە (بیلال‌و صوهەیب‌و عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودو سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص)، چونکە ئەوانە شایستەی ئەوە نین لە کۆڕو مەجلیسی ئێمەدا دابنیشن، پێغەمبەری خواش ﷺ شتێکی هاتە دڵ بۆ بەرژەوەندیی گشتی، (وەك: ئەگەر بەوان بڵێم: جارێ مەیەن، چونکە ئەو زلە زلانە ئەگەر ئیمانێ بێنن، خەڵکەکەی دیکەش ئیمان دەهێنن)، بەڵام خوا ﷻ لەسەر ئەوەی کە چۆتە دڵی، ڕەخنەی لێگرت، فەرمووی: ﴿ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ﴾، واتە: ئەوانەی لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوە بە بەیانیان‌و ئێواران، مەبەستیان ڕووی پەروەردگاریانە (واتە: مەبەستیانە بە دیداری پەروەردگاریان بگەن، یان مەبەستیان ڕەزامەندیی خوایە، یان مەبەستیان پاداشتی خوایە) ئەوانە دەرمەکە لە کۆڕو مەجلیسی خۆت، ﴿ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَىْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَىْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴾، لێپرسینەوەی وان، لەسەر تۆ نیە، وە لێپرسینەوەی تۆش لەسەر وان نیە، واتە: ئەوان هەژارن، یان دەوڵەمەندن، هەرچۆنێکی هەن ئەوانە مادام بەدەم پەیامی خواوە هاتوون، ڕێزیان بگرەو لە کۆڕو مەجلیسی خۆت دەریان مەکە، بۆ ئەو کافرانەی کە ئەوە دەکەنە بیانوو، ﴿ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴾، ئەگەر دەریانبکەی لە ستەمکاران دەبی، فەرهەنگەکانی

زمان دەڵێن: {الطَّرد: الإزعاج والإبعَادُ عَلَى سَبيل الإستخفَاف}[١] (طَرَّد) بریتیە لە نارەحەتکردنو دوورخستنەوە بە شێوەیەکی بەکەم تەماشاکەرانە، ئنجا لێرەدا ئیشکالێك دروست دەبێ بە ڕواڵەت: ئایا پێغەمبەر ﷺ بە تەمابووە دەریان بکات، کە خوا دەفەرموێ دەریانمەکە؟ ئایا بەتەمابووە بەکەم تەماشاکەرانە دووریان بخاتەوە؟ حاشا لە پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەدی ئەوە یانی چی؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە: خوا ﷻ هەر هەمان عیبارەتی کافرەکانی بەکارهێناوەتەوە، ئەوان گوتوویانە: (أُطرُدْهُم) دەریان بکە ! خوای کاربەجێ وشەکەی ئەوانی بەکارهێناوەتەوە، ئەگەرنا شایستەی پێغەمبەر ﷺ نیە، تەنانەت کافرو مونافیقیشی لە کۆڕو مەجلیسی خۆی دەرنەکردوون، چ جای ئیماندار؟! جاری وا هەیە خوای بەرز وشەیەك بەکاردێنێ، وشەی کافرێکە، دەنا ئەوە ئەدەبی پێغەمبەر ﷺ نیە، کەس لە کۆڕو مەجلیسی خۆی دەر بکات، بۆئەوەی گومانمان لە دڵ دا پەیدا نەبێ، بلێین: ئەگەر خوا نەبووایە، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوانی دەردەکرد.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ﴾، پێشتر باسمان کرد: لە شەبەقی بەیانییەوە، واتە: لە فەجرەوە تاکو نیوەڕۆ پێی دەگوترێ: (الغداة)، وە کاتێ ڕۆژ لە نێوەڕاستی ئاسمانێ لادەدا، تاکو دەبێتەوە بەیانی، پێی دەگوترێ: (العَشيِّ)، ئێمە بە کوردیی دەڵێین: پێش نیوەڕۆ، لەگەڵ دوای نیوەڕۆ، ئەمە یانی چی؟ یانی ئەوانە بەردەوام لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوە، هەمیشە بە شەوو ڕۆژ، جا خۆ مەرج نیە هەر دەستیان بەرز بێ، بەڵام هەر کاتێك هەلۆیستێك هاتە پێش، پێویستی بە پاڕانەوە بوو، لە خوا دەپاڕێنەوەو لە کەسی دیکە ناپاڕێنەوە، مەبەست ئەوەیە، ئەگەرنا بەردەوام ئینسان دەستی بەرەو سەرێ بۆ پاڕانەوە بەرز بکاتەوە، کارو کەسابەتی بۆ ناکرێ، کەسیش واینەکردوە، ئەوە واتایەکی.

واتایەکی دیکەی ئەوەیە: عەینی لای بەیانیو عەینی لای ئێوارێ، دوو کاتی زۆر سەرنج ڕاکێشن، لای بەیانی وەك سەرەتای پەیدابوونی (بوون)ە، وە لای ڕۆژئاوابوون کۆتابوونی (بوون)ە، بۆیە خوای باڵادەست باسی بەندە چاکەکانی خۆی دەکات، کە لەو دوو کاتانەدا یادی پەروەردگاریان دەکەن، زیکرو بەندایەتیی بۆ خوا ئەنجام دەدەن.

---

١) المعجم الوسيط، ص ٥٥٣.

مانای وشەی (وجه) کاتێك بۆ خوا بەکاردێ

کە دەفەرموێ: ﴿يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ﴾، ڕووی خوایان دەوێ، پێشتر باسمان کرد ڕوو (وَجْه) لە زمانی عەرەبیدا، ئەو ئەندامەیە کە لە گوێوە تا گوێ، وە لە چەناگەوە تا پێشە سەر دەگرێتەوە، بەڵام کاتێ ئەم وشەیە بۆ خوای پەروەردگار بەکاردێ، ماناکەی جیایە، چونکە خوا بێ وێنەیە، وەك دەفەرموێ: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾﴾ الشورى، ئەدی مەبەست پێی چیە؟ چەند مانایەکی بۆ لێکدراوەتەوە:

١) هەندێك گوتوویانە: مەبەست پێی (ذات)ە، واتە: زاتی خوایان مەبەستە، دەیانەوێ لە خوا نزیك ببنەوە.

٢) هەندێکی دیکە گوتوویانە: (يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ) یانی: (يُرِيدُونَ طَرِيقَه الَّذِي أَمَره الله تعالى بِإِرَادَتِهِ)، ئەو لایەنەو ئەو ڕێگاو ڕێبازە، کە خوای بەرز فەرمانی پێکردوون، ڕووی تێبکەن، ئەوەیان دەوێ.

٣) هەندێکی دیکە گوتوویانە: (يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ) یانی: {أي يطلبون محبته ورضاه لأن من أحب ذاتاً يريد رؤية وجهه}، واتە: خۆشەویستی خواو ڕەزامەندیی خوایان دەوێ، چونکە کەسێك کەسێکی خۆشویست، پێشی خۆشە ڕوویشی ببینێ، لە کوردەواریی خۆشماندا ئەمە هەیە، دەڵێ: فلان کەس ڕووی خۆشە لەگەڵمدا، واتە: لێم ڕازییە، یان فلان کەس ڕووی گرژە، واتە: تووڕەیە، کەواتە: ماناکەی ئەوەیە کە دەیانەوێ خوا لێیان ڕازی بێ.

٤) هەندێکی دیکە گوتوویانە: (وَجه) یەکێکە لە سیفەتەکانی خوا ﷻ، بەڵام هەموو سیفەتەکانی خوا، وەك زاتی خوان، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ﴿١١﴾﴾ الشورى، واتە: هیچ شتێك وەك خوا نیە، واتە: هیچ

شتێك زاتی وەك زاتی خوا نیە، وە سیفەتەكانیشی وەك سیفەتی خوا نین، وە خوای پەروەردگار وەك هیچ كام لە دروستكراوەكانی ناچێ، كەواتە: خوا ڕووی هەیە، بەڵام ڕوویەك كە شایستەی خۆیەتی، ئێمە نازانین چۆنییەتییەكەی چۆنە؟ لەوبارەشەوە ئەم فەرموودەیە هەیە كە دەریدەخات (وَجه) یەكێكە لە سیفەتەكانی خوا ﷻ: ﴿عَنْ أَبِي مُوسَى الأَشعَرِيّ رضي الله عنه، قَالَ: قَامَ فِينَا رَسُولُ اللهِ ﷺ بِخَمْسِ كَلِمَاتٍ: فَقَالَ: إنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ لَا يَنَامُ، وَلَا يَنْبَغِي لَهُ أنْ يَنَامَ، يَخْفِضُ الْقِسْطَ وَيَرْفَعُهُ، يُرْفَعُ إلَيْهِ عَمَلُ اللَّيْلِ قَبْلَ عَمَلِ النَّهَارِ، وَعَمَلُ النَّهَارِ قَبْلَ عَمَلِ اللَّيْلِ، حِجَابُهُ النُّورُ "وَفِي رِوَايَةِ النَّارُ" لَوْ كَشَفَهُ لأَحْرَقَتْ سُبُحَاتُ وَجْهِهِ مَا انْتَهَى إِلَيْهِ بَصَرهُ مِنْ خَلْقِهِ﴾[1]، واتە: ئەبو مووسای ئەشعەریی خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: جارێكیان پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵسا پێنج وشەی پێ فەرمووین، فەرمووی: بێگومان خوای زاڵی خاوەن شكۆ، نانوێ، وە شایستەشی نیە بنوێ، (ناگونجێ بخەوێ)، تەرازوو نزم دەكاتو بەرز دەكات، كردەوەی شەوێی پێشی ڕۆژێ بۆ لا بەرز دەكرێتەوە، وە كردەوەی ڕۆژێی پێشی شەوێ بۆ لا بەرز دەكرێتەوە، (فریشتەكان كردەوەی بەندەكانی پێشان دەدەن) پەردەكەی (ئەو پەردەیەی كە خوای پەروەردگاری پەنهان كردوە لە دروستكراوەكانی) ڕووناكیی (نور)ە، {وە لە ڕیوایەتێكی دیكەدا فەرموویەتی: ئاگرە}، ئەگەر (خوا) ئەو پەردەیە لابدات، پرشنگی ڕووی (خوا) هەرچی بینینی خوا دەیبینێ، هەمووی دەسووتێنێ، (واتە: هەموو دروستكراوەكان)، كەواتە: خوا ڕووی هەیە، بەڵام وەك باقی سیفەتەكانی ئێمە نازانین چۆنە[2].

ئنجا كە دەفەرموێ: ﴿مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَيْءٍ﴾، زانایان چەند مانایەكیان بۆ لێكداونەوە:

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٩٦٤٩)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٧٩)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (١٩٥)، وَأَبُو عَوَانَة برقم: (٣٧٩)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٢٦٦)، وَالطَّبَرَانِيُّ في "الأوسط" برقم: (٦٠٢٥).

٢) باسی تێرو تەسەلمان لەبارەی ناوو سیفەتە بەرزو بێ وێنەكانی خوای تاكو پاك، لە بەرگی سێیەمی كتێبی: (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی)داو، لە بەرگی دووەمی: (الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله)دا، كردوە..

١/ هەندێکیان دەڵێن: (مِنْ حِسَابِهِم): (أَي مِنْ طَاعَتِهِم وَأَعْمَالهم)، ئەوان طاعەتو کردەوەکانیان عایدی تۆ نیە، خوا لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات.

٢/ یاخود مەبەست پێی حاڵو باڵو ژیانو گوزەرانیانە، واتە: ئەگەر هەژارن، دەوڵەمەندن، عایدی تۆ نیە، تۆ نابێ ئەوە بکەیتە پێوەرو، دەوڵەمەند زیاتر لە خۆت نزیك بکەیەوە، یان بە پێچەوانەوە هەژارەکان زیاتر لە خۆت نزیك بکەیەوە، کێ زیاتر بۆ خوا صولحاوبێ، ئەو لە هەمووان نزیکترە.

٣/ زەمەخشەریی دەڵێ: واتە: {لا تُواخَذُ أَنْتَ وَلا هُم بِحِسابِ صاحِبِه}، واتە: نە تۆ نە ئەوان لەسەر کردەوەی ئەوی دیکە لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێ، هەر کەسە کردەوەی خۆی لە ئەستۆی خۆیەتی، وەك ئایەتەکە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ..﴿١٦٤﴾﴾ الأنعام، واتە: هیچ گوناهبارێ گوناهی کەسێکی دیکە هەڵناگرێ.

٤/ دەشگونجێ مەبەست پێی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بێ، واتە: تۆ بەهۆی گوناهی ئەوانەوە، لێپرسینەوەت لەگەڵدا ناکرێ، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ! تاکو زۆر سوور بی لەسەر ئەوەی کە ئەوان گوێ بۆ تۆ بگرنو ئیمان بێننو، لەبەر زۆر سووربوونت ئیمانداره ڕەشو ڕووتەکان دوور بخەیەوە لە کۆڕی خۆت، تاکو ئەوان زەمینەیان بۆ خۆش بێ، گوێت بۆ بگرن، لێیانگەڕێ، ئەگەر ئامادەن لەگەڵ ئەو ڕەشو ڕووتانە گوێت بۆ بگرن، با گوێت بۆ بگرن، ئەگەرنا، لێیانگەڕێ، چونکە کردەوەی وان لەسەر خۆیان حیسابە، تۆ لەسەر کوفرو خراپەی ئەوان لێت ناپرسرێتەوە.

مەسەلەی شەشەم: کە دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُوٓا۟ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآ ۗ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ﴾، یانی: ئاوا هەندێکیان بە هەندێکیان تاقی دەکەینەوە، تاکو (کافرەکان) بڵێن: ئا ئەوانەن (ئەو ڕەشو ڕووتانە) کە خوا لەنێو ئێمەدا چاکەی لەگەڵدا کردوونو (هەڵیبژاردوون بۆ ئیمان)، واتە: چۆن ڕاستە ئەوانە لەلای خوا خۆشەویستترن، لە

حاڵێك دا كە پارەشیان نیەو كەس نایاننناسێ، بەس ئێمە خوا خۆشی ناوێین لە حاڵێك دا پارەشمان هەیە ناو بەدەرەوەین‌و خەڵك دەماننناسێ، چۆن خوا خۆشمانی ناوێ؟! وایاندەزانی كێ پارەی زۆرتر بێ، خوا زیاتر ئەوی خۆشدەوێ، یان كێ بەرپرسیارێتیی زیاتر بێ، دەبێ لە لای خوا بەرێزتر بێ، نەیاندەزانی تەرازووی لای خوا جیایە، تەرازووی لای خوا تەماشای پارەو پووڵ‌و كۆشك‌و دیمەن ناكات، تەماشای دڵ‌و كردەوە دەكات، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ﴿عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ إِنَّ اللهَ لاَ يَنْظُرُ إِلَى صُوَرِكُمْ، وَأَمْوَالِكُمْ، وَلَكِنْ يَنْظُرُ إِلَى قُلُوبِكُمْ وَأَعْمَالِكُمْ﴾[1]، واتە: خوا تەماشای شێوەو سەروەت‌و سامانتان ناكات، بەڵكو تەماشای دڵ‌و كردەوەكانتان دەكات. (كێ دڵەكەی ساغ‌و سافتر بێ‌و كردەوەی باشتر بێ، ئەوە لە لای خوا چاكترە).

بۆیە خوا لە وەڵامیاندا دەفەرموێ: ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ﴾، ئایا خوا زاناتر نیە بە شوكرانە بژێران؟ واتە: ئەوان كەسانێكی سوپاسگوزارن‌و نیعمەتەكانی خوایان وەرگرتوە؛ نیعمەتی ئیمان‌و ئیسلام‌و، شوكری ئەو نیعمەتەیان كردووەو وەریانگرتوە، بەڵام ئێوە ناسوپاس‌و سپڵەو بێئەمەگن، نە قەدری نیعمەتەكانی پێشێ دەزانن، كە خوا دەوڵەمەندی كردوون سەروەت‌و سامانی داونێ، نە قەدری ئەو نیعمەتەش دەزانن، كە پێغەمبەرتان بۆ هاتوە، بۆیە ئەوان هەڵدەبژێرێ كە ئیمان بێنن.

ئنجا لەوبارەوە ئەو فەرموودەیە هەیە: ﴿عَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ مَسْعُودٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: مَرَّ الْمَلأُ مِنْ قُرَيْشٍ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ، وَعِنْدَهُ صُهَيْبٌ، وَبِلالٌ، وَعَمَّارٌ، وَخَبَّابٌ وَنَحْوُهُمْ مِنْ ضُعَفَاءِ الْمُسْلِمِينَ، فَقَالُوا: يَا مُحَمَّدُ، أَطْرُدْهُمْ، أَرَضِيتَ هَؤُلاءِ مِنْ قَوْمِكَ، أَفَنَحْنُ نَكُونُ تَبَعًا لِهَؤُلاءِ الَّذِينَ مَنَّ اللهُ عَلَيْهِمْ مِنْ بَيْنِنَا، فَلَعَلَّ إِنْ طَرَدْتَهُمْ أَنْ نَأْتِيَكَ، فَأَنْزَلَ اللهُ فِيهِم القُرْآن، قَالَ: فَنَزَلَتْ هَذِهِ الآيَةُ: ﴿ وَأَنذِرْ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ ۙ لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ لَّعَلَّهُمْ

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٧٨١٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٤٨٩)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٤١٤٣)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٣٩٤)، وَالبَيْهَقِي في "شعب الإيمان" برقم: (١٠٤٧٧)، وَالدَيلَمِي برقم: (٦١٤).

يَتَّقُونَ ﴿٥١﴾ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ۖ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَىْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَىْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٢﴾ ﴾الأنعام﴿[1]، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: کۆمەڵێك لە زلە زلانی قوڕەیش بە لای پێغەمبەردا تێپەڕین، کە بیلال‌و صوهەیب‌و خەبباب‌و عەممارو وێنەی ئەوانەی لە خزمەت دابوون، هەروەها چەند کەسێکی دیکە لە چەوساوەو بێدەسەڵاتەکانی مسوڵمانان، گوتیان: ئەی موحەممەد! لەنێو هەموو گەلەکەتدا ئەوانەت هەڵبژاردوون، ئایا ئەوانەن لەنێو ئێمەدا خوا چاکەی لەگەڵدا کردوون‌و هەڵیبژاردوون بۆ ئیمان؟ ئایا ئێمە بەدوای ئەوانە بکەوین؟ دەریانبکە، نزیکە ئەگەر دەریانبکەی، شوێنت دەکەوین، خوای بەرزیش ئەم ئایەتانەی ناردنە خوار: ﴿ وَأَنذِرْ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُوٓا۟ إِلَىٰ رَبِّهِمْ ۙ لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِىٌّ وَلَا شَفِيعٌ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿٥١﴾ وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ۖ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَىْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَىْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٢﴾ ﴾.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ ﴾، واتە: ئاوا هەندێکیانمان بە هەندێکیان تاقی کردۆتەوە، وەك لە سووڕەتی (الأنعام)دا دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ ٱلْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ۗ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلْعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌۢ ﴿١٦٥﴾ ﴾، واتە: خوا ئەو کەسەیە کە ئێوەی کردوە بە جێنشین لەسەر زەوی، وە هەندێکتانی بەسەر هەندێکتان دا بەرز کردۆتەوە بە چەند پلە، (بۆ وێنە: یەکێکی دەوڵەمەند کردوە، یەکێك توانای عەقلی زیاترە، هەندێکی حەوسەڵەیان زیاترەو دڵیان

[1] أَخْرَجَهُ البَزَّار برقم: (٢٠٤١) وَصَحَّحَهُ الألباني في "السلسلة الصحيحة" برقم: (٣٢٩٧).

گەورەترە، جیا جیای کردوون) ﴿لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡ﴾، بۆئەوەی تاقیتان بکاتەوە لەوەدا کە پێی داون، (تواناى جۆراو جۆری پێداون، هەندێکی بەرزکردوونەوە بەسەر هەندێکاندا، نەك لەبەرئەوەی خۆشتری دەوێن، بەڵکو بۆئەوەی تاقیتان بکاتەوە)، بێگومان پەروەردگارت سزای خێرایە، وە زۆریش لێبوردەی بە بەزەییە.

کەواتە: ﴿فَتَنَّا بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ﴾، واتە: ئاوا پێکیان تاقی دەکەینەوە، ئنجا کە دەڵێن: ﴿أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنۢ بَيۡنِنَآ﴾، دیارە مەبەستیان پێی بە کەم تەماشاکردنی مسوڵمانە رەش و رووتەکانە، واتە: ئایا ئەو رەش و رووتانە، خوا لەنێو ئێمەدا هەڵیبژاردوون، ئنجا خواش دەفەرموێ: ﴿أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَعۡلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ﴾، واتە: چونکە کافرەکان سپڵەن بێئەمەگو ناسپاسن، شایستەی ئەوە نەبوون کە خوا هیدایەتیان بدات، هەڵبەتە بۆخۆیان هیدایەتیان وەرنەگرتووە، بەڵام دیارە تەرازووی خوای کاربەجێ تەرازووی دادگەرییە، تەرازووی جەوهەرو حەقیقەتە، بەڵام پارەو سامان، زۆر کەس بە دزیی و گەندەڵیی و زوڵم دەوڵەمەند دەبێ، هەروەها دەستەڵات، زۆر کەس بە فیرعەونایەتیی خۆی بەسەر خەڵکدا فەرز دەکات، دەبێ ئەوە سەنگی مەحەك بێ، کە ئینسان بۆخۆی پەیدای دەکات، کار لەسەر خۆی دەکات، کە برتییە لە ئیمان و تەقوا کردەوەی باش، بەڵام سەروەت و سامان، یەکێك هەیەتی، بەڵام بۆ خراپەکاریی بەکاری دەهێنێ، دەستەڵاتی هەیە، بەڵام بۆ زوڵم بەکاری دێنێ، لەبەرئەوە نابێ ئەوانە بکرێنە پێوەر.

مەسەلەی حەوتەم: کە دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا فَقُلۡ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡۖ كَتَبَ رَبُّكُمۡ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَ أَنَّهُۥ مَنۡ عَمِلَ مِنكُمۡ سُوٓءَۢا بِجَهَٰلَةٖ ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعۡدِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَأَنَّهُۥ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾، وە هەر کات ئەوانەت هاتنە لا، کە ئیمان بە ئایەتەکانی ئێمە دێنن، بڵێ: سەلامتان لێ بێ،

پەروەردگارتان لەسەرخۆی پێویست کردوە، بەزەیی هەبێ، (واتە: بەزەییتان لەگەڵدا بنوێنێ)، کە بەزەییەکە بۆ هەر کام لە ئێوەیە خراپەیەکی بە نەفامیی کردبێ، دوایی بگەڕێتەوەو چاکسازیی بکات، ئەوە بێگومان خوا لەگەڵیدا لێبوردەی بە بەزەییە.

ئەم ئایەتە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ بڕوادارانەدا دەخاتەڕوو، پێی ڕادەگەیەنێ:

١) ﴿ وَإِذَا جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا فَقُلۡ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡ ﴾، ئەگەر ئەوانەت هاتنە لا، کە ئیمانیان بە ئایەتەکانی ئێمە هێناوە، سەلامیان لێبکە، سەلامی خۆی، یان سەلامی خوای پەروەردگار، سەلامیش، واتە: ئاشتیی و سەلامەتیی.

٢) ﴿كَتَبَ رَبُّكُمۡ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَ ﴾، واتە پەروەردگارتان لەسەر خۆی پێویست کردوە، لەگەڵتان بە بەزەیی بێ.

٣) ﴿أَنَّهُۥ مَنۡ عَمِلَ مِنكُمۡ سُوٓءَۢا بِجَهَٰلَةٖ﴾، هەر کامێك لە ئێوە بە نەفامیی و بە نەزانیی خراپەیەك بکات، ئنجا بە نەزانیی ئایا یانی: نەزانێ کە خراپەو بیکات؟ یاخود بە نەزانیی یانی: ئارەزوو بەسەریدا زاڵ بێ و کردەوەیەکی نەفامانە بکات؟ ئەوەی دووەمیان ڕاستە، چونکە کەسێك نەزانێ شتێك گوناهە، بیشیکات، پێویست بە لێبوردن ناکات و سزای لەسەر نیە، کەواتە: (بِجَهَٰلَةٖ) هەروەك لە تەفسیری سوورەتی (النساء)دا بە تەفصیل باسم کردوە، گوتراوە: (كُلُّ مَنْ عَصَى اللّٰه فَهُوَ جَاهِلٌ)، هەرکەسێ بێفەرمانیی خوا بکات، ئەوە نەفامە.

کەواتە: (بِجَهَٰلَةٖ) واتە: کردەوەیەکی نەفامانە بکات، با بشزانێ گوناهە، بەڵام کە بیکات ئەوە: کردەوەیەکی نەفامانەی کردوە، خوا لەگەڵ واندا بە بەزەیی یە، بەڵام ئەوەی نەزانێ گوناهە، ئەوە هەر گوناهی نەکردوە.

جا دوایی کە دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعۡدِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَأَنَّهُۥ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾، دوایی بگەڕێتەوەو چاکسازیی بکات، یانی: ئینسان دەبێ بگەڕێتەوە بۆ لای خوا، وە چاکەو چاکسازیی بکات، بێگومان خوا لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا لێبوردەیە.

مەسەلەی هەشتەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ وَلِتَسۡتَبِينَ سَبِيلُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴾، وە بەو شێوەیە، (واتە: بەو شێوەیەی کە دەیبینی) ئایەتەکان ڕۆشن دەکەینەوە، بۆئەوەی ڕێبازی تاوانباران ڕوون بێتەوە.

وشەی: (وَلِتَسۡتَبِينَ) سێ خوێندنەوە (قِرَاءَة)ی هەن:

١/ (وَلِتَسۡتَبِينَ سَبِيلَ ٱلۡمُجۡرِمِينَ) ئەوەی خوێندنەوەی (حفص)ە، واتە: بۆیە ئایەتەکانت بۆ ڕوون دەکەینەوە، تاکو لەمیانی ئەو ئایەتانەی قورئاندا، خوای دادگەر ڕێچکەو بەرنامەی تاوانباران‌و کافران‌و هاوبەش بۆ خوادانەران، بۆ پێغەمبەری خواو بڕواداران ڕوون بکاتەوەو، لەوبارەیەوە بەرچاوڕوون‌و شارەزابن.

٢/ هەروەها خوێندراوەتەوە: (وَلِتَسۡتَبِينَ سَبِيلُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ) واتە: بۆئەوەی ڕێبازی تاوانباران ڕوون بێ.

٣/ هەروەها خوێندراوەتەوە: (وَلِيَسۡتَبِينَ سَبِيلُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ)، کە ئەویش هەمان مانای دووەمی هەیە، بەڵام وشەی (سَبِيل) لە زمانی عەرەبیدا، هەم بە (مُؤَنَّث)، هەم بە (مُذَكَّر)ی مەجازیی هاتوە:

أ – هاتنی بە (مُؤَنَّث) وەك خوای پەروەردگار لە سوورەتی (یوسف)دا دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِيۖ وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ (هَٰذِهِ) ئاماژەیە بۆ (مُؤَنَّث).

ب – هەروەها لە سوورەتی (الأعراف)دا بە (مُذَكَّر) هاتوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَإِن يَرَوۡاْ سَبِيلَ ٱلرُّشۡدِ لَا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلٗا ﴿١٤٦﴾ ﴾، واتە: وە ئەگەر ڕێبازی سەر ڕاستیی‌و ڕێ ڕوونیی ببینن، نایکەنە ڕێبازی خۆیان‌و نایگرنەبەر.

وشەی: (نُفَصِّلُ) واتە: (نُوَضِّح) و (نُبَيِّن)، ئەمە مانایەکیەتی، واتە: ڕوون دەکەینەوە، ڕۆشن دەکەینەوە، وە بە مانای (نُنَوِّع)یش دێ، واتە: جۆراو جۆر دەکەین، یانی: بە چەند جۆرێك ئەوە ڕوون دەکەینەوە.

پێویستیی شارەزابوونی مسوڵمانان لە بیرو بەرنامەکانی دیکە

لەم ئایەتەش وەردەگیرێ، کە شارەزابوون لە ڕێبازی تاوانباران‌و خراپەکاران، لە کافرو مونافیق‌و بتپەرستان، هەموویان، خوا وەك (ل) لامی (تعلیل) هێناویەتی، ﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْآيَٰتِ (وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلَ) (سَبِيلُ) (وَلِيَسْتَبِينَ سَبِيلُ)ٱلْمُجْرِمِينَ﴾، واتە: ئاوا ئایەتەکان جۆراو جۆر دەکەین‌و ڕوونیان دەکەینەوە، بۆئەوەی ڕێبازی خراپەکاران لەبەرچاوی تۆ ڕوون بێ، یان لە خودی خۆیدا ڕۆشن بێتەوەو پەردەی بەسەرەوە نەمێنێ، شاعیرێکیش دەڵێ:

عَرَفْتُ الشَّرَّ لاَ لِلشَّرِّ لَكِنْ لِأَتَّقِيهِ

وَمَنْ لَمْ يَعْرِفِ الشَّرَّ مِنَ النَّاسِ يَقَعُ فيهِ

واتە: خراپەو شەڕم بۆیە زانی، هەتا خۆمی لێبپارێزم

هەرکەسێ خراپەی خەڵکی نەزانێ تێیدەکەوێ، بەرێزم!

کەواتە: هەندێك لە مسوڵمانان کە پێیانوایە مسوڵمان نابێ هەوڵبدات جگە لە ئیسلام، شارەزای هیچ فیکرەیەکی دیکە بێ، ئنجا هەندێك دەڵێن: لەبەرئەوەی دوایی ئینسان دڵی ڕەق دەبێ، وەك هەندێك لە ئەهلی تەصەووف وادەڵێن، وە هەندێك مەشرەب سەلەفیی دەڵێن: لەبەرئەوەی هەقی موتڵەق تەنیا لە ئیسلام دایە، نابێ بە شتی دیکەوە خەریك بی، نەوەك گومانێکت بچێتە مێشکەوە !

بەڵام ئەم دوو پاساوە هەڵەن:

١ – جارێ ئەگەر مسوڵمان چاك لە دینی خوای پەروەردگار شارەزابی، تاکو شتی زیاتر بخوێنێتەوە، هەقانیەتی ئیسلامی زیاتر بۆ دەردەکەوێ، چونکە ئەگەر حەقیقەتی ئیسلام بەراورد بکرێ لەگەڵ ئەو بەرنامانەدا، کە زادەی فیکری بەشەرن، یان لەگەڵ لە کتێبە ئاسمانییەکانی دیکەدا کە گۆڕدراون، کاتێك کە ئیسلام لەگەڵ غەیری خۆیدا بەراورد دەکرێ، هەقانیەتی

ئیسلام زیاتر دەردەکەوێ، وەك من لە کتێبی (الإِسْلاَمُ كَمَا يَتَجَلّى فِي كِتَاب اللّه عَزَّو جَلّ)[1] دا بەراوردێکم کردوە، لەنێوان قورئانو کتێبە ئاسمانییەکاندا، کە نێوانیان ئاسمانو ڕێسمانە، هەڵبەتە ئەسڵی کتێبە ئاسمانییەکان کە خوا ناردوونی، هەموویان لە یەك ئاست دان، بەڵام کە یەکێکیان دەستکاریی دەکرێ لەلایەن بەشەرەوە، زۆر جیاواز دەبێ لەوەی خوا لە ئەسڵدا ناردوویەتی.

٢ – پاشان ئەگەر ئینسان باش دڵی جێگیربێ بە ئیمانو ئیسلام، ئیدی دڵی تووشی ڕەقیی نابێ، وە دوایش تەماشای ژیانی پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ دەکەین، خوای پەروەردگار زۆر چاك بەرچاوی ڕۆشن کردۆتەوە دەربارەی هاوبەش بۆ خوادانەرەکان، وە دەربارەی کەموکورییەکانی خاوەن کتێبەکان، وە دەربارەی فرتو فێڵو تاکتیکی دەغەڵەکان، وە دەربارەی سیاسیەتی ڕۆمو فارس، بۆیە مسوڵمان پێویستە سەرەڕای ناسینی هەقەکەی خۆی، کە ئیسلامە، شارەزایی لە بەرنامەو ڕێچکەکانی دیکەشدا هەبێ، کە ئەوانیش جاری وایە هەقێکی جوزئییان تێدا هەیە، کە لەگەڵ ئیسلام دا تێکدەکاتەوە، بەڵام بەتەئکید ناهەقیی زۆریشیان تێکەڵ دەبێ، وەك خوای پەروەردگار بە خاوەن کتێبەکان دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ لِمَ تَلْبِسُونَ ٱلْحَقَّ بِٱلْبَـٰطِلِ وَتَكْتُمُونَ ٱلْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٧١﴾ ﴾آل عمران، واتە: ئەی خاوەن کتێبینە! بۆچی هەق لەگەڵ بەتاڵ تێکەڵ دەکەن، واتە: هەقێکی کەمتان پێیە، لەگەڵ بەتاڵێکی زۆردا تێکەڵی دەکەن، چونکە هەمیشە شتی کەم لەگەڵ هی زۆر تێکەڵ دەکرێ، ﴿ وَتَكْتُمُونَ ٱلْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾، وە هەقی دەشارنەوەو دەشزانن، کەواتە: خوای دادگەر ئەوە دەسەلمێنێ کە خاوەن کتێبەکان هەندێك هەقیان لەلایە، وە هیچ بەرنامەو فیکرەیەکی بەشەر نیە تۆزێك هەقی تێدا نەبێ، فیکرەی سەرمایەداریی دێنی، فیکرەی مارکسیی دێنی، فیکرەی لیبڕالیزم دێنی، فیکرەی عەلمانیی دێنی، هەر فیکرەیەك

١) لە بەرگی سێیەمو لە باسی {ئیمان بە کتێبەکانی خوادا}.

لەوانە بێنی، هەندێك هەقی تێدایە، بەڵام کێشەیان ئەوەیە کە لەگەڵ ناهەقێکی زۆردا تێکەڵ کراوە، دیارە هەقی بێ خڵتەو تەواو، تەنیا لە وەحی خوای زاناو شارەزادا بەرجەستەیە، وەحی خواش تەنیا لە کتێبی خواو سوننەتی صەحیحی پێغەمبەری خوادا ﷺ بەرجەستەیە.

<u>مەسەلەی نۆیەمو کۆتایی</u>: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ ۚ قُل لَّا أَتَّبِعُ أَهْوَاءَكُمْ ۙ قَدْ ضَلَلْتُ إِذًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُهْتَدِينَ ﴿٥٦﴾ قُلْ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبْتُم بِهِ ۚ مَا عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِ ۚ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۖ يَقُصُّ الْحَقَّ ۖ وَهُوَ خَيْرُ الْفَاصِلِينَ ﴿٥٧﴾ قُل لَّوْ أَنَّ عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِ لَقُضِيَ الْأَمْرُ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ ۗ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِالظَّالِمِينَ ﴿٥٨﴾ ﴾

دە (١٠) ئامۆژگاری و ڕێنمایی خوا بۆ پێغەمبەرەکەی لە بواری هەڵس وکەوت کردن لەگەڵ بێبڕوایان دا

لەم سێ ئایەتە موبارەکەدا خوای بەرز، دە (١٠) ڕێنمایی پێغەمبەر ﷺ دەکات بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کافرو موشریکەکان دا بەگشتیو چوار جاریش وشەی بڵێ (قُل) بەکاردێنێ :

<u>یەکەم</u>: دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ ﴾، بڵێ: من لێم قەدەغەکراوە: کە ئەوانە بپەرستم، کە ئێوە لەجیاتی خوا دەیانپەرستن، کەواتە: خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بە کافرەکان بڵێ: کە تۆ لێت قەدەغەکراوەو ڕێگرییت لێکراوە، کە ئەو شتانەی ئەوان بپەرستی، کە

لەجیاتی خوا دەیانپەرستن‌و لێیان دەپاڕێنەوە، کە پاڕانەوەش کاکڵەی خوا پەرستییە، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿الدُّعَاءَ هُوَ الْعِبَادَةُ﴾[١]، واتە: پاڕانەوە بریتیە لە خواپەرستیی، وەك چۆن فەرموویەتی: ﴿الْحَجُّ عَرَفَةُ﴾[٢]، واتە: حەج کردن بریتیە لە لە عەرەفات ڕاوەستان، یانی: پایەی گەورەی حەج بریتیە لە ڕاوەستان لە عەرەفە، هەروەك پایەی گەورەی خواپەرستیی‌و بەندایەتیی بۆ خوای بەرزو مەزن، بریتیە لە پاڕانەوە، جا دەفەرموێ: بڵێ: من لێم قەدەغەکراوە کە ئەو شتانەی ئێوە لێیان دەپاڕێنەوە، بیانپەرستم.

کەواتە: پێغەمبەر ﷺ، وە هەر کەسێك کە بە ڕێی پێغەمبەر ﷺدا دەڕوات، پابەند کراوە بە شوێنکەوتنی بەرنامەیەکەوە، کە لەلایەن خواوە بۆی هاتوە، وە هیچ بواری سەوداو سەنگ‌و سووکیی (مساومة)ی تێدانیە، جیاوازیی نێوان مسوڵمان‌و غەیری مسوڵمان چییە؟ مسوڵمان بەرنامەیەکی بۆ هاتوە کە وەحی خوایەو دەبێ بۆی ملکەچ بێ، وە پابەندی بێ‌و لێی لانەدات، بەڵام نامسوڵمان بەرنامەکەی وەك قوڕی دروستکراو وایە لەبەردەستی، بە کەیفی خۆی لێی لادەدات، دەیگۆڕێ، چونکە زادەی بیرو هۆشی خۆی، یان بیرو هۆشی کەسێکی دیکەیە، بەڵام مسوڵمان بەرنامەکەی لە خواوە بۆ هاتوە، وە هیچ مافی سەرپشکبوونی نیە لە بەرانبەریدا، وەك خوا لە سوورەتی (الأحزاب)دا دەفەرموێ: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ﴿٣٦﴾﴾، واتە: هیچ پیاوێکی ئیماندارو هیچ ئافرەتێکی ئیماندار، کاتێك خواو پێغەمبەری خوا بڕیارێك دەدەن، مافی سەرپشکبوونیان نیە، وە هەر کەسێك سەرپێچیی لە فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا بکات، بە گومڕاییەکی زۆر ڕوون گومڕا بووە.

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد بـرقم: (١٨٤١٥)، وَالبُخَارِيُّ فـي "الأدب المفرد" بـرقم: (٧١٤)، وَأَبُو دَاوُدَ بـرقم: (١٤٧٩)، وَالتِّرمِذِيُّ بـرقم: (٢٩٦٩)، وَالنَّسَائِيُّ فـي "الكبرى" بـرقم: (١١٤٦٤)، وَابْنُ مَاجَهْ بـرقم: (٣٨٢٨)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٨٩٠)، وَالحَاكِمُ برقم: (١٨٠٢) وَقَالَ: صَحِيح الإِسْنَاد.

٢) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٨٧٩٦)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (١٩٤٩)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٨٨٩)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٣٠٤٤)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٠١٥)، وَالحَاكِمُ برقم: (٣١٠٠) وَصَحَّحَهُ، وَالدَّيْلَمِيُّ برقم: (٢٧٥٩).

دووەم: دەفەرموێ: ﴿ قُل لَّآ أَتَّبِعُ أَهۡوَآءَكُمۡ ﴾، پێیان بڵێ: من بە دوای ئارەزووەکانی ئێوە ناکەوم، واتە: ئەو شێوە پەرستنەی ئێوەو ئەو بەرنامەو ڕێچکەو ڕێبازانەی ئێوە، کە لە غەیری خوا دەپارێنەوەو، غەیری خوا دەپەرستن، ئەوە زادەو هەڵقوڵاوی ئارەزووی خۆتانە، جا (هَوَى) لە کوێ‌و (هُدَى) لە کوێ؟! (وَمَنِ اتَّبَعَ الهَوَى فَقَدْ هَوَى) هەر کەس بە دوای هەوا بکەوێ، بەردەبێتەوە.

سێیەم: دەفەرموێ: ﴿ قَدۡ ضَلَلۡتُ إِذٗا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُهۡتَدِينَ ﴾، ئەگەر بە دوای ئارەزووی ئێوە بکەوم، ئەوە گومڕابووم، وە ئەوکاتە من لە ڕێنمایی کراوان نابم، وشەی (ضَلَلْتُ) بە (ضَلِلْتُ)ش خوێندراوەتەوە، هەردووکیان بە مانای گومڕابوون دێن، ئینسان ئەگەر بەدوای ئارەزووی خۆشی بکەوێ، گومڕا دەبێ، چ جای بەدوای ئارەزووی خەڵك بکەوێ، ئارەزوو (الهَوَى) بریتیە لە (المَيْلُ إلى الشَّهْوَةِ)[1] واتە: مەیل کردن بۆ لای ئارەزوو، بەڵام زیاتر مەبەست ئەو شتانەیە کە لەگەڵ شەرع دا تێکدەگیرێن، وە بە دڵنیاییی ئەوەی کە لەگەڵ شەرع تێکدەگیرێ، لەگەڵ عەقڵ‌و فیطرەت‌و تەندروستیی‌و بەرژەوەندیی دنیاو دوارۆژی مرۆڤدا تێکدەگیرێ.

چوارەم: دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي ﴾، جارێکی دیکە خوای پەروەردگار پێی دەفەرموێ: بڵێ: من لەلایەنی پەروەردگارمەوە لەسەر بەڵگەیەکی ڕوون‌و ئاشکرام، واتە: هیچ گومان‌و دوو دڵییم نیە لە ڕاستیی ئەو ڕێبازەی کە گرتوومە، چونکە زادەی بیروبۆچوونی خۆم نیە، وەك بەشەرێك، چونکە بەشەر کەم شت دەزانێ‌و زۆر شتان نازانێ، ئەو بەرنامەیەی من بەڵگەیەکی ڕوون‌و ڕاشکاوە لە پەروەردگارمەوە، خوای زاناش هەموو شتێك دەزانێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ أَنزَلَهُ ٱلَّذِي يَعۡلَمُ ٱلسِّرَّ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ إِنَّهُۥ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٦ ﴾الفرقان، واتە: بڵێ: کەسێك قورئانی

---

١) مفردات ألفاظ القرآن، راغب الأصفهاني ، ص: ٨٤٩ .

دابەزانـدوە، کـە نهێنیـی ئاسمانـەکانو زەوی دەزانـێ، کەسـێك هـەموو نهێنیـی ئاسـمانەکانو زەوی بزانـێ، دیارە کـە بەرنامەیـەك دەنێـرێ، هەرگیـز شـتێکی تێدانیـە کە هەڵـە بێ، بۆچی؟ چونکە لـە زانیارییـەکی بێسـنوورو گشتگیـرەوە هـاتوە، بـەڵام کـە بەشـەرێك بەرنامەیـەك دادەنـێ، ئێسـتای لەبەرچـاوە، دوای ئێسـتای لەبەرچـاو نیـە، لایـەنێك لـە ژیـان تەماشـا دەکـات، لایەنەکـەی دی فەرامۆش دەکات، مرۆڤ سنووردارە: گوێی مرۆڤ لە بیست (٢٠) لەرینەوە (ذَبْذَبـة) هەتا بیسـت هـەزار (٢٠٠٠٠) لەرینـەوە دەبیستێ، لـەوە زیاتربـێ، یـان کەمتـر بـێ نایبیستێ، چـاوی مرۆڤـ مەودایـەك دەبینـێ، نیزیکتـر بـێ نایبینـێ، دوورتـر بـێ نایبینـێ، دیسـان شـتێك زۆرزۆر ورد بـێ نایبینـێ، وەك میکرۆبو ڤـایرۆس... وە شـتێکیش زۆر گـەورە بـێ باش بـۆی نابینـرێ، وە هەروەهـا هـەموو شـتەکانی دیکـەی مرۆڤـ، بۆ وێنە: زانستو زانیاریی مرۆڤـ، خـوا لەبارەیـەوە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٨٥﴾﴾ الإسـراء، وە عەقڵـی مـرۆڤیش هـەموو شـتێکی تێـدا جـێ نابێتـەوە، کەواتـە: ئـەو بەرنامەیـەی لـە رۆشـنایی وەحـی پەروەردگارەوە بۆم هاتوە، بۆیە مـن لەسـەریمو بـڕوام پێـی هەیـە، چونکـە لـە سەداسـەد (١٠٠/١٠٠) لـە راسـتییو تەواویـیو بێخەوشـیی یەکـەی دڵنیـام، ئاخـر شـتی هەر کەسە لەقـەدەر خۆیەتـیو، خواش ﷻ شـتەکانی لەقـەدەر خۆینـی.

پێنجـەم: دەفـەرموێ: ﴿وَكَذَّبْتُم بِهِۦ﴾، واتـە: لـە حاڵـێکدا کـە ئێـوە بـڕوای پێنـاکەن، بـڕوا بە چی ناکەن؟ بە قورئـان، یان بەو بەڵگە ڕوونـە (بینـة)یـە، بـەڵام بۆچی دەفەرموێ: ﴿وَكَذَّبْتُم بِهِۦ﴾، مانـای (بیـان)ی لێگرتـوە، ئەگـەر مانای (بیـان)ی لـێگـرت، ئەو کاتە بـە (مُذَكَّر) دێتـەوە، یـاخود ﴿وَكَذَّبْتُم بِهِۦ﴾، واتـە: بڕواتان بە خوا نیـە، ئەو خـوایەی کە ئەو بەڵگە ڕوونو ئاشکرایەی بۆ من نـاردوە، یـاخود ئێـوە بڕواتـان بـەو یەقینـە نیـە، کـە مـن هەمـەو لـە ئەنجـامی شـوێنکەوتنی هیـدایەتـی خـوادا بـۆم پـەیدا بـووە.

لـێرەدا خـوا بـە پێغـەمبەر ﷺ دەفـەرموێ، بـەو کافرانـە بڵـێ: ئـەو ئیمـان نەهێنـانەی ئێـوە، بـەم هەقـە، لـە نرخـی ئـەم هەقـە کـەم ناکـاتەوە، چونکـە

بابایەکی کوێریش بە نوێژی نیوەڕۆ تەماشای ئاسمان بکات، خۆر نابینێ، وە ئەگەر مانگیش لە چواردە دابێ، کەسێکی کوێر تەماشای ئاسمان بکات نایبینێ، وە هەروەها نەخۆشیش بەتایبەتی کەسێك مەلاریاو گرانەتای لێبێ، ئاوی شیرین بخواتەوە، بە زاری تاڵەو وەك ژەقنەبووت وایە، کەواتە: نوقصانیی لە خۆرو مانگو ئاودا نەبوو، بەڵکو نوقصانیی لە کەسەکە دابوو، دەڵێن: قاڵۆنچە ڕەشە بە بۆنی گوڵاوێ گێژ دەبێ، بەڵام ڕیخو شیاکە خڕدەکاتەوەو دەیکاتە تۆپ، تاقیيان کردۆتەوە، بۆن گوڵاویان بۆ بردوە گێژ بووە، دیارە کەیفی بەو بۆن ڕیخە دێ، لەبەرئەوەی میزاجی تێکچووە !!

شەشەم: دەفەرموێ: ﴿ مَا عِندِى مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦٓ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ يَقُصُّ ٱلْحَقَّ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْفَٰصِلِينَ ﴾، ئەوەی ئێوە پەلەی لێدەکەن لەلای من نیە، ئەوان پەلەیان لە چی دەکرد؟ پەلەیان لە سزا دەکرد، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ قَالُوا۟ ٱللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا هُوَ ٱلْحَقَّ مِنْ عِندِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ أَوِ ٱئْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣٢﴾ ﴾ الأنفال، واتە: وە کاتێك (کافرەکان) گوتیان: ئەی خوایە ! ئەگەر ئەم قورئانە هەقە، با بەردمان بەسەردا بباریٚ لە ئاسمانێ، یاخود سزایەکی بەئێشمان بۆ بێنە، خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بڵێ: ئەوەی ئێوە پەلەی لێدەکەن لەلای من نیە.

حەوتەم: دەفەرموێ: ﴿ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ﴾، حوکمو بڕیار تەنیا بۆ خوایە، خوای باڵادەستە کە بڕیار دەدات، کەی سزاتان دەداتو چۆنتان سزا دەدات، یان سزاتان ناداتو هیدایەتتان دەدات، دوای ئەوەی عاقڵ دەبنو دەگەڕێنەوە.

هەشتەم: دەفەرموێ: ﴿ يَقُصُّ ٱلْحَقَّ ﴾، خوا هەق دەخاتە ڕوو، هەق باس دەکات، (قصة) واتە: بەسەرهات، (قَصَّ، يقصُّ)، واتە: بەسەرهاتی گێڕایەوە، وە خوێندراویشەتەوە (يَقْضِ الحَقَّ) واتە: بە هەق بڕیار دەدات، ئەگەر بشڵێی: (يَقُصُّ) واتە: (يُبَيِّنُ وَيَحْكِي) ڕوونی دەکاتەوەو دەیگێڕێتەوە.

نۆیەم: دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْفَٰصِلِينَ ﴾، وە خوا باشترین یەکلاکەرەوەو دادوەرە، (فَاصِل) واتە: شتێك كە دوو شتان لێك جیابكاتەوە، كە لێرەدا مەبەست دادوەرو حاكمە، خوای دادگەر باشترین دادوەرە، ئەو حوكممان لەنێواندا دەكات.

دەیەم: دەفەرموێ: ﴿ قُل لَّوْ أَنَّ عِندِى مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦ لَقُضِىَ ٱلْأَمْرُ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، پێیان بڵێ: ئەگەر ئەوەی ئێوە پەلەی لێدەكەن، لەلای من بووایە، ئیش لەنێوان منو ئێوەدا تەواو دەبوو، (واتە: ئەو بڕیارو سزایە، ئەگەر لەلای من بووایە، بەسەرمدا دەچەسپاندن و یەكلادەبووینەوە)، وە خوا بە ستەمكاران زانایە.

وەڵامی ئیشكالێك

توێژەرەوانی قورئان لێرەدا پرسیارێكیان كردووەو گوتوویانە: بەڕواڵەت لە نێوان ئەم ئایەتەدا كە دەفەرموێ: ئەگەر ئەوەی ئێوە پەلەی لێدەكەن، لەلای من بووایە، كاری نێوان منو ئێوە تەواو دەبوو، واتە: سزایەكەم بەسەردا دەچەسپاندنو ئێوەم لە كۆڵ دەكردەوە، لەگەڵ فەرمایشتێكی پێغەمبەردا ﷺ تێكگیران هەیە، كە ئەمە دەقی فەرمایشتەكەیە:

﴿عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: لِرَسُولِ اللهِ ﷺ يَا رَسُولَ اللهِ! هَلْ أَتَى عَلَيْكَ يَوْمٌ كَانَ أَشَدَّ مِنْ يَوْمِ أُحُدٍ؟ فَقَالَ: «لَقَدْ لَقِيتُ مِنْ قَوْمِكِ، وَكَانَ أَشَدَّ مَا لَقِيتُ مِنْهُمْ يَوْمَ الْعَقَبَةِ، إِذْ عَرَضْتُ نَفْسِي عَلَى ابْنِ عَبْدِ يَالِيلَ بْنِ عَبْدِ كُلاَلٍ، فَلَمْ يُجِبْنِي إِلَى مَا أَرَدْتُ فَانْطَلَقْتُ وَأَنَا مَهْمُومٌ عَلَى وَجْهِي، فَلَمْ أَسْتَفِقْ إِلاَّ بِقَرْنِ الثَّعَالِبِ، فَرَفَعْتُ رَأْسِي، فَإِذَا أَنَا بِسَحَابَةٍ قَدْ أَظَلَّتْنِي، فَنَظَرْتُ، فَإِذَا فِيهَا جِبْرِيلُ فَنَادَانِي، فَقَالَ: إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ قَدْ سَمِعَ قَوْلَ قَوْمِكَ لَكَ، وَمَا رَدُّوا عَلَيْكَ، وَقَدْ بَعَثَ إِلَيْكَ مَلَكَ الْجِبَالِ لِتَأْمُرَهُ بِمَا شِئْتَ فِيهِمْ، قَالَ: فَنَادَانِي مَلَكُ الْجِبَالِ وَسَلَّمَ عَلَيَّ، ثُمَّ قَالَ: يَا مُحَمَّدُ! إِنَّ اللهَ قَدْ سَمِعَ قَوْلَ قَوْمِكَ لَكَ، وَأَنَا مَلَكُ الْجِبَالِ وَقَدْ بَعَثَنِي رَبُّكَ إِلَيْكَ لِتَأْمُرَنِي بِأَمْرِكَ، فَمَا شِئْتَ، إِنْ شِئْتَ أَنْ أُطْبِقَ

عَلَيْهِمُ الأَخْشَبَيْنِ». فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «بَلْ أَرْجُو أَنْ يُخْرِجَ اللهُ مِنْ أَصْلاَبِهِمْ مَنْ يَعْبُدُ اللهَ وَحْدَهُ لاَ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا» ﴾[1]، واتە: دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: بە پێغەمبەری خوام ﷺ گوت: ئەی پێغەمبەری خوا ! ئایا چ ڕۆژێ بەسەر هاتوون سەختتر لە جەنگی ئوحود؟ ئەویش فەرمووی: لە گەلەکەی تۆوە (واتە: لە قورەیشەوە) ئەوەی تووشم بوو تووشم بوو، سەختترین شت کە تووشم بوو، ڕۆژی عەقەبە بوو، (واتە: ئەو ڕۆژە کە بە لای عەقەبەدا هاتوە، جا باس دەکات و دەفەرموێ): نەفسی خۆم پێشنیارم کرد بۆ (ابْنِ عَبْدِ يَالِيلَ بْنِ عَبْدِ كُلاَلٍ) (کە سەرۆك هۆزێکی گەورە بووە لە طائیف)، بەڵام ئەوەی کە من لێم داوا کرد، وەڵامی نەدامەوە، منیش بە خەمو خەفەتەوە ڕۆیشتمو گەڕامەوە (جا ئەوە لێرە بەو کورتی باسی کردوە، ئەگەرنا بەردبارانیشیان کردوە لە طائیف بە منداڵان و هۆسەو هەراشیان لەدوا کردوە، بۆیە فەرموویەتی: ئەوەم زۆر لەسەر سەخت بووە، پاشان دەفەرموێ:) هەتا نەگەیشتمەوە (قَرْنِ الثَّعَالِبِ)[2] نەهاتمەوە سەر حاڵ و بەهۆش خۆم نەهاتمەوە، سەرم بەرزکردەوە، تەماشام کرد هەورێکە، سەرنجمدا جبریل لەنێو ئەو هەورەدا بوو، بانگی کردم، گوتی: ئەی موحەممەد! خوای زاڵی پایەدار وەڵامی گەلەکەی تۆی بۆ تۆ بیست، وە چۆن بەرپەرچیان دایەوە، ئێستاش فریشتەی چیاکانی ناردوە، تاکو چیت پێ چاکە فەرمانی پێبکەی، فەرمووی : ئنجا فریشتەی چیاکان بانگی کردم و سەلامی لێکردم، گوتی: ئەی موحەممەد ! خوا قسەی گەلەکەتی بیست (کە چەندە خراپ وەڵامیان دایەوە) وە منیش فریشتەی چیاکانم، وە پەروەردگارت منی ناردوە بۆ لای تۆ، تاکو ئەوەی پێت چاکە، فەرمانم پێبکەی، چیت دەوێ؟ ئەگەر دەتەوێ تاکو ئەم دوو چیایەی طائیف بێنمەوە یەك، (تاکو قڕەبڕ بن)، دەڵێ: پێغەمبەری خواش پێی فەرموو: ﴿بَلْ أَرْجُو أَنْ يُخْرِجَ اللهُ مِنْ أَصْلاَبِهِمْ مَنْ يَعْبُدُ اللهَ وَحْدَهُ لاَ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا﴾، واتە: بەڵکو ئومێدم وایە، خوا لە پشتی ئەوانە کەسانێك بێنێتە دەرێ، کە تەنیا خوا بپەرستن، وە هیچ شتێکی نەکەنە هاوبەش.

---

١) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٣٢٣١)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٧٩٥)، وَإبْنُ حِبَّان برقم: (٦٥٦١).

٢) ناوی شوێنێکە لە میقاتەکانی حەجەو، دەبێ لەوێ ئیحرام ببەسترێ.

ئنجا دەڵێن: لێرەدا ئەوە فریشتەی چیاکان خوای بەرز ناردوویەتیو لەژێر فەرمانی پێغەمبەردا ﷺ بووە، لە ئایەتەکەشدا دەفەرموێ: ئەگەر بەدەست من بووایە ! ئەدی ئەوەنیە لێرەدا بەدەستیەتی ؟ بە ڕواڵەت تێکگیر دەبن ! وەڵامەکەی ئاوایە:

١/ وا دیارە ئەو کاتە کە چووە بۆ طائیف، کافرەکان داوایان نەکردوە، سزایان بۆ بێنێ، بەڵام ئەوەی ئایەتەکە دەیفەرموێ: لە حاڵێکدایە کە ئەوان پەلەیان لێکردوە، بەڵام خەڵکی طائیف نەیانگوتوە: با سزامان بۆ بێ.

٢/ وەڵامێکی دیکەشی ئەوەیە کە لە کاتی دابەزینی ئایەتەکاندا، ئەو دەستەڵاتەی نەبووەو دواتر پێیدراوەو پێشتر پێی نەدراوە، چونکە چوون بۆ طائیف پێش مەسەلەی شەوڕۆیی‌و پەیمان بەستنی عەقەبەی یەکەمو دووەم بووە، ئنجا دیارە ئەو ئایەتانەش پێشتر دابەزیون، پێش سەفەری طائیف.

٣/ ئەو دەستکراوەیی یەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەر تایبەت بە خەڵکی (طائیف)ەوە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی حەوتەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە نۆ (٩) ئایەت (٥٩ تا ٦٧)، پێكدێ‌و، سورگەی سەرەكییان، بریتیە لە خستنەڕووی ژمارەیەك لە سیفەت‌و كردەوەكانی خوای بەرزو مەزن: لە زانیاریی وردو بێسنووری بە وردو درشتی دروستكراوەكان‌و، خەواندنی مرۆڤەكان لە شەوداو، چاودێرییكردنی كردەوەكانیان بە ڕۆژو، پاشان گێڕانەوەیان بۆ لای خۆی‌و، لێپرسینەوەیان.

هەروەها ناردنی فریشتەكان بۆ پاراستنی كردەوەكانیان‌و، پاشان مراندنیان‌و گێڕانەوەیان بۆ لای خوای بالادەست، ئنجا دەربازكردنیان لە تەنگ‌و چەڵەمەو گرفتارییەكانی ڕۆژگار، پاش پاڕانەوەو كڕووزانەوەیان.

وە لە كۆتاییدا هەڕەشەكردن لە كافرو هاوبەشدانەرەكان كە خوا دەتوانێ لە سەرووو خوارووویانەوە سزایان بۆ بنێرێ‌و، پێكیان وەربكات‌و بە گژ یەكیاندا بكات، پاش پەرتەوازەو دەستە دەستە بوونیان، وە ڕایدەگەیەنێ كە هەرچەندە گەل‌و كۆمەڵگای پێغەمبەر ﷺ بەرانبەر بە قورئان بێبڕوان، بەڵام قورئان هەواڵی ڕاستەو، هەواڵی ڕاستیش كاتێك دەبێ هەر بچەسپێ.

﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ لَا يَعۡلَمُهَآ إِلَّا هُوَۚ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۚ وَمَا
تَسۡقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعۡلَمُهَا وَلَا حَبَّةٖ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡأَرۡضِ وَلَا رَطۡبٖ وَلَا يَابِسٍ
إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ﴿٥٩﴾ وَهُوَ ٱلَّذِي يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيۡلِ وَيَعۡلَمُ مَا جَرَحۡتُم بِٱلنَّهَارِ ثُمَّ
يَبۡعَثُكُمۡ فِيهِ لِيُقۡضَىٰٓ أَجَلٞ مُّسَمّٗىۖ ثُمَّ إِلَيۡهِ مَرۡجِعُكُمۡ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ
تَعۡمَلُونَ ﴿٦٠﴾ وَهُوَ ٱلۡقَاهِرُ فَوۡقَ عِبَادِهِۦۖ وَيُرۡسِلُ عَلَيۡكُمۡ حَفَظَةً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ
ٱلۡمَوۡتُ تَوَفَّتۡهُ رُسُلُنَا وَهُمۡ لَا يُفَرِّطُونَ ﴿٦١﴾ ثُمَّ رُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ مَوۡلَىٰهُمُ ٱلۡحَقِّۚ أَلَا لَهُ
ٱلۡحُكۡمُ وَهُوَ أَسۡرَعُ ٱلۡحَٰسِبِينَ ﴿٦٢﴾ قُلۡ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ تَدۡعُونَهُۥ
تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةٗ لَّئِنۡ أَنجَىٰنَا مِنۡ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٦٣﴾ قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنۡهَا
وَمِن كُلِّ كَرۡبٖ ثُمَّ أَنتُمۡ تُشۡرِكُونَ ﴿٦٤﴾ قُلۡ هُوَ ٱلۡقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبۡعَثَ عَلَيۡكُمۡ عَذَابٗا مِّن
فَوۡقِكُمۡ أَوۡ مِن تَحۡتِ أَرۡجُلِكُمۡ أَوۡ يَلۡبِسَكُمۡ شِيَعٗا وَيُذِيقَ بَعۡضَكُم بَأۡسَ بَعۡضٍۗ ٱنظُرۡ كَيۡفَ
نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَفۡقَهُونَ ﴿٦٥﴾ وَكَذَّبَ بِهِۦ قَوۡمُكَ وَهُوَ ٱلۡحَقُّۚ قُل لَّسۡتُ عَلَيۡكُم
بِوَكِيلٖ ﴿٦٦﴾ لِّكُلِّ نَبَإٖ مُّسۡتَقَرّٞۚ وَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ﴿٦٧﴾﴿

مانای وشــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((وە خـوا کلیلـەکانی (زانینـی) نادیـاریی لـەلان، کـە جگـە لـەو کـەس نایانزانـێ، وە هەرچـی لـە وشـکانییو دەریـا دایـە، دەیزانـێ، وە هـیچ گـەڵا "ی درەخت"ێك ناکەوێتـە خـوار مەگەر دەیزانێ، وە هیچ دەنکـێك نیـە لـە تاریکاییـەکانی زەویـداو، هـیچ تەڕێـكو هـیچ وشـکێك نیـە، مەگـەر لـە کتێبێکـی ڕوون دایـە ﴿٥٩﴾ وە هـەر ئـەوە کـە بـە شـەوێ ڕووحەکانتان وەردەگرێ (و دەتانخەوێنـێ)، وە دەزانێ لە ڕۆژێ دا چی دەکـەن، دوایـی لـە ڕۆژێـدا بێدارتـان دەکاتـەوە، تـاکو مـاوەی نـاوبراو (دیـاریی‌کراو بـۆ ژیانتـان) بەسەربچـێ، پاشـان گێڕانەوەتان بـۆ لای ویـە، دوایـی هەواڵـتان پێـدەدا بـەوەی کـە دەتـانکرد ﴿٦٠﴾ وە هەر ئەوە زاڵی ملپێکـەچکەر بەسـەر بەندەکانییـەوە، وە پارێزەرانێکتـان (لـە فریشـتان) دەنێرتـە سـەر، هـەتا کاتێـك یەکێکـتان مردنـی گەیشـتە سـەر، نێرراوەکانمـان گیـانی دەکێشـنو، کەمتەرخـەمییش ناکـەن (لـە ئەنجامـدانی کارەکانیانـدا) ﴿٦١﴾ پاشـان (دوای مراندن) بـەرەو لای تاکە سەرپەرشـتیاری ڕاستەقینەیان گێڕرانـەوە، ئاگـاداربـن! بڕیـارو فەرمان هەر هی ئەوە، وە خـوا خێراتریـن لێپرسەرەوەیە ﴿٦٢﴾ بڵـێ: کـێ لە تاریکاییەکان (و گرفتارییـەکان)ی وشـکانیـیو دەریـادا دەربازتـان دەکـات، بـە ملکـەچییو پەنهانیـی لێـی دەپاڕێنـەوە: ئەگـەر بێـتو (خـوا) لـەم (گرفتـاریی)ە قوتـارمان بکـات، بـە دڵنیاییـەوە لە سوپاسگوزاران دەبیـن؟ ﴿٦٣﴾ بڵـێ: هەر خوا لەو (گرفتـاریی)ە قوتـارتان دەکـات، وە لـە هـەر خـەمو تەنگانەیەکی دیکـەش، کەچـی ئێـوەش هاوبـەش (بـۆ خـوا) دادەنـێن ﴿٦٤﴾ بڵـێ: ئـەو (خـوا) توانـادارە کـە لـە سـەرووتانەوە، یـان لەژێـر پێتـانەوە، ئـازارو سـزاتان بـۆ بنێـرێ، یـان وەك چـەند پێـرو دەسـتەیەکی پەرتـەوازە، پێکتـان وەربکـاتو ئـازارو سـزای هەندێکتـان بـە هەندێکتـان بچێـژێ، سـەرنج بـدە ! چـۆن (ڕوونکردنەوەی) ئایەتەکانمانیان بۆ جۆراو جۆر دەکـەین، بەڵـکو بـە قووڵـیی تێبگـەن ﴿٦٥﴾ وە کۆمـەڵو گەلـەکەت ئـەم (قورئـان)ە یـان بـە درۆ دانـا، لـە حاڵێکـدا کـە هەقـە، بڵـێ: من بەسـەرتانەوە چاودێرو پارێزەر نیم ﴿٦٦﴾ بۆ هەر هەواڵێکی گرنگ سەقامگیـر بوون هەیـەو، لەمـەودوا دەزانـن ﴿٦٧﴾)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان

(مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ): واتە: کلیلەکانی پەنهان، (مَفَاتِيح: جَمْعُ مِفْتَحْ وَمِفْتَاح، مَا يُفْتَحُ بِهِ وَجَمْعُهَا: مَفاتح وَمَفَاتِيح، وَقَالَ الرَّازِي: الـمِفاتحُ جَمْعُ مِفْتَحْ وَهُوَ الـمِفْتَاحُ، وَمَفْتِح وَهُوَ الخَزَانَة)، واتە: وشەی (مَفَاتِح) کۆی (مِفْتَحْ) و (مِفْتَاح)ە، هەر شتێکە کە دەرگا، یان شتێکی دیکەی پێ دەکرێتەوە، ئنجا ئەگەر کۆی (مِفْتَحْ) بێ (مَفَاتِح)ە، وە ئەگەر کۆی (مِفْتَاح) بێ (مَفَاتِيح)ە، فەخرەددین ڕازیش دەڵێ: (مَفَاتِح) یان کۆی (مِفْتَحْ)ە، کە بریتیە لە (مِفْتَاح) کلیل، یان کۆی (مَفْتِح)ە، (مَفْتِح)یش بریتیە لە خەزێنەو عەمبار.

(حَبَّةٍ): (الحَبُّ وَالحَبَّةُ: يُقَالُ فِي الحِنْطَةِ وَالشَّعِيرِ وَنَحْوِهِمَا مِنَ الـمَطْعُومَاتِ)، وشەی (حَبٌّ) و (حَبَّة) بە دەنکی گەنمو جۆ دەگوترێ، وە وێنەی ئەوان، وەك دەنکە هەرزن، برنج، گەنمەشامی، نۆك، نیسك.

(كِتَٰبٍ مُّبِينٍ): واتە: کتێبێکی ئاشکرا، کتێبێکی ڕوون، (الكِتَابُ فِي الأَصْلِ اسْم لِلصَّحِيفَةِ مَعَ الـمَكْتُوبِ فِيهِ، اللَّوحُ الـمَحْفُوظ: عِلْمُ الله) وشەی (کتاب) لە ئەسڵدا لاپەڕەیەکە، یان هەر شتێکە کە شتی لەسەر دەنووسرێ، لەگەڵ نووسینەکەی نێویشی، پێی دەگوترێ (کتاب)، واتە: تیانووسێك، جا کاغەز بێ، چەرم بێ، پێست بێ، بەردی تەنك بێ، گەڵای درەخت بێ، لەگەڵ ئەو نووسینەی کە تێیدا دەنووسرێ، ئەگەر نووسینی لەسەر نەبێ، پێی ناگوترێ: (کتاب)، هەروەها دەگونجێ مەبەست لە (کتابِ مبین) لەوحی پارێزراو (لوحُ الـمَحْفُوظ) بێ، ئەو جیسمەی کە خوای پەروەردگار هەموو زانیارییەکانی خۆی لەبارەی دروستکراوەکانییەوە تێدا تۆمار کردوون، بە پێی ڕای زۆرێك لە زانایان، کە خوای زانا باسی (لوحُ الـمَحْفُوظ)یش دەکات، دەفەرموێ: ﴿ بَلْ هُوَ قُرْءَانٌ مَّجِيدٌ ﴿٢١﴾ فِي لَوْحٍ مَّحْفُوظٍ ﴿٢٢﴾ ﴾، مەبەست پێی (کتابِ مبین)ە، یاخود مەبەست پێی زانیاری خوای پەروەردگارە.

(يَتَوَفَّٰكُم): واتە: بە تەواویی وەرتاندەگرێ، جا خوای کاربەجێ (تَوَفَّى)ی بەکارهێناوە بۆ مراندنو بۆ خەواندنیش، (التوفّي: عُبِّرَ عَنِ النَّوْمِ وَالـمَوْتِ بالتوفِّي: أَخْذُ الشيء وَافِيَاً كَامِلاً)، وشەی (توفّي) بۆ خەوتنو مردن بەکارهاتوە، (توفِي)یش ئەوەیە شتێك بەتەواویی وەربگیرێ، کە مرۆڤ دەخەوێ خوای پەروەردگار ڕووحەکەی وەردەگرێ، وە کە دەشمرێ ڕووحەکەی وەردەگرێ، بەڵام لە حاڵەتی مردندا، ڕووحەکەی یەکجاریی وەردەگرێو، هیچ پەیوەندیی بە بەدەنەوە نامێنێ، لە حاڵەتی خەوتندا پەیوەندییەکی دەمێنێ، بایی ئەوەندەی جەستەی کار بکاتو پێویستی پێی هەبێ.

(جَرَحْتُم): (كَسَبْتُم، الجَوارِح: الأَعْضَاء الكَاسِبَة، الإِجتِرَاحُ: إكْتِسَابُ الإِثْم)، (جَرَحْتُم) واتە: وەدەستتان هێناوەو کردووتانە، ئەندامەکانی جەستە وەك چاو، گوێ، دەست، پێی پێیان دەگوترێ: (جَارِحَة)، بۆچی؟ چونکە کردەوەیان پێ ئەنجام دەدرێ، جا ئەوە لە ئەسڵدا لە (جرح)ەوە هاتوە، واتە: بریندارکردن، بۆیە (جوارح) بۆ ئەو شتانەش بەکاردێ کە بۆ ڕاووشکار بەکاردێن، وەك سەگو تاژییو ...هتد. وە (الإِجتِرَاح) واتە: گوناح کردن.

(يَبْعَثُكُمْ): (أَصْلُ البَعْث إِثَارَة الشَّيء وَتَوجِيهُهُ، أي يُخْرِجُكُم وَيُسَيِّرُكُم إِلى يَوْمِ القِيَامَةِ) (بَعْث) ئەوەیە کە شتێك هەڵگیرسێنیو ئاڕاستەی بکەی، کە دەفەرموێ: (يَبْعَثُكُم)، واتە: دەرتاندێنێ، وە بەرێتان دەکات بەرەو ڕۆژی دوایی، ئەوە ئەگەر مەبەست پێی زیندووکردنەوە بێ، وە ئەگەر مەبەست پێی بێدارکردنەوە بێ، بەرێتان دەکات بۆ ڕۆژگار، واتە: لە شەوێ دا بەئاگاتان دێنێ، بۆئەوەی لە ڕۆژێ دا کار بکەن.

(حَفَظَةً): (جَمْع حَافِظ : الـمَلاَئِكَة الَّذِينَ يَكتبونَ أَعْمَال بَنِي آدَم)، کۆی (حَافِظ)ە، واتە: پارێزەر، مەبەست پێی ئەو فریشتانەیە کە کردەوەکانی نەوەی ئادەم تۆمار دەکەن.

(لَا يُفَرِّطُونَ): واتــە: کەمتەرخەمـــیی ناکـەن، (فَـرَطَ وَفَـرَّطَ، يَعْـنِي: قَصَّـرَ فِـي الأَمْـرِ وَضَيَّعَهُ حَتَّى فَـاتَ، وَأَفْـرَطَ: جَـاوَزَ)، (فَـرَطَ) و (فَـرَّطَ) واتـە: کەمتەرخـەمیی کــرد لـە کارەکـــەدا، تـا کارەکـــەی زایـە کــردو لەدەســتی چـوو، بـەڵام (أَفْـرَطَ) واتـە: تێیپــەڕاند، (تَفْـرِيط) واتـە: کورتهێنـانو بەزایـەدان، (إِفْـرَاط) واتـە: تێپەڕانـدنو زێـدەڕۆیی کــردن.

(كَرْبِ): (الكَـرْبُ: الغَـمُّ الشَّدِيد)، واتە: خـەفەتێکی زۆر گــەورە،

(يَلْبِسَكُمْ): (لَبَسَ عَلَـيْهِ الأَمْرَ: خَلَـطَ) واتە: ئیشــەکـەی لــێ تێکــەڵ کــرد.

(شِيَعًا): (شِـيعَة) واتە: کۆمەڵە خەڵکێك کە لەسەر شتێك کۆدەبنـەوە، وە پشتگیــریی کەسـێك دەکــەن لەســەر بەرنامەیـەك، کـە کۆیـەکـەی (شِـيَع) و (أَشْـيَاع)ە، دەڵــێ: (مَنْ يَتَقَوَّى بِهِـم الإِنْسَان وَيَنْتَشِـرُونَ عَنْهُ)، واتە: (شِيعَة) هەر کۆمەڵە خەڵکێکـن کە کەسێك خۆیـان پــێ بەهێـز دەکـات، وە لــەوەوە بڵاودەبنــەوە.

(بَأْسَ): (الـعَذَابُ وَالشِّـدَّةُ فِـي الحَـرْبِ) (بـأس) بـە مانـای سزاو ئـازارو سـەختیی دێ لـە جەنگـدا.

(يَفْقَهُونَ): (الفِـقْه: هُـوَ التَّوصّـل إِلـى عِلْـم غَـائِب بِعِلْـم شَـاهِد، فَهُـوَ أَخَـصّ مِـنَ العِلْـم)، (فِـقْه) بریتیـە لـە گەیشـتن بـە شـتێکی نادیـار، بەهـۆی زانینــی شـتێکی دیـــارەوە، بۆیــە (فِـقْه) تایبـەتـــترە لــە (عِلْـم)، چــونکە (عِلْـم) هــەموو شــتێك دەگرێتــەوە، وەك پــەی بردن بە شتێك کـە دەگونجــێ بزانـرێ، (فِقْه) بریتیـە لـەوە کە بەهۆی شـتێکی زانـراوەوە، شـتێك دەرك بکـەیو بزانــی، کە نەزانــراوە.

(بِوَكِيلٍ): (الوَكِـيلُ: فَعِيـل بِمَعْنَــى الــمَفْعُول، والتَّـوْكِيـلُ أَنْ تَعْتَمِـدَ عَلَــى غَيْــرِكَ وَتَجْعَلَـهُ نَائِبَـاً عَنْـكَ)، واتـــە: (وَكِيـل) (فَعِيـل)ە، بــە مانــای (مَفْعُـول)، واتــە: (مَوكُـول) کەسێك کە کـارت پــێ ســپاردوە. (تَوْكِيـل)یش ئەوەیـە کە پشت بـە

غەیری خۆت ببەستیو بیکەی بە جێداری خۆت، بڵێی: فلاَن کەس وەکیلی منە، (وَكَّلْتُه) واتە: کردمە وەکیلی خۆم، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿إِذْ هَمَّت طَّآئِفَتَانِ مِنكُمْ أَن تَفْشَلَا وَٱللَّهُ وَلِيُّهُمَا وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٢٢﴾﴾ آل عمـــران، واتە: با بڕواداران تەنیا پشت بە خوا ببەستن، یانی: تەنیا خوا بکەنە وەکیلی خۆیانو پشت بەو ببەستن.

(مُّسْتَقَرٌّ): یان بە مانای سەقامگیربوون دێ، یان بە مانای کاتی سەقامگیربوون دێ، یان بە مانای شوێنی سەقامگیربوون دێ، لە (قَرَّ يَقَرُّ قَرَارًا)ەوە هاتوە، بە مانای (ثَبَتَ) واتە: جێگیربوو (وَاسْتَقَرَّ فُلاَن: تَحَرَّى القَرَار، وَقَد يُسْتَعْمَل بِمَعْنَى قَرَّ، كَاسْتَجَابَ وَأَجَابَ) واتە: ویستی ڕابوەستێ، جاری وایە بە مانای (قَرَّ)ش دێ، وەك (إِسْتَجَابَ) و (أَجَابَ)ە، هەردووکیان بە مانای وەلاَمی دایەوە، دێن، بەلاَم (إِسْتَجَابَ) واتە: وەلاَمدانەوەکەی بەهێز بوو.

مانای گشتی ئایەتەکان

خوای بێ وێنە لەم نۆ (٩) ئایەتە موبارەکەدا کۆمەڵێك سیفەتی گەورە گەورەی خۆی، کە هەموو سیفەتەکانی خواش گەورەن، وە کۆمەڵێك لە کردەوە سەرسووڕهێنەرەکانی خۆی، بۆ ئێمە دەخاتەڕوو، دیارە جاری دیکەش گوتوومانە: ئەم سوورەتە هەمووی باسی خوا بەیەکگرتنە: هەر خوا بە دیهێنەرە، هەر خوا پەروەردگارو مشوورخۆرو کارسازە، باسی خاوەنداریێتی خوا، باسی سەرپەرشتیارێتی خوا، باسی دادگەرێتی خوا، باسی حوکمڕانێتی ڕەهای خوا، باسی ناوە چاکەکانو سیفەتە بەرزەکانی خوا، وە سەرەنجام باسی ئەوە کە تەنیا خوایەك کە دەبێ هەر ئەو بەدیهێنەرو پەروەردگارو سەرپەرشتیارو خاوەنی هەموو ناوێکی بەرزو سیفەتێکی پەسند بێ، هەر ئەو شایستەیە بەندایەتیی بۆ بکرێو، بپەرسترێو ملکەچیی بۆ بکرێ، واتە: لە هەموو کەسێكو لە هەموو شتێك زیاتر خۆشبویسترێو، ملی بۆ کەچ بکرێو، ڕێزی بگیرێو، شەرمی لێ بکرێو، پشتی پێ ببەسترێ، دەفەرموێ: ﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ﴾، وە کلیلەکانی زانینی پەنهانو نادیار، تەنیا لەلای ئەون، جگە لە خوای پەنهانزان هیچ کەس ئەو کلیلانە نازانێ، یاخود ئەگەر (مَفَاتِح) کۆی (مَفْتِح) بێ، واتە: خەزێنەکانی نادیار غەیب تەنیا لەلای خوان، بێجگە لە خوا کەس ئەو عەمبارو خەزێنانە نازانێ چییان تێدایە.

دوای ئەوەی بەگشتی ئەوەی فەرموو، ئنجا دێتە سەر وردەکارییەکان، دەفەرموێ:

﴿وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ﴾، خوا دەزانێ چ لە وشکانییدا هەیەو، چ لە دەریادا هەیە، ئنجا ئەو هەموو بیابانە بێنە پێش چاوی خۆت، ئەو هەموو شاخو چیایانە بێنە پێش چاوی خۆت، ئەو هەموو دەشتو دەرو کەژو کێوو قەدو قەدپاڵانە بێنە پێش چاوی خۆت! ئنجا ئەو هەموو دەریاو زەریاو ئۆقیانووسانە بێنە پێش چاوی خۆت، چییان تێدایە، چییان تێدا دەجووڵێ؟ خوا هەر هەمووی دەزانێ، وەك لە کوردەواریی خۆماندا دەڵێن: (خوا مێرووی ڕەش لە شەوی تاریکدا، بەسەر بەردی ڕەشەوە دەبینێ)، ئەوە بۆ ئێمە، ئەگەرنا خوای پەروەردگار نێو بەردەکەو نێو

هەناوی ئێمەش دەبینێو دەزانێ، پێشێ باسی خەزێنەکانی کرد، دوایی باسی تەڕو وشکی کرد، پاشان سەرەنجمان بۆ شتێکی دیکەی زۆر ورد ڕادەکێشێ، دەفەرموێ: ﴿ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا ﴾، هیچ گەڵایەك لە هیچ درەختێك ناکەوێتە خوار، مەگەر خوا دەیزانێ، ئنجا پایزان بێننە پێش چاوی خۆتان کە دەبێتە گەڵاڕێزان، لە گۆی سەر زەویدا چەند گەڵا دەکەونە خوار؟ خوا هەموویان دەزانێ، یەك بە یەك !! ﴿ وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ ﴾، وە هیچ دەنکە تۆوێك نیە لە تاریکاییەکانی زەویدا، دەنکی: گەنم، جۆ، نیسك، برنج، هەرزن، چی دیکە هەیە لەسەر زەوی کە دەچێنرێ، خوای پەنهانزان هەر هەمووی دەزانێ، ﴿ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴾، هیچ تەڕێك نیەو هیچ وشکێك نیە، مەگەر لە کتێبێکی ڕوون دایە، کە مەبەست پێی زانیاریی بێسنووری خوایە، یان مەبەست پێی (لوح المحفوظ)ە، خوا زانیارییەکانی خۆی لەوێدا نووسیوە، ئەوە بەنسبەت زانیاریی.

ئنجا (خوا) دێتە سەر خستنەڕووی دەسەڵاتی خۆی، سەرەتا باسی خەوتن (نوم) دەکات، کە شتێکی زۆر جێی سەرنجە، دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِٱلنَّهَارِ ﴾، وە هەر ئەوە کە بە شەوێ دەتانخەوێنێ، وە دەزانێ بە ڕۆژێش چی دەکەن، خەولێکەوتن شتێکی زۆر سەیرە ! مرۆڤ جاری وایە خەوی لێدەزڕێ، هیچ خەوی لێ ناکەوێ، جاری وایە ناتەوێ بخەوی، خەوت بە ملدا دێ، کوردەواریی خۆمان دەڵێن: (خەو زاڵمە !)، یەکێك بۆی گێڕاومەوە گوتی: دوو سێ شەوو ڕۆژ بوو نەخەوتبووم، بە شەوێ بەنێو دوو پەڵە گەنماندا دەڕۆیشتم، کە لامەدەدا بە گوڵە گەنمان دەکەوتم، بەئاگا دەهاتم، یانی: هەر بەڕۆیشتنەوە خەوتوە، جا مرۆڤ ئاوایە، خوا دەفەرموێ: خوا ئەو کەسەیە کە بە شەوێ دەتانخەوێنێ، ڕووحەکانتان وەردەگرێتەوە، وە دەشزانێ بەڕۆژێ چی دەکەن، ﴿ ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ لِيُقْضَىٰٓ أَجَلٌ مُّسَمًّى ﴾، دوایی لە ڕۆژێدا بێدارتان دەکاتەوە، بۆئەوەی کاتێکی

ناوبراو، تەواو ببێ، کە مەبەست تەمەنی دنیایانە، ﴿ثُمَّ إِلَيۡهِ مَرۡجِعُكُمۡ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾، دوایيش بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە، ئنجا هەواڵتان پێدەدات، بەو کردەوانەی کە دەتانکردن، کەواتە: خوا ئاگادارە کە ڕۆژو شەوتان چۆن دەگوزەرێنن.

﴿وَهُوَ ٱلۡقَاهِرُ فَوۡقَ عِبَادِهِۦ﴾، وە خوا زاڵەو مل پێ کەچکەرە، بەسەر بەندەکانییەوە، ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ تَوَفَّتۡهُ رُسُلُنَا وَهُمۡ لَا يُفَرِّطُونَ﴾، وە چەند پارێزەرێکیشتان دەنێرێتە سەرێ، کێن پارێزەرەکان؟ فریشتەکان، چیمان دەپارێزن؟ کردەوەکانمان دەپارێزن، وەك دوایی باسی دەکەین، ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ تَوَفَّتۡهُ رُسُلُنَا﴾، هەتا کاتێك یەکێکتان کاتی مەرگی دێ، نوێنەرو ڕەوانەکراوەکانی ئێمە گیانی دەکێشن، کێن ڕەوانەکراوو نوێنەرەکان؟ فریشتەکانن، ﴿وَهُمۡ لَا يُفَرِّطُونَ﴾، وە کەمتەرخەمییش ناکەن، لە کاتی خۆیدا، لە شوێنی خۆیدا، بێئەوەی چرکەیەك تێپەڕێ، یان پێش بکەوێ، گیانی دەکێشن، ﴿ثُمَّ رُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ مَوۡلَىٰهُمُ ٱلۡحَقِّ﴾، دوایی گێڕدرانەوەیان، بۆ لای خوا سەرپەرشتیاری هەقیانە، کە هەر ئەو سەرپەرشتیارو مشوورخۆری ڕاستەقینەیانەو، هەر ئەو کارسازیانە، ﴿أَلَا لَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَهُوَ أَسۡرَعُ ٱلۡحَٰسِبِينَ﴾، ئاگاداربن ! حوکمو بڕیار هەر بۆ ئەوە، وە ئەو خێراترین لێپرسەرەوەیە، جا مرۆڤ کە ئێستا کۆمپیوتەرو ئەو ئامێرانەی دیکەی دروست کردوون، کە بە چاوتروکانێك هەرچی زانیارییت بوێ، دەتداتێ، تێدەگات کە زانیاریی خوا چەند زۆرو بێسنوورە، هەر خوا دەزانێ چەندە؟

ئنجا شتێکی دیکەیان دەخاتە پێش چاو، دەفەرموێ: ﴿قُلۡ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ تَدۡعُونَهُۥ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةٗ﴾، بڵێ: کێ لە تاریکاییەکان (واتە: سەختییەکان)ی وشکانیی و دەریا دەربازتان دەکات؟ کە لێی دەپاڕێنەوە بە

کڕووزانەوەو بە پەنهانیی، دەڵێن: ﴿ لَّئِنْ أَنجَىٰنَا مِنْ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴾، ئەگەر خوا دەربازمان بکات لەم تەنگانەو سەغڵەتییە، ئێمە لە سوپاسگوزاران دەبین، بێگومان سوێند دەخۆین، جارێکی سپڵەو ناسوپاسگوزار نابین، ﴿ قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴾، بڵێ: هەر خوا لەو گرفتارییەی کە بۆی دەپاڕێنەوە، دەربازتان دەکات، وە لە هەر خەمو خەفەتو مەینەتییەکی دیکەش، دوایش ئێوە هاوبەش بۆ خوا دادەنێن، واتە: غەیری خوا دێننە ڕیزی خواو دەیپەرستن.

ئنجا (خوا) باسی تواناداریی خۆی دەکات لەسەر سزادانی جۆراجۆری مرۆڤەکان:

﴿ قُلْ هُوَ ٱلْقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِّن فَوْقِكُمْ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ ﴾، خوا بە توانایە کە لە سەرووتانەوە سزاتان بۆ بنێری، یان لە بن پێتانەوە سزاتان بۆ بێنێ، یاخود پەرتەوازەتان بکاو بتانکاتە چەند کۆمەڵو دەستەیەکو پێکتان وەربکات، وە ئازارو ناڕەحەتییو سزای هەندێکتان بە هەندێکتان بچێژێ، ﴿ ٱنظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ ﴾، سەرنج بدە! چۆن ئایەتەکانیان بۆ جۆراو جۆر دەکەین، بۆئەوەی تێبگەین.

لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَّبَ بِهِۦ قَوْمُكَ وَهُوَ ٱلْحَقُّ ۚ قُل لَّسْتُ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ ﴾، وە گەلەکەت ئەم قورئانەیان بە درۆ دانا، لە حاڵێکدا کە هەقە، بڵێ: من وەکیل نیم بەسەرتانەوە، ﴿ لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ ۚ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾، هەموو هەواڵێکی گرنگ، کاتێك دێ، سەقامگیر بێ، بێتە دی، یان شوێنێکی هەیە، وە لەمەودوا بۆتان دەردەکەوێ، ئەو هەواڵەی کە خوا دەفەرموێ: لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکرێو پاداشتو سزا هەیە، هەر هەمووی ڕاستە.

چەند مەسـەلەیەکـی گرنـگ

مەسـەلەی یەکـەم: کـە دەفـەرموێ: ﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ لَا يَعۡلَمُهَآ إِلَّا هُوَۚ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۚ وَمَا تَسۡقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعۡلَمُهَا وَلَا حَبَّةٖ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡأَرۡضِ وَلَا رَطۡبٖ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ﴾، بە پێـی تێگەیشـتنی مـن خـوای زانـاو شـارەزا لـەم ئایەتـە موبارەکـەدا، باسـی زانیـاریی خـۆی دەکـات، هـەم بـە شێوەی فـراوان، هەم بە شـێوەی وردەکـاریی، سەرەتا ئاوا دەست پێـدەکات، دەفەرموێ: ﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ﴾، وە کلیلـەکانی پەنهان تەنیا لـەلای ویـن، واتـە: لـەلای خـوای تاكو تـەنیان، ئـەو کلـیلانەی کـە شـتە پەنهانـەکانیان پـێ دەزانـرێن، (مَفَاتِح) کـۆی (مِفْتَح) و (مَفْتِح)ە، کـە (مِفْتَح) واتـە: کلیـل، وە (مَفْتِح) واتـە: خەزێنـە، عەمبار، یـانی: بێجگە لە خوا هیچ کـەس پەنهان نـازانـێ.

باسێک لەوبارەوە کە پەنهان (غیب) تەنیا خوا دەیزانێ

مەسـەلەی پەنهـان (غیـب) زانیـن لە ئیسـلامدا، بە تەواویـی یەکلا (حسـم) کـراوە، کە تەنیا خـوا دەیزانـێ، وەك دەفـەرموێ: ﴿لَا يَعۡلَمُهَآ إِلَّا هُوَ﴾، بـەڵام بەداخـەوە زۆرجـار هەندێ لە مسـوڵمانان تووشی لادان بوو ون لە ئایینەکەیان، کـە ئێسـتا باسـی دەکـەین:

چـەند ئایەتێـك لەوبـارەوە: کە پەنهان تەنیـا خـوا دەیـزانێ

١) خـــوا ﷻ لــە ســوورەتی (النمــل)دا دەفــەرموێ: ﴿قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ ٦٥﴾، واتە: بلّـێ: نهـێنییەك

کە لە ئاسمانەکانو زەویدا هەیە، جگە لە خوا کەس نایزانێ، وە ناشزانن کەی زیندوو دەکرێنەوە.

٢) هەروەها لە سوورەتی (الجن)دا دەفەرموێ: ﴿ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ فَلَا يُظۡهِرُ عَلَىٰ غَيۡبِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ إِلَّا مَنِ ٱرۡتَضَىٰ مِن رَّسُولٖ فَإِنَّهُۥ يَسۡلُكُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦ رَصَدٗا ﴿٢٧﴾ لِّيَعۡلَمَ أَن قَدۡ أَبۡلَغُواْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّهِمۡ وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيۡهِمۡ وَأَحۡصَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ عَدَدَۢا ﴿٢٨﴾ ﴾، (خوای بێهاوتا باسی خۆی دەکات، دەفەرموێ:) زانای نادیارو پەنهانە، هیچ کەس ئاگادار ناکاتەوە لەو پەنهانو نادیارەی کە بەس خۆی دەیزانێ، مەگەر ڕەوانەکراوێك کە بۆخۆی لێی ڕازی بێ‌و پەسندی بکات، (کە ڕەنگە لێرەدا مەبەست پێی فریشتەکان بێ، ئەو فریشتانەی کە وەحی بۆ پێغەمبەران دێنن) ئەو ڕەوانەکراوەش بەو پەنهانو نادیارە، لە پێشو لە دواوە چەند چاودێرێك دادەنرێنو، چاودێریی دەکەنو ئاگایان لێدەبێ، بۆئەوەی خوا بزانێ (خوا دەزانێ) ئەو فریشتانە پەیامی پەروەردگاریان گەیاندوە، وە خوا بۆخۆشی ئاگادارە پێیان، وە هەموو شتێکی سەرژمێر کردوە.

٣) وە لە سوورەتی (آل عمران)یشدا دەفەرموێ: ﴿ .. وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُطۡلِعَكُمۡ عَلَى ٱلۡغَيۡبِ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَجۡتَبِي مِن رُّسُلِهِۦ مَن يَشَآءُ ﴿١٧٩﴾ ﴾، واتە: خوا عادەتی نیە ئێوە لە پەنهان ئاگادار بکاتەوە، بەڵام لە نێو پێغەمبەرانی خۆیدا پێغەمبەرانێك هەڵدەبژێرێ. ئەو پێغەمبەرانە هەرکامێکیان چەند پێویست بکات خوا لە پەنهان ئاگاداریان دەکاتەوە.

کەواتە: وەك گوتم مەسەلەیەکی زۆر حەسەمەو بەتەواویی یەکلاکراوەتەوە، کە غەیبو پەنهان تەنیا خوا دەیزانێ.

چەند فەرمایشتێك لەوبارەوە:

١/ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿مَنْ أَتَى عَرَّافاً فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً﴾[1]، واتە: هەر کەسێك بچێ بۆ لای عەڕڕافێك، دەربارەی

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٣٨٠)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٥٩٥٧)، وَالحَاكِمُ برقم: (١٥).

شتێك پرسیاری لێ بكات (بڕواشی پێی هەبێ)، نوێژی چل شەوی لێ قبوول ناكرێ.

(عرّاف)[١] ئەو كەسەیە كە ئیددیعای زانینی پەنهان (غیب) دەكات، دەست دەگرنەوە، قاوە دەگرنەوە، هێڵو خەت دەكێشن لەسەر لم، بە هەر شێوەیەك لە شێوەكانی دیكە، كەسێك ئیددیعای ئەوە بكات، كە غەیبو پەنهان دەزانێ، ئەوە پێیدەگوترێ (عرّاف).

٢/ ﴿عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: سَأَلَ رَسُولَ اللهِ ﷺ أُنَاسٌ عَنِ الكُهَّانِ، فَقَالَ: «لَيْسُوا بِشَيءٍ»، فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ! إِنَّهُمْ يُحَدِّثُونَا أَحْيَانًا بِشَيءٍ، فَيَكُونُ حَقًّا؟ فَقَالَ رسُولُ اللهِ ﷺ: تِلْكَ الكَلِمَةُ مِنَ الحَقِّ يَخْطَفُهَا الجِنِّيُّ فَيَقُرُّهَا فِي أُذُنِ وَلِيِّهِ، فَيَخْلِطُونَ مَعَهَا مِئَةَ كَذْبَةٍ﴾[٢]، واتە: دایكمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: كۆمەڵە خەڵكێك دەربارەی فاڵچیی (كاهن)ەكان پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا ﷺ كرد؟ فەرمووی: هیچ نین، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ! جاری وایە قسەیەكمان بۆ دەكەن ڕاستیش دەردەچێ ! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەمە وشەیەكی ڕاستە، جیننی دەیرفێنێ (لە فریشتەكان لە ئاسمان) دەیخاتە گوێی دۆستەكەی (كاهینەكە)، ئەوانیش سەد درۆی لەگەڵ تێكەڵ دەكەن.

یانی: تاكو جارێك قسەكەی ڕاست دەردەچێ، نەوەدو نۆ جار درۆ دەردەچێ، خەڵكیش نەوەدو نۆیەكەش بە ڕاست دەزانێ.

٣/ ﴿عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا: أَنَّها سَمِعَتْ رسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: «إِنَّ الملَائِكَةَ تَنْزِلُ فِي العَنَانِ "وَهُوَ السَّحَابُ" فَتَذْكُرُ الأَمْرَ قُضِيَ فِي السَّماءِ، فَيَسْتَرِقُ الشَّيْطَانُ السَّمْعَ، فَيَسْمَعُهُ، فَيُوحِيَهُ إِلَى الكُهَّانِ، فَيَكْذِبُونَ مَعَهَا مِئَةَ كَذْبَةٍ مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِهِمْ»﴾[٣]، واتە: دایكمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، گوێی لە

١) المعجم الوسيط، ص: ٥٩٥، (العرّاف: المُنَجِّم، طبيب العرب، الكاهن).
٢) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٤٦١٤)، البُخَارِيُّ برقم: (٥٨٥٩) وَمُسْلِمٌ برقم: (٥٩٥٣) وَاِبْنُ حِبَّانَ برقم: (٦١٣٦).
٣) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٣٠٣٨).

پێغەمبەری خوا ﷺ بووە فەرموویەتی: فریشتەکان لە هەوردا دادەبەزن، باسی شتێك دەكەن كە لە ئاسمانێ بڕیاری لەسەر دراوە[1]، شەیتانەكانیش بە دزیی گوێ لە فریشتەكان دەگرن، ئەو وشەیە دەبیستن، ئنجا بۆ كاهینەكانی باس دەكەن، ئەوانیش سەد درۆی لەگەڵ تێكەڵ دەكەن لەلایەن خۆیانەوە.

كەواتە: دەگونجێ هەندێ جار قسەی كاهینو فاڵچییەكان ڕاست دەربچێ، لەبەرئەوەی لەلایەن فریشتەكان باسكراوەو، شەیتانەكان دزیویانە، بەڵام زۆری درۆ لەگەڵ تێكەڵ دەكەن، بۆچی؟ لەبەرئەوەی زانیارییەكە زۆر كەمەو بەش ناكات، بۆیەش پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هیچ نینو پشتیان پێ نابەسترێ.

پێشێ خوای زانا باسی كلیلەكانی زانینی نهێنی كرد، ئنجا وردتری دەكاتەوە، دەفەرموێ: ﴿وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۚ﴾، خوا هەرچی لە وشكانیی دا هەیەو هەرچی لە دەریادا هەیە، دەیزانێ، هەرچی لە وشكانیی دا هەیە، ئەو هەموو بیابانانە، ئەو هەموو شاخو داخە، ئەو هەموو دەشتو دەرە، ئەو هەموو قەد پاڵو كەژو كێوە، وە هەرچی لە دەریاكانیشدا هەیە، ئەو زەریاو ئۆقیانووسە زلانە، ئەو هەمووە ڕووبارو دەریایانە، وە هەرچی تێیاندایە لە پەلەوەرو زیندەوەر ماسیو ژیانداریی دەریاییو... هەر خوا بۆخۆی دەزانێ چییان تێدایە.

ئنجا زیاتر وردی دەكاتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَمَا تَسۡقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعۡلَمُهَا﴾، هیچ گەڵایەك ناكەوێتە خوار مەگەر خوا دەیزانێ، ئنجا ئەوە ئەگەر مرۆڤ بیهێنێتە پێش چاوی خۆی، بەتایبەتی لە وەرزی پایزدا كە دەبێتە گەڵاڕێزان، كە لە یەك چركەدا ملیۆنانو بگرە ملیاران گەڵای درەخت دەكەونە خوارو، جۆرەها درەخت گەڵاڕێزانانە، خوای زاناو پەنهانبین دەزانێ گەڵا بە گەڵای ئەو گەڵایانە، كەی دەكەوێتە خوار، چۆن دەكەوێتە خوار، وە دەكەوێتە كوێو، دواییش چی لێ بەسەر دێ ؟! ئەوە خوا وایفەرمووە، ئەگەرنا زەڕرە زەڕرەی

---

١) مەبەست ئەوەیە كە خوای پەروەردگار هەموو فەرمانەكانی ئاراستەی فریشتان دەكات، ئەوانیش لەنێوان خۆیاندا باسی دەكەن.

کە گەڵایەکانیان لێ پێکدێن، وە ئەو گەردیلەکانو ئەوەی گەردیلەکانیشی لێ پێکدێ، ئەو ئەلکترۆنو پرۆتۆنو نیوترۆنە، بەڵکو لەوانیش گچکەتر، خوای پەنهانبین هەمووی دەزانێ، چونکە زانیارییەکەی بێسنوورە.

پاشان دەفەرموێ: ﴿وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡأَرۡضِ وَلَا رَطۡبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾، (حَبَّة) بریتییە لە دەنك، وەك: گەنمو جۆو نیسكو نۆكو ماشو برنجو هەرزنو، هەموو ئەو شتانەی کە پێیان دەگوترێ: دانەوێڵە، کە لە وڵاتانی دنیادا جۆرەها دانەوێڵەی دیکە هەن، دەفەرموێ: هیچ دەنکە تۆیێك نیە لە تاریکاییەکانی زەویدا، مەگەر خوای زاناو توانا دەیزانێ، وە هیچ شتێك نیە کە تەڕبێو تەڕایی تێدابێ، یان وشك بێ، مەگەر هەمووی لە کتێبێکی ڕوون دایە.

مەبەست لە: ﴿كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾ چییە ؟

هەندێك لە زانایان دەڵێن: مەبەست پێی (لَوْح مَّحْفُوظ)ە، وەك خوا لە سوورەتی (البروج)دا باسی دەکات، دەفەرموێ: ﴿بَلۡ هُوَ قُرۡءَانٞ مَّجِيدٞ ﴿٢١﴾ فِي لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ ﴿٢٢﴾﴾ واتە: بەڵکو ئەوە قورئانێکی پلەو پایە بەرزە. لە لەوحێکی پارێزراودایە، جا (لَوْح) یانی: تەختە، (مَحْفُوظ) یانی: پارێزراو، کە بە پێی ڕای هەندێك لە زانایان: دەگونجێ جیسمێکی گەورە بێ، خوای زاناو توانا زانیاریی خۆی تێدا نووسیوە، دەربارەی ئەو شتانەی دروستی کردوون، ئەگەرنا زانیاریی خوا بێسنوورە.

هەندێکیش لە زانایان دەڵێن: ئەوە تەعبیرێکە خوا بەکاریهێناوە بۆ تێگەیشتنی ئێمە، وەك چۆن ئەگەر کەسێك هەموو زانیارییەکانی خۆی لە دەفتەرێك دا بنووسێتەوە، هەمیشە کتێبەکەی لەبەرچاوەو، دەتوانێ یەکسەر بگەڕێتەوە بۆ زانیارییەکانی، ئێمە وەك مرۆڤ ئاواین، بەڵام لەبەرئەوەی خوا عەقڵی ئێمە دەدوێنێ، بۆیە وایفەرمووە، ئەگەرنا مەسەلەکە ئەوەنیە: تەختەیەك هەبێو زانیاریی خوای تێدا نووسرابێتەوە ! بەهەرحاڵ هەر کامێکیان بێ، ئاساییە، بەڵام من ڕای دووەمیانم پێی لە ڕاستیی نیزیکترە، کە ئەوە تەعبیرێکە خوا بەکاریهێناوە، بۆ تێگەیشتنی ئێمە لە زانیاریی بێسنووری

خوا، جا ئەوە لە چەند شوێنی دیكەی قورئان دا هاتووە، وەك خوا دەفەرموێ:
﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمۡ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مِّن قَبۡلِ أَن نَّبۡرَأَهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ﴿٢٢﴾ ﴾الحديد، واتە: هیچ بەڵایەكتان تووش نایەت لە زەویدا یان لە نەفسیی خۆتاندا، مەگەر لە نووسراوێك دایە، بە تۆماركراویی بەرلەوەی دروستی بكەین.

بۆیە من دەڵێم: ئەوە مەبەست زانیاریی بێسنووری خوایە، واتە: خوای خاوەن زانیاریی بێسنوور، بەرلەوەی شتەكان بێنێتەدی، دەیانزانێ، وەك چۆن كەسێك شتێكی نووسیبێتەوە، دەیزانێ.

وە لە فەرمایشتێكدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿كَتَبَ اللَّهُ مَقَادِيرَ الْخَلاَئِقِ قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ بِخَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ﴾[(١)]، واتە: خوا ئەندازەكانی دروستكراوەكانی خۆی، بەرلەوەی ئاسمانەكانو زەوی دروست بكات، بە پەنجا هەزار ساڵ، هەمووی نووسیونەوە.

كە من پێمۆایە ئەمەش هەر تەعبیرێكە، بۆ ڕوونكردنەوەی ئەوە كە هەموو شتێك لە زانیاریی خوای پەروەردگاردا هەیە، هەرچەندە هیچ تێكگیرانێكیش نیە، ئەگەر خوای پەروەردگار زانیاریی خۆی دەربارەی دروستكراوەكانی نووسیبێتەوە، ئەوەش هەر شتێكی ئاساییە، بەلاَم بەو شێوەیە كە بۆ خوا شایستەیە، ئێمە نازانین چۆنە.

لە فەرمایشتێكی دیكەدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ﴿جَفَّ الْقَلَمُ بِمَا هُوَ كَائِنٌ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ﴾[(٢)]، واتە: قەڵەم وشك بووە، (واتە: ئەو مەرەكەبەی كە قەڵەم نووسیویەتی، تازە وشك بووە) بەوەی هەیەو دەبێ، هەتا ڕۆژی دوایی.

---

١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٦٥٣) وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢١٥٦).
٢) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٨٠٤)، وَالطَّبَرَانِيُّ في "المعجم الكبير" برقم: (١١٢٤٣)، قَالَ الشيخ شعيب الأرناؤوط: حَدِيثٌ صَحِيحٌ.

ئنجا کەسێك بە سەرکێڵیی تەماشای قورئان بکات، دڵو دەروونیشی تەواو نەبێ، ڕەنگە بڵێ: مادام خوا هەموو شتێکی نووسیبێ، کەواتە: خوا چۆنی نووسیبێ دەبێ هەر وابێ !

بەڵام وەك گوتم: خوا بەدیهێنەرو پەروەردگاری ئەم بوونەوەرەیە، دەزانێ چی دەبێو چۆن دەبێ؟ وە دوایی ئێمەش ناچار ناکات کە چاکە بکەین، یان خراپە بکەین، بەڵکو بە خواستو ویستی خۆمان کارەکان دەکەین، من لە بەرگی چوارەمی کتێبی: (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی)[1] لە باسی قەدەردا، بە تەفصیل باسمکردووە، کە زانیاریی خوا ئێمە ناچار ناکات چاکە بکەین، یان خراپە بکەین، بە بەڵگەی چی؟ لەوێش ئەم وێنەم هێناوەتەوە:

مامۆستایەك لە سەرەتای ساڵەوە تەماشای قوتابییەکانی دەکاتو دەفتەری یاداشتنامەی هەیە، ئایا ئەگەر بەپێی بۆچوونی خۆی بڵێ: فلان کەس یەکەم دەبێ، فلان کەس دووەم دەبێو، فلان کەس دەرناچێو دەمێنێتەوەو، فلان کەس لە دەرسێك دەکەوێو، دواییش هەمووی لە دەفتەرەکەدا تۆمار بکات، ئنجا ئەگەر سەرەنجام ئاوا دەرچوو، کەس بۆی هەیە بڵێ: لەبەرئەوەی مامۆستا نووسیبووی، فلان کەس یەکەم دەبێ، بۆیە یەکەم بوو، وە نووسیبووی فلان کەسیش لە دەرسێك دەکەوێ، بۆیە کەوت؟ نەخێر، چونکە مامۆستایەکە دەڵێ: من بەپێی ئەوەی تەماشای حاڵو وەزعی خۆتانم کرد، وامگوت، فلانکەس هیچ کاتی خۆی بەفیڕۆ نەدەداو خۆی ماندوو دەکرد، گوتم: ڕەنگە ئەوە یەکەم بێ، ئەوەی دیکەش کە دەمبینی نەیدەخوێندو دەرسەکەی فەرامۆش دەکرد، گوتم: لەو دەرسە دەکەوێ..

ئنجا ئەوە ئینسان زانیارییەکی سنووورداری هەیە، دەتوانێ ئەو پێشبینییانە بکات، ئەدی خوای پەروەردگار؟ ئنجا ئایا نووسینی مامۆستایەکە بووە هۆی ئەوەی فلان قوتابی یەکەم بێو، فلانیش لە دەرسێك بکەوێ؟ بێگومان نەخێر، ئەوەی یەکەم بوو، بەهۆی خوێندنو خۆماندووکردنی خۆیەوە بوو، وە ئەوەش کە کەوت، بەهۆی نەخوێندنو فەرامۆشکردنی دەرسەکانیەوە بوو، مامۆستاش کە تەماشای حاڵیانی کرد، ئەوە دەرەنجامەی لێ هەڵهێنجا.

---

١) هەروەها لە بەرگی پێنجەمی کتێبی (الإسلام کما یتجلّی في کتاب الله عزّ وجلّ)یش دا باسێکی کورتو پوختم لەوبارەوە کردووە.

بێگومان کە خوای بەدیهێنەر ئێمەی دروست کردوە، پێش ئەوەی ئێمە دروست بکات، زانیویەتی، فلان کەس چی دەکاتو چۆن دەکات؟ بەلام زانیویەتی فلان کەس چی دەکاتو چۆن دەکات، بە ویستو خواستی ئازادانەی خۆی، نەك خوا ناچاریی بکات کە وا بکات، بۆیەش پاداشتو سزا ڕوو لە ئینسان دەکەن، بەلام مەسەلەی نووسین، کە هەیە دەڵێ: خوا لەنێوچەوانی نووسیوە، وەك گوتم: پێموایە ئەم نووسینە تەعبیرێکە، یانی: خوا زانیویەتی، ئنجا ئەگەر دەقێکی قورئانو سوننەتیش هەبێ، کە دەقو ڕاشکاو بێ لەسەر نووسین، ئەوە هیچ گرفتێك نیە.

مەسەلەی دووەم: کە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيۡلِ وَيَعۡلَمُ مَا جَرَحۡتُم بِٱلنَّهَارِ ثُمَّ يَبۡعَثُكُمۡ فِيهِ لِيُقۡضَىٰٓ أَجَلٞ مُّسَمّٗىۖ ثُمَّ إِلَيۡهِ مَرۡجِعُكُمۡ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴾، واتە: خوا ئەو کەسەیە کە بە شەوگار دەتانخەوێنێ، وە دەزانێ بە ڕۆژگاریش چی دەکەن، دوایی (لە شەوێ یان لە ڕۆژێ دا) بەئاگاتان دێنێتەوەو بێدارتان دەکاتەوە، بۆئەوەی کاتێکی ناوبراو تەواوبێ، دوایی بۆ لای وی دەگێڕدرێنەوە، پاشان هەواڵتان پێدەدات بەوەی کە دەتانکرد.

دوو هەڵوەستە لە بەرانبەر ئەم ئایەتی (٦٠) دا:

هەڵوەستەی یەکەم: ئەوەیە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيۡلِ ﴾، خوا ئێوە وەردەگرێ بە شەوێ، لە زمانی عەرەبیدا دەڵێ: (تَوَفَّاهُ: أَيْ أَخَذَهُ بِتَمَامِهِ)[1] بەتەواوی وەریگرت، دوایی بەکارهێنراوە بۆ مراندنو خەواندن، بە بەڵگەی ئەوەی لە شوێنی دیکە دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ حِينَ مَوۡتِهَا وَٱلَّتِى لَمۡ تَمُتۡ فِى مَنَامِهَا ...﴿٤٢﴾ ﴾الزمر، واتە: خوا ڕووحەکان

١) مختار الصحاح، ص: ٦٢٦.

بەتەواویی وەردەگرێ لە کاتی مردندا، ئەوانەش کە نەمردبن، لە کاتی نووستندا.

هەروەها دەفەرمویّ: ﴿ إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّى مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَىَّ ﴿٥٥﴾ ﴾ آل عمران، واتە: کاتێك خوا فەرمووی: ئەی عیسا ! من تۆ وەردەگرم، وە بۆ لای خۆم بەرزت دەکەمەوە، هەندێ لە توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: کە خوا دەفەرمویّ: ﴿يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّى مُتَوَفِّيكَ﴾، ئەی عیسا ! من تۆ دەمرێنم، کەواتە: عیسا مردووە، بە مردوویی جەستەکەی بەرزبۆتەوە ! کە بێگومان ئەمە ڕایەکی بێهێزەو مەرج نیە (وفاة) بەمانای مردن بێ، وەك خوا دەفەرمویّ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيْلِ ﴾، واتە: دەتانخەوێنم، هەروەها دەفەرمویّ: ﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِى لَمْ تَمُتْ فِى مَنَامِهَا... ﴿٤٢﴾ ﴾ الزمر، ئنجا دەبێ تەماشا بکەین ئایا وشەی (مُتَوَفّی)مردنی لەگەڵ دەگونجێ، یاخود خەواندن؟ کە لە ئەسڵدا وشەی (مُتَوَفِّيكَ): بە سێ واتایان هاتوە: (مُمِيتُكَ، أَوْ مُنِيمُكَ، أَوْ قَابِضُكَ) واتە: دەتمرێنم، یان دەتخەوێنم، یان وەرتدەگرم، وە دەگوترێ: (تَوَفَّى الْمُدَّة: بَلَغَهَا وَاسْتَكْمَلَهَا) واتە: ماوەکەی تەواوکردو گەیاندیە سەر، یاخود تەواوی کرد، ئنجا ئایا خوای بەرز کە دەفەرمویّ: ﴿يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّى مُتَوَفِّيكَ﴾، کام مانایان لەگەڵ سیاقەکەدا دەگونجێ؟ بێگومان ئەوەی سێیەم، چونکە: ئەگەر خوا مراندبای دەیفەرموو: جەستەکەت بۆ لای خۆم بەرز دەکەمەوە، بەلاّم دەفەرمویّ: ﴿ وَرَافِعُكَ إِلَىَّ ﴾، واتە: ڕووحو جەستەت، وەك خۆت.

ئاشکراشە وە لەنێوان نووستنو مردندا پەیوەندییەکی زۆر هەیە: لە کاتی مردندا ڕووح لە جەستەدا نامێنێ، یاخود پەیوەندیی بە جەستەوە نامێنێ، وە لە کاتی خەوتندا ڕووح بە یەکجاریی پەیوەندیی لەگەڵ جەستەدا ناپچڕێ، بەلاّم گۆڕانێکی بەسەردا دێ، کە بەشێك لە ئەندامەکان کارناکەن، ئەو ئەندامانەی کە بە خواستو ویستی مرۆڤ کار دەکەن وەك: عەقڵو دەماغو

گوێ‌و چاوو زمان‌و دەست‌و پێ، مەگەر بە شێوەیەكی نەویستەنیی (لا إرادي) دەست یان پێ بجوولێ، بەڵام ئەو ئەندامانەی كە پەیوەندییان بە ویستی مرۆڤەوە نیە، هەر كار دەكەن، وەك: لێدانی دڵ‌و گورچیلەو گەدەو سییەكان، كە ئەگەر ئەوانە كار نەكەن، مرۆڤ دەمرێ،

بەڕاستیی مرۆڤ دروستكراوێكی زۆر سەیرو سەرسووڕهێنەرە، خەو بەدەست خۆت نیە، جاری وایە دەتەوێ نەخەوی، كەچی لەنەكاو خەوت لێكەوتوە، جاری واش هەیە دەتەوێ بخەوی، خەوت لێناكەوێ! ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە كە خەو (نوم) ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ڕووحەوە هەیە، وە هەندێ لە زانایان دەڵێن: ڕووح لە جەستەدا نیە، بەڵكو تەنیا پەیوەندیی پێوە هەیە، ئنجا كە مرۆڤ دەمرێ، پەیوەندیی یەكجاریی لەگەڵی دەپچڕێ، بەڵام كە دەخەوێ، پەیوەندییەكە لاواز دەبێ، كە ئەوەش هەر خوا دەیزانێ، چونكە تا ئێستا كەس نازانێ ڕووح چییە؟ وەك خوا دەفەرمووێ: ﴿وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنۡ أَمۡرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ إِلَّا قَلِيلٗا ٨٥﴾ الإسراء، واتە: دەربارەی ڕووح پرسیارت لێدەكەن، بڵێ: ڕووح كاری پەروەردگارمەو ئەندازەیەكی كەمیش نەبێ زانیارییتان پێنەدراوە، (ئەو ئەندازە كەمەش دیارە حەقیقەتی ڕووحی پێ نازانن).

هەڵوەستەی دووەم: كە خوا دەفەرمووێ: ﴿وَيَعۡلَمُ مَا جَرَحۡتُم بِٱلنَّهَارِ ثُمَّ يَبۡعَثُكُمۡ فِيهِ لِيُقۡضَىٰٓ أَجَلٞ مُّسَمّٗىۖ ثُمَّ إِلَيۡهِ مَرۡجِعُكُمۡ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾، واتە: خوا دەزانێ بە ڕۆژێ چی دەكەن، (جَرَحْتُم) یانی: (كَسَبْتُم) بۆچی وا گوتراوە؟ چونكە چاوو گوێ‌و زارو دەست‌و پێ، هەموویان پێیاندەگوترێ: (جَارِحَة) كۆیەكەی (جَوارِح)ە، چونكە مرۆڤ بەو ئەندامانە كار دەكات‌و كاریگەریی لەسەر شتەكان دادەنێ، وەك چۆن شتێك كە برینی تێدەبێ، پێی دەگوترێ: (جُرْح)، خوای پەروەردگار ئەو وشەیەی بەكارهێناوە بۆ (كَسْب) واتە: بۆ ئەو كارو چالاكییانەی كە ئینسان ئەنجامیان دەدات.

﴿ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ لِيُقْضَىٰٓ أَجَلٌ مُّسَمًّى﴾، ﴿يَبْعَثُكُمْ﴾، یانی: (یوقِظُکُم) دوایی خوا خەبەرتان دەکاتەوەو بێدارتان دەکاتەوە، کەواتە: خەواندن بەدەست خوایە، بێدارکردنەوەش هەر بەدەست خوایە، نەتانبینیوە؟ یان نەتانبیستوە؟ کەسی وا هەبووە خەوتوە، بەخەبەر نەهاتوە؟ کەی بەخەبەر دێ؟ لە قیامەتێ بەخەبەر دێ، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِى لَمْ تَمُتْ فِى مَنَامِهَا...﴿٤٢﴾﴾الزمر، بەڵێ هەیە وەك گوتم: بۆ خەوتنێ خەوتوەو لێی بۆتە مەرگو بەخەبەر نەهاتوە، کاتێك بەخەبەر دێ، ئەوە فریشتەیەو عالەمی بەرزەخەو ...هتد، بۆیە دەفەرموێ: خوا خەبەرتان دەکاتەوە، ئەگەر خوا نەیەوێ خەبەر ببیەوە، خەبەر نابیەوە، بۆیە لە سوننەتدا هاتوە کە مسوڵمان دەخەوێ بڵێ: ﴿باسْمِكَ اللَّهُمَّ أَحْيَا وَأَمُوتُ»﴾[1]، واتە: خوایە ! بە ناوی تۆوە دەژیمو دەمرم، یانی: خەویش جۆرێکە لە مردن، وە دوایی کە لە خەو هەڵدەستێ، سوننەتە بڵێ: ﴿الحَمْدُ لِلّهِ الَّذِي أَحْيَانَا بعْدَ مَا أماتَنَا وإِلَيْهِ النُّشُورُ﴾[2]، واتە: سوپاسو ستایش بۆ ئەو خوایەی کە زیندووی کردینەوەی دوای مردنمان، وە هەر بۆ لای ئەویش کۆدەکرێینەوە، کەواتە: بەخەبەر هاتنەوە، جۆرێکە لە زیندووبوونەوە.

ئنجا دەفەرموێ: لە ڕۆژگاردا یان لە شەوگاردا خەبەرتان دەکاتەوە ﴿لِيُقْضَىٰٓ أَجَلٌ مُّسَمًّى﴾، بۆئەوەی کاتی ناوبراو، واتە: تەمەنێك کە بۆتان دیاریکراوە، (ئەو بە دوای یەك داهاتنی شەوو ڕۆژانە) کۆتایی دێ، وە دەگەڕێنەوە بۆ لای خوای پەروەردگار، ﴿ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾، دوای گێڕانەوەتان بۆ لای خوایەو هەواڵتان پێدەدا بەوەی کە دەتانکرد.

---

١) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٦٣١٢) عَن حذيفة، و برقم: (٦٣٢٥) عن أبي ذر.
٢) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٦٣١٢) عَن حذيفة، و برقم: (٦٣٢٥) عن أبي ذر.

مەبەستی سەرەکیی لێرەدا ئەوەیە، ئەی مرۆڤەکان ! ئەو خوایەی کە دەتانژیەنێ‌و دەتانمرێنێ‌و دەتانخەوێنێ‌و بەخەبەرتان دێنێ‌و، دەزانێ چی دەکەن‌و، بۆ لای وی دەگەڕێنەوە، بزانن چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن‌و چۆن چۆنی بۆ لای دەگەڕێنەوە ؟ بەندایەتیی تەنیا بۆ وی بکەن‌و، غەیری وی بە پەرستراوی خۆتان مەزانن.

پێمخۆشبوو لە کۆتایی ئەم مەسەلەیەدا ئاماژە بە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا بکەم، کە پەیوەندیی پێوەی هەیە: ﴿سُئِلَ نَبِي الله، فَقِيلَ يَا رَسُولَ الله! أَيَنَامُ أَهْلُ الجنَّةِ؟ فَقَالَ رَسُولُ الله ﷺ: «النَّوْمُ أَخُو الْمَوْتِ وَلا يَمُوتُ أَهْلُ الجنَّةِ»﴾[1]، واتە: پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا ﷺ، گوترا: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ئایا خەڵکی بەهەشتی دەخەون؟ فەرمووی: نووستن برای مردنە، وە خەڵکی بەهەشتیش نامرن.

مەسەلەی سێیەم: ئنجا خوا باسی سیفەتێکی دیکەی دەکات، دەفەرمویٚ: ﴿ وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ ۖ وَيُرْسِلُ عَلَيْكُمْ حَفَظَةً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ ﴾، واتە: خوا بالادەست‌و ملپێکەچکەرە، لە سەرووی بەندەکانیەوە، ئێمە لە دەرسەکانی ڕابردوودا باسی لە سەرەوە بوونی خوای پەروەردگارمان کرد، لە سەرەوەی دروستکراوەکانی بوونی خوای پەروەردگار یانی چی؟ پێشتر باسمان کردو دووبارەی ناکەینەوە ﴿ وَيُرْسِلُ عَلَيْكُمْ حَفَظَةً ﴾، وە چەند پارێزەرێکتان دەنێردرێتە سەری، (حَفَظَة) کۆی (حَافِظ)ە، واتە: پارێزەر، کێن ئەو پارێزەرانە؟ بەتەئکید فریشتەکانن، چی دەپارێزن؟ کردەوەکانمان دەپارێزن‌و تۆمار دەکەن، وەك دوایی ئایەتی دیکەش لەوبارەوە دێنین. ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا ﴾، هەتا کاتێك کە یەکێکتان مردنی بۆ

1) أَخْرَجَهُ الطَّبَرَانِيُّ فِي "الأوسط" برقم: (٩١٩)، وَالبَيْهَقِي فِي "شعب الإيمان" برقم: (٤٧٤٥)، وَالدَيْلَمِي برقم: (٦٩٠٧) وَصَحَّحَهُ الأَلْبَانِي في "السلسلة الصحيحة" برقم: (٨٧).

لاهــاتو مردنــی گەیشـــتە ســەر، ڕەوانــەکراوەکانی ئێمــە دەیمــرێنن، ڕووحەکــەی وەردەگرن بە تەواویی، ﴿ وَهُمۡ لَا يُفَرِّطُونَ ﴾، وە هـیچ کەمتەرخـەمییش ناکـەن، لـە کاتی خۆیـداو لە شـوێنی خۆیدا، یـانی: پـاش‌و پێش نابـێ.

لێـرەدا خـوای پـەروەردگار باسـی ئـەو پارێزەرانـە دەکات، کـە لـە شـوێنی دیکەشـدا هـاتوە، بۆ نموونـە:

١/ لـە سـوورەتی (الإنفطـار)دا خـوای بـەرز دەفـەرموێ: ﴿ وَإِنَّ عَلَيۡكُمۡ لَحَٰفِظِينَ ١٠ كِرَامًا كَٰتِبِينَ ١١ يَعۡلَمُونَ مَا تَفۡعَلُونَ ١٢ ﴾، واتـــە: بێگومـــان ئێـــوە چـــەند پارێزەرێکتان بە سەرەوەن، زۆر بەڕێزن‌و نووسـەرن ! کردەوەکانتـان تۆمـار دەکـەن، چۆنیـان تۆمار دەکەن؟ بە دەنگ‌و وێنـە، بـە قەڵـەم، بـە کۆمپیوتـەر؟ جاران پـێش ئــەوەی تۆمارکـەر (مسـجِّلة)و ڤیـدیۆو کۆمپیوتـەر پەیدابن، خەڵك وایـدەزانی تـەنیا دەبـێ بـە قەڵـەم نووسـین بکـرێ، ئێسـتا دەبینیـن تۆمارکـەرو ڤیـدیـۆو نووسـینی کۆمپیتـەریش هەیـە، ڕەنگـە لـە داهـاتوودا جـۆرە تۆمارکردنـی دیکـەش پەیدابن، ئێمە هەمیشـە شتەکان قیاس دەکـەینەوە سـەر عەقـڵی خۆمـان‌و شـێوەی خۆمان، ئەگەرنا خـوا ئەو وشـانە کـە بەکاردێنـێ، چەمـك‌و واتـای زۆر فراوانیـان هـەن، بـەڵام ئێمـە هـەر ئەوەنـدەیـان لـێ حـاڵی دەبـین، مەبەسـتم ئەوەیـە هـی وا هەیــە ڕەنگــە وا تەصـــەووڕ بکــات کــە هــەر فریشـــتەیەك بۆخــۆی قەڵــەم‌و دەفتـەرێکـی پێیـەو، بـۆ خـۆی وردە وردە شـتەکان دەنووسـێ؟ یـان تۆمارکـەری پێیـە، کە وەختی خۆی تەسجیلیش نـەبوو، یان کامێرایەکـی پێیـەو..هتـد! بـەڵام خــوا بۆخـۆی دەزانـێ کردەوەکـان چـۆن تۆمـار دەکرێـن؟ ئەگـەر بەشـەر بتوانـێ کامێـرای ڤیدیۆیـی‌و تەسجیلی دەنـگ‌و کۆمپیوتـەرو ئەو ئامێـرانە بۆ تۆمـارکردن دروســت بکــات، دەبــێ خـــوای باڵادەســت بــۆ ئــەو فریشــتانە چ ئــامێرێکی زۆر پێشـکەوتـووی پێـدابن، کـە نیـازو قسـەو کردەوەکانمـان، زۆر بـە ڕێـك‌و پێکیـی تۆمار بکـەن؟ چونکـە دەفەرموێ: ﴿ يَعۡلَمُونَ مَا تَفۡعَلُونَ ١٢ ﴾، واتە: (فریشـتەکان) ئـەوەی ئێوە دەیکـەن، دەیـزانن.

٢/ هەروەها لە سوورەتی (ق)یشدا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِۦ نَفْسُهُۥ ۖ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ ٱلْوَرِيدِ ﴿١٦﴾ إِذْ يَتَلَقَّى ٱلْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ ٱلْيَمِينِ وَعَنِ ٱلشِّمَالِ قَعِيدٌ ﴿١٧﴾ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴿١٨﴾﴾، واتە: بێگومان ئینسانمان دروست کردووەو دەشزانین لە نەفسیدا چی دێتو دەچێ، (چ خوتخوتەو خەیاڵێکی لە دڵ دەگەڕێ)، وە ئێمە لێی نزیکترین لە ڕەگی ملی (کە خوێن دێنێو دەبات)، لە کاتێکدا کە دوو وەرگرەکان لەلای ڕاستو چەپ دانیشتوون (دوو وەرگرەکان دوو فریشتەکانن، کە زانیارییەکان وەردەگرنو، کردەوەکان تۆمار دەکەن) لە لای ڕاستو چەپ دانیشتوون، هیچ قسەیەکی لە دەم دەرناچێ، مەگەر چاودێرێکی ئامادەی لە لایە.

جا ئایا مەرجە ئەو فریشتانە یەکیان لەسەر شانی چەپو ئەوی دیکەیان لەسەر شانی لای ڕاست دانیشتبێ؟ نەخێر مەرج نیە، بەڵکو ئەوە بۆ نزیك خستنەوەیە لە عەقڵی ئێمە، واتە: وەك چۆن ئەگەر تۆ دوو کەست بەسەرەوە بن، لە لات دانیشتبن، هیچ شتێکیان لێ زایە نابێ، یەکیان هی لای ڕاست دەنووسێ، یەکیان هی لای چەپ دەنووسێ، بەڵکو ئەوە بۆ نزیك خستنەوەیە لە عەقڵی ئێمە، ئەگەرنا مەرج نیە فریشتە لەسەر شانی تۆ بن، خوا بۆخۆی دەزانێ چۆنە؟ وە دیسان چۆنیەتی تۆمارکردنەکەش، هەر خوا خۆی دەزانێ چۆنە؟ وە ﴿رَقِيبٌ عَتِيدٌ﴾یش دوو فریشتەکان نین، (رقیب) واتە: چاودێر، (عتید) واتە: ئامادە، هەمیشە چاودێرو ئامادەن، ئەو دوو سیفەتە سیفەتی هەردووك فریشتەکانن.

دەربارەی ئەو دوو فریشتانەش ئەم دەقە دێنین: ﴿عَنْ أَبِي أُمَامَةَ ﷺ عَنْ رَسُوْلِ اللهِ ﷺ قَالَ: «إِنَّ صَاحِبَ الشِّمَالِ لَيَرفَعُ الْقَلَمَ سِتَّ سَاعَاتٍ عَنِ الْعَبْدِ الْمُسْلِمِ الْمُخْطِئِ أَوْ الْمُسِيءِ، فَإِنْ نَدِمَ وَاسْتَغْفَرَ اللهَ مِنْهَا أَلْقَاهَا، وَإِلاَّ كُتِبَتْ وَاحِدَةً»﴾[1]، واتە: ئەبی ئومامە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ

---

١) أَخْرَجَهُ الطَّبَرَانِيُّ في "الكبير": (٧٧٦٥)، وَحَسَّنَهُ الألباني في "السلسلة الصحيحة": (١٢٠٩).

فەرموویەتی: بێگومان خاوەنی لای چەپ (واتە: فریشتەی لای چەپ) تاکو شەش کاتان، قەڵەم هەڵدەگرێ لەسەر بەندەی گوناهکار یان خراپەکار، ئەگەر پەشێمان بۆوەو داوای لێخۆشبوونی کرد، ئەوە لەسەری نانووسرێ، ئەگەرنا (ئەوەی نەکرد، واتە: پەشێمان نەبۆوە) ئەوە تەنیا یەك گوناهی بۆ دەنووسرێ.

سبحان الله ! خوا ﷻ چەند بە کەرەمە لەگەڵمان ! ئنجا لێرەدا زانایان پرسیارێکیان کردوە: ئایا فریشتەکان ئەوە دیارە ئەوەی کە بە ئەندامەکانمان بیکەین، دەینووسن، بەڵام ئەدی ئەوەی بە دڵماندا دێت، ئایا فریشتەکان ئەوەش دەنووسن یان نا ؟!

زانایان ڕاجیاییان هەیە، بەڵام من پێموایە ڕاجیایی ناوێ، چونکە فەرمودە قودسییەکە زۆر ڕوونە، کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: إِذَا هَمَّ عَبْدِي بِسَيِّئَةٍ فَلَا تَكْتُبُوهَا عَلَيْهِ، فَإِنْ عَمِلَهَا فَاكْتُبُوهَا سَيِّئَةً، وَإِذَا هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا فَاكْتُبُوهَا حَسَنَةً، فَإِنْ عَمِلَهَا فَاكْتُبُوهَا عَشْرًا﴾[1]، واتە: خوای بەرزو مەزن فەرموویەتی: هەر کات بەندەی من بە دڵی داهات خراپەیەك بکات، لەسەری مەنووسن، (هەر لەبەرئەوە کە بەدڵی داهاتوە) ئنجا ئەگەر کردی، خراپەیەکی بۆ بنووسن، وە هەرکاتێك چاکەیەکی بەدڵدا هاتو ئەنجامی نەدا، چاکەیەکی بۆ بنووسن، وە ئەگەر ئەنجامیدا، دە چاکەی بۆ بنووسن.

لێرەدا مەبەست لە خراپە بەدڵ داهاتن، ئەوەیە کە ئینسان بڕیاری لەسەر نەدابێ‌و دڵی لەسەر نەچەسپاندبێ، شتێك کە هەروا بە دڵی دادێت‌و دوایی لێی پەشێمان دەبێتەوە، ئەگەر دڵی لەسەر چەسپاند، یا بە کردەوەش ئەنجامی نەدا، یاخود بە قسەش دەری نەبڕی، هەر لەسەری دەنووسرێ، چونکە دڵی خۆی لەسەر ساغ کردۆتەوە، وە لەڕاستییدا بناغەی چاکەو خراپە لە دڵدایەو، بڕیاری نێو دڵەو، هەرکەسێ کە دەیەوێ چاکەیەك بکات، پێشێ بە دڵ بڕیاری لەسەر دەدات، وە ئەگەر بیەوێ خراپەیەك بکات، پێشێ بەدڵ بڕیاری لەسەر دەدات، بەڵام خوای پەروەردگار ڕەحمەتی پێش غەزەبی کەوتووە، بەخششی فراوانە، بۆیە کەسێك چاکەیەکی هەر بە دڵیش دابێ، خوا دەفەرموێ: چاکەی بۆ بنووسن، وە ئەگەر

---

١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٣٣٠) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

ئەنجامیشی دا، دە چاکەی بۆ بنووسن‌و، هەتا یەك بە حەوت سەدیش دەڕوات، بە پێی ئایەتی ژمارە (٢٦١)ی (البقرة).

وە خوای پەروەردگار کە دەفەرموێ: ﴿ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ ﴿١٢﴾ ﴾، واتە: (فریشتەکان) دەزانن ئەوەی ئێوە دەیکەن، واتە: بە دڵ بیکەن، یان بە زمان یان بە ئەندامەکان، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ ﴾، واتە: هەتا کاتێ یەکێ لە ئێوە مەرگی گەیشتە سەر، فریشتەکانمان گیانی دەکێشن، یان ڕووحەکەی وەردەگرن، وە هیچ کەمتەرخەمیی ناکەن (لە ئەنجامدانی ئەرکەکەیان دا).

وەڵامی ئیشکالیێکی ڕواڵەتیی

هەندێك لە زانایان گوتوویانە: لێرەدا ئیشکالێك هەیە ـ بە ڕواڵەت ـ:

أ) لێرەدا خوا باسی ڕەوانەکراوەکانی گیانکێشەکانی دەکات، کە چەند فریشتەیەکن (تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا).

ب) بەڵام لە سووڕەتی (السجدة)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ يَتَوَفَّىٰكُم مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ ٱلَّذِى وُكِّلَ بِكُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمْ تُرْجَعُونَ ﴿١١﴾ ﴾، واتە: بڵێ: فریشتەی مەرگ، گیانتان دەکێشێ، کە عایدی ئێوە کراوە لەوێ دەفەرموێ: فریشتەی مەرگ، گیانەکە دەیکێشێ.

ج) وە لە سووڕەتی (الزمر)دا دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِى لَمْ تَمُتْ فِى مَنَامِهَا ﴿٤٢﴾ ﴾، واتە: خوا ڕووحەکان وەردەگرێ، لە کاتی مردن داو ئەوەی نەمردبێ لە کاتی خەوتن دا.

جا ئەوانەی کە بە سەرکێڵیی تەماشای قورئان دەکەن، پێیانوایە ئەوە جۆرێکە لە ناکۆکیی (تناقض)، بەڵام نا، لەڕاستیدا مەسەلەکە بەم شێوەیە:

١/ هیچ شتێك بەبێ ئیرادەی خوای زاناو توانا نیە، بە فەرمانی خوا خەڵك دەمرن و دەژین.

٢/ وە بە مشوورخواردن و بەسەر ڕاگەیشتنی فریشتەی مەرگ (مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ) پرۆسەی گیانکێشان ئەنجام دەدرێ.

٣/ بەڵام فریشتەی مەرگ (مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ)یش بە ملیۆنان فریشتەی لەبەردەست دان، کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا ﴾، ئەوە ماناکەیەتی: ڕەوانەکراوەکانمان گیانەکە دەکێشن کە (مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ) دەیاننێرێ، بە فەرمانی خوا.

ڕەنگە کەسێك بڵێ: جاری وایە هەزاران کەس بە یەکەوە دەمرن، ئەمە چۆنە؟ بۆ وێنە: ئەو ساڵەی کە دوو بۆمبای نێوەکیی (قنبلتان نوویتان) لە (هیرۆشیماو ناکازاکی) دران، یان: کیمیایی بارانی شاری هەڵەبجە، یان ئەو مەرگەساتانەی کە دێن، جاری وایە هەزاران کەس پێکەوە دەمرن، ئایا فریشتەی مەرگ (مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ)و ئەو فریشتانە چۆن فریایان دەکەون؟!

لە وەڵام دا دەڵێین: ئێستا لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا، ئەو شتانە زۆر لە عەقڵ نزیك کەوتوونەتەوە: کارەبای یەك وڵات دەتوانرێ بەیەك پلاك هەمووی بکوژێتەوەو، هەمووشی پێبکرێ، لە لای خوای باڵادەست ئەمە زۆر زۆر ئاسانە، بەڵام بۆ ئێمە زەحمەتە، وە بۆ فریشتەی مەرگ (مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ) دیارە خوای باڵادەست توانایەکی زۆر زۆری پێداوە، کە فریای هەموو خەڵکە بکەوێ.

<u>مەسەلەی چوارەم</u>: کە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ رُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ مَوْلَىٰهُمُ ٱلْحَقِّۚ أَلَا لَهُ ٱلْحُكْمُ وَهُوَ أَسْرَعُ ٱلْحَٰسِبِينَ ﴾، دوایی گێڕدرانەوە بۆ لای خوای سەرپەرشتیاری ڕاستەقینە، ئاگاداربن ! بڕیارو حوکم هەر بەدەست ئەوە، وە هەر ئەو خێراترین لێپرسەرەوەیە.

لێرەدا خوا بە چوار وەسف خۆی پێناسە کردوە:

١) ﴿ ثُمَّ رُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ ﴾، بۆ لای خوا دەگێڕدرێنەوە.

٢) ﴿ مَوۡلَىٰهُمُ ٱلۡحَقِّ ﴾، واتە: خوا سەرپەرشتیارو دۆستو نزیكو مشوورخۆریانە.

٣) ﴿ أَلَا لَهُ ٱلۡحُكۡمُ ﴾، حوكمو بڕیار فەرمانڕەوایی هەر هی ئەوە.

٤) ﴿ وَهُوَ أَسۡرَعُ ٱلۡحَٰسِبِينَ ﴾، وە خوا خێراترین حیسابكەرو خێراترین لێپرسەرەوەیە.

مەسەلەی پێنجەم: كە دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ تَدۡعُونَهُۥ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةٗ لَّئِنۡ أَنجَىٰنَا مِنۡ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٦٣﴾ قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنۡهَا وَمِن كُلِّ كَرۡبٖ ثُمَّ أَنتُمۡ تُشۡرِكُونَ ﴿٦٤﴾ ﴾، خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: لێیان بپرسە، (لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەكان، كە بە پێی سیاقەكە دەزانین، ئەگەرنا دەگونجێ، بڵێی: لە بەشەر بپرسە، لە هەموو ئەوانەی كە قورئانیان ئاراستە دەكەی بپرسە) بڵێ: كێ دەربازتان دەكاو قوتارتان دەكا لە تاریكاییەكانی وشكانیی و دەریا، (تاریكاییەكان بە مانای تاریكایی ڕواڵەتیی نیە، توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: (ظُلُمَات) یانی: سەختییەكانو بەڵاو گرفتارییەكانی كە لە وشكانیی و لە دەریادا تووشیان دێن) ﴿ تَدۡعُونَهُۥ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةٗ ﴾، كە لێی دەپاڕێنەوە بە لالانەوەو كڕووزانەوەو بە پەنهانیی لە دڵی خۆتاندا، جاری وایە ئینسان لە دڵی خۆیدا دەپاڕێتەوە، بواری نیە دەریشیبڕێ، هێندە وەزعەكەی سەختو قورسە، ﴿ لَّئِنۡ أَنجَىٰنَا مِنۡ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴾، دەپاڕێنەوە دەڵێن: ئەگەر لەم گرفتە كە هاتۆتە پێش، لەو قەیرانو ناڕەحەتییە خوا دەربازمان بكات، ئەوە بەتەئكید سوێند دەخۆین، كە ئێمە لە سوپاسگوزاران

دەبین (بۆ خوا)، ﴿ قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴾، بڵێ: خوا لەو بەڵایە کە بۆی لە خوا دەپاڕێنەوە، دەربازتان دەکات، وە لە هەر خەمو بەڵاو گرفتێکی دیکەش دەربازتان دەکات، کەچی دوای ئەوەش ئێوە هاوبەش بۆ خوا دادەنێن.

ئەمە لە زۆر شوێنی قورئاندا هاتوە، کە خوا بە دەم هاواری کافرانیشەوە دێ، ئێمەی مسوڵمان زۆرجار لە ئەنجامی دەمارگیریمان بۆ ئیسلام، پێمانوایە خوا بەس خوای ئێمەیە، تەنیا مشوور لە ئێمەی مسوڵمان دەخواتو بەس پاڕانەوەی ئێمە وەردەگرێ، لە کاتی تەنگانەو سەختییەکانی ژیانی دنیادا !! بەڵام وانیەو ئەمەش چەند بەڵگەیەك لەوبارەوە :

١/ لە سوورەتی (الفاتحة)دا دەفەرموێ: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٢ ﴾، واتە: ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییان، وە لە زۆر ئایەتی قورئان دا دەردەکەوێ، کە خوای بە بەزەیی و دادگەر دوعای کافرانیش قبووڵ دەکات، ئەگەر لێیان بقەومێ و لێی بپاڕێنەوە، خوا ئەوانیش دەرباز دەکات، ئەوەتا لێرەدا لەگەڵ کافرانیەتی، کە دەفەرموێ: ﴿ قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴾، مانای وایە دوعایەکەیان قبووڵ دەکات، لەگەڵ ئەوەش دا کە شەریکیش بۆ خوا دادەنێن، کەچی خوا هەر بە نەفامیی ئەوان ناکات، چونکە بەندەی خۆیینی و دروستکراوی خۆیینی، خواش لە دنیادا ڕەحمەتەکەی هەموو شتێکی گرتۆتەوە، وەك لە ئایەتی (١٥٦)ی (الأعراف)دا هاتوە.

جا لێمان تێکنەچێ: لە دنیادا ڕەحمەتی خوا کافرو مسوڵمان دەگرێتەوەو لوتفو کەرەمو بەخششی خواو نازو نیعمەتەکانی خوا، لە دنیادا بۆ هەمووانن.

٢/ لە سوورەتی (النمل)یشدا دەفەرموێ: ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ۝٦٢ ﴾، واتە: یان ئایا کێیە کە وەڵامی بابای ناچار دەداتەوە،

(مُضْطَر) کەسێکە دەستی لە هەموو پچکان بڕابێو هیچ ئومێدی نەمابێ، کاتێك کە لە خوا دەپاڕێتەوە، خراپەی لێ لادەدات، وە دەشتانکا بە جێنشین لە زەوی، واتە: دەتانهێڵێتەوە، دوایی دەفەرموێ: ﴿أَءِلَـٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ﴾، ئایا لەگەڵ خوادا هیچ پەرستراوی دیکە هەن؟ کەم وایە بیربکەنەوە، ئەگەرنا نەدەبوو غەیری خواتان پەرستبایە، چونکە هەر ئەو لە فریاتان دێ.

٣/ وە لە سوورەتی (الأعراف) لە ئایەتی (١٥٦)دا خوا دەفەرموێ: ، ﴿وَرَحۡمَتِي وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٍ﴾ وە بەزەیی من هەموو شتێکی گرتۆتەوە، (بەڵام لە دنیادا)، خوا ناوی لە باران ناوە ڕەحمەت : ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي يُرۡسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشۡرَۢا بَيۡنَ يَدَيۡ رَحۡمَتِهِۦ ۝٥٧﴾، واتە: خوا بایەکان دەنێرێ، وەك موژدە لە پێش ڕەحمەتەکەیەوە (واتە: باران)، وەك هەر جارێك باران ببارێ، لە پێش دا با هەڵدەکاتو هەورەکان کە دێن زەخت لە بایەکە دەکەن، هەوا دێ، خوای بەخشەر دەفەرموێ: ئەو هەوایە، ئەو بایە کە دێ، موژدەیە، موژدەی باران، کە هەوری باراناوی بەڕێوەن، ئنجا بارانەکە بۆ کێیە؟ بۆ هەموو کەسە، وە ئەو نیعمەتانەی کە لە دنیادا هەن، خوای بە بەزەیی بۆ هەموو کەسی ڕەخساندوون، بۆ کافرو بۆ مسوڵمان، وەك دەفەرموێ: ﴿وَرَحۡمَتِي وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٍ ۝١٥٦﴾ الأعراف، بەڵام لە قیامەت دا ڕەحمەتی خوا چی لێدێ؟ ﴿فَسَأَكۡتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِنَا يُؤۡمِنُونَ ۝١٥٦﴾ الأعراف، بەڵام لەمەودوا {واتە: لە قیامەت} ، تایبەتی دەکەم بەوانەوە کە پارێز دەکەن، وە ئیمانیان بە ئایەتەکانی خوا هەیەو، زەکات دەدەن.

<u>**مەسەلەی شەشەم:**</u> کە دەفەرموێ: ﴿قُلۡ هُوَ ٱلۡقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبۡعَثَ عَلَيۡكُمۡ عَذَابٗا مِّن فَوۡقِكُمۡ أَوۡ مِن تَحۡتِ أَرۡجُلِكُمۡ أَوۡ يَلۡبِسَكُمۡ شِيَعٗا وَيُذِيقَ بَعۡضَكُم بَأۡسَ بَعۡضٍ﴾،

پێشتر باسمان کرد: لەم سوورەتەدا چلو دوو جار، خوا بە پێغەمبەر دەفەرمویێ، بڵێ، هەمووشی دەربارەی سیفەتەکانی خواو، بەزۆرییش دەربارەی خوا بە یەکگرتن (توحید)و یەکتایی خوایە، لێرەش دەفەرموێ: بڵێ: خوا بە توانایە کە سزاتان بۆ بنێرێ، لە سەرووتانەوە، یان لەژێر پێتانەوە، (لە سەرێ بۆتان ببارێ، یان لەژێر پێتاندا دەرقوڵێ)، ﴿أَوۡ يَلۡبِسَكُمۡ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعۡضَكُم بَأۡسَ بَعۡضٍ﴾، یاخود بتانکاتە چەند دەستەو تاقمێكو پێکتان وەربکات، واتە: ئازاری هەندێکتان بە هەندێکتان بچێژێ، واتە: هەندێکتان بەسەر هەندێکتان دا زاڵ بکات.

ترساندنی خوا بۆ کافرەکان بە سێ جۆرە سزایان :

لێرەدا خوای زاناو توانا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: کە ئەو موشریكو بێ بڕوایانە بترسێنێ، بە سێ شتان :

١ - بە سزاو ئازارێك کە لە سەروویانەوە دەبارێ.

٢ - بە ئازارو سزایەك کە لەژێر پێیانەوە دێ.

٣ - بە سزاو ئازارێك کە لەنێو خۆیاندا دەبێ.

جا توێژەرەوانی پێشێ ڕەحمەتی خوایان لێبێ گوتوویانە: (الرَّجْمُ بالحِجَارَةِ وَالطُّوْفَان وَالصيحَة وَالرّيح؛ كَمَا فَعَل بعَادٍ وَثَمُودٍ وَقَوْم شُعَيب وَقَوْم لُوطٍ وَقَوْم نُوحٍ) بریتیە لە بەردباران کردن، تۆفانو لافاوو چریکەو با، وەك خوا بە گەلانی: عادو سەموودو گەلی شوعەیبو گەلی لووطو گەلی نووحی کرد، بەلام ئێستا دیارە بە قەسفو ساڕووخو ڕووکێتو بۆمبای تەیارەو تۆپو مەدفەعو...هتد، ﴿مِن تَحۡتِ أَرۡجُلِكُمۡ﴾، گوتوویانە: بەرۆچوونی دنیاو بە بوومەلەرزە، بەلام ئێستا لوغمو چەندان شتی دیکەش پەیدا بوون، ﴿أَوۡ يَلۡبِسَكُمۡ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعۡضَكُم بَأۡسَ بَعۡضٍ﴾، یانی پێکتان وەربکاو تێکەڵتان بکات.

ئنجا لەو بارەوە ئەم دەقە هەیە: ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ خَبَّابِ بْنِ الأَرَتِّ عَنْ أَبِيهِ وَكَانَ قَدْ شَهِدَ بَدْرًا مَعَ رَسُولِ اللهِ ﷺ أَنَّهُ رَاقَبَ رَسُولَ اللهِ ﷺ اللَّيْلَةَ كُلَّهَا، حَتَّى كَانَ مَعَ الْفَجْرِ، فَلَمَّا سَلَّمَ رَسُولُ اللهِ ﷺ مِنْ صَلاتِهِ جَاءَهُ خَبَّابٌ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ! بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي، لَقَدْ صَلَّيْتَ اللَّيْلَةَ صَلاةً، مَا رَأَيْتُكَ صَلَّيْتَ نَحْوَهَا؟ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: أَجَلْ، إِنَّهَا صَلاةُ رَغَبٍ وَرَهَبٍ! سَأَلْتُ رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ فِيهَا ثَلاثَ خِصَالٍ فَأَعْطَانِي اثْنَتَيْنِ وَمَنَعَنِي وَاحِدَةً: سَأَلْتُ رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ: أَنْ لا يُهْلِكَنَا بِمَا أَهْلَكَ بِهِ الأُمَمَ قَبْلَنَا، فَأَعْطَانِيهَا، وَسَأَلْتُ رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ أَنْ لا يُظْهِرَ عَلَيْنَا عَدُوًّا مِنْ غَيْرِنَا، فَأَعْطَانِيهَا، وَسَأَلْتُ رَبِّي أَنْ لا يَلْبِسَنَا شِيَعًا، فَمَنَعَنِيهَا﴾[1]، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی خەبابی کوڕی ئەرەت لە بابی دەگێڕێتەوە، کە یەکێك بووە لەوانەی لە جەنگی بەدردا لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ بووە، دەڵێ: شەوێك چاودێریی پێغەمبەری ﷺ کرد، هەتا بەرەبەیان، کاتێك سەلامی نوێژی بەیانی دایەوە، (دیارە دوای تەسبیحاتو زیکرو ئەوانە) خەبباب چوو بۆ لای و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! دایكو بابم بەقوربانت بن، (مەرج نیە ئەو کاتە دایكو بابی مابن، بەڵام عەرەب ئەو تەعبیرەیان بەکارهێناوە بۆ زیادە خۆشەویستیی، واتە: ئینسان دەبێ دایكو بابی لە خۆی خۆشتر بوێن، ئنجا کە دایكو بابی بە قوربان بکات، مانای وایە لە خۆی لە پێشترە) ئەم شەو نوێژێکت کرد، هەرگیز نەمبینیوە نوێژی وات کردبێ! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بەڵێ، ئەمە نوێژێك بوو هەم ئارەزووی لە خوا نزیكبوونەوە بوو، هەم لێترسانیش (واتە: نوێژێك بوو دوو پاڵنەری هەبوون، هەم خۆشەویستیی خوای پەروەردگارو هەم لێترسانی) لە خوای زاڵی پایە بەرز سێ شتم داواکردن: دووانی پێدام یەکێکیانی پێنەدام: لە پەروەردگاری زاڵو پایە بەرزم داوا کرد کە نەمانفەوتێنێ بەوەی کۆمەڵگاکانی پێشیی پێ فەوتاندوون، (بەڵایەکی گشتی بنێرێ وەك: گەلی عادو گەلی ثەموودو گەلی نووحو گەلی لووط) ئەوەی پێدام، وە داوام لە پەروەردگاری زاڵو پایە بەرزم کرد کە دوژمنێکمان لە غەیری خۆمان بەسەردا زاڵ

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢١٠٩١) تعليق شعيب الأرنؤوط: إِسْنَادُهُ صَحِيح، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢١٧٥)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (١٦٣٨)، قال الشيخ الألباني: صحيح.

نەکات کە نەماهێڵێ (واتە: هیچمان نەهێڵێ، نەك لە شوێنێك لە شوێنەکان، مسوڵمانان لە ئەندەلووس دوای ئەوەی هەشت سەدە لەوێ بوون، لە بەینیان بردن، ڕاستە لەوێ لەبەین چوون، بەڵام مسوڵمانی دیکە لە شوێنی دیکە مابوونو ماون، هۆلاکۆو جەنگیزخانو مەغۆل کاتی خۆی هاتوون، وەك لافاوێك بە عالەمی ئیسلامیی دا مسوڵمانانیان زۆر قەلاچۆ کردوە، بەڵام بنبڕ نەبوون، بۆئەوەی لێتان تێکنەچێ، مسوڵمانانی شوێنێك لەبەین دەچن، بەڵام لە شوێنی دیکە دەمێنن)، ئەوەشی پێدام، وە داوام لە پەروەردگاری زاڵو پایە بەرزم کرد، کە لەنێو خۆماندا نەمانکاتە دەستە دەستەو پێکمان وەرنەکات، بەڵام ئەوەی پێنەدام.

یانی چی؟ یانی: ئەگەر لە ڕاستە شەقامی خوا بترازێن، وەك ئێستا دەیبینی: مسوڵمانان چۆن بوونەتە تاقم تاقمو بە دوای ڕێچکە شەیتانییەکانو بە دوای بیردۆزە ئینسانییەکان کەوتوونو، یەك ڕووی لە ڕۆژهەڵاتە، یەك ڕووی لە ڕۆژئاوایە، یەك ڕووی لەولایەو یەك ڕووی لەملایە، کەس بە ڕبەی کەس ناپێوێو، کەس لە مەڕی کەس ناخێوێ.

ئنجا ئەمە لە ئەنجامی ئەوە دایە، کە لە ڕاستە شەقامی خوا لایانداوە، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦ... ١٥٣﴾ الأنعام، ئەمە ڕاستە شەقامی منە، شوێنی بکەونو لامەدەن، بەدوای ڕێچکەکان مەکەون، ئەگەرنا دەترازێن (ئاواتان لێدێو بەو دەردە دەچن کە پێی چوون)، دیارە لێرەدا خوا هەڕەشە دەکات لە کافرەکانو لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، کە ئەگەر بێتو بەندەی خوا نەبن، ئەگەر بێتو یەکتاپەرست نەبن، ئەگەر بێتو ملکەچی شەریعەتی خوا نەبن، ئەو بەڵایانە، نزیکە بەسەرتان بێن، ئەمە جیایە لەوەی کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: خوا بەڵێنی پێنەداوم کە دەستە دەستە نەبین.

ئنجا بەپێی ئەم فەرموودەیەش دیارە کە ئوممەت جاری وایە دوژمنان زەفەری پێدەبەنو بەسەریدا زاڵ دەبن، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئوممەت هەمووی لەبەین ناچێ، ئەگەرنا ئوممەتیش مافی (ڤیتۆ)ی نیە، وەك میللەتانی پێشێ غەڵەتو پەڵەتانیش بکات، بەڵام وەك وان سزا نەدرێ ! وەك وان سزا دەدرێن،

بەڵام بەگشتی ئۆممەت لەبەین ناچێ، لەبەرئەوە کە ئۆممەتی پێغەمبەر ﷺ دوا ئۆممەتە، ئۆممەتەکانی پێشی، ئەگەر لەبەینیش چوون، ئۆممەتی دیکە هاتوونە شوێنیان، وە پاشان ئەوان ئۆممەتی گچکە گچکە بوون، کۆمەڵی گچکە بوون لە شوێنێکی جوگرافییو دیارییکراوو کاتێکی دیارییکراوو قۆناغێکی دیارییکراودا، بەڵام ئۆممەتی پێغەمبەر ﷺ لە دوا قۆناغی ژیانی بەشەر دایەو، لە هەموو سەر زەوییە، وە ئەگەر لەبەین بچێ، ئۆممەتێکی دیکەی نایەتە جێیو قیامەت دادێ، وەك لەو فەرمووده هاتوە: ﴿عَنْ أَنَسٍ رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: لاَ تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى لاَ يُقَالَ فِي الأَرْضِ: اللّٰهُ اللّٰهُ﴾[1]، واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: قیامەت نایەت، هەتا ئەو کاتەی لەسەر زەوی ناگوترێ: خوا، خوا (اللّٰهُ اللّٰه)، کەواتە: دنیا بەسەر خراپترین دروستکراوانی خوادا کاول دەبێ، کە کەسیان تێدا نامێنێ بڵێ: خوا (اللّٰه)، یانی: کەس خوای لەبیر نامێنێ، ئنجا ئەو کاتە دنیا بە کەڵکی ئەوە نامێنێ، کە ئۆممەتی دیکە بێن، مسوڵمانان نامێنن، بەشەر هەمووی بەسەر خراپە دەگەڕێو، خوای کاربەجێو دادگەریش ژیانی دنیا کۆتایی پێ دێنێ.

مەسەلەی حەوتەم: کە دەفەرموێ: ﴿ٱنظُرۡ كَيۡفَ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَفۡقَهُونَ﴾

سەرنج بدە ! چۆن ئایەتەکانی خۆمانیان بۆ جۆراو جۆر دەکەین، واتە: ڕستەکانی قورئان، جارێك دەڵێین: سەرنجی مێژوو بدەن، جارێك دەڵێین: سەرنجی دیاردەو دیمەنە سروشتیەکان بدەن، جارێك دەڵێین: سەرنجی فیطرەتو سروشتی خۆتان بدەن، جارێك دەیانبەین بۆ قیامەت، جارێك باسی بەهەشتە، جارێك باسی دۆزەخە، ئایەتەکانیان بۆ جۆراو جۆر دەکەین، بۆچی؟ ﴿لَعَلَّهُمۡ يَفۡقَهُونَ﴾ بەڵکو تێبگەن، دیارە وشەی (الفِقْه) دەڵێ: (العِلْم الدَّقِيق) بریتیە لە تێگەیشتنێکی ورد، وە هەندێك گوتوویانە: (فقه) بریتیە لە زانیاریی هەبوون بە شتێك بەهۆی شتێکی دیکەوە، هەندێکیش گوتوویانە: (الفقه: هو فهم مراد

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٢٠٦٢)، وَعَبْدُ بْنُ حُمَيد برقم: (١٢٤٧)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٣٧٣)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٢٠٧)، وَإِبْنُ حِبَّانَ برقم: (٦٨٤٩)، وَالبَزَّار برقم: (٦٩٨٠) وَالبَيْهَقِيُّ في "الشعب الإيمان" برقم: (٥٢٤).

المتكلّم) (فقه) تێگەیشتنی مەبەستی قسەبێژە، بەڵام (علم) ئەوەیە کە تۆ ئەو شتە وەك خۆی بزانی، بۆیە وشەی (فقه) بۆ خوا بەکارنایەت، بەڵام وشەی (علم) بۆ خوا بەکاردێ، چونکە خوا ڕاست شتەکە دەزانێ، بەڵام ئێمە شتێك دەزانین و بەهۆی ئەو شتەوە، شتێکی دیکە دەزانین، زانیاریی ئێمە (تکاملي)یە وردە وردە دەبێ، بەڵام زانیاریی خوای پەروەردگار بێسنوورەو تێرو تەواوە (کامل)ە، لە یەکەم قۆناغەوە تەواو (کامل)ە، هی ئێمە وردە وردەیە، ئەمڕۆ شتێك دەزانی، سبەی شتێکی دیکە دەزانی.

مەسەلەی هەشتەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَّبَ بِهِۦ قَوۡمُكَ وَهُوَ ٱلۡحَقُّۚ قُل لَّسۡتُ عَلَيۡكُم بِوَكِيلٖ ﴾، وە گەلەکەت بە درۆیان دانا، واتە: ئەم قورئانەو ئەم وەحییە بە درۆ دادەنێن، لە حاڵێکدا کە ڕاستیشە، بڵێ: من وەکیل نیم بەسەرتانەوە، وشەی (حَق) بە شتێکی چەسپاو دەگوترێ، یان بە شتێك کە پێکەڵپێك (مُطابق)ی واقیع بێ، جاری واش هەیە بە مانای دادگەریی دێ، بەڵام زیاتر بە مانای شتی چەسپاو دێ، جا (سید قطب) ڕەحمەتی خوای لێبێ تێبینییەکی جوانی هەیە دەڵێ: جەرەسی وشەی حەق لەگەڵ جەرەس و ئاوازی وشەی (باطل)دا، ئەگەر سەرنجیان بدەی، هەر نەغمەو دەنگەکانیان، دەلالەت لەسەر ماناکەیان دەکەن، وشەی (حق) دوو پیتە، هەردووکیان پیتی گەروون، پیتی: (ح) و (ق)، (حق) جەرەسی لەفزەکە دەلالەت لەسەر شتێکی چەسپاو دەکات، (حق)، بەڵام (باطل) سێ پیتە: (ب، ط، ل)، (باطل) وەك (طبل)ە، دەنگی هەیە بەڵام بۆشەو شتێکی پووچو بۆش و بێ نێوەڕۆکە، (حق) شتێکی چەسپاو پڕو نەگۆڕە.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَّبَ بِهِۦ قَوۡمُكَ ﴾، گەلەکەی تۆ (کە دیارە قورەیشن خەڵکی مەککەن) بەدرۆیان دانا ﴿ وَهُوَ ٱلۡحَقُّۚ ﴾، لە حاڵێکدا کە حەقە، واتە: بۆیە بە درۆی دانانێن، کە درۆبێ، نەخێر حەقە، بەڵام ئەوان بە درۆی دادەنێن، وەك کەسێك کە گرانەتا دەگرێ، مەلاریا دەگرێ، ئاوی شیرین و زوڵاڵی بدرێتێ، کە دەیخواتەوە دەڵێ: وەك ژەقنەبوتە، چونکە میزاجی تێکچووە ! کەواتە: ئەمە

ئاوڕدانەوەیەکە بە لای ئەوەدا کە ئەوەی ئەوان بە درۆی دەزانن، وەنەبێ ناڕاستو درۆبێ، حەقە، بەڵام ئەوان میزاجیان تێکچووە.

ئنجا ئەگەر تەماشایان بکەین: ئێستاشی لەگەڵ دابێ، بە درۆ دانانی خەڵکی مەککە بۆ ئیسلام: ﴿ وَكَذَّبَ بِهِۦ قَوۡمُكَ ﴾، کە دیارە گەلی پێغەمبەر ﷺ هۆزی قورەیش بوون، وا هەست دەکەم ئێستاش شوێنەواری ئەوەیان پێوە دیارە، وە دوعای پێغەمبەر ﷺ کە بۆ خەڵکی مەدینەی کردوە، ئێستاش بە خەڵکی مەدینەوە دیارە، خەڵکی مەدینە خۆش مامەڵەترو نەرمو نیانترن، لە خەڵکی مەککە، بەڵێ بە درۆدانانی پێغەمبەر ﷺو ئەزیەتدانی پێغەمبەر ﷺ ئێستاش کەمو زۆر هەست دەکەی شوێنەواری، بە خەڵکی مەککەوە، دیارە، وەك چۆن پشتیوانیکردنی مەدینەییەکان لە پێغەمبەر ﷺ کە دەرگای ماڵو دڵی خۆیان بۆ خستە سەر پشت، شوێنەواری ئەو چاکەیەو دووعایەکانی پێغەمبەر ﷺ بۆ وان، پێیانەوە دیارە.

وە لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرموێ: ﴿ قُل لَّسۡتُ عَلَيۡكُم بِوَكِيلٖ ﴾، بڵێ: من بەسەر ئێوەوە وەکیل نیم، پارێزەری ئێوە نیم، واتە: ئێوە عایدی من نەکراون، تاکو من نەهێڵم کافر بنو، نەهێڵم تووشی دۆزەخو تووشی ناڕەحەتیی بن، ئەوە دەکەوێتە سەر خۆتان.

مەسەلەی نۆیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ لِّكُلِّ نَبَإٖ مُّسۡتَقَرّٞۚ وَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ﴾، هەموو هەواڵێك سەقامگیرییەکی هەیە، (مستقر) بە مانای چەسپان (إستقرار)ە، یان کاتی چەسپان، یان شوێنی چەسپان، یانی: هەموو هەواڵێك سەرەنجام دەچەسپێ، یان شوێنێك دێ، لێی بچەسپێ، یان کاتێك دێ، تێیدا بچەسپێ، ﴿ وَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ﴾، وە لەمەودوا دەزانن.

جا تەماشا بکەن ! ئەوە ئیعجازێکی مێژوویییە (لِكُلِ نَبَأٍ مستقر) واتە: ئەم قورئانەو ئەم وەحییە کە بۆ پێغەمبەری خاتەم دێ، کاتێك دێ سەقامگیرببێو بچەسپێ. وشەی (نبأ) واتە: (الخَبَرُ المُهِم) هەواڵێکی گرنگ، ئەم هەواڵە گرنگە

کە لە خواوە هاتــوە پێغـەمبەر ﷺ بۆچـی پێـی دەگوتـرێ (نبِـيّ)؟ چونکە هـەواڵ دێنـێ لە خـواوە (نبـي) (فعيـل)ە، بە مانای (فاعل)، واتە: (مُنْبـيء) هەواڵـدەر، یاخود (فعيل)ە بە مانای (مفعول)، واتـە: (مُنَبَّـأ) هەواڵـپێدراو لـە خـواوە، گرنـگ ئەوەیـە ئـەو پێغـەمبەرە ﷺ کـە ئـەو هـەواڵە گـەورەیەو، ئـەو وەحـیو قورئانـەی هێنـاوە، کاتێك دێ ئەو قورئانە بچەسـپـێ، ئەو هەواڵە کاتێك دێ، دەچەسـپـێو سـەقامگیـر دەبێ، یان لە شوێنێك لـە شوێنەکـاندا، یـان لـە کاتێـك لـە کـاتەکـاندا، ئنجـا ئێمـە دەزانین ئەو کاتە کە ئـەم ئایەتـە هاتۆتـە خـوارێ، مسوڵمانان چەوساوەو، پێغـەمبەر ﷺ بـێ دەرتان بـوونو، ئـەو کـافرە کەللـەڕەقانە گاڵتەیـان پێـکردوەو گوتوویـانە: شـێتەو جادووگەرەو...هتـد، بـەڵام خـوا ئـەو کاتـە فەرموویـەتی: ﴿ لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾، لەمـەودوا بۆتـان دەردەکـەوێ، دەزانـن داخـۆ چـۆن ئـەو قورئانـە دەچەسپێ !

ئـەمـە وەك ئایەتەکەی کۆتایی سـوورەتی (ص)ە، کـە دەفـەرموێ: ﴿ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُ بَعْدَ حِينٍ ﴿٨٨﴾ ﴾، واتـە: ئـەم قورئـانە یادخـەرەوەیە بـۆ هەموو جیهانییان، وە لە دوای ماوەیەکـی دیکە هەواڵەکەی دەزانـن، کـە ئـەم قورئـانە چییە؟ بەرنـامەو ڕێمایـیە بۆ هەموو بەشـەر هـاتوە، تاکـو ژیـانی بەشـەر بگـۆڕێو، وای لـێبـکات جێـی ڕەزامـەندی خـوا بـێ.

بەڵێ، ئەو کـاتە پێغـەمبەر ﷺ نـەیزانیوە چی لێـدێ؟ سەرەنجـامی چۆن دەبـێ؟ بەڵام خـوای پەروەردگـار کە خاوەنی ئەو دینـەیەو، خاوەنی پێغـەمبەر ﷺو دنیـاو دوارۆژە، دیـارە هەمووی لـێ عەیـانو ڕوون بـووە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی هەشتەم

پێناسەی ئەم دەرسە

لەم دەرسەمان ئایەتەکانی (٦٨ تا ٧٣)، واتە: شەش ئایەت تەفسیر دەکەین، تەوەری سەرەکیی ئەم شەش ئایەتە موبارەکە، بریتیە لە چەند ڕێنماییەکی خوای کاربەجێ بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ، هەروەها هەر کەسێکی دیکە کە شوێنی وی دەکەوێ لەو بوارەدا، لە بواری چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ بێبڕوایان‌و نەیاراندا، کە بەشداریی کۆڕو مەجلیسێکیان نەکات، کە کوفری تێدا دەکەن، بە ئایەتەکانی خوا.

پاشان فەرمانی پێدەکات کە ئەو بێبڕوایانەی ئایینەکەیانیان بە یاریی‌و گەمە گرتوە، وێڵ بکات، بەڵام لەسەر وریاکردنەوەی خەڵکەکە بەگشتی بەردەوام بێ، دوایی پێی دەفەرموێ: کە بە نکووڵیی لێکردنەوە لە کافرو موشریکەکان بپرسێ: ئایا لە جیاتی خوا لە شتانێك بپاڕێینەوە کە نە سوودمان پێدەگەیەنن، نە زیان، وە پاش‌و پاش بەرەودوا بگەڕێینەوە، وەك چۆن کەسێك شەیتانەکان لە زەویدا گومڕای دەکەن‌و سەراسیمەو سەرگەردانی دەکەن؟

پاشان پێی دەفەرموێ: کە پێیان بڵێ: (بە خەڵکەکە بەگشتی یان بە کافرەکان) کە نوێژ بەرپا بکەن‌و، پارێز لەو بکەن‌و، هەر بۆ لای ویش دەگەڕێنەوە، وە لە کۆتایی دا بە چەند وەسفێکی گەورە خوای بەرزو مەزن خۆی دەناسێنێ:

١/ دروستکردنی ئاسمانەکان‌و زەوی بە هەق.

٢/ ئەو ڕۆژەی کە دەفەرموێ: ببە ! ، هەرچی بیەوێ دەبێ، قسەکەی هەقە.

٣/ لە ڕۆژی فووکردن بە کەڕەنادا، موڵك هەر هی ئەوە، دیارە پێش ئەو ڕۆژەو دوای ئەو ڕۆژەش موڵك هەر هی ئەوە، بەڵام لەو ڕۆژەدا خاوەنداریێتیی‌و

دەستەڵاتدارێتیی خوا، زیاتر بەرجەستە دەبێ، بۆ هەموو کەس و کافرو مسوڵمان دەیبینن.

٤/ خوا ﷻ زانای پەنهان و ئاشکرایە.

٥) خوا ﷻ کاربەجێی شارەزایە.

﴿ وَإِذَا رَأَيۡتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيۡرِهِۦۚ
وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَلَا تَقۡعُدۡ بَعۡدَ ٱلذِّكۡرَىٰ مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٦٨﴾ وَمَا عَلَى
ٱلَّذِينَ يَتَّقُونَ مِنۡ حِسَابِهِم مِّن شَيۡءٖ وَلَٰكِن ذِكۡرَىٰ لَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ﴿٦٩﴾
وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَعِبٗا وَلَهۡوٗا وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ وَذَكِّرۡ بِهِۦٓ أَن
تُبۡسَلَ نَفۡسُۢ بِمَا كَسَبَتۡ لَيۡسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٞ وَلَا شَفِيعٞ وَإِن تَعۡدِلۡ كُلَّ
عَدۡلٖ لَّا يُؤۡخَذۡ مِنۡهَآۗ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ أُبۡسِلُواْ بِمَا كَسَبُواْۖ لَهُمۡ شَرَابٞ مِّنۡ حَمِيمٖ وَعَذَابٌ
أَلِيمُۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡفُرُونَ ﴿٧٠﴾ قُلۡ أَنَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا
وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعۡقَابِنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ كَٱلَّذِي ٱسۡتَهۡوَتۡهُ ٱلشَّيَٰطِينُ فِي ٱلۡأَرۡضِ حَيۡرَانَ
لَهُۥٓ أَصۡحَٰبٞ يَدۡعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلۡهُدَى ٱئۡتِنَاۗ قُلۡ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلۡهُدَىٰۖ وَأُمِرۡنَا
لِنُسۡلِمَ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٧١﴾ وَأَنۡ أَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّقُوهُۚ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ إِلَيۡهِ
تُحۡشَرُونَ ﴿٧٢﴾ وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّۖ وَيَوۡمَ يَقُولُ
كُن فَيَكُونُۚ قَوۡلُهُ ٱلۡحَقُّۚ وَلَهُ ٱلۡمُلۡكُ يَوۡمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِۚ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ
وَٱلشَّهَٰدَةِۚ وَهُوَ ٱلۡحَكِيمُ ٱلۡخَبِيرُ ﴿٧٣﴾ ﴾.

مانای وشــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((وە هـەر کـات ئەوانـەت دی کـە ناهەقییـان بەرانبـەر بـە ئایەتـەکانی خـوا دەکـرد، ئـەوە یەکسـەر بەجێیـان بهێڵـە، هـەتا دەچـنە نێـو قسـەو باسـێکی دیکـەوە، وە ئەگـەر شـەیتانیش لـە بیـری بردیـەوە، ئـەوە پـاش وەبیـرهاتنـەوە، لەگـەڵ کۆمـەڵی ستەمکاران دامەنیشــە ﴿٦٨﴾ وە ئەوانــەی پــارێز (لــە خــوا) دەکــەن، هــیچ شــتێك لــە گونــاهو بەرپرسیارێتی وانیـان ناکەوێتـە سەر، بـەڵام ئـەوە هـەر بیـرخستنەوەیە، بەڵـکو پارێـز بکـەن ﴿٦٩﴾ وە واز لەوانـە بێنـە کـە ئایینـەکەیانیـان کردۆتـە مایـەی یاریی‌و کـات پـێ بەسـەربردن، وە ژیـانی دنیـا فریـوی داون، وە (بـەم قورئانـە خەڵـکی) وریـا بکـەوەو بتـرسـێنە، نـەوەك کەسـێك بەهـۆی ئـەو (کوفـرو خـراپ)ەوە کـە وەدەسـتی هێنـاوە بفـەوتـێ (لـە حاڵێکـدا) کـە جگـە لـە خـوا هـیچ سـەرپەرشـتیارو تکاکـارێکی نیـە، وە ئەگـەر هەرچـی فـەرەبوو (فیدیـە)یە بیـدات لێـی وەرناگیـرێ، ئەوانـە بەهـۆی ئـەوەوە کـە وەدەسـتیان هێنـاوە، فەوتـاون، خواردنەوەیەکیـان لـە ئـاوی داغ هەیـە، وێـڕای سـزایەکی بەئێش، بەهـۆی ئـەوەوە کـە بێبـڕوا بـوون ﴿٧٠﴾ بڵـێ: ئایا جگـە لـە خـوا لـە شـتێك بپـارێینـەوە، کـە نـە سـوودمان پێدەگەیـەنـێ‌و نـە زیانمـان لێـدەدات! وە دوای ئەوەی خـوا ڕێڕوونیی کردووین، لەسـەر پـاژنە پێیـەکانمان بـەرەودوا بگەڕێینـەوە، وەك کەسـێك کـە شـەیتانەکان لـە (چـۆڵایـی) زەویـدا وێڵـی دەکـەن‌و فریـوی دەدەن‌و سـەرگەردان دەبـێ، (لـە حاڵێکدا) کە چـەند هاوەڵـێکی هـەن بـەرەو ڕێـی ڕاسـت بـانگی دەکـەن: وەرە بۆ لامان؟ بڵێ: بێگومان تەنیا ڕێـی خـوا ڕێیـە، وە فەرمانمـان پێکـراوە، کە بۆ پەروەردگاری جیهانـەکان ملکەچ بکـەین ﴿٧١﴾ وە (فـەرمانمان پێکـراوە) کـە: نوێـژ بەرپـا بکـەین‌و پارێـزی لێبکـەن، وە هـەر ئـەو (خـوا) ئـەو کەسـەیە کـە بـۆ لای کۆدەکـرێنـەوە ﴿٧٢﴾ وە ئـەو کەسـێکە ئاسـمانەکان‌و زەوی بـە هـەق هێنـاونە دی، وە ڕۆژێـك کە (بە هـەر شـتێك) دەفـەرموێ: ببـە، یەکسـەریش دەبـێ، قسـەکەی هـەقە، وە ئـەو ڕۆژەی کـە فـوو بـە کـەڕەنادا دەکـرێ، موڵـك هـەر هـی ویـە، زانـای پەنهـان‌و ئاشکرایەو، هەر ئەوە کاربەجێـی شـارەزا ﴿٧٣﴾)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(يَخُوضُونَ): واتە: قسەی خراپ دەكەن، لە زمانی عەرەبیی دا (خَاضَ) بۆ بەنێوكەوتنی شتێكی شل بەكاردەهێنرێ، دەگوترێ: (خَاضَ الـمَاءُ) واتە: چووە نێو ئاوەكە، (الخَوْضُ: هُوَ الشُّرُوعُ فِي الـمَاءِ وَالـمرُورُ فِيهِ، وَيُسْتَعَارُ فِي الأمُورِ وَأَكْثَرُ مَا وَرَدَ فِي القُرْآنِ وَرَدَ فِيمَا يَذم الشُّرُوعِ فِيهِ)، (خَوْض) بریتیە لە چوونە نێو ئاوو بەنێودا ڕۆیشتنی، وە خوازراوەتەوە، بۆ چوونە نێو كاروباریشەوە، وە لە قورئاندا بە زۆریی بۆ ئەو شتانە بەكارهاتوە، كە خراپە بچیە نێویان، وەك قسەو هەڵوێستی خراپ.

(ٱلذِّكۡرَىٰ): (الذِّكْرَى: كَثْرَةُ الذِّكْرِ وَهُوَ أَبْلَغُ مِنَ الذِّكْرِ، وَالذِّكْرُ اسْتِحْضَارُ الـمَعْرِفَةِ فِي الذِّهْنِ)، (ذِكْرَى) لەگەڵ (ذِكْر) وەك یەكن، هەڵبەتە (ذِكْر) بەپێی سیاق دەگۆڕێ، جاری وایە بە مانای بیرخستنەوە دێ، جاری وایە بە مانای ناوبانگ دێ، بەڵام (ذِكْرَى) بریتیە لەوەی زۆر شت بیر خەڵك بخەیەوە، بۆیە دەڵێ: (وَهُوَ أَبْلَغُ مِنَ الذِّكْرِ) واتە: زێدەڕۆیی زیاتری تێدایە، وە هەروەها (ذِكْرَى) بریتیە لە ئامادەكرنی زانیارییەك لە مێشكی خۆتداو، پاراستنی ئەو زانیارییە.

(تُبۡسَلَ): (البَسْلُ: ضَمُّ الشيءِ وَمَنْعُهُ، وَمِنْهُ قِيلَ لِلْمُحَرَّمِ والمُرْتَهَنِ: بَسْلٌ وَهُوَ الـمَمْنُوعُ بالقَهْرِ)، وشەی (بَسْل) بریتیە لە بەیەكەوە نووساندنی شتێك و ڕێگا لێگرتنی، بۆیە بە شتی قەدەغەكراوو ڕەهن كراو (كەسێك كە بەند كرابێ) دەگوترێ: (بَسل) بریتیە لە شتێك نەهێڵی، بەڵام بەزۆر نەیهێڵی، (أَنْ تُبْسَلَ: أن تُحْرَم) نەفسێك كە بێبەش بكرێ، یاخود مەنع بكرێ، یاخود سجن بكرێ، یاخود نائومێد بكرێ، هەموو ئەو مانایانەی هەن.

(عَدْلٍ): (العَدَالَةُ وَالـمُعَادَلَةُ: لَفْظ يَقْتَضِي مَعْنَى الـمُسَاوَاةِ، وَالعَدْلُ وَالعِدْلُ مُتَقَارِبَان)، هەردوو وشەی (العَدَالَةُ) و (الـمُعَادَلَةُ) یەك مانا دەگەیەنن واتە: یەكسان، دەگوترێ: (هَذَا عَدْلُ هَذَا) واتە: ئەو شتە یەكسانە لەگەڵ ئەوە، وەك خوای پەروەردگار دەربارەی كەسێك كە لە ئیحرام دایەو نێچیرێك ڕاو دەكات، دەبێ قەرەبووەكەی بدات، كە ئاژەڵێكی وەك ئەوە فەرموویەتی: ﴿... أَوْ عَدْلُ ذَٰلِكَ صِيَامًا ...﴿٩٥﴾﴾ المائدة، واتە: یاخود بەرانبەر ئەوە بەڕۆژوو بێ، وە هەردوو وشەی (عَدْل) و (عِدْل) مانایان لێك نزیكە، (عِدْل) لا بارێكە دەیخەیە سەر پشتی وڵاخێك، كە دوو لای هەن، (عِدْلان) دوو لای بارێك كە وەك یەكن، (عِدْل) زیاتر بۆ شتی بەرهەست بەكاردێ، (عَدْل)یش گوتمان، واتە: ئەم شتە وەك ئەو شتەیە، كە زیاتر بۆ شتی مەعنەویی بەكاردێ.

(حَمِيمٍ): (الـمَاءُ الحَار)، واتە: ئاوی كوڵاو، یان ئاوی زۆر گەرم.

(عَلَىٰٓ أَعۡقَابِنَا): (العَقَبْ، العَقِب، العَقْب، مُؤَخَّرُ الرِّجْلِ، وَجَمْعُهُ أَعْقَاب، وَرُوِي: وَيْلٌ لِلأَعْقَابِ مِنَ النَّارِ)، (عَقَبْ، عَقِب، عَقْب) واتە: پاژنە پێ، كۆیەكەی (أَعْقَاب)ە، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە فەرموویەتی: ﴿وَيْلٌ لِلأَعْقَابِ مِنَ النَّارِ﴾[1]، واتە: سزای سەخت لە ئاگر، بۆ ئەوانەی پاژنە پێیان ناشۆن (لە كاتی دەستنوێژ گرتندا).

(اَسۡتَهۡوَتۡهُ): (أَي: حَمَلَتْهُ عَلَى اتِّبَاعِ الـهَوَى، وَالـهَوَى: مَيْلُ النَّفْسِ إِلَى الشَّهْوَةِ)، (اسْتَهوَتهُ) واتە: وای لێكردوە بەدوای ئارەزوو بكەوێ، (هَوَى) بریتیە لەوەی ئارەزووی ئینسان بەلایدا بچێ، یان ڕوو لە ئارەزوو بكات، هەڵبەتە مەبەست پێی ئارەزووی ناشەرعییە.

---

١) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ بِرقم: (١٦٥)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (٥٧٣)، وَأَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٩٧)، وَالنَّسَائِيُّ بِرقم: (١١١)، وَابْنُ مَاجَهْ بِرقم: (٤٥٥)

(حَيْرَانَ): (حَارَ يَحَارُ حَيْرَةً فَهُوَ حَائِرٌ وَحَيْرَان وَتَحَيَّر وَاسْتَحَار: إِذَا تَبَلَّد فِي الأَمْر وَتَرَدَّد فِيهِ)، (حَيْرَان) واتە: سەرگەردان، سەراسیمە، نەزانێ چی بکاتو ڕوو لە کوێ بکات؟ دەگوترێ: (حَارَ يَحَارُ حَيْرَةً فَهُوَ حَائِرٌ وَحَيْرَان) سەرگەردان بوو، سەرگەردان دەبێ، سەرگەردانە، (تَحَيَّر وَاسْتَحَار) واتە: کاتێك لە شتێکدا عەقڵی کول بێ، نەزانێ چی بکات، وە بکەوێتە دوو دڵییەوە، نەزانێ کارەکە بە کامە لادا بخات؟

(ٱلصُّورِ): (القَرْنُ الَّذِي يَنْفُخُ فِيهِ إِسْرَافِيل)، (صور) لە زۆر شوێنی قورئاندا هاتوە، ئەو بووقەیە کە ئیسراфیل فووی پێدا دەکات، دووجار فووی پێدا دەکات، وەك لە سوورەتی (الزمر)دا هاتوە، فووی یەکەم بوونەوەر هەمووی تێکدەچێ، فووی دووەم ئەوەی خوا بیەوێ لە بوونەوەر هەڵدەستێتەوەو زیندوو دەکرێتەوە، کەواتە: فووی یەکەم بریتیە لە (ساعة)، وە فووی دووەم بریتیە لە (قیامة)، کە زۆر کەس تێکەڵیان دەکات، (ساعة) ئەو کاتەیە کە دنیا تێیدا کۆتایی دێ، وە (قیامة) ئەو کاتەیە کە مردووان هەڵدەستنەوە.

مانای گشتی ئایەتەکان

خوا ﷻ هەر بەردەوامە لەسەر ئاڕاستەکردنی پێغەمبەر ﷺ، وە هەر کەسێك بە شوێن پێغەمبەردا هەنگاو دەنێ، بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەریدا، جا مسوڵمان بن، یان نامسوڵمان، چونکە پێشتر خوای پەروەردگار ڕێنمایی پێغەمبەر ﷺی کرد، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئیمانداراني شوێنکەوتووی دا بکات، ئنجا جارێکی دی دێتە سەر باسی ئەوە کە چۆن مامەڵە بکات لەگەڵ کەسانێکدا کە نەیارو ناحەزی ئیسلامن، وە قسەی پووچو بەلاش دەکەن و قسەی خراپ دەربارەی ئایەتەکانی خواو ئایین و بەرنامەی خواو پێغەمبەر ﷺ دەکەن، چۆنیان مامەڵە لەگەڵدا بکات؟ بەتایبەت لە کۆڕو مەجلیسێکیاندا کە کوفری تێدا دەکرێ، وە پاشان چییان پێ بڵێ؟ ئەم ئایەتانە باسی ئەو بابەتە دەکەن.

سەرەتا خوای بالادەست دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا ﴾، وە هەر کاتێك ئەوانەت بینی کە دەڕژێنە نێو ئایەتەکانی ئێمەوە، لە کوردەواریی خۆماندا دەڵێن: (بە پێی خواسی بەنێو دەکەوێ) واتە: بێئەوەی بەر پێی خۆی ببینێ، بێئەوەی هەق و ناهەق لێك جیابکاتەوە، هەر لەخۆڕا بەنێو دەکەوێ و، قسەی بێ بەڵگە دەکات، ئەگەر ئەو جۆرە کەسانەت بینی، کە قسە بەرانبەر ئایەتەکانی ئێمە دەکەن، وە هەڵوێستی خراپ بەرانبەر ئایەتەکانی ئێمە دەنوێنن، ﴿ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِۦ ﴾، پشتیان تێبکە، واتە: لە کۆڕو مەجلیسیاندا بەشدار مەبە، لێیان نزیك مەبە، وە بە ئەو پشت تێکردن و ئیهمالکردنەت بۆیان بەردەوام بێ، هەتا دەچنە نێو باس و بابەتێکی دیکەوە.

هەڵبەتە ئەوە دەرسێکی گەورەی تێدایە، وەك دوایی باسی دەکەین، کەواتە: مسوڵمان فەرمانی پێنەکراوە، کە لە کۆمەڵگا دابڕێ، بەڵکو دەبێ کارلێکی ئیجابیی لەگەڵ بکات، ئەوەش بەوە دەکرێ کە لێیان نزیك بێ و بەشداریی کۆڕو مەجلیسیان بکەی، بەشداری شین و شاییان بکەی، بەڵام بەشداربوونی مسوڵمان لە بۆنەو بیرەوەریی و شین و شاییان دا، مانای ئەوەنیە کە لەبەرچاوی ئەودا کوفر بکرێ و،

گاڵتە بە ئایینی خوا بکرێ، ئەویش گوێی تەپ بکات! بەڵکو نابێ بەشداری کاری ناهەقو خراپیان بێ، وە ئەگەر لەو جۆرە کۆڕو بۆنانەدا بەشداربێ، دەبێ هەڵوێستی هەبێ بەرانبەر خراپەکانیان، ئێستا بە زۆریی وایە مسوڵمانان تێدەپەڕێنن لە بەشداریی کردنیان لە کۆڕو مەجلیسی ئەهلی کوفردا، دوایی چی بکرێو چی بگوترێ، هەر خۆی بێدەنگ دەکات، خۆی مات دەکات، زۆر کەس خۆی بە مسوڵمانی باش دەزانێ، شێخە، مەلایە، بە خۆیو بە کوڵێك ریشەوە دانیشتوە لە کۆڕێك دا، لە پێش چاوی ڕەشبەڵەك دەکرێ، شیعر دەخوێنرێتەوە، کوفری تێدایە، ئەویش دانیشتوەو گوێی تەپ کردوە، ئنجا کە لەوبارەوە پێی دەگوترێ، دەڵێ: ئەدی چۆن مسوڵمان دەبێ لەگەڵ کۆمەڵگاو خەڵکدا گونجاو بێ ! دەبێ مودارا بکەین، باشە، گوتمان مودارا بکە، بەڵام ئەگەر ناهەقیی بکرێو کوفر بکرێو، تۆش بێدەنگ بی ئەوە موداهەنەیە، مودارا ئەوەیە تۆ فشار لە خۆت بکەی بۆ سەلامەتیی ئایینت، بەڵام تۆ فشار لە ئایینەکەت کردوە، بۆ بەرژەوەندیی‌و سەلامەتیی خۆت!!

ئنجا کەسی واش هەیە بە بارەکەی دیکەدا کورتی دێنێ، چی دەکات؟ لە کۆمەڵگا دادەبڕێ، ئاخر تۆ کە لە خەڵك دابڕای، هیچت بۆ ناکرێ، بۆیە خوا دەفەرموێ: ئەگەر ئەوانەت بینی کە دەڕژێنە نێو ئایەتەکانی ئێمەوە، بە کوفرو گاڵتە پێکردن‌و هەڵوێستی نەرێنیی، پشتیان تێبکە، هەتا دەچنە نێو باس‌و بابەتێکی دیکەوە، واتە: دوای ئەوەی چوونە نێو باس‌و بابەتێکی دیکەوە، بچۆوە نێویان‌و بەشدارییان لەگەڵدا بکە، ﴿ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَلَا تَقۡعُدۡ بَعۡدَ ٱلذِّكۡرَىٰ مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، وە ئەگەر شەیتان لە بیری بردیەوە، ئەوە لە دوای وەبیرهاتنەوە، لەگەڵ کۆمەڵی ستەمکاراندا دامەنیشە.

ئەمە لێی وەردەگیرێ کە شەیتان جاری وایە مرۆڤ بێئاگا دەکات، وە شت لەبیر مرۆڤ دەباتەوە، بەڵام ئایا شەیتان توانیویەتی شت لەبیر پێغەمبەر ﷺ بەرێتەوە؟ دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین.

پاشان خوا باسی پارێزکاران‌و ئیماندارنێك دەکات، کە جاری وایە خزمایەتیی‌و نزیکییان هەیە لەگەڵ ئەوانەدا، دەفەرموێ: ﴿ وَمَا عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَّقُونَ مِنۡ حِسَابِهِم مِّن

شَىۡءٍ ﴾، وە ئەوانەی پارێز دەکەن، هیچ لە لێپرسینەوەی ئەو کافرانە، لەسەر ئەوان نیە، هەر لەبەرئەوەی خزمیەتی، یان لەبەرئەوە کە دوێنی بەیەکەوە دانیشتوون، بەلاّم ئەمڕۆ کوفری کردوە، ئێستا کوفرەکەی ناکەوێتە سەر وی، هەر لەبەرئەوەی لێی نزیکە، یان خزمیەتی، یان بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان بەشداریی ژیانو گوزەرانیان دەکەن، ﴿ وَلَٰكِن ذِكۡرَىٰ لَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ﴾، بەلاّم پێویستە هەمیشە بیریان بخەنەوەو لەسەر هەڵوێستی دڵسۆزانەی خۆیان، بەرانبەریان بەردەوام بن، بەڵکو پارێز لە خوا بکەنو، واز لەو کوفرو شیرکە بێنن.

واتە: ئەگەر ئەهلی تەقوا بە هاندەری ئەوە لەگەڵ ئەهلی کوفر تێکەڵ دەبن، کە ئامۆژگارییان بکەن، بەڵکو بیانگێڕنەوە، ئەوە قەیناکات، بەلاّم نابێ لە کاتێکدا کە ناهەقیی دەڵێن: بێدەنگ بن، دەبێ هەڵوێستیان هەبێ، ئەگەرنا کە پێویستیی کرد، بمێننەوە لە کۆڕو مەجلیسەکەیاندا، مادام ئامانجیان گۆڕانکاریی تێدا کردنیانو چاکردنیانو ئامۆژگاریی کردنیان بێ، گوناهبار نابن، ئەگەر بە هەڵوێستەوە بمێننەوە.

جا بۆیە قورئان دەبێ چاکی لێ وردببینەوە، ئەگەرنا دوایی هەر بۆخۆمان، خۆمان عاسیێ دەکەینو، سەر لە خۆمان دەشێوێنین.

بۆ وێنە: نەصرانییەکانی نەجران هاتنە لای پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوت، یانی: لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ دەیانگوت: عیسا عليه السلام کوڕی خوایە! وەك (القرطبي) لە تەفسیرەکەی دا، ئەم دەقەی هێناوە، دەڵێ: « ﴿ إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ۝٥٩ ﴾، نَزَلَتْ هَذِهِ الآيَة بِسَبَبِ وَفْدِ نَجْرَان حِينَ أَنْكَروا عَلَى النَّبِيّ ﷺ قَوله: إنَّ عِيسَى عَبدُ اللهِ وَكَلِمَتُهُ، فَقَالُوا: أَرِنَا عَبْدَاً خُلِقَ مِنْ غَيْرِ أَبٍ، فَقَالَ لَهُم النَّبِيّ ﷺ: «آدَمَ مَنْ كَانَ أَبُوهُ؟ أَعَجِبْتُم مِن عِيسَى لَيْسَ لَهُ أَبٌ؟ فَآدَمُ عليه السلام لَيسَ لَهُ أَبٌ وَلاَ أُمٌ!» » واتە: ئەم ئایەتە بەهۆی شاندیی نەجرانەوە هاتە خوار، کە نکووڵییان کردو، ڕەخنەیان گرت لەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرمووی: عیسا بەندەی خوایەو وشەی خوایە، (واتە: بە وشەی

خوا دروست بووە)، گوتیان: بەندەیەکمان پێ پێشان بدە، کە بەبێ باب دروست بووبێو لەدایك بووبێ ! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەدی بابی ئادەم کێیە؟ ئایا سەرسام دەبن بەوە کە عیسا بابی نیە، بەڵام سەرسام نابن، کە ئادەم نە بابی هەیە، نە دایك؟

کەواتە: ئەو قسە پووچو بەلاشانە، هەموویان لە مزگەوتی پێغەمبەردا ﷺ کراون، پێغەمبەر ﷺ خواش لەوێ بووەو، هاوەڵانی بەڕێزیش لەوێ بوون، کە دیارە ئەوە کوفرە بە ئایەتەکانی خوا، وە شیرکە، ئەدی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆچی لەوێ بووە؟ چونکە هەڵوێستی هەبووە، هەروەها بۆئەوەی ئامۆژگارییان بکات، تاکو دەست هەڵبگرن لەو بیرۆکە پووچەی خۆیان، کەواتە: ئەم ئایەتەی دووەم، باسی ئەوە دەکات کە ئەگەر تۆ بە هەڵوێستەوە لە شوێنێك بووی، لە کۆڕێك دا بووی، مادام هەڵوێستت هەبووەو، بە ئامانجەوە لەوێ بووی، کوفرەکەی ئەوان زیانی بۆ تۆ نیە، بەڵام ئەگەر بەبێ هەڵوێستیی بەشداربی، مانای وایە پێی ڕازی، بەتایبەتی زۆرجار بێدەنگیی بەڵگەیە لەسەر ڕازی بوون.

پاشان دەفەرموێ: ﴿ وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمْ لَعِبًا وَلَهْوًا وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ﴾، وە واز لەوانە بێنە کە ئایینەکانیان کردوە، بە مایەی یاریی و گەمەو کات پێ بەسەربردن، وە ژیانی دنیا فریوی داون، واتە: ئەوانە کە تێیاندا گەیشتیە قەناعەت، کە هەر لەسەر وەزعی خۆیان بەردەوامن، لێیانگەڕێ، واتە: کاتیان پێوە بەفیرۆ مەدە، ئەوەش ڕێنماییەکی زۆر گرنگە، کە تۆ دەزانی ئەو کەسە هیچی لێ سەوز نابێ، دارێك ناخاتە سەر بەردێك: جارێك، دوو، سێ، دە، ئیدی کاتی خۆتی پێ بەفیرۆ مەدە، وەك لە سوورەتی (النجم)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ فَأَعْرِضْ عَن مَّن تَوَلَّىٰ عَن ذِكْرِنَا وَلَمْ يُرِدْ إِلَّا ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿٢٩﴾ ﴾، واتە: پشت لەو کەسە بکە، کە پشتی لە ئایەتەکانمانو لە بەرنامەی ئێمە کردوەو، تەنیا ژیانی دنیای دەوێ، وێڵی بکە، کە دەزانیو تێیدا گەیشتوویە قەناعەت، سوودی نیە، زەوییەك مەکێڵە، کە هیچ سەوز نەکات، ئەدی چی بکات؟ ﴿ وَذَكِّرْ بِهِۦٓ أَن تُبْسَلَ نَفْسٌۢ بِمَا كَسَبَتْ لَيْسَ لَهَا

مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ ﴾، بەڵام بەم قورئانە بیر کەسێك بخەوەو، ئامۆژگاریی کەسێك بکەو وریای بکەوە، کە مەترسیی ئەوەی هەیە، بەهۆی کردەوە خراپەکانییەوە، تووشی نا ئومێدیی ببێ، یاخود تووشی سزاو جەزرەبەی خوای دادگەر بێ، کە جگە لە خوا هیچ سەرپەرشتیارێك‌و هیچ تکاکارێکی نیە، ﴿ وَإِن تَعۡدِلۡ كُلَّ عَدۡلٖ لَّا يُؤۡخَذۡ مِنۡهَآ ﴾، وە ئەگەر هەر قەرەبوویەك بدات، لێی وەرناگیرێ.

مانای ئەم ئایەتە موبارەکە ئەوەیە: ئەوانە کە تێیاندا گەیشتوویە دڵنیایی کە سوودی نیەو، گوێت بۆ ناگرن‌و لێت وەرناگرن، واز لەوان بێنە، بەڵام بەگشتی لەسەر ئامۆژگاریی کردنی خۆت‌و وریاکردنەوەی خۆت، هەر بەردەوام بەو لەگەڵ خەڵکی دیکەدا بەردەوام بە، دوایی دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ أُبۡسِلُواْ بِمَا كَسَبُواْ ﴾، ئەوانە کەسانێکن بەهۆی کردەوەکانیانەوە تووشی، ئەوە بوون کە تەسلیمی سزا بکرێن‌و نائومێد بوون‌و گەیشتوونە بنبەست‌و تەمابڕاو بوون.

ئنجا ئایا ئەوانە لە دۆزەخ دا خواردن‌و خۆراکیان چۆنە؟ دەفەرموێ: ﴿ لَهُمۡ شَرَابٞ مِّنۡ حَمِيمٖ وَعَذَابٌ أَلِيمُۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡفُرُونَ ﴾، خواردنەوەیان هەیە لە ئاوی داغ‌و کوڵاو، وێڕای ئەوەش ئازارێکی بەئێشیان هەیە، سزایەکی بەئێشیان هەیە، بەهۆی ئەوەوە کە بێبڕوابوون.

ئنجا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: پرسیارێك ئاڕاستەی ئەو هاوبەشپەرستانە بکە، کە ئەگەر لێی وردبنەوە، دەبێ زۆر ڕایان بچڵەکێنێ، ﴿ قُلۡ أَنَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا ﴾، بڵێ: ئایا لە جیاتی خوا لە شتانێك بپاڕێینەوە، چونکە: (ما) هەم بۆ خاوەن عەقڵان‌و، هەم بۆ ئەوانەش کە عەقڵ‌و شعووریان نیە، بەکاردێ، بەڵام زیاتر بۆ ئەوانەیە کە عەقڵ‌و شعووریان نیە، بۆیە من گوتوومە: شتانێك نەك کەسانێك، ئنجا ئەو شتە: بتە، صەنەمە، مرۆڤە ... هتد، بڵێ: ئایا لە جیاتی خوا لە شتانێك بپاڕێینەوە، کە نە سوودمان پێدەگەیەنن، نە زیانمان لێدەدەن،

﴿ وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعۡقَابِنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ ﴾، وە ئایا لەسەر پاژنە پێیەکانمان هەڵگەڕێینەوەو بەرەو دواوە بچینەوە، دوای ئەوەی خوا ڕێنمایی کردووین؟ واتە: دوای ئەوەی کە خوای پەروەردگار قورئانی بۆ ناردووین، وە پێغەمبەری بۆ ناردووین؟ چونکە کەسێك پاش وەرگرتنی هیدایەتی خوا، وازی لێ بهێنێو دەستبەرداری ببێ، وەك ئەوە وایە: پاشەوپاش بەرەو دواوە گەڕابێتەوە.

دوایی وێنەیەك دێنێتەوە بۆ ئەوانەی هیدایەتی خوا ڕەفز دەکەن، دەفەرموێ: ﴿ كَٱلَّذِى ٱسۡتَهۡوَتۡهُ ٱلشَّيَٰطِينُ فِى ٱلۡأَرۡضِ حَيۡرَانَ ﴾، وەك کەسێك کە شەیتانەکان لە زەویدا سەرگەردانیان کردوە، دیارە زانایان دەربارەی ئەم ئایەتە مشتومڕیان هەیە، دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا بە تەفصیل باسی دەکەین، دەفەرموێ: ﴿ لَهُۥٓ أَصۡحَٰبٌ يَدۡعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلۡهُدَى ٱئۡتِنَا ﴾، هەندێ هاوەڵو برادەری هەن، بانگی دەکەن بەرەو ڕێنماییو بۆ لای ڕێی ڕاست، دەڵێن: وەرە بۆ لای ئێمە ! تۆ لارێ ڕۆیشتوویو، هەڵە بووی، وەرەوە سەر ڕێ! کەچی بەدەنگیانەوە نایەت، ﴿ قُلۡ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلۡهُدَىٰ ﴾، بڵێ: ڕێنمایی خوا هەر ئەوە ڕێنماییە، هەر ڕێی ڕاستی خوا، ڕێیە، ﴿ وَأُمِرۡنَا لِنُسۡلِمَ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، وە فەرمانمان پێکراوە کە ملکەچ بین بۆ پەروەردگاری جیهانییەکان، ﴿ وَأَنۡ أَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّقُوهُ ﴾، وە فەرمانمان پێکراوە کە نوێژ بەرپا بکەینو پارێز لە خوا بکەین، ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ﴾، وە فەرمانیشمان پێکراوە کە بزانین: هەر بۆ لای خوا کۆدەکرێینەوەو خڕدەکرێینەوە، لە ڕۆژی دوایی دا بۆ لێپرسینەوەو پاداشتو سزا.

ئنجا لە کۆتایی دا خوا ﷻ بە چەند وەسفێکی گەورە، پێناسەی خۆی دەکات، بۆئەوەی بێبڕوایان لە بەرانبەر ئەو خوایە بەرزو مەزنەدا، کە خاوەنی ئەو وەسفانەیەو، خاوەنی ئەو کردەوانەیە، شەرم بکەن، تاکو ئەگەر ڕێزو شەرمو

خۆشەویستیشی ناچێتە دڵیان، با سامو ترسو هەیبەتی بچێتە دڵیان، وە ترسیان هەبێ کە ئەو خوا بەرزو مەزنو باڵادەستە، دەتوانێ دوایی سزایان بدات، دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ﴾، وە خوا ئەو کەسەیە کە ئاسمانەکانو زەوی بە هەق دروست کردوون، واتە: ئێوە وامەزانن هەروا هاتوونە ژیانی دنیاو، کەس لێتان ناپێچێتەوە، ئەم بوونەوەرە بە هەق دروست بووە، ئێوەش لەسەر ئەم خڕۆکەی زەوییە، بە هەق دانراون، بۆ جێنشینایەتیی خوا، وە لەژێر تاقیکردنەوە دان، واتە: دەبێ لێپرسینەوەو پاداشتو سزا هەبێ، ﴿ وَيَوْمَ يَقُولُ كُن فَيَكُونُ قَوْلُهُ ٱلْحَقُّ ﴾، وە قسەو فەرمایشتی خوا هەقە، کاتێك لەو ڕۆژەدا دەفەرموێ: ﴿ كُن فَيَكُونُ ﴾، ببە، یەکسەر هەر شتێك کە بیەوێ ببێ، دەبێ، کە شتەکان ئەوەندە خێرا دەبن، لە عەقڵو تەصەووری ئێمەدا جێی نابێتەوە، ﴿ وَلَهُ ٱلْمُلْكُ يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ ﴾، وە ئەو ڕۆژەش کە فوو بە کەڕەنادا دەکرێ، موڵك هەر هی ئەوە، ﴿ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ﴾، زانای پەنهانو ئاشکرایە، دەزانێ بە پەنهانیی چیتان کردوەو، بە ئاشکراش چی دەکەن، ﴿ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ﴾، وە خوا کاربەجێی شارەزایە، کەواتە: خوایەك خاوەنی ئەو سیفەتانە بێ، شایستەیە کە هەر ئەو بپەرسترێ، وە هەندێك لە دروستکراوەکان نەهێنرێنە ڕیزی ئەو، لە پەرستران دا.

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا۟ فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦ ۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيْطَٰنُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ ٱلذِّكْرَىٰ مَعَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، دیارە ئەم ئایەتە دەبێ توێژینەوەیەکی باشی لەسەر بکەین، کە بە هەمان چەمك، بە تۆزێك جیاوازیی، لە ئایەتی ژمارە (١٤٠)ی سوورەتی (النساء)یشدا هاتوە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِى ٱلْكِتَٰبِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا۟ مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا۟ فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦٓ ۚ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ جَامِعُ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْكَٰفِرِينَ فِى جَهَنَّمَ ﴾، واتە: وە پێشتر لە کتێبدا بۆتان دابەزێنراوە، کە هەر کات بیستتان ئایەتەکانی خوا کوفریان پێدەکرا و گاڵتەیان پێدەکرا، ئەوە (لەو کۆڕو شوێنە) لەگەڵیاندا (واتە: لەگەڵ بێبڕواو دەغەڵاندا) دامەنیشن، هەتا دەچنە نێو باسێکی دیکەوە، ئەگەرنا ئێوەش وەك وان دەبن (لە گوناهو حوکم دا)، بێگومان خوا کۆکەرەوەی تێکڕای مونافیقو کافرەکانە لە دۆزەخدا.

بۆیە لە (النساء)دا دەفەرموێ: ﴿ وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِى ٱلْكِتَٰبِ ﴾، چونکە سوورەتی (الأنعام) سوورەتێکی مەککەییە، سوورەتی (النساء) مەدینەییە، واتە: ئەمە ئاماژەیە بەو ئایەتەی سوورەتی (الأنعام)، ئنجا کاتێك ئێمە ئەم دوو ئایەتە پێکەوە بەراورد دەکەین، چەند ڕاستییەکمان بۆ دەردەکەون:

نۆ (٩) ڕاستیی کە لەو دوو ئایەتە وەردەگیرێن

ڕاستیی یەکەم: قورئانی مەککەییو مەدینەیی، تێکهەڵکێشو ئاوێتەی یەکدین، ئەم ئایەتەی سوورەتی (الأنعام) لە مەککە هاتۆتە خوار، ئەم ئایەتەی سوورەتی (النساء)یش لە مەدینە، کە کاتی هاتنەخوارەوەی (الأنعام) ساڵی نۆیەم یان دەیەمی پێغەمبەرایەتیی، کەچی لە سوورەتی (النساء)دا لە مەدینە ئاماژەی پێدەکاتەوە، کەواتە: ئایەتو سوورەتە مەککەییو، مەدینەییەکان هەموویان تێکهەڵکێشو ئاوێتەی یەکدین.

ڕاستیی دووەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا ﴾، یانی چی؟ لە سوورەتی (النساء)دا ئەو ئایەتەمان بۆ تەفسیر دەکات، دەفەرموێ: ﴿ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا ﴾، واتە: هەر کات بیستتان ئایەتەکانی خوا، کوفریان پێدەکراو گاڵتەیان پێدەکرا، کەواتە: دەڕژانە نێو ئایەتەکانمان ﴿ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا ﴾، یانی: ﴿ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا ﴾، واتە: کوفریان پێدەکراو گاڵتەیان پێدەکرا.

ڕاستیی سێیەم: دروست نیە مسوڵمان لە کۆڕی کوفرو گاڵتەکردن بە ئیسلام دا دابنیشێ، واتە: بەبێ هەڵوێست دابنیشێ، من لە کتێبی (دەبەرێك ڕاچوونی ئیسلامو ڕێچکان) و (سۆزی نەتەوایەتیی)دا باسی چەند موناقەشەیەکی خۆمم کردوە، لەگەڵ کەسانی مولحیدو کافردا، کابرا دانیشتوەو گاڵتەی بە ئیسلام کردوەو کوفری بە ئایەت کردوە، منیش لەگەڵی دانیشتووم و موناقەشەم لەگەڵ کردوە، بەڵام بۆیە دانەنیشتووم، تاکو گوێی بۆ تەپ بکەمو بێدەنگ بم، بەڵکو دەنیشتووم، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَٰكِن ذِكْرَىٰ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴾، بیری بخەمەوەو ئامۆژگاریی بکەم، بەڵکو پارێزی پەیدابێو خۆ بپارێزێ، لە

سزای خوا، کەواتە: دروست نیە مرۆڤ لە کۆڕو مەجلیسی کوفرو گاڵتەکردن بە ئیسلام دا دابنیشێ، مەگەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو چارەسەرکردنو بانگکردنیان.

ڕاستیی چوارەم: بەڵام دروستە لە کۆڕو مەجلیسی کافرانی دیکەدا دابنیشی، با مەبەستیشت بانگەواز نەبێ، بۆ وێنە: هەڵسوکەوتێکی سیاسییە، کاروبارێکی بازرگانییو مامەڵەیەکە، خزمایەتییەکە، شینو شاییەکە، دراوسێیەتییە، لەو حاڵەتانەدا دروستە دابنیشی، مەرجیش نیە کە هەر بانگیان بکەی بۆ ئیسلام، جاری وایە دەرفەتەکە وانیە، بۆیەش وا دەڵێم، چونکە کەسێك ئەگەر لە ئایەتەکان وردنەبێتەوە، وادەزانێ کە گەیشتە هەر کافرێك، یان دەبێ بانگی بکات، یان نابێ سەلامی لێبکات! نەخێر وانیە، خوا دەفەرموێ: ئەگەر گاڵتەیان بە ئایەتەکانی خوا کردو کوفریان کرد، لەگەڵیان دامەنیشن، بەڵام ئەگەر گاڵتەو کوفریان بە ئیسلام نەکرد ، دروستە لەگەڵیان دابنیشی، هەروەها ئەگەر کوفرو گاڵتەشیان کرد هەر دروستە لەگەڵیان دابنیشی، بۆئەوەی بانگیان بکەیو ئامۆژگارییان بکەی.

ڕاستیی پێنجەم: ئەگەر کەسێك بە هەڵە ڕێی کەوتە نێو کافرانو، گاڵتەیان بە دینی خوا دەکرد، ئەویش بێئاگا بوو، ئەوە گوناهی ناگاتێ.

ڕاستیی شەشەم: خوا دەربارەی لەبیرچوونەوەو چوونە کۆڕی کافران، فەرموویەتی: ﴿وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيْطَٰنُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ ٱلذِّكْرَىٰ﴾، واتە: ئەگەر شەیتانیش لەبیری بردیەوە، ئەوە پاش وەبیرهاتنەوە، لەگەڵ کۆمەڵی ستەمکاران دا دامەنیشە، کەواتە: دوای وەبیرهاتنەوە دامەنیشە، ئەدی پێش وەبیرهاتنەوە، کە دانیشتووی؟ گوناهبار نابی، چونکە لەبیرت نەبووە.

ڕاستیی حەوتەم: دەگونجێ شەیتان شتمان لەبیر بەرێتەوە، خوا لە سوورەتی (الكهف)دا لەسەر زمانی هاوەڵەکەی مووسا دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيْطَٰنُ أَنْ أَذْكُرَهُۥ ۚ وَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ فِى ٱلْبَحْرِ عَجَبًا ﴿٦٣﴾﴾، واتە: وە تەنیا شەیتان لەبیری بردمەوە، کە یادی بکەم، کەواتە: دەگونجێ شەیتان شت لەبیری ئینسان بەرێتەوە.

ڕاستیی هەشتەم: لە ئایەتە مەککەییەکاندا بەس نەهی کراوەو دەفەرموێ: دامەنیشە لە کاتێکدا کوفر دەکرێو گاڵتە بە ئایەتەکانی خوا دەکرێ، بەڵام لە ئایەتە مەدینەییەکەدا، سزاش دیاریی کراوە، لە ئایەتە مەککەییەکەدا بەس دەفەرموێ: ﴿ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ ﴾، ئیدی باس نەکراوە، ئەگەر دابنیشن چی دەبێ، بەڵام ئایەتەکەی سووڕەتی (النساء) لە مەدینە هاتۆتە خوار، کە یاسا شەرعییەکان هەموویان لە مەدینە هاتوونە خوار، ئنجا لەوێ دەفەرموێ: ﴿ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ ﴾، واتە: ئەگەر دابنیشن، ئێوەش وەك وان دەبن (لە گوناهو حوکم دا)، (ئەم سزایە سزای دنیاو دواڕۆژە)، بێگومان خوا کۆکەرەوەی تێکڕای مونافیقو کافرەکانە لە دۆزەخدا، کەواتە: کەسێك لە کۆڕو مەجلیسی کافراندا دابنیشێو گوێ تەپ بکات، زۆر نزیکە لە ڕیزی مونافیقاندا بێ، ئەگەر کافرێکی بە ئاشکراش نەبێ، کافرێکی پەنهانە، مسوڵمانێکی بە ڕواڵەت مسوڵمانە، ئەگەرنا چۆن لە شوێنێك دادەنیشێ، کوفر بە ئایەتەکانی خوا بکرێ، بەبێ هەڵوێستیی؟ بەڵکو جاری وایە ڕەنگە بە دەمیشیانەوە پێبکەنێو، سەریشیان بۆ بلەقێنێ!! دیارە ئەو جۆرە کەسە پێی ناگوترێ مسوڵمانو، نیشانەی پرسیار دەکەوێتە سەر مسوڵمانەتییەکەی.

دەگونجێ پێغەمبەری خوا ﷺ شتی لەبیر بچێ ؟

ڕاستیی نۆیەم: دەگونجێ پێغەمبەریش ﷺ شتی لەبیر بچێتەوە، جا بۆ زانیارییتان شیعە دەڵێن: نابێو ناگونجێ هەرگیز پێغەمبەر ﷺ هیچی لەبیر بچێ، نەك هەر ئەو، بەڵکو نابێ ئیمامەکانیش هیچیان لەبیر بچێ، واتە: لەوبارەوە وەك خوا تەماشایان دەکەنو، سیفەتی خوایان دەدەنە پاڵ !! وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴿٦٤﴾ ﴾مریم، واتە: پەروەردگارت شتی لەبیر ناچێ، شیعە ئەم سیفەتەیان بۆ پێغەمبەرو بۆ ئیمامەکانیش داناوە !

بە خوا ڕەنگە دووبەشیش کە بۆ پێغەمبەریان داناوە، مەبەستیان ئەوە بووبێ کە بڵێن: ئیمامەکانیش پارێزراون، چونکە ناگونجێ بڵێن: پێغەمبەر ﷺ شتی لەبیر دەچێتەوە، بەڵام ئیمامەکان شتیان لەبیر ناچێتەوە ! کە بە دڵنیایی ئەو قسەیەی وان، شتێکی پووچو بێ بنەمایە، چونکە مرۆڤە مرۆڤە، ئنجا با چەند بەڵگەیەك بێنینەوە لەسەر ئەوە کە دەگونجێ پێغەمبەری خوا ﷺ شتی لەبیر چووبێتەوە:

١) ئەم ئایەتە ڕاستەوخۆ بە ڕوونو ڕاشکاویی پێغەمبەری خوا ﷺ دەدوێنێ، دەفەرموێ: ﴿وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَلَا تَقۡعُدۡ بَعۡدَ ٱلذِّكۡرَىٰ﴾، واتە: ئەگەر شەیتانیش لەبیری بردیەوە، کەواتە: دەگونجێ شتی لەبیر بچێتەوە.

٢) هەروەها خوا ﷻ لە سووڕەتی (الكهف)دا زۆر بە ڕوونتر باسی ئەوە دەکات، کە پێغەمبەری خوا ﷺ شتی لەبیر چۆتەوە، کاتێك کە هاوبەشدانەرەکانی مەککە دەچن بۆ لای جوولەکەکانی مەدینە، پێیان دەڵێن: کەسێك لەنێو ئێمەدا پەیدابووە بە ناوی موحەممەد، دەڵێ: من پێغەمبەری خوام، پێمان بڵێن: چۆنی مامەڵە لەگەڵ بکەین؟ جوولەکەکانیش دەڵێن: سێ پرسیاری لێبکەن، ئەگەر پێغەمبەر بێ دەیانزانێ، ئەگەر پێغەمبەریش نەبێ نایانزانێو، بۆتان دەردەکەوێ داخۆ ڕاست دەکات، یان درۆ دەکات، (حاشای پێغەمبەری خوا ﷺ)، دەڵێن: باشە، وە پرسیارەکانی لێدەکەن :

یەکەم: دەربارەی هاوەڵانی ئەشکەوت (أصحاب الكهف).

دووەم: دەربارەی زولقەرنەین.

سێیەم: دەربارەی ڕووح.

پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرموێ: ﴿أُخْبِرُكُمْ بِمَا سَأَلْتُمْ عَنْهُ غَداً﴾، واتە: بەیانی هەواڵتان پێدەدەم دەربارەی ئەوەی پرسیارتان کرد، ﴿وَلَمْ يَسْتَثْنِ﴾[1]، واتە: ئەگەری تێنەخست، یانی: نەیگوت: (إِنْ شَاءَ اللّٰه).

---

١) أَخْرَجَهُ الطَّبَرِيُّ برقم: (٢٢٨٦١)، والسيوطي في لباب النقول برقم: (٦٧٧)، وإبن هشام في السيرة ج١، ص٢٣٥، ٢٤٤، والبيهقي في "الدلائل" ج٢، ص٢٦٩، ٢٧١، الإستيعاب في بيان الأسباب ج٢، ص٤٧، قلنا: وسنده ضعيف.

ئنجا خوای کاربەجێ، لەبەرئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ پلەو پایەی هێندە بەرز بووە، شتی زۆر بچووکیشی لەسەر حیساب کردوە، وەك ئێمە نەبووە، ئێمە گوناهی گەورەش دەکەین، خوا لەگەڵمان بە کەرەمەو جاری وایە، زۆر لەسەرمان حیساب ناکات، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ پایەکەی هێندە بەرز بووە، شتی زۆر بچووکیشی بە گەورە بۆ حیساب بووە، بۆیە چونکە نەیفەرموو: (إِنْ شَاءَ الله) خوا ماوەیەك وەحی ڕاگرتو قورئان نەهاتە خوار، هەندێك دەڵێن: مانگێك بووە، هەندێك دەڵێن: چل شەو بووە، هەندێك دەڵێن: دوو مانگ، هەندێك دەڵێن: بیست شەو، هەندێك دەڵێن: دە شەو، بە هەر حاڵ ماوەیەك وەحی نەهات، گرنگ ئەوەیە بۆ بەیانی کە بەڵێنی پێدابوون، وەحی نەهات، جا ئەگەر وەحی نەیەت چۆن وەڵامیان بداتەوە، تاکو خوا پێی نەفەرموێ، بۆخۆی نازانێ‌و شتێکی پەنهان (غیب)ە، جا کافرەکان لەوبارەوە شەڕێکی دەروونییان بەرپاکرد دژی پێغەمبەری خوا ﷺ، گوتیان: ئەوە دەرکەوت کە پێغەمبەری خوا نیە، چونکە وەڵامی پرسیارەکانی نەزانی !

ئنجا بەو هۆیەوە ئەم دوو ئایەتە هاتنە خوار، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَقُولَنَّ لِشَاْىۡءٍ إِنِّي فَاعِلٞ ذَٰلِكَ غَدًا ﴿٢٣﴾ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُۚ وَٱذۡكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ وَقُلۡ عَسَىٰٓ أَن يَهۡدِيَنِ رَبِّي لِأَقۡرَبَ مِنۡ هَٰذَا رَشَدٗا ﴿٢٤﴾ ﴾الكهف، وە لە درێژەی ئەوەدا، خوای زانا بۆی باسی هاوەڵانی ئەشکەوت کرد، وە باسی (ذو القرنین)یشی کرد، وە لە سوورەتی (الإسراء)دا وەڵامی پرسیاری ڕووحیشی دایەوە، فەرمووی: ﴿ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنۡ أَمۡرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٨٥﴾ ﴾، وەڵامی هەرسێکیانی دایەوە، دوایی خوای کاربەجێ ئامۆژگاریی کردو فەرمووی: بە هیچ شتێك مەڵێ: بەیانی دەیکەم، مەگەر بڵێی: ئەگەر خوا بیەوێ، وە یادی پەروەردگارت بکەوە، هەرکات لەبیرت چۆوە، ئەگەر شتێکت لەبیرچوو، یان پەروەردگارت لەبیرت چوو، (شەیتان بێئاگای کردی، لەو کاتەدا یەکسەر یادی بکەوە) بڵێ: بەڵکو

پەروەردگارم بۆ نزیکتر لە ڕێی ڕاست، لەمەودوا هیدایەتم بداو ڕێنماییم بکات، (کە جارێکی دی ئاوا نەکەم، شتێك کە زانیاریم پێی نەبێ، قسەی لێنەکەمو بەڵێن نەدەم).

٣) وە ڕۆشنتر لەوانەش ئەم فەرمایشتەیە: کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویٚ: ﴿إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ أَنْسى كَمَا تَنْسَوْنَ، فَإِذَا نَسِيتُ فَذَكِّرُونِي﴾[1]، واتە: بێگومان منیش بەشەرێکم وەك ئێوە، شتم لەبیر دەچێ، وەك چۆن ئێوە لەبیرتان دەچێ، ئەگەر لەبیرم چوو، بیرم بخەنەوە.

ڕۆژێك پێش نوێژی کردوە، لێی ئاڵقاوەو هەڵەی کردوە، یەکێك لە هاوەڵان بیری خستۆتەوەو پێی گوتوە، ئەویش فەرموویەتی: لەبیرم چوو، وەك لە (صحيح البخاري)دا هاتوە.

٤) هەروەها هەر لەوبارەوە ئەم فەرمایشتەش هەیە: ﴿عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: سَمِعَ النَّبِيُّ ﷺ رَجُلاً، يَقْرَأُ فِي الْمَسْجِدِ، فَقَالَ: يَرْحَمُهُ اللهُ لَقَدْ أَذْكَرَنِي كَذَا وَكَذَا آيَةً، مِنْ سُورَةِ كَذَا﴾[2]، واتە: دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەگێڕێتەوە، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ گوێی لە پیاوێك بوو قورئانی دەخوێند لە مزگەوت، فەرمووی: خوا بەزەیی پێیدا بێتەوە، فلاّن ئایەتو فلاّن ئایەتی لە فلاّن سوورەت بیرهێنامەوە.

دیارە ئەو کاتە ئایەتەکانی لەبیر نەبوونو لەبیری چوونەوە.

٥) لە چەند شوێنێکی قورئان دا، خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر دەفەرمویٚ:

﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ ﴾، واتە: بڵێ: بێگومان منیش بەشەرێکم وەك ئێوە، کەواتە: ئەویش شتی لەبیر دەچێ، تووڕە دەبێ، پێدەکەنێ، دڵخۆش دەبێ، خەمی دەبێ، ماندوو دەبێ، نەخۆش دەبێ ... هتد، بەلاّم ئەوەندەیە وەحی بۆ دێو پێغەمبەری خوایە، ئەگەرنا بەشەرە وەك ئێمە، واتە: ئەو شتانەی بەشەر

---

١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (٤٠١)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٥٧٢)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (١٠٢٠)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (١٢٤٢)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (١٢١١).

٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (٤٧٥٠).

بەسەری دێن، بەسەر ئەویشدا دێن، وەك خواردنو خواردنەوەو، سەرماو گەرما، کەواتە: ئەو قسەیەی شیعە دەیکەن قسەیەکی پووچو بێ بنەمایە.

مەسەلەی دووەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَّقُونَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَلَٰكِن ذِكْرَىٰ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴾ وە ئەوانەی پارێز دەکەن، بەهۆی کردەوەی خراپی بێبڕوایەکانەوە، بەرپرسیار نابنو لێپرسینەوەیان لەگەڵ ناکرێ، بەڵام پێویستە بیریان بخەنەوەو ئامۆژگاریی یان بکەن، بەڵکو خۆیان (لە سزای خوا) بپارێزن.

کەواتە: ئەگەر مسوڵمانانی بەشدار لە کۆڕو کۆبوونەوەی بێبڕوایەکان دا، بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵسن بەرانبەریان، کە بریتیە لە بیرخستنەوەو ئامۆژگاریی یان، ئەوە هیچ گوناهبار نابن، بەهۆی تێکەڵیی کردنیانو، بەشداریی کردنیان لە کۆڕو کۆبنەوەکانیان دا.

ئنجا ئەم ئایەتە لێی وەردەگیرێ کە:

١/ ئەگەر بێتو بڕوادارانی بەشدار لە بۆنەو کۆڕی کافرەکان دا، بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵنەستن، دروست نیە بەشداریی یان بکەن.

٢/ هەروەها لەم ئایەتە موبارەکە وەردەگیرێ، کە خوای بە بەزەییو بەخشندە چەندە لێبوردەیە بەرانبەر بە کافرو هاوبەشدانەرەکان، کە لەسەر بڕوادارنی بە مەرج گرتوە دەبێ: ئامۆژگاریی یان بکەنو بیریان بخەنەوەو کوفرو شیرکەکەیان نەکەنە بیانووی پشتگوێ خستنیانو کەمتەرخەمیی بەرانبەریان!

مەسەلەی سێیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمْ لَعِبًا وَلَهْوًا وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا ﴾، وە واز لەوانە بێنە کە ئایینەکەی خۆیانیان کردوە بە گەمەو یاریی و کات پێ بەسەربردن، وە ژیانی دنیا فریوی داون.

توێژەرەوانی قورئان، سێ واتایان بۆ ئەم ئایەتە لێکداوەتەوە، هەر سێکیان تەواون:

١) مەبەست لە: ﴿ دِينَهُمۡ ﴾، واتە: ئیسلام، ئەو ئیسلامەی کە خوا بۆی ناردوون، ئەم قورئانە، بێبڕوایەکان گاڵتەی پێدەکەن‌و کۆڕو مەجلیسی خۆیان پێ گەرم دەکەن‌و ڕەخنەی ناهەقی لێدەگرن، وە کردوویانە بە مایەی گاڵتە پێکردن‌و کات پێ بەسەربردن، دەفەرموێ: ﴿ دِينَهُمۡ ﴾، بۆیەش ئەم دینەی ــ کە ئیسلامە ـ پاڵداوەتە لای ئەوان، چونکە ئەم دینەی بۆ ئەوان ناردوە، بۆئەوەی پێی ڕاست‌و چاك‌و پاك بن، کەچی ئەوان لەجیاتی ئەوەی کە سوودی لێ ببینن‌و لێی بەهرەمەند بن، کردوویانە بە مایەی گاڵتەو کات پێ بەسەربردن.

٢) یان مەبەست لە: ﴿ دِينَهُمۡ ﴾، واتە: ئایینە شیرکییەکەی خۆیان، وەك خوا لە سوورەتی (الأنفال)دا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمۡ عِندَ ٱلۡبَيۡتِ إِلَّا مُكَآءٗ وَتَصۡدِيَةٗۚ فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡفُرُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾، واتە: نوێژی هاوبەشدانەرەکان لەلای کەعبە، هەر بریتی بوو لە فیکە کێشان‌و چەپڵە لێدان، کەواتە: دینداریی هاوبەشدانەرەکان بریتیە لە شتێکی گاڵتەجاریی‌و کات پێ بەسەربردن.

٣) یان مەبەست لە: ﴿ دِينَهُمۡ ﴾، ئایینەکەیان بریتیە لە یاریی‌و گاڵتەو کات پێ بەسەربردن، ئەمەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، کە بە جۆرێك دینداریی دەکەن، سوودێك بە ئینسان ناگەیەنێ، ئنجا نەصرانیین، ئێزیدیین، مەجووسیین، صابیئەن، جوولەکەن، خەڵکی دیکەی عەلمانیین، چونکە سیکۆلاریزمیش جۆرێکە لە دین، هەروەها ئەوانەی مارکس‌و لینین وەك بت‌و صەنەم دەپەرستن، ئەوەش هەر دینە، هەر شتێك کە تەقدیست کردو بە گەورەت گرت‌و، وەك پەرستراو مامەڵەت لەگەڵ کرد، جۆرێکە لە دینداریی، کەواتە: ئەوانە واز لێ بێنە کە دینەکەیان بریتیە لە گاڵتەو یاریی‌و کات پێ بەسەربردن‌و، ژیانی دنیا فریوی داون.

مەسەلەی چوارەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَذَكِّرۡ بِهِۦٓ أَن تُبۡسَلَ نَفۡسُۢ بِمَا كَسَبَتۡ لَيۡسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٞ وَلَا شَفِيعٞ وَإِن تَعۡدِلۡ كُلَّ عَدۡلٖ لَّا يُؤۡخَذۡ مِنۡهَآۗ

﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ أُبۡسِلُواْ بِمَا كَسَبُواْۖ لَهُمۡ شَرَابٞ مِّنۡ حَمِيمٖ وَعَذَابٌ أَلِيمُۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡفُرُونَ ﴾، واتە: {وە بەهۆی ئەم (قورئان)ەوە} بیری کەسانێك بخەوە تاکو (بەهۆی کوفرەوە) کەسێك نائومێد نەبێ، یاخود تووشی بن بەست نەبێ، تووشی تەسلیم کران بە سزای خوا نەبێ، بەهۆی کردەوەکانی خۆیەوە، کە جگە لە خوا هیچ سەرپەرشتیارو هیچ تکاکارێکی نییە، (هیچ کەسێك نیە سەرپەرشتیی بکات، وە هیچ کەسێکیش نیە تکای بۆ بکات) وە بۆخۆشی قەرەبووی لێوەرناگیرێ، ئەوانە نائومێدبوون و تەسلیمی سزابوون، تووشی بنبەست بوون بەهۆی چییەوە ؟ ﴿ بِمَا كَسَبُواْ ﴾، بەهۆی ئەوەو کە وەدەستیان هێنا، کەواتە: لەڕاستیدا ئەوەی کە ئینسان بەختەوەر دەکات، یان بێمراد دەکات، ئەوەی ئینسان خۆشحاڵ دەکات، یاخود چارە ڕەش دەکات، کردەوەی ئینسانە، هەربۆیەش دووجاران: ﴿ بِمَا كَسَبَتۡ ﴾، ﴿ بِمَا كَسَبُواْ ﴾، خوای بەخشندە لە یەك ئایەتدا دووبارەی کردۆتەوە.

ئنجا باسی خواردن و خۆراکیان دەکات، دەفەرموێ: ﴿ لَهُمۡ شَرَابٞ مِّنۡ حَمِيمٖ وَعَذَابٌ أَلِيمُۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡفُرُونَ ﴾، خواردنەوەیان لە ئاوی داغە، وە ئازارێکی بەئێشیشیان هەیە، بەهۆی ئەو کوفرەوە کە دەیانکرد.

مەسەلەی پێنجەم: کە دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ أَنَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعۡقَابِنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ كَٱلَّذِي ٱسۡتَهۡوَتۡهُ ٱلشَّيَٰطِينُ فِي ٱلۡأَرۡضِ حَيۡرَانَ لَهُۥٓ أَصۡحَٰبٞ يَدۡعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلۡهُدَى ٱئۡتِنَاۗ ﴾، پێنج ڕاستیی گرنگ لەم ئایەتە موبارەکە وەردەگیرێن:

پێنج ڕاستیی گرنگ کە لە ئایەتی (٧١) وەردەگیرێن

یەکەم/ خوا پێغەمبەری خوا ﷺ ڕادەسپێرێ، کە پێیان بڵێ: ـ بە هاوبەشدانەران ـ ئایا لەجیاتی خوا، یاخود لەگەڵ خوادا لە شتانێك بپاڕێینەوە، کە نە سوودمان پێدەگەیەنن، نە زیانمان لێدەدەن، وە لەسەر پاژنە پێیەکانمان بەرەو دواوە بگەڕێینەوە؟ ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ کە پەرستراو (معبود) دەبێ بتوانێ سوودو زیان بگەیەنێ، بەوانەی کە دەیپەرستن‌و لێی دەپاڕێنەوە.

ئنجا ڕەنگە یەکێك بڵێ: باشە سوود گەیاندن ئەوە دیارە، کە پەرستراو دەبێ سوود بگەیەنێ بەوانەی کە دەیپەرستن، بەڵام مەبەست لە زیانەکە چییە؟ مەبەست ئەوەیە: سوودیان پێدەگەیەنێ کاتێك لێی دەپاڕێنەوەو بۆی ملکەچن‌و فەرمانبەرن، وە بتوانێ زیانیشیان پێبگەیەنێ‌و سزایان بدات، لەکاتێکدا کە نافەرمانبەریی دەکەن‌و لەقسەی دەردەچن.

دووەم/ پەرستنی جگە لە خواو شیرك، هەلگەڕانەوەیە لە سروشت‌و فیطرەت، چونکە شەریعەتی پەروەردگار پڕ بەپێستی مرۆڤەو، ئەو فیطرەتەی کە خوا مرۆڤی لەسەر دروستکردوە، لەگەڵ ئەو هیدایەت‌و ئایینەی بۆی ناردوە، دوو ڕووی یەك سکەن، وەك خوای زاناو شارەزا لە سوورەتی (الروم)دا دەفەرموێ:

﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾،

واتە: ڕووی خۆت ڕاست بکە لەگەڵ ئایینێك دا، کە خوا ناردوویەتی بە پاکیی، ئەو ئایین‌و مسوڵمانەتییە کە لەگەڵ ئەو سروشتەی کە خوا خەڵکی لەسەر سروشتاندووەو دروستکردوە، یەك شتن، (بۆیە دوایی دەفەرموێ:) گۆڕانکاریی‌و

دەستکارییکردن نیە بۆ دروستکراوی خوا، (واتە: مرۆڤەکانی وا دروستکردوە بیناسن‌و بیپەرستن، ئەو سروشتە ناگۆڕێ)، ئا ئەوەش ئایینی ڕاستە، بەڵام زۆربەی خەڵکی نایزانن.

بێگومان ئایینی ڕاست ئەوەیە کە لەگەڵ سروشت‌و فیطرەتی مرۆڤدا بگونجێ، ئنجا لێرەدا خوای پایەدار هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام، یان ڕەفزکردنی هیدایەتی خوا، بەوە دەچوێنی کە کەسێك لەسەر پاژنە پێیەکانی بەرەو دواوە بگەڕێتەوەو بکشێتەوە، دوای ئەوەی کە خوا ڕێنمایی کردوە.

سێیەم / لێرەدا کە دەڵێن: ﴿بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ﴾، دوای ئەوەی کە خوا ڕێنمایی کردووین، هیدایەتی خوا بەگشتی دوو قۆناغی هەیە:

١- قۆناغی یەکەم: ئەوەیە کە ڕێنمایی خەڵك دەکات بەرەو بەرنامەی خۆی، کە خەڵك دەتوانن قبووڵی بکەن‌و وەریبگرن‌و پێوەی پابەندبن، وە دەشتوانن قبووڵی نەکەن‌و وەرینەگرن‌و پێوەی پابەند نەبن، ئنجا خوای کاربەجێ ئەو قۆناغەی ناوناوە: ﴿وَهُدًى لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾، قورئان هیدایەتە بۆ جیهانییان، کە دیارە جیهانییان هەموویان ڕێی ڕاست ناگرن، بەڵام ئەوە بەرچاو ڕوونییەو، ئەو هیدایەتە لەبەردەستی هەمووان دایە، بۆ وێنە خوا دەربارەی گەلی (ثمود) دەفەرموێ: ﴿وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيۡنَٰهُمۡ فَٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡعَمَىٰ عَلَى ٱلۡهُدَىٰ فَأَخَذَتۡهُمۡ صَٰعِقَةُ ٱلۡعَذَابِ ٱلۡهُونِ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ١٧﴾فصلت، بەڵام گەلی ثەموودمان ڕێنمایی کرد، (واتە: بەرنامەی خۆمانمان خستە بەردەستیان، بەڵام بەمانای هیدایەتدرانیان نایەت، ئەگەرنا نەیدەفەرموو:)، بەڵام کوێرییان هەڵبژارد بەسەر ڕێنمایی دا، لە ئەنجامی ئەوەشدا برووسکەی سزای ڕیسوایی گرتنی، بەهۆی ئەوەوە کە دەیانکرد.

٢- قۆناغی دووەم: ئەوەیە کە خوای پەروەردگار دڵی ئەو خەڵکە وەرچەرخێنی، کە پابەندبن بەو بەرنامەو ڕێنماییەوە، لە چەند شوێنێکیش خوای بەخشەر

لە قورئاندا، باسی ئەو جۆرە هیدایەتە دەكات، بۆ وێنە دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ۝٢ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱلْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ۝٣ ﴾البقـرة، واتە: ئەم كتێبە هیچ گومانی تێدانیە، كە ڕێنماییە بۆ پارێزكاران، واتە: ڕێی خۆیانی پێ دەردەكەن، وە پێوەی پابەند دەبن، لێرەدا هیدایەت بەمانای دووەمیەتی، كە وەرگرتنیو كارپێكردنو پێوە پابەندبوونیەتی، ئاوا هیدایەت دراون، بەڵام خەڵك بەگشتی، وە بەمانا گشتییەكەی هیدایەتیان خراوەتە بەردەست، كەواتە: پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵان كە دەڵێن: ﴿ بَعْدَ إِذْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ ﴾، مەبەستیان پێی جەمكو واتای دووەمی هیدایەتە، واتە: خستووینیە سەر ڕاست، وە ئەگەر مەبەست پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانو ئەو كافرانەش بێ كە قورئانیان بۆ هاتوە، ﴿ بَعْدَ إِذْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ ﴾ ئەوە بە جەمكو واتای یەكەمی هیدایەتە، واتە: ئێمەو ئێوە خوا هیدایەتی خستووەتە بەردەستمان، ئێمە ئەوە قبووڵمان كردوە، بەڵام ئەوەی كە قبووڵی نەكات، وەك ئەوە وایە كە لەسەر پاژنە پێیەكانی هەڵبگەڕێتەوە، چونكە هیدایەتەكەی هاتۆتە بەردەستی، كەچی ئەو لەجیاتی پێشوازیی لێبكاتو لە باوەشی بگرێ، لێی هەڵدەگەڕێتەوەو پاشەو پاش دەكشێتەوەو ڕەفزی دەكات.

چوارەم / خوای كاربەجێ وێكچوواندنێكی كردوە بۆ كەسێك كە قبووڵی هیدایەتی خوا ناكات، كە چوواندوویەتی بە كەسێك كە شەیتان فریوی داوە، وە تووشی گوناحو تاوانی دەكات، یاخود شەیتان دەستی لێوەشاندوەو شێتی دەكات، وە سەری خۆی هەڵدەگرێو، بە دەشتو چیاو چۆڵ دەكەوێ ! ئنجا لێرەدا پرسیارێك دێتە زەینەوە: ئایا شەیتان مرۆڤ دەفرێنێو دەستی لێ دەوەشێنێو شێتی دەكاتو بە كێوانی دەخات، یان نا؟ چونكە ئایەتەكە زۆر بە ڕوونیی دەفەرموێ: ﴿ كَٱلَّذِى ٱسْتَهْوَتْهُ ٱلشَّيَٰطِينُ فِى ٱلْأَرْضِ حَيْرَانَ لَهُۥٓ أَصْحَٰبٌ

يَدْعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلْهُدَى ٱئْتِنَا ﴾، واتــە: وەك کەســێك کــە شــەیتانەکان گــومڕاو سەرگەردانیان کردوە، لە زەویدا، وە چەند هاوەڵێکی هەن کە بانگی دەکەن بۆ ڕێنمایی‌و ڕێی ڕاست، دەڵێن: وەرە بۆ لای ئێمە، کەواتە: ئایەتەکە ڕوونە لەوەدا کە خوای کارزان کەسێك کە هیدایەتی خوا وەرناگرێ، تەشبیهی کردوە بە کەسێکەوە، کە شەیتان هەڵیدەفریوێنێ‌و سەرگەردان‌و سەراسیمەی دەکات !

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، لە نێوان زانایاندا مشتومڕێکی زۆر دروست بووەو چەندان لاپەڕەی لەسەر نووسراون لە تەفسیرەکاندا، ئنجا لەوبارەوە بەگشتی دوو بۆچوون هەن:

ڕای یەکەم: دەڵێن: شەیتانەکان مرۆڤەکان تووشی سەرگەردانیی‌و سەراسیمەیی دەکەن‌و، سەری لێ دەشێوێنن واتە: تووشی گوناح‌و تاوانی دەکەن.

ڕای دووەم: دەڵێن: نەخێر بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە شەیتانەکان ئەو کەسە شێت دەکەن‌و بە کێوانی دەخەن.

دیارە (الطبراني) لە تەفسیرەکەی خۆیدا هەر دوو ڕایەکان دێنێ، دەڵێ: (كَالَّذِي زَيَّنَت لَهُ الشَّيَاطِين هَوَاهُ فَهُوَ يَعْمَلُ فِي الأَرْضِ بِالْمَعَاصِي، وَقِيلَ مَعْنَاهُ كَالَّذِي اسْتَفْرَسَتْهُ الغِيلاَن فِي الْمَهَامَةِ فَأَضلُّوه فَهُوَ حَائِرٌ)[1] واتە: گوتوویانە: وەك کەسێك کە شەیتانەکان ئارەزووی خۆی بۆ جوان دەکەن، وە لە زەویدا گوناح‌و سەرپێچیی پێدەکەن، وە گوتراوە، مانای ئەم ڕستە قورئانییە ئەوەیە وەك کەسێك کە دێوەزمەو خێو (کە شەیتانێکە لەسەر ڕێ‌و باناندا دادەنیشێ‌و خەڵکی دەترسێنێ) زیانی پێدەگەیەنێ‌و گومڕاو سەرگەردانی دەکات.

پێنجەم / ئایا ﴿ ٱسْتَهْوَتْهُ ٱلشَّيَٰطِينُ ﴾، لە چییەوە هاتوە؟ (هَوَى) بە مانای ئارەزوو دێ‌و بە (أَهْوَاء) کۆدەکرێتەوە، (اتَّبَعَ هَوَاهُ) واتە: بەدوای ئارەزووی خۆی کەوت، جا ئەگەر فیعلی لێ دروست بکەی دەڵێی: (هَوِيَ، يَهْوَى) واتە:

---

١) التفسير الكبير: ج٣، ص٤٧.

ئارەزووی بۆ چوو، ئارەزووی بۆ دەچێ، بەڵام (هَوَى، يَهْوِي) واتە: (سَقَطَ، يَسْقُطُ)، کەوتەخوار، دەکەوێتەخوار، سبحان الله زمانی عەرەبی ئەو وردەکارییانەی زۆرن، بە یەك پیت، یان یەك حەرەکە، ماناکەی دەگۆڕێ.

چونکە دەگونجێ ﴿ٱسۡتَهۡوَتۡهُ ٱلشَّيَٰطِينُ﴾، لە (هَوِيَ)ەوە هاتبێ، واتە: (هَوِيَ، يَهْوَى) ئارەزووی بۆ چوو، ئارەزووی بۆ دەچێ، واتە: شەیتانەکان وایانلێکرد ئارەزووی بۆ بچێ، وە دەشگونجێ لە (هَوَى، يَهْوِي)ەوە هاتبێ، واتە: کەوتە خوار، دەکەوێتە خوار، واتە: شەیتانەکان وایانلێکردوە، لە سەرێرا بیهێننە خوارێو بەریبدەنەوە.

وە ئیمام (فخر الدین الرازي) دەڵێ: خوای بەرزو مەزن لە قورئاندا بۆی باسکردووینو فەرموویەتی: ﴿وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخۡطَفُهُ ٱلطَّيۡرُ أَوۡ تَهۡوِي بِهِ ٱلرِّيحُ فِي مَكَانٖ سَحِيقٖ ٣١﴾ الحج، واتە: وە هەر کەسێك کە هاوبەش بۆ خوا دابنێ، وەك ئەوە وایە لە ئاسمان بکەوێتەوە خوارێ، باڵندە بیرفێنن، یاخود با بەریداتەوە، بەرەو شوێنێکی زۆر قووڵ، کەواتە: دەگونجێ ﴿ٱسۡتَهۡوَتۡهُ﴾ لە: (هَوَى، يَهْوِي) یانی (سَقَطَ، يَسْقُطُ)ەوە هاتبێ.

مەسەلەی ڕفێنرانی مرۆڤ لە لایەن جندەوە

یەکێك لەوانەی کە دەڵێن: مەبەست لە ﴿ٱسۡتَهۡوَتۡهُ﴾ لێرەدا ڕفێنرانە لەلایەن شەیتانەوە (الشوكاني)یە، لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ: (أي ذَهَبَت بهِ مردة الجِن بَعْدَ أَنْ كَانَ بَيْنَ الإِنْس)[1]، واتە: شەیتانە هەڵگەڕاوەکانی جند لەگەڵ خۆیان بردیانو سەریان لێ شێواند، دوای ئەوەی کە لەنێو خەڵکی بوو، چونکە ئەوانەی کە شێت دەبن، دوایی دەڵێن: لەگەڵ جندان بووین، لەگەڵ کاروان بووین، لەگەڵ خێڵ بووین، چووین گەرمێنو کوێستانمان کرد، شاییمان کرد، ئاوامان کرد.

هەروەها (الآلوسي)یش بە هەمان شێوە لە تەفسیرەکەی خۆیدا پشتگیری ئەم ڕایە دەکاتو دەڵێ: (وَلَيْسَ هَـذَا مَبْنِياً عَلَى زَعَمَاتِ العَرَب، كَمَا زَعَمَ مَن اسْتَهْوَتَهُ الشَّيَاطِين)[2]، واتە: وە ئەم ڕایە (کە دەڵێ : شەیتان مرۆڤ دەڕفێنێ) لەسەر گومانەکانی عەرەب لە سەردەمی نەفامیی دا، بنیات نەنراوەو هەڵنەچنراوە، (کە پێیانوابووە شەیتانو جند دەست لە خەڵك دەوەشێنن)، وەك کەسانێك وا گومانیان بردوە، کە شەیتان هەڵیخەڵەتاندوون !

ئنجا با دوو زانای دیکەش بە نموونە بێنینەوە، کە بە پێچەوانەوەی (شوکانی)و (آلوسي)یەوە پێیان وایە شەیتانو خێوو دێوەزمە دەست لە خەڵك ناوەشێننو خەڵك شێت ناکەن، وە بە دەشتو کێوانی ناخەنو، ئەم ئایەتەش ئەو مانایە نادات، بەڵکو تەنیا ئەو مانای یەکەمەی هەیە کە (طبراني) هێنای کە دەڵێ: واتە: شەیتانەکان هەڵیدەخەڵەتێننو گوناحو تاوانی پێدەکەن، وای

---

١) فتح القدير ج٢، ص١٦٢.

٢) روح المعاني ج٤، ص٢٤٣.

لێدەکەن بەدوای ئارەزووی خۆی بکەوێ، نەك شێتی بکەن و بە دەشت و کێوانی بخەن:

١/ (الزمخشري) لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ: (وَهَذَا مَبنِيٌّ عَلَى مَا تَزْعُمُهُ العَرَب وَتَعْتَقِدُهُ: أَنَّ الجِنَّ تَسْتَهوي الإِنْسَان، وَالغِيلان تَسْتَولِي عَلَيْهِ، كَقَوْلِهِ: ﴿ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيْطَٰنُ مِنَ ٱلْمَسِّ ﴿٢٧٥﴾﴾ البقرة)[1]، واتە: لێرەدا خوا بەپێی ئەوەی عەرەکان گومانیان بردوە، فەرمایشتی فەرمووە، عەرەبەکان لە سەردەمی نەفامیی دا عەقیدەیان وا بووە کە جندەکان خەڵك بە لای خۆیاندا هەڵدەخەڵەتێنن، وە دێوەزمەو خێو دوایی بەسەریاندا زاڵ دەبن، وە ئەمە وەك ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيْطَٰنُ مِنَ ٱلْمَسِّ... ﴿٢٧٥﴾﴾، واتە: (سوود خۆر لە قیامەت دا) وەك کەسێکە کە شەیتان دەستی لێ دەوەشێنێ.

٢/ وە (محمد رشید رضا) لە تەفسیرەکەیدا هەمان رای (الزمخشري) دێنێ و بەراستی دەزانێ، دوایی دەڵێ: (وَإِنَّمَا الجِنُّ مِنْ عَالَمِ الغَيْبِ لا نُصَدِّق مِنْ خَبَرِهِم إلاَّ مَا أَثْبَتَهُ الشَّرْع، أَو مَا هُوَ فِي قُوَّتِهِ مِنْ دَلِيلِ الحِس أَو العَقْل، وَلَمْ يَثْبُت شَرْعَاً، وَلا عَقْلاً، وَلا اخْتِبَاراً أَنَّ شَيَاطِين الجِنّ تَأْكُل النَّاسَ وَلا أَنَّهَا تَظْهَر لَهُم فِي الفيافِي وَالقِفَار كَمَا كَانَت تَزْعُمُ العَرَب وَغَيْر العَرَب فِي طور الجَهْلِ وَالخُرَافَات)[2]، واتە: بێگومان جند لە جیهانی نادیارەو، ئێمە هیچ هەواڵێك بە ڕاست نازانین دەربارەی جند، مەگەر ئەوەی شەرع چەسپاندبێتی، یان بە بەڵگەی بەرهەست و بە بەڵگەی عەقڵیی ڕوون و ڕاشکاو بۆمان دەربکەوێ، بە شێوەیەك کە وەك دەقی شەرعیی لەسەربێ، بەڵام نە بەپێی شەرع و، نە بەپێی عەقڵ و نە بەپێی ئەزموون و تاقیکردنەوە، ئەمە نەچەسپاوە، کە شەیتانەکان ﴿ ئەو دەڵێ (تأكل الناس) خەڵك بخۆن، بەڵام دەبێ هەڵەی

---

١) الكشاف للزمخشري ج٢، ص٢٨. دار النشر: دار إحياء التراث العربي، بيروت، عدد الأجزاء: ٤، تحقيق: عبدالرزاق المهدي.

٢) تفسير القرآن الحكيم ج٧، ص٥٢٨.

چاپی بێو (تَقْتُل الناس) بێ:} خەڵك بكوژن، هەروەها نەچەسپاوە لە دەشتو بیابان دا، خێوو دێوەزمە خۆیان پێشانی خەڵکی بدەن، وەك عەرەبو غەیری عەرەبیش لە سەردەمی نەفامییو ئەفسانەدا، گومانیان وابووە.

ئەوەی منیش بۆم دەرکەوتوە، ئەوەیە کە بۆ تەفسیری ئایەتەکە ڕای یەکەمی (طبراني) بەهێزترە کە مەبەست گومڕاکردنو گوناه پێکردنی شەیتانەکانە بۆ مرۆڤ، نەك ڕفاندنیان، بەڵێ جاری وایە خەڵك شتی سەیر دەبینێ، وە دەگونجێ جندو شەیتەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆیان بخەنە پێش چاوی مرۆڤانو بیانبینن، بەڵام ئەوەش لە کاتێکدا دەبێ کە مرۆڤ بۆخۆی دەرفەت دەدات، بۆ وێنە: ئەگەر ترسێکی زۆری هەبێ، کە ڕەنگە لەو کاتە جند بواریان هەبێ خۆیانی پێ پێشان بدەن، چونکە ئەوە زۆر بیستراوەو دەبیسترێ، یان گوێی لە دەنگێك دەبێ کە ئەمەش زۆر بووەو هەردووکیشان دەگونجێن، بەڵام ئەوە نیە کە جند بیگرنو شێتی بکەنو، بە دەشتاییو چۆڵایی بخەن، چونکە خوا ئەو دەستەڵاتەی بە جندو شەیتانەکان نەداوە.

بەڵگەشم لەوبارەوە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {لا عَدْوَى، وَلا طِيَرَةَ، وَلا غُولَ}[1]، واتە: نە لە (نەخۆشیی) یەکدی گرتنەوە هەیە، نە ڕەشبینییو گەشبینیی هەیە[2]، وە خێوو دێوەزمە نیە (کە خۆ پێشانی خەڵك بدەنو شێتی بکەن).

(النووي) لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا، دەڵێ: مەبەست پێی ئەوەیە کە نەخۆشیی بەبێ ویستی خوا ناگوازرێتەوە، واتە: ئەگەر خوا نەیەوێ، کەسێك نەخۆشیی لە کەسێکی دی ناگرێتەوە، ئەگەرنا پێغەمبەری خوا ﷺ بۆخۆی فەرموویەتی: {لاَ يُورِدُ مُمْرِضٌ عَلَى مُصِحٍّ}[3]، واتە: با حوشتری نەخۆش نەبرێتە هی ساغ.

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٤١٤٩)، ومُسْلِمٌ برقم: (٥٧٥٧).

٢) واتە: ئەو ڕاست نیە کە ئەگەر باڵندە بە لای ڕاستدا بفڕێ، باشبێ، بەڵام ئەگەر بە لای چەپدا بفڕێ، خراپ بێ، یان ئەگەر کەسێك دووجار پژمی باشبێو، ئەگەر یەکجار پژمی خراپ بێ.

٣) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٩٢٥٢)، ومُسْلِمٌ برقم: (٥٧٥٢)، وَإِبْنُ حِبَّانَ برقم: (٦١١٥).

هەروەها فەرموویەتی: {فِرَّ مِنَ الْمَجْذُومِ فِرَارَكَ مِنَ الأَسَدِ}[١]، واتە: لە بابای گول (گەڕ) ڕابكە، وەك چۆن لە شێر ڕادەكەی.

مانای وایە گولیی نەخۆشییەكە دەگوازرێتەوە، ئەگەرنا وای نەدەفەرموو، بەڵام لە فەرموودەی (لا عَدْوَى) مەبەستی ئەوەیە كە بەبێ مۆڵەتو ویستی خوا، لە یەكدی ناگرنەوە.

ئنجا (النووي) دەڵێ: (قَالَ جمهُور العُلَمَاء: كَانَتِ العَرَب تَزْعُمُ أَنَّ الغِيلان في الفَلوات وَهِيَ جِنْس مِنَ الشَّيَاطِين تَتراءى للنَّاس وَتَتَغَوَّل لَهُمْ تغوّلاً فتُضلّهم عَن الطريق فتهلكهم، فَأَبْطَلَ النَّبيّ ﷺ ذلك)[٢]، واتە: زۆربەی زانایان دەڵێن: عەرەب لە سەردەمی نەفامیی دا پێیانوابووە، كە دێوەزمەو خێوەكان كە لە جنسی شەیتانەكانن (هەندێك گوتوویانە: ئەو شەیتانانەن كە دەچن بۆ ئاسمان تا گوێ لە فریشتەكان بگرنو زانیاریان لێ بدزن، فریشتەكانیش تیربارانیان دەكەن بە ئاگر) لە دەشتو چۆڵایی یان دا دەبنە خێوو دێوەزمەو، لەسەر ڕێو بانان دادەنیشنو، خۆیان پێشانی خەڵكی دەدەن، بە شێوەیەكی وا كە لێیان بترسێنو ڕێیان لێ تێكبچێو، لە بەینیان دەبەن، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی هەڵوەشاندەوە.

بەڵام بێگومان جندە دەتوانێ بچێتە سەر شێوەی شتێكو خۆی پێشانی خەڵك بداتن لەوبارەوەش ئەم فەرموودە هەیە كە لە (صحيح مسلم)دا هاتوە[٣]: گەنجێكی ئەنصارییی كە تازە ژنی هێناوە، لە جەنگی خەندەك دا، داوا لە پێغەمبەری خوا دەكات، مۆڵەتی بدات، بچێتەوە ماڵ، ئەویش مۆڵەتی پێدەداتو پێی دەفەرموێ: ئاگات لە خۆت بێ ! جوولەكەكان زیانت لێ نەدەن، كە دەچێتەوە دەبینێ وا خێزانەكەی لە پێش دەرگایەو ڕاوەستاوە، گەنجەكەش گومانی خراپی پێدەباو، ڕمەكەی لێ بەرز دەكاتەوە، بۆئەوەی ئەزیەتی بدات، خێزانەكەشی

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٩٧٢٠) قَالَ الشيخ الأرناؤوط: حَدِيثٌ صَحِيحٌ، وَابْنُ أَبي شَيْبَة برقم: (٢٥٠٣١) والبيهقي في (الصغرى) برقم: (١٩٧٠).

٢) شرح صحيح مسلم للنووي: ج٧، ص٥٢٤.

٣) بڕوانە: (صحيح مسلم): ٥٨٠٠، كتاب الحيوان، باب قتل الحيَات وغيرها.

دەڵێ: ئارامبگرە، وەرە تەماشای ژووریٚ بکە، کە دەچێ دەبینێ: مارێك پاپۆلکەی بەستووەو خۆی خڕ کردۆتەوە، خێزانەکەی گوتی: لە ترسی ئەوە هاتبوومە پێش دەرگا، گەنجەکەش ڕمەکە لە مارەکە دەداو مارەکەش خۆی بە گەنجەکە دادا، (دەڵێ:) نەمانزانی گەنجەکە پێشتر مرد، یان مارەکە پێشیٚ تۆپی، دەڵێ: دوایی پێغەمبەری خوا کە هەواڵەکەی پێگەیشتەوە فەرمووی: ﴿إن بالمدينة جناً قد أسلموا، فإذا رأيتم منهم شيئاً، فآذنوه ثلاثة أيامٍ، فإن لكم بعد ذلك، فاقتلوه، فإنّما هو شيطان﴾ صحيح مسلم: ٥٨٠٠ و سنن أبي داود: ٥٢٥٦، و سنن الترمذي: ١٤٨٤.

واتە: لە مەدینەدا هەندێك جند هەن مسوڵمان بوون، ئنجا ئەگەر شتێکتان لێ دیتن، سێ ڕۆژان مۆڵەتیان بدەنو ئاگاداریان بکەنەوە، بڕۆن، بەڵام ئەگەر دوای ئەوە خۆی پێشانتان دا، بیکوژن، چونکە ئەوە شەیتانە، واتە: جندیکی کافرە).

کەواتە: بۆ پێکەوە گونجاندنی فەرمایشتەکەو، ئەوەش کە خەڵك بە ئەزموون بینیویەتی، دەبێ بڵێین: خێوو دێوەزمە دەتوانن خۆ پێشانی خەڵك بدەنو ترسیان بخەنە دڵ، بەڵام ناتوانن دەستیان لێ بوەشێننو ئەزیەتیان بدەنو شێتو حۆلیان بکەن.

مەسەلەی شەشەم: کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰ ۖ وَأُمِرْنَا لِنُسْلِمَ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧١﴾ وَأَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّقُوهُ ۚ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٧٢﴾﴾ لێرەدا خوای بێ هاوتا چەند شتێك بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ، کە بە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیان بفەرموێ:

١) ﴿قُلْ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰ﴾، بڵێ: بێگومان هەر ڕێنمایی خوا، ڕێنماییە، وشەی (هدى) لێرەدا بەمانای ڕێنماییو بەرنامەیەکە، کە مرۆڤ پێی بگاتە ئامانج، یانی: ڕێبازو بەرنامەیەك کە بە ئامانج گەیەنەر بێ، تەنیا ئەوەیە کە خوای کاربەجێ ناردوویەتی.

٢) ﴿ وَأُمِرۡنَا لِنُسۡلِمَ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾، وە فەرمانمان پێکراوە کە: ملکەچ بین بۆ پەروەردگاری جیهانییان، مادام ڕێنمایی‌و بەرنامەی بە ئامانج گەیەنەر، تەنیا لە خواوە بێ، کەواتە: دەبێ هەر ملکەچی وی بین‌و، خۆمان تەسلیمی بەرنامەی وی بکەین، وە مادام سوور دەزانی: ئەو ڕێیە بە ئامانجت دەگەیەنێ، عەقڵ‌و مەنتیق وا دەخوازێ، بەو ڕێیەدا بڕۆی.

٣) ﴿ وَأَنۡ أَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾، وە فەرمانمان پێکراوە کە نوێژ بەرپا بکەین، سەرەتا هیدایەتی خوا وەردەگری، ئنجا بۆ خوا ملکەچ دەبی، کە ملکەچ بووی پاشان نوێژ دەکەی، واتە: نوێژ بەرجەستەکەرترین شێوەی ملکەچییە بۆ خوا، وە وەك هیدایەتی خوا لە ئەنجامدانی نوێژدا بەرجەستە دەبێ، لە هیچ شتێکی دیکەدا ئاوا بەرجەستە نابێ، لەبارەی گرنگیی‌و گەورەیی نوێژەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ بِهِ الْعَبْدُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ عَمَلِهِ صَلَاتُهُ}(١)، واتە: بێگومان یەکەمین شتێك کە بەندە لە کردەوەکانی لە ڕۆژی دوایی دا لێپرسینەوەی لەسەری لەگەڵدا دەکرێ، نوێژەکەیەتی.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿الْعَهْدُ الَّذِي بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ الصَّلَاةُ فَمَنْ تَرَكَهَا فَقَدْ كَفَرَ}(٢) واتە: ئەو پەیمانەی کە لە نێوان ئێمەو کافراندا هەیە، نوێژە، هەرکەسێك نوێژی نەکرد، ئەوە کوفری کردوە.

٤) ﴿ وَٱتَّقُوهُ ﴾، وە فەرمانمان پێکراوە: پارێز بکەین، لەڕاستییدا پارێزکاریی بەرهەمی نوێژە، هەر کەسێك بە تەواویی ئەهلی نوێژ بێ، تەقوای تێدا پەیدا دەبێ.

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد بِرقم: (٩٤٩٠)، وَأَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٨٦٤)، وَالتِّرمِذِيُّ بِرقم: (٤١٣)، وَاللَّفْظُ لَهُ، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٦٦) وَإبْنُ مَاجَهْ برقم: (١٤٢٥)، وَالحَاكِمُ برقم: (٩٦٥) وَقَالَ: صَحِيح الإسناد، وَالدَّارَمِي برقم: (١٣٥٥).

٢) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٢٩٨٧)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٦٢١)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيح غريب، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٦٣)، وَإبْنُ مَاجَهْ برقم: (١٠٧٩)، وَإبْنُ حِبَّانَ برقم: (١٤٥٤)، وَالحَاكِمُ برقم: (١١) وَقَالَ: صَحِيح الإسناد، وَإبْنُ أَبِي شَيْبَة برقم: (٣٠٣٩٦)، وَالدَّيْلَمِيُّ برقم: (٤٢٥٧) وَصَحَّحَهُ كُل من المناوي والعراقي والألباني.

٥) ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ﴾، وە فەرمانمان پێکراوە ئەو ڕاستییە بزانین کە: کۆکرانەوەو خڕکرانەوەمان لە ڕۆژی دوایی دا، هەر بۆ لای خوایە، کە لەو ڕۆژەدا لێپرسینەوەمان لەگەڵدا دەکات.

سُبْحَانَ اللّٰه! ئەم ئایەتانە - هەروەها سەرجەم ئایەتەکانی قورئان - وەك ئاڵقەی زنجیر وان: سەرەتا هیدایەت هەر هی خوایە، بۆیە دەبێ ملکەچ بین بۆ خوای پەروەردگاری جیهانەکان، کە هیدایەتو بەرنامەی ناردوە، وە ملکەچییمان بۆ خوا وا دەخوازێ کە نوێژ بکەین، وە لە پێش هەموو شتێکدا نوێژ وامان لێدەکات ئەهلی تەقوا بین، وە سەرەنجامیش، بڕوامان وابێ کە بۆ لای خوا کۆدەکرێینەوە، بۆ لێپرسینەوەو پاداشتو سزا.

مەسەلەی حەوتەمو کۆتایی: کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّۖ وَيَوۡمَ يَقُولُ كُن فَيَكُونُۚ قَوۡلُهُ ٱلۡحَقُّۚ وَلَهُ ٱلۡمُلۡكُ يَوۡمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِۚ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِۚ وَهُوَ ٱلۡحَكِيمُ ٱلۡخَبِيرُ ﴾، خوای پەروەردگار لەم ئایەتەدا بە پێنج لە سیفەتە هەرە گەورەکانی، پێناسەی خۆی دەکات، لەبەرئەوەی ئەم سوورەتە هەمووی باسی خوا بەیەکگرتنە، بۆیە هەر جارە خوا بە جۆرێك دەستی مرۆڤ دەگرێو دەیگێڕێ، تاکو خۆی پێ بناسێنێ، جارێك بە مێژوودا دەیگێڕێ، جارێك بە دەروونیی خۆیدا، جارێکی دی بە ئاسۆییەکاندا، جارێك بەنێو نازونیعمەتەکاندا، جارێك بە وردبوونەوە لە ئایەتەکانی قورئاندا، تاکو وای لێ بکات باش خوا بناسێ، ئێستاش با سەرنج بدەین:

ناساندنی خوا لە سیفەتە بەرزو بڵێوینەکانی

١/ ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّ ﴾، خـوا ئـەو کەسەیە کە ئاسمانەکانو زەوی بە هەق دروستکردوون، واتە: ئەم بوونەوەرە کە هاتۆتە دی بە گاڵتەو بێ حیکمەت نەهێنراوەتە دی، لە جێیەکی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿ أَفَحَسِبۡتُمۡ أَنَّمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ عَبَثٗا وَأَنَّكُمۡ إِلَيۡنَا لَا تُرۡجَعُونَ ﴿١١٥﴾ ﴾ المؤمنون، واتە: ئایا پێتانوایە بێ حیکمەت ئێوەمان دروست کردووە، بۆ لای ئێمە ناگێڕرێنەوە؟ بەرزیی بۆ خوای پادشای هەق، یانی خوایەك پادشاو خاوەنی بوونەوەر بێ، پاکیی و بەرزی بۆ وی، کە بە بێ حیکمەت کارێك بکات.

٢/ ﴿ وَيَوۡمَ يَقُولُ كُن فَيَكُونُۚ قَوۡلُهُ ٱلۡحَقُّۚ ﴾، واتە: فەرمایشتی خوا هەقە، ئەو کاتەی دەفەرموێ: ببە، دەبێ، کوردەواریی خۆشمان دەڵێن: بە (كُن فَيَكُونُ)ێك شتەکەی کرد، (كُن) واتە: ببە، (فَيَكُونُ) یەکسەر دەبێ، جا ئەوە دیارە تەعبیرێکە، خوای بەدیهێنەر دەیەوێ لە عەقڵی ئێمەی نزیك بکاتەوە، ئەگەرنا بۆ خوا هەر پێویست ناکات فەرمایشت بشفەرموێ، بەڵکو هەر کە ویستی شتێك ببێ، یەکسەر دەبێ، بەڵام مەبەستی ئەوەیە کە ئێمە تێبگەیەنێ، خوا چەندە بە خێرایی شتەکان دەکات.

ئنجا ئایا ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکە؟ لە وەڵام دا دەڵێین: خوا ﷻ چ ئەو ڕۆژەی بوونەوەری دروستکرد، چ ئەو ڕۆژەی بوونەوەر تێکدەدات، چ ئەو ڕۆژەی ئێمە دەمرێنێ، وە چ ئەو ڕۆژەی زیندوومان دەکاتەوە، وە چ ئەو ڕۆژەی بەهەشتو دۆزەخ دێنە گۆڕێ، بۆ دابەشکردنی مرۆڤایەتیی بەسەریاندا، بەپێی ئیمانهێنانیانو کافربوونیان، لە هەموو قۆناغەکان دا، هەر کاتێك خوا ﷻ

بیەوێ شتێك ببێ، یەکسەر دەبێ، وە فەرمایشتەکەی هەقەو لە گوماندا مەبن.

٣/ ﴿ وَلَهُ ٱلْمُلْكُ يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ ﴾، وە لەو ڕۆژەدا کە فوو بە کەڕەنادا دەکرێ، موڵك هەر هی خوایە، هەڵبەتە هەموو دەمێ هەر وایە، بەڵام ئەو کاتە زیاتر بەرجەستە دەبێ، ئێستا پەردەیەکی بەسەرەوەیە، ئەوەی کە بیەوێ ئیمان نەهێنێ، دەتوانێ ئیمان نەهێنێ، بەڵام لەوێ ئەگەر بشیەوێ ئیمان نەهێنێ، ناتوانێ ئیمان نەهێنێ: ئەوە خوایە! ئەوە فریشتەیە! ئەوە دۆزەخو، ئەوە بەهەشتە! هەموو شتەکان بە چاوی خۆی دەبینێ، بەڵام لێرە ڕەنگە بواری هەبێ بڵێ: کوا من خوا نابینم! فریشتان نابینم؟ کوا کێ لە دۆزەخ هاتۆتەوە؟ کێ لە بەهەشت هاتۆتەوە؟ وەك کوردەواریی خۆمان دەڵێن: مرۆڤ (ئەگەر خۆی لە گێلی بدات)، بیانووی هەیە، بەڵام لە قیامەت دا، هیچ بواری نیە، تاقیکردنەوە بەسەر دەچێ، بۆیە خوای بالآدەست لە سووڕەتی (ق)دا بە ئینسانی کافر دەفەرموێ: ﴿ لَّقَدْ كُنتَ فِى غَفْلَةٍ مِّنْ هَٰذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلْيَوْمَ حَدِيدٌ ﴿٢٢﴾ ﴾، واتە: تۆ بێئاگابووی لەمە (لە سەرەمەرگدا هەموو کەس فریشتان دەبینێ، ئیمانداران فریشتەکان بە شێوەیەکی ڕووخۆش و جوان دەبینن، کافرەکانیش بە شێوەیەکی ناشیرین و گرژو تووڕە) پەردەکەمان لەسەرت لادا، ئێستا چاوت زۆر چاك و زۆر تیژ دەبینێ.

لە چەند شوێنێکی قورئاندا، خوای پەنهانزان باسی کەڕەنای فەرمووە، بۆ وێنە:

١) ﴿ وَتَرَكْنَا بَعْضَهُمْ يَوْمَئِذٍ يَمُوجُ فِى بَعْضٍ ۖ وَنُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَجَمَعْنَٰهُمْ جَمْعًا ﴿٩٩﴾ ﴾الكهف.

٢) ﴿ يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ ۚ وَنَحْشُرُ ٱلْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ زُرْقًا ﴿١٠٢﴾ ﴾طه.

٣) ﴿ فَإِذَا نُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿١٠١﴾ ﴾ المؤمنون.

٤) ﴿ وَيَوْمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِ فَفَزِعَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۚ وَكُلٌّ أَتَوْهُ دَٰخِرِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾ النمـل.

٥) ﴿ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ ٱلْأَجْدَاثِ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ ﴿٥١﴾ ﴾ يـس.

٦) ﴿ يَوْمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِ فَتَأْتُونَ أَفْوَاجًا ﴿١٨﴾ ﴾ النبـأ.

هەروەها پێغەمبەری خواش ﷺ لە چەند فەرمایشتێکی دا ئاماژەی پێکردوە، بۆ وێنــە:

فەرمایشــتی یەکــەم : ﴿عَنْ عَبْـدِ اللّٰهِ بْنِ عَمْـرٍو رَضِـيَ اللّٰهُ عَنْهَا، قَالَ: قَالَ أَعْـرَابِـيٌّ: يَـا رَسُـولَ اللّٰهِ! مَـا الصُّـورُ؟ قَالَ: قَـرْنٌ يُـنْفَـخُ فِيـهِ﴾[1]، واتـە: عەبدوڵـڵای کوڕی عەمرِ خـوا لێیـان ڕازی بـێ، دەڵێ: (پیـاوێکـی) دەشتەکیـی، خێڵەکیی گوتـی: ئـەی پێغـەمبەری خـوا ! صـوور چییـە؟ فـەرمووی: قۆچێکـە فـووی پێـدا دەکـرێ.

بـە کـوردی (بـووق)و (کەرەنـــا)ی پــێ دەگــوترێ، لـە شـێوەی قـۆچ دایــە، کـە فــووی پێــدا دەکــرێ، دەنگێکـی زۆر گـەورەی لێـوە دێ، دووجـاریش فـووی پێـدا دەکـرێ، جـاری یەکـەم بۆئـەوەی ئـەم بوونـەوەرە تێکبـچێ، جـاری دووەم بۆئەوەی زیندووبنــەوە، وەك خــوا ﷻ فەرموویــەتی: ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾ الزمـر.

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٦٥٠٧) واللَّفْظُ لَهُ، وَأَبُو دَاوُدَ بـرقم: (٤٧٤٢)، وَالتِّرمِـذِيُّ بـرقم: (٢٤٣٠) وَقَـالَ: حَسَـنٌ، وَالحَـاكِمُ بـرقم: (٣٨٧٠) وَقَـالَ: صَـحِيح الإِسـناد، وَالبَيْهَقِـيُّ فِـي الشـعب بـرقم: (٣٥٠)، وَالـدَّارِمِيُّ بـرقم: (٢٧٩٨)، وَالبَـزَّار بـرقم: (٢٤٨١)، وَإِبْنُ حِبَّـانَ بـرقم: (٧٣١٢)، قَـالَ شـعيب الأَرنـؤوط: إِسنادُهُ صَحِيحٌ، وَصَحَّحَهُ الألباني.

دیارە کەڕەنا (صور)یش لەلایەن یەکێك لە فریشتە بەرێزەکانی خواوە فووی پێدا دەکرێ، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە.

فەرمایشتی دووەم : ﴿عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَقُولُ: كَيْفَ أَنْعَمُ وَصَاحِبُ الصُّورِ قَدْ الْتَقَمَ الصُّورَ وَحَنَى جَبْهَتَهُ وَأَصْغَى سَمْعَهُ يَنْتَظِرُ مَتَى يُؤْمَرُ﴾[1]، واتە: ئەبو سەعیدی خودریی خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ، پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: چۆن دڵخۆش بم، لە کاتێکدا خاوەنی کەڕەنا (بووق)، کەڕەنا بە دەمیەوەیەو نێوچەوانیشی نووشتاندۆتەوە، چاوەڕێ دەکات هەر فەرمانی پێ بکرێو، فووی پێدا بکات[2].

٤/ ﴿ عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَـٰدَةِ ﴾، زانای پەنهانو ئاشکرایە، ئەوەی بە ئاشکرا دەیکەنو دەیڵێن، وە ئەوەش کە بە نهێنیو پەنهانیی دەیکەنو دەیڵێن، خوای زانا هەمووی دەزانێ.

٥/ ﴿ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ﴾، وە خوا کاربەجێی شارەزایە[3].

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١١٧١٤)، وَعَبْدُ بْنُ حُمَيد برقم: (٨٨٦)، وَأَبُو يَعْلَى برقم: (١٠٨٤)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٤٣١)، وَالحَاكِمُ برقم: (٨٦٧٨)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٨٢٣) تعليق شعيب الأرنؤوط: إِسْنَادُهُ صَحِيح عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْن.

٢) شایانی باسە ناوی ئەو فریشتەیە لە قورئانو سوننەت دا نەهاتووە، بەڵام لە هەندێك شوێنەوار (أَثَـر)دا بە (إسرافيل) ناوزەد کراوەو، ئەوەش جێی متمانە نیە.

٣) دەربارەی کۆی باسو بابەتەکانی ڕۆژی دوایی دەتوانی سەرنجی بەرگی پێنجەمی کتێبی (الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله عز وجل)و بەرگی پێنجەمی (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی...) بدەی.

دەرسی نۆیەم

پێناسـەی ئەم دەرسـە

ئەم دەرسەمان لە حەڤدە ئایەت پێکدێ، لە ئایەتی (٧٤ تا ٩٠)، تەوەری سەرەکییش بریتییە لە گێڕانەوەی وتووێژی ئیبراهیم لەگەڵ بابیو گەلەکەی دا، لەبارەی پەرستنی بتو صەنەمەکانو، ئەستێرەو مانگو خۆر، کە ئیبراهیم ئاوابوونیان دەکاتە بەڵگەی پەروەردگار نەبوونیانو، پاشان ئیمانو هەڵوێستی خۆی بە ڕوونیی بۆ گەلەکەیو بابی ڕادەگەیەنێ، کە تەنیا خوای بەدیهێنەر بە پەرستراوو پەروەردگاری خۆی دەزانێ.

پاشان باسی پووچیی بیرۆکەی شیرك دەکات، ئنجا دوایی خوای کاربەجێ وێڕای نووح ناوی ژمارەیەك لە پێغەمبەران دێنێ، کە سەرجەم شازدە کەسن، وەك وەچەی ئیبراهیمو پەیڕەوانی ڕێبازەکەی.

وە سەرەنجام خوا باسی ڕێبازی ڕاستی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) دەکاتو ڕایدەگەیەنێ: کە کاکڵەکەی بریتییە لە خوا بە یەکگرتنو هاوبەش بۆ دانەنانی، وە ڕاشیدەگەیەنێ: کە ئەگەر کافرانی هەر ڕۆژگارێك، بێبڕوابن بە پێغەمبەرانی خوا، ئەوە خوا پەکی ناکەوێو، کەسانی دیکە ئیمانی پێ دێنن.

وە لە کۆتاییدا خوا فەرمان بە پێغەمبەری (علیه الصلاة والسلام) دەکات: کە دوای ڕێبازی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) بکەوێو، بە خەڵکیش بفەرموێ: کە هیچ کرێو پاداشتێکیان لێ چاوەڕوان ناکات.

﴿ وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصۡنَامًا ءَالِهَةً إِنِّيٓ أَرَىٰكَ وَقَوۡمَكَ فِي ضَلَٰلٖ
مُّبِينٖ ﴿٧٤﴾ وَكَذَٰلِكَ جَنَّ عَلَيۡهِ ٱلَّيۡلُ رَءَا كَوۡكَبٗاۖ قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَآ أُحِبُّ
ٱلۡأٓفِلِينَ ﴿٧٦﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلۡقَمَرَ بَازِغٗا قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمۡ يَهۡدِنِي رَبِّي
لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧٧﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمۡسَ بَازِغَةٗ قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ
أَكۡبَرُۖ فَلَمَّآ أَفَلَتۡ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ﴿٧٨﴾ إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي
فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ حَنِيفٗاۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿٧٩﴾ وَحَآجَّهُۥ قَوۡمُهُۥۚ
قَالَ أَتُحَٰٓجُّوٓنِّي فِي ٱللَّهِ وَقَدۡ هَدَىٰنِۚ وَلَآ أَخَافُ مَا تُشۡرِكُونَ بِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَشَآءَ رَبِّي
شَيۡـٔٗاۚ وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيۡءٍ عِلۡمًاۚ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٨٠﴾ وَكَيۡفَ أَخَافُ مَآ
أَشۡرَكۡتُمۡ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمۡ أَشۡرَكۡتُم بِٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ عَلَيۡكُمۡ سُلۡطَٰنٗاۚ
فَأَيُّ ٱلۡفَرِيقَيۡنِ أَحَقُّ بِٱلۡأَمۡنِۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٨١﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم
بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ ﴿٨٢﴾ وَتِلۡكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيۡنَٰهَآ إِبۡرَٰهِيمَ عَلَىٰ
قَوۡمِهِۦۚ نَرۡفَعُ دَرَجَٰتٖ مَّن نَّشَآءُۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٞ ﴿٨٣﴾ وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ إِسۡحَٰقَ
وَيَعۡقُوبَۚ كُلًّا هَدَيۡنَاۚ وَنُوحًا هَدَيۡنَا مِن قَبۡلُۖ وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيۡمَٰنَ
وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَٰرُونَۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٨٤﴾ وَزَكَرِيَّا وَيَحۡيَىٰ
وَعِيسَىٰ وَإِلۡيَاسَۖ كُلّٞ مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٥﴾ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَٱلۡيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطٗاۚ
وَكُلّٗا فَضَّلۡنَا عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٨٦﴾ وَمِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡ وَإِخۡوَٰنِهِمۡۖ وَٱجۡتَبَيۡنَٰهُمۡ
وَهَدَيۡنَٰهُمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٨٧﴾ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهۡدِي بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦۚ

وَلَوْ أَشْرَكُواْ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿٨٨﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ
وَٱلنُّبُوَّةَ ۚ فَإِن يَكْفُرْ بِهَا هَٰٓؤُلَآءِ فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَّيْسُواْ بِهَا بِكَٰفِرِينَ ﴿٨٩﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ
هَدَى ٱللَّهُ ۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ ۗ قُل لَّآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا ۖ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرَىٰ
لِلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٠﴾

مانای وشە بە وشەی ئایەتەکان

((وە (یادبکەوە) کاتێك ئیبراهیم بە ئازەری بابی گوت: ئایا چەند بتێك بە پەرستراوان دەگری، بێگومان من خۆتو کۆمەڵەکەت لە گومڕاییەکی ڕووندا دەبینم ﴿٧٤﴾ وە هەر بەو شێوەیەش مولكی فراوانو سەرسوڕهێنەری ئاسمانەکانو زەوییمان پێشانی ئیبراهیم دا (تاکو بەرچاوی ڕۆشن بێ) وە بۆئەوەی لە بڕوا پتەوان بێ ﴿٧٥﴾ ئنجا کاتێك شەوگار دایپۆشیی ئەستێرەیەکی دی، گوتی: ئەوە پەروەردگارمە، بەڵام کاتێك ئاوا بوو گوتی: من ئاوابووانم خۆشناوێن ﴿٧٦﴾ ئنجا کاتێك مانگی بە شۆقی (دڕ بە تاریکی شەوی دەری) بینی، گوتی: ئەمە پەروەردگارمە، بەڵام کاتێك ئاوا بوو، گوتی: ئەگەر بێتو پەروەردگارم (کە بە فیطرەتم دەیناسم) ڕێنماییم نەکات، بە دڵنیایی یەوە لە کۆمەڵی سەرگەردانان دەبم ﴿٧٧﴾ ئنجا کاتێك خۆری پرشنگداری بینی، گوتی: ئەمە پەروەردگارمە، ئەمە (لە هەموویان) گەورەترە، بەڵام کاتێك (ئەویش) ئاوا بوو، گوتی: ئەی گەلەکەم ! من دوورو بەرییم لەو شتانەی ئێوە دەیانکەنە هاوبەش (بۆ خوا) ﴿٧٨﴾ بێگومان من پاکیی و چاکیی ڕووی (دڵی) خۆمم کردە ئەو کەسەی کە ئاسمانەکانو زەوی وەدیهێناون، وە من لە هاوبەش (بۆ خوا) دانەران نیم ﴿٧٩﴾ وە گەلەکەی شەڕەقسەیان لەگەڵ کرد، گوتی: ئایا لە حاڵێکدا کە خوا ڕێنمایی کردووم، لە بارەی ویەوە، شەڕە قسەم لەگەڵ دەکەن؟ وە من لەو شتانە ناترسم کە دەیانکەنە هاوبەشی (خوا) مەگەر پەروەردگارم شتێکی بوێ (تووشم بێ)، زانیاریی پەروەردگارم هەموو شتێکی گرتۆتەوە، ئایا

بیرناکەنەوە (و ڕاستییە خوارسکەکان ناهێننەوە یادتان؟) ﴿٨٠﴾ ئنجا ئایا چۆن من لەوە بترسم کە کردووتانەتە هاوبەش (ی خوا) لە حاڵێکدا کە ئێوە لە (سەرەنجامی) ئەوە ناترسن، کە شتێکتان کردۆتە هاوبەشی خوا، بەڵگەی لەسەر دانەبەزاندۆتە سەرتان، جا ئایا کام لەو دوو کۆمەڵە (خواپەرستانو هاوبەش پەرستان) شایستەترن بە دڵنیاییو هێمنیی، ئەگەر ئێوە (ڕاستیی) بزانن ﴿٨١﴾ ئەوانەی بڕوایان هێناوەو بڕوایەکەیان ئاوێتەی ستەم نەکردوە، ئا ئەوانە هێمنییان بۆ هەیەو، هەر ئەوانەش ڕێنماییکراوو ڕێی ڕاست گرتوون ﴿٨٢﴾ وە ئا ئەوە بەڵگەی ئێمە بوو کە لە بەرانبەر گەلەکەیدا بە ئیبراهیممان دابوو، هەر کەسێك بمانەوێ بە چەندان پلە بەرزی دەکەینەوەو، بێگومان پەروەردگارت کاربەجێی زانایە ﴿٨٣﴾ وە ئیسحاقو یەعقووبمان (بە ئیبراهیم) بەخشینو، هەر کامێکیشیانمان ڕێنمایی کرد، وە نووحیشمان پێشتر ڕێنمایی کردبووو خستبووە سەر ڕێی ڕاست، وە داوودو سولەیمانو ئەییووبو یوسفو مووساو هاروونیش لە وەچەی وی بوون، وە بەو شێوە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە، ﴿٨٤﴾ وە زەکەریاو یەحیاو عیساو ئیلیاسیش (لە وەچەی وی بوون) هەر کامێکیان لە صالحان بوون ﴿٨٥﴾ هەروەها ئیسماعیلو ئەلیەسەعو یونوسو لووطیش (هەر لە وەچەی وی بوون) وە هەر کامێکیانمان (لە ڕۆژگاری خۆیدا) بەسەر جیهانییاندا هەڵبژاردبوو ﴿٨٦﴾ وە (هەر لە وەچەی وی بوون، زۆرێك) لە باوو باپیرانیانو وەچەیانو برایەکانیان، وە هەڵمانبژاردنو، بەرەو ڕاستە ڕێ ڕێنماییمان کردن ﴿٨٧﴾ ئا ئەوە ڕێنمایی خوایە، هەر کەسێکی بوێ لە بەندەکانی، پێی دەخاتە سەر ڕاستە ڕێ، وە ئەگەر هاوبەشیان دانابایە (بۆ خوا) ئەوەی کە دەیانکرد (لە کردەوە باشەکانیان) لێیان هەڵدەوەشایەوە ﴿٨٨﴾ ئا ئەوانە (کە ناویان هێنرا) کەسانێك بوون کە کتێبو حیکمەتو پێغەمبەرایەتییمان پێیاندا، ئنجا ئەگەر ئەوانە (کافرەکانی ڕۆژگاری ئێوە) بڕوایان پێنەکەن، ئەوە کۆمەڵێکمان لێ ڕاسپاردوون، کە پێیان بێبڕوانین ﴿٨٩﴾ ئا ئەو (پێغەمبەر)انە، کەسانێکن کە خوا ڕاستە ڕێی کردوون، دەجا تۆش ڕێی ڕاستی وان بکە سەرمەشق، بڵێ: هیچ پاداشتێکتان لێ داوا ناکەم، ئەم (قورئان)ە، بێجگە لە بیرخەرەوە بۆ جیهانییان، هیچی دیکە نیە ﴿٩٠﴾)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ): (المُلْك: هُوَ التَصَرّفُ بالأَمْرِ وَالنَّهي في الجُمهُور، وَالمَلَكُوتُ مُختَص بمُلْكِ الله تَعالَى، وَهُوَ مَصْدَرُ (مَلَك) أُدْخِلَت فِيهِ التَّاء، نحو: رَحَمُوت، وَرَهَبُوت)، وشەی (مُلْك) بریتیە لە خەڵك خستنە ژێر ركێفی خۆت، بە جۆرێك كە بتوانی فەرمانیان بەسەردا بكەی و نەهییان لێبكەی، بەڵام (مَلَكُوت) تایبەتە بە موڵكی خوای بەرزەوە، كە ئەویش لە ئەسڵدا لە (مَلَك)ەوە هاتوە، (مَلَكَ يَمْلِكُ مُلْكًا)، بەڵام (ت)و (و)ی لێ زیادكراون، وەك: (رَحَمُوت) و (رَهَبُوت) بۆئەوەی ماناكەی بەهێزتر بێ، (مَلَكُوت) واتە: موڵكی فراوان، یان موڵكی سەرسوڕهێنەر تەنیا هی خوایە، بۆیەش كە تەنیا بۆ خوا بەكاردێ.

(ٱلۡمُوقِنِينَ): (اليَقِينُ: مِنْ صِفَةِ العِلْمِ فَوْقَ المَعْرِفَةِ وَالدِّرَايَةِ وَأَخواتها، وَيُقَالُ: عِلْمٌ يَقِين، وَهُوَ سُكُونُ الفَهْمِ مَعَ ثَبَاتِ الحُكْمِ)، (يَقِين) لە سیفەتی زانیارییە، لە سەرووی زانستو زانینو شێوەكانیانەوەیە، دەگوترێ: (عِلْمٌ يَقِين) واتە: زانیارییەكی جێی دڵنیایی، (يَقِين) بریتیە لەوە كە بڕیارێكت داوەو، عەقڵیشت لەسەری دامەزراوە، واتە: دوودڵیی و لەرەلەری تێدانیە، لە ئەسڵدا لەوەوە هاتوە: (يَقَنَ المَاءُ: أَي ثَبَتَ وَرَكَد)، واتە: ئاوەكە تەواو ڕاوەستاوە، بۆ وێنە: من دەزانم ئەوەی لە پێش دەستمن: دەفتەرو قەڵەمن، كە دوو شتی لێك جیان، واتە: زانیاریییم تەواو چەسپاوە، لەسەر ئەو دوو شتە، زیادو كەم ناكات، ئەوە پێی دەگوترێ: (يَقِين).

(جَنَّ عَلَيۡهِ ٱلَّيۡلُ): (أَصْلُ الجَنّ: سَتْرُ الشَّيءِ عَنِ الحَاسَةِ، يُقَالُ جَنَّهُ اللَّيل وَأَجَنَّه وَجَنَّ عَلَيْهِ، جَنَّهُ سَتَره، وَأَجَنَّهُ جَعَلَ لَهُ مَا يُجِنُّهُ، وَجَنَّ عَلَيْهِ كَذَا: سَتَرَ عَلَيْهِ)، وشەی (جَنّ) لە ئەسڵدا بە مانای داپۆشین دێ، ئەو شتانەی كە لە هەستەوەرەكان دادەپۆشرێ، كۆرپەلە لەبەرئەوەی نابینرێ، پێی دەگوترێ:

(جَـنين)، وە جنـد لەبەرئـەوەی نـابینرێ، پێـی دەگـوترێ (جِـن)، وە بەهەشـت لەبەرئـەوەی درختـەکـانی زۆر چـڕو پـڕو زەوییەکـەی نـابینرێ، پێـی دەگـوترێ: (جَنَّـة)، وە شێت لەبەرئەوەی عەقڵەکەی داپۆشراوە، پێی دەگوترێ: (مَجنْون)، جا (جَنَّـهُ اللَّيل وَأَجَنَّه وَجَنَّ عَلَيْهِ) هەرسێکی بە مانای: شەوگار داپپۆشی، دێ.

(كَوْكَبًا): (الكَوْكَـبُ: الـنَّجْمُ، وَكَوْكَبَـة مِثْـلُ: بَيـاضُ وَبَيَاضَـة، وَعَجُـوز وَعَجُـوزَة)، ئێستـا لە زاراوی گەردووناسیی‌و فیزیادا دەڵـێن: (كوكـب) بریتیـە لـە خڕۆکە کـە تیشـکی نیـە، وە (الـنجم) بریتیـە لـەوەی کـە تیشـکی هـەبێ، بـەڵام لـە بـەکارهێنانی قورئانـدا، وە لـە زمـانی عەرەبیـدا (كَوْكَـبُ ونجـم) بـە یـەك واتـا بەکارهـاتوون، وەك: (بَيـاضُ وَبَيَاضَـة) هـەردووکی بـە مانـای سـپی دێ، یـان وەك: (عَجُـوز وَعَجُـوزَة) هـەردووکــی واتــە: پیــرەژن، بــە هــەمان شــێوە (كَوْكَـب وَكَوْكَبَة) هەردووکیـان بە مانـای ئەسـتێرە دێن.

(أَفَلَ): (الأُفُولُ: غَيْبُوبَةُ النَيِّراتِ كَالقَمَرَيْنِ وَالنُّجُوم)، أُفُول: بریتیـە لـە ئـاوابوونی ئەوانەی کە تیشکیان هەیە، وەك: مـانگ‌و خـۆرو ئەسـتێرەکان.

(بَازِغًـا): (طَالِـعاً مُنْتَشِـر الضَّـوء)، (بازغاً) واتـە: هـەڵاتووەو تیشـکەکەی بڵاوبۆتـەوە، دڕی داوە بـە تاریکـیی، دەڵـێ: (مِن بَزَغَ البيطار الدَّابَّة: أَسالَ دَمَها، فَبَزَغَ هُوَ أي: سـال)، (بیطار) کاتێك وڵاخێك پشتی، یان قاچی دەقەڵێشـێ، یـان خـوێنی لـێ دێ، پێـی دەگوتـرێ: (بَـزَغ).

(حَنِيفًا): (الحَنَفُ: هُوَ مَيْلٌ عَنِ الضَّلاَلِ إلـى الإسْتِقَامَةِ، عَكْسُ الجَنَـف: وهُـوَ مَيْلٌ عَنِ الإسْـتِقَامَةِ إلـى الضَّـلال، والحَنَـفُ: هُـوَ الـمَائِلُ إلى ذَلِـك). واتـە: (حَنَـفُ) بریتیــە لــە مــەیلکردنو بەلاداچــوون لــە گومڕاییــەوە بــەرەو ڕاســتە ڕێگــا، بــە پێچـەوانەوەی (جَنَـف)ەوە، وشـەی (جَنَـف) بریتیـە لـە مەیلکـردنی کەسێك بـۆ وازهێنـان لە ڕاستە شەقامی خـوا بـەرەو گـومڕایـی‌و ڕێـی لارو خـوار، وە (حنیـف) کەسێکە بەرەو ئـەو (یانـی: ڕێـی ڕاسـت) مەیلی کردبـێ.

(سُلْطَٰنًا): (السَّلاطَة: التَمَكُّن مِنَ القَهْرِ، وَسُمِّي الحُجَّة سُلْطَاناً لِمَا لَهُ السُّلْطَة عَلَى القُلُوب)، (سَلاطَة) بریتیە لە دەسەتەڵات ڕاناو مل پێ کەچکردن، وە بەڵگە (حجة) بۆیە پێی دەگوترێ: (سلطان) چونکە دەستەڵاتی هەیە بەسەر دڵی ئینساندا.

(أَحَقُّ بِٱلْأَمْنِ): (أَصْلُ الأَمْنُ: طُمَئْنِينَةُ النَّفْسِ وَزَوَالُ الخَوْف)، وشەی (أمن) واتە: ئارامگرتنی نەفس و نەمانی ترس.

(يَلْبِسُوٓاْ): (أَصْلُ اللَّبْس: سَتْر الشَّيء، يُقَالُ لَبَسْتُ عَلَيْهِ أَمره: سَتَرْتُ وَخَلَطْتُهُ)، وشەی (لبس) واتە: داپۆشین، دەگوترێ: (لَبَسْتُ عَلَيهِ أَمره) واتە: ئیشکەم لێ داپۆشیی و لێ تێکەڵ کرد.

(وَٱجْتَبَيْنَٰهُمْ): (الإجتِبَاءُ: الجَمْعُ عَلَى طَرِيق الإصْطَفَاء)، واتە: کۆکردنەوە بە شێوەی هەڵبژاردن.

(لَحَبِطَ): (أَصْلُ الحَبْطِ مِنَ الحَبَطِ: وَهُوَ أَنْ تُكْثِرَ الدَّابَّة أَكْلاً حَتَّى ينتَفخ بَطْنُهَا)، لە ئەسڵدا (حَبط)ەوە هاتوە، کاتێك کە ئاژەڵێك لەوەڕ دەخوات تا ورگی دەئاوسێ، دوایی تەندروستی تێکدەچێ، پێی دەگوترێ: (حَبَط)، وە (حَبِط) واتە: کردەوەکانی بە تاڵ دەبنەوە.

(وَٱلْحُكْمَ): واتە: (الحِكْمَة)، لێرەدا حوکم بە مانای حیکمەت دێ، واتە: زانیاریی و کردەوەی بە سوود.

(وَكَّلْنَا): (التَوْكِيلُ أَنْ تَعْتَمِدَ عَلَى غَيْرِكَ وَتَجْعَلَهُ نَائِباً عَنْكَ، وَالوَكِيلُ فَعِيل بمَعْنَى المَفْعُول)، (توكيل) بریتیە لە وەکیل گرتن بۆ کارێك، پشت بە کەسێکی دی ببەستی و بیکەیە جێگری خۆت، (وَكيل)یش (فَعِيل)ی بە مانای (مَفْعُول)ە، واتە: کارپێسپێردراو.

(أَجْـرًا): (الأَجْـرُ وَالأُجْـرَةُ: مَـا يَعُـودُ مِـنْ ثَـوَابِ العَمَـلِ دنيَويـاً كَـانَ أَو أُخْرَوِيـاً)، (أَجْـرُ، أُجْرَة) بريتـيە لـەوەی کـە مرۆڤـ کردەوەیـەك بکـات، دوایـی پاداشـتەکەی بـۆ بێتـەوە، چ لە ڕووی دنیاییـەوە، چ لـە ڕووی دوارۆژەوە.

(ذِكْرَىٰ): (الـذِكْر وَالـذِكْرَى وَالـذُّكرة: ضِـدُّ النِّسـيَانِ)، وشـەی (ذِكْـر، ذِكْـرَى، ذكـرة) پێچەوانەی لەبیـرچوونـەوەن، واتە: لەبیـربوونو لەیـادبوون.

(ذَكَـرَ الشَّـيءَ ذِكْـراً وذُكـرا وذِكْـرى وَتَذكارا: حِفْظَهُ وَاسْتَحضَرهُ وَجَـرَى عَلَـى لِسَانِهِ بَعْدَ نسيَانهِ)، واتە: ئەو شتەی لە مێشکی خۆیدا پاراست، وە بەسـەر زمـانی خـۆی داهێنـا، هـەردووکیان پێیـان دەگـوترێ: (ذکـر) چ لـە مێشـکی خـۆی دا بیپارێزێ، چ بە زمـان باسـی بکـات، دوای ئـەوەی لەبیـری چـۆتەوە، (وذکـر فلانـة: خطبهـا، وذكـر النعمـة: شـكرها، وذكـر النـاس: اغتـابهم، وذكـر الشـيءَ: عابـه، وذكَـرَ الشـيءَ لـه: أَعْلَمَـه بـه، وذكـر حقَّـه: حَفِظَـهُ ولم يُضَيِّعْـهُ)[1]، دەگـوترێ: (ذکـر فلانـة) واتـە: ئافرەتەکەی خواسـت، (ذکـر النعمة) واتـە: سـوپاسـگوزاریی کـرد، (ذکـر النـاس) بـە خـراپ باسـی خەڵـکی کـرد، (ذکـر الشـيءَ) عەیبـی لـە شـتەکە گـرت، وە (ذکر الشـيء لـه) لـەو شـتە ئاگـاداری کـردەوە، وە (ذکـر حقّـه) مافەکەی خـۆی پاراستو زایـەی نەکـرد.

١) المعجم الوسيط، ص٣١٣.

مانای گشتی ئایەتەکان

خوا ﷻ هەر لەوبارەوە کە دەبێ: تەنیا خوا بپەرسترێ‌و بەندایەتیی بۆ بکرێ، وە دەبێ خۆمان بپارێزین لە هاوبەش بۆ خوا دانان، کە دیارە ئەم سوورەتە تەوەرە سەرەکییەکەی بریتیە لە خوا بە یەکگرتن‌و تەنیا خواپەرستن، ئنجا هەر لە درێژەی ئەو باسەدا، خوا بەسەرهاتێکی ئیبراهیم ﷺمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین: سێ لە بەسەرهاتو وتووێژەکانی ئیبراهیمن ﷺ، بەڵام خوا ﷻ تێکهەڵکێشی کردوون‌و، لە یەك سیاقدا هێناونی، ئەگەرنا وەك دوایی ڕوون دەبێتەوە: سێ ڕووبەڕووبوونەوەو سێ وتووێژی ئیبراهیمن ﷺ، لەگەڵ سێ جۆر لە هاوبەش بۆ خوادانەرەکاندا، ئەوانەی کە غەیری خوایان پەرستوەو بەندایەتییان بۆ غەیری خوا کردوە.

سەرەتا خوا ﷻ ئاوا دەست پێدەکات‌و دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا ءَالِهَةً ﴾، کە ئەمە وتووێژی یەکەمیانە، واتە: وە یاد بکەوە کاتێك کە ئیبراهیم بە بابی خۆی (ئازەر)ی گوت: ئایا بت‌و صەنەمان دەکەیە پەرستراوان (بە پەرستراوی دەگری)؟! ﴿ إِنِّيٓ أَرَىٰكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴾، بێگومان من خۆت‌و گەلەکەت لە گومڕاییەکی ڕوون‌و ئاشکرادا دەبینم.

لێرەدا خوا ﷻ باسی هەڵوێستی ئیبراهیمی خەلیلمان بۆ دەکات لە بەرانبەر بابی دا، کە ناوی ئازەر بووە، وە گەلی ئازەر، واتە: ئەو خەڵکەی کە لەنێویاندا بووە، کە زۆر لە توێژەرەوانی قورئان‌و مێژوونووسان دەڵێن: لە خوارووی عیراق لە ئووری کلدانییەکان بووە، وە هەندێکیش گوتوویانە: لە کوردستان بووە، وە هەندێك گوتوویانە: لە شام بووە، بەڵام وا پێدەچێ ئەوەی یەکەمیان لە هەموویان ڕاستتر بێ، بەڵام دوایی چووە بۆ شام‌و، ئیدی ئەگەر هاتبێ بۆ کوردستانیش دەگونجێ، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، ئەوەیە ئیبراهیم بە بابی خۆی گوتوە: ئایا بت‌و صەنەمان دەکەیە پەرستراو؟ ئێمە سێ وشەمان هەن:

یەك: (أصنام) کۆی (صنم)ە، بریتیە لە پەیکەرێك لە شێوەی مرۆڤدا.

دوو: (أوثان) کۆی (وثن)ە، وەك (صنم) وایە، بەڵام (صنم) ڕەنگ دەکرێ‌و (وثن) ڕەنگ ناکرێ.

سێ: (أنصاب) کۆی (نصب)ە، بریتیە لە بەردێك کە چەقێنرابێ‌و دانرابێ‌و بە پیرۆز گیرابێ‌و، جۆرێك لە پەرستشی بۆ ئەنجام درابێ، هەندێکیش گوتوویانە: هەرسێکیان بە یەك مانا دێن[١].

گرنگ ئەوەیە ئیبراهیم دەڵێ: ﴿ إِنِّيٓ أَرَىٰكَ وَقَوۡمَكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴾، بێگومان من خۆت‌و گەلەکەت لە گومراییەکی ڕوون‌و ئاشکرادا دەبینم، جا لێرەدا خوا ﷻ بەکورتیی باسی کردوە، بەڵام لە سوورەتەکانی (الصافات والشعراء والأنبیاء)دا بەتەفصیلێ باسی کردوە، کە چۆن بتەکانی شکاندوون، جگە لە بتە زلەکەیان کە هێشتوویەتەوە، بەڵام لێرەدا خوای کاربەجێ، بە یەك ئایەت‌و بە ئاماژەیەکی کورت باسی کردوە.

ئنجا دێتە سەر بەسەرهاتی دووەم، یاخود وتووێژی دووەم: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ﴾، وە ئاوا بەو شێوەیە، {واتە: وەك چۆن پووچیی بت‌و صەنەمەکانمان پێشانی ئیبراهیم دا، وە موناقەشەی لەگەڵ بابی‌و لەگەڵ گەلەکەیدا کرد، دەربارەی ئەوە کە نابێ بپەرسترێن‌و بکرێنە هاوبەشی خوا، بەهەمان شێوە} موڵکی فراوانی ئاسمانەکان‌و زەوییمان پێشانی ئیبراهیم دا ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ ﴾، (نُرِيٓ) واتە: پێشانی دەدەین، خوای پەروەردگار بە (فعل المضارع) هێناویەتی، بۆئەوەی کە دیمەنەکە بێتە بەرچاومان ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلِيَكُونَ مِنَ

١) بڕوانە: مختار الصحاح، ص٣٣٠و ٥٦٩و ٦٠٨، کە دەڵێ: هەموویان بە (پەرستراوی جگە لە خوا) دەگوترێن.

ٱلۡمُوقِنِينَ ﴾، وە بەو جۆرە موڵكی فراوانی ئاسمانەكانو زەوی، پێشانی ئیبراهیم دەدەین، وشەی: (مَلَكُوتَ) هەر بە مانای موڵكە، بەڵام لەگەڵ زێدە مانایی دا، چونكە صیغەی موبالەغەی (فعلوت)ە، وەك (جبروت، رهبوت، رحموت) ئەوانە مانای زیاتر دەدەن، بە وشەیەك، كەواتە: مەلەكووت واتە: ئەوە كە خوا دروستی كردوە.

ئنجا ئایا خوا ﷻ بۆچی موڵكی فراوانی ئاسمانەكانو زەوی، پێشانی ئیبراهیم دەدات؟ دەفەرموێ: ﴿ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ﴾، واتە: وە بۆئەوەی بەرچاوی ڕۆشنبێ، وە بۆئەوەی لە بڕوا پتەوان بێ، بۆئەوەی ئیمانێكی پتەوی هەبێ، لەوەدا كە تەنیا خوا بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەنو هەمەكارەیە، پاشان دەبێ هەر ئەویش پەرستراوی ڕاستەقینەی خەڵك بێ.

دیارە ئەو گەلەی ئیبراهیم كە لەنێویاندا بووە، هەندێكیان بتو صەنەمیان پەرستوە، وەك لە ئایەتەكەی پێشێ دا دەردەكەوێ، وە هەندێكیشیان ئەستێرە مانگو خۆریان پەرستوە، ئیدی ئیبراهیم لەگەڵ هەموویاندا ڕووبەڕوو بۆتەوە، دەفەرموێ:

﴿ فَلَمَّا جَنَّ عَلَيۡهِ ٱلَّيۡلُ رَءَا كَوۡكَبٗاۖ ﴾، كاتێك شەوی بەسەر داهات، یان: شەو بە تاریكیی خۆی ئیبراهیمی داپۆشی، خڕۆكەیەكی بینی، لە بەكارهێنانی قورئاندا (كوكب ونجم) بە یەك مانای بەكاردێن، لە زاراوەی گەردوونناسیی ئێستادا خڕۆكە (كوكب) بۆ ئەوانە بەكاردێ، كە تیشكیان نیەو، تیشك لە خۆر وەردەگرن، بەڵام ئەوانەی كە تیشكێكی زاتییان هەیە، پێیان دەگوترێ (نجم)، ئەستێرە، كەواتە: ئیبراهیم شەوی بەسەردا هاتو ئەستێرەیەكی بینی، ئنجا ئایا ئەو ئەستێرەیە، كام ئەستێرە بووە؟ هەندێك دەڵێن: (مشتري) بووە، هەندێك دەڵێن: (زُحل) بووە، گرنگ ئەوەیە ئەستێرەیەكی بە تیشك بووە، ﴿ قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ ﴾، گوتی: ئەمە پەروەردگارمە! كە {دوایی لە مەسەلە گرنگەكاندا زیاتر تیشكی دەخەینە سەر}، ﴿ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلۡأٓفِلِينَ ﴾، كاتێك ئاوابوو، گوتی: من ئاوابووانم خۆشناوێن، واتە: خۆشمناوێن وەك پەرستراو، چونكە پەرستراوو، پەروەردگار دەبێ

ئاگای لە پەروەردەکراوەکانیو لە دروستکراوەکانی خۆی بێ، ئەوانیش کە ئاوابوونو نەمان، مانای وایە ئاگایان لێیان نامێنێ، کەواتە: ناگونجێ ئەوانە پەروەردگاربن.

دیارە هەندێکیان ئەستێرەیان پەرستوە، هەندێکیان مانگیان پەرستوە، ﴿ فَلَمَّا رَءَا ٱلْقَمَرَ بَازِغًا قَالَ هَٰذَا رَبِّي ﴾، کاتێك مانگی بینی، کە تیشکەکەی دڕی بە تاریکیی دا، گوتی: ئا ئەوە پەروەردگارمە! ﴿ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمْ يَهْدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلضَّآلِّينَ ﴾، بەلام کاتێك مانگیش ئاوابووو دیارنەما، گوتی: ئەگەر پەروەردگارم ڕێنماییم نەکات، بە تەئکید لە کۆمەڵی گومڕابووان دەبم، ئیبراهیم ﷺ بە سروشتو لە دەروونی خۆیدا، زانیویەتی پەروەردگارێکی هەیە، بەلام بۆئەوەی بزانێ ئەو پەروەردگارە چۆنەو کێیە؟ لەوبارەوە گەڕاوە.

بەلام بەپێی مانایەکی دیکەیان: ئیبراهیم ﷺ یەقینی هەبووە کە پەروەردگارێکی هەیە، بەلام گوتوویەتی: گەلەکەم دەڵێن: ئەو پەروەردگارە، ئەستێرەیە، هەندێك دەڵێن: مانگە.

﴿ فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكْبَرُ ﴾، ئنجا کاتێك خۆری بینی کە بە تیشکی ڕووناکییەکەی دڕی بە تاریکیی دابوو، پەردەی تاریکیی شەوگاری دڕاندبوو، گوتی: ئەمە پەروەردگارمە! ئەمە گەورەترە، بێگومان بەپێی زانیاری گەردووناسی تازەش خۆر (شمس) لە مانگو لە زەویش گەورەترە، خۆر (١،٣٠٠، ٠٠٠) ملیۆنێكو سێ سەد هەزار جار لە زەوی گەورەترە، وە زەویش چەند بەرانبەری مانگە، بەلام دیارە ئەستێرەکان، هەیانە بە ئەندازەی خۆرەو، هەیانە لە خۆر بچووکترە، وە هەیانە لە خۆر گەورەترە، ﴿ فَلَمَّآ أَفَلَتْ قَالَ يَٰقَوْمِ إِنِّي بَرِيٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴾، دوای ئەوەی ئەویش ئاوابوو (خۆریش ئاوابوو)، گوتی: ئەی گەلەکەم ! من بەریم، واتە: دوورم لەوانەی ئێوە دەیانکەنە هاوبەش بۆ خوا، چونکە دواهەمین شت کە پەرستراوە لە ڕووی گەورەییو تیشکەوە، خۆر بوو، ئنجا مادام خۆریش ئاوابێ، کەواتە: ئەویش ئەو پەروەردگار نیەو، ئەو مشوورخۆرە نیە، کە شایستەی

پەرستـــران بـێ، بۆیـە مـن بـەریيم لـەوەی کـە ئێـوە دەیانکـەن بـە هاوبەشـی خـوا، چ ئەسـتێرەبن، چ مانـگ بـێ، چ خـۆر بـێ.

ئـنجـا خواپەرسـتیی خـۆیو خـوا بەیەکگـرتنی خـۆی ڕادەگەیەنـێ: ﴿إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ حَنِيفًا﴾، مـن ڕووی خـۆم کـردە ئـەو کەسەی کە ئاسمانەکانو زەوی وەدیهێناون، بـە پاکیـی ڕووم تێکرد، وە ڕووم وەرگێـڕا لە هـەرچی بەرنامـەی دیکەو فیکـرەی دیکـە هەیـەو، هاتمـە سـەر خـوا بەیـەکگرتن، وە ﴿وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾، وە من لە هاوبـەش دانـەران نیـم.

ئـنجا دێتـە سـەر وتووێژێکی دیکەی ئیبـراهیم ﷺ دەفەرموێ: ﴿وَحَاجَّهُ قَوْمُهُ﴾ وە گەلەکـەی موناقەشەیان لەگەڵدا کرد، دەربـارەی ئـەوە کە تـۆ چـۆن خـوا دەپەرستی؟ ئەدی خۆر، مانگ، ئەستێرە، صەنەم، فلانو فیسار؟ موناقەشـەو شـەڕە قسـەیان لەگەڵـدا کـرد، چونکە ئینسان کە تووشی سـەرگەردانیی دەبـێ، ئەو ناهەقییەی کـە لەسـەریەتی، لـێی دەبـێ بە هـەق، وە هەقەکـە لە بەرانبـەری دا وەستاوە، لـێی دەبـێ بـە ناهـەق، وەك خـــوای پـــەروەردگار دەربـــارەی مونافیقـــەکان دەفـــەرموێ: ﴿الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ بَعْضُهُمْ مِنْ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمُنْكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمَعْرُوفِ ...﴿٦٧﴾﴾ التوبة، واتە: دووڕووەکان هەندێکیان لە هەندێکیان نـزیکـنو بەینـیان لەگەڵ یـەك هەیـە، فەرمـان بە خراپـە دەکەنو، ڕێ لە چاکە دەگـرن، لەجیاتـی ئـەوەی فەرمـان بـە چاکـە بکـــەنو، ڕێ لـــە خراپـــە بگـــرن، بـــە پێچـــەوانەوە دەکـــەن، ﴿قَالَ أَتُحَاجُّونِّي فِي اللَّهِ وَقَدْ هَدَانِ﴾، ئیبـــراهیم فـــەرمووی: ئایـــا دەربـــارەی خـــوا شەڕەقســـەو وتـووێـــژم لەگـەڵـدا دەکەن، لـە حاڵێکـدا کـە خـوا منـی هیدایـەت داوەو ڕێنمـایی کـردووم؟ واتـە: شـتێکی زۆر نەگونجـاوە، لەجیـاتی ئەوەی من شـەڕە قسە لەگەڵ ئێـوەدا بکـەم، کە واز لە بتپەرسـتیی بێنن، کەچی ئێوە دەتانەوێ مـن لـە خـوا بەیـەکگـرتن هەڵگەڕێننـەوە! لـە حاڵێکـدا کـە خـوا ڕێنمـایی منـی کـردوە، ﴿وَلَا أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِ إِلَّا

أَن يَشَآءَ رَبِّي شَيْـًٔا ﴾، وە من ئەوانەی کە ئێوە دەیانکەن بە هاوبەش بۆ خوا، لێیان ناترسێم، مەگەر پەروەردگارم شتێکی بوێ، واتە: مەگەر پەروەردگارم بیەوێ زیانێکم لێ بدات، ئەگەرنا ئەو شتانەی کە ئێوە دەیانپەرستن، زیان لە من نادەن‌و لێیان ناترسێم، واپێدەچێ ئەوانە هەڕەشەیان لە ئیبراهیم کرد بێ، بۆ وێنە: گوتوویانە: خۆر، یان مانگ، یان ئەستێرە، دوایی زیانت پێدەگەیەنن، بۆیە فەرموویەتی: ﴿ وَلَآ أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَشَآءَ رَبِّي شَيْـًٔا ﴾، وە من ئەوانەی کە ئێوە دەیانکەن بە هاوبەش بۆ خوا، لێیان ناترسێم، مەگەر پەروەردگاری خۆم بیەوێ زیانێکم لێ بدات، ئەگەرنا ئەوانە هیچ نین، ﴿ وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا ﴾، پەروەردگاری من زانیارییەکەی گشتگیرەو، هەموو شتێکی گرتۆتەوە، ﴿ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ ﴾، ئایا پەند وەرناگرن، ئایا بیر ناکەنەوە؟

ئنجا بەردەوام دەبێ لەسەر بەڵگە هێنانەوەو دەفەرموێ: ﴿ وَكَيْفَ أَخَافُ مَآ أَشْرَكْتُمْ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ عَلَيْكُمْ سُلْطَٰنًا ﴾، وە من چۆن بترسێم لەوەی کە ئێوە کردووتانە بە هاوبەش بۆ خوا، لە حاڵێکدا کە ئێوە ناترسێن، لە سەرەنجامی ئەوەی شتێکتان کردۆتە هاوبەشی خوا، کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەناردۆتە خوار؟ دیارە جیاوازیی نێوان دینی هەق‌و دینی ناهەق، ئەوەیە کە دینی هەق بەڵگەو پشتیوانی هەیە، لە عەقڵ‌و سروشتی ئینساندا، لە واقیعی ژیاندا، بەڵام دینی ناهەق، هیچ پشتیوانییەکی نیە، هیچ ڕەگ‌و ڕیشەیەکی نیە، جا ئیبراهیم ﷺ ئەم تەعبیرە بەکاردێنێ: ﴿ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ عَلَيْكُمْ سُلْطَٰنًا ﴾، ئەو شتەی کە ئێوە دەیکەن بە هاوبەش بۆ خوا، خوا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەناردۆتە خوار، (سُلْطَان) یانی: (حجة) بەڵگە، وە بەڵگەش بۆیەش ناوی لێنراوە (سُلْطَان) چونکە دەستەڵاتی هەیە بەسەر عەقڵ‌و دەروونی

ئینساندا، کوردەواریی خۆمان دەڵێن: (لە ئاقار هەقدا، ئاو ڕادەوەستێ) واتە: ئێوە کە پەرستراوانێك دەپەرستن، هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر نیە، من چۆن لێیان بترسم لە حاڵێك دا کە ئێوە خوایەك ناپەرستن، کە بەڵگەی لەسەرە؟ بوونەوەر پڕە لە بەڵگەکانی گەورەیی خواو یەکتایی خواو پەروەردگارێتیی خوا، وەك یەکێك لە شاعیرەکان دەڵێ:

وَفِي كُلِّ شَيءٍ لَهُ آيَــةٌ تَدلُّ عَلَى أَنَّهُ وَاحِـدٌ

لە هەموو شتێك دا نیشانەی هەیە بەڵگەیە کەوا هەر یەك خوا هەیە

﴿فَأَيُّ ٱلۡفَرِيقَيۡنِ أَحَقُّ بِٱلۡأَمۡنِۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ﴾، کام لەم دوو کۆمەڵە شایستەترە، بەدڵنیاییەوە، بە هێمنییو بە ئارامیی یەوە، ئەگەر ئێوە بزانن؟ واتە: من کە خوا دەپەرستم، تاکە پەرستراوی بە هەق، یان ئێوە کە شتانێك دەپەرستن، یان وەك خۆتانن، یان لە خوار خۆتانن‌و شایستەی پەرستران نین، ئایا من بترسێم لەوانە کە زیانم لێبدەن، کە ئەوانە هیچیان بەدەست نیە، یان دەبێ ئێوە بترسێن لەو کەسە کە دەتانمرێنێو زیندووتان دەکاتەوە، کەچی نایپەرستن؟ کەواتە: من زیاتر شایستەی ئەوەم کە دڵنیابم، وە ئێوە زیاتر شایستەی ئەوەن کە بترسێن.

ئنجا یان هەر قسەی ئیبراهیمە، یان فەرمایشتی خوایەو تێکەڵی کردوە، لەگەڵ قسەکەی ئیبراهیمدا، دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ﴾، ئەوانەی بڕوایان هێناوەو ئیمانەکەشیان لەگەڵ ستەمدا تێکەڵ نەکردوە، ئا ئەوانە هێمنییو ئارامییان بۆ هەیە، وە هەر ئەوانەش ڕێ پێشاندراون.

کە ئەم ئایەتە هاتە خوار، هاوەڵانی بەرێز خوا لێیان ڕازی بێ، تووشی نارەحەتییو دڵەڕاوکێو ترس بوون، گوتیان: کێ لە ئێمە ستەمی لە خۆی نەکردوە؟! خواش ﷻ دەفەرموێ: ئەوانەی بڕوایان هێناوەو ئیمانەکەشیان لەگەڵ ستەمدا تێکەڵ نەکردوە، ئێمە هەموومان تووشی هەڵەو ستەمو کەموکوڕیی بووین، خواش ﷻ فەرموویەتی: مەگەر کەسانێك ئیمانەکەیان لەگەڵ ستەمدا تێکەڵ نەکردبێ، ئەهلی

دڵنیایی بن، مانای وایە هیچ کامێکمان ڕزگارمان نابێ؟ پێغەمبەری خواش ﷺ بۆی ڕوون کردنەوە، فەرمووی: لێرەدا مەبەست لە ستەم، هاوبەش پەیداکردنە، ﴿إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ١٣﴾لقمان، واتە: بێگومان هاوبەش دانان بۆ خوا ستەمێکی گەورەیە، وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکان دا زیاتر قسەی لەبارەوە دەکەین.

لە کۆتاییدا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَتِلۡكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيۡنَٰهَآ إِبۡرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦۚ﴾، ئا ئەمە بەڵگەی ئێمە بوو بە ئیبراهیممان دابوو، لە بەرانبەر گەلەکەی دا، واتە: ئەم قسانەی کە کران، ئەم وتووێژە هەمووی، بەڵگەکانی ئێمە بوون، ﴿نَرۡفَعُ دَرَجَٰتٖ مَّن نَّشَآءُۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٞ﴾، هەر کەسێك کە بمانەوێ چەندان پلەی بۆ بەرز دەکەینەوە، بێگومان پەروەردگاری تۆ کاربەجێی زانایە.

ئنجا خوا دێتە سەر باسی ناوهێنانی ژمارەیەك لە پێغەمبەران، کە بە ئیبراهیمەوە ژمارەیان هەژدەیە، تاکە ئایەتێك لە قورئاندا، ئەوەندە بەدوای یەکدا ژمارەیەکی زۆری پێغەمبەرانی تێدا ناوهێنرابن، ئەم ئایەتانەن، ئەوانەش هەموویان وەچەی ئیبراهیمن، ـ جگە لە نووح ـ ، بۆیە ئیبراهیم پێی گوتراوە، (أبو الأنبياء) بابی پێغەمبەران، زۆربەی زانایان دەڵێن: لەدوای ئیبراهیمەوە هیچ پێغەمبەرێك نەهاتوە، مەگەر لە وەچەی ئەو بووبێ، دەفەرموێ: ﴿وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ إِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَۚ كُلًّا هَدَيۡنَاۚ وَنُوحًا هَدَيۡنَا مِن قَبۡلُۖ﴾، وە بە ئیبراهیممان بەخشی لەسەر ئەو هەڵوێستانەی هەر کام لە: ئیسحاق و یەعقووب، وە هەر کامیانمان ڕێنمایی کردبوو، خستبوومانە سەر ڕێی ڕاست، وە لە پێشوانیش دا، نووحمان ڕێنمایی کرد، چونکە نووح پێش ئیبراهیم بووەو، بە نووح گوتراوە: (أبو البشر الثاني) دووەمین بابی مرۆڤایەتی، چونکە لەدوای ویەوە، وەچەی بەشەر تەنیا ئەوانە بوون، کە لە خزمەت نووحدا بوون، جا چ نزیکانی خۆی بووبن، چ ئەوانەی لەگەڵی دابووبن، ئەگەرنا هیچ بەشەری دیکە نەماوە لەسەر زەوی و خوای پەروەردگار بژاری کردوە لە کافران و، کەسی لێیان نەهێشتوە.

جا دەفەرموێ: وە نووحیشمان پێشـتر خستبووە سـەر ڕێی ڕاست ﴿وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَـٰنَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَـٰرُونَ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾ ، هەندێك دەڵێن: ڕاناوەکەی دەگەڕێتـەوە بۆ نـووح، واتە: لە وەچـەی نـووح بـوون هـەر کام لـە: داوودو سولەیمانو ئەیـوبو یوسفـو مووساو هارووننو ئەوانەی دیکە کـە دێـن، وە هەندێکیان گوتوویانـە: ڕاناوەکـەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیبـراهیم، بەڵام بـە بۆچـوونی مـن ئـەو ڕایـە ڕاسـتە کـە دەڵـێ: دەگەڕێتـەوە بـۆ ئیبـراهیم، چـونکە لێـرەدا بـاس باسـی ئیبـراهیمە، وە خـوا ﷻ باسـی ئەوە دەکات کە ئیبـراهیم ئاوا بۆ خـوای پەروەردگار ساغو یەکلابووبـۆوە، خـوای پـەروەردگاریش لـە بەرانبـەری ئـەوەدا، ئـاوا پاداشـتی ئیبراهیمـی داوەتەوە، کە ئەو هەموو پێغەمبەرانەی لە وەچـەی وی خولـقاندوون، بۆیـە ڕاناوەکە وا ڕاسـتتـرە بڵـێن: دەگەڕێتـەوە بـۆ ئیبـراهیم، وە ئەوانـەی کـە باسـیان کـراوە، هیچیـان شـتێکی وایـان تێـدانیە کە نەتوانیـن بڵێیـن: لە وەچـەی ئیبـراهیمە.

ئـنجا نـاوی شـەش لـەو پێغـەمبەرانە دێنـێو دەفـەرموێ: وە لـە وەچـەی ئـەو بـوو: داوودو سـولەیمانو (بـابو کوڕ بوون، داوود بـابی سـولەیمانە) وەك خـوا لـە سـوورەتی (ص)دا دەفـــــــەرموێ: ﴿ وَوَهَبْنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيْمَـٰنَ ۚ نِعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿٣٠﴾ ﴾، (سـولەیمـان)مان بە داوود بەخشی.

وە (ئەیـوب) ئەویش خـوای پەروەردگار لـە چـەند شـوێنان دا باسـی کـردوە، کـە زۆر تووشی نەخۆشیـیو تاقیکردنەوەی سـەخت بووە، بەڵام خۆڕاگـر بـووە.

وە (یوسـف) دیـارە کـە کـوڕی یەعـقووبە یەعـقووبیش کـوڕی ئیسـحاقە ئیسـحاقیش کوڕی ئیبـراهیمە، کە سـوورەتێك لە قورئـانـدا بـە نـاوی ئەوەوەیـە، وە (مووسـا) ئـەویش هـەر لـە بـەنی ئیسـرائیلەو ئیسـرائیل نازنـاوی یەعـقووبـە، مووسـاش ﷺ دەچێتـەوە سـەر ئەوان.

ئـنـجا (هـارون) ئـەمیـش دیـارە بـرای مووسـایە، ئـەوە شـەش، ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾، ئا بەو شـێوەیە ئێمـە پاداشـتی چاکـەکاران دەدەینـەوە.

ئنجا خوا ﷻ باسی چوار پێغەمبەری دیکە دەکات، دەفەرموێ: ﴿ وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ ﴾، وە زەکەریـاو یەحیـا، ئـەوانیش بـابو کـوڕ بـوون، زەکەریـا بابی یەحیا بوو، عیساو یەحیاش دایکیان خوشك بوون.

وە ئیلیاسیش هەر لە بەنی ئیسرائیلە، کە بە (إلیاسین)یش هاتوە لە قورئاندا، ﴿ كُلٌّ مِّنَ الصَّالِحِينَ ﴾، ئەو چوارەش هەر چواریان لە صالحانو لە چاکەکاران بوون.

ئنجا شەشەکەی پێشێ زیاتر حالەتی حوکمڕانییو تەمکینیان هەبووە، ئەم چوارەش زیاتر دنیا بە کەمگرتنو سادە ژیانیان هەبووە.

ئنجا باسی چواری دیکە دەکاتو دەفەرموێ: ﴿ وَإِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا ﴾، وە ئیسماعیل کە کوڕی ئیبراهیمەو، دایکی (هاجەر)ەو دەبێتەوە باپیرەی دووری پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ.

ئەلیەسەعیش خوای کاربەجێ لە قورئان دا ڕوونکردنەوەی لەبارەوە نەفەرمووە.

یونوسیش ئەوە دیارە، کە (ذو النون)یشی پێگوتراوە، وە (صاحب الحوت)یشی پێگوتراوەو لە نەینەوای زوو و (موصل)ی ئێستا، ژیاوە، وە لووط، ئەویش برازای ئیبراهیم بووە، واتە: کوڕی برای.

ئنجا لەبەرئەوەی ئەم چوارە شوێنکەوتوویان نیە، وە کتێبی دیارییکراویان ناونەهێنراوە، بۆیە خوای کاربەجێ بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومانە، کە ئەوانە پلەیان لەوانی دیکە نزمتر بێ، دەفەرموێ: ﴿ وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ ﴾، هەر کامێك لەو چوارەشمان لە ڕۆژگاری خۆیاندا، بەسەر جیهانییانی سەردەمانی خۆیاندا هەڵبژاردبوو، دیارە هەر پێغەمبەرێك کە هاتوە باشترینی خەڵکی ڕۆژگاری خۆی بووە، هەتا لەنێو ئەوانەشیاندا کە ئیماندار بوون.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَمِنْ آبَائِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَإِخْوَانِهِمْ ۖ وَاجْتَبَيْنَاهُمْ وَهَدَيْنَاهُمْ إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾، (هەروەها ڕێنماییمان کردنو خستمانە سەر ڕێی ڕاست) لە

باب‌و باپیرانیان، وە لە وەچەو لە برایانیاندا، واتە: هی ئەو پێغەمبەرانە (علیهم الصلاة والسلام)، بەڵام کەسانێکیش هەبوون، لەوانە نەبوون کە هەڵمانبژاردوون‌و، خستماننە سەر ڕێی ڕاست، ﴿ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهۡدِي بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ ﴾، ئا ئەوە ڕێنمایی خوایە، هەر کەسێك لە بەندەکانی بیەوێ ڕێنمایی دەکات، ﴿ وَلَوۡ أَشۡرَكُواْ لَحَبِطَ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴾، ئەگەر ئەوانە واتە: نزیکان‌و خزم‌و کەسانی پێغەمبەران، باب‌و براو وەچەیان، یاخود ئەوانیش (پێغەمبەرانیش) هەر کامێك لەوانە ئەگەر هاوبەشی بۆ خوا دانابایە ﴿ لَحَبِطَ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴾، ئەوەی کە دەیانکرد لە کردەوەی باش، خوا لێی هەڵدەوەشاندنەوە، واتە: ئەو کردەوە چاکانەی کە دەیانکرد، لێیان بە زایە دەچوون، یانی: هاوبەش بۆ خوا دانان، دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی کردەوە چاکەکان.

ئنجا جارێکی دیکە دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحُكۡمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ﴾، ئا ئەوانە کەسانێکن کە کتێب‌و حیکمەت‌و پێغەمبەرایەتییمان پێدابوون، یاخود بەرنامەو زانست‌و پێغەمبەرایەتیی، چونکە کتێب بەمانای بەرنامەو بە مانای کتێبیش دێ، کە دیارە کتێبی خوای پەروەردگار بەرنامەیە، وە حوکم بە مانای حیکمەت‌و بە مانای زانیاریی دێ، (نُبوّة)یش واتە: پێغەمبەرایەتیی، ﴿ فَإِن يَكۡفُرۡ بِهَا هَٰٓؤُلَآءِ ﴾، ئا ئەوانە واتە: ئەو کافرانەی ڕۆژگاری تۆ ئەی پێغەمبەر ﷺ! یان ئەو کافرانەی ڕۆژگاری تۆ، ئەی ئەو کەسەی کە قورئان دەخوێنی! ئێمەش‌و پێش ئێمەش‌و، دوای ئێمەش هەر دەگرێتەوە، ئەگەر ئەوانە پێیانی بێبڕوابن، واتە: بەو سێ شتانە، بە کتێب‌و حیکمەت‌و پێغەمبەرایەتیی، ﴿ فَقَدۡ وَكَّلۡنَا بِهَا قَوۡمٗا لَّيۡسُواْ بِهَا بِكَٰفِرِينَ ﴾، کۆمەڵێکی دیکەمان ڕاسپاردوە، ئیمانیان پێ دێنن‌و، پێیان بێبڕوا نابن، یاخود ئەگەر ئەوانە سپڵە بن، ئەوان بەرانبەریان سپڵە نابن.

خوا دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ ﴾، ئا ئەوانە کەسانێکن خوا ڕێنمایی کردوون‌و، خستوونیە سەر ڕێی ڕاست، ﴿ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡۗ ﴾، تۆش ڕێنمایی

ئەوانو ڕێی ڕاستی ئەوان بکە سەرمەشق، بە کێ دەفەرموێ؟ بە پێغەمبەری خاتەم (محمد) ﷺ.

ئنجا وەکو دوای باسی دەکەین: ئەمە بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ، سەروەری هەموو پێغەمبەرانە، چونکە خوا ﷻ ناوی هەژدە (١٨) لە پێغەمبەران دێنێ بە نووحەوە، دوایی بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: ئەوانە خوا خستوونیە سەر ڕێی ڕاست، تۆش ئەو ڕێ ڕاستەی ئەوان بکە سەرمەشقی خۆت، واتە: ئەگەر عیسا زاهید بووەو خۆبەکەمگر(متواضع) بووە، واتە: ئەو سیفەتەی زۆر تێدا زەق بووە، ئەگەرنا هەموو پێغەمبەران هەموو سیفەتێکی باشیان تێدابووە.

وە ئەگەر نووح زۆر ئارامگرو پشوو درێژ بووەو (٩٥٠) ساڵ بانگەوازی کردووە.

وە ئەگەر داوودو سولەیمان دوو حوکمڕانی دادگەر بوونو حوکمیان بە شەریعەتی خوا کردووە.

وە ئەگەر ئەیووب زۆر خۆڕاگر بووە، لەسەر نەخۆشیی.

وە ئەگەر یوسف تووشی تاقیکردنەوەی زیندانی کران بووەو، ئارامی گرتوە.

وە ئەگەر زەکەریاو یەحیا زۆر ئارامگر بوون، کە بە ستەم شەهیدکراون لەلایەن جوولەکەکانەوە: تۆش ئەی موحەممەد ﷺ! چاو لە هەموویان بکەو، لە یەك کاتدا سیفەتی چاکی هەموویان لە خۆتدا بێنە دی، ئنجا کەسێك کە سیفەتی باشی هەموو پێغەمبەران لەخۆیدا کۆبکاتەوە، دیارە دەبێ لە هەمووان گەورەتر بێ.

لە کۆتایی دا دەفەرموێ: ﴿قُل لَّآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًاۖ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْعَٰلَمِينَ﴾، وە پێیان بڵێ: هیچ پاداشتو کرێتان لێ داوا ناکەم، لەسەر ئەوەی کە ئەم قورئانەتان پێ ڕادەگەیەنمو، ئەو دینەتان تێدەگەیەنم، وە ئەم قورئانە جگە لەبیرخەرەوە بۆ هەموو جیهانییان، شتێکی دیکە نیەو، تەنیا بیرخەرەوەیەو ئاگادارکەرەوەیە.

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا ءَالِهَةً إِنِّيٓ أَرَىٰكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴾، زانایان لێرەدا مشتومڕیان لەنێوان پەیدابووە، ئایا ئازەر بابی ئیبراهیم بووە، یان مامی بووە؟

١/ هەندێکیان کە شیعەیان لەنێودان دەڵێن: ئازەر مامی ئیبراهیم بووەو، جاری وایە، (أب) باب بە مانای (عم) مامیش دێ ، کۆمەڵێك تەئویلو پینەو پەڕۆی دوورو درێژ دەکەن ، بۆچی وادەکەن ؟ دەڵێن: ئاخر ناگونجێ بابی پێغەمبەران کافر بن !

٢/ بەڵام زۆربەی زۆری زانایان دەڵێن: ئازەر بابی ئیبراهیم بووە، هەروەك چۆن ڕواڵەتی ئایەتەکە زۆر بە ڕوونو ڕاشکاویی دەیگەیەنێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ ﴾، کەواتە: ئازەر بابی ئیبراهیم بووەو، کافریش بووە، وە کافربوونی بابی یەکێك لە پێغەمبەرانیش، یان خێزانی، یان کوڕی، یان مامی، هیچ زیانێك لە پێگەو پایەی بەرزی ئەو پێغەمبەرە نادات، وە لەوبارەوە چەند بەڵگەیەکیشیان هەن، بۆ نموونە:

١) خوای بێهاوەڵ لە سوورەتی (التوبة)دا زۆر بە ڕوونو ڕاشکاویی دەفەرموێ: ﴿ وَمَا كَانَ ٱسْتِغْفَارُ إِبْرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَن مَّوْعِدَةٍ وَعَدَهَآ إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥٓ أَنَّهُۥ عَدُوٌّ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ لَأَوَّٰهٌ حَلِيمٌ ﴿١١٤﴾ ﴾، واتە: داوای لێبوردنکردنی ئیبراهیم بۆ بابی، تەنیا بەهۆی بەڵێنێکەوە بوو، کە پێی دابوو، ئنجا دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە بابی دوژمنی خوایە، حاشای لێکرد، وە بێگومان ئیبراهیم زۆر بە پەرۆش بوو، زۆر هێدییو مەند بوو.

کەواتە: ئەوە زۆر بە ڕوونیی دیارە، کە بابی ئیبراهیم کافر بووە.

٢) هەروەها لە سوورەتی (مريم)دا دەفەرموێ: ﴿وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ إِبۡرَٰهِيمَۚ إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقٗا نَّبِيًّا ﴿٤١﴾ إِذۡ قَالَ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ لِمَ تَعۡبُدُ مَا لَا يَسۡمَعُ وَلَا يُبۡصِرُ وَلَا يُغۡنِي عَنكَ شَيۡـٔٗا ﴿٤٢﴾﴾، واتە: وە لە کتێبدا بۆیان باس بکە، کە ئیبراهیم پێغەمبەرێکی زۆر ڕاستگۆ بووە، کاتێك کە بە بابی گوت: ئەی بابە گیان! بۆچی شتێك دەپەرستی، کە نە هیچ دەبیستێ، وە نە هیچ دەبینێ و نە هیچ سوودێکت پێ دەگەیەنێ ؟!.

ئنجا ئەوانەی کە دەڵێن: ئازەر مامی ئیبراهیم بووە، چەند شتێك بە بەڵگە دەهێننەوە:

١ - دەقێك دەهێننەوە کە گوایە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿لَمْ أَزَلْ أُنْقَلُ مِنْ أَصْلَابِ الطَّاهِرِينَ إِلَى أَرْحَامِ الطَّاهِرَاتِ﴾[1]، واتە: من بەردەوام دەگوازرامەوە، لە پشتی پیاوانی پاکەوە، بۆ منداڵدانی ئافرەتانی پاك.

ئێمەش دەڵێین: ئەم فەرموودەیە بێهێزە، بەڵام ئەگەر گریمان ئەم دەقە ڕاستیش بێ، مەبەست ئەوەیە کە وەچەی پێغەمبەران و باب و باپیرانی پێغەمبەران، پاك بوون لە ڕووی ڕەوشتەوە، واتە: نە زنجیرەی بابیان، نە زنجیرەی دایکیان داوێن پیس نەبوون، ئەوە لە حاڵەتێکدا، ئەگەر دەقەکە ڕاستیش بێ، ئەگەر گریمان سەنەدەکەی ڕاستیش بوو، هیچ ناچارمان ناکات بڵێین: مەبەست پێی ئەوەیە کە هیچ کام لە باب و باپیرانی پێغەمبەران و، هیچ کام لە بەرەی دایکیان و بەرەی بابیان، کافر نەبوون، لە کاتێك دا کە بە دەقی ئایەت خوای پەروەردگار دەفەرموێ، کافر بوون !

٢ - وە هەروەها ئەم ئایەتەش دەکەنە بەڵگە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ ﴿٢٨﴾﴾التوبة، واتە: بێگومان هاوبەشدانەرەکان پیسن،

---

١) أَخْرَجَهُ إِبْنُ أَبِي شَيْبَة عَنْ عِكْرِمَة مُرْسَلاً، وَكَنْز العمَال برقم: (٣٠١٩٥)، (٣٩٦٥٥)، حَدِيثٌ ضَعِيفٌ.

ئنجا دەڵێین: مادام هاوبەشدانەرەکان پیس بن‌و، پێغەمبەریش دەفەرموێ: من لە پشتی پیاوانی پاك، بۆ داوێنی ئافرەتانی پاك گوازراومەتەوە، کەواتە: ناگونجێ هیچ کام لە باب‌و باپیران‌و دایك‌و داپیرانی پێغەمبەران کافر بوو بن.

ئێمەش دەڵێین: لە ئایەتەکەدا پیسیی مەعنەویی مەبەستە، ئەگەرنا تۆ کافرێك دەستیشی لێبدەی، پێویست ناکات دەستت بشۆیەوە[1].

سێ ڕاستیی گەورەو گرنگ

ڕاستیی یەکەم: مێژووی بتپەرستی:

وەك ئیمام (فخر الدين الرازي) لە تەفسیرەکەی خۆی دا دەڵێ: (لا دِينَ أَقْدَمَ مِنْ دِينِ عَبَدَةِ الأَصْنَامِ، وَالدَّلِيلُ عَلَيْهِ أَنَّ أَقْدَمَ الأَنْبِيَاءِ الَّذِينَ وَصَلَ إِلَيْنَا تَوَارِيخُهُمْ عَلَى سَبِيلِ التَّفْصِيلِ هُوَ نُوحٌ ﷺ، وَهُوَ إِنَّمَا جَاءَ بِالرَّدِّ عَلَى عَبَدَةِ الأَصْنَامِ، كَمَا قَالَ تَعَالَى حِكَايَةً عَنْ قَوْمِهِ أَنَّهُم: ﴿وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ﴿٢٣﴾﴾ وَذَلِكَ يَدلّ عَلَى أَنَّ دِينَ عَبَدَةِ الأَصْنَامِ قَدْ كَانَ مَوجُوداً قَبْلَ نُوحٍ ﷺ)[2] واتە: هیچ ئایینێك لە مێژینەتر نیە، لە ئایینی بتپەرستەکان، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە، کە بەپێی ئەوەی بە ئێمە گەیشتوە، لە مێژینەترین پێغەمبەر، پێغەمبەر نووحە ﷺ، وە ئەویش هاتوە بۆئەوەی بەرپەرچی بیرۆکەی بتپەرستیی بداتەوە، وەك خوای بەرز لەوبارەوە لە گەلەکەی دەگێڕێتەوە، کە گوتوویانە: دەست هەڵمەگرن

---

١) لە تەفسیری سوورەتی (التوبة) بە وردیی قسەمان لەسەر ئەو ئایەتە کردوە، واتە لە بەرگی حەوتەمی تەفسیری قورئانی بەرزو بە پێزدا.

٢) التفسير الكبير: ج٧، ص٣٠.

لە وەددو سوواعو یەغووسو یەعووقو نەسر (کە ناوی پێنج لە سەنەمەکانی گەلی نووح بوون) وە ئەمە دەگەیەنێ کە دینی بت پەرستەکان لەپێش نووحیش دا بووە.

بەلاَم لێرەدا دەبێ ئەم قسە ڕاست بکەینەوە، چونکە ئەو قسەیەی ئیمام (فخرالدین الرازي) هەندێ جار مولحیدو بێدینەکان، دەیکەنە بەلْگە لە دژی ئەوە کە ئەهلی دینو ئەهلی ئیمان دەیلێن: کە خوا سەرجەم پێغەمبەرانی ناردوە بە (خوا بەیەکگرتن)ەوە وە دەلێن: لە بنەڕەتدا مرۆڤ بت پەرست بووە، ئنجا ئیمام (فخرالدین الرازي)یش تەفصیلی پێ نەداوە، خوا عەفوی بکات، دەبوو ئەوە ڕوون بکاتەوە، ڕوون کردنەوەکەش ئەوەیە کە: لە بنەڕەتدا خوا دینی خوا بەیەکگرتنی ناردوە، بۆ هەموو پێغەمبەران، بەلاَم دوایی خەلْك لایانداوە، وە وەك چۆن لە سەردەمی نووحدا لادان بووە، ئەوەتا دوای نووح دیسان خەلْك جارێکی دیکە تووشی بت پەرستیی بوونەتەوە، ئەگەرنا سەرجەم پێغەمبەرانی خوا (علیهم الصلاة والسلام) هەر بە خوا بە یەکگرتن (توحید)ەوە، هاتوون، چ پێش نووح ﷺ وە چ دوای ویش، بەلاَم دوایی خەلْکەکە لایانداوە، هەر دوور نەڕۆین: ئەوە نەصرانییەکان، عیسا ﷺ لە چوار، پێنج، شوێن لە قورئاندا خوا لەسەر زمانی دەفەرموێ: پەروەردگاری ئێوە تەنیا یەکێکە، وە من بەندەی خوام هەر ئەو بپەرستن، هەر ئەوە ڕێی ڕاستە:

١/ ﴿... فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿٥٠﴾ إِنَّ اللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَٰذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٥١﴾﴾ آل عمران.

٢/ ﴿... وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ ...﴿٧٢﴾﴾ المائدة.

٣/ ﴿إِنَّ اللَّهَ هُوَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَٰذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٦٤﴾﴾ الزخرف.

٤/ ﴿وَإِنَّ اللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَٰذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٣٦﴾﴾ مريم.

کەچی نەصرانییەکان، ئێستا عیسا ﷺ دەپەرستن دەڵێن: خـوا یەکێکە لە سـێیان: ﴿لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٖ ۝٧٣﴾ المائـدة، واتە: بێگومان ئەوانەی کە گوتیان: خـوا یەکێکە لە سـێیەکان، کـافرن، کـە ئـەوە هـەمووی دوو هـەزار سـاڵێك لەمـەو پـێش عیسـا ﷺ، لـە دایـك بـووە، کەواتـە: پێغەمبەران هەموویان خـوا بەیـەك گرتنیـان هێنـاوەو، تەنـیا خـوا پەرستییان هێنـاوە، بەڵام مرۆڤ زیاتر حەزی بە شتی بەرهەسـت دێ، زۆرجار مرۆڤ مەگەر بەهۆی ئیمانەوە کامڵ بێ‌و، ئاسـتی فیکریـی بـەرز بێتـەوەو، پێگەیشـتنی پەیدا بێ، ئەگەرنا مرۆڤ دەچێتـەوە سـەر عەقڵـی منداڵیی، منـداڵێك بڵـێ: لە بازاڕی هاتـوومەوە، شـتێکی جوانـم بـۆ هێنـاوی، دەڵـێ: کـوا؟ هـەتا پێشانی نـەدەی، بـڕوات پـێ ناکـات، دەبـێ بـە چـاو بیبینـێ، بـەڵام مرۆڤ بەهـۆی ئیمانـەوە، دەچێتـە ئاستێکی بەرزی عەقڵیی‌و فیکریی‌و، شت ئەگەر بـە چاویش نەیبینـێ، بـڕوای پـێ دەکـات، بـەڵام کاتێـك مرۆڤ نـزم دەبێتـەوەو لـە ئیمـان دوور دەکەوێتـەوە، دەچێتەوە ئاستی منداڵیی‌و، دەبـێ بە چاوی خـۆی بیبینـێ! بۆیە هـەموو کافرەکـانی سـەردەمی پێغـەمبەر ﷺ هـەر گوتوویانـە: ﴿فَلۡيَأۡتِنَا بِـَٔايَةٖ كَمَآ أُرۡسِلَ ٱلۡأَوَّلُونَ ۝٥﴾ الأنبيـاء، واتـە: دەبـێ نیشانەیەکمان بـۆ بێنـێ، وەك هـی پێغەمبەرانی پێشێ، نەیانزانیوە کە خـوا بەشـەری خسـتۆتە قۆنـاغی ڕوشـدو پێگەیشـتن‌و، دەبـێ موعجیزەو بەڵـگەیەکی بـۆ بنێـرێ، لەگەڵ قۆنـاغی پێگەیشتنیدا بگونجێ، موعجیزەیەکی فیکریـی، عیلمـیی‌و ئەدەبـیی، کە قورئانە، نـەك موعجیـزەیەکـی بەرهەست، وەك هـی پێغـەمبەرانی پێشوو، کە بـۆ قۆنـاغی ساوایی بەشـەر نێردراوە !

ڕاسـتیی دووەم: ئەوەیـە کە لە گوتنـی حەقـیـدا ـ بە تایبەت لـە مەسـەلەی ئیمـان‌و خـوا بەیەکگـرتنـدا ـ نابـێ خاتری کەس بگیـرێ

تەماشـای ئیبـراهیم بکـەن! چـەند بەئـەدەب بـووە، لەگـەڵ بـابی دا، کەچـی بەڕوونـیی دەڵـێ: ﴿إِنِّيٓ أَرَىٰكَ وَقَوۡمَكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ﴾، من خۆت‌و گەلەکەت

لە گومڕاییەکی ئاشکرادا دەبینم، لە مەسەلەی عەقیدەو خوا بەیەکگرتنو ئیماندا، دەبێ لە بنی کوولەکەی بدریٚو نابێ خاتری کەسی تێدا بگیرێ، لە شتی دیکەدا پلە پلەیی هەیە، لە یاساکانی شەریعەتدا، ڕەچاوی هەلومەرجی کۆمەڵایەتییو بارودۆخی سیاسیی دەکرێ، جێبەجێکردنی یاساکانی شەریعەت دەبێ، زەمینەیان بۆ بڕەخسێ، بۆیە شەریعەت بە پلە پلە هاتۆتە خوار، بەڵام عەقیدە، یەك تەکان هاتۆتە خوارو بە یەکجار، وەك لە سەرەتای تەفسیری سوورەتی (الأنعام)دا باسمان کرد.

ڕاستیی سێیەم: ئەوەیە کە هەق بێژیی و ڕاگەیاندنی ئیمانو عەقیدە، جیایە لەگەڵ ئەدەبو حورمەتو ڕێز نواندن

واتە: تۆ لەبەرئەوەی کە دەتەوێ ڕێز لە کەسێك بگری، مانای ئەوە نیە هەقی پێ نەڵێی، هەر وەك لەبەرئەوەی هەقی پێ دەڵێی، مانای وانیە، ڕێزی لێ نەگری، ئەم دووە لێك جیان، تەماشای ئیبراهیم بکەن! لێرەدا زۆر بە ڕوونو ئاشکرایی، دەڵێ: بابە من خۆتو گەلەکەت لە گومڕاییەکی ڕوونو ئاشکرادا دەبینم، دیارە بابی قسەکەی زۆر لەسەر دڵ قورس بووە، بەڵام هەر دەبوو پێی بڵێ، بەڵام ئایا ئیبراهیم لەوپەڕی ئەدەبدا نەبووە، لەگەڵ بابی دا؟ با تەماشای ئەم ئایەتانە بکەین:

خوا لە سوورەتی (مریم)دا دەفەرموێ: ﴿وَٱذۡكُرۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ إِبۡرَٰهِيمَۚ إِنَّهُۥ كَانَ
صِدِّيقٗا نَّبِيًّا ٤١ إِذۡ قَالَ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ لِمَ تَعۡبُدُ مَا لَا يَسۡمَعُ وَلَا يُبۡصِرُ وَلَا يُغۡنِي عَنكَ
شَيۡـٔٗا ٤٢ يَٰٓأَبَتِ إِنِّي قَدۡ جَآءَنِي مِنَ ٱلۡعِلۡمِ مَا لَمۡ يَأۡتِكَ فَٱتَّبِعۡنِيٓ أَهۡدِكَ صِرَٰطٗا
سَوِيّٗا ٤٣ يَٰٓأَبَتِ لَا تَعۡبُدِ ٱلشَّيۡطَٰنَۖ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ كَانَ لِلرَّحۡمَٰنِ عَصِيّٗا ٤٤ يَٰٓأَبَتِ
إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٞ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ فَتَكُونَ لِلشَّيۡطَٰنِ وَلِيّٗا ٤٥﴾، واتە:
وە لە کتێبدا بۆیان باس بکە، کە ئیبراهیم پێغەمبەرێکی زۆر ڕاستگۆ بووە، کاتێك کە بە بابی گوت: (چەند بە نەرمییو بە سۆزو چەند بە حورمەتەوە!)

ئـەی بابــە گیــان! بۆچی شتێك دەپەرستی كـە نـە هیـچ دەبیستیو نـە هیـچ دەبینیو نـە هیـچ سـوودێكت پـێ دەگەیـەنێ ؟ بابـە گیـان! مـن لـە خـواوە زانیارییەكی بەسوودم بۆ هاتوە. ئەی بابە گیان ! شەیتان مەپەرستە، (ئەگەر وابكەی) سەرپێچیی فەرمانی خوا دەكەی. بابە گیان! دەترسم بەهۆی ئەوەوە كە تۆ شەیتان بە دۆست دەگری، سزاو ئازارت پێبگات، لە خـوای خاوەن بەزەییەوە.

مانای وایە ڕێزیشی گرتوە، بەڵام هەقەكەشی پێ گوتوە.

ئنجـا بابزانیـن بابـی چـۆنی وەڵام داوەتـەوە؟ ﴿ قَالَ أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنْ ءَالِهَتِي يَٰٓإِبْرَٰهِيمُ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ وَٱهْجُرْنِي مَلِيًّا ﴿٤٦﴾ قَالَ سَلَٰمٌ عَلَيْكَ سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّيٓ إِنَّهُۥ كَانَ بِي حَفِيًّا [1] ﴿٤٧﴾ وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَأَدْعُواْ رَبِّي عَسَىٰٓ أَلَّآ أَكُونَ بِدُعَآءِ رَبِّي شَقِيًّا ﴿٤٨﴾ ﴾، واتـــە: (بابـی) گوتـی: ئـەی ئیبـراهیم ! ئەگـەر واز نەهێنـیو دەسـت هەڵنەگری بەردبارانـت دەكـەم، بـڕۆ نەشتبینمـەوە. (شاربەدەری كردوە، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئیبراهیم دەڵێ چی؟) گوتی: سەلامەت لەسەر بێ، داوای لێبووردنت بۆ لە پەروەردگارم هەر دەكەم، ئەو هەمیشە ڕێزی گرتووم و ئاگای لێم بووە، وە ئەوەی كە ئێوە لەجیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوەو دەیانپەرستن، من وازتان لێ دێنم، بەڵام لە پەروەردگارم دەپاڕێمەوە، نزیكە كە من بەدبەخت نەبم، بە دوعای پەروەردگارم(و ئەوەی لێی داوا دەكەم پێم بدات).

ئـەوەی كـە لێی داوا دەكـرد ئـەوەبوو كـە خـوا دەربـازی بكـاتو پەیامەكەی بڵاوبكاتەوە، یاخود ئەوەبوو كە بابی هیدایەت بدات، كە خـوای پەروەردگار دەفەرموێ: دوای ئەوەی كە بۆی دەركەوت دوژمنی خوایە، لێی تەماوبڕاو بوو، بەرائەتی لێكرد.

---

١) حَفِيَ بـه حَفاوةً فهو حفيٌّ: بالغ في إكرامِهِ وألْطافِهِ والعناية بأمره. مختار الصحاح، ص: ١٤٠.

بەسەرهاتی ئیبراهیم و موناقەشەی لەگەڵ ئەستێرەو مانگ و خۆرپەرستاندا لە چوار دەخاڵ دا

مەسـەلــەی دووەم: کـە دەفـەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلۡأَرۡضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ﴿٧٥﴾ فَلَمَّا جَنَّ عَلَيۡهِ ٱلَّيۡلُ رَءَا كَوۡكَبٗاۖ قَالَ هَٰذَا
رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلۡأٓفِلِينَ ﴿٧٦﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلۡقَمَرَ بَازِغٗا قَالَ هَٰذَا
رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمۡ يَهۡدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧٧﴾ فَلَمَّا
رَءَا ٱلشَّمۡسَ بَازِغَةٗ قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكۡبَرُۖ فَلَمَّآ أَفَلَتۡ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي
بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ﴿٧٨﴾ إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ
حَنِيفٗاۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿٧٩﴾﴾، ئـــەم ئایەتـــە موبارەکانـــە، یـــەك بەســەرهاتمان بــۆ بــاس دەکــەن، ئــەویش ئەوەیـــە کـــە پێشـــتـــر ئامـــاژەم پێـــدا: ئیبـراهـیـم ﷺ لەگـەڵ هـەموو ئەوانـەدا کـە غـەیری خـوایان پەرسـتوە، چ بـتو صـەنەم پەرسـت بـوون، چ مرۆڤـ پەرسـت بـوون، وەك نـەمرود، چ ئەسـتێرە پەرست بوون، چ مانگ پەرست بوون، چ خۆر پەرست بـوون، لەگەڵ هەمووانـدا رووبـەڕوو بۆتـەوەو، لەگـەڵ هەمووشـیاندا موناقەشـەی بـووە، وە هـەمووشـی بۆڕداون و بەزاندوونی.

لێرەدا خـوای پەروەردگـار بۆمـان باسـی مشـتومڕێکـی ئیبـراهیم دەکـات، لەگەڵ ئەسـتێرەو مـانگ و خـۆر پەرسـتان دا، دەفـەرموێ: ئـاوا ئێمـە نیشانەکانی خۆمانمان پێشـانی ئیبـراهیم دەدەیـن، موڵـکی فراوانـی خۆمـان پێشـانی ئیبـراهیم دەدەیـن، موڵـکە فراوانەکـانی ئاسـمان و زەوی، تاکـو لـەوانە بـێ کـە ئیمانێکـی دامـەزراو

پتەویان هەیە، ئنجا ئێمە لە تەفسیری ئەم پێنج ئایەتەدا، چوارده (١٤)خاڵان تۆمار دەکەین:

یەکەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾ ئەمە عەتف دەبێتەوە سەر ئەوەی پێشی، واتە: وەك چۆن پووچیی بیرۆکەی بت پەرستییمان فێری ئیبراهیم کردو، تێمانگەیاندو بەرچاومان ڕۆشنکردەوە لەوبارەوە، بەهەمان شێوەش مولکی فراوانی ئاسمانەکانو زەوی پێشانی ئیبراهیم دەدەین، تاکو لە دڵنیایان بێتو لە مسۆگەران بێ، کە تەنیا خوا پەرستیی ڕاستە، وە بت پەرستییو ئەستێرە پەرستییو مانگو خۆر پەرستیی، شتێکی پووچە.

دووەم: کە دەفەرموێ: ﴿ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ ﴾، (نُري)، واتە: پێشانی دەدەین، ئەو پێشاندانە توێژەرەوانی قورئان، گوتوویانە: ئایا پێشاندانی چاوە، یان پێشاندانی عەقڵە؟ دەگونجێ پێشاندانی چاو بێ، واتە: بە چاو بیبینێ، بە چاوی سەر، وە دەگونجێ پێشاندانی عەقڵ بێ، کە دیارە من زیاتر دڵم بەلای ئەوە دایە کە دووەمەو، پێشاندانی عەقڵیی مەبەستە، چونکە بینینی مولکی فراوانی ئاسمانەکانو زەوی، لە توانای چاوی مرۆڤدا نییە، هەرچەند هێندێك لە توێژەرەوانی قورئان تەکەللوفێکیان کردووەو حیکایەتێك دێنن، کە خوا چاوی ئیبراهیم عليه السلام ی چاوی هێندە بەقووەت کرد، لێرەوە ڕووانی تاکو دەگاتە عەرش، بەڵام ئەوە قسەیەکە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە، وە بە پێی ئایەتەکانیش، کە دوایی خوای پەروەردگار باسیان دەکات، هەر ئەوەیە کە خوا لە ڕووی عەقلییەوە، ئیبراهیمی هێندە هۆشیارو زاناو شارەزاو بێدارکردۆتەوە، کە لە نهێنیی ئاسمانەکانو زەوی تێبگات، وە بیانکاتە بەڵگە، ئەو ئاسمانو زەویو ئەو دیاردەو دیمەنانە بکاتە بەڵگە، لەسەر خوا بەیەك گرتن، کە تەنیا خوا خاوەنو هەمەکارەی کەونو کائیناتەو، دەبێ هەر ئەویش بپەرسترێو بەندایەتیی بۆ بکرێ.

سێیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾، (مُلْكِ) واتە: هەر شتێك کە هەیە، دەگوترێ: ئەوە موڵکی فلان کەسە، واتە: کە لەژێر دەستی ئەو دایەو لەژێر ڕکێفی ئەو دایە، بەڵام وشەی: (مَلَكُوتَ) تەنیا بۆ خوا بەکاردێ، دەگونجێ بڵێی: موڵکی سولەیمان ﴿ عَلَىٰ مُلۡكِ سُلَيۡمَٰنَ ﴾، موڵکی داوود، موڵکی فلان پادشا، بەس ناگونجێ بۆ بەشەران بڵێی: (مَلَكُوتَ)، (مَلَكُوتَ) تەنیا هی خوایە، چونکە (مَلَكُوتَ)، واتە: موڵکی فراوان گشتگیر، هەر خواش خاوەنی ڕەهای هەموو موڵکی بوونو ئاسمانەکانو زەوییە.

چوارەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ﴾، وە بۆ ئەوەی ئیبراهیم لە دڵنیایان بێ، (یقین)ی هەبێ، (یقین) بریتییە: لە زانیارییەك کە ئینسان لەرەوەری تێدا نەمێنێ، وەك جارێکی دیکە، وێنەم هێنایەوە: ئەگەر من بڵێم ئەمە دەفتەرە، یەقینم هەیە، ئەمە دەفتەرە، تێیدا دەنووسرێ، ئەوە میکرۆفۆنە ! ئنجا هەر شتێك کە تۆ لەبارەیەوە یەقینت هەیەو دڵنیایی تەواوت هەیەو هیچ گومانو دڵ لە دڵدانێ نیە، ئەوە پێی دەگوترێ: یەقین، بۆیە هەندێك لە زانایان ئاوا یەقینیان پێناسە کردوە: (اليَقِينُ: عِبارَة عَن عِلم يَحْصل بَعْدَ زَوَالِ الشُّبْهَةِ بِسَبَبِ التَّأَمّل، وَلِهَذَا الـمَعْنَى لا يُوصَف علم الله تَعَالى بكونه يَقِيناً، لأَنَّ عِلمه غير مَسْبُوق بالشُّبْهَةِ وَغَيْر مستفاد من الفكر والتأمل)[1] واتە: یەقین بریتییە لە زانیارییەك کە لە دوای لاچوونی شوبهەیەکەوە پەیدادەبێ، بەهۆی وردبوونەوەو تێوە ڕامانی تەواوەوە، بۆیە زانیاریی خوای بەرز بە (يَقِين) وەسف ناکرێ، چونکە زانیاریی خوا، گومانی پێش نەکەوتوەو، لە ئەنجامی بیرکردنەوەو ڕامانەوە، پەیدا نەبووە.

---

١) (التفسير الكبير) للرازي ج٧، ص٣٨.

پێنجەم: کە دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا جَنَّ عَلَيۡهِ ٱلَّيۡلُ ﴾، (جَنَّهُ اللَّيْل، وَأَجَنَّه اللَّيْل، وَ جَنَّ عليهم اللَّيل) هەرسێکیان یەك مانایان هەیە، واتە: شەوگار دایپۆشی، سێبەری لێکرد، (مَجنون)یش عەقڵەکەی داپۆشراوە، (جَنّة)ش لەبەرئەوەی باغەکە چڕو پڕەو زەوییەکەی دیار نیە، لەبەر درەختەکان.

شەشەم: کە دەفەرموێ: ﴿ رَءَا كَوۡكَبٗا ﴾، ئەستێرەیەکی بینی.

توێژەرەوان زۆر باسیان کردوە، ئەوە کام ئەستێرەیە؟ هەندێك گوتوویانە: زوهرەیە، هەندێك گوتوویانە: موشتەرییە، هەندێك گوتوویانە: زوحەلەو...هتد، گرنگ ئەوەیە خوا دیاریی نەکردوە، چ ئەستێرەیەکی بینیوە.

حەوتەم: کە ئیبراهیم ﷺ ئەستێرەو مانگو خۆری بینیوەو، بە هەر سێکیشیانی گوتوە: (هَذَا رَبّي) ئا ئەمە پەروەردگارمە ! پێشتر باسمان کرد : توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: ئایا ئەو هەڵوێستەی ئیبراهیم مەبەست پێی تەعبیرکردن بووە لە بیروبڕوای نەیارەکانی، کە غەیری خوایان پەرستوە؟ یان تەعبیری لە ناخی خۆیو قەناعەتی خۆی کردووە، وایزانیوە ئەوانە خوان؟ بە هەردووك ئەگەرەکەش: حاڵو ماقەمەکە، بریتیە لە حاڵو مەقامی وتووێژو گفتوگۆو دەمکوتکردنی بەرانبەرەکان.

وە زانایان ئاوا تەعبیریان لەو دوو ئەگەر (إحتمال)ە کردوە، دەڵێن: (هَلْ هُوَ مَقَامُ نَظَرٍ، أَوْ مُنَاظرَةٍ)؟ ئایا حاڵەکە: تێفکرین بووە، یان وتووێژ ؟ دیارە پێشەوای توێژەرەوانی قورئان (الطبري) قەناعەتی وایە ئەو هەڵوێستەی ئیبراهیم، بریتیە لە تەعبیرکردن لە ناخی خۆی، واتە: ئیبراهیم وتووێژێکی زاتییو نێوخۆیی کردوە لەگەڵ خۆیدا، وەك دەڵێ: (عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَوْلُهُ:" ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ٧٥ ﴾، يَعْنِي بِهِ الشَّمْسَ وَالقَمَرَ وَالنّجُوم، ﴿ فَلَمَّا جَنَّ عَلَيۡهِ ٱلَّيۡلُ رَءَا كَوۡكَبٗاۖ قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ ﴾، فَعَبَدَهُ حَتَّى غَابَ، فَلَمَّا غَابَ ﴿ قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلۡأٓفِلِينَ ﴾،

فَلَمّا رَأَى القمَرَ بَازِغاً، ﴿ قَالَ هَٰذَا رَبِّي ﴾، فَعَبَدَهُ حَتَّى غَابَ، فَلَمَّا غَابَ، ﴿ قَالَ لَئِن لَّمْ يَهْدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ الْقَوْمِ الضَّالِّينَ ﴾، ﴿ فَلَمَّا رَءَا الشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكْبَرُ ﴾، فَعَبَدَهَا حَتَّى غَابَتْ، فَلَمَّا غَابَت قَالَ: يَا قَوْمِ إِنِّي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُون)[1]، واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ گێڕدراوەتەوە لەبارەی فەرمایشتی خواوە کە دەفەرموێ: ئاوا موڵکی فراوانی ئاسمانەکان و زەویی پێشانی ئیبراهیم دەدەین، بۆئەوەی لە دڵنیایان بێ، مەبەستی پێ: ئەستێرەو مانگو خۆرن: کاتێك شەوی لێ بەسەرداهات، ئەستێرەیەکی بینی، گوتی: ئەوە پەروەردگارمە، وە پەرستشی بۆ کرد، تاکو ئەستێرەکە ئاوابوو، کە ئاوا بوو گوتی: من ئاوابووانم خۆشناوێن، دوایی کە مانگی بینی بە شۆقدر بوو لە ئەستێرەکە، گوتی: ئەمە پەروەردگارمە، وە ئەویشی پەرست تاکو ئاوابوو، کاتێك کە ئاوابوو، گوتی: ئەگەر پەروەردگارم (کە لە دەروونی خۆم دا دەیناسم و هەستی پێدەکەم) ڕێنماییم نەکات لە کۆمەڵی گومڕایان دەبم، وە کاتێك خۆری بینی، گوتی: ئەمە پەروەردگارمە! ئەمە لە هەموویان گەورەترە، ئنجا ئەویشی پەرست تا ئاوابوو، کاتێك کە ئاوابوو، گوتی: ئەی خەڵکەکەم! من لەوەی کە ئێوە دەیانکەنە هاوبەش بۆ خوا دوورو بەریم و حاشایان لێدەکەم.

ئنجا دوایی (الطبري) دەڵێ: (وَأَنْكَرَ قَوْمٌ مِنْ غَيْرِ أَهْلِ الرِّوَايَةِ هَذَا القَوْل الَّذِي رُوِيَ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ... وَزَعَمُوا إِنَّمَا قَالَ ذَلِكَ عَلَى وَجْهِ الإِنْكَارِ مِنْهُ، أَنْ يَكُون ذَلِكَ رَبّه، وَقَالَ آخَرُون مِنْهُمْ: إِنَّمَا مَعْنَى الكَلاَم: أَهَذَا رَبِّي؟ عَلَى وَجْهِ الإِنْكَارِ وَالتَّوْبِيخ)، واتە: کەسانێك لە غەیری ئەوەی دەقەکانیان گێڕاوەتەوە، ئەم قسەیەی کە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس گێردراوەتەوە، نکووڵییان کردووەو گوتوویانە: وانیە، ئیبراهیم تەعبیری لە ناخی خۆی و قەناعەتی خۆی نەکردوە، وە گوتوویانە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس واینەگوتوە، (ڕەنگە

---

١) جامع البيان للطبري رقم: (١٣٣٧٨).

گوتبیان: نەیپێکاوە)، وە گوتوویانە: ئیبراهیم کە وایگوتوە، نکووڵیی لەوە کردوە کە ئەو ئەستێرەیە، ئەو مانگە، ئەو خۆرە، پەروەردگار بێ، واتە: بەشێوەی نکووڵیی لێکردنو توانجو تەوسەوە وایگوتوە، یانی: ئەمە پەروەردگارمە!! هەندێکیش گوتوویانە: مانای قسەکەی ئیبراهیم ئەمەیە: (أَهَـٰذَا رَبِّي ؟) ئایا ئەمە پەروەردگارمە؟ پرسیاری کردوە، پرسیار کردن بە نکووڵیی لێکردنو سەرزەنشت کردنەوە.

ئنجا ئیمام (الطبري) دەڵێ: مادام خوا بۆخۆی هەواڵی پێداوین، قسەی راست ئەوەیە دانی پێدابنێین: کە ئیبراهیم جارێك ئەستێرەی بە پەروەردگار زانیوەو، جارێك مانگو، جارێکی دیکە خۆر، دوایی گەیشتۆتە قەناعەت، کە ئەوانە هیچ کامیان ناگونجێن پەروەردگاربن.

بەڵام هەر کام لە ئیمام (فخرالدین الرازي) و (الآلوسي) و (جمال الدین القاسمي) و (الشوکاني)و هی دیکەش دەڵێن: ئیبراهیم لێرەدا کە بە هەرکام لە ئەستێرەو مانگو خۆری گوتوە: پەروەردگارمە، مەبەستی نەبووە بڵێ: ئەوانە پەروەردگارن، بەڵکو لە حاڵەتی وتووێژو شەڕەقسەو پێ سەلماندنی کافران دا بووە، کە وایگوتووە، جا ئەو زانایانە چوار واتایان بۆ هێناون:

١) مەبەستی ئەوەبووە بڵێ: گریمان ئەگەر وابوو، واتە: ئەوانە پەروەردگار بوون، وەك چۆن یەکێك بە یەکێك دی دەڵێت: باشە گریمان ئەوە وایە.

٢) مەبەستی ئەوەبووە، کە ئەوە بەپێی گومانی ئێوە وایە.

٣) بەشێوەی پرسیارکردن گووتویەتی: ئایا ئەوە پەروەردگارمە؟

٤) بەشێوەی گاڵتەپێکردنو توانج تێگرتنەوە گوتوویەتی: ئەوە پەروەردگارمە!

ڕای خۆم لەوبارەوە:

منیش دوای ئەوەی نزیکەی سی (٣٠) تەفسیرم تەماشا کردوە، گەیشتمە ئەو ڕایەی کە ئیبراهیم ﷺ ئەوانەی بە پەروەردگار نەزانیوەو، لە ناخی خۆیەوەو بە سروشت خوای بە پەروەردگار ناسیوە، وەك خوا دەفەرموێ:

﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ الروم، واتە: ڕووی خۆت ڕاست بکە لەگەڵ ئایینێك دا کە خوا ناردوویەتی بە پاکیی، ئەو ئایینو مسوڵمانەتییە کە ڕێكو گونجاوە لەگەڵ ئەو سروشتەدا کە خوا خەڵکی لەسەر سروشتاندووە دروست کردوە،

هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ: {مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلاَّ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ وَيُنَصِّرَانِهِ وَيُمَجِّسَانِهِ}[1]، واتە: هەموو ئینسانێك لەسەر سروشتی خواناسیی لەدایك دەبێت، بەڵام دوایی باب‌و دایکی، دەیکەنە جوولەکە، یان دەیکەنە نەصرانیی، یان دەیکەنە مەجووسیی.

جا ئەگەر خەڵکی خوای خۆیان بناسن، بێگومان پێغەمبەران لە خەڵکی دیکە ساف‌و ساغترن، وەك یەکێك لە شاعیران لە مەدحی پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ :

مُحَمَّد بَشَرٌ وَلَيْسَ كَالْبَشَرِ   بل هُوَ يَاقُوتَةٌ وَالنَّاسُ كَالْحَجَرِ

بێگومان ئیبراهیم ئەو خوا ناسینە (معرفة الله) لە دڵ‌و دەروون‌و عەقڵی دا هەبووە پێش ئەوەی وەحیی بۆ بێ، بەڵام ئایا ئەو پەروەردگارە چۆنە؟ سیفەتەکانی چیین؟ ناوە بەرزەکانی چیین؟ چۆنی مامەڵە لەگەڵدا بکات‌و چۆنی بپەرستێ؟ ئەو شتانەی نەزانیون، کە بە وەحیی نەبێ نازانرێن.

ئایا من بەڵگەم چییە لەسەر ئەوە؟ بەڵگەم ئەوەیە: خوا بە کەسێك کە لە ئیبراهیم گەورەترە، کە (محمد المصطفى)یە، دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا

---

١) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٦٥٩٩)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٧٠٠)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٧١٤)، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

﴿نَّهۡدِي بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنۡ عِبَادِنَاۚ وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٥٢﴾﴾ الشورى

واتــە: وە ئــاوا بــەو شــێوەیە (وەك چــۆن بــۆ پێغــەمبەرانی پێشــێ وەحییمـان ناردوە) بۆ تـۆش ئـاوا سـروشـمان کـردوە (کـە نـاوی لـێدەنـێ رووح)، رووحێکمان لەلایەن خۆمـانەوە بۆ تـۆ نـاردوە، پێشـتـر تۆ نەدەتـزانی کـتێب (بەرنامە) چییـە؟ وە نەدەتزانی ئیمان چییـە ؟ بەڵام ئێمە ئـەم قـورئـانەمـان نـاردوەو کردوومانـە بـە رۆشـنـاییەك، هـەر کەسـێك لـە بەندەکـانمان کـە بمـانەوێ پێـی رێنمـایی دەکـەین، وە تـۆش خـەڵك رێنمـایی دەکـەی بـەرەو رێـی راسـت، (واتـە: بەهـۆی قورئـانو وەحییـەوە).

کەواتـە: سـەرەوەری پێغـەمبەرانیش (محمـد الـمصطفی) ﷺ پـێش ئـەوەی وەحـی بـۆ بـێ، نەیزانیـوە: ئیمـان چییـەو، بەرنامـەی ژیان چییـە؟ ئنجـا ئەگـەر ئیبـراهیمیش ئـەوە نەزانــێ، ئـەوە لـە پێشـتـرە، چونکە بـە تەئکیـد سروشـتو مەعدەنی سـەرەوەری پێغـەمبەران (علیـهم الصـلاة والسـلام) لـە هـی ئیبـراهیـمو هـی هـەموو پێغـەمبەرانیش ساغتـرو سافتـرو بەرزتـر بووە.

بەڵــێ ئیبــراهیم ﷺ لــە دەروونــی خۆیــدا، بــە عەقــڵ زانیویــەتی کــە پەروەردگارێکـی هەیـە، وە ئـەم بوونـەوەرە شـاری بـێ خـاوەن نیـە، بـەڵام ئـەو خـاوەنە دەبـێ کـێ بـێ؟ سیفەتەکانی چۆنـن؟ دەبـێ لـە کـوێ بـێ؟ هـەتـا وەحـی بۆ نەیـەت نـازانـێ، تەنیـا دەزانـێ کـە خـوا هـەیەو بەدیهێنـەرێك هـەیـە.

هەر بۆیەشـە هـەموو فەیلەسـووفەکان، وە کامـەیان لـە هـەمووان ـ وەك دەڵێـن ـ عاقڵتــربووەو عەقــڵی گــەورەتر بــووە، وەك: (ســوقرات، ئەفـلاتوون، ئەرسـتۆ) دەبیـنین لـە ناسـینی خـوادا بەهەڵـەداچوون، هـەبووە گوتوویـەتی: خــوا ژمـارە (عـدد)یە، وە هەبووە گوتوویـەتی: خوا رووناکییـە، وە هـەبووە گوتوویـەتی: خـوا چوار توخمەکـان: ئـاوو هـەواوو ئاگرو گڵ! پاکیی بۆ خـوا، وە ئـەوەی بەحیساب لە هـەمووان عاقڵتـر بووە، گوتوویـەتی: خـوا وەك هیـچ کام لـە دروسـتکراوەکـانی نیـە، بـەڵام بوونـەوەری وەك کـاتژمێرێك قـورمیش کـردوەو لـێی گـەڕاوە!

وە زۆرێـك لـە فەیلەسـووفەکان لـە یەکـێك لـە قسـەکانیاندا دەڵێن: خـوا شـتی گـەورە گـەورە دەزانـێ، بـەڵام شـتی وردەکـاریی نـازانـێ، چونکـە شـایسـتەی خـوا

نیـە، کـە ئـەو شـتە گچکـانە بزانـێ، بۆیـەش (أبو حامد الغزالي) لـە کتێبـی (تهافة الفلاسفة)دا دەڵێ: من لەبەر سـێ شـتان فەیلەسووفەکانم پـێ کافـرن:

أ/ کە دەڵێن: خـوای پەروەردگار زانیاریی بە شتە وردەکان (جزئیات) نیـە، کەچی خـوا ﷻ بۆخـۆی دەفـەرموێ: ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ﴿٢٣١﴾﴾البقـرة، واتە: وە بزانـن کە خـوا ﷻ بە هـەموو شـتێك زانـایە.

ب/ دەڵـێن: زیندووبوونـەوەی جەسـتەیی (المعـاد الجسـماني) نیـە، تەنیـا ڕووحەکـان، سـزا دەدرێـن، یان نیعمـەت دەبینـن، بـەڵام جەستەکان زینـدوو نابنـەوە، کەچـی خـواش ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَا يَبۡعَثُ ٱللَّهُ مَن يَمُوتُۚ بَلَىٰ وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٣٨﴾﴾ النحـل.

ج/ دەڵێن: ئەم بوونـەوەرە هەر لە سـەرەتاوە لەگەڵ خـوادا هەبووە، یـانی: کاتێك نەبـووە پەیدابووبـێ، دوای خـوا، بەڵـکو خـوا هـەر لەگـەڵ خۆیـدا دروسـتی کـردووە هـەربوو (أزلـي) یـە ! خـواش فەرموویـەتی: ﴿ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖۖ ... ﴿٦٢﴾﴾ الزمر، واتە: خوا بەدیهێنـەری هەموو شتێکە.

بەڵـێ ئیبـڕاهیم بـۆ دۆزینـەوەی ئـەوە گەڕاوە، کە لـە دڵو دەروونو عەقڵـی دا هەبووە، بۆیـە کـە: ئەستێرەیەکی زۆر بەشـۆقی بینیـوە، گوتوویـەتی: ڕەنگە ئـەوە پەروەردگـارم بـێ، دوایـی کـە مانگـی بینیـوە گوتوویـەتی: ڕەنگـە ئەمـە هـەوبێ، دوایـی کـە شـەوگار تێپـەڕیوەو، خۆری بینیـوە گوتوویـەتی: ڕەنگە ئەمـە هـەوبێ، چونکە لە هـەمووان بە شتۆقتـرو گـەورەترە.

بۆیـە من قەناعەتم وایە کە قسەکەی (طبري) ڕاسـتە، چونکە لەگەڵ ڕواڵەتی ئایەتەکـەدا گونجـاوە، ئنجـا لێشـمان تێکـنەچێ، کە ئـەو کـاتە ئیبـڕاهیم گـەنج بووەو تـازە پێگەیشتووە، جارێ وەحی بۆ نەهاتوە، بەڵام دیسان دەشگونجێ قسەی ئەوانەی دیکـە ڕاسـتبێ.

هەشتەم: ئیبراهیم عليه السلام كە ئەستێرەو مانگو خۆری بینیون، خوا بۆ هەر سێكیان فەرموویەتی: ﴿ فَلَمَّآ أَفَلَ ﴾، بۆ ئەستێرە دەڵێ: ﴿ فَلَمَّآ أَفَلَ ﴾، بۆ مانگیش دەڵێ: ﴿ فَلَمَّآ أَفَلَ ﴾، بەڵام بۆ خۆر دەڵێ: ﴿ فَلَمَّآ أَفَلَتْ ﴾، چونكە خۆر مێینەی مەجازییە، ئنجا ئایا بۆچی ئیبراهیم عليه السلام ئاوابوونی هەر كامێك لەو سێیانە، دەكاتە بەڵگەی ئەوە كە ئەوانە ناگونجێ پەروەردگاربن؟

وەڵام: چونكە پەروەردگار كە مشوورگێڕی بوونەوەرە، دەبێ هەمیشە بەئاگاو بێداربێ، ئەگەر ئاوابێو پەنهان بێ، كێ ئاگای لە بوونەوەرو دروستكراوەكان دەبێ.

جا بۆیەش خوا لە سوورەتی (المؤمنون)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعَ طَرَآئِقَ وَمَا كُنَّا عَنِ ٱلْخَلْقِ غَٰفِلِينَ ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: بەدڵنیاییە لە سەرووتانەوە حەوت چین (ئاسمانمان) دروستكردوون، وە ئێمە لە دروستكراوەكانی خۆمان بێئاگا نین.

نۆیەم: كە ئیبراهیم عليه السلام ئەستێرەو مانگو خۆری بینیونو دوایی ئاوابوون، بە هەر سێكیانی فەرمووە: ﴿ لَآ أُحِبُّ ٱلْأَفِلِينَ ﴾، من ئاوابووانم خۆشناوێن، ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ، كە یەكەمین سیفەت كە دەبێ مرۆڤەكان پەلكێش بكات بۆ لای خوای پەروەردگار، بریتییە لە خۆشویستن، واتە: پەرستراو (معبود) بەر لە هەموو شتێك، دەبێ خۆشتبوێ، دڵت بۆی بچێ، نەك لێی بترسێو سامی لێبكەی، بۆیە ئیبراهیم عليه السلام گوتوویەتی: ﴿ لَآ أُحِبُّ ٱلْأَفِلِينَ ﴾، ئەگەر لە خوا ترسان لە پێشەوە بووایە، دەیگوت: (لا أخافُ الأَفِلین)، مەبەستم ئەوەیە زۆرجار مامۆستاو بانگخوازەكان كە باسی پەروەردگار دەكەن، زیاتر لایەنی ترسان لە خواو، تووڕەبوونی خواو، لێپرسینەوەی خواو، سزادانی خوا، دەخەنە ڕوو، بەڵام كاتێك كە تەماشای قورئان دەكەین، جۆرێكی دیكەیە، هەر كە قورئان دەكەیەوە، خوای لێبوردەو

بە بەزەیی، ئاوا دەست پێدەكات، دەفەرموێ: ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝١ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٢ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٣﴾، سیفەتەكانی بەزەییو بەخشندەییو چاكەكاریی، كە دەبێ خوا لەسەر ئەو سیفەتانە خۆشبویسترێ، ئەوانە دەخرێنە ڕوو، بۆیە ئێمە نابێ خوا بەو شێوە بە خەڵك بناسێنین كە هەر لێی بترسێن، ئنجا كەسی وا هەیە كە قسە بۆ خەڵك دەكات، وادەزانێ خوا لە بەهانەیە بۆئەوەی سزایان بدات! نەخێر، بەڵكو خوای بەخشندە دەیەوێ بەندەكانی بەهرەمەند بكات، بۆیە ئێمەی دروستكردوە، دیارە ئێمەی خۆشویستوەو دەیەوێ بەهرەمەندمان بكاتو سوودمان پێبگەیەنێ، هەر بۆیە خوا دەفەرموێ: مـن خۆڕاگرانم خۆشدەوێنو، چاكەكارانم خۆشدەوێنو، ئەوانەم خۆشدەوێن كە پشتم پێ دەبەستن، وە تۆبەكارانم خۆشدەوێنو، پاكو خاوێنانم خۆشدەوێنو، تێكۆشەرانی ڕێی خۆمم خۆشدەوێن، خوای پەروەردگار خاوەنی ئەو سیفەتانەی خۆشدەوێ.

دەیەم: كە دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا رَءَا ٱلْقَمَرَ بَازِغًا﴾، هەروەها دوایی بۆ خۆریش دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمْسَ بَازِغَةً﴾، وشەی (بزغ) واتە: (قطع) ئەو كەسەی كە چارەسەری ئاژەڵان دەكات، ئەگەر نەخۆشییەكیان هەبێ، وەك چۆن پزیشكی مرۆڤ هەیە، پزیشكی ئاژەڵانیش هەیە كە بە كوردی پێی دەڵێن: بەیتار[1]، جا وەك چۆن شتێك بە تێغێك دەبڕدرێ، وەك ئەوە وایە كە ڕووناكیی ئەستێرەو مانگو خۆریش تاریكیی ببڕێ، ئاوا دڕ بە تاریكیی دەداتو پەردەی شەو دەدڕێ، جا ئەمە ئاماژەشە بەوە، كە ڕووناكیی ئیمانو خوا بەیەكگرتنو، ڕووناكیی عەقڵو سروشتیش، پەردەی تاریكییو كوفرو شیرك دەدڕن.

وە هەر كەسێك عەقڵێكی سەلیمی هەبێ، پەروەردگاری خۆی دەناسێ، وەك ئیبراهیم، دەیناسێ بەو واتایە كە دەزانێ هیچ كام لە دروستكراوەكان،

١) مختار الصِّحاح، ص: ٥٨ ، (بزغ الحاجِمُ والبيطارُ، أي شرطاً، وبابه، قطع).

پەروەردگار نین، بەڵکو پەروەردگار لە پشت ئەو دروستکراوانەیە، وە دەبێ سیفەتەکانی جیابن لە هی ئەو دروستکراوانە، بەلاّم وردەکارییەکانو ڕوونکردنەوەی سیفەتەکانی خواو ناوەکانی خوا، دەبێ لە ڕێی وەحییەوە بزانرێن.

یازدەیەم: کە دەفەرموێ: ﴿لَئِن لَّمْ يَهْدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ الْقَوْمِ الضَّالِّينَ﴾، ئەگەر پەروەردگارم ڕێنماییم نەکات، بە دڵنیایی من لە کۆمەڵی گومڕابووان دەبم، کەواتە: ناسینی خوا، لە دەروونی ئیبراهیم دا هەبووە، بەلاّم لە واقیع دا نەیتوانیوە دیاریی بکات، دوایی کە هەموو شتەکانی تاقیکردوونەوە، زانیویەتی کە ئەوانە هیچیان پەروەردگار نین، بەلاّم کە تەماشای ئەستێرەو مانگو خۆری کردوە، کە زۆر بەرز بوون، ڕەنگە وایزانیبێ ئەوانە هەوبن، دوایی بۆی دەرکەوتوە کە هیچ کام لە دروستکراوەکان، ناگونجێ ئەو پەروەردگارە بن، کە لە دەروونی خۆی دا دەیناسێ.

دوازدەیەم: کە دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا رَءَا الشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكْبَرُ﴾، کاتێك کە خۆری بینی، تیشکەکەی دڕی بە تاریکی دابوو، گوتی: ئا ئەمە پەروەردگارمە، ئەمە گەورەترە!

لێرەدا پرسیارێك دەکرێ: لە ڕووی زمانەوانییەوە کە خۆر (شمس) مێینەی مەجازیی (مؤنث مجازي)یە بۆچی نەیگوتوە: (هذه ربّي) چونکە مەبەست ئەوەیە (هذا الطّالِعُ) یان (هذا الموجود)، بە هەر حاڵ دەگونجێ (مؤنث)ی مەجازیی بە ڕاناوی نێرینەش ئاماژەی بۆ بکرێ، کەواتە: پەروەردگار دەبێ گەورەترین بێ، چونکە هەر کامێك لە ئەستێرەو مانگو خۆر، لەوەی دیکە گەورەتر بووە، کەواتە: لە سروشتو عەقڵی مرۆڤ دا، ئەوە هەیە کە پەروەردگار دەبێ گەورەترین شت بێ، هەر بۆیە ئێمەش لە کاتی بانگدا دەڵێین: (اللّٰهُ أَكْبَر) خوا گەورەترە، وە هەڵبەتە کە دەڵێین: خوا گەورەترە، نەك بە قەبارە، بەڵکو بە هەرچی چەمكو واتای گەورەیی هەیە، کە بۆ خوا شایستەیە، هەروەها کە دەڵێین: (سُبْحَانَ رَبِّي الأَعْلَى) پاکیی بۆ پەروەردگاری هەرە بەرزم، واتە: بەرزیی بە هەموو ئەو چەمكو واتایانەی کە بۆ خوا شایستەن.

سێزدەیەم: کە دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّآ أَفَلَتۡ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ﴾، کاتێك خۆریش ئاوابوو گوتی: ئەی گەلەکەم! من بەریم لە هەموو ئەو شتانەی کە ئێوە دەیانکەنە هاوبەشی خوا، ئەوانە بەکەڵکی ئەوە نایەن بێنە ڕیزی خوا، واتە: دوای ئەوەی کە لەنێو جیهانی بەرهەست دا، پەروەردگاری بەردەست نەکەوت، زانی کە پەروەردگار دەبێ بەرهەست (محسوس) نەبێ، وە دەبێ لە ڕێی پێنج هەستەکانەوە هەستی پێنەکرێ، ئنجا ئیبراهیمیش کە تەماشای ئەستێرەو مانگو خۆری کردوە، هەر ئەوانە گەورەبوونو، وێرای ئەوەی بەکەڵکی پەروەردگارێتی نەهاتوون، مانای وایە شتە بچووکەکان هەر ناگونجێ پەروەردگاربن، بۆیە سەرەنجام بە گەلەکەی دەڵێ: من بەریم لە هەموو ئەو شتانەی ئێوە دەیانپەرستن، لە دارو بەردو ئەستێرەو مانگو خۆرو هەرچی هەیە، من خۆمیان لێ بە دوور دەگرم.

چواردەیەمو کۆتایی: ئەوە کە ئیبراهیم ﷺ دەڵێ: ﴿إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ حَنِيفٗاۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴾، من ڕووی خۆم وەرسووڕاند بەرەو کەسێك کە ئاسمانەکانو زەوی دروست کردوون، بە پاکیی ڕووی خۆم کردە وی، وە من لە هاوبەش بۆ خوا دانەران نیم.

مەبەست لە ڕوو (وجە) لێرەدا ڕووی دڵە، ڕووی نیازو مەبەستە، نەك ڕووی دەمو چاو، چونکە خوای پەروەردگار شوێنێکی دیارییکراوی نیە، تاکو ڕووی دەمو چاوی خۆمانی تێبکەین، بەڵێ خوا لەسەر عەرشی خۆیەتیو لە سەرووی دروستکراوەکانی خۆیەتی، بەلام بەو چەمكو مانایە کە شایستەی خوایە، بەڵکو واتە: ڕووی زاتی خۆمو، نیازو ئامانجی خۆم، ئاراستەی خوا کرد، کە هەر ئەو پەرستراوە.

مەسەلەی سێیەم: خوای پەروەردگار باسی بەسەرهاتی سێیەمی ئیبراهیم ﷺ دەکات کە تووشی موناقەشەو شەڕە قسە بووە، دەفەرموێ: ﴿وَحَآجَّهُۥ قَوۡمُهُۥۚ قَالَ أَتُحَٰٓجُّوٓنِّي فِي ٱللَّهِ وَقَدۡ هَدَىٰنِۚ وَلَآ أَخَافُ مَا تُشۡرِكُونَ بِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَشَآءَ رَبِّي

شَيْـًٔاۗ وَسِعَ رَبِّى كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًاۗ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٨٠﴾ وَكَيْفَ أَخَافُ
مَآ أَشْرَكْتُمْ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ عَلَيْكُمْ
سُلْطَٰنًاۚ فَأَىُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِٱلْأَمْنِۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨١﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَمْ
يَلْبِسُوٓا۟ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾، لەم سێ ئایەتە

موبارەکەدا، باسی سێیەم وتووێژی ئیبراهیم ﵇ دەکات، هی یەکەم لەگەڵ بابی بوو، هی دووەمیان وتوێژی زاتی بوو، لەگەڵ خۆی دا، لەسەر ڕای ئەوانە کە دەڵێن: ئیبراهیم لەگەڵ خۆیدا قسەی کردوە، یاخود وتووێژێك بووە لەگەڵ ئەستێرەو مانگو خۆرپەرسان دا، لەسەر ڕایەکەی دیکە.

هی سێیەمیش، وتووێژ لەگەڵ هاوبەشدانەرەکان دا، دەفەرموێ: ﴿ وَحَآجَّهُۥ قَوْمُهُۥ ﴾، گەلەکەی شەڕە قسەیان لەگەڵدا کرد، بە حیسابی خۆیان بەڵگەیان بۆ هێنایەوەو وتووێژو دمبەدمبەیان لەگەڵدا کردوە.

فامرانەوەی هەشت خاڵی گرنگ لە ئایەتی (٨٠) :

یەکەم: کە ئیبراهیم ﵇ فەرموویەتی: ﴿ قَالَ أَتُحَٰٓجُّوٓنِّى فِى ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنِ ﴾، ئایا شەڕە قسەم لەگەڵدا دەکەن، دەربارەی خوا، لە حاڵێکدا کە خوا ڕێنمایی منی کردوە؟ یانی: ئەوە شتێکی زۆر بێجێی و بێ مانایە، من پەروەردگارو پەرستراوو خاوەنی خۆم چاك دەناسم، ئێستا ئێوە قسەی چی دەکەن؟ دیارە ئەم قسەیەی ئیبراهیم هی دوای وەحییە، چونکە لێرەدا زۆر بە ڕوونو ڕاشکاویی قسەی خۆی دەکات، واتە: من ئێستا بەرچاوم ڕوونە، پێغەمبەران هەمیشە گوتوویانە: ئایا دەبینن، یان پێم بڵێن: ئەگەر لەلایەن پەروەردگارمەوە لەسەر بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشکرابم ؟

دیارە پێغەمبەرانو شوێنکەوتووانیان، بەهۆی ئەو وەحییەوە کە خوا دەینێرێ، بەهۆی ئەو ئیمانەوە کە لە دڵیان دا جێگیر دەبێ، بەرچاویان زۆر ڕۆشنەو دەگەنە دڵنیایی تەواو، بەڵام خەڵکی دیکە لە گوماندایە، واتە: خەڵکی بێ بڕوا.

من زۆرجار موناقەشەم بووە لەگەڵ خەڵکیی مولحیدو بێ دینو ماددیی دا، کە بڕوایان بە ئایین نیە، ئەوانە لە کاتێکدا کە دەگەنە لووتکەی ئیلحادیش لە گوماندان، هەرگیز مرۆڤ لە کوفرو شیرکو ئیلحاددا، ناگاتە دڵنیایی.

یەکێك[١] بۆی گێڕامەوە گوتی: مارکسییەکی زۆر تۆخ بووم، بڕوام بە هیچ شتێکی نادیار نەبوو، بە حیسابی خۆم گاڵتەم پێدەهات، لە سەردەمی ڕژێمی بەعس دا لەسەر کوردایەتیی گیرام، فڕێیاندامە ژێرخانێکەوە، زۆر تاریك و ناخۆش بوو، زۆرم پێ سەیر بوو، یەکەمین کەس کە هاوارم لێ کرد خوا بوو، گوتم: (یا ألله)؟! دەیگوت بۆخۆم سەرسام بوو بووم لە خۆم، دەمگوت: بەحیساب من خوا ناناسمو بڕوام پێی نیە!! گوتی: لەو کاتەوە بۆم دەرکەوت ناسینی خوا شتێکە مرۆڤ دەسەڵاتی بەسەریدا نیە، سروشتو بوونەوەر هەمووی هاواری خوا دەکات.

برایەکی دیکەش دوای ئەوەی خوا هیدایەتی دابوو، گوتم: چۆن گەڕایەوە؟ گوتی: ئەگەر مرۆڤ ئایینی نەبوو، ئیمانی نەبوو، هەمیشە بیر لە مردن دەکاتەوەو بیر لە ئایندەی خۆی دەکاتەوە، شەوێکیان لەسەر پشت ڕاکشابووم، هەر تەماشای مانگم کردو لێی وردبوومەوە، باشە ئەوە مانگی یەك شەوە، دوو شەوە، دوایی دەبێتە پازدەو شازدەو حەڤدە، دوایی کەم دەکاتەوە، وەك دەمی داسی لێدێتەوە، دوایی بیرم لەو ئەستێرانە کردوە، دوایی خۆر کە بەو ئەندازەگیرییە ڕێكوپێکەیە، گوتم: ئاخر ئەوە چ عەقڵێك قبووڵ دەکات ئەو بازاڕە، ئەو بوونەوەرە، ئەو دنیایە خاوەنێکی نەبێ؟ گوتی: ئیدی هەر لەخۆوە چاوم پڕ بوو لە ئاو گریانێکم لێ غالب بوو، هەر بەو نیوە شەوە هاوسەرەکەم هەڵساند گوتم: هەڵسە ئاوم بۆ گەرم بکە، گوتی: بۆچی چی بوون ؟ گوتم: هەڵسە! بەرگی تازەشم بۆ بێنە ئەو پۆشاکانە بشۆ، دەڵێ: خۆم شۆردو پۆشاکەکانم

---

١) پێشتریش ئاماژەم بەو بەسەرهاتەوە کردوە.

پۆشیو خێزانم گوتی: چی ڕوویداوە، چیت بەسەر هاتوە؟ هەرچەندە چاکیش نوێژم نەدەزانی، دەستم بە نوێژکردن کردو زۆر گریامو لە خوا پاڕامەوە، هاوسەرکەم گوتی: پێم بڵێ چی بووە؟ گوتم: هیچ نەبوە، بەس خوام ناسیی!

ئنجا ئەوەی کە ئیبراهیم لێرەدا دەیفەرموێ: ﴿قَالَ أَتُحَٰٓجُّوٓنِّي فِي ٱللَّهِ وَقَدۡ هَدَىٰنِ﴾، ئایا شەڕە قسەم لەگەڵدا دەکەن دەربارەی خوا، کە هیدایەتی داوم؟ ئنجا ئەو هیدایەتو بەرچاو ڕۆشنییە، مرۆڤ تاکو بە کردەوە خۆی نەیبێ، چێژی لێناکاتو نایزانێ چۆنە؟ بۆیەش ئەهلی تەصەووفو عیرفان دەڵێن: (مَنْ ذَاقَ عَرَفَ)، واتە: هەر کەسێك چێژتی، دەزانێ، بۆ وێنە: خواردنێك، میوەیەك کە بڵێن: زۆر خۆشەو زۆر بەتامە، ئەگەر بۆخۆت تامت نەکردبێ، هەر چەند باسی بکەن، نازانی، (أبو حامد الغزالي) وێنەیەك دێنێتەوە، دەڵێ: ئەگەر بە منداڵێکی نابالغ بگوترێ: لەززەتی جینسیی ئاوایەو ئاوایە، تێیناگاتو نازانێ چییەو چۆنە؟ ئەگەر بڵێی: وەك ئاو وایە لە کاتی تینوویەتی دا بیخۆیەوە، یان وەك پرتەقاڵە، هەر تێی ناگات، چونکە لەڕاستیدا وەك هیچ کامیان نیەو، ناشزانێ چۆنەو چییە، چونکە بۆخۆی نەیچێژتوە، ئنجا بابای بێدینیش ئاوایە، کە خوای نەناسیوە، چووزانێ ئیمانو پشت بە خوابەستنو، خوا خۆشویستن، چ تامێکی هەیە؟ بۆیە ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم کە یەکێکە لە پیاوچاکان گوتوویەتی: (لَوْ عَلِمَ المُلُوك وَأَبْنَاءُ المُلُوكِ مَا نَحْنُ فِيهِ، مِنَ النَّعِيمِ والسُّرورِ، لَجَالدونا بالسّيوف) واتە: پادشاو نەوەکانیان ئەگەر زانیبایان، ئێمە لە چ خۆشییو لەززەتێکی مەعنەویی داین، بە شمشێر شەڕیان لەگەڵدا دەکردین، تا لێمان بستێنن.

دووەم: کە ئیبراهیم ﵇ دەفەرموێ: ﴿وَلَآ أَخَافُ مَا تُشۡرِكُونَ بِهِۦٓ﴾، ئەوەی ئێوە دەیانکەنە هاوبەش بۆ خوا، من لێیان ناترسێم، وا پێدەچێ ئیبراهیم ﵇ یان ترساندبێ، دیارە گوتوویانە: پەرستراوەکانمان دەستت لێدەوەشێنن، تووشی شتێکت دەکەن، چۆن نایانپەرستی؟ ئەویش لە وەڵام دا فەرموویەتی: ئەو شتانەی ئێوە دەیانکەنە هاوبەش بۆ خوا، من لێیان ناترسێم.

سێیەم: بەڵام لێرەدا هەڵاواردنێکی تێدەخات، دەڵێ: ﴿إِلَّآ أَن يَشَآءَ رَبِّى شَيْـًٔا﴾ مەگەر پەروەردگارم شتێکی بوێ، واتە: مەگەر پەروەردگارم بیەوێ، زیانێکم لێبدات، نەخۆشم بخات، شتێکم بەسەربێنێ، ئەگەرنا ئەو شتانە بیانەوێو نەیانەوێ هیچ نین، بۆیە لێرەدا پەروەردگاری جیادەکاتەوە، تاکو گومان نەبەن کە لە پەروەردگاریش ناترسێ، واتە: تەنیا پەروەردگارم دەتوانێ شتێکم بەسەر بێنێ، ئەگەر خۆشییە، ئەگەر ناخۆشییە، ئەگەر هەورازە، ئەگەر نشێوە، تاڵیی‌و شیرینی‌و خێرو شەڕ، هەر بەدەست خوایە.

چوارەم: دەفەرموێ: ﴿وَسِعَ رَبِّى كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا﴾، پەروەردگاری من زانیارییەکەی هەموو شتێکی گرتۆتەوە، هەموو شتێك دەزانێ.

پێنجەم: کە ئیبراهیم عليه السلام دەفەرموێ: ﴿أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ﴾، ئایا پەند وەرناگرن، بیرناکەنەوە، ئەو ڕاستییانەی کە لەگەڵ فیطرەت‌و سروشتاندا تێکهەڵکێشراون، نایانهێننەوە بیر خۆتان !

شەشەم: ئنجا ئیبراهیم عليه السلام بەڵگە دێنێتەوە کە بۆچی لە پەرستراوەکانی وان ناترسێ؟ دەفەرموێ: ﴿وَكَيْفَ أَخَافُ مَآ أَشْرَكْتُمْ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ عَلَيْكُمْ سُلْطَٰنًا﴾، جا من چۆن بترسێم لەو شتانەی کە ئێوە دەیانکەنە هاوبەش بۆ خوا، لە حاڵێکدا کە ئێوە لە سەرەنجامی ئەوە ناترسن، کە هاوبەشێکتان بۆ خوا داناوە، کە خوا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەناردوە؟ بەڵام خوا بەڵگەی لەسەر هەن: عەقڵ، زانست، سروشت، واقع، هەموویان بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە خوا خاوەنیانە، بەڵام ئەو شتانەی کە دەیانپەرستن لەجیاتی خوا، هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر نیە.

بەڵگەش بۆیە ناوی لێنراوە (سلطان) لە زمانی عەرەبییدا، چونکە دەستەڵاتی هەیە بەسەر عەقڵ‌و دڵی مرۆڤدا[1]، بەڵام بێگومان توانای هەیە

١) مختار الصِّحاح، ص : ٢٧٧.

بەسەر عەقڵی کەسێك دا، کە بەدوای بەڵگەو بەدوای هەق دا دەگەڕێ، ئەگەرنا کەسێك کە لە هەقی نەگەڕێ، بەڵگەش دەستەڵاتی بەسەر عەقڵی دا نابێ، چونکە نایەوێ، دەزانێ هەقە، بەڵام نکووڵیی دەکات، وەك خوا دەربارەی ئالی فیرعەون دەفەرموێ: ﴿ وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسۡتَيۡقَنَتۡهَآ أَنفُسُهُمۡ ... ﴿١٤﴾ ﴾ النمل، واتە: یەقینیان هەبوو کە موعجیزەکانی مووسا ﵇ ڕاستن و لە خواوەن، بەڵام نکووڵییان لێکرد، وەك کوردەواریی خۆشمان دەڵێن: (کەسێك بە تۆبزی بنێری بۆ مازووان[1]، لە داری هەڵناڕوانێ)[2]، دەڵێ: هیچی پێوە نەبوون.

هەروەها گوتراوە: (ئەگەر دز دز بێ، تاریکە شەو زۆرە)، خوای کاربەجێ دنیای وا دروست کردوە، کە ئینسان بتوانێ لە هەق ڕابکات، بەڵام لە قیامەتێ ناتوانێ لە هەق ڕابکات، چونکە هەموو شتەکان ڕوون و ئاشکرا دەبن.

حەوتەم: ئیبراهیم ﵇ دەفەرموێ: ﴿ فَأَيُّ ٱلۡفَرِيقَيۡنِ أَحَقُّ بِٱلۡأَمۡنِۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾، کام لە دوو کۆمەڵەکان شایستەترن کە دڵنیاو هێمن بن، ئەگەر بزانن، (من کە بە بەرچاوڕوونیی و بەڵگەوە پەروەردگاری خۆم دەپەرستم، یان ئێوە، کە بە دوای چەند شتێك کەوتوون و چەند شتێك دەپەرستن، هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر نیە، نە عەقڵ، نە واقیع، نە فیطرەت، نابنە بەڵگە لەسەر ئەوەی ئەوانە پەرستراوبن؟).

هەشتەم: کە دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ ﴾، ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوەو، ئیمانەکەی خۆیان لەگەڵ ستەمدا تێکەڵ نەکردوە، ئا ئەوانە هێمنیی و ئاسایشیان بۆ هەیە، وە ئا ئەوانە ڕێگە ڕاست گرتووان.

١) مازوو: شتێکە، کە پێستی پێ خۆش دەکرێ.

٢) هەڵناڕوانێ: تەماشا ناکات، بەرەو سەرێ ناڕوانێ.

ئەمە دەگونجێ هەر قسەی ئیبراهیم ﷺ بێ، وە دەشگونجێ فەرمایشتی خوای پەروەردگار بێ، دیارە هەمووی هەر فەرمایشتی خوایە، بەڵام دەگونجێ خوای بێ وێنە، لەسەر زاری ئیبراهیم بیگێڕێتەوە، وە دەشگونجێ ئیبراهیم کاتی خۆی ئەو قسەیەی نەکردبێ و، خوای زاناو شارەزا کاتێك ئەو بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە، ئەم فەرمایشتەی خۆی نێواخن کردبێ.

کاتێك ئەم ئایەتە هاتە خوار، هاوەڵانی بەرێز نارەحەت بوون، وەك لەم دەقەدا دیارە: ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بنِ مسعُودٍ ﷺ، قَالَ: لَمَّا نَزَلَتِ: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ﴾، شَقَّ ذَلِكَ عَلَى أَصْحَابِ رَسولِ اللهِ ﷺ، وَقَالُوا: أَيُّنَا لا يَظْلِمُ نَفْسَهُ؟ فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «لَيْسَ هُوَ كَمَا تَظُنُّونَ، إِنَّمَا هُوَ كَمَا قَالَ لُقْمَانُ لابْنِهِ: ﴿يَٰبُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ١٣﴾ لقمان» ﴾[1]، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: کە ئەم ئایەتە هاتە خوار: (ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو ئیمانەکەیان لەگەڵ ستەم تێکەڵ نەکردوە، ئەوانە دڵنیان) هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ خوا لێیان ڕازی بێ، نارەحەت بوون، گوتیان: جا کام لە ئێمە ستەمی نەکردوە (واتە: گوناهی نەکردوە)؟! پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: مەبەست پێی ئەوە نییە کە ئێوە گومان دەبەن، بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە کە لوقمان بە کوڕەکەی خۆی گوت: ﴿يَٰبُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ١٣﴾ لقمان، واتە: ئەی ڕۆڵە! هاوبەش بۆ خوا دامەنێ، هاوبەش بۆ خوادانان ستەمێکی زۆر گەورەیە.

کەواتە: لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ﴾، ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوەو

---

١) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٤٤٩٨)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٣٤٢)، وَأَحْمَد برقم: (٤٢٤٠)، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسنادُهُ صَحيح على شَرط الشَّيْخَين.

ئیمانەکەی خۆیان لەگەڵ ستەمدا تێکەڵ نەکردوە، یانی: دوای ئەوەی کە ئیمانیان هێناوە، هاوبەشیان بۆ خوا دانەناوە، ئا ئەوانە دڵنیان.

لێرەدا مەبەست لە (ظلم) گوناح نیە، بەڵکو مەبەست پێی شیرکە.

مەسەلەی چوارەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَتِلْكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيْنَٰهَآ إِبْرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦۚ نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴾، ئا ئەم وتووێژو بەڵگە هێنانەوەیە، بەڵگەی ئێمە بوو، کە بە ئیبراهیمان دابوو، لەسەر گەلەکەی، لە بەرانبەر گەلەکەیدا، بەو شێوەیە هەر کەسێك بمانەوێ، چەند پلەیەك بەرزی دەکەینەوە، بێگومان پەروەردگارت کاربەجێی زانایە، ﴿ وَتِلْكَ حُجَّتُنَآ ﴾، یانی: (جَميع ما تكلَّمَ بِهِ مَعَ قَوْمِهِ) هەرچی کە ئیبراهیم گوتوویەتی لەگەڵ گەلەکەیدا، مەبەست پێی هەموو بەڵگەکانە، نەك یەك بەڵگە، وە کە دەفەرموێ:

﴿ ءَاتَيْنَٰهَآ إِبْرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ ﴾، ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ کە نیعمەتەکانی: عەقڵو، قسەکردنو، بەڵگە هێنانەوە، بەخشراوی خوان، بۆیە، نابێ کەس ئەگەر عەقڵێکی زیادەی بوو، شارەزاییەکی زیادەی بوو، زمانپاراویی و قسەزانییەکی زیادەی بوو، پێی لەخۆبایی بێ، چونکە ئەوەتا خوای بەرز دەفەرموێ:

﴿ ءَاتَيْنَٰهَآ إِبْرَٰهِيمَ ﴾، ئێمە بە ئیبراهیمماندا بوو، بەخششی ئێمە بووە.

کە دەفەرموێ: ﴿ نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُ ﴾، بە دوو شێوە خوێنراوەتەوە:

یەکەم / ﴿ نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُ ﴾.

دووەمیش / (نَرْفَعُ دَرَجَاتِ مَنْ نَّشَآء)، هەر کەسێك بمانەوێ بە چەند پلە بەرزی دەکەینەوە، پلەکانی هەر کەسێك بەرز دەکەینەوە کە بمانەوێ.

ئەمە ئەوەشی لێوەردەگیرێ کە: بەهۆی بەکارهێنانی عەقڵی سەلیمەوە، بۆ ئیسپاتی خوا بە یەکگرتن، مرۆڤ پلەی لەلای خوا بەرزدەبێتەوەو بەرگرییکردن لە ئایینی خوا، پلەو پایەی ئینسان لەلای خوا بەرز دەکاتەوە، چونکە: خوا لەبارەی

ئیبراهیمەوە دەفەرموێ: پلەمان بەرز کردەوە، هەر کەسێك بمانەوێ چەند پلە بەرزی دەکەینەوە، لە ئەنجامی ئەوەدا کە بەرگریی لە ئایینی خوا کردوە، لە خوا بە یەکگرتن (توحید)و لە مەقامی خوا، خوای پەروەردگاریش پلەی لەلای خۆی بۆ بەرز کردۆتەوە، ﴿إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴾، کەواتە: خوا بەگوێرە پلەی کەس بەرز ناکاتەوە، کاری خوا گوێرە نیە، بێ حیسابو کیتاب نیە، خوا کاربەجێیەو زانایە، دەزانێ کێ چی پێدەداو، چۆنیش پلەی بەرز دەکاتەوە.

<u>مەسەلەی پێنجەم</u>: ئنجا خوای زاناو شارەزا دێتە سەر باسی مەسەلەیەکی دیکە کە بریتیە لە درێژەپێدانی پەیامو بانگەوازی ئیبراهیم، کە پەیامی (خوا بە یەکگرتن) (توحید)ە، لە ڕێی وەچەکەیەوە کە لێی وەپاش دەکەوێ، وە خوا لێرەدا بە ئیبراهیمەوە، ناوی هەژدە لە پێغەمبەران دێنێ، دەفەرموێ: ﴿وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ ۚ كُلًّا هَدَيْنَا ۚ وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ ۖ وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٨٤﴾ وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ ۖ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٥﴾ وَإِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا ۚ وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٦﴾ ﴾، لێرەدا ئەگەر ناوی نووحو ئیبراهیم لابەرین، چونکە نووح نەوەی ئیبراهیم نەبووەو، ئیبراهیمیش بۆخۆی سەرڕشتەی وەچەکەیەتی، شازدە دەمێننەوە، کەواتە: خوای پەروەردگار باسی شازدە لە پێغەمبەران دەکات، وەك وەچەی ئیبراهیم.

وەرگرتنی سێ بابەتی گرنگ لە ئایەتەکانی : (٨٤ و ٨٥ و ٨٦):

<u>یەکەم</u>: هیچ ڕیزبەندییەکی مێژوویی، یان پێگەو پایە، لەم ئایەتانەدا بۆ پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) ڕەچاونەکراون، واتە: مەرج نیە ئەوەی لە پێشەوە ناوی هێنرا بێ، لە ڕووی مێژووییەوە لە پێشەوە بووبێ، یاخود پلەی بەرزتر بووبێ.

دووەم: خـوای کاربەجـێ پێغـەمبەرانــی (علیهم الصلاة والسلام) بـۆ چـوار جـۆر، پـۆلـێـن کردوون:

١) نـووحو ئیبـراهیمو ئیسحاقو یەعقووب، ئەوانـە باپیـرەی پێغـەمبەرانــن.

٢) شـەش پێغـەمبـەر باسـکراون، کە لە زەوییدا حوکمڕانو دەستـرۆیشتوو بوون، وەك خـــوا ﷻ فەرموویـــەتی: ﴿وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَـٰنَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَـٰرُونَ﴾، واتـە: وە لە وەچـەی وی (ئیـبـراهیـم) داوودو سولەیمانو ئەییوبو یوسفو مووساو هاڕوون، هـەبوون.

داوودو سـولەیمـــان دیـــارە کـــە پادشـــا بـــوون، ئـــەییوبیش خـــوا دوای چاکـبوونەوەی دەفـەرموێ: ﴿وَءَاتَيْنَـٰهُ أَهْلَهُۥ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ ﴿٨٤﴾﴾ الأنبيــاء، وە کەسوکارەکەیـمان پێبەخشیو وێنـەی ئەوانیشیان لەگەڵیان بوو.

وە دەربارەی یوسفیش کە خـوا لەسـەر زاری وی دەفـەرموێ: ﴿قَالَ ٱجْعَلْنِى عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلْأَرْضِ ﴿٥٥﴾﴾ یوسف، واتە: گوتـی: لـەسەر عەمبـارەکانی زەوییـم دابنـێ.

ئنجا کـە دیـارە مووسـاو هـاڕوونیش حوکمـڕانو دەســت ڕۆیشــتوو بـوون، بۆیـە خـــوا دەربـارەی ئـەم شـەش پێغـــەمبەرە دەفـەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ﴾، وە ئـا بـەو شـــێوەیە پاداشـــتی چاکەکاران دەدەینـەوە، چـونکە مرۆڤ بەهـۆی دەسـتەڵاتو حـوکمڕانییو دەست ڕۆیشـتوویی یــەوە دەتوانـێ چاکە لەگـەڵ خەڵـکدا بکات، ئەوانـەش چاکەکار بـوونو سـوودیان بـۆ خـەڵك هـەبووە، نــەك وەك دەســتەڵاتدارو حوکمڕانــانی دیکتــاتۆرو بــە زەبــرو زۆرو خۆسەپێن، زیان لە خەڵك بـدەنو، خـەڵك لێیـان بترسـێو، خـەڵك لـە دەستو زمانیــان ســەلامەت نەبــێ، پێغـــەمبەرانو شـــوێن پـێهـەڵگرانیـــان، ئەگـــەر

دەستەلاتیان هەبێ، دادگەریی دەچەسپێنن‌و، ستەم‌و نادادگەریی لادەدەن، وە هەوڵی بەرپاکردنی هێمنیی‌و ئاسایش دەدەن.

٣) ئنجا خوا ﷻ دەربارەی چوارەکەی دیکە دەفەرموێ: ﴿وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِّنَ الصَّالِحِينَ﴾، ئەو چوارەشیان ئەهلی دنیا بە کەمگرتن‌و ژیانی سادەو عیبادەت‌و بۆ خوا صولْحان‌و، خۆ بۆ خوا خۆیەکلاکردنەوە، بوون، کە دیارە هەموو پێغەمبەران هەر وابوون، بەلام ئەوان ئەو سیفەتەیان تێدا زەقتر بووە، ئەوانیش بریتین لە: زەکەرییاو یەحیاو عیساو ئیلیاس، کە هەر چواریان زۆر دنیا بە کەمگر بوون، بەلکو یەحیاو عیسا هەر هاوسەریشیان نەبووە، ئیلیاسیش نازانم، بەلام زەکەرییا دیارە بابی یەحیایە، کەواتە: هاوسەری هەبووە.

ئنجا خوا دەربارەی وانیش دەفەرموێ: ﴿كُلٌّ مِّنَ الصَّالِحِينَ﴾، هەر کامێك لەو چوارانە لە صالْحان بوون.

٤) دەربارەی چوارەکەی دوایی دەفەرموێ: ﴿وَإِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ﴾، ئەم چوارە، واتە: ئیسماعیل‌و ئەلیسەع‌و یونس‌و لووط، ئەوانە کتێب‌و ئۆممەت‌و شوێنەوارێکی وایان دیارنییە، بۆیە هی ئەوانیشی بەوە کۆتایی پێهێناوە: ﴿وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ﴾، هەر کام لەو چوارانەش وەك پێغەمبەرانی دیکە، لە ڕۆژگاری خۆیان‌و لەنێو خەلْکی سەردەمی خۆیان دا، هەلْمانبژاردبوون، یانی: پێتان وانەبێ لەبەرئەوەی ئیسماعیل‌و ئەلیسەع‌و یونس‌و لووط، وەك پێغەمبەرەکانی دیکە شوێنەوارو کتێب‌و ئۆممەتیان دیار نیە، پێگەو پایەیان کەمترە! هەر پێغەمبەرێك لە ڕۆژگاری خۆیدا باشترین کەسی سەردەمی خۆی بووە.

سێیەم: کە دەفەرموێ: ﴿وَمِن ذُرِّيَّتِهِ﴾، هەندێك گوتوویانە: ڕاناوەکەی دەچێتەوە بۆ نووح، واتە: ئەو پێغەمبەرانە لە وەچەی نووحن، هەندێکیش گوتوویانە: ڕاناوەکەی دەچێتەوە بۆ ئیبراهیم.

من پێمـوایەو زۆربـەی توێـژەرەوانی قورئـانیش ڕایـان وایـە، ڕاناوەکـەی دەچێتـەوە بـۆ ئیبـراهیـم، هـەر ئـەم ڕایـەش ڕاسـتە، چونکە لێـرەدا بـاس باسـی ئیبـراهیمـە سەلامی خـوای لـێ بـێ، وە خـوای پـەروەرگار باسـی ئـەوە دەکات کە پاداشـتی ئیبـراهیم دەداتـەوەو ڕێـزی لێنـاوە، لەسـەر ئـەوەی بـەرگریی لـە خـوای بـێ هـاوتـاو ئایینەکـەی کـردوە، پاشـان هـەموو ئـەو پێغـەمبەرانەی باسـکراون، نەسەبەکەیان دەچێتەوە سەر ئیبراهیم، تەنیا لووط نەبێ کە برازای بووە، بەڵام جاری وایە دەگونجێ مـامو برازاش وەك کوڕو باب، مامەڵە بکەن، بە بەڵگەی ئـەم ئایەتـەی خـوا، کـە دەفـەرموێ: ﴿ أَمۡ كُنتُمۡ شُهَدَآءَ إِذۡ حَضَرَ يَعۡقُوبَ ٱلۡمَوۡتُ إِذۡ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعۡبُدُونَ مِنۢ بَعۡدِيۖ قَالُواْ نَعۡبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ ءَابَآئِكَ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗا وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ١٣٣ ﴾ البقرة، یان ئایا ئێوە لـەوێ بوون کـاتـێ یەعقووب کاتی مردنی هات، کە بـە ڕۆڵـەکانی خـۆی گـوت: ئایا دوای من چی دەپەرستن؟ گوتیـان: پەرسـتراوی تـۆو پەرسـتراوی بـابو باپیـرانت: ئیبـراهیم و ئیسـماعیلو ئیسـحاق، یـەك پەرسـتـراوو، ئێمـەش بـۆی ملکـەچین، ئاشکرایە کـە ئیسـماعیل مـامی یەعـقووب بـووە، وە یەعـقووب کـوڕی ئیسـحاقـەو ئیسـحاقو ئیسماعیل بران، ئـەدی بۆچـی بـە بابـی ناونـاوە؟ چونکە جـاری وایـە مامیـش بە بـاب نـاودەبـرێ.

مەسـەلەی شـەشـەم: کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَمِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡ وَإِخۡوَٰنِهِمۡۖ وَٱجۡتَبَيۡنَٰهُمۡ وَهَدَيۡنَٰهُمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴾، واتە: وە لە بابو باپیـرانیانولە وەچەکانیـانو لە بـرایەکانیان ـ کەسـانێکمـان هەڵبـژارد ـ وە پەسـندمان کـردنو بـەرەو ڕاسـتەڕێ ڕێنماییـمان کردنو خستماننـە سـەری.

کەواتە: سـەرجەم خـزمو نزیـکـانی پێغەمبـەران، لە بنـەڕەت (أصـل) یـانو، لـق (فـرع)یانو، برایـانیـان، تێکـڕایـان، هـەروەها فـەرموودەی خـوا ﴿ وَمِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡ وَإِخۡوَٰنِهِمۡۖ ﴾ ئـەوە دەگەیەنـێ، کـە: تەنـیا پێغـەمبەران لەسـەر ڕێـی ڕاست

نەبوون، بەڵکو هەندێك لە خزمەكانیشیان: چ وەك ئەسڵ یانی: باب‌و باپیرانیان، چ وەك لق یانی: ڕۆڵەو كچ‌و كوڕو خوشك‌و برا، لەسەر ڕێی ڕاست بوون‌و، هیدایەتدراو بوون، ﴿ وَٱجْتَبَيْنَٰهُمْ وَهَدَيْنَٰهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾، وە هەڵمانبژاردن‌و بەرەو ڕاستە شەقام ڕێنماییمان كردن، واتە: خستمانە سەر ڕێی ڕاست، نەك ڕێی ڕاستمان پێشاندان‌و خستمانە بەرچاویان، چونكە ڕێی ڕاست خستنە بەرچاو، كافرو مسوڵمان تێیدا یەكسانن، بەڵام خستنە سەر ڕێی ڕاست‌و ڕێی ڕاست پێگرتن، ئەوە تایبەتە بە ئەهلی ئیمانەوە.

مەسەلەی حەوتەم: كە دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۚ وَلَوْ أَشْرَكُوا۟ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾ ئایا كە دەفەرموێ: ئا ئەوە ڕێنمایی خوایە، هەر كەسێك لە بەندەكانی بیەوێ، پێی ڕێنمایی دەكا، وە ئەگەر هاوبەشیان بۆ خوا دانابایە، ئەوە ئەو كردەوە (باش)انەی كە دەیانكردن هەڵدەوەشانەوە، مەبەست پێی كێیەو ڕاناوەكەی بۆ كێ دەچێتەوە؟

هەندێك دەڵێن: واتە: لە باب‌و باپیران‌و لە وەچەو براو خوشكی پێغەمبەران.

هەندێكیش دەڵێن: واتە: لە پێغەمبەرانیش.

منیش پێموایە ڕای دووەم ڕاستە، چونكە خوای دادگەر بە پێغەمبەری خاتەمیش دەفەرموێ: ﴿ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٦٥﴾ ﴾ الزمر، واتە: ئەگەر هاوبەش بۆ خوا دابنێی، كردەوەكەت هەڵدەوەشێتەوە، كەواتە: هیچ كەس لە بەرانبەر خوادا مافی ڤیتۆی نیە، هەر كەس هاوبەش بۆ خوا دابنێ‌و شتێك بێنێتە ڕیزی خوا، یان خوا بەرێتە ڕیزی شتێك، لە دروستكراوەكانی خوا، ئەوە ئیمان‌و تەوحیدەكەی‌و كردەوە چاكەكانی هەڵدەوەشێنەوە، هەتا ئەگەر پێغەمبەرانیش (علیهم الصلاة والسلام) بن !!

وشەی (حَبط) واتە: (بَطَلَ) یان (ذَهَبَ) چوو، نەما، ئەویش لەوەوە هاتوە كە ئاژەڵێك لەوەڕی زیاد لەخۆی بخوات، دوایی ورگی بئاوسێ‌و بمرێ، یان زگی بدڕێ،

یان تووشی نەخۆشیی ببێ، ئەوە پێی دەگوترێ: (حَبَط)[1]، کەواتە: گوناح و تاوان و شیرکیش، وەك گیاو لەوەڕی زیانبەخشن، خاوەنەکەی دەفەوتێنێ و کردەوەکانی هەڵدەوەشێنێتەوە.

مەسەلەی هەشتەم: کە دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحُكۡمَ وَٱلنُّبُوَّةَۚ فَإِن يَكۡفُرۡ بِهَا هَٰٓؤُلَآءِ فَقَدۡ وَكَّلۡنَا بِهَا قَوۡمٗا لَّيۡسُواْ بِهَا بِكَٰفِرِينَ ﴾، واتە: ئا ئەوانە کەسانێکن کە کتێب و حیکمەت و پێغەمبەرایەتییمان پێداون، ئەگەر ئا ئەوانە (واتە: کافرەکانی ڕۆژگاری تۆ) پێیان بێبڕوابن، ئەوە کەسانێکمان پێ ڕاسپاردوون، بڕوایان پێ بێنن، کە پێیان بێبڕوانین، یاخود لە بەرانبەریاندا سپڵە نین، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحُكۡمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ﴾، ئاماژەیە بۆ ئەو هەژدە پێغەمبەرەی کە ناویان هێنراوە.

ئنجا ئەم ئایەتە دوو واتای هەن، بەپێی دوو مانایەکەی وشەی: (يَكۡفُرۡ):

١- خوا ﷻ پێغەمبەری خاتەم دەدوێنێ و دەفەرموێ: ئەگەر ئا ئەوانەی کە کتێب و حیکمەت و پێغەمبەرایەتییمان پێداون، ئەو خەڵکە بەرانبەر ئەو سێ شتە کافربن، ئەمە واتایەکی، چونکە: دەگونجێ لێرەدا مەبەست لە (يَكۡفُرۡ) کوفری پێچەوانەی ئیمان بێ.

٢- وە دەشگونجێ مەبەست لە وشەی (يَكۡفُرۡ) کوفری پێچەوانەی سوپاسگوزاریی (شکر) بێ، واتە: ئەگەر ئەو خەڵکەی ڕۆژگاری تۆ، بەرانبەریان (یانی: کتێب و حیکمەت و پێغەمبەرایەتیی) سپڵەو ناسوپاسگوزار بن، ﴿ فَقَدۡ وَكَّلۡنَا بِهَا قَوۡمٗا لَّيۡسُواْ بِهَا بِكَٰفِرِينَ ﴾، ئەوە بە تەئکید لە داهاتوودا کەسانێکمان پێ ڕاسپاردوون و ڕێنماییمان کردوون، کە بەرانبەر ئەو سێ شتانە، بێبڕوا نین.

---

١) مختار الصِّحاح، ص : ١١٨.

ئنجا لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ فَقَدۡ وَكَّلۡنَا بِهَا قَوۡمًا لَّيۡسُواْ بِهَا بِكَٰفِرِينَ ﴾، ئایا مەبەست لەو کۆمەڵە خەڵکە کێیە:

١- هەندێك گوتوویانە: مەبەست پێی پێغەمبەرانە، واتە: ئەگەر کافرەکانی ڕۆژگاری تۆ، بێبڕوان، یاخود ناسوپاسن، ئەوە پێغەمبەرانی خوا، بەرانبەر بەو سێ نیعمەتەی خوا، کە کتێبو حیکمەتو پێغەمبەرایەتیین، بڕواداربوونو سوپاسگوزار بوون.

٢- وە هەندێك گوتوویانە: مەبەست لە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەرە ﷺ، خوا لێیان ڕازی بێ، بە پێچەوانەوە، واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ! ئەگەر کافرەکانی مەککە، بەرانبەر ئەو کتێبو حیکمەتو پێغەمبەرایەتییە بێبڕوان، یاخود ناسوپاسن، ئەوە هاوەڵانی تۆ کە ئێستا هەن، وە ئەوانەش کە دوایی پەیدادەبن لە نیوە دوورگەی عەرەبیو غەیری ئەویش، بڕوادارو سوپاسگوزار دەبن، بەرانبەر بەو سێ نیعمەتە.

٣- منیش دەڵێم: مەبەست پێی تێکڕای ئیماندارانە، کە لەڕاستییدا ئەو مانایە لەوانی دیکە بەهێزترو فراوانترەو هیچ تێکگیران (تصادم)یشی لەگەڵ دوو مانایەکەی دیکەدا نییە، چونکە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) سەرقافڵەی بڕوادارانو، هاوەڵانیش لە ڕیزی پێشەوایانن.

مەسەلەی نۆیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡ ﴾، ئا ئەوانە کەسانێکن خوا ڕێنمایی کردوون، واتە: خستوونیە سەر ڕێی ڕاست، تۆش بەدوای ڕێنماییو ڕێی ڕاستی وان بکەوە، یانی: ئەوان بکە سەرمەشق، یاخود ڕێنماییو ڕێبازو ڕێوشوێنی ئەوان بکە بە سەرمەشقی خۆت.

شایانی باسیشە ئەم ڕستە قورئانییە، پێویستی بە کورتە باسێکی تایبەت دەکات، تاکو چەمكو واتایەکەی ڕوونتر بێتەوە.

باسێك لەبارەی شوێنكەوتنی پێغەمبەری خاتەمەوە ﷺ، بۆ پێغەمبەرانی پێشووی (علیهم السلام)

هەڵوەستەیەك لەبەردەم ئەم ڕستە قورئانییەدا:

ئەم ئایەتە زیاتر ئاوا خوێندراوەتەوە: (فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ) واتە: ئەو (ه)ەی دوای وشەی (اقْتَدِ) لە ئەسڵدا نیە، پێی دەگوترێ (هاء السَّكتة) هائی وەستان، ئەگەرنا (اقْتَدِ) یانی: بیكە سەرمەشق، شوێنی بكەوە.

كە دەفەرموێ: ﴿فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ﴾، واتە: تۆش ئەو ڕێنمایی و ڕێبازو چۆنیەتی دینداریيەی ئەوان، بكە بە سەرمەشقی خۆت، كە ئەمە وەك ئەو ئایەتەی سوورەتی (الأحقاف) وایە، كە دەفەرموێ: ﴿فَٱصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلْعَزْمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ وَلَا تَسْتَعْجِل لَّهُمْ ﴿٣٥﴾﴾، واتە: خۆڕاگربە، وەك چۆن خاوەن ئیرادە پتەوەكان، لە پێغەمبەران خۆڕاگر بوون، وە پەلەی سزادانیان بۆ مەكە.

دیارە لە زۆر شوێنی دیكەش دا، خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ دەفەرموێ: كە سوود ببینێ لە ڕێبازو ڕێوشوێن و ئەزموونی پێغەمبەرانی پێش خۆی، زانایان لەبارەی چۆنیەتی ئەو شوێنكەوتنەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ بۆ پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)، سێ ڕایان هەن:

١/ بەشێكیان گوتوویانە: لەبەرئەوەی هەموو پێغەمبەران بەرنامەكانیان، واتە: شەریعەتەكانیان، جیاوازن، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ﴿٤٨﴾﴾ المائدة، واتە: بۆ هەر كامێكتان بەرنامەو ڕێبازێكی تایبەتمان

داناوە، بۆیە: لێرەدا مەبەست لەوە کە بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرمویٚ: شوێن پێی وان هەڵبگرە، لە ڕووی ڕێبازو بەرنامەوە نیە، بەڵکو لە ڕووی خوا بە یەکگرتنو ئیمانو عەقیدەوەیە.

٢/ وە هەندێك گوتوویانە: مەبەست پێی ئەوەیە، بەگشتیی بەدوای وان بکەوە، واتە: لە هەردووك بواری ئیمانو عەقیدەو شەریعەت دا.

٣/ هەندێکیش گوتوویانە: بەدوای وان بکەوەو، ئەوان بکە بە جێی تەماشای خۆتو، جێی سەرنجو پەیڕەویی لێکردن: (فيما لَمْ يَرِد بِهِ النَّص) لە هەر شتێك دا کە لە شەریعەتی خۆت دا، دەقی لەسەر نەبوو، یانی بزانە لە شەریعەتی پێغەمبەرانی پێشوودا چی هاتوە، لەوبوارەدا کاری پێبکە، مادام پێچەوانەی شەریعەتی خۆت نەبیٚ، ئێستاش با سەرنجی قسەی هەندێ لە توێژەرەوانی قورئانو، چەند بەڵگەیەك بدەین لەوبارەوە:

یەکەم: (جمال الدين القاسمي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ: (﴿ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ ﴾ أي بطَريقِهم فـي الإيْمَانِ بـاللهِ وَتَوْحِيدِهِ وَالأَخْلاَقِ الحَمِيدة وَالأَفْعَال المَرْضِيَّة وَالصِّفَاتِ الرَّفِيعَة، إعْمَل)[1]، واتە: بە ڕێبازی ئەوان لە: ئیمان بە خواو خوا بە یەکگرتندا، وە لە ڕەوشتی بەرزو پەسنددا، وە لە کردەوە چاكو هەڵبژاردەکانو، لە سیفەتە بەرزەکاندا، بەوە کار بکە.

هەروەها دەڵێ: (إستَدَلَّ بِهذِهِ الآيَة مَنْ قَالَ: إنَّ شَرْعِ مِنْ قَبلنا شَرْعٌ لَنَا مَا لَمْ يَرِدِ نَاسِخ) واتە: ئەو کەسەی گوتوویەتی: شەریعەتی (پێغەمبەران)ی پێشوو، شەریعەتی ئێمەشە، بە مەرجێك نەسخ نەکرابێتەوە، بەڵگەی بەم ئایەتە موبارەکە هێناوەتەوە، (چونکە خوا بەگشتی فەرموویەتی: تۆ بە شوێن ڕێنمایی پێغەمبەران بکەوە).

دووەم: (الطبراني) لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ: (وفي الآية دَلِيلٌ عَلَى أَنَّ شَرَائِعَ الأَنْبِيَاءِ تَلْزَمُنَا مَا لَمْ نَعْلَم نَسْخَهُ، لأَنَّ اسْم الهُدَى يَقَعُ عَلَى التَّوحِيدِ

---

١) محاسن التأويل: ج٤، ص٦١٧.

والشَّرَائِع)[١] واتە: وە لەم ئایەتەدا بەڵگە هەیە لەسەر ئەوە کە بەرنامەو شەریعەتەکانی پێغەمبەرانی پێشوو، پابەندکەرن بۆ ئێمە، بە مەرجێك بزانین کە نەسخ نەکراونەوە، چونکە ناوی (هدى) هەر کام لە خوا بەیەکگرتنو، بەرنامەکانیش دەگرێتەوەو گشتگیرە.

هەروەها منیش پێموایە کە ئەم رایە راستە، چونکە لێرەدا خوای زاناو شارەزا بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡ ﴾، ئا ئەوانە کەسانێکن خوا رێنمایی کردوونو خستوونیە سەر رێی راست، تۆش بەدوای رێی راستی وان بکەوە، وە پێموایە ئەمە گشتگیرە، بۆ شوێن پێ هەڵگرتنی پێغەمبەری خاتەم ﷺ، وە پاشان ئۆممەتەکەشی، بۆ پێغەمبەرانی پێش خۆی، لە وردو درشتیاندا، بە مەرجێك بزانین کە ئەو شتە تایبەت نەبووە بە رۆژگاری ئەو پێغەمبەرانەوەو لە شەریعەتی ئێمەدا نەسخ نەکراوەتەوە، وەك (طبراني) دەڵێ، بەڵگەش ئەوەیە کە خوا فەرموویەتی: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡ ﴾، (هُداهُم) واتە: رێی راستی ئەوان، ئەمە وشەیەکی گشتگیرە، بۆ ئیمانو خوا بەیەکگرتن، بۆ کردارو گوفتارو رەوشتی بەرز، بۆ حەڵاڵو حەرام، بۆ ئەمرو نەهی، بۆ کۆی عەقیدەو شەریعەت.

سێیەم: بەڵگەیەکی دیکە لەوبارەوە ئەم دەقەیە: ﴿عَنْ مُجَاهِد: سَأَلْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ عَنِ السَّجْدَةِ الَّتِي فِي "ص"؟ فَقَالَ هَذِهِ الآيَةَ: ﴿ ... وَظَنَّ دَاوُۥدُ أَنَّمَا فَتَنَّٰهُ فَٱسۡتَغۡفَرَ رَبَّهُۥ وَخَرَّۤ رَاكِعٗاۤ وَأَنَابَ ۩ ﴿٢٤﴾ ﴾، قَالَ:"أُمِرَ نَبِيُّكُمْ أَنْ يَقْتَدِيَ بِدَاوُدَ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ﴾[٢]، واتە: موجاهید دەڵێ: لە عەبدوڵڵای کوڕی

---

١) التفسير الكبير: ج٣، ص٥٨.

٢) تفسير إبن أبي حاتم: ج٥، ص٣١١، فتح القدير للشوكاني: ج٢، ص١٧١، وَأَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٣٣٨٨) وَقَالَ الشيخ شعيب الأرناؤوط: إسناده صحيح على شرط مسلم، رجاله ثقات رجال الشيخين غير يحيى بن عبد الملك فمن رجال مسلم.

عەبباسم پرسی دەربارەی ئەو سەجدەیەی کە لە سوورەتی (ص)دا دەبردرێ؟ ئەویش ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿... وَظَنَّ دَاوُۥدُ أَنَّمَا فَتَنَّٰهُ فَٱسۡتَغۡفَرَ رَبَّهُۥ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ ﴿٢٤﴾﴾، واتە: وە داوود بۆی دەرکەوت کە ئێمە تاقیمان کردۆتەوە، بۆیە داوای لێبووردنی لە پەروەردگاری کرد، وە لەپەو ڕوو کەوتو، گەڕایەوە بۆ لای خوا، (واتە: سەجدەی برد)، دوایی عەبدوڵلا گوتی: پێغەمبەرەکەتان فەرمانی پێکراوە، کە داوود بکاتە سەرمەشق و شوێنی بکەوێ، وە بەڵگەشی بۆ ئەو تەفسیرەی، بەم ئایەتە هێنایەوە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡ﴾، ئنجا ئایا بۆچی پێغەمبەری ئێمە لێرەدا سەجدەی بردوە؟ چونکە خوا لەو ئایەتەی سوورەتی (الأنعام)دا دەفەرموێ: ئا ئەوانە خوا خستوونیە سەر ڕێی ڕاست، تۆش ڕێی ڕاستی ئەوان بکە سەرمەشق، بۆیە داوود ﷵ کە سەجدەی بردوە، پێغەمبەری خاتەمیش ﷺ چاوی لە داوود کردوەو سەجدەی بردوە، ئەگەرنا ئەو ئایەتە {واتە: ئایەتەکەی سوورەتی (ص)} ئەوە ناگەیەنێ کە پابەندکەربێ بۆ ئێمە، بەلام بە حوکمی ئەم ئایەتە{واتە: ئایەتەکەی سوورەتی (الأنعام)} هەر شتێك کە پێغەمبەرانی پێشوو پێوەی پابەندکرابن، پێغەمبەری خاتەمیش کە گەورەو سەروەریانە، پێوەی پابەندە، وە لەسەر ڕای زۆربەی زانایان بۆ ئۆممەتەکەشی پابەندکەرە، بە بەڵگەی ئەوە کە ئەگەر قورئان بکەینە سێ بەش، دوو بەشی مەککەییە، وە لە قورئانی مەککەییش دا، سێ لەسەر چواری یان زیاتری، بەسەرهاتی پێغەمبەرانە (علیهم الصلاة والسلام)، ئنجا ئایا خوای کاربەجێ بۆچی بەسەرهاتی پێغەمبەران بۆ پێغەمبەری خاتەمو ئۆممەتەکەی دەگێڕێتەوە؟ بێگومان بۆئەوەی پێوەی پابەندبن و پەندی لێوەربگرن.

<u>چوارەم</u>: بەلگەیەکی دیکەش ئەوەیە، کە خوای بەرزو مەزن لە سوورەتی (القلم)دا دەفەرموێ: ﴿فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلۡحُوتِ إِذۡ نَادَىٰ وَهُوَ مَكۡظُومٞ ﴿٤٨﴾﴾، واتە: خۆت بۆ حوکمی پەروەردگارت ڕاگرەو، وەك هاوەڵی نەهەنگ

(ماسی)یەکە مەبە، واتە: وەك پێغەمبەر یونس ﷺ مەبەو لەو هەڵوێستەیدا بەدوای مەکەوە، جا ئەمە هەڵاواردن (إستثناء)ە، ئەگەرنا فەرمانی پێکراوە بەدوای هەموو شتەکانی پێغەمبەران بکەوێ، بەڵام ئەو هەڵوێستەی (یونس) لێرەدا جیاکراوەتەوە.

ئنجا ئایا ئەو هەڵوێستە چۆن بووە؟ پێغەمبەر یونس خوای باڵادەست بۆ لای خەڵکی نەینەوای نارد، وەك لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتوە، خەڵکەکە ئیمانیان پێی نەهێناو، سەرەتا زۆر کەللەرەق بوون، تاکو گەیشتە ئەو حاڵەتەی ئەویش لێیان توورەبێ، ئیدی رۆیشت بەجێیهێشتن، وەك خوا دەربارەی ئەو هەڵوێستەی دەفەرموێ: ﴿ فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَىٰ فِي الظُّلُمَاتِ أَن لَّا إِلَٰهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾ الأنبياء، واتە: (یونس) پێیوابوو: ئێمە وڵاتمان لێ وەتەنگ نەهێناوەو لە سەرمان پێویست نەکردوە، کە دەبێ هەر لەوێ بێ، کە هەندێ کەس ئەم ئایەتە بە هەڵە تەفسیر دەکەن و دەڵێن: پێیوابوو توانامان بەسەری دا ناشکێ، بەڵام، نا، بەڵکو مەبەست لە: ﴿ لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ ﴾ یانی: (لن نُضيِّق عليه) واتە: لێی وەتەنگ ناهێنین و لەسەرمان نەکردۆتە مەرج، کە تەنیا خەڵکی نەینەوا بانگ بکات، پێیوابوو بچێتە هەر شوێنێکی دیکەش بانگەواز بکات، هەر دەبێ، بۆیە سەری خۆی هەڵگرت و رۆیی، ئیدی خوای دادگەریش سزای داو ئەوە بوو سەرەنجام خرایە نێو رووبارەوەو نەهەنگ هەڵی لووشی، وە تەنیا خوا دەزانێ چەند لەنێو زگی نەهەنگ (ماسی)دا ماوەتەوە، دوایی خوای توانا فەرمانی بە نەهەنگ کردوە، دەری هاوێشتوە، کە بەسەرهاتەکەی بە تەفصیل لە سوورەتی (الصافات)دا هەیە، (ئایەتەکانی: ١٣٩ – ١٤٨) هەروەها لە سوورەتی (الأنبیاء)دا، (ئایەتەکانی: ٨٧ – ٨٨).

ئنجا کە خوا دەفەرموێ: لەمەدا وەك یونس مەبە، مانای وایە ئەو شتەی جیاکردۆتەوە، کەواتە: لە هەموو شتەکانی دیکەدا، وەك یونس بکە.

پێنجەم: هەروەها لە سوورەتی (الممتحنة)دا خوای زاناو توانا دەفەرمویٚ:

﴿ قَدۡ كَانَتۡ لَكُمۡ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذۡ قَالُواْ لِقَوۡمِهِمۡ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمۡ وَمِمَّا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرۡنَا بِكُمۡ وَبَدَا بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥٓ ﴿٤﴾ ﴾، واتە: بێگومان لە ئیبراهیم ؑ وە ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون، سەرمەشقێکی باش هەیە بۆ ئێوە، کاتێك بە گەلەکەی خۆی گوت: ئێمە لە ئێوە بەریی و دووریین، وە حاشاتان لێدەکەین، وە دوژمنایەتیی و ڕق لە نێوان ئێمەو ئێوەدا بە هەمیشەیی پەیدابووە، هەتا ئیمان بە خوای تاك دێنن، دوایی دەفەرمویٚ: ﴿ إِلَّا قَوۡلَ إِبۡرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسۡتَغۡفِرَنَّ لَكَ وَمَآ أَمۡلِكُ لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٖۖ رَّبَّنَا عَلَيۡكَ تَوَكَّلۡنَا وَإِلَيۡكَ أَنَبۡنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ ﴿٤﴾ ﴾، واتە: (لەوەدا ئیبراهیم سەرمەشق نیە، تەماشای مەکەن) جگە لە قسەی ئیبراهیم کە بە بابی گوت: داوای لێبوردنت بۆ لە پەروەردگارم دەکەم، (بابیشی کافر بوو، کەسێکیش کافر بێ، نابێ داوای لێبوردنی بۆ لە خوا بکرێ، کەواتە: خوا لێرەشدا ئەو هەڵوێستەی ئیبراهیمی هەڵاوارد).

خوا ﷻ لەوبارەوە لە سوورەتی (التوبة)دا دەفەرمویٚ: ﴿ وَمَا كَانَ ٱسۡتِغۡفَارُ إِبۡرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَن مَّوۡعِدَةٖ وَعَدَهَآ إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥٓ أَنَّهُۥ عَدُوّٞ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنۡهُۚ إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ لَأَوَّٰهٌ حَلِيمٞ ﴿١١٤﴾ ﴾.

قورئان دەبێ ئاوا تەماشای بکەی، هەموو ئایەتەکان پێکەوە بێنی، ئنجا تەواو تێیدەگەی، دەفەرمویٚ: داوای لێبوردنکردنی ئیبراهیم بۆ بابی، تەنیا بەهۆی بەڵێنێکەوە بوو پێیدابوو، (کە داوای لێبوردنت بۆ لە پەروەردگارم دەکەم) ئنجا لە کوێ بەڵێنی پێداو لە کوێ خوای بەرز باسی ئەو بەڵێنە دەکات؟ لە سوورەتی (مریم)دا دەفەرمویٚ: ﴿ قَالَ سَلَٰمٌ عَلَيۡكَۖ سَأَسۡتَغۡفِرُ لَكَ

رَبِّيٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ بِي حَفِيّٗا ﴿٤٧﴾﴾، واتە: ئیبراهیم گوتی: سڵاوت لەسەر بێ، وە لەمەودوا داوای لێبوردنت بۆ لە پەروەردگارم دەکەم، بێگومان بەرانبەرم بەخشەرو مشوورخۆرە، (دیارە ئەو کاتە وایزانیوە بابی ئیمان دێنێ) ﴿فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥٓ أَنَّهُۥ عَدُوّٞ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنۡهُۚ إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ لَأَوَّٰهٌ حَلِيمٞ ﴿١١٤﴾﴾، واتە: بەڵام کاتێك بۆی دەرکەوت، کە دوژمنی خوایە (هەر ئیمان ناهێنێ) ئەوجار حاشای لێکرد، واتە: ئەو کاتەی کە بەڵێنی پێداوە، ئومێدی ئیمان هێنانی پێ هەبووە، بەڵام کاتێك ئومێدی پێی نەماوەو تەما بڕاو بووە، ئنجا حاشای لێکردووە.

کەواتە: ئێوە نەچن لەو هەڵوێستەدا، کە ئومێدتان هەبوو بە ئیمان هێنانی کەسێك، داوای لێبوردنی بۆ لە خوا بکەن، چونکە ناگونجێ داوای لێبوردن لەلایەن خواوە بۆ کەسێك بکەی کە ئیمانی نەهێناوەو کافرە، چونکە خوا لە کافر خۆشنابێ، ڕەحمەتی خوا تایبەتە بە ئیماندارانەوە.

پوختەی مەبەست :

خوا تبارك وتعالى کە بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: ئا ئەوانە خوا ڕێنمایی کردوون، تۆش بەدوای ڕێنمایی ئەوان بکەوەو بیانکە سەرمەشق، ئەوە هەموو شتێك هەمووی دەگرێتەوە، جگە لەوەی کە بۆمان دەردەکەوێ، کە فلان شتە لە شەریعەتی فلانە پێغەمبەردا، تایبەت بووە، بەو خەڵك و کۆمەڵگایەوە، کە لە سەردەمی یەکێك لەو پێغەمبەرانەدا بووە، ئەگەر زانیمان تایبەتە بەوانەوە، ئەو کات بۆ ئێمە پابەندکەر (ملزِم) نابێ، ئەگەرنا هەرچی قورئان باسی دەفەرموێ، لە هەڵوێستەکانیان، لە ڕەوشتەکانیان، لە هەڵسوکەوتەکانیان، جێی تەماشاو سەرنجەو، دەبێ بیکەینە سەرمەشقی خۆمان، بۆ وێنە:

پێغەمبەر یوسف عليه السلام لە میسر، دوای ئەوەی پادشاو حوکمڕانە کافرەکە ڕێزی لێدەنێ، (یوسف)یش پێی دەڵێ: ﴿قَالَ ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ ﴿٥٥﴾﴾یوسف، واتە: من لەسەر عەمبارەکانی زەوی دابنێ (بە زاراوی ئەمڕۆ:

بمکە وەزیری دارایی و ئابووریی) چونکە من پارێزەری زانام، پێغەمبەر یوسف ﷺ ئامادەیە لە ژێر سایەی پادشایەکی کافردا کارێك وەربگرێ، وەك من لە کتێبی: (چەند بابەتێکی سیاسیی هاوچەرخ لەبەر ڕۆشنایی عەقڵ و وەحیی دا) باسم کردوە، هەرکام لە (إبن تیمیة) و (الشاطبي)و چەند زانایەکی دیکەش، ئەو هەڵوێستەی پێغەمبەر یوسف ﷺ یان کردۆتە بەڵگەی ئەوە کە: دروستە مرۆڤی مسوڵمان لەژێر ڕکێف و دەستەڵاتی پادشایەکی کافردا، کارێك بەئەستۆوە بگرێ کە بزانێ صەلاحیەتی تێیدا هەیە، کە خزمەت بە خەڵك بکات، (إبن تیمیة) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەڵێ: ئەگەر بزانێ هەموو خراپەکانی پێ لانابردرێ و، هەموو چاکەکانی پێ ناچەسپێنرێ، بەلام هەر تۆزێك گۆڕانگاریی پێ دەکرێ، با بەشداریی لەو سیستەمە کوفرەدا، یانی: ئەگەر هەر لەسەدا دە (١٠٪)ی خراپەو ستەمەکان بگۆڕێ و، دادگەریی بچەسپێنێ، باشترە، کەواتە: ئێمەش پێویستە لەو کارەدا، چاو لە یوسف ﷺ بکەین.

<u>مەسەلەی دەیەم</u>: خوای پەروەردگار لێرەدا فەرمانێکی گرنگ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکات، دەفەرموێ: ﴿قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًاۖ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰلَمِينَ﴾ تۆ پێیان بڵێ: من هیچ کرێ و پاداشتتان لێ داوا ناکەم، لەسەر گەیاندنی ئەم پەیامە خواییە، ﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰلَمِينَ﴾، ئەم قورئان و پەیامە خواییە، تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ جیهانییان، ئێمە دوو هەڵوێستە لەبەردەم ئەم ئایەتەدا دەکەین:

هەڵوەستەی یەکەم / کە دەفەرموێ: ﴿قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا﴾، ئەم ئایەتە لە زۆر شوێنی قورئاندا دووبارە بۆتەوە، بۆ وێنە: لە کۆتایی سووڕەتی (ص)دا، دەفەرموێ: ﴿قُلۡ مَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُتَكَلِّفِينَ ٨٦﴾، واتە: بڵێ: من هیچ کرێ و پاداشتتان لێ داوا ناکەم، وە تەکلیف و بارگرانییتان ناخەمە سەر شان :

بەڕێزان !

ئەمە زۆر گرنگە بۆ هەر کەسێك کە بیەوێ ئایینی خوا بە خەڵك بگەیەنێ، هیچ چاوەڕوانی لێیان نەبێ، هیچ ئومێدێك و تەمایەکی دنیایی

پێیان نەبێ، زۆر زۆر گرنگە، چونکە خەڵك گەلێك زیاتر ڕێزی لێ دەگرن، وەك لەوەی چاوی لە دەستیان بێ.

ئنجا ڕەنگە یەکێك بڵێ: باشە مەلای فەقیر چۆن بژی؟ کەسی بانگخواز کە خزمەتی ئایین دەکاو، خەڵك ئاگادار دەکاتەوە، چۆن بژی؟ چونکە هەر کەسێك کە خزمەت بە وڵات دەکات: پزیشکە، ئەندازیارە، پارێزەرە...هتد، کە کار بۆ خەڵك دەکەن، خەڵکیش لە بەرانبەردا بژیوی ژیانیان بۆ دابین دەکەن، کەواتە: هەرکەسێك کە خزمەتی ئایینی خەڵك دەکات، ئنجا مەلایە، بانگخوازە، مامۆستایە، دەبێ خەڵکیش خزمەتی دنیای ئەو بکەن، وەك من لە کتێبی (زانایانی ئیسلام کێن و چۆنن؟)دا بە تەفصیل باسم کردوە، دەڵێین: ڕاستە دەبێ خەڵکیش خزمەتی دنیای ئەو کەسانە بکەن، کە خزمەتی ئایینی خەڵك دەکەن، بەڵام نابێ ئەوان لەسەر خەڵك بیکەنە مەرج، یانی دەبێ بڵێن: ئێمە لە پێناوی خوادا بە ڕێی پێغەمبەرتاندا دەبەین و، پێشتان دەکەوین، نەك بۆئەوەی ئێمە بژیەنن، بەڵکو بۆیە بەدوای شەریعەت و بەرنامەی خوا دەکەوین، چونکە لەسەرمان فەرزە، وە لەسەریشمان پێویستە خەڵکیش بەو ڕێیەدا ببەین، چونکە لەڕاستییدا بەندایەتیی کردن بۆ خوا لەسەر ئینسان پێویستە، بێئەوەی چاوەڕوانیی پاداشت لە خەڵك بکات، دەبێ چاوەڕێی پاداشت بەس لە خوا بکات، وەك خوا لە سووڕەتی (الشعراء)دا باسی پێنج لە پێغەمبەران دەکات (نوح و هود و صالح و لوط وشُعیب) (علیهم السلام) هەر هەموویان گوتوویانە: ﴿ وَمَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٠٩ ﴾، واتە: وە هیچ کرێ و پاداشتێکتان لێ داوا ناکەم، پاداشتم تەنیا لەسەر پەروەردگاری جیهانەکانە.

بەڵام خەڵك دەبێ بۆخۆی هەست بکات، بەرانبەر ئەو زاناو مامۆستایە، بەرانبەر ئەو بانگخوازە، لە بەرانبەر ئەو کەسەدا، کە خزمەتی ئایین دەکات، کە دەبێ ئەوانیش خزمەتی دنیای وی بکەن، مادام ژیان و گوزەرانی خۆی پێ نەسووڕێ بۆئەوەی دەستی بەتاڵ بێ و بواری هەبێ خزمەت بکات، بەڵام مامۆستا نابێ بە بەرانبەر خەڵك فێری ئایین بکات، نابێ لەگەڵیاندا بکاتە سەوداو مامەڵەو بازرگانیی، وە دەبێ مامۆستا نەفس بەرزبێ و بێ تەماع بێ، وە چاوەڕوانیی ماددیی لە خەڵك نەکات.

هەڵوەستەی دووەم / لە قورئاندا وێڕای وشەی (ذِكْرَى) وشەی (ذِكْر)یش هاتوە، زانایان گوتوویانە: (ذِكْرى) ماناکەی بەهێزترە، لە زمانی عەرەبییدا بنچینەیەك هەیە دەڵێ: (إنَّ زِيَادَةَ المَبْنى تَدلُّ عَلَى زِيَادَةِ المَعْنَى)، واتە: وشەیەك پیتەکانی زیاتربن، بەڵگەیە لەسەر بەهێزیی ماناکەی، هەرچەندە یەك ماناشیان هەبێ، بۆ وێنە: (ذِكْر) واتە: بیرخەرەوە، (ذِكْرَى)ش هەر واتە: بیرخەرەوە، بەڵام ماناکەی بەهێزترە[1]، واتە: زۆر بیرخەرەوە، بۆچی خوا ناوی لە قورئان ناوە (ذِكْر)؟ کە یەکێکە لە ناوە زۆر دیارەکانی قورئان، چونکە مرۆڤ لە ئایینی خوای پەروەردگاردا، زیاتر پێویستی بەوە هەیە، کە ئەو شتانەی خوا دەیانفەرموێ، وەبیر خۆییان بهێنێتەوە، ئەگەرنا ئەو شتانە لە سروشتو عەقڵی ساغو سەلیمی مرۆڤدا هەن، بەڵام قورئان هاتوە: بیرت بخاتەوەو بەرچاوت ڕوونبكاتەوە، بۆیەش قورئان ناوی لێنراوە (ذِكْر) واتە: بیرخەرەوە، هەڵبەتە لەو سیاقەدا ئەو مانایەی هەیە، ئەگەرنا لە شوێنی دیکەدا، بە مانای شەرەفو ناوبانگیش هاتوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّهُۥ لَذِكْرٌ لَّكَ وَلِقَوْمِكَ وَسَوْفَ تُسْـَٔلُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾الزخرف، کە لێرەدا (ذِكْر) دوو مانای هەن:

١/ ئەم قورئانە بیرخەرەوەیە بۆ گەلەکەت.

٢/ یاخود شەرەفو ناوبانگە بۆ خۆتو گەلەکەت، کە لەڕاستییدا عەرەب دوای ئەوەی قورئانیان بۆ هات، ناویان هاتە نێو ناوانەوە، وە بوون بە گەلو نەتەوەو زمانەکەیان پارێزراو بوو، وە بوو بە زمانێك لە ئاستی زمانە گەورەو زیندووەکانی دنیادا، ئەوە هەمووی چاکەو فەزڵی قورئانە لەسەریان.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

١) مفردات ألفاظ القرآن، راغب الأصفهاني، ص : ٣٢٩.

دەرسی دەیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان چوار ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٩١ ـ ٩٤)، تەوەری سەرەکیی ئەم دەرسە، بریتیە لە باسی وەحیی و پەیامی خواو، کتێبەکانی خوا بەگشتی، بەتایبەتی دوا کتێبو پەیامی خوا، کە قورئانی بەرزو بەپێزە، خوای کاربەجێ نکووڵییکردنی کافرەکان لەوە کە: خوا کتێبو بەرنامەی بۆ بەشەر بنێرێ، بە مایەی ڕێز لێ نەگرتنو، قەدر نەزانینو، بە گەورە نەگرتنی خوا دادەنێ، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ إِذۡ قَالُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٖ مِّن شَيۡءٖۗ﴾، واتە: وەك پێویست ڕێزیان لە خوا نەناو بە گەورەیان نەگرت، کە گوتیان: خوا هیچ شتێکی دانەبەزاندۆتە سەر هیچ بەشەرێك، ئەوە ڕێز لێ نەگرتنی خوایە، کە پێتوابێ: خوا بەندەکانی خۆی وێڵ کردووەو بەرنامەو ڕێنمایی خۆییان نانێرێ، شتی وا چۆن لە خوا دەوەشێتەوە؟ خوا حیسابی بۆ مارو مێروو کردوە، چۆن حیساب بۆ مرۆڤ ناکات، کە مرۆڤ جێنشینی خوایەو، گەورەی هەموو بوونەوەرە؟!

وە خوا ڕایدەگەیەنێ کە: قورئان کتێبێکی بەپێزی بە ڕاستدانەری کتێبەکانی پێش خۆیەتی، وە پەیامی خوا بۆ تێکڕای بەشەرە.

دوایی باسی ستەمکارترین کەسمان بۆ دەکاتو دەفەرموێ: ستەمکارترین کەس، کەسێکە کە ئەو چەند سیفەتەی هەبن:

یەکەم: بە ناوی خواوە درۆ هەڵبەستێ، کە زیاتر مەبەست پێی هاوبەش دانانە بۆ خوای بێ هاوتاو تاكو تەنیا.

دووەم: بڵێ: سرووشم بۆ كراوەو وەحییم بۆ هاتووەو، ڕاستیش نەكات، وەحیی بۆ نەهاتبێ، لەلایەن خوای زاناو شارەزاوە.

سێیەم: بڵێ: منیش وەك پەیامی خوا دادەبەزێنم، یانی: نەك هەر دەڵێ: وەحییم بۆ هاتوە، بەڵكو دەڵێ: دەتوانم وەحییش دابەزێنم، ئەو سێ جۆرە كەسە لە هەموو كەس ستەمكارترن، یاخود هەر كەسێك یەكێك لەو سێ قسەو لاف لێدانانەی هەبێ، كە هەرسێكیان درۆن، لە هەموو كەس ستەمكارترە، پاشان خوای پەروەردگار باسی سەرەنجامی شوومی ئەو جۆرە كەسانە دەكات، لە حاڵەتی سەرەمەرگو گیانەڵادا، كە چۆن فریشتەكان دەستیان بۆ درێژ دەكەن، وە ئەو ڕووحە پیسەیان دەردەكێشن.

وە لە كۆتایی دا خوا بە سەرزەنشت كردنەوە، كافرەكان دەدوێنێ، كە بە تاقی تەنیاو بەبێ پشتو پەناو ماڵو سامانو كوڕانو خزمان، دێنەوە لای خوای دادگەر، لەبەردەم دادگای خوای پەروەردگاردا دووچاری چارەنووسی ڕەشی خۆیان دەبن.

﴿وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ إِذْ قَالُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِّن شَىْءٍ ۗ قُلْ مَنْ أَنزَلَ
ٱلْكِتَٰبَ ٱلَّذِى جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ ۖ تَجْعَلُونَهُۥ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ
كَثِيرًا ۖ وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُوٓا۟ أَنتُمْ وَلَآ ءَابَآؤُكُمْ ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِى خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ
﴿٩١﴾ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا ۚ
وَٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ ۖ وَهُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ ﴿٩٢﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ
مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوحِىَ إِلَىَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَىْءٌ وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثْلَ
مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ۗ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى غَمَرَٰتِ ٱلْمَوْتِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓا۟ أَيْدِيهِمْ
أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ ۖ ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ
غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ ءَايَٰتِهِۦ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٩٣﴾ وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَٰدَىٰ كَمَا خَلَقْنَٰكُمْ
أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَٰكُمْ وَرَآءَ ظُهُورِكُمْ ۖ وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ
زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ ۚ لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٩٤﴾﴾

مانای وشــە بە وشـەی ئایەتەكـان

((وە وەك بۆ خـوا شایستەیە بە مـەزنیان نـەگرتو نەیانناسـی، كاتێك گوتیـان: خـوا هیـچ شـتێكی دانەبەزاندۆتـە سـەر هیـچ مرۆڤێـك، بڵـێ: ئـەدی كـێ ئـەو كتێبـەی دابەزانـدوە، كە مووسـا هێنـای: رووناكییو ڕێنمایی بوو بـۆ خەڵك، كە دەتانگـێڕا بـە چەند پەڕەیەك (ی جیا جیا) بەشـێكـتان دەردەخسـتو، زۆریشـتان لـێ دەشاردەوە، وە زانیارییەكـتان (بەهـۆی وەحییـەوە) فێركـرا، كـە نـە ئـێوەو نـە بـابو باپیـرانتان نەتـاندەزانی؟ بڵـێ: خـوا (دایبەزانـدوە) ئنجا وازیان لـێ بێنـە، با لـە درۆو دەلەسـەی خۆیاندا رۆبچـن ﴿٩١﴾ وە ئەم (قورئـان)ەشـمان ناردۆتـە خـوار، بـەپێزە، بەڕاستدانەری هـەرچی هـی پێش خۆیـەتی (لە كتێبەكانی خـوا)، وە بۆئەوەی (خەڵكـی) ئومموولقـورا (مەككە) و خەڵكـی (شارو وڵاتـانی) دەوروبەری وریابكەیـەوە، وە ئەوانـەی بڕوایان بـە رۆژی دوایـی هەیـە، بـڕوای پـێ دێنـن، وە پارێزگـاریی لـە نوێژەكـەیان دەكـەن ﴿٩٢﴾ وە ئایا كـێ ستەمكارترە لەو كەسـەی كە درۆی بۆ خـوا هەڵبەسـت، یـان گوتی: سـرووشم (لە خــواوە) بۆ كـراوە، هیـچ سرووشـێشی بـۆ نـەكراوە، وە كەسێك كە گوتی: منـیش (كتێـب) دادەبەزێنـم، وەك ئەوەی كە خوا دایبەزاندوە! وە ئەگـەر ببینـی لـە كاتێكدا كە سـتەمكاران لـە سـەختییو دژوارییـەكانی مـەرگ دانو، فریشـتەكانیش دەسـتیان بـۆ درێژكـردوون (پێیـان دەڵێن:) نەفسـەكانتان (گیـانەكانتان) بێننـە دەرێ! ئـەمڕۆ بـە ئـازاری ڕیسـوایی سـزا دەدرێـن، لـە سۆنگـەی ئـەوەوە كـە قسـەی ناهـەقتان لـەبـارەی خـواوە دەكـرد، وە لە بەرانبەر ئایەتـەكانی دا خۆتـان بـە زل دەگـرت ﴿٩٣﴾ ئێسـتاش وەك چـۆن یەكەمجـار دروسـتمان كـردوون، تـاك تـاك هـاتن بـۆ لامـان، وە ئـەوەی كـە پێمانـدابوون، لـە پشـت خۆتـانەوە بەجێتـان هێشـتوە، وە ئـەو تكاكارانـەتان لەگـەڵ نابینیـن، كە پێتـانـوابوو تێتـاندا هاوبەشـن، بێگومـان پەیوەنـدییتان پچـڕاو، ئـەوەی خـەیاڵ پـڵاوتان پێـوە دەكـرد، لـێتـان ونـبوو ﴿٩٤﴾)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ): وەك بۆ خوا شایستەیە ڕێزیان نەگرتو بە گەورەیان نەگرت، لە زمانی عەرەبیی دا دەڵێ: (قَدرُ الشيءِ: مَبْلَغُهُ، وَقَدَرُهُ: كَذَلِكَ، وَمَا قَدَرُوا حَقَّ قَدْرِهِ: ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ﴾، أَي مَا عَظَّمُوهُ حَقَّ تَعْظِيمِهِ)[1]، واتە: (قَدْرو قَدَر) بە مانای ئەندازەگیریی شتێك دێ، دەگوترێ: (قَدَرُهُ كَذَا، أو قَدْرُهُ كَذَا) یانی: ئەندازەكەی ئەوەندەیە، كە خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ﴾، واتە: بەو شێوەیە كە بۆ خوا شایستەیە، ئەو ئەندازەیە كە بۆ خوا شایستەیە، ڕێزیان لە خوا نەگرتو، بە گەورەو مەزنیان نەگرت.

(قَرَاطِيسَ): كۆی (قِرْطَاس) یان (قُرْطَاس)ە، (القِرْطَاسُ: بِكَسر القَافِ وَضَمِّها: الَّذِي يُكْتَبُ فِيهِ)[2]، واتە: (قِرْطَاس) یان (قُرْطَاس) بریتییە لە هەر شتێك كە لەسەری بنووسرێ، جا كاغەز بێ، چەرم بێ، بەردی تەنك بێ، یان گەڵای درەخت، كە كاتی خۆی بەكارهێنراون، بۆ لەسەر نووسین.

(مُبَارَكٌ): (البَرَكَةُ: ثُبُوتُ الخَيْرِ الإِلَهِي فِي الشَّيء، وَالـمُبَارَكُ مَا فِيهِ ذَلِكَ الخَيْر)، (بَرَكَة) بریتییە لە چەسپاویی پێزو بەرەكەتی خوا لە شتێكدا، (مُبَارَك) بریتییە لە شتێك كە هێزو پێزی تێدابێ.

(أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ): ناوێكە لە ناوەكانی مەككە، وشەی (قُرَى) كۆی (قَرْيَة)یە، وە (قَرْيَة) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای شاری گەورە، یان وڵات دێ، كە زۆر كەس وادەزانێ (قَرْيَة) بە مانای گوندو دێ هاتوە، نەخێر بە مانای وڵاتو شاری گەورە هاتوە،

---

١) مختار الصحاح، مادة: ق د ر، ص: ٤٥٥

٢) مختار الصحاح، مادة: ق ر ط س، ص: ٤٦١.

مەككەش بۆیە پێی گوتراوە: دایكی شارەكان، لەبەرئەوەی خەڵك لە هەموو شوێنەكانەوە هاتوون بۆ ئەوێ‌و، شارێكی زۆر قەرەباڵغ بووە.

(غَمَرَٰتِ ٱلۡمَوۡتِ): واتە: توندوتیژیی‌و سەختییەكانی مەرگ، (الغَمْرَةُ: مُعْظَم المياه السَّاتِرَةِ لِمَقَرِّهَا، وَالغَمَرَات الشَّدَائِد..)، (غمرات) كۆیەكەی (غمرة)یە، كە بە زۆریی بە ئاوی زۆر دەگوترێ، وە هەروەها بە كاتی ڕووح كێشان دەگوترێ، كە وردە وردە ڕووح لە بنی پێ ڕا دێ‌و بە ئەژنۆو لاقدا سەردەكەوێ‌و، دوایی دەگاتە لای ڕان‌و، ئنجا دەگاتە پشتێن‌و سینگ، وە لە سینگدا كابرا دەست دەكات بە غەرغەرە، ئنجا لەو كاتەدا، ئەندامەكانی دیكەی جەستەی، هەموویان سارد دەبنەوە، بە هەر حاڵ دوایی زار پێكدادەداو هەناسەیەك دەداو كۆتایی دێ، كەواتە: (غَمَرَٰتِ ٱلۡمَوۡتِ) واتە: حاڵەتی گیان كێشان‌و گیانەڵا.

(عَذَابَ ٱلۡهُونِ): (عَذَاب) واتە: سزاو ئازار، (الهُونُ: وَالهَوَانُ)، وشەی (هُونَ وَهَوَانَ) واتە: ڕیسوایی، دەڵێ: (أَهَانَهُ: اسْتَخَفَّ بِهِ، والإِسْم: الهَوَانُ وَالمَهَانَةُ) واتە: بە سووك تەماشای كرد، بە كەم تەماشای كرد، (هُونٌ) لێرەدا چاوگە، بە مانای (هوان) دێ، واتە: سزای ڕیسوایی بچێژن.

(فُرَٰدَىٰ): (جَمْعُ فَرِيد، نَحْو أَسِير وَأُسَارَى)، (فُرَادَى) واتە: تاكەكان كۆی (فَرِيد)ە، واتە: تاك، بەتەنیا، وەك (أَسِير)ە، واتە: یەك دیل، كە كۆیەكەی (أُسَارَى)یە، واتە: دیلەكان، كە مەبەست ئەوەیە لە ڕۆژی دوایی دا، هەر كەسێك بەتەنیا دەچێتەوە بەردەم دادگای خوای دادگەر.

(خَوَّلۡنَٰكُمۡ): (أعْطَيْنَاكُمْ، وَالتَخْوِيلُ فِي الأَصْلِ إِعْطَاء الخَوَل، خَوَّلَهُ اللهُ الشيء، مَلَّكَهُ إِيَّاهُ وَالتخوّل: التَعَهُّد)، (خَوَّلْنَاكُم) یانی ئەوەی پێماندداون، (تخويل) لە ئەسڵدا ئەوەیە شتێك بدەی بە كەسێك بۆئەوەی سەرپەرشتیی بكات، دەگوترێ: (خَوَّلَهُ اللهُ الشيء) واتە: خوا ئەو شتەی كردە موڵكی ئەو كەسە، (التخَوّل: التَعَهُّد) واتە: ئاگا لێبوون‌و سەرپەرشتیی كردن.

هـۆی هاتنـەخـوارەوەی ئایـەتـەكـان

هـۆی هاتنە خـوارەوەی ئەم ڕستە قورئـانییە كـە دەفـەرموێ: ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ إِذْ قَالُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِّن شَىْءٍ ۗ قُلْ مَنْ أَنزَلَ ٱلْكِتَٰبَ ٱلَّذِى جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ ۖ تَجْعَلُونَهُۥ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا ۖ وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُوٓاْ أَنتُمْ وَلَآ ءَابَآؤُكُمْ ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِى خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ ﴿٩١﴾﴾، لەوبـــارەوە ئـەم دەقـە گـێڕدراوتــەوە: ﴿عَنْ إِبْنِ عَبَّاس رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ قَوله: ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ﴾، يَعْنِي: مِنْ بَنِي إِسرائيل، قَالَتِ اليَهُود: يَا مُحَمَّد أَنْزَلَ اللهُ عَلَيْكَ كِتَاباً؟ قَالَ: نَعَمْ. قَالُوا: وَاللهِ مَا أَنْزَلَ اللهُ مِنَ السَّمَاءِ كِتَاباً! قَالَ: فَأَنْزَلَ اللهُ، قُلْ يَا مُحَمَّد: ﴿مَنْ أَنزَلَ ٱلْكِتَٰبَ ٱلَّذِى جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ ... ﴿٩١﴾﴾؟! قَالَ: اللهُ أنـزله﴾[1].

واتـە: عـەبدوڵڵای كـوڕی عەببـاس خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ، دەڵـێ: ئـەوە كـە خـوا دەفـەرموێ: ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ﴾، واتە: لە بەنی ئیسرائیلییەكان هـەوا هـەیە وەك پێویسـت خـوایان بە مەزن نەگـرتو خـوایان نەناسـی دەڵـێ: جوولەكەكان گوتیـان: ئـەی موحەممـەد! ئایـا خـوا كتێبـی ناردۆتـە سـەر تـۆ؟ فـەرمووی: بەڵـێ، جوولـەكەكان گوتیـان: سـوێند بە خوا، خـوای هیـچ كتێبێكـی لـە ئاسـمان نەناردۆتـە خـوار (واتـە: ئەوەنـدە ڕقیـان لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ هەڵسـا، نكوولـیی كتێبەكـانی خۆشـیان كرد)، ئنجـا خـوا ﷻ ئـەم ئایـەتـەی دابەزانـدە خـوار كـە دەفـەرموێ: بڵـێ:

---

١) جـامع البيـان للطبري بـرقم: (١٣٤٥٦)، وفـتح القـدير للشـوكاني، ج٢، ص٢٠٣، وَإِبْـنُ أَبـي حَـاتم بـرقم: (٧٥٩١)، والسـيوطي فـي الـدر الـمنثور، ج٣، ص٣١٣، ونسـبه إي إبـن الـمنذر، وأبـي الشـيخ، وإبن مردويه.

ئەدی کێ ئەو کتێبەی دابەزاندوە کە مووسا هێنای، کە ڕۆشنایی‌و ڕێنمایی بوو بۆ خەڵك؟ دوایی دەفەرموێ: بڵێ: خوا دایبەزاندوە.

ڕوونکردنەوە:

ئێمە لە سەرەتای تەفسیرکردنی ئەم سوورەتەدا گوتمان: ئەم سوورەتە هەمووی پێکەوە هاتۆتە خوار، جا هەندێك لە توێژەروانی قورئان دەڵێن، کەواتە: نابێ هۆی هاتنە خواری ئایەتەکان هەبێ، چونکە هەمووی پێکەوە هاتوە، لە یەك کاتدا، لە یەك شەوداو، حەفتا هەزار فریشتەی لەگەڵدا بووە !

وەڵامەکەی ئەوەیە کە خوا لە یەك شەودا دایبەزاندوە، بەڵام وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی تێدایە کە لەوکاتەدا هەبوون، دیارە چەند ڕووداوێك‌و بەسەرهاتێك هەبوون خوای پەروەردگار وەڵامی هەموانی بە یەکجارو لە یەك شەودا ناردۆتە خوار، لەم سوورەتەدا، کەواتە: دابەزێنرانی ئەم سوورەتە لە یەك شەوو لە یەك کاتدا، تێکناگیرێ لەگەڵ ئەوەدا کە هەندێك لە ئایەتەکان، هۆی هاتنە خوارەوەیان هەبێ، کە ئەمەی ئێرە یەك لە ئایەتەکانەو، چەند ئایەتێکی دیکەش هەن، کە پێشتر باسمان کردن، وە چەند ئایەتێکی دیکەش لەمەو دوا دێن، چونکە ئەوانە دیارە ئەو قسەو باس‌و پرسیارو ئیشکالانە هەبوون لەو کاتەدا، لەو سەروحەدەدا، ئنجا خوای کاربەجێ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارو ئیشکالانەی، خستۆتە نێو دووتوێی ئەم سوورەتە موبارەکەوە.

مانای گشتی ئایەتەکان

پێشتر ئاماژەمان پێدا کە خولگەی سەرەکیی ئەم سوورەتە موبارەکە، سێ تەوەرەیە، ئەوانیش خوا بە یەکگرتن، وە پێغەمبەرایەتیی و وەحی پێغەمبەران، وە هاتنی ڕۆژی دوایی و لێپرسینەوەو سزاو پاداشتو بەهەشتو دۆزەخ، بەڵام ئەوەی زیاتر جەختی لەسەر کراوەتەوە، بریتیە لە خوا بەیەکگرتنو تەنیا خواپەرستن، وە پووچەڵکردنەوەی بتپەرستییو هاوبەش بۆ خوا دانان، بە هەموو جۆرەکانیەوە.

ئنجا لێرەدا ئەم چوار ئایەتە، زیاتر دەربارەی وەحییو پێغەمبەرایەتییو دابەزێنرانی کتێبەکانی خوا دەدوێن، بەتایبەتی کۆتا کتێبی خوا کە قورئانە.

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ ﴾، وەك بۆ خوا شایستەیە خوایان بە مەزن نەگرت، خوایان نەناسی، بۆچی ڕێزی خوایان نەگرت؟ لەبەرئەوەی یەك قسەیان کرد! ﴿ إِذۡ قَالُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٖ مِّن شَيۡءٖۗ ﴾، کاتێك کە گوتیان: خوا هیچ شتێکی نەناردۆتە خوارێو، هیچی دانەبەزاندوە بۆ سەر هیچ بەشەرێك، ئا ئەوە ڕێزلێنەگرتنو بەگەورەنەگرتنی خوایە، کە تۆ نکووڵیی بکەی لەوە کە خوا پەیامو وەحییو بەرنامەی ناردوە بۆ پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) کە ئەوانیش بە خەڵکی ڕابگەیەنن، تاکو خەڵك بزانن چۆن بژین؟ خوا چی لێ داواکردوون، کە ئەو ماوەی ژیانی دنیا چۆن بگوزەرێنن؟ ئەوە ڕێز لێنەگرتنی خواو بە مەزن نەگرتنی خواو نەناسینیەتی، کە تۆ گومانت وابێ خوا ﷻ بەرنامەو ڕێو شوێنی خۆی بۆ بەندەکانی بە پێغەمبەراندا نانێرێ !

ئنجا وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین، خوای بەرزو مەزن لە سێ شوێنی قورئان دا ئەم ڕستەیەی بەکارهێناوە: ﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ ﴾، لە سوورەتی (الزمر)دا، کە لەوێ دەربارەی قیامەتە، وە لە سوورەتی (الحج)یش دا، کە

لەوێش دەربارەی خوا بەیەكگرتنە، كەواتە: ئەو سێ ئەسڵە هەر كەسێك نكوولّییان لێ بكات، خوای نەناسیوەو ڕێزی لێ نەگرتوەو بەگەورەو مەزنی نەگرتوە.

ئنجا خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿قُلْ مَنْ أَنزَلَ الْكِتَابَ الَّذِي جَاءَ بِهِ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ﴾، بلّێ: ئەدی (ئەگەر خوا هیچ كتێبێكی دانەبەزاندوەتە سەر هیچ بەشەرێك)، ئایا ئەو كتێبەی كە مووسا هێنای، كە ڕۆشنایی و ڕێنمایی بوو بۆ خەلّك، كێ دایبەزاند؟ ئێوە بۆخۆتان دەلّێن: ئێمە شوێنكەوتووی مووساین و، مووسا كتێبی لە خواوە بۆ هاتوە، ئنجا ئەو خوایەی ئەو كتێبەی مووسای دابەزاندوە، هەر ئەویش قورئانی بۆ موحەممەد ﷺ دابەزاندوە، وە كتێبی بۆ گشت پێغەمبەران ناردوە.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿تَجْعَلُونَهُ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا﴾، كە ئەو كتێبەتان چی لێدەكرد ؟ دەتانكردە پەڕپەڕ، بەش بەش، هەندێكیانتان ئاشكرا دەكردن و زۆریشتانیان پەنهان دەكرد، دیارە ئەوەی كە لە بەرژەوەندییان بووە ئاشكرایان كردوەو، ئەوەی زەرەریشیان بووە، شاردوویانەتەوە، وەك زۆر لە مسولّمانان ئێستاش وا لەگەلّ قورئاندا مامەلّە دەكەن: ئەو ئایەتانەی باسی حوكم و سیاسەت و حەلالّ و حەرام دەكەن، زۆر لەو مەلایانەی سەر بە حیزب و ڕژێمە سیكۆلاریستەو خۆسەپێنەكانن، بەلایاندا ناچن و ئایەتی وا باس دەكەن كە بە حیسابی وان، زیانی بۆ پەزەكانی وان نەبێ !! ﴿وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُوا أَنتُمْ وَلَا آبَاؤُكُمْ﴾، وە ئێوە ئەوەی كە نە خۆتان و نە باب و باپیرانتان نەتاندەزانی، فێری كران ، بەهۆی كتێبەكانی خواوە، چ كتێبەكەی مووسا كە تەوراتە، وە چ كتێبەكانی دیكە، كە خوا بۆ پێغەمبەرانی دیكەی ناردوون، زۆر شتیان فێركردن و بەهۆیانەوە هۆشیارو بێدار بوونەوە، زۆربەی بەها بەرزەكان لە كتێبەكانی خوا وەرگیراون، ڕاستە ڕێ و شوێنی پێغەمبەران كوژاوەتەوە، بەلاّم ڕەوشت و بەهاكان، كە لە كتێبەكانی خوادا هەبوون، هەر زیندوون و لەنێو خەلّكدا بلاوبوونەتەوە، ﴿قُلِ اللَّهُ﴾، واتە: ئەمە وەلاّمی پرسیارەكەیە، كێ ئەو كتێبەی دابەزاندوە كە مووسا هێناویەتی؟ بلّێ: خوا،

﴿ثُمَّ ذَرۡهُمۡ فِي خَوۡضِهِمۡ يَلۡعَبُونَ﴾، دوایی لێیان گەڕێ، با هەر خەریکی گەمەو یاریی بن، لەو قسەو قاڵو درۆو دەلەسەو خەیاڵانەی خۆیاندابن.

پاشان دێتە سەر باسی قورئانو دەفەرموێ: ﴿وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ مُبَارَكٞ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِ﴾، وە ئەمەش کتێبێکە ناردوومانەتە خوار، کتێبێکی بەپێزە، بەرهەمدارە، پڕ خێرە، هەرچی کتێبی ئاسمانییەو خوا ناردوویەتی، هی پێش خۆی بە ڕاستیان دەزانێ، بە ڕاستدانەری کتێبەکانی پێش خۆیەتی، هەموویان بە ڕاست دەزانێ، وەك ئەسڵەکەیان، ﴿وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ حَوۡلَهَا﴾، وە بۆئەوەی تۆ ئەی موحەممەد ﷺ! خەڵکی مەککەو دەوروبەری و هەموو دنیا بترسێنیو هۆشیار بکەیەوە، ئاگادار بکەیەوە، ﴿وَٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦ﴾، وە ئەوانەی کە بڕوایان بە ڕۆژی دوایی هەیە، ئیمانی پێ دێنن، ﴿وَهُمۡ عَلَىٰ صَلَاتِهِمۡ يُحَافِظُونَ﴾، وە لەسەر نوێژەکانیشیان پارێزگارن، پارێز لە نوێژەکانیان دەکەن، لە کاتی خۆیدا نوێژەکانیان دەکەن، بەو شێوەیەی کە خوا فەرمانی کردوە.

ئنجا خوای دادگەر سێ هەڵوێست باس دەکاتو، دوایی ڕایدەگەیەنێ کە ئەوانەی ئەو هەڵوێستانەیان هەبێ چەندە ستەمکارو خراپن !

دەفەرموێ: ﴿وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ قَالَ أُوحِيَ إِلَيَّ وَلَمۡ يُوحَ إِلَيۡهِ شَيۡءٞ وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثۡلَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ کێ ستەمکارترە لە کەسێك کە درۆ بەناوی خواوە دەکات، واتە: هاوەڵ بۆ خوا دادەنێ بە درۆ؟ یان دەڵێ: وەحییم بۆ هاتوە، هیچیشی بۆ نەهاتوە، وە لە کەسێك کە دەڵێ: وێنەی ئەوە کە خوا دایبەزاندوە منیش دادەبەزێنم، کێ لەو جۆرە کەسانە ستەمکارترە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: هیچ کەس !

ئنجـــا دەفـــەرموێ: ﴿ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى غَمَرَٰتِ ٱلْمَوْتِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓا۟ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ ﴾، وە ئەگەر تۆ ببینی کاتێك کە ستەمکاران لــە ســەختییەکانی مــەرگ دان، لــە کـــاتی گیانـــەڵادان، فریشـــتەکانیش دەســتیان بــۆ درێـژکـردوون، دەڵێن: ئەو ڕووحانەتـان دەربێـنن (تاکو بیانبـەیـن بـۆ شــوێنی ســزا)، ﴿ ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ ﴾، ئەمڕۆ سـزای ڕیسـوایی دەچێـژن، چونکـە خۆیـان زۆر پــێ زل بــووە، لــە بەرانبــەر وەحــی پێغەمبەرانـدا، ئێســتا دەبــێ سـزای ڕیسـوایی‌و زەبوونــیی بچێــژن (الجَـزَاءُ مِـنْ جِنْسِ العَمَـل)، سـزا بەگوێــرەی شــێوی کردەوەیــە ﴿ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ ءَايَٰتِهِۦ تَسْتَكْبِرُونَ ﴾، لەبـەرئــەوەی کە ئێوە قسـەی ناهەقتـان بە ناوی خـواوە دەگـوت، وە لە بەرانبـەر ئایەتـەکانی خـوادا خۆتـان بـە زل دەگـرت.

لــە کۆتاییــدا دەفـەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَٰدَىٰ كَمَا خَلَقْنَٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ ﴾، ئێـوە تاك تـاك هاتنـەوە بۆ لامـان، وەك یەکەم جار دروستمان کردبوون، هـەر کـەس بـە تەنیـا دروست کراوەو بەتەنیـاش دەگەڕێتـەوە لای خـوا، خۆ خزم‌و گەل‌و عەشیرەت‌و حیزبـی لەگەڵـدا نیـە ! ﴿ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَٰكُمْ وَرَآءَ ظُهُورِكُمْ ﴾، وە هـەرچی پێمـاندابوون، لـە پشـــت خۆتـان بەجێتـانهێشـــت، هــەمووی بەجێهێڵــرا لــە دنیـا، ﴿ وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ ﴾، وە ئــەو تکاکـــارانەی کــە پێتانـــوابوو هاوبەشــی خــوان‌و دەتانپەرســتن‌و بەندایــەتییتان بــۆ دەکــردن، لەگـەڵـتاندا نایابینـــین، کەسـتان لەگـەڵدا نابینـین، ﴿ لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴾، وە ئــەوەی کـە گومانتـان دەبـردو پێتـانــوابوو شــەفاعــەتکـارن‌و هاوبەشـن، هــەموویان ونـبوون، لەبـەرچاوتـان نەمـان.

واتـە: خۆتـان‌و کردەوەو قسـە خراپـەکانتـان ماونـەوەو، وەك گۆشـــتی ســەرچەپەڕێ کەوتوونـە گـۆڕێ !

چەند مەسەلەیەكی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: كە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ إِذْ قَالُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِّن شَىْءٍ ﴾، واتە: وەك بۆ خوا شایستەیە ڕێزیان لە خوا نەگرتووەو خوایان بە گەورە نەگرتوە، یان وەك شایستەیە خوایان نەناسیوە، لە سۆنگەی ئەوەوە كە گوتیان: ﴿ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِّن شَىْءٍ ﴾، خوا هیچ شتێكی دانەبەزاندۆتە سەر هیچ بەشەرێك، خوا وەحیو كتێبو بەرنامەی بۆ هیچ پێغەمبەرێك نەناردوە.

كێ قەدری خوا ناگرێ ؟!

خوای كاربەجێ لە سێ شوێنان لە قورئان دا تەعبیری ﴿ وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ﴾ دووبارە كردۆتەوە:

١/ لێرەدا كە باسی دابەزاندنی پەیامو بەرنامەی خوای پەروەردگار دەكات: ﴿ وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ إِذْ قَالُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِّن شَىْءٍ... ﴾.

٢/ لە سوورەتی (الحج)دا، كە باسی خوا بە یەكگرتنو تەنیا خواپەرستن دەكات، وەك دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخْلُقُوا۟ ذُبَابًا وَلَوِ ٱجْتَمَعُوا۟ لَهُۥ ۖ وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ ﴿٧٣﴾ مَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴿٧٤﴾ ﴾، لەم دوو ئایەتەدا خوای بالادەست دەفەرموێ: ئەی خەڵكینە! وێنەیەك هێنرایەوە، گوێی بۆ بگرن، ئەو شتانەی

کە لە جیاتی خوا دەیانپەرستن، ئەگەر هەموویان کۆببنەوە ناتوانن مێشێك دروست بکەن، وە ئەگەر مێشیش (مێشە ڕەشە) شتێکیان لێ بستێنێ، ناتوانن لێی بستێننەوە، بەدواداچوو (طالب)، وە ئەوەش کە بەدوای کەوتوون (مطلوب) هەردووکیان بێهێزن.

ئنجا ئەوە ئیعجازێکی زانستیی تێدایە، چونکە: مێشە ڕەشە بەسەر هەر شتێکەوە بنیشێ، لە ماوەی کەمتر لە چرکەیەکدا بەهۆی زاریەوە، ئەو ماددەیە دەگۆڕێ بۆ حاڵەتێکی دی، بۆیە ئەگەر هەموو دنیا کۆببنەوە، تازە ناتوانن ئەو شتەی لێ بستێننەوە.

وە لە ئایەتی دووەم دا دەفەرموێ: ﴿ مَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴿٧٤﴾ ﴾الحج، واتە: وەك بۆ خوا شایستەیە ڕێزیان نەگرتوە، خوایان بە گەورە نەگرتوە، بێگومان خوا بەهێزی زاڵە.

٣/ وە لە سوورەتی (الزمر)دا، کە باسی ڕۆژی دوایی و لێپرسینەوە لە بەندەکانی دەکات و دەفەرموێ: ﴿ وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَٱلسَّمَـٰوَٰتُ مَطْوِيَّـٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ ۚ سُبْحَـٰنَهُۥ وَتَعَـٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾، واتە: وەك بۆ خوا شایستەیە ڕێزی خوایان نەگرتوە، لە ڕۆژی قیامەتدا خوا زەوی لە مست دەگرێ، وە ئاسمانەکانیش هەموو دەپێچێتەوە، لە دەستی ڕاستیدا، پاکیی و بەرزیی بۆ خوا، لەو هاوبەشانەی بۆی بڕیار دەدەن.

زۆربەی زانایان لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێن: ئەوە پێشاندانی دەستەڵات و باڵادەستیی خوایە، کە وەك چۆن یەکێك لە ئێوە تۆپێك، شتێك بە دەستەوە دەگرێ، وە تۆمارێك لە بن هەنگڵی دەگرێ و دەیپێچێتەوە، خوای پەروەردگاریش ئاوا دەتوانێ زەوی لە چەنگ بگرێ، بە دەستەڵاتی بێ وێنەی خۆی، وە دەشتوانێ ئاسمانەکان بپێچێتەوە، وەك چۆن یەکێك لە ئێوە تۆمارێك دەپێچێتەوەو لە بن هەنگڵی ڕاستی دەنێ، لێرەدا ئەو تەعبیرە تەعبیرێکی ڕەمزییە بۆ پێشاندانی دەستەڵاتی خوا.

دەشگونجێ بڵێی: خوای پەروەردگار لە چەنگ گرتن (قبضة)ی هەیەو ئاسمانەکانیش لە دەستی ڕاستی دا دەپێچێتەوە، وەك بۆ خوا شایستەیە، هەردووکیان هەر یەك سەرەنجامیان هەیە.

کەواتە: تەعبیری : ﴿ مَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ﴾، وەك بۆ خوا شایستەیە ڕێزیان نەگرتوەو بە گەورەو مەزنیان نەگرتوە، لە سێ شوێنان دا هاتوە، دەربارەی سێ بابەتی سەرەکیی:

١) لە سووڕەتی (الحج)دا دەربارەی خوا بەیەکگرتن.

٢) لە سووڕەتی (الأنعام) دا دەربارەی پێغەمبەرایەتیی و وەحیی و پەیامی خوا.

٣) لە سووڕەتی (الزمر) دا دەربارەی قیامەتو زیندووبوونەوەو لێپرسینەوە.

کەواتە: هەر کەسێك نکووڵیی بکات لە یەکێك لەو سێ ڕاستییە، ئەوە وەك پێویست خوای تاكو تەنیای نەناسیوەو ڕێزی لێ نەگرتوەو، بە گەورەی نەگرتوە، چونکە خوای بێ وێنە، خاوەنی ئەم بوونەوەرەیە، مادام وایە:

١/ دەبێ هەر ئەو بپەرسترێو بەندایەتیی بۆ بکرێ، ئنجا وەك پێویست ڕێزی لێ گیراوەو، وەك بۆ ئەو شایستەیە بە گەورە گیراوەو ناسراوەو بەندایەتیی بۆ کراوە.

٢/ پاشان دەبێ بروامان وابێ کە: هەرگیز خوای کاربەجێو دادگەر، مرۆڤەکان کە بەندەی خۆیینی، لەسەر زەوی وێڵیان ناکات، بەڵکو پەیامو بەرنامەیان بۆ دەنێرێ، بە پێغەمبەراندا بۆئەوەی بزانن: چۆن بژینو حەلاڵو حەرام چییەو، چاکەو خراپە کامەیە.

٣/ ئنجا قەناعەتیشمان وابێ خوای خاوەن پاداشتو سزا: مرۆڤەکان دوای مراندنیان زیندوویان دەکاتەوەو پشتگوێیان ناخات، بەڵکو لێیان دەپێچێتەوەو لێیان دەپرسێتەوە، تاکو پاداشتو سزایان بداتەوە، بەپێی ئەو چاکەو خراپانەی کە کردوویانن.

وشەی (قَدْر وقَدَر)ش لە زمانی عەرەبییدا، بە مانای ئەندازە دێن، دەگوترێ: (قَدْرُ الشَّيءِ وَقَدَرُهُ ومِقْدَارُهُ) واتە: ئەندازەی ئەو شتە، بەڵام خوای پەروەردگار

ئەندازەیەکی دیارییکراوی نیە، وەك دەفەرموێ: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۝١١﴾ الشورى، واتە: هیچ شتێك وەك خوا نیە، ئەدی مەبەست چیە؟ واتە: وەك بۆ خوا شایستەیە: نەیانناسیوە، ڕێزیان نەگرتووە، بە گەورەیان نەگرتوە، شكۆو پایەبەرزیی خوایان نەزانیوە، بۆیە زانایان ئاوایان تەعبیر كردۆتەوە: (وَمَا عَرَفُوهُ حَقَّ مَعْرِفَتِهِ، وَمَا عَظَمُوا اللهَ حَقَّ عَظَمَتِهِ، وَمَا أَجَلُّوهُ حَقَّ إِجْلالِهِ).

مەسەلەی دووەم: كە خوا دەفەرموێ: ﴿قُلْ مَنْ أَنزَلَ ٱلْكِتَـٰبَ ٱلَّذِى جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ﴾، بە پێی هۆی هاتنە خوارەوەكەی كە باسمان كرد: جوولەكەكان هاتنە لای پێغەمبەری خوا ﷺ، گوتیان: ئەی موحەممەد! خوا كتێبی بۆ تۆ ناردۆتە خوارێ؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەوانیش گوتیان: سوێند بە خوا، خوا هیچ كتێبێكی لە ئاسمانەوە نەناردۆتە خوارێ، نە بۆ مووساو نە بۆ عیساو نە بۆ هیچ كەس، جا لە هەندێ لە بەسەرهاتەكاندا هاتوە، كە دوایی ئەوەی ئەو زانایەی جوولەكەكە ئاوای بە پێغەمبەری خوا ﷺ گوتوە، زانایەكانی دیكەی جوولەكە گوتوویانە: تۆ ئەوە چیت گوت؟! ئێمە هەر نكوولیی دەكەین لەو كتێبەی كە بۆ موحەممەد هاتوە، ئەدی ئێمە قەناعەتمان وانیە خوا كتێبی بۆ مووسا ناردوە، گوتوویەتی: ڕاستە، بەڵام لەو كاتەدا ئەوەندە ڕقم هەڵسا بوو، مووساشم لەبیر نەمابوو، بۆیە نكوولییم لەویش كرد.

دیارە لێرەدا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: لێیان بپرسەو بڵێ: ئەدی ئەگەر خوا هیچ كتێبێكی نەناردبێ بۆ بەشەر، وە ئێوە كە خۆتان بە شوێنكەوتەی مووسا دەزانن: ﴿مَنْ أَنزَلَ ٱلْكِتَـٰبَ ٱلَّذِى جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ﴾، كێ ئەو كتێبەی بۆ مووسا دابەزاندوە، كە مووسا هێناویەتی، كە ڕووناكیی و ڕێنمایی بوو بۆ خەڵكی، ئەمە ئەگەر ڕووی دواندن (خطاب) لە جوولەكەكان بێ.

بەڵام (الطبري) لە تەفسیرەكەی (جامع البیان)دا[1] دەڵێ: ڕووی دواندن لە

---

١) ج٧، ص: ٢٨٢ .

هاوبەش بۆ خوادانەرەکانە، منیش ڕای (طبري)م پێ ڕاستترە، چونکە ئەم سوورەتە وتوێژەکانی هەموویان لەگەڵ هاوبەشدانەرەکانن‌و جارێ جوولەکە نەهاتوونە پێش تاکو خوای پەروەردگار ڕووی دواندن (خطاب) لەوان بکات، بەڵام زۆربەی توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: نەخێر لێرەدا ڕووی دواندن (خطاب) لە جوولەکەکانە.

پێموایە ئەوان بۆیە ئیشکالیان بۆ دروست بووە، گوتوویانە: شتێکی مەنتیقیی نیە، خوا بە هاوبەشدانەرو بتپەرستەکان بڵێ‌و ئیلزامیان بکات کە ئیمان بە قورئان بێنن، وەك چۆن ئیمانیان بەو کتێبە هەیە کە بۆ مووسا هاتوە، کە تەوراتە.

بەڵام لەڕاستییدا ئەو مەسەلەیە یەکێ لەسەر ئەوە نەکەوتووە کە دوێنراوەکان جوولەکەبن، ئەوجار بڕوایان بەو کتێبە بێ، کە بۆ مووسا نێردراوە، چونکە بتپەرستەکانی مەککەش دەیانزانی کە پێغەمبەرێك هاتووە ناوی مووسا بووە، وە پێغەمبەرێك بە ناوی ئیبراهیم هاتووە کتێبی هەبووە، وە پێغەمبەرانی دیکەش هاتوون، بەڵام ئینکارییان دەکرد کە موحەممەد ﷺ پێغەمبەر بێ، هەر بۆیەش دەیانگوت: ئەگەر ڕاست دەکەی تۆش پێغەمبەری خوای، موعجیزەو بەڵگەیەك بێنە، وەك ئەوەی بۆ پێغەمبەرانی پێشوو هاتوە.

کەواتە: هاوبەش بۆ خوادانەرەکان، بڕوایان بەوە هەبوو کە خوا ژمارەیەك لە پێغەمبەرانی ناردوون، وە کتێبیشی بۆ ناردوونە خوار، بۆیە شتێکی ئاساییە کە خوا بفەرموێ: ئەو بتپەرستو هاوبەش بۆ خوادانەرانە، وەك بۆ خوا شایستەیە ڕێزی خوایان نەگرت، کە گوتیان: هیچ کتێبێکی دانەبەزاندۆتە سەر هیچ بەشەرێك، بۆیە بە نکوڵیی لێکردنەوە، پێیان بڵێ: ئەدی کێ ئەو کتێبەی دابەزاندۆتە سەر مووسا، کە مووسا هێنای‌و ڕووناکیی‌و ڕێنمایی بوو بۆ خەڵك، واتە: دیارە شتێکی باو بووەو، هاوبەش بۆ خوادانەرەکانیش قەناعەتیان بەوە هەبووە، کە کتێبێك لە خواوە هاتوە بۆ مووسا، وە با ئەوانە نەشبووبنە جوولەکە، بەڵام بەگشتی زانیویانە کە پێغەمبەرێك هەبووە، بەناوی مووساو کتێبیشی بۆ هاتوە، بەناوی تەورات، وە گەلی جوولەکەش هەن، هەروەها کە خەڵکێکی دیکە هەیە بەناوی نەصرانیی پێغەمبەرێکیان هەبووە بەناوی عیساو، کتێبێکیان هەبووە بەناوی ئینجیل، هەروەها پێغەمبەرانی دیکەش بەگشتی.

یانی: دیارە جۆرێك لە بڕوا هەبوونو قەناعەت پێبوون لەنێو هاوبەش بۆ خوادانەرەکاندا هەبووە، ئەوەش بایی ئەوەندە دەکات، کە خوای پەروەردگار پێیان بفەرموێ: وەك چۆن ئیمانتان بەو کتێبە هەیە، کە بۆ مووسا هاتووەو خوا بۆی دابەزاندوە، ئیمانیش بێنن بەو کتێبەی کە بۆ موحەممەد ﷺ هاتوە.

پاشان دەفەرموێ: ﴿ تَجۡعَلُونَهُۥ قَرَاطِيسَ ﴾، واتە: ئەو کتێبەی مووسا دەکەنە بەش بەش، کە لە ئەسلدا (قُرطاس)و (قِرطاس) بە هەر شتێك دەگوترێ: لەسەری بنووسرێ، جا کاغەز بێ، پێستی ئاژەڵ بێ، وەك پێستی حوشترو ئاسك، یان گەڵای دارخورما بێ، یان بەردی تەنك بێ.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ تَجۡعَلُونَهُۥ قَرَاطِيسَ ﴾، واتە: ئێوە ئەو کتێبەی مووساتان بەش بەشو پەڕ پەڕ دەکرد، لێرەدا دەگونجێ ڕووی دواندن لە جوولەکەکان بێ کە ئێوە تەوڕاتتان بەش بەش دەکرد، وە دەشگونجێ دیسان ڕووی دواندن لە کافرو بتپەرستەکان بێ، واتە: ئەو کتێبەی بۆ مووسا هاتوە، ئێوەش هەندێکتان لە جوولەکەکان وەردەگرتو بەش بەشتان دەکردو، ئەوەی کە لە بەرژەوەندیی خۆتان دابوو، یان لەگەڵ بەرژەوەندییتاندا دەگونجا، لەگەڵ بیرو بۆچوونتاندا دەگونجا، ئاشکراتان دەکرد، ﴿ تُبۡدُونَهَا وَتُخۡفُونَ كَثِيرٗاۖ ﴾، هەندێکیتان دەردەخست، وە زۆریشتان پەنهان دەکرد، دیارە ئاواش خوێندراوەتەوە بە صیغەی نادیار (صیغة الغائب): (يُبْدُونَهَا وَيُخْفُونَ كَثيرَاً) واتە: ئەوان، بۆیە: دەگونجێ مەبەست پێی جوولەکەکان بێ، وە دەشگونجێ مەبەست پێی هاوبەش بۆ خوادانەرەکان بێ، کە تەوڕاتیان بەش بەش دەکردو پەڕ پەڕیان دەکرد، نەك هەمووی پێکەوە، بێنن، ئنجا کە هەندێکیان دەرخستووە، هەندێکیان پەنهان کردوە، فەلسەفەو هۆکارەکەی ئەوە بووە کە: ئەگەر هەموویان پێکەوە دەرخستبایە، ئەو کاتە دەبوو ئەو بتپەرستییە، بەنسبەت هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانەوە، یاخود ئەو بەزمو بازاڕە ناشەرعییە بەنسبەت جوولەکەکانەوە، نەمابایەو دەستیان لێ هەڵگرتبایە، بەڵام ئەو بەشەی کە لە بەرژەوەندیی خۆیان

دابووە، دەریانخستووەو، ئەوەش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا تێکگیراوە، پەنهانیان کردوە، وەك خوای پەروەردگار لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: ﴿...أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَـٰبِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ...﴿٨٥﴾﴾ ئایا بڕوا بە هەندێك لە كتێب دێنن‌و، بەرانبەر بە هەندێكیشی بێبڕوا دەبن؟!

دیارە لە نێو مسوڵمانانیش دا ئەوە هەر هەیە، بۆ وێنە لەبەر هۆیەك بێ مسوڵمانانێك كە بۆیان ناكرێ جەنگ‌و جیهاد بكەن، ڕەنگە پێیان ناخۆشبێ، ئایەتەكانی جەنگ‌و جیهاد بخوێنرێنەوە، مسوڵمانانێكی دیكە كە گیرۆدە بوونە بە جۆرێك لە شیرك‌و هاوبەش بۆ خوادانانەوە، كاتێك ئایەتەكانی خوا بەیەكگرتن (توحید)یان بە گوێ دادەدرێن، ڕەنگە پێیان قەڵس بن، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحْدَهُ ٱشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ ﴿٤٥﴾﴾الزمر، واتە: وە ئەگەر تەنیا باسی خوا بكرێ، ئەوانەی بێبڕوان (مەبەست پێی موشریكەكانە) بە دوارۆژ، دڵیان ڕێك دێ، وە ئەگەر باسی ئەوانی دیكە بكرێ، (واتە: باسی بتپەرستەكان) دڵیان خۆش دەبێ.

جا هەر كەسێك لەسەر ڕێیەكی بەتاڵ بوو، ئەو هەقەی كە لە بەرانبەر ئەو ڕێیە بەتاڵەدا هەیە، پێی قەڵسەو پێی خۆشە نەیبیستێ‌و، نەیبینێ‌و باس نەكرێ، بۆیە پێویستە ئەو هەقەی لە خواوە دێ، هەمووی وەربگیرێ، چەندت كار بۆ پێدەكرێ‌و چەندت كار بۆ پێناكرێ؟ مەسەلەیەكی دیكەیە، بەڵام دەبێ هەمووی قبووڵ بكەی‌و بە پێی قۆناغەكانی بۆ گونجان كاریان پێبكەی، گرنگ ئەوەیە هەمووی قبووڵ بێ‌و وەریبگری، وە لەڕاستییدا ئەمەش مانای مسوڵمانەتییە، چونكە (مُسلم) كەسێكە كە بۆ خوا ملكەچە: بۆ هەموو ئەوەی كە خوا فەرموویەتی، ئنجا ئێستا هەمووی بۆ جێبەجێ دەكرێ، یاخود هەندێكی بۆ جێبەجێ دەكرێ، ئەوە شتێكی دیكەیە، چونكە هاوەڵانی بەرێزیش خوا لێیان ڕازی بێ، لە هەموو قۆناغەكاندا نەیانتوانیوە بە هەموو ئیسلامەوە پابەند بن‌و، هەموو فەرمان‌و قەدەغەكانیان لە یەك كاتدا بۆ

جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو هەر شتە لە قۆناغی خۆیداو لە کاتی خۆیدا، بەلام ملکەچ بوون بۆ هەمووی، وە بەرانبەر بە هیچ کام لە یاساکانی شەریعەت، هەستیارییان نەبووە.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَعُلِّمۡتُم مَّا لَمۡ تَعۡلَمُوٓاْ أَنتُمۡ وَلَآ ءَابَآؤُكُمۡ ﴾، وە فێرکران ئەوەی کە نە ئێوەو نە باب و باپیرانتان نەتاندەزانی، واتە: بەهۆی ناردنی تەوراتەوە، کە بۆ مووسا هاتوە، ئێوە ئەی هاوبەش بۆ خوادانەرەکان و کافرەکان، هەم ئەوانی مەککەو هەم ئەوانی ئێستاش! وە لە ڕاستییدا تەورات زۆر شتی فێری خەڵك کردوە، ئێستاش لەگەڵ دابێ.

وە بۆ زانیارییتان: ئەوەی پێی دەگوترێ: پەیمانی کۆن (العهد القديم) تەنیا تەورات نیە، بەڵکو چەند کتێبێکەو زۆر لە تەورات زیاترە، تەورات یەکێکە لە کتێبەکان، هەروەك چۆن ئینجیلەکانیش کە لە ئەسڵدا خوا ئینجیلێکی بۆ عیسا ناردوە، بەلام نەصرانییەکان کردوویانە بە چوار، ئەو چوارەشیان لەنێو حەفتا ئینجیلی دیکەدا هەڵبژاردوون، بەڵێ: هەر چوار ئینجیلەکانی (متى، لوقا، مرقس، يوحنا) بەشێکن لەوەی کە پێی دەگوترێ: پەیمانی نوێ (العهد الجديد)، کە ئەویش کۆمەڵێك کتێبی دیکەشی تێدان.

ئنجا ئەگەر ڕووی دواندن لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بێ، کە ئێمە ئەو ڕایەمان هەڵبژارد، واتە: ئێوە بەهۆی تەوراتەوە کە خوا ناردوویەتە خوارو، لەنێو جوولەکەکاندا هەبووەو ئێوەش پێتانگەیشتوە، بۆ وێنە: ئێمە وەك مسوڵمان دەگونجێ بەهۆی ئەو کتێبانەوە کە لەلای جوولەکەکانن، بەڵێ ناهەقیشیان لەگەڵ تێکەڵ کراوە، یان ئەو کتێبانەی لەلای نەصرانییەکانن، یان ئەو کتێبانەی لەلای صابیئەکانن، یان ئەو کتێبانەی لەلای مەجووسەکانن، یان ئەو کتێبانەی لەلای هیندەکانن، یان ئەو گوتانەی بووذاو کۆنفۆشیۆس گوتوویانن، دەتوانین زۆر شتی باشیان لێوەربگرین، کە دیارە هەرچی شتی باشەو لەو کتێبانەدا هەیە، لە قورئان دا بە شێوەی زۆر باشتر هەیە، وە دیارە ئەو ناهەقەی کە لەگەڵ واندا تێکەڵ کراوە، لە قورئاندا نیە، کەواتە: کە

دەفەرمویّ: ﴿ وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُوٓاْ أَنتُمْ وَلَآ ءَابَآؤُكُمْ ﴾، دەگونجیّ مەبەست پێی هاوبەش بۆ خوادانەرەکانو کافرەکان بیّ، کە زۆر شتیان لە خاوەن کتێبەکان وەرگرتوە، بەتایبەت لە تەورات، وە دەشگونجیّ هەر مەبەست پێی جوولەکەکان بیّ، لەسەر ڕای دووەم، واتە: ئێوە بەهۆی تەوراتەوە، زۆر شت فێربوون، کە خۆتانو بابو باپیرانتان نەتاندەزانی.

ئنجا کە دەفەرمویّ: ﴿ قُلِ ٱللَّهُۖ ثُمَّ ذَرۡهُمۡ فِي خَوۡضِهِمۡ يَلۡعَبُونَ ﴾، بڵێ: خوا (ئەو کتێبەی دابەزاندوە)، دوایی وازیان لێبێنە لە بیرۆکەی پووچی خۆیاندا، لە خەیاڵەکانی خۆیاندا، با گەمەو یاریی بکەن، واتە: وەك چۆن منداڵ خانووچکە دروست دەکەن، ئەوانیش ئەو فیکرەو بۆچوونە پووچانەی کە لەسەرینی، شتێکی بەتاڵو پووچە، وەك خانووچکەو یارییو گەمەی منداڵان، لێیانگەڕێو بەجێیان بهێڵە، بەس وەڵامیان بدەوەو بڵێ: خوا ئەو کتێبەی ناردوە، خوایەك کە تەوراتی بۆ مووساو ئینجیلی بۆ عیسا ناردوە، دەشتوانیّ قورئانیش بۆ موحەممەد ﷺ بنێریّ، وە ئێوە مادام بڕواتان بەوە هەیە کە خوا تەوراتی بۆ مووسا ناردوە، دەبیّ ئەو بڕوایەتان واتان لێبکات کە پێتان سەیر نەبیّ، خوا قورئانیش بۆ موحەممەد ﷺ بنێریّ.

مەسەلەی سێیەم: خوای پەروەردگار پێناسەی قورئان دەکاتو دەفەرمویّ:
﴿ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ مُبَارَكٞ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ حَوۡلَهَاۚ وَٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۖ وَهُمۡ عَلَىٰ صَلَاتِهِمۡ يُحَافِظُونَ ﴾، وە ئەمە (واتە: ئەم قورئانە) کتێبێکە ناردوومانەتە خوار، واتە: وەك چۆن پێشتر تەوراتمان بۆ مووساو، زەبوورمان بۆ داوودو، ئینجیلمان بۆ عیساو، کتێبەکانی دیکەمان بۆ پێغەمبەرانی دیکە ناردون، بە هەمان شێوە ئەمەش کتێبێکە بۆ موحەممەدمان ﷺ ناردوە.

پێناسەی قورئان بە چوار سیفەت

سیفەتی یەکەم : دەفەرموێ: ﴿ مُبَارَكٌ ﴾، واتە: بە پیتو بە فەڕو بەپێزو بەرهەمدار، نەك بە مانای پیرۆزو موقەددەس و موتفەڕك بێ، یانی: هەر کەس شوێنی قورئان بکەوێو بڕوای پێ بێنێ، دەوڵەمەندی دەکات، بێنیازی دەکات، بەرهەمی زۆری بەدەستەوە دەدات، ژیانی پڕ دەکات لە خێرو بێرو بەرەکەت.

لێرەدا دەمەوێ تۆزێك ئەو مەسەلەیەتان بۆ ڕوون بکەمەوە:

هەندێ لە خەڵکی سادە، هەندێ ڕەفتار دەکەن، کە لە ڕووی شەرعەوە، هیچ بنچینەیەکی نیە، بۆ وێنە: پەڕۆیەك، خواردنێك، شیرنەمەنییەك، لەسەر گۆڕو مەزارگەی پیاوچاکێك دێننەوە، دەڵێن: ئەمە موتفەڕەکە، پیرۆزە، موقەددەسە، یان دەڵێن: ئەو پەڕۆیەی کە لە قورئان دەئاڵێنرێو قورئانی تێوە دەپێچرێ، ئەوە موبارەکە، کە واش نیە، وەك جوولەکەو نەصرانییەکانیش کتێبەکانی خۆیان تەقدیس دەکەن، بەڵام ئێمە ناڵێین: قورئان موقەددەسە، چونکە بۆ زانیارییتان موقەددەس جیایە لە موبارەك، موبارەك یانی: (کثیر الخیر)[1] خێری زۆر تێدایە، بەرهەمدارە، وە بەرەکەتەکەشی دەستی کەسێك دەکەوێ، کە لێی ورد دەبێتەوەو کاری پێدەکات، نەك لەسەر ڕەفەیەکی بەرزی دابنێو، پەڕۆو شاڵی تێوەر بپێچێ، ئەو کەسە هیچ بەهرەیەك لە قورئان وەرناگرێ.

ئنجا ئەبو حامدی غەززالیی لەوبارەوە قسەیەکی جوان دەکات، دەڵێ: کەسێك کە ئاوا مامەڵە لەگەڵ قورئان دا دەکات (واتە: لە پەڕۆیەك دا دەیپێچێو لەسەر ڕەفەیەکی بەرز دایدەنێ) وەك ئەوە وایە: حوکمڕانێك نامەیەکی پڕ لە ئاڕاستەو زانیاریی ناردبێ بۆ خەڵك، ئەوانیش بڵێن: دەبێ

---

١) مفردات ألفاظ القرآن، ص: ١١٩، ١٢٠.

ڕێزی ئەو نامەیەی حوکمڕان بگرین، بێنن پەڕۆی تێوەرپێچن و لە شوێنێکی بەرزی دابنێن، ئنجا ماوە ماوە بچن سڵاوێکی لێبکەن و بڵێن: سڵاو لە نامەی حوکمڕان، دەبێ ڕێزی لێ بگرین! دەڵێ: دوایی ئەگەر حوکمڕان ئەوە ببیستێتەوە، زۆریشیان سزا دەداو، پێیان دەڵێ: من نامەم بۆ ناردوون تاکو ئیشی پێبکەن، کە پڕ لە ئاراستەو زانیارییە، کەچی ئێوە لە پەڕۆتان پێچاوەو لە وێتان داناوە؟! ئیمام غەززالیی دەڵێ: مسوڵمانانی ئێستاش ئاوا مامەڵە لەگەڵ قورئان دا دەکەن.

دووەم : دەفەرموێ: ﴿ مُّصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ ﴾، بە ڕاستدانەری هەرچییەکە لە پێش خۆی دابووە، چی لە پێش خۆی دابووە؟ هەموو کتێبەکانی خوا کە لە پێش قورئان هاتوون، وە هەموو پێغەمبەران، کە لە پێش موحەممەد ﷺ نێردراون، قورئان هەموویان بە ڕاست دەزانێ.

ئێمەی مسوڵمان ئیمانمان بە هەموو پێغەمبەران هەیە: ﴿ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ﴾، جیاوازیی ناخەینە نێوان هیچ کامێکیان، وە ئێمە بۆ خوا ملکەچین، کەواتە: ئەوە دینی ئێمەیە ئەی جوولەکەو نەصرانیی یەکان، ئەی خاوەن کتێبەکان! ئێمە ئیمانمان هێناوە بە خوا ﷻ وە بە هەر کتێبێك کە خوا ناردوویەتی، وە بە هەر پێغەمبەرێك کە خوا ڕەوانەی کردوە.

ئەم ئیسلامە زۆر گەورەیە: لە زیندانی ئەمریکییەکان دا، جارجار لەگەڵ ئەمریکییەکان دا وتووێژی فیکرییمان دەبوو، جا هەیانبوو جوولەکە بوو، هەیانبوو نەصرانیی بوو، دەیانگوت: ئەگەر ئێوە ببن بە جوولەکە، یان ببن بە نەصرانیی چییە، خۆ تەوراتو ئینجیلیش کتێبی خوان، چ فەرقیان هەیە لەگەڵ قورئان دا؟! ئێمە بڕوامان بە قورئان نیە، بەڵام خۆ ئێوە بڕواتان بە تەوراتو ئینجیلیش هەیە، کەواتە: ئێمە ئەگەر ئیمانیش بە قورئان بێنین، بۆمان باش نیە، چونکە ئیمانمان پێی نیە کە خوا ناردوویەتی، بەڵام ئێوە ئیمانتان بەوە هەیە کە تەوراتو ئینجیل خوا ناردوونی؟!

منیش پێمدەگوتن: ئەگەر ئێمە ببینە جوولەکە یان ببینە نەصرانیی، بەرەو دوا دەگەڕێینەوە !! دەیانگوت: چۆن؟! دەمگوت: چونکە تەوڕات سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا دابەزێنراوە، ئینجیلیش نزیکەی دوو هەزار ساڵ زیاتر لەمەو پێش دابەزێنراوە، هەرچەندە ئەو تەوڕاتو ئینجیلەی کە خوا دایبەزاندوون، غەیری تەوڕاتو ئینجیلی بەردەستی ئێوەن، ئەوەی ئێوە وەك حیکایەتی بەر ئاگردانێیە، سەد هەڵەو ئەفسانەیان تێدایەو، بە دڵنیایی ئەوەنین کە خوا ناردوونی، ئنجا ئەگەرنا ئێمە بڕوامان بە تەوڕاتو ئینجیلی ڕاستەقینەی مووساو عیسا (علیهما السلام) هەیە، بەڵام ئەگەر ئیمان بەو تەوڕاتو ئینجیلەی لەبەردەستی ئێوەدان بێنینو، ببینە شوێنکەوتووی ئەو جوولەکایەتیی‌و نەصرانییەتەی ئێوە، ئەوە ئێمە گەڕاوینەوە بۆ دواوە! بەڵام ئەگەر ئێوە ببنە مسوڵمان، بەرەو پێش دێن، دەیانگوت: چۆن؟

دەمگوت: چونکە قورئان لەدوای تەوڕاتو ئینجیلی ئێوە هاتوە، بۆیە ئێوە بەرەو پێش دەچن، پاشان کەسێك کە ئیمان بە ئیسلام دێنێ جوولەکایەتیی‌و نەصرانییەتیی خۆی لەدەست نادات، ئیمان بە تەوڕاتو ئینجیل‌و مووساو عیسا لەدەست نادات، بۆچی؟ چونکە: ئیسلام لەسەرت پێویست دەکات، کە بڕوات بە هەموو پێغەمبەران بێ‌و لەنێویان دا: مووساو عیسا (علیهما السلام) وە بڕوات بە هەموو کتێبەکانی خوا بێ، لەنێویان دا: تەوڕاتو ئینجیل، بەڵام ئێوەی جوولەکە، بڕواتان نەك بە قورئان، بەڵکو بە ئینجیل‌و عیساش نییە، وە نەصرانیی یەکانیش بڕوایان بە موحەممەد ﷺ نیە.

کەواتە: ئەگەر ئینسان مسوڵمان بێ، بڕوای بە هەموو پێغەمبەرانی خوا هەیە، وە بڕوای بە هەموو کتێبەکانی خواش هەیە، وە جیاوازییشیان ناخاتە نێوان، وە ڕێزی هەموانیش دەگرێ، وە هەر ئەوەش دینی تەواوە، جا ئەوان وەك گوتراوە: (لە هەقێ ئاو ڕادەوەستێ) تەماشای یەکدییان دەکردو دەیانگوت: قسەکەت زۆر مەنتیقییە.

بەڵێ ئێمە وەك مسوڵمان، هیچ کێشەمان لەگەڵ ئەو تەوڕاتو ئەو ئینجیلە ئەسڵییەدا نیە، کە خوا بۆ مووساو عیسای ناردوون، بەڵام:

١/ ئێستا نە تەوراتە ئەسڵییەکەو، نە ئینجیلە ئەسڵییەکە، لەبەردەست دا نەماون، چونکە گۆڕراون و دەستکاریی کراون.

٢/ ئەوان بۆ خەڵکێك نێردراون، کە لە ڕۆژگارێکی دیکەدا بوون، ئەگەرنا هەر فەرمایشتی خوان، وە سەدا سەدیش ڕاستن، بەڵام وەك گوتم ئەو تەورات و ئینجیلە بۆ قۆناغێکی دیکەی بەشەر هاتوون.

لە حاڵێك دا قورئان بۆ هەموو بەشەر هاتوە بە درێژایی زەمان، بە پانیی زەمین، بۆیە خوای کاربەجێ ڕێی نەداوە قورئان دەستکاریی بکرێ، بە پێچەوانەی کتێبەکانی دیکەوە، دەربارەی کتێبەکانی دیکە خوای پەروەردگار بە دەقی ئایەت دەفەرموێ: ﴿ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ مِنۢ بَعْدِ مَوَاضِعِهِۦ ﴿٤١﴾ ﴾ المائدة، واتە: وشەکان دوای ئەوەی خوا لە شوێنی خۆی دا دایناون، دەیانگۆڕن، وە فەرموویەتی: ﴿ وَنَسُوا۟ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ ﴿١٣﴾ ﴾ المائدة، واتە: بەشێك لەوەی پێی ئامۆژگاریی کرابوون، لەبیریان چوو، وەك دەبینین: خوا بە دەقی ئایەت دەفەرموێ: هەندێکیان گۆڕی و هەندێکیان لەبیرچوو، بەڵام بەنسبەت قورئانەوە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾ الحجر، واتە: ئێمە خۆمان قورئانمان ناردۆتە خوار "کە یەکێك لە ناوەکانی قورئان (ذکر)ە، واتە: بیرخەرەوە" وە خۆشمان پارێزەرینی.

بەڵام بەنسبەت کتێبەکانی دیکەوە ئایا پاراستنیان عایدی کێ کرابوو؟ لە سوورەتی (المائدة)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَا ٱلتَّوْرَىٰةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ ۚ يَحْكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسْلَمُوا۟ لِلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ بِمَا ٱسْتُحْفِظُوا۟ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ ﴿٤٤﴾ ﴾، واتە: ئێمە تەوراتمان ناردبووە خوار، ڕێنمایی و ڕۆشنایی تێدابوو، وە ئەو پێغەمبەرانەی کە ملکەچ بوون بۆ خوا حوکمیان پێدەکرد، وە ڕەبانییەکان و ئەحبارەکان {(ڕەببانیی): زانایەکە

مشوورخـۆرو حوکمـڕان بـێو، ئیـدارەی خەڵـك بکـات، (حیبـر)[1] یـش ئـەو زانـایەیـە کە پێشەواو شارەزا بـێ، بـەڵام حوکمـڕانو مشـوورخۆرو کـاربەدەسـت نەبـێ}، بەهۆی ئەوەوە کە پاراستنی کتێبـی خوایان پێ سـپێردرابوو.

کەواتـە: پاراسـتنی کتێبـی خـوا کـە تەوراتـە بـە کـێ سـپێردرابوو؟ بـە ڕەبانییـەکانو ئەحبـار، بـەڵام وەك گوتـم: خـوا پاراسـتنی قورئـانی تایبـەت کردوە بە خۆیـەوە، گرنـگ ئەوەیە ئەو کـتێبانەی پێشتـر خـوا ناردوونـی، هـەر یـەکـە بـۆ قۆناغێـكو کۆمەڵگایەکـی دیکـە بـوون، وەك مـن لـە هەندێ لـە کتێبەکانم دا، ئـەو نموونەیـەم هێنـاوەتـەوە، گوتوومـە:

دەرسـی قوتابخـانە کە بۆ پۆلەکانی سـەرەتایی دادەنـرێ، ئایـا ئەگـەر دوایـی بـە کەڵـکی قۆنـاغی نێـوەندییو ئامـادەییو زانکـۆ نەهـات، مانـای وایـە ئـەو زانیارییانەی لە قۆناغی سەرەتایی دا دەخوێنرێن، ناڕاسـتن؟ نـەخێر، ناڕاسـت نـین، بـەڵام بـۆ قۆنـاغی سـەرەتایین، خـوای زانـاو توانـاش ئـەو کتێبانەی کـە ناردوون، ڕاستن، بـەڵام بـۆ قۆنـاغی دیکەی ژیـانی بەشـەر بوون، بـەڵام بـۆ دوا قۆنـاغی ژیـانی بەشـەرو بـۆ قۆنـاغی کامـڵ بـوونو پێگەیشـتنی بەشـەر، خـوا قورئـانی نـاردوە.

<u>سـیفەتی سـێیـەم</u> : دەفـەرموێ: ﴿ وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ حَوۡلَهَا ﴾، وە بۆئـەوەی کـە تـۆ (أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ) دایکـی شارەکـان (شـاری مەککـە)، واتـە: خەڵکـی دایکـی شـارەکان ئاگاداربکەیـەوەو بترسـێنی، وە ئـەو خەڵکەش کـە لـە دەوری مەککەن، ئەوانیش بتـرسێنیو ئاگاداریان بکەیەوەو هۆشیاریان بکـەیەو.

واتـە: ئـەم قورئـانە هـاتوە بـۆ هـەموو بەشـەر، چونکە ئەگەر مەککە خاڵـی (٠)یـك بـێ، جێـی هـەموو جیهـان لـە دەوری دەبێتـەوە، بۆیـە (وَمَنۡ حَوۡلَهَا)

---

١) الحِبْر: بالكَسْر والفتح واحد (أَحبار) اليـهود والكَسْرُ أفْصَحُ لأنّه يُجْمَعُ على أفعالٍ دون فعول، وقال الفَرّاء: هو بالكسر، وقال أبو عُبَيْد: هو بالفتح، وقال الأصمعي: لا أدري أهو بالكسر أو بالفتح. مختار الصحاح: ح ب ر، ص ١١٧.

تێکڕای دنیا دەگرێتەوە، چونکە دنیا هەمووی لە دەوری مەککەیە: لە مەککەوە بەرەو باشوور بڕۆی، یان بەرەو باکوور بڕۆی، بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆی، یان بەرەو ڕۆژئاوا بڕۆی، هەتا بڕۆی هەر دەوری مەککەیە، بەڵام لە چەند بازنەیەکی گچکەدا، دوایی گەورەو، پاشان گەورەترو فراوانترو هەتا دوایی هەموو جیهان، دەوری مەککە دەداتەوە، کەواتە: کە خوا دەفەرمووێ: ئەو قورئانەمان ناردوە بە پیتو بە پێزو بە بەرەکەتە، وە بە ڕاستدانەری کتێبو پێغەمبەرانی پێش خۆیەتی، تاکو خەڵکی مەککەو دەوروبەری مەککەی پێ وریا بکەیەوە، خەڵکی دەوری مەککە تەنیا مەبەست پێی نیوە دوورگەی عەرەبی نیە، بەڵکو مەبەست خەڵکی هەموو دنیایە.

سیفەتی چوارەم : ئنجا پێناسەی ئەوانەمان بۆ دەکات کە ئیمان بە قورئان دێنن، دەفەرمووێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۖ وَهُمۡ عَلَىٰ صَلَاتِهِمۡ يُحَافِظُونَ ﴾، وە ئەوانەی کە ئیمانیان بە دواڕۆژە، بڕوای پێدێنن (واتە: بە قورئان)، وە پارێزەری نوێژەکەشیانن. کەواتە: ئیمان بە ڕۆژی دواییو، بەردەوامییو پارێزگاریی کردن لە نوێژ، یارمەتی ئینسان دەدات، کە ئیمانی بە قورئان دامەزراوترو پتەوتربێ، هەروەك چۆن ئیمان بە قورئانیش، وا لە ئینسان دەکات، ئیمانی بە ڕۆژی دوایی هەبێو، لەسەر نوێژەکەشی بەردەوام بێ، بەڵێ: قورئانو ئیمان هێنان بە پایەکانی دیکەی ئیمان، پەیوەندییەکی دوو سەرەی دیالێکتیکیان لە نێواندا هەیە، واتە: هەتا زیاتر ئیمانت بە قورئان هەبێ، ئیمانت بە دواڕۆژ زیاتر دەبێ، وە لەسەر نوێژەکانت پارێزگارتر دەبی، وە هەتا نوێژکەری باشتریش بیو، ئیمانیشت بە دواڕۆژ زیاتر بێ، ئیمانت بە قورئان پتەوتر دەبێ.

مەسەلەی چوارەم: کە خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ قَالَ أُوحِيَ إِلَيَّ وَلَمۡ يُوحَ إِلَيۡهِ شَيۡءٞ وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثۡلَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۗ ﴾، لێرەدا خوای کاربەجێ باسی سێ جۆرە کەسمان بۆ دەکات، یان باسی کەسێکمان بۆ

دەکـات کـە سـێ جـۆرە سـیفەتی زۆر خراپـی تێـدان، دەفـەرموێ: کـێ لـەو کەسـە سـتەمکارترە کە:

١/ درۆ بە ناوی خـواوە دەکـات.

٢/ کەسـێك کـە دەڵـێ: مـن سـرووش (وحـي)م بـۆ هـاتووە، هیـچ سرووشـیشـی بـۆ نەهاتبـێ.

٣/ کەسێك کـە دەڵـێ: منـیش وەك ئـەوەی کـە خـوا ناردوویـەتە خـوار، دەنێـرمـە خـوار !

سـێ جـۆرە کـەس کـە لـەوان سـتەمکارتر نیـە :

خـوای تـاكو پـاك لێرەدا پرسـیار دەکـاتو دەفـەرموێ: کـێ لـەو سـێ جـۆرە کەسـە سـتەمکارترە، وەڵامەکـەی ئەوەیـە: هیـچ کـەس، لـە زمـانی عـەرەبیی دا ئـەو جـۆرە پرسـیارکردنـە، پێی دەگوتـرێ: پرسیارێکی نکووڵـیی لێکـەرانە (الإِسْتِفْهَام الإِنْكَارِي) کە مەبەست ئەوە نیـە، وەڵامەکـەی وەربگرێـەوە، بەڵکو وەڵامەکەی لەنێو خۆیدایە، بۆ وێنـە: کەسـێك ئـاوی لەبـەردەم بـێو، بڵـێ: ئەمە ئاو نیـە؟ دەبـێ تـۆ بڵێـی: بـا، کەواتە: لە تەرازووی خـوادا هیـچ کەس لەو سێ جۆرە کەسە سـتەمکارتر نیـە.

<u>جـۆری یەکـەم</u>: کەسێك کە درۆ بـە نـاوی خـواوە دەکات، واتـە: هاوبـەش بـۆ خـوا پەیدا دەکاتو دەڵـێ: خـوا هاوبەشی هەیـە، لـەوەدا کە بەندایەتیـی بـۆ بکـرێ، یـان لـە نـاوو سـیفەتەکـانی دا، یـان لـە بەدیهێنـەرایەتیـیو لـە پەروەردگارێتیـی دا، بۆیـە خـوا دەفـەرموێ:

﴿ قُلْ أَرُونِيَ ٱلَّذِينَ أَلْحَقْتُم بِهِۦ شُرَكَآءَ ﴿٢٧﴾ ﴾سـبأ، واتـە: بلـێ ئـەو شـتانەم پێشـان بدەن، کە لکاندووتـانـن بە خـواوە، وەك هـاوبەش.

وە دەفـەرموێ: ﴿ هَٰذَا خَلْقُ ٱللَّهِ فَأَرُونِى مَاذَا خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ﴿١١﴾ ﴾لقمـان، واتـە: ئەمـە دروسـتکراوی خـوایە، پێشـانم بـدەن ئـەوانی دیکـەی جیا لـە خـوا، چییان دروسـت کـردوە؟ هیـچ کـەس هیـچی دروسـتکردوە؟ دەنکە

گەنمێك، دەنكە لمێك، پەڕە مریشكێك، دڵۆپە بارانێك؟ بێگومان نەخێر، خوا بەدیهێنەری هەموو شتێكە، ئنجا مادام تەنیا خوا بەدیهێنەرە، وە تەنیا خوا پەروەردگارەو خاوەنە، دەبێ هەر ئەویش بپەرسترێ.

كەواتە: كەسێك هاوبەش بۆ خوا دابنێ، درۆی كردووەو درۆو بوختانی بۆ خوا هەڵبەستوە، كە گوتوویەتی: خوا هاوبەشی هەیە، لە حاڵێك دا كە خوا هیچ هاوبەشی نین‌و بێ وێنەو هاوەڵ‌و هاوتایە.

<u>جۆری دووەم :</u> كەسێك كە دەڵێ: سرووشم بۆ كراوەو سرووشیشی بۆ نەكراوە:

﴿أَوْ قَالَ أُوحِىَ إِلَىَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَىْءٌ﴾.

چەمك و واتای وشەی (وحي):

١/ سرووش (وحي): واتە: فەرمایشتی پەنهان، بەڵێ لە ئەسڵدا وشەی (وَحِي) لە زمانی عەرەبییدا واتە: (الصَّوْتُ الخَفِي، أو الكَلَامُ الخَفِي) [1]، واتە: دەنگێكی كپ، یان قسەیەكی پەنهان.

٢/ هەروەها بە وەسوەسەی شەیتانەكانیش دەگوترێ: (وَحِي)، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ يُوحِى بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ ٱلْقَوْلِ غُرُورًا ﴿١١٢﴾﴾ الأنعام، واتە: شەیتانەكانی ئینس‌و جند، قسەی ڕازاوەی فریودەر بۆ یەكدی سرووش دەكەن، وەك دەبینین: خوا قسەی ڕازاوەو فریودەری ناوناوە وەحی، چونكە قسەیەكی پەنهانە.

٣/ هەروەها بە ئاماژەكردن (إشارة)یش دەگوترێ: (وَحِي) وەك خوا باسی پێغەمبەر زەكەریا دەكات، دوای ئەوە موژدەی بوونی منداڵی پێدراوەو دەفەرموێ: ﴿فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ مِنَ ٱلْمِحْرَابِ فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ أَن سَبِّحُوا۟ بُكْرَةً

---

١) مختار الصحاح، ص: ٦١٢، (الوحي: الكتاب.. وهو أيضاً الإشارة والرسالة والكتابة والإلهام والكلام الخفي وكل ما ألقيته الى غيرك).

وَعَشِيًّا ﴿١١﴾ مريم، واتە: لە میحرابەکەی چووە دەرێو بەرانبەر بە گەلەکەیو ئاماژەی بۆ کردن، واتە: لەجیاتی ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکات، بە دەست ئاماژەی بۆ کردنو گوتی: قسەم بۆ ناکرێ.

٤/ هەروەها (وَحِي) بەو ئیلهامەش دەگوترێ، کە خوا دەیخاتە دڵی بەندە چاکەکانیەوە، وەك دەربارەی دایکی مووسا دەفەرموێ: ﴿ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ ﴿٧﴾ ﴾ القصص، واتە: وەحییمان کرد بۆ دایکی مووسا، واتە: ئیلهامامان خستە دڵییەوە.

٥/ بەڵکو تەنانەت وشەی وەحی بۆ ئەو فێرکردنە غەریزەییەش بەکاردێ، کە خوا فێری زیندەوەرانی دەکات، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَأَوۡحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحۡلِ أَنِ ٱتَّخِذِي مِنَ ٱلۡجِبَالِ بُيُوتٗا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعۡرِشُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾ النحل، واتە: خوا وەحی نارد بۆ هەنگ، دیارە وەحی بەو مانایە نا کە بۆ پێغەمبەران دێ، بەڵکو یانی: هەنگی فێر کرد بە شێوەیەکی پەنهان.

کەواتە: ئەسڵی وشەی وەحی بە مانای قسەکردنێکی پەنهان، یان فێرکردنێکی پەنهان، دێ.

ئنجا کە خوا دەفەرموێ، هیچ کەس لەو کەسە ستەمکارتر نیە، بڵێ: وەحییم بۆ هاتووە، وەحیشی بۆ نەهاتبێ، لێرەدا مەبەست لە وشەی وەحی ئەو مانایەیە کە بۆ پێغەمبەران بەکارهاتوە، ئەگەرنا ئەگەر کەسێك بڵێ: وەحییم بۆ هاتوە، واتە: شەیتان وەسوەسەی بۆ کردووم، ڕاست دەکات ! شەیتان وەسوەسەی بۆ موسەیلەمەی درۆزن (مسيلمة الكذاب)یش کردوە، بەڵام ئێمە بەپێی سیاقەکە دەزانین مەبەست لە وەحی لێرەدا، ئەو پەیامە تایبەتەیە، کە خوا بە جبریلدا بۆ پێغەمبەرانی دەنێرێ، خوای بەرز نکوولیی لەوە دەکات، ئەگەرنا بۆخۆی دەفەرموێ: ﴿ شَيَٰطِينَ ٱلۡإِنسِ وَٱلۡجِنِّ يُوحِي بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ ﴿١١٢﴾ ﴾ الأنعام، واتە: شەیتانەکانی ئینسو جند وەحی بۆ یەکدی دەکەن.

جۆری سێیەم: کەسێك کە دەڵێ: منیش وەحیی‌و پەیامێك وەك ئەوەی خوا دایبەزاندوە، دادەبەزێنم: ﴿وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثْلَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾، یانی: ئەو کەسە ناڵێ: وەحییم بۆ دێ، بەڵکو دەڵێ: من بۆخۆم لەمەودوا وەحی دادەبەزێنم، وەك ئەوەی خوا دایبەزاندوە، منیش کتێبێك دادەنێم، وەك ئەوەی خوا ناردوویەتی، کەچی درۆش دەکات، شتی وای لەدەست نایەت.

خوای زاناو شارەزا دەفەرموێ: هیچ کەس لەو سێ کەسانە ستەمکارتر نیە، یان هیچ کەس لەو کەسە ستەمکارتر نیە کە ئەو سێ سیفەتە خراپەی تێدان.

منیش دەڵێم: بەشەر ئەگەر دایە گێلیی‌و نەفامیی زۆر سەیرە، بەسەرهاتێك هەیە لێرەدا پێم باشە ئاماژەی پێ بکەم.

دیارە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: ﴿لا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يُبْعَثَ دَجَّالُونَ كَذَّابُونَ قَرِيبٌ مِنْ ثَلاثِينَ، كُلُّهُمْ يَزْعُمُ أَنَّهُ رَسُولُ اللهِ﴾(١)، واتە: ڕۆژی دوایی نایەت، هەتا نزیکەی سی دەجالی درۆزن دەنێردرێن، هەر هەموویان پێیان وایە پێغەمبەرن!

لە سەردەمی (هارون الرشید) یان (مأمون)دا کابرایەکی درۆزن داوای پێغەمبەرایەتیی کردوە، گرتوویانەو هێنایان کردووەو پێیان گوتوە: تۆبە بکەو، پەشیمان بەوە، چونکە لەدوای پێغەمبەری خاتەم، وەحی نەماوە، گوتوویەتی: نەخێر من پێغەمبەرم، ئیدی دەیبەنە بەندیخانەو زیندانیی دەکەن، کە دەچی دەبینێ وا کابرایەك دانیشتوەو زۆر لەخۆی باییەو، خۆی بە هەیبەت پێشان دەدات، کابرای کە لەسەر ئیددیعای پێغەمبەرایەتیی گیراوە، دەڵێ:

تۆش لێرەی ؟

دەڵێ: بەڵێ، منیش لێرەم.

ئنجا ئەوەی کە بە هەیبەتەوە دانیشتوە دەڵێ: تۆ لەسەر چی گیراوی؟

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٨١٢١)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٦٧٠٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٧٢٧١)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٣٣٣)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٢١٨)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَإِبْنُ حِبَّانَ برقم: (٦٧٣٤).

دەڵێ: لەسەر ئەوە کە دەڵێم: پێغەمبەری خوام و بڕوام پێناکەن !

ئەویش دەڵێ: جا ئەی درۆزن ! بۆچی درۆیان دەکەی ؟

کابراش دەڵێ: جا تۆ چوزانی ؟

دەڵێ: ئەدی کەی من تۆم ناردووە ؟!

دەڵێ: بۆچی تۆ کێی؟

دەڵێ: من خوام !

ئنجا حاشاو پەرژینی قایم بێ، مرۆڤ ئەگەر شێت بووو، دایەکەرایەتیی زۆر عەجایبە ! هەڵبەتە ڕەنگە کابرا شێتیش بووبێ، بەڵام جاری واش هەیە کابرا شێتیش نیە، بڵێی عەقڵی لەدەستداوە، ئێمەش لەو جۆرە بەشەرانەمان بینیون، کابرا خۆی لێدەگۆڕێو پێی وایە شتێکی سەیرە، کەسی وامان بینیوە هەندێك قسەی بۆ ڕیز کردووینو گوتوویەتی: ئەو قسانەم لە خواوە بۆ هاتوون !! دیارە قسەکانی عەرەبیی بوون، منیش تەماشام کرد: ئەو قسانە لە ڕووی ڕێزمانییەوە تەواو نین، پێم گوت: کاکە مەعقوول نیە خوای زاناو شارەزا، فەرمایشت بنێرێ لە ڕووی عەرەبییەوە تەواو نەبێ، ئەو قسانە لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە تەواو نین، ئەوە حەتمەن شەیتانێك فێری تۆی کردوون، کە بۆخۆی عەرەبیی نازانێ !!

بەڵێ: بەشەر بەشەرە، مەرجیش نیە تەواو عەقڵی تەکلیفی لەدەست دابێ، بەڵام مرۆڤ ئاوایە، جاری وایە خۆی لێدەگۆڕێ، ئەگەر خوا ئاگاداری نەبێو، خۆی بە خوا نەسپێرێ، زۆر ئەگەری هەیە خۆی لێبگۆڕێ، خوا پەنامان بداو سەرەنجاممان خێر بکات، ئنجا خوا فەرمووی: هەر کەسێك ئەو سێ سیفەتەی تێدابن، یان هەر کەسێك یەکێك لەو سێ شتانە بکات، لە هەموو کەس ستەمکارترە، ئەدی سەرەنجامیان چۆن دەبێ؟ ئەوە لە مەسەلەی پێنجەم دا باسی دەکەین.

مەسەلەی پێنجەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّـٰلِمُونَ فِى غَمَرَٰتِ ٱلْمَوْتِ وَٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓا۟ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ

ٱلۡهُونِ بِمَا كُنتُمۡ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ وَكُنتُمۡ عَنۡ ءَايَٰتِهِۦ تَسۡتَكۡبِرُونَ ﴾، وە ئەگەر ببینی کە ستەمکاران، (واتە: ئەو سێ جۆرە کەسانەو غەیری وانیش، کە گوناهی وەك هی وان، یان شێوەی وانیان کردوە)، لە سەختییەکانی مەرگداو نوقمی نارەحەتییەکانی مەرگ بوو ون، واتە: ئەو کاتەی کە دەکەونە حاڵەتی گیانەڵاو ڕووح لە بنی پێیانەوە دەیەوێ بێتە لای سەروو بێتە دەر، چونکە پێشتر باسمان کرد، ڕووح کە لە بەدەن دەهێنرێتە دەر، لە نووکی پێوە دەست پێدەکات، هەتا دەگاتە لای گەروو لەوێ دەچێتە دەر، بە بەڵگەی ئەم ئایەتانەی سوورەتی (الواقعة)، کە دەفەرموێ: ﴿ فَلَوۡلَآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلۡحُلۡقُومَ ﴿٨٣﴾ وَأَنتُمۡ حِينَئِذٖ تَنظُرُونَ ﴿٨٤﴾ وَنَحۡنُ أَقۡرَبُ إِلَيۡهِ مِنكُمۡ وَلَٰكِن لَّا تُبۡصِرُونَ ﴿٨٥﴾ فَلَوۡلَآ إِن كُنتُمۡ غَيۡرَ مَدِينِينَ ﴿٨٦﴾ تَرۡجِعُونَهَآ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾، واتە: کاتێك (ڕووح، یان نەفس) دەگاتە گەروو، ئێوەش لەو کاتەدا تەماشای دەکەن، وە ئێمە (واتە: فریشتەکانمان) لە ئێوە لێی نزیکترین، بەڵام ئێوە نابینن، ئەگەر ڕاست دەکەن‌و ئێوە ملکەچ نین، (لەبەردەستی خوادا نین)، دە جارێکی دیکە ڕووحەکەی بخەنەوە جەستە.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ئەگەر تۆ ستەمکارەکانت ببینی، کاتێك لە سەختییەکانی مەرگ دان، ئنجا باسی فریشتەکان دەکات، دەفەرموێ: ﴿ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓاْ أَيۡدِيهِمۡ ﴾، وە فریشتەکان دەستەکانیان درێژ کردوە، لە شوێنی دیکەش خوای زاناو شارەزا باسی فریشتان دەکات، کە باڵیان هەیە، وەك دەفەرموێ: ﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ جَاعِلِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُوْلِيٓ أَجۡنِحَةٖ مَّثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۚ يَزِيدُ فِي ٱلۡخَلۡقِ مَا يَشَآءُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿١﴾ ﴾ فاطر، واتە: ستایش بۆ خوای بەدیهێنەری ئاسمانەکان‌و زەوی، فریشتەکانی گێڕاون بە نوێنەری خۆی، خاوەنی باڵەکانن: دوو دووو سێ سێ‌و چوار چوار ...

هەروەها لە فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، کە جبریل شەش سەد باڵی هەیە[1]، ئنجا ئایا چۆن دەفڕن؟ ئێمە نازانین‌و نەمانبینیون، بەڵام بڕوامان پێی هەیە، خوا ﷻ دەفەرموێ: فریشتەکان بە کافرەکان دەڵێن: ﴿أَخْرِجُوٓاْ أَنفُسَكُمُ ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ ءَايَـٰتِهِۦ تَسْتَكْبِرُونَ ﴾، ڕووحەکانتان دەربێنن، ئەمڕۆ دەبێ سزای ڕیسواکەر بچێژن، بەهۆی ئەوەوە کە شتی ناهەقتان بەرانبەر بە خوا دەگوت، وە لە بەرانبەر ئایەتەکانی خوادا خۆتان بە زل دەگرت.

لێرەدا کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ ﴾، ئەوە دیمەنێکە خوا دەیخاتە بەرچاومان، ئنجا یەکێك لە ڕووەکانی ڕەوانبێژیی لە قورئاندا، ئەوەیە کە خوای زانا جاری وایە ڕووداوەکان بە (فعل المضارع) دێنێ، بۆئەوەی لەبەرچاومان ئامادەیان بکات، وە جاری وایە لەبەر هۆکارێکی دیکە: بە (فعل الماضي) یان بە (فعل الأمر) دەیانهێنێ.

دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ ﴾، ئەگەر ببینی، واتە: بیهێنە پێش چاوی خۆت، ئەو دیمەنە کە دیمەنێکی زۆر سەرڕاکێشە: کافرەکان وا لە سەختیی مەرگ دان‌و، لە کاتی گیانەڵادان‌و، فریشتەکانیش دەستیان بۆ درێژکردوون‌و پێشیان دەڵێن: بۆخۆتان ڕووحەکانی خۆتان دەربێنن، واتە: خۆتان لەو سەختیی‌و ناخۆشییە ڕزگار بکەن، جاری وایە کەسێك دەکەوێتە حاڵەتێکی واوە، کە ئازارەکەی زۆر زۆرە‌و، خوا خوایەتی بمرێ‌و کۆتایی بەو ئازارە بێنێ، وە دەشگونجێ لێرەدا مەبەست پێی سەرزەنشتکردنی کافرەکان بێ، واتە: خۆتان دەرباز بکەن لەو حاڵەتەی تێیدان.

---

١) ﴿حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ مُكْرَمٍ ، عن الْحَسَنُ بْنُ قُتَيْبَةَ، عن شَرِيكٌ، عَنْ عَاصِمٍ، عَنْ أَبِي وَائِلٍ، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ، قَالَ : رَأَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ جِبْرِيلَ عَلَيْهِ السَّلامُ فِي صُورَتِهِ لَهُ سِتُّمِائَةِ جَنَاحٍ قَدْ سَدَّ الأُفُقَ، يَسْقُطُ مِنْ جَنَاحِهِ مَا اللَّهُ بِهِ عَلِيمٌ مِنَ الْيَاقُوتِ وَالدُّرِّ﴾، صحيح البخاري ٤٥٠٤.

جیـاوازی نێـوان (روح) و (نفس) :

ئنجـا ئایـا وشـەی: (روح) و (نفـس) جیاوازییـان چییه؟ ئـەوەی مـن بـۆم دەرکەوتـوە، نەفس هەر ڕووحه، بەڵام کە دەچێتە نێـو جەسـتەوە، پێـی دەگوترێ: نەفس، بۆیه خـوا زەمی نەفسی کـردووە، مەدحـی نەفسیشـی کـردوە، بـەڵام ڕووح نـە مـەدح کـراوەو نـە زەم کـراوە، بۆچـی؟ چونکـە ڕووح پـێش ئـەوەی بچێتە جەسـتەوە، نە شـەڕی لەدەست دێ، نـە خێـری لەدەسـت دێ، بـەڵام نـەفس بەهـۆی جەسـتەوە دەسـتی بـۆ چاکـەو خراپـە کراوەیـە، هـەر بۆیـەش مـەدح کـراوو زەم کراویشـە، وەك خـوا ﷻ دەفـەرموێ: ﴿يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ﴿٢٨﴾﴾ الفجر، ئـەوە لێـرەدا مـەدح کـراوە، یـان دەفـەرموێ: ﴿وَلَآ أُقْسِمُ بِٱلنَّفْسِ ٱللَّوَّامَةِ ﴿٢﴾﴾ القیامة.

وە زەمیـش کـراوە، وەك خـوا ﷻ دەفـەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةٌۢ بِٱلسُّوٓءِ ﴿٥٣﴾﴾ یوسف، واتە: نەفس زۆر فەرمان دەکات بە خراپـە، بـەڵام کـە ڕووح دەچێـتە جەستەوە پێی دەگوترێ: نەفس، بۆیە لە قورئـاندا زۆر نـاوی هـاتوە، ﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴿٧﴾ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا ﴿٨﴾﴾ الشمس، بەڵێ ڕووح کە دەچێتە نێـو جەسـتەوە، غەریزەکـان ئـیش پێـدەکات، وە هێـزو توانایـەکانی جەسـتە، ئیـش پێـدەکات، ئنجـا ئەگـەر بـە بـاری خێـردا بیانجووڵێنـێ، ئـەوە مـەدح دەکـرێ، وە ئەگـەر بە بـاری شـەڕدا بیـانجووڵێنـێ، زەم دەکرێ[1].

هەنـدێك لـە زانایـانیش گوتوویانـە: بۆیـە خـوای پـەروەردگار لەسـەر زاری فریشـتەکان فەرموویـەتی: ﴿أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ﴾، نەفسـەکانتان دەربێـنن،

---

١) لە کتێبی (گیانی ژیان)دا باسێکی سەربەخۆمان لەبـارەی شـیکردنەوەی چەنك و واتـای: (روح و نفس و عقل و قلب)ەوە، کردوە.

چونكە پێیان ناخۆشە، بمرن، ئینسانی كافر لە سەرەمەرگ دا، زۆر پێی ناخۆشە بمرێ؟ چونكە دەزانێ كە بەرەو سزاو ئازارو مەینەتییەكانی ژیانی بەرزەخو قیامەت دەچێ، بەلاّم ئینسانی ئیماندار كە دەكەوێتە حالەتی سەرەمەرگەوە، پێی خۆشە بمرێ، بەپێی ئەو فەرمایشتە، كە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿مَنْ أَحَبَّ لِقَاءَ اللّهِ، أَحَبَّ اللّهُ لِقَاءَهُ، وَمَنْ كَرِهَ لِقَاءَ اللّهِ، كَرِهَ اللّهُ لِقَاءَهُ﴾[1]، واتە: هەر كەس حەز لە دیداری خوا بكات، خواش حەز لە دیداری دەكات، وە هەر كەسێك دیداری خوای پێناخۆش بێ، خواش دیداری ئەوی پێناخۆشە.

ئنجا ئایا كێ حەز بە دیداری خوا دەكات؟ بێگومان ئیمانداران حەز دەكەن زوو بچنە خزمەت خوای پەروەردگارو، پاداشتی كردەوەكانیان وەربگرنەوە.

ئنجا فریشتەكان لەبەرە دوو گوناهیان پاڵدەدەنەلا، بەلاّم پێش ئەوە سزایەكەیان دەخەنەڕووو دەڵێن: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ تُجۡزَوۡنَ عَذَابَ ٱلۡهُونِ ﴾، ئەمڕۆ ئێوە سزای ڕیسوایی و شەرمەزاریی و زەبوونیی و بێڕێزیی دەچێژن، چونكە ئەوە بنچینەیە دەڵێ: (الجَزَاءُ مِنْ جِنْسِ العَمَل) سزاو پاداشت بە پێی كردەوەیە، ئنجا تاوان و خراپەكانیان دەخەنەڕوو:

١/ ﴿ بِمَا كُنتُمۡ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ ﴾، چونكە بە ناوی خواوە، شتی ناهەقتان دەگوت:

أ) هاوبەشتان بۆ خوا پەیدا دەكرد.

ب) دەتانگوت: وەك چۆن خوا كتێبی ناردوە، ئێمەش كتێب دەنێرینە خوارێ.

ج) دەتانگوت: خوا وەحی بۆ ئێمە ناردوە.

٢/ ﴿ وَكُنتُمۡ عَنۡ ءَايَٰتِهِۦ تَسۡتَكۡبِرُونَ ﴾، وە ئێوە بەرانبەر بە ئایەتەكانی خوا، خۆتان بە زل دەگرت، كەواتە: ئەو دوو گوناهەتان هەبوون.

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد بـرقم: (٩٤٣٤)، وَالبُخَارِيُّ بـرقم: (٦١٤٢)، وَمُسْلِمٌ بـرقم: (٦٩٩٦)، وَالتِّرمِذِيُّ بـرقم: (١٠٦٦)، وَالنَّسَائِيُّ بـرقم: (١٨٣٨)، وَإِبْنُ مَاجَه بـرقم: (٤٢٦٤)، وَالدَّارِمِيُّ بـرقم: (٢٧٥٦)، وَإِبْنُ حِبَّانَ برقم: (٣٠٠٨)، وَأَبي يَعْلَى برقم: (٣٢٣٥)، وَالبَزَّار برقم: (٢٦٧٩).

یەکیان بریتی بووە، لەوەی کە شتی ناهەقتان بەرانبەر بە خوا گوتوە.

دووەمیشیان ئەوە بووە، کە خۆتان لە بەرانبەر ئایەتەکانی خوادا بە زل دەگرت، بۆیەش ئەمڕۆ ئێوە سزایەکی ڕیساکەرو زەبوونکەر دەچێژن، کە خۆتان بە زل گرتوە، خوا بچووكو زەبوونتان دەکات، وە کە شتێکتان پاڵداوەتە لای خۆتانو هی ئێوەش نەبووە، خوای دادگەر ئەمڕۆ نێوەڕۆكو جەوهەری ئێوە پێشانی خەڵك دەدات.

مەسەلەی شەشەمو کۆتایی: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَادَىٰ كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَاكُمْ وَرَاءَ ظُهُورِكُمْ وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَاءَكُمُ الَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَاءُ لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴾، وە ئێوە بە تەئکید هاتنەوە بۆ لای ئێمە، بە تەنیا تەنیا، وەك چۆن یەکەمجار دروستمان کردبوون، وە ئەوەی کە پێماندابوونو خستبوومانە ژێر چاودێریی‌و سەرپەرشتیی ئێوەوە، لە پشت خۆتانەوە بەجێتان هێشت، وە ئەو تکاکارانەتان کە پێتانوابوو هاوبەشن لەگەڵ ئێوەدا (لەو خوا پەرستییانەدا کە بۆ خوا دەیانکەن، کە دەبێ بەشی وانیشی تێدا هەبێ) لەگەڵتاندا نابینین.

کەواتە: خوای پەنهانزان چەند شتێکیان پێ دەفەرموێ:

١) ﴿ وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَادَىٰ ﴾، لە زمانی عەرەبییدا دەڵێ: (فُرادَى: جَمْعُ فَرِيد، مِثْل أُسَارَى جَمْع أَسِير)، (فُرادَى) کۆی (فريد)ە، (فريد) واتە: بە تەنیا، وەك (أُسَارَى) دیلەکان، کۆی (أَسِير)ە، واتە: دیل.

وەك خوای پەروەردگار لە سوورەتی (مریم)یشدا دەفەرموێ: ﴿ كَلَّا سَنَكْتُبُ مَا يَقُولُ وَنَمُدُّ لَهُ مِنَ الْعَذَابِ مَدًّا ﴿٧٩﴾ وَنَرِثُهُ مَا يَقُولُ وَيَأْتِينَا فَرْدًا ﴿٨٠﴾ ﴾، هەر کامێکتان لە ڕۆژی دوایی دا بە تەنیا دێتەوە بۆ خزمەتی خوا، بە تەنیایەو کەسی لەگەڵ نیە، نە عەشیرەت، نە حیزب، نە پاسەوان، نە خزمەتکار.

مەبەست لەوەدا كە خوا دەفەرموێ: ئەمڕۆ بە تەنیا دێنەوە، كەستان لەگەڵ نیە، ئەوەیە كە: خوا قیامەتیان دێنێتە بەرچاوو دەفەرموێ: ئەوە قیامەتەو ئەوە حاڵتانە، كەواتە: پێش ئەوەی بچن بۆ قیامەتێ، تەگبیری حاڵی خۆتان بكەن.

٢) وە پێیان دەفەرموێ: ﴿وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَٰكُمْ وَرَآءَ ظُهُورِكُمْ﴾، ئەوەی كە پێمان دابوونو خستبوومانە ژێر سەرپەرشتیی‌و چاودێریی ئێوەوە، بەجێتان هێشت لە پشت خۆتانەوە.

یانی: ئەو سەروەتو سامانەی كە پێی لەخۆبایی بوو بوونو پێی لە كەوڵی خۆتان دەرچووبوون، هیچی دیارنیەو، هەمووتان بەجێهێشت بۆ میراتگران.

٣) دوایی دەفەرموێ: ﴿وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟﴾، وە ئەو تكاكارانەتان كە پێتانوابوو، هاوبەشن تێتاندا، لەگەڵتاندا نابینین.

بەڕێزان !

تەماشا بكەن ! ئینسان بە یەكێك لە سێ شتان، یان بە هەر سێكیان لەخۆی بایی دەبێ:

أ) یان بە خزمو كەسو عەشیرەتو حیزبو دەستەو تاقم.

ب) یان بە سەروەتو سامان.

ج) یان بەوە كە پێی وابێ: فلان كەس تكای بۆ دەكات، بۆ وێنە: مرۆڤ پێی وابێ: لەبەرئەوەی سەییدەو شێخە، خۆی بەتەما خزمایەتیی‌و شەجەرە كردبێ، یان مەلایەو بەتەمای مەلایەتیی لێبگەڕێ ! یان ئیسلامییەو لەبەرئەوەی ناوی ئیسلامییە، پشتێندی لێ كردبێتەوە! هەروەها: سەلەفیو صۆفیی‌و ...هتد. كە لەڕاستییدا ئەوە هەمووی خەیاڵ پڵاوە، ئەوەی كە دادی ئینسان دەدات: ساغیی‌و پاكیی‌و، كردەوەی ئینسانە.

٤/ ئنجا لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٩٤﴾﴾، واتە: بێگومان پەیوەندییتان پچڕا، وە ئەوەی خەیاڵتان دەکردو خەیاڵپڵاوتان پێوە دەکرد، لێتان بزربوو.

سبحان الله !

لە مێژووی بەشەردا، مرۆڤ زۆرجار بەو شتانە خۆی هەڵخەڵەتاندوە! هەر بە جیددیی کەسی وا هەیە دەڵێ: جا من ئەو هەموو خەڵکەم لەگەڵدایە، ئەو حیزبە، ئەو عەشیرەتە، ئەو جەماوەرە، تۆ بڵێی خواش ڕێزم نەگرێ! چاوت لێیە لە دنیادا خەڵك چەند ڕێزم لێدەگرن، هەموویان دەستم بۆ بە سینگەوە دەگرن، حەتمەن لە قیامەتیش هەروام ! بەشەری وا هەیە، هەڵدەخەڵەتێ، وادەزانێ حیسابی قیامەتیش، وەك هی دنیایە، یان هەیە لەبەرئەوەی سەروەتو سامانی زۆرە، دەڵێ: من موڵكو ماڵم زۆرە، تۆ بڵێی شتێکم بۆ نەکات لە قیامەتێ ؟ خۆ من خێرو چاکە دەکەم، وادەکەمو دەچم ؟

یان لەبەرئەوەی کە بە شتێکی ئەفسانەیی، کە خوا هیچ بەڵگەی لەسەر نەناردۆتە خوار، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا ﴿٧١﴾﴾ الحج، خۆیان بە تەما کردووەو فریو داوە، بۆ وێنە:

١ - یەکێك دەڵێ: بە نەسەب دەچمەوە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ !.

٢ - ئەوی دیکە دەڵێ: بە نەسەب دەچمەوە سەر فلان کەس.

٣ - ئەوی دیکە دەڵێ: من سەلەفییم ! ئەوی دیکە دەڵێ: من لە فلان تەریقەت دام !

٤ - یەکی دیکە دەڵێ: من فلان کەسم خۆشدەوێ ؟

٥ - یان عەرەب خۆی بە عەرەبایەتییەوە هەڵدەکێشێ !

٦ – ئەوی دیکە خۆی بە نەتەوەیەکی دیکەوە هەڵدەکێشێ !

لەڕاستییدا ئەوە هیچی دادی ئینسان نادات، وە ئەوانە هیچیان نابنە هۆکاری ئەوە کە ئینسان دەربازی ببێ، بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴾، بێگومان پەیوەندییتان پچڕا، خوێنراویشتەوە: (لَقَدْ تَّقَطَّعَ بَيْنُكُمْ)، واتە: نێوانتان پچڕا، (بَيْنَكُمُ) یانێ: (مَا بَيْنَكُم) ئەوەی کە لە نێوانتان هەبوو، پچڕا، بەڵام (بَيْنُكُمْ) یانی: (رابطتكم) پەیوەندییەکەتان، پچڕا، ﴿وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴾، وە ئەوەی کە پێتانوابوو، گومانتان دەبرد، ون بوو، هیچی دیارنیە، هەمووی خەیاڵ پڵاو بوو، ئێستا خۆتانو کردەوەی خۆتان هاتوونە گۆڕێ، هیچی دیکە لە ئارادا نیە.

خوای بەخشندە لەو ڕۆژەدا پەنامان بدات، کە خۆمانو کردەوەکەمان دەچینەوە دیداری خوا، بۆ دادگایی کردنی دادگەرانەی خوای دادگەر، وە ڕووی ئەوەمان هەبێ کە بڵێین: خوایە! ئێمە بەندەی تۆ بووینو، پەیڕەوانی تۆ بووینو، شوێنکەوتووی پێغەمبەری پێشەوای تۆ بووین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی یازدەیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

لەم دەرسەدا خوا پشتیوان بێ یازدە (١١) ئایەت دەتوێژینەوە، ئایەتەکانی (٩٥ - ١٠٥)، تەوەری سەرەکیی کە ئەم ئایەتانە لەبارەیەوە دەدوێن، بریتییە لە خستنەڕووی باڵادەستییو زانایییو بەزەیی خوای بەرزو مەزن، ئەویش لە ئاوێنەی ژمارەیەك لە دیاردەو دیمەنە سەرنج ڕاکێشەکانی دروستکراوەکانی خوای بێ وێنەدا، وەك: قڵیشاندنی دەنکە تۆوی دانەوێڵەو، نێوکی میوەجات، وە دەرهێنانی مردوو لە زیندوو، وە بە پێچەوانەشەوە: زیندوو لە مردوو، وە قڵیشاندنی سپێدەو بەرەبەیان، وە گێڕانی شەوگار بە کاتی ئیسراحەتو سرەوتن، وە دانانی ئەندازەگیریی وردو بەحیساب بۆ خۆرو مانگ، وە گێڕانی ئەستێرەکان بە ڕێنمایی لە تاریکاییەکانی وشکانییو دەریادا، وە هێنانەدی وەچەی مرۆڤەکانو خستنەوەیان لە یەك نەفس، وە لەسەرەوە ناردنە خواری ئاوو، ڕواندنی چەندان جۆر ڕووەك لە شینایییو درەختو میوەجات.

پاشان خوای پەروەردگار باسی هەڵوێستی هاوبەش دانەرەکان دەکات، کە کوڕو کچیان بۆ خوا داناون، دیارە بە درۆ بۆیان هەڵبەستوون، وە بەرپەرچێکی ددان شکێنیان دەداتەوە، بەوە کە دەفەرموێ: مادام خوا پەیداکەری هەموو شتێك بێ، وە هاوسەری نەبێ، چۆن ڕۆڵەی پەیدادەبن؟!

دوایی دەفەرموێ: مادام خوا تاکە بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەنە، دەبێ هەر ئەویش بپەرسترێو بەندایەتیی بۆ بکرێ، وە باسی ئەو ڕاستییە دەکات کە چاوەکان خوا نابینن، بەڵام خوا ﷻ چاوەکان دەبینێ.

وە لە کۆتاییدا ئەوە خراوەتەڕوو کە: لە پەروەردگارەوە بەڵگە ڕوونو بەرچاو ڕوونەکان هاتوون بۆ ئێمە، وە خوا ئایەتەکانی خۆی ڕوونکردوونەوە، هەرچەندە نەزانەکان تۆمەتی ئەوە دەدەنە پاڵ پێغەمبەری خوا ﷺ کە قورئانی لەلای کەسانی دیکە خوێندبێو وەرگرتبێ، بەڵام ئەوانەی زانان، دڵنیان کە ئەو قسەو تۆمەتانە، پووچو بێ بایەخن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلْحَبِّ وَٱلنَّوَىٰ ۖ يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ ٱلْمَيِّتِ مِنَ ٱلْحَىِّ ۚ
ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٩٥﴾ فَالِقُ ٱلْإِصْبَاحِ وَجَعَلَ ٱلَّيْلَ سَكَنًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ
حُسْبَانًا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴿٩٦﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهْتَدُوا۟
بِهَا فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۗ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٩٧﴾ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ
أَنشَأَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ ۗ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ
﴿٩٨﴾ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَىْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ
خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا وَمِنَ ٱلنَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ
وَجَنَّٰتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ وَٱلزَّيْتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَٰبِهٍ ۗ ٱنظُرُوٓا۟ إِلَىٰ ثَمَرِهِۦٓ
إِذَآ أَثْمَرَ وَيَنْعِهِۦٓ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكُمْ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٩٩﴾ وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ
ٱلْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ ۖ وَخَرَقُوا۟ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتٍۭ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا
يَصِفُونَ ﴿١٠٠﴾ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ صَٰحِبَةٌ ۖ
وَخَلَقَ كُلَّ شَىْءٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١٠١﴾ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ
خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ فَٱعْبُدُوهُ ۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ وَكِيلٌ ﴿١٠٢﴾ لَّا تُدْرِكُهُ
ٱلْأَبْصَٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَٰرَ ۖ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٠٣﴾ قَدْ جَآءَكُم بَصَآئِرُ مِن
رَّبِّكُمْ ۖ فَمَنْ أَبْصَرَ فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ عَمِىَ فَعَلَيْهَا ۚ وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ ﴿١٠٤﴾
وَكَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ وَلِيَقُولُوا۟ دَرَسْتَ وَلِنُبَيِّنَهُۥ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿١٠٥﴾﴾

مانای وشــه به وشــهی ئایەتەکـان

((بێگومـان خـوا قلێشـێنەری دەنکـەکان (ی دانەوێڵـە)و نێوکـەکان (ی میـوەی درەختـەکان)ە، زینـدوو لـە مـردوو پەیدادەکـات،و پەیداکـەری مردوویـە لـە زینـدوو، ئـا ئـەوەتان خـوایە، چـۆن (بـەرەو کـوێ) لادەدرێـن؟ ﴿٩٥﴾ قلێشـێنەری بەرەبەیانـەو، شـەوگاری گێـڕاوە بـە مایـەو کـاتی سـرەوتن، وە خـۆرو مـانگی بـە ئەنـدازەگیریی (و بـۆ زانینی کاتەکان) هێنـاونە دی، ئەوە ئەندازەگیـریی کردنـی (خـوای) زاڵـی زانایـە ﴿٩٦﴾ وە هـەر ئـەوە کـە ئەسـتێرەکانی بـۆ گێـڕاون، بـە مایـەی ڕێ دەرکـردن لـە تاریکاییـەکانی وشـکانیـیو دەریـادا، لەڕاسـتییدا ئایەتـەکـانمان بـۆ کۆمـەڵێك کـە بـزانن، بـاش ڕوونکردوونـەوە ﴿٩٧﴾ وە هـەر ئـەوە کـە لـە یـەك نـەفس پێیگەیانـدوون، جـا هەتانـە سـەقامگیـرە (لەسـەر زەوی)و، هەتـانە بـە شـێوەیەکی کاتیـی (لـە نێـو منداڵـدان دا سپێرراوە)، بە دڵنیـایی یەوە ئایەتەکانمان بۆ کۆمـەڵێك کە تێبگـەن، ڕوون کردوونـەوە ﴿٩٨﴾ وە هـەر ئـەوە کـە لـە ئاسـمانەوە ئـاوێکی ناردۆتـە خـوار، ئنجـا هـەموو جـۆرە ڕووەکێکمـان پـێ دەرهێنـاوە، ئنجـا چـەکەرەی سـەوزمان لێـی دەرهێنـاوە (کـە پـاش فـراژووبـوونو پێگەیشتنی)، دانەوێڵـەیەکی ڕیزکـراوی لـێ دەردێنین، وە لە دارخورمـا لـە کیـف (طَـلْع)[1] ەکـانی، هێشـووە خورمـای شـۆڕبووەوە دەردێنـین، وە چەنـد باغێـك لە تـرێو، زەیتوونو، هەنـاری وێکچـوو وێکنەچوو (دەردێنـین) سـەرنجی بـەرو میوەکەی بـدەن ! کـە گـوڵ دەداتو کـە پێدەگـات (چـەنـد لێـك دوورو جیـاوازن) بێگومـان لـە ئـا ئەوەتانـدا، نیشـانەگـەل هـەن، بـۆ کۆمەڵـێك بـڕوا بێـنن ﴿٩٩﴾ وە (هاوبەش بۆ دانەرەکان) لە جنۆکـان هاوبەشـیان بۆ خـوا دانـان، لـە حاڵێکـدا کـە هـەر ئەویش دروسـتی کـردوون، وە بەبـێ زانیـاریی کـوڕو کچیـان بـۆی هەڵبەسـتن، (خـوا) پـاكو بـەرزە لـەوەی ئـەوان دەیڵـێن ﴿١٠٠﴾ داهێنـەری ئاسـمانەکانو زەوییـە، مـادام

---

١) الطلـع: غلاف یشبه الکوز تفتح عن حَبٍّ منضود، فیه مادة اخصاب النخلة (المعجم الوسیط، ص٥٦٢)، لە کوردیدا ئەم وشـەیەمان نیە، بەڵام ڕەنگـە، (کیـفو هەگبـە) گونجاوبن.

هاوسەری نەبێ، چۆن ڕۆڵەی دەبێ ! وە هەموو شتێکی دروستکردوەو بە هەموو شتێك زانایە (١٠١) ئا ئەوەتان خوای پەروەردگارتانە، جگە لەو هیچ پەرستراو نین، وەکیلو مشوور خۆرە (١٠٢) چاوەکان نایبینن، بەڵام ئەو چاوەکان دەبینێ، وە ئەو پەنهانی شارەزایە (١٠٣) (بڵێ) بەڕاستیی لە پەروەردگارتانەوە بەڵگە ڕۆشنەکانتان بۆ هاتوون، ئنجا هەر کەس (حەقی) بینی، ئەوە سوودی بۆخۆیەتیو، هەر کەسێکیش کوێربێ، ئەوە زیانی بۆخۆیەتی، وە من بەسەرتانەوە پارێزەر نیم (١٠٤) وە ئاوا ئایەتەکانمان جۆراوجۆر دەخەینەڕوو، وە با ئەوانیش (بە درۆو تۆمەت) بڵێن: خوێندووتە (و ئەم قورئانەت لە خەڵکی دیکە وەرگرتوە)، وە بۆئەوەی ئێمەش ڕوونی بکەینەوە، بۆ کەسانێك کە دەزانن، (ئەم ڕاستییانە دەخەینەڕوو) (١٠٥)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(فَالِقُ): (الفَـلْقُ: شَـقُّ الشيء وَإِبَانَة بَعْضُهُ عَنْ بَعْض)، (فَلْق) بریتیـە لـەوە كـە شتێك لـەت بكـەی، بیقڵیشـێنی، وە هەنـدێكی لـە هەنـدێكی جیا بكـەیەوە، خـوا دەفـەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلْحَبِّ وَٱلنَّوَىٰ﴾، واتـە: خـوا دەنكـە تۆوەكـان: دانەوێڵەكان لە نیسـكو نۆكو برنجو گەنـمو جۆو هەرزنو ماشو ئەو شتانەی كە دەنكیان هەیـە، دەقڵیشێنی، بۆئـەوەی كە سەوز ببـێ، هەروەهـا نێوەكەكانیش: نێوكی خورمـا، خـۆخ، قەیسی، ئەوانیش دەقڵیشـێنی، دوایی هـەم دەنكە تۆوەكە، هەم نێـوكە میوەكـە، دەبێتـە دوو بـەش، بەشێكی بـەرەو سـەرێ دەچـێ، بەشێكی بەرەو خـوارێ بـە زەویـدا شـۆڕ دەبێتـەوەو، دەبێتـە ڕەگو ڕیشـە، كـە مرۆڤ ئەگەر سەرنجـی بـدات، هـەر دەنكـە تـۆوێك، وە هـەر نێوكـە میوەیـەك، بۆخـۆی لەخۆیـدا موعجیزەیـەكـە.

(ٱلْحَبِّ وَٱلنَّوَىٰ): (حَبّ) تاكـەكەی بریتیـە لـە (حَبَّة)، (حبة القمح، حبة الشعیر، حبـة الـرز)، دەنكـە گـەنم، دەنكـە جـۆ، دەنكـە بـرنج، (حب)، ئەوەیـە كـە لەنێـو گوڵـدا دەبـێ: گوڵـە گـەنم، گوڵـە جـۆ، گوڵـە مـەرەزە، گوڵـە بـرنج، گوڵـە هـەرزن، كۆیەكـشـی (حُبُـوب)ە.

بـەڵام (النَّوى) تاكەكـەی بریتیـە لـە (نـواة)، وەك نێوكـە خورمـا، نێوكـە خـۆخ، نێوكە قەیسـی، ئـەو نێوكــە ڕەقـەی كـە دەشـكـێنرێ، جا نێـوك هەیـە دەخـورێ، هەیـە ناخـورێ.

(فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ): وشـەی (أَنَّى) لە زمـانی عەرەبییـدا بـە دوو واتـایان دێ: بـە مانـای چـۆن (كـیف)، وە بـە مانـای كـوێ (أیـن)، كەواتـە: (فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ) واتـە: چـۆن لادەدرێـن، یاخـود بـەرەو كـوێ لادەدرێـن ؟ كـە غەیـری خـوا بپەرسـتنو بەندایەتیـی بۆ بكـەن، (یُؤْفَكُون: أَي یُصْرَفُونَ عَنِ الحَقِّ فِي الإِعْتِقَادِ إِلـى البَاطِل،

وَمِنَ الصِّدقِ فِي المَقَال إِلى الكَذِبِ، وَمِنَ الجَمِيل فِي الفِعْلِ إِلى القَبِيحِ)، وشەی (يُؤْفَكُون) واتە: لادەدرێن، لە عەقیدەدا : لە هەقەوە بۆ باطڵ، وە لە ڕاستیی لە قسەوە بۆ درۆ، وە لە کردەوەدا: لە کردەوەی جوانەوە، بۆ کردەوەی ناشیرین‌و ناقۆڵا.

(ٱلْإِصْبَاحِ): (الصُّبْحُ وَالصَّبَاحُ والإِصْبَاحُ: أَي أَوَّلُ النَّهَار) لە زمانی عەرەبیدا بە هەر سێ وشەی: (الصُّبْحُ وَالصَّبَاحُ والإِصْبَاحُ) دەگوترێ: (أَوَّلُ النَّهَارِ) واتە: سەرەتای ڕۆژ، هەروەك ئێوارەش پێدەگوترێ: (عَشِيّ)، یانی: بەرەبەیان، وە پێی دەگوترێ: (غداة).

(سَكَنًا): (السَّكَنُ السُّكُونُ وما يُسْكَنُ إِلَيْهِ) واتە: (سَكَن، سُكون) بە مانای ئارامگرتن دێ، وە بە مانای شتێك، كە ئینسان بەهۆی ئەوەوە ئارام دەگرێ.

(حُسْبَانًا): (الحِسَابُ اسْتِعْمَالُ العَدَدِ، يُقَالُ: حَسَبْتُ أَحْسَبُ حِسَاباً وَحُسبَاناً)، (حساب) واتە: ژماردن، بە بەكارهێنانی ژمارە، دەگوترێ: (حَسَبْتُ أَحْسَبُ حِسَاباً وَحُسبَاناً)، كەواتە: (حُسبَان) چاوگە، واتە: ژماردن‌و سەرژمێركردن‌و ئەندازەگیریی كردن.

هەندێك گوتوویانە: كە خوا لە سووڕەتی (الكهف)دا دەفەرموێ: ﴿ وَيُرْسِلَ عَلَيْهَا حُسْبَانًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَتُصْبِحَ صَعِيدًا زَلَقًا ﴿٤٠﴾ ﴾، (حُسبَاناً) واتە: ئاگر، یان سزا، بەڵام لەڕاستییدا (حُسْبَان) شتێكە كە بەهۆیەوە، لە بەرانبەریدا ئینسان سزا دەدرێ، بە ئەندازەی ئەو خراپەیەی كە كردوویەتی.

(فَمُسْتَقَرٌّ): (مُسْتَقَرّ: مَكَانُ القَرَارِ أَو الإِسْتِقرَار) واتە: شوێنی سەقامگیریی‌و لێ دامەزران، یاخود بەمانای خودی دامەزران‌و سەقامگیریی دێ.

(وَمُسْتَوْدَعٌ): كەسێك سپاردەیەك لەلای كەسێك دابنێ، پێی دەگوترێ: (إِستَوْدَعَه)، وە (وديعة) واتە: سپاردە، خوا پشتیوان بێ دوایی، زیاتر مانای ئەم دوو وشەیە ڕوون دەكەینەوە.

(خَضِرًا): (أَي الخَضِـرُ والأَخْضَـرُ) واتــه: ســەوز، ســەوزایی، کـە مەبەسـت پێـی چەکەرەیە، کە لە دەنکە تۆوێك، یان لە پنجە گیایەك، یـان لـە نێوکە میوەیـەك پەیدادەبـێ، لە کوردەواریـی خۆمـان دا پێـی دەڵێـن: چەقەرە، یان چەکـەرە.

(مُّتَرَاكِبًا): (الـمُتَرَاكِبُ: مَـا رَكِـبَ بَعْضُـهُ بَعْضًـا)، (متراكـب) واتـه: هەنـدێك سواری هەندێ بوون، یـان پێکەوە ڕیزبـوون، دەنکـە گەنمە، دەنکـە جۆیـە، دەنکـە برنجـە، دەنگە گەنـمـە شـامییـە، (گوڵەدان)، هەموویان پێکەوە ڕیـز دەبـن.

(مِن طَلْعِهَا): (طلْـع: غِلاَفُ يشبه الكوز ينفتح عَنْ حَبٍّ منضود فِي مادته إخصاب النخلة)، واتـه: (طلـع) شتێکە وەك گـۆزەیەکی بچووك وایـە، کە دەنکی ڕیزبـووی تێـدان، کـە دەبێتــه هــۆی موتــوربەبــوونی دارخــورما، بــەڵام لـە کـوردیی دا لەبەرئــەوەی دارخورمامــان نیــە، هیــچ وشــەیەك نیــە لـە بەرانبــەریدا، بۆیـە دەڵێین: بـەو کیفـە دەگـوترێ کـە دوایـی هێشوە خورمـای لـێ دێتـە دەرێ، بـەڵام دەگونجـێ بڵێین: کیـف، یان هەگبە، ئەگەرنـا یان وشــەیەکی پــڕ بـە پێستمان نیـە لە بەرانبــەری دا، یـان هەیـەو من نایـزانم.

(قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ): (قِنْوَان: جَمْعُ قِـنْو، وهـو العِـذْق بِمَـا فِيـهِ مِـنَ الرُّطَـب، مثـل: صِـنو وصِـنوَان، الـدنو: القُـرْب بالـذات أو بالحكـم)، (قنـوان) کـۆی (قنـو)یــە، وە بــە (أقنـاء)یــش کۆدەکرێتــەوە، (قنـو) بریتیــە لــە هێشــوەکەو خورمایەکانیشـی کـە تێیدایــە، وە (عِـذق)یشــی پــێ دەگوتــرێ، وەك (صِـنو وصِـنوَان)، (قنـوان دانيـة) واتــە: هێشــووی نــزیك، (الدنـو: القُـرْب بالـذات أو بالحكـم) واتـە: ئـەو شـتە بـە خودی خـۆی نـزیك بـێ، یان بە حوکـم نـزیك بـێ.

(وَيَنْعِهِۦٓ): (يَنَعَـتِ الثَّــمَرَةِ: تَيـنَـعُ يَنْعـاً وَيُنْعَـاً، وَأَيْنَعَـتْ إِيناعـاً، وَهِـيَ يانِعَـة وَمُونِعَـةٌ) هـەمووی یــەك مانــایە، (يَنَعَتِ الثَّمَرَةِ) واتـە: میوەکـە پێگەیشتوە، گەیوە، (يَنْعـاً وَيُنْعَـاً وَأَيْنَعَـتْ إِيناعَـا) دیسـان بــە مانـای پێگەیشــتن دێ، وە ئەگــەر میوەکـە پێگەیشـتبێ، دەگوتـرێ: (وَهِـيَ يانِعَـة وَمُونِعَـةٌ).

(وَخَرَقُوا): یانی: بۆیان هەڵبەست، دەڵێ: (الخَرْقُ: قَطْعُ الشيء عَلَى سَبِيلِ الفَسَادِ مِنْ غَيْرِ تَدَبُّرٍ وَلا تَفَكُّرٍ، وَهُوَ ضِدّ الخَلْق، وهُوَ فِعْل الشيء بِتَقْدِيرٍ وَرِفْقٍ)، (خرق) پێچەوانەی (خلق)ە، (خرق) بە کوردیی یانی دڕاندنو تێکدانو بڕینی شتێك بە شێوەیەکی نارێك، بەبێ لێوردبوونەوەو بەبێ تێفکرین، وەك دڕاندنی قوماشێك هەر لەخۆڕا، بەڵام (خلق) بریتییە لە دروستکردنی شتێك بە ئەندازەگیریی‌و بە ڕێکیی.

(لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَٰرَ): چاوەکان نایبینن، ئەو چاوەکان دەبینێ، (یدرك) لە (أدرك)ەوە هاتوە، (أَدْرَكَ بَلَغَ أقصَى الشيء، وَأَدْرَكَ الصَّبِيُّ: بَلَغَ غَايَةَ الصِّبَا وَذَلِكَ حِينَ البُلُوغ)، (أَدْرَكَ) واتە: گەیشتە ئەوپەڕی، دەگوترێ: (أَدْرَكَ الصَّبِيُّ) واتە: منداڵەکە گەیشتە کۆتایی پێگەیشتنی منداڵی، دوایی باسی بینینی خوا دەکەین، لە باسێکی سەربەخۆی تێروتەسەل دا.

(ٱللَّطِيفُ): صیغەی موبالەغەی (لاطف)ە، (لاطف)، واتە: وردو پەنهان، یاخود پەنهانکار، یاخود زۆر میهرەبان، ئەو مانایانەی هەموویان هەن، (اللُّطْفُ: الحَرَكَةِ الخَفِيفَة، وَ تَعَاطِي الأُمُورِ الدَّقِيقَة)، (لطف) بە جووڵەیەکی لەسەرەخۆو هێواش دەگوترێ، یاخود بە ئەنجامدانی کارێکی زۆر بە پەنهانکاریی‌و زۆر بە وردیی، دەگوترێ.

(بَصَآئِرُ): (جَمْعِ البَصيرَة): (بصائر)، کۆی (بَصِيرَة)یە، بە مانای بەڵگە (حجة) دێ، لەبەر ئەوەی کە ئینسان بەهۆی بەڵگەوە بەر پێی خۆی دەبینێ‌و لەو شتە تێدەگات، هەر شتێك کە بەڵگەی لەسەر بوو، دەزانێ کە ڕاستە.

(دَرَسْتَ): دەگوترێ: (دَرَسْتُ العِلْمَ: تَنَاوَلْتُ أَثَرَه بالحِفْظ، وَلَمَّا كَانَ تَنَاوُل ذَلِكَ بمدَاوَمَةِ القِرَاءَةِ، عُبِّرَ عَنْ إدَامَةِ القِرَاءَةِ بالدَّرْسِ)، (درس) ئێمە لە کوردییدا دەڵێین: خوێندن، لە ئەسڵی زمانی عەرەبیی دا لە چییەوە هاتوە؟ دەڵێ: (تَنَاوَلْتُ أَثَره بالحِفْظِ) واتە: زانیارییەکەم لەبەر کرد، بەڵام لەبەرئەوەی کە لەبەرکردنی زانیاریی‌و لە مێشکی خۆدا هەڵگرتنی زانیاریی، بەوە دەبێ کە زۆر ئەو شتە بخوێنییەوە، بۆیە وشەی (قِرَاءَة) بە (درس) تەعبیر کراوە.

مانای گشتی ئایەتەکان

پێشتر باسمان کردوە کە ئەم سوورەتە هەمووی باسی خوا بەیەکگرتنو (توحید اللّه)ە لە پەرستراوێتیی‌و لە پەروەردگارێتیی خوای تاك‌و تەنیادا، لەم چەند ئایەتەش دا خوا ئەو ڕاستییە تەئکید دەکاتەوە، ئاوا دەست پێدەکات، دەفەرموێ:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلۡحَبِّ وَٱلنَّوَىٰۖ﴾، بێگومان خوا قلێشێنەری دەنکەکان‌و نێوکەکانە، دەنکە تۆوی دانەوێڵەکان دەقلێشێنێ، بۆئەوەی سەوز بن، وە نێوکەکانی میوەجاتیش دەقلێشێنێ، بۆئەوەی سەوزبن، وە ئەو دەنکە تۆوە جاری وایە چەندان گوڵە گەنم دەردەکات، یان چەندان گوڵە جۆ، یان چەندان گوڵە هەرزن، یان چەندان گوڵە برنج، دەردەکات، هەروەك نێوکەکانیش: نێوکە خۆخە، خورمایە، قەیسییە، هەڵوژەیە، ئەو شتانەی کە نێوکدارن، ئەوانیش جاری وایە بنکێك دەردەکەن، جاری وایە چەند بنکێك دەردەکەن، پاشان هەر بنکەی چەندان خورماو خۆخ‌و قەیسیی‌و هەڵوژە دەگرێ، ﴿يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَمُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتِ مِنَ ٱلۡحَيِّۚ﴾، زیندوو لە مردوو دەردێنێ‌و، دەرهێنەری مردوویە لە زیندوو، سبحان اللّه! بەردەوام خوای کاربەجێ دەستی ئێمە دەگرێ بەنێو دروستکراوەکانی خۆی دا دەمانگێڕێ، بۆئەوەی ئیمانمان پێی بەهێزتر بێ، سەرنج بدەن! چەند دەنکە تۆو دەخرێنە نێو زەوییەوە، ئنجا دەنکی: گەنمە، جۆیە، برنجە، نیسکە، نۆکە، ماشە؛ ماشی سپییە، ڕەشە، خوا هەموویان دەقلێشێنێ، پاشان دەیانکاتە دوو بەش، بەشێکی دەبێتە ڕەگ‌و ڕیشەو بە زەویدا دەچێتە خوارو، بەشێکیشی هەڵدەستێ‌و بەرزدەبێتەوە بۆ سەرەوە، دەبێتە چەکەرەو چرۆ دەردەکات، دوایی دەبێتە قەدو لق‌و پۆپ، شتێکی چەندە سەیرە!!

پاشان خوای باڵادەست، سەرنجمان ڕادەکێشێ بۆ: دیاردەی دەرهێنانی زیندوو لە مردوو، وە مردوو لە زیندوو، کە ئەوەش ئێمە بەردەوام ڕۆژانە دەیبینین، دووبارە دەبێتەوە : جووجکەی مریشك‌و قازو کۆترو کەو، لە هێلکە دێنەدەر، کە گیانی تێدانیە، چەندە سەیرە! وە ئەو خواردنەی کە ئێمە دەیخۆین، دوایی دەبێتە نوتفە

لە پشتی پیاوانداو، هێلکۆڵە لە سینگی ئافرەتان داو، دواییش دەبێتە منداڵ، لەوە سەیرتر! کە لەو ماددە بێ گیانە، خوای بەرز مرۆڤ پەیدا دەکات، زیندەوەرانی دیکە پەیدا دەکات، هەروەها مردووش لە زیندوو پەیدا دەکات، ئەوەش دیارە مریشك و قازو کۆترو پەلەوەر، بە گشتی ئەوانەی هێلکە دەکەن، ئەو هێلکانە، هەر لەو پەلەوەرانە پەیدا دەبن کە زیندوون.

ئنجا لە جەستەی ئینساندا، ڕۆژانە، بەڵکو زانایان دەڵێن: لە هەر چرکەیەکدا، چەندان خانەی زیندوو پەیدادەبن و، چەندان خانەی زیندوو دەمرن !!

ئنجا خوا دەفەرمویٚ: ﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ ﴾، ئا ئەوەتان خوایە، خوا ئەو زاتەیە کە ئەو کارانە دەکات، ﴿ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴾، بەرەو کوێ لادەدرێن؟ تەنیا ئەو خوایەیە کە شایستەی پەرستران و بەندایەتیی بۆ کرانە، چۆن دارو بەردو مشك و مارو مانگ و خۆرو ئەستێرەو ئینسان و هەواو ئارەزوو چیو، چی دەپەرستن؟!

ئنجا دێتە سەر باسی شتێکی فراوانترو دەفەرمویٚ: ﴿ فَالِقُ ٱلْإِصْبَاحِ ﴾، خوا قڵیشێنەری بەرەبەیانە، تاریکیی و ڕووناکیی لێك جیادەکاتەوە، بەهۆی سووڕانی زەوی بە دەوری خۆیدا، لە بەرانبەر خۆردا، ﴿ وَجَعَلَ ٱلَّيْلَ سَكَنًا ﴾، وە شەوگاری گێڕاوە بە مایەی سرەوتن و ئیسراحەت تێدا کردن، ئینسان ڕۆژی وایە زۆر ماندوو دەبێ، خوا خوایەتی شەودابێ، تا بچێ بخەوێ، خوای پەروەردگار شەوگاری چی لێکردوە؟ ئەگەر شوێنێك ڕووناك بێ، مرۆڤ باش خەوی لێناکەوێ، چاوو گوێ و جەستەی ئینسان بۆ کاتی نووستن حەزیان لە تاریکاییە، بۆیە خوای بە بەزەیی شەوگاری تاریك کردوە، ئنجا تاکو زۆر زۆر تاریك نەبێ و ئەنوگستە چاو نەبێ، کە چاو چاو نەبینێ، ئەستێرەی داناون، ئینسانیش هەر بە تەقلیدو لاساییکردنەوەی خوای پەروەردگار، گڵۆپی سفر لە ژووری خەوتن دادەنێ، تاکو زۆر ڕووناك نەبێ، بەس بایی ئەوەندە ڕووناك بێ، کە پێش چاوی خۆی ببینێ.

ئنجا دێتە سەر باسی خۆرو مانگ و ئەو وردەکارییانەی تێیان دا ڕەچاوکراون ﴿ وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ حُسْبَانًا ﴾، وە (خوا) مانگ و خۆریشی گێڕاون بە مایەی

حیساب کردن، ئێمە بەهۆی خۆرو مانگەوە دەتوانین بزانین کە ساڵ (٣٦٥) ڕۆژە، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە: ﴿ حُسۡبَانٗا ﴾، واتە: حیساب کردن، یانی: بە حیساب کردن داینــاون، کە دوایی زیاتر تیشکی دەخەینە سەر، ﴿ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴾، ئا ئەوە ئەندازەگیریی زاڵی زانایە، خوایەك کە خاوەنی عیززەتەو خاوەنی عیلمە، عیززەتێکی بێ سنوور، زانستێکی بێ سنوور، چونکە لەڕاستییدا دانانی ئەو ئەندازەگیرییە بۆ خۆرو مانگو شەوگارو ڕۆژگار، پێویستیی بە باڵادەستیی‌و زانیاریی‌و شارەزایی‌و وردبینییەکی زۆر دەکات.

پاشان باسی لاپەڕەیەکی دیکەی فراوانتر دەکات، کە ئەستێرەکانن‌و دەفەرمویّ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهۡتَدُواْ بِهَا فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ ﴾، وە خوا ئەوە کەسەیە کە ئەستێرەکانی بۆ داناون، بۆ گێڕاون، بۆئەوەی بەهۆی ئەوانەوە، ڕێ دەربکەن‌و ببنە هۆی ڕێنمایی کردنتان لە تاریکاییەکانی وشکانیی‌و دەریادا، تاریکاییەکان: دەگونجێ مەبەست هەر تاریکاییەك بێ، وە دەشگونجێ مەبەست پێی سەختیی‌و نارەحەتییەکان بێ.

ئنجا کاتێك ئینسان قەدری ئەوە دەزانێ، کە لە بیابانێك دابێ، زۆر کەس لە بیابان دا سەری لێشێواوە، من جاری وایە بۆخۆم لە بیابان بووم: نە شاخێك، نە تەپۆلکەیەك، هیچ شتێکی لێ نیە، تاکو ڕێ بدۆزیەوە، بەڵام کە شەو داهات، بەهۆی ئەستێرەکانەوە دەزانی ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوا لە کوێیەو؟ تۆش لە کوێ وەستاوی؟ هەروەها لە دەریادا، من سواری کەشتی بووم: بیست‌و پێنج سەعات کەشتی لە دەریادا دەڕوات، شەوو ڕۆژت بەسەر دادێ، کە دەکەویە نێو قووڵایی دەریاوە، زەوی شین‌و ئاسمان شین، هەست دەکەی کەوتوویە نێو تۆپێکی شینەوە، هیچ شتێك دیارنیە، هەمووی شین دەچێتەوە، ﴿ قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴾، بێگومان ئایەتەکانی خۆمان ڕوونکردوونەوە، بۆ کۆمەڵێك کە بزانن.

کێ لە نهێنیی ڕێگا زانیی بەهۆی ئەستێرانەوە، تێدەگات؟ کەسێك کە زانیاریی هەبێ، بۆیە خوای زاناو توانا وایفەرمووە، ئەگەرنا کەسێك کە زانیارسی نەبێ‌و

شارەزای زانستی گەردوونناسیی نەبێ‌و، نەزانێ ئەم دنیایە چۆنەو، ئەم کەون‌و کائیناتە چۆنە؟ قەدری ئەمە نازانێ.

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ ﴾، خوا ئەو کەسەیە کە ئێوەی پێگەیاندوە لە یەك نەفس، چەند سەیرە! ئەو هەموو بەشەرەی تۆ لەسەر زەویدا دەیبینی، ئێستا ژمارەی مرۆڤ بەرەو حەوت ملیار دەچێ، یانی حەوت هەزار ملیۆن (٧,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) کەس، هەمووی لە یەك نەفسەوە هاتوون، ئەویش ئادەمە عليه السلام،

﴿ فَمُسۡتَقَرّٞ وَمُسۡتَوۡدَعٞ ﴾، هەم هەتانە سەقامگیرە، هەم هەشتانە بۆ ماوەی کاتیی، لە شوێنێك دەبێ، کە ئەمە زانایان زۆر مانایان بۆ لێکداوەنەوە، کە ئێمە دوایی لە مەسەلە گرنگەکان دا ئاماژەیان پێدەکەین :

١/ جاری وایە مرۆڤ لە هەندێك شوێنان سەقامگیر دەبێ، وە لە هەندێ شوێنان بە کاتیی دەمێنێتەوە.

٢/ یان ڕەنگە مەبەست ئەوەبێ: مندالْ سەرەتا بە شێوەی نوتفە لە پشتی بابی دا دانراوە، بە شێوەیەکی کاتیی، بەلاّم دوایی لە منداڵدانی دایکیدا لەوێدا سەقامگیر بووە، یاخود لە پشتی بابی‌و لە سینگی دایکیدا.

٣/ یاخود لە منداڵدانی دایکیدا بە شێوەیەکی کاتییە، بەلاّم لەسەر زەوی سەقامگیرە.

٤/ یاخود لەسەر زەوی بە شێوەی کاتیی دەژی، بەلاّم دوایی لە گۆڕدا سەقامگیرە.

٥/ یاخود لە ژیانی دنیاداو لە عالەمی بەرزەخدا بە شێوەی کاتییە، بەلاّم لە بەهەشت یان دۆزەخ دا، بۆخۆی بەتەواویی سەقامگیر دەبێ.

﴿ قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَفۡقَهُونَ ﴾، بەڕاستیی ئایەتەکانی خۆمانمان ڕوونکردوونەوە، بۆ کەسانێك شارەزابن.

ئایا جیاوازیی چییە لە نێوان: (يَعۡلَمُونَ) و (يَفۡقَهُونَ)دا؟ وەلاّمەکەی ئەوەیە کە: (يَعۡلَمُونَ) ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ شتەکە بزانێ، بەلاّم (يَفۡقَهُونَ) ئەوەیە

بەهۆی شتێکەوە، ئەو شتە بزانێ، بۆیە وشەی (علم) بۆ خوا بەکاردێ، بەلاَم (فقه) بۆ خوا بەکارنایەت، چونکە خوای زاناو شارەزا هەموو شتەکان ڕاستەوخۆ دەزانێو، بەهۆی هیچ شتێکەوە، شتێك نازانێ، هەموو شتەکان ڕاستەوخۆ دەزانێ، بەلاَم ئێمە بەهۆی شتێکەوە، شتێك دەزانین، بۆ نموونە ئەو کتێبە دەخوێنیەوە، بەهۆی ئەو کتێبەوە، شتێك دەزانێ.

ئنجا خوای بە بەزەیی دێتە سەر باسی چەند دیاردەیەکی دیکە، کە ڕۆژانە لە ژیانی ئێمەدا دووبارە دەبنەوە: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً ﴾، وە ئەو (خوا) ئەو کەسەیە کە لە سەرەوە، (لە ئاسمانەوە) ئاوی ناردۆتە خوار، بەهۆی ئەو ئاوەوە چی دەکات؟ ﴿ فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَىْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا ﴾، چەکەرەی هەموو شتێکمان پێ دەرهێناوە، ڕووەکی هەموو شتێکمان پێ ڕوواندوە، لەو چەکەرەیەشدا بنکێکی سەوز دروست دەکەین، یاخود لەو دەنکە تۆوە، پێشێ دەنکە تۆوەکە دەڕوێ، دوایی لەو تۆوەش چەکەرە سەوز دەبێ، ﴿ نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا ﴾، ئەگەر دانەوێڵە بێ، دانەوێڵەی ڕیزکراوی لێ دەردێنین، ئنجا گوڵە جۆیە، گوڵە گەنمە، گوڵە هەرزنە، گوڵە مەرەزەیە، دەنکەکان چەندە لووسو جوان ڕیز بوونو، کەلەکە بوون لەسەر یەکدی، ﴿ وَمِنَ ٱلنَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ ﴾، وە لە دارخورما کیف (طلع)ی نزیك، دەردێنن، وەك گوتمان، لە زمانی کوردییدا ئێمە ئەو وشەیەمان نیە، مەگەر بڵێی: کیف، یان هەگبە، (طلع) ئەو شتەیە کە بە عەرەبیی (عِذْق)ی پێدەڵێن، کە دوایی هێشوە خورمایەکە دەیقڵیشێنێو لێی دێتە دەرێ، بۆچی دەفەرموێ: هێشووی نزیك؟ چونکە هێشووەکان قورسنو شۆڕ دەبنەوە، ﴿ وَجَنَّٰتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ وَٱلزَّيْتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَٰبِهٍ ﴾، وە چەند باغێك لە ترێ، {(أعناب) کۆی (عِنَبْ)ە، واتە: ترێ}، وە زەیتوونو هەنار، کە وێکدەچێو وێکیش ناچێ.

ئنجا هەندێ لە زانایان گوتوویانە: لە ڕووی ڕواڵەتەوە وێكدەچێ، بۆ وێنە: هەناری شیرین، ترش، مێخۆش هەیە، مەگەر كەسێك زۆر شارەزابێ، ئەگەرنا نازانێ كامەیان چ تامێكی هەیە؟ ئەوە وێكچوو (مُشْتَبِهًا) لە ڕواڵەت دا، بەلاّم وێكنەچوو (وَغَيْرَ مُتَشَٰبِهٍ) لە تامەكەیدا لێك جیایە، وە هەروەها میوەكانی دیكەش، وەك ترێ، دیمەنو ڕواڵەتەكەیان وێكدەچێ بەلاّم تامیان زۆر جیایە.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ ٱنظُرُوٓاْ إِلَىٰ ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ وَيَنۡعِهِۦٓ ﴾، سەرنج بدەنە میوەكەی‌و تەماشای بكەن، كاتێ كە میوەكە دەردەچێ‌و پێدەگات! بۆ وێنە: بەرسیلەی ترێ، كە تامی دەكەی، تفتو تاڵەو بۆڵووی زۆر وردە، بەلاّم كە پێدەگات، تەماشا دەكەی حاڵەتێكی دیكەی هەیە، ئنجا ترێیە، هەنارە، خۆخە، هەرمێیە، هەنجیرە، هەرچی هەیە، كە تازە دەردەچێ: لەگەڵ ئەو حاڵەتەی پێدەگات، زۆر جیاوازە، كە ئەوەش شتێكی زۆر جێی سەرنجە، بۆیە خوای زاناو شارەزا دەفەرموێ: سەرنج بدەن! ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكُمۡ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴾، بێگومان لە ئا ئەوانەتاندا، نیشانە هەن، بۆ كۆمەڵێك كە ئیمان بێنن، واتە: زۆر پێویستیی بە زانستو فیقهو شارەزایی ناكات، هەر كەسێك بیەوێ ئیمان بێنێ، نیشانەی زۆر دەبینێ، هەر ئەو میوەو دانەوێڵەیەی كە ڕۆژانە ئێمە بەكاریان دێنین، بەتایبەتی ئێمە لە كوردستانی خۆماندا، جێی وا هەیە جۆرەها میوەی ڕواڵەت جیاوازو تام جیاوازی لێیە، ئەوە هەر لە یەك شوێن دا.

ئنجا خوای پەروەردگار دێتە سەر باسی هاوبەش بۆ خوادانەرەكان، وە فەرمانیان پێدەكات كە ئەو خوایەی خاوەنی ئەو هەموو كردەوەو دروستكراوە سەرسوڕهێنەرانەیە، هەر دەبێ ئەو بپەرستری، دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلُواْ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلۡجِنَّ وَخَلَقَهُمۡۖ ﴾، وە هاوبەشی جنەیان بۆ خوا بڕیاردان، لە حاڵێك دا كە خواش دروستی كردوون، ﴿ وَخَرَقُواْ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتِۭ بِغَيۡرِ عِلۡمٖۚ ﴾، وە كوڕانو كچانیان بۆ خوا هەڵبەستن، بەبێ زانیاریی، هەر لەخۆڕا گوتیان: خوا كوڕی هەنو كچی هەن، وەك

پێشتر باسمان کرد ـ لە تەفسیری سوورەتی مائیدەدا ـ عەرەبەکان هەندێك قەناعەتیان وابوو، شەیتانەکان کوڕی خوانو، فریشتەکانیش کچی خوان، بۆیە دەفەرموێ: ﴿سُبۡحَـٰنَهُۥ وَتَعَـٰلَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ﴾، پاكو بەرزە خوا لەوەی کە ئەوان خوای بێ وێنەی پێ وەسف دەکەن.

ئنجا خوا وەڵامێکی گورچك بڕو ددان شکێنیان دەداتەوە، لەسەر ئەو خەیاڵو ئەفسانانەی کە لە مێشکیاندا هەن، کە بەداخەوە، ئێستاش هەندێ خەڵك ئەو قەناعەتەیان هەیە، کە خوا جۆرە نسبەتێکی لەگەڵ هەندێ کەس دا هەبێ!

دەفەرموێ: ﴿بَدِيعُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾، پەیداکەری ئاسمانەکانو زەوییە، خوا ئاسمانەکانو زەوی پەیداکردوون، بێئەوەی لاسایی کەسێکی دیکەی کردبێتەوە، (إبداع) ئەوەیە شتێك دابێنی، پێش تۆ کەسی دیکە کاری لەو جۆرەی نەکردبێ[١]، ئنجا خوایەك کە هەر خۆی ئاسمانەکانو زەوی وەدیهێناون، ﴿أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَمۡ تَكُن لَّهُۥ صَـٰحِبَةٌ﴾ چۆن دەبێ، ڕۆڵەی هەبێ، کە هاوسەری نەبووە، ئەگەر هاوسەری نەبێ ڕۆڵەو کچو کوڕی چۆن پەیدادەبن؟ وە ناشگونجێ هیچ شتێك لە دروستکراوەکان، هاوسەری خوابێ، چونکە ﴿وَخَلَقَ كُلَّ شَيۡءٍ﴾، خوا هەموو شتێکی دروستکردوە، ﴿وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ﴾، وە خوا بە هەموو شتێك زانایە، ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ﴾، ئا ئەوەتان کە بۆتان باسکرا، خوای پەروەردگارتانە، ﴿لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ﴾، جگە لەو هیچ پەرستراوێکی بە هەق نیە، ﴿خَـٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٍ فَٱعۡبُدُوهُ﴾، بەدیهێنەری هەموو شتێکە، تەنیا ئەو بپەرستنو بەندایەتیی بەس بۆ وی بکەن، ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٍ وَكِيلٌ﴾، وە ئەو سەرپەشتیارو مشوورخۆری هەموو شتێکە، وە بەسەر هەموو شتێك ڕادەگات.

---

١) مختار الصّحاح ، ص: ٥١، (أبْدَعَ الشيءَ : اخترعَهُ لا على مثالٍ).

ڕەنگە یەكێك بڵێ: باشە مادام خوا ئەو هەموو سیفەتە جوانانەی هەن، بۆچی نایبینین، لێرەدا خوا دەفەرموێ: ﴿ لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَـٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَـٰرَ ﴾، چاوەكان ئەو نابینن، بەڵام ئەو چاوەكان دەبینێ، ﴿ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴾، وە خوا پەنهانكاری شارەزایە.

﴿ قَدْ جَآءَكُم بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ ﴾، بێگومان لە پەروەردگارتانەوە، بەرچاو ڕوونییتان بۆ هاتوون، بەڵگەی ڕوونو ڕۆشنتان بۆ هاتوون، كە بەرپێی خۆتانیان پێ دەبینن، هەقو ناهەقیانی پێ لێك جیادەكەنەوە، ﴿ فَمَنْ أَبْصَرَ فَلِنَفْسِهِۦ ﴾، ئنجا هەر كەسێك (ئەو هەقەی) بینی بەهۆی ئەو بەڵگە ڕوونو ڕۆشنانەوە، سوودەكەی بۆ خۆیەتیو خۆی لێی بەهرەمەندە، ﴿ وَمَنْ عَمِىَ فَعَلَيْهَا ﴾، وە هەر كەسێك كوێر بوو، لە بەرانبەر ئەو بەڵگە ڕۆشنانەدا، ئەوە بۆخۆی زەرەرمەندە، یانی: سوودو زیان بۆخۆتانە، خوا زۆر لەوە بەرزترە بەهۆی چاكەی ئێوە سوود وەربگرێو، بەهۆی گوناهی ئێوە زیان بكات، ﴿ وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ ﴾، وە من بەسەر ئێوە پارێزەر نیم.

ئەمە فەرمایشتی پێغەمبەری خوایە، ﷺ،و خوا لەسەر زمانی وی فەرموویەتی، واتە: ئەی موحەممەد ﷺ! تۆ ئاوا بڵێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلْـَٔايَـٰتِ ﴾، وە ئاوا بەو شێوەیە ئایەتەكانی خۆمان جۆراو جۆر دەكەینو، بە شێوەی جۆراو جۆر دەیانخەینەڕوو، ئەم قورئانە مەزنە، ئەگەر سەد جار باسی شتێك بكات، هەر جارە بە جۆرێك باسی دەكات، كە جیاواز بێ لەوەی كە پێشتر باسی كردوە، بۆ وێنە: خوای بەرز لە چەند شوێنی دیكەدا، باسی میوەو دانەوێڵەی كردوە، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین، لە هیچ شوێنێك دا دووبارە نیە، ﴿ وَلِيَقُولُوا۟ دَرَسْتَ وَلِنُبَيِّنَهُۥ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴾، وە با ئەوانیش بۆخۆیان هەر بڵێن: تۆ ئەم قورئانەت لەلای خەڵكی دیكە خوێندوە، وە با ئێمەش ڕوونی بكەینەوە، بۆ كەسانێك كە دەزانن، واتە:

ئـەوەی نەفام بـێ دەڵـێ: لەلای خەڵکی دیکـە خوێندووتـە، چونکە نازانـێ قورئـان چی تێدایە، بـەڵام ئـەوەی زانابـێو شـارەزا بـێ، دەزانـێ کـە ناگونجـێ ئـەم قورئـانە دانـراوی بەشـەر بێ، چونکە ئەو نهێنییانەی لە قورئـان دا ئاشـکرا کـراون، جگـە لـە خـاوەنی ئاسمانەکانو زەوی، کەسی دیکە نایانزانـێ، وەك لە سـوورەتی (الفرقـان)دا دەفەرموێ: ، ﴿ قُلْ أَنزَلَهُ ٱلَّذِى يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴿٦﴾ ﴾، واتـه: بڵـێ: کەسـێك ناردوویەتە خـوار، کە نهێنیی لـە ئاسـمانەکانو زەوی دا دەزانـێ.

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلْحَبِّ وَٱلنَّوَىٰ ۖ يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ ٱلْمَيِّتِ مِنَ ٱلْحَىِّ ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴾، لە کۆی ئەم ئایەتانەدا، خوای کاربەجێ باسی شازدە دیمەنی سەرنج ڕاکێشی دروستکراوەکانی خۆیمان بۆ دەکات، وە تەنیا لەم ئایەتە موبارەکەدا باسی چوار لە دیمەنەکان دەکات:

دیمەنی ١ و ٢ : دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلْحَبِّ وَٱلنَّوَىٰ ﴾، بێگومان خوا قڵیشێنەری دەنکە تۆوەکانو نێوکە میوەکانە.

لەڕاستییدا زیاتر زانایانو شارەزەیانی بواری ڕووەك، لە نهێنیی ئەوە تێدەگەن، کە هەر دەنکە تووێکو، هەر نێوکە میوەیەك کە دەڕوێ، بۆخۆی موعجیزەیەکی سەرسووڕهێنەرە، بۆ وێنە: نێوکە خورمایەك کە هیچ کەس بە ددان پێی ناشکێ، چونکە زۆر ڕەقە، بە بەردیش بە زەحمەت دەشکێ، کەچی کە دەیخەیە نێو ئەو گڵە نەرمەوە، دەبینی دوایی چەکەرەیەکی نەرمی سەوزی لێ دێتە دەرێو دەبێتە دوو بەش، بەشێکی بەرەو سەرێ دەچێو، دەبێتە درەختو، بەشێکیش بەرەو خوارێ دەچێو دەبێتە ڕەگو ڕیشە، هەروەها نێوکە خۆخو قەیسیو هەڵووژەو... هتدیش بە هەمان شێوە، دەبینین دوایی لەنێو ئەو گڵە نەرمەدا، بێئەوەی هیچ فشارێکی لەسەربێ، دەڕوێ، ڕاستە ئەوە هۆکاری زانستیی هەیە، بەڵام ئایا کێ ئەو یاسایەی داناوە؟ بێگومان خوای دروستکارو قڵیشێنەری دەنکە تۆوەکانو نێوکە میوەکان.

دیمەنی ٣ و ٤ : کە دەفەرموێ: ﴿يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ ٱلْمَيِّتِ مِنَ ٱلْحَىِّ ﴾، زیندوو لە مردوو دەردێنێ، وە دەرهێنەری مردووە لە زیندوو،

پێشتریش وێنەمان هێناوە، لەسەر دەرهێنانی زیندوو لە مردوو، هەروەها بە پێچەوانەوەش، بۆ وێنە: دەنكە برنجێك، یان هەر دانەوێڵەیەكی دیكە، كە ڕەق و وشكەو هیچ ژیانی تێدانیە، دوایی پنجێكی لێ دەڕوێ، بنكێكی لێ دێتەدەرو دەبێتە درەختێك، یاخود بڕكە سەوزەیەك كە ژیانیان تێدایە.

هەروەها هێلكەیەك كە ژیانی تێدانیە، بەلام بە مۆڵەتی خوا، ژیانی لێ دێتەدەر، وە هەروەها مردووش لە زیندوو دەردێنێ، ئەوە زیاتر لە جەستەی ئینساندا بەرجەستەیەو دەزانرێ.

ئەو شانەو خانانەی كە زیندوون و ژیانیان تێدایە، نەك ڕووح، دوایی دەمرن، یان ئەو خواردنەی كە دەیخۆین، بێ ژیانە، بەلام دوایی كە دەچێتە نێو جەستەی مرۆڤ، زیندوو دەبێ و ژیانی دێتەبەر، مرۆڤ هەر خواردنێك بخوات، هەزم دەبێ، دوایی دەچێتە نێو خانەكان و زیندوو دەبێ.

ئنجا پاش خستنەڕووی ئەو چوار دیمەنە سەرنجڕاكێشە، دەفەرموێ:

﴿ ذَٰلِكُمُ اللَّهُ ﴾، ئا ئەمە خوای بالادەستە، كە ئەو شتە سەیرانە دەكات و، جگە لەوی كەس ناتوانێ، بیانكات، بۆیەش دوایی دەفەرموێ:

﴿ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴾، ئنجا ئایا بۆ كوێ لادەدرێن؟! واتە: بۆچی جگە لە خوا دەپەرستن ؟!

مەسەلەی دووەم: كە دەفەرموێ: ﴿ فَالِقُ الْإِصْبَاحِ وَجَعَلَ اللَّيْلَ سَكَنًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ حُسْبَانًا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ ﴾، لێرەش دا خوای زاناو توانا، چوار تابلۆو دیمەنی دیكەمان پێشان دەدات، كە لەگەڵ چوارەكانی پێشێ دەبنە هەشت:

دیمەنی ٥ : دەفەرموێ: ﴿ فَالِقُ الْإِصْبَاحِ ﴾ خوا قڵیشێنەری شەوگارو بەرەبەیانەو تاریكیی و ڕووناكیی، شەوگارو ڕۆژگار لە یەك جیادەكاتەوە.

دیمەنی ٦ : دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلَ اللَّيْلَ سَكَنًا ﴾، وە شەوگاری گێڕاوە بە مایەی سرەوتن و، تێدا ئیسراحەت كردن.

دیـــــمەنی ٧ و ٨ : دەفـــەرموێ: ﴿ وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ حُسۡبَانٗا ﴾، مـــانگو خۆریشـی داناون بـۆ حیسـاب کردنـی ئێـوە، کە بەهـۆی جوولــەی خـۆرەوە، بـۆ وێنە: دەزانین کـە مانگـی ڕەمـەزان سـاڵـێ دە ڕۆژ دێتـە پێـش، چونکـە سـاڵی مانگیی (السَّنة القمرية)مان هـەیە، وە سـاڵی خـۆریی (السَّنة الشمسية)مان هەیە، ساڵی خـۆریی، هـەر لە شوێنی خۆیەتـیو ناجووڵـێ، بـەڵام سـاڵی مانگـیی دەجووڵـێ، وە ﴿ حُسۡبَانٗا ﴾، واتە: بۆ حیساب کـردن دانـراون.

ئنجا لـە کۆتـایی ئـەم ئایەتـەدا دەفـەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴾، ئـا ئەوە ئەندازەگیـریی (خـوای) زاڵی زانایە، جا من دەمەوێ لێرەدا سەرنجتان بۆ شتێك ڕابکێشـم، کـە پێشـتـریش تیشـکێکمان خستە سـەر:

﴿ حُسۡبَانٗا ﴾، لێـرەدا چـاووگ (مصـدر)ە، بـە مانـــای (حِسـاباً) واتـە: مانــگو خـۆرمان دانـاون، ئـاوا جووڵـە بکـەن، بـۆ حیسـاب کردنـی ئێـوە، ئـەوە مانـایـەکی، یـان: بە حیسابو ئەندازەگیـریی دامانـاون، کـەواتـە هـەروا بـە هەوەنتـە نیـە.

لێـرەش دا دەمـەوێ چـەند زانیارییەکی سـادەتـان پـێ بڵـێم، دەربـارەی کۆمەڵـەی خــۆر:

چـەنـد زانیـارییـەك لـەبارەی کۆمەڵـەی خـۆرەوە

ئەو کۆمەڵـەی خۆرەی ئێمـە، بۆچی پێی دەگوترێ: کۆمـەڵـەی خۆر (الـمجموعة الشـمسية)؟ چونکە خـۆر (شمس) نۆ خرِۆکە بە دەوردا دەخولێنـەوە، کە ئەمـانەن: (زەوی، عەتتـارد، زوهـرە، مەریـخ، موشـتەری، زوحـەل، ئۆرانۆس، نیبتۆن، بلـۆتـۆن).

ئنجـا زانـایان دەڵـێن: خـۆر ملیۆنێـكو سـێ سـەد هەزار (١,٣٠٠,٠٠٠) جـار لـەم زەوییـەی ئێمـە گـەورەترە.

وە خـۆر سـەدو پەنجـا ملـیۆن (١٥٠,٠٠٠,٠٠٠) کیلۆمـەتر لـە زەوییـەوە دوورەو بـە هەشـت دەقیقـەو دوو چـرکە تیشـکی خـۆر دەگـاتە ئێمـە، چونکـە تیشـکی خـۆر لـە یـەك چـرکـەدا سـێ سـەد هەزار (٣٠٠,٠٠٠) کیلۆمەتر دەبـڕێ.

وە مانگ سێ سەدو هەشتاو چوار هەزارو پەنجاو پێنج کیلۆمەتر (٣٨٤,٠٥٥) لە ئێمەوە دوورە، وە تیشکی مانگ بە چرکەیەك و یەك لەسەر چواری چرکەیەك (١ و ٤/١) دەگاتە ئێمە.

وە یەکەم ڕۆکێتی ئەمریکیی کە هەڵدرا بۆ سەر مانگ ، کە (ئەپۆلۆ ١١)یان پێدەگوتو یەکەمین مرۆڤی گەیاندە سەر مانگ کە ناوی (نیل ئارمسترۆنك) بوو، بە سێ ڕۆژان گەیشتە سەر مانگ[1]، لە کاتێکدا کە لە هەر یەك سەعاتدا شەش هەزار (٦٠٠٠) کیلۆمەتری دەبڕی، واتە: شەش هێندەی فڕۆکە، فڕۆکە ئەگەر زۆر بڕوات، هەزار کیلۆمەتر دەڕوات لە سەعاتێکدا، بەڵام ئەو شەش هەزار کیلۆمەتری دەبڕی، کەواتە: زۆر زۆر دوورە، بەڵام تیشکەکەی هێندە خێرایە، بە چرکەیەك و یەك لەسەر چواری چرکەیەك دەگاتە ئێمە !

ئەدی ئەگەر بویستری ڕۆکێتێك هەڵبدرێ بۆ سەر خۆر، چەند کاتی دەوێ؟ بە بیستو پێنج هەزار (٢٥٠٠٠) سەعات دەیگاتێ، ئەگەر لە هەر سەعاتێکدا شەش هەزار کیلۆمەتر ببڕێ، کە دەکاتە هەزارو چل و یەك ڕۆژو شازدە (١٠٤١,١٦) سەعات، واتە: نزیکەی سێ ساڵ بەڕێوە دەبێ.

بەڵام ئەگەر بمانەوێ ڕۆکێتێك هەر ئاوا هەڵدەین بۆ سەر نزیکترین ئەستێرە، جگە لە خۆر، کە نزیکترین ئەستێرە پێی دەگوترێ: (ئەلفا فەنتۆریس)و چوار ساڵی تیشکی لە ئێمەوە دوورە، واتە: تیشك کە لە هەر چرکەیەکدا سێ سەد هەزار کیلۆمەتر دەبڕێ، بە چوار ساڵان دەگاتە ئێمە.

ئەگەر ئەو ڕۆکێتەی هەڵیدەدەین، بە خێرایی شەش هەزار کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا ببڕێ، ئەو کاتە بە شەستو شەش هەزارو شەش سەدو شەش (٦٦,٦٠٦) ساڵ دەگاتە ئەو ئەستێرەیە !!

ئەوانە چەند زانیارییەك بوون، دەربارەی کۆمەڵەی خۆر، کە بێگومان خۆر (شمس) تەنیا ئەستێرەیەکی کەهکەشانی کاکێشانە، کە زانایان دەڵێن: سەد ملیار (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ئەستێرەی تێدایە، وەك خۆرو بچوکترو گەورەتر.

---

١) (ئەپۆلۆ ١١) ڕۆژی دووشەممە: ٢١ی تەمووزی ١٩٦٩ ز، کاتژمێر: ٣،٥٦ گەیشتە سەر مانگ، بڕوانە: (المنجد ـ قسم الأعلام)، ص٩٤، ط ٢٤، وە بڕوانە: (خواناسیی، ئایین، ئیمان) لاپەڕە: ١٦٨، چاپی دووەم.

هەروەها زانایان دەڵێن: لە بوونەوەردا، هەتا ئێستا بە مەزەننە، سەد ملیۆن (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) کەهکەشانو هەندێکیش دەڵێن: پێنج سەد ملیۆن (٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) کەهکەشان (مجرَّة) دۆزراونەوە، هەندێکیشان دەڵێن: بەڵکو: دە تریلیۆن (١٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠)، (١٠)[١٢] کەهکەشان زیاتر لە بوونەوەردا هەن.

هەندێکیشیان دەڵێن: ژمارەی مەجەڕەکانە بوونەوەر هێندەی ژمارەی ئەستێرەکانی کەهکەشانەکەمانە، کە: سەد ملیار (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠)، (١٠)[١٠(١)]،

بۆیەش خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ﴾، ئا ئەوە ئەندازەگیریی (خوایەکی) زاڵی زانایە.

مەسەلەی سێیەم: خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهْتَدُوا۟ بِهَا فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۗ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴾، واتە: وە خوا ئەو کەسەیە کە ئەستێرەکانی بۆ گێڕاون بە مایەی ڕێنمایی لە تاریکاییەکانی وشکانیی‌و دەریادا، بێگومان ئایەتەکانمان ڕوون کردوونەوە بۆ کۆمەڵێك کە بزانن.

دیمەنی ٩ : لەم ئایەتەشدا دیمەنی نۆیەم ـ بە گوێرەی ڕیزبەندیی ئێمە ـ دەخاتەڕوو.

ئنجا زانایان دەڵێن: لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهْتَدُوا۟ بِهَا فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ﴾، مەبەست لە (ظُلُمَات) کە کۆی (ظُلْمة)یە، (ظُلْمَة) واتە: تاریکیی، (ظُلُمَات)واتە: تاریکییەکان، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی خودی تاریکیی بەرهەست نیە، کە بریتیە لە نەدیتن‌و پێچەوانەی ڕووناکییە، بەڵکو مەبەست لە (ظُلُمَات) لێرەدا: (الشدائد) سەختییەکان‌و نارەحەتییەکانن، کە دێنە ڕێی خەڵك، لە کاتێکدا کە بە وشکانیی‌و بە بیابان‌و دەشت‌و سارادا دەڕۆن، وە لە کاتێکدا کە بە دەریادا دەڕۆن، دەشگونجێ هەردووکیان مەبەست بن، واتە: مەبەست پێی

---

١) بڕوانە: (مع الله في السماء) د. احمد زكي، ص١٩ و ١٩٧، وە: (الإسلام يتحدّى) وحيدالدين خان، ص ٥٨، وە: (بدائع السماء)، ص ٢٥٧، وە: (الكون الأحدب)، ص ٢٥٤.

تاریکیی بەرهەست بێ، کە راستە لە کاتێکدا کە ئینسان تاریکیی لێ دادێ، بەتایبەت لە دەریادا، کە هیچ نیشانەیەکی لێ نیە، نە شاخێك، نە گردۆڵکەیەك، بەهۆی ئەستێرەکانەوە ڕێ بە دی دەکات.

هەروەها لە بیابانو ساراشدا دیسان کاتێك کە شەوگار باڵی ڕەشی بەسەر دنیادا دەکێشێ، بەتایبەت لە بیاباندا، کە دیارە لە بیاباندا هیچ نیشانەیەك وەك چیایەك، گردۆڵکەیەك، ڕووبارێك، ئاوەدانییەك نیە، بەهۆی ئەستێرەکانەوە، ئینسان باشتر دەتوانێ ڕێ دەربکات، داخۆ بەرەو ڕاست دەڕوا، بەرەو چەپ دەڕوا، بەرەو سەرێ دەڕوا، یان بەرەو خوارێ؟! بەڵێ بوونی ئەستێرەکان لەو حاڵانەدا، زۆر گرنگەو هەر کەسێك ئەو حاڵەتانەی لێ نەقەومابن، گرنگیی ئەوە نازانێ.

ڕاستکردنەوەی بۆچوونێکی هەڵەی هەندێك لە زانایان لەبارەی ئەستێرانەوە

لێرەدا کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهۡتَدُواْ بِهَا فِى ظُلُمَـٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ ﴾، وە خوا ئەو کەسەیە کە ئەستێرەکانی بۆ گێڕاون بە مایەی ڕێنماییتان لە تاریکاییەکانی وشکانییو دەریادا.

هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان لێیان هەڵهێنجاوە کە: ئەرکی ئەستێرەکان، یاخود حیکمەتی دروستکرانی ئەستێرەکان، هەر ئەوەیە لەگەڵ دوو حیکمەتی دیکەش دا، کە خوای باڵادەستو زاڵ لە قورئاندا بە ڕۆشنی باسی کردوون:

١/ یەکیان ئەوەیە کە ئەستێرەکان مایەی ڕێ دەرکردنی مرۆڤەکانن لە وشکانییو دەریادا: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهۡتَدُواْ بِهَا فِى ظُلُمَـٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ.. ﴾.

٢/ ئەوەیە کە خوا دەفەرموێ: ئەستێرەکانمان کردوون بە مایەی ڕازاندنەوەی ئاسمانی یەکەم: ﴿ وَلَقَدۡ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَـٰبِيحَ ...﴿٥﴾ ﴾الملك، واتە: وە ئاسمانی نزیك ئێوەمان بە چرایەکان ڕازاندۆتەوە، کە مەبەست پێیان ئەستێرەکانن.

٣/ سێیەم ئەوە کە خوا دەفەرمویْ: ئەستێرەکانمان گێڕاون بە مایەی تیرباران کردنو بەردباران کردنی شەیتانەکان: ﴿... وَجَعَلْنَاهَا رُجُومًا لِّلشَّيَاطِينِ وَأَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابَ السَّعِيرِ ۝٥﴾ الملك، بۆ وێنە (إبن كثير) لە تەفسیری ئەم ئایەتانەدا ـ واتە ئایەتەکانی سوورەتی (الأنعام)دا ـ دەڵێ: (مَنِ اعْتَقَدَ فِي هَذِهِ النُّجُوم غير ثَلاَث فَقَدْ أَخْطَأَ وَكَذَب عَلَى اللهِ: أَنَّ اللهَ جَعَلَها زينةً للسَّمَاء، وَرُجُومَاً للشَّيَاطِين، وَيُهْتَدى بها فِي ظُلُمَاتِ البَرِّ وَالبَحْرِ)[1]، واتە: هەر کەسێك یەکێك جگە لەو سێ شتانە پاڵ بداتە لای ئەستێرەکان، ئەوە بەهەڵەدا چووە، وە درۆشی بە ناوی خوای پاکەوە کردوە:

یەکەم: خوا ئەستێرەکانی گێڕاوە بە مایەی جوانی بۆ ئاسمانی یەکەم.

دووەم: وە کردوونی بە مایەی بەرد بارانکردنی شەیتانەکان، کە دەیانەویْ گویْ لە قسەی فریشتان بگرن.

سێیەم: وە کە بەهۆی ئەستێرەکانەوە، لە تاریکاییەکانیی وشکانییو دەریادا، ڕێ دەدۆزنەوە.

بەلاَم من دەڵێم: بێگومان ئەوە وا نیە، چونکە خوا ﷻ دەفەرمویْ: یەکێك لە ئەرکی ئەستێرەکان، یاخود لە حیکمەتی دروستکرانیان، ئەوەیە کە ڕێیان پێ دەدۆزنەوە، وە حیکمەتێکی دیکەیان، ئەوەیە کە مایەی ڕازانەوەن بۆ ئاسمانی یەکەم، وە یەکی دیکە لە حیکمەتەکانیان، ئەوەیە کە هۆی بەرد بارانکردنی شەیتانەکانن.

بەلاَم خوا نەیفەرمووە: حیکمەتی دروستکرانی ئەستێرەکان هەر ئەوانەن! بەڵکو سێ لە حیکمەتەکانیان ئەوانەن، بەلاَم کورتی هەڵنەهێناون کە بفەرمویْ: هیچ حیکمەتێکی دیکەیان تێدا نیە! بۆیە ئەو ئەنجامگیرییەی هەندیْ لە توێژەرەوانی قورئان ـ لە نێویان دا (إبن كثير) ـ لە جێی خۆیدا نیە، چونکە خوا ﷻ بە شێوازێکی کورت هەڵهێنان (أسلوب الحصر) نەیفەرمووە:

---

١) المصباح المنير: ص٤٣٦.

ئەستێرەكان تەنیا بۆ ئەو سێ مەبەستانەن، بەڵكو دەفەرموێ: ئەو سێ حیكمەتەو ئەو سێ سوودەیان لێ وەردەگیرێن، بەلاّم نەیفەرمووە: سوودی دیكەیان لێ وەرناگیرێن.

ئنجا ئێستا بۆ زانایان دەركەوتوە كە ئەستێرەكان بەشێكن لە مەنظوومەیەكی زۆر گەورە، وە پەیوەندییان بە ژیانی ئێمەوە هەیە، وە ئەو زەوییەی ئێمە، یەكێكە لە نۆ خڕۆكە كە بە دەوری خۆردا دەخولێنەوە، وە خۆری ئێمەش ئەستێرەیەكە لە سەد ملیار (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ئەستێرە لە كەهكەشانی كاكێشاندا، وە وەك زانایان دەڵێن: مەزەننە دەكرێ سەد ملیار كەهكەشانی وەك ئەو كاكێشانەی ئێمە تا ئێستا دۆزراونەوە كەواش پێدەچێ ئەوانە هەموویان لە سنووری ئاسمانی یەكەمدا بن، چونكە خوا ﷻ بە ڕاشكاویی دەفەرموێ:

﴿وَلَقَدْ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ ﴿٥﴾﴾ الملك، واتە: ئاسمانی نیزیكمان بە چرایان ڕازاندۆتەوە، چونكە (دنیا) (مؤنث)ی (أدنی)یە، (أدنی)ش واتە: (أقرب)، یانی: نیزیكترین ئاسمان.

ئنجا بەو پێیە بێ: شەش ئاسمانی دیكە لە سەرووی ئەو ئاسمانەوە هەن، كە بە ئەستێران ڕازاوەتەوە، ئنجا ئەو ئاسمانی یەكەمەش كە بە ئەستێران ڕازاوەتەوە، زانایان دەڵێن: سەد ملیار گەلە ئەستێرە، واتە: كەهكەشانی تێدایە، لە هەر كەهكەشانێكدا دەوری سەد ملیار ئەستێرە هەیە، {سەد ملیار، واتە: یەكێك دابنێ یازدە سفری لە پێشەوە بێ، ملیارێك نۆ سفری هەیە، سەدەكەش دوو (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠)}، وە ئەوەندە كەهكەشانەش بە ژمارەی ئەستێرەكانی هەر كەهكەشانێك، لە سنووری ئاسمانی یەكەمدا، هەن، كە بە زاراوەی زانایان دەڵێن: (كَون) بوونەوەر، بەلاّم لەڕاستییدا ئەوە هەمووی لە سنووری ئاسمانی یەكەم دایە.

ئنجا لە سەرووی ئەوەشەوە، شەش ئاسمانی دیكە هەن، كەواتە: ئەوە كە زانایان وایان هەڵهێنجاوە: تەنیا ئەو سێ حیكمەتە هەن بۆ ئەستێرەكان، وەك گوتم: ئەنجامگیرییەكی ناڕاستە.

ئنجا وەك ئەنجامگیریی دەربارەی ئەوە کە ئەستێرەکان مانای ڕێنماین، دەفەرموێ: ﴿ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْأَيَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴾، بێگومان ئایەتەکانی خۆمانمان ڕۆنکردوونەوە، بۆ کۆمەڵێك کە بزانن.

واتە: ئینسان ئەگەر زانیاریی نەبێ، لە حیکمەتو نهێنییەکانی ئەستێرەکانو کەهکەشانەکان، تێ ناگات، ئەوەش ئاماژەیە بەوە کە: هەوڵبدەن زانیاریی پەیدا بکەن، زانیاریی گەردووناسییو، زانیاریی بەگشتی بۆئەوەی کە لە ئایەتەکانی خوا کە ڕوونیکردوونەوە، دەربارەی دروستکراوەکانی، بەتایبەت ئەستێرەکان، تێبگەن، چونکە بەبێ زانیاریی لە دروستکراوەکانی خوا شارەزا نابین.

مەسەلەی چوارەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْأَيَٰتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ ﴾، دیارە وەك لە دەرسەکانی پێشوودا گوتمان لەم پێنج ئایەتەدا خوا ﷻ شازدە (١٦) دیمەنی خستوونە بەرچاو، وەك بەڵگە لەسەر پەروەردگارێتییو بەدیهێنەرایەتییو خاوەندارێتیی خۆی، بۆ بوونەوەر.

جا ئەوەی ئایەتی پێشوو دیمەنی نۆیەم بوو، ئەمەشیان دیمەنی دەیەمە:

دیمەنی ١٠ : کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ ﴾، وە خوا ئێوەی لە یەك نەفس پێگەیاندوەو هەمووتانی لە یەك نەفس وەدیهێناوە، ﴿ فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ ﴾، هەندێکتان نیشتەجێو، هەندێکیان بە شێوەی کاتیی دانراون، ﴿ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْأَيَٰتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ ﴾، بێگومان ئایەتەکانی خۆمانمان ڕوونکردوونەوە بۆ کۆمەڵێك کە تێبگەن، لەوێ دەفەرموێ: ﴿ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴾، لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْأَيَٰتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ ﴾، دوایش دەفەرموێ: ﴿ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴾، ئەوە هەمووی حیکمەتی خۆی هەیە، دوایی باسی دەکەین.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ ﴾، وە خوا ئێوەی پێگەیاندوە لە یەك نەفس، تەماشا بکەن! ئێستا دەوری حەوت ملیار بەشەر لەسەر زەوی هەیە، واتە: حەوت هەزارو ملیۆن (٧,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ئینسان لەسەر زەوی هەیەو، وە هەموویان لە یەك نەفسەوە هاتوون، ئەوەش حەقیقەتێکی زانستییو دان پێداهێنراوە، چونکە، بۆ وێنە: ئەم عێراقەی ئێمەی کە تێیدا دەژینو هەرێمی کوردستان بەشێکیەتی، لە کاتی دروستبوونی عێراقدا چەند ملیۆنێك بووە، ئێستا دەوری سیو پێنج ملیۆنە، کاتی خۆی لە پەنجاکاندا حەوت ملیۆن بووە، لە پێش پەنجایەکاندا لەوانەیە نیوەی ئەو حەوت ملیۆنە بووبێ.

دیارە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، بەو شێوەیە، کورد کە ئێستا دەوری چل، پەنجا ملیۆنە، لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا، دیارە پێشتر زۆر کەمتر بووە، هەروەها گەلی عەرەبو هەموو گەلەکانی دیکەش بە هەمان شێوە.

کەواتە: بەشەر ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکات، وە زانایان پێشبینیی دەکەن: ئێستا کە ساڵی (٢٠١٣)یە، هەتا ساڵی (٢٠٥٠) بەشەر ئێستا چەندن، دوو قات، یان سێ قات ببنەوە، یانی: ئێستا دەوری حەوت ملیارە، ببن بە (١٤) ملیار، یاخود ببن بە دەوری (٢٠) ملیار بەشەر.

ئنجا مەبەستم ئەوە بوو کە خوا ﷻ سەرنجمان ڕادەکێشیو دەفەرموێ: هەموو ئەوانەی کە ئێستا هەن، لە یەك نەفس بەدیهێنراون، ئەویش ئادەمە ﷺ، وە حەووای هاوسەریشی، هەر لەو جۆرە نەفسە دروست بووە، بەڵام خوای پەروەردگار بە تەفصیلْ بۆی باسی چۆنیەتی دروستکردنی حەووا نەکردووین، وەك لە دەرسەکانی ڕابردووشدا گوتوومانە، ئەوەش کە دەڵێن: حەووا لە پەراسووی چەپی ئادەم دروست بووە، ئەوە لە تەورات وەرگیراوەو، لە قورئاندا باسی ئەوە نەکراوە، تەنیا باسی ئەوە کراوە، کە خوا هەر لەو نەفسە هاوسەرەکەشی دروست کرد.

بۆیەش خوای بەدیهێنەر وایفەرمووە، چونکە پێش هاتنی ئیسلام، دەربارەی ئەوە کە: ئایا ئافرەتیش لە جۆری نەفسی پیاوە، یان نا؟ مشتومڕ هەبووە، هەندێکیان گوتوویانە: نەخێر، ئافرەت نەفسێکی ئاژەڵیی هەیە، بەڵام قورئان

ئـەو حەقیقەتـەی ڕاگەیـاند، کـە: نەخێـر، پیـاوو ئـافرەت هەردووکـیان خاوەنـی یـەك جـۆرە سروشـتن، کـە نەفسی بەشـەرە، دیـارە ئێمـە پێشتـر لـە تەفسیـری سـوورەتی (النسـاء) [1]دا، بە تەفصـیلّ باسـمان کـردوە، حەدیسەکانیشـمان هێنـاوە، کە ئەوە ڕاسـت نیە: حـەووا لە ئـادەم جیـا بوویێتـەوە، وەك لـە تەوراتـدا هـاتوە، کـە دەڵـێ: حـەووا لـە پەراسـووی چـەپی ئـادەم دروسـت بـووە، وە لـەوێ دەقەکـەی تەوراتیشم هێناوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیـە، کـە لـە هـەمان جـۆرە نەفـس دروسـت کـراوە، چونکـە کـە دەفـەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾ ﴾ النسـاء، (مِنْهَا) ڕاناوەکـەی دەچـێتەوە بـۆ (نفـس واحـدة)، کـە ڕووحەکەیـەو، ڕووحـیش بـەش (تجزئـة) نـاکرێ، ڕاناوەکـە ناچێتـەوە بـۆ بەدەنەکـە، ئەگـەرنا دەیفـەرموو: (وَخَلَقَ مِنْه) واتـە: ئـادەم عليه السلام وەك جەسـتە، بـەڵام فەرموویـەتی: نـەفس، ئەویـش (مؤنث)ە، وە نەفسـیش کـە هـەر ڕووحـە، وەك مـاددە نیـە بـەش بـەش بکرێ.

بەڵـگەیەکی دیکـەش ئـەوەیـە کـە خـوا سبحانه وتعالى لـە سـوورەتی (الـروم)دا دەفـەرموێ: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓاْ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ﴿٢١﴾ ﴾، واتـە: وە لـە نیشـانەکانی خـوایە کـە لـە نەفسـی خۆتـان، هاوسـەرەکانتانی دروسـت کـردوون، واتـە: لـە هـەمان جـۆرە نـەفس، بەنسبەت ئـادەمو حەوواشـەوە، بە هەمان شـێوە، ئنجا ئەگەر وابێ نەفسی حـەووا لـە ئـادەم جیابوویێتـەوە، دەبـێ هـەموو ژنێکیش لـە نەفسـی مێردەکـەی خـۆی جیابوویێتەوە، بە پێی ئـەم ئایـەتە!!

وە خـوا سبحانه وتعالى بـە دوو وشـە پێناسـەی بەشـەرەکان دەکـات، دەفـەرموێ: ﴿ فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ ﴾، ﴿ فَمُسْتَقَرٌّ ﴾ یـانی: نیشـتەجـێ، نیشتەجێکـراو، ﴿ وَمُسْتَوْدَعٌ ﴾ واتـە:

---

١) بەرگی سێیەمی ئەم تەفسیرە.

هەڵگیراو، یاخود: دانراو، (إستقر) واتە: نیشتەجێ بوو، سەقامگیر بوو، وە (استودِعَ) واتە: سپێردرا، دانرا بە شێوەیەکی کاتیی، یاخود بە شێوەیەکی وەك ئەمانەتو سپاردە.

هەڵبەتە خوێنراویشەتەوە (فَمُسْتَقِرٌّ) واتە: نیشتەجێ، یانی: خۆی نیشتەجێیە، نەك نیشتەجێکراو بێ، (مُسْتَقَرٌّ) واتە: نیشتەجێکراو، لەسەر صیغەی (مفعول)، بەڵام (مُسْتَقِرٌّ) لەسەر صیغەی (فاعل)ە، واتە: خۆی نیشتەجێ بووە، (مُسْتَوْدَع)یش هەر بە یەك شێوە خوێندراوەتەوە واتە: هەڵگیراو.

زانایان هەندێکیان گوتوویانە: مەبەست لەوە کە دەفەرموێ: ﴿فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ﴾ واتە: هەرکامێکتان حاڵەتی ئیستیقرارو نیشتەجێکراو، بە خۆوە دەبینێ، وە حاڵەتی دانراوو هەڵگیراو، بە شێوەی کاتیی.

ئنجا ئایا مەبەست لە حاڵەتی نیشتەجێکراوو هەڵگیراو چیو چین ؟

هەندێ لە زانایان دەڵێن: ﴿فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ﴾ (مَصْدَرَانِ: أَي فَلَكُم: إِستقرَار وإِستيداَع، أَو إِسما مَكَانٍ: أَي مَوضع استقرارٍ واستيداع)، یانی ﴿فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ﴾ هەردووکیان چاوگن، واتە: ئێوە هەردوو حاڵەتی نیشتەجێکرانو هەڵگیرانتان، بەخۆوە بینیوون، یاخود ناوی شوێنن، واتە: شوێنی تێدا نیشتەجێکرانو، شوێنی هەڵگیرانتان بۆ دانراوە.

ئنجا ئایا مەبەست لەوانە چییە؟

یەکەم: هەندێکیان گوتوویانە:

أ /١) ﴿فَمُسْتَقَرٌّ﴾ حاڵەتی ئینسانە لە کاتێکدا کە لە ڕەحمی دایکی دایە، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ ۝٥﴾ الحج، واتە: وە لە منداڵدانەکاندا هەر چییەك کە بمانەوێ، نیشتەجێ دەکەین.

کەواتە: ئینسان لە منداڵدانی دایکیدا، حاڵەتی نیشتەجێکران بەخۆوە دەبینێ.

أ/ ٢) هەروەها نیشتەجێبوونمان لەسەر زەویی هەیە، وەك خوای کاربەجێ دەفەرموێ: ﴿وَلَكُمْ فِي ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٣٦﴾﴾ البقرة، وە بۆ ئێوە لەسەر زەویی هەیە، شوێنی تێدا نیشتەجێبوون، وە شوێنی تێدا گوزەراندنو ڕابواردن، تاکو کاتێکی دیارییکراو.

ب/ حاڵەتی (إستیداع) واتە: هەڵگیرانو دانران بە شێوەی کاتیی، زانایان گوتوویانە:

ب/ ١) (إستيداعٌ: في الأصلاب) هەڵگیرانە لە پشتان دا، ئینسان پێش ئەوەی ببێتە (نُطْفَة)و بچێتە منداڵدانی دایکی، لە پشتی باوی دایە، بە شێوەی تۆو (مَنِي)ە، هەروەك بە شێوەی (بویضة) هێلکۆڵە لە سینگی دایکیدا هەیە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ مِمَّ خُلِقَ ﴿٥﴾ خُلِقَ مِن مَّآءٍ دَافِقٍ ﴿٦﴾ يَخْرُجُ مِنۢ بَيْنِ ٱلصُّلْبِ وَٱلتَّرَآئِبِ ﴿٧﴾﴾ الطارق، واتە: ئینسان با سەرنج بدا، لەچی دروست کراوە؟ لە ئاوێکی دەرقوڵیو {(دافق) ئەوەیە کە: شتێك دەربقوڵێ، وە ئەوە تەعبیرە لەو حاڵەتەی کە پیاوو ئافرەت پێکدەگەن}، ئنجا ئایا ئەو ئاوە لە کوێوە دێ؟ لە پشتو لە سنگەوە دێ، (الصُّلْب) واتە: ئێسقانی پشت (التَّرَائِب) ئێسقانی سنگ، کە کارگەی دروستبوونی ئاوی پیاو، لە پشتی دایە، وە کارگەی دروستبوونی ئاوی ئافرەت، لە سینگی دایە، کەواتە: بە شێوەی تۆو هەن لە پشتی بابتاندا، وە لە سینگی دایکیشتاندا.

ب/ ٢) وە واتایەکی دیکەی (مُسْتَوْدَع) واتە: ئێوە لەسەر زەوی هەن، لەسەر پشتی زەوی هەڵدەگیرێن.

<u>دووەم</u>: وە هەندێکیشیان گوتوویانە :

أ / (مُسْتَقَرٌّ) ئەوەیە کە لەسەر زەوی بێ.

ب/ (مُسْتَوْدَعٌ)یش ئەوەیە كە خرابێتە گۆڕەوە، چونكە ئەوەی كە لەسەر زەوییە، ئەوە دیارە نیشتەجێیە، بەڵام ئەوەی كە خراوەتە گۆڕەوە، بە شێوەیەكی وەدیعەو بە شێوەیەكی كاتیی خراوەتەوە گۆڕ، ئەگەرنا دوایی زیندوو دەبێتەوە.

سێیەم: (إبن عطیة) وەك (محمد الطاهر بن عاشور) لە تەفسیرەكەی خۆی (التحریر والتنویر)دا لێی وەردەگرێ، دەڵێ: (قَالَ ابْنُ عَطِيَّة: الَّذِي يَقْتَضِيهِ النَّظَرُ أَنَّ ابْنَ آدَمَ هُوَ مُسْتَوْدَعٌ فِي ظَهْرِ أَبِيهِ وَلَيْسَ بِمُسْتَقَرٍّ فِيهِ، لأَنَّهُ يَنْتَقِل لا محَالَة، ثُمَّ يَنْتَقِل إِلى الرَّحِمِ، ثُمَّ يَنْتَقِل إِلى الدُّنيا، ثُمَّ يَنْتَقِل إِلى القَبْرِ، ثُمَّ يَنْتَقِل إِلى الحَشْرِ، ثُمّ يَنْتَقِل إِلى الجَنَّةِ أَو النَّارِ، وَهُوَ فِي كُلِّ رُتْبَة بَيْنَ هَذَين الظرفين مُسْتَقِرٌّ بالإِضَافَة إِلى الَّتي قَبْلها، ومُسْتَودَعٌ بالإِضَافَة إِلى الَّتي بَعْدَهَا) [١]، واتە: ئەوەی كە تێفكرین دەیخوازێو عەقڵ دەیخوازێ، ئەوەیە كە وەچەی ئادەم (پیاو یان ئافرەت بێ) هەڵگیراوە لە پشتی باییدا، {بەڵام لە پشتی باییدا نیشتەجێ نیە بۆچی؟ چونكە لەوێ لە پشتی بابی دێتە خوار، ئنجا ئەوە هەر باسی پشتی بابی كردوە، بەڵام لەراستییدا (ترائب) یانی: سینگی دایكیش، ئاوی ئافرەت لە ئێسقانی سینگی دا دروست دەبێ، لەوێ نیشتەجێ نیە، بەڵكو بۆ ماوەیەكی كاتیی دانراوەو دوایی دەگوازێتەوە} چونكە دوایی لەوێ دەگوازێتەوە بەرەو مندالدان {ئەگەر خوای بەدیهێنەر بیەوێ ئەو (نطفة)یە دروست ببێ، كە مرۆڤی لێ دروست دەبێ، دیارە (نطفة)ش لە ئەنجامی پێكگەیشتنی (حیمن) یێكی نێو تۆو (مَنيِّ)ی پیاوو، هێلكۆڵە (بويضة) یەكی نێو تۆو (مَني)ی ئافرەتو پیتێنران (تلقيح)یان دا، دروست دەبێ}، دوایی دووبارە لەوێشەوە دەگوازرێتەوە بۆ دونیا (وەك كۆرپە لە دایك دەبێ)و دواییش دیسان لە دنیاش دەگوازرێتەوە بۆ نێو گۆڕ (ئەگەر گۆڕی بەنسیب بێ) دوایی لە حاڵەتی ژیاندا دەگوازرێتەوە بۆ حاڵەتی مردن، وە دوایی لە حاڵەتی مردنیشەوە دەگوازرێتەوە بۆ كاتی كۆكرانەوە (حشر) بۆ رۆژی دوایی، دوایی لە وێشەوە دەگوازرێتەوە یان بۆ بەهەشت (خوا بە نەسیبمان بكات)، یان بۆ ئاگری دۆزەخ (خوا پەنامان بدات)، وە مرۆڤ لە

---

١) ج٣، ص: ٣٧٩.

هەرکام لەو پلەو پێگـانەدا، لـە نێوان ئـەو دووانـە دایـە، بەنسبەت ئـەوەی کـە لـە پێشیـەوەیـە پێی دەگوترێ: نیشتەجێکـراو، وە بەنسبەت حاڵـەتی دواییـەوە پێـی دەگوترێ: سـپێرردراو.

ئنجا ئایا بۆچی خـوا ﷻ بۆئـەوەی پێشـێ، وەك ئەنجامگیـریی فـەرمووی: ﴿ قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾، بەڵام بۆ ئەمەیان دەفەرمویٚ: ﴿ قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَفۡقَهُونَ ﴿٩٨﴾ ﴾، چـونکە بەڕاسـتیی زانیـاریی هــەبوون بــە ئەسـتێرەکانو، خولگـەی ئەسـتێرەکانو گەلـە ئەسـتێرەکانو، چۆنیەتی سـوورانەوەو خولانــەوەیانو قـەبارەیانو، تیشکـەکەیانو، تەمـەنیان کـە هەنـدێك لـە ئەستێرەکان تیشکەکەیان دوای سەدان، بگرە هـەزاران سـاڵی تیشکیی، دەگاتـە ئێمـە، تیشکیـش لـە چرکـەیەکدا (٣٠٠,٠٠٠) کیلۆمەتـر دەبـڕێ.

پێنـاسـەی سـاڵی تیـشکیی

ئنجا ئەگـەر بتـەوێ بزانی سـاڵی تیشـکی چـەندە؟ دەققـەیــەك (٦٠) چرکەیــە (٦٠ X ٣٠٠,٠٠٠) مـاوە (مسـافة)ی بـڕاوی تیشکـت لـە خولەکێـك دا بـۆ دەردەکەوێ، دوایی ئەگەر بتـەوێ بزانـی لە سـەعاتێکدا چەنـدە؟ ئـەنجامی ئـەوەی کـە دەرچـووە، جارانـی (٦٠) بکـە، چونکـە سـەعاتێك (٦٠) خولـەکـە، ئـەو کـاتە مـاوە (مسـافة)ی بـڕاوی تیشکـت لـە سـەعاتێك دا بـۆ دەردەکـەوێ، ئنجا جـارانی (٢٤) بکـە، مـاوەی بـڕاوی تیشکـت لـە شــەوو ڕۆژێـك دا بـۆ دەردەکـەوێ، دوایـی جارانـی (٣٦٥) بکـە، ماوەی بـڕاوی تیشکت لە ساڵێکدا بۆ دەردەکەوێ، بەم شێوەیە:

٣٠٠,٠٠٠ X ٦٠ = ١٨,٠٠٠,٠٠٠ کـم لە مـاوەی خولەکێـك دا.

١٨,٠٠٠,٠٠٠ X ٦٠ = ١,٠٨٠,٠٠٠,٠٠٠ کـم لە مـاوەی سـەعاتێك دا.

١,٠٨٠,٠٠٠,٠٠٠ X ٢٤ = ٢,٥٩٢,٠٠٠,٠٠٠ کـم لە شـەوو ڕۆژێـك دا.

٢,٥٩٢,٠٠٠,٠٠٠ X ٣٦٥ = ٩٤٦,٠٨٠,٠٠٠,٠٠٠ کـم لە مـاوەی سـاڵێـك دا.

ئنجا ئەو ماوەیە کە تیشك لە ساڵێکدا دەیبڕێ، کە لە هەر چرکەیەکدا (٣٠٠,٠٠٠) کیلۆمەتر دەبڕێ، ئەستێرەی وا هەیە بە هەزار ساڵی تیشکیی، ئنجا تیشکەکەی دەگاتە ئێمە، واتە: ئەو تیشکەی ئێمە دەیبینین، هی هەزار ساڵ لەمەو پێشە، بەڵکو هی وا هەیە، هی دەیان هەزار ساڵ لەمەو پێشە، وە ڕەنگە ئەو ئەستێرەیە ئێستا هەر نەشمابێ، چونکە ئەستێرەکانیش تەمەنیان هەیە، پێدەگەن و، حاڵەتی گەنجییان هەیەو، حاڵەتی کامڵ بوونو، حاڵەتی پیربوونو، حاڵەتی لەبەیەکچوونیشیان هەیە، کە (تونێڵە ڕەشەکان) (الثقوبُ السَّوداء) قوتیان دەدەن، ئنجا مرۆڤ بەبێ زانیاریی سەری لە کاروباری ئەستێرەکانو کەهکەشانەکانو ئەو کەونو کائیناتە دەرناچێ.

ئەدی ئایا بۆچی دەربارەی دروستبوونی خۆمان دەفەرموێ: ﴿قَدْ فَصَّلْنَا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ﴾؟ چونکە زانیاریی بریتییە لەوەی کە یەکسەر شتێك بزانی، بەڵام (فقه)، بریتیە لەوەی شتێك بزانی بەهۆی شتێکەوە، بۆیە وشەی (علم) بۆ خوا بەکارهاتوە: ﴿وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿٢٩﴾﴾ البقرة، ﴿إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ ﴿١٣﴾﴾ الملك، بەڵام وشەی (فقه) بۆ خوا بەکارنەهاتوە، چونکە خوا ﷻ پێویستی بەوە نیە، شتێك بەهۆی شتێکەوە بزانێ، بەڵکو خوا ڕاستەوخۆ هەموو شتەکان، وەك خۆیان دەزانێ، بەڵام (فقه) بۆ ئێمە بەکارهاتوە، خوای پەروەردگار نەبوونی (فقه)ی بە سیفەتی زەم بۆ کافرەکان، بەکارهێناوە: ﴿بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَفْقَهُونَ ﴿١٣﴾﴾ الحشر، واتە: ئەوە بەهۆی ئەوەوە کە ئەوانە کۆمەڵێکن نافامن، تێناگەن، لە شتەکاندا وردنابنەوە، تاکو بەهۆی وردبوونەوە لە شتەکان، شتەکانی دیکەشیان بۆ دەربکەوێ.

مەسەلەی پێنجەم: کە دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ الَّذِي أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ نَبَاتَ كُلِّ شَيْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا وَمِنَ النَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ وَجَنَّاتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ

مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَٰبِهٍۗ ٱنظُرُوٓاْ إِلَىٰ ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثْمَرَ وَيَنْعِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكُمْ لَأٓيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٩٩﴾ ﴾، خوای میهرەبان لە ئایەتەکانی پێشی دا، دە (١٠) دیمەنو وێنەی پێشان داین، کە هەموویان بەڵگەن لەسەر بەدیهێنەرایەتییو، پەروەردگارێتیو، خاوەندارێتیی خوا، کە لە میانەی خستنەڕوویان دا، خوا ﷻ بەگشتی بە خەڵك بەتایبەتو، بە کافرو هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەفەرموێ، مادام خوا ﷻ تاکە بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەنە، کەواتە: هەر ئەویش بپەرستنو بەندایەتییش تەنیا بۆ وی بکەن، ئنجا خوا تەنیا لەم ئایەتە موبارەکەدا، شەش وێنەو دیمەنی سەرنج ڕاکێشمان دەخاتە بەرچاو، کە هەموویان پەروەردگارێتییو بەدیهێنەرایەتییو سیفەتە بەرزو بێ وێنەکانی خوای پەروەردگاریان تێدا دەدرەوشێنەوە:

دیمەنی ١١ : ئنجا خوای پەنهانزان، دیمەنی یەکەم لەم ئایەتداو یازدەیەمین: لەو پێنج ئایەتەدا دەخاتە ڕوو، دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَىْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا ﴾، واتە: وە خوا ئەو کەسەیە کە لە ئاسمانەوە ئاوی دابەزاندوە، بۆچی نافەرموێ: بارانی دابەزاندوە؟ ئەگەر فەرمووبای: (وَهُوَ الَّذِي أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَطَرًا) کە لە هەموو قورئاندا، مەگەر پێویست بکات خوا باسی باران، یان باسی تەزرە بکات، ئەگەرنا هەر دەفەرموێ: (مَاءً) چونکە کە دەفەرموێ: (مَاءا) ئاو: بارانیش دەگرێتەوەو، تەرزەش دەگرێتەوەو، بەفریش دەگرێتەوە، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً ﴾، ئەوانەی کە لە قورئان لە بیانوون لە پشت پەردەی ڕەشەوە تەماشای دەکەن، وە شارەزای زمانی عەرەبییش نین، دەڵێن: ئێستا زانیاریی دەریخستوە کە باران، یاخود تەرزەو بەفر لە ئاسمانێ نایەنە خوار، بەڵکو لە هەور دێنە خوار، بەڵام لە قورئاندا دەڵێ: ﴿ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً ﴾، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە خەڵك وایزانیوە، باران و بەفرو تەرزە لە ئاسمانێ دێنە خوارێ، قورئانیش بۆیە وایگوتوە !

دەڵێین: لەڕاستییدا ئەوە هەم نەشارەزاییە لە قورئانو، هەم نە شارەزاییە لە زمانی عەرەبییدا، چونکە: وشەی ﴿ ٱلسَّمَآءِ ﴾، لە زمانی عەرەبییدا بەلای کەمەوە، چوار واتای هەن:

چەمكو واتای وشەی (سماء)

١/ بە مانای سەقفی سەربان دێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ مَن كَانَ يَظُنُّ أَن لَّن يَنصُرَهُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْأَخِرَةِ فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى ٱلسَّمَآءِ ثُمَّ لْيَقْطَعْ فَلْيَنظُرْ هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُۥ مَا يَغِيظُ ﴿١٥﴾ ﴾ الحج، واتە: هەر کەسێك کە پێی وایە خوا سەری ناخات لە دنیاو لە دوارۆژدا، با حەبلێك بە سەقفی خانووەکەیەوە بکات، دوایی ملی خۆی پێدا بکاتو خۆی بخنکێنێ، با بزانێ: داخۆ ئەو فێڵو تەگبیرەی کە دەیکات، مایەی ڕق هەڵسانو تووڕەییەکەی لا دەبات ؟! کەواتە (سَمَاء) بە مانای سەقفی خانوو دێ.

٢/ هەروەها (سَمَاء) بە مانای هەور (السَّحاب)یش دێ، وەك لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً ﴾، یانی: (مِنَ السَّحاب) واتە: لە هەور.

٣/ هەروەها هەر شتێك لە سەرووی خۆتەوە بێ، پێی دەگوترێ (سَمَاء)، وەك خوای پەروەردگار باسی باڵندان دەکاتو دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ يَرَوْا۟ إِلَى ٱلطَّيْرِ مُسَخَّرَٰتٍ فِي جَوِّ ٱلسَّمَآءِ مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا ٱللَّهُ ۗ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٧٩﴾ ﴾ النحل، واتە: ئایا تەماشای باڵندانیان نەکردوە، لە هەوای ئاسمان دا ڕامکراون، بەس خوا ڕایاندەگرێ... .

٤/ هەروەها (سَمَاء) بەو ئاسمانانەش دەگوترێ کە خوای پەروەردگار دروستی کردوون، کە وەك گوتمان: نازانین سنوورەکەیان تاکو کوێیە؟

كەواتــە لێــرەدا كــە دەفــەرموێ: ﴿أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً ﴾، مەبەســت پێــی هــەورە، یانــی: (مِنَ السَّحاب)، یــان مەبەســت پێــی: (ســەروو)یــە (سَمَاء) واتــە: ســـەروو (فـوق) یانـــی: خـــوا لـــە ســەرووتـــانەوە، ئـــاوی بـــۆ ناردوونــە خـــوار، ﴿فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَىْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا ﴾، ئنجا ڕووەكی هەموو شتێكمان (واتە: ڕووەكی هەموو شـتێك كە بڕوێ لە دانەوێڵـەو ســەوزەو میــوە) پــێ ڕوانــدوە، چەقەرەیەكــی لــێ دەردێنیــن، (خضر) یـانی (أخضر) واتــە: چەقەرەیەكی سەوز، ئەو چەقەرەیەی كە دەیبینین.

ئنجا ئەگــەر ئینسـان بیهێنێتـە بەرچاوی خۆی: خوا ئاو دەنێـرێ بـۆ زەوی، بەشێوەی بارانو بـەفرو تـەرزە، تـۆ تەماشـا بكـە ! چـەند پـنج ؟ چـەند گیـا ؟ چەنـد ســەوزایی دەڕوێن ؟ ســەوزایی، چ وەك گـیاو گــوڵ بــێ، چ وەك دانەوێڵــە بـێ، چ وەك دارو درەخت بـێ، هەرچی كە دەڕوێو خوا ﷻ وایـداناوە: بـڕوێ كە لەســەر زەوی نەبــێ لە هیــچ شوێنێكی دیكە: نـە مـانگ ، نـە مـەریخ، نـە هیــچ شـوێنی دیكە، تا ئێستا نەدۆزراوەتـەوە، شــت بـڕوێ، چونكـە خـۆ ئـەو ڕووانــە، هەروا گاڵتـە نیـە ! هەم گڵەكە مەرجی خۆی هەیــەو، هــەم ئـاوی پێویســتەو، هـــەم هــەوای پێویستەو، هەم تیشـكی خـۆری پێویســـتە، كۆمەڵێــك هۆكــاری پێویســتـن، دیـارە ئەوە زانـایـانی ڕووەكـناسو زانسـتیی ڕووەكناسیی، ئێســتا زۆر شـتی گرنـگ لەوبـوارەدا بـاس دەكـەن.

دیمەنی ١٢ : ئنجا خوای زاناو توانا، دیمەنی دووەم لەم ئایەتداو دوازدەیەمین لــەم دەرســەدا، دەخـاتە ڕووو دەفــەرموێ: ﴿نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا ﴾، لێــرەدا خـــوا ﷻ باســی دانەوێڵــە دەكــات، لــەو چەكــەرە ســـەوزە كــە پێشــێ چەكەرەیەكـە، دوایی ئەو چەكـەرەیەش ـ وەك پێشـتــریش باسـكـرد ـ دەبێتـە دووبەش، ئەو دەنكە تۆوە، ئنجا: گەنمە، نیسكە، نۆكـە، جۆیــە، هەرزنـە، برنجـە، یاخود ئـەو نێوكە، ئنجا: نێوكی خورمایە، قەیسـی یـە، خۆخـە، هـەڵووژەیــە، چ دەنـك (حَبّ) بێ، چ نێوك (نواة) بـێ، وەك پێشـتـر باسـمان كرد: یەكسـەر دەبێتـە دوو بەش: بەشێكی بە زەوی دا ڕۆ دەچێو، بەشێكی بەرەو سەرێ هەڵدەچێ، ئـەو

بەشەی بەرەو زەوی ڕۆ دەچێ: ڕەگو ڕیشەیەو، ئەوەی بەرەو سەرێ هەڵدەچێ: چەکەرەو قەدو لقو پۆپو گەڵایە! یانی: پێچەوانەی یەکدین، ئەو دەنکە تۆوە، یاخود ئەو نێوکە دەبێتە دوو بەش کە دەفلیقێ، وەك کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿اللَّهمَّ ربَّ السَّمَاوَاتِ وَرَبَّ الأَرْضِ، وَرَبَّ العَرْشِ العَظِيمِ، وَرَبَّ كُلِّ شَيْءٍ، فَالِقَ الحَبِّ وَالنَّوَى...﴾[1]، واتە: ئەی خوایە! پەروەردگاری ئاسمانەکانو پەروەردگاری زەمین، وە خاوەنی بارەگای مەزن، وە پەروەردگاری هەموو شتێك، فلیقێنەری دەنکی دانەوێڵەکانو، نێوکی درەختەکان.

کە دەفەرموێ: ﴿نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا﴾، (حَبّ) دانەوێڵە، ناوی جینسە تاکەکەی (حبّة)یە، واتە: دەنك، تۆو، (حبّة)ش بە (حبوب) کۆدەکرێتەوەو (حبّ)یش ناوی جینسەکەیەتی، ﴿نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا﴾، چەند دەنکی سواری یەکدی بوو، لە پاڵ یەکدابوو، کەڵەکە بوو: گوڵە جۆو، گوڵە گەنمو، گوڵە هەرزنو، گوڵە گەنمەشامیی، ئەگەر تەماشایان بکەی دەبینی: دەنکەکانیان ڕیز دەبنو هەڵدەچنرێن (مُّتَرَاكِبًا) ئەوەیە واتە: (يَرْكَبُ بَعْضُهُ بَعْضاً) هەندێکی لەسەر هەندێکی ڕادەوەستێ، ئەو دیمەنە ئینسان تاکو سەرنجی لێ بدات، هەر کەمە، ئنجا سەیر ئەوەیە کە ئەو گوڵە دانەوێڵانە: گوڵە مەرەزە، گوڵە هەرزنە، گوڵە گەنم، گوڵە جۆ، داسووشیان هەیە حیکمەتی هەبوونی (داسوو)ش ئەوەیە کە تەیرو تواڵ نەیخوات، خوای کاربەجێ لەوێیدا شاردۆتەوە ! با ئینسان هەر تەماشای ئەوە بکات ! چەندە جوانو ڕێك ڕیز دەبن ! ئنجا جاری وایە یەك دەنك دەچێنی، حەوت بنکان دەردەکات، هەر بنکەش چەند گوڵێك دەردەکاتو، هەر گوڵەش چەند دەنکێکی تێدایە، وەك خوای بەخشەر دەفەرموێ: ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِي

---

١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ بِرقم: (٧٠٦٤)، وَأَحْمَد بِرقم: (٨٩٤٧)، وَأَبُو دَاوُد بِرقم: (٥٠٥١)، وَالتِّرمِذِيُّ بِرقم: (٣٤٨١)، وَقَالَ: حَسَنٌ غَرِيب، وَإِبْنُ مَاجَهْ بِرقم: (٣٨٣١)، وَإِبْنُ حِبَّانَ بِرقم: (٩٦٦)، وَإِبْنُ أَبِي شَيْبَة بِرقم: (٢٩٣٤٣).

سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتۡ سَبۡعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنۢبُلَةٖ مِّاْئَةُ حَبَّةٖۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦١﴾ ﴾البقرة، واتە: وێنەی ئەوانەی کە سامانەکانیان لەپێناو خوادا خەرج دەکەن، وەك وێنەی دەنکێك وایە، کە حەوت گوڵان دەڕوێنێ، هەر گوڵێك سەد دەنکی تێدایە، وە خوا بۆ هەرکەسێك بیەوێ، پاداشت چەند قات دەکاتەوە، وە خوا سیفەت فراوانی زانایە.

وە هەندێك لە زانایان دەڵێن: جأری وایە دانەوێڵە یەك بە حەوت سەد دەبڕێ، بەهەر حاڵ شتێکی زۆر سەیرە، ئەو هەموو بەرەکەتە، خوای بەخشەر دەیخاتە ئەو دەنکە تۆیەوە، کە بۆخۆی لەبەین دەچێ، بەڵام دوایی دەبێتە دنیایەك دەنکی دیکە.

دیمەنی ١٣ : ئنجا خوا لە دیمەنی سێیەمی ئەم ئایەتەو، سێزدەیەم لە ڕیزبەندیی کۆی پێنج ئایەتەکەی ئەم دەرسەدا، دێتە سەر باسی درەختو میوەجات، دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّخۡلِ مِن طَلۡعِهَا قِنۡوَانٞ دَانِيَةٞ ﴾، وە لە دارخورما لە کیفەکەیدا هێشووی شۆڕبووەوە هەیە، (طلع) ئێمە لە کوردییدا تەرجەمەی ئەو وشەیەمان نیە، چونکە لە کوردستان دا دارخورما نەبووە، مەگەر لەمەودوا بۆ وشەی (طلع) وشەیەکی کوردیی داتاشین، من هەر بە (هەگبە)و بە (کیف)م لێکداوەتەوە، چونکە (طلع) بریتیە لەو توورەگەو کیفەی کە هێشووە خورمایەکە دوایی لێی دێتە دەرێ، ئنجا پێش ئەوەی لێی بێتەدەرێ، پێی دەڵێن: (طلع)، دوایی دەیقڵێشێنێو لێی دێتەدەرێ، سەرەتا هێشووە خورمایەکی بچووکە، دوایی کە لێی دێتەدەرێو گەورە دەبێ، ئەو کیفە پێی دەگوترێ: (طلع)، خوا دەفەرموێ: وە لە دارخورما لە (طلع)ەکەیدا، هێشوو (قنوان) هەن، (قنوان)یش کۆی (قنو)یە، واتە: هێشوو، هێشووی خورما، وە (دانية) واتە: (قريبة)، نزیك، یانی: ئەو هێشووە خورمایانە، دوایی وردە وردە شۆڕدەبنەوە، لەبەرئەوەی قورسن، چەند سەیرو چەند جێی سەرنجە ! ئەو دەنکە دەڕوێو ئەو نەمامە خورمایە سەوز دەبێو، بەرز

دەبێتەوە ! ئنجا ئەو خورما تەڕو تازەیە، بەتایبەتیی بە فەریکیی (رطب)یی چەند خۆشە ! پڕە لە شیلەو تاموچێژ، کە لەو زەوییە سەختو پتەووەوە دێ‌و، بەو بنکە دارخورمایە ڕەقەدا دەڕواتو، سەرەنجام خورمایەکان پێکدێنێ[1] !.

دیمەنی ١٤ : ئنجا خوا ﷻ دیمەنی چواردەمین لەم ئایەتەداو، چواردەمین لەم دەرسەدا پێشان دەداتو، دەفەرموێ: ﴿ وَجَنَّٰتٍ مِّنۡ أَعۡنَابٍ ﴾ وە چەند باغێك لە ترێیەکان: (أعناب) کۆی (عِنَب)ە، واتە: ترێ، (جنات) کۆی (جنة)یە، واتە: چەند باغێك لە ترێ، ئەوانەی کە ڕەزەوانن دەزانن، چەندان جۆرە ترێ هەن: ترێی سپی هەیە، ترێی سوور هەیە، ترێی ڕەش هەیە، هەرکام لە ترێی سپی‌و سوورو ڕەش، چەندان جۆریان هەن، هەروەها ترێی بێ دەنكو نێوك هەیە، ترێی کشمیشیی هەیە، هەرکامێکیان تاموچێژێکی تایبەتی هەیە.

بێگومان (ترێ)ش وەك خورما، دەیان‌و بگرە سەدان جۆری هەیە.

دیمەنی ١٥ : ئنجا خوا دیمەنی پێنجەم لەم ئایەتەداو پازدەیەم ـ لەم دەرسەدا ـ پێشان دەداو دەفەرموێ: ﴿ وَٱلزَّيۡتُونَ ﴾، دیارە (زیتون)یش بەهەمان شێوە ئێمە هەر دووك جۆر زەیتوون دەبینین، یاخود سێ جۆر زەیتوونی سەوز، زەیتوونی ڕەش، زەیتوونی قاوەیی، هەرچەندە زەیتوونی ڕەشیش هەر زەیتوونی سەوزو قاوەیی یەو ڕەنگەکەیان گۆڕیوە، بەلاّم بەهەر حالّ دیارە لەویش چەندان جۆر هەن، کە هەر جۆرەی کۆمەڵێك ئیمتازو جیاکەرەوەی هەن، لەگەلّ ئەوانی دیکە، یانی: خوای پەروەردگار کە ئەو شتانەی جۆراو جۆر کردوون، ئەوە نیە بەخۆڕایی بێ، جۆرەکانی خورما هەر جۆرەی ئیمتیازێکی هەیە بەسەر ئەویدیکەدا، هەروەها جۆرەکانی ترێ‌و مێوەکانی دیکەش هەروا.

دیمەنی ١٦ : ئنجا خوا ﷻ دیمەنی شەشەم لەم ئایەتەداو شازدەیەم‌و کۆتایی لەم دەرسەدا کە ـ پێنج ئایەت دەگرێتە خۆی ـ دەخاتەڕوو: ﴿ وَٱلرُّمَّانَ

---

١) شارەزایانی (خورما) دەڵێن: دەیان‌و بگرە سەدان جۆرە دارخورما هەن.

مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَٰبِهٍ ﴾، واتە: وە هەناریش وێکچوو (لە دیمەنو ڕواڵەت دا)و وێکنەچوو (لە تامو چێژدا). کوردستان ماشاء الله هەناری زۆرە، هەنارو ترێمان زۆرە، ئەگەر خورماو زەیتوونیشمان نەبێ، هەناری شیرین، هەناری ترش، هەناری مێخۆش، هەر لە مێخۆشیشدا چەندان جۆری هەیە، هەنار ئەگەر لێی وردبیەوە زۆر جێی سەرنجە!

خوای پەروەردگاریش بەگشتی بۆ سەرنجدانی خواردن، دەفەرموێ: ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ ﴿٢٤﴾ ﴾، واتە: با ئینسان تەماشای خواردنی خۆی بکات، هی وا هەیە ڕەنگە یەك بەرچنە هەنار بخوات، بەڵام لە هەنارێکیان ورد نەبێتەوە، کە خوا چۆنی دروست کردووە؟ بەڵام خوا دەفەرموێ: لێی ورد ببنەوە، دیارە خۆراکەکە، دەچێتە نێو گەدەت، بەڵام لێوردبوونەوەکە دەچێتە عەقڵو دڵت، تۆ کە خواردن دەخۆی، تەنیا هەقی گەدەت مەدە، هەقی عەقڵو دڵیشت بدە، لێشی وردبەوە، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ ﴿٢٤﴾ أَنَّا صَبَبْنَا ٱلْمَآءَ صَبًّا ﴿٢٥﴾ ثُمَّ شَقَقْنَا ٱلْأَرْضَ شَقًّا ﴿٢٦﴾ فَأَنۢبَتْنَا فِيهَا حَبًّا ﴿٢٧﴾ وَعِنَبًا وَقَضْبًا ﴿٢٨﴾ وَزَيْتُونًا وَنَخْلًا ﴿٢٩﴾ وَحَدَآئِقَ غُلْبًا ﴿٣٠﴾ وَفَٰكِهَةً وَأَبًّا ﴿٣١﴾ ﴾ عبس، دیارە هەنار لە دەرەوەی توێکڵێکی ڕەقی هەیە، کە ئەوە بەرگەکەیەتی، ئنجا دوایی توێکڵێکی تەنك هەیە بەسەر دەنکەکاندا هاتوە، ئنجا لە نێوان دەنکەکان دا گۆشت هەیەو خانە خانەی کردوە، ئنجا ئەو دەنکانە چەند بە جوانییو بە ڕێکیی ڕیزبوونو، خوای زاناو توانا، بەهۆی ئەو دیوارو پەردانەوە پاراستوونی، ئەگەرنا هەر تۆزێك گوشاریان بێتە سەرو بگوشرێن، دەفلیقێنەوەو دەبنە ئاو !

ئنجا خوا بۆ هەموو ئەوانە واتە: خورماو ترێو زەیتوونو هەنار... دەفەرموێ: ﴿ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَٰبِهٍ ﴾، وێکچوو وێك نەچوو، هەندێکیان وێکدەچن، وە هەندێکیشیان وێك ناچن، ئنجا چ مەبەست لە تام بێ، چ

مەبەست لە دیمەن بێ، یان: لە دیمەنو ڕواڵەت دا پێك دەچنو، لە تامو چێژدا پێك ناچن.

خوا سەرنجمان ڕادەکێشێو دەفەرموێ: ﴿ٱنظُرُوٓاْ إِلَىٰ ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ وَيَنۡعِهِۦٓ﴾

واتە: سەرنجی میوەکەی بدەن، کاتێك کە بەر دەردەکات (وَيَنۡعِهِۦٓ) وە کاتێك کە پێدەگات، یانی: سەرنجی سەرەتاو کۆتایی یەکەی بدەن، ئەو دوو حاڵەتە: کاتێك کە گوڵ دەردەکات، یاخود تازە دەبێتە بەرسیلە، یان هەر دەرختێك کە میوەکەی تازە بەردەگرێ، (وَيَنۡعِهِۦٓ) واتە: کاتێك پێدەگات، بەرسیلە، چەند تاڵو تفتە! دوایی کە دەبێتە ترێیەکی شیرینو خۆش، چەند فەرقیان هەیە، کێ بەو قۆناغانەدا تێی دەپەڕێنێ ؟

هەروەها خورما بەهەمان شێوە.

وە هەنجیر کە پێشێ پێی دەڵێن: باقوو، کە تازە پەیدا دەبێ ناسکە، بەڵام هیچ تامێکی وای نیە، دوایی دەبێتە هەنجیرێکی پڕ بە چەنگ، هەروەها هەنار...هتد هەرکام لەوانە سەرنجی سەرەتاییەکەیان بدەنو، سەرنجی کاتی پێگەیشتنیشیان بدەن، ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكُمۡ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ﴾، لە مانەتاندا نیشانە هەن، بۆ کۆمەڵێك کە ئیمان بێنن، یانی: چی؟ یانی:

١ - ئەگەر سەرنجی کەونو کائیناتو ئەستێرەکان بدەی، دەبێ زانیارییت هەبێ.

٢ - ئەگەر سەرنجی خۆت بدەی، دەبێ شارەزایی (فیقه)ت هەبێ.

٣ - بەڵام بۆ سەرنجدان لە میوەجاتو دانەوێڵە، هەر تۆزێك ئیمانت هەبێ، زۆرت پێویست بە زانیاریو شارەزایی ناکات، هەر ئیمانت هەبێ، دەزانی کە چ کەریمێکی کارساز، چ خوایەکی بەخشندە، ئەو سفرەیەی لەم سەرزەمینەدا بۆ ڕازاندوویەوە: بە دانەوێڵەوە، بە میوەجاتەوەو بە هەموو ئەو پێداویستییانەوە کە ژیانمان پێویستیی پێیانە.

مەسەلەی شەشەم: ئنجا دوای ئەوانە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ ۖ وَخَرَقُوا۟ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتٍۭ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ ﴾، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هاوبەشدانەرەکان: لە جندان هاوبەشیان بۆ خوا دانان، لە حاڵێك دا کە دروستیشی کردوون.

وەك لە شوێنێکی دیکەدا فەرموویەتی: ﴿ هَٰذَا خَلْقُ ٱللَّهِ فَأَرُونِى مَاذَا خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ﴿١١﴾ ﴾لقمان، واتە: ئەمە دروستکراوی خوایە، پێشانم بدەن ئەوانەی لەجیاتی خوا دەیانپەرستن، (یان لەگەڵ خوادا بەندایەتیان بۆ دەکەن) چییان دروست کردوە؟ پەرە مریشکێك، دەنکە لمێك، گوڵە گەنمێك، بەڵکو داسووی گوڵە گەنمێك، چییان دروست کردوە؟ هیچ !! بۆیە دەفەرموێ:

﴿ وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ ﴾، ئەوانە هاوبەشە جندەکانیان بۆ خوا بۆ پەیدا کردن، لە حاڵێك دا کە هەر خواش دروستی کردوون، یانی جندەکانیش خوا دروستی کردوونو ئادەمیزادەکانیش هەر ئەو دروستی کردوون، کەچی هەندێ لە دروستکراوەکانیان کردن بە هاوبەشی خوا، ﴿ وَخَرَقُوا۟ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتٍۭ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ ﴾، وە بە بێ زانیاریی کوڕانو کچانیان بۆ خوا هەڵبەستن، پاکیی‌و بەرزیی بۆ خوا، لەوەی کە ئەوانە خوای پێ وەسف دەکەن.

لێرەدا با تۆزێ سەرنج بدەین ! کە دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ ﴾، واتە: وە جندەکانیان بۆ خوا بە هاوبەش گێڕان، مەبەست پێی ئەوەیە، یانی: (وجعلوا لله الجن شركاء) بەڵام خوا (شُرَكَاء)ی پێشخستوە، چونکە ئەوەی کە خوا دەیەوێ، سەرنجی ئێمەی زیاتر بۆ لا ڕابکێشێ، هاوبەش بۆ خوا دانانەکەیە، نەك داخۆ ئەوە جندن، یان ئینسانن.

ئنجا هەر کەسێك شارەزای ڕەوانبێژیی قورئانو شارەزای وردەکاریی زمانی عەرەبیی نەبێ، پێی سەیرەو دەڵێ: دەبوو فەرمووبای: (وجعلوا لله الجن شركاء) ئنجا ئایا مەبەست لەوە چییە؟ ئەوە لە شوێنی دیکەشدا لە قورئاندا هاتووە، قورئانیش هەندێکی هەندێکی تەفسیر دەکات، هەمیشە ئەگەر بتەوێ لە ڕستەیەکی قورئان تێبگەیو، ماناکەشی بۆت ڕۆشن نەبێ، بگەڕێ لەو بابەتەوە: چ ڕستەی دیکە، چ ئایەتی دیکە، هاتوون؟ ئەگەر هەبوون بەراوردیان بکە، ئەوە مانایەکەی زۆر ڕۆشن دەبێتەوە، بۆ نموونە: ئێستا لێرەدا، ئایا مەبەست لەوە چییە کە خوا دەفەرموێ: هاوبەشانی جندیان بۆ خوا دانان؟ با تەماشای سووڕەتی (الصافات) بکەین، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلُوا۟ بَيْنَهُۥ وَبَيْنَ ٱلْجِنَّةِ نَسَبًا ۚ وَلَقَدْ عَلِمَتِ ٱلْجِنَّةُ إِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ ﴿١٥٨﴾ سُبْحَـٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٥٩﴾ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿١٦٠﴾ ﴾، واتە: وە لەنێوان جندو خوادا، ڕەچەڵەکیان دانا، (جندەکانیان بە ڕەچەڵەك بردنەوە سەر خوا، کە گوتیان: شەیتانەکان کوڕانی خوان) جندەکان باش دەزانن، چۆن ئامادە دەکرێن لە ڕۆژی قیامەتدا، (وەك چۆن مرۆڤەکان ئامادە دەکرێن بۆ لێپرسینەوە، ئەوانیش دەزانن ئامادە دەکرێن، ئنجا ئەگەر کوڕانی خوابن، چۆن لێیان دەپرسێتەوەو سزایان دەدا ؟) پاکیی بۆ خوا لەوەی کە ئەوان خوای پێ وەسف دەکەن، (هەموویان کۆ دەکرێنەوە) جگە لە بەندە ساغ بووەوەکان بۆ خوا. {یانی: ئەوانە ئامادە ناکرێن بۆ سزادانو، ئامادە ناکرێن بۆ سەرزەنشت کران}.

ئنجا دوایی کە دەفەرموێ: ﴿ وَخَرَقُوا۟ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَـٰتٍۭ بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾، وە بەبێ زانیاریی کوڕانو کچانیان بۆ هەڵبەستن.

(خَرَقُوا) کە خوێندراویشەتەوە (خَرَّقُوا)، دەڵێ: (خَرْق) بریتییە لە تێکدانی شتێك بە شێوەیەکی نارێك، بۆ وێنە: ئەگەر پەڕۆیەك، کاغەزێك بدڕێنی بە نارێكو پێکیی، دەگوترێ: (خَرَقَهُ، خَرَّقه)، (خَلق)یش بە پێچەوانەوە: بریتییە لەوەی کە شتێك بە ڕێكو پێکیی دروست بکەی، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَخَرَقُوا۟

﴿ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتِۭ بِغَيۡرِ عِلۡمٖۚ ﴾ زۆربەی زانایان دەڵێن: هاوبەشدانەرەکان دەیانگوت: شەیتانەکان کوڕی خواو فریشتەکانیش کچی خوان، ئایا لە کوێ خوای پەروەردگار ئەوەمان بۆ باس دەکات؟ لە سوورەتی (الزخرف) لە ئایەتی (١٩)دا دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمۡ عِبَٰدُ ٱلرَّحۡمَٰنِ إِنَٰثًاۚ أَشَهِدُواْ خَلۡقَهُمۡۚ سَتُكۡتَبُ شَهَٰدَتُهُمۡ وَيُسۡـَٔلُونَ ١٩ ﴾، واتە: وە ئەو فریشتانەی کە بەندەی خوای خاوەن بەزەیین، بە مێینەیان لەقەڵەم دان ! ئایا لە کاتی دروستکرانیاندا ئامادەبوون تاکو بزانن: فریشتە نێرن، یان مێن؟ لە کاتێکدا کە ڕەگەز (جنس)یان نیە، نێرایەتیی‌و مێیایەتییان نیە، چونکە فریشتە زاووزێ ناکەن، فریشتە چەندن هەر ئەوەندەن، بەڵام مرۆڤ و جند زاووزێ دەکەن‌و زۆر دەبن، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ سَتُكۡتَبُ شَهَٰدَتُهُمۡ وَيُسۡـَٔلُونَ ١٩ ﴾، ئەو شایەدییدانەیان کە بە درۆ دەیدەن، دەنووسرێ، وە لێشیان دەپرسرێتەوە، کەواتە: ﴿ وَجَعَلُواْ بَيۡنَهُۥ وَبَيۡنَ ٱلۡجِنَّةِ نَسَبٗاۚ ... ١٥٨ ﴾الصافات، واتە: شەیتانەکانیان کردنە کوڕی خوا، وە لێرەش کە دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمۡ عِبَٰدُ ٱلرَّحۡمَٰنِ إِنَٰثًاۚ ... ١٩ ﴾، ئەو فریشتانەی بەندەی خوان، کردوویانن بە مێینە(و دەڵێن: کچی خوان) ! کە هەموو ئەوانە بیرۆکەی ئەفسانەیی‌و بێ بەڵگەن.

بەڵێ جند مێینەو نێرینەیان لەنێودا هەیەو، زاووزێشیان لەنێودا هەیە، بەڵام فریشتە ڕەگەزیان نیە، هەڵبەتە جگە لە هاوبەش بۆ خوادانەرەکان، جوولەکەو نەصرانییەکان، وە مەجووسییەکان‌و ئێزیدییەکانیش، وەبەر ئەو حوکمە دەکەون، وەك خوا لەسەر زاریان دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ عُزَيۡرٌ ٱبۡنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ ٱللَّهِۖ ... ٣٠ ﴾التوبة، واتە: جوولەکەکان گوتیان: عوزەیر کوڕی خوایەو، نەصرانییەکانیش، گوتیان: مەسیح کوڕی خوایە.

خـوا ﷻ لەبارەی هـۆكارو سەرچاوەی ئەو بیرۆكـەوە، دەفەرموێ: ﴿يُضَـٰهِـُٔونَ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبۡلُۚ قَـٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۚ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ٣٠﴾ التوبـة، لاسـایی قسـەی ئەوانـەی پـێش خۆیـان دەكەنـەوە (هاوبەشـدانەرەكان یـان هیندۆسـەكان)، خـوا بیـانكوژێ، بـەرەو كـوێ لا دەدرێـن! دیـارە مەجووسـییەكانیش بڕوایـــان بـــە دوو پەروەردگـــاران هـــەیە: یـــەزدانو ئەهریمـــەن، هەروەهـــا ئێـزیدییەكانیش بڕوایـان بـە دووان هـەیە، دەڵێـن: خـواو مەلـەك طاووس، دیـارە یەزیدییـەكان بـە پێـی لێكۆڵینـەوە مێژووییەكـان وەك (إبـن تیمیـة)و زانایـانی دیكـەش باسـی دەكـەن، كۆمەڵێـك بـوون لـە مسـوڵمانانو شـوێنكەوتووی (عـدي بـن مسـافر) بـوون، كـە زانایـەكی بـاش بـووە لـە وڵاتـی جەزیـرەو شـام، بـەڵام دوایـی تێیـەڕاندنیان كـردوە لـە خۆشویسـتنی (یەزیـدی كـوڕی موعاویـە)دا، كـە شایسـتەی ئـــەوە نیـــە خۆشبویســـترێ، لەبەرئـــەوەی كـــەتنو خراپـــەی زۆری كـــردوە، وە یەزیـدییەكان بە پێچـەوانەوە: دژایەتیـی (حسـین بن علـي)یان خـوا لێیـان ڕازی بـێ، كـردوە، بۆیـە پێیـان گـوتراوە: یەزیـدیی، بـەڵام ئـەوان دەڵێن: ئێمـە یەزیـدیی نـین، بەڵكو ئێمە (ئێزەدیی)ین، خـواش پێی گـوتـراوە: (ئێـزەد)، یـان یـەزدان، وە دەڵێن: دینـی ئێمـە لە پێش ئیسلامیشدا هـەبووە !!

بـەڵام ئـەوە زۆر دوورە لـە ڕاسـتییو وانیـە، بەڵگـەش لـەوبارەوە زۆرن، یەكیـان ئەوەیـە كـە ئێسـتاش زۆر ڕەفتاریـان وەك هـی مسـوڵمانانن، ئنجـا ئـەو (مەلـەك طاووس)ەش لەڕاسـتییدا هەر ئەو ئیبلیسـەیە، كە لـە قورئانـدا خـوا باسـی كـردوە، ئنجا ئەگەر لە یەزیدییەكان بپرسـی: چی بۆ تەقدیسی (مەلـەك طاووس) دەكـەن؟ ئـەوان نالێـن: (مەلـەك طـاووس) هیچـی دروسـت كـردوە، هـەر دەڵێن: هـەر خـوا بەدیهێنـەرە، ئـەدی ئایا بۆچی (مەلەك طاووس) بە پیـرۆز دەگـرن؟

دەڵێن : لەبەرئەوەی كـە ئەگەر بێتو بـە پیـرۆزی نەگرین، زیـانمان لێـدەدات، بـەڵام خـوا بـە بەزەیـیو میـهرەبانەو، ئەگـەر نەشـیپەرستین، زیـانمان لـێ نـادات، بەڵام (مەلـەك طـاووس) دەبـێ شـتێكی وابكـەیـن ڕازی بكـەیـن، ئەگـەرنا شـەڕی لەدەسـت دێ !!

وە لەوبارەوە ئەم دەقە لە (إبن عباس)ەوە گێڕدراوەتەوە، کە دوایيش ئيمام (فخرالدين الرازي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا شەرحێکی لەسەر دەکات: ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ تَعَالى عَنْهُمَا أَنَّهُ قَالَ: قَوْله تَعَالى: ﴿ وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلْجِنَّ ﴾، نَزَلَتْ فِي الزَّنَادِقَة الَّذِينَ قَالُوا: إنَّ اللهَ وَإبْلِيس أخوان، فَاللهُ تَعَالى خَالِق النَّاس، وَالدَّوَاب، وَالأَنْعَام، وَالحيْوَان، وَإبْلِيس خَالِق السِّبَاع، وَالحيَاتِ، وَالعقَارِب وَالشُّرُورِ}[1]، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوای بەرز لێيان ڕازی بێ، لەبارەی قسەی خوای بەرزەوە کە دەفەرمووێ: ﴿ وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلْجِنَّ ﴾، هاوبەشی جنديان بۆ خوا بڕيار دان، دەڵێ: دەربارەی زەندیقەکان هاتۆتە خوارێ، کە گوتيان: خواو ئيبليس بران، خوای بەرز بەدیهێنەری خەڵك و ئاژەڵ و زيندەوەرو چاکەو، هەموو شتێکی باشە، ئيبليسيش بەدیهێنەری دڕندەو مارو دووپشك و خراپەکارییەکانە !

ئنجا ئيمام (فخرالدين الرازي) دەڵێ: (وَإنَّمَا قَالَ إبْنُ عَبَّاس هَذَا قَوْل الزَّنَادِقَة، لأَنَّ المجُوس يُلَقَّبون بالزَّنَادِقَة، لأَنَّ الكِتَاب الَّذِي زَعَم زَرَادَشت أَنَّهُ نزل عَلَيْه مِنْ عِنْدِ الله، مُسَمّى بالزَّنْد والمَنْسُوب إلَيْهِ يُسَمَّى زَنْدي، ثُمَّ عُرِّبَ فقيل: زَنْدِيق. ثُمَّ جمع فقيل زَنَادِقَة، وَاعْلَم أنَّ المجُوس قَالُوا: كلّ مَا فِي هَذَا العَالَم مِنَ الخيْرَاتِ فَهُوَ مِن يَزْدَان، وَجَمِيع مَا فيهِ مِنَ الشُّرُور، فَهُوَ مِنْ أَهْرمَن، وَهُوَ المُسَمَّى بإبْلِيس فِي شَرْعِنا)[2]، واتە: بۆیە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەڵێ: ئەم قسەیە قسەی زەنديقەکانە، چونکە مەجووسییەکان بۆیە پێيان دەگوترێ: زنديقەکان، چونکە ئەو کتێبەی کە زەرادەشت پێیوابوو لەلایەن خواوە بۆی دابەزێنراوە، ناوی (زەند)ە، {هەڵبەتە (ئاڤێستا)شی پێ دەڵێن، (زەند) یان مەتنەکەیەتی، یاخود (زەند) شەرحی ئاڤێستایە}، کە ئەوەی کە پاڵ بدرێتە لای کتێبی زەند، پێی دەگوترێ: زەندیی، دوایی کە کراوە بە عەرەبیی، کراوە بە زەنديق، لە کۆیەکەشیدا گوتوویانە: (زنادقة) زەنديقەکان، وە ئاگاداربە ! کە مەجووسییەکان دەڵێن: هەرچی لەم دنیایەدایە لە چاکەکان، ئەوە لە یەزدانەوەیە، وە هەرچی خراپەشی تێدایە، لە ئەهریمەنەوەیە، کە لە شەریعەتی ئێمەدا (إبليس)ی پێ دەگوترێ.

---

١) (التفسير الكبير: ج٧، ص٩٣).

٢) سەرچاوەی پێشوو، هەمان بەرگو لاپەڕە.

هەڵبەتە تەنیا خوا ﷻ بەدیهێنەرە، بەڵام ئەوانە، لەبەرئەوەی ئیبلیس دووری خراپی بووە، وە شوێن وەحیی و دینی خواش نەکەوتوون، گوتوویانە: با ئێمە ئیشێکی وابکەین لەو ئیبلیسە وەنزیك بکەوین.

وەك یەزیدییەکان دەڵێن، بۆئەوەی لە شەڕو خراپەی مەلەك طاووس بەدوور بین، دەبێ بەقسەی بکەین ! کە لەڕاستییدا بۆئەوەی لە شەڕو خراپەی ئیبلیس دوور بی، پێویست ناکات خۆتی لێوە نزیك بخەی و، تەمەللوقی بۆ بکەی، وە بەندایەتیی بۆ بکەی، بەڵکو لە خوا نزیك بە، ئیبلیسیش دەستەڵاتی بەسەرتدا نابێ، وەك خوا دەفەرمویٚ: ﴿ إِنَّ عِبَادِى لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَـٰنٌ إِلَّا مَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴿٤٢﴾ ﴾الحجر، واتە: بەندەکانی من تۆ دەسەڵاتت بەسەریاندا نیە، مەگەر ئەوانەی لە سەرلێشێواوەکان شوێنت بکەون.

مەسەلەی حەوتەم: خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ بَدِيعُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ صَـٰحِبَةٌ ۖ وَخَلَقَ كُلَّ شَىْءٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴾، لە مەسەلەی پێشوودا باسمان کرد، کە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، جندەکانیان کردە هاوبەش بۆ خوا ﷻ ئەویش بەو ووردەکارییەی باسمان کرد، وە کوڕو کچیان بۆ خوا بڕیاردان.

ئنجا لە بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەو قسانەدا ـ کە هەموویان شتی بێ بنەماو بێ بەڵگەن ـ خوای بالادەست بە شەش سیفەت خۆی پێناسە دەکات:

پێناسەکردنی خوا بە شەش سیفەت :

١/ **سیفەتی یەکەم** : دەفەرموێ: ﴿ بَدِيعُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، بەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەوییە، وشەی (بَدِيعُ) لە زمانی عەرەبییدا دەڵێ: (بَدِيعُ: هو مبدع الشيء على غير مثال سابق)[١]، (بَدِيعُ) یان (مُبْدِعُ) بە کەسێك دەگوترێ:

١) مختار الصّحاح ، ص: ٥١ .

شتێك پەیدا بكات، بێئەوەی كە چاولێكەریی كردبێ، بۆ وێنەیەكی دیكە، لەپێش خۆیەوە، واتە: شتێك پەیدابكات كە وێنەی نەبووبێ، ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، پەیداكەرو بەدیهێنەری ئاسمانەكانو زەوییە.

٢/ **سیفەتی دووەم** : كە خوا پێناسەی خۆی پێ دەكات دەفەرموێ: ﴿ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ صَٰحِبَةٌ ﴾، چۆن ڕۆڵەی پەیدا دەبێ، وشەی: (أَنَّى) هەم بە مانای چۆن؟ دێ، وە هەم بە مانای لە كوێ؟ دێ، (من أين، كيف) واتە: چۆنو لە چ ڕوویێكەوە خوا ڕۆڵەی پەیدا دەبێ؟ ﴿ وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ صَٰحِبَةٌ ﴾، كە هاوسەری نەبووە، دیارە ڕۆڵە لە ئەنجامی پێكگەیشتنی دایكو باوان دا پەیدا دەبێ، وەختێ خوا ﷻ بێ وێنەو بێ هاوتا بێو بێ هاوسەربێ، وە هیچ شتێك وەك وی نەبێ، چۆن ڕۆڵەی لێ پەیدا دەبێ ؟ چۆن كوڕو كچی دەبن ؟ كەواتە: ئەمە قسەیەكی پووچو بێ بنەمایە.

٣/ **سیفەتی سێیەم**: كە خوا خۆی پێ وەسف دەكات، دەفەرموێ: ﴿ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ ﴾، هەموو شتێكی بەدیهێناوە، واتە: هەموو شتێك جگە خوا، بەدیهێنراوی خوایە، كەواتە: ناگونجێ هەندێ لە دروستكراوەكان، ڕۆڵەی خوا بن، بەڵكو هەموویان پەیداكراوو دروستكراوی خوان، وە لەیەك ئاستیش دان، تەنیا خوا خۆی بەدیهێنەرەو، جگە لە خۆی هەمووی بەدیهێنراو و پەیداكراو دروستكراوە.

٤/ **سیفەتی چوارەم** : كە خوا خۆی پێ وەسف دەكات، دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴾، وە خوا بە هەموو شتێك زانایە، واتە: خوا هەموو شتێك دەزانێ، وە لەنێو شتەكاندا: خوا ﷻ نەیزانیوە كە هاوبەشێكی هەبێ، یانی: زانیاریی خوا پەیوەست نەبووە بە شتێكەوە، بە سیفەتو ناونیشانی: هاوبەش بۆ خوا، كەواتە: هاوبەشی خوا؛ بوونی نیە، ﴿ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴾، وە خوا

بە هەموو شتێك زانایەو هەموو ئەو شتانەی خوا دەیانزانیێ، هاوبەشی خوایان تێدا نیە، وە ڕۆڵەو کوڕو کچیان بۆ خوای پەروەردگار، تێدا نیە.

ئەوە هەمووی بەرپەرچدانەوەی قسەکانی پێشێیان بوو.

کەواتە: ئەوە کە: خوا ﷻ کوڕو کچی هەبن! هاوبەشی هەبن! وێنەی هەبیٚو هاوتای هەبیٚ، هەمووی تەنیا قسەو تۆمەتێکە، وە هیچ بنەمایەکی نیە.

مەسەلەی هەشتەم: دیسان خوای بێ وێنە، لەسەر پێناسەکردنی خۆی زیاتر بەردەوام دەبیٚو دەفەرمویٚ: ﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ فَٱعْبُدُوهُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ وَكِيلٌ ﴾، ﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ ﴾ ئا ئەو خوایەتان پەروەردگارتانە، واتە: ئەو خوایەی ﷻ کە لە ئایەتی پێشوودا وەسفکرا، کە فەرمووی: ﴿ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ صَٰحِبَةٌ وَخَلَقَ كُلَّ شَىْءٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴾، ئا ئەو خوایەتان پەروەردگاری ئێوەیە، وشەی (ربّ)ش کە ئێمە لە کوردییدا دەڵێین پەروەردگار، مانای خاوەنیش دەگەیەنیٚ، وە مانای سەرپەرشتیاریش دەگەیەنیٚ، وە مانای مشوورخۆریش دەگەیەنیٚو مانای پەرستراویش دەگەیەنیٚ[(١)]، ئەو خوایە: خاوەنی ئێوەیەو پەرستراوی ئێوەیە.

٥/ سیفەتی پێنجەم : کە خوا لێرەدا خۆییان پیٚ پێناسە دەکات، دەفەرمویٚ: ﴿ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، جگە لەو هیچ پەرستراو نین، جاری دیکەش باسم کردوە: زۆر جار هەندیٚ لە مامۆستایەکان، وە هەندیٚ لە بانگخوازەکان، کە قسە دەکەن (لا إِلَهَ إِلاَّ الله) یان ﴿ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، ئاوا تەفسیر دەکەن، دەڵێن: بێجگە لە خوا، هیچ خوانین، ﴿ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، بێجگە لەو، هیچ خوای دیکە نین، کە بێگومان

١) المعجم الوسیط، ص: ٣٦١.

ئەوە هەڵەیە، چونکە (إِلَـه) لەگەڵ (الله) لێك جیان، (الله) ناوی ناساندن (إسم عَلَم)ی خوایە، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ ٱللَّهَ أَوِ ٱدۡعُواْ ٱلرَّحۡمَٰنَۖ أَيّٗا مَّا تَدۡعُواْ فَلَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ ١١٠﴾ الإسراء، بەڵام (إِلَـه) بە مانای پەرستراو (مَعْبُود)ە[1]، کەواتە: (لا إِلَـهَ إلاَّ الله) واتە: بێجگە لە خوا، هیچ پەرستراو نین، چونکە خوا ﷻ نەیویستوە، ئیسپاتی ئەوە بکات کە تەنیا خۆی خوایە، بەڵکو ویستوویەتی ئیسپاتی ئەوە بکات، کە تەنیا خۆی پەرستراوە، بۆچی؟ چونکە کێشە لەسەر ئەوە نەبووە، کە کافرەکان غەیری خوا، بە خوا بزانن، کە وەك گوتم ئەوە زۆر لە بانگخوازو مەلایەکانیش لەو مەسەلەیەدا بەهەڵەدا چوون ! بەڵکو کێشە لەسەر ئەوە بووە، کە کافرەکانو هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، جگە لە خوایان پەرستووەو، جگە لە خوایان بە پەرستراو (إِلَـه) زانیوە.

هەر بۆیەش وشەی (الله) لە زمانی عەرەبییدا نە دووان (تثنية) دەکرێ، نە کۆ (جمع) دەکرێ، بەڵام (إِلَـه، إِلَـهَيْن، إِلَهَان، آلِهَة) (تثنية)و (جمع)یش دەکرێ، دەکرێ بە دووانو بە کۆش دەکرێ، بۆچی؟ چونکە (لا إِلَهَ إِلاَّ الله) یانی: (لا إِلَهَ بحَقٍّ إِلاَّ الله) واتە: (إِلَهَ)ی هەقو پەرستراوی ڕاست، تەنیا خوایە، بەڵام پەرستراوی دیکەش، کە ناهەقو ناڕاستن، هەن: ﴿أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةٗ ٢٤﴾ الأنبياء، ﴿أَفَرَءَيۡتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلۡمٖ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمۡعِهِۦ وَقَلۡبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةٗ فَمَن يَهۡدِيهِ مِنۢ بَعۡدِ ٱللَّهِۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ٢٣﴾ الجاثية ، کەواتە: یەك تاکە (إِلَه)ی هەق هەیەو، چەندان (إِلَه)ی ناهەقیش هەن، یانی: چەند کەسێكو چەند شتێك هەن، کە بە ناهەق دەپەرسترێن.

بەڵێ ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە کە بزانین: مانای: ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾، یانی: بێجگە لە خوا ﷻ هیچ کەس پەرستراوێك نییە، نەك هیچ خوایەکی دیکە

١) مختار الصّحاح ، ص: ٣٣ ، ٣٤.

نیە، چونکە کاتێ خۆیشیو ئێستاش کێشە لەسەر ئەوە نەبووەو نیە کە لە (خوا) بەولاوە، هیچ (خوا)و بەدیهێنەرو پەروەردگارێکی دیکە هەبێ، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾ الزخرف، واتە: وە ئەگەر لێیان بپرسی: کێ دروستی کردوون؟ دەڵێن: خوا.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ ٱلْعَزِيزُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٩﴾ ﴾ الزخرف، واتە: ئەگەر لێیان بپرسی: کێ ئاسمانەکانو زەوی دروست کردوون؟ دەڵێن (خوا)ی زاڵی زانا دروستی کردوون. بەڵێ کێشە ئەوە نەبووە کە تەنیا خوا بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەنە، بەڵکو وەك گوتراوە: {هەر خوا خوایە، ئەوی دیکە هەمووی کاوبایە}، بەڵام کێشە لەسەر ئەوە بووە، کە لەگەڵ ئەو پەرستراوە هەقەدا، شتانی دیکەش بپەرسترێنو، بەندایەتییان بۆ بکرێ، وەك خوای پەروەردگار لە سووڕەتی (الزمر)دا لەسەر زاری کافرەکان دەفەرموێ: ﴿ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ ﴿٣﴾ ﴾ واتە: ئێمە نایانپەرستین، مەگەر بۆئەوەی لە خوامان نزیك بخەنەوە.

ئنجا لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ فَٱعْبُدُوهُ ﴾، بەدیهێنەری هەموو شتێکە، تەنیا ئەو بپەرستن. واتە: هەرچی هەیە، خوا بەدیهێنەریەتی، ئەدی بۆخۆی؟ بۆخۆی بەدیهێنەرە، ئەوانی دیکە جگە لە خوا هەموویان بەدیهێنراون، کە لە مەسەلەی نۆیەمدا تۆزێك لەوبارەوە قسە دەکەم.

٦/ **سیفەتی شەشەم** : لە کۆتایی ئایەتەکەدا سیفەتی شەشەم، بۆ پێناسەی خۆی لەم ئایەتانەدا دەخاتەڕووو دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ وَكِيلٌ ﴾، وە خوا بەسەر هەموو شتێکەوە وەکیلە، وەکیل کەسێکە یەکێکی دیکە ئیشی خۆی عایدی ئەو کردبێو، ڕاسپێردرابێ لەجیاتی کەسێك ئیشێك بکات[١]، واتە: خوا ﷻ سەرپەرشتیارو چاودێرە بەسەر هەموو شتێکەوە.

---

١) مفردات ألفاظ القرآن ، ص: ٨٨٢.

مەسـەلـەی نۆیـەم:

باسێک لە بارەی بەدیهێنەرایەتیی خواوە ﷻ

لێـرەدا خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێ: ﴿ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ فَٱعۡبُدُوهُ ﴾، هـەروەها لـە سـوورەتی (الزمـر)دا دەفـەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ﴿٦٢﴾ ﴾، واتـە: بـڵێ: خـوا بەدیهێنـەری هـەموو شـتێکە، وە ئـەو بەسـەر هەموو شتێکەوە سەرپەرشتیارو چاودێرە.

وە لـە سـوورەتی (الرعـد)یشـدا دەفـەرموێ: ﴿ قُلِ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ وَهُوَ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّٰرُ ﴿١٦﴾ ﴾، واتـە: بـڵێ خـوا بەدیهێنـەری هـەموو شـتێکە، وە ئـەو تاکـی ملـپێکەچکەرە.

ئنجا لێـرەدا دەپرسـین: ئایـا بەڵـگە چیـە لەسـەر ئـەوە، کـە خـوا بەدیهێنـەری هـەموو شـتێکـە؟

دیارە من لە کتێبەکانی خۆمدا: لە کتێبی (خواناسیی، ئایین، ئیمان)دا، وە لە بەرگی دووەمی کتێبی: (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی)دا، هەروەها لە بەرگی یەکەمی کتێبی: (الإِسْلام كَمَا يَتَجَلّى فِي كِتَاب الله عزّ وجل) بە تەفصیلْ باسی بەدیهێنەرایەتیی‌و پەروەردگارێتیی خوام کردوە، بەڵام لێـرەدا لەقـەدەر ئـەم دەرسـە دەتـوانین بڵێین: سـێ بەڵگەمان هەن، لەسەر ئەوە کە: خوا تاکە بەدیهێنـەرو پـەروەردگارو خـاوەنی ئـەم بوونـەوەرەیەو، ئێمـە لێرەدا بە کورتیی‌و گوشـراویی دەیانخەینـە ڕوو:

بەڵـگـەی یەکـەم: خـوارِسـک (فطـري) بوونی خواناسـیی:

ئینسـان لـە دەروونـەوە بـۆ خـوا ﷻ تینـوویـە، ئنجـا تەماشـا بکـەن ! ئینسـان تینـووی دەبـێ‌و، تیـنوو بـوونی مـرۆڤ، بەڵگـەیە لەسـەر ئـەوە کـە ئـاو هەیـە، وە

ئینسان کەیفی بۆ شتی سوێر دەچێ‌و، دەبینی لە دنیای واقیعدا، شتی سوێر هەیە، وە ئینسان کەیفی بۆ شتی شیرین دەچێ‌و، لەنێو دروستکراوەکاندا، شتی شیرینیش هەیە، وە ئینسان غەریزەی جینسیی دەجووڵێ، خوای پەروەردگاریش ئافرەتی دروستکردوە بۆ پیاوو، پیاویشی بۆ ئافرەت دروستکردوە، کە بە شێوەی حەڵاڵ یەکدی تێر بکەن، بەکورتیی: هەرچی کە ئینسان مەیل‌و ئارەزووی بۆی دەچێ، لە شتی مادییی‌و مەعنەویی، لە دنیای واقیعدا، ئەو شتە هەیە.

ئنجا یەکێك لەو شتانەی کە هەموو مرۆڤەکان لە دەروونەوە بۆی تینوون‌و لە دڵەوە بۆی دەکوڵن، بریتییە لە: خوا ﷻ، هەموو ئینسانێك لە دەروون‌و لە ناخییەوە، هەست بەوە دەکات کە خاوەنێکی هەیە، بەدیهێنەرێکی هەیە، پەروەردگارێکی هەیە، خوایەك هەیە، بەدیهێناوەو سەرپەرشتیی دەکاو، ئاگای لێیەتی‌و لێی دەپرسێتەوە، هەموو ئینسانێك لە ناخی خۆیدا وایە، خوا هەموو ئینسانێکی وا خوڵقاندوە، کە خوای خۆی بناسێ‌و بیپەرستێ، وەك فەرمایشتەکەی پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: ﴿مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلاَّ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ وَيُنَصِّرَانِهِ وَيُمَجِّسَانِهِ﴾[1]، واتە: هەموو ئینسانێك لەسەر سروشتی خواناسیی لەدایك دەبێ، بەڵام دوایی باب‌و دایکی دەیکەنە جوولەکە، یان دەیکەنە نەصرانیی، یان دەیکەنە مەجووسیی.

بەڵگەی دووەم: یاسای هۆکاریی:

ئێمە یاسایەکی عەقڵییمان هەیە، کە هەموو عاقڵمەندانی دنیا لەسەری پێکهاتوون، پێی دەگوترێ: یاسای هۆکاریی (قانون السببية) ئەویش ئەوەیە کە هەموو ئینسانێك لە عەقڵیدا، لە لای بەڵگە نەویستە، کە هیچ پەیدا بوو (مُحدَثْ)یەك بەبێ پەیداکەر (مُحدِثْ) نابێ، وە شوێنەوار بەڵگەیە لەسەر کەسێك، یان شتێك، ئەو شوێنەوارەی دانابێ، بەکورتیی: هەموو پەیدابوویەك پەیداکەرێکی هەیە، وەك یەکێك لە عەرەبێکی خێڵەکیی دەپرسێ: بەڵگەت چییە لەسەر بوونی خوا ؟ ئەویش دەڵێ: (الخُطْوَة: تَدلُّ عَلَى المَسِير، والبَعْرَة

---

١) رَوَاهُ مُسلم برقم: (٦٧٠٠)، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه.

تَـدلُّ عَلَـى البَعِيـر، سَـمَاءٌ ذَاتُ أَبْـرَاج، وأَرض ذَات فجـاج، و بحَـارٌ ذَات أَمْـوَاج، أَلا تَـدلُّ عَلَى العَلِيم القَدِير؟) واتـه: شـوێن پـێ بەڵگـەیە لەسـەر ئەوەی کـە کەسـێك بەوێـدا ڕۆیشتوە (شـوێن پـێ بەڵگـەیە لەسـەر پێـڕۆیەك)، قشـپل بەڵگـەیە لەسـەر ئـەوەی کـە حوشتر هەیە، (دیارە کابـرا حوشـترەوان بووە) ئەدی ئاسـمانێکی خـاوەن ئەسـتێرەو، زەوییەکی خاوەن قەدپاڵو، چیـاو، دەریـایەکی خـاوەن شـەپۆل، بەڵگــە نیـە لەسـەر (خـوا)ی زانـای توانـا ؟

لەڕاستیدا ئەوە کە: هەموو پەیدابوویـەك پێویستیی بـە پەیداکـەرێك هەیـە (لِكُلّ حَادِث مُحْدِث) زانایـانی مەنتیق دەڵێن: ئەوە یەکێکە لە قانوونە عـەقڵییـەکان، واتـە: هـەموو عاقڵـمەندانی دنیـا لەسـەر ئـەوە ڕێککـەوتوون، کـە هـیچ پەیدابوویـەك بـەبێ پەیداکــەر نـابــێ، ئنجــا ئاشــکرایە کــە بوونەوەریــش پەیدابوویــە، کــەواتە: پەیداکەرێکی هەیـە، کە خـوای بەرزو بـێوێنـەیە.

بەڵگـەی سـێـیـەم: یاسـای ڕێك و پێکیـی:

هیچ ڕێکخـراوێك بەبێ ڕێکخەر نابـێ، (لا مُنَظَّـم بلا مُنْظِّم)، یـان: ڕێكوپێکیـی بـەبێ ڕێکخـەر نابـێ، (لا نِظَـام بـلا مُنظِّـم) بەڵـێ هـەموو ڕێکخـراوێك دەبـێ ڕێکخەرێکـی هەبـێ، ئـەمیش یەکـی دیکـەیە لـە یاسـا عەقڵییـە ڕوونو بەڵگەنەویسـتەکان (البدیهیـات العقلیـة)، بـا وێنەیـەکی سـادە بێنینـەوە: دەنکـە شـقارتەیەك هـەر کەسـێك ببینـێ، کـە داروو چکـەیەکە تـۆزێ گۆگـردی پێوەیـە، دەزانـێ کەسـێك ئـەو دەنکـە شـقارتەیەی دروسـت کـردوە، ئنجا ئـەدی شـقارتەکە بۆخـۆی کە چەند دەنکێکی تێدایەو، لایەکی ماددەیکی زبـری لـێ دراوە، کـە بتوانـێ دەنکــە شــقارتەکەی پــێ هەڵگیـرســێنی، هــەر لــەوەوە بگــرە، هــەتا ســەعاتو کۆمپیـوتەرو ڕۆکێـتو هـەموو ئـەو شـتانەی کـە ئینسـان دروسـتی کـردوون، ئایـا ئەگەر سـەعاتێك لەو گـۆڕە بکـەوێ، هـیچ کـەس دەچێتە عـەقڵی لە خـۆڕا دروست بووبـێ؟ نەخێر! دەجا ئەو گـەردیلانەی کە ماددەیـان لـێ پێکـهاتوە، ئـەو خانـانـەی کـە جەسـتەیان لـێ پێکـهـاتوە، کـە زۆر زۆر وردەکارییـان تێدایـەو لـە کۆمپیـوتەرو سـەعاتو، لـە هەرچـی بەشـەر لـە تەکنۆلۆژیـا دروسـتی کـردوە، زیـاتر وردەکارییـان تێداکراوە، ئایا چۆن ئەوانە پێویستییان بـە وەسـتایەكو کارسـازێكو بـە ڕێکخـەرێك

هەیە، کەچی ئەو کەونو کائیناتە، بەو هەموو کەهکەشانو بەو هەموو ئەستێرەو خرۆکانەوە، بەو هەموو ڕێكو پێکییەی کە هەیەتی، چۆن پێویستی بە کارسازێكو ڕێکخەرێك وەستایەك نیە ! بە تەئکید پێویستی پێیەتی.

ناگونجێ خوا بەدیهێنەری هەبێ:

ئنجا ڕەنگە یەکێك بپرسێ: باشە ئەوە خوا ﷻ بەدیهێنەری هەموو شتێکە، ئەدی کێ خوای دروست کردووە؟

دەڵێین: ئەو پرسیارە لەخۆیدا پرسیارێکی نامەنتیقییە، چونکە: کە تۆ دەڵێی: خوا هەموو شتێکی دروست کردووە، واتە: جگە لە خوا بەدیهێنراوە، کەواتە: شتێکی بێ جێیە تۆ جارێکی دیکە، لەنێو بەدیهێنراوەکاندا بگەڕێیو بڵێی: کامیان خوای بەدیهێناوە؟ ئنجا ئەگەر وەك شتێك لە عەقڵی ئینسانی نزیك بخەینەوە، دەتوانین وێنەیەك بێنینەوە.

تۆ ژمارە یەك (١) چەند سفرێکی لە پێشەوە دابنێی، ئەگەر سێ (٠٠٠) سفر بن، دەبێتە هەزار (١٠٠٠)، ئەگەر شەش (٠٠٠٠٠٠) سفر بن دەبێتە ملیۆن، وە ئەگەر نۆ (٠٠٠٠٠٠٠٠٠) سفر بن دەبێتە ملیارێك، ئەگەر دوازدە (٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠) سفر بن، دەبێتە تریلیۆنێك، وە هەروەها هەتا کۆتایی.

ئنجا سفری ژمارە یەك نرخەکەی خۆی لە کوێ هێناوە؟ بێگومان لە سفری دوای خۆی، ئنجا سفری دوای ئەویش لە سفری دوای خۆی، ئەویش لە هی دوای خۆی ... هتد، تا دەگاتە سەر یەکەکە.

بەڵام ئەگەر بە ژمارەیەك بگوترێ: ئەو نرخەت لە کوێ هێناوە؟[1] دەڵێ: هی خۆمەو قیمەتەکەم قیمەتێکی زاتییە، بەڵگەت چیە؟ دەڵێ: بەڵگەم ئەوەیە سفرەکان لابەرن، من هەر یەکەمو بۆخۆم هەر هەم، وە ئەگەر سفرەکانم لە پێش دانێی، قیمەت بە هەموویان دەدەم، بەڵام بەڵگەمان چییە، کە سفرەکان قیمەتێکی خودییان نیەو وەریانگرتوە ؟!

---

١) واتە: نرخی ژمارەیی (القیمة العددیة).

بەڵگەمان ئەوەیە کە ئەگەر ژمارەی (١) یەك لابەری، سفرەکان هیچیان قیمەتیان نیەو هیچن! ئنجا: (وَلِلَّهِ الـمَثَلُ الأَعْلَى) دروستکراوەکان، وەك سفرەکان وان، خواش ﷻ وەك ژمارەی (١) یەك، خوا بوونی بە هەموو شتەکان داوە، خوایە ﷻ وایکردوە کە ئێمە هەبین، ئەگەر خوا بیەوێ ئێمە نابین، هیچ کام لە دروستکراوەکان نابن.

کەواتە: خوا ﷻ ، وەك چۆن ژمارەی (١) پێویستی بەوە نیە نرخە ژمارەییەکە (قیمتە العَدَدیة)ی لە غەیری خۆی وەربگرێ‌و قیمەتێکی زاتیی هەیە، خوای بێهاوتاش بوون (وجود)ەکەی لەخۆیەوەیەو، بوونێکی خوازراو (مستعار) نیە، وەك بوونی سفرەکان، کە لە غەیری خۆیان قیمەتەکەیان خواستوە، کە یەك (١)ەکەیە، بۆیە بەبێ وی، هیچیان بەهایان نیە.

باسێکی گرنگ : کردەوەی مرۆڤ لە نێوان بەدیهێنران (خلق)و وەدەستهێنران (کسب)دا

ئنجا دەربارەی ئەوە کە مادام خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە، ئایا کردەوەکانی ئینسان (أَعْمَال الإِنْسَان) ئینسان خۆی بەدیان دێنێ، یاخود خوای پەیداکەر کردەوەکانی بەدیدێنێ ؟ لەوبارەوە زانایان بوونەتە سێ بەش :

١/ (جَبْرِيَّة) دەڵێن: خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە، بە کردەوەکانی مرۆڤیشەوە، واتە: کەسێك کە نوێژ دەکات، خوا نوێژەکەی بۆ دروست دەکات! وە کەسێك کە قەتڵ دەکات، خوا قەتڵەکەی بۆ دروست دەکات!

٢/ (مُعْتَزِلَة) دەڵێن: ئینسان بەدیهێنەری کردەوەکانی خۆیەتی (الإِنْسَان خَالِق أَفْعَالِه).

٣/ (أَشَاعِرة وماتُرِيدِية) دەڵێن: ئینسان وەدەستهێنەری کردەوەکان خۆیەتی، بەڵام خوا بەدیهێنەریانە، واتە: خوا بۆی دروست دەکاتو، ئینسانیش کردەوەکانی وەدەست دێنێ !

دیارە ئەم مەسەلەیە وتووێژو مشتومڕو شەڕە قسەیەکی زۆر گەرمی لەسەر بووەو ئێستاشی لەگەڵ دابێ.

ئنجا هەرچی (جبرية)ن دەیانەوێ بەرگریی لە دەستەڵاتی ڕەهای خواو لە ویستی ڕەهای خواو لە زانیاری ڕەهای خوا، بکەنو، دەڵێن: ناگونجێ شتێك هەبێ خوا دروستی نەکات، هەر شتێك هەبێ، دەبێ خوا دروستی بکات، وە هەرچی هەیە لەژێر ڕکێفی ویستی ڕەهای خوادایە، بۆیە گوتوویانە: ئینسان هیچ دەوری نیە لە کردەوەکانیداو، خوا بۆی دروست دەکات.

موعتەزیلەش بۆ بەرگریی کردن لە دادگەریی‌و حیکمەتی خوا، گوتوویانە: ئینسان بۆخۆی کردەوەکانی خۆی دروست دەکات، بۆیەش خوا لەسەر خراپەکانی سزای دەدات، لەسەر چاکەکانی پاداشتی دەداتەوە، وە ئەگەر خوا کردەوەکانی بخولٌقێنێ، سزاو پاداشت مانایەکیان نابێ.

ئەشعەرییەکان‌و ماتۆریدییەکانیش ویستوویانە چارەسەرێکی میانجیی بدۆزنەوەو گوتوویانە: خوا کردەوەکانی ئینسان دەخولٌقێنێ، بەلاّم ئینسان بۆخۆی وەدەستیان دێنێ، بۆیەش هەندێ لە زانایان ئەگەر شتێك زۆر ورد بووبێ، گوتوویانە: (هذه المسألة أدقُّ من كسب الأشعري) ئەم مەسەلەیە لە (كسب)ی ئەشعەریی وردترە، یانی: مادام خوا کردەوەکانی ئینسان دەخولٌقێنێ، ئینسان چی بۆ دەمێنێتەوە ؟ ئایا وەدەست هێنان (كسب)، چییە ؟!.

منیش من لە ئەنجامی زۆر تێوەڕامانی قورئان دا لەم مەسەلەیە، ڕایەکم بۆ دەرکەوت[١] کە لە کتێبەکانی دیکەدا نەمبینیوە، پوختەی ئەو ڕایەشم ئەوەیە کە: هیچ کام لەو ڕایانە ڕاست نین، بەنسبەت کردەوەکانی ئینسانەوە، بەلٌکو ڕای ڕاست ئەوەیە کە :

کردەوەکانی ئینسان دروستکراو نین، تاکو پێویستییان بە دروستکار بێ، نە ئینسان‌و نە خوا ﷻ ، چونکە شتی وەدیهێنراو (مخلوق) پێویستی بە بەدیهێنەر (خالق)ە، ئەوە کورتەی ڕایەکەمە، ئنجا ئێستا دێمە سەر بەلٌگە هێنانەوە، لەسەر ڕاستیی ئەو ڕایەم:

یەکەم: خوای پەروەردگار هەرکام لە وشەی: (خلق) و (جعل)ی بەکارهێناون:

أ- (خلق) لە فەرهەنگەکانی زماندا یانی: پەیداکردن لە نەبوونەوە، (الخَالِق: اسْمٌ مِنْ أَسْمَاءِ اللهِ تَعالَى وَهو مُبْدِعُ الشَّيءِ المُخْتَرَع عَلَى غَيْرِ مِثَالٍ سَبَق)[٢]،

---

١) یەکەمجار ئەو ڕایەم لە زیندانی ئەمریکاییەکان داو لە کتێبی : (الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله) لە بەرگی دووەمی دا تۆمار کرد، پاشان لەم تەفسیرەو لە کتێبی : (ڕوونکردنەوەی عەقیدەی طه حاويی)یش دا هێناومە.

٢) المعجم الوسيط، ص ١٢٥.

(خالق ومبدع) واتە: (خَالِق) یەكێكە لە ناوەكانی خوا ﷻ ، كە بریتییە لە پەیداكەری شتێك، بێئەوەی كە وێنەی پێشتری بووبێ.

ب/ دەربارەی وشەی (جعل)یش دەڵێ: (جَعَلَ اللهُ الشَّيء جَعلاً، خَلَقَهُ وَأَنْشَأَهُ، وَجَعَلَ الشَيء كَذَا، صَيَّرَهُ إِيَّاهُ)[1]، واتە: (جعل) هەم بە مانای (خلق)یش بەكارهاتوە، هەم بە مانای گۆڕینی شتێك لە حاڵێكەوە بۆ حاڵێكی دیكە، كە من مەبەستم مانای دووەمە.

ئنجا با تەماشای ئەم ئایەتە موبارەكانە بكەین:

خوا ﷻ لە سوورەتی (النحل) لە ئایەتی (٨١ و ٨٢)دا كە لە یەك سیاقدا باسی ژمارەیەك لە چاكەو نیعمەتەكانی خۆی دەكات، بەو بۆنەوە وشەكانی (خلق و جعل)ی بەكارهێناون، بەڵام بە دوو مانای جیاواز، دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنۢ بُيُوتِكُمۡ سَكَنٗا وَجَعَلَ لَكُم مِّن جُلُودِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ بُيُوتٗا تَسۡتَخِفُّونَهَا يَوۡمَ ظَعۡنِكُمۡ وَيَوۡمَ إِقَامَتِكُمۡ وَمِنۡ أَصۡوَافِهَا وَأَوۡبَارِهَا وَأَشۡعَارِهَآ أَثَٰثٗا وَمَتَٰعًا إِلَىٰ حِينٖ ٨٠ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَٰلٗا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلۡجِبَالِ أَكۡنَٰنٗا وَجَعَلَ لَكُمۡ سَرَٰبِيلَ تَقِيكُمُ ٱلۡحَرَّ وَسَرَٰبِيلَ تَقِيكُم بَأۡسَكُمۡۚ كَذَٰلِكَ يُتِمُّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تُسۡلِمُونَ ٨١﴾، واتە:
وە خوا لەماڵو حاڵەكانتاندا مایەی ئارامگرتنی بۆ گێڕاون، وە لە پێستی ئاژەڵ ماڵی چادری بۆ ساز كردوون، كە زۆر بە ئاسانیی بۆ بارو سوارتانو بۆ كاتی نیشتەجێبوونتان بەكاری دێنن، وە لە خوریی و لە تووكو مووی ئەو ئاژەڵانە (خوریی مەڕو تووكی حوشترو مووی بزنو ڕەشەوڵاخ) كەلوپەلیشی لێ دروست دەكەنو خواردنو خۆراكیش لە بەرهەمەكانیان دروست دەكەن، بۆ كاتێكی دیاریكراو، وە خوا لەوەی كە دروستی كردوە، سێبەری بۆ گێڕاون... .

---

١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٥٢.

تەماشا بکەن ! خوا (جَعْل)ی بەکارهێناوە بۆ سێبەر: ﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَٰلًا ﴾، واتە: (وَجَعَلَ لَكُمْ ظلالاً مِما خلق) بەلاّم (خَلْق)ی بۆچی بەکارهێناوە؟ بۆ درەخت؟ خوا درەختەکەی خوڵقاندوەو، چیایەکەی خوڵقاندوە، بەلاّم سێبەرەکەی نەخوڵقاندوە، سێبەرەکەی (جعل)ی کردوە، بۆچی؟ چونکە سێبەر شتێك نیە بوونێکی زاتیی هەبێ، بوونەکەی بوونێکی ئیعتیبارییە، شتێك لە شتێك دەگیرێ، سێبەر پەیدا دەکات، واتە سێبەرەکە بوونێکی زاتیی نیە، بوونێکی ئیعتیباری هەیە، کردەوەکانی ئینسانیش هەموویان (جعل)یین، وەك دوایی باسی دەکەین.

دووەم : خوا ﷻ چەند وشەیەکی بۆ کردەوەکانی ئینسان بەکارهێناون: (جعل، کسب، عمل، فعل، إقتراف، إجتراح) ئەو شەش وشەیە، بۆ کردەوەکانی ئینسان بەکارهاتوون، بۆ وێنە:

١) (جعل) لە سوورەتی (یونس)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ تَفْتَرُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾، واتە: بڵێ ئایا ئەو ڕۆزییە دەبینین کە خوا بۆی ناردوونەخوار دوایی گێڕاوتانە بە حەڕامو حەلاڵ، بڵێ: ئایا خوا مۆڵەتی داون، یان درۆ بەناوی خواوە هەڵدەبەستن ؟

٢) (کسب) لە سوورەتی (البقرة) ئایەتی (٢٨٦)دا دەفەرموێ: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ ﴿٢٨٦﴾ ﴾، واتە: خوا لە هیچ نەفسێك داوا ناکا مەگەر ئەوەی لە توانایدا هەیە، هەرچی لە چاکە بەدەستی بێنێ، قازانجی خۆیەتی، وە هەرچی لە خراپە وەدەستی بێنێ، زیانی خۆیەتی.

٣) (عمل) لە سوورەتی (فصلت) لە ئایەتی (٤٦)دا دەفەرموێ: ﴿ مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا

﴿فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ﴿٤٦﴾﴾، واتە: هەر کەسێك چاکەیەك ئەنجام بدات، قازانجەکەی بۆخۆیەتی، وە هەرکەس خراپە بکات، زیانەکەی بۆخۆیەتی.

٤) (فعل) لە سوورەتی (آل عمران) لە ئایەتی (١١٥)دا دەفەرمویٚ: ﴿وَمَا يَفْعَلُوا۟ مِنْ خَيْرٍ فَلَن يُكْفَرُوهُ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلْمُتَّقِينَ ﴿١١٥﴾﴾، واتە: وە هەر چاکەیەك بیکەن، سپڵەییان بەرانبەر نانوێنرێ، (واتە: لێیان نادیدە ناگیرێ‌و پاداشتیان دەدرێتەوە) وە خوا بە پارێزکاران زانایە.

٥) (إقتراف) لە سوورەتی (الشورى)دا خوای پەروەردگار وشەی (إقتراف)یشی بەکارهێناوە، وەك دەفەرمویٚ: ﴿وَمَن يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَّزِدْ لَهُۥ فِيهَا حُسْنًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٢٣﴾﴾، واتە: هەر کەسێك چاکەیەك ئەنجام بدات پاداشتەکەی بە چاکتر دەدەینەوە، بێگومان خوا لێبوردەی سوپاسگوزارە.

٦) (إجتراح) لە سوورەتی (الجاثية)دا خوای پەروەردگار وشەی (إجتراح)ی بەکارهێناوە، وەك دەفەرمویٚ: ﴿أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجْتَرَحُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجْعَلَهُمْ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ سَوَآءً مَّحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٢١﴾﴾، واتە: ئایا ئەوانەی کە خراپەکان ئەنجام دەدەن، پێیانوایە: یەکسانیان دەکەین لەگەڵ ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاك دەکەن ؟ ژیان‌و مردنیان وەك یەکە ؟! ئەوە خراپترین بڕیارە کە دەیدەن.

کەواتە: خوا ئەو شەش وشەیەی بۆ ئینسان بەکارهێناونو، هەمووشیان ئەوە دەگەیەنن کە ئینسان کردەوەکانی خۆی لە نەبوونەوە پەیدا ناکات، هەتا ناچار بین بڵێین : خوا بەدیهێنەری کردەوەکانی ئینسانە، وەك جەبرییەکان دەیڵێن، یاخود بڵێین : ئینسان خۆی بەدیهێنەری کردەوەکانی خۆیەتی، وەك (معتزلة) دەیڵێن،

چونکە کردەوەکانی ئینسان بوونێکی زاتییان نیە، تەنیا بوونێکی ئیعتیباریی‌و (جَعْلِيّ)یان هەیە، با تەماشا بکەین:

کەسێك کە نوێژ دەکات، ئایا نوێژ کردەوەیەکە کە پەیداکرابێ؟ نەخێر، چونکە هەر ئەو ئەندامانەی کە خوا پێی داوی دەیانجووڵێنێ: ئایەتەکانی خوا بە عەقڵ‌و دڵی خۆتدا دێنی‌و، کارلێك لەگەڵ ئایەتەکاندا دەکەی، بە زمان ئایەتەکان دەخوێنێ، دەست دەگری‌و، دەچیە ڕکووع‌و، دەچیە سەجدەو... هتد، تەنیا ئەندامەکانی خۆت دەجووڵێنی، واتە: شتێکی تازە پەیدا نەبووە، شتێك پەیدا نەبووە، پەیداکرابێ کە پێویستی بە پەیداکەر بێ، کردەوەکانی نوێژ هەموویان شتی(جَعْلِيّ)ین‌و، جووڵەو تەصەڕروفاتن‌و، شتی لە نەبوو (عدم) وەدیهێنراو نین.

هەروەها کەسێك کە قەتڵێك دەکات، ئایا هیچ شتێك پەیدا کراوە؟ نەخێر، زەبرێك لە کەسێك دەدات، ئەو ئینسانە پێش ئەوەی بیکوژێ زیندووە، دوایی دەبێتە کەلەشێك ڕووحەکەی لێ جیادەبێتەوە، واتە: شتێکی تازە پەیدا نەبووە، ڕووحەکە هەر هەبووە لە جەستەیداو، بە کوشتنەکە جەستەکە ڕووحەکەی لێ دێتە دەرێ، شتێکی تازە پەیدا نەبووە.

هەروەها مرۆڤ هەر گوناهێکی دیکە دەکات، وە هەر چاکەیەك دەکات، کردەوەکانی ئینسان هیچیان کە شتێك نین، پەیدا بکرێن، تاکو پێویستییان بە پەیداکەر هەبێ، بەڵکو بەدەست دەهێنرێن‌و ئەنجام دەدرێن، بۆیە تەنیا پێویستییان بە ئەنجامدەرو وەدەستهێنەر هەیەو، مرۆڤیش ئەو توانایەی هەیە.

ڕەنگە یەکێ بڵێ: ئەو ڕایە لەگەڵ قسەی ئەشعەرییەکان‌و ماتوریدییەکان دا تێکدەکاتەوە، دەڵێین: نەخێر، تێکناکاتەوە، چونکە ئەوان دەڵێن: خوا کردەوەکانی ئینسان دەخوڵقێنێ‌و، بۆخۆشی وەدەستیان دێنێ، بەڵام من دەڵێم: کردەوەکانی مرۆڤ وەدیهێنراو (مخلوق) نین، تاکو حەوجێی بەدیهێنەر (خالق) بن، وەدەستهێنراو (مُکْتَسَب)ن‌و، مرۆڤیش خۆی وەدەستیان دێنێ، بۆیەش پێشتر گوتم: ئەو ڕایە من لە هیچ کتێبێکدا نەمبینیوە، ڕەنگە هەبێ‌و لە کتێباندا باس کرابێ، بەڵام من نەمبینیوە، وە لە ئەنجامی سەرنجدانی قورئان‌و زۆر

لێوردبوونەوەی دا، بۆم دەرکەوتوە کە ئەو ڕایە ڕاستەو، بەو شێوەیەش لە هەموو ئەو ئیشکالانەش دەربازمان دەبێ، کە جارێك خوا بکەین بە بەدیهێنەری کردەوەکانی ئینسان، بۆئەوەی بەرگریی لە ویستو توانای ڕەهای خوا بکەین، وە جارێك ئینسان بکەینە بەدیهێنەری کردەوەکانی خۆی، بۆئەوەی بەرگریی لە حیکمەتو دادگەریی خوا بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕایەدا کە هەڵمبژاردوە، پێویستیمان بەوانە بە هیچیان نابێ.

بەکارهێنرانی وشەی (خلق) بۆ کردەوەی مرۆڤ :

لە سێ شوێن لە قورئاندا خوای بەدیهێنەر وشەی (خلق)ی بۆ کردەوەی ئینسان بەکارهێناوە :

یەکەم : لە سوورەتی (العنکبوت) لە ئایەتی (١٧)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوۡثَٰنٗا وَتَخۡلُقُونَ إِفۡكًاۚ ...﴿١٧﴾ ﴾، واتە: بێگومان ئێوە لە جیاتی خوا صەنەمان دەپەرستن، وە (درۆ هەڵدەبەستنو) درۆ بەدیدێنن.

ڕاستە لێرەدا وشەی (إِفۡكً) خوای زانا، وشەی: (خلق)ی بۆ بەکارهێناوە: ﴿ وَتَخۡلُقُونَ إِفۡكًا ﴾.

دووەم : وە لە سوورەتی (آل عمران)یش لە ئایەتی (٤٩)دا، خوای پەروەردگار دەربارەی عیسا دەفەرموێ: ﴿ وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنِّي قَدۡ جِئۡتُكُم بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ أَنِّيٓ أَخۡلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ ...﴿٤٩﴾ ﴾، واتە: وە ئەو (عیسا) ڕەوانە کراوە بۆ لای بەنی ئیسرائیل پێیان دەڵێ: بە نیشانەیەك لە پەروەردگارتانەوە بۆتان هاتووم، من لە قوڕی شێوەی باڵندەتان بۆ ساز دەکەمو، فووی پێدادەکەم، یەکسەر بە مۆڵەتی خوا دەبێتە باڵندە(ی زیندوو).

سێیەم : هەروەها هەر دەربارەی هەمان بابەت لە سوورەتی (المائدة) ئایەتی (١١٠)دا، دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ ٱلطِّينِ كَهَيْـَٔةِ ٱلطَّيْرِ بِإِذْنِى فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًۢا بِإِذْنِى ﴿١١٠﴾﴾، واتە: وە (ئەی عیسا !) یاد بکەوە! کاتێك لە قوڕی شێوەی باڵندەت دروست دەکرد بە مۆڵەتی من، وە فووت پێدا دەکردو بە مۆڵەتی من دەبوو بە باڵندە(ی زیندوو).

دیارە بەڕواڵەت ئەوە ئیشکالێکە، بەڵام لە ڕاستیی دا وانیەو، وەڵامەکەشی بەم شێوەیەیە :

١/ کە دەفەرموێ: ﴿وَتَخْلُقُونَ إِفْكًا﴾، بوختانێك هەڵدەبەستن، خوا بۆیە وشەی (خلق)ی بەکارهێناوە، چونکە باس باسی هاوبەش بۆ خوا پەیداکردنەو هاوبەشی خواش بوونی نیە، واتە: کەسێك، شتێك کە هاوبەشی خوا بێ، بوونی نیە، بۆیە خوای کاربەجێ وشەی پەیداکردن (خلق)ی بەکارهێناوە، یانی: هاوبەشدانان، وەك ئەوەیە خۆتان پەیداتان کردبێ، چونکە لە دنیای واقیعدا بوونی نیە، ئایا هاوبەشی خوا بوونی هەیە؟ نەخێر.

ئەدی چۆنە دەڵێین: ئەو ئینسانە هاوبەشی خوایە، یان ئەو صەنەمە، ئەو ئەستێرە، ئەو مانگە؟ وەڵام: ئەوە تەنیا لە مێشکی خەڵکدا هاوبەشی خوایە، بەڵام لە دنیای واقیعدا خوا هاوبەشی نین، خوا تەنیا دروستکراوی هەن، کەواتە: خوای زاناو شارەزا وشەی (خلق)ی بەو موناسەبەتەوە بەکارهێناوە، کە شتێکیان بۆ خوا پەیدا کردوە، کە لە دنیای واقیع دا بوونی، نیە، بۆیەش وشەی درۆ هەڵبەستن (إِفك)ی بۆ بەکارهێناون .

٢و ٣/ بەنسبەت دوو شوێنەکەی دیکەوە کە: عیسا ﷺ باسی دروستکردنی باڵندە لە قوڕ دەکات، لەبەرئەوەیە کە ئەوەش شتێك بووە تایبەت بە عیساوەو، پێشتر وێنەی نەبووە، بەوبۆنەوە خوای پەروەردگار وشەی بەدیهێنان (خلق)ی بۆ بەکارهێناوە، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین: لە هەردوو شوێنەکاندا دروستکردنی باڵندە لە قوڕو، ژیان بە بەرداکرانی بەهۆی فووپێداکردنی

عیساوە، دەگێـڕێتەوە بۆ ویستو مۆڵەتی خـوا، دەفەرموێ: ﴿أَنِّيٓ أَخۡلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ ...﴿٤٩﴾﴾، كەواتە: شێوەی قوڕەكە بە مۆڵەتی خوا دەبێتـە باڵندە، هەروەها لەوی دیكەش دا دەفـــــــەرموێ: ﴿وَإِذۡ تَخۡلُقُ مِنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ بِإِذۡنِي فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِيۖ ﴿١١٠﴾﴾، لـە هەردووكیـان دا خـوای پەروەردگـار بوونـە باڵندەی، گێڕاوەتـەوە بۆ لای خۆی.

ئەمـە كورتـە باسێك بوو دەربارەی بەدیهێنەرایەتیـی خـوا ﷻ بـۆ هـەموو شتێك واتە: جگە لە خۆی، چونكـە جگـە لە خـوا، تەنیـا دروستكراوەكاننـی، بینـراو بـن، یـان نەبینـراو.

مەسـەلـەی دوەیـەم: كـە خـوای پەروەردگـار دەفـەرموێ: ﴿لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَهُوَ يُدۡرِكُ ٱلۡأَبۡصَٰرَۖ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ﴿١٠٣﴾﴾الأنعـــام، خـــوا ﷻ لەســەر پێناسـەكردنی خـۆی بـەردەوام دەبـێو دەفـەرموێ: چاوەكـان ئـەو نابینـن‌و، ئـەو چاوەكـان دەبینـێ، وە ئـەو پەنهـانكـاری شـارەزایە، بـۆ وشـەی ﴿لَّا تُدۡرِكُهُ﴾، توێژەرەوانی قورئان، دوو واتـایان هێنـاون:

١) هەندێكـیان گوتوویـانە: (لا تدركُهُ: لا تحيط بـه) واتـە: دەوری نـادات، یانـی: چاوەكان دەوری خـوا نـادەن.

٢) هەندێكیشیان گوتوویانە: (لا تدركُهُ: لا تُبْصِرُه) نایبینـن، بـەدی ناكـەن، چـونكە كـە دەڵێـی (أَدْرَكْتُـهُ) واتـە: (أَدْرَكْتُهُ ببَصَرِي) یـانی: (رَأَيْتُـهُ وَأَبْصَرْتُهُ) واتـە: بینیـم‌و چـاو پێیكـەوت.

مانـایەكـی دیكــە (أَدْرَكَ) بریتیــە لـە دیتنــی تـەواو، بۆیــە (أَدْرَكْتُـهُ) واتـە: بەتـەواویی بینـیم، (أحطتُ بە)، وە لـە زمـانی عەرەبییـدا وشـەی (إِدْرَاك) جیایـە لە وشـەی (عِلْـم)، (علـم) هــەبوون بـە شــتێك، ئەوەیـە كـە تـۆ ئـەو شـتە بزانـی،

ئیدی مەرج نیە هەموو شتێکی لەبارەوە بزانی، بەلام کە گوتت: (أَدْرَكْتُهُ) مانای وایە هەموو شتێکت لەبارەی ئەو بابەتەوە زانی، بۆیەش خوا ﷻ نەیفەرمووە: خوا نازانن، بەلام فەرموویەتی زانیاریی وان دەوری خوا نادات، وەك دەفەرمویٚ: ﴿وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلْمًا ١١٠﴾ طـه، واتە: زانیاری ئەوان دەورەی خوا نادات، یانی: هەموو شتێك لەبارەی خواوە نازانن، تەنیا دەزانین کە خوا بەدیهێنەرو پەروەردگارەو، ئەو ناوو سیفەتە چاکانەی هەن، کە لە رێی وەحییەوە پێی فەرمووین، بەلام زانیاریی ئێمە دەوری خوای پەروەردگار نادات.

ئنجا ئێمە لێرەدا باسێك دەکەین دەربارەی بینینی خوای بەرزو بێ وێنەو هەولمداوە، باسێکی تارادەیەك تێرو تەسەل بێ.

باسێك لە بارەی

بینرانی خوای بەرزو مەزنەوە، لە دنیاو دواڕۆژدا

لـەبارەی بینینــی خــوای بـەرزو بـێوێنــەوە لـە نێــوان زانایــان دا مشــتومڕو ڕاجیایی زۆر هەبووەو هەیە.

چ لە دنیـادا لە لایەن پێغەمبـەری خـواوە ﷺ لە شـەوی میعـراج دا.

وە چ لە قیـامەت دا، لە بەهەشـت، لەلایـەن بڕوادارانـەوە.

وە چ لە خـەون دا لە دنیـادا .

ئنجا ئێمە خوا پشـتیوان بـێ، لە هەشـت (٨) خاڵن دا، ئەو بابەتـە دەتوێژینــەوە، کە ئەمە ناوونیشـانەکانیـانن:

١/ بۆچی لە دنیـادا خـوا ﷻ نابینـین ؟

٢/ پێغەمبــەری خــوا ﷺ لـەبارەی دیتنــی خــواوە، لــە شــەوی میعـراج دا، چــی فـەرمووە ؟

٣/ ئایـا پێغـەمبەری خـوا (موحەممـەد) ﷺ لـە شــەوی میعـراج دا، خـوای بـەرزو مەزنـی دیوە، یان نـا؟!

٤/ یەکدەنگیـی زانایان لەسـەر نەبینـرانی خـوا، بە چـاوی سـەر، لە دنیـادا.

٥/ زانـایان یـەك دەنگن لەسـەر بینـینــی خـوای پەروەردگـار، لە ڕۆژی دوایـی دا.

٦/ بەڵگەکانی سـەلماندنی بینینـی خـوا لـە دواڕۆژدا، لەلایەن ئەهلی بەهەشـتەوە.

٧/ ئەو زانـایانـەی دیکە کە دەڵێن: خـوا ﷻ نابینـرێ، بەڵگـەیان چییــە؟

٨/ ئایـا دەگونجـێ خـوا ﷻ لە خەونـدا ببینـرێ ؟

یەکەم: بۆچی لە دنیادا خوا ﷻ نابینین ؟

وەڵامەکەی ئەوەیە: کە خوا ئێمەی لەم سەر زەوییە داناوە بۆ تاقیکردنەوە، ئنجا ئەگەر خوای پەروەردگارمان هەمیشە لەبەرچاو بووایە، چۆن تاقیکردنەوە دەبوو؟ بۆیەش یەکەمین وەسفی ئیمانداران، کە لە سەرەتای سوورەتی (البقرة)دا خوای بەرز ئیماندارانی پارێزکاری پێ وەسف دەکات، ئەوەیە کە ئیمانیان بە نادیار هەیە، وەك دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ٣ ﴾، بەڵێ، بڕواداران، خوا نادیار (غیب)ەو ئیمانیان پێیەتی، بەهەشت نادیارەو، ئیمانیان پێیەتی، دۆزەخ نادیارەو ئیمانیان پێیەتی، قیامەت نادیارەو، ئیمانیان پێیەتی، فریشتەکان نادیارن و، ئیمانیان پێیانە، جند پەنهانەو، ئیمانیان پێیەتی، وەحی هاتن بۆ پێغەمبەران پەنهانەو، ئیمانیان پێیەتی، هەمووی دەگرێتەوە!

کەواتە: حیکمەتی نەبینراویی خوا ﷻ لەلایەن مرۆڤەوە، وەك لە کتێبی : (خوا ناسیی، ئایین، ئیمان)دا بە تەفصیل باسمکردووە، ئەوەیە کە خوا ئینسانی داناوە تاقیبکاتەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡمَوۡتَ وَٱلۡحَيَوٰةَ لِيَبۡلُوَكُمۡ أَيُّكُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗاۚ ٢ ﴾ الملك، واتە: ئەو کەسەی کە ژیان و مەرگی گێڕاون، تاکو تاقیتان بکاتەوە.

ئنجا مرۆڤ چۆن تاقی دەکرێتەوە، ئەگەر خوای پەروەردگار ببینێ، فریشتە ببینێ و، نێو بەهەشت و دۆزەخ ببینێ و، هەموو شتێك ببینێ، ئەو تاقیکردنەوەیە چۆن دەبێ؟

بەڵێ ئینسان لەبەرئەوەی کە خوای کاربەجێ لەسەر زەوی دایناوە، کە تاقیبکاتەوە، بۆیە خۆی لێ پەنهان کردووە و نایبینێ، وە دەبێ بە چاوی عەقڵ بیبینێ، خوا ئینسانی وا دروستکردووە، کە چاوی توانای ئەوەی نەبێ، نەك خوا

ببینێ، بەڵكو زۆر لە دروستكراوەكانیش ببینێ، وەك دوایی باسی دەكەم، بۆیە ئینسان ئەوەی لە تواناادا نیە، تەحەمولی بینینی خوای بەرزو مەزن بكات، بەڵكو تەحەمولی بینینی هەندێ لە دروستكراوەكانیش ناكات، ئەو هەستەوەرانەی كە هەمانن، خوای زاناو توانا بە زۆریی باسی سێیانیان دەكات، ئەوانیش: بیستن، بینین، عەقڵ، وەك دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡبَصَرَ وَٱلۡفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنۡهُ مَسۡـُٔولٗا ٣٦﴾ الإسراء، واتە: بێگومان بیستن‌و بینین‌و عەقڵ، هەر كامێك لەوانە لێیان دەپرسرێتەوە.

با تەماشای هێزی بیستن‌و بینین‌و عەقڵی خۆمان بكەین:

١/ **بیستن‌و گوێ**: زانایان دەڵێن: گوێی ئینسان دەتوانێ لە (٢٠) لەرینەوە (ذبذبة) تاكو (٢٠,٠٠٠) لەرینەوە ببیستێ، واتە: لە (٢٠) كەمتر نابیستێ، وە لە (٢٠,٠٠٠) هەزاریش زیاتر نابیستێ، واتە: دەنگێك لە (٢٠) لەرینەوەی (ذبذبة) كەمتریان لە (٢٠,٠٠٠) لەرینەوەی زیاتری هەبێ، نابیسترێ، ئایا حیكمەتی ئەوە چییە؟ تەماشا بكەن! هەر كۆئەندامێك لە جەستەی ئینساندا هەیە (دڵ، سییەكان، گەدەو ریخۆڵەكان، مێشك، جگەر، پەنكریاس، گورچیلەكان) هەموویان دەنگیان هەیە، كە ئیش دەكەن، بەڵام ئایا ئێمە دەنگیان دەبیستین؟! نەخێر، چونكە ئەگەر ئەو دەنگانەمان هەموو بیستبایە، ئیسراحەتمان نەدەكرد، بۆچی دەنگیان نابیستین؟ چونكە لە (٢٠) لەرینەوە كەمترن، هەروەها دەنگی زۆر گەورەش، كە لە (٢٠,٠٠٠) لەرینەوە زیاتر بێ، هەر نایبیستین.

٢/ **بینین‌و چاو**: دیارە زۆر شتی ورد هەیە، كە ئێمە نایبینین بۆ وێنە: گەردیلە ئەوە هیچ، گەردیش نابینین، {گەردیلە واتە: (ذرة)، گەرد یانی (جزيء)}[1] بەڵكو لەوەش گەورەتر نابینین، ئێمە، شانە (خلية)ش نابینین،

---

١) گەرد: (جُزَيء) لە كۆمەڵە گەردیلەیەك پێكهاتوە، وەك چۆن شانە (نسيج) لە چەند خانە (خلية) یەك پێكدێ، بە ئینگلیزی گەرد ـ جُزَيء: {(Molecul) مۆلكۆلی پێدەگوترێ.

خانەش لە ملیۆنان گەردو گەردیلە پێكدێ، ئەوەش نابینین، بەڵام دەتوانین بە میكرۆسكۆب (گەورەكەر) بیبینین، كەواتە: شتی زۆر ورد نابینین، وە شتی زۆر دووریش نابینین.

وە تیشكەكانیش هەندێكیان نابینین، بۆ وێنە: تیشكی سووروو سەروو وەنەوشەیی نابینین، وە هێزی موگناتیسیی نابینین، وە هێزی كێشكردن نابینین، وە ڕووح نابینین، بگرە ئەو قسانەی من ئێستا بۆ ئێوەیان دەكەم و دەگەنە گوێی هەمووتان، قسەكان دەبینین؟ نەخێر، ئنجا ئەوە هێزی بیستنو، ئەوەش هێزی دیتن، كە لە بەرانبەر دەرككردنی هەندێ لە نوسراوەكانیش دا، دەستە پاچەن، چ جای خوا ﷻ !

٣/ عەقڵ: دیارە عەقڵو هۆشی مرۆڤیش، وەك هەستەوەرەكان (الحواس) سنووردارە، بۆ وێنە: عەقڵ ناتوانێ ئیستیعابی ئەزەلو ئەبەد بكات، (ئەزەل) واتە: بێ سەرەتا، (ئەبەد) واتە: بێ كۆتا، ناتوانێ تێیان بگات، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو عەقڵ جاری وایە لە شتی دیكەش تێناگات كە لەبەردەستی خۆشیەتی، با وێنەیەكتان بۆ بێنمەوە، كە من ئەو وێنەیەم هەم لە كتێبی: (خواناسیی، ئایین، ئیمان)و هەم لە بەرگی دووەمی كتێبی: (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی)شدا لە باسی بەدیهێنەرایەتیی خوای پەروەردگاردا هێناوەتەوە :

دەڵێن: یەكەم كەس كە یاری شەترەنجی بۆ دروست كرا، پادشایەكی هیندیی بوو، خەفەتی هەبووە بەهۆی ئەوەوە كە كوڕێكی گیرا بوو، دەپرسێ : فەیلەسووفێك، شارەزایەك، یارییەكم بۆ دروست بكات، تاكو خۆمی پێ بخافڵێنم، ئنجا ئەو كەسەی كە شەترەنجی دروست كردوە، گوتی: من یارییەكم دروست كردوە ئاواو ئاوایە، پێشانی داو بۆی باسكرد.

- پادشا گوتی: ئەوە یارییەكی زۆر گرنگە، ئینسان زۆر بەخۆیەوە مەشغووڵ دەكات، بەڵام پێم بڵێ: بە چی پاداشتت بدەمەوە ؟

+ گوتی: هیچم ناوێ، تۆ پادشای وڵاتیو ئەوە خزمەتێكە بە جەنابتم كردوە.

- گوتی: نەخێر، حەتمەن دەبێ داوای پاداشتێك بكەی.

+ گوتی: ئاخر هیچم ناوێ.

- گوتی: هەر دەبێ داوابکەی.

+ گوتی: ئنجا ئەگەر هەر زۆرم لێدەکەی یەك داوام هەیە.

- گوتی: چییە ؟ "دیارە شەترەنج (٦٤) خانەیە "

+ گوتی: لە خانەی یەکەم دەنکە گەنمێکم بۆ دابنێ، لە هی دووەم بیکە بە دوو، لە هی سێیەم بیکە چوار، هی چوارەم بکە هەشت، هی پێنجەم بیکە شازدە، هی شەشەم بکە بە (٦٤)، هی حەوتەم بکە بە (١٢٨)، ئاوا چەند قات بێتەوە، هەتا (٦٤) خانەکە تەواو دەبێ.

- پادشا گوتی: جا ئەوە چ تەکلیفێکە لە منی دەکەی ؟

+ گوتی: بۆچی ؟

- گوتی: ئەوە هەمووی دەکاتە چەند مستە گەنمێك‌و ئەو تەکلیفە هیچ نیە.

+ کابرا گوتی: جەنابی پادشا عەمبارەکانت ئەگەر پڕبن لە گەنم، ئنجا ئەوەندە گەنمەی تێدا نابێ.

- گوتی: چۆن ؟

+ گوتی: ئەوە قەڵەم‌و کاغەز، حیسابی بکە!! ڕاستە بە ڕواڵەتی عەقڵ کە تەماشای دەکەی، دەڵێی دەکاتە چەند مستە گەنمێك، بەڵام وەرە تەماشای بکەو حیسابی بکە، هێندە سفر ڕیز دەبن، ئەگەر سەدان‌و هەزاران تەن گەنم بێنی، بەش ناکات !!

کەواتە: جاری وایە عەقڵ مەسەلەیەکی دێتە پێش، بۆی لە خۆی دا جێ ناکرێتەوە !

وێنەیەکی دیکە: دووریی مانگ لە زەوی یەوە (٣٨٤,٥٥٠) کیلۆمەترە، واتە: تیشك بە چرکەیەك‌و (١/٣)ی چرکەیەك دەگاتە ئێمە لە مانگەوە، ئنجا ئایا چ عەقڵێك بڕوا دەکات، ئەگەر بێت‌و پارچە کاغەزێك بێنی، ئەستووریی (سمك)یەکەی میللیمەترێك بێ، ئەگەر (١٠٠) جار بینووشتێنیەوە، بەڵام هەموو جارێ دووقات بکرێتەوە، یانی جاری یەکەم دەکرێتەوە دوو، جاری دووەم دەکرێتەوە چوار، دوایی دەکرێتە هەشت، ئاوا چەند قات دەبێتەوە،

ئەگەر سەد (١٠٠) جار بینووشتێنیەوە، درێژییەکەی بە باری ئەستووریی دا دەکاتە نزیکەی دووریی نێوان زەوی‌و مانگ !

ئنجا هەرچەندە ئەوە شتێکی ڕاستە، وەرە بە وەرەقەو قەڵەم حیسابی بکە، بەڵام عەقڵ تەصەووڕی ئەوە ناکاتو، سەرەتا لە عەقڵ دا جێی نابێتەوە.

کەواتە: لەڕاستییدا هێزی دیتنی ئینسانو، هێزی بیستنی ئینسانو، هێزی عەقڵی ئینسان هەموویان سنووردارن، چونکە نە گوێ هەموو دەنگێك دەبیستیو، نە چاو هەموو شتێك دەبینێو، نە عەقڵیش دەتوانێ هەموو شتێك لەخۆی دا بحەوێنێتەوەو جێ بکاتەوە: عەقڵ هەتا ئێستاش لە (ڕوح) تێنەگەیشتوەو نەیزانیوە چییە؟!

وە هێزی کێشندە (قوة الجاذبية)کە خوا ئەو هەموو بوونەی پێ بەستۆتەوە، تێی ناگات.

هێزی موگناتیسیی، تەماشا دەکەی موگناتیسێکت داناوە، هەرچی ماددەی ئاسنە بۆ لای خۆی ڕای دەکێشێ، تۆش هیچ هێزێك نابینی.

کەواتە: حیکمەتی نەبینرانی خوا لەلایەن مرۆڤەوە لە ژیانی دنیای دا، تاقیکردنەوەیەتی، هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە تواناکانی مرۆڤ سنووردارنو، بایی دەرککردنی ڕاستییەکان ناکەن.

دووەم: پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی دیتنی خواوە، لە شەوی میعراج دا، چی فەرمووە ؟

لەوبارەوە، چەند فەرموودەیەك هەن، ئێمە دووانیان لێ بە نموونە دێنینەوە:

فەرموودەی یەکەم: ﴿عَنْ أَبِي ذَرٍّ رضي الله عنه قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ هَلْ رَأَيْتَ رَبَّكَ؟ قَالَ: «نُورٌ أَنَّى أَرَاهُ»﴾[1]، واتە: ئەبو زەڕ خوای لێ ڕازی بێ، دەڵێ: لە

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢١٤٢٩)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٤٢)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٢٨٢) وَقَالَ: حَسَنٌ، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٥٨).

پێغەمبەری خوام ﷺ پرسی: ئایا پەروەردگاری خۆتت بینی ؟ ئەویش فەرمووی: ڕووناكیی بوو، چۆنی ببینم ؟

دیارە (نور)، واتە: ڕووناكیی، بەلاَم بێگومان ڕووناكییەك، كە خوای پەروەردگاری پێ وەسف بكرێ، وەك ئەو ڕووناكییە نیە، كە ئێمە دەیزانینو دەیبینین، كە دیارە ڕووناكیی ماددیی، جیایە لەو ڕووناكییەی كە خوای بێوێنەی پێ وەسف دەكرێ، كە بۆخۆی لە سوورەتی (نور)دا دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ مَثَلُ نُورِهِۦ كَمِشۡكَوٰةٖ فِيهَا مِصۡبَاحٌۖ ٱلۡمِصۡبَاحُ فِي زُجَاجَةٍۖ ٱلزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوۡكَبٞ دُرِّيّٞ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٖ مُّبَٰرَكَةٖ زَيۡتُونَةٖ لَّا شَرۡقِيَّةٖ وَلَا غَرۡبِيَّةٖ يَكَادُ زَيۡتُهَا يُضِيٓءُ وَلَوۡ لَمۡ تَمۡسَسۡهُ نَارٞۚ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٖۚ يَهۡدِي ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَيَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡأَمۡثَٰلَ لِلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ٣٥﴾، واتە: خوا ڕووناكیی ئاسمانەكانو زەوییە... هەڵبەتە (نور)ێك، كە خوای پێ وەسف دەكرێ، (نور)ێكی تایبەتە بە خوای بەرزو مەزنەوە، چونكە سیفەتەكانی خوا، وەك خوان، خوای پەروەردگاریش دەربارەی خۆی فەرموویەتی: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾الشورى، واتە: هیچ شتێك وەك وێنەی وی نیە، وە ئەو بیسەری بینەرە.

دیارە ئەو بنچینەیەش هەم زاتیو هەم سیفەتەكانیشی دەگرێتەوە.

فەرموودەی دووەم، لەوبارەوە: ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ شَقِيقٍ، قَالَ: قُلْتُ لأَبِي ذَرٍّ: لَوْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ لَسَأَلْتُهُ، فَقَالَ: عَنْ أَيِّ شَيْءٍ كُنْتَ تَسْأَلُهُ؟ قَالَ: كُنْتُ أَسْأَلُهُ هَلْ رَأَيْتَ رَبَّكَ؟ قَالَ أَبُو ذَرٍّ: قَدْ سَأَلْتُ، فَقَالَ: «رَأَيْتُ نُوراً»﴾ (أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٤٦٢)) واتە: عەبدوڵلای كوڕی شەقیق (كە یەكێكە لە زانایانی تابیعیین، واتە: ئەو جیلەی كە لە دوای هاوەڵانەوە هاتوون)، بە ئەبو زەڕی خوا لێی ڕازی بێ، گوت: ئەگەر پێغەمبەری خوام ﷺ بینیبایە، پرسیارم لێ

دەکرد.ئەبو زەڕ گوتی: لەبارەی چییەوە لێت دەپرسی ؟ گوتی: لەوبارەوە لێم دەپرسی کە: ئایا پەروەردگاری خۆتت بینیوە؟ ئەبو زەڕیش گوتی: من لەوبارەوە لێم پرسی ؟ فەرمووی: ڕووناکییم بینی.

لە فەرموودەکەی پێشوو دا فەرمووی: {نُورٌ أَنَّى أَرَاهُ} خوا ڕووناکییە، چۆنی ببینم! دیارە مەبەست پێی شەوی میعراجە، چونکە هیچ زانایەك لە تابیعیین باسی ئەوەی نەکردوە، کە پێغەمبەر ﷺ لەسەر زەوی خوای پەروەردگاری بینیبێ، هەموویان باسی شەوی (الإِسْرَاء والمعراج) شەوڕۆیی و بەرزبوونەوە، دەکەن.

ئیمام نەوەویی لەوبارەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ خوای پەروەردگاری بە چاوی سەر بینیوە، لە شەوی شەوڕۆیی دا، لە شەرحی (صحيح مسلم)دا دوای چەند قسەیەك دەڵێ: (فَالحاصل أَنَّ الرَّاجح عِنْدَ أَكْثَر العُلَمَاء أَنَّ رَسُول الله ﷺ رَأَى رَبّه بعَيْنَي رَأْسه لَيْلَة الإِسْرَاء)[1]، واتە: کورتەی قسان: ڕای بە هێزتر لەلای زۆربەی زانایان، ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە شەوی میعراج دا، بە چاوی سەری پەروەردگاری خۆی بینیوە.

ئنجا نەوەویی دەڵێ: ئەم مەسەلەیە نابێ هیچ کەس گومانی تێیدا هەبێ ! بەڵام هەڵبەتە گومانیشی تێدا هەبووەو هەیە، بەڵام ئەوە ڕای نەوەوییە.

<u>سێیەم</u>: ڕاجیایی هاوەڵان لەوبارەوە کە: ئایا پێغەمبەری خوا (موحەممەد) ﷺ لە شەوی میعراج دا، خوای بەرزو مەزنی دیوە، یان نا ؟

دیارە لەنێوان هاوەڵاندا خوا لێیان ڕازی بێ لەوبارەوە ڕاجیایی هەیە، هەندێکیان پێیانوایە کە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ لە شەوی میعراجدا، خوای پەروەردگاری بە چاوی سەر نەبینیوە، کە عائیشە خوای لێ ڕازی بێ دایکی ئیمانداران (الصديقة بنت الصديق) خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، ڕای وایە، بەڵام عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، ڕای وایە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە شەوی میعراج دا، خوای بەرزو مەزنی بە چاوی سەر بینیوە، با تەماشا بکەین:

---

١) ج ٣، ص ٥.

١/ دەربارەی ڕای عائیشە خوا لێی ڕازی بێ ئەم دەقە هەیە: {عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: قُلْتُ لِعَائِشَةَ يَا أُمَّتَاهْ! هَلْ رَأَى مُحَمَّدٌ رَبَّهُ؟ فَقَالَتْ: لَقَدْ قَفَّ شَعَرِي مِمَّا قُلْتَ! أَيْنَ أَنْتَ مِنْ ثَلاثٍ، مَنْ حَدَّثَكَهُنَّ فَقَدْ كَذَبَ: مَنْ حَدَّثَكَ أَنَّ مُحَمَّدًا رَأَى رَبَّهُ، فَقَدْ كَذَبَ، ثُمَّ قَرَأَتْ: ﴿ لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَٰرَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٠٣﴾ ﴾الأنعام، ﴿ وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ ... ﴿٥١﴾ ﴾الشورى، وَمَنْ حَدَّثَكَ أَنَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي غَدٍ فَقَدْ كَذَبَ، ثُمَّ قَرَأَتْ: ﴿ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا ﴿٣٤﴾ ﴾لقمان، وَمَنْ حَدَّثَكَ أَنَّهُ كَتَمَ فَقَدْ كَذَبَ، ثُمَّ قَرَأَتْ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغْ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ﴿٦٧﴾ ﴾المائدة، الآيَةَ وَلَكِنَّهُ رَأَى جِبْرِيلَ عليه السلام فِي صُورَتِهِ مَرَّتَيْنِ}[١]، واتە: (مەسرووق) {یەکێکە لە زانایانی تابیعین}، دەڵێ: بە عائیشەم گوت: ئەی دایە گیان ! {خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ بە دەقی ئایەتی دایکی ئیماندارانن وەك خوا فەرموویەتی : ﴿ ... وَأَزْوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمْ ... ﴿٦﴾ ﴾ الأحزاب}، ئایا موحەممەد پەروەردگاری خۆی بینی؟ {مەبەستی شەوی میعراجە}، گوتی: بەهۆی ئەو قسەیەوە کە گوتت، مووەکانم ڕاوەستان، {کوردەواریی خۆمان دەڵێن: مووم گرژ بوون، واتە: ئەوەندە شتێکی گەورە بوو}، تۆ لە کوێی لە سێ قسان، هەر کەسێك بیانکات، درۆی کردوە :

هەر کەسێك گوتی: موحەممەد پەروەردگاری خۆی بینیوە: درۆ دەکات، {یانی: بە هەڵەدا چووە} دوایی ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَٰرَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٠٣﴾ ﴾، واتە: چاوەکان نایبینین، وە ئەو چاوەکان دەبینێ، وە خوا پەنهانکاری شارەزایە. هەروەها ئەم

١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (١٥٢٨)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٨٧)، وأَحْمَد برقم: (٢٤٢٧٣) تعليق شعيب الأرنؤوط: إِسنادُهُ صَحيح عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ.

ئایەتەشی خوێندەوە: ﴿ وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحۡيًا أَوۡ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ ...﴿٥١﴾ ﴾الشورى، واتە: هیچ بەشەرێك بۆی نیە خوا بیدوێنێ، مەگەر بە سرووش، یان لە پشت پەردەوە.

پاشان گوتی: وە هەر كەسێك بۆی باسكردی: كە موحەممەد ﷺ دەزانێ سبەینێ چی ڕوودەدات، درۆی كردوە، دوایی ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسٞ مَّاذَا تَكۡسِبُ غَدٗاۖ ﴿٣٤﴾ ﴾لقمان، واتە: وە هیچ كەسێك نازانێ بەیانی چی دەكات.

وە هەر كەسێكیش بۆی باسكردی كە موحەممەد شتێكی شاردۆتەوە (وەك هەندێك لە شیعە دەڵێن) ئەوە درۆی كردوە، دوایی ئەمەی خوێندەوە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ ﴿٦٧﴾ ﴾المائدة، واتە: ئەی پێغەمبەر ! ئەوەی كە لەلایەن پەروەردگارتەوە پێت ڕاگەیەنراوە، ڕایبگەیەنە، {دوایی دایكمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ:} بەڵام جبریلی دووجار لە وێنەی خۆیدا بینی.

جبریل كە هاتوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بە زۆریی خۆی بردۆتە سەر شێوەی پیاوێك كە ناوی (دحیة الكلبي) بووە، كە هاوەڵێكی شێوە جوان بووە، بەڵام پێغەمبەر ﷺ دوو جاران لە شێوەی خۆیدا جبریلی بینیوە، ﴿عَن ابْن مَسْعُودٍ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ رَأَى جِبْرِيلَ لَهُ سِتُّمِائَةِ جَنَاحٍ قَدْ سَدَّ الأُفُقَ[1]} [2]، واتە: عەبدوڵڵای كوڕی مەسعوود خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ جبریلی بینی لە شێوەی خۆیدا، كە شەش سەد باڵی هەبوو، {قَدْ سَدَّ الأُفُقَ}، واتە: ئاسۆی هەموو پڕ كردبوو :

ئەو دوو جارەش ئاوابوون :

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٤٢٨٩) تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط الشيخين.
٢) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٤٥٧٦)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٥٠)، وغيرهما.

أ - جارێك لەسەر زەوی بینی، كە لە ئەشكەوتی (حراء) دەگەڕایەوە، وەك لە (صحيح البخاری)و (صحيح مسلم)دا هاتووە[1].

ب – جارێكیش لە ئاسمان بینی.

وەك خوای پەروەردگار دەبارەی جاری دووەم، دەفەرمویٚ: ﴿ وَلَقَدْ رَءَاهُ نَزْلَةً أُخْرَىٰ ﴿١٣﴾ عِندَ سِدْرَةِ ٱلْمُنتَهَىٰ ﴿١٤﴾ عِندَهَا جَنَّةُ ٱلْمَأْوَىٰٓ ﴿١٥﴾ ﴾النجم، واتە: وە بێگومان جارێكی دیكەش (موحەممەد جبریلی) بینی. لەلای سیدرەتولمونتەها، كە بە هەشتی شوێنی حەوانەوەی، لێوە نیزیكە.

ئەمە ڕای عائیشەی دایكی بڕواداران بوو كە نكووڵیی دەكات، لەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ی خوای بەرزو مەزنی لە شەوی میعراج دا بینیبیٚ.

٢/ عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس خوا لە خۆیو باوكی ڕازی بیٚ، ڕایەكی دیكەی هەیە، پێیوایە كە پێغەمبەری خوا ﷺ لە شەوی میعراج دا خوای پەروەردگاری بە چاوی سەر دیوە: ﴿عَنْ عِكْرِمَةَ عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ، قَالَ: رَأَى مُحَمَّدٌ رَبَّهُ، قُلْتُ: أَلَيْسَ اللّٰهُ يَقُولُ: ﴿ لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَٰرَ ﴿١٠٣﴾ ﴾، قَالَ: وَيْحَكَ! ذَاكَ إِذَا تَجَلَّى بِنُورِهِ الَّذِي هُوَ نُورُهُ، وَقَالَ: أُرِيَهُ مَرَّتَيْنِ، (وفي لفظ) إنّما ذلك إذا خلا بكيفية لم يقم له بصر﴾[2]، واتە: عیكرەمە دەڵیٚ: عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس گوتی: موحەممەد پەروەردگاری خۆی بینیوە (یانی: لە شەوی میعراج)دا، منیش گوتم: ئەدی خوا نەیفەرموە: ﴿ لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَٰرَ ﴿١٠٣﴾ ﴾، واتە: چاوەكان نایبینن، وە ئەو چاوەكان دەبینیٚ! گوتی: هاوار بۆ تۆ، ئەوە كاتێكە كە خوا بەو ڕووناكییە بدرەوشێتەوە، كە هی خۆیەتی، وە گوتی: دوو جاران پێشانی درا، {وە لە بێژەیەك دا} ئەوە كاتێكە كە

---

١) البخاري: (٤٩٢٦)، ومسلم: (٣٩٩)، والترمذي: (٣٣٢٥، والنسائي: (١١٦٣١).

٢) أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ برقم: (٣٢٧٩)، وَقَالَ هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيب مِنْ هَذَا الوَجْه، وَضَعَّفَهُ الشيخ الألباني.

بە چۆنیەتییەك بێ، چاو خۆی بۆ ڕاناگرێ.

بە کورتی: لەوبارەوە کە ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ پەروەردگاری بە چاوی سەری لە شەوی میعراج دا بینیوە، یان نەیبینیوە؟ ڕا جیایی هەیەو وەك گوتمان: دایکمان عائیشە خوای لێ ڕازی بێ، وە ژمارەیەکیش لە زانایان پشتگیرییان لە ڕایەکەی کردوە، ڕای وایە نەیبینیوە.

بەڵام عەبدوڵلای کوڕی عەبباس و ژمارەیەکیش لە زانایان، کە یەکێکیش لەوانە ئیمام نەوەویی یە، پشتگیریی ئەویان کردووەو دەڵێن: پێغەمبەر ﷺ خوای پەروەردگاری بینیوە !

کەواتە: ئەم مەسەلەیە یەکێکە لەو مەسەلانەی کە زانایان تێیدا کەوتوونەتە ڕاجیاییەوە، هەرچەندە نەوەویی دەڵێ: زۆربەی زانایان ڕایان وایە، بەڵام ئەوەی بۆ من دەرکەوتوە ئەوەیە، کە زۆربەی زانایان ڕایان وایە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە شەوی میعراجیشدا خوای پەروەردگاری نەبینیوە، هەندێ جار یەکێك لە زانایان ئەو ڕایەی کە بۆخۆی لەسەریەتی، دەڵێ زۆرینەی زانایان وادەڵێن، بگرە هەندێکیان باسی یەکدەنگیی (إجماع)یشیان کردوە، بێئەوەی کە یەکدەنگیی لە ئارادا بووبێ !!.

<u>چوارەم</u>: یەکدەنگیی زانایان، لەسەر نەبینرانی خوا بە چاوی سەر لە دنیادا :

هەر لە بارەی بینینی خوای تاك و پاكەوە، زانایان یەك دەنگن لەسەر ئەوە کە خوا لە دنیادا بە چاوی سەر نابینرێ، واتە: لەسەر زەوی، دیارە پێغەمبەری خوا ﷺ کە شەوڕۆیی پێکراوەو بەرزکراوەتەوە بەرەو ئاسمانەکان، مانای وایە پەیوەندیی بەسەر زەوی و دنیاوە نیە، بە پێی ئەو ڕایە کە دەڵێ: خوای بێوێنەی بینیوە، لە عالەمێکی دیکەدا لە سەرووی ئاسمانەکانەوە خوای پەروەردگاری بینیوە، بەڵام هەموو زانایان لەسەر ئەوە یەك دەنگن، کە خوا ﷻ لە دنیادا بە چاوی سەر نابینرێ، هەڵبەتە کەمێکیش دەڵێن: دەبینرێ، بەڵام لەڕاستیی دا ئەوانەی کە ئەوەیان گوتوە، هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نیە، بۆیەش ڕایەکەیان بە هەند وەرناگیرێ و حیسابی بۆ ناکرێ، بۆیەش گوتمان: زانایان هەموویان ڕایان وایە کە خوای پەروەردگار بە چاوی سەر لەم ژیانە دنیاییەدا نابینرێ.

وە زانایان لەوبارەوە چەند بەڵگەیەکیان هێناوەتەوە، کە من چوارم لێ بە نموونە هێناون:

بەڵگەی یەکەمیان: ئەوەیە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَٰرَ ۖ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٠٣﴾ ﴾الأنعام، واتە: چاوەکان خوا نابینن، ئەو چاوەکان دەبینێ.

کە یەکێك لە ماناکانی (إدراك) وەك گوتمان: بینینە، ئەوی دیکەشیان بریتییە لە: دەورەدان.

بەڵگەی دووەم: ئەوەیە کە خوا لە سوورەتی (الأعراف) لە ئایەتی (١٤٣)دا باسی ئەوە دەکات کە مووسا ﷺ دەچێ بۆ ئەو کاتو شوێنو (میقات)ەی خوا بۆی دیاریی کردوە، ئنجا باس دەکاتو دەفەرموێ: ﴿ وَلَمَّا جَآءَ مُوسَىٰ لِمِيقَٰتِنَا وَكَلَّمَهُۥ رَبُّهُۥ قَالَ رَبِّ أَرِنِىٓ أَنظُرْ إِلَيْكَ ۚ قَالَ لَن تَرَىٰنِى وَلَٰكِنِ ٱنظُرْ إِلَى ٱلْجَبَلِ فَإِنِ ٱسْتَقَرَّ مَكَانَهُۥ فَسَوْفَ تَرَىٰنِى ۚ فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقًا ۚ فَلَمَّآ أَفَاقَ قَالَ سُبْحَٰنَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٤٣﴾ ﴾، واتە: ئنجا کاتێك مووسا ﷺ هات بۆ ئەو ژوانگەیەی کە بۆمان دیاریی کردبوو، وە پەروەردگاری دواندیو گوتی: ئەی پەروەردگارم! پێشانم بدە تەماشات بکەم، خوا فەمووی: هەرگیز ناتوانی بمبینی، (واتە: لەم ژیانە دنیاییەدا) بەڵام تەماشای ئەو چیایە بکە، (چیایەك بوو لەوێ، نزیك بوو، هەندێك دەڵێن: کێوی طوور بووە، بەڵام وا پێدەچێ وشەی طوور هەر بە مانای چیا بێ) ئەگەر ئەو خۆی لە شوێنی خۆی ڕاگرت (بۆ دەرکەوتنی من)، تۆش دەتوانی بمبینی، ئنجا کاتێك پەروەردگاری دەروشایەوە بۆ ئەو چیایە (خۆی پێشاندا) چیایەکە وردو خاش بوو (سووتا)، وە مووساش لە هۆش خۆی چوو، ئنجا کاتێك کە مووسا هاتەوە هۆش خۆی، گوتی: پاکیی بۆ تۆ، بۆ لای تۆ گەڕامەوە (پەشێمان بووەوە)، وە من یەکەمینی ئیماندارانم.

كەواتە: دیترانی خوا ﷻ لەم ژیانە دنیایی یەدا، شتێكی گونجاو نیە.

بەڵگەی سێیەم: ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا قَالَ: تَلا رَسُول اللّه ﷺ هَذِهِ الآية: ﴿رَبِّ أَرِنِيٓ أَنظُرۡ إِلَيۡكَ ١٤٣﴾، فَقَالَ: قَالَ اللّه تَعَالى: يَا مُوسى! لَنْ تَرَانِي إِنَّهُ لَنْ يَرَانِي حَي إِلاَّ مَاتَ وَلاَ يَابس إِلاَّ تدهده[1]، وَلاَ رَطبٌ إِلاَّ تَفرَّق، إنَّمَا يَرَانِي أَهْل الجَنَّة الَّذِينَ لاَ تَمُوت أَعْيُنهُم وَلا تبلَى أَجْسَادهُم}[2]، واتە: عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس خوا لە خۆی و باوكی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿قَالَ رَبِّ أَرِنِيٓ أَنظُرۡ إِلَيۡكَ﴾، دوایی فەرمووی: خوای زانا فەرمووی: ئەی مووسا! هیچ زیندوویەك من نابینێ، كە نەمرێ، وە هیچ شتێكی وشك من نابینێ، كە خلۆر نەبێتەوە، وە هیچ شتێكی تەڕ من نابینێ، كە پرژو بڵاو نەبێ، بەڵام بەس دانیشتووانی بەهەشت ئەوانەی كە چاویان نامرن، وە جەستەكانیان ناڕزن، دەتوانن من ببینن.

بەڵگەی چوارەم: ئەم فەرموودەیە: ﴿عَنْ أَبِي مُوسَى الأَشْعَرِيّ رضي الله عنه، قَالَ: قَامَ فِينَا رَسُولُ اللّهِ ﷺ بِأَرْبَعٍ: إِنَّ اللّه لاَ يَنَامُ، وَلاَ يَنْبَغِي لَهُ أَنْ يَنَامَ، يَرْفَعُ الْقِسْطَ وَيَخْفِضُهُ، وَيُرْفَعُ إِلَيْهِ عَمَلُ النَّهَارِ بِاللَّيْلِ، وَعَمَلُ اللَّيْلِ بِالنَّهَارِ حِجَابُهُ النورُ (وفي رواية: حجابُهُ النّار) لو كَشَفَهُ لأَحْرَقَتْ سُبُحَاتُ وَجْهِهِ كلَّ شيءٍ أَدْرَكَهُ بَصَرُهُ﴾[3]، واتە: ئەبو مووسای ئەشعەریی خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: ڕۆژێك پێغەمبەری خوا ﷺ لە نێوماندا هەڵسا، چوار وشەی فەرموون، (وتارەكەی فەرمایشتەكەی بریتی بوو لە چوار قسە): خوا خەوی لێ ناكەوێ،

---

١) تَدَهْدَهُ الحَجَرُ: تَدَحرجَ، وَدَهْدَهُ الحَجَرَ: قَلَبَهُ بَعْضَهُ على بَعْضٍ، المعجم الوسيط، ص: ٢٩٩.

٢) ذكره الحكيم الترمذي في "نوادر الأصول" (ج٢، ص٤٥)، وَأَخرَجَهُ أَيْضاً: الدَّيْلَمِيُّ برقم: (٣٢٤٣) بنحوه، وأبو نعيم في "حلية الأولياء" ج١٠، ص٢٣٥،

٣) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٩٦٤٩)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٧٩)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (١٩٥)، وَأَبُو عَوَانَة، برقم: (٣٧٩)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٢٦٦)، وَالطَّبَرَانِيُّ في "الأوسط" برقم: (٦٠٢٥).

وە شایستەش نیە خەوی لێ بکەوێ، تەرازوو بەرز دەکاتو نزم دەکات، {هەڵبەتە (قسط) بە مانای دادگەریی دێ، بەڵام (قسطاس) بەمانای تەرازوو دێو، لێرەشدا کە دەفەرموێ: (قِسْط) بەرز دەکاتو نزم دەکات، واتە: کردەوەکان دەکێشێ، وەك بۆ خوا شایستەیە}، کردەوەی ڕۆژێی بۆ لا بەرز دەکرێتەوە، پێش کردەوەی شەوێ، کردەوەی شەوێشی بۆ لا بەرز دەکرێتەوە، پێش کردەوەی ڕۆژێ، {واتە: هەر کاتێ بەندەکان کردەوەیەك دەکەن، خوای پەروەردگار پێی ئاگادارە، هی ڕۆژێ، پێش شەوێو، هی شەویش، پێش ڕۆژێ، نەك پێی بچێ}، پەردەی خوا {کە خوای بێ وێنە لە پشت ئەو پەردەوە خۆی لە بەندەکانی پەنهان کردووەو شاردۆتەوە} بریتیە لە ڕووناکیی، (وە لە گێڕاوەیەك دا: پەردەکەی ئاگرە)، ئەگەر ئەو پەردەیە لابدات، پرشنگەکانی ڕووی (خوا) هەرچی لە مەودای دیتنی خوادایە، لە دروستکراوەکانی، دەیسووتێنن .

ڕیوایەتێکی دیکەی بەمجۆرە هاتوە: {عَنْ أَبِي مُوسَى الأَشعَرِيّ رَضِيَ اللّهُ عَنْهُ قَالَ: ﴿قَامَ فِينَا رَسُولُ اللّهِ ﷺ بِخَمْسِ كَلِمَاتٍ: فَقَالَ: أَنَّ اللّهَ عَزَّ وَجَلَّ لاَ يَنَامُ، وَلاَ يَنْبَغِي لَهُ أَنْ يَنَامَ، يَخْفِضُ الْقِسطَ وَيَرفَعُهُ يُرْفَعُ إِلَيْهِ عَمَلُ اللَّيْلِ قَبْلَ عَمَلِ النَّهَارِ، وَعَمَلُ النَّهَارِ قَبْلَ عَمَلِ اللَّيْلِ، حِجَابُهُ النُّورُ﴾"وَفِي رِوَايَةِ النَّارُ" لَوْ كَشَفَهُ لأَحْرَقَتْ سُبُحَاتُ وَجْهِهِ مَا انْتَهَى إِلَيْهِ بَصَرُهُ مِنْ خَلْقِهِ} {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (١٧٩)، وَإِبْنُ مَاجَهْ برقم: (١٩٥)، وَأَحْمَد برقم: (١٩٦٤٩)، وَأَبُو عَوَانَة برقم: (٣٧٩)، وَإِبْنُ حِبَّانَ برقم: (٢٦٦)، وَالطَّبَرَانِيُّ فِي الأوسط برقم: (٦٠٢٥)}، واتە: ئەبو مووسای ئەشعەریی خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵسا پێنج وشەی پێ فەرمووین، فەرمووی: بێگومان خوای زاڵی خاوەن شکۆ، نانوێ، وە شایستەشی نیە بنوێ، {ناگونجێ بخەوێ}، تەرازوو نزم دەکاتو بەرز دەکات، کردەوەی شەوێی پێشی ڕۆژێ بۆلا بەرز دەکرێتەوە، وە کردەوەی ڕۆژێی پێشی شەوێ بۆلا بەرز دەکرێتەوە، (فریشتەکان کردەوەی بەندەکانی پێشان دەدەن) ئەو پەردەیەی کە خوای پەروەردگاری پەنهان کردوە لە دروست کراوەکانی نوورە، {وە لە ڕیوایەتێکی دیکەدا

فەرموویەتی ئاگره}، ئەگەر خوا ئەو پەردەیە لابدات پڕشنگی ڕووی خوا هەرچی بینینی خوا دەیبینێ، هەمووی دەسووتێنێ، {واتە: هەموو دروستكراوەكان}، كەواتە: خوا ڕووی هەیە، بەڵام وەك باقی سیفەتەكانی ئێمە نازانین چۆنە.

بێگومان ئەمە یەكێكە لە فەرمایشتە سەر سوڕهێنەرەكانی پێغەمبەر ﷺ كە زۆر بە ڕوونیی باسی خوای پەروەردگارو درەوشانەوەی ڕووی خوا دەكات، واتە: خوا ﷻ پەردەیەكی لە نێوان خۆیو دروستكراوەكانیدا داناوە، ئەگەر ئەو پەردەیە لابدا، هەرچی دەیبینێ (خواش هەموو دروستكراوەكانی دەبینێ) پڕشنگی ڕووی خوا، دەیسووتێنێ. {یانی: هەموو دروستكراوەكانی دەسووتێنێ}.

كەواتە: ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوە كە ناگونجێ خوا ﷻ لەم سەر زەوی یە ببینرێ، بەڵێ: بەم جەستەیەی ئێمەو، بەم چاوانەی ئێمە تەحەممولی بینینی خوای بێ وێنە ناكرێ، هەر بۆیەش خوا ﷻ بە مووسای فەرموو: ﴿لَن تَرَىٰنِي﴾، هەرگیز من نابینیو ناتوانی بمبینی، كە دواییش دووبارە قسەی لەبارەوە دەكەین، چونكە هەندێكیان ئەم ئایەتە دەكەنە بەڵگە لەسەر ئەوەی كە خوای بێ هاوەڵ لە قیامەتێش نابینرێ، بەڵام ئێمە هەر بەم ئایەتە ئێمە بەرپەرچیان دەدەینەوە.

پێنجەم: زانایان یەك دەنگن، لەسەر بینینی خوای پەروەردگار لە ڕۆژی دوایی دا:

وەك چۆن زانایان یەك دەنگن لەسەر نەبینرانی خوا لە دنیادا، یەك دەنگیشن لەسەر ئەوە كە خوا ﷻ لە ڕۆژی دوایی دا، لەلایەن ئیماندارانەوە دەبینرێ:

١) (النووي) لە كتێبەكەی خۆی (شرح صحيح مسلم)دا دەڵێ: (وَأَجْمَعُوا أَيْضَاً عَلَى وقُوعِهَا فِي الآخِرَة وَأَنَّ الـمُؤْمِنِين يرون الله تَعَالى دُونَ الكَافِرِين وَزَعمت طَائِفَة مِنْ أَهْلِ البَدِعِ: المعتَزِلَة وَالخوارِج وَبَعْض المرْجِئَة أن الله تعالى لا يراه أَحَدٌ مِنْ خَلْقِه، وَأنَّ رؤيته مستحِيلَة عَقْلاً، وَهَذَا الَّذِي قَالوهُ: خَطَأ صَرِيح وَجَهْلٌ قَبِيح)[١]، واتە: زانایان یەك دەنگن لەسەر بینرانی خوا لە دواڕۆژدا،

---

١) ج٣، ص١٥.

ئیمانداران خوای بەرز دەبینن، بەڵام کافران نایبینن، وە کۆمەڵێك لە بیدعەتچیی یەکان لە موعتەزیلەو خەواریجو مورجیئە {لێرەدا باسی شیعەی نەکردوە، کە شیعەش هەر قەناعەتیان وایەو، ئەوانیش هەر ئەهلی بیدعەتن}، دەڵێن: هیچ کەس لە دروستکراوەکانی خوا لە دوارِۆژیشدا، خوای بەرز نابینێ، وە بینرانی خوا شتێکی مەحاڵە بە عەقل، بەڵام ئەوەی گوتوویانە، هەڵەیەکی روونە، وە نەفامییەکی ناقۆڵایە

٢) (إِبْنُ كَثِير) لە پوختەی تەفسیرەکەی دا، بە ناوی: (المِصْبَاح المُنِير في تهذيب تفسير إبن كثير)دا، دەڵێ: {وَقَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴿١٠٣﴾ ﴾ فِيهِ أَقْوَال للأَئِمّة مِنَ السَّلَفِ: أَحَدُهَا: لا تُدْرِكُهُ فِي الدُّنيا، وَإِنْ كَانَتِ تَرَاهُ فِي الآخِرَة، كَمَا تَوَاترت به الأَخْبَار عَنْ رَسُول اللّه ﷺ مِن غَيْر مَا طَرِيق ثابت في الصحاح والمسانيد والسنن)[1] واتە: فەرمایشتی خوا کە دەفەرموێ: ﴿ لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴿١٠٣﴾ ﴾، چاوەکان نایبینن، واتە: لە دنیادا نایبینن، هەرچەندە لە دوارِۆژدا دەیبینن، وەك لەوبارەوە هەواڵەکان لە پێغەمبەری خوا ﷺ بە تەواتور بە ئێمە گەیشتوون، لە (صحاح و مسانید و سنن)دا.

(صحاح و المسانيد و السُّنن) سێ زاراوەی زانایانی فەرموودەناسن، کە بۆ پۆلێن کردنی جۆری دەفەکانی سوننەت، دایانناون.

(٣) ئنجا (إبن الحجر العسقلاني)یش لە کتێبەکەی (فتح الباري)دا دەڵێ: (وأدلة السمع طافحة بوقوع ذلك في الآخرة لأهل الإيمان دون غيرهم، ومنع ذلك في الدنيا، الا أنه اختلف في نبينا ﷺ)[2] (بەڵگەی بیستراو (سمعي)ی ئەوەیە کە بڵێی: پێغەمبەر وایفەرمووە، یاخود لە پێش ئەوەدا خوای پەروەردگار وایفەرمووە)، واتە: بەڵگە بیستراوەکان زۆر زۆرن لەوبارەوە، بۆ ئیسپاتی ئەوە کە خوای زانا لە دوارِۆژدا دەبینرێ لەلایەن ئەهلی ئیمانەوە، بەڵام غەیری ئەهلی ئیمان نایبینن، لە دنیادا رِێ لەوە گیراوە، بەڵام لەبارەی

١) ص ٤٣٨،

٢) محاسن التأويل، ج ٤، ص ٦٦٤.

پێغەمبەرەوە ﷺ ڕا جیایی هەیە {هەندێکیان گوتوویانە: پێغەمبەری خوا لە شەوی میعراج دا خوای بینیوە، هەندێکیشیان گوتوویانە نەیبینیوە}[1].

شەشەم: بەڵگەکانی سەلماندنی بینینی خوا لە دوارۆژدا، لەلایەن ئەهلی بەهەشتەوە:

ئێمە لەوبارەوە، بەگشتی شەش بەڵگەمان هێناونەوە:

بەڵگەی یەکەم: هەر ئەو ئایەتەی کە پێشتر خوێندمانەوە، ئایەتی ژمارە (١٤٣)ی لە سوورەتی (الأعراف)دا، کە جارێکی دیکەش دەیخوێنینەوە، پێنج بەڵگەی لێ دەردێنین، لەوبارەوە کە خوا ﷻ لە بەهەشتدا، لەلایەن ئیماندارانەوە، دەبینرێ، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَمَّا جَاءَ مُوسَىٰ لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُۥ رَبُّهُۥ قَالَ رَبِّ أَرِنِىٓ أَنظُرْ إِلَيْكَ ۚ قَالَ لَن تَرَىٰنِى وَلَٰكِنِ ٱنظُرْ إِلَى ٱلْجَبَلِ فَإِنِ ٱسْتَقَرَّ مَكَانَهُۥ فَسَوْفَ تَرَىٰنِى ۚ فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقًا ۚ فَلَمَّآ أَفَاقَ قَالَ سُبْحَٰنَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٤٣﴾ ﴾، هەر کام لە: شیعەو موعتەزیلەو خەواریجو مورجیئە، ئەم ئایەتە بە بەڵگە دێننەوە، لەسەر ئەوە کە لە بەهەشت دا خوای پەروەردگار نابینرێ، بەڵام لەڕاستییدا بە پێچەوانەوەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە خوای پەنهانکار دەبینرێ، با بزانین چۆنو بۆچی ؟:

١/ خوا دەفەرموێ: کاتێك مووسا هات بۆ ئەو ژوانگەیەی کە بۆمان دانابوو، وە پەروەردگاری قسەی لەگەڵدا کرد، گوتی: ئەی پەروەردگارم ! پێشانم بدە، تەماشات بکەم ؟

دەڵێین: پێغەمبەرێکی پایە بەرزی وەك مووسا ﷺ ناگونجێ نەزانێ: ئایا خوا دەبینرێ، یان نابینرێ؟

---

١) ئەوەی نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە، بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەستی (ابن حجر).

کەواتە: دیارە زانیویەتی کە دەگونجێ خوا ببینرێ، بۆیە داوای بینینی دەکات، بەڵام شتێکی ئاساییە مووسا ﷺ داوای شتێك بکات لە دنیادا نەگونجێ، بەڵام لە قیامەتدا بگونجێ، ئەگەرنا هەرگیز ناگونجێ بۆ شتێك بۆ خوا ﷻ مەحاڵ بێ، پێغەمبەرێکی پایە بەرزی وەك مووسا ﷺ داوای بکات، کە لەنێو هەموو پێغەمبەراندا مووسا ﷺ قسەی لەگەڵ خوای بەرزدا کردوە.

کەواتە داواکردنی مووسا ﷺ لە خوای میهرەبان کە خۆی پێشانبداو تەماشای بکات، بەڵگەیە لەسەر ئەوە، کە خوای بەرزو بێهاوتا دەبینرێ، یانی: ئەگەر لە دنیادا ئینسان توانای بینینی خوای نیە، لە بەهەشت دا خوای پەروەردگار دەبینرێ، لە لایەنی ئیماندارانەوە.

٢/ کە خوای بێوێنە دەفەرموێ: ﴿ لَن تَرَىٰنِي ﴾، واتە: تۆ من نابینی، موعتەزیلەو شیعەو خەواریجو مورجیئە دەڵێن: (لَنْ: للتأبيد وَالنَّفِي)، یانی: (لَنْ) بۆ شتێکە کە وەلابنرێ بە یەکجارەکیی. ئێمەش دەڵێین: ئەگەر واش بێ، بۆ دنیایە، واتە: تۆ لە دنیادا هەرگیز من نابینی بەڵام خوای زاناو توانا نەیفەرمووە: (لَنْ أُرَى) نابینرێم، فەرموویەتی: ﴿ لَن تَرَىٰنِي ﴾، واتە: ئەی مووسا! بەم شێوەیەتو بەو چاوانەتو بەو توانا جەستەییەی ئێستات، لە دنیادا نامبینی، واتە: نەفی بینرانی خۆی کردوە لەلایەن مووساوە، لە چوارچێوەی ژیانی دنیادا، بەو چاوانەو، بەو جەستەیە، کە تەحەمولی بینینی خوا ناکات.

٣/ کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَٰكِنِ ٱنظُرۡ إِلَى ٱلۡجَبَلِ فَإِنِ ٱسۡتَقَرَّ مَكَانَهُۥ فَسَوۡفَ تَرَىٰنِي ﴾، بەڵام تەماشای چیایەکە بکە، ئەگەر لە شوێنی خۆی خۆی ڕاگرت، ئەوە تۆش من دەبینی، دەڵێین: بێگومان مانەوەی چیا لە شوێنی خۆی شتێکی گونجاوەو، ئەگەر خوا ﷻ ئەو چیایەی بە جۆرێکی دیکە خوڵقاندبایە، کە بتوانێ خۆی ڕابگرێ، دەمایەوە، کەواتە: خوای پەروەردگار بینرانی خۆی بەستۆتەوە بە مانەوەی چیایەکە لە شوێنی خۆی، مانەوەی چیاش لە شوێنی خۆیدا، شتێکی گونجاوە، وەك چۆن پەردەیەك کە خوا خۆی پێ لە

دروستکراوەکانی پەنهان کردوە، دەمینێتەوە، کە لە ڕووناکیی یان ئاگرە، دەشگونجا ئەو چیایەش مابایەوە، بەڵام دیارە خوای پەروەردگار نەیویستوە لە دنیادا ببینرێ، بۆیە وێنەیەکی هێناوەتەوە، بە شتێك کە تەحەمولی دەرکەوتنی خوا ناکات.

٤/ کە دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلۡجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكّٗا ﴾، کاتێك پەروەردگاری بۆ چیایەك دەروشایەوە (تَجَلَّى) واتە: دەرکەوت ئاشکرا بوو، ئنجا هەندێك لە زانایان دەڵێن: خوا لە کونی دەرزییەوە خۆی پێشانی ئەو چیایە داوە، وە هەندێ خەڵکی عەوام دەڵێن: ئەو کلەی کە خەڵك چاوی پێ دەرێژن، ئافرەتان چاوی پێ دەرێژن، لەو چیای (طور)ەوە دێ، کە بە دەرکەوتنی خوای پەروەردگار سووتاوە، یان بۆتە خۆڵەمێش! بە هەرحاڵ ئەوە بەڵگەیەکی وای لەسەر نیە، گرنگ ئەوەیە خوا دەفەرموێ: کاتێك پەروەردگاری مووسا بۆ چیایەکە دەروشایەوەو دەرکەوت ﴿ جَعَلَهُۥ دَكّٗا ﴾، وردو خاش بوو، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە خوا دەبینرێ، چونکە چیایەکە خوای لێ دەرکەوت، بۆیە سووتا وردو خاش بوو.

کەواتە: دەگونجێ خوا دەربکەوێ، بەڵام ئینسان تەحەمولی نەکات، وەك چۆن چیایەکە تەحەمولی نەکرد، وە خوای پەروەردگاریش بۆیە بە مووسای فەرموو: تەماشای ئەو چیایە بکە، ئەگەر خۆی ڕاگرت، تۆش من دەبینی، واتە: گرفتەکە ئەوە نیە کە من نەبینرێم، بەڵکو گرفتەکە ئەوەیە کە تەحەمولی ناکەی، بە بەڵگەی ئەوە کە ئەو چیایە بەو سەختییو پتەوییە، تەحەمولی ناکاتو تەحەمولیشی نەکرد.

٥/ کە دەفەرموێ: ﴿ وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقٗاۚ فَلَمَّآ أَفَاقَ قَالَ سُبۡحَٰنَكَ تُبۡتُ إِلَيۡكَ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾، دیارە مووسا ﵇ لە حەژمەتی ئەوەی کە ئەو چیایەی بینی، وردو خاش بوو، لە ئەنجامی تەجەللاو دەرکەوتنی خوادا، لە هۆش خۆی چووو خۆی پێ ڕانەگیرا، ئنجا هەندێك دەڵێن ﴿ صَعِقٗا ﴾،

(صَعِقَ) یانی (مات): مرد، بەڵام بە پێی ئەوە کە دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّآ أَفَاقَ ﴾، دوای ئەوەی هاتەوە هۆش خۆی، مانای وایە هەر لە هۆش خۆی چووەو نەمردوە ﴿ قَالَ سُبۡحَٰنَكَ تُبۡتُ إِلَيۡكَ ﴾، گوتی: پاکیی بۆ تۆ، من بۆ لای تۆ گەڕامەوە، واتە: پاکیی بۆ تۆ من داوای لێبوردن لە تۆ دەکەم لەوەدا کە داوایەکم لێکردووی، لە دنیادا جێبەجێ نابێ، نەك وەك هەندێك لە ئەهلی بیدعەت دەڵێن: مووسا ﷺ پەشیمان بووەوە لەوەی داوایەکی لە خوا کردوە، کە شتێکی مەحاڵە، ئەویش بینینی خوای بێوێنەیە! نەخێر، مووسا ﷺ داوای شتێکی لە خوا نەکردوە، کە مەحاڵ بێ لە دنیاو قیامەتدا، بەڵکو داوای شتێکی لێکردوە، کە لە دنیادا ناگونجێ.

شایانی باسیشە وشەی: (صَعِقَ) هەر کام لە مانای (مات) مرد، وە لە خۆی چوو (غُشي عليه) دەگەیەنێ[1].

لە کۆتایی دا دەفەرموێ: ﴿ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾، وە من یەکەمین ئیمانداارانم کە تۆ ناگونجێ لە دنیادا ببینرێ، ئەمە بەڵگەی یەکەم لەسەر بینرانی خوا ﷻ لە بەهەشتدا.

بەڵگەی دووەم: کە دەفەرموێ: ﴿ لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَهُوَ يُدۡرِكُ ٱلۡأَبۡصَٰرَۖ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ١٠٣ ﴾ الأنعام، واتە: چاوەکان خوا نابینن، ئەو چاوەکان دەبینێ، لێرەدا مەبەست لە: (چاوەکان نایبینن) لە دنیادایە، چونکە ئێرە دنیایەو خواش باسی ئێرە دەکات، ئیدی نەیفەرمووە: (لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ فِي الدُّنيا وَالآخِرَة) لە دنیاو دوارۆژدا چاوەکان نایبینن.

ئنجا هەندێك لە زانایان گوتوویانە: (إدْرَاك) جیایە لە (رُؤْيَة)و (إبْصَار)، دەڵێن: (الإدْرَاك: هُوَ الإحَاطَة وَمَعْرِفَة الكُنْه، فهو أخص من الرؤية، ولا يلزم

---

١) مختار الصَّحاح : ص ٣٢٣.

من نفي الأَخصِّ، انتفاءُ الأعم)[1]، (إِدْرَاك): بریتییە لە دەورەدانو زانینی حەقیقەتی شت، کە تایبەتترە لە بینین، وە بە هۆی نەفی کردنی شتێکی تایبەتەوە، شتێکی گشتیش نەفی ناکرێ، واتە: کە خوا دەفەرموێ: (لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ)، واتە: چاوەکان دەوری خوا نادەن، بەڵام کە دەوری نادەن، مانای ئەوە نیە کە ناشیبینن.

ئەوە ئەگەر مەبەست پێی بەهەشت بێ، بەڵام لەڕاستییدا (لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ)، مانای ئەوەیە کە لە دنیادا چاوەکان نایبینن.

بەڵگەی سێیەم: لەسەر ئەوە کە خوا ﷻ لە بەهەشت دا لە لایەن ئیماندارانەوە دەبینرێ، ئەو دوو ئایەتە موبارەکەن لە سوورەتی (القیامة) دا، کە دەفەرموێ: ﴿ وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٖ نَّاضِرَةٌ ٢٢ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٞ ٢٣ ﴾، واتە: زۆر ڕوخسار لەو ڕۆژەدا درەوشاوەن. تەماشای پەروەردگاری خۆیان دەکەن، (إبن کثیر) دەڵێ: {﴿ وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٖ نَّاضِرَةٌ ﴾ نَاضِرَةٌ: مِنَ النَّضَارة، أَي حَسَنَةٌ بَهِيَّةٌ مُشرقَةٌ مَسْرُورَةٌ، ﴿ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٞ ٢٣ ﴾، أَي: تَرَاهُ عَيَانًا}[2]، واتە: وشەی (نَاضِرَةٌ) لە (نضَارة)ەوە هاتوە، واتە: جوانن، درەوشاوەن، ڕووخۆشن، دڵخۆشن، ﴿ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٞ ٢٣ ﴾، یانی: تەماشای پەروەردگاری خۆیان دەکەن بە ئاشکرا.

بەڵگەی چوارەم : بەڵگەیەکی دیکە هەر لە قورئان دا، ئەو دوو ئایەتەی سوورەتی (المطففین)ن، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ كَلَّآ إِنَّهُمۡ عَن رَّبِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ

---

١) المصباح المنیر، ص٤٣٨ ، و محاسن التأویل: ج٤، ص٦٦٥.

٢) المصباح المنیر، ص١٤٦٠.

لَّمَحۡجُوبُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّهُمۡ لَصَالُواْ ٱلۡجَحِيمِ ﴿١٦﴾ ﴾، واتە: نەخێر ئەوان (واتە: کافرەکان) لە پەروەردگاریان پەردە پۆش دەکرێن (پەردەیەکیان دێتە بەرچاو، پەروەردگاریان نابینن) دوایی دەخرێنە نێو کڵپەی ئاگری دۆزەخەوە.

یانی: بێ بەشکرانیان لە دیداری خواو لە بینینی خوا، پێش خرانە نێو دۆزەخیان خراوە، چونکە کافرەکان لەو ڕۆژەدا، ئەو ئەندازە ناڕەحەتییەی بەوە بۆیان دێتە پێشێ، کە خوا نابینن، بە خودی سزاو ئەشکەنجە دانەکەیان، هێندە ناڕەحەت نابن.

(إبن کثیر) دەڵێ: (قَالَ الإِمَامُ أَبُو عَبْدِ اللهِ الشافِعِي: فِي هَذِهِ الآيَةِ دَلِيلٌ عَلَى أَنَّ الـمُؤْمِنِينَ يَرَوْنَهُ عَزَّوَجَلَّ يَوْمَئِذٍ)[1]، واتە: پێشەوا ئەبو عەبدوڵڵا شافیعیی دەڵێ: لەم ئایەتەدا بەڵگە هەیە لەسەر ئەوە کە ئیمانداران، خوای زاڵو پایە بەرزیان لەو ڕۆژەدا دەبینن، واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا.

بەڵگەی پێنجەم : هەر لە قورئاندا ئایەتێکی دیکەش هەیە لە سوورەتی (یونس)دا کە خوا دەفەرموێ: ﴿ لِّلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ ٱلۡحُسۡنَىٰ وَزِيَادَةٞۖ وَلَا يَرۡهَقُ وُجُوهَهُمۡ قَتَرٞ وَلَا ذِلَّةٌۚ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾، واتە: بۆ ئەوانەی چاکەیان کردوە، چاکە هەیە، (واتە: پاداشتی چاکە هەیە)، وە زیادەش، وە دەموچاویان هیچ تاڵخییو ڕەشییو زەبوونیی بەسەردا نایەت، ئەوانە خاوەنی بەهەشتن، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە.

(إبن کثیر) دەڵێ: (وَقَدْ رُوِيَ تَفسير "الزيادة" بالنَّظَرِ إِلى وَجْهِ اللهِ الكَرِيم، عَنْ أَبي بَكْرٍ الصّدّيق، وَحُذَيْفَة بْنِ اليَمَان، وَعَبْدِ اللهِ بْنِ عَبَّاسٍ، وَسَعِيد بْنُ المُسَيّب، وَعَبْد الرَّحْمَن بن أَبي لَيْلَى، وَعَبْدُ الرَّحْمَن بْن سَابط، وَمُجَاهِد، وَعِكْرِمَة، وَعَامِر بن سَعْد، وَعَطَاء، وَالضَّحَّاك، وَالحَسَن، وَقَتَادَةَ، وَالسُّدِيّ، وَمُحَمَّد بن إِسْحَاق، وَغَيْرهُم مِنَ السَّلَفَ وَالخَلَف، وَقَدْ وَرَدَتْ فِي ذَلِكَ أَحَادِيثُ

---

١) المصباح المنير، ص١٤٩٢.

كَثِيرَة، عَنْ رَسُول الله ﷺ)[١]، واتە: تەفسیركردنی وشەی (وزیادة) بەوە كە بریتییە لە تەماشاكردنی ڕووی بەڕێزی خوا، لە ئەبو بەكری صیددیقو حوزەیفەی كوڕی یەمانو سەعیدی كوڕی موسەییبو عەبدوڕەحمانی كوڕی ئەبی لەیلاو عەبدوڕەحمانی كوڕی سابیطو موجاهیدو عیكرەمەو عامیری كوڕی سەعدو عەطاءو ضەححاكو حەسەنی بەسرایی‌و سوددیی‌و موحەممەدی كوڕی ئیسحاقو غەیری ئەوانیش لە زانایانی پێشینو پاشین گێڕدراوەتەوە، {كە وشەی (وزیادة)یان بە تەماشاكردنی ڕووی خوای پەروەردگار تەفسیر كردوە، بە تەئكید ئەو هاوەڵە بەڕێزانەش، وە تابعیینیش، دەبێ لە پێغەمبەریان ﷺ بیستبێ، ئەگەرنا لەخۆوە ئەو وشەیە ئاوا تەفسیر ناكەن}[٢]، ئنجا دەڵێ: وە لەوبارەوە كە خوای پەروەردگار دەبینرێ لە بەهەشتدا، فەرموودەی زۆر گێڕدراونەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ لەوانە:

﴿عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي لَيْلَى عَنْ صُهَيْبٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ تَلا هَذِهِ الآيَةَ: ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ ٱلْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ ۖ﴾ ﴿٢٦﴾ يونس، قَالَ: إِذَا دَخَلَ أَهْلُ الْجَنَّةِ الْجَنَّةَ، وَأَهْلُ النَّارِ النَّارَ، نَادَى مُنَادٍ: يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ! إِنَّ لَكُمْ عِنْدَ اللهِ مَوْعِداً يُرِيدُ أَنْ يُنْجِزَكُمُوهُ، فَيَقُولُونَ: وَمَا هُوَ؟ أَلَمْ يُثَقِّلْ مَوَازِينَنَا، وَيُبَيِّضْ وُجُوهَنَا، وَيُدْخِلْنَا الْجَنَّةَ، وَيُجِرْنَا مِنْ النَّارِ؟ قَالَ: فَيُكْشَفُ لَهُمْ الْحِجَابُ، فَيَنْظُرُونَ إِلَيْهِ، قَالَ: فَوَاللهِ مَا أَعْطَاهُمْ شَيْئًا أَحَبَّ إِلَيْهِمْ مِنْ النَّظَرِ إِلَيْهِ وَلا أَقَرَّ لأَعْيُنِهِمْ}[٣]، واتە: عەبدوڕەحمانی كوڕی ئەبی لەیلا دەڵێ: صوهەیب خوا

---

١) المصباح المنير، ص٦١٠، ٦١١.

٢) ئەوەی نێوان كەوانەكان زیادەی خۆمە.

٣) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٨٩٦١) وَاللَّفْظُ لَهُ، وَقَالَ الشيخ شعيب الأرنؤوط: إِسْنَادُهُ صَحِيح عَلَى شَرْطِ مُسْلِم، وَأَخْرَجَهُ أَيْضاً: إِبْنُ مَاجَهْ برقم: (١٨٧)، وَإِبْنُ خُزَيْمَة فِي "التوحيد" برقم: (١٨١)، وَإِبْنُ حِبَّانَ برقم: (٧٤٤١)، وَالنَّسَائِيُّ فِي "الكُبرى" برقم: (١١٢٣٤)، وَالبَزَّار برقم: (٢٠٨٧)، وَأَبُو عَوَانَة برقم: (٤١١)، وَالطَّبَرَانِيُّ في "الكبير" برقم: (٧٣١٤)، وَفِي "الأَوْسَط" برقم: (٧٥٦)، وَالشَّاشِي فِي "المسند" برقم: (٩٩١).

لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا، ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ ٱلْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ ۝٢٦﴾، (پاشان) فەرمووی: کاتێك خەڵکی بەهەشتی چوونە بەهەشتێو نیشتەجێ بوون، وە خەڵکی ئاگری دۆزەخیش چوونە نێو ئاگرو نیشتەجێ بوون، بانگکەرێك بانگ دەکاو جاڕ دەدات، دەڵێ: ئەی خەڵکی بەهەشت ! لەلای خوا گفتێکتان هەیە، خوا دەیەوێ ئەو گفتو بەڵێنەی بۆ ئێوە بێنێتە دی، ئەوانیش دەڵێن: ئەو گفتە چیە؟ ئەدی ئەوە نیە (خوا) تای تەرازووی چاکەکانی قورس کردووین، (واتە: زیاد لە کردەوەکانی خۆمان) وە ڕووی گەش و جوان کردووین، وە خستووینە بەهەشت، وە لە ئاگری دۆزەخ پەنای داوین، (خوا هەموو بەڵێنەکانی جێبەجێ کردوون)، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (پەردە لادەدرێ، پەردەیەك کە خوا ﷻ خۆی پێ لە دروستکراوەکانی پەنهان کردوە)، تەماشای (خوای پەروەردگار) دەکەن، فەرمووی: سوێند بە خوا، خوا هیچ شتێکی پێ نەداون، لەلایان خۆشەویستتر بێ، وە بۆ دڵیان جێی فەرامۆشیی زیاتربێ، لە تەماشاکردنی خوای بێ وێنە !

بەڵگەی شەشەم: ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ، کە دەفەرموێ: ﴿عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ رضي الله عنه، قَالَ: كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللّهِ ﷺ جُلُوسَاً فَنَظَرَ إِلَى الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ، لَيْلَةَ أَرْبَعَ عَشْرَةَ فَقَالَ: إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ رَبَّكُمْ كَمَا تَرَوْنَ هَذَا لاَ تُضَامُّونَ[١] فِي رُؤْيَتِهِ﴾[٢]، عەبدوڵڵای کوڕی جەریر خوا لێی ڕازی بێ، گوتی: ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشتبووین، تەماشای مانگی کرد لە شەوی بەدر، شەوی چواردەدا، فەرمووی: بە دڵنیایی ئێوە پەروەردگاری خۆتان دەبینن، وەك چۆن ئەم (مانگ)ە دەبینن، زیانتان پێ ناگا لە دیتنی خوا،

---

١) ضامهُ ضَيْماً: مثل ضارَهُ ضَيْراً، وزناً ومَعْنىً، المصباح المنير، للفيومي، ص ١٩٠.

٢) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٩٢١٣)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٥٥٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٤٣٢)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٧٢٩)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٥٥١)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (١٧٧)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٧٤٤٢)، وَالبَيْهَقِيُّ في "الشعب الإيمان" برقم: (٢٨٣٧).

(زیانتان پێ ناگات، واتە: هیچ خەوش و تەمێك نایەتە پێش چاوتان، یاخود وەك دنیا نیە كە نەتوانن ببینن، تەحەممولی دیتنی نەكەن).

حەوتەم: ئەو زانایانەی دیكە كە دەڵێن: خوا ﷻ نابینرێ، بەڵگەیان چییە؟

بۆئەوەی كە لێكۆڵینەوەكەمان لێكۆڵینەوەیەكی بابەتییانە بێ، با بزانین ئەو زانایانەی دیكە كە دەڵێن: خوا ﷻ نابینرێ، بەڵگەیان چییە؟ دیارە ئەوانەی نكووڵیی لە بینینی خوا ﷻ دەكەن، لە ڕۆژی دواییدا، بریتین لە: (مُعْتَزِلَة، شِیعَة، خوارِج، مُرْجِئَة)، هەڵبەتە جگە لەوان ئێستاش هەندێ خەڵك هەیە كە ڕەنگە لەنێو بازنەی ئەهلی سوننەتیش دابن، پێی وایە كە خوای پەروەردگار لە بەهەشت دا نابینرێ، وە بەپێی ئەوەی من تەماشای تەفسیرەكانم كردوە ـ كە بە پێویست نازانم ناوی هەموویان بێنم ـ ئەوانە چەند شتێك بە بەڵگە دێننەوە، كە من سێ لەو شتانەی كە بە بەڵگەیان زانیوە، بە نموونە دێنمەوە:

بەڵگەی یەكەمیان: هەر ئایەتەكەی سوورەتی (الأنعام)ە، كە دەفەرموێ:

﴿ لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَٰرَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٠٣﴾ ﴾

دەڵێن: ئەوەتا خوا دەفەرموێ: چاوەكان نایبینن، ئەو چاوەكان دەبینێ، دیارە ئێمە باسمان كرد، كە ڕای ڕاست و ڕێك ئەوەیە كە مەبەست لە: ﴿ لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴾، واتە: چاوەكان خوا نابینن لە دنیادا، ئیدی خوا نەیفەرمووە: لە غەیری دنیادا نایبینن، ﴿ لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴾، واتە: ئەو چاوانەی ئێستا لە دنیادا هەن، نایبینن، خوا باسی دنیا دەكات، قیامەت بە جۆرێكی دیكە باس دەكات، وەك لە سوورەتی (القیامة)دا دەفەرموێ: ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾ ﴾، واتە: زۆر ڕوخسار لەو ڕۆژەدا درەوشاوەن. تەماشای پەروەردگاری خۆیان دەكەن، ئەوەش باسی قیامەتە، وە دەفەرموێ: ﴿ لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ ٱلْحُسْنَىٰ

وَزِيَادَةٌۚ ﴿٢٦﴾ یونس، ئەوە باسی قیامەتییە، وەك بەڵگەکانمان هێنانەوە، بەڵام هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ﴿لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ﴾، (أَي: لا تُحِيط بِهِ الأَبْصَارُ) واتە: چاوەکان دەوری خوا نادەن لە بەهەشتێ، گوتوویانە ئەوە لێرەدا مەبەست پێی بەهەشتە، بەڵام ئەگەر ﴿لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ﴾مان، بە {لا تُحيط الأبصار} {چاوەکان دەوری نادەن} تەفسیر کرد، ئەو کاتە ئایەتەکە لەگەڵ بینرانی خوادا، تێك ناگیرێ. بەڵام لە راستییدا پێویست بەو تەئویلە ناکات، چونکە خوا باسی دنیا دەکات و، باسی بەهەشت ناکات لەم ئایەتەدا، کە دەفەرموێ: چاوەکان لە دنیادا خوا نابینن، خوا چاوەکان دەبینێ، بەڵام وەك گوتم: هەندێکیان ئاوایان گوتوە، بۆ وێنە: خاوەنی تەفسیری (النسفي) کە ناوی (أبو البركات عبد الله بن أحمد)ە، لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ: (وَتَشَبَّث المُعْتَزِلة بِهَذِهِ الآية لا يستتب، لأن المنفي هُوَ الإِدْرَاك لا الرؤية، والإِدْرَاك هُوَ الوُقوف عَلَى جَوَانِب المرئي وَحدُوده، وَمَا يستحيل عَلَيْهِ الحُدود والجِهات، يستحيل إِدْرَاكه لا رؤيته، فَنُزِّلَ الإدراك مِن الرؤية منزلة الإحَاطَة مِنَ العِلْم، وَنَفِي الإِحَاطة الَّتِي تَقْتَضِي الوُقُوف عَلَى الجَوَانِب والحدود لا يَقْتَضِي نَفِي العِلْم بِهِ، فَهَكَذَا هَذَا)[1]، واتە: پەنابردنی موعتەزیلەکان بەم ئایەتە، بۆیان تەواو نابێ، چونکە ئەوەی لەم ئایەتەدا لابردراوە، بریتییە لە دەوردان (إدراك) نەك بینین، {رؤية} (واتە: خوا دەفەرموێ: چاوەکان دەوری خوا نادەن، نەك نایبینن)، (إدراك)یش بریتییە لەوە کە تۆ دەوری سنوورەکانی شتێك بدەی، بەڵام زاتێك کە سنووری نەبێ و لایەکانی نەبن، موستەحیلە کە دەوری بدرێ، بەڵام موستەحیل نییە کە ببینرێ، (إِدْرَاك)یش لە چاو (رؤية)، وەك (إِحَاطَة) وایە لە چاو (عِلْم)، {خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلۡمٗا ﴿١١٠﴾﴾ طه، زانیاری ئەوان ناتوانێ دەوری خوا بدات، بەڵام

١) تفسير النسفي : ص: ٣٦٦، ط ١ ، ١٤٢١ هـ ، دار المعرفة .

نەیفەرمووە: ناتوانن خوا بزانن، فەرموویەتی: ناتوانن بە زانیارییان دەوری خوا بدەن}، وە لابردنی دەوردانێك كە ئەوە دەخوازێ دەوروبەرەكان‌و سنوورەكانی ئەو شتە بزانرێ، خوازیاری ئەوە نیە كە زانیاریی نەبێ، بە هەمان شێوەش: ئەگەر بە چاو دەوردانی شتێك، لابرا، مانای وانیە كە بینرانەكەشی، نەفی كراوە.

بەڵام با وەك ئینصاف ئەو رایەی خاوەنی تەفسیری (المیزان في تفسیر القرآن)، كە ناوی (الطباطبائي)یە كە زانایەكی شیعەیە، وە تەفسیرێكی زۆر موعتەبەرە لەنێو شیعەداو بیست بەرگە، بەرپەرچێكی باشی ئەو قسەیەی نەسەفیی‌و ئەوانی دیكەش دەداتەوەو دەڵێ: (لَوْ كَانَ المُرَاد بقوله: ﴿ لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ ﴾، هو نفي الإحاطة بجميع أقطار الشيء، لم يكن وجه لاختصاصه به تعالى، فَإن شَيئاً من الأشياء الجسمَانية ولَهَا سطوح مُخْتَلِفَة الجهات، كَالإِنْسَان والحَيْوَان وَسَائِر الأَجْسَام الأَرْضِية وَالأجرَام السَّمَاوِية، لا يَمس الحس البَاصر مِنْهَا الا ما يواجه الشعاع الدائر بَيْنَ البَاصر والمُبْصَر)[1] دەڵێ: ئەگەر مەبەست لە: ﴿ لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ ﴾، دەوردانی چاو بووایە بۆ هەموو سنوورەكان، ئەو كاتە هیچ روویەكی نەبوو كە تایبەت بكرێ بە خوای بەرزەوە، چونكە هەر شتێك لە شتەكان كە شتی جەستەیین، مادام چەند روویەكی هەبن، وەك ئینسان، {پشتی هەیەو، رووی هەیەو، تەنیشتی راستی هەیەو، تەنیشتی چەپی هەیەو، سەری هەیەو خواری هەیە}، وە ئاژەڵەكان‌و باقی شتە مادديەكانی دیكە كە لەسەر زەویین، یاخود جەستە لە ئاسمانییەكان، هەستی بینین تەنیا ئەو رووەیان دەبینێ، كە تیشكی دەكەوێتە سەر، واتە: ئەوەی كە دەكەوێتە رووی بینەرو، رووەكانی دیكەی نابینێ)، كەواتە: ﴿ لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ ﴾ ئەگەر مەبەست دەوردان (الإحَاطَة) بێ، ئەوە بەس بۆ خوا ﷻ وانیەو بۆ شتەكانی دیكەش هەر وایە.

---

١) ج ٧، ص ٣١٠ .

كەواتە: تەفسیری ڕاست ئەوەیە كە بڵێین: ﴿ لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ ﴾، خوا مەبەستی پێی دنیایە، یانی: لە دنیادا چاوەكان نایبینن، ئەگەرنا ڕایەكەی دیكە دەڵێ: (إدراك) واتە: دەوردان، (إحَاطَة)، ئەوە (محمد حسين الطباطبائي) بەرپەرچێكی چاكی داوەتەوەو، ڕەخنەكەیشی لە جێی خۆی دایە.

وە ئێمە فەرق بە سوننەو شیعە ناكەین لەوەدا كە كێ هەقی پێكاوە، بگرە فەرق بە كافرو مسوڵمانیش ناكەین، لە هەر شتێكدا كەسێك هەقی لەلابێ، ئێمە پشتگیریی دەكەین.

بەڵگەی دووەمیان: ئەوان بەڵگەیان بەوە هێناوەتەوە، كە خوا ﷻ بە مووسا ﷺی فەرمووە: ﴿ لَن تَرَىٰنِي ﴾، تۆ هەرگیز من نابینی، بەڵام ئێمە پێشتریش باسمان كرد، كە لەڕاستیدا ئەو ئایەتە ئەگەر بە بەڵگە بهێنرێتەوە لەسەر بینینی خوا، كە ئێمە پێنج بەڵگەمان لێ دەرهێنان، شایستەترە لەوەی بە بەڵگە بهێنرێتەوە لەسەر نەبینینی خوا، بۆچی؟

یەك: چونكە وەك پێشتریش باسمان كرد ﴿ لَن تَرَىٰنِي ﴾، واتە: بەم حاڵەتەوەو لەم ژیانەداو، بەو توانایەتەوە، كە ئێستا هەتە، من نابینی، نەك بە ڕەهایی.

دوو: ئنجا كە دەڵێین: ﴿ لَن ﴾، بۆ لابردنی ببڕاوبڕایە، (نَفِي و تَأْيِيد)ە، دەڵێین: ئەگەر واشبێ مەبەست پێی ژیانی دنیایە.

سێ: پاشان خوا ﷻ مەرجدارکردنی بینرانی، بە نەجووڵانی چیاوە پەیوەست كردوە، كە دیارە مەبەست پێی تەحەممول نەكرانی بینرانی خوایە، بۆیەش چیا (جبل) هەڵبژێردرا، چونكە چیا زۆر ڕەقو سەختە، كەواتە: دەگونجێ خوای زاناو توانا، توانایەكی وا بدات بە ئینسان كە خۆی پێشان بداو نەشجووڵێو تەحەممولیش بكات، مانای وایە: وەك گوتم: ئەگەر ئەو ئایەتە بكرێتە بەڵگە لەسەر ئەوە كە خوا دەبینرێ، بەهێزترە لەوەی كە بكرێتە بەڵگە لەسەر نەبینرانی.

چوار: دەرکەوتنی خوا بۆ چیا، بەلگەیە لەسەر ئەوە کە خوا دەبینرێ، بەلام چیاکە تەحەممولی نەکردو، بەشەرەکەش تەحەممول ناکات، لەم ژیانە دنیاییەدا.

پێنج: فەرمودەکەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێ: ﴿حِجَابُهُ النُّورُ لَوْ كَشَفَهُ لأَحْرَقَ سُبُحَاتُ وَجْهِهِ مَا انْتَهَى إِلَيْهِ بَصَرُهُ مِنْ خَلْقِهِ﴾[1]، دیسان ئەم فەرموودەش بەڵگەیە لەسەر تەحەممول نەکردنی ئینسان بۆ بینینی خوا ﷻ، لە دنیادا، بەلام حاڵو حیسابی قیامەت جیاوازە.

بەڵگەی سێیەمیان: هەندێ ڕیوایەتی هەڵبەستراو دێننەوە، جا شیعە ڕیوایەتی هەڵبەستراویان زۆر زۆرن، کە وەك دەگوترێ: (هیچ سەرو بنیان نیە)، هەر لەخۆوە دەڵێن: ئیمام (جعفر الصادق) وایگوتوە، فلان ئیمام وایگوتوە، بەلام سەنەدیان نیە، وەك ئەهلی سوننەت نین، ئێمە دەڵێین: فلان هاوەڵ لە پێغەمبەری ﷺ بیست، دوایی تابیعییەك لەو هاوەڵەی بیست، دوایی یەکی دیکە لەوی، ئنجا یەکی دیکە لەوی، تا دەگاتە کۆتا فەرموودەناس، بەلام ئەوان وا نین، هەر لەخۆوە دەڵێن: فلان ئیمامە وایگوتوە، بۆ وێنە: ئێستا تەماشای ئەو دەقە بکەن کە (الطباطبائي) خاوەنی (المیزان) هێناویەتی، دەڵێ: (وَفِي التوحيد بإسناده عن إسماعيل بن الفضل، قال: سألت أبا عبدالله جعفر بن محمد الصادق عن الله تبارك وتعالى: هل يُرى في المعاد؟ فقال: سبحان الله وتعالى عن ذلك علواً كبيراً، يا ابن الفضل إن الأبصار لا تدرك الاّ مالَهُ لون وكيفية، والله خالق الألوان والكيفيات)[2]، واتە: لە کتێبی (توحید)دا بە زنجیرەو سەنەدی خۆی لە ئیسماعیلی کوڕی فەزڵەوە هێناویەتی دەڵێ: لە ئەبو عەبدوڵلا جەعفەری کوڕی موحەممەدی صادقم پرسی، دەربارەی خوای بەردەوامو بەرزو پایە بەرز: ئایا لە قیامەتێ دەبینرێ؟ ئەویش گوتی: پاکیی و بەرزیی بۆ خوا، وە بەرزییەکی زۆر گەورە بۆ خوا، لەوە

---

١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (١٧٩)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (١٩٥)، وَأَحْمَد برقم: (١٩٦٤٩)، وَأَبُو عَوَانَة برقم: (٣٧٩)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٢٦٦)، وَالطَّبَرَانِيُّ في "الأوسط" برقم: (٦٠٢٥).

٢) تعمير الميزان: ج ٧، ص ٣١٠، ٣١١.

كه‌ ببینرێ، ئه‌ی كوڕی فه‌زڵ ! چاوه‌كان ته‌نیا ئه‌و شتانه‌ ده‌بینن، كه‌ ڕه‌نگیان هه‌یه‌و چۆنییه‌تیان هه‌یه‌، به‌ڵام خوا به‌دیهێنه‌ری ڕه‌نگه‌كان‌و چۆنیه‌تییه‌كانه‌.

ئێمه‌ش ده‌ڵێین: ئه‌گه‌ر گریمان ئه‌وه‌ ڕاستیش بێ، چاوه‌كان ته‌نیا ئه‌و شتانه‌ ده‌بینن، كه‌ ڕه‌نگ‌و چۆنیه‌تییان هه‌یه‌ له‌ دنیادا، خۆ ئێمه‌ ناڵێین: خوای په‌روه‌ردگار ڕه‌نگێكی تایبه‌تیی‌و چۆنیه‌تییه‌كی تایبه‌تیی هه‌یه‌! به‌ڵكو بینرانی خوا ﷻ له‌ به‌هه‌شتدا به‌و شێوه‌یه‌ كه‌ خوا بۆخۆی ده‌زانێ، چونكه‌ حاڵ‌وباڵی قیامه‌ت‌و به‌هه‌شت ڕۆژی دوایی، زۆر له‌ هی دنیا جیایه‌.

هه‌شته‌م: ئایا خوا ﷻ ده‌گونجێ له‌ خه‌ونداا ببینرێ ؟

ئنجا بێینه‌ سه‌ر باسی ئه‌وه‌ كه‌: ئایا خوا ﷻ ده‌گونجێ له‌ خه‌وندا ببینرێ؟ كتێبێك له‌وباره‌وه‌ هه‌یه‌ (تعطير الأنام بذكر من رأى ربَّهُ فِي الـمَنام) هی (عبدالفتاح بن صالح القديش اليافعي)یه‌، كه‌ چاپی یه‌كه‌می له‌ ساڵی (٢٠١١) كراوه‌، واته‌: {بۆن خۆشكردنی خه‌ڵكی، به‌ باسكردنی ئه‌وانه‌ی كه‌ په‌روه‌ردگاریان له‌ خه‌وندا بینیوه‌}، كه‌ ئه‌و كتێبه‌ نزیكه‌ی باسی سه‌د (١٠٠) كه‌سێك ده‌كات له‌ زانایان‌و پێشه‌وایان، كه‌ خوای په‌روه‌ردگاریان له‌ خه‌وندا بینیوه‌، منیش دیاره‌ زیاتر سوودم له‌و كتێبه‌ بینیوه‌، بۆ نووسینی ئه‌م باسه‌.

بینرانی خوا عَزَّوَجَلَّ له‌ خه‌ون دا، ڕاستیه‌كی سه‌لمێنراوه‌

ئێمه‌ سێ جۆره‌ به‌ڵگه‌ی گشتی له‌وباره‌وه‌ ده‌خه‌ینه‌ڕوو، كه‌ هه‌ر كام له‌و سێ به‌ڵگه‌یه‌، چه‌ندان به‌ڵگه‌ ده‌گرێته‌ خۆی:

١/ چه‌ند فه‌رمووده‌یه‌ك له‌باره‌ی بینینی خواوه‌، له‌ خه‌ون دا.

٢/ یه‌كده‌نگیی (إجماع)ی زانایانی موعته‌به‌ر له‌سه‌ر دیتنی خوا، له‌ خه‌ون دا.

٣/ ناوی ژماره‌یه‌ك له‌ زاناو پێشه‌وایان ـ وه‌ك نموونه‌ ـ كه‌ خوای به‌رزو مه‌زنیان له‌ خه‌ون دا، دیوه‌.

١/ چەند فەرموودەیەك لەبارەی بینینی خواوە، لە خەوندا:

یەكەم: ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: أَتَانِي رَبِّي فِي أَحْسَنِ صُورَةٍ، فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ! قُلْتُ: لَبَّيْكَ رَبِّي وَسَعْدَيْكَ، قَالَ: هَلْ تَدْرِي فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلأُ الأَعْلَى؟ قَالَ: قُلْتُ: رَبِّي لا أَدْرِي، قَالَ: فَوَضَعَ يَدَهُ بَيْنَ كَتِفَيَّ، فَوَجَدْتُ بَرْدَهَا بَيْن ثَدْيِيَّ، فَعَلِمْتُ مَا بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ، فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ! فَقُلْتُ: لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ، قَالَ: هَلْ تَدْرِي فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلأُ الأَعْلَى؟ قَالَ: قُلْتُ: فِي الدَّرَجَاتِ وَالْكَفَّارَاتِ، وَفِي نَقْلُ الأَقْدَامِ إِلَى الْجماعَاتِ، وإِسْبَاغُ الْوُضُوءِ فِي الْمَكْرُوهَاتِ، وَانْتِظَارُ الصَّلاةِ بَعْدَ الصَّلاةِ، وَمَنْ يحافظ عَلَيْهِنَّ عَاشَ بِخَيْرٍ، ومات بخير، وَكَانَ مِنْ ذُنُوبِهِ كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ﴾ [1]، واتە: عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: پەروەردگارم لە جوانترین شێوەدا هاتە لام (لە خەونمدا)، فەرمووی: ئەی موحەممەد! گوتم: لە خزمەتتدام ئەی پەروەردگارم، بۆ هەر شتێك كە تۆ ڕازی بكات، فەرمووی: ئایا دەزانی فریشتەكانی سەرێ لە چیدا مشتومڕیانە؟ گوتم: پەروەردگارم نازانم، ئنجا دەستی لەنێو هەردوو شانەكانم دانا، ساردایی‌و فێنكایی دەستیم لەنێوان هەردوو مەمكم (واتە: سینگم)دا هەست پێكرد، پاشان فەرمووی: ئەی موحەممەد! گوتم: لە خزمەتتدام ئەی پەروەردگارم بۆ هەر شتێك كە تۆ ڕازی بكات، فەرمووی: ئایا دەزانی فریشتەكانی سەرێ لە چیدا مشتومڕیانە؟ گوتم: دەربارەی پلەكان‌و كەففارەتەكان (واتە: ئەو شتانەی كە دەبنە هۆی سڕانەوەی گوناهەكان)، وە دەربارەی پێ هەڵهێنانەكان بەرەو نوێژەكانی بە كۆمەڵ، وە دەستنوێژگرتنی تێرو تەواو لە سەغڵەتییەكان دا، وە چاوەڕێكردنی نوێژ لە دوای نوێژ (بۆ كەسێك كە لە مزگەوت دەمێنی لە ئیعتیكافدا)، وە هەر كەسێك پارێزگاریی لە نوێژەكانی بكات، بە خێر تەمەنەكەی بەڕێ دەكات، وە بە خێر دەمرێ، وە لە گوناهەكانی دەربازی دەبێ، وەك ئەو ڕۆژەی كە لە دایكی بووە.

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٣٤٨٤)، وَعَبْدُ بْنُ حُمَيد برقم: (٦٨٢)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٢٣٤) وَقَالَ حَسَنٌ غَرِيب، وَصَحَّحَهُ الألباني.

دووەم: ﴿عَنْ مُعَاذ بن جبَل ﷺ قَالَ: أَبْطَأَ عَلَيْنَا النَّبِي ﷺ لصَلاة الفَجْرِ حَتَّى كَادَتَ أن تُدْرِكَنا الشَّمْسُ، ثُمَّ خَرَجَ فَصَلَّى بنا فَخَفَّ فِي صَلاتِهِ، ثُمَّ انْصَرَفَ وَأَقبَلَ عَلَيْنَا بوَجهِهِ، فَقَالَ: عَلَى مَكَانِكُم! أُخبركم ما بَطَّأني عَنْكُم اليَوْم فِي هَذِهِ الصَّلاة، إني صَلَّيْتُ فِي لَيلَتِي هَذِهِ مَا شَاءَ الله، ثُمَّ مَلَكَني عَيني فَنُمْتُ، فَرَأَيْتُ رَبِّي عَزَّ وَجلَّ فِي أَحْسَنِ صُورَةٍ وَأَجْمَلِها، فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ! فَقُلْتُ: لَبَّيْكَ يَا رَبّ، قَالَ: فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلأُ الأَعْلَى؟ قُلْتُ: لا أَدْرِي فَوَضَعَ كَفَّه بَيْنَ كَتِفَيَّ فَوَجَدْتُ بَرد أَنَامِلِه بَيْنَ ثَديَيَّ، فَعَلِمْتُ مِنْ كُل شَيءٍ وَبَصَرْتُه، ثُمَّ قَالَ: يَا مُحَمَّد! قُلْتُ: لَبَّيْكَ يَا رَبّ! قَالَ: فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلأُ الأَعْلَى؟ قُلْتُ: فِي الكَفَّارَاتِ قَالَ: وَمَا هُنَّ؟ قُلْتُ: الـمَشْيُ عَلَى الأَقْدَامِ إِلَى الْجماعَاتِ، وإِسْبَاغُ الْوُضُوءِ فِي السبرات، قُلْتُ: والدَّرَجَات، قَالَ: وَمَا هُوَ؟ قُلْتُ: إِطْعَامُ الطَّعَامِ وَلِين الكَلام والصَّلاة بِاللّيلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ، قَالَ: سَلْ، قُلْتُ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الحَسَنَاتِ وَتَرْكَ الْمُنْكَرَاتِ، وَحُبَّ الْمَسَاكِين، وَأَنْ تَغْفِرَ لِي وَتَرْحَمَنِي، وَإِذَا أَرَدْتَ فِتْنَة بَيْنَ خَلْقِكَ فَنَجِّنِي إِلَيْكَ غَيْرَ مَفْتُونٍ، وَأَسْأَلُكَ حُبَّكَ، وَحُبَّ مَنْ يُحِبُّكَ، وَحُبَّ عَمَلٍ يُقَرِّبنِي إِلَى حُبِّكَ﴾ (١)، واتە: موعازی کوڕی جەبەل خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: ڕۆژێك پێغەمبەر ﷺ بۆ نوێژی بەیانی درەنگ هات، نزیك بوو خۆر هەڵبێ، دوایی هاتە دەر نوێژی پێکردین، وە نوێژەکەی بە سووکیی کرد، پاشان لە نوێژەکەی تەواو بوو، ڕووی تێکردین فەرمووی: لە شوێنی خۆتان بن! هەواڵتان پێدەدەم کە بۆچی ئەمڕۆ درەنگ هاتم، ئنجا فەرمووی: ئەم شەو ئەوەندەی کە خوا بیەوێ نوێژم کرد، دوایی خەو زۆری بۆ هێنام و چاوەکانم خەوتن، پەروەردگاری زاڵو پایە بەرزم لە جوانترینو ڕێکوپێکترین شێوەدا بینی، گوتی: ئەی موحەممەد! گوتم: لە خزمەتدام پەروەردگارم، فەرمووی: ئایا دەزانی فریشتەکانی سەرێ لە چیدا مشتومڕیانە؟ گوتم: نازانم، لەپە دەستی خستە نێوان هەردوو شانەکانم، هەستم بە ساردایی سەرە پەنجەکانی کرد لە نێوان هەردوو مەمکم دا، (واتە:

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٢١٦٢) تعليق شعيب الأرنؤوط : ضعيف لاضطرابه، وَالطَّبَرَانِيُّ برقم: (٢٩٠)، وَالحَاكِمُ برقم: (١٩١٣).

لەسەر سینگم)، وە هەموو شتێکم زانیو بینی، دوایی فەرمووی: ئەی موحەممەد! گوتم: لە خزمەتتدام پەروەردگارم، فەرمووی: ئایا دەزانی فریشتەکانی سەرێ لە چیدا مشتومڕیانە؟ گوتم: دەربارەی کەففاراتی، فەرمووی: کەففارات چین؟ گوتم: ڕۆیشتن بە پێیان بەرەو نوێژی بە کۆمەڵ، وە دەستنوێژی تەواوگرتن لە کاتی بەیانیانی سارددا، گوتم: وە دەربارەی پلەکان، فەرمووی: پلەکان چین؟ گوتم: خواردن دان بە خەڵكو، قسەی نەرم لەگەڵ خەڵك کردن، وە شەونوێژکردن لە شەودا، لە کاتێکدا کە خەڵك خەوتوون، ئنجا خوا پێی فەرمووم: داوام لێبکە (واتە: لێم بپاڕێوە)، منیش گوتم: خوایە! داوات لێدەکەم: چاکەکانم بە نسیب بکەی، وە خراپەکان واز لێبێنم، وە داوات لێدەکەم: خۆشەویستیی هەژاران‌و نەدارانم بخەیە دڵ، وە داوات لێدەکەم: لێم ببووریو، بەزەییت پێم دابێ، وە ئەگەر ویستت خەڵك تاقی بکەیەوەو تووشی بەڵایەکیان بکەی، بمبەوە بۆ لای خۆت، بێئەوەی من تاقی بکەیەوە، (واتە: بێئەوەی تووشی گوناحو تاوان ببم)، وە داوات لێدەکەم: خۆشەویستیی خۆتم بخەیە دڵ، وە خۆشەویستیی هەر کەسێك کە تۆی خۆشدەوێ، وە خۆشەویستیی هەر کردەوەیەك، کە لە خۆشەویستیی تۆم نزیك دەخاتەوە.

سێیەم: ﴿عَن عَبْدَ الرَّحْمنِ بْنَ عَائِشٍ ﷺ، قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: رَأَيْتُ رَبِّي فِي أَحْسَنِ صُورَةٍ ، فَقَالَ: فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلأُ الأَعْلَى؟ فَقُلْتُ: أَنْتَ أَيْ رَبِّ أَعْلَمُ، فَوَضَعَ كَفَّهُ بَيْنَ كَتِفَيَّ فَوَجَدْتُ بَرْدَهَا بَيْنَ ثَدْيَيَّ، فَعَلِمْتُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ، ثُمَّ تَلا: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ﴿٧٥﴾ ﴾الأنعام﴾[1]، واتە:

١) أَخْرَجَهُ الدَّارِمِيُّ برقم: (٢١٤٩)، قَالَ حُسَين سَلِيم أَسد: إِسنادُهُ صَحِيح إِذَا ثَبَتت صُحْبَة عبد الرحمن بن عائش، قال ابن حبان له صحبة، وقال البخاري له حديث واحد إلا أنهم مضطربون فيه، وقال بن السكن يقال له: صحبة، وذكره في الصحابة محمد بن سعد والبخاري وأبو زرعة الدمشقي، وأبو الحسن بن سميع، وأبو القاسم البغوي، وأبو زرعة الحراني وغيرهم، الإصابة في تمييز الصحابة، لابن حجر ج٤، ص٣٢٠ -٣٢٤، رقم الترجمة: (٥١٥٢).

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عائیش خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، دەیفەرموو: پەروەردگاری خۆمم لە جوانترین شێوەدا بینی، فەرمووی: فریشتەکانی سەرێ لە چیدا مشتومڕیانە؟ منیش گوتم: تۆ زاناتری ئەی پەروەردگارم ! دەستی خستە نێوان هەردوو شانم، هەستم بە فێنکایی‌و ساردیی کرد لەنێوان هەردوو مەمکم دا (واتە: سەر سینگ)، هەرچی لە ئاسمانەکان‌و زەویدا هەبوو، بۆم دەرکەوت، دوایی (پێغەمبەری خوا ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ﴿٧٥﴾ ﴾الأنعام، واتە: ئاوا موڵكی فراوانی ئاسمانەکان‌و زەوی پیشانی ئیبراهیم دەدەین، تاکو لە بڕوا پتەوان بێ.

ئنجا جگە لەو سێ هاوەڵە، لە دە (١٠) هاوەڵی دیکەشەوە، ئەم فەرموودەیە بە شێوازی جۆراو جۆر گێڕدراوەتەوە ؛ کە بە پێویستی نازانم ماناکردنەوەی هەموویان دووبارە بکەینەوە:

چوارەم: ﴿عَنْ أَبِي رَافِعٍ، قَالَ: خَرَجَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ مشرق اللّون فعرف السرور فِي وَجْهِهِ، فَقَالَ: رَأَيْتُ رَبِّي فِي أَحْسَنِ صُورَةٍ، فَقَالَ لِي: يَا مُحَمَّدُ! أَتَدْرِي بِمَ يَخْتَصِمُ الْمَلَأُ الأَعْلَى؟ ... ﴾ (أَخْرَجَهُ الطَّبَرَانِيُّ فِي "الكبير" برقم: (٩٣٨)).

پێنجەم: ﴿عن أبي عبيدة الجراح عن النبِّي ﷺ قَالَ: رَأَيْتُ رَبِّي ﷻ فِي أَحْسَنِ صُورَةٍ، قال: فيم يَخْتَصِمُ الْمَلأُ الأَعْلَى ...؟﴾ (رواه الطبراني في الدعاء) ج ١، ص ٤١٩.

شەشەم: ﴿عن ثوبان، قال: خرج إلينا رسول الله ﷺ بعد صلاة الصبح، فقال: إن رَبِّي تعالى أتاني الليلة في أحسن صورة...﴾ {رواه الطبراني في"الدعاء": (٤١٩/١)}.

حەوتەم: ﴿عَنْ أَبِي أُمَامَةَ الباهلي، قَالَ: قَالَ رسول الله ﷺ تَراء لي رَبِّي فِي أَحْسَنِ صُورَةٍ، فقال: يا محمد...﴾ {رواه الطَّبَرَانِيُّ في "الدعاء": (٩٣٨/١)}.

هەشتەم: ﴿عن أبي هريرة، قال: خَرجَ عَلَينَا رَسُول الله ﷺ فقال: رَأَيتُ رَبِّي تَبارك وتَعالى فِي أَحْسَن صُورَة...﴾ {أَخْرَجَهُ الدَّارَقطْنِي فِي كتاب "رؤية الله" (١/١٧٨)}..

نۆیەم: ﴿عَنْ عِمْرَان بن حُصَيْن عَنِ النَّبِيّ ﷺ قَالَ: أَتَانِي اللَّيلَة رَبّي عَزَّ وَجَلَّ فِي أَحْسَن صورة...﴾ (أَخْرَجَهُ الدَّارَقُطْنِي فِي "رؤية الله"، ص١٨٠).

دەیەم: ﴿عَن ابْنِ عُمَر، قَالَ: قَالَ رَسُولَ الله: أَتَانِي رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ فِي أَحْسَن صُورَة...﴾ (أَخْرَجَهُ الدَّارَقُطْنِي فِي "رؤية الله"، ص١٨٠).

یازدەیەم: ﴿عَنْ أَنَس بْن مَالِك قَالَ أَصْبَحْنَا يَوْمًا فَأَتَى رَسُول الله ﷺ فَأَخبرنَا، قَالَ أَتَانِي رَبِي عَزَّ وَجَلَّ البَارِحَة فِي مَنَامِي فِي أَحْسَن صُورَة...﴾ (أَخْرَجَهُ الدَّارَقُطْنِي فِي "رؤية الله" رقم: (٢٧٦)).

دوازدەیەم: ﴿عَنْ أُمّ الطفيل امرأة أُبَيَّ بن كعْب قَالَتْ: سَمِعْتُ رَسُول الله ﷺ يَقُولُ: رَأَيْتُ رَبي فِي المَنَامِ ...} (أَخْرَجَهُ الطَّبَرَانِيُّ فِي "الكبير" برقم: (٣٤٦)).

سێزدەیەم: ﴿عَنْ مُعَاذ بن عَفْرَاء، قَالَ: قَالَ رَسُول الله ﷺ رَأَيتُ رَبِّي فِي حَظِيرَة مِن الفِرْدَوس﴾ (كنز العمال، رقم: (١١٥٤)).

ئنجا (إبن تيمية) لە كتێبی (مجموع الفتاوى)دا گوتوویەتی: {وَكَذَلِكَ الْحَدِيثُ الَّذِي رَوَاهُ أَهْلُ الْعِلْمِ أَنَّهُ قَالَ: ﴿ رَأَيْت رَبِّي فِي صُورَةِ كَذَا وَكَذَا﴾ يُرْوَى مِنْ طَرِيق ابْنِ عَبَّاسٍ وَمِنْ طَرِيق أُمِّ الطُّفَيْل وَغَيْرِهِمَا وَفِيهِ ﴿أَنَّهُ وَضَعَ يَدَهُ بَيْنَ كَتِفَيَّ حَتَّى وَجَدْت بَرْدَ أَنَامِلِهِ عَلَى صَدْرِي﴾ هَذَا الْحَدِيثُ لَمْ يَكُنْ لَيْلَةَ الْمِعْرَاجِ، فَإِنَّ هَذَا الْحَدِيثَ كَانَ بِالْمَدِينَةِ. وَفِي الْحَدِيثِ: ﴿أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ نَامَ عَنْ صَلَاةِ الصُّبْحِ ثُمَّ خَرَجَ إلَيْهِمْ وَقَالَ: رَأَيْت كَذَا وَكَذَا﴾، ... فَعُلِمَ أَنَّ هَذَا الْحَدِيثَ كَانَ رُؤْيَا مَنَامٍ بِالْمَدِينَةِ، كَمَا جَاءَ مُفَسَّرًا فِي كَثِيرٍ مِنْ طُرُقِهِ ﴿إنَّهُ كَانَ رُؤْيَا مَنَامٍ﴾ مَعَ أَنَّ رُؤْيَا الْأَنْبِيَاءِ وَحْيٌ لَمْ يَكُنْ رُؤْيَا يَقَظَةٍ لَيْلَةَ الْمِعْرَاجِ . وَقَدْ اتَّفَقَ الْمُسْلِمُونَ عَلَى أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ لَمَّا يَرَ رَبَّهُ بِعَيْنَيْهِ فِي

الأَرْضِ}[(١)]، واتــە: هـەروەها ئـەو فەرموودەیـەی کـە زانایـان گێڕاویانەتـەوە کـە پێغـەمبـەر ﷺ فەرموویــەتی: پەروەردگــاری خـۆمم لـە شـێوەیەکی ئـاواو ئـاوادا بینی، ئـەو فەرموودەیـە لـە ڕێـی (ابْنِ عَبَّاس وَأُمِّ الطُّفَيْلِ)و غـەیری ئەوانیشـەوە، گێڕدراوەتـەوە، وە ئـەوەی تێدایـە کـە: (خـوا دەسـتی خستە نێوان شانەکانم تـاکو ساردایی سـەرە پەنجـەکانیم لە سـینەمدا هەسـت پێکــرد) وە ئـەم فەرموودەیـە لە شــەوی میعــڕاج دا نەبووە، بەڵکو ئـەو ڕووداوە لە مەدینــە بووە، نەك مەککە، کەواتــە: زانیمان ئەم فەرمـوودەیـە باسـی خـەونێـك دەکـات، کە لـە خــەودا بـووە، وە لـە مەدینـــەش بـووە، وەك ڕوونکراوەتـەوە لـە زۆربــەی گێڕانەوەکانـدا، کـە خـەونێك بـووە لـە کـاتی خەوتنـدا، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە خـەونی پێغەمبـەرانیش وەحییـە، بـەڵام خـەونێکی کـاتی بێـداریی نەبــووە، لـە شـــەوی میعـراج دا، وە بێگومان مسـولْمانان لەسـەر ئەوە یەکدەنگن کە، پێغەمبـەر ﷺ بـە چـاوی خـۆی لەسەر زەوی پـەروەردگـاری نەبینیـوە.

٢/ یەکدەنگیـی (إجمـاع)ی زانـایانی موعتەبەر لەسەر دیتنـی خـوا، لە خـەون دا :

زۆربـەی هـەرە زۆری زانایـان لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتـوون، کـە خـوای مـەزن لـە خــەوندا دەبینــرێ، ئەگـەر نەڵـێم هـەموویان، چـونکە هەنـدێك لـە زانایـان دەڵێن: هـەموو زانـاو پێشـەوایان یەکدەنگن، بۆ نموونــە:

أ/ (النـووي) لـە کتێبــی (شـرح صـحیح مسـلم)دا دەڵــێ: (قَـالَ القَاضِـي وَاتَّفَـقَ العُـلَمَاءُ عَلَـى جَـوَازِ رُؤيَـةِ اللّٰهِ تَعَالـى فِـي الـمَنَامِ وَصِحَّتِهـا وَإِنْ رَآه الإِنْسَـان عَلَـى صِفَةٍ لا تَلِيق بحَالِهِ مِنْ صِفَاتِ الأَجْسَامِ لأَنَّ ذَلِـكَ الـمرئِـي غير ذَاتِ اللّٰهِ تَعَالَـى إِذْ لا يَجُـوز عَلَيْـهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالـى التَّجَسُّـم ولا اخْـتلافَ الأَحـوْالِ بخِـلافِ رُؤْيَـةِ النَّبِـي ﷺ)[(٢)]، واتــە: قاضـی عیـاض گوتوویــەتی: زانایــان لەســەر ئـەوە یـەك دەنگن، کە دەگونجـێ خـوای بەرز لە خـەوندا ببینـرێ، وە ڕاسـتە کـە ببینـرێ، با ئینسـان بە شـێوەیەكو لەسـەر سیفەتێکیش ببینــێ کـە سیفەتی جەسـتان بـێو

---
١) مجمـوع الفتـاوی، ج ٣ ، ص ٣٧٨.

٢) ج ١٥، ص ٢٥.

شایستەی خوا نەبێ، {بۆ وێنە: لە شێوەی بەشەردا ببینێ، یان لە شێوەی رووناكییدا ببینێ}، چونكە ئا ئەو بینراوە، بریتی نیە لە خودی خوای بەرز، {بەڵام خوای بێوێنە، لە وێنەی شتێك دا خۆی دەخاتە بەرچاو}، چونكە ناگونجێ خوا ﷻ بجەستێ، وە ناشگونجێ لە شێوەی جۆراو جۆردا ببینرێ، بە پێچەوانەی پێغەمبەری خواوە ﷺ {كە لە شێوەی جۆراو جۆردا دەبینرێ، كورد لە بەرگی كوردیدا دەیبینێ، عەرەب لە بەرگی عەرەبی دا، هیندییەك لە بەرگی هیندییداو ...هتد، وە هەر كەسەش بە زمانی خۆی دەیدوێنێ}[١].

ئنجا ئەو دەقەی هێنامان لە (قاضي عیاض)ەوە، وێڕای ئەوە كە (النووي) هێناویەتی، هەر كام لە (إبن حجر العسقلاني) خاوەنی (فتح الباري)[٢]، وە (إبن الحاج) لە (المدخل)[٣]یش دا، هێناویانە.

ب - (الدَّارِمِي) لە (السنن)ی خۆی لەژێر ناوونیشانی: (باب رؤیة الرّب في النوم) {باسی بینینی پەروەردگاری بەرز لە خەوندا} دەڵێ: {أَخْبَرَنَا نُعَیْمُ بْنُ حَمَّادٍ عَنْ عَبْدِ الْحَمِیدِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَنْ قُطْبَةَ عَنْ یُوسُفَ عَنْ ابْنِ سِیرِینَ قَالَ: مَنْ رَأَى رَبَّهُ فِي الْمَنَامِ، دَخَلَ الْجَنَّةَ} (أَخْرَجَهُ الدَّارِمِيُّ برقم: (٢١٥٠)[٤])[٥]، واتە: نوعەیمی كوڕی حەمماد لە عەبدولحەمیدی كوڕی عەبدوڕڕەحمان لە قوتبەوە ئەویش لە یوسفەوە، هەواڵی پێداین كە ئیبنو سیرین (كە یەكێكە لە زانایانی تابیعیینو كتێبی تەعبیری خەونیشی هەیە) گوتوویەتی: هەر كەسێك پەروەردگاری خۆی لە خەوندا ببینێ، دەچێتە بەهەشت.

---

١) ئەوەی نێوان كەوانەكان زیادەی خۆمە.

٢) فتح الباري، ج ١٢، ص ٣٧٨.

٣) المدخل، ص ٢٩٠.

٤) ج ٢، ص ١٧٠.

٥) نعیم بن حماد: صدوق كثیر، الخطأ والوهم، ویوسف: هو یوسف بن میمون القرشي المخزومي: قال المزي: قال أبو طالب، عن أحمد بن حنبل: یوسف الصباغ مولى آل عمرو بن حریث ضعیف، لیس بشيء، وقال أبو زرعة: واهي الحدیث، وقال أبو حاتم: لیس بالقوى، منكر الحدیث جداً، ضعیف، وقال البخاري: منكر الحدیث جداً، وقال النسائي: لیس بالقوى، وقال في موضع آخر: لیس بثقة، وقال الدار قطني: ضعیف.

ج - یەكێكی دیكە لەو زانایانە كە باسی بینینی خوا دەكات (إبن تیمیة الحراني)یە ڕەحمەتی خوا لە هەموو زانایانی ئیسلام بێ، لە كتێبی (منهاج السنّة النبویة)دا دەڵێ: {ومما یشبه المثال العلمي: رؤیة الربّ تَعَالى فِي المَنَام فَإِنَّهُ يُرَى فِي صُور مُخْتَلِفَة، يراه كُل عَبْدٍ عَلَى حَسَب إيمَانهِ، وَلَمَّا كَانَ النَّبِي ﷺ أَعْظَم إيْمَانَاً مِن غيرهِ، رَآهُ فِي أَحْسَن صُورَة، وَهِيَ رُؤْيَة مَنَام بالمَدِينَة كَمَا نطقت بذَلِك الأَحَادِيث المَأثُورة}[١]، واتە: وە لەوەی كە وەك وێنەی زانستیی دەچێت، بینینی خوای بەرزە لە خەونــدا، خوای بەرز لە شێوەی جیاجیادا دەبینرێ، هەر بەندەیەك بە پێی ئیمانی خۆی خوا دەبینێ، ئنجا لەبەرئەوەی پێغەمبەر ﷺ ئیمانی لە هی هەموو كەس مەزنترو تەواوتر بووە، بۆیە خوای بەرزو مەزنی لە جوانترین شێوەدا بینی، كە ئەویش خەونێك بوو لە مەدینە بینی، وەك لە فەرمودە گێڕراوەكان دا هاتوە.

هەڵبەتە مەبەستی (إبن تیمیة)دا لەوەدا كە دەڵێ: خەونێك بووە لە مەدینە بینیویەتی، ئەوەیە كە وانەزانرێ، ئەو دیتنەی پێغەمبەر ﷺ بۆ خوا مەبەست پێی: شەوی شەوڕۆو بەرزبوونەوە (لیلة الإسراء والمعراج) بووە.

هەروەها هەر (إبن تیمیة الحراني) لە (مجموع الفتاوی)دا گوتوویەتی: {وَقَدْ يَرَى الْمُؤْمِنُ رَبَّهُ فِي الْمَنَام فِي صُوَرٍ مُتَنَوِّعَةٍ عَلَى قَدْرِ إيمَانِهِ وَيَقِينِهِ}[٢]، واتە: وە ئیماندار جاری وا هەیە پەروەردگاری خۆی لە خەوندا دەبینێ، لە شێوەی جۆراو جۆردا، بەپێی ئیمانەكەی و یەقینەكەی.

٣/ ناوی ژمارەیەك لە زاناو پێشەوایان ـ وەك نموونە ـ كە خوای بەرزو مەزنیان لە خەون دا، دیوە:

دیارە من ناوی هەژدە (١٨) كەسم هێناوە لەو كتێبە هەر ئەوەندەیانم لێ وەرگرتوە، ئەگەرنا بۆخۆی ناوی زۆر زیاتری هێناوە[٣]:

---

١) ج ٥، ص ٣٨٣.

٢) ج ٣، ص ٣٩٠.

٣) باسی زیاتر لە حەفتا (٧٠) كەسی كردوە، بڕوانە: ص ٦١ ـ ٩٧.

١ - (حسن بن علي بن أبي طالب) وەك (الصّالحي) لە كتێبی (سبل الهدى والرشاد) بەرگی (١١)، لاپەڕە (٢٨٤)دا هێناویەتی، كە خوای بەرزو مەزنی لە خەون دا بینیوە.

٢ - (الحسن البصري) وەك لە (إبن الجَزَري) لە كتێبی (الزهر الفاتح) بەرگی (١) لاپەڕە (١١)دا هێناویەتی.

٣ - (رقبة بن مصقلة) وەك (الطبراني) لە (المعجم الأوسط) بەرگی (٣)، لاپەڕە (٣٧٩)، وە (إبن الجعد) لە (مسند) لە بەرگی (١)، لاپەڕە (١٩٨)، وە (البيهقي) لە (شعب الإيمان) بەرگی (٣)، لاپەڕە (١٦٤)، وە (إبن حبان) لە كتێبی (الثقات) بەرگی (٤) لاپەڕە (٣٠١)، وە (إبن الجوزي) لە كتێبی (المنتظم) بەرگی (٨) لاپەڕە (٤٢) دا، ئەو بەسەرهاتەیان هێناوە.

٤ - (علي بن الموفق) (البيهقي) لە (شعب الإيمان) بەرگی (٢)، لاپەڕە (٥٠١)، وە (الغزالي) لە (إحياء علوم الدين) بەرگی (١) لاپەڕە (٢٤١)، وە (إبن المفلح) لە (المقصد الأرشد في ذكر أصحاب أحمد)دا باسی ئەوەیان كردوە كە (علي بن الموفق) خۆی باسی كردووەو گوتوویەتی: من لە خەوندا بە خزمەت پەروەردگارم گەیشتووم.

٥ - (إبراهيم بن أدهم) وەك (إبن الجوزي) لە كتێبی (صفة الصفوة) بەرگی (٢) لاپەڕە (٣٤٢)، وە (أبو طالب المكي) لە كتێبی (قوت القلوب) بەرگی (٢) لاپەڕە (١٠٨٢)، وە (الترمذي) لە (نوادر الأصول) بەرگی (١) لاپەڕە (٣٩١)، وە (الصفوري) (نزهة المجالس) بەرگی (١) لاپەڕە (٧١)دا هێناویانە.

٦ - (الإمام أبو حنيفة) وەك (حاشية البجيرمي على الخطيب) لە بەرگی (١) لاپەڕە (٤٣١)دا، هەروەها (شرح الحَصكفي) لە بەرگی (١) لاپەڕە (٥١)دا، وە (شذرات الذهب) لە بەرگی (٣) لاپەڕە (٢٥)، هەر كام لەو سێیانەش خەون دیتنی ئەبو حەنیفەیان بە خوای بەرزەوە نەقڵ كردوە، تەنانەت لە هەندێكیان دا هاتوە كە (أبو حنيفة) گوتوویەتی: سەد (١٠٠) جار لە خەونم دا بە خزمەت خوای پەروەردگار گەیشتووم.

٧ - (الإمام الشافعي)، کە (عبدالمجيد العدوي) لە لاپەڕە (١٥٨)ی کتێبی (التحفة المرضية) دا هێناویەتی، کە خوای بێهاوەڵی لە خەون دا دیوەو لە کێشەیەکی گەورەی (هارون الرشيد) دەربازی بووە .

٨ - (أبو يزيد البسطامي)، کە (إبن الجوزي) لە کتێبی (صفة الصفوة) بەرگی (٢) لاپەڕە (٣١١)دا، وە (إبن تيمية) لە (مجموع الفتاوى) بەرگی (٢) لاپەڕە (٣١٥)دا، وە (إبن القيم) لە (مدارج السالكين) بەرگی (٢) لاپەڕە (٣)دا، وە (طبقات المناوي الكبرى) لە بەرگی (١) لاپەڕە (٤٥٢)دا، هەروەها (الشاطبي) لە (الإعتصام) بەرگی (٢) لاپەڕە (٢٦٠)دا، باسیان کردوە کە (أبو يزيد البسطامي) لە خەونی دا بە خزمەت خوای پەروەردگار گەیشتوە.

٩ - (الإمام الأوزاعي) هەر یەك لە (الأصفهاني) لە (حلية الأولياء) بەرگی (٦) لاپەڕە (١٤٢)دا، وە (إبن الجوزي) لە (صفة الصفوة) بەرگی (٢) لاپەڕە (٤١٨)دا، وە لە (المنتظم) بەرگی (٨) لاپەڕە (١٩٨)دا، وە (تأريخ دیمشق) بەرگی (٢) لاپەڕە (٤١٨)دا، وە (إبن كثير) لە (البداية والنهاية) بەرگی (١٠) لاپەڕە (١١٧)دا، باسی خەونی ئەو پێشەوایەیان کردوە، بە خوای پەروەردگارەوە.

١٠- (الإمام أحمد بن حنبل) (الخلّال) لە کتێبی (المجالس العشرة) بەرگی (١) لاپەڕە (٤٥)دا، وە (الدميري) لە (حياة الحيوان) بەرگی (١) لاپەڕە (٥١)دا، وە (الذهبي) لە (السِّيَر) بەرگی (١١) لاپەڕە (٣٤٧)، وە (الغزالي) لە (الإحياء) بەرگی (١) لاپەڕە (٢٤٧)دا، باسی لە خەوندا بینینی خوای پەروەردگاریان کردوە، لەلایەن ئیمام ئەحمەدەوە.

١١- (الحكيم الترمذي) کە یەکێك لە فەرموودەناسانە، جیا لە (الترمذي) خاوەنی (السنن)، کە (حاشية البجيرمي على الخطيب) لە بەرگی (١) لاپەڕە (٤٣١)دا، وە هەروەها لە کتێبی (بريقة محمودية) لە بەرگی (١) لاپەڕە (١٦٥)دا، وە (طبقات المناوي الكبرى) لە بەرگی (١) لاپەڕە (٥٨٩)دا، وە (الدمياطي) لە کتێبی (إعانة الطالبين) بەرگی (١) لاپەڕە (٢٤٧)دا، باسی ئەوەیان کردوە کە (الحكيم الترمذي) گوتوویەتی: زۆرجاران لە خەون دا بە خزمەت خوا ﷻ گەیشتووم.

١٢- (علي بن الخطاب الجزيري) کە هەر یەك لە (المناوي) لە (طبقات المناوي الكبرى) لە بەرگی (١) لاپەڕە (٦٣٢)دا، وە (الشعراني) لە (لطائف المنن للشعراني) لە لاپەڕە (٧١٨)دا هێناویانە، کە خەونی بە خوای تاکەوە بینیوە.

١٣- (علي بن وهب السنجاري) وەك (المناوي) لە (طبقات المناوي الكبرى) لە بەرگی (١) لاپەڕە (٦٩١)دا باسی کردوە، کە خەونی بە خواوە بینیوە.

١٤- (أبو إسحاق الإسفرائيني) وەك (إبن العربي) لە کتێبی (عارضة الأحوذي) لە بەرگی (١٢) لاپەڕە (١١٧)دا هێناویەتی، کە خەونی بە پەروەردگاریەوە بینیوە.

١٥- (الإمام أحمد الرفاعي) وەك (الشعراني) لە کتێبی (الطبقات الكبرى للشعراني) بەرگی (١) لاپەڕە (٢٨٩)دا هێناویەتی، کە لە خەونی دا بە خزمەت خوای بەرزو مەزن گەیشتوە.

١٦- (عبدالوهاب الشعراني) وەك لە کتێبی (لطائف المنن) بەرگی (١) لاپەڕە (٢٨٩)دا گوتوویەتی: دوو جاران لە خەون دا شەرەفی دیتنی خوای بەرزو مەزنم پێبڕا.

١٧- (الآلوسي صاحب التفسير) وەك لە تەفسیرەکەی خۆی (روح المعاني) لە بەرگی (٩)، لاپەڕە (٥٢)دا، باسی کردوە، کە خوای پەروەردگاری لە خەون دا بینیوە.

١٨- (الملا رمضان البوطي) بابی دکتۆر (محمد سعيد رمضان البوطي)یە، کە کوردەو خەڵکی بۆتانەو بەداخەوە لە هەڵومەرجێکی ناخۆش دا لە سوریا کوژرا، دیارە نووسەری ئەو کتێبە کە من ئەو شتانەم لێ خواستۆتەوە دەڵێ: لە ساڵی (١٤٢٥)ی کۆچیی دا، لەگەڵ (توفيق)ی نەوەی دا، کە کوڕی دکتۆر (محمد سعيد رمضان البوطي)یە، پێکەوە بووین لە سەفەری حەج دا، لە (مِنى) ئەو خەونەی باپیری بۆ گێڕامەوە، کە لە نەخۆشیی مەرگی دا، لە خەونی دا، قیامەت هاتوەو، خوای بێ هاوەڵی بینیوە .

١٩- کۆتا کەس خۆمم کە باسم کردوە، دیارە من نزیکەی حەفتەیەك پێش گیرانم لەلایەن ئەمریکییەکانەوە، لە (١٠ / ٧ / ٢٠٠٣) دا لە خەون دا بەخزمەت خوای پەروەردگار گەیشتم، کە ئەمەش دەقی ئەو خەونەیە:

لە خەونم دا بینیم خوای بەرزو مەزن لە ئاسمانێ هاتە خوارو، منی لەگەڵ خۆی دا بردو بە پێنج شوێن دا ـ کە لە شێوەی ژوور دابوون ـ گێڕامی، لە هەر ژوورەدا ماوەیەکی کەم دەمامەوە، پاشان کە لە ژووری پێنجەم تەواو بووین، هەستم کرد خوای بەخشەرو بەخشندە لەگەڵ خۆی هێنامیەدەر، یەکسەریش دوای ئەوە بێداربوومەوە.

بەڵام ئەوەی بۆ من جێی سەرنج بوو ئەوەبوو، کە لە کاتی گەڕانم بە نێو ژوورەکان دا، هەستم بە نارەحەتیی و دڵتەنگیی دەکرد !

شایانی باسیشە: ئەم خەونەم دواتر لە سەدا سەد (١٠٠/١٠٠) هاتەدی، چونکە لە ماوەی گیرانی بیستو دوو مانگەو (٦٥٩) ڕۆژەدا، لە لایەن ئەمریکاوە، پێنج شوێنیان پێکردمو، هەر کاتێك دەیانبردم بۆ هەر کام لە ژوورەکانو سەرنجم دەدایە: ئەو ژوورانەم دەهاتنەوە بەرچاو، کە لە خەونەکەم دا پێیان دا گەڕابوومو، هەر لەو کاتەش دا، لە تەعبیری خەونەکەم حاڵی بوومو، زانیم کە ئەو دڵتەنگییەم یانی چی ؟ وە لەوەش حاڵی بووم کە دەربازکرانیشم هەر لە لایەن خوای میهرەبانەوە بوو، چ لە خەونەکەم داو چ لە حاڵەتی واقیعی دوای خەونەکەشم دا.

چونکە بێگومان هۆکارەکانیش هەر بەشێکن لە قەدەری خواو، لە ژێر ڕکێفی ویستی ڕەهاو حەکیمانەی خوادا کاردەکەن !

هەروەها ئێستاش پاش چاپ[1] و بڵاوکرانەوەی ـ کتێبی یان ڕاستتر بڵێم: مەوسووعەی: (الإسلام كما يتجلىّ في كتاب الله عزوجل) ـ کە هیوادارم کەلێنێکی باش بگرێو، خوا هێزوپێزێکی زۆری تێبخات، زیاتر لە حیکمەتی ئەو ماوە مانەوەیەم لە زیندان دا، تێگەیشتووم، چونکە هەفتەیەك بەر لە ڕزگاربوونم، لە پاکنووس کردنی ئەو کتێبەم بوومەوە!

---

١) ئەو کتێبەم لە چاپی یەکەمی دا، بە هەشت بەرگو، لە دەوری (٣٥٠٠) لاپەڕەدا، چاپو بڵاوکرایەوە.

دیاره لە چاوپێکەوتنێکیش دا کە لەگەڵم کرا، وە دەربارەی بەندکرانم بە ناوی: (ئەشکەنجەو زیندان) کە ئێستا وەك كتێب، چاپکراوە[١]، باسی ئەو خەونەم کردوە، ئنجا لەوبارەوە هەندێ خەڵك ڕەخنەو تێبینی یان هەبوو کە گوایە من قسەیەکی ناشەرعییم کردوەو قسەیەکی ناهەقم کردوە ! بەڵام لە ڕاستییدا وانیە، ئەوەتا ئەو هەموو زانایانەی باسم کردوون، کە هی وایان هەبووە گوتوویەتی: دووجارو سێ جارو، تەنانەت هی وایان هەیە گوتوویەتی چل جارو بگرە هی وایان بووە، گوتوویەتی: سەد (١٠٠) جار بە خزمەت خوای پەروەردگار گەیشتووم لە خەون دا !.

مەسەلەی یازدەیەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴾، (لطیف)، لە (لطف)ەوە هاتوە، واتە: نەرمو نیانیی و پەنهانیی و ئارامیی، (خبیر)یش لە (خُبرة)ەوە هاتوە، واتە: شارەزا، خوای بێ وێنە بەم دوو سیفەتە خۆی وەسف دەکات، دەفەرموێ: ئێوە بۆیە پەروەردگار نابینن، چونکە خوا (لطیف)ە، بەڵام کە (لطیف)یشە وا مەزانن کە ئاگاداری ئێوەنیە، بەڵکو ئاگاداری ئەوەیە کە لەنێو دڵو دەروونیشتان دایە، وە (لطف) لە زمانی عەرەبیدا بریتیە لە شتی زۆر ورد لە کردوە، کە بە چاو نەبینرێ، وەك دەگوترێ: فلان کەس زۆر (لطیف)ە لە کردوەدا، واتە: زۆر نەرمو نیانو میهرەبانە، وە وشەی: (تَلَطُّفْ) واتە: پەنهانکاریی، وەك خوا لە سوورەتی (الكهف)دا باس دەکات، دەفەرموێ:

﴿ وَلْيَتَلَطَّفْ وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا ﴿١٩﴾ ﴾، واتە: با زۆر بە ئەسپایی و پەنهانیی بچێ، وە وانەکات کە هیچ کەس هەستتان پێ بکات.

ئنجا (لطیف) صیغەی موبالەغەیە، واتە: زۆر پەنهان، یان زۆر پەنهانکار، کە لە ئەسڵدا (إسم فاعل)ەکەی (لاطِف)ە، وەك (آكِل، شآرِب) واتە: ئەو کەسەی دەخوا، دەخواتەوە، بەڵام (أكيل وشَرِيب) واتە: ئەو کەسەی زۆر دەخوا، زۆر دەخواتەوە.

(مُحَمَّد متَولِّي الشعراوي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا: (تفسير الشعراوي) هەندێ

---

١) هەروەها بە هەردووك زمانی: عەرەبیی و فارسییش، چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

قسەی زۆر جوان دەكات، دەربارەی (لُطف)ی خوای بە بەزەیی، دەڵێ: (فَمَظَاهِر اللّطْفِ لا حَصْرَ لَهَا، وَعَلَى قدر دقة اللطف تكون دقة مأتاه وإحصائه، فهو اللطيف الذي إذا ناديته لبّاك، وإذا قصدته آواك، وإذا أحببته أدناك، وإذا أطعته كافاك، وإذا أعطيته وأقرضته من فضله وماله الذي منحك، عافاك، وإذا أعرضت عنه، دعاك، وإذا قربت من الله، هداك، الّذي يجازيك، إن وفيت، ويعفو عنك، إن قصَّرت، مَنْ افتخر به، أَعزَّه، ومن افتقر إليه، أغناه، مَنْ عطاؤه: خير، ومَنْعُهُ: ذخيرة)[١].

واتە: دیاردەكانی میهرەبانیی خوا، كورتهەڵنەهاتوون و ناژمێردرێن، خوا لەگەڵتدا میهرەبانە، وە بە ئەندازەی وردیی لوتفی خوا، دەبێ بۆ پەی پێبردنی و سەرژمێركردنیشی، وردەكاریی هەبێ، خوا ئەو خاوەن میهرەبانییەیە، كە ئەگەر بانگت كرد: وەڵامت دەداتەوە.

وە ئەگەر بەرەو ڕووی چووی : پەنات دەدات و، دەتگرێتە خۆی.

وە ئەگەر خۆشتویست : لە خۆییت نزیك دەخاتەوە.

وە ئەگەر فەرمانبەرییت بۆ كرد : پاداشتت دەداتەوە.

وە ئەگەر پێت بەخشی و لەو ماڵەی خۆی پێیداوی قەرزت پێدا : سەلامەتو سەرفرازت دەكات.

وە ئەگەر ڕووت لێ وەرگێڕا : بانگت دەكاتەوە.

وە ئەگەر لێی نزیك كەوتیەوە : ڕێنماییت دەكات.

.... وە ئەگەر وەفاداربووی بەرانبەری : پاداشتت دەداتەوە.

وە ئەگەر لەگەڵێشی كەمتەرخەم بووی، چاوپۆشییت لێدەكات.

... هەر كەس شانازیی پێوە بكات : عیززەتی پێ دەبەخشێ.

هەر كەس هەژاریی خۆی بۆ دەرببڕێ : دەوڵەمەندو بێنیازی دەكات.

---

١) تفسير الشعراوي، ج ٦، ص : ٣٨٤٩.

... خوا ئەو کەسەیە کە ئەگەر پێت ببەخشێ، بۆ تۆ چاکە.

وە ئەگەر پێشت نەبەخشێ، بۆت پەژمەندە دەکاتو، لە دوارِۆژدا پاداشتت دەداتەوە.

مەسەلەی دوازدەیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ قَدْ جَآءَكُم بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْۖ فَمَنْ أَبْصَرَ فَلِنَفْسِهِۦۖ وَمَنْ عَمِىَ فَعَلَيْهَاۚ وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ ﴾، بێگومان لە پەروەردگارتانەوە بەڵگەو بەرچاورِوونییەکان (بصائر)تان بۆ هاتوون، {(بصائر) کۆی (بصیرة)یە، جا (بصیرة) هەم بە مانای بەڵگە دێ، هەم بە مانای بەرچاورِوونیی، دێ} هەر کەسێك ببینێ سوودەکەی بۆخۆیەتی، وە هەر کەسێك کوێر بێو سوود لەو بەڵگانەی خوا نەبینێ، زیانی کوێرییەکەی بۆخۆیەتی، وە من بەسەرتانەوە پارێزەر نیم.

لێرەدا خوا لەسەر زمانی پێغەمبەری خوا ﷺ وا دەفەرموێ.

دیارە خوای پەروەردگار ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەم قورئانە بەرچاورِوونییە بۆ رِۆشنکردنەوەی بەرچاوی ئینسان لە بوارەکانی : عەقیدەو فیکر، حەلاڵو حەرام، ئەمرو نەهیی، حوکمو سیاسەت دا، وە هەڵسوکەوتەکان لە گشت بوارەکاندا، ئنجا خوا ﷻ دەفەرموێ: هەر کەسێك بەهۆی ئەم بەرچاورِوونییانەوە، بەهۆی ئەم قورئانەوە، کە عەقڵو دڵو چاوو گوێی رِۆشن دەکەنەوە، ببینێ، قازانجی دیتنەکەی بۆخۆیەتیو، بۆخۆی سوود دەکات، هەر کەسێکیش کوێر بێو نەبینێ، دیارە زەرەرەکەی بۆخۆیەتی.

کەواتە: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەرکی ئەوە نیە کە خەڵك بپارێزێ لە گوناهو تاوانو ئاگای لێیان بێو نەهێڵێ خراپە بکەن، بەڵکو ئەرکی ئەوەیە پەیامو بەرنامەی خوایان پێ رابگەیەنێ، پێغەمبەری خوا ﷺ خەڵکی پێ لە گوناهو تاوان ناگێردرێتەوە، بەڵێ: پێی ئاگادار دەکرێنەوە، بەڵام دیارە خوای پەروەردگار ئەو دەستەڵاتەی نەداوە بە پێغەمبەری خوا ﷺ کە رێگا نەدات خەڵك کافربنو گوناهان بکەن، چونکە خەڵك ناچار ناکرێو تۆبزییان لێ ناکرێ، لەسەر گوێرایەڵییکردنی خوای بالادەست.

مەسەلەی سێزدەیەمو کۆتایی: کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلْأَيَٰتِ وَلِيَقُولُواْ دَرَسْتَ وَلِنُبَيِّنَهُۥ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴾، واتە: وە بەو شێوەیە ئایەتەکانمان جۆراو جۆر ڕوون دەکەینەوە، لە چەند شوێنێك دا خوای پەروەردگار باسی ئەو مەسەلەیە دەکات، بۆ وێنە، دەفەرموێ: ﴿ وَتَصْرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ ﴿١٦٤﴾ ﴾البقرة، واتە: (خوا دەفەرموێ) بایەکانمان جۆراو جۆر کردوە، شەماڵە، ڕەشەبایە، لەولا دێ، لەملا دێ، لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلْأَيَٰتِ ﴾، ئاوا بەو شێوەیە ئایەتەکانی خۆمان جۆراو جۆر دەخەینە ڕوو، بۆچی خوا ئایەتەکانی جۆراوجۆر کردوون؟ چونکە سروشتی ئینسان وایە، بە یەك جۆر شت ماندوو دەبێ، بۆیە خوا ئایەتەکانی جۆراو جۆری کردوون: باسی بوونەوەر، باسی ئیمانو عەقیدە، باسی عیبادەت، باسی ڕەوشت، باسی مێژوو، باسی حاڵەتە دەروونییەکان، جۆراو جۆرن.

ئنجا دەفەرموێ: ئایەتەکانی خۆمان جۆراو جۆر ڕوون دەکەینەوە، ﴿ وَلِيَقُولُواْ دَرَسْتَ ﴾، ئەو لام (ل)ە، زانایانی تەفسیر دەڵێن: لامی (عاقبة)یە، نەك لامی (علة)، چونکە خوای پەروەردگار ئایەتەکانی خۆی بۆ ئەوە نەناردوون، کە کافرەکان بڵێن: ئەی موحەممەد ! تۆ لە لای خەڵکی دیکە، خوێندووتە ﴿ وَلِيَقُولُواْ دَرَسْتَ ﴾، یانی: بۆ ئەوەی ئەوان سەرەنجام عاقیبەتیان بێتە سەر ئەوەی بڵێن: تۆ ئەم قورئانەت لەلای غەیری خۆت خوێندوە، چونکە کافرەکان وایاندەگوت.

دەڵێن : لە مەککە دو غولامیی ڕۆمیی هەبوون، نەصرانیی بوون، بە ناوی (یسار) و (جَبْر)، پێغەمبەر ﷺ جار جار لەگەڵیان ڕادەوەستا، دیارە لەگەڵیان ڕاوەستاوە: بانگیان بکاتو، بۆیان باسی ئیسلام بکات، قورەیشییەکان هیچیان بۆ نەماوە، گوتوویانە: ئەو دووانە موحەممەدیان فێری ئەو قورئانە کردوە !

وەك خوا لە سوورەتی (النحل)دا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدۡ نَعۡلَمُ أَنَّهُمۡ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٞۗ لِّسَانُ ٱلَّذِي يُلۡحِدُونَ إِلَيۡهِ أَعۡجَمِيّٞ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيّٞ مُّبِينٌ ١٠٣﴾، واتە: ئێمە دەزانین ئەوان دەڵێن: بەشەرێك فێری دەکات، زمانی ئەو کەسەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن (کە ئەو غولامە ڕۆمییەیە) ئەعجەمییە (عەرەبیی باش نەزانیوەو ڕۆمیی بووە)، بەڵام ئەم قورئانە، بە زمانێکی عەرەبیی زۆر ڕوون هاتوە (کە خۆیان لە بەرانبەریدا دەستەوسانن) یانی: کابرایەکی ڕۆمیی کە خۆی باش عەرەبی نازانێ، چۆن قورئانێك فێری موحەممەد دەکات، کە ئێوە ناتوانن سوورەتێکی وەك وی بێنن؟ بە دڵنیایی ئەوە قسەیەکە ناچێتە هیچ عەقڵێکەوە[1].

ئنجا بۆ زانیارییتان! ئەوانەی کە تۆزێك بە ئینصاف بوون، با کافریش بووبن، دانیان بە نابەشەریی بوونی قورئان دا هێناوە، یەکێ لەوانە (وەلیدی کوڕی موغەیرە) زۆر بە ڕوونو ڕاشکاویی، گوتوویەتی: ئەم قورئانە وەك قسەی بەشەر ناچێ، کە لەگەڵی بەراورد دەکەی، هیچ قسەیەك ناتوانێ بچێتە تای تەرازوویەوە، بەڵام کافرەکان گوتوویانە: فڵان کەس! ئەوە دیارە موحەممەد سیحری لێ کردووی، تۆشی هەڵخەڵەتاندوە[2]، ئەوان لە نەفسی خۆیاندا زانیویانە ئەم قورئانە قسەی مرۆڤ نیە.

واتایەکی دیکە: خوا دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ﴾، ئێمە ئایەتەکانی خۆمان جۆراو جۆر ڕوون دەکەینەوە، با ئەوانیش هەموو پشكو بەشیان

---

١) بۆ هۆی هاتنەخواری ئەو ئایەتە بڕوانە (الإستيعاب في بيان الأسباب) ج ٢، ص: ٤٢٢، کە ئەم دەقەی هێناوە: ﴿عن عبيد بن مسلم الحضرمي، قال: كان لنا غلامان نصرانيّان من أهل عين التمر، يُسمّى أحدهما: يَسار، والآخر: جَبْر، وكانا يقرآن كتاباً لهما، فربّما مرَّ رسول الله ﷺ فقام عليهما، فقال المشركون: إنّما يتعلّم محمدٌ منهما، فأنزل الله هذه الآية.﴾ أخرجه الطبري في جامع البيان: (١٤/١٢٠)، والواحدي في أسباب النزول، ص: ١٩٠، والبيهقي في الشعب: ١٣٨، قلنا: وسنده صحيح.

٢) بڕوانە: (الإستيعاب في بيان الأسباب) ج ٣، ص ٤٧٥.

لەم قورئانە گەورەیەدا ئەوە بێ، کە تۆمەتی ئەوە بدەنە پاڵ تۆو بڵێن: خوێندووتە ﴿وَلِيَقُولُواْ دَرَسْتَ﴾، واتە: لە لای غەیری خۆت، ئەم قورئانە فێربووی، ﴿وَلِنُبَيِّنَهُۥ لِقَوْمٖ يَعْلَمُونَ﴾، وە با ئێمەش روونی بکەینەوە بۆ کۆمەڵێك کە بزانن، واتە: تەنیا کەسانێك قەدرو پایەی قورئان دەزانن، کە زانیارییان هەبێ، بۆیە ئێستا زانای وا هەیە لە وڵاتانی رۆژئاوادا یەك ئایەتی لە قورئان بینیوە، کە باسی حەقیقەتێکی زانستیی دەکات، کە لە سەدەی بیستو یەکدا ئاشکرا بووەو پێشتر نەزانراوە، گوتوویەتی: ناگونجێ ئەمە قسەی ئینسان بێ، چونکە ئەم نهێنییە لە سەدەی ئێمەدا ئاشکرابووە، بۆ وێنە: دەریاوانێکی زۆر گەورەی رۆژئاوایی کە هەموو ژیانی لە دەریاوانیی دا بردۆتە سەر، دوای ئەوەی یەکێك لە زاناکانی ئیسلام ئەو ئایەتەی سوورەتی (النور)ی بۆ دەخوێنێتەوە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿أَوْ كَظُلُمَٰتٖ فِي بَحْرٖ لُّجِّيّٖ يَغْشَىٰهُ مَوْجٞ مِّن فَوْقِهِۦ مَوْجٞ مِّن فَوْقِهِۦ سَحَابٞۚ ظُلُمَٰتُۢ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَآ أَخْرَجَ يَدَهُۥ لَمْ يَكَدْ يَرَىٰهَاۗ وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورٗا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ ٤٠﴾، واتە: یان وەك تاریکاییەکان لە دەریایەکی شەپۆلاویی دا، کە شەپۆلێك دایدەپۆشێ لە سەرووییەوە شەپۆلێکی دیکە هەیە، لە سەرووییەوە هەور هەیە... دیارە دواییی لە سەدەی بیست زانرا کە لە سەرووی شەپۆلە رواڵەتییاکانەوە، شەپۆلی ژێریی هەیە، هەتا (غَوّاصة) دروست نەکرا، نەدەزانرا ئەو شەپۆلانە هەن، گوتوویەتی: کێ موحەممەدی فێر کرد؟ خۆ ئەوە لە سەدەی ئێمەدا دۆزراوەتەوە؟[1].

یان ئەوە کە هەموو رووەکێك نێرو مێی تێدایە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَمِن كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ٤٩﴾ الذاریات.

---

١) بڕوانە: کتێبی: (آیات أسلم قارئوها)، ص ١١، ئەو زانایەش ناوی (مستر براون)ە.

یان ئەوە کە بوونەوەر پێش ئەوەی بەم شێوەیە دروست بکرێ، لە شێوەی ماددەیەکی وەك دووکەڵ دا بوو: ﴿ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ ﴿١١﴾ ﴾فصلت.

یان ئەوە کە هەموو زیندەوەرێك لە ئاو دروست بووە: ﴿ وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۚ أَفَلَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾الأنبياء، وەك من لەو کتێبەی کە لە زیندان نووسیوومە (الإِسْلام كَمَا يَتَجَلّى فِي كتابِ اللّه عزّ وجل) ئاماژەم بە ژمارەیەکی زۆر لەو ئیعجازە زانستییانە کردوە، نزیکەی سی (٣٠) وێنەم هێناوەتەوە، کە هەموویان دوای ئەوەی زانیاریی بەرەو پێشەوە چوو، ئەو ڕاستییانە دۆزراونەوەو، قورئانیش ئاماژەی پێکردوون.

بۆیەش خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلِنُبَيِّنَهُۥ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ﴾، ئەم قورئانە ڕوون دەکەینەوە بۆ کۆمەڵێك کە بزانن، یانی: ئەگەر زانیارییان هەبێ، دەزانن کە ئەم قورئانە لەلایەن خواوە هاتووە، پێغەمبەری خوا تەنیا وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی قورئانی لەسەر بووە.

با جارێکی دیکەش تەماشای وشەکان بکەینەوە:

(نُصَرِّف): یانی: (نُنَوِّعُ) واتە: جۆراو جۆر دەکەین.

(الآيات): دەگونجێ مەبەست ئایەتەکانی قورئان بێ، ﴿ نُصَرِّفُ ٱلۡأٓيَٰتِ ﴾، نیشانەکانی خۆمان بە جۆراو جۆر ڕووندەکەینەوە، وە دەشگونجێ مەبەست غەیری ئایەتەکان قورئانیش بێ: واتە: دیاردە سروشتییەکان، یان ئەو ڕووداوانەی کە ڕوو دەدەن، نیشانەن لەسەر ئەوە کە خوا خاوەنی ئەو بوونەوەرەیە.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَلِيَقُولُواْ دَرَسۡتَ ﴾، ئەم وشەیە بە چەند شێوەیەك خوێنراوەتەوە:

أ/ بەپێی خوێندنەوە (قراءة)ی (حَفْص) ئاوا دەخوێنرێتەوە: ﴿ وَلِيَقُولُواْ دَرَسۡتَ ﴾.

ب/ بەڵام (إبن كثير و أبي عمرو) کە دوو لە قورئان خوێنە گەورەکانن، ئاوایان

خوێندۆتەوە: (وَلِيقُولوا دَارَسْتَ)، یا بڵێن: موداڕەسەت کردووە، لەگەڵ خەڵکی دیکەدا فێری بووی.

ج/ هەروەها (إبن عامر) ئاوای خوێندۆتەوە: (وَلِيقُولوا دَرَسَتْ)، یانی: (فنيت) واتە: ئەم قورئانە کۆتایی پێهات.

د/ وە بە (دُرِسَتْ)یش خوێندراوەتەوە، کە بە مانای ئەوەی پێشوویە، هەروەها بە: (دَرَّسَتْ)یش خوێندراوەتەوە، کە هەمان مانای هەیە، بەڵام وەك گوتمان قیرائەتی بەناوبانگ ئەوەی (حَفْص)ە، کە ئاوای خوێندۆتەوە: ﴿ وَلِيَقُولُواْ دَرَسْتَ ﴾، بەڵام وەك پێشتر گوتمان: (ل)ەکەی لامی عیللەت نیە، چونکە خوا قورئانی بۆ ئەوە نەناردوە، کە ئەوان تۆمەت پاڵ بدەنە لای پێغەمبەر ﷺ، بۆیە دەڵێین: (ل)ی عاقیبەتە، وەك خوا لە سووڕەتی (القصص)دا دەربارەی ئەوە کە بنەماڵەی فیرعەون مووسایان بە مەلۆتەکەیی لە سندووقەکەدا هەڵگرتەوە، دەفەرموێ: ﴿ فَٱلْتَقَطَهُۥٓ ءَالُ فِرْعَوْنَ لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا وَحَزَنًا ﴿٨﴾ ﴾، واتە: وە داروودەستەی فیرعەون هەڵیان گرتەوە، کە سەرەنجام بۆیان بووە دوژمنو مایەی دڵتەنگیی و پەژارە.

کە بێگومان ئالی فیرعەون کە مووسایان هەڵگرتۆتەوە، بۆ ئەوەیان نەبووە ببێ بە دوژمنو مایەی خەمباریی، وە سەرەنجام فیرعەون لەسەر دەستی مووسا کۆتایی پێ بێ، بۆیە ئەو (ل) لامی عاقیبەتە، واتە: بۆ ئەوەی سەرەنجام وای لێ بێ، ئەگەرنا ئەوان بۆ ئەوەیان هەڵنەگرتۆتەوە ببێتە هۆکاری فەوتانی ئالی فیرعەون، چونکە هیچ کەسێك بە دەستی خۆی زەرەر لە خۆی نادات.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَلِنُبَيِّنَهُۥ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴾، لە قورئاندا لە چەند شوێنێك ئاماژە بەوە کراوە کە ئەهلی عیلم، واتە: ئەوانەی شارەزان و زانان قەدری قورئان دەزانن، بۆ وێنە:

١) لە سوورەتی (سبأ)دا دەفەرموێ: ﴿ وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلْحَقَّ وَيَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ﴿٦﴾ ﴾، واتە:
ئەوانەی کە زانیارییان پێدراوە، دەزانن کە ئەوەی بۆ تۆ نێردراوە لە پەروەردگارتەوە، هەقە، وە ڕێنمایی دەکات بۆ ڕێبازی خوای زاڵی ستایشکراو.

ئەوانەی کە زانیارییان پێدراوە، لە هەر لقێکی زانیاریی دا ئینسان شارەزا بێ، دەزانێ قورئان ئاماژەیەکی بۆ کردوە، بۆ وێنە: بوارەکانی: پزیشکیی، یان دەروونناسیی، یان زەویناسیی، یان مێژووناسیی، یان کۆمەڵناسیی... هتد، هەر کەسێك لە هەر بوارێك شارەزابێ‌و لە قورئان وردبێتەوە، دەزانێ کە قورئان ئاماژەی بە مەسەلەیەك یان زیاتر لەو بوارەدا کردوە، کە ئەو لێی شارەزایە، بۆ نموونە: خوای پەروەردگار کە باسی چیاکان دەکات، دەفەرموێ: ﴿ وَٱلْجِبَالَ أَوْتَادًا ﴿٧﴾ ﴾ النبأ، واتە: چیاکانمان کردوون بە گوڵمیخ، چونکە (أوتاد) کۆی (وتد)ەو بەو سینگە دەگوترێ، کە چادرو ڕەشماڵی پێ ڕادەگیرێ، یاخود وڵاخی پێ دەبەسترێتەوە، کە هەمیشە بەشی زۆری لە زەویدایەو، بەشی کەمی لە دەرەوەیە، کە کاتی خۆی ئەوەیان نەزانیوەو، دوایی کە زانستی زەویناسیی (جیۆلۆجیی) بەرەو پێشەوە چوو، بۆیان دەرکەوت کە هەموو چیایەك، تەنانەت چیای (هیمالایا) کە بەرزترین چیایە، چەندی لە دەرەوەیە، شەش، حەوت هێندەی لە زەویدایە، بۆیە خوای پەروەردگار تەشبیهی کردوە بە گوڵمیخ‌و سنگ.

بۆیە هەر کەسێك کە پسپۆڕو شارەزایە لە بوارێك دا، ئەگەر تەماشای قورئان بکات، بۆی دەردەکەوێ کە ئەم قورئانە لەسەر دەستی موحەممەد ﷺ نەهاتوە، نەك هەر ئەوەندەش، بەڵکو زۆر مەسەلەی تێدا باسکراون، کە لەو سەردەمەدا، ئەو زانیارییانە نەبوون،

٢) هەروەها لەوبارەوە خوا ﷻ لە سوورەتی (الرعد)دا دەفەرموێ: ﴿ وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَسْتَ مُرْسَلًا ۚ قُلْ كَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًۢا بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ

﴿ وَمَنۡ عِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلۡكِتَٰبِ ﴿٤٣﴾ ﴾، واتە: ئەوانەی بێبڕوان دەڵێن: تۆ ڕەوانەکراونی، بڵێ: خوا بەسە، شایەد بێ لە نێوان منو ئێوەدا (یانی: خوا شایەدە)، کە ئەم قورئانەی پێداوم، (وەك بەڵگە) وە ئەوانەی کە زانیاریی کتێبیان لەلایە (جا زانیاریی کتێب، چ هی کتێبی خوایی، چ زانیاریی هەر کتێبێکی دیکە. واتە: ئەوانەی کە زانان)، ئەوانەش شایەدبن کە من ئەو قورئانەم لە خواوە هێناوەو بۆخۆم دام نەناوە.

٣) هەروەها لە سوورەتی (الإسراء)دا کە دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ ءَامِنُواْ بِهِۦٓ أَوۡ لَا تُؤۡمِنُوٓاْۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ مِن قَبۡلِهِۦٓ إِذَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ يَخِرُّونَ لِلۡأَذۡقَانِ سُجَّدٗا ﴿١٠٧﴾ وَيَقُولُونَ سُبۡحَٰنَ رَبِّنَآ إِن كَانَ وَعۡدُ رَبِّنَا لَمَفۡعُولٗا ﴿١٠٨﴾ ﴾، واتە: تۆ بڵێ: ئیمانی پێ بێنن، یان ئیمانی پێ نەهێنن، ئەوانەی کە لە پێش (قورئان)دا زانیارییان پێدراوە، هەر کاتێك بەسەریاندا بخوێنرێتەوە، لەپەڕوو سەجدە دەبەن، وە دەڵێن پاکیی بۆ پەروەردگارمان، بەڵێنی پەروەردگارمان هاتە دی.

بەڵێ خاوەن کتێبە پێشووەکان هەموویان چاوەڕێی هاتنی پێغەمبەری کۆتایی بوو ون، وە زانیویانە ئەو پێغەمبەرە بۆ هەموو مرۆڤایەتیی دێو پەیامەکەشی گشتییە، نەك وەك پێغەمبەرانی دیکە، کە هەر یەکەیان بۆ گەلێك یان چەند گەلێك هاتوون، بۆیە ئەوانەی کە بە ئینصاف بوون لە جوولەکەو نەصرانییەکان، وەك خوای دادگەر لێرەدا باسیان دەکات: ئیمانیان هێناوە، وەك کەعبی ئەحبارو سەلمانی فارسیی، ئنجا سەلمانی فارسیی بەسەرهاتی مسوڵمان بوونەکەی بە وردی گێڕاوەتەوە، کە پوختەکەی ئەوەیە: کە سەلمان کوڕی ئاغا دێیەك بووەو، هاتوە بۆ لای چەند خواپەرستێکی نەصرانیی، کە شارەزا بوون لە ئایین، پاشان لە ڕێی وانەوە دەچێتە شامو لەوێش دەچێتە لای زانایەکی نەصرانیی کە بابەیەکی تەماعکار بووەو، پاشان یەکێکی باشی دێتەجێو بەرلەوەی بمرێ، سەلمان دەڵێ: وەسیەتم بۆ بکە، دوای تۆ بۆ لای کێ بچم؟ دەڵێ: بڕۆ بۆ لای فلانکەس، ئەو لەسەر دینی ڕاست ماوەتەوەو نەصرانییەکی چاکە.

دوای ویش دووبارە بۆ لای یەکێکی دیکە دەچێ، وە ئەوەی کۆتایی یان دەڵێ: وەڵلاهی دوای من کەس نەماوە لەسەر ئایینی ڕاست بێو تەنیا خوابپەرستێ، هەموو خەڵك لایانداوە، بەلام برۆ بۆ حیجاز بۆ مەدینە پێغەمبەری کۆتایی لەوێ دێو، هاتنەکەشی نزیك بۆتەوە، ئیدی ئەویش بەرێ دەکەوێو، هەرچەندە پیاوێکی زۆر ئازا بووە، بەلام ئەوانەی دەیبەن، دەیکەنە کۆیلەو دەیفرۆشن، دوایی دەست بە دەست دەڕوات تا دەگاتە مەدینە، لەوێ بە کۆیلەیی دەمێنێتەوە.

پاشان کە پێغەمبەری خوا کۆچ دەکات لە مەککەوە بۆ مەدینە، دەچێ تەماشای دەکات، دەبینێ ئەو سیفەتانەی کە لە کتێبەکاندا باسکراون، ــ کە دیارە پێشتر لە زاناکانی نەصرانییەوە زانیونی ـ هەموویان لە پێغەمبەردا ﷺ، هەن، وە ئیمانی پێ دێنێو، دواییش پێغەمبەریش ﷺ زۆر ڕێزی لێناوە[١].

بە کورتیی ئەوەی ئەم ڕستە قورئانییە دەیگەیەنێ : ﴿وَلِنُبَيِّنَهُۥ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ﴾، ئەوەیە کە ئەوانەی زاناو شارەزاو چاوکراوەن، بە مەرجێك ئینصافیان هەبێ، زیاتر قەدری قورئان دەزانن، وەك گوتراوە: (قەدری زێڕ لە لای زێڕنگەرە)، ئێمەی مسوڵمانیش هەتا زەینمان فراوانتربێو، زانیاریی و شارەزاییمان زیاتر بێ، باشتر لە قورئان تێدەگەینو، چاکتر لێی بەهرەمەند دەبین، کەواتە: ئەگەر بمانەوێ زیاتر لە کتێبی خوا تێبگەینو بەهرەمەند بین، وە زیاتر قەدری بزانین، با هەوڵبدەین بازنەی زانیاریی شارەزایی خۆمان فراوانتر بکەین[٢].

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

١) بڕوانە: (سِيَرُ أعلام النُّبلاء، للإمام شمس الدين الذهبي. ج١، ص ٥٠٥ ـ ٥١١، أخرجه أحمد (٥/ ٤٤١ ـ ٤٤٤)، وإبن سعد في "الطبقات" (٤/١/ ٥٣ ـ ٥٧)، و الجزري في "أسد الغابة" (٢/ ٤١٧ ـ ٤١٩)، وابن هشام في "السيرة" (١/ ٢١٤ ـ ٢٢١)، والطبراني في " الكبير" برقم: ٦٠٦٥ .... .

٢) لە کتێبی : (با لە خزمەت قورئان دابین !) دا، چۆنیەتی باشتر لێ بەهرەمەندبوونی قورئانمان، تا ڕاددەیەکی باش، ڕوونکردۆتەوە.

دەرسی دوازدەیەم

پێناســەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرســەمان، دوازدە ئایــەت دەگرێتــە خـۆی، ئایەتـەکانی: (١٠٦ تـا ١١٧)، تـەوەری سـەرەکـیی ئـەم ئایــەتە موبارەکـانە کـە لەبــارەیەوە دەدوێــن، بریتیـە لـە چـەند ڕێنماییەکی خـوای بەرزو مەزن، بۆ پێغـەمبــەری خۆی موحەممەد ﷺ، وە بڕواداراني شـوێنکەوتووی، لە بواری چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ نەیارەکانیان دا، واتـە: لەگەڵ بێبـڕوایـــانو هاوبــەش بـۆ خــوا دانـەرانـدا، وە خــوای کاربەجــێ لەوبــارەوە چــەند ڕاسـتییەکی گـەورەو گرنگـی خسـتوونە ڕوو، بـۆ ئـەوەی هـەم پێغـەمبــەر ﷺ، وە هـەم شــوێنکەوتوانی پێغـەمبــەر ﷺ بەرچاو ڕوونو هۆشـیارو بێـدار بـن، وە نـەیارەکانیان وەك خۆیـان بناســنو، چـۆنیەتی بیــرکردنەوەیانو هەڵسوکەوتیانو کەسـایەتییانیانو هۆکاری بـڕوا نەهێنـانو، پشـت کردنـە هیدایـەتی خوایانیـان، بۆ ئاشـکرابـێ.

هەروەها لەم دوازدە ئایەتەدا، دڵدانەوەی خـوای میـهرەبـان هەیـە بـۆ پێغـەمبــەر ﷺ هـەروەهــا دڵــدانەوەی مســوڵمانانیش، وە پێناســـەیەکی کــورتو پوختــی قوڕئــانیش، خراوەتــە ڕوو.

وە خــوا ﷻ هۆشــداریشی داوەتـە پێغـەمبــەر ﷺو بـڕواداران، کـە بەهـۆی ژمـارەی زۆری گومڕابووانــەوە، نەکەونــە ژێــر کاریگــەریی‌و فشــاریان، وە بــەدوای ڕێچــکەو ڕێبـازەکانیـان نـەکـەون.

﴿ ٱتَّبِعْ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْمُشْرِكِينَ (١٠٦) وَلَوْ
شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكُوا۟ ۗ وَمَا جَعَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ (١٠٧) وَلَا تَسُبُّوا۟
ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّوا۟ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ
عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ (١٠٨) وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ
أَيْمَٰنِهِمْ لَئِن جَآءَتْهُمْ ءَايَةٌ لَّيُؤْمِنُنَّ بِهَا ۚ قُلْ إِنَّمَا ٱلْءَايَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ ۖ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَآ
إِذَا جَآءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ (١٠٩) وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ
وَنَذَرُهُمْ فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ (١١٠) وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلْمَوْتَىٰ
وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَىْءٍ قُبُلًا مَّا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوٓا۟ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ
يَجْهَلُونَ (١١١) وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِىٍّ عَدُوًّا شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ يُوحِى بَعْضُهُمْ
إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ ٱلْقَوْلِ غُرُورًا ۚ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ (١١٢)
وَلِتَصْغَىٰٓ إِلَيْهِ أَفْـِٔدَةُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ وَلِيَرْضَوْهُ وَلِيَقْتَرِفُوا۟ مَا هُم
مُّقْتَرِفُونَ (١١٣) أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْتَغِى حَكَمًا وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ إِلَيْكُمُ ٱلْكِتَٰبَ مُفَصَّلًا ۚ
وَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُۥ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ ۖ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ
ٱلْمُمْتَرِينَ (١١٤) وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ۚ لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ
ٱلْعَلِيمُ (١١٥) وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِن يَتَّبِعُونَ
إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ (١١٦) إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ مَن يَضِلُّ عَن سَبِيلِهِۦ ۖ وَهُوَ
أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ (١١٧) ﴾

مانای وشـه به وشەی ئایەتەکان

((شوێن ئەو (بەرنامەیـ)ە بکـەوە کە لە پەروەردگارتـەوە بۆت سرووش کراوە، جگە لەو هیچ پەرستراوێك نیـە، وە ڕوو لـە هاوبەشـدانەرەکان (و ئـازارو بانگەشـەی خراپ)یان وەرگـێڕە ﴿١٠٦﴾ وە ئەگەر خـوا ویستبای هاوبەشیان (بۆ خـوا) دانەدەنا، وە تۆشمان بەسەریانەوە نەکردۆتە پارێزەرو، تۆ سەرپەرشتیارو وەکیل نی بەسەریانەوە (کە نەهێڵی کـافر بن) ﴿١٠٧﴾ وە جنێو بەو (پەرستراو)انە مەدەن کە لە جیاتی خـوا لێیان دەپاڕێنـەوە، کە سەرەنجام ئەوانیش دەستدرێژکارانەو بەبێ زانیاریی جنێو بە خـوا بدەن! ئـاوا بـەو شێوەیە (بە گوێرەی ویستی ئازادانـەوەو هەڵبـژاردنیان) کـردەوەو ڕەفتـاری هـەر کۆمـەڵێکمان بۆیـان ڕازاندۆتـەوە، پاشـان گێڕانـەوەیان بـۆ لای پەروەردگـاریانەو، هەواڵـیان پـێ دەدا بـەوەی کـە دەیانکـرد ﴿١٠٨﴾ وە (کافرەکـان) سوێندیان بـە خـوا خـوارد، بـە سوێند خـواردنێکی جـەختی لەسەر کـراو: کـە ئەگەر نیشـانەیەکیان (لەسەر ڕاستیی پێغەمبەرو قورئان بۆ بێ) بێگومان بـڕوای پـێ دێنن، بڵێ: نیشانە (و موعجیزە)کان بەس لە لای خوان، ئنجـا ئایـا ئێوە (ئـەی بڕواداریـنە! کە زۆر سوورن لەسەر بڕواهێنانیان) چ شتێك وای لێکـردوون، هەست بکەن‌و بزانن کە ئەگەر ئەو نیشـانانەش بێن، هەر ئیمان نـاهێنن! ﴿١٠٩﴾ وە (چ شتێك وای لێکـردوون کە هەسـت بکـەن‌و بـزانن) کـە دڵـەکانیان‌و چـاوەکانیان هـەڵدەگێڕینەوە (تاکـو بـڕوا نەهێنـن)، وەك چـۆن یەکەمجـار بڕوایـان نەهێنـاوە، وە وازیـان لـێ دێنـین لـە سەرکێشـیی خۆیـاندا سـەراسیمە بـبن ﴿١١٠﴾ وە ئەگـەر فریشـتەشمان بـۆ لایـان دابەزاندبایـەو، مردووانیـش دواندبـایانن‌و، هـەموو شتێکیشـمان ڕووبـەڕوو لەسـەر خڕکردبانەوە، مەگەر خـوا ویسـتبای، ئەگەرنا بڕوایان هەر نەدەهێنا، بـەڵام زۆربەیـان نەفـامن ﴿١١١﴾ وە بـەو شـێوەیە بـۆ هـەر پێغەمبـەرێك دوژمنمـان ڕەخسـاندوون، لـە شـەیتانەکانی مرۆڤو جنـد، کە هەندێکیان قسـەی بریقـەدار بـۆ فریـودان بـە پەنهـانیی فێری هەندێکیان دەکەن، وە ئەگـەر پـەروەردگارت ویسـتبای وا نەکـەن، وایانـنەدەکـرد،

دەجا واز لە خۆیانو لەوەی هەڵیدەبەستن بێنە ﴿١١٢﴾ وە با (سەرەنجام) ئەوانەی بڕوایان بە دوارۆژ نیە، دڵیان بە لایدا بچێ، (واتە: بە لای کوفرو خراپەدا)، وە پەسندی بکەنو، ئەوەی دەیکەن (لە خراپە) بیکەن ﴿١١٣﴾ (بڵێ:) ئایا جگە لە خوا بە دادوەر بخوازم، لە حاڵێکدا کە ئەو کتێبێکی ڕوونکراوەی بۆ ناردوونە خوار، وە ئەوانەی کتێبیشمان پێداون، دەزانن کە بە هەق لە پەروەردگارتەوە دابەزێنراوە؟ دەجا بە هیچ شێوەیەك لە دوو دڵان مەبە! ﴿١١٤﴾ وە وشەی پەروەردگارت لە ڕاستییو دادگەریی دا، تەواوی کردوە، هیچ گۆڕەرێك بۆ وشەکانی نیە، وە ئەو بیسەری زانایە ﴿١١٥﴾ وە ئەگەر فەرمانبەریی زۆربەی زەمین نشینان بکەی، لە ڕێی خوا لات دەدەنو گومڕات دەکەن، (ئەوان) بەس شوێن گومان دەکەون، وە ئەوان تەنیا درۆ دەکەن ﴿١١٦﴾ بێگومان پەروەردگارت زاناترە بەوانەی کە لە ڕێبازی وی لادەدەن، وە ئەو بە ڕێیڕاستگرتووان، زاناترە ﴿١١٧﴾)).

شیكردنەوەی هەندێ لە وشەكان

(وَلَا تَسُبُّواْ): واتە: جنێو مەدەن، وشەی (سَبّ) جنێوێكی ئازار پێگەیەنەرە، كە قسەی ناشیرن بە كەسێك بڵێیو ئازاری بە دڵی بگات، وە لە زمانی عەرەبییدا (سَبّ) بە مانای جنێوданو برینو تانەلێدان دێ.

(عَدْوًا): واتە: دەستدرێژكارانە، تێپەڕێنەرانە، (العَدْو) واتە: سنوور بەزاندن، وشەی (عَدْو) بە سێ مانایان دێ: (العَدَاوَةُ وَالمُعَادَاةِ بالْقَلْب، وَالعَدْو فِي المَشِي، وَالعُدْوان والعَدو) واتە: بە مانای دژایەتییو بوغزاندن لە دڵەوە دێ، وە بە مانای ئەوە دێ، كە ئینسان لە هەنگاونانی دا، تێدەپەڕێنێ، وە بە مانای دەستدرێژیكردنی ڕواڵەتییش دێ.

(زَيَّنَّا): واتە: ڕازاندوومانەتەوە، جوانمان كردوە، (الزينة ثلاث: زينة نفسية كالعلم، وزينة بدنية كطول القامة، وزينة خارجية كالمال والجاه، واللباس والحلِيِّ) واتە: ڕازاوەییو جوانیی سێ جۆرە: ڕازاوەییەكی دەروونیی، وەك زانیاریی (هەروەها عەقڵو ئارامییو هێمنیی) وە ڕازاوەییەكی جەستەیی، وەك باڵا بەرزییو شێوە جوانیی، وە ڕازاوەییەكی دەرەكییش هەیە، وەك ماڵو سامانو پلەوپایە، وە (بۆ ئافرەت) خشڵ بە خۆداكردن.

(جَهْدَ أَيْمَـٰنِهِمْ): وشەی (جَهْد) لە زمانی عەرەبییدا بە مانای وزەو توانایە، (الجَهْدُ والجُهْدُ: الطَاقَة وَالمَشَقَة) واتە: (جَهْد) واتە: وردە توانا، وە (جُهْد) یانی: قورسییو زەحمەت، دەفەرموێ: سوێندیان بە خوا خوارد، بە هەموو توانای خۆیانەوە، یاخود زۆر بە سەختگیرییەوە، (حلفوا واجتهدوا في الحلف، أن يأتوا به على أبلغ ما في وسعهم..) واتە: زۆر جەختیان كرد بۆئەوەی كە هەرچی لە توانایاندایە، سوێندەكە بە قورسی بخۆن، بۆئەوەی لایەنی بەرانبەر بڕوایان پێ بكات، هی وا هەیە كە سوێند دەخوا دەڵێ: (واللهِ باللهِ تاللهِ) كۆمەڵێك سوێند ڕیز دەكات، بۆئەوەی لایەنی بەرانبەر زیاتر قەناعەتی بێ.

(﴿وَمَا يُشْعِرُكُمْ﴾): واتە: چ شتێك واتان لێ دەكات ئێوە هەست بكەن بزانن؟ دەڵێ: (شَعَرْتُ: أَصَبْتُ الشّعر، شَعَرْتُ كَذَا: عَلِمْتُ عِلْمَاً فِي الدقة كَإِصَابَةِ الشَّعْرِ) (شَعَرْتُ) واتە: كەسێك كە نیشانەدا بكاتو، لە موو بدات، كوردەواریی خۆمان ئەگەر نووسەرێك زۆر زەبر دەست بێ، دەڵێن: بابایەكی مووقەڵێشە، مووقەڵێش یانی: زۆر چاك لە نیشانە دەدات، (شَعَرْتُ كَذَا)، واتە: بە وردیی شتەكەم زانی، وەك چۆن لە موو بدەی، ئەو شتەم ئاوا بە وردیی زانی، كەواتە: (﴿وَمَا يُشْعِرُكُمْ﴾)، واتە: چ شتێك واتان لێدەكا كە بەوردیی ئەو شتە بزانن.

(﴿وَنُقَلِّبُ﴾): لە كوردیی دا دەڵێن: قەڵبی كردەوە، یان: مەبەست ئەوەیە شتێك لابدرێ لە حاڵەتێكەوە بۆ حاڵەتێك، یاخود سەرەونخوون بكرێتەوە.

(﴿أَفْئِدَتَهُمْ﴾): (جمع فؤاد)(أفئدة) كۆی (فؤاد)ە، دەڵێ: (الفُؤَاد كالقلب لكن يقال لە فؤاد إذا اعتبر فيە معنى التفوُد، أي التوقُّد، فَأَدْتُ اللَّحمَ: شَوَيْتُهُ)، (فؤاد) وەك دڵ وایە، بەڵام بەو ئیعتیبارە پێی دەگوترێ: (فؤاد)، كە مانای داگیرسانی تێدا ڕەچاو دەكرێ، (فَأَدْتُ اللَّحمَ) گۆشتەكەم برژاند.

بەڵام من پێموایە وشەی (فؤاد) تەنیا بە مانای دڵ نایەت، بەڵكو بە مانای عەقڵیش دێ، وەك لە شوێنی خۆی دا باسی دەكەم، چونكە لە هەندێك شوێن دا ناگونجێ بڵێین: وشەی (فؤاد) بە مانای دڵە، دەبێ بڵێی بە مانای عەقڵە.

(﴿طُغْيَـٰنِهِمْ﴾) (الطغيان) (تَجَاوز الحَدِّ فِي العِصيَان) (طغيان) بریتیە لە سنوور بەزاندن لە سەرپێچیی كردندا، واتە: هەموو سنوورەكان ببەزێنێ، (طاغوت) بۆچی پێی دەگوترێ (طاغوت)؟ چونكە تەواو هەموو سنوورەكان دەبەزێنێ: لە چەوسانەوەی خەڵكو خۆ بەزلگریی و تاوانو زوڵمو دەستدرێژیی دا.

(﴿يَعْمَهُونَ﴾): یانی: (يَتَرَدَّدُون) واتە: سەراسیمە دەبن، سەرگەردان دەبن، دەڵێ: (العَمَهُ: التَرَدُّد فِي الأَمْرِ مِن التَحَيُّر، عَمِهَ فَهُوَ عَمِهٌ وَعَامِهٌ، وَجَمْعُهُ عُمَّه)

(عَمَهُ) بریتیە لە دڵ لە دڵدان لە شتێکدا، لە ئەنجامی سەراسیمەیی دا نەزانی چی بکەی؟ دەگوترێ، (عَمِهَ فَهُوَ عَمِهٌ وَعَامِهٌ) واتە: ئەو کەسە سەرگەردان و سەراسیمەیە، کۆیەکەشی (عُمَّه)یە.

(قُبُلًا): (قيل : هو جمع قابل، ومعناه مقابل لحواسهم، أو جمع قبيل، وقِبلاً فمعناه عياناً، وقبيل جمع قبيلة)، دەگوترێ: ڕووبەڕوو، بەرانبەر هەستەکانیان، یان کۆی (قبيل)ە، واتە: کۆمەڵە خەڵکێك، وە (قبيل) کۆی (قبيلة)یە.

(يُوحِي): واتە: پەیامێکی پەنهان دەنێرێ، ئەسڵی وشەی وەحی بە دەنگی خشڵ دەگوترێ، خشڵی ئافرەت کە بەخۆیدا دەکات، دەنگەکەی دەنگێکی کپە، وە (وحي) بە ئاماژەیەکی خێراش دەگوترێ، وە بە ڕەمزو هێما دەگوترێ، وە بە قسەیەك بە کنارەو دەبەرڕاهاوێشتن، دەگوترێ، کە دەفەرموێ: ﴿ يُوحِي بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ زُخۡرُفَ ٱلۡقَوۡلِ ﴾، واتە: هەندێکیان بە شێوەی پەنهان، قسەی ڕازاوە فێری یەکدی دەکەن.

(زُخۡرُفَ ٱلۡقَوۡلِ) واتە: قسەی ڕازاوە، (الزخرف: الزينة المزوَّقة، والمَنقَّشة وَمِنْهُ قِيلَ للذَّهَبِ: زوَّق الكلام: حسَّنَهُ وزيَّنَهُ) وشەی (زخرف) بە مانای زێڕیش هاتووە بەمانای نەقش و نیگاریش هاتوە، وە بەمانای ڕازاندنەوەی شتێك هاتوە، کەسێك کە قسەیەك دەکات و هەوڵ دەدا زۆر بە ڕەوانبێژیی و بە ڕێکیی بیکات، پێی دەگوترێ: (زوَّق الكلام: حسَّنَهُ وزيَّنَهُ) قسەکەی خۆی ڕازاندەوە، وەك هەندێ لە ئەدیب و شاعیرەکان، قسەکەی خۆیان دەخەنە قاڵبی تەعبیری سەرنج ڕاکێشەوە.

(غُرُورًا): (غُرُور) یانی: لەخۆباییبوون، یاخود خۆ فریودان، دەگوترێ: (غَرَّرْتُ فُلاَنَاً: أَصَبْتُ غِرَّتَهُ وَنِلْتُ مِنْهُ مَا أُرِيدُهُ، وَالغِرَّة: غَفْلَة فِي اليَقْظَةِ، وَالغِرَارُ: غَفْلَة مَعَ غَفْوَة) واتە: فلان کەسم هەڵخەڵەتاند فریوم دا، (أَصَبْتُ غِرَّتَهُ) واتە: بێئاگاییەکەیم ئیستغلال کرد، لە کاتی بێئاگاییدا زیانم پێگەیاند، (غِرَّة)

بریتیە لەوە کە ئینسان بەخەبەر بێ، بەڵام لەو کاتەدا ئاگای لەخۆی نەبێ و بێئاگابێ، بەڵام (غِرَار) ئەوەیە کە ئینسان وەنەوزێکی بێتێ و، لەو کاتەدا فێڵی لێ بکرێ، یاخود زەفەری پێ ببردرێ.

(وَلِتَصۡغَىٰٓ): (الصَّغو: المَيْلُ، يُقَالُ: صَغَتِ النّجُوم والشَّمْس صغواً: مَالَتِ للغروب)، واتە: با مەیل بکات، بە لایەکدا بچێ، ئەستێرە، یاخود خۆر، ئەگەر خەریکی ئاوابوون بوون، لە زمانی عەرەبیدا دەڵێن: (صَغَتِ النّجُوم والشَّمْس) واتە: (مَالَتِ للغروب) خەریکە ئاوادەبێ.

(وَلِيَقۡتَرِفُواْ): (أَصْلُ القَرفِ والإِقْتِراف: قَشر اللحاء عن الشجر، واستعير الإقتراف للإكتساب، وفي الشر أكثره)، واتە: وشەی (قَرف) و (إقتَراف) لێکردنەوەی توێکڵی درەختە، وە (إقتَراف) بۆ وەدەستهێنان خوازراوەتە، زیاتر بۆ خراپە.

(حَكَمًا): واتە: دادوەر، کەسێك کە کێشەی نێوان دوو لایەن، یاخود زیاتر یەکلایی دەکاتەوە، لە زمانی عەرەبیدا کە دەگوترێ: (حَكَم) یانی: مَنَع مَنْعَاً للإصلاح، وَمِنْهُ سُميت اللجَام: حَكَمةً، وَالحَاكِمُ مَنْ يَحْكُمْ بَيْنَ النَّاس) (حَكَم) واتە: ڕێگای گرت، بە مەبەستی بەرژەوەندیی ڕێگای لە کەسێك گرت کە خراپەیەك نەکات، بۆئەوەی بەرژەوەندیی بێتە دی، بۆیە بە لغاوی ولاخ، (حَكَمَة)ی پێ دەڵێن: ئەو ئاسنەی کە لە دەمی ئەسپ و حوشتر دەکرێ، بۆئەوەی لەوەڕ نەخوا پێی دەگوترێ: (حَكَمَة) لەو کاتەدا کە خاوەنەکەی دەیەوێ بڕواو بە لەوەڕ خواردنی ڕێوە سەرقاڵ نەبێ، چونکە ڕێگا لەو ولاخە دەگرێ لەوەڕ بخوات، وە کەسێك لە نێوان خەڵکیدا دادوەریی دەکات، (والحَكَمُ: المتخَصِّصُ بذلك) (حَكَم) کەسێکە پسپۆڕە لە دادوەریی کردن دا.

(مُفَصَّلًا): واتە: ڕوونکراوە، ئەگەر کۆمەڵە شتێك پێکەوە بلکێن، تێکدەئاڵێن، بەڵام ئەگەر جیا جیا بکرێنەوە، ڕوون دەبنەوە، ئنجا ئایا ئەوە لە چییەوە هاتوە؟ لە گەردنبەندی ئافرەت، دەگوترێ: (فصَّلَ: جعل بين كل لؤلؤتين خَرزةٌ، التفصيل: التبيين) واتە: لە نێوان هەردوو گەوهەردا شتێکی تێخراوە، مووروو

یان شتێکی دیکەی جگە لە گەوهەر خراوەتە نێوانیان، ئەوە پێی دەگوترێ: (عِقْدٌ مُفَصَّل) واتە: گەردنبەندێکی لەو جۆرە.

(ٱلْمُمْتَرِينَ): لە (المرية)وە هاتوە، (مرية) بە مانای گومان دێ، بەڵام تایبەتترە لە گومان، گومان ئەوەیە کە مرۆڤ دوو دڵ بێ، کە ئەو شتە وابێ، یان وا نەبێ؟ ئەوە پێی دەگوترێ: (شك)، بە کوردیی ئێمە دەڵێین: گومان، جا بە کوردیی بە (ظن)یش دەگوترێ: گومان بە (مرية)ش هەر دەگوترێ: گومان، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە زمانی کوردیی لەچاو زمانی عەرەبیی زمانێکی هەژارە، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوەبێ کە زمانی کوردیی، زمانی خوێندن و نووسین نەبووەو زمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و قەوارەی سیاسیی نەبووە، بۆیە وشەکانی زۆرنین، بۆ وێنە: ئێمە بە (قمر) هەر دەڵێین: مانگ، بە سی شەوەی مانگیش هەر دەڵێین: مانگ، بەڵام عەرەب بە مانگ دەڵێن: (قمر) ئەوەی بە ئاسمانەوەیە، وە بەو سی (٣٠) شەوەش دەڵێن: (شهر).

بە هەر حاڵ، دەڵێ: (المرية: التَّرَدُّدُ فِي الأَمْرِ وهُو أَخَصُّ مِنَ الشك)، (مرية) ئەوەیە لە شتێکدا دوو دڵ بی، وە تایبەتترە لە (شك)، (شك) ئەوەیە: نەزانی ئایا: بەولاوەیە؟ یان بەملاوەیە، لە نێوەڕاستدا بوەستی، (مرية) ئەوەیە شتەکە زیاتر بە لای نەبوونی دابێ، کە گوتت: (ظن)م وایە ئەو شتە بەم شێوەیە، کەواتە: گومانت هەیە، بەڵام زیاتر دڵت بە لای بوونی دایە، (والمماراة: المحاجَّة فيما فيه مرية) (مماراة) بریتیە لە وتوێژو شەڕە قسە لەسەر شتێك کە گومانی تێدا هەبێ.

(وَتَمَّتْ): واتە: تەواو بووە، کامڵە، (تَمَام الشيء: إنتهاؤُهُ إِلى حَدٍّ لا يحتَاج إِلى شَيء خَارِج عَنْهُ، عَكس النّاقص) ئەگەر بڵێی: ئەو شتە (تام)، واتە: گەیشتۆتە ڕادەیەك کە پێویستیی بە شتێکی دیکەی بە دەرەوەی خۆی نیە، واتە لە خۆیدا (تام)ە، کامڵە، تەواوە، پێچەوانەی (ناقص)، (ناقص) واتە: شتێکی ناتەواو، کە پێویستی بە دەرەوەی خۆی هەبێ، بۆیە خوای پەروەردگار دەربارەی ئیسلام دەفەرموێ: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ

نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا ﴿٣﴾ ﴾ المائـدة، واتـە: ئـەمڕۆ بەرنامەکـەتانم بۆ تەواو کـردوونو کاملّـە، وە چاکـەی خۆمم بـە تـەواویی لەگەڵ کـردوونو، هـیچ نوقصانیی تێدا نیـە، وە ئیسـلامیشـم بۆ بە بەرنـامە پەسـەند کـردوون.

(كَلِمَتُ): (كلمة) لـە زمـانی عەرەبیـدا زیاتر بـە مانـای وشـە دێ، بـەڵام (كلمة) بـە مانـای قـەزیەیـەك دێ، واتە: بابەتێك کارێك کە قسـەی لـێ دەکـرێ، وە بـە مانـای (قضـاء) دێ، واتە: بڕیـارێك دێ کـە کۆیەکـەی (أقضية)یـە، وە بـە مانـای وشـەش دێ، بــە مانــای بڕیــاریش دێ، وە دەشــگونجێ بــە مانــای یاســاکانی خــوای پەروەردگاریـش بـێ.

(صِدۡقٗا): (صِدق) واتە: ڕاسـتیی، ڕاسـتیی بریتیـە لـە چـی؟ دەڵێ: (الصدق: مطابقة القـول الضـمير والمُخْبَـرَ عنـه مَعـاً)، (صِـدق) بریتیــە لــەوەی قسـەیەك کـە دەکـرێ، هـەم لەگەڵ دڵـدا ڕاسـت بێتـەوە، واتـە: ئـەو ئینسـانەی کـە ئـەو قسـەیە دەکـات ئـەو قەناعەتـەی لـە دڵـدا هەبـێ، وە هـەم لـە دنیـای واقیعیشـدا بـەو شـێوەیـە بـێ، واتـە: ئەگـەر گوتمـان: فـلان کـەس لـە سـەفەر گەڕاوەتەوە، هـەم قەناعەتمـان بـە قسـەکە هـەبـێ، نـەك کـابرا قەنـاعەتی وا نەبـێ ئـەو قسـەیە بکـات، ئــەوە دەبێتــە درۆ، وە هــەم لـە واقیعیــش دا ئــەو کەســە لــە ســەفەر گەڕابێتـەوە.

(وَعَدۡلٗا): (العَدالـةُ والـمُعادَلَة: لَفـظٌ يَقْتَضِـي مَعْنَـى المُسَـاوَاة، و يُسْـتعمَلُ باعْتِبـار المُضَـايَفَةِ، والعَـدْلُ والعِـدْلُ يَتَقـارَبَان، لَـكِن العَـدْلُ يُسْـتَعْمَلُ فِيمَـا يُـدْرَكُ بالبَصِـيرَةِ كَالأحْكامِ، والعِـدْلُ والعديل لـما يُدْرك بالحاسَّة)، واتـە: هـەردووك وشـەی: (عَـدالة ومُعَادَلَة) لـە یەکسانییەوە نـزیکـن، وە (عَـدْلُ وعِـدْل) لـە یـەك نـزیکـن، بـەڵام (عَـدْل) بـۆ شـتی مەعنـەویی بەکـاردێ، کـە بـە عـەقـڵ دەزانـرێ وەك: حوکمەکـان، بــەڵام (عِـدْل) بــۆ شــتی وا کــە بــە هەســتەکان دەرك بکـرێ، بەکاردێ، وەك لا بـاری ولاخ.

(ٱلظَّنَّ): وەك گوتم لە کوردییدا بە (شك) و (ظن) و (مرية) هەر دەڵێین: گومان، بەڵام دەگونجێ بڵێین: (ظن) بە کوردیی واتە: گومانی زاڵ، واتە: گومانێك زیاتر پێت وایە ئەو شتە وایە، بەلای بوونیدا دایە، (الظن: اسم لما يحصل عن أمارة، ومتى قويت أدت إلى العلم) دەڵێ: (ظن) بریتییە: قەناعەتێك بەهۆی نیشانەیەکەوە پەیدا دەبێ، هەر کاتێك نیشانەکە بەهێز بوو، ئەوە (ظن)ەکە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی زانیاریی دەربارەی ئەو شتەوە.

(يَخۡرُصُونَ): (الخرْصُ: حَرْزُ الثمرة، والخَرْصُ المحرور، كالنقض للمنقوض، وقيل الخرص: الكذب) لەنێو عەرەبدا ئەوانەی کە درەختی خورمایان هەن، یەکێك تەماشای ئەو دارخورمایە دەکات، ئنجا بە مەزەندە دەڵێ: ئەوەندە خورمای پێوەیە، بە پێوان یان بە کێشان، لە کوردیی دا قرساندنی پێدەڵێین، دەگوترێ: ئەو باغە ترێیە خاوەنەکەی مەزەندەی دەکات، چەندی پێوەیە، ئەوە پێی دەگوترێ: (خرص)، وە (حَرْز)یشی پێی دەڵێن، هەڵبەتە قرساندنی خۆشمان، هەر لەو (خرص)ەوە هاتوە، دەگوترێ: دەیقرسێنێ، جا ئەوە لە ئەسڵدا بۆ میوە بەکاردێ کە میوەی درەختێك بقرسێنێ، بەڵام بۆ شتێکی دیکەش هەر دەگوترێ: دەیقرسێنم، واتە: دەینرخێنم، کە پێموایە ئەو شتە بایی ئەوەندەیە، یان ئەوەندەیە، هەندێکیش گوتوویانە: (الخرص: الكذب) بە مانای درۆ دێ، (يخرصون يعني يكذبون) درۆ دەکەن.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

١/ هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتە موبارەکە، کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١٠٨﴾﴾، ﴿عَنْ قَتَادَةَ قَالَ: كَانَ الْمُسْلِمُون يَسُبُّونَ أَصْنَامَ الكُفارِ فَيَسُبُّ الكُفَّارُ اللهَ عَدواً بغَيرِ عِلْمٍ، فَأَنْزَلَ اللّهُ: ﴿وَلَا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ ...﴾﴾[1]، واتە: قەتادە دەڵێ: مسوڵمانەکان جنێویان بە بتو صەنەمی کافرەکان دەگوت، ئەوانیش بە تێپەڕاندنەوەو بە نەزانین جنێویان بە خوای پەروەردگار دەگوت، خوا ﷻ ئەو ئایەتەی ناردە خوار.

٢/ هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتەی، کە دەفەرموێ: ﴿وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لَئِن جَاءَتْهُمْ آيَةٌ لَّيُؤْمِنُنَّ بِهَا قُلْ إِنَّمَا الْآيَاتُ عِندَ اللَّهِ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَا إِذَا جَاءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠٩﴾﴾، ﴿عَنْ مُحَمَّد بن كَعْب القُرَظِيّ، قَالَ: كلَّم رَسُولُ اللّه ﷺ قُرَيشاً، فَقَالوا: يَا مُحَمَّد! تخبرنا أَنَّ موسى كَانَ مَعَهُ عَصَاً يَضْرب بهَا الحَجَر فَانْفَجَرَتِ مِنْهُ اثْنَتا عَشَرَةَ عَيناً، وتخبرنا أَنَّ عِيسى كَانَ يَحيي المَوْتَى، وتخبرنا أَنَّ ثَمُودَ كَانَت لَهُمْ نَاقة، فَأتنا بشيء مِنَ الآيَاتِ حَتَّى نُصَدِّقكَ! فقَالَ النَّبي ﷺ: أيَّ شَيء تُحِبُّونَ أن آتيكم بهِ؟ قَالوا: تَجْعَلُ لَنَا الصَّفَا ذَهَباً، فَقَالَ لَهُمْ: فَإِنْ فَعَلْتُ تُصَدّقوني؟ قَالوا: نَعَمْ وَاللّهِ، لَئِنْ فَعَلْتَ لَنَتبعنَّكَ أَجْمَعِينَ! فقَامَ رَسُول اللّه ﷺ يَدعو، فَجَاءَهُ جبريل عليه السلام فقَالَ لَهُ: لَكَ مَا شِئْتَ، إِن شِئْتَ أَصْبَحَ ذَهَباً،

---

١) أَخْرَجَهُ الطَّبَري برقم: (١٣٦٥٥) مُرسَلاً، وَعَبْد الرزاق فِي (تَفسيره) ج١، ص٢١٥، وَإِبْنُ أَبي حَاتم ج٤، ص١٣٤٤، وَذَكَرَهُ السيوطِي فِي "الدر المنثور" ج٣، ص٣٣، وقال صاحبا الإستيعاب في بيان الأسباب ج٢، ص١٥٢: قُلنا: وَهَذَا مُرْسَلٌ وَرِجَالُهُ ثِقَات.

وَلَئِنْ أرسل آيةً فَلَم يُصَدّقوا عِنْدَ ذَلِكَ ، لَنُعَذبنَّهم، وَإنْ شِئْتَ نَدَعْهُمْ حَتَّى يَتُوبَ تَائِبهم، فَقَالَ: بَلْ يَتُوب تَائِبهم، فَأَنْزَل الله تَعَالَى: ﴿ وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ ﴾، إلى قوله: ﴿ يَجْهَلُونَ ﴾[1]، واته: موحەممەدی كوڕی كەعبی قوڕەزیی، دەڵێ: قوڕەیش قسەیان لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ كرد، گوتیان: ئەی موحەممەد ! تۆ هەواڵمان پێدەدەی : كە مووسا گۆچانێكی پێبووە لە بەردی دەدا، دوازدە سەرچاوەی لێ هاتنە دەرێ، وە هەواڵمان پێدەدەی : كە عیسا مردووی زیندوو كردۆتەوە، وە هەواڵمان پێدەدەی : كە گەلی سەموود حوشترێكیان هەبووە، تۆش موعجیزەیەكی لەم جۆرانەمان بۆ بێنە، تاكو بڕوات پێبكەین ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: حەز لەچ شتێك دەكەن، وەك بەڵگەو نیشانە بۆتان بێنم؟ گوتیان: تەپۆلكەی صەفامان بۆ بكە بە زێڕ، (ئەو صەفاو مەڕوایە كە حاجییان لە حەجو عەمرەدا لە نێوانیاندا دێنو دەچن) فەرمووی: ئەگەر وامكرد، بڕوام پێدەكەنو بە ڕاستم دادەنێن؟ گوتیان: بەڵێ، سوێند بە خوا ئەگەر وا بكەی، هەموومان بە شوێنت دەكەوین، پێغەمبەر ﷺ هەڵسا پاڕایەوە بۆئەوەی خوای بەرز ئەو داواكاریەی بۆ جێبەجێ بكات، جبریل هاتە لای پێیگوت: ئەگەر دەتەوێ خوای بەرزو مەزن بۆیان دەكاتە زێڕ، بەلام ئەگەر ئەو نیشانەیان بۆ بێو بڕوات پێ نەكەن، لەو كاتەدا خوا سزایان دەدات، {وەك چۆن گەلانیو پێشوو دوای ئەوەی بڕوایان بە موعجیزەی پێغەمبەران نەكرد، خوا سزای داون}، یان لێیانگەڕێ، بەڵكو خوا بە قسمەتی كردبن بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، فەرمووی: بەڵكو ئارامیان لێ دەگرم، با بگەڕێنەوە باشترە، {چونكە مەترسیی هەبوو كە ئیمان نەهێنن، هەموویان لەبەین بچن} ئیدی بەو بۆنەیەوە خوای پەروەردگار ئەم ئایەتانەی ناردە خوارێ.

١) أَخْرَجَهُ الطَّبَرِيُّ برقم: (١٣٦٦٢) مُرْسَلاً، لَكِن وَرَدَ فِيهِ جُزء مَرْفُوع بسند صحيح، وَهُوَ طَلب قُريش أن يحوِّل لهم النبيّ ﷺ الصفا ذهباً إلى آخر الحديث، وهو عند أحمد في المسند بحوه ج١، ص٢٤٢، من حديث إبن عباس، صحيح إسناده الشيخ أحمد شاكر في تعليقه على المسند "هامش ج٢، ص٣٢٦"، وأيضا أخرجه الواحدي في أسباب النزول ص : ١٤٩، ١٥٠، والإستيعاب في بيان الأسباب : ج٢، ص١٥٤، وقال المؤلفات : قلنا وسنده ضعيف.

مانـای گـشـتـی ئایەتەکــان

خـوای پەروەردگـار وەك لـە پێناسـەی ئـەم دەرسـەدا، گوتمان، ڕوودەکاتـە پێغەمبـەر ﷺ دیـارە هـەر لـە درێـژەی مشـتومڕو قسـەو باسـی لەگـەڵ دەورووبـەری دا، بەتایبـەت لەگەڵ هاوبەش بۆ خـوا دانەرەکان دا، کۆمـەڵگایـەك کە پێغـەمبـەر ﷺی تێیدا هـاتوە، ئــاوا بـووە، بـەڵام دیـارە هـەر ئـەمـرو نەهییـەك ئاڕاسـتەی پێغـەمبـەر ﷺ کرابـێ، شـوێنکەوتووانـی پێغـەمبـەر ﷺ و ئۆمـەتەکـەیشـی دەگرێتەوە، مەگەر بـە بەڵگەیـەك تایبـەت کـرابێ بە پێغـەمبـەرەوە ﷺ، ئەویـش دەبـێ بەڵگەیەکـی ڕوونـی لەسـەر بـێ، کە ئەو شـتـە تایبـەتە بـەوەوە.

ئنجا لێـرەدا خـوا ﷻ وەك پێشـتر گوتمان: چـەند ڕێنماییەك ئاڕاستەی پێغـەمبـەر ﷺ دەکـات، بۆ چۆنیەتی مامەڵەکـردنی لەگەڵ ئەو بێبـڕوایانەی لە نێوانیانـدا ژیــاوەو، بــانگی کــردوون، دەفــەرموێ : ﴿ٱتَّبِعۡ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾، شـوێن ئەوە بکـەوە کە لە پەروەردگارتەوە بۆت ســرووش کـراوە، واتـە: ئـەو پەیـامەی کـە لـە پەروەردگـارتەوە بـۆت هـاتوە، شـوێن ئـــەوە بکەوە، یەکێك بۆی هەیە بڵێ: ئـایا پێغـەمبــەر ﷺ هـەر دوای ئـەوە نەکـەوتـوە، بۆچـی خـوا دەفەرموێ: شـوێنی بکـەوە، ئـایا دەبـێ تاکو ئێسـتا شـوێنی نەکەوتبـێ؟

وەڵامەکـەی ئەوەیـە: بـەردەوام بـە لەســەر شـوێنکەوتنــی وەحـی، بـەڵام حیکمـەتی چییـە کە خـوای پـەروەردگار وا دەفـەرموێ؟ ئـەوە دوایی لە مەسەلە گرنگەکان دا باسـی دەکـەین.

هەڵبــەتە لـە چـەند شـوێنێکی دیکـەش دا خــوای پـەنهـان زان، ئـەوەی فـەرمووە، بـۆ وێنـە: لە سوورەتی (الأحزاب)دا دەفـەرموێ : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ ٱتَّقِ ٱللَّهَ وَلَا تُطِعِ ٱلۡكَٰفِرِينَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ۝١﴾، واتە: ئەی پێغـەمبـەر! پارێز لـە خــوا بکــە، ئـەوە مانــای وانیــە کـە پێغـەمبــەر تەقـوای نەبــووە، بەڵکـو یـانــی: بەردەوامبـە لەسـەر پارێزکـردن لە خوا، یاخـود لـێی زیـاد بکـە.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴾، جگە لەو هیچ پەرستراوێك نیە، وە پشت لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەكان، بكە، واتە: پشتگوێیان بخەو گوێیان پێ مەدە، بەڵام کە دەفەرموێ: پشتگوێیان بخە، مانای ئەوە نیە بانگیان مەکە، نەخێر، واتە: با قسەو پڕوپاگەندەی ئەوان، وە ئەزیەتو ئازاری ئەوان، پاشەکشە بە تۆ نەکاتو نەبێتە فشارێك لەسەر تۆ، کە ڕێگاو ڕێبازت پێ بگۆڕیو لێ تێکبدات.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكُوا۟ ﴾، وە ئەگەر خوا ویستبای هاوبەشیان دانەدەنا، چی ویستبا؟ واتە: ئەگەر ویستبای ئەوان هاوبەش بۆ خوا دانەنێن، هاوبەشیان بۆ خوا دانەدەنا، ئەدی بۆچی ویستوویەتی؟ چونکە خوا ویستوویەتی: خەڵك تاقی بکاتەوە، ویستی خوای پەروەردگاریش بە دوای ویستو خواستی مرۆڤەکان دەکەوێ، چونکە خوای پەروەردگارو تاكو پاك، چاکەی لە چاکەکاران ویستووە، خراپەی لە خراپەکاران ویستووە، بەڵام کەی چاکەی لە چاکەکاران ویستووە؟ دوای ئەوەی ئەو چاکەکارانە، ویستی ئازادانەی خۆیان ئاڕاستەی چاکەکردن کردوە، خوای کاربەجێش یارمەتی داون، هەروەها دوای ئەوەی خراپەکاران ویستی خۆیان ئاڕاستەی خراپەکردن کردوە، خوای دادگەریش یارمەتی داون، وەك دەفەرموێ: ﴿وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٩﴾﴾التكویر، واتە: ناتانەوێ هەتا پەروەردگاری جیهانییان نەیەوێ، واتە: پێتان وانەبێ، کە ئەگەر چاکە دەکەن، ئەوە خوا نەیویستوە، چاکە بکەنو، ئێوە هەر توانیوتانە چاکە بکەن! یان ئەگەر خراپەتان کرد، پێتان وابێ خوا نەیویستوە خراپە بکەنو، ئێوە هەر کردووتانە! نەخێر، کە چاکە دەکەن، یان خراپە دەکەن، ئیمان دێنن، یان کوفر دەکەن، ئەوە هەر لە چوارچێوەی ویستی ڕەهای خوای باڵادەستدایە، کەواتە:

﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكُوا۟ ﴾، ئەگەر خوا ویستبای، هاوبەش بۆخوا دانەنێن، هاوبەشیان دانەدەنا، بەڵام ویستوویەتی ئازادیان بکات، ئەگەرنا خوا ویستوویەتی: فریشتەکان سەرپێچیی لە فەرمانی خوا نەکەن، هیچ فریشتەیەکتان بینیوە گوناهێك بکات؟ نەخێر، بۆچی؟ چونکە خوا ویستوویەتی گوناهان نەکەن، بەڵام خوای

دادگەر ویستوویەتی ئینسانەکان ئازاد بن‌و، بە ویستی ئازادانەی خۆیان چاکە بکەن‌و خراپە بکەن، کێ چاکە دەکات با بیکات، کێ خراپە دەکات با بیکات، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ﴿٢٩﴾ ﴾الكهف، واتە: کێ دەیەوێ با ئیمان بێنێ، وە کێ دەیەوێ با کافر بێ، خوا ویستوویەتی ئازادیان بکات‌و نەیویستوە زۆریان لێ بکات، ئەگەر ویستبای تۆبزییان لێ بکات، وەك فریشتەکان، کەس نەیدەتوانی خراپە بکات.

وەك لە سوورەتی (یونس)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَءَامَنَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ۚ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴿٩٩﴾ ﴾، واتە: ئەگەر پەروەردگارت ویستبای، تێکڕای خەڵکی سەر زەوی ئیمانیان دەهێنا، ئایا تۆ دەتەوێ زۆریان لێ بکەی، تاکو ئیمانێ بێنن؟

واتە: خوا نەیویستوە زۆریان لێ بکات‌و، ویستوویەتی ئازادیان بکات، ئنجا کە ئازادی کردوون، هەندێکیان ئیمانیان هێناوەو زۆربەشیان ئیمانیان نەهێناوە، ئەوە مەسەلەیەکی زۆر وردە، هەڵبەتە من لە کتێبی (ئیمان‌و عەقیدەی ئیسلامیی) لە بەرگی (٤)دا بە تەفصیلێ باسی قەزاو قەدەرم کردوە.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا جَعَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ ﴾، وە تۆمان دانەناوە پارێزەر بی بەسەریانەوە، وە تۆشمان دانەناوە سەرپەرشتیارو وەکیل بی بەسەریانەوە، واتە: تۆ پارێزەریان نی، نەهێڵی خراپە بکەن، وە وەکیلیشیان نی، بە تۆبزیی چاکەیان پێ بکەی، چونکە کەسێك دەبێتە وەکیلی کەسێك، دیارە بۆ چاکە دەبێتە وەکیلی، دەڵێ: فلان کەس وەکیلی منە بۆ چاکە، خۆ ناڵێ وەکیلی منە بۆ خراپە!

ئنجا خوای کاربەجێ ڕێنمایی‌و ئامۆژگارییەکی دیکەی مسوڵمانان دەکات، دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَسُبُّوا۟ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، بۆیە دەڵێم مسوڵمانان، چونکە پێغەمبەر ﷺ هەرگیز جنێوی بە کەس نەداوە، وە زۆر بە نەزاکەت بووە، زۆر زمان چاك بووە، بۆیە لێرەدا خوا نەیفەرموە: (ولا تَسُبّ) پێشتر بە پێغەمبەر

ﷺی فەرمووە: ﴿ ٱتَّبِعْ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ﴾، بەڵام لێرەدا بە گشتی بە مسوڵمانان دەفەرموێ، بۆچی؟ چونکە پێغەمبەر ﷺ جنێوی نەداوە، تاکو بفەرموێ: جنێوان مەڵێ! ئەوە مەسەلەیەکی زۆر وردە، با ئاگامان لێی بێ.

ئنجا هەندێك گوتوویانە: خوا بەگشتی فەرموویەتی، بەڵام پێغەمبەر ﷺ لە نێویاندایە، بەڵام من دەڵێم نا ! چونکە خوا زانیویەتی پێغەمبەر ﷺ جنێوی بە هیچ شتێك‌و هیچ کەسێك نەداوەو، زۆر بە نەزاکەت‌و زمان پاك بووە، کەواتە: پێویستی نەکردوە بەو بفەرموێ: جنێو بەو شتانە مەدە کە دەیانپەرستن لە جیاتی خوا، بەڵام مسوڵمانان جاری وا هەبووە هەڵچوون‌و عاتیفەیان زۆری بۆ هێناون‌و رقیان هەڵساوەو، تێیان پەڕاندوەو، جنێویان بەبت‌و صەنەمەکان داوە، بۆ وێنە: لە صوڵحی حودەیبیەدا ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێ بە یەکێك لە قورەیشییەکان دەڵێ: {أُمْصُصْ بَظْرِ اللاَّتِ}(١) کە من نامەوێ تەرجەمەی بکەم، چونکە ئەوانە لاتیان بە پەرستراوێکی مێیینەوە زانیوەو ئەبو بەکر شتێکی گوتوە، کە دیارە لە نێو عەرەبدا عادەت بووەو شتێکی سەیر نەبووە، وە هەندێ قسەی لەوجۆرە لە کوردەواریی خۆشماندا، هەر هەن، بەڵام خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَسُبُّوا۟ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، وە جنێو بەو شتانە مەڵێن، کە لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوە، ﴿ فَيَسُبُّوا۟ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾، کە سەرەنجام ئەوانیش جنێو بە خوا بڵێن: بە تێپەڕاندن‌و بەبێ زانیاریی، کە بزانن خوا چ زاتێکە، چونکە ئەگەر زانیارییان بە زاتی خوا هەبێ، قسە بە خوا ناڵێن.

دوایی وەك دڵدانەوەیەك بۆ ئیمانداران، دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ﴾، بەو شێوەیە بۆ هەر کۆمەڵێك کردەوەکانیانمان بۆ جوان کردوون‌و ڕازاندۆتەوە، کافرەکان: هەندێکیان گا دەپەرستن، هەندێکیان مشك دەپەرستن، هەندێکیان مار دەپەرستن، من ساڵی (٢٠١١)ز چووم بۆ هەردووك وڵاتی مالیزیاو

١) (السيرة النبوية) لابن هشام، ج ٣، ص ١٦٦، وە (البداية والنهاية) لابن كثير، ج ٤، ص ١٦٧.

کەمبۆدیا، بینیم: هەندێکیان پەیکەری بووزا دەپەرستن، وە هەندێکیان ماری کوبرا دەپەرستن، هەندێك مشك دەپەرستن، وە پێیان وایە شتێکی زۆر ئاساییە، ئەو شتانە بپەرستن، بۆیە خوا دەفەرموێ: ئاوا بۆ هەر کۆمەڵێك کردەوەکانیانمان بۆ ڕازاندووەتەوە، کە دوایی باسی دەکەین ئەوە چۆنە ! بەڵام ئەوە دڵدانەوەیە بۆ پێغەمبەر ﷺ و بۆ ئیمانداران، کە کافرەکان کاتێك بتو صەنەم دەپەرستن، وە بە پیرۆزیان دەگرن، ئەوە کردەوەکانیان بۆ ڕازێنرنەوە، ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرۡجِعُهُمۡ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾، دوایی گێڕدرانەوەیان بۆ لای پەروەردگاریانە، ئەو هەواڵیان پێ دەدات بەوەی کە دەیانکرد، کەواتە: ئێوە لە دنیادا بۆتان نیە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن، وە جنێو بە پەرستراوەکانیان بدەنو، هەستیان بریندار بکەن، بەڵام خاوەنو گەورەیان، کە خوای بێ هاوتایە، هەر بۆ لای ئەو دەگێڕدرێنەوە، وە دوای ئەوە هەواڵیشیان پێدەدا، بەوەی کە دەیانکرد، یانی: لێیانگەڕێن، چونکە دنیا جێگای تاقیکردنەوەیە، دەبێ خەڵك دەرفەتی پێ بدرێ، هەرچی دەپەرستێ، با بیپەرستێ.

ئنجا باسی هەڵوێستێکی دیکەی کافران دەکاتو دەفەرموێ: ﴿وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَئِن جَآءَتۡهُمۡ ءَايَةٞ لَّيُؤۡمِنُنَّ بِهَا﴾، وە زۆر بە جەختەوە لەسەر کردنەوەو زۆر بە داکۆکیی لەسەرکردنەوە، سوێندیان بە خوا خوارد، واتە: سوێندێکی جەخت لەسەرکراو، گوتیان: ﴿لَئِن جَآءَتۡهُمۡ ءَايَةٞ لَّيُؤۡمِنُنَّ بِهَا﴾، ئەگەر نیشانەیەکمان بۆ بێ، ئەوە بە دڵنیایی ئیمانی پێ دێنن، ئنجا ئایا مەبەستیان لەو نیشانەیە چی بووە؟ وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەکەدا باسمان کرد، کێوی صەفایان بۆ بکات بە زێڕ! یان وەك گەلی صالح حوشترێکیان لە بەرد بۆ دەربێنێ! یان وەك گەلی عیسا مردوویان بۆ زیندوو بکاتەوە ! یان وەك مووسا سەلامی خوا لەسەر هەموویان بێ، گۆچان لە بەرد بداتو کانیو سەرچاوەی لێ هەڵقوڵێ ؟ وەك لە سوورەتی (الإسراء)دا هەشت نۆ موعجیزەی باسکردوون، کە پێشتر باسمان کرد، دوایی خوا پێی دەفەرموێ بڵێ: ﴿سُبۡحَانَ رَبِّي هَلۡ كُنتُ إِلَّا بَشَرٗا رَّسُولٗا ٩٣﴾، واتە:

پاکیی بۆ پەروەردگارم (کە من ناماقووڵیی وا بکەم) ئایا من جگە لە بەشەرێکی ڕەوانەکراو، هیچی دیکە هەم، کوا ئەو شتانە بەدەست منن؟! کە کۆتا داواکارییان ئەوەیە کە گوتوویانە: ﴿وَلَن نُّؤْمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيْنَا كِتَٰبًا نَّقْرَؤُهُۥ قُلْ سُبْحَانَ رَبِّي هَلْ كُنتُ إِلَّا بَشَرًا رَّسُولًا ﴿٩٣﴾﴾الإسراء، واتە: وە ئیمان ناهێنین، بەوە کە بەرزبییەوە بۆ ئاسمانێ هەتا لە ئاسمانێ کتێبێکمان بۆ نەهێنی، یانی: نامەیەك نەهێنی لە خواوە کە فەرموویێتی: ئەم نامەیە، بۆ فلانی کوڕی فلان! بزانە کە موحەممەد نێردراوی منەو ئیمانی پێ بێنە! دیارە وەك ئەوان داوایان کرد بوو، دوایی دەبووە گاڵتەجاڕ، چونکە دوایی هەر کافرێکی دیکەش دەیگوت: نامەیەکم لە لای خوا بۆ بێنە، وەختی خۆی فلانە کافر نامەی لە لای خواوە بۆ هاتوە، بۆ من لەو کەمتەرم ؟ منیش دەبێ نامەیەکم بۆبێ !! بۆیە دەفەرموێ: ﴿سُبْحَانَ رَبِّي هَلْ كُنتُ إِلَّا بَشَرًا رَّسُولًا ﴿٩٣﴾﴾، واتە: بڵێ پاکیی و بێگەردیی بۆ پەروەردگارم، من جگە لە بەشەرێکی ڕەوانەکراو، هیچی دیکە نیمو هیچم لە دەستەڵات دا نییە، ئەو تەکلیفو داوایانە چین ؟ ئەگەر بەڵگەتان دەوێ، ئەوە قورئان، ئەوە موعجیزەی منە، کە موعجیزەیەکە بە کەڵکی کافرەکانی ئەو کات هاتووەو، بۆ ئێستاش و بۆ داهاتووش دەبێ، بەڵام گۆچانی مووسا ﷺ بەس بە کەڵکی سەردەمی خۆی هات، وە مردوو زیندووکردنەوەی عیسا ﷺ، بەس بە کەڵکی سەردەمی خۆی هات، وە حوشترەکەی صالح، بەس بە کەڵکی سەردەمی خۆی هات، وە ئێمە ئێستا بەس بەهۆی قورئانەوە دەزانین، ئەو موعجیزانە هەبوون، بەڵام قورئان بە کەڵکی ئەو کات هاتووەو ئێستاش و داهاتووش تاکو دنیا کاول دەبێ، قورئان موعجیزەی پێغەمبەری کۆتایی موحەممەدە ﷺ، وە موعجیزەیەکی گشتگیریشە: خەڵکی سیاسیی، ئیعجازی سیاسیی تێدا دەبینێ، خەڵکی فەلسەفیی و فیکریی، ئیعجازی فەلسەفیی و فیکریی تێدا دەبینێ، خەڵکی گەردوونناس، ئیعجازی گەردوونیی و فیزیایی تێدا دەبینێ، خەڵکی زەویناس لە بواری خۆیدا، پزیشك لە بواری خۆیدا، مێژووناس لە بواری خۆیدا، هەر کەسێك پسپۆڕی لە هەر بوارێکدا هەبێ، لە هەر ڕوویەکەوە تەماشای قورئان بکات، هەر

کەسە لە بواری پسپۆڕیی‌و شارەزایی خۆیدا، دەگاتە ئەو دەرەنجامە، کە ئەم فەرمایشتە فەرمایشتی خوایەو هی پێغەمبەر ﷺ نیە.

ئنجا دەفەرمویّ: ﴿ قُلْ إِنَّمَا ٱلْأَيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ ﴾، بڵێ: نیشانەکان، موعجیزەکان بەس لە لای خوان، ئەویش ئەو موعجیزەیەی ناردوە بۆ ئۆممەتی پێغەمبەری کۆتایی، موعجیزەیەکی فیکریی، عەقڵیی، عیلمیی، ئەدەبیی، کە خوا زانیویەتی گرنگترین شتێك، کە لە دوا قۆناغی ژیانی بەشەردا دێتە دی، بریتیە لە بەرەوپێشچوونی زانست، بۆیە موعجیزەیەکی فیکریی‌و عیلمیی‌و ئەدەبیی بۆ ناردوون، نەك موعجیزەیەکی بەرهەست (محسوس) کە ئەگەر وابووایە، تەنیا بەکەڵکی ئەو کاتە دەهات، ﴿ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾، خوا ڕوو لە ئیمانداران دەکات، دەفەرموێ: چ شتێك وای لە ئێوە کردوە هەست بکەنو، بزانن کە ئەگەر ئەو بەڵگەو موعجیزەیەی داوای دەکەن، بۆشیان بێ، ئیمان ناهێنن، واتە: خوا دەزانێ کە ئەوان هەر ئیمان ناهێنن، بەڵام ئێوە نازانن.

دیارە لەوبارەوە لە مەسەلە گرنگەکان دا باسی لێوە دەکەین، کە توێژەرەوانی قورئان مشتومڕی زۆریان بووە، چونکە دەڵێن: بە ڕواڵەت دەبوو خوا فەرموبای: ﴿ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾ واتە: وە ئێوە چوزانن‌و چ شتێك وای لێکردوون بزانن، کە ئەگەر ئەو موعجیزەیە هات، ئیمان دێنن، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: ئیمان ناهێنن؟ ﴿ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾، بەڵام ماناکەی بەو شێوەیە کە باسمکرد، وە زەمەخشەریی‌و زۆرێك لە زانایانی ڕەوانبێژیی هەر ئاوا مانایان لێکداوەتەوە، ئەگەرنا هەندێکیان گوتوویانە: ﴿ لَا ﴾ زیادەیە، وە هەندێکیان گوتوویانە: ﴿ أَنَّهَآ ﴾، بە مانای (لعلَّ)یە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە هەموویان جۆرێك لە (تأویل)ن، کە پێویستمان پێی نیە. ﴿ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾، واتە: چ شتێك وای لە ئێوە کردوە، کە هەست بکەنو بزانن: ئەگەر ئەو بەڵگەیەی داوای دەکەن بێتش، ئیمان ناهێنن ؟ واتە: ئێوە نازانن، کە ئیمان

ناهێنن، بۆیە پێتان خۆشە، بێ، بەڵام خوا دەزانێ ئیمان ناهێنن، بۆیە نایەنێرێ، ﴿ وَنُقَلِّبُ أَفۡـِٔدَتَهُمۡ وَأَبۡصَٰرَهُمۡ كَمَا لَمۡ يُؤۡمِنُواْ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٖ ﴾، ئەو (و)ە (عطف)ی دەکاتەوە بۆ سەر ڕستەی پێشەوە، واتە: چ شتێك وای لە ئێوە کردوە، بزانن کە عەقڵیان و چاویان، یان دڵیان و چاویان هەڵدەگێڕدرێتەوە کە ئیمانی پێ نەهێنن، وەك چۆن یەکەم جار ئیمانیان پێ نەهێنا، دەشگونجێ ئەو (و)ە (واو عطف الحالیة) بێ، واتە: لە حاڵێکدا کە ئێمە عەقڵ و چاویان هەڵدەگێڕینەوە، بۆئەوەی ئیمان نەهێنن، وەك چۆن یەکەمجار ئیمانیان پێ نەهێنا، ﴿ وَنَذَرُهُمۡ فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ ﴾، وە لێیان دەگەڕێین لە سەرکێشیی خۆیاندا سەراسیمە بن و بخولێنەوە.

ئنجا خوای کاربەجێ حەقیقەتێکی زۆر گەورە بە پێغەمبەری خۆی و مسوڵمانان ڕادەگەیەنێ، دەفەرموێ: ﴿ وَلَوۡ أَنَّنَا نَزَّلۡنَآ إِلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَحَشَرۡنَا عَلَيۡهِمۡ كُلَّ شَيۡءٖ قُبُلٗا مَّا كَانُواْ لِيُؤۡمِنُوٓاْ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ يَجۡهَلُونَ ﴾، وە ئەگەر گریمان ئێمە ــ وەك داوا دەکەن ــ فریشتەشمان دابەزاندبایە لایان و، مردووشمان زیندووکردبانەوەو، قسەیان لەگەڵ کردبان، وە هەموو شتێکیشمان ڕووبەڕوو هێنابایە سەریان، یاخود دەستە دەستە هەموو شتێکمان هێنابایە پێشیان، ﴿ مَّا كَانُواْ لِيُؤۡمِنُوٓاْ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ﴾، نەدەگونجا ئیمان بێنن، مەگەر خوا بیەوێ، ئەگەر خوا نەیویستبایە، ئەو کاتەش ئیمانیان نەدەهێنا.

یانی: لەبەرئەوەی ئەوانە ویستی خۆیانیان ئاڕاستەی ئامانجی خراپ کردوە، دیارە ویستی خوای پەروەردگاریش بە دوای ویستی ئەوان دا ڕۆیشتوە، ئنجا بۆیە ئەگەر ئەوانەشمان بۆ کردبان، چونکە لە سەرەتادا نەیانویستوە ئیمان بێنن، خوای دادگەریش دیسان ویستی لەگەڵ ئیمان هێنانیان نەدەبوو، وە سەرەنجام: ئیمانیان نەدەهێنا ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ يَجۡهَلُونَ ﴾، بەڵام زۆربەیان نافامن.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّٗا شَيَٰطِينَ ٱلۡإِنسِ وَٱلۡجِنِّ ﴾، وە ئاوا بەو شێوەیە ــ وەك چۆن ئێستا بۆ تۆ هاتۆتە پێش ــ بۆ هەر کام لە

پێغەمبەران دوژمنمان ڕەخساند بوو، لە شەیتانەکانی ئینس‌و جند، کە: ﴿ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا ﴾، هەندێکیان قسەی فریودەرانەیان بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندن، بە پەنهان فێری یەکدی دەکرد، کە دیارە مەبەست پێی جندەکانە، یانی: شەیتانە جندەکان، قسەیان فێری مرۆڤە هەڵخەڵەتاوەکان دەکرد، ﴿ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ ﴾، وە ئەگەر پەروەردگارت ویستبای، وایان نەدەکرد، واتە: ئەگەر ویستبای ڕێیان لێ بگرێ، ڕێی لێ دەگرتن، بەڵام نەیویستوە ڕێیان لێ بگرێ‌و، ناچاریان بکات ، بەڵکو ویستوویەتی ئازادیان بکات، ﴿ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴾، دەجا وازیان لێبێنە خۆیان‌و ئەوەی هەڵیدەبەستن بە درۆ دەلەسە، یانی: با بۆخۆیان لە گێژاوی ئەو درۆو دەلەسەو قسە هەڵبەستراوانەیان دا بخولێنەوە، ﴿ وَلِتَصْغَىٰ إِلَيْهِ أَفْئِدَةُ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾، وە با عەقڵ‌و دڵی ئەوانەی بڕوایان بە دوارۆژ نیە، مەیل بە لای قسەی ئەوانەدا، بە لای کوفرو خراپەی ئەواندا، بکات، ﴿ وَلِيَرْضَوْهُ ﴾، وە با پەسەندی بکەن، ﴿ وَلِيَقْتَرِفُوا مَا هُم مُّقْتَرِفُونَ ﴾، وە با ئەوەی کە ئەنجامی دەدەن لە خراپە، ئەنجامی بدەن، واتە: دوایی لێپرسینەوەو سزا ڕوویان تێدەکات.

لە کۆتایی دا دەفەرموێ: ﴿ أَفَغَيْرَ اللَّهِ أَبْتَغِي حَكَمًا وَهُوَ الَّذِي أَنزَلَ إِلَيْكُمُ الْكِتَابَ مُفَصَّلًا ﴾، ئایا جگە لە خوا دادوەرێکی دیکە بخوازم، لە حاڵێکدا کە خوا کتێبی بۆ ناردوونە خوار، زۆر ڕوونە، زۆر ڕوونکراوەتەوەو مەبەستەکانی تێدا زۆر ڕۆشنن، ﴿ وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِالْحَقِّ ﴾، وە ئەوانەش کە کتێبمان پێداون لەپێشدا، {واتە: لە پێش تۆدا، جوولەکەو نەصرانییەکان‌و ئەوانی دیکەش} دەزانن کە بە هەق لە پەروەردگارتەوە دابەزێنراوە، ﴿ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ ﴾، کەواتە: تۆ لە دوو دڵان مەبە، ﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ﴾،

وە وشەکانی پەروەردگارت لە ڕاستیی‌و دادگەریی دا تەواویان کردوە، هیچ قسەیەك لەوە ڕاستتر نابێ‌و، هیچ قسەیەکیش لەوە دادگەرتر نابێ، چونکە فەرمایشتی خوا یان هەواڵە، یان حوکمە، ئنجا ئەگەر هەواڵە، لە ڕاستییدا تەواوی کردوە، وە ئەگەر حوکمیشە، لەوپەڕی دادگەریی دایە. ﴿لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾، گۆڕەر نیە بۆ وشەکانی خوا، وە خوا بیسەری زانایە.

ئنجا خوای زاناو شارەزا دەفەرمویٚ: ﴿وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾، وە ئەگەر بە قسەی زۆربەی خەڵکی سەر زەوی بکەی، گوێڕایەڵییان بکەی‌و فەرمانبەرییان بکەی، لە ڕێی خوا لات دەدەن، ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ﴾، ئەوانە هەر بە دوای گومان دەکەون، وە هەر درۆ دەکەن، ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ مَن يَضِلُّ عَن سَبِيلِهِۦۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ﴾، بێگومان پەروەردگارت زاناترە، کە کێ لە ڕێی خوا لادەدات، وە زاناتریشە بە ڕێگەی ڕاستگرتووان، کەواتە: تۆ ڕێی پەروەردگارت بگرەوە، مەکەوە ژێر کاریگەریی قسەو قاڵی کافران، با زۆرینەی خەڵکی سەر زەویش پێکبێنن، چونکە هەق هەر هەقە، ئەگەر کەسیش شوێنی نەکەوێ، با کەمینەشی لەگەڵدابن، ناهەقیش هەر ناهەقە، با زۆربەی خەڵکییش بەدوای بکەون

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: کە خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویٚ: ﴿ٱتَّبِعۡ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾، وەك پێشتریش باسمان کرد، ڕاستە ماناکەی ئاوایە: شوێن ئەوە بکەوە کە لە پەروەردگارتەوە بۆت سرووش دەکریٚ، بێجگە لەو هیچ پەرستراو نین، وە واز لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بێنەو پشتیان تیٚ بکە.

زانایانو توێژەرەوانی قورئان سیٚ واتایان بۆ ئەم ئایەتە لێکداوەتەوە:

١/ هەندێکیان گوتوویانە: پێغەمبەر ﷺ بێگومان هەر شوێنی ئەو پەیامو سرووشە کەوتوە کە خوا بۆی ناردوە، بۆیە کە دەفەرمویٚ: شوێن وەحی بکەوە، دەبیٚ مانایەکی زیادی تێدابیٚ، ئەگەرنا دەبێتە پەیداکردنی شتی هەبوو (تحصیل الحاصل)، واتە: داوای شتێکی لیٚ دەکات کە خۆی هەیە، ئنجا گوتوویانە، یانی: بەردەوام بە لەسەر ئەو پەیامەی کە خوای پەروەردگار بۆی ناردووە.

٢/ هەندێکی دیکەیان گوتوویانە: واتە: شوێن وەحی خوا بکەوە، نەك شوێن قسەی ئەوان.

٣/ هەندێکی دیکەشیان گوتوویانە: واتە: دڵی خۆتو فیکری خۆت سەرقاڵ مەکە، بە کافرەکانو قسەوقاڵی ئەوانەوە، بەڵکو سەرقاڵو سەرگەرمبە بە شوێنکەوتنی پەیامی خواو، بەندایەتیی کردن بۆ خوا.

بەڵام لە ڕاستییدا هەر کام لەو سیٚ مانایانە مەبەستن، واتە: بەردەوامبە، وە شوێن وەحیو پەیامی خوا بکەوە، نەك شوێن ڕێچکەو ڕێبازێك کە ئەوان دەیانەویٚ تۆی پیٚ فریو بدەن، وە سەرگەرم سەرقاڵیش بە بەرنامەی خواوەو گویٚ بە وان مەدە.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾، بێجگە لەو هیچ پەرستراو نین، ئەوە چ موناسەبەتێکی هەیە لەگەڵ ئەوەدا؟! دەڵێین: ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە بەشێك لە پەرستنی خواو، جۆرێك لە جۆرەکانی خواپەرستیی کە چەمك و واتای بەندایەتیی و پەرستنی خوا دەیگرێتەوە، بریتیە لە شوێن کەوتنی بەرنامەکەی، کەواتە: ﴿إِلَٰهَ﴾، پەرستراو، بە مانای بەرنامەدانەر (حاکم)یش دێ، وە بە مانای پەروەردگار (رب)یش دێ، ﴿إِلَٰهَ﴾، پەرستراو کەسێکە کە پەرستراوی تۆیەو فەرمانڕەوای تۆیەو، یاساو بەرنامە بۆ تۆ دادەنێ، وە پەروەردگاری تۆیە ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەگەر تەنیا بە دوای بەرنامەی خوا نەکەوتی، مانای وایە تەنیا خوات نەپەرستوە، بۆیە ئەو مسوڵمانانەی کە لە هەندێك لە بوارەکانی ژیانیاندا، بە دوای ڕێچکەو بەرنامەیەکی دیکە دەکەون، بە دوای ئەمرو نەهیی و حەڵاڵ و حەرامی کەسێك و لایەنێکی دیکە دەکەون، کە شتێك بە بەرنامە دادەنێ، لەگەڵ شەریعەتی خوادا دژ و ناکۆکە، ئەوە مانای وایە: لە بەندایەتیی کردن و پەرستنیاندا بۆ خوا، هاوبەشیان بۆ خوا داناوە.

مەسەلەی دووەم: کە دەفەرموێ: ﴿وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾، هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان گوتوویانە: ئەمە نەسخ کراوەتەوە، کە دیارە ئێمە لەم زنجیرە دەرسەدا هەر لە دەرسەکانی سەرەتاوە لە سووڕەتی (البقرة)دا، هەتا ئێستا هەر گوتوومانە: هیچ ئایەتێك لە قورئاندا نەسخ نەکراوەتەوەو، تەنانەت هیچ ڕستەیەك نیە، بگرە هیچ وشەیەکیش نیە کە کاری پێ نەکرێ، چونکە نەسخ: بریتیە لە لابردنی حوکمێکی پێشتر بە حوکمێکی دواتر، ئێمە گوتوومانە شتی وا لە قورئاندا نیە، ئنجا یەکێك لەو ڕستانە کە هەندێك لە توێژەرەوان، بۆ وێنە: (القُرطُبي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا (الجامع لأحكام القرآن)[1]دا دەڵێ: (وهذا منسوخ بآية السيف: أي: أُتركهم استجهالاً لَهُم)، واتە: ئەم ڕستە قورئانییە کە

---

١) ج ٧، ص ٥٠.

دەفەرموێ: ﴿ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴾، پشت لە هاوبەشدانەرەکان بکەو وازیان لێ بێنە: بە ئایەتی شمشێر نەسخ بۆتەوە، یانی: وازیان لێ بێنەو نادیدەیان بگرە.

ئایەتی شمشێر (آیة السیف) یش، واتە: ئایەتی ژمارە (٥) لە سوورەتی (التوبة) کە پێشتر باسمان کرد[١].

هەروەها (الطبراني) لە تەفسیرەکەی خۆی (التفسیر الکبیر)[٢]دا دەڵێ: ئەم ڕستە قورئانییە نەسخ کراوەتەوە، ئنجا ئایا بۆچی وایانگوتوە؟ بۆیە گوتوویانە: بە ئایەتی شمشێر نەسخ بۆتەوە، چونکە گوتوویانە: دوای ئەوەی جەنگو جیهاد لەسەر مسوڵمانان فەرزکراوە، مانای وایە : ئەی پێغەمبەر ! نابێ لە موشریکەکان بگەڕێی‌و وازیان لێ بێنی، بەڵکو دەبێ جەنگیان لە دژ بکەی ! بە پێی بۆچوونی ئەوانەی کە گوتوویانە: ئەم ڕستە قورئانییە نەسخ بۆتەوە.

بەڵام ئێمە دەڵێین: هیچ نەسخ لە گۆڕێ دا نیە، چونکە مەبەستی: ﴿ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴾، هەر لەگەڵ ڕستەکەی پێشیدا، تێکدەکاتەوە، ﴿ ٱتَّبِعۡ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴾، بە دوای ئەو پەیام‌و بەرنامەیە بکەوە، کە لە خواوە لە پەروەردگارتەوە بۆ سرووش دەکرێ، بێجگە لەو هیچ پەرستراو نین، وە پشت لە هاوبەشدانەرەکان بکەو وازیان لێ بێنە، واتە: وازیان لێ بێنە لەوڕووەوە کە بکەویە ژێر کاریگەرییان، یاخود ئیهمالیان بکەو گوێی لە ئازاردان‌و پڕوپاگەندەو قسەو قاڵەکانیان مەگرە !

وەك (القرطبي) بۆخۆی گوتوویەتی: وازیان لێ بێنەو نادیدەیان بگرە، کەواتە: ئایەتەکە بەو مانایە نیە کە وازیان لێ بهێنرێ‌و، بانگ نەکرێن بۆ

---

١) لە تەفسیری سوورەتی (التوبة) دا بە درێژی باسی مشتومڕی زانایانمان لەبارەی ئەو ئایەتەوە کردوە، خستوومانەتەڕوو، کە هەر خودی ناولێناوی ئەو ئایەتە بە (آیة السیف) هەڵەیە..

٢) ج ٣، ص ٧٢.

دینی خوا، یاخود وازیان لێ بهێنرێ، یانی: هیچ مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێ، تاکو ناچار بین بڵێین: نەسخ کراوەتەوە، لەبەرئەوەی لەگەڵ ئایەتەکانی دیکەدا تێك دەگیرێ !

بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە : نەکەویە ژێر کاریگەرییان، وە ئازاردانی ئەوانو پڕوپاگەندەو قسەو قاڵی ئەوان، با کاریگەریی لەسەر تۆ نەبێ، کە دەستت شل بێ لە شوێنکەوتنی ئەو پەیامو بەرنامەیەی کە خوا بۆت دەنێرێ !

دیارە (نسخ)یش لە حاڵەتێکدایە، دوو ئایەت، یاخود دوو ڕستەی قورئان، تێکبگیرێنو بەیەکەوە کۆنەکرێنەوە، بەڵام لێرەدا هیچ تێکگیرانێك لە ئارادا نیە.

مەسەلەی سێیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكُواْ ﴾، وە ئەگەر خوا ویستبای، هاوبەشیان بۆ خوا دانەدەنا.

کە پێشتریش باسمان کرد : لێرەدا موعتەزیلەو ئەشعەرییەکان کە بەشێکن لە جەبرییەکان، کەوتوونە مشتومڕی زۆرەوە: جەبرییەکانو ئەشعەرییەکان گوتوویانە: خوا مرۆڤەکان لەسەر کردەوەکانیان ناچار دەکات، دەڵێن: ئەوەتا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكُواْ ﴾، وە ئەگەر خوا ویستبای، هاوبەشیان بۆ خوا دانەدەنا، کەواتە: خوا ویستوویەتی هاوبەش بۆ خوا دابنێن، بۆیە نەیانتوانیوە هاوبەش دانەنێن ! موعتەزیلەش دەڵێن: نەخێر، لێرەدا خوا دەفەرموێ: ئەگەر خوا ویستبای جەبریان لێ بکات، نەیاندەتوانی هاوبەش بۆ خوا دابنێن، بەڵام خوا نەیویستوە، ناچاریان بکاتو ئازادی کردوون، بۆیە توانیویانە هاوبەش بۆ خوا دابنێن!

ئێمەش دەڵێین: مەبەستی ئایەتەکە هەر ئەوەیە، کە خوای دادگەر کاتێك هاوبەشی بۆ دادەنرێو سەرپێچیی لێدەکرێ، وە نەبێ لەبەر بێدەسەڵاتیی بێ، خوا دەیتوانی خەڵك وا دروست بکات، تەنیا بەندایەتیی بۆ وی بکەن، وە دەیتوانی وایان لێ بکات، کە هاوبەش بۆ خوا دانەنێنو کافر نەبن، بگرە سەرپێچییش نەکەن لە فەرمانی خوا، بەڵام نەیویستوە جەبریان لێ بکات،

وەك لە چەندان شوێنی قورئان دا، ئەو ڕاستییەی فەرمووە، بۆ نموونە:

١/ ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَأٓمَنَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ﴿٩٩﴾﴾يونس، واتە: ئەگەر پەروەردگارت ویستبای تێکڕای خەڵکی سەر زەوی ئیمانیان دەهێنا.

٢/ هەروەها فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴿١١٨﴾﴾هود، واتە: وە پەروەردگارت ئەگەر ویستبای، خەڵکی دەکردە یەك کۆمەڵ و هەمووی لەسەر ئیمان کۆدەکردنەوە.

بەڵام نەیویستوە وایان لێ بکات، بەڵکو ویستوویەتی ئازادیان بکات، ئنجا کە ئازادیشی کردوون، هەیانە بە ویستی ئازادانەی خۆی خوا بەیەکدەگرێ و، تەنیا خوا دەپەرستێ، وە هەشیانە هەر بە ویستی ئازادانەی خۆی، هاوبەش بۆ خوا دادەنێ و سەرپێچیی لە فەرمانی خوا دەکات.

بەڵێ ئەم حەقیقەتە لە زۆر شوێنی قورئاندا هاتوە، کە تەنیا مەبەست پێی دەرخستنی ڕەهایی ویستی خوای باڵادەستە، ویستی خوا وەك سەرجەم سیفەتەکانی دیکەی، ڕەهایەو سنووردار نییە، وە خوای بەرزو مەزن کاتێ کوفری پێدەکرێ، هاوبەشی بۆ دادەنرێ و، سەرپێچیی لێ دەکرێ، لەبەر ئەوە نیە کە خوای باڵادەست نەتوانێ ڕێگا لە کوفر پێکرانی و، هاوبەش بۆ دانرانی و، سەرپێچیی لێکرانی، بگرێ، دەیتوانی وابکات، بەڵام بۆخۆی ویستوویەتی مرۆڤەکان ئازاد بکات، تاکو بە ویستی ئازادانەی خۆیان: بەندایەتیی بۆ خوا بکەن، یان نەیکەن، خوا بەیەك بگرن، یان هاوبەشی بۆ پەیدابکەن، بەندەی چاك بن، یان بەندەی خراپ بن، بۆ وێنە:

خوا لە سوورەتی (التكوير)دا دەفەرموێ: ﴿وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٩﴾﴾، واتە: وە ناتانەوێ، مەگەر پەروەردگاری جیهانەکان بیەوێ.

بەڵێ: ئەگەر خوا ویستبای مرۆڤەکان ئازاد نەکات و، ویستبای ڕێگای کوفریان لێ بگرێ، وەك چۆن ڕێگای کوفرو سەرپێچییکردنی لە فریشتەکان گرتوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو ماددەی بێ ژیان، لە گەردیلە تا کەهکەشان،

هیچی لە فەرمانی خوا دەرناچێ، وەك دەفەرمویٚ: ﴿أَفَغَيۡرَ دِينِ ٱللَّهِ يَبۡغُونَ وَلَهُۥٓ أَسۡلَمَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ طَوۡعٗا وَكَرۡهٗا ﴿٨٣﴾﴾ آل عمـــران، واتـە: ئایـا بەرنـامەی جگـە لـە خـوا دەخـوازن، لـە کاتێکدا کـە هەرچـی لـە ئاسمانەکانو زەوی دایـە، چاروناچار بۆی ملکەچن؟

٣/ هـەروەها کـە دەفـەرمویٚ: ﴿مَن يَشَإِ ٱللَّهُ يُضۡلِلۡهُ وَمَن يَشَأۡ يَجۡعَلۡهُ عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٣٩﴾﴾ الأنعام، واتـە: هـەر کەسێك خـوا بیـەوێ، گـومڕای دەکـات، هـەر کەسێکیش بیـەوێ، ڕێنمایی دەکات بۆ ڕێـی ڕاست.

ئەوە هـەمووی مەبەست پێی ئەوەیـە کـە ویسـتی خـوا ڕەهایـە، بـەڵام خـوا بـەو ویستە ئازادەی خۆی، وە بە حیکـمەتی بێسـنووری خۆی، ئینسانەکانی وا دروست کردوون، کە بتوانن ڕاست بـڕۆنو، چـەوت بـڕۆن، بەرەو خـوا بچنو پشت لە خوا بکـەن، وە ئیمانی پێ بێننو ئیمانیشـی پـێ نەهێنن.

بـەڵام لـێرەدا دەبـێ ئـەوە بزانـرێ: کـە ویسـتی ڕەهـای خـوا، بـە گۆتـرە ئـیش ناکات، واتە: ئەوە نیـە کە خـوا ﷻ ویستەکەی لە حیکمەتـەکەی جیابـێ، بەڵـکو لـە هەمان کـات دا کـە خـوا ویستەکەی ڕەهایە، ویستی ڕەهـای خـوا، بەپێـی حیکمـەتـی ڕەهـای خـوا، ڕوو لە شتەکان دەکـات.

بـا بـزانیـن چـۆن؟ لـە لایـەك خـوا دەفـەرمویٚ: هەرکــەس بیـــەوێ، گـومڕای دەکاتو، هـەرکەس بیـەوێ، ڕێنمایی دەکـات، لـەوێ بە ڕەهایی فەرموویەتی، بەڵام لە شوێنی دیکە بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە ئەو ویستەی خوای کاربەجێ، بۆ گـومڕاکردنی خـەڵك، بەگۆتـــرە نیـــە، وەك فەرموویـــەتی: ﴿وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٧﴾﴾ إبراهيم، خـوا ستەمکارەکان گومـڕا دەکـات.

هـەروەها بـە نسـبەت هیدایەتەکەشی بـە هـەمان شـێوە، خـوا ڕێنمـایی کەسـێك دەکات، کە بـەرەو وی دەگـەڕێتـەوە، وەك فەرموویـەتی: ﴿... وَيَهۡدِيٓ إِلَيۡهِ مَنۡ أَنَابَ ﴿٢٧﴾﴾ الرعـد.

هەروەها لە سووڕەتی (الزمر)دا لەوبارەوە کە خوا هیدایەتو ڕێنمایی خەڵکی خراپ ناکات، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ كَـٰذِبٌ كَفَّارٌ ۝٣﴾، واتە: بێگومان خوا ڕێنمایی کەسێك ناکات کە زۆر درۆزنو سپڵەیە، کەواتە: بەهۆی درۆزنیی‌و سپڵەییەوە، ئەوانە ڕێیان لێ تێکدەچێ.

ئنجا خوای زاناو تواناش لە ئەزەلەوە وای بڕیار داوە، کە هەر کەسێك چ ڕێیەك بگرێتەبەر، ئەویش ویستەکەی بۆ ئەوە دەخاتە کار، چونکە حیکمەتی خوا وا بووە، کە ئەو ئینسانە لەسەر زەوی ئازادبێ، وە هیچ کۆتو بەندێکی لەسەر نەبێ، وە بە ویستی ئازادانەی خۆی، ڕێی ڕاست بگرێ، یان ڕێی چەوت.

مەسەلەی چوارەم: کە دەفەرموێ: ﴿وَمَا جَعَلْنَـٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ ﴾، خوا لێرەدا دوو وشەی بەکارهێناون بۆ پێغەمبەر ﷺ، هەردووکیانی لێ نەفی کردوون، دەفەرموێ: تۆمان نەگێڕاوە بە پارێزەر بەسەریانەوە، وە تۆشمان نەگێڕاوە بە وەکیل بەسەریانەوە.

دیارە ئەم دوو وشەیە، دەبێ چەمكو واتاکەیان جیا بێ، (الطبراني) لە تەفسیرەکەی خۆی (التفسير الكبير)دا دەڵێ: (إِنَّمَا جمع بَيْنَ حَفيظٍ وَوَكِيلٍ لاختِلافِ مَعْنَاهُمَا، فَإِنَّ الحَافِظَ للشيءِ هُوَ الَّذِي يَصُونهُ عَمَّا يَضُرّهُ، وَالوَكِيلُ بالشيء هُوَ الَّذِي يَجْلِبُ الخَيْرَ إِلَيْهِ)[1].

واتە: بۆیە خوا ﷻ وشەی (حفیظ) و (وکیل)ی کۆکردوونەوە، {کە فەرموویەتی: ئەی پێغەمبەر ﷺ! تۆ نە پارێزەری‌و نە وەکیلی بەسەر کافرەکانەوە} (حَافِظ) ی شتێك ئەوەیە کە دەیپارێزێ لەوە کە تووشی زیان ببێ‌و، زیانی پێ بگەیەنرێ، بەڵام (وکیل)ی شتێك ئەوەیە کە خێرو چاکەو سوودی بۆ بێنێ.

---

١) التفسير الكبير، للطبراني، ج ٣، ص ٧٣.

کەواتە: خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: تۆمان دانەناوە کە نەهێڵی کافرەکان تووشی زیان ببن، وە تۆشمان دانەناوە کە بە زۆر تووشی خێرو سوودو قازانجیان بکەی، بەڵکو تۆ ڕاگەیاندنت لەسەرە، وە بەرچاو ڕوونکردنەوەیانت لەسەرە، ئاگادارکردنەوەو ترساندنو وریاکردنەوەیانت لەسەرە، بەلاّم تۆ ناچاریان ناکەی، خۆیان لە کوفرێك بپارێزن کە زەرەریانە، وە ناچاریان ناکەی ئیمانێك بێنن کە قازانجیانە، بەڵکو خوا ﷻ بۆخۆشی ئەوەی لەگەڵ نەکردوون، تاکو تاقی بکرێنەوە، چونکە ئەگەر خوا خەڵکی ناچار کردبایە، ئیمان بێنن، یاخود ڕێیان لێ بگرێ، کافربن، ئەو کاتە نەدەگونجا تاقیبکرێنەوە لەسەر زەوی، وەك چۆن خوا فریشتەکانی تاقی نەکردۆتەوە، وە ماددەی بێ ژیانی تاقی نەکردۆتەوە، ئاژەڵەکانی تاقی نەکردوونەوە، ڕووەكو درەختەکانی تاقی نەکردۆتەوە، زیندەوەرەکانی تاقی نەکردۆتەوە، بەو واتایە کە ئازادیان بکات، بەڵکو هەموویانی ملکەچ کردوە، بۆ چەند یاسایەكو لە گەردیلەوە تا کەهکەشان، ماددەی بێ ژیان، مەحکوومی چەند یاسایەکی گەردوونییە، کە خوا بۆی داناون، هەروەها ئاژەڵو زیندەوەرو پەلەورو ڕووەك، هیچیان لەو یاسایانە کە خوا بۆی داناون، لانادەن، بۆیە بەکەڵکی تاقیکردنەوە نایەن، کەسێك بەکەڵکی تاقیکردنەوە دێ، کە بتوانێ چاکە بکاتو خراپە بکاتو، ڕاست بڕواو چەوت بڕوات.

باسێک لە بارەی جنێودان بە پەرستراوانی جگە لە خوا

مەسەلەی پێنجەم: کە دەفەرمویٚ: ﴿ وَلَا تَسُبُّوا۟ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّوا۟ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾، ئێمە لەبارەی جنێودان بە پەرستراوانی جگە لە خواوە، دوو ڕاستیی دەخەینە ڕوو، پاشان چوار هەڵوەستە لە بەرانبەر ئەو ئایەتەدا دەکەین:

ڕاستیی یەکەم: وشەی (سب)، (شتم) ئێمە لە کوردەواریی دا هەر دەڵێین: جنێو، قسەی ناشیرین، ئەویش ئەوەیە کە هەندێك وشەو تەعبیر بۆ بەرانبەرەکەت بەکاربێنی، کە پێی نارەحەت بێ‌و، پێی سووکیی‌و بێرێزیی بێ‌و بە کەم تەماشاکردن، بگەیەنێ، ئەگەرنا جاری واش هەیە بۆ بەرانبەرەکەت وشەیەك بەکاردێنی، کە پێی ناخۆشە، بەڵام بە جنێو لە قەڵەم نادرێ، بۆ نموونە: ئەگەر تۆ بڵێی: فلان کەس تۆ هەڵەی، یان کەسێك بەڵێنێك بداو نەیگەیەنێتە سەر، تۆش پێی بڵێی: تۆ بێ بەڵێن بووی، هەروەها ئەگەر کەسێك درۆت لەگەڵ بکات، پێی بڵێی: تۆ درۆت کرد، ئەوە پێی ناگوترێ: جنێو، چونکە مەبەستت بێرێزیی‌و کەم تەماشاکردن نیە، بەڵکو مەبەستت دەرخستنی حەقیقەت‌و واقیعی ئەوە.

لێرەدا یەکێك پرسیار دەکات: لەلایەکەوە خوا دەفەرمویٚ: ﴿ وَلَا تَسُبُّوا۟ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، جنێو بەو شتانە مەڵێن: کە لە جیاتی خوا لێیان دەپاڕێنەوەو دەیانپەرستن.

ئەدی بۆچی خوای کاربەجێ لە هەندێك شوێن دا قسەی ناخۆشی بە کافرەکان‌و پەرستراوەکان فەمووە ؟! بۆ وێنە :

١/ لــە ســوورەتی (الأنبیــاء)دا دەفــەرموێ: ﴿إِنَّكُمۡ وَمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمۡ لَهَا وَٰرِدُونَ ٩٨﴾الأنبیــاء، واتــە: ئێــوەو ئەوانــەی لــە جیــاتی خــوا دەیانپەرســتن، ســووتەمەنی {یــاخود وردە بەردی} دۆزەخن، دەچنە نێوی؟!

٢/ وە لە شـوێنی دیـکەدا فەرمووییـەتی: ﴿وَإِن تَدۡعُوهُمۡ إِلَى ٱلۡهُدَىٰ لَا يَسۡمَعُواْۖ وَتَرَىٰهُمۡ يَنظُرُونَ إِلَيۡكَ وَهُمۡ لَا يُبۡصِرُونَ ١٩٨﴾الأعــراف، کـە وەك دەبینیـن: خوا بـتو صەنەمەکانیان بە کەڕو کوێـر ناوزەد دەکات؟!

لە وەلامدا دەڵێین: ئەوە جنێو نیـە، چونکە کە دەفەرموێ: ئەوانە سووتەمەنی دۆزەخـن، باسـی سەرەنجامیان دەکات، وە ئەوانیش هەر بڕوایان بە دۆزەخ نـەبووە، هەتا بڵێین: ئەوە سووکایەتییـە.

یـان کـە دەفەرموێ: نابیســتن و نـابینن، باسـی واقیعەکەیـان دەکــات، بێگومـان بتو صەنەمەکان توانـای بیستن و بینینیان نەبووە، کەواتـە: مەبەست لـە (سب)و (شتم) بەکارهێنـانی وشـەو تەعبیری دیکەیە، کە بێڕێـزیـی و سووکیـی بگەیەنـێ، خوای بەرزو مەزن ڕێی ئەوەی لێ گرتوون، بەلام ڕێی ئەوەی لـێ نەگرتوون بڵێـن: ئەوە بتە، ئەوە صـەنەمە، یان نابیستـێ، یان نابینـێ، یان زیـانی نیـە، یان قازانجـی نیە، چونکە ئەو وشـانە هەموویـان لـە قورئانــدا هـاتوون و، دیــارە بـە جنێــو لـە قەڵـەم نادرێـن، ئەگەرنا خـوای زانـاو کاربەجـێ بەکاری نەیدەهێنـان.

<u>**ڕاستیـــی دووەم**</u>: ئەسڵـی جنێـودان لـە ئیسلامدا شـتێکی قەدەغەیـە، چـونکە پێغەمبـــەر ﷺ فەرموویـــەتی: ﴿لَـيْسَ الـمُؤْمِنُ بالطَّعَّـانِ، وَلاَ اللَّعَّـانِ، وَلاَ الفَاحِشِ، وَلاَ البَـذِيِّ﴾[١]، واتە: ئیمانـدار تانە لێـدەرو، نـەفرین لێکـەرو، قسـەی

١) أَخْرَجَـهُ البُخَـارِيُّ فـي "الأدب الـمفرد" بـرقم: (٣١٢)، وَأَحْمَـد بـرقم: (٣٨٣٩)، وَالتِّرمِـذِيُّ بـرقم: (١٩٧٧)، وَقَالَ: حَسَنٌ غَرِيبٌ، وَأَبُو يَعْلَى برقم: (٥٠٨٨)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (١٩٢)، وَالطَّبَرَانِيُّ برقم: (١٠٤٨٣)، وَالحَـاكِمُ بـرقم: (٢٩) وَقَـالَ: صَـحِيحٌ عَلَـى شَـرْطِ الشَّـيْخَين، وَالبَيْهَقِـيُّ فـي "شـعب الإيمان" برقم: (٥١٤٩) عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

ناشیرینکەرو، زمان شڕو، جنێو فرۆش نیە، (لەگەڵ هیچ کەس‌و بەرانبەر بە هیچ کەس، نەك تەنیا لەگەڵ مسوڵمانان دا) کەواتە: کە هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان گوتوویانە: کە خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَلَا تَسُبُّواْ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّواْ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾، نەك هەندێ لە توێژەرەوان، بەڵکو ئەو تەفسیرانەی من تەماشام کردن هەموویان وادەڵێن، دەڵێن: لەبەرئەوەی کە ئەوانیش بە دەستدرێژیی کارانەو بە تێپەڕێنەرانەو بە نەزانیی جنێو بە خوا نەڵێن، ئێوە جنێو بە پەرستراوەکانیان مەدەن، دەڵێن: ئەگەرنا دروستە جنێویان پێ بگوترێ، ئەگەر لەبەرئەوە نەبێ، کە ئەوان قسەی ناشیرین بەرانبەر بە خوا بکەن‌و، بێئەدەبیی بەرانبەر بە خوا بکەن!

بەڵام من دەڵێم: ئەو لێکدانەوەیە ڕاست نیە، چونکە:

لە ڕاستیدا ئەو (ف)ە ی سەر: ﴿ فَيَسُبُّواْ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾، مەبەست ئەوە نیە کە خوا بفەرمووێ: بۆ ئەوەی کە ئەوان جنێو بە خوا نەڵێن، ئێوەش جنێویان پێ مەڵێن! بەڵکو ئەو (ف)یە ئەوە دەگەیەنێ کە لە بەرانبەر ئەوەدا کە ئێوە جنێو دەڵێن، ئەوانیش جنێو دەڵێن، واتە: سەرەنجامەکەی ئەوانیش جنێو دەڵێن، ئەگەرنا لە ڕاستییدا جنێودان بە بت‌و صەنەم، با مەترسیی ئەوەشت نەبێ، کە بتپەرستەکەش قسە بە خوا، بڵێ‌و بێئەدەبیی بکات، جنێودان هەر خراپە، بۆچی؟ چونکە هەر حەدیسەکەی پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ئیماندار تانەلێدەرو لەعنەتکەرو قسەی ناشیرینکەرو جنێودەر نیە.

کەواتە: لە ئەسڵدا مسوڵمانان نابێ لە خۆیانی بوەشێننەوە، جنێو بڵێن، با مەترسیی ئەوەشیان نەبێ، جنێو بە خوا بگوترێ، یاخود جنێو بە خۆیان بگوترێ، هەر نابێ مسوڵمان لە خۆی بوەشێنێتەوە جنێو بداتو، قسەی ناشیرین بکات، بۆیە من ئەو بۆچوونەی ئەو توێژەرانەم پێم ڕاست نیە، کە دەڵێ: ئەگەر مەترسیی ئەوەمان نەبوو، قسە بە خوا بگوترێ، قەیناکات کە قسە بە بت‌و سەنەمەکان بدەین! چونکە جنێو گوتن، هەر بۆخۆی شتێکی ناشیرینەو، سیفەتێکی دزێوەو، مسوڵمان نابێ لەخۆی بوەشێنێتەوە.

ئنجا ئەگەر مەترسیی ئەوە هەبوو، کە لە بەرانبەر ئەو جنێوەدا، جنێو بە خوا بگوترێ، ئەوە زیاتر قەدەغە دەبێ، بەڵام ئەگەر مەترسییش نەبوو، هەر قەدەغەیە.

ئنجا لە لایەکی دیکەوە دەڵێین: ئەو بتو سەنەمە ماددەیەکی بێ ژیانە، دروستکراوی خوایەو، نابێ بێڕێزیی بکرێ بە دروستکراوی خوا.

ئنجا ئێمە بەرانبەر ئەم ئایەتە قورئانییە، چوار هەڵوەستە دەکەین:

هەڵوەستەی یەکەم: زۆرجار دەمارگیریی (تعصب) شتی سەیر بە ئینسان دەکات، ئالووسیی خاوەنی تەفسیری (روح المعاني) دەڵێ: جارێك لە مەجلیسێك بووین، کەسێکی شیعیی لەگەڵ کەسێکی سوننیی دا مشتومڕیان بوو، شیعەکە قسەی بە ئەبو بەکر، یان عومەر گوت (خوا لێیان ڕازی بێ) هەردوو وەزیری پێغەمبەر ﷺ، سوننییەکەش قسەی بە عەلی گوت، خوا لەویش ڕازی بێ، دەڵێ: منیش پێمگوت: تۆ بۆچی قسە بە عەلی دەڵێی، خۆ ئێمە فەرقیان پێ ناکەین، هەموویان پیاوی باشن‌و هاوەڵی پێغەمبەرن ﷺ؟! گوتی: دەزانم، دوایی داوای لێبوردن لە خوا دەکەم، بەڵام هەر ویستم ڕقی وی هەڵسێنم!

کە ئەوە زۆرجار لە نێوان مسوڵمانان‌و جوولەکەو مەسیحییەکانیش دا ڕووی داوە! بەڵام دروست نیەو نابێ ئەگەر جوولەکە قسە بە پێغەمبەری ئێمە ﷺ بڵێن، تۆش بۆ ڕق هەڵسانی ئەوان، قسە بە مووسا بڵێی! یاخود ئەگەر نەصرانیی، قسە بە پێغەمبەری ئێمە ﷺ بڵێن، تۆش بێی قسە بە عیسا بڵێی! ئەوە هەمووی نەزانیی‌و نەفامییە، وە دەمارگیرییەکی بێجێیە، مسوڵمان نابێ ئەوە لەخۆی بوەشێنێتەوە، هەڵبەتە پێغەمبەران لە لای ئێمە هەموویان جێی ڕێزن، کەسایەتییە گەورەکانی ئیسلام، لە نێو خودی خۆماندا هەموویان جێی ڕێزن، وە کەسێك واش نەبێ، دیسان جنێو پێدانی‌و، قسەی ناشیرین پێگوتنی، شتێکی بێجێیەو، نابێ لە خۆمانی بوەشێنینەوە.

هەڵوەستەی دووەم: هەر شتێك سەربکێشێ بۆ گوناهێك قەدەغەیە: (محمد رشید رضا) لە تەفسیرەکەی خۆیدا، لەوبارەوە قسەیەکی جوان دەکات دەڵێ: (وَاستَنبط العُلَمَاء مِنْ هَذِهِ الآيَة أَنَّ الطاعة إِذَا أَدَّت إِلـى مَعْصِية رَاجِحَةٍ، وجب

تركها، فَإن ما يُؤَدّي إلى الشرِّ من الشرّ، وَمِنْ فُروع هَذِهِ المسْأَلَة .. أن مَعْنَى لفظ الكُفْر فِي اللّغَة: السّتر والتّغْطِية، وَغَلب لفظ الكُفْرِ فِي القُرْآن وعرف الفُقَهَاء والمتكلمين بمَعْنَى المقَابل للإيمَان الصحيح شَرْعاً، ثُمَّ غلب في عرف كُتّاب هَذَا العَصْر عَلَى الملاحِدَة المُعَطِّلين المنكرين لِوجُودِ الله عَزَّ وَجَلَّ، فصَارَ إطْلاقه عَلَى كُلّ متدين، سَبّاً وَإهَانَة، فَيَتَرَتّب عَلَى هَذَا أن إطلاقه عَلَى من يحرم إيذاؤه مِنْ أَهْل الأَدْيَان مُحَرّم شَرْعاً، إذَا تَأذّى بِهِ، ولا سِيَّمَا فِي الخطاب، وَذَكرْنَا شاهداً لِهَذَا من فتاوى الحَنَفِية، وَهُوَ فِي "معين الحكم" قالَ: إذَا شَتَمَ الذمي يُعَزَّر لأَنَّهُ ارتكب مَعْصِية، وَفِيهِ نَقْلاً عَن "الغنية": وَلَوْ قَالَ للذمي: يَا كَافِر! يَأثم لأَنَّ يَشُقُّ عَلَيْهِ)[1]، واتە: زانایان لەم ئایەتە هەڵیان هێنجاوە، کە تاعەتو چاکە ئەگەر بوو بەهۆی سەرپێچیکردنو، گوناهێك کە گەورەتر بوو لە تاعەتەکە، دەبێ ئەو تاعەتە واز لێ بهێنرێ، چونکە هەر شتێك ببێتە هۆی پەیدابوونی خراپە خراپو قەدەغەیە.

ئنجا لە لقەکانی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە وشەی کوفر لە زماندا، بە مانای داپۆشینو پەردەپۆشکردنی شتێك دێ، وە لە قورئانداو لە زاراوی شەرعزانانو موتەکەللیمین (زانایانی عەقیدە)دا وشەی کوفر لە بەرانبەر وشەی ئیمان دا قەرار دەگرێ، ئیمانی راستو دروست، کە دەڵێ: ئەوە کوفرە، واتە: پێچەوانەی ئیمانە، بەڵام لە زاراوی نووسەرانی ئەم رۆژگارەی ئێمەدا، (دیارە لە رۆژگاری رەشید رەزا خۆی دا، کە ئێستاش هەر وایە)، مولحیدەکانو ئەوانەی کە نکووڵیی لە بوونی خوای پەروەردگار دەکەن، تەنیا ئەوانە وشەی کوفریان بۆ بەکاردێ، (وشەی کافر زیاتر بەوان دەگوترێ) بۆیە بینا لەسەر ئەوە، کە وشەی کوفر بۆ هەر کەسێك کە ئەهلی دیانەت بێ، بە جنێوو بە بە سووك تەماشا کردن، لە قەڵەم دەدرێ : بەکارهێنانی وشەی کوفر بۆ کەسێك کە ئەزیەتی بدات، لە خاوەن دینەکانی دیکە، لە شەرع دا قەدەغەیە، مادام بەو وشەیە دڵی ئازار بدرێ، بەتایبەتی لە کاتی دواندنو قسەکردندا، وە لەوبارەوە بەڵگەیەکمان هێناوەتەوە لە فەتوای حەنەفییەکان، کە کتێبێکیان هەیە بەناوی (مُعين الحكم) دەڵێ: ئەگەر مسوڵمانێك جنێوی بە زیمیی یەك دا، (واتە: ئەوانە کە

[1]) تفسير القرآن الحكيم: ج٧، ص٦٦٧.

پەیمانیان هەیە لەگەڵ مسوڵمانان دا) دەبێ ئەو مسوڵمانە سزا بدرێو تەمبێ بكرێ، {یانی: ئەگەر پێی گوت: ئەی كافر ! هەروەها هەر وشەیەك بە جنێوی دابنێ}[1]، هەروەها لە كتێبی (الغُنْیـة)دا دەڵێ: ئەگەر بە بابای زیمییی (واتە: جوولەكە، یان نەصرانیی، یان یەزیدیی، یان مەجووسیی، یان بووذایی یەك)[2] بڵێ: ئەی كافر! وە پێی نارەحەت بێ، ئەوە پێی گوناهبار دەبێ.

ئنجا بەڕاستیی ئەوە تێبینییەكی زۆر وردە كە لەم ئایەتە وەریدەگرین، كە دەفەرموێ: جنێو بەو شتانە مەڵێن، كە لە جیاتی خوا دەیانپەرستن.

هەڵبەتە ئێمە دڵنیاین كە هەركەس مسوڵمان نەبێ، كافرە، بەڵام خۆش مامەڵەبوون لەگەڵ نامسوڵماناندا، خوازیاری ئەوەیە كە تۆ وشەیەك كە ئەوان پێی نارەحەت بن، بەتایبەتی لە كاتی مامەڵەكردنو قسە لەگەڵ كردندا، ئەو وشەیان لەگەڵ بەكارنەهێنی، بۆ وێنە: نەڵێی كافر، چونكە ئەو پێی وایە كە پێت گوت: كافر، یانی: بڕوات بە بوونی خوا نیە، یان بڕوات بە دوارۆژ نیە، یان بڕوات بە پێغەمبەرایەتیی نیە، ئنجا دیارە ئەوەی خاوەن كتێبیش بێ، بڕوای بەوانە هەموویان هەیەو، بە حیسابی خۆیان بڕوایان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە، وە بڕوایان بە فریشتەو جندەكانو، بە لێپرسینەوەو، بە پێغەمبەرانو وەحی هەیە، بەڵام دیارە بڕوایان بە پێغەمبەر ﷺی ئێمە نیە، وە بە تەئكید هەر كەسێك بڕوای بە پێغەمبەری خاتەمی خوا نەبێ، بەڵكو بڕوای بە یەكێك لە ئایەتەكانی قورئان نەبێ، بە كافر لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام مادام ئەو ئینسانە وشەی كافر بە واتایەك لێكدەداتەوە، كە پێی وایە تۆ ئەو تۆمەتبار دەكەی بەوەی كە ئیمانی بە بوونی خوا نیە، یان قیامەت نیە، نابێ ئەو وشەیەی بۆ بەكاربێنی.

هەڵوەستەی سێیەم: لێرەدا (أبو منصور)ی ماتۆریدیی ئیشكالێكی باسكردوە، دەڵێ: (كَیْفَ نَهَانَا الله عَنْ سَبِّ مَن یَسْتَحِقِ السبَّ، لِئَلا یُسَبَّ مَنْ لا یستحِقُّهُ، وَقَدْ أَمَرَنَا بقِتَالِهِم، وَإِذَا قَاتَلْنَاهُمْ، قَتَلُونَا، وقَتْلُ الـمُؤمن بغَیر حَقّ مُنْكَر ؟!)

---

١) ئەوەی نێوان كەوانەكان زیادەی خۆمە، بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی مەبەست.

٢) ئەوەی نێوان كەوانەكان زیادەی خۆمە، بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی مەبەست.

واتە: خوا چۆن ڕێمان لێ دەگرێ جنێو بدەین بە شتێك، كە شایستەی جنێو پێدرانە (بتو صەنەمەكان، شایستەی جنێو پێدرانن) ئەدی بۆچی خوا فەرمانمان پێدەكات لە دژی كافرەكان بجەنگین، وە ئەگەر لە دژیان بجەنگین، ئەوانیش ئێمە دەكوژن، (ئێمەش ئەوان دەكوژین) دیارە كوشتنی مسوڵمانیش بە ناهەق، شتێكی خراپە؟!

واتە: بەو پێیە دەبووایە خوای بەرز فەرمانیشمان پێ نەكات بە جیهاد، وەك چۆن دەفەرموێ: جنێو بە پەرستراوەكانیان مەڵێن، بۆئەوەی جنێو بە خوا نەڵێن، ئەدی بۆچی نەشیفەرمووە: جەنگ مەكەن، بۆئەوەی نەكوژرێن ؟!

(محمد رشید رضا) لە تەفسیرەكەی خۆیدا، وەڵامێكی جوانی دەداتەوەو دەڵێ: (سَبُّ الآلهة مباح غير مفروض وقتالهم فرض، وكذا التبليغ، وما كان مباحاً يُنهى عما يتولَّد منه، وما كان فرضاً لا يُنهى عما يتولَّد منه)[1]، (دیارە ئەو بەپێی ڕای زۆربەی توێژەرەوان ئەم قسەیە دەكات، ئەگەرنا من خۆم قەناعەتم وانیە جنێودان بە پەرستراوانی ئەوانیش، شتێكی ڕەوابێ، چونكە مسوڵمان نابێ جنێو لە خۆی بوەشێنێتەوە، بەڵێ ئەو بتو صەنەمانە، لێیان دەوەشێتەوە قسەیان پێ بگوترێ، بەڵام تۆ نابێ لە خۆتی بوەشێنیتەوە)، بەڵام ئەو دەڵێ: ئەم جنێودانە بە پەرستراوەكان ڕەوایە، بەڵام فەرز نیە، بەڵام جەنگ لە دژكردنی كافرەكان، هەروەها بانگكردنیان بۆ ئیسلام، فەرزە، ئنجا شتێك ئەگەر لە ئەسڵ دا ڕەوابێ، ڕێگریی لێ دەكرێ، هەر كات شتێكی لێ پەیدا بوو كە خراپ بێ، بەڵام شتێك كە فەرز بێ، لەبەرئەوە ڕێگریی لێ ناكرێ، كە دەرەنجامێكی خراپی لێ پەیدادەبێ.

هەڵوەستەی چوارەم: زۆربەی توێژەرەوانی قورئان گوتوویانە: (فِي الآيَة دَلِيلٌ عَلَى وُجُوبُ الحُكْم بسَدِّ الذَّرِيعَة) بنچینەیەك هەیە زۆر لە زانایان كاری پێدەكەن، بەڵام زیاتر لە مەزهەبی ئیمام مالیكدا ناسراوە، پێی دەگوترێ: (سَدّ الذَّرِيعَة) ڕێگرتن لە بیانوو، یان: ڕێگرتن لە هۆكاری تووشبوونی گوناح، بۆ وێنە

---

١) تفسير القرآن الحكيم: ج٧، ص٦٦٧.

دەڵێن: لە کاتێکدا کە ئاژاوەو ئاشووب پەیدادەبێ لە نێوان مسوڵمانان دا، دروست نیە چەك بفرۆشرێ، چونکە ئەو چەکە دەکەوێتە دەستیانو یەکدی پێ دەکوژن.

یان: کەسێك ئەگەر بزانی شەراب دروست دەکات، دروست نیە، ترێی پێ بفرۆشرێ، یان خورمای پێ بفرۆشرێ، چونکە شەرابی لێ دروست دەکا.

ئا ئەوە پێی دەگوترێ: (سَدّ الذَّرِيعَة) واتە: ڕێگرتن لەو شتانەی کە دەبنە هۆی پەیدابوونی گوناحو خراپە، دیارە بۆچوونەکەشیان جوانە، لێرەش: مادام خوا دەفەرموێ: جنێو بەو شتانە مەڵێن کە ئەوان دەیانپەرستن، بۆئەوەی ئەوانیش جنێو بە خوا نەڵێن، ئەمە ئەوەی لێ وەردەگیرێ، کە هەر شتێك ببێتە هۆی پەیدابوونی دەرەنجامێکی خراپ، با خۆیشی قەدەغە نەبێ، لەبەر دەرەنجامە خراپەکەی، قەدەغە دەبێ، وەك نموونەی چەك فرۆشتنو، ترێو خورما فرۆشتنمان باسکرد.

مەسەلەی شەشەم: کە دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾، ﴿كَذَٰلِكَ﴾ واتە: ئاوا بەو شێوەیە، بۆ هەر کۆمەڵێك، کردەوەکەیانمان بۆ جوان کردوون، دوایی گێڕانەوەیان بۆ لای پەروەردگاریانە، ئنجا هەواڵیان پێدەدا بەوەی کە دەیانکرد.

هەندێك لە زانایان پرسیارێکیان کردوەو ئیشکالێکیان باسکردوە: ئایا خوای دادگەر کردەوەی خراپی کافرەکان، بۆ کافرەکان جوان دەکات ؟ کوفریان بۆ جوان دەکات؟ شیرکیان بۆ جوان دەکات؟ قەتلو زیناو شەراب خواردنیان بۆ جوان دەکات؟ بۆچی بۆیان جوان دەکات؟ ئایا ئەگەر بۆی جوان نەکردبان نەیاندەتوانی بیکەن؟ (محمد رشید رضا) ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێ کە زۆرجار وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارو ئیشکالانە دەداتەوە، لە تەفسیرەکەی خۆی: (تفسير القرآن الحكيم)دا، لێرەش دا وەڵامێك دەداتەوە، کە زۆرم پێ جوانە دەڵێ : (أي: سنَّتُنا في أخلاق البشر وشؤونهم، أن يستحسنوا ما يستمرون عليه وما يتعوَّدونه مما كان عليه آباؤهم، أو مما استحدثوهُ بأنفسهم...) واتە: مەبەستی خوای

پەروەردگار لەم ڕستە قورئانییە کە دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴾، ئاوا بەو شێوەیە بۆ هەر کۆمەڵە خەڵکێك کردەوەکانیانمان بۆ جوان کردوون، کردەوەکانیان چاك بن، یان خراپ) یانی: سوننەتو یاسای ئێمە لە هەڵسوکەوتی بەشەرو لە کاروباری بەشەردا وایە، کە ئەو شتەی لەسەری بەردەوام دەبنو، عادەتی پێوە دەگرن، لەوەی کە بابو باپیرانیان لەسەری بوون، یان لەوەی کە بۆخۆیان دایان هێناوە، کە پێیان چاك بێ.

کەواتە: لێرەدا خوای زاناو شارەزا باسی حاڵو واقیعی بەشەر دەکات: هەر کۆمەڵێك ئەو کردەوەیەی کە دەیکەن، دیارە پێیان خۆشەو پێیان چاکە؛ ئەو بت پەرستەی، بتەکەی دەپەرستێ، پێی وایە شتێکی زۆر باشی کردوە.

شەڕاب خۆرێك کە شەڕاب دەخواتەوە، پێی وایە شتێکی باشی کردوە.

ئەوەی کە ڕێگریی دەکات، پێی وایە ڕێگریی شتێکی زۆرباشە، کەسابەتێکی زۆر باشە.

ئەوەی کە قومار دەکات، پێی وایە زۆر باشە ماڵێکی دەست بکەوێ، بێئەوەی ئارەقەی پێوە بکات ...هتد.

کەواتە: لێرەدا خوا مەبەستی ئەوە نیە بفەرموێ: من خراپەم بۆ کافرەکان جوان کردوە! دەفەرموێ: بەپێی یاسای خوا، هەر کاتێك ئینسان لەسەر شتێك ڕاهاتو لەسەری بەردەوام بوو، لە لای جوان دەبێ، ئەوەش شتێکی واقیعییە تەماشا بکەن: بابای جگەرەکێش ــ لە خوا بە زیاد بێ کە ئێمە جگەرە ناکێشین، ئێستا لێرەدا جگەرەیەك بکێشرێ، هەموومان تەنگە نەفەس دەبین، بۆن خڵتەو دووکەڵەکەی ناخۆشە ـ کەسێك کە جگەرە دەکێشێ، ئەویش ڕەنگە یەکەمجار کە دەیکێشێ، بە دووکەڵەکەی قەڵس بێ، بەڵام وردە وردە لەسەری بەردەوام دەبێ، تاکو دەبێتە بەشێك لە خوێنیو لە جەستەیو، تەنانەت لەززەتی لێ دەکات، ئنجا جگەرە هەر تاڵو ناخۆشە، بەڵام خوا مرۆڤی وا دروستکردوە، دەتوانێ بە خێریشەوە ڕابێ، بە شەڕیشەوە ڕابێ.

یان کەسێك کە زینا دەکات، قەتڵ دەکات، شەڕاب دەخواتەوە، قومار دەکات، جنێو بە خەڵك دەدات، غەیبەت دەکات، ئەزیەتی خەڵك دەدات، بێگومان ئەوانە

هەر کردەوەی خراپن، بەڵام مرۆڤ کە لەسەر خراپەش بەردەوام بوو، جۆرێك لە لەززەتی درۆی بۆ پەیدا دەبێ، کەواتە: ئەم ئایەتە حەقیقەتێکی دەروونیی لە ژیانی مرۆڤدا بەیان دەکات، کە مرۆڤ ئەگەر لەسەر شتێك بەردەوام بوو، ئەو شتە چاك بێ، یان خراپ بێ، خۆش بێ، یان ناخۆش بێ، دەبێتە بەشێك لە وجوودی، دەبێتە بەشێك لە کەسایەتیی.

ئنجا لێرەشەوە دەزانین : بۆچی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: منداڵەکانتان لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە فێری نوێژ بکەن؟ دیارە کە دەفەرموێ: فێری نوێژیان بکەن، واتە: فێری ڕۆژووشیان بکەن، فێری چاکەیان بکەن، فێری ئیمانو عەقیدەو فێری ڕەوشتی جوانیان بکەن، بەڵام کە نوێژی فەرمووە، چونکە نوێژ گرنگترینیەتی، بۆچی لە حەوت ساڵیی دا دەبێ ڕابهێنرێ؟ چونکە هەرچەندە لەسەری فەرز نیە، بەڵام دوایی دەبێتە بەشێك لە کیانی، وە ئەو منداڵە کە دەکەوێتە تەمەنی هەرزەکاریی و دوایی باڵغ دەبێ، ئەگەر نوێژ نەکات، وا دەزانێ شتێکی لێ ون بووە، وە ئەگەر ڕۆژوو نەگرێ، پێی وایە غەدرێکی کردوە، وە ئەگەر جنێوێك بدات، وا دەزانێ شتێکی زۆر خراپی کردوە، وە ئەگەر ڕێز لە دایكو بابی نەگرێو، ڕێز لە میوان نەگرێ، هەست دەکات کە شتێکی خراپی کردوە، چونکە وا ڕاهاتوە، ئەو شتانە بوونە بەشێك لە کیانو وجوودی.

ئنجا وەك چۆن ئینسان کە بە شتی چاکەوە ڕاهات، دەبێتە بەشێك لە دەروونیو کەسایەتیی، کە بە شتی خراپیشەوە ڕاهات، هەروایە.

ئنجا عەبدوڵلای کوڕی عەبباس خوا لە خۆی بابی ڕازی بێ، لەوبارەوە دەڵێ : {زَيّـنـا لأَهْـلِ الطّـاعَةِ الطَّاعَـةَ، وَلأَهْـلِ الكُـفْـرِ الكُـفْـرَ، وَهُـوَ كَقَوْلِـهِ تَعَـالَى:

﴿يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ وَلَتُسْـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٩٣﴾﴾ النحل،

واتە: خوای پەروەردگار مەبەستی ئەوەیە کە: بۆ چاکەکاران، چاکەمان جوان کردووە، بۆ ئەهلی کوفریش کوفرمان ڕازاندۆتەوە، ئەمە وەك ئەو فەرموودەیەی خوای بەرزە کە دەفەرموێ: ﴿يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ﴾، (خوا) هەر کەسێ کە بیەوێ گومڕای دەکات، وە هەرکەسێکیش بیەوێ، ڕێنمایی دەکات.

ئنجا لێرەدا پرسیارێکی دیکە دێتە پێش: ئایا حیکمەت لەم ڕستەیە چییە؟ حیکمەتەکەی ئەوەیە کە خوا دەیەوێ دڵی پێغەمبەر ﷺ و مسوڵمانان بداتەوە، یانی: پێتان سەیر نەبێ ئەوانەی بتو صەنەم دەپەرستن، مانگو خۆر دەپەرستن، تاغوتێك دەپەرستن، هەواو ئارەزووی خۆیان دەپەرستن، پارە دەپەرستن ! ئەوە سوننەتی خوا وایە: هەر کاتێك مرۆڤێك بە شتێکەوە ڕاهات، ئەو شتەی لەلا جوان دەبێ، با لە زاتی خۆشیدا جوان نەبێ، وە لە لای شیرین دەبێ، با لە زاتی خۆشیدا، تاڵو تفتو ناخۆش بێ، وەك هەموو ئەو شتە حەرامانەی خەڵك دەیانخۆن، سوننەتی خوا وایەو، بەشەر ئەو توانایەی هەیە کە ئەگەر خۆی لەسەر شتی خراپیش ڕابێنێ، دوایی ئەو شتەی لەبەرچاو جوان دەبێ، واتە: ئێوە دڵتەنگ مەبنو، بەوە لە هەقی خۆتان مەکەونە گومانەوە : ئەگەر دەبینن خەڵکێکی زۆر ناهەقەکەی خۆی لەلا شیرینە، حەرامو خراپەی خۆیان لەلا ڕازاوەو جوانە، خوا مرۆڤی وا دروستکردوە، چونکە ئەگەر وانەبا، مرۆڤ نەیدەتوانی بە لاڕێدا بڕوات، ئەگەر وەك چۆن مرۆڤی ئیماندار، بەهۆی ئیمانو طاعەتەکەیەوە، هەر کاتێك گوناهێك، بکات هەست بە تاڵایی دەکات، کافرێکیش کە گوناهێکی کرد، هەستی بە تاڵایی کردبایە، نەیدەتوانی گوناهان بکاتو، ئەو کاتەش نەدەگونجا تاقی بکرێتەوە، بەڵام هەر کات مرۆڤ لەسەر گوناهان بەردەوام بوو، وای لێدێ، لەززەت لە گوناهەکانیو لە کوفرەکەی دەکات، وە هەر بەو شێوەیەش دەگونجێ مرۆڤ تاقی بکرێتەوە.

هەروەها پرسیارێکی دیکەش دەکرێ: خوا جوانکردنی کردەوەکانی لێرەدا، پاڵداوەتە لای خۆی: ﴿ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ﴾، ئا بەو شێوەیە بۆ هەر کۆمەڵێك کردەوەکانیانمان ڕازاندۆتەوە، بەڵام لە شوێنی دیکە دەفەرموێ: شەیتان کردەوەکانی بۆ ڕازاندوونە، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٤٨﴾ ﴾ الأنفال، وە لە شوێنی دیکە دەفەرموێ: ﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ ﴿١٤﴾ ﴾ آل عمران، خۆشویستنی ئارەزووەکان بۆ خەڵك ڕازێنراونەوە، واتە: بە نەزانراو (مجهول) باسیکردووەو نازانرێ کێ ڕازاندوونیەوە ؟! وەڵامەکەی ئاوەیە :

١/ خوا پاڵی داوەتە لای خۆی، واتە: بە پێی یاساو سوننەتی خوا، هەر کۆمەڵێكو هەر مرۆڤێك کردەوەکانی خۆی، لەلا جوانن.

٢/ پاڵی داوەتە لای شەیتان، لەبەرئەوەی كە ڕازێنەرەوەو جوانكەری خراپەكان، شەیتانەو ئەوەی كە ڕاستەوخۆ كردەوە خراپەكان جوان دەكات، كوفرو ناشەرعیی جوان دەكات، لەبەرچاوی خەڵك، شەیتانە.

٣/ وە كە بە بكەر نەزانراو (مجهول الفاعل) باسیكردوە: ﴿... زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ ...﴿١٤﴾﴾آل عمران، ئەگەر مەبەست لە ئارەزووەكان (الشهوات) ئەو شتانە بن، كە شتێكی خوارسك (فطري)ن و، لە سنووری شەرعدا تێر دەكرێن، وەك غەریزەی جینسیی نێوان ژن و مێرد، ماڵ و سامان و...هتد، ئەوە ڕازێنەرەوەكەیان، خوای كاربەجێیە، بەڵام ئەگەر لە سنووری شەرع بەدەر بن، وەك زیناو مەیخۆریی و دزیی و...هتد، ئەوە ڕازێنەرەوەكەیان، شەیتانە.

مەسەلەی حەوتەم: كە دەفەرموێ: ﴿وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَـٰنِهِمْ لَئِن جَآءَتْهُمْ ءَايَةٌ لَّيُؤْمِنُنَّ بِهَا ۚ قُلْ إِنَّمَا ٱلْـَٔايَـٰتُ عِندَ ٱللَّهِ ۖ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾، كە پێشتریش ئەم ئایەتەمان تەفسیر كرد، دەفەرموێ: (كافرەكان) زۆر بە داكۆكیی و جەخت لەسەركردنەوە، سوێندیان بە خوا خوارد، ئەگەر نیشانەیەكیان بۆ بێ، بێگومان ئیمانی پێ دێنن، بڵێ: بەڵگەو نیشانەكان لەلای خواوەن، وە ئێوە (ئەی مسوڵمانینە!) چ شتێك وایكردوە بزانن و هەست بكەن كە ئەگەر ئەو نیشانانەش بێن، ئەو بێبڕوایانە هەر ئیمانیان پێ ناهێنن؟ واتە: ئێوە ناتوانن ئەوە بزانن، چونكە ئەوە نهێنیی و پەنهانێكە، تەنیا خوا دەیزانێ.

جا لێرەدا دەربارەی وشەی: ﴿جَهْدَ أَيْمَـٰنِهِمْ﴾، (القرطبي) لە تەفسیرەكەی خۆیدا دەڵێ: (أَي: غَايَةَ أَيْمَانِهِم الَّتِي بَلَغَهَا علمهم، وَانْتَهَت إِلَيْهَا قُدْرَتُهُم)[1] واتە: سوێندەكانیان كە ئەوپەڕی زانیاریی و توانایان پێیان دەگات، واتە: سوێند دەخۆن زۆر بە جەخت لەسەركردنەوەو داكۆكیی لەسەركردنەوە، بۆئەوەی بەرانبەرەكانیان قەناعەت پێ بێنن، تاكو پێغەمبەری خوا، داوا لە خوا بكات،

---

١) الجامع لأحكام القرآن ج٧، ص٥١.

نیشانەیەکیان بۆ بێنێ، بۆئەوەی ئیمانی پێ بێنن، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿لَئِن جَآءَتۡهُمۡ ءَايَةٌ لَّيُؤۡمِنُنَّ بِهَاۚ قُلۡ إِنَّمَا ٱلۡأٓيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِۖ وَمَا يُشۡعِرُكُمۡ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتۡ لَا يُؤۡمِنُونَ﴾، مەبەست لە (آیة) موعجیزەیە، ئایا بەڵگەمان چییە کە مەبەست پێی ئایەتی قورئان نییە؟ چونکە ئایەتی قورئان، ئەوە دیارە بۆیان هاتووەو ئیمانیشی پێ ناهێنن، چونکە وەك پێشتر گوتمان: وشەی ئایەت لە زمانی عەرەبی داو لە بەکارهێنانی قورئاندا، بە سێ مانای سەرکیی دێ:

١) بە مانای ڕستەکانی قورئان دێ: ﴿وَٱتۡلُ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِن كِتَابِ رَبِّكَۖ لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ وَلَن تَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلۡتَحَدٗا ﴿٢٧﴾﴾ الكهف.

٢) وە بە مانای موعجیزە دێ، موعجیزەش بە کوردیی دەبێتە (دەستەوسانکەر)، واتە: بەڵگەیەکی وا کە بەرانبەرەکەت دەستەوسان بکەی، نەتوانێ شتی وا بێنێ، کە لە سووڕەتی (الأنبياء)دا وشەی ئایەت بۆ ئەو مەبەستە بەکارهاتوە: ﴿... فَلۡيَأۡتِنَا بِـَٔايَةٖ كَمَآ أُرۡسِلَ ٱلۡأَوَّلُونَ ﴿٥﴾﴾، با ئایەتێکمان بۆ بێنێ، واتە: موعجیزەیەکمان بۆ بێنێ، وەك چۆن پێغەمبەرانی پێشوو ڕەوانەکران، بە ئایەتو موعجیزەی بەرهەستەوە، با موحەممەدیش موعجیزەیەکی ئاوامان بۆ بێنێ.

٣) بەمانای دیاردەو دیمەنەکانی دەورووبەریش دێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَكَأَيِّن مِّنۡ ءَايَةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ يَمُرُّونَ عَلَيۡهَا وَهُمۡ عَنۡهَا مُعۡرِضُونَ ﴿١٠٥﴾﴾ یوسف، واتە: زۆر نیشانە هەن لە ئاسمانەکانو زەوی دا، بەلایاندا ڕەت دەبن، بەلام پشتیان تێ دەکەن، واتە: سەرنجیان نادەن، کە لێرەدا مەبەست پێی دیاردەو دیمەنەکانی بوونەوەرو دەورووبەرە.

بەلام لێرەدا مەبەست پێی موعجیزەیە: ﴿قُلۡ إِنَّمَا ٱلۡأٓيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِۖ وَمَا يُشۡعِرُكُمۡ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿١٠٩﴾﴾.

کەواتـە: کە دەفـەرموێ: ﴿ قُلۡ إِنَّمَا ٱلۡأٓيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ ﴾، بڵـێ: نیشـانەکان لـە لای خـوان، موعجیـزەکان لـە لای خـوان.

یانـی: هیچ پێغەمبەرێك (علیهم الصلاة والسلام) موعجیـرەکەی بەدەست خـۆی نـەبووە، خـوای پەروەردگار بە پێی پێداویستیی ئەو ڕۆژگـارەی کە ئەو پێغـەمبـەرەی تێـدا بـووە، موعجیزەیـەکی داوەتـێ، کـە خەڵـکی ڕۆژگـاری خـۆی پــێ دەستەوسـان بکات، وە ئیسپاتی پێغـەمبـەرایەتیی خـۆی پێبکات :

١ - لـە سـەردەمی مووسـادا جـادوو بـاو بـووە، خـوای کـاربەجـێ ئـەو گۆچـانەی بـە مووسا داوە، کە بۆتـە مارێکـی گـەورەو بێـرەزا، هـەروەها دەستی ڕاسـتی کـە لـەبن هەنگڵی دەنـا، وەك خـۆر ڕۆشنایی دەدا، واتە: موعجیـزەکـەی لـە شـێوەی جـادوودا بـوو، بەڵام جـادوو نـەبـوو.

٢ - وە لـە سـەردەمی عیسـا ﷺدا زانسـتی پزیشـکیی بـاو بـووە، بۆیـە خـوای پەروەردگار هەندێ موعجیـزەی بـە عیسا ﷺدان، کـە پـێش هـەموو پزیشـکەکان کەوتـەوە: مـردووی زینـدوو دەکـردەوە، لە قوڕ باڵنـدەی دروسـت دەکـرد، کوێرو کـەڕو گـەری زگماکی چاك دەکـردەوە، تا کۆتـایـی.

٣ - وە لە سـەردەمی پێغـەمبـەری ئێمەشـدا ﷺ لە نێـو ئـەو گەلـەی کە ئـەو تێیانـدا بوو، زانیـاریی ڕەوانبێـژیی زیـاتر بـاو بوو، زمانزانیی‌و قسـەکردن‌و وتـارو شـیعر، بۆیە خـوای زانـا ئەم قورئانەی دا بە پێغـەمبـەر ﷺ وەك موعجیـزە، تاکو خەڵکی ڕۆژگـاری خۆی پـێ دەستەوسـان بکات، وە دەشیزانی کە لـە دواییشـدا مرۆڤایـەتیی زیاتر زانستیان لەنێـودا دەبێتـە شتێکی ڕەواج پێـدراوو گرنـگ، وە ژیـانی مـرۆڤ زیاتر لـە ڕووی زانسـتییەوە بـەرەو پێـش دەچـێ، بۆیـە خـوا موعجیزەیـەکی بـۆ پێغـەمبـەری خاتـەم ﷺ نـارد، کە شـێوەی ئـەوەی هەیـە کـە لـە ڕۆژگـاری ئەوانـدا خەڵك خـۆی پێـوە هەڵـدەکێشـێ، کە زانستییە، بەڵام ئەو زانستەی کە لـە قورئانـدا هەیە، بێگـومان لە پێـش هـەموو زانسـتێکـەوەیـە.

ئنجـا دوایـی کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَمَا يُشۡعِرُكُمۡ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴾، واتە: ئەی ئیمانداریـنە! چ شتێك وای کـردوە کە هەست بکـەن‌و بـزانن: ئەگـەر ئـەو

نیشانەو موعجیزانەی ئەوانیش داوای دەکەن، بۆیان بێ، ئیمان ناهێنن؟ بۆیە پێتان خۆشە خوا ئایەتەکان بنێرێ، دیارە مسوڵمانان پێیان خۆش بووە خوای کارزان هەرچی کافرەکان داوای دەکەن لە موعجیزان، بۆیان بنێرێ‌و ناچاربن ئیمان بێنن.

ئنجا خوا دەفەرموێ: چ شتێك وای کردوە کە ئێوە بزانن، کە ئەگەر ئەو موعجیزانەش بێن، ئەوان ئیمان ناهێنن ؟ بۆیە سوورن لەسەر ئەوە، ئەگەرنا ئەگەر زانیباتان ئیمان ناهێنن، کە خوای پەروەردگار ئەوە دەزانێ، ئەو کاتە زۆر مکور نەدەبوون.

پێشتر باسمان کرد کە زانایان لەبارەی ئەم ڕستە قورئانییەوە: ﴿ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾، مشتومڕی زۆریان بووە، هەندێکیان گوتوویانە: وشەی (لا) زیادە، هەڵبەتە کە گوتوویانە: زیادە، مەبەست ئەوە نییە کە وشەیەك لە قورئاندا زیادە، گوتوویانە: زیادە بۆ جەختکردنەوە (زائدة للتأكيد)، چونکە دەڵێن: ئەسڵی خۆی دەبێ ئاوا بێ: ﴿ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتْ يُؤْمِنُونَ ﴾، ئێوە چۆن بزانن، کە ئیمان دێنن ؟ نەك چۆن بزانن، کە ئیمان ناهێنن ؟

بەڵام لە ڕاستییدا ئەگەر هەر لەسەر شێوەی خۆی بهێڵرێتەوە، باشترە، وەك زەمەخشەریی گوتوویەتی، کە زانایەکی زۆر شارەزایە لە ڕەوانبێژییدا، تەفسیرێکی هەیە بە ناوی (الكشاف) وەك (جمال الدين القاسمي) لە (محاسن التأويل)دا دەڵێ: (الَّذِي ارْتَضَاهُ الزّمَخشَري، وتبعه المحققون: حَمْلُ الكَلامَ عَلَى ظَاهِرِه، وَأَنَّ الإِسْتِفهَامَ فِي مَعْنَى النّفِي وَالإِخْبَار عَنْهُمْ بعَدَمَ العِلْم، لا الإِنْكَار عَلَيهِم وَالمعْنَى: وَمَا يُدريكم أن الآيَة الّتِي يقترحونهَا، إِذَا جَاءَت لا يُؤمِنُونَ بِهَا، يَعْنِي: أَنا أَعْلَمَ أَنَّهَا إِذَا جَاءَت لا يُؤْمِنُون بِهَا، وَأَنْتُمْ لاَ تَدرونَ ذَلِكَ)[1] دەڵێ: ئەوەی زەمەخشەریی پەسندی کردوە، وە زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان پەسەندیان کردوە، بۆ مانای ئەم ڕستە قورئانییە، ئەوەیە کە هەروەك ڕواڵەتی خۆی تەماشای بکرێ، (واتە: تەئویل نەکرێ، نەگوترێ "لا"یەکە زیادە بۆ تەئکید، یاخود نەگوترێ: بە

---

١) محاسن التأويل، ج٤، ص ٦٨٣، ٦٨٤.

مانای "لعلَّ"یە) وە پرسیارکردنەکە لە مانای: لابردن (نفي)و هەواڵدان دایە، لەبارەیانەوە، کە ئەوان نازانن، نەك نکووڵییان لێ بکات، یانی: ئەگەر ئەو موعجیزەو بەڵگەیەش بێ، کە پێشنیاری دەکەن، ئەوانە هەر ئیمان ناهێنن، واتە: من دەزانم، ئەگەر ئەو موعجیزەیەش بێ، بڕای پێ ناهێنن، بەڵام ئێوە ئەوە نازانن.

ئنجا لەم ئایەتەدا: ﴿ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾، ئەگەر وشەی: ﴿ أَنَّهَآ ﴾، ئەگەر بە: ﴿ أَنَّهَآ ﴾، بخوێندرێتەوە، ماناکەیمان کرد، بەڵام بە (إِنَّهَا)ش خوێندراوەتەوە، ئنجا ئەگەر (إِنَّهَا)بێ، واتە: چ شتێك وای لە ئێوە کردوە بزانن! بێگومان ئەگەر ئەو نیشانایەی کە داوای دەکەن، بێتیش ئەوان ئیمان ناهێنن: (إِنَّهَا إِذَا جَآءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ) واتە: بێگومان ئەگەر ئایەتەکەش بێ، ئەوان هەر ئیمان ناهێنن.

دیارە ئەو کاتەش ئەو مشتومڕەی تێدا نابێ، کە لە کاتێکدا بە (أَنَّهَا) بخوێنرێتەوە، پەیدا دەبێ.

مەسەلەی هەشتەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَـٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُواْ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَنَذَرُهُمْ فِى طُغْيَـٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴾، وە دڵەکانیان و چاوەکانیان هەڵدەگێڕینەوە، واتە: وا دەکەین کە عەقڵ و دڵیان ئایەتەکان نەبینن و تێیاننەگەن، وە چاویان ئایەتەکان نەبینن، تاکو (ئیمان نەهێنن) ﴿ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُواْ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ ﴾، وەك چۆن یەکەمجار ئیمانیان پێ نەهێنا، ئێمەش لە سزای ئەوەدا، وایان لێ دەکەین کە عەقڵ و دڵیان لە ئایەتەکان نەگەن، وە چاویان نەیانبینێ، وە سەرەنجام ئیمانیان پێ نەهێنن، ﴿ وَنَذَرُهُمْ فِى طُغْيَـٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴾، وە لێیاندەگەڕێین لە سەرکێشیی و یاخیی بوونی خۆیاندا بخولێنەوەو سەرگەردان بن، وەك توێژەروانی قورئان دەڵێن: ئەم ڕستە قورئانییە، مانایەکەی دوو ئەگەری هەن :

١) دەگونجێ مەبەست پێی سزادانی خوای دادگەربێ بۆ ئەوان لە دنیادا، کە ئەو کاتە دەبێ بڵێین: بادراوەتەوە سەر (معطوف على) ﴿ لَمْ يُؤْمِنُوا ﴾، دیارە ئەو کاتەش هەمان ئەو حوکمەی ﴿ وَمَا يُشْعِرُكُمْ ﴾ی دەبێ، کە پێشتر باسمان کرد.

لەوبارەوە (أبو السُّعود) کە یەکێکە لە توێژەرەوانی بەرجەستەی قورئان، وەك خاوەنی (محاسن التأويل) لێی دەگێڕێتەوە، دەڵێ: (وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّا نُقَلِّبُ أَفْئِدَتَهُمْ عَنْ إِدْرَاكِ الحَقِّ، فَلا يَفْقَهُونَهُ، وَأَبْصَارَهُمْ عَنْ اجْتِلائِهِ فَلا يُبْصِرُونَهُ، لَكِن لا مَعَ تَوَجُّهِهَا إِلَيْهِ وَاسْتِعْدَادِهَا لِقَبُولِهِ، بَلْ لِكَمَالِ نَبُوِّهَا عَنْهُ وَإِعْرَاضِهَا بالكُلِّيَةِ، وَلِذَلِكَ أُخِّرَ ذِكْرُهُ عَنْ ذِكْرِ عَدَمِ إِيْمَانِهِم، إِشْعَاراً بِأَصَالَتِهِم فِي الكُفْرِ وَحَسْماً لِتَوَهُّمِ أَنَّ عَدَمَ إِيْمَانِهِم نَاشِيء مِنْ تَقْلِيبِهِ تَعَالى مَشَاعِرَهُم بطَرِيقِ الإِجْبَارِ)[1]، واتە: کە خوا دەفەرموێ: ئێمە دڵ و چاویان هەڵدەگێڕینەوە، یانی: چ شتێك وای لە ئێوە کردوە کە بزانن و هەست بکەن، کە ئێمە دڵەکانیان لە ئاست ناسینی هەق دا هەڵدەگێڕینەوەو، چاوەکانیان لە دیتنی، لا دەدەین و نایبینن، بەڵام نەك بەو مانایە کە خۆیان بیانەوێ بە عەقڵ و دڵ لە هەق تێبگەن، وە بە چاو ببینن، کەچی خوا رێیان لێ بگرێ! بەڵکو بەهۆی ئەوەوە کە زۆر خۆیان لە هەق بە دوور دەگرن و، پشتی تێ دەکەن و بەهۆی ئەوەشەوە خوای دادگەریش، وەك سزادانێك بۆ هەڵوێستەکەی خۆیان، وایان لێ دەکات، کە لە هەق نەگەن و نەیبینن، هەر بۆیەش باسی دەرکنەکردنی هەق و، نەبینینیان بۆی، خراوەتە دوای ئیمان نەهێنانیان، تاکو بزانرێ کە ئەوان بە کوفردا زۆر رۆچوون {سەرەنجام: هەستەوەرەکانیان لە کار کەوتوون، نە عەقڵیان باش تێدەگاو، نە چاویان دەبینێ و نە گوێیان دەبیستێ}[2]، وە بۆ ئەوەی رێگریی لەو وەهمەش بکرێ، کە ئیمان نەهێنانیان، لەوەوە نەهاتوە کە خوای بەرز جەبریان لێ بکات و، نەهێڵێ ئیمان بێنن.

---

١) محاسن التأويل، ج٤، ص ٦٨٥.

٢) ئەوەی نێوان دوو کەوانەکان { } خۆم زیادم کرد، بۆ زیاتر روونبوونەوەی مەبەست.

٢) واتایەكی دیكەی ئەوەیە، كە لێرەدا خوای كارزان باسی سزادانیان دەكات لە قیامەت دا: ﴿ وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَـٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَنَذَرُهُمْ فِى طُغْيَـٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴾، وەك (القرطبي) لە (الجامع لأحكام القرآن)[١] دا دەڵێ: (وَنُقَلِّبُ أَفْئِدَتَهُمْ وَأَبْصَارَهُمْ يَوْمَ القِيَامَةِ عَلَى لَهب النَّار وَحرِّ الجَمْرِ، كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا فِي الدُّنيا، وَنمهلهم فِي الدُّنيا ولا نُعَاقِبهُم، فَبَعْض الآية فِي الآخرة، وبعْضُهَا فِي الدُّنيا)، واتە: (كە خوای پەروەردگار وا دەفەرموێ): یانی: ئێمە دڵەكانیان و چاوەكانیان لە ڕۆژی دوایی دا، لەسەر گڕی ئاگرو، لەسەر پشكۆكان، هەڵگێڕو وەرگێڕ دەكەین و، دەیانسووڕێنین، بۆئەوەی بە هەموو بارانـدا، چاك بسووتێن، وەك چۆن لە دنیادا ئیمانیان پێ نەهێناوە، بەڵام ئێمە لە دنیادا مۆڵەتیان دەدەین و، پەلە ناكەین لە سزادانیان دا، كەواتە: ئایەتەكە هەندێكی باسی دنیا دەكات، وە هەندێكیشی باسی دوارۆژ دەكات.

هەڵبەتە دەشگونجێ بڵێین لە یەك كاتدا ئایەتەكە هەردوو واتاكەی هەن، بەڵام من پێمـوایە، واتای یەكەمیان زیاتر لەگەڵ سیاقی ئایەتەكان دا دەگونجێ.

ئنجا لەوبارەشەوە، كە جاری وایە خوا بەهۆی بەردەوام بوونی مرۆڤ لەسەر گوناح و تاوانەوە، وای لێدەكات كە ئیمان نەهێنێ، وە هەستەوەرەكانی لە كاردەكەون و یەك دەخرێن و دەوری خۆیان نابینن، لەوبارەوە ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ هەیە: «عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُكْثِرُ أَنْ يَقُولَ: يَا مُقَلِّبَ الْقُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دِينِكَ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ! قَدْ آمَنَّا بِكَ، وَبِمَا جِئْتَ بِهِ، فَهَلْ تَخَافُ عَلَيْنَا؟ قَالَ: نَعَمْ، إِنَّ الْقُلُوبَ بَيْنَ أُصْبُعَيْنِ مِنْ أَصَابِعِ اللهِ يُقَلِّبُهَا كَيْفَ يَشَاءُ»[٢] واتە: ئەنەسی كوڕی مالیك خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ زۆرجار دەیفەرموو: (يَا مُقَلِّبَ الْقُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى

---

١) الجامع لأحكام القرآن، ج٧، ص ٥٣، ٥٤.

٢) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٢١٢٨)، وَالبُخَارِيُّ فِي "الأدب المفرد" برقم: (٦٨٣)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢١٤٠)، واللَّفظ لَهُ، وَابْنُ مَاجَه برقم: (٣٨٣٤)، وَالحَاكِمُ برقم: (١٩٢٧) وَالبَزَّار برقم: (٧٥٠٨)، وَابْنُ أَبي شَيْبَة برقم: (٣١٠٤٤).

دِینِكَ) ئەی هەڵگێڕەرەوەی دڵەكان! دڵم لەسەر دینی خۆت بچەسپێنە، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! ئێمە ئیمانمان بە تۆ هێناوەو، ئەوەی تۆ لە خواوە هێناوتە، ئیمانمان پێ هێناوە، ئایا مەترسییت لێمان هەیە {هەڵگەڕێینەوە} ؟ فەرمووی: بەڵێ: چونكە دڵەكان لە نێوان دوو پەنجە لە پەنجەكانی خوادان، چۆنی بوێ دەیانسووڕێنێ.

هەڵبەتە لێرەدا مەبەست ئەوە نیە كە پێغەمبەر ﷺ باسی پەنجەی خوا بكات، هەرچەندە هەندێ لە زانایان ئەمە وا تەئویل دەكەن دەڵێن: ئەگەر خوا پەنجەشی هەبێ، ئەوە سیفەتی خوایە، وەك بۆ خوا شایستەیە، بەڵام ئەوەی كە لە فەرموودەكە وەردەگیرێ، وەك زانایانی لێكۆڵەرەوەو ڕۆچوو گوتوویانە: پێغەمبەر ﷺ لێرەدا وێكچواندنێك دەكات، بۆ ئەوە كە خوا چۆن دڵی مرۆڤەكان هەڵگێڕو وەرگێڕ دەكاتو دەیانسووڕێنێ بە ملاولادا، لە ئەنجامی كردەوەكانی خۆیان سیفەتەكانی خۆیاندا، وە بەپێی یاسای خواو سونەتی خوا، دڵەكان بەملاولادا دەچن، وەك چۆن كەسێك بە دوو پەنجە شتێك دەسووڕێنێ، بەملاولادا، بەو شێوەیەش بۆ خوای باڵادەست ئاسانە.

ئەگەرنا مەبەست لێرەدا ئەوە نیە كە پێغەمبەر ﷺ باسی دوو پەنجەی خوا بكات، بەپێی ڕای ئەوانە كە تەئویلی ناكەن، لەسەر ڕای سەلەفی صالح كە گووتوویانە: دوو پەنجەی خوا، واتە: دوو سیفەتی خوا، بەڵام هەر لە پێشینی چاكیش هەبووە كە گوتوویانە: ئەو جۆرە وشانە مانای مەجازییان هەیە، نەك مانای حەقیقیی، واتە: بە تەئویلیشیان لە قەڵەم نەداوە، بەڵكو گوتوویانە: لە زماندا ئەو تەعبیرە بەكاردێ، دەڵێن: فلان كەس بە دوو پەنجە فلان كارەی كرد، ئەوە نیە كە بە دوو پەنجە وای كردبێ، مەبەست ئەوەیە كە زۆر بە ئاسانیی كارەكەی كردووە.

مەسەلەی <u>نۆیەم</u>: كە دەفەرمویێ: ﴿ وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَىْءٍ قُبُلًا مَّا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوٓا۟ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ ﴾، خوا ﷻ لە باسی ئەوەدا كە بێبڕوایەكان، داوای موعجیزەو بەڵگەو نیشانەیان دەكرد، بۆئەوەی ئیمان بێنن، بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: وە

ئەگەر ئێمە وەك خۆیان داوا دەكەن: فریشتەشمان بۆ دابەزاندبان، وە مردووشمان زیندووكردبانەوەو، قسەیان لەگەڵ كردبان، وە هەموو شتێكیش كە ئەوان داوای دەكەن، ڕووبەڕوو، یاخود كۆمەڵ كۆمەڵ، بۆمان هێنابانایە، ئەوكاتەش هەر ئیمانیان نەدەهێناو بۆیان نەبوو، ئیمان بێنن، مەگەر خوا ویستبای، بەڵام زۆربەیان نافامن.

واتە: ئەگەر نەك ئەو بەڵگەو نیشانانەی كە ئەوان دەیڵێن، بەڵكو ئەگەر فریشتەشمان بۆ دابەزاندبان، هیچ لە مەسەلەكە نەدەگۆڕا {وەك لە سووڕەتی (الفرقان) لە ئایەتی (٢١)دا هەندێكیان داوایان كردو گوتیان: ﴿لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَوۡ نَرَىٰ رَبَّنَا ...﴾ (٢١)، واتە: دەبوایە فریشتەمان دابەزێتە سەر، یان پەروەردگارمان ببینین}.

هەروەها ئەگەر مردووشمان بۆ زیندووكردبانەوەو قسەیان لەگەڵ كردبان (كە ئەو موحەممەدە ﷺ پێغەمبەری كۆتایی خوایەو، ئەو قورئانە دوا كتێبی خوایەو ئیمانی پێ بێنن) ! دیسان هەر هەمان هەڵوێستیان دەبوو، {وەك لە سووڕەتی (الدخان) لە ئایەتی (٣٦)دا گوتوویانە: ﴿ فَأۡتُواْ بِـَٔابَآئِنَآ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴾، واتە: باب و باپیرانمان زیندووبكەنەوە، ئەگەر ڕاست دەكەن، واتە: مردووان زیندوو بكەنەوە، با بۆمان باسی بەرزەخ بكەن، وە باسی ئەوە بكەن، كە ئێوە پێغەمبەری خوان، وە ئەو كتێبەی كە بۆتان هاتوە، كتێبی خوایە !}.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَحَشَرۡنَا عَلَيۡهِمۡ كُلَّ شَيۡءٖ قُبُلٗا مَّا كَانُواْ لِيُؤۡمِنُوٓاْ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ يَجۡهَلُونَ ﴾، وە ئەگەر هەموو شتێكمان ڕووبەڕوو بۆ هێنابان، واتە: هەموو شتێك كە ئەوان داوای دەكەن: (قُبُلٗا) یانی: ڕووبەڕوو، یان دەستە دەستە، كۆمەڵ كۆمەڵ، دیسان نەدەگونجا ئیمان بێنن، ئەگەر خوا نەیویستبا.

كەواتە: ئێستا كە ئیمان ناهێنن، لەبەرئەوەیە خوا نەیویستوە ئیمان بێنن، ئنجا بۆچی خوا نەیویستوە خەڵك بەزۆر ئیمان بێنن ؟ چونكە ویستوویەتی بە

شێوەیەکی ئـازادو بە ویستی ئـازادانەی خۆیـان ئیمـان بێنـن‌و نەیویسـتوە زۆریـان لـێ بکـات، ویستوویەتی ئازادیـان بکـات، ئنجـا هەندێکـیان ئیمـانیان هێنـاوە بـە ویسـتی ئازادانـەی خۆیـان، کـە ئیمانـدارانن، هەندێکیشـیان ئیمانیـان نـەهێناوە، کـە بێبـڕوایەکـانن.

کەواتە: ئەوانـەی کە ئیمانیـان نـەهێناوە، وە نەبـێ لەبـەر ئــەوە بـێ کـە خـوای کاربەجـێ ویستبـێ، بـەڵام ئـەوان پێچەوانەی ویستی وا جـووڵاینـەوە، بەڵـکو خـوا هـەر لە ئەزەلدا ویسـتوویەتی ئەو خەڵکە ئازاد بکات، ئـەوەی ئیمان دێنـێ، با بە ئـازادیـی ئیمـان بێنـێ، وە ئـەوەی ئیمـانیش ناهێنـێ، بـا هـەر بـە ئـازادیـی ئیمـان نەهێنـێ، نـەك زۆریـان لـێ بکات، هـەروەك چـۆن زۆری لـە فریشتەکان کـردوە: بـێ فەرمـانیی خـوا نەکەن‌و، هەموویان ئیمانداربن‌و، ئەهلی طـاعـەت بـن. بـەڵام مرۆڤی وا خوڵقانـدوە، کە ئـازادی بکـات. ئنجـا ئەگـەر ئیمـانی هێنـا، بـا ئـازادانـە ئیمـان بهێنـێ، وە ئەگـەر ئیمانیشی نەهێنـا، هەر ئازادانە ئیمان نەهێنـێ.

وشـەی: (قُـبُلاً) ئـاواش خوێنـراوەتـەوە، وە بـە (قُـبْلاً) خوێنـراوەتـەوەو بـە (قِبَلاً) خوێنـراوەتـەوە.

ئنجا ئەگـەر (قُبُـلاً) بـێ، سێ واتـای هـەن:

١/ (الأخفش) کە یەکێکە لە شارەزایانی زمانی عـەرەبیی، گوتوویـەتی: (قُبُـلاً) واتـە: (قَبِـيلاً قَبِيلاً: جَمَـاعَـةً جَمَـاعَـةً) کۆمـەڵ کۆمـەڵ، یانـی: ئەگـەر هـەموو شـتێکمان کۆمـەڵ کۆمـەڵ بۆ هـێنابـانـە پێش، ئەو شـتانەی کە ئـەوان داوایـان دەکـرد، هـەر ئیـمانیـان نەدەهێـنـا.

٢/ وە هـەندێك گوتوویـانە: (قُـبُل) کـۆی (قَبِيـل)ە‌و بـە مانـای کەفیـل دێ، وەك گوتوویـانە: (أي: كَفَلُوك بِصِحَّةِ ما بشَّر وأَنْذر)، واتـە: (قُبُلاً) بـە مانـای ئـەوە دێ: کە کـەفالەتی ئـەوە بکەن: ئەوەی پێغـەمبـەر ﷺ، (وە پێغـەمبـەران) مـوژدەی پـێ دەداتو خـەڵکی لـێ دەترسـێنـێ، ڕاسـتە.

٣/ هـەروەهـا دەشـگونجـێ (قُبُل) بە مانـای: (مقابلةً ومواجهَةً) ئـەو کاتـەش (جمـع) نابـێ‌و (مفـرد) دەبـێ، یانـی: ڕووبـەڕوو، بە ئاشـکرا.

ئنجا خوای زاناو توانا لێرەدا دەفەرموێ: ئەگەر ئەو شتانەشمان هەموو بۆ کردبان: ﴿مَّا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوٓا۟ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾، واتە: بۆیان نەدەبوو بڕوا بێنن، مەگەر خوا بیەوێ.

خوا دەیەوێ تێمان بگەیەنێ، کە ویستی وی ڕەهایەو هیچ سنوورو بەندێکی لەسەر نیە، وە کافرەکان کە بێ فەرمانیی دەکەن، وە نەبێ خوایان دەستەوسان کردبێ‌و، پێچەوانەی ویستی خوا جووڵابنەوە، بەڵکو خوا بۆخۆی ویستوویەتی خەڵك ئازاد بێ، مرۆڤەکان ئازادبن، ئەوەی ئیمان دێنێ، بە ویستی خۆی ئیمان بێنێ، ئەوەش کە ئیمان ناهێنێ، بە ویستی خۆی ئیمان نەهێنێ.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ﴾، بەڵام زۆربەیان نافامن، واتە: نازانن کە مەسەلەی ئیمان نەهێنانیان، یەکێ لەسەر ئەوە نەکەوتوە، موعجیزەو بەڵگەی دیکەیان بۆبێ، بەڵکو یەکێ لەسەر ویستی ئازادانەی خۆیان کەوتوە، خۆیان نایانەوێ، بۆیە کە هاتنی ئایەتو نیشانەی دیکە پێشنیار دەکەن، لەبەر نەزانینو نەفامییانە، ئەگەرنا ئەگەر فامیدەبان، پێویستیی بەوە نەدەکرد موعجیزەو بەڵگەو نیشانەی دیکە پێشنیار بکەن، چونکە هیچ موعجیزەو بەڵگەیەك، لەم قورئانە ڕۆشنتر نیەو پڕ بە پێستتر نیە، بۆ پێغەمبەر کۆتایی، وە بۆ پەیامو بەرنامەکەی، کە دەبێ تاکو ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی هەیە، وەك چۆن بەرنامەکەی بەردەوام دەبێ، ئەو موعجیزەو بەڵگەیەش کە بەڵگەی ئیسپاتی ڕاستیی ئەو بەرنامەو پەیامەیەو، پشت ڕاستی دەکاتەوە، دەبێ ئەویش بەردەوام بێ، کە ئەویش دەبێ موعجیزەیەکی فیکریی زانستیی وەك قورئان بێ، وە ئەگەر موعجیزەیەکی بەرهەست بووایە، وەك ئەوەی پێغەمبەران، بە وەفاتکردنی پێغەمبەر ﷺ، موعجیزەکەشی کۆتایی پێ دەهات.

هەڵبەتە پێغەمبەری خاتەم ﷺ شتی دیکەشی بووە، وەك موعجیزە، بەڵام ئەو شتانەی بەکارنەهێناون، بۆ ئیساأپاتی پێغەمبەرایەتیی خۆی، بۆ وێنە :

أ/ ئاو لە نێوان پەنجەکانی هەڵقوڵیوەو هاتۆتە دەرێ، وە جاری وا بووە سوپایەکی گەورە، بەو ئاوە هەرچی کوندەو مەشکەو دەفر هەبووە، لێیان پڕ کردووە،

هەمووشیان تێر ئاو بوونو دەستنوێژیان پێگرتووە، چەند جار ئەمە ڕوویداوە[١].

ب/ جاری وا بووە خواردنێکی کەم هەبووە، بەشی دوو، سێ نەفەر، پێغەمبەری خوا ﷺ دوعای لەسەر کردووەو بەشی چەند سەد کەسی کردووە[٢].

ج/ خواردن، لەبەردەستی تەسبیحاتی کردووە، هاوەڵان گوێیان لێ بووە[٣]، وە گەلێك شتی دیکەی کە لە کتێبەکانی سیرەدا هاتوون[٤].

بەڵام پێغەمبەر ﷺ ئەو موعجیزانەی نەکردوّتە بەڵگەی پێغەمبەرایەتیی خۆی، بەڵکو ئەو شتانە بۆ دەرباز کردنی مسوڵمانان بوون، لە تەنگانە کە تێی کەوتوون: لەبەر بێ ئاویی، یاخود لەبەر بێ نانیی، وە بۆ دڵخۆشکردنی مسوڵمانانو زیاتر چەسپاندنی دڵیان بووە، نەك بۆ ئەوەی پێغەمبەر ﷺ ئەوەیان پێ پێشانبدا، تاکو بزانن کە پێغەمبەری خوایە! ئەوان بەهۆی خۆیەوە زانیویانە، کە پێغەمبەری خوایە، وە بەهۆی قورئانەوە: بەهۆی خۆیەوە؛ کە تەماشایان کردوە کردەوەو ڕەوشتو کردارو ئاکارو، ئەوەی کە دەیڵێ دەیکات، زانیویانە کە ئەوە هی بەشەرێکی ئاسایی نیەو دەبێ پێغەمبەر ﷺ بێ، هەروەها بەهۆی قورئانەوە زانیویانە کە موحەممەد پێغەمبەری خوایە؛ چونکە قورئان موعجیزەیەکی گشتگیرو هەتا هەتاییە.

مەسەلەی دەیەم: کە دەفەرمویّ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّٗا شَيَٰطِينَ ٱلۡإِنسِ وَٱلۡجِنِّ يُوحِي بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ زُخۡرُفَ ٱلۡقَوۡلِ غُرُورٗاۚ وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُۖ فَذَرۡهُمۡ وَمَا يَفۡتَرُونَ ﴾، واتە: ئەوە هەر تۆ نی ئەی موحەممەد ﷺ!

---

١) صحيح البخاري : ٣٥٧٢ ـ ٣٥٧٩، و صحيح مسلم: ١٨٥٩و ٢٢٧٩ و ٣٠١٣.

٢) صحيح البخاري : ١٠١٣و ٣٥٧٨، و صحيح مسلم: ٨٧٩ و ٢٠٤٠.

٣) صحيح البخاري : ٣٥٧٩

٤) بڕوانە: (الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله) المجلد الرابع، ص : ٣٧٩ ـ ٣٨٤، کە بیستو یەك موعجیزەمان لە سەرچاوە متمانەپێکراوەکانەوە هێناون.

کە لە جندو ئادەمیزاد دوژمنت هەنو دوژمنایەتییت دەکەن، کە شەیتانەکانی مرۆڤو جند دژایەتیی تۆ دەکەن، ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ ﴾، هەر بەو شێوەیەش بۆ هەر کام لە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)، دوژمنمان گێڕاوە، کە کێ بوون؟ ﴿ شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ ﴾، ئەو دوژمنانەش بریتی بوون لە شەیتانەکانی مرۆڤ و جند، ئنجا چییان کردوە؟ ﴿ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ ٱلْقَوْلِ غُرُورًا ۚ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴾، هەندێکیان قسەی ڕازاوەی فریودەریان بۆ یەکدی ناردوە، بە شێوەی پەنهان، یانی: قسەی بریقەداری ڕازاوەیان، بە مەبەستی فریودان بۆ یەکدی ناردوە، کە دیارە مەبەست لە قسە ناردنەکە، واتە: شەیتانە جندەکان قسەیان بۆ مرۆڤەکان ناردوە، هەندێکیش دەڵێن: مرۆڤیش دەگونجێ قسە بنێرێ بۆ جند، ئەو قسانەی کە بەرپرسەکانی کوفریش دەیانکەن، مرۆڤە شەیتانەکان دەیکەن، شەیتانە جندەکان ئیستیفادەیان لێ دەکەن.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ ﴾، وە ئەگەر پەروەردگارت ویستبای وانەکەن، وایان نەدەکرد، کەواتە: خوای باڵادەستو دادگەر ویستوویەتی وا بکەن، بەڵام کە دەگوترێ: ویستوویەتی، مەبەست ئەوە نیە کە پێی خۆشە، چونکە ویستی خوا جیایە لە ڕەزامەندیی خوا: خوا هەموو شتێکی ویستوە، ئەوەی کە هەیە، وە دەبێ، هەمووی ویستوە، چونکە بەبێ ویستی خوا، هیچ شتێك دروست نابێ، بەڵام ئەو شتانەی کە ویستوونی، لە هەموویان ڕازی نیە، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلْكُفْرَ ۖ وَإِن تَشْكُرُوا۟ يَرْضَهُ لَكُمْ ﴿٧﴾ ﴾الزمر، واتە: خوا لە کوفر ڕازی نیەو پێی خۆش نیە، بۆ بەندەکانیو، بە پەسەندی نازانێ، بەڵام ئەگەر سوپاسگوزاریی بکەن بۆتان پەسەند دەکات، کەواتە: خوا لە کوفر ڕازی نیە، هەرچەندە کوفریش هەر بە ویستی خوایە.

﴿ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴾، لێیانـــگەڕێ، ئـــەوەی کـــە هەڵیـــدەبەستن، بـــا هەڵیببەستن، کەواتە: لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ ﴾، واتە: وەك چۆن ئێستا کـە دژایـەتیی تـۆ دەکـرێ، ئـەی موحەممەد ﷺ! لـە لایـەنی شـەیتانەکانی مـرۆڤـو جنـدەوە، بە هەمان شێوە پێغەمبەرانی دیکەش دژایەتییان کراوە.

لێرەدا یەکێك بۆی هەیـە بڵـێ: بۆچی خـوا دەفـەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا ﴾؟ ئایا خـوا بۆخـۆی دوژمنـی بـۆ پێغـەمبـەران پەیـدا کـردوون ؟ دەڵێـین: نـەخێر، ئـەو تەعبیـرە کە لە زۆر جێگـای دیکـەی قورئـاندا هاتوە، یـانی: بەپێـی یاسـاو سوننەتی خـوا وایە، کاتێـك پێغـەمبـەران دێـن، ئەوانـەی کـە بەرژەوەنـدیی ناشـەرعیان هەیـە، دژایـەتیی پێغـەمبـەران دەکـەن، کـە شـەیتانەکانی مـرۆڤـو جـندن، چونکە ئەگـەر پەیامو بەرنامەی پێغـەمبـەران بچەسپێ، ئەوانـە بەرژەوەندییە ناشـەرعییەکانیان لـێ تێکدەچن، بۆیـە دەکەونە دژایـەتییکردنـی پێغـەمبـەران (علیهم الصلاة والسلام).

ئنجا لە سۆنگەی ئەوەوە کە ئـەو دژایەتییـکرانەی پێغـەمبـەران (علیهم الصلاة والسـلام) لەلایەن شـەیتانەکانەوە، بەپێـی یاسـای خـوایە، وەك خـوا کردبێـتـی ئاوایـە، پاشـان لەبەر ئەوەی هەر کەسـێك کـە چاکە دەکات، یـان خراپـە دەکات، بـە ویستی خـوایە، ـ نەك بـە ڕەزامەنـدیی خـوا ـ چونکە خـوا ڕەزامەندییەکەی بـەس لەگەڵ چاکە دایـەو لەگەڵ خراپەدا نیە، ئنجا لەبەرئەوەی بـە ویستی خـوایە، بۆیـە خـوای پەروەردگـار شـتەکەی پـاڵ داوەتـە لای خـۆی، ئەگـەرنا بێگومـان وە نەبـێ خـوا پێـی خـۆش بووبـێ، کافرەکـان دژایـەتیی پێغـەمبـەران بکـەن! بۆیـەش خـوا نـەفرینی لـە کافران کـردوە، وە نەفرینـی لـە سـتەمکاران کـردوە، دوایـیش سـزایان دەدات، مانـای وایـە کوفرو سـتەمەکەیانی پـێ ناخـۆش بـووە، بـەڵام چونکـە بـە پێـی یاسای خـواو بە پێـی ویستی ڕەهای خـوا پەیـدا بوون، بۆیـە خـوا پـاڵیداوەتە لای خۆی.

پێنج هەڵوەستەی گرنگ لە بەرانبەر ئایەتی (١١٢)دا

١/ کە دەفەرموێ: ﴿ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الْإِنسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا ۚ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴾، لە صەحیحی بوخاریی دا هاتوە کە لە دایکمان عائیشەوە خوا لێی ڕازی بێ گێڕدراوەتەوە، کاتێك پێغەمبەر ﷺ وەحی بۆ دێ، دەگەڕێتەوە بۆ لای خەدیجە، خەدیجە خوا لێی ڕازی بێ لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفەل، وەرەقەش لە درێژەی چەند قسەیەکدا پێی دەڵێ: (لَمْ يَأْتِ رَجُلٌ قَطُّ بِمِثْلِ مَا جِئْتَ بِهِ إِلاَّ عُودِيَ)[1]، واتە: هیچ پیاوێك وێنەی ئەوەی تۆی نەهێناوە، مەگەر دژایەتیی کراوە.

دیارە ئەوەش دوای ئەوەی پێی دەڵێ: قەومەکەت کوفرت پێ دەکەن، دەرتدەکەنو دژایەتییت دەکەن، بریا گەنج بووماية بۆئەوەی سەرمختستبای! پێغەمبەر ﷺیش دەفەرموێ: (أَوَ مُخْرِجِيَّ هُمْ ؟) ئایا ئەوان دەریشم دەکەن ؟ چونکە سەرەتای پێغەمبەرایەتیی بووە، جارێ نەیزانیوە، بۆیە فەرموویەتی: ئایا ئەوان دەریشم دەکەن ؟ ئەویش دەڵێ: بەڵێ، هیچ پیاوێك بەرنامەو پەیامێکی ئاوای نەهێناوە، مەگەر دژایەتیی کراوە، وەرەقەی کوڕی نەوفەل شارەزایی لە کتێبە ئاسمانییەکان دا هەبووە، شارەزای مێژووو بەسەرهاتی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) بووە، ئیدی بەهۆی مێژووو بەسەرهاتی پێغەمبەرانەوە، زانیویەتی کە پێغەمبەری خاتەمیش، وەك چۆن ئەوان دژایەتیی کراون، ئەویش دژایەتیی دەکرێو دەردەکرێ، کە بێگومان واش بووە.

---

١) صحيح البخاري: ٣.

کەواتە: لێرەدا خوا ﷻ دەربارەی یاسایەکی خۆی دەدوێ، کە لە ژیانی پێغەمبەراندا (علیهم الصلاة والسلام) هاتوە.

٢/ لە ڕووی ڕێزمانییەوە کە دەفەرموێ: ﴿ جَعَلۡنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّٗا شَيَٰطِينَ ٱلۡإِنسِ وَٱلۡجِنِّ ﴾، زانایانی شارەزای زمان گوتوویانە: (شياطين: المفعول الأوّل، وعَدوّاً المفعول الثاني)، واتە: (شياطين) مەفعوولی یەکەمە (دواخراوە)، وە (عدواً) مەفعوولی دووەمە (پێش خراوە)، یانی لە ئەسڵ دا ئاوایە: (وكذلك جعلنا لكل نبيّ شياطين الإنس والجن عدواً) واتە: ئاوا بەو شێوەیە بۆ هەر پێغەمبەرێك شەیتانە مرۆڤ و جندەکانمان کردوونە دوژمن. بەڵام بۆیە: وشەی (عدواً) پێشخراوە، چونکە ویستراوی بنەڕەتیی (بيت القصيد)ە.

واتە: خوا دوژمنایەتیی بۆ هەموو پێغەمبەران ڕەخساندوە، بەپێی سوننەتی خۆی، دوژمنەکان کێن؟ بریتین لە شەیتانەکانی مرۆڤ و جند، وەك (القرطبي) دەڵێ: (كَأَنَّهُ قِيلَ: جَعَلْنَا شَياطِينَ الإِنْسِ وَالجِنِ عَدُوّاً)[1] شەیتانەکانی مرۆڤ و جندمان گێڕاون، بە دوژمن بۆ پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام).

٣/ کە دەفەرموێ: ﴿ يُوحِي بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ زُخۡرُفَ ٱلۡقَوۡلِ غُرُورٗاۚ وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُۖ فَذَرۡهُمۡ وَمَا يَفۡتَرُونَ ﴾، یانی: هەندێکیان قسەی ڕازاوە بە مەبەستی فریودان، فێری هەندێکیان دەکەن.

وشەی: ﴿ يُوحِي ﴾ واتە: بۆی نارد بە شێوەی پەنهان، (أَوْحَى إِلَيْهِ و أَوْحَى لَهُ: أَشارَ وَأَومَأ، وَكَلَّمَهُ بكلاَم يَخْفى على غيره وَكَتَبَ إِلَيْهِ وَأَمَرَهُ)[2]، (أوحى إليه) و (أوحى له) واتە: ئاماژەی بۆ کرد، وە بە شێوەیەکی پەنهان قسەی

---

١) ج ٧، ص ٥٥.

٢) المعجم الوسيط : ص ١٠١٨.

لەگەڵ كرد، كە خەڵكی دیكە تێی نەگات، یاخود بۆی نووسی، یاخود خستیە دڵیو ئیلهامی بۆ كرد.

بۆیەش زانایان دەڵێن: (الوَحيِ: الكَلامُ الخَفِيُّ السَّرِيع) وەحی بریتیە لە قسەیەكی پەنهانی خێرا، لێرەدا مەبەست لەوەحی كە دەفەرمویٚ: ﴿ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ ﴾، وەسوەسە كردنە، كە بریتیە لەو خوتخوتەو خەیاڵەی كە شەیتانەكانی جند فێری مرۆڤە شەیتانەكانی دەكەن، ﴿ زُخْرُفَ ٱلْقَوْلِ غُرُورًا ﴾، واتە: قسەی ڕازاوە، ئەسڵی وشەی (زُخْرف) یان (مُزَخْرَف) شتێكە نەخشونیگاری لەسەر كرابیٚو جوان كرابیٚو ڕازێنرابێتەوە، یاخود شتێك كە زێڕاو دەكریٚ ﴿ غُرُورًا ﴾، واتە: بە مەبەستی فریودان یان: بە فریودان فریویان دەدەن.

لەوبارەوە كە شەیتانە جندەكان لەگەڵ ئادەمیزادەكاندانو شتی خراپیان فێر دەكەن، پێغەمبەر ﷺ فەرموودەیەكی هەیە: ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلاَّ وَقَدْ وُكِّلَ بِهِ قَرِينُهُ مِنَ الْجِنِّ، قَالُوا: وَإِيَّاكَ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: وَإِيَّايَ إِلاَّ أَنَّ اللهَ أَعَانَنِي عَلَيْهِ فَأَسْلَمَ فَلاَ يَأْمُرُنِي إِلاَّ بِخَيْرٍ﴾[1]، واتە: عەبدوڵلای كوڕی مەسعوود خوا لێی ڕازی بیٚ، دەڵیٚ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هیچ كامێك لە ئێوە نیە، مەگەر هاودەمێكی لەگەڵ دایە، لە جند (قرین: یانی: هاودەم، هاوجووت كە هەمیشە لەگەڵ ئینسان دایەو لێی جیانابێتەوە)، گوتیان: تۆش لەگەڵت دایە، ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: منیش حەتمەن لەگەڵم دایە، بەڵام خوا بەسەریدا سەریخستووم، مسوڵمان بووە، هیچ فەرمانێكم پێناكات، مەگەر بە چاكە.

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَدُ بِرقم: (٣٦٤٨)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (٧٠٣٩)، وَأَبُو يَعْلَى بِرقم: (٥١٤٣)، وَابْنُ خُزَيْمَةَ بِرقم: (٦٥٨)، وَالبَزَّار بِرقم: (١٨٧١)، وَابْنُ حِبَّانَ بِرقم: (٦٤١٧)، وَالطَّبَرَانِيُّ بِرقم: (١٠٥٢٢)، وَالشَّاشِي برقم: (٨٢٤)، وَالدَّيلمِي برقم: (٦١١٥)، وَاللَّفظُ لِمُسلِم.

هەروەها وشەی (فَأَسْلَمَ) خوێندراویشتەوە (فَأَسْلَمُ) واتە: من سەلامەتم لە دەستی، لەبەرئەوەی بە تەنیا فەرمانم بە چاکە پێ دەکات، چونکە نابێ شەیتان دەستەڵاتی بەسەر پێغەمبەر ﷺدا هەبێ، بەڵێ ئەویش وەك بەشەرێك ئەو شەیتانەی لەگەڵدایە، بەڵام لەبەرئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە لووتکەی ئیمانو نزیکیی لە خوادا بووە، ئەو شەیتانە هیچ دەستەڵاتی خراپی بەسەریدا نەشکاوە، ئەگەرنا لەو ڕووەوە کە ئەویش بەشەرە، ئەویش جندێکی لەگەڵدایە، وەك چۆن مرۆڤ فریشتەی لەگەڵدایە، فریشتەکە بۆ چاکەکردن هانت دەدات، شەیتانیش بۆ خراپە هانت دەدات.

ئنجا مرۆڤ بەهۆی ئیمانو تەقوای باشەوە، زیاتر لە فریشتان نزیك دەبێ، وە لە ئیلهامو فێرکردنی فریشتەکانەوە زیاتر بەهرەمەند دەبێ، وە لە وەسوەسەو دنەدانی شەیتان بە دوور دەبێ، بەڵام ئەگەر مرۆڤ لە خوا دووربێ، لە فریشتەش دوور دەکەوێتەوە، زیاتر لە خوێنخوێتەو وەسوەسەی شەیتانەکان زەرەرمەند دەبێ.

٤/ کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴾، دیسان جارێکی دیکە باسی ویستی ڕەهای خوا دەکات: ئەگەر پەروەردگارت ویستبای وا نەکەن، وایان نەدەکرد، بەڵام خوا بۆخۆی ویستوویەتی مرۆڤەکان خۆیان بیانەوێ، بەڵام مرۆڤ ئەگەر خۆی نەیەوێ ڕوو لە شەیتان بکات، شەیتان دەستەڵاتی بەسەریدا ناشکێ، وەك خوای دادگەر دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنٌ إِلَّا مَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴿٤٢﴾ ﴾الحجر، واتە: تۆ دەستەڵاتت بەسەر بەندەکانی مندا نیە (یانی: ناکەونە ژێر ڕکێفی تۆ) مەگەر ئەوانەی سەرلێشێواونو شوێنت دەکەون.

کەواتە: مرۆڤ مەگەر خۆی شوێن شەیتان بکەوێ، ئەگەرنا شەیتان دەستەڵاتی بەسەر مرۆڤدا ناشکێ.

دیارە هەموو ئەوانەی خەڵك گومڕا دەکەن، بە شەیتان ناو دەبردرێن، مرۆڤ بن، یان جند.

لەوبارەوەش ئەم فەرموودەیە هەیە: ﴿عَنْ أَبِي ذَرٍّ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: يَا أَبَا ذَرٍّ تَعَوَّذْ بِاللهِ مِنْ شَرِّ شَيَاطِينِ الإِنْسِ وَالْجِنِّ، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ! وَلِلإِنْسِ شَيَاطِينُ؟ قَالَ: نَعَمْ﴾[1]، واتە: ئەبو زەڕ خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەی ئەبو زەڕ! پەنا بە خوا بگرە لە خراپەی شەیتانەکانی مرۆڤو جندۆ؟ گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! ئایا مرۆڤیش شەیتانیش هەن؟ فەرمووی: بەڵێ.

٥/ ئنجا ئایا وشەی (شیطان) لە چییەوە هاتوە ؟ هەندێك لە زانایانی زمان دەڵێن: لە (شطن)ەوە هاتوە، (شطن) یعنی (بَعُدَ) دوورکەوتەوە[2]، شەیتان هەر کەسێکە لە خوا دووربێ، جا ئینسان بێ، یان جندۆ بێ، زیاتر وشەی (شیاطین) بۆ کەسانێك بەکاردێ کە دەوری سەرکردە ببینن و دەوری کاریگەریان لەسەر غەیری خۆیان هەبێ، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا لَقُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَوْا۟ إِلَىٰ شَيَـٰطِينِهِمْ قَالُوٓا۟ إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِءُونَ ﴿١٤﴾ ﴾ البقرة، واتە: (مونافیقەکان) کە دەگەنە ئیمانداران دەڵێن: ئیمانمان هێناوە، بەڵام کاتێ کە بەجیا دەچنەوە لای شەیتانەکانی خۆیان (لە تەفسیرەکان دا دەڵێن: "رؤسائهم" بەرپرسەکانیان، قسە بەدەستەکانیان) دەڵێن: ئێمە لەگەڵ ئێوەین، ئێمە گاڵتە بە مسوڵمانان دەکەین، کە دەڵێین: ئێمە ئیمانداریین، دەنا هەر لەگەڵ ئێوەداین، لە خزمەت ئێوەداین.

مەسەلەی یازدەیەم: کە دەفەرموێ : ﴿ وَلِتَصْغَىٰٓ إِلَيْهِ أَفْـِٔدَةُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ وَلِيَرْضَوْهُ وَلِيَقْتَرِفُوا۟ مَا هُم مُّقْتَرِفُونَ ﴾، واتە: بە پێی یاسای خوا، بە پێی سیستمێك کە خوا دایناوە لە ژیانی بەشەرو ژیانی جندا، لە

١) أَخْرَجَهُ الطّيالِسِي برقم: (٤٧٨)، وَأَحْمَد برقم: (٢١٥٨٦) تعليق شعيب الأرنؤوط: إسنادُهُ ضَعِيف جِداًّ، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٥٥٠٧) قال الشيخ الألباني: ضعيف الإسناد، وَالبَيْهَقِيُّ فِي "شعب الإيمان" برقم: (٢٣٩٠)

٢) المعجم الوسيط، ص : ٤٨٣، (شطنت، بَعُدت، وأَشطَنَه : أَبْعَدَهُ).

ئەنجامی خوتخوتەی خراپی شەیتانەکان دا، مرۆڤەکان گومڕا دەبن، کەواتە: مانای ﴿ وَلِتَصۡغَىٰٓ إِلَيۡهِ أَفۡـِٔدَةُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ ﴾، یانی: وە بۆئەوەی دڵی ئەوانەی بڕوایان بە دواڕۆژ نیە، بەلایدا بچێ، بەلای چی دابچێ؟ بە لای ئەو قسە زریقو بریقانەوە ئەو خوتخوتەو نەدانو هاندانە خراپانەی شەیتانەکان دا، ﴿ وَلِيَرۡضَوۡهُ ﴾، وە با پەسەندی بکەن، ﴿ وَلِيَقۡتَرِفُواْ مَا هُم مُّقۡتَرِفُونَ ﴾، وە با ئەنجامی بدەن لە کردەوەی خراپ، ئەوەی کە ئەنجامی دەدەن.

وشەی ﴿ وَلِتَصۡغَىٰٓ إِلَيۡهِ ﴾، یانی (وتميلَ إليه) یانی: مەیلی بەلادا بکات، ئارەزووی بەلایدا بچێ، دەڵێ: (صَغى، يصغو: مال، يميل)[١].

کە دەفەرموێ: ﴿ وَلِتَصۡغَىٰٓ إِلَيۡهِ أَفۡـِٔدَةُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ ﴾، واتە: وە با ئەوانەی بڕوایان بە دواڕۆژ نیە، دڵیان بەلایدا بچێ.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە بێبڕوایان بەهۆی بێ ئیمانییەوە، دڵیان بە لای خراپەدا دەچێ، ئینسان کە ئیمانی نەبوو، دڵی بە لای خراپەدا دەچێ، ئەدی ئەگەر ئیمانی هەبوو؟ ئەوە بە پێچەوانەوە، ئارەزووی چاکە دەکەن، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ يَهۡدِيهِمۡ رَبُّهُم بِإِيمَٰنِهِمۡۖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ۝٩ ﴾یونس، ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوەو کردەوە باشەکان دەکەن، خوا بەهۆی ئیمانەکەیانەوە دەیانخاتە سەر ڕاستە ڕێو ڕێنماییان دەکات.

بەڵێ ئەگەر ئیمان لە دڵی مرۆڤدا هەبوو، خاوەنەکەی بەرەو چاکە هان دەدات، وە ئەگەر کوفر لە دڵی دا هەبوو، خاوەنەکەی بەرەو خراپە هان دەدات.

---

١) مختار الصحاح، ص: ٣٢٣.

ئنجـا کـە خـوای کـارزان دەفـەرموێ: ﴿ وَلِيَرۡضَوۡهُ ﴾، ئـەوە قۆنـاغی دووەمـە، قۆنـاغی یەکەم ئەوەیە کە ئینسـان دڵی بەرەو خراپە دەچـێ، قۆنـاغی دووەم ئەوەیـە کە هەڵیدەبژێرێو پەسـەندی دەکات، ﴿ وَلِيَرۡضَوۡهُ ﴾، وە بـا ئـەو خراپەیـە پەسـەند بکـەنو هەڵیبـژێرن، ئنجـا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَلِيَقۡتَرِفُواْ مَا هُم مُّقۡتَرِفُونَ ﴾، ئـەوەش قۆنـاغی سـێیەمـە، واتـە : با ئەنجامی بدەن، ئـەوەی کە ئەنجـامی دەدەن، لـە کـردەوەی خـراپ.

کەواتــە: پێشــی (میــل) ئنجــا (رضــا) ئنجــا (إقــتراف)، یــانی: ئــارەزووکردن، پەسەندکردن، ئەنجامـدان، هۆکارەکەشی چییە؟ هۆکارەکەی بریتـیە لە بـێ ئیمـانیی، لـە ئەنجـامی ئـەوەدا کـە ئینســان ئیمـانی نیـە دڵـی ئارەزووی خراپـە دەکات، کـە ئارەزووی خراپەی کرد، دوایی هەڵیدەبژێرێو پەسـەندی دەکـات، دواییش خراپەکـە جێبـەجـێ دەکـات.

هەروەها بۆ چاکەش هەروایە: ئەگـەر مرۆڤـ ئیمـانی هەبـوو، ئـەو ئیمانـە دڵەکەی بەرەو چاکـە پەلکێش دەکات، ئنجا کە بەرەو چاکە چوو، شـیـرنایەتیی پێدادەچـێو پەســەندی دەکــاو خۆشــی دەوێ، ئنجــا کــە خۆشـیویســتو پەســەندی کــرد، ئــەو چاکەیـە ئەنجـام دەدا.

کـەواتـە: لـەم ئایەتە موبارەکانەدا خـوای کـاربەجێ زۆر بـە وردیــی بۆمـان باسی ئـەوە دەکـات، کـە مرۆڤـ چـۆن چـاکە دەکـات، وە چـۆن خراپـە دەکـات؟ ئنجـا ئایـا سەرچاوەی چاکەو خراپـە چییـە؟ پێغـەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿أَلَا إِنَّ فِي الجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الجَسَدُ كُلُّهُ، أَلَا وَهِيَ القَلْبُ﴾[1]، واتـە: ئاگاداربـن! لـە جەسـتەدا پارچـە گۆشـتێـك هەیـە، ئەگـەر چاکبوو، جەسـتە هـەمووی چاك دەبێ، وە ئەگەر خـراپ بوو، جەستە هەمووی خراپ دەبێ، ئەویـش دڵـە.

---

١) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٥٢)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٠٧٠) عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

لە ڕاستییدا دڵ جووڵێنەری مرۆڤە، دڵ کانگای بڕیاردانە، هەڵبەتە لێرەدا مەبەست دڵە مەعنەوییەکەی مرۆڤە، کە پەیوەندیی هەیە بە دڵی گۆشتینەوە، ئەگەرنا ئەو دڵە گۆشتینەیە، تەماشا دەکەین: بەس خوێن دابەش دەکات، بەڵام ئەو دڵە مەعنەوییەی، کە سەرچاوەی هەستو ویستی مرۆڤە، پەیوەندییشی هەیە بەو دڵە گۆشتینەیەوە، کە وەك چۆن خوێن دابەش دەکات، ویستو بڕیارەکانی مرۆڤیش، دەگەیەنێتە هەموو ئەندامەکانی جەستە.

مەسەلەی دوازدەیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْتَغِى حَكَمًا وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ إِلَيْكُمُ ٱلْكِتَٰبَ مُفَصَّلًا ۚ وَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُۥ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ ۖ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴾، دیارە ئەوە خوا ﷻ لەسەر زمانی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی، یاخود خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بڵێ: ئایا جگە لە خوا بە دادوەر بخوازم؟ (حَكَمْ) بریتییە لە کەسێك کە کێشەی دوو کەس، یاخود دوو لایەن، یان زیاتر یەکلایی بکاتەوەو بڕیاریان لە نێوان دا بدات، بە یەکیان دەڵێ: تۆ هەقتە، بەوی دیکەشیان دەڵێ: تۆ ناهەقتە، یانی : ئایا من جگە لە خوا بە دادوەرو یەکلاییکەرەوەی کێشەکان لەگەڵ ئێوەدا بخوازم؟! ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ إِلَيْكُمُ ٱلْكِتَٰبَ مُفَصَّلًا ﴾، وە هەر ئەو (خوایە)ە کتێبی بۆ ئێوە ناردوە، زۆر ڕوونە، ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُۥ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ ﴾، وە ئەوانەش کە کتێبمان پێداون، دەزانن کە ئەم قورئانە، بە شێوەیەکی هەق لە پەروەردگارتەوە بۆ تۆ دابەزێنراوە، ﴿ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴾، کەواتە: تۆ لە دوو دڵانو لە گومانداران مەبە.

کە دەفەرموێ: ﴿ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْتَغِى حَكَمًا ﴾، ئەو پرسیارە، پرسیارێکی نکوولیی لێکەرانە (الإِسْتِفْهَام الإِنْكَارِي)یە کە مەبەست ئەوە نیە وەڵامەکەی

وەربگریەوە، بەڵکو وەڵامەکەی لەنێو خۆیدایە، وە هەندێك گوتوویانە: مەبەست لە (حکم) (مَعْبُود)ە: پەرستراو، یانی: (أَفَغَير اللهِ أَبْتَغِي مَعْبُوداً) واتە: ئایا جگە لە خوا بپەرستم؟ بەڵام مانای ڕاستتر ئەوەیە کە (حَكَمْ) هەر لەسەر مانا ڕواڵەتییەکەی خۆیەتی، واتە: دادوەر.

ئنجا ئایا بۆچی پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ئایا مَن جگە لە خوا بە دادوەر بخوازم، کە لە کاتێکدا ئەو کتێبێکی ڕوونی بۆ ناردوون؟ واتە: ئەو ڕاجیاییانەی لە نێوان ئینسانەکاندا هەن، تەنیا مافی خوای دادگەرە لە ڕێی کتێبو وەحیو بەرنامەی خۆیەوە، بۆیان یەکلایی بکاتەوەو، هەقو ناهەقیان بۆ بخاتە ڕوو.

دەربارەی وشەی حەکەم گوتراوە: (الحَكَمُ أَبْلَغُ مِنَ الحَاكِمِ إذْ لا يَسْتَحق التسمية بالحكم، إلاَّ مَنْ يَحْكُم بالحَقّ لكِن الحاكم صِفَة جارية عَلى الفعل) واتە: حەکەم مانای بەهێزترە لە حاکم، {(حکم) واتە: دادوەر، (حاکم) واتە: حوکمڕان}، چونکە تەنیا کەسێك شایستەیە پێی بگوترێ: (حَكَمْ) کە حوکم بە هەق بکات، دادوەرییەکی بە هەق بکات، بەڵام (حاکم) حوکمڕان، ڕووی لە کردەوەکەیەو هەرکەسێ حوکم بکا، پێی دەگوترێ (حاکم).

کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ إِلَيْكُمُ ٱلْكِتَٰبَ مُفَصَّلًا ﴾، وە خوا ئەو کەسەیە کە کتێبی بۆ ئێوە ناردۆتە خوار، ڕوون کراوەیە، واتە: هەقو ناهەقو، حەڵاڵو حەرامو، چاكو خراپو، ڕاستو چەوتو، تا کۆتایی، تێدا ڕوون کراونەوەو، لە یەك جیاکراونەوە.

خەواریج کە کۆمەڵێك بوون کاتی خۆی لە خەلیفەی چوارەم (علي بن أبي طالب) خوا لێی ڕازی بێ جیابوونەتەوە، ئەم ئایەتەیان بە بەڵگە هێناوەتەوە، لەسەر ئەوە کە دروست نیە مرۆڤ بکرێتە دادوەر، وە کاتی خۆی لایەنی موعاویە لەگەڵ لایەنی عەلی خوا لێی ڕازی بێ، لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە دوو کەس بکەنە حەکەم، لە لایەنی موعاویەوە: عەمری کوڕی عاصو، لە لایەنی عەلی یەوە ئەبو مووسای ئەشعەریی خوا لە هەمووان ڕازی بێ، خەواریج گوتیان: ئەی عەلی! تۆ خەلیفەی مسوڵمانانی، چۆن ڕازی دەبی بۆ دینی خوا مرۆڤ ببێتە دادوەر؟!

چۆنیەتی پەیدابوونو سەرهەڵدانی گرووپی (خەواریج)یش بە کورتی بەم شێوەیە بوو:

هەر کام لە موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیانو عەمری کوڕی عاص، لە عەلی کوڕی ئەبو طالیب یاخی بوونو هەڵگەڕانەوە، ئەوەبوو سەرەنجام جەنگی (صفين) لە نێوانیان دا ڕووی دا.

ئیدی دوای ئەوەی دەرکەوت، کە خەریکە بشکێن سوپای عەلی خەریك بوو سوپای موعاویە بشکێنێ، بۆئەوەی خۆیان دەرباز بکەن لەو شکستە، فێڵێکیان دۆزیەوە، گوتیان: کێ موصحەفی پێیە؟ با لەسەری ڕمەکەی بەبەستێو بەرزی بکاتەوە، دەڵێین: قورئان حەکەم بێ، گوتیان: ئەگەر عەلی شەڕەکە ڕاگرێ، هەر زەرەریەتی، ڕاینەگرێ، هەر زەرەریەتی، ئەگەر ڕایگرێ، ئەوە ئێمە دەربازمان دەبێ لەو شکستە، وە ئەگەر ڕاینەگرێ، ئەوە ئێمە دوایی دەڵێین: تەماشا بکەن ! عەلی حوکم بە قورئان ناکات !

بێگومان فێڵەکەشیان سەری گرت، چونکە کاتێك کە موصحەفەکانیان بەرز کردەوە، ئەوانەی کە دوایی ناویان لێنرا: خەواریج، گوتیان: ئەی خەلیفە ! (عەلی کوڕی ئەبی طالیب) شەڕەکە ڕاگرە، ئەوانە داوا دەکەن قورئان حەکەم بێ.

عەلی گوتی: ئاخر من لەسەر قورئانێ شەڕیان لەگەڵدا دەکەم، من خەلیفەی مسوڵمانانمو ئەوانە سەرپێچییان کردووە !

گوتیان: نەخێر، دەبێ ڕایگری.

گوتی: ئەوانەکە دەڵێن: قورئان حەکەم بێ، (كَلِمَةُ حَقٍّ يُرَادُ بِهِا بَاطِلٌ) قسەیەکی هەق دەکەن، بەڵام مەبەستێکی ناهەقی لە پشتەوەیە، تەنیا دەیانەوێ خۆیان لەو شکستە ڕزگار بکەن.

گوتیان: نەخێر، ئەگەر ڕاینەگری لە تۆ دەدەین.

ئیدی بە ناچاریی شەڕەکەیان پێ ڕاگرت، کە دواییش کە دوو حەکەمەکانیان دانان، گوتیان: چۆن لە بارەی ئەو بارودۆخەوە بە حەکەمان ڕازی ؟

گوتی: بۆخۆتان واتاننەگوت ؟

گوتیــان: ئنجــا بــا ئێمــەش وامــانگوتبــێ، ئێمــە بەهەڵــەدا چــووین، ئنجــا ئــەم ئایەتــەیان بــە بەڵــگە هێنایــەوە ﴿ أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَبۡتَغِي حَكَمٗا وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ إِلَيۡكُمُ ٱلۡكِتَٰبَ مُفَصَّلٗاۚ ﴾، ئایا جگە لە خوا بە دادوەر بخوازم.

گوتیــان: خــوا دەفــەرموێ: نابــێ جگــە لــە خــوا، بــە دادوەر بخــوازرێ، کەواتــە: چۆن ڕازی، دوو نەفەر حەکەم بن ؟!

ئنجا عەلــی خوا لێی ڕازی بێ عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسی نــارد بۆ لایــان گوتــی: بچۆ هەنــدێ شــتیان بــۆ ڕوون بکــەوە، ئــەویش چــوو بــۆ لایــان گــوتی: لەســەر چــی لــە خــەلیفەی مســوڵمانان جیا بوونەتــەوە؟ {کە نەك هــەر لێــی جیابووبوونــەوە، بگــرە (عەلــی)یان بە کافریش دادەنا}.

گوتیــان : کــافر بووە !

گــوتی: لەســەر چــی ؟

گوتیــان: لەســەر ئــەوەی کــە ڕازی بــووە دوو نەفــەر دادوەربــن، داخــۆ ئــەو لەســەر هەقــە، یان لەسەر ناهەقــە ؟

ئەویش گــوتــی: من پرسیارتان لــێ دەکــەم: ئایا چارەســەری کێشــەی دوو کۆمــەڵ لــە مســوڵمانان {کــە کۆمــەڵی عەلــیو کۆمەڵــی موعاویــە بــوون} گــەورەترە، یــاخود کێشــەی ژنو مێــردێك ؟

گوتیــان: کێشــەی ئەو دوو کۆمەڵــەی مســوڵمانان.

گــوتی: دەجا خــوای پــەروەردگار بــۆ کێشــەی ژنو مێــردێك دەفــەرموێ: ﴿ وَإِنۡ خِفۡتُمۡ شِقَاقَ بَيۡنِهِمَا فَٱبۡعَثُواْ حَكَمٗا مِّنۡ أَهۡلِهِۦ وَحَكَمٗا مِّنۡ أَهۡلِهَآ إِن يُرِيدَآ إِصۡلَٰحٗا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيۡنَهُمَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرٗا ٣٥ ﴾النســاء، واتــە: ئەگــەر مەترســییتان هــەبوو ناکۆکییەکــەیان بتەقێتــەوەو چارەســەر نەبــێ، دادوەرێــك لــە تەرەفــی پیــاوەکەو، دادوەرێــك لــە تەرەفــی ژنەکــە بنێــرن، ئەگــەر مەبەســتیان چاکســازیی بێ، خــوا پێکیان دێنــێ، بێگومان خــوا زانای شــارەزایە.

دوایی گوتی: باشە چارەسەری کێشەی دوو کۆمەڵی گەورەی مسوڵمانان، گەورەترە، یاخود بڕیاردان لەسەر کەسێك کە لە ئیحرام دایەو نێچیرێك دەکوژێو دەبێ خوێنەکەی بدا ؟ گوتیان: بێگومان ئەوەی یەکەم، گوتی: دەجا خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقْتُلُواْ ٱلصَّيْدَ وَأَنتُمْ حُرُمٌۚ وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ هَدْيًۢا بَٰلِغَ ٱلْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّٰرَةٌ طَعَامُ مَسَٰكِينَ أَوْ عَدْلُ ذَٰلِكَ صِيَامًا لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِۦۗ عَفَا ٱللَّهُ عَمَّا سَلَفَۚ وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ ٱللَّهُ مِنْهُۚ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ ذُو ٱنتِقَامٍ ﴿٩٥﴾ ﴾ المائدة، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! لە کاتێکدا کە لە ئیحرام دان، نێچیر مەکوژن، وە هەرکامێك لە ئێوە نێچیرێکی کوشت، پاداشتێك بە ئەندازەی ئەوەی کە کوشتوویەتی لە ئاژەڵان، (دەکەوێتە سەری) کە دوو مرۆڤی دادگەر لە خۆتان بڕیاری لەسەر دەدەن، ﴿ يَحْكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ ﴾، دوو مرۆڤ لەبارەیەوە دەبنە دادوەر، کە دادگەربن، ئیدی ئەوەبوو بێ قسەی کردنو، زۆربەیان ئیقناع بوون، وە سەرەنجام دوو لەسەر سێ، یان زیاتریان گەڕانەوە بۆ لای عەلی کوڕی ئەبی طالیب خوا لێی ڕازی بێ، ئەوانی دیکەش مانەوە، دوایی ئەوە بوو لە شەڕی (نهروان)دا، زۆربەیان لەبەین چوون.

کەواتە قسەکەیان لەجێی خۆیدا نەبووە، جا ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زۆر کەس ئایەتێك لە قورئان، وشەیەك لە قورئان، لە شوێنێکدا بەکاردێنێ، کە شوێنی خۆی نیە، بۆیە بەڕاستیی هەموو کەس هی ئەوە نیە کە ئایەت بخوێنێتەوەو، بە بەڵگەی بێنێتەوە، یان فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بە بەڵگە بێنێتەوە، بەڵکو هەرکەس بیەوێ ئایەتەکانی قورئانو دەقەکانی سوننەت بە بەڵگە بێنێتەوە، دەبێ فیقهی هەبێو شارەزابێ، ئنجا تێدەگات ئەو ئایەتە شوێنەکەی کوێیەو، ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ شوێنەکەی کوێیە ؟ بۆیەش پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: ﴿ من أبي هريرة رضي الله عنه، قال: قال رسول الله ﷺ : مَنْ

يُرِدِ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ﴾[(١)]، واتە: ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك خوا بیەوێ چاکەی لەگەڵ بکات، لە ئایین دا شارەزای دەکات و تێی دەگەیەنێ.

نەیفەرمووە: (يُحفِّظُه نصُوص الدِّين) دەقەکانی دینی پێ لەبەر دەکات! هەیە هەموو قورئانی لەبەرە، بەڵام سوودێکی وای لێ نابینێ، کەسی وا هەیە زۆر فەرمایشتی پێغەمبەری ﷺ لەبەرن، بەڵام ڕەنگە سوودێکی وایان لێ نەبینێ.

بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿فَرُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ إِلَى مَنْ هُوَ أَفْقَهُ مِنْهُ﴾[(٢)]، زۆر کەس شارەزاییەکی هەڵگرتوە، بەڵام دەیبا بۆ لای کەسێ، کە ئەو لێی شارەزاترە، ئەو دەتوانێ یاساکانی لێ هەڵبهێنجێ و لە شوێنی خۆیان دا، ئەو دەقە شەرعییانە بەکاربێنێ.

کە دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِالْحَقِّ﴾، ئەوانەی کە کتێبمان پێداون، دەزانن کە ئەم قورئانە لە پەروەردگارتەوە بە هەق دابەزێنراوە، ئایا بە: ﴿وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِالْحَقِّ﴾ مەبەست پێی کێیە؟ بێگومان مەبەست پێی جوولەکە و نەصرانییەکان و هەموو ئەوانی دیکەن، کە خۆیان بە خاوەنی کتێبی ئاسمانی دەزانن، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ﴾، دەجا لە گومانداران و دوودڵان مەبە، واتە: بەهۆی ئەوەوە کە زۆربەیان بێبڕوا دەبن و، دان بەو هەقە دانانێن کە لە پەروەردگارتەوە بۆت هاتوە، {خاوەن کتێبەکانیش دەیزانن} مەکەوە گومان و دوو دڵیی، مرۆڤ زۆرجار ئەگەر ئاگای لە

---

١) حَديثٌ صَحيحٌ أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٧١)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٣٨٩) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

٢) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٦٧٨٤)، وَالدَّارِمِيُّ برقم: (٢٢٨)، وَأَبُو يَعْلَى برقم: (٧٤١٣)، وَالطَّبَرَانِيُّ برقم: (١٥٤١)، وَالحَاكِمُ برقم: (٢٩٤) وَقَالَ: صَحِيح عَلَى شَرْطِ الشَّيْخين عَنِ إبنِ جُبَيْرِ بْنِ مُطْعَمٍ عَنْ أَبِيهِ.

خۆی نەبێ، بەهۆی زۆربوونەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بیرۆکەیەکی هەڵەو قەناعەتێکی بێجێوە.

من جارێك یەکێك پرسیاری لێ کردم، گوتی: مامۆستا، ژمارەی مسوڵمانان چەندە لە دنیادا ؟

گوتم: ملیارێك زیاترە.

گوتی: ئەدی ژمارەی کافران؟

گوتم: چوار، پێنج ملیار دەبێ، یانی: هەر لە چوار بەشەران یان لە پێنج بەشەران یەکێکیان مسوڵمانە.

گوتی: باشە دەبێ چوار نەفەر لەسەر هەق بن، یان یەك ؟

گوتم: مەبەستت چییە ؟

گوتی: مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەو هەموو خەڵکە بە هەڵەدا چوون ؟!! هەر ئێمە لەسەر هەقین؟

گوتم: بەڵێ، با وێنەیەکت بۆ بێنمەوە: ئەگەر هەموو دنیا کۆ ببێتەوەو بڵێ: (الفَاعِلُ مَنصُوبٌ)، قسەی هەموویان هەڵەیە، قسەی عەرەبی زانێك کە دەڵێ: (الفاعل مرفوع)، ڕاستە، یانی: قسەی ئەو کەسە ڕاستە کە هەق دەپێکێ، گوتم: مەسەلەی زۆریی‌و کەمیی هەقی پێ ناناسرێ، بۆیە گوتراوە: (يُعْرَفُ الرِّجَالُ بالحَقّ، ولا يُعْرَفُ الحَقّ بالرِّجَال) پیاوان بەهۆی هەقەوە دەناسرێن، نەك هەق بەهۆی پیاوانەوە، بناسرێ.

کەواتە: لێرەدا خوا دەفەرموێ: لە گوماندارانو لە دوو دڵان مەبە، بەهۆی ئەوەوە کە زۆربەی خەڵکی ڕێی ناهەقیان گرتوە، هەڵبەتە: زۆربەی خەڵکەکەش مەرج نیە، هەمووی هەقی کەوتبێتە بەرچاو، مەرج نیە وەك ئێمەی مسوڵمان ـ ئەوانەمان کە شارەزاین ـ ئاوا لە ئیسلامو قورئانو سوننەت شارەزا بێو، ئنجا ڕەفزیشی کردبێ، زۆربەیان وەك گوتراوە: (النَّاسُ أَعْدَاءُ مَا جَهِلُوا) خەڵك دوژمنی شتێکن کە نایناسنو پێی ئاشنا نینو، پێیان شتێکی نامۆیە.

ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتەیە لە سوورەتی (یونس)دا ئایەتی (٩٤) کە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَإِن كُنتَ فِي شَكٍّ مِّمَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ فَسْـَٔلِ ٱلَّذِينَ يَقْرَءُونَ ٱلْكِتَـٰبَ مِن قَبْلِكَ ۚ لَقَدْ جَآءَكَ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴿٩٤﴾ ﴾، واتە: ئەگەر لە گومان دای لەو کتێبەدا کە بۆمان ناردووی، لەوانە بپرسە کە لە پێش تۆدا کتێبیان خوێندۆتەوە، (واتە: لەو زانایانەی ئەهلی کیتاب بپرسە، ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوەو ناوو سیفەتەکانی تۆیان لە لان)، لە سوننەت دا هاتوە کە پێغەمبەری ﷺ فەرموویەتی: ﴿لا أشُكُّ ولا أسْأَلُ﴾[١]، واتە: نە گومانم هەیەو نە پرسیاریش دەکەم.

ئنجا لێرەدا دەبێ بزانین کە مەبەست لەم دواندنەی خوای پەروەردگاردا، کێیە ؟ مەبەست ئەوانەن کە لە پشت پێغەمبەرەوەن ﷺ وەك پێشینان گوتوویانە: ((دیوار لەگەڵ تۆمە، گوێسوانە گوێت لێبێ)) هەندێ دواندن (خطاب) هەیە کە خوا ﷻ لەگەڵ پێغەمبەردا دەیکات، مەبەستی پێ ئۆممەتەکەیو شوێنکەوتووانیەتی، واتە: ئەی مسوڵمانینە ! ئەگەر لە گومان دان، فەرموون : دیراسەی کتێبە پێشووەکان بکەن، کە لەوانیش دا باسی پێغەمبەری کۆتایی کراوە، مەبەستم ئەوەیە کە بە هەڵە لەو تەعبیرانە تێنەگەینو، پێمانوابێ یان خەتەرەیەکمان بەدڵ دابێ: تۆ بڵێی پێغەمبەر ﷺ جۆرێك لە گومانی هەبووبێو دوودڵیی بووبێ؟! نەء، بەڵکو مەبەست پێی ئۆممەتەکەیەتی، بەڵام دواندن (خطاب)ە کە لەگەڵ ئەو دایە.

مەسەلەی سێزدەیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ۚ لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَـٰتِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴾، واتە: وشەی پەروەردگارت تەواوی کردوە لە ڕاستییو دادگەرییدا، گۆڕەر نیە بۆ وشەکانی، وە خوا بیسەری زانایە

﴿ وَتَمَّتْ ﴾، (تمام الشيء: انتهاؤُهُ إِلى حَدٍّ لا يحتاج إِلى شَيء خَارِجٍ عَنْهُ،

---

١) أَخْرَجَهُ عَبْدُالرَّزَاق في "المصنف" برقم: (١٠٢١١)، عَنْ قتادة، وَالطَّبَري في تفسيرهِ مُرسَلاً.

عَكْس النّـاقص) ئەگـەر بلـێـی: ئەو شـتە تـــەواو (تـامّ)ە، واتـە: گەیشتۆتە رادەیەك كە پێویستی بە دەرەوەی خۆی نیەو بە شتێكی دیكەی لە دەرەوەی خۆی نیە، واتە لە خودی خۆیدا تەواو (تـام)ەو كاملە، پێچەوانەی (نـاقص)، (نـاقص) واتـە: ناتەواو كە پێویستی بە دەرەوەی خۆی هەبێ.

خوا دەفەرموێ: وشەی پەروەردگارت تەواوی كردوە، لە چی دا ؟ لە راستییداو لە دادگەرییدا، بۆچی دەفەرموێ: لە راستیی‌و لە دادگەریی دا ؟ چونكە وشەی پەروەردگار كە قورئانە، یان هەواڵە، یان حوكمو بڕیارە، ئەگەر هەواڵ بێ، لە راستییدا تەواوی كردوە، وە ئەگەر بڕیارو حوكمو بێ لە دادگەریی دا تەواوی كردوە.

وە مەبەست لە: ﴿ كَلِمَتُ رَبِّكَ ﴾ وشەی پەروەردگارت، بە پێی رای زۆربەی زانایانو بە پێی سیاقەكەش، دیارە: قورئانە، هەروەك خوێندراویشتەوە : ﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَاتُ رَبِّكَ ﴾، واتە: وشەكانی پەروەردگارت تەواویان كردوە...، هەندێكیش گوتوویانە: مەبەست لە: ﴿ كَلِمَتُ رَبِّكَ ﴾، واتە موژدەو هەڕەشەكانی خوا (الوعد و الوعيد)، وە هەندێك گوتوویانە: مەبەست پێی سوننەتو یاساكانی خوای پەروەردگارە، منیش دەڵێم هەموویان دەگرێتەوە، بەڵام بەپێی سیاقەكە، زیاتر دەردەكەوێ كە مەبەست پێی قورئانە.

ئنجا كە دەفەرموێ: ﴿ صِدْقًا وَعَدْلًا ﴾، (الصّدقُ: مُطَابَقَةُ الكَلَامِ للوَاقِعِ بحَسَبِ اعتِقَادِ المُتَكَلّمِ)[١] (صدق): بریتییە لەوە كە قسەیەك پڕ بە پێستی واقیع بێ، بە پێی بڕواپێبوونی ئەو كەسە كە قسە دەكات.

وشەی (عدل)یش: (العَدْلُ: الإِنْصَافُ وَهُوَ إِعْطَاءُ المَرْءِ مَا لَهُ وَأَخذ مَا عَلَيْهِ)[٢] (عدل) بریتییە لە ئینصاف، ئەویش ئەوەیە كە هەر كەسە هەقی خۆی پێبدرێ، وە ئەوەش كە لەسەریەتی لێی وەربگیرێ.

---

١) المعجم الوسيط، ص ٥١١.

٢) المعجم الوسيط، ص ٥٨٨.

کە دەفەرموێ: ﴿لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ﴾، ئەمە ئەگەر مەبەست پێی قورئان بێ، یانی: هیچ کەسێك ناتوانێ هیچ وشەیەکی قورئان بگۆڕێ، بە وشەیەك کە لە قورئان ڕاستتر بێ، وە دادگەرتربێ، یاخود وەك قورئان ڕاستو دادگەربێ، یاخود مەبەست پێی ئەوەیە کە هیچ کەسێك ناتوانێ ئایەتەکانی قورئان بگۆڕێ، بۆچی؟ چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩﴾ الحجر، واتە: ئێمە خۆمان زیکرمان دابەزاندوە، وە خۆشمان پارێزەریینی، هەڵبەتە لە واقیعیش دا قورئان هیچ کەس نەیتوانیوە وە ناشتوانێ بە هەردوو واتایەکە: دەستکاریی بکات. بەڵێ کەسێك دەگونجێ هەندێك ئایەتان دەستکاریی بکات، بەلاّم لە مسوڵمانان پەنهان نابێو، هەموو کەس دەزانێ، کە ئەوە گۆڕدراوە.

ئەگەر مەبەستیش لە: ﴿كَلِمَتُ﴾، سوننەتو یاساکانو حوکمە قەدەرییەکانی خوا بێ، واتە: هیچ کەس سوننەتو یاساکانی خوای بۆ ناگۆڕدرێنو لانادرێن، ئەوەش واقیعێکی بەرچاوە.

کە دەشفەرموێ: ﴿وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ﴾، خوا بیسەری زانایە، کەسێك کە هەموو شتێك ببیستێو، هەموو شتێك بزانێ، دیارە وشەکانیشی تەواو دەبن، وە ناشگۆڕدرێن، وە پڕ بە پێستی پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ دەبن.

<u>**مەسەلەی چواردەیەم:**</u> کە دەفەرموێ: ﴿وَإِن تُطِعۡ أَكۡثَرَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنۡ هُمۡ إِلَّا يَخۡرُصُونَ﴾، خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ئەگەر تۆ بە قسەی زۆربەی خەڵکی سەر زەوی بکەی، لە ڕێی خوا لات دەدەن، ئەوانە تەنیا شوێن گومان دەکەون، وە تەنیا درۆش دەکەن، واتە: زۆربەی ئەو خەڵکە کە دانوویان لەگەڵ ئەو هەقەدا ناکوڵن، کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ هێناویەتی: خاوەنی گومانو درۆن، بۆیە زۆرینە مەرج نیە لەسەر هەق بێ.

یەکێ لە پیاوچاکان دەڵێ: (عَلَيْكَ بطَرِيقِ الحَقِّ وَلا تَسْتَوْحِش مِن قِلَّةِ السَّالِكِين، وَإِيّاك وَطريقِ الباطِلِ ولا تَغْتَرَّ بكثرةِ الهالكين)، یانی: ڕێی هەق

بگرەو، ترسو بێزارییت نەبێ، کە کەم کەس بەڕێی هەقدا دەڕۆن، وە خۆت لە ڕێی ناهەق بپارێزەو، بەوە هەڵمەخەڵەتێ، کە زۆر کەس تێیدا فەوتاون.

بەڵێ، ناهەق هەر ناهەقە، ئەگەر هەموو خەڵکیش شوێنی بکەوێ، هەقیش هەر هەقە، ئەگەر هیچ کەسیش شوێنی نەکەوێ، لە زۆر شوێندا خوای پەروەردگار باسی کردوە، کە زۆرینەی خەڵك ڕێی ناهەق دەگرن، بۆ وێنە :-

١/ دەفەرموێ ﴿... وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢١﴾﴾ یوسف، واتە: بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن.

٢/ هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ ﴿٧٠﴾﴾ المؤمنون، واتە: زۆربەیان نکوولی لە هەق دەکەن.

٣/ هەروەها لە سوورەتی (المائدة)دا دەفەرموێ: ﴿ قُل لَّا يَسْتَوِى ٱلْخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ ٱلْخَبِيثِ ۚ فَٱتَّقُوا ٱللَّهَ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٠٠﴾﴾، واتە: بڵێ پاکو پیس وەك یەك نین، با زۆریی پیسیش سەرسامت بکات.

بەڵام لێرەدا دەبێ بزانین کە زۆرینە لەنێو بەشەردا، کە ڕێی ناهەق دەگرن، بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی کە زۆرینە لەنێو ئوممەتدا لەسەر ناهەقن! چونکە ڕای زۆرینە (جمهور) یەکێکە لە زاڵکەرەکان (مُرجِّحات)ی ڕاستیی ڕایەك، هەڵبەتە جاری واش دەبێ کە کەمینەش دەیپێکن‌و زۆرینە نایپێکن، بەڵام بە زۆریی وایە کە ڕای زۆرینە لە هەق‌و ڕاستییەوە نیزیکترە، وە فەرمایشتەکانی پێغەمبەریش ﷺ ئاماژە بەوە دەکەن، وەك دەفەرموێ: ﴿يَدُ اللهِ مَعَ الْجَمَاعَةِ﴾[1]، واتە: دەستی خوا لەگەڵ کۆمەڵ دایە.

١) أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ برقم: (٢١٦٦) وَقَالَ: حَسَنٌ غَرِيبٌ، صَحَّحَهُ الشيخ الألباني.

وە ئەو ئایەتەی سوورەتی (النساء)یش کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ﴿١١٥﴾ ﴾، هەر ئاماژەیە بەو ڕاستییە.

ئنجا لێرەدا هەندێ لە زانایان پرسیارێکیان بۆ دروست بووە، دەڵێن: باشە، خوای پەروەردگار باسی بێبڕوایەکان دەکاتو دەفەرموێ: ئەوانە تەنیا شوێن گومان دەکەون، دیارە (قیاس)یش کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی هەڵهێنجانی حوکمی شەرعیی، لەسەر بناغەی گومان (ظن) بنیات نراوە، کەواتە: ناگونجێ شوێن قیاس بکەوین بۆ هەڵهێنجانی حوکمی شەرعیی! جا هەڵبەتە وشەی (ظن) چەند پێناسەیەکی هەن، بۆ وێنە: هەندێك ئاوا پێناسەیان کردوە:

(الظن: إدْرَاكُ الشيءِ مَعَ تَرجيحه، وَقَدْ يَكُونُ مَعَ اليَقِين)[1]، واتە: (ظَن) بریتیە لەوە کە عەقڵ شتێك بزانێ، لەگەڵ زاڵکردنی ئەگەری بوونی بەسەر نەبوونیدا.

وە هەندێك گوتوویانە: (الظن: هُوَ الإعتِقَاد الرّاجح غَير المستند إلى أَمَارَة: أَمَّا المستند الى أمَارَة، فَلاَ يعتبَر ظَنّاً مَذْمُوماً)[2] واتە: (ظن) بریتیە لە بڕواهێنانێکی زاڵ، کە پاڵ نەداتە لای نیشانەیەك، (واتە: پشت ئەستوور نەبێ بە نیشانەیەك)، بەڵام ئەوەی پشت ئەستوور بێ بە نیشانەیەك، ڕەخنەی لێناگیرێ، ئنجا (قیاس)یش بریتیە لە گومانێکی پشت ئەستوور بە نیشانەیەك، بۆیە ئەو جۆرە حوکمەی بەهۆی قیاسەوە هەڵدەهێنجرێ، ناچێتە خانەی ئەو گومانەوە کە خوای بەرز زەمی دەکاو، دەفەرموێ: ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ ﴾.

---

١) المعجم الوسيط: ص ٥٧٨.

٢) مفردات ألفاظ القرآن، ص ٥٣٩.

مەسەلەی پازدەیەمو كۆتایی: ئەوە كە خوا دەفەرمویٚ: ﴿ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ مَن يَضِلُّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴾، بێگومان پەروەردگارت زاناترە بەوەی كێ لە ڕێی ئەو ون دەبێ، وە زاناتریشە بەوانەی كە ڕێگای ڕاستیان گرتوە، وشەی ﴿ أَعْلَمُ مَن يَضِلُّ ﴾، ئەگەر بە ڕواڵەتەكەی لێكی بدەینەوە لە ڕووی زمانی عەرەبییەوە، ماناكەی هەڵە دەردەچێ، واتە: خوا زاناترینە كێ گومڕا دەبێ، بۆیە زانایان دەڵێن: ماناكەی ئاوایە: ﴿ هُوَ أعْلَمُ بِمَن يَضِلُّ ﴾، خوا زاناترە بەو كەسەی كە گومڕا دەبێ، ﴿ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴾، وە خوا زاناترە بە هیدایەتدراوانو ڕێگای ڕاست گرتووان.

ئەوەی من لێی تێدەگەم مەبەستی خوا ئەوەیە كە پێغەمبەری خاتەم ﷺ، وە شوێنكەوتووانی، دڵنیا بكاتەوە كە ئەو خوایەی ئەو قورئانەی بۆ ناردوون، زاناترە بە هەردوك لایان: بەوانەی كە گومڕا دەبنو، بەوانەش كە ڕێی ڕاست دەگرن.

كەواتە: ئێوە مەكەونە دڵ لە دڵ دانو، مەكەونە گومانەوە، ـ وەك پێشتر گوتم ـ بەهۆی ئەوەوە كە زۆرینەی خەڵك لە ڕێی هەق لایانداوە، چونكە لە ڕاستییدا زۆرینەو كەمینە نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوە كە مرۆڤ ڕێگای ڕاستی گرتوە، یان ڕێگای چەوتی گرتوە، ناسینی ڕێگای ڕاستو چەوت گرتووان بە زۆریی‌و كەمیی نیە، بەڵكو بە كۆمەڵێك شوێنەوارو كۆمەڵێك بەڵگەی دیكەیە، ئەگەرنا جاری وایە خەڵكێكی زۆر زۆر لەسەر ناهەق كۆدەبنەوە، هەر وەك جاری واش هەیە خەڵكێكی زۆر لەسەر هەق كۆدەبنەوە، گرنگ ئەوەیە پێوەری مرۆڤ بۆ ڕاستیی‌و چەوتیی، یان هەق‌و ناهەق‌و بوونی شتێك، نابێ ئەوەبێ كە ئایا خەڵكێكی زۆر لەگەڵ ئەو شتە دایە، یاخود خەڵكێكی كەم؟

وەك لە ئایەتەكانیشدا خوای زاناو توانا زۆر باسی ئەوە دەكات، وەك دەفەرمویٚ: ﴿ وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمْرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢١﴾ ﴾یوسف، هەروەها دەفەرمویٚ: ﴿ وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَٰرِهُونَ ﴿٧٠﴾ ﴾المؤمنون، هەروەها

دەفــــــەرموێ: ﴿ قُل لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ كَثۡرَةُ ٱلۡخَبِيثِ ﴾ (١٠٠) المائدة، لە چەند شوێنان دا خوا باسی ئەوە دەكات، كە: زۆربەی خەڵكی نازانن، نافامن، بڕوا ناهێنن، هەق قبووڵ ناكەن، بەڵام لێرەدا مەبەست لە زۆرینەی مرۆڤانە، نەك زۆرینەی نێو ئۆممەتی ئیسلام، چونكە هەندێك لە ئەهلی بیدعەت وەك شیعەو خەواریجو مورجیئەو موعتەزیلە، ئەم ئایەتانە بە بەڵگە دێننەوەو دەڵێن: ئەهلی سوننەتو جەماعەت زۆرینەن، خواش دەفەرموێ: زۆربەی خەڵكی هەق قبووڵ ناكەن، زۆربەیان نازانن، زۆربەیان ئیمان ناهێنن، زۆربەیان ناحاڵین ! ئێمەش لە وەڵامیان دا دەڵێین: خوا ﷻ فەرموویەتی: زۆرینە لەسەر ئاستی مرۆڤایەتیی، هەق ناپێكن، دیارە هۆكاری ئەوەش ئاشكرایە: مرۆڤەكان ئەگەر ئیمانیان نەبێ، زیاتر نەفسو ئارەزوو و شەیتان بەسەریاندا زاڵە، تاكو عەقڵو مەنتیق، بەڵام بە نسبەت زۆرینەی ئۆممەتەوە، زانایان هەموو لەسەر ئەوە یەكدەنگن كە ڕای زۆرینەی زانایان، یەكێكە لە زاڵكەرەكان (مرجِّحات) ئەگەر دوو ڕا هەبن یەكێكیان زۆرینەی زانایان تەبەننییان كردبێ، ئەوە لە هەقەوە نیزیكترە، وەك پێشینان گوتوویانە: (عەقڵی دووان لە هی یەكێك زیاترە) كەواتە: ئایەتەكان كە باسی زۆرینەی گومڕاو سەرگەردان دەكەن، مەبەست زۆرینەیە لەسەر ئاستی بەشەر. بەڵام زۆرینە لەسەر ئاستی كۆمەڵێكی ئیمانداری هیدایەتدراو، وا دەچێتە عەقڵەوە، كە شتێك زۆرینە پشتگیریی بكەن، دەبێ لە هەقەوە نیزیكتر بێ، هەرچەندە جاری واش هەیە، دیارە لە هەندێ مەسەلەدا ڕای زۆرینە ناپێكێ، وەك شەریعەتزانان گوتوویانە: هەندێك (قیل) هەن وەك (فیل)ن !، واتە: جاری وایە قسەیەك قیلێكی لەسەرە، بەڵام بەڵگەكەی بەهێزترە، یاخود جاری وایە ڕایەك كەمینەیەك پشتگیرییان كردووە، بەڵام دوایی دەردەكەوێ، كەمینە پێكاویەتی، بەڵام ئەمە دەگمەنەو، بە زۆریی وایە كە ڕای زۆرینە لە هەقو ڕاستییەوە نزیكترە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی سێزدەیەم

پێناسـەی ئەم دەرسـە

ئەم دەرسـەمان لە دە (١٠) ئایـەت پێکـدێ، لە ئایـەتەکـانی: (١١٨ تا ١٢٧)، لـەم دە (١٠) ئایــەتە موبارەکـەدا، خــوای کاربەجـێ کۆمەڵێــك بابــەت بـاس دەکـاتو تەوەرێکـی سـەرەکیی نیـە، هەمووی کۆبکاتەوە، بەڵکو لە چەند تەوەرێك پێکهاتوە.

سـەرەتا خـوا فەرمان بە بـڕواداران دەکات کـە لـە گۆشـتی ئـەو ئاژەڵـە سـەربڕاوەی، کە ناوی خـوای لەسەرهێنراوە، بخـۆن : ﴿ فَكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ ﴾، وە پێیـان دەفـەرموێ: ئـەوەی کـە لێیـان قەدەغـە کـراوە بـۆی ڕوونکـراوونــەوە، کەواتـە: ئـەوەی نـەچێتە خانـەی قەدەغـە کراوەوە، مانای وایـە بە حەڵاڵیی ماوەتـەوە.

پاشــان فەرمانیــان پێـدەکات کـە خۆیــان لـە گونـاهی ئاشـکراو پـەنهان بپارێزن، وە دوایـی پێیـان دەفـەرموێ: لـە گۆشـتی سـەربڕاوێك نـەخۆن کـە نـاوی خــوای لەســەر نەهێنراوە، ئنجا سـەربڕاوێك کە ناوی خـوای لەسـەر نایەت، یـانـی: ناوی جگـە لـە خوای لەسـەر هاتوە، یاخود شـتێك کە ناوی خـوای لەســەر نـەهاتبـێ، کـە دەگونجـێ مەبەسـت پێی مرداربـێ، ئاژەڵێك کە دەمرێ، ناوی خـوای لەسەر نایەت، فریای (بسم الله) ناکـەون، وە پێیان ڕادەگەیـەنێ: کە ئەگەر بێتو فەرمانبەریی هاوبەش بۆ خـوا دانــەرەکان بکـەن، کە شەیتانــەکان وەسوەســەیان بـۆ دەکـەن: بـۆ خــواردنی گۆشـتی سـەربڕاوی نـاوی خــوا لەسـەر نـەهێنـراو، یاخود خـواردنی گۆشـتێك کە ناوی خـوای لەسەر نـەهاتوە، ئەوە لەو حاڵەتەدا، ئەگەر ئەو خـواردنـە کە گۆشـتی مرداره، یاخود نـاوی جگـە لـە خـوای لەسـەر هـاتوە، بە حەڵاڵ بزانن، پێی دەبن بە هاوبەش بۆ خــوا دانــەرو دەچنــە ڕیـزی هاوبـەش بۆ خـوا دانـەرانـەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴾.

پاشان خوا دوو وێنان دێنێتەوە، بۆ خستنەڕووی حاڵەتی بابای ئیماندارو بابای بێ ئیمان، کە حاڵیان چۆنە، وە دوایی خوای دادگەر باسی یاسایەکی خۆی دەکات، کە بریتیە لە زاڵکردنی تاوانبارانی قسە ڕۆیشتوو بەسەر ئاوەدانییەکان دا، بۆ تێکدانی ئاوەدانییەکان، واتە: هەر کاتێك ئەوانەی کە دەسەڵاتدارن، تاوانبارەکان بوون، ئەوە ئەو ئاوەدانییو وڵاتە تێکدەچێ.

ئنجا دوایی خوا باسی هەڵوێستی خۆبەزلگرانەی کافرەکان دەکات، کە لە بەرانبەر ئایەتەکانی خوادا، وە لە بەرانبەر پێغەمبەرانی خوادا (علیهم الصلاة والسلام) خۆ بەزل دەگرن، وە دەڵێن: ئیمان ناهێنین، تاکو چی بۆ پێغەمبەران هاتوە، بۆ ئێمەش نەیەت.

وە باسی سەرەنجامی شوومیان دەکات، کە بریتیە لە زەبوونییو سزای بە ئێش لە دوارۆژدا.

ئنجا خوای دادگەر باسی حاڵەتی هەر کام لە بابای هیدایەت دراوی سینە گوشاد، وە مرۆڤی گومڕای سینە تەنگو دڵ گوشراو دەکاتو وێنەیان لەسەر دێنێتەوە.

وە لە کۆتایی دا خوا ڕایدەگەیەنێ: کە ئەو جۆرە مامەڵەکردنەی خوا لەگەڵ بەندەکانیدا، کە هەر کەسێك بەرەو خوا بڕوات، سینەی گوشاد دەکات، وە هەر کەسێك پشت لە خوا بکات، خوا دڵی تەنگ دەکات، لە بەرانبەر دینی خۆی دا، یاسایەکی چەسپاوی خوایە، وە ڕایدەگەیەنێ کە پەند وەرگرانو بەهرەمەندان لە ئایەتەکانی خوا، سەرەنجامیان مەنزڵگای ئاشتییە، کە یەکێ لە ناوەکانی بەهەشت (دار السلام)، وە خواش سەرپەرشتیارو مشوورخۆری ئەو کەسانەیە، کە پەند لە ئایەتەکانی خوا وەردەگرن.

﴿فَكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ ٱسۡمُ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ إِن كُنتُم بِـَٔايَٰتِهِۦ مُؤۡمِنِينَ ﴿١١٨﴾ وَمَا لَكُمۡ أَلَّا تَأۡكُلُواْ
مِمَّا ذُكِرَ ٱسۡمُ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ وَقَدۡ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيۡكُمۡ إِلَّا مَا ٱضۡطُرِرۡتُمۡ إِلَيۡهِۗ وَإِنَّ
كَثِيرٗا لَّيُضِلُّونَ بِأَهۡوَآئِهِم بِغَيۡرِ عِلۡمٍۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴿١١٩﴾ وَذَرُواْ ظَٰهِرَ
ٱلۡإِثۡمِ وَبَاطِنَهُۥٓۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡسِبُونَ ٱلۡإِثۡمَ سَيُجۡزَوۡنَ بِمَا كَانُواْ يَقۡتَرِفُونَ ﴿١٢٠﴾ وَلَا
تَأۡكُلُواْ مِمَّا لَمۡ يُذۡكَرِ ٱسۡمُ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ وَإِنَّهُۥ لَفِسۡقٞۗ وَإِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ
أَوۡلِيَآئِهِمۡ لِيُجَٰدِلُوكُمۡۖ وَإِنۡ أَطَعۡتُمُوهُمۡ إِنَّكُمۡ لَمُشۡرِكُونَ ﴿١٢١﴾ أَوَمَن كَانَ مَيۡتٗا فَأَحۡيَيۡنَٰهُ
وَجَعَلۡنَا لَهُۥ نُورٗا يَمۡشِي بِهِۦ فِي ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ لَيۡسَ بِخَارِجٖ مِّنۡهَاۚ
كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلۡكَٰفِرِينَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿١٢٢﴾ وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَا فِي كُلِّ قَرۡيَةٍ
أَكَٰبِرَ مُجۡرِمِيهَا لِيَمۡكُرُواْ فِيهَاۖ وَمَا يَمۡكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمۡ وَمَا يَشۡعُرُونَ
﴿١٢٣﴾ وَإِذَا جَآءَتۡهُمۡ ءَايَةٞ قَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ حَتَّىٰ نُؤۡتَىٰ مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ رُسُلُ ٱللَّهِۘ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ
حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥۗ سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ أَجۡرَمُواْ صَغَارٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعَذَابٞ شَدِيدُۢ
بِمَا كَانُواْ يَمۡكُرُونَ ﴿١٢٤﴾ فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهۡدِيَهُۥ يَشۡرَحۡ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِۖ وَمَن يُرِدۡ
أَن يُضِلَّهُۥ يَجۡعَلۡ صَدۡرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجٗا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي ٱلسَّمَآءِۚ كَذَٰلِكَ
يَجۡعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿١٢٥﴾ وَهَٰذَا صِرَٰطُ رَبِّكَ مُسۡتَقِيمٗاۗ قَدۡ
فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٢٦﴾ لَهُمۡ دَارُ ٱلسَّلَٰمِ عِندَ رَبِّهِمۡۖ وَهُوَ وَلِيُّهُم بِمَا كَانُواْ
يَعۡمَلُونَ ﴿١٢٧﴾﴾.

مانای وشــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((" ئەی بڕوادارینـە ! " دەجا ئەگـەر بە ئایـەتەکانی (خـوا) بـڕوادارن، لـەو (گۆشـتی سـەربڕاو)ە بخـۆن، کـە نـاوی خـوای لەسـەر هێنـراوە (لـە کـاتی سـەربڕانی دا) ﴿١١٨﴾ وە بۆچی لـەو (گۆشـت)ە سەربڕاوە ناخۆن، کە ناوی خـوای لەسـەر هێنراوە، لە حاڵێکدا کە (خـوا) ئـەوەی لێـی قەدەغـەکردوون، بۆی ڕوون کـردوونــەوە، مەگـەر ئـەوەی بـۆی ناچار بکرێـن ؟ وە زۆرێك بەهـۆی ئارەزووەکانیانــەوە، بـەبێ زانیـاریی (خـەڵك) گـومڕا دەکـەن، بێگومـان پـەروەردگارت بـە سـنوور شـکێنان زانـاترە ﴿١١٩﴾ وە واز لـە گونـاهـ بێنن، بـە ئاشـکراو بە پەنهانییـەوە، بە دڵنیـاییـەوە ئەوانـەی گونـاهـ بەدەسـت دێنـن، لەمـەودوا سـزا دەدرێـن بەهـۆی ئـەوەوە کـە دەیـانکرد ﴿١٢٠﴾ وە لـەو (گۆشـت)ە مـەخۆن کـە نـاوی خـوای لەسـەر نـەهێنراوە (لـە کـاتی سـەربڕینـی دا) وە بێگومـان ئـەوە (نـاوی خـوا نـەهێنـان لـە کـاتی سـەربڕینـدا) لـە ڕێ دەرچوونـە، وە بـە دڵنیاییـەوە شەیتانـەکان سـرووش (وەسوەسـە) بـۆ دۆسـتەکانیان (لـە هاوبـەش دانـەران) دەکـەن، تـاکو شـەڕە قسـەتان لەگـەڵ بکـەن، وە ئەگـەر فەرمانبەریـان بکـەن (لـە بـە حـەڵاڵ دانـانی سـەربڕاوی ناوی جگە لە خـوا لەسـەرهێنراودا) ئـەوە بێگـومان ئێـوە هاوبـەش دانـەرن ﴿١٢١﴾ ئایا کەسێك کە مردوو بووەو زیندوومان کردۆتـەوەو، ڕۆشـناییی یـەکمـان پێداوە، کە لە نێوخەڵکیدا پێی دەڕوات، وەك کەسێك وایـە کە لە تاریکاییان دایـە، لێیان دەربـاز نابـێ؟! بەو شێوەیـە ئەوەی کافرەکان دەیکـەن، بۆیـان ڕازێنراوەتەوە ﴿١٢٢﴾ وە بەو جۆرە لە هەر ئاوەدانییـەکدا، تاوانبارەکانمان کردوونـە گەورەو باڵادەست، تاکو پیلانگێڕیی تێدا بکەن، هەرچەندە پیلانەکەشیان هەر لە دژی خۆیانە، بەڵام هەست ناکەن ﴿١٢٣﴾ وە ئەگەر بەڵگەو موعجیزەیـەکیان بـۆ هـات دەڵێن: هـەرگیز بـڕوا نـاهێنین، هـەتا وەك ئـەوەی بـە پێغـەمبەرانی خـوا دراوە، پێمـان نـەدرێ، خـوا زانـاترە بـەوە کـە پـەیامی خـوا بـە کـێ دەسپێرێ‌و کـێ شـایستەیـە، لەمەودوا ئەوانـەی تاوانیـان کـردوە لـە لای خـوا "لـە ڕۆژی دوایـی دا" زەبوونیی‌و سـزای تونـدیان تـووش دەبـێ، بەهـۆی ئـەوەوە کـە پیلانـگـێڕییان

دەکرد ﴿١٢٤﴾ خوا هەر کەسی بیەوێ ڕێنمایی بکات، سینەی بۆ گەردنکەچیی (ئیسلام) گوشاد دەکات، وە هەرکەسێکی بوێ، گومڕای بکات، سینەی تەنگو سەغڵەت دەکات، وەك ئەوەی بەرەو ئاسمان سەربکەوێ، بەو شێوەیە خوا سزا (ونەفرەت) بۆ ئەوانە تەرخان دەکات، کە بڕواناهێنن ﴿١٢٥﴾ وە ئەمە (بەم جۆرە مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤەکاندا) ڕێبازی ڕاستی پەروەردگارتە، بە ڕاستیی ئایەتەکانمان بۆ کۆمەڵێك بیربکەنەوە، ڕوونکردوونەوە ﴿١٢٦﴾ مەنزڵگای ئاشتییان لە لای پەروەردگار هەیە، وە (خوا) بەهۆی ئەو کردەوە (باشو پەسەند)انەوە کە دەیانکرد، مشوورخۆرو پشتیوانیانە ﴿١٢٧﴾)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان

(فَصَّلَ لَكُم) واتە: بۆی ڕوون کردوونەوە، (بَيَّنَ لَكُمْ، وَفَصَّلَ العِقْدَ: جَعَلَ بَيْنَ حَبّاته حَبّاتٍ أُخْرَى مغَايِرَة فَهُوَ مُفصَّل) گەردەنبەند، یان ملوانکەی ئافرەتان، بۆ وێنە: ئەگەر لە گەوهەر بێ، لە مرواریی بێ، لە بەردی بە نرخ بێ، لە نێوان هەردوو دەنکدا، دەنکێکی دی جیای تێ دەکرێ، ئەوە پێی دەگوترێ: (عِقْد مُفَصَّل) دیارە قسەش کاتێك کە بەش بەش بێ، ئەو قسەیە بۆ بەرانبەرەکە باشترەو ڕوونترەو چاك لێی تێدەگات، وە خوای پەروەردگاریش ئایەتەکانی قورئانی، چەند جارێك بە شێوازو تەعبیری جیا جیا دووبارە کردوونەوە، بۆئەوەی خەڵك زیاتر لێیان تێبگات، بەتایبەت ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ئیمانو عەقیدەوە هەیە.

(إِلَّا مَا ٱضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ): واتە: مەگەر ئەوەی بۆی ناچار بکرێن، (اضْطره إِلَيْهِ: أَحْوَجَهُ إِلَيْهِ وَأَلْجَأَهُ) واتە: ناچاری کرد بۆی، خوا دەفەرموێ: هەموو ئەو شتانەی کە قەدەغەن بۆمان ڕوونکردوونەوە، جگە لەوەی کە بۆی ناچار دەکرێن، واتە: قەدەغەکەش کە ناچار بووی، بۆت ڕەوایە، بایی ئەوەندەی کە لە مەرگ دەرباز بی، لێی بخۆی.

(يَقْتَرِفُونَ): (اقْتَـرَف: اكْتَسَبَ، وَاقْتَـرَف الذَّنْـبَ: أتَـاه) واتــە: بەدەسـتی هێنــا، بـەڵام زیاتـر بۆ گونـاحو شـتی خراپ بەکاردێ.

(لَفِسْقٌ): (فِسق) لـە زمـانی عەرەبییـدا، واتــە: دەرچـوون، دەگوتـرێ: (فَسَقَت الرطبةُ عَنْ قِشْرِهَا: خَرَجَت) خورما کە لە کیفەکەی دەردەچێ، دەگوترێ: (فَسَقَت)، وە کە دەگوتـرێ: (فَسَقَ فُـلانٌ)، فلان کەس فاسـق بـوو، واتـە: (عَصَى وَجَاوَزَ حُدود الشَّرْعِ وَخَـرَجَ عَـنْ طَاعَتِـهِ) سـەرپێچیی کـردو لـە سـنوورەکانی خـوا دەرچـوو، لـە گوێڕایـەڵیی بەرنامـەی (خـوا) دەرچـوو.

(يَمْكُرُونَ): پیـلان دەگێـڕن، وشـەی (مَكْر) یانـی: فێـڵ، (وَمَكَرَ بِهِ: خَدَعَهُ) واتـە: فێـڵی لێکـردو هەڵیخەڵەتانـد.

(صَغَارٌ): واتـە: زەبوونیی‌و بچـووکیی‌و سـووکـیی، دەگوتـرێ: (صَغُرَ يَصْغُر صِغَرَاً: قَلَّ حَجْمُهُ أو سِنُّه فَهُوَ صَغِير) واتـە: قەبـارەی بچووك بـوو، یاخـود تەمـەنی کـەم بـوو، کـە (صِغار) کۆیـەکەیـەتی، وە هـەروەها کـە دەگـوترێ: (صَغِرَ يَصْغُر صَغَاراً: رَضِيَ بالـذُلِّ وَالضَّعَة) واتــە: بـە زەبوونیــی‌و ملکەچیــی‌و داماویی ڕازی بـوو، خــوای پــەروەردگار باسـی بێبــڕواکان دەکــات، کــە لــە ڕۆژی قیامەتـدا تووشـی زەبوونیی‌و سووکیی‌و بـێ دەرەتـانیی دەبـن.

(يَشْرَحْ صَدْرَهُ): واتــە: سینــەی گوشــاد دەکـات، دەگوتــرێ، (شَـرَح الشَّـيءِ: بَسَطَهُ وَوَسَّعَهُ وَحَبَّبَهُ إِلَـيْهِ) فراوانـی کـردو لێکـی کێشـایـەوە، لـە لای خۆشـەویسـت کـرد.

(ضَيِّقًا): (ضَـاقَ يَضِيق ضَيْقَاً وَضِيْقَاً) واتـە: تـەنگ بـوون، (انْضَمَّ بَعْضُهُ إِلـى بَعْض فَلَـمْ يتسعْ لِمَا فِيـهِ وَقَصُـرَ عَنْـهُ) شـتێك کـە جێـی شـتێکی تێدا نـەبێتـەوە، لـە زمــانی عەرەبیــدا پێـی دەگـوترێ: (ضَـيق) واتــە: تــەنگو تەســك، کــە خــوای پەروەردگـار لێـرەدا باسـی سینـەی ئەوانــە دەکـات کـە بێـبڕوان، دەفـەرموێ: لـە

بەرانبەر دینی خوادا، دڵیان دێتەوە یەكو سینەیان دێتەوە یەكو جێگای هیدایەتی خوای تێدا نابێتەوە.

(حَرَجًا): (الحرجُ: غَيْضَةِ الشَّجَرِ المُلتفَّة لا يقدر أحد أَن يرعى فيها) بە مانای درەختێك، یاخود باغو بیستانێك دێ، كە جەنگەڵ بێو هیچ ڕێی تێنەچێ، شوان نەتوانێ مەڕەكەی تێدا بلەوەڕێنێ، (حرج) واتە: سەغڵەتیی و تەنگیی، دەگوترێ: (حَرِجَ الصَّدْرِ يَحْرَجُ: ضَاقَ) واتە: سینەی تەنگ بوو.

(ٱلرِّجْسَ): (الرِّجْسُ: الشيء القَذِرُ والفِعْلُ القَبِيح، وَالحرَامُ، والكُفْرُ، واللَّعْنَة، والعَذَابُ، وَرِجْسُ الشَّيْطَانِ: وَسْوَسَتُهُ) وشەی (رِجْس) لە زمانی عەرەبییدا بە مانای شتی پیس دێ، وە بە مانای كردەوەی خراپ دێ، وە بە مانای شتی قەدەغە دێ، وە بە مانای كوفر دێ، وە بە مانای نەفرین دێ، وە بە مانای سزاش دێ، وە (رِجْسُ الشَّيْطَانِ) واتە: خوتخوتەو دنەدانی شەیتان.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەكان

١) هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتەی كە دەفەرموێ: ﴿فَكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ إِن كُنتُم بِـَٔايَٰتِهِۦ مُؤْمِنِينَ﴾: «عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا قَالَ: أَتَى أُنَاسٌ النَّبِيَّ ﷺ فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ! أَنَأْكُلُ مَا نَقْتُلُ، وَلا نَأْكُلُ مَا يَقْتُلُ اللهُ؟ فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿فَكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ ...الى...وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴿١٢١﴾﴾»[1]، واتە: عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: كۆمەڵێك هاتنە لای پێغەمبەر ﷺ (دیارە مسوڵمان بوون، چونكە گوتوویانە: یا رسول الله! كافرەكان هەرگیز نەیانگوتوە: یا رسول الله! هەر گوتوویانە: یا محمد!

---

١) أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ برقم: (٣٠٦٩)، وَقَالَ الشيخ الألباني: صحيح.

یا أبا القاسم) گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ! ئێمە لەوە دەخۆین کە بە دەستی خۆمان دەیکوژینو سەریدەبڕین، یاخود ڕاوی دەکەین، بەڵام لەوە ناخۆین کە خوا کوشتوویەتی (واتە: مردار) ؟ لەوبارەوە ئەو ئایەتە هاتە خوارێ، دوایی ڕوونی دەکەینەوە: حیکمەتی ئەوە چییە کە مردار ناخورێ، وە بۆچی ئەوەی کە بۆ غەیری خوا سەردەبڕدرێ، ناخورێ ؟

٢) هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰ أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴾: ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا فِي قَوْلِهِ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ ﴾، قَالَ خَاصَمَهُمْ الْمُشْرِكُونَ فَقَالُوا: مَا ذَبَحَ اللهُ فَلا تَأْكُلُوهُ، وَمَا ذَبَحْتُمْ أَنْتُمْ أَكَلْتُمُوهُ﴾[1]، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان موناقەشەو شەڕە قسەیان لەگەڵ ئیماندارانـدا کـرد، گوتیان: ئەوەی کە خوا سەری بڕیوە نایخۆن (مەبەست مرداره)، وە ئەوەی بۆخۆتان سەری دەبڕن، دەیخۆن ! خوای پاك پێی فەرموون ؛ لەوە مەخۆن کە ناوی خوای لەسەر نەهاتوه، واته: مرداربۆتەوه، یان ناوی خوای لەسەر نەهاتوه، واتە: بۆ جگە لە خوا سەر بڕاوه، هەردووکیان دەگرێتەوه، وەك دوایی باسی دەکەین.

---

١) أَخْرَجَهُ النَّسَائيُّ برقم: (٤٤٣٧)، قَالَ الشيخ الألباني: صحيح الإسناد.

مانای گشتی ئایەتەكان

خوا ﷻ لەم (١٠) ئایەتە موبارەكەدا، كۆمەڵێك بابەت باس دەكات، دیارە ئەوەی كە تەوەری سەرەكییە لە ئایەتەكاندا، مەسەلەی خواردنە لە گۆشتێك كە سەربڕاوەو، ناوی خوای لەسەر هاتوە، یاخود بۆ خوا سەربڕاوە، وە نەخواردن لە گۆشتێك، یان سەربڕاوێك كە ناوی خوای لەسەر نەهاتوە، ئنجا چ مردار بووبێتەوە، چ بۆ غەیری خوا سەربڕابێ.

وە دوایی كۆمەڵێك بابەتی دیكەش باس دەكرێن، خوای بەرز وێنە دێنێتەوە بۆ مرۆڤی ئیماندارو مرۆڤی بێ ئیمان.

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿فَكُلُوا۟ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ إِن كُنتُم بِـَٔايَـٰتِهِۦ مُؤْمِنِينَ﴾، ئەم (ف)ە ﴿فَكُلُوا۟﴾، لێی وەردەگیرێ كە مشتومڕێك لەوبارەوە هەبووە، وەك لە هۆی هاتنە خوارەوەكەش دا بۆمان دەركەوت، مشتومڕێك هەبووە لەنێوان ئیمانداران و كافرەكاندا، لەسەر ئەوە كە گوتوویانە: چۆن ئەوەی كە خوا كوشتوویەتی ـ كە مردارە ـ نایخۆن، بەلام ئەوەی كە بۆخۆتان كوشتووتانە دەیخۆن؟ بۆیە خوا بە (ف) دەست پێدەكات: ﴿فَكُلُوا۟﴾، واتە: خوا فەرمانی كردوە كە ئەوەی حەڵاڵەو ناوی خوای لەسەر هاتوە، خۆتان كوشتووتانەو سەرتانبڕیوە، ﴿فَكُلُوا۟﴾، دەجا لێی بخۆن، ئەگەر بە ئایەتەكانی خوا بڕوادارن، واتە: بە قسەی كافرو موشریكەكان مەكەن و، مەكەونە ژێر كاریگەریی پڕوپاگەندەو قسەو قاڵو ئەفسانەكانی ئەوان.

ئنجا خوای پەروەردگار بە شێوەی پرسیاركردن و بە جۆرێك لەسەر زەنشت و سەركۆنەوە، دەفەرموێ: ﴿وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ﴾، ئنجا بۆچی و چ شتێك ڕێگرتانە كە لەوەی كە ناوی خوای لەسەر هاتوە، نەخۆن ؟ ﴿وَقَدْ

﴿فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيۡكُمۡ﴾، لە حاڵێك دا خوا ﷻ ئـەوە لێـی قەدەغـە كـردوون، بـە تـەواویی بـۆی ڕوونكردوونـەوە، ﴿إِلَّا مَا ٱضۡطُرِرۡتُمۡ إِلَيۡهِ﴾، جگـە لـەوەی كـە بـۆی ناچار دەكـرێن، واتـە: قەدەغـەكراوەكانی بـۆ ڕوون كردوونـەوە، جگە لـەوەی كـە بـۆی تێدەگیـرێن‌و ناچار دەبن لێی بخـۆن، كە ئەو كاتەش هەر قەدەغـەیـە، بـەڵام كەسێك كـە تێگیـراوەو ناچاركراوە، بۆی ڕەوایـە لێـی بخـوات، تـاكو پێـی لـە مـەرگ دەرباز بـێ، مـادام بزانـێ، ئەگەر بێت‌و لەو مـردار بـووە، یـان لـەو گۆشتـی بـەرازە، یـان لـەو خوێنـە، یـان لـەوە كە بۆ جگـە لـە خـوا سـەربڕاوە، نەخـوات، ناژیـەت، ئـەوە بـۆی هـەیـە بیخـوات، بەڵـكو لەسـەریشی فـەرزە، بایـی ئەوەنـدە لە یـەكێ لەو شتانـە بخـوات، تاكـو لـە مـەرگ دەربـازی بـێ.

هەڵبـەتە ئەم سـووڕەتە مەككییـەو وا دەردەكەوێ مسوڵمانان لە كۆمەڵگای مەككەدا زۆر لـە ژێـر فشـاری كـافراندا بـوون، لـە ڕووی فیكریـیەوە، لـە ڕووی فەرهەنگـیی‌و كلتووریی‌و عـادەت‌و نـەریتەوە، كـە سەفسـەتەیان لەگەڵ كـردوون‌و گوتوویانـە: مـردار خـوا كوشتوویـەتی‌و، سـەربڕاو بۆخۆتان سـەریدەبڕن، چۆن ئەوەی خـوا كوشتوویـەتی لە گۆشـتـەكەی ناخـۆن، بەڵام ئەوەی بۆخۆتان دەیكوژن لە گۆشـتـەكەی دەخـۆن؟

كـە ئـەوە بـە ڕواڵـەت جۆرێـك لـە بەڵـگەی تێدایـە، بـەڵام لـە ڕاستییدا بەڵـگە نیـە، چونكە هەردووكیان خـوا دەیانكوژێ، مرداریـش‌و، ئـەوەی كـە مـرۆڤیش سـەریدەبـڕێ، هەر خـوا دەیانكوژێ، بەڵام مردار بۆیە نابـێ لێی بخورێ، چونكە پیسە، ئەو خوێنـەی لە جەستەی ئاژەڵ دایـە، لە ڕێی سـەربڕینـەوە، خوێنـەكە دەچێتـە دەرەوە، كە ئێستا لەم ڕۆژگـارەداو، پـاش گەشـەكردنی زانسـت، حیكمەتەكـەی دەركـەوتوە، بـەڵام ئـاژەڵ كـە مردار دەبێتـەوە، خوێنـەكەی هەر لە بەدەنی دا دەمێنێتـەوە، وە ئەو میكرۆبانـەی كە لـە خوێن دان، جەستەكە دەردەدار دەكەن، وە هـەر كـەس لـەو گۆشتە بخـوا، دیـارە ئەگـەری نـەخۆشیی‌و دەردەداریی لـێ نـزیكـترە، ئەوە لە ڕووی تەندروستی‌و، جەستەییەوە.

لـە ڕووی مەعنـەوییشـەوە: هـەر شـتێك نـاوی خـوای لەسـەر نـەهێنرابـێ، دیـارە ناخـورێ، وەك دواییش بە تەفصیلْ باسی دەكـەین، چونكە نـاوی خـوا لەسـەر خـواردن هێنان، بەرەكـەتی تێدەخات، با ئێمـە نـەشزانین چۆنـە؟ كـە ئـەوەش وەك دوایـی باسـی دەكەین، ئێستا لە ڕووی زانستیشەوە دەركـەوتوە، كـە گۆشـت، یـان خـواردن بەگشـتی بـە

بەسەردا خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئان، یاخود ناوی خوا لەسەر هێنان، گۆڕانێکی کیمیاویی بەسەردا دێو، زانستی تازە ئەوەی دۆزیوەتەوەو ئاشکرای کردوە.

ئنجا خوا دەفەرمویٚ: ﴿وَإِنَّ كَثِيرًا لَّيُضِلُّونَ بِأَهْوَآئِهِم بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾، وە زۆرێکیان واتە: لە بێبڕوایان، بە ئارەزووی خۆیانو بەبیٚ زانیاریی خەڵك لە ڕیٚ لادەدەن.

ئنجا بەهۆی ئەوەوە کە خواردنی پیسیان پیٚ دەخۆن، یان شتی حەرامیان بۆ حەلاڵ دەکەن، یاخود چاکەیان لە پێش چاو ناشیرین دەکەن، یان خراپەیان لە پێش چاو جوان دەکەن، گرنگ ئەوەیە بە ئارەزووی خۆیانو بەبیٚ ئەوەی کە زانیارییان هەبیٚ، خەڵك لە ڕیٚ لادەدەن، ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُعْتَدِينَ﴾، بێگومان پەروەردگارت زاناترە بە لە ڕیٚ دەرچووانو بە سنوورشکێنان.

ئنجا خوا بەو بۆنەوە کە نابیٚ لە شتێك بخوریٚ، کە خوا قەدەغەی کردوە، وە بە پێچەوانەشەوە: شتێك کە خوا حەلاڵی کردوە، نابیٚ پارێزی لیٚ بکریٚ، هەر لەبەرئەوەی پێچەوانەی باوو نەریتێکی نەفامانەیە، دەفەرمویٚ: ﴿وَذَرُوا۟ ظَٰهِرَ ٱلْإِثْمِ وَبَاطِنَهُۥٓ﴾، وە دەست هەڵبگرن لە گوناهی ئاشکراو پەنهان، مانایەکەی ڕۆشنە، واتە: ئەو گوناهانەی کە بە ئاشکرا دەکرێن، بە ئەندامە ڕواڵەتییەکان، وە ئەو گوناهانەی کە بە پەنهانیی دەکرێن، لە دەروونی خۆتاندا، وەك: گومانی خراپ، حەسوودیی، ڕقو کین، خۆ بەگەورە زانین، ڕووپامایی، ئەو شتانەی کە بە دەروون دەکرێنو کەس هەستیان پیٚ ناکات.

یاخود: ئەو گوناهانەی کە لەبەرچاوی خەڵك دەکرێن بە ئاشکرا، وە ئەو گوناهانەی کە بە پەنامەکیی دەکرێن، خەڵك ئاگای لێیان نیە، دەست لەوانە لە هەموویان هەڵبگرن، ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْسِبُونَ ٱلْإِثْمَ سَيُجْزَوْنَ بِمَا كَانُوا۟ يَقْتَرِفُونَ﴾، بێگومان ئەوانەی گوناح بەدەست دێنن، سزا دەدرێن بەهۆی ئەوەوە کە دەیانکرد، واتە: لەمەودوا لە قیامەت سزاکەیان وەردەگرنەوە، بگرە لە دنیاشدا، بەلاَم کەسێك کە گوناحو تاوان دەکات، مەرج نیە هەمیشە سزا دنیاییەکەی شتێکی بەرهەست (محسوس) بیٚ، ئەگەرنا مرۆڤ ئازادیی یەکەی دەکەوێتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە دەکەوێتە حاڵەتی جەبرەوە!

ئنجا دووبارە دێتەوە سەر هەمان بابەتو دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُۥ لَفِسْقٌ ﴾، وە لەوە مەخۆن كە ناوی خوای لەسەر نەهێنراوە، وە ئەوە لە ڕێ دەرچوونە، واتە لە ڕێ دەرچوونە لە گۆشتێك بخۆن، كە ناوی خوای لەسەر نەهێنرابێ، كە مەبەست پێی مردارە، وە هەندێكیش دەڵێن: بەڵكو هەر ئاژەڵێك كە سەر دەبڕدرێ، ئەگەر ناوی خوای لەسەر نەهێنرابێ، هەر نابێ لێی بخۆی، با مسوڵمانیش سەری بڕیبێ، وە هەندێكیش دەڵێن: مەبەست لەم ڕستە موبارەكە ئەوەیە كە لەوە مەخۆن كە ناوی جگە لە خوای لەسەر هاتوە، واتە: بۆ جگە لە خوا، سەر بڕاوە، كە دیارە ئەوە لە هەموو حاڵەتێكدا هەر قەدەغەو حەرامە، بەڵام ئەوەی دیكە ڕاجیایی زانایانی تێدایە، وەك دوایی باسی دەكەین، كە ئەگەر ئاژەڵێك مسوڵمان سەریببڕێو، ناوی خوای لەسەر نەهێنێ، ئایا حەرام دەبێ ؟ هەندێك دەڵێن: بەڵێ، هەندێكیش دەڵێن: نەخێر، دوای باسی وردەكارییەكەی دەكەین، وە باسی بەڵگەكانی هەردووك لاشیان دەكەین.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَـٰدِلُوكُمْ ﴾، وە بێگومان شەیتانەكان وەسوەسە دەكەن بۆ دۆستەكانی خۆیان، تاكو شەڕە قسەتان لەگەڵ بكەن، ﴿ لَيُوحُونَ ﴾، واتە: بە پەنامەكیی خوتخوتەیان دەخەنە دڵەوە، ﴿ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَـٰدِلُوكُمْ ﴾، واتە: كافرەكان كە دۆستی شەیتانەكانن، وەك چۆن ئیمانداران دۆستی مەلائیكەتانن، شەیتانەكانیش خوتخوتە دەخەنە دڵی دۆستەكانی خۆیان، كە كافرەكانو هاوبەش بۆ خوا دانەرەكانن، تاكو موناقەشەتان لەگەڵ دا بكەن، لەبارەی خواردنی گۆشتی مردار، یان بۆ جگە لە خوا سەربڕاوەوە.

ئەم ئایەتە موبارەكە ئەوەی لێوەردەگیرێ، كە زۆر بیرۆكەو فیكرەی خراپ، كە لە دڵو عەقڵی مرۆڤی كافرو بێبڕوادا پەیدا دەبن، بەهۆی خوتخوتەو دنەدانو فێركردنی شەیتانەكانەوەیە، هەروەك زۆر بیرۆكەو نیازی باشو پەسند، كە لە دڵی مرۆڤی بڕوادارو پارێزكاردا پەیدا دەبن، بەهۆی فریشتانەوەیە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُوا۟ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ

ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَبْشِرُوا۟ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ فصلت، ﴿لِيُجَٰدِلُوكُمْ﴾، تاكو بەو شتانە كە شەیتانەكان فێریان كردوون، موناقەشەو شەڕەقسە لەگەڵ ئێوەدا بكەن، ئەیش ئەوەیە، كە گوتیان: چۆن ئاژەڵێك كە بۆخۆتان دەیكوژن، گۆشتەكەی دەخۆن، بەڵام ئاژەڵێك كە خوا كوشتوویەتی، (واتە: مردارە) لێی ناخۆن؟! خواش مسوڵمانان ئاگادار دەكاتەوە، دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾، وە ئەگەر فەرمانبەرییان بكەنو بە قسەیان بكەن، بێگومان ئێوە هاوبەش بۆ خوا دانەرن، كە دوایی باسی دەكەین، ئەمە چۆنە؟ ئایا لە هەر شتێكدا مسوڵمان بە قسەی كافر بكات، یەكسەر دەبێتە هاوبەش بۆ خوا دانەرو كافر دەبێو لە دین دەردەچێ؟ كە بێگومان لە هەموو حاڵەتدا وانیە.

ئنجا خوای كاربەجێ دوو وێنە دێنێتەوە، بۆ حاڵەتی مرۆڤی ئیماندارو حاڵەتی مرۆڤی بێ ئیمانو، دەفەرموێ: ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا﴾، ئایا كەسێك كە مردوو بووەو زیندوومان كردۆتەوەو ڕووناكییەكمان پێداوە، كە لە نێو خەڵكیدا پێی دەڕوات، وەبەر پێی خۆی پێ دەبینێو ڕێی پێ دەر دەكات، وەك وێنەی ئەو كەسە وایە كە لە تاریكییاندا نقوم بووەو، لێشیان دەرباز نابێو، ڕێی دەربازبوونیشی نیە؟! بە تەئكید نەخێر، كە ئەوەی یەكەمیان مرۆڤی ئیماندارە، ئەوەی دووەمیشیان مرۆڤی بێ ئیمانە، ﴿كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْكَٰفِرِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾، ئاوا بەو شێوەیە ئەو كردەوە خراپانەی كە دەیانكەن، بۆ كافران ڕازێنراونەوە، واتە: ڕازاوەو جوان نین، بەڵام بۆیان جوانكراون، وەك پێشتریش گوتم: مرۆڤ وەختێك لەسەر شتێك بەردەوام دەبێ، خێربێ، یان شەڕبێ، شیرنایەتیی ئەو شتەی دەچێتە دڵو دەبێتە بەشێك لە دەروونیی‌و، بەشێك لە كەسایەتی، وە دوایی بە زەحمەت نەبێ ناتوانێ دەستبەرداری بێ، چاك بێ، یان خراپ بێ.

ئنجا خوا باسی یاسایەكی خۆیمان بۆ دەكات بەو بۆنەوە كە دیارە كافرەكان ئەوەیان ڕەواج پێدەدا، كە تەماشا بكەن! مسوڵمانان لە شتێك كە خوا ژیانی

لێستاندۆتەوە (کە مردارە) ناخۆن، بەڵام شتێك کە خۆیان ژیانی لێ دەستێننەوەو خۆیان سەری دەبڕن، یان ڕاوی دەکەن، لێی دەخۆن؟! دیارە لەوبارەوە بانگەشەو پڕوپاگەندەی زۆریان کردوە دژی مسوڵمانان، ئەوەش جۆرێك لە پیلانگێڕیی بووە بۆئەوەی مسوڵمانان لە دینەکەیان، لە شەریعەتی خوا بکەونە گومانەوە، بۆیە خوا باسی یاسایەکی خۆیمان بۆ دەکاتو دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَٰبِرَ مُجْرِمِيهَا لِيَمْكُرُواْ فِيهَاۖ وَمَا يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴾، واتە: هەر بەو شێوەیە کە کافرەکانی ڕۆژگاری تۆ ئەی پێغەمبەر ﷺ پیلانگێڕیی دەکەن، وە جەنگی دەروونیی‌و فیکریی لەگەڵ ئیمانداراندا دەکەن، دەیانەوێ شتە خراپەکانی خۆیان جوان بکەن، لەپێشچاوی مسوڵمانان، وە شتە باشەکانی کە خوا ﷻ بە حەڵاڵی داناون‌و باشن، ناشیرین بکەن‌و نیشانەی پرسیاریان بخەنە سەر، وەك چۆن لە سەردەمی تۆدا زلە زلەکانی قوڕەیش کە کافرەکانن، ئەو پیلانگێڕییە دەکەن، ﴿ وَكَذَٰلِكَ ﴾، واتە: پێشتریش هەر وابووە، ﴿ جَعَلْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ ﴾، لە هەر شارو ئاوەدانییەکدا {پێشتریش باسمان کردوە، کە وشەی: ﴿ قَرْيَةٍ ﴾، لە زمانی عەرەبییدا بە مانای شاری گەورە، یان وڵات، یان ئاوەدانییەکی گەورە دێ، نەك بەو واتا باوەی ئێستا، کە بە گوندو لادێو شوێنێك کە دانیشتوانی کەم بن، دەگوترێ، لە زمانی قورئان‌و بەکارهێنانی قورئاندا ﴿ قَرْيَةٍ ﴾، واتە: (المَدِينَة الكَبِيرَة) شارێکی گەورە، مەککە چونکە زۆر قەڵەباڵغ بووەو لە هەر چوار لای دنیاوە خەڵك بۆی هاتوە، پێی گوتراوە: (أُمّ القُرَى) دایکی شارەکان، دایکی ئاوەدانییەکان}، ئێمە تاوانبارەکانمان کردۆتە سەرۆك‌و قسەڕۆیشتوو باڵادەست، ﴿ لِيَمْكُرُواْ فِيهَا ﴾، تاکو پیلانگێڕیی تێیدا بکەن، ﴿ وَمَا يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمْ ﴾، وە ئەو پیلانگێڕییەش هەر لە دژی خۆیانەو، بە زەرەری خۆیان تەواو دەبێ، ﴿ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴾، بەڵام هەست ناکەن.

یەکێك بۆی هەیە لێرەدا بپرسێ:

ئایا خـوا تاوانبارەکانی کردۆتـە قسـەڕۆیشتوو باڵادەست لـە شـارو ئاوەدانیـیەکاندا، بۆئەوەی پیلانـگێڕیی بکەن؟ جاری دیکەش وەڵامی ئەو پرسیارەمان داوەتەوە، کە لێـرەدا خـوا ﷻ باسی یاسـاو سوننـەتێکی خۆی دەکات، واتە: بە پێی ویستی ڕەهای خـوا، وە بـە پێی ئەو یاسایانەی خوا دایناون لە ژیانی مرۆڤدا، لە هەر ئاوەدانییەکدا، خراپـەکارەکان هەوڵدەدەن باڵادەست بن، حوکمڕان بن، ئەمرو نـەهییان بەدەست بێ‌و، قسـە ڕۆیشـتوو بن، وە خەڵك بخەنـە ژێر ڕکێفی خۆیانـەوە، وە سـەرەنجام پیلانـگێڕیی تێدا بکـەن.

بۆیـەش لێرەدا خـوای زانـاو تـوانا ئـەوە پاڵدەداتە لای خۆی، چونکە بـە پێی یاسـای خـوا، وا بووە، وە بە پێی ویستی ڕەهای خـوای بـەرزو مـەزن وابـووەو، ئەگـەر ویستبای وانـەبێ، وانـەدەبوو، وە بەپێی ئەو یاسایـانـەی کـە خـوای باڵادەسـت دایناون، لـە شـارو ئاوەدانییـەکاندا، وەختێـك خەڵـك بـێ هەڵوێسـت دەبـێ‌و، بـە دوای خراپـەکارەکان دەکـەوێ‌و، خراپـەکارەکانیش دەوریـان قەڵـەباڵغ دەبـێ‌و، دەسـت ڕۆیشـتوو دەبـن، سـەرەنجام ئـەو شـارو ئاوەدانییـە دەخەنـە ژێـر ڕکێـفو هەیمەنـەی خۆیانـەوەو، پیلانگێڕیی‌و خراپـەکاریی تێدا دەکەن.

ئنجـا خـوا باسی هەڵوێسـتی کۆمەڵێـك لـە کـافرە خـۆ بەزلگرەکـان دەکـات، لـە بەرانبـەر پێغـەمبەرانی خـوادا (علیهم الصلاة والسلام) وە لـە بەرانبـەر ئاییـن‌و بەرنامـەی کۆتـایی خـوادا کـە بـە پێغـەمبـەری خاتەمـدا ﷺ نێـرداوە، دەفـەرموێ: ﴿ وَإِذَا جَآءَتْهُمْ ءَايَةٌ قَالُواْ لَن نُّؤْمِنَ حَتَّىٰ نُؤْتَىٰ مِثْلَ مَآ أُوتِىَ رُسُلُ ٱللَّهِ ﴾، وە هـەر کات بەڵگەو موعجیزەیـەکیان بۆبێ دەڵێن: هەرگیز ئیمانی پـێ نـاهێنین، تاکو ئـەوەی بە پێغـەمبەرانی خـوا دراوە، بە ئێمەش نـەدرێ.

واتـە: دەبـێ ئێمـەش خـوا وەحـی‌و پـەیاممان بـۆ بنێـرێ ! خـوا دەفـەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُۥ ﴾، خـوا زاناترە پەیامی خـۆی بـە کـێ دەسپێرێ‌و کـێ شـایستەیــە، ﴿ سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ أَجْرَمُواْ صَغَارٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا كَانُواْ يَمْكُرُونَ ﴾، لەمەودوا ئەوانـەی تاوان دەکـەن زەبوونییان لە لایـەن خـواوە تـووش دەبـێ، وە سزایـەکی تونـدیان تـووش دەبـێ، بەهـۆی ئـەو پیلانـگێڕییـەوە کـە دەیکـەن،

واتــە: کــە وایانگــوتوە وەنــەبێ قەنــەعەتیان وا بووبــێ، بەڵکــو ئــەوە پیــلانێك بــووە، بۆئــەوەی خەڵك هــەڵخەڵەتێننو، بە خەڵکە سادەکە بڵێن: ئەدی فلان کەس کە گەورەی ئێمەیــە، بۆچــی خــوا پــەیامی بــۆ نــەناردوە، ئەگــەر ڕاســت بووایــە خــوا پێغــەمبەری ناردبایــە، دەبوو فلان کەسی کردبایە پێغــەمبەر کە گەورەی ئێمەیــە، (وەلــیدی کوڕی موغیــرە، ئەبو جەهل، ئەبو ســوفیان) خەڵکە سادەکەیان بەو قسانە هەڵدەخەڵەتاند، واتە: ئەوە جۆرێك بووە لە پیلانــگێڕیی کــە خەڵکە ســادەکە، خەڵکــە ڕەشو ڕووتەکــە، هەڵخەڵــەتێنن، ئەگــەرنا مەبەســـتیان ئــەوە نــەبووە، خــوا وەحیــیان بــۆ بنێــرێو، زانیــویانە شــایستەی ئەوە نیــن، یــان هــەر بڕوایان بە هاتنی وەحی نەبووە !

ئنجا خــوای کاربەجێ جارێکی دیکــە دوو وێنــە دێنێتــەوە، یــاخود حاڵەتی ئینسانی ئیماندارو ئینسانی بێ ئیمان، هەردووکیان لە دوو وێنەی بەرجەستەکراودا، وێنا دەکاتو دەفــەرموێ: ﴿ فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ ﴾، هــەر کەســێك خــوا بیــەوێ ڕێنمایی بکــات، سینــەو دڵــی بــۆ ئیسلام، (واتــە: ئــەو ئیســلامەی کە لــە قورئــانو سوننــەتدا بەرجەستەیــە، یاخود ئیسلام بە مانای گەردنکــەچیی بــۆ خــوا، کە لێــرە ئەم مانایــەیان بەهێزترە)، گوشاد دەکات، گەردنکــەچیی بۆ خــوا ئەوەیــە کــە ئیمان بەو ئیســلامــە بێنن، بەو قورئانو ســوننــەتە بێنن، کــە بــۆ پێغــەمبەری خاتــەم هاتوون، ﴿ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ ﴾، وە هــەر کەســێك خــوا بیــەوێ گــومڕای بکــات، ﴿ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِى ٱلسَّمَآءِ ﴾، سینــەی تــەنگو ســەغڵــەت دەکــات، وەك بــەرەو ئاســمان ســەرکەوێ، کەسێك کــە بــەرەو ئاسمان ســەرکەوێ تووشــی تەنگــە نــەفەسیــیو تووشــی دڵ ســەغڵەتیی دێ، خوای زانــاو شــارەزا دەفەرموێ: ئاوا ئــەو کەســەی کە بمانــەوێ گومڕای بکــەین، دڵی ســەغڵەت دەکەین، لە بەرانبەر دینی خۆمانــدا، سینەی تەنــگ دەکــەین، کە ڕێــی نــەبــێ، ئەو دینــە، ئــەو هیدایــەتە بچێتە نێو دڵی، ﴿ كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾، ئەمــــە وەڵامـــی پرسیارێکە، یــەکێك بۆی هەیــە بپرســێ: ئایا خوا بۆچــی وا لــەو کافرانــە دەکات، دەبــا سینەیــان نــەهێنێتــەوە یــەكو دڵیان سەغڵەتو تەنگ نەکات، تاکو هیدایەتی تێبچێ ؟!

خوا وەڵام دەداتەوە، دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ ﴾، ئاوا بەو شێوەیە: ﴿ يَجۡعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴾، خوا سزاو نەفرینو کوفرو پیسیی، بۆ ئەوانە تەرخان دەکات، کە ئیمان ناهێنن، واتە: لە ئەنجامی ئەوەدا کە نایانەوێ ئیمان بێنن، ئەو حاڵەتە دەروونیەیان بۆ دروست دەبێ.

ئەوانی دیکەش لەبەرئەوەی دڵو سینەی خۆیان بۆ ئیسلام دەکەنەوەو، ڕووی خۆیان بەرەو خوا وەردەچەرخێنن، بۆیە لە بەرەکەتی ئەوەدا، خوای پەروەردگاریش ڕێنماییان دەکاتو سینەیان گوشاد دەکات، ئەگەرنا خوا زوڵم لە کەس ناکات، وە خوای کاربەجێ بە گۆترە مامەڵە لەگەڵ بەندەکانی دا ناکات، کاری خوا گۆترەکاریی تێدا نیەو، خوا کاربەجێیە.

لە کۆتایی دا خوای زاناو شارەزا دەفەرموێ: ﴿ وَهَٰذَا صِرَٰطُ رَبِّكَ مُسۡتَقِيمٗا ﴾، ئا ئەمە ڕێبازی پەروەردگارتە ڕاستە، ئەمە (هذا): مەبەست پێی ئیسلامە، یان مەبەست پێی ئەم قورئانەیە، یان: ئەم شێوە مامەڵەکردنەی خوا لەگەڵ بەندەکانی دا، کە هەر کەسێك بەرەو خوا جووڵە بکات، خوا هیدایەتی دەدات، وە هەر کەسێك پشت لە خوا بکات، خوا سینەی وێك دێنێتەوە، لە بەرانبەر دینی خۆیدا، ئا ئەوە ڕاستە شەقامی خوایە، ﴿ قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَذَّكَّرُونَ ﴾، بێگومان ئایەتەکانی خۆمان ڕۆشن کردوونەوە بۆ کەسانێك کە بیانەوێ پەند وەربگرنو بیر بکەنەوە، ﴿ لَهُمۡ دَارُ ٱلسَّلَٰمِ عِندَ رَبِّهِمۡ ﴾، ئەوانە مەنزڵگای ئاشتییان هەیە لەلایەن پەروەردگاریانەوە، کە مەبەست بەهەشتە، ﴿ وَهُوَ وَلِيُّهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴾، وە خوا سەرپەرشتیاریانە بەهۆی کردەوەکانیانەوە، واتە: خوا بە گۆترە سەرپەرشتییان ناکاتو مشووریان لێ ناخوات، بەڵکو کردەوەی باشیان هەنو، بەرەو خوا حەرەکاتیان کردوە، ئیدی لە ئێمە حەرەکەتو لە خوای بە بەزەیی بەرەکەت، بۆیە خوای بەخشەر بۆخۆی سەرپەرشتیی کردوونو مشووری لێ خواردوون.

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ ٱسۡمُ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ إِن كُنتُم بِـَٔايَٰتِهِۦ مُؤۡمِنِينَ ﴾، دەجا بخۆن لەوەی ناوی خوای لەسەر هاتوە، ئەگەر بڕواداران بە ئایەتەکانی خوا.

لەم ئایەتە دەردەکەوێ، هەروەها لە هۆی هاتنە خوارەوەکەشی کە باسمان کرد، کە مسوڵمانان فشارێکی زۆریان لەسەر بووە، فشارێکی فیکریی، دەروونیی، بەهۆی ئەو کلتوورو فەرهەنگو عادەتو نەریتەوە، کە باو بووە لە نێو کۆمەڵگای خۆیاندا، بەتایبەت لە ڕووی خواردنی سەربڕاوو نەخواردنی مردارەوەبووەوە، یاخود ئەوەی کە بۆ بتو صەنەمەکان سەریان بڕیوە، کە مسوڵمانان لێیان نەخواردوە، کافرەکان لەوبارەوە مناقەشەیان لەگەڵدا کردوون، بۆیە خوای قسەلەجێ بەم شێوەیە دەفەرموێ: ﴿ فَكُلُواْ ﴾، بخۆن لەوەی کە ناوی خوای لەسەر هاتوە، ئەگەر بە ئایەتەکانی خوا ئیماندارن.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ إِن كُنتُم بِـَٔايَٰتِهِۦ مُؤۡمِنِينَ ﴾، ئەگەر بە ئایەتەکانی خوا بڕوادارن، واتە: ئەگەر ئیماندارن، دەبێ پابەند بن بە حەڵاڵو حەرامی خواوە، کەواتە: بە ئەندازەی ئەوە کە ئینسان ئیمانی هەیە، پابەندی شەریعەتی خوا دەبێ، پابەندی حەڵاڵو حەرامی خوا دەبێ، وە هەر کەسێك لە حەڵاڵو حەرامی خوا، لە ئەمرو نەهی خوا، لە شەریعەتی خوا لابدات، نیشانەی پرسیار دەکەوێتە سەر ئیمانەکەی، تۆ چ ئیماندارێکی ! ئەگەر بە قسەی پەروەردگاری خۆتو، بە قسەی پەرستراوی خۆتو، بە قسەی خاوەنو گەورەی خۆت نەکەی، کە خوای بەدیهێنەرە.

مەسەلەی دووەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا لَكُمۡ أَلَّا تَأۡكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ ٱسۡمُ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ وَقَدۡ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيۡكُمۡ إِلَّا مَا ٱضۡطُرِرۡتُمۡ إِلَيۡهِۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا لَّيُضِلُّونَ

﴿بِأَهْوَآئِهِم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُعْتَدِينَ﴾، لێرەدا خوا بە جۆرێك لە سەرکۆنەکردنو سەرسوڕمانو سەرزەنشتەوە بە ئیمانداران دەفەرمویٚ:

﴿وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ﴾، چیتانەو چ شتێك ڕێی لیٚگرتوون، چ شتێك واتان لیٚ دەکات، کە لەوە نەخۆن، کە ناوی خوای لەسەر هاتوە، لە کاتی سەربڕیندا، با بۆخۆشتان سەرتان نەبڕیبیٚ؟

دوایی دەفەرمویٚ: ﴿وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ﴾، بە دڵنیاییی یەوە خوا ئەوەی بۆ ڕوونکردوونەوە، کە لێی قەدەغە کردوونو، خاڵی بۆ خستوونەتە سەر پیت، ﴿إِلَّا مَا ٱضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ﴾، مەگەر ئەوەی بۆی ناچار دەکرێن، ئەوەی کە بۆی ناچار دەکرێن، با حەرامیش کرابیٚ لە ئەسڵدا، بەڵام بۆ بابای ناچارو تێگیراو، ڕەوایە، کە بایی ئەوەندەی پێی لە مەرگ ڕزگاربیٚ، لێی بخوات.

ئنجا دەفەرمویٚ: ﴿وَإِنَّ كَثِيرًا لَّيُضِلُّونَ بِأَهْوَآئِهِم بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾، وە زۆرێك لەوان بە ئارەزووەکانیان و بە نەزانیی، خەڵك گومڕا دەکەن، واتە: زۆرێك لە کافرەکان، بۆچی نافەرمویٚ: هەموویان؟ چونکە هەیان بووە دوایی ئیمانی هێناوە، وە هەیانبووە زانیویەتی، بەڵیٚ هەیانبووە زانیاریی هەبووە، بەڵام زانیویەتی: بەرژەوەندیی لەگەڵ ئەو هەقەدا نییە کە بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دا، نێردراوە، ئەگەر بیٚو بەدوای موحەممەدی ڕاستو دادگەر ﷺ بکەویٚ، بەرژەوەندییەکەی لیٚ تێکدەچیٚ، چونکە ناتوانیٚ چەوت بڕواتو ستەم بکات، ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُعْتَدِينَ﴾، بێگومان پەروەردگارت زاناترە بە سنوور شکێنان، ئنجا هەمیشە خوای کاربەجیٚ عادەتی وایە لە قورئاندا، کە ئەو شتانەی کەمن دیارییان دەکاتو، ئەو شتانەی زۆرن، دەمێننەوەو سەرژمێریان ناکات، هەمیشە خوا شتە کەمەکان سەرژمێر دەکات، لەبەرئەوەی هەمیشە قەدەغەکراوەکان کەمترن، خوای بە بەزەیی ئەو شتانەی کە قەدەغەی کردوون سەرژمێرو دیاریی کردوون، واتە: جگە لەوان هەمووی حەڵاڵە، بۆ وێنە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمۡ أُمَّهَٰتُكُمۡ وَبَنَاتُكُمۡ وَأَخَوَٰتُكُمۡ ...﴿٢٣﴾ ﴾ النساء، خوا ﷻ چواردە جۆر لە ئافرەتان سەرژمێر دەكات، دەفەرموێ: ئا ئەو ئافرەتانەتان لێ قەدەغەن: (دایكانتان، خوشكانتان، كچانتان ...) كەواتە: جگە لەو چواردە جۆرە، هەرچی دەمێنێتەوە لە ئافرەتان، حەڵاڵە كە هاوسەرگیریيان لەگەڵدا بكەن، لەبەرئەوەی كە قەدەغەكراوەكان كەمن، چواردەن، ژمێردراون، بەڵام ئەوانی دیكە سەرژمێر ناكرێن، چونكە زۆر زۆرن.

هەروەها دەربارەی ئەو شتانەش كە قەدەغەن لە خواردنەكان، خوای كاربەجێ، دەفەرموێ: ﴿ حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحۡمُ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ وَٱلۡمُنۡخَنِقَةُ وَٱلۡمَوۡقُوذَةُ وَٱلۡمُتَرَدِّيَةُ وَٱلنَّطِيحَةُ وَمَآ أَكَلَ ٱلسَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيۡتُمۡ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ وَأَن تَسۡتَقۡسِمُواْ بِٱلۡأَزۡلَٰمِۚ ذَٰلِكُمۡ فِسۡقٌ ...﴿٣﴾ ﴾ المائدة، كە یازدە جۆرە گۆشتن‌و، ئەو یازدە جۆرەش دەچنە نێو چوار جۆرەوە: مرداروو، خوێن‌و، گۆشتی بەرازو سەربڕوا بۆ جگە لە خوا، وەك لە سوورەتی (النحل)دا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحۡمَ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦۖ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١١٥﴾ ﴾ واتە: بێگومان تەنیا مرداروو خوێن‌و گۆشتی بەرازو سەربڕاو بۆ جگە لە خواتان لێ قەدەغە كراوە، هەمیشە خوای كاربەجێ ئەو شتانەی كەمن سەرژمێرو دیارییان دەكات، ئنجا بۆیەش حەرامەكان كەمترن، چونكە خوا كەون‌و كائیناتی بۆ ئینسانان دروست كردوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴿٢٩﴾ ﴾ البقرة، یان ﴿ أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴿٦٥﴾ ﴾ الحج، بۆیە خوای پەروەردگار هەمیشە ئەو شتانەی كە قەدەغەن، سەرژمێریان دەكات، بۆئەوەی دوایی جگە لەوانە، هەرچی مایەوە، حەڵاڵ بێ، چونكە ئەسڵ لە شتەكاندا ڕەواییەو، ئەسڵ لە شتەكاندا پاكێتییە: (الأَصْلُ فِي الأَشْيَاءِ الإِبَاحَةُ)و

(الأَصْلُ فِي الأَشْيَاءِ الطَّهَارَة)، کـەواتە: دەبـێ بەڵـگە هەبـێ لەسـەر پیسـیی‌و قەدەغـە بوونو ڕێ لـێگیـران، ئەوەم بۆیـە ڕوون کـردوە، چونکە زۆر کـەس هەمیشە دەیـەوێ بازنـەی قەدەغـەکراوەکان فـراوان بکـات، لەسـەر حیسـابی حەڵاڵەکـانو ڕێ پێـدراوەکان، کـە ئـەوە پێچـەوانـەی ڕووحـی شـەریعەتە، کـە شـەریعەت هەمیشـە قەدەغـەکراوەکان سـەرژمێـر دەکات، تاکو دوایـی هەرچـی دەمێـنێـتەوە، بـزانین کـە ڕەوا و حـەڵاڵـە.

مـەسـەلەی سـێیـەم : خـوا ﷻ ڕوو لە ئیمانداران دەکاتو دەفـەرموێ: ﴿ وَذَرُواْ ظَٰهِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَبَاطِنَهُۥٓۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡسِبُونَ ٱلۡإِثۡمَ سَيُجۡزَوۡنَ بِمَا كَانُواْ يَقۡتَرِفُونَ ﴾،

خـوا دەفەرموێ: وە واز لـە گونـاهی ئاشـکراو پەنهـان بێـنن، بێگومـان ئەوانـەی کە گوناح وەدەست دێـنن، لەمـەودوا سـزای ئەوەی کە ئەنجامیان دەدا، دەیاندرێتـەوە.

وشـەی (ذر) یـانی: (دَع) واتـە: وازی لـێ بێنـە، لێـی گـەڕێ، کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَذَرُواْ ظَٰهِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَبَاطِنَهُۥٓ ﴾، مانای وانیـە کە ئیمانداران دەستیان لە گوناهی پەنهانو ئاشـکرادا بـووە، بەڵـکـو مانـاکـەی ئەوەیـە: وەك چـۆن نـەتانـکـردوە، گونـاح هـەر مەکـەن، چونکە واز لێهێنان دوو حاڵەتی هەیـە: یان ئەوەیـە ئینسان دەسـتی لە ئیشـەکەدایـەو وازی لـێ دێنـێ، یان هەر لە سـەرەتاوە نـەیکردووەو لێیگـەڕاوە، یانـی: مادام لـێیگـەڕاوی، هـەر ئـاوا لـێیگـەڕێ.

توێژەرەوانی قورئان دەربارەی گوناهی ئاشکراو پەنهان، ـ وەك پێشـتـریش ئاماژەم پێدا ـ زۆر شتیان گوتوە، بەڵام من پێموایە لەو دوو خاڵەدا کورتو پوخت دەبێتـەوە:

١) ئـەو گوناهانـەی کـە ئاشـکران، ئەوانـەن کـە ئینسـان بـە ئەندامـە ڕواڵەتییـەکانی دەیانکات: بە دەستو زمانو پـێو چاوو... هتـد، وە گونـاهی پەنهـان، ئەوانـەن کە ئینسـان بـە ئەندامـە دەروونییـەکانی دەیانکـات: بـە دڵو بـە عەقـڵو بـە فیکـرو خەیاڵو ئەندێشـە.

٢) گونـاهی ئاشـکرا ئەوانـەن، کە ئینسان لە نێو خەڵکیدا ئەنجامیان دەدات، واتە: کـە خەڵـك ئاگـای لێیـە، گونـاهی پەنهـانیش ئەوەیـە کـە لـە کاتێکـدا ئینسـان ئـەو

گوناهە دەکات، کەسی لێ نیەو بە پەنهانیی دەیکات، واتە: کاتێك کە خەڵك ئاگای لێ نیە.

پێغەمبەر ﷺ لەوبارەوە فەرموودەیەکی هەیە دەفەرموێ: ﴿البِرُّ: حُسْنُ الخُلُقِ، وَالإِثْمُ: مَا حَاكَ فِي نَفْسِكَ، وَكَرِهْتَ أنْ يَطَّلِعَ عَلَيْهِ النَّاسُ﴾[1]، واتە: چاکەکاریی (دینداریی) بریتیە لە ڕەوشتی جوان، گوناهیش شتێکە لە دڵتدا دێتو دەچێ، {واتە: پێی ئاسوودە نیو پێی مورتاح نی}، وە پێشت ناخۆشە خەڵك پێی بزانێ.

ئنجا ئەوەی گرنگە بیزانین ئەوەیە کە گوناهە پەنهانەکان، بنكو ڕەگو ڕیشەی گوناهە ئاشکراکانن، هەروەك چاکە پەنهانەکان، بنكو ڕەگو ڕیشەی چاکە ئاشکراکانن، ئیمان پەنهانەو لە دڵو عەقڵی ئینسانەدایە، وە ئەگەر ئینسان ئیمانی نەبێ، کردەوەی باشی نابێ، بۆیە هەمیشە خوا ئیمان پێش کردەوە دەخاتو دەفەرموێ: ﴿ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾، هەروەها بە پێچەوانەشەوە، کوفر پەنهانە، بەڵام تاوانو لادانو گوناح ئاشکرایە، چونکە ئەهلی کوفر، فەرق بە حەڵاڵو حەرامو، چاکەو خراپە ناکەن، وە شوێن ئارەزووەکانیان دەکەون، کەواتە: کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَذَرُواْ ظَٰهِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَبَاطِنَهُۥٓ﴾، هەرچەندە گوناهی ئاشکرا ﴿ظَٰهِرَ ٱلۡإِثۡمِ﴾، پێش پەنهان (باطن)ەکەی خراوە، بەڵام لەبەر ئەوە نیە، کە گرنگترە، لە ڕاستیدا (بَاطِنُ الإِثْم) گوناهی پەنهان لە (ظاهر الإِثْم) گوناهی ئاشکرا گرنگترەو، ئەگەر ئینسان واز لە گوناهە پەنهانەکان بێنێ، ئاشکراکانی پێشتر لەکۆڵ دەکەون، هەروەك چۆن ئەگەر چاکەی پەنهانو بکات ئیمانی هەبێ، کردەوەی باشیشی دەبێ، ئەگەر ترسی لە دڵدا هەبێ بەرانبەر بە خوا، شەرمی هەبێ، خۆشەویستیی هەبێ، ڕێزی هەبێ، بە گەورەگرتنی هەبێ، لە دڵدا بەرانبەر بە خوا، بێگومان ئەو کاتە ملکەچییشی بۆ خوا دەبێ، تاعەتو

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٧٦٦٨)، وَالبُخَارِيُّ في "الأدب المفرد" برقم: (٢٩٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٥٥٣)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٣٨٩) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَالحَاكِمُ برقم: (٢١٧٢) عَنْ النَّوَاسِ بنِ سَمْعَان رَضِيَ اللهُ عَنْهُ.

فەرمانبەرییشی دەبێ، وە بە پێچەوانەشەوە: ئینسان هەتا گیرۆدە نەبێ بە نەخۆشییە دەروونییەکانەوە، گیرۆدە نابێ بە گوناهە ئاشکراکانەوە، بۆ وێنە: کەسێك کە لادانی هەیە لە بواری مامەڵە لەگەڵ خەڵکداو، غەیبەتیان دەکاو، هەوڵدەدا بیانشکێنێو، نارەحەتیان دەکاو، هەقی خەڵکی بەلادا دێ، لەبەر ئەوەیە کە حەسەدو بوغزو غەرەزوو کینە، لە دڵو دەروونیدا هەیە بەرانبەریانو ئەوە پاڵی پێوە دەنێ، کە زیانیان پێ بگەیەنێ، بە دەست بێ، بە زمان بێ، بە هەر شێوەیەك بۆی بگونجێ.

مەسەلەی چوارەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُۥ لَفِسْقٌ ۗ وَإِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَـٰدِلُوكُمْ ۖ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴾، وە لەوە مەخۆن کە ناوی خوای لەسەر نەهێنراوە، وە ئەمە لە رێ دەرچوونە، وە شەیتانەکان خوتخوتە دەکەنو پەیامی پەنامەکیی دەنێرن بۆ دۆستەکانی خۆیان، تاکو شەرە قسەتان لەگەڵدا بکەن، وە ئەگەر فەرمانبەرییان بکەن، ئێوە دەبن بە هاوبەش (بۆ خوا) دانەر.

واتە: ئەگەر فەرمانبەرییان بکەن، لە بە حەڵاڵ دانانی حەرامو بە حەرام دانانی حەڵاڵ داو، لەو بوارەدا شوێنیان بکەون، ئەوە هەمان حوکمی ئەوانتان دەبێو بە هاوبەشدانەر دادەنرێن.

باسێك لە بارەی (بسم الله) كردنەوە لە كاتی خواردن و سەربڕین دا

ئێمە لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئایەتە موبارەكەدا، باسێك دەكەین دەربارەی (بسم الله) كردن لە كاتی خواردندا، وە لە كاتی سەربڕیندا، كە دیارە ئەدەبێكی ئیسلامییە، ئینسان لە كاتی خواردن و خواردنەوەدا، بەڵكو لە سەرەتای هەر كارێكی گرنگ دا، كە پێی هەڵدەستێ (بسم الله) بكات، ناوی خوا بێنێ، دیارە ئێمە لە پێنج خاڵان دا ئەو بابەتە دەتوێژینەوەو سەرەتاش دەچینە سەر خاڵی یەكەم:

خاڵی یەكەم: چەند فەرموودەیەكی پێغەمبەر ﷺ دەربارەی (بسم الله) كردن لەسەر خواردن:

١) ﴿عَنْ عُمَرَ بْنِ أَبِي سَلَمَةَ رضي الله عنه، قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ الله ﷺ: يَا غُلاَمُ سَمِّ اللّه، وَكُلْ بِيَمِينِكَ، وَكُلْ مِمَّا يَلِيكَ﴾[1]، واتە: عومەری كوڕی ئەبی سەلەمە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی گوتم: ئەی ڕۆڵە! ناوی خوا بێنە، وە بە دەستی ڕاستت بخۆ، وە لەپێش خۆشتەوە بخۆ.

٢) هەر لەوبارەوە ئەم فەرموودەیەش هەیە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویٚ: ﴿إِذَا أَكَلَ أَحَدُكُمْ فَلْيَذْكُرْ اسْمَ اللّهِ تَعَالَى، فَإِنْ نَسِيَ أَنْ يذكر اسم اللّه تَعَالَى فِي أَوَّلِهِ، فَلْيَقُلْ: بِسْمِ اللَّهِ فِي أَوَّلِهِ وَآخِرِهِ﴾[2]، واتە: ئەگەر یەكێكتان خواردنی خوارد، با ناوی خوای بەرزی لەسەر بێنێ لە سەرەتاوە، ئەگەر لەبیری چوو لە

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٦٣٧٥)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٥٠٦١)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٠٢٢)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٢٦٧)، وَالنَّسَائِيُّ في "الكبرى" برقم: (٦٧٥٩).

٢) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٦٣٣٥)، وَأَبُو دَاوُد برقم: (٣٧٦٧)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٨٥٨)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَالحَاكِمُ برقم: (٧٠٨٧) وَقَالَ: صَحِيح وَإِبْنُ حِبَّانَ برقم: (٥٢١٤) قَالَ شُعَيْب الأَرنؤوط: حَدِيثٌ صَحِيحٌ.

سـەرەتاوە (بسم اللّه) بکات، یا دوایی هەر کاتێـك بـیری کەوتـەوە، (واتـە: ئەگـەر لە میانی نـان خـواردنـەکەیدا، بـیری کەوتەوە) با بڵـێ: بە ناوی خـوا لە سـەرەتاوەو لە کۆتـاییـەوە.

٣) هەروەهـا لەوبـارەوە کـە لـە ئەنجـامی (بسـم اللّه) کـردن دا بەرەکـەت دەکەوێتـە خواردنـەکەوەو دەسـتی شـەیتانـەکان لـێ دەبـڕدرێ، ئـەم فەرموودەیــەش هەیـە: ﴿عَـنْ عَائِشَــةَ رَضِـيَ الله عَنْهَـا أَنَّ رَسُــولَ اللهِ ﷺ كَـانَ يَأْكُـلُ فِـي سِــتَّةٍ مِـنْ أَصْـحَابِهِ فَجَـاءَ أَعْـرَابِيٌّ جَـائِعٌ فَأَكَلَهُ بِلُـقْمَتَيْنِ، فَقَـالَ النَّبِـيُّ ﷺ: أَمَـا إِنَّـهُ لَـوْ ذَكَـرَ اسْـمَ اللَّـهِ لَكَفَـاكُمْ﴾[1]، واتـە: دایکمـان عائیشـە خــوا لێـی ڕازی بـێ، دەڵـێ پێغــەمبەر ﷺ لەگـەڵ شــەش لـە هــاوەڵانی دا خـــواردنیان خـــوارد، پیـــاوێکی خێڵەکیی هات، بـە دوو پـاروان هەمووی خـەلاس کـرد "دیـارە دەبـێ دوو پـارووی گەورەی لێدابـێ"، پێغـەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەگـەر نـاوی خــوای لەسـەر هێنابایـە بەشی هەمووتـانی دەکـرد.

بەلاّم دیـارە (بسـم اللّه)ی لـێ نـەکراوە، کـە ئـەو دەسـتی گەیانـدۆتێ، شـەیتانیش دەسـتی لەگـەڵ بردووە بەرەکـەتی تێـدا نـەماوە.

خاڵـی دووەم: مانـای: نـاوی خـوا لەسـەر خواردنو سـەربڕاو، نەهێنـان:

کە خـوا دەفـەرموێ: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ ﴿١٢١﴾ ﴾، وە لــەوە مەخۆن کـە نــاوی خــوای لەســەر نــەهێنراوە، {واتـە: (بسـم اللّه)ی لـێ نـەکـراوە} وە ئەوە لە ڕێ دەرچوونـە.

زانایان بە چەند جۆرێك لێکیـان داوەتـەوە:

یـەکەم: ئەو ژیـانداره کە بە ناوی جگە لـە خــواوە سـەربڕاوە، واتـە: نـاوی جگـە لـە خـوای لەسـەر هـاتوە، وەك خـوای پەروەردگار لە سوورەتی (الأنعام)دا دەفـەرموێ:

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد بـرقم: (٣٦١٣١)، وَاللَّـفْظُ لَـهُ، قَـالَ شـعيب الأرنـؤوط: حَسَنٌ بشَـوَاهِدِه، وَالتِّرمِـذِيُّ برقم: (١٨٥٨)، تعليق الألباني: صحيح.

﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطۡعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيۡتَةً أَوۡ دَمًا مَّسۡفُوحًا أَوۡ لَحۡمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُۥ رِجۡسٌ أَوۡ فِسۡقًا أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ١٤٥ ﴾، واتە: تۆ بڵێ: "ئەی موحەممەد ﷺ" لەوەدا کە بە وەحی بۆم نێردراوە، نابینم شتێك لەسەر هیچ بخۆرێك قەدەغە کرا بێ، مەگەر مردار بێ، یا خوێنێکی رژێنراو بێ، یان گۆشتی بەراز بێ، یا فیسقێك بێ، (واتە: ژیانداریکی سەربڕاو بێ) کە ناوی جگە لە خوای لەسەر هاتبێ.

کەواتە: (أَوۡ فِسۡقًا أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ)و (مِمَّا لَمۡ يُذۡكَرِ ٱسۡمُ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ) لەگەڵ (أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ) یەکن: (ناوی خوای لەسەر نەهاتوە)، ئایەتی (١٢١)، {دەنگی جگە لە خوای پێ بەرز کراوەتەوە}، ئایەتی (١٤٥).

دووەم: یانی: لەوە مەخۆن کە ناوی خوای لەسەر نەهاتووەو مردار بۆتەوە، چونکە مردار (میتة) دیارە ناوی خوای لەسەر نایەت، لەبەر ئەوەی خەڵك فریای ناکەوێو چەقۆی ناگاتێ، تاکو ناوی خوای لەسەر بێنێ.

سێیەم: ئەوەی کە ناوی خوای لەسەر نەهاتوە، مەبەست ئەوەیە کە ناوی خوای لەسەر نەهێنرابێ لە کاتی سەربڕیندا، جا چ بە ئانقەست بێ، یان بە لەبیرچوونەوە بێ، بە بەڵگەی ئایەتی ژمارە (٤)ی سوورەتی (المائدة) دەفەرموێ: ﴿ فَكُلُواْ مِمَّآ أَمۡسَكۡنَ عَلَيۡكُمۡ وَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ٤ ﴾، وشەی (جوارح) هەم سەگی ڕاوی دەگرێتەوە، هەم باز دەگرێتەوە، وە هەر شتێك کە ڕاوی پێبکرێ، دەیگرێتەوە، دەفەرموێ: ئەوەی کە بۆ ئێوەیان گرتوە لێی بخۆن، بەڵام ناوی خوای لەسەر بێنن، یانی: لە کاتێکدا ئەو نێچیرگرەی ڕاوی پێدەکەی، بەرەو گرتنی نێچیرەکەی

دەنێری، ناوی خوای لەسەر بێنە، یاخود کاتێ کە سەری دەبڕی، ناوی خوای لەسەر بێنە.

هەڵبەتە من دوایی لەوبارەوە ڕای خۆم دەڵێم، بەلام جارێ دەربارەی ڕواڵەتی ڕستە قورئانییە کە دەڵێم: ئەو سێ واتایانە هەرسێکیان دەگرێتەوە، بەلام بەڵگە لەسەر ئەوە کە زیاتر مەبەست پێی ئەوەیە کە بۆ جگە لە خوا سەربڕا بێ، ئەوەیە کە خوا ناوی لێدەنێ (وَإِنَّهُۥ لَفِسۡقٌ)، وە لە ئایەتی (١٤٥) سووڕەتی (الأنعام)یشدا دەفەرموێ: ﴿أَوۡ فِسۡقًا أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦۚ ١٤٥﴾.

شایانی باسیشە لایەنگرانی ڕای سێیەم کە دەڵێن: مەبەست لە (مِمَّا لَمۡ يُذۡكَرِ ٱسۡمُ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ) هەر گۆشتێکە کە (بسم الله)ی لێ نەکرابێ، ڕایان وایە ئەم ئایەتە قورئانییە، ئەو جۆرەی سێیەمەش دەگرێتەوە، ئەم فەرمایشتانەی پێغەمبەر ﷺ بە بەڵگە دێننەوە:

فەرموودەی یەکەم: ﴿عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ رضي الله عنه قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ قُلْتُ: إِنَّا قَوْمٌ نَتَصَيَّدُ بِهَذِهِ الْكِلَابِ، فَقَالَ: إِذَا أَرْسَلْتَ كِلَابَكَ الْمُعَلَّمَةَ، وَذَكَرْتَ اسْمَ اللهِ، فَكُلْ مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكَ، إِلَّا أَنْ يَأْكُلَ الْكَلْبُ، فَلَا تَأْكُلْ، فَإِنِّي أَخَافُ أَنْ يَكُونَ إِنَّمَا أَمْسَكَ عَلَى نَفْسِهِ، وَإِنْ خَالَطَهَا كَلْبٌ مِنْ غَيْرِهَا فَلَا تَأْكُلْ﴾[1]، واتە: عەدیی کوڕی حاتەم خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد، گوتم: ئێمە خەڵکێکین بەم سەگانە ڕاوێ دەکەین، (واتە: ئەوە چۆنەو کەنگێ نێچیرەکە بخۆین؟ کەنگێ نەیخۆین؟) فەرمووی: ئەگەر سەگەکانی خۆت کە فێری ڕاوت کردوون، ناردتن‌و ناوی خوات لەسەر هێنان {(بسم الله)ت لێکردن} لە نێچیرەکەیان بخۆ، لەوەی کە بۆتۆیان گرتوە، مەگەر سەگەکە لێی بخوات، ئەگەر سەگەکە لە نێچیرەکەی خوارد،

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٨٢٩٦)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٥٤٨٧)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٩٥٠)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٢٨٤٨)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٤٧٠)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٢٦٧)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٢٠٨).

دەترسـم بۆخـۆی گـرتبێتـی، لەبەرئـەوە لێـی مـەخۆ، هـەروەها ئەگـەر سـەگی غـەیری خۆشت بەشداریی تێدا کـرد، دیسـان لـێی مەخـۆ.

شـاهێد لێـرەدا ئەوەیـە کـە پێغـەمبەر ﷺ دەفـەرموێ: ئەگـەر نـاوی خـوات لەسـەر هێنـابێ، کاتێـك کە سـەگەکەت نـاردوە.

فەرمـــوودەی دووەم : دیـارە پێغـەمبەر ﷺ پرسـیاری لێکـراوە کـە بـەچ شـتێك: نێچیـر (ئـاژەڵ، یـان پەلـەوەر) سـەرببـڕدرێ؟ پێغـەمبەری خـوا ﷺ لـەوبارەوە فەرموویــەتی: ﴿مَـا أَنْهَـرَ الـدَّمَ، وَذُكِـرَ اسْـمُ اللهِ، فَكُـلْ لَـيْسَ السِّـنَّ وَالظُّفُـرَ، وَسَـاحَدِّثُـكَ أَمَّـا السِّـنُّ فَعَظْـمٌ، وَأَمَّـا الظُّفُـرُ فَمُـدَى الْحَبَشَـةِ﴾[١]، واتـە: هـەر شـتێك خوێن بێنـێ (لە سـەربڕاوەکە)، وە ناوی خـواشی لەسـەر بهێنرێ، بیخـۆن، جگە لـە ددان و نینـۆك، ئێستا حیکـمەتی ئـەوەتان بـۆ ڕووندەکەمـەوە: هەرچی ددانــە، بـە ئێسـقان لـە قەڵـەم دەدرێ، وە هەرچـی نینۆکیشــە، ئـەوە چـەقۆی حەبەشـەییـەکانـە. {(الْمُدَى: جَمْع مدية وَهِيَ الشَّفْرَةُ الكَبِيـرَة) (مُدى) کۆی (مدية)یـە، کـە بریتیـە لە چەقـۆی گـەورە}.

فەرموودەی سـێیـەم: ﴿عَنْ جُنْدُبِ بْنِ سُفْيَانَ الْبَجَلِيِّ رضي الله عنه قَالَ ضَحَّيْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّـهِ ﷺ أُضْحِيـةً ذَاتَ يَـوْمٍ فَإِذَا أُنَاسٌ قَدْ ذَبَحُوا ضَحَايَاهُمْ قَبْلَ الصَّلاةِ فَلَمَّا انْصَرَفَ رَآهُـمْ النَّبِـيُّ ﷺ أَنَّهُـمْ قَـدْ ذَبَحُـوا قَبْـلَ الصَّلاةِ، فَقَـالَ: مَـنْ ذَبَـحَ قَبْـلَ الصَّـلاةِ فَلْيَذْبَحْ مَكَـانَهَا أُخْرَى، وَمَنْ كَـانَ لَـمْ يَـذْبَحْ حَتَّـى صَلَّيْنَا فَلْيَـذْبَحْ عَلَى اسْـمِ اللَّهِ}[٢]، واتە: جونـدوبی کـوڕی سـوفیانی بەجەلیـی خـوا لێـی ڕازی بـێ، دەڵـێ: لەگـەڵ پێغـەمبەری خـوا ﷺ ڕۆژێـك قوربانییمـان سـەربڕی، ئنجـا کۆمەڵە خەڵکێك قوربانییـەکانی خۆیـان پێش نوێژ (واتە: پێش نوێژی جـەژن) سـەربڕی بـوو، کـە پێغـەمبەر ﷺ نوێژەکـەی تـەواو بـوو، تەماشـای کـرد، بینـی هەندێ کـەس قوربانیـیەکەیان سـەربڕیوە، پێش ئەوەی نوێژێ بکەن، فـەرمووی:

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٥٨٤٤)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٢٤٨٨)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٩٦٨)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٤٩١)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٤٩٩)، وَابْنُ مَاجَه برقم: (٣١٧٨)، عَنْ رَافِعِ بْنِ خَدِيجٍ رضي الله عنه.

٢) مُتَّفَقٌ عَلَيْه: أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٥٦٢)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٩٦٠).

هەر کەسێك لە پێش نوێژدا قوربانیی سەربڕیوە، با لەجێی ئەو قوربانییەکی دیکە سەرببڕێ، {ئەوی دیکە بە قوربانیی لە قەڵەم نادرێ، چونکە دەبێ قوربانیی دوای نوێژ بکرێ سەرببڕدرێ}، وە کەسێك کە قوربانییەکەی سەرنەبڕیوە تاکو نوێژمان نەکردوە (قوربانییەکەی خستۆتە دوای نوێژ)، با بە ناوی خوا سەری ببڕێ (واتە: ناوی خوای لێبێنێ).

فەرمودەی چوارەم: ﴿عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، أَنَّ قَوْمَاً قَالُوا لِلنَّبِيِّ ﷺ: إِنَّ قَوْمَاً يَأْتُونَا بِاللَّحْمِ، لا نَدْرِي أَذُكِرَ اسْمُ اللهِ عَلَيْهِ أَمْ لا؟ فَقَالَ: سَمُّوا عَلَيْهِ أَنْتُمْ وَكُلُوهُ، قَالَتْ وَكَانُوا حَدِيثِي عَهْدٍ بِالْكُفْرِ﴾[1]، واتە: دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: کۆمەڵێك خەڵك هاتن بە پێغەمبەر ﷺیان گوت: کەسانێك هەن گۆشتمان بۆ دێنن، ئێمەش نازانین ئەو گۆشتە کە کاتی خۆی سەربڕاوە، ناوی خوای لەسەر هاتوە، یان نا؟ ئەویش فەرمووی: ئێوە (بسم الله) بکەنو بیخۆن، (بۆخۆتان ناوی خوای لەسەر بێنن، لە کاتی خواردنیداو تەواو).

ئنجا عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: ئەوانە (تازە مسوڵمان بوو بوون واتە: لە کوفرەوە نزیك بوون، یانی: شارەزای دەستووری ئیسلامیی نەبوون).

<u>خاڵی سێیەم</u>: ڕاجیایی زانایان لەبارەی حوکمی (بسم الله)کردنەوە، لەکاتی سەربڕین دا:

(المهلَّب) یەکێکە لە زانایان وەك خاوەنی (محاسن التأويل) لێی دەخوازێتەوە دەڵێ: (قَالَ المهلَّب: هَذَا الحَدِيثُ أَصْلٌ فِي أَنَّ التَّسْمِيَةَ لَيْسَتْ فَرْضًا، فَلَمَّا نَابت تَسْمِيتهُم عَنِ التَّسْمِيَةِ عَلَى الذّبح، دَلَّ عَلَى أَنَّهَا سُنة لأَنَّ السُّنة لا تَنوب عَن فَرْض)[2]، واتە: موهەللەب دەڵێ: ئەم فەرموودەیە بنچینەیە لەوبارەوە کە (بسم الله) کردن لە کاتی سەربڕین(ی ئاژەڵ، یاخود نێچیر)دا فەرز نیەو سوننەتە،

---

١) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٥٦٢).

٢) محاسن التأويل، ج ٤، ص ٧٠٥.

چونکە (بسم الله) کردن لە کاتی خواردندا سوننەتەو، سوننەتیش جێگای فەرز ناگرێتەوە، {کەواتە: دیارە (بسم الله)کردنەکەش بۆ کاتی سەربڕینەکەش هەر سوننەتە، چونکە سوننەت شوێنی فەرز ناگرێتەوە}.

دیارە هەندێك لە زانایانیش گوتوویانە: هەر ئاژەڵێك کە سەر دەبڕدرێ، ئەگەر بە لەبیرچوونەوە (بسم الله)ی لێ نەکرابێ، گۆشتەکەی حەڵاڵە، بەڵام ئەگەر بە ئانقەست (بسم الله)ی لێنەکرابێ، ئەوە گۆشتەکەی حەرامە.

ئنجا خاوەنانی بۆچوونی یەکەم، ئەم فەرموودەیە بە بەڵگە دێننەوە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿إِنَّ اللهَ وَضَعَ عَنْ أُمَّتِي الْخَطَأَ، وَالنِّسْيَانَ، وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ﴾ (أَخْرَجَهُ ابْنُ مَاجَهْ بِرقم: (٢٠٤٥)، صَحَّحَهُ الألباني، وَأَخْرَجَهُ أَيْضَاً إِبْنُ حِبَّان بِرقم: (٧٢١٩) قال شعيب الأرنؤوط: إِسْنَادُهُ صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ البُخَارِي)، واتە: بێگومان خوا (سزادانی) لەسەر ئوممەتی من لابردوە، لەسەر شتێك کە شتێك بە هەڵە دەیکەن، یان بە لەبیرچوونەوە دەیکەن، یان بە زۆر پێیان دەکرێ.

کەواتە: کەسێك لەبیری چوو (بسم الله) بکات، ئەوە سەربڕاوەکەی دەخورێ و، هیچ ئیشکالی تێدانییە.

هەروەها (القُرطُبي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] زۆر بە جوانیی هەموو ڕایەکانی هێناون، کە پێنج ڕان، گوتوویەتی: {فقوله: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ ﴾، ظَاهِر فِي تَنَاوُل المَيْتَة، وَتدخلُ فِيهِ مَا ذكر عَلَيْهِ غَيْر اسْمِ اللهِ بعمُوم أَنَّهُ لَمْ يَذْكر عَلَيْهِ اسْم الله، وَبزيَادَة ذكر غَيْر اسم الله سُبْحَانَهُ عَلَيْهِ الَّذِي يَقْتَضِي تَحْرِيمه نَصّاً بقَولِه: ﴿ ... وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيْرِ ٱللَّهِ ... ﴿١٧٣﴾ ﴾ البقرة، وَهَلْ يَدخلُ فِيهِ مَا ترك المُسْلِم التسمية عَمْداً عَلَيْهِ مِنَ الذَّبْح، وَعِنْدَ إِرْسَال كلب الصَّيْدِ؟ اختَلَفَ العُلَمَاء فِي ذَلِكَ عَلَى أَقْوَال خَمْسَة:

---

١) الجامع لأحكام القران: ج٧، ص٦١، ٦٢.

الأَوَّل: إِنْ تَرَكَهَا سَهْواً أُكلا جَمِيعاً، وَهُوَ قَوْل إِسْحَاق وَرِوَايَة عَنْ أَحْمَد بْنُ حَنْبَل، فَإِنْ تَرَكَهَا عَمْداً لَمْ يؤكلا، وَقَالَه فِي الكِتَاب مَالِك وَابْنُ القَاسِم، وَهُوَ قَوْل أَبِي حَنِيفَة وَأَصْحَابه وَالثَّوْرِيُّ وَالحَسَنُ بْنُ حَي وَعِيسى وَأَصبغ ، وَقَالَهُ سَعِيد بْنُ جُبَيرِ وَعَطَاء، وَاخْتَارَهُ النَّحَاس وَقَالَ: هَذَا أَحْسَن ، لأَنَّهُ لا يسمى فَاسِقاً إِذَا كَانَ نَاسِياً.

الثَّانِي: إِنْ تَرَكَهَا عَامِداً أَو نَاسِياً يَأْكُلهما، وَهُوَ قَوْل الشَافِعِي وَالحَسَن، وَرُوِيَ ذَلِك عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ وَأَبِي هُرَيْرَة وَعَطَاء وَسَعِيد بْنِ المُسَيِّب وَجَابِر بْنِ زَيدٍ وَعِكْرِمَة وَأَبِي عِيَاض وَأَبِي رَافِع وَطَاوس وَإِبْرَاهِيم النَّخَعِي ...

الثَّالِث: إِنْ تَرَكَهَا عَامِداً أَو سَاهِياً حُرُم أَكلهما، قَالَ مُحَمَّد بْن سِيرِين وَعَبْدُاللّه بْن عَيَاش بْن أَبِي رَبِيعَة وَعَبْدُاللّه بن عُمَر وَنَافِع وَعَبْدُاللّه بْن زَيد الخطمي وَالشَّعْبِي، وَبِهِ قَالَ أَبو ثور وَدَاوُد بْن عَلِي وَأَحْمَد فِي رِوَايَة.

الرَّابِع: إِنْ تَرَكَهَا عَامِداً كُرِه أَكلهما، قَالَهُ القَاضِي أَبُو الحَسَن وَالشَّيخ أَبُو بَكر مِنْ عُلَمَائِنَا.

الخَامِس: قَالَ أَشهَب: تؤكل ذَبِيحَة تَارِك التَّسْمِيَة عَمْداً إِلاَّ أَنْ يَكُونَ مُسْتَخِفّاً، وَقَالَ نَحْوه الطَّبَرِي).

واتە: کە خوا دەفەرموێ: وە لەوە مەخۆن، کە ناوی خوای لەسەر نەهاتوە، بە ئاشکرا مرداربووەوە دەگرێتەوە، چونکە مرداربوو، ناوی خوای لەسەر نەهاتوە، وە ئەوەش دەگرێتەوە کە ناوی جگە لە خوای لەسەر بێ، چونکە: یەکەم: ناوی خوای لەسەر نەهاتووە، سەرەڕای ئەوەش ناوی جگە لە خوای پاکییشی لەسەر هاتوە، کە دیارە ئەگەر ناوی جگە لە خواشی لەسەر هات، ئەوە بە دەقی قورئان قەدەغەیە، {چونکە لە ئایەتی (١٧٣)ی سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ ...﴿١٧٣﴾﴾، واتە: ... هەر شتێك كە ناوی جگە لە خوای لەسەر هاتبێ، قەدەغەیەو لە ڕیزی گۆشتی بەرازو مردارو خوێن دایە}[1]، بەڵام ئایا ئەم ڕستە قورئانییە ئەوەش دەگرێتەوە کە

١) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە.

مسوڵمانێك ناوی خوا بە ئانقەست لەسەر سەربڕاوێك نەهێنێ، یاخود لە كاتێكدا كە سەگەكەی (یاخود بازەكەی) دەنێرێ بۆ ڕاو {(بسم الله)ی لێ ناكات}، ئایا ئەوەش دەگرێتەوە یان نا؟ زانایان لەوبارەوە ڕای جیایان هەن‌و، ڕایەكانیان هەموویان دەبن بە پێنج ڕاو بۆچوون:

ڕای یەكەم: {كە لە ڕاستییدا لە هەموویان بەهێزترە}[١]، دەڵێن: ئەگەر بە لەبیرچوونەوە (بسم الله) نەكات، چ بۆ نێچیرەكە كە دەگیرێ‌و سەگی تێبەرداوە، (یان تاژیی، یان بازی تێبەرداوە)، وە چ ئەوە كە خۆی سەری دەبڕێ، (پەلەوەر یان ئاژەڵ) دەخورێن، (واتە: حەڵاڵن)، ئەمەش قسەی ئیسحاقە، وە ڕیوایەتێكە لە ئەحمەدی كوڕی حەنبەلەوە، بەڵام ئەگەر بە ئەنقەست (بسم الله)ی نەكرد، هیچیان ناخورێن، مادام لەبیری بێ، ئەمە وەك لە كتێبەكەیدا گووتویەتی، قسەی مالیك‌و ئیبنو قاسمە، وە قسەی ئەبو حەنیفەو هاوەڵەكانیەتی، وە قسەی ثەوریی‌و حەسەنی كوڕی حەیی‌و عیساو ئەصبەغە، هەروەها هی سەعیدی كوڕی جوبەیرو عەتائە‌و، نەححاسیش ئەوەی هەڵبژاردوە، وە گوتوویەتی: ئەم ڕایە باشترە، چونكە هەر كەسێك بە لەبیرچوونەوە (بسم الله)ی نەكردبێ، بە فاسق لە قەڵەم نادرێ، (كردەوەكەی بە لەڕێ دەرچوون لە قەڵەم نادرێ)[٢].

ڕای دووەم: دەڵێن: ئەگەر بە ئانقەست (بسم الله)ی لێ نەكردبن، یاخود بە لەبیرچوونەوە هەرچۆنێكی بێ، گۆشتەكەیان هەر دەخورێ‌و حەڵاڵن، ئەمەش قسەی شافیعیی‌و حەسەنی بەسرایییە، وە ئەوە لە عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس‌و ئەبو هورەیرەوە خوایان لێ ڕازی بێ، وە لە عەتاء‌و سەعیدی كوڕی موسەییب‌و ئەوانیش ڕەحمەتی خوایان لێبێ، گێڕدراوەتەوە.

ڕای سێیەم: دەڵێن: ئەگەر بە ئانقەست یان بە لەبیرچوونەوەوە (بسم الله)ی لێ نەكردبن، حەرامە بیانخوات، ئەمەش قسەی موحەممەدی كوڕی سیرین‌و

---

١) ئەمە زیادكردنی خۆمە.

٢) ئەمە زیادكردنی خۆمە.

عەبدوڵڵای کوڕی عومەرە خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، وە قسەی شەعبییو ئەبو ثەورو ئەبو داوودی کوڕی عەلی یە،، وە ئەحمەدیش لە ڕیوایەتێکدا ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، ئەوە ڕایەتی.

ڕای چوارەم: دەڵێن: ئەگەر بە ئانقەست (بسم اللّه)ی لێ نەکردبن، شتێکی ناپەسەندە گۆشتەکەیان بخوات، بەڵام حەرام نیە، ئەوەش قازیی ئەبو حەسەنو شێخ ئەبو بەکر، لە زانایانی مالیکی مەزهەب گوتوویانە.

ڕای پێنجەم: دەڵێن: ئەگەر بە ئانقەست (بسم اللّه)ی لێ نەکردبێ، دەخورێ، بەڵام بە مەرجێك لە ڕووی بە کەمگرتنەوە نەبووبێ (بۆ وێنە: گوتبێتی جا (بسم اللّه) چییە ! بیکەمو نەیکەم)[1] ؟!.

ئنجا لە ڕاستیدا ڕای بەهێزتر لە تەفسیری فەرمایشتی خوادا کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ ﴾، وە لەوە مەخۆن کە ناوی خوای لەسەر نەهاتوە، وە ئەوە لە ڕێ دەرچوونە.

ئەوەیە کە مەبەست پێی ئەو ژیاندارانەن کە بۆ جگە لە خوا سەر دەبڕدرێن، بۆیە ئەو ڕایەش ڕاستترە کە مسوڵمان ئەگەر (بسم اللّه)ی لەسەر سەربڕاوێك نەکرد، هەرچەندە بە دڵنیاییەوە وا باشترە کە (بسم اللّه)ی لێ بکات، بەڵام ئەگەر (بسم اللّه)یشی نەکرد، بە مەرجێك لێی نەخوێنرێتەوە کە بە کەمگرتنی تێدایە، ــ کە ئەگەر وایکرد، ئەوە هەر کوفریشە ــ ئەوە ئەگەر بەهۆی لەبیرچوونەوەوە بێ، یاخود بە ئانقەستیش بێ، ئەو سەربڕاوە، گۆشتەکەی هەر حەڵاڵە.

خاڵی چوارەم: مشتومڕی زانایان لەبارەی نەسخ کرانەوەی ئەو ئایەتەوە:

هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ئەم ئایەتە هەندێکی نەسخ کراوەتەوە، لەوبارەوە با تەماشای قسەی (إبن جرير الطبري) بکەین، دەڵێ: (اخْتَلَفَ أَهْلُ

---

١) ئەوەی نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە.

العِلْـم فِـي هَذِهِ الآيـة، هَلْ نسخ مِنْ حُكْمِهَا شَيء أَمْ لا؟ فَقَالَ بَعْضُهُم: لَمْ ينسَخ مِنْهَا شَيء، وَهِيَ مُحْكَمَة فِيمَا عُنِيت بِهِ، وَعَلَى هَذَا قَوْل عَامَّة أَهْل العِلْم، وَرُوِي عَـنِ الحَسَـنِ البَصْـرِي وَعِكْـرِمَة: أَنَّـهُ تَعَالــى نسـخ مِـن هَـذِهِ الآيَـة وَاسْـتَثْنَى قولـه:﴿ ...وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ ... ﴾، وَرَوى إِبْـنُ أَبِـي حَـاتِم عَـنْ مَكْحُول أَيْضَاً أَنَّـهُ تَعَالـى نَسـخهَا بِقولِـهِ: ﴿ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ حِلٌّ لَّكُمْ ﴿٥﴾ ﴾، وَالصَّوَاب أَنَّهُ لا تعَارض بَيْنَ حِلِّ طَعَام أَهْل الكِتاب، وَبَيْـنَ تَحْرِيم مَا لَمْ يَذْكر اسْم اللّهِ عَلَيْـه)[١]، واتـە: زانایـان، لـەبارەی ئـەم ئایـەتەوە ڕاجیاییان هەیـە، ئایا حوکمەکەی هیچی لـێ نـەسخ کراوەتـەوە یان نا؟ هەنـدێك گوتوویانـە: هیچـی لـێ نـەسخ نەبۆتـەوەو موحکـەمـەو، ئـەوەی کە مەبەسـتیـەتی هـەر لـە شـوێنی خـۆی دایـە، وە زۆربـەی زانایـان لەسـەر ئـەو ڕایـەن، {لـە نێوایشـیان دا موجاهید، کە قوتابی ئیبنو عەبباس بووە، وە زانایان گوتوویانـە: ئەگەر تەفسـیری قورئـان لـە موجاهیـدەوە هـات، ئـەوە ئیشـت تـەواوە، واتـە: زۆر شـارەزا بـووە لـە قورئان}[٢]، بـەڵام لە حەسـەنی بەسـرایی و لە عیکریمـەوە {ئـەویش هـەر قوتـابی ئیبنو عەبباس بووە}[٣] گێڕدراوەتەوە کە خوای پەروەردگار هەندێکی لەم ئایـەتە نـەسخ کردۆتەوەو لێـی هـەڵاواردوە، پاش ئـەوەی ئـەو ڕسـتەیەی نـاردە خـوارێ، کە دەفـەرموێ: ﴿ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ حِلٌّ لَّكُمْ ﴿٥﴾ ﴾الـمائدة، واتـە: خـواردنی ئەوانـەی کە کتێبیان پێدراوە، بۆ ئێوە حـەڵاڵـە.

---

١) محاسـن تـأويل: ج٤، ص٧٠٦. ئـەو مەسـەلەیە گرنگـە، وە مـن بـە ڕاسـتیی، زۆر قەڵـس دەبم، کـە هەندێك لە توێژەرەوانـی قورئان، هەر لەخـۆوە دەڵێن: ئـەم ڕسـتە قورئانییـە نەسخ بۆتـەوە، ئـەم ئایەتـە ئەوەندەی لـێ نەسخ بۆتەوە، بێئـەوەی کە بەڵگەیەکـیان پـێ بـێ! هەرچـەندە وەك دوایـی ڕوونـی دەکەینــەوە، مەبەسـتی زانایــانی پێشـین لـە (نسـخ) شـتێکی دیکـە بـووە، نـەك لابــردنی حوکمی ئایـەتەکە.

٢) ئـەوەی نێوان کەوانـەکان زیادکردنـی خۆمـە.

٣) ئـەوەی نێوان کەوانـەکان زیادکردنـی خۆمـە.

وە (ابن أبي حاتم) لە (مكحول) وە گێڕاویەتەوە کە: ﴿... وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ ...﴿١٢١﴾﴾الأنعام، بە: ﴿وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ حِلٌّ لَّكُمْ ﴿٥﴾﴾المائدة، نەسخ نەبۆتەوە[1].

{مەبەستیان ئەوەیە کە: مادام خوا فەرموویەتی: خواردنی خاوەن کتێبەکانتان بۆ حەڵاڵە، لە حاڵێك دا کە خاوەن کتێبەکان ناوی خوا لەسەر سەربڕاو ناهێنن، کەواتە: ڕستەکەی (الأنعام) کە دەفەرموێ: ﴿... وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ ...﴿١٢١﴾﴾ نەسخ بۆتەوە}.

دوایی (الطبري) دەڵێ: قسەی ڕاست ئەوەیە کە تێکگیران نیە لە نێوان ئەوەدا کە خاوەن کتێبەکان، (واتە: جوولەکەو نەصرانییەکان) سەربڕاویان بۆ ئێمە حەڵاڵە، وە ئەوەش کە ناوی خوای لەسەر نەهاتبێ، (بەو واتایەی کە بۆ جگە لە خوا سەربڕابێ)، حەرامە، تێکناگیرێن.

{کەواتە: پێویست ناکات باسی نەسخ بکەین، دیاری هۆی تێکنەگیرانەکەشی ئەوەیە کە ئایەتەکەی (الأنعام) خواردنی گۆشتی سەربڕاو بۆ جگە لە خوا قەدەغە دەکات، بەڵام ئایەتەکەی (المائدة) باسی ڕەوایی خواردنی سەربڕاوی خاوەن کتێبەکان دەکات، کە بێگومان: سەربڕاو بۆ جگە لە خوا، جیاوازە لە سەربڕاوی خاوەن کتێبەکان}[2].

(إِبْنُ كَثير)یش گوتوویەتی: (وَهَذَا الَّذِي قَالَهُ صَحِيح، وَمَن أطلق مِنَ السَّلَفِ النَّسْخ هَاهُنَا، فَإِنَّمَا أَرَادَ التَّخْصِيص)[3].

---

١) ئەوەی نێوان کەوانەکان زیادکردنی خۆمە.

٢) ئەوەی نێوان کەوانەکان زیادکردنی خۆمە.

٣) تفسير القرآن العظيم لإبن كثير، ج٣، ص٣٢٧، دار طيبة للنشر والتوزيع، الطبعة الثانية ١٤٢٠هـ - ١٩٩٩ م عدد الأجزاء: ٨.

واتە: وە ئەوەی (طبري) گوتوویەتی، ڕاستە، وە هەندێك لە زانایانی پێشین کە وشەی نەسخیان بەکارهێناوە، مەبەستیان پێی تایبەت کردن بووە، نەك لابردنی حوکمەکە.

خاڵی پێنجەم: لێخواردنی حەرامو بە حەڵاڵ دانانی: کوفرو شیرکە:

ڕستەیەکی دیکە کە هەر لەو ئایەتە موبارەکەدا هەیە کە دەفەرموێ:

﴿...وَإِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَـٰدِلُوكُمْ ۖ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ١٢١﴾، وە شەیتانەکان وەحی دەکەن بۆ دۆستەکانی خۆیان، تاکو شەڕە قسەتان لەگەڵ بکەن، وە ئەگەر ئێوە بە قسەیان بکەن، بێگومان دەبن بە هاوبەش بۆ خوا دانەر.

خاوەنی کتێبی (محاسن التأويل)[1]، دەڵێ: (قَالَ الزجاج: في قوله تعالى: ﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾ دَلِيلٌ عَلَى أَنَّ كُلَّ مَنْ أَحلّ شَيْئاً مِمَّا حَرّم اللهُ تَعَالى، أَو حَرَّمَ شَيْئاً مِمَّا أَحَلَّ اللّٰه تَعَالى، فَهُوَ مُشْرِكٌ، وَإِنَّمَا سُمِّيَ مُشْرِكاً لأَنَّهُ أَثبت حَاكِماً سِوَى الله تَعَالَى، وَهَذَا هُوَ الشِّرْك)، واتە: زەججاج "کە یەکێکە لە شارەزایانی زمانو شارەزایانی تەفسیر" دەڵێ: لە قسەی خوای بەرزدا کە دەفەرموێ: ئەگەر بە قسەی هاوبەش دانەرەکان بکەن، دەبن بە هاوبەش بۆ خوا دانەر، بەڵگە هەیە لەسەر ئەوە کە هەر کەسێك، شتێك کە خوا قەدەغەی کردوە، حەڵاڵی بکات، وە شتێك کە خوای بەرز بە حەڵاڵی داناوە، قەدەغەی بکات، ئەوە دەبێتە هاوبەش بۆ خوا دانەر، بۆیەش پێی دەگوترێ: هاوبەش بۆخوا دانەر، چونکە جگە لە خوای بەرز حکومڕانێکی دیکەو حەڵاڵو حەرام دانەرێکی دیکەی داناوەو، ئەوەش شیرکە.

هەر لەوبارەوە ئەم فەرموودەیەش هەیە: ﴿عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ رضي الله عنه قَالَ: أَتَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَفِي عُنُقِي صَلِيبٌ مِنْ ذَهَبٍ، فَقَالَ : يَا عَدِيُّ! اطرح

---

١) ج ٤، ص ٧٠٧.

عَنْكَ هَـذَا الْـوَثَنَ، وَسَـمِعْتُهُ يَقْـرَأُ فِـي سُـورَةِ بَـرَاءَةٌ: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴿٣١﴾ ﴾التوبة، قَالَ: أَمَا إِنَّهُمْ لَمْ يَكُونُوا يَعْبُدُونَهُمْ، وَلَكِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا أَحَلُّوا لَهُمْ شَيْئاً اسْتَحَلُّوهُ، وَإِذَا حَرَّمُوا عَلَيْهِمْ شَيْئاً حَرَّمُوهُ}[1]، واتە: عەدی کوڕی حاتیم خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: چووم بۆ لای پێغەمبەر ﷺ خاچێکی زێڕم لە ملدا بوو، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی عەدی! ئەو بتە فڕێ بدە، وە گوێم لێبوو لە سوورەتی بەرائە ئەم ئایەتەی دەخوێند:

﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴿٣١﴾ ﴾، واتە: "جولەکەکان و نەصرانییەکان، زاناکانی خۆیان و ڕاهیبەکانی خۆیان {واتە عابیدەکانی خۆیان کە گۆشەگیرن}[2] بە پەروەردگارو بە پەرستراوی خۆیان دەگرن، ئنجا پێغەمبەر ﷺ کە ئایەتەکەی خوێندەوە فەرمووی: ئاگاداربن ئەوان {واتە: جوولەکەو نەصرانییەکان}[3] زاناکان و گۆشەگیرەکانی خۆیانیان نەدەپەرست {نوێژو ڕۆژوویان بۆ بکەن و سەجدەو ڕکووعیان بۆ ببەن}[4]، بەڵکو مەبەست لە پەرستنەکەیان ئەوە بوو، کە ئەگەر شتێکیان بۆ حەلاڵ دەکردن، ئەوانیش بە حەلاڵیان دەزانی {یا حەرامیش بووایە} وە ئەگەر شتێکیان لێ قەدەغە کردبان، بە قەدەغەیان دەزانی {و بە دوایان دەکەوتن لە حەلاڵ و حەرامدا}.

هەر لەوبارەوە (إبن العربي) کە (القرطبي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا (الجامع لأحكام القرآن) لێیەوە دێنێ، دەڵێ: {قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴾، إِنَّمَا يَكُونُ الْمُؤْمِنُ بِطَاعَةِ الْمُشْرِكِ مُشْرِكاً، إِذَا أَطَاعَهُ فِي اعْتِقَادِهِ،

١) أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ برقم: (٣٠٩٥) قَالَ الشيخ الألباني: حَسَنٌ.

٢) زیادکردنی خۆمن، بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەست.

٣) زیادکردنی خۆمن، بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەست.

٤) زیادکردنی خۆمن، بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەست.

فَأمّا إِذَا أَطَاعَهُ فِي الْفِعْلِ وَعَقْدُهُ سَلِيمٌ مُسْتَمِرٌّ عَلَى التَّوْحِيدِ وَالتَّصْدِيقِ، فَهُوَ عَاصٍ فَافْهَمُوا ذَلِكَ فِي كُلِّ مَوْضِعٍ)[١]، کە بە بۆچوونی من قسەکەی زۆر جوانە، واتە: ئیماندار کاتێك بە فەرمانبەریی کردنی ئینسانێکی هاوبەش بۆ خوا دانەر، دەبێتە هاوبەش بۆ خوا دانەر{و لە بازنەی ئیسلامدا دەردەچێ} ئەگەر لە رووی عەقیدەوە شوێنی بکەوێ، بەڵام ئەگەر بەس لە کردەوەدا شوێنی بکەوێ، {واتە: بە ناچاریی شوێنی بکەوێ، یان وەك لاسایی کردنەوە شوێنی بکەوێ، یان لە ترسان شوێنی بکەوێ}[٢]، بەڵام دڵی هەر لە جێی خۆی بێ لەسەر خوا بەیەکگرتن و بەڕاست دانانی خواو ئیسلام، ئەوە تەنیا گوناهبارە، لەوە تێبگەن لە هەموو شوێنەکان دا.

لێرەدا دێینە کۆتایی باسی حوکمی (بسم الله) کردن، لەسەر خواردن و لەسەر سەربڕاوان.

مەسەلەی پێنجەم: خوا دەفەرموێ: ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَـٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَـٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ۚ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْكَـٰفِرِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾، لێرەدا خوا بەراورد دەکات لە نێوان مرۆڤی ئیماندارو مرۆڤی بێ ئیماندا، دەفەرموێ: ئایا کەسێك کە مردوو بووەو زیندوومان کردۆتەوەو ڕووناکییەکمان پێداوە، لە نێو خەڵکیدا پێی دەڕوات، وەك وێنەی کەسێك وایە، کە لە تاریکییان دایەو لێیان دەرباز نابێ؟ ئاوا کافرەکان ئەو کردەوانەی کە دەیانکەن بۆیان ڕازێندراوەنەوە.

تەماشا بکەن ! خوای پەروەردگار بە سێ وەسفان پێناسەی مرۆڤی ئیماندار دەکات:

---

١) ج ٧، ص ٦٤.

٢) ئەوەی نێوان کەوانەکان خۆم زیادم کردوە، بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی مەبەست.

پێناسەی مرۆڤی بڕوادار بە سێ سیفەتی گرنگ

یەکەم: دەفەرموێ: ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ﴾، ئایا کەسێك کە مردوو بوو زیندوومان کردەوە، واتە: مردنی مەعنەوییی، کەسێك ئیمانی نەبێ بە مردوو لە قەڵەم دەدرێ، وە کەسێك ئیمانی هەبوو، بە زیندوو لە قەڵەم دەدرێ، وەك خوای پەروەردگار لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿وَمَا يَسْتَوِي الْأَحْيَاءُ وَلَا الْأَمْوَاتُ...﴿٢٢﴾﴾ فاطر، واتە: زیندووان و مردووان وەك یەك نین، کە مەبەست پێی مردنی مەعنەوییە.

دووەم: دەفەرموێ: ﴿وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا﴾، وە ڕووناکییەکمان پێدا، کەواتە: ئیمان ڕۆشنایی و ڕووناکییەکە، عەقڵ و دڵ و دەروو دەروونی ئینسان، ڕۆشن دەکاتەوە، وە دەوروبەری ئینسان ڕۆشن دەکاتەوە، وە ڕابردوو ئێستاو داهاتووی، ڕۆشن دەکاتەوە.

سێیەم: دەفەرموێ: ﴿يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ﴾، بەو ڕووناکییە لە نێو خەڵکیدا دەڕوات، واتە: لەبەر ڕۆشنایی دامامەڵە لەگەڵ خەڵکدا دەکات.

بەڵام کەسی کافر بە چی پێناسە دەکات؟ دەفەرموێ: ﴿كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا كَذَلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾، ئایا وەك کەسێك وایە کە لە تاریکییاندایە، لێشیان دەرباز نابێ، ئینسانی کافر بۆچی لە تاریکییدایە؟ تەماشا بکەن!

کافر نازانێ لە کوێ ڕا هاتوە ؟ وە نازانێ بۆچی هاتوە؟ وە نازانێ بۆ کوێ دەچێ؟ وە نازانێ کێ هێناویەتی؟ وە نازانێ چی لێ داوا کراوە؟ حەڵاڵو حەرامی بۆ لێك جیا نابنەوە، وە پاكو پیسی بۆ لێك جیا نابنەوە، وە ڕاستو چەوتی بۆ لێك جیا نابنەوە، بەڵێ، دەڵێ: ئەمە ڕاستەو ئەمە چەوتە، بەڵام جاری وایە ئەوەی کە ئەو بە ڕاستی دەزانێ، چەوتە، وە ئەوەی ئەو بە چەوتی زانیوە ڕاستە، وەك خوای پەروەردگار لە سوورەتی (التوبة)دا دەفەرموێ: ﴿ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلۡمُنَٰفِقَٰتُ بَعۡضُهُم مِّنۢ بَعۡضٖۚ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمُنكَرِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَقۡبِضُونَ أَيۡدِيَهُمۡۚ نَسُواْ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمۡۗ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾، واتە: مونافیقە نێرو مێیەکان هەندێکیان لە هەندێکیانن، فەرمان بە خراپە دەکەنو، ڕێ لە چاکە دەگرن، دەستی خۆیان دەگرنەوە لە بەخشین، خوایان لەبیر چووە، خواش ئەوانی لەبیر کردوە (پشت گوێ خستوە)، بێگومان دووڕووان لە ڕێ دەرچووانن.

کەواتە: ئینسانی بێبڕوا لە تاریکاییدایە، بە نسبەت خۆیەوە، نازانێ لە کوێوە هاتوە؟ نازانێ بۆ کوێ دەچێ؟ نازانێ بۆچی هاتوە؟ وا مەزانن خەڵك وەك ئێمەیە: ئێمە مسوڵمانینو دەزانین بۆ کوێ دەچین ؟ حەڵاڵ چیە ؟ حەرام چیە؟ چ حەڵاڵو حەرام لە بواری جینسیی دا بێ، چ لە بواری خواردنو خواردنەوەدا بێ، چ لە بواری بەرگو پۆشاك دا بێ، چ لە بواری کارو کەسابەت دا بێ، چ لە بواری سیاسەت دا بێ، لە هەر بوارێك دا بێ، ئێمە بەرچاومان ڕۆشنە، ئەوە هەمووی چاکەو نیعمەتی خوایە.

ئنجا ئەگەر تۆ بە وڵاتاندا بڕۆیو بگەڕێی دەبینی: شتێك کە لێرەدا بە پیسی دەزانین، شوێنی وا هەیە، دەیخۆن، یان بۆ وێنە: ئێمە شانازیی بەوەوە دەکەین کە غەیرەمان هەیەو بە تەنگ ناموسی خۆمانەوەین، بەڵام لەو وڵاتانەی ڕۆژئاوا، شتێکی ئاساییە کابرا، کچەکەی زرتە زەلامێك بێنێتەوە بۆ ماڵێ! بەڵکو ئەگەر هاتوو کچەکەی گەیشتە تەمەنی هەژدە (١٨) ساڵیو، هێشتا دۆستی نەبوو،

دەیبەنە لای پزیشکی دەروونیی و دەڵێ: تا ئێستا کچەکەم دۆستێکی نیە، ڕەنگە نەخۆشی دەروونیی هەبێ !

یان هاوسەرگیریی ژن لەگەڵ ژن، وە پیاو لەگەڵ پیاوو، پێکهێنانی خێزانی یەك ڕەگەزیی (الزواج المِثْليُّ)، یان کەسێك دایکی دیارە بەڵام نازانێ بابی کێیەو، زۆریشی پێ ئاساییە، بەڵێ، پێی ناڕەحەتە، بەڵام عەیب نیە کە لە نێو خەڵکی دا نەزانێ بابی کێیە؟!

مەبەستم ئەوەیە، ئەوەی کە لێرەدا خوا دەفەرموێ: کافر لە تاریکییدایە، ئەوە ڕاستە لە هەموو ڕوویێکەوە، لە ڕووی فیکریی و عەقیدیی و، لە ڕووی عیبادەت و، لە ڕووی خێزانیی و کۆمەڵایەتییەوە، بەڵێ، لە ڕووی ڕێکخستنی ژیانی دنیایی یەوە ڕواڵەتێك دەزانن، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ يَعۡلَمُونَ ظَٰهِرٗا مِّنَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ عَنِ ٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ غَٰفِلُونَ ۝٧ ﴾الروم، بەڵام لە زۆر ڕووی دیکەوە، لە تاریکییدان.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلۡكَٰفِرِينَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴾، ئاوا بەو شێوەیە بۆ کافرەکان ڕازێنراوەتەوە ئەوەی کە دەیکەن، واتە: شەیتان بۆی ڕازاندوونەوە، ئەگەرنا زۆر لە کردەوەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانیان زۆر ناقۆڵاو دزێوو ناشرینن، بەڵام شەیتان بۆی جوان کردوون، وەك لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ ۝٢٤ ﴾النمل، واتە: شەیتان کردەوەکانی بۆ جوان کردوون، ئنجا لەبارەی ژیان و مردنی مەعنەوییەوە، یەکێك لە شاعیرەکان دەڵێ:

وَإِنْ امرؤٌ لَـمْ يحـي بالعِلْم مَيِّتٌ

فَلَيْسَ لَهُ حَتَّى النشورِ نشورُ

واتە: وە ئەگەر مرۆڤ بەهۆی زانیارییەوە زیندوو نەبێ، مردوویە، وە هەتا کاتی زیندووکرانەوە(ی قیامەت) زیندووبوونەوەی نیە.

بەڵێ بەهۆی نەزانینەوە خەڵك پێش مردنێش مردوون، هەر بە زیندوویی مردوون، بە مردوو حیسابن، وەك دەڵێن: مردووی بەشی زیندوو خۆرن، وە جەستەكانیان پێش ئەوەی بچنە گۆڕیشەوە، هەر جەستەكان بۆخۆیان گۆڕن بۆ ڕووحەكانیان، بەڵێ كەسێك كە بەهۆی عیلمی شەریعەتەوە، عیلمێك كە خوات پێ دەناسێنێو خۆت پێ دەناسێنێ، كەسێك بەهۆی عیلمەوە نەژیابێو زیندوو نەبووبێ، ئەوە بە مردوو لە قەڵەم دەدرێ، وە هەتا كاتی لێپرسینەوەو هەڵسانەوە، هەڵناستێتەوەو هەر بە مردوویی دەمێنێتەوە.

مەسەلەی شەشەم: كە دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَٰبِرَ مُجْرِمِيهَا لِيَمْكُرُواْ فِيهَاۖ وَمَا يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴾،

پێشتریش باسمان كرد، ئەو (وَكَذَٰلِكَ)ە، ئەو (كَ) بۆ پێچواندن(تشبیه)ە، واتە: وەك چۆن كافرەكانی ڕۆژگاری تۆ (ئەی موحەممەد ﷺ!) لە كۆمەڵگاكەی تۆدا حوكمڕانو قسە ڕۆیشتوون، ئەمرو نەهیان بە دەستە، وە پیلان دەگێڕنو خەڵك لە ڕێی خوادا لادەدەن، بە هەمان شێوە لە ڕابردووشدا، ئەوە یاسای خوایە، كە لە هەموو شارو ئاوەدانییەكی گەورەدا، تاوانبارەكانمان، كردە حوكمڕانو بالادەست تاكو خراپەو پیلانگێڕیی تێدا بكەن، وە ئەو پیلانگێڕییەش كە دەیكەن، هەر بە زیانی خۆیانە، بەڵام هەست ناكەن.

جا لێرەدا كە دەفەرموێ: (وَكَذَٰلِكَ) واتە: وەك چۆن بۆ كافرەكانی پێشێ كردەوەكانمان ڕازاندبۆوە، بە هەمان شێوەش لە هەر شارو ئاوەدانییەكی گەورەدا، خراپەكارەكانمان كردوون بە حوكمڕان، یان مەبەست ئەوەیە، وەك چۆن لە شارو كۆمەڵگاكەی تۆدا، تاوانبارەكان بوونە قسە ڕۆیشتووو حوكمڕان، بە هەمان شێوە: یاسای خوا لە هەموو كۆمەڵگاكانی دیكەی بەشەردا وا بووە.

پێشتر وەڵامی ئەوەشمان دایەوە كە ئیشكالێك لێرەدا دێتە پێشێ: خوا بۆچی وایكردووە حیكمەتی چییە؟ وەك گوتمان: لێرەدا خوای دادگەر باسی یاساو سیستەمێك دەكات كە دایناوە لە ژیانی بەشەردا، كە كۆمەڵگایەكان كاتێك لە خوا

دووردەکەونەوە، لە وەحی دوور دەکەونەوەو دەکەونە شوێنی تاوانبارەکانو، ئەوان دەکەنە حوکمڕانو گەورەو سەرۆکی خۆیانو بە دوایاندا دەچن، ئەوانیش دیارە ئیشیان بریتیە لە پیلانو فێڵو تەڵەکە بازیی بۆ دوورخستنەوەی خەڵك لە خوا، وە دەوری خۆ قەرەباڵغ کردن، بەو خەڵکە ڕەشو ڕووتەو چەوساندنەوەیانو بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان، لێرەدا خوای پەروەردگار باسی واقیعی ئەو کۆمەڵگایە دەکات، نەك ئەوە کە خوای دادگەر وای لێکردوون، چونکە خوا هەموو پێغەمبەرانی (عليهم الصلاة والسلام) بۆیە ناردوون، کە خەڵك ئازادبنو، سەرفرازو سەربەست بن، وە کەس نەیانکات بە کۆیلەی خۆیو نەیانکات بە خزمەتکاری خۆی.

کەواتە: ئامانجێك کە خوا پێغەمبەرانی بۆ ناردوە، کە بریتیە لە ئازادکردنی خەڵك، ناگونجێ بڵێین: خوای کاربەجێ بە جەبر لەسەر کۆمەڵگایەکانی داناوەو، پێی خۆش بووەو پێی چاك بووە؟ نەخێر، بەڵام خوای پەنهانزان باسی واقیعی ئەو کۆمەڵگایانە دەکات، وە باسی ئەوە دەکات کە ئەوە هەموو ئەو بەزمو بازاڕە، بە ویستی ڕەهای خوای باڵادەستو بەپێی یاسای وی هاتۆتە دی.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَٰبِرَ مُجْرِمِيهَا لِيَمْكُرُواْ فِيهَا ﴾، یانی: لە هەر شارو ئاوەدانییەکی گەورەدا تاوانبارەکانیانمان کردوە بە گەورە، (أَكَابر) کۆی (أكبر)ە، واتە: سەرۆكو گەورەو قسە ڕۆیشتوو، وەك گوتم: کە خوا دەفەرموێ: وامان کردوە، واتە: بە پێی یاساو سوننەتی ئێمە وای لێ هاتوە، ئەگەرنا خوای دادگەر لەو حاڵە ڕازی نیە، بگرە تەنانەت پێغەمبەرانیشی بۆ ئەوە ناردوە، تاکو ئەو وەزعو بەزمو بازاڕە بگۆڕن، بەوە کە تاوانبارەکان، حوکمڕانو دەست ڕۆیشتوو نەبن، بەڵکو لەسەر بناغەیەکی ڕاست ئەو کۆمەڵگایە خۆی ئیدارە بکات، وە پابەندبن بە شەریعەتی خوای پەروەردگارەوە.

ئنجا ئایا بۆچی خوا وشەی (مکر)ی بەکارهێناوە؟ ﴿ وَمَا يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴾؟ هەندێك لە زانایان وایان پێناسە کردوە (المكر: حيلةٌ في مخالفة الإستقامة)، (مکر) بریتیە لە فێڵێك بە پێچەوانەی ڕێك ڕاوەستان.

بۆیەش خوای پەروەردگار ئەو تەعبیرە بەکاردێنێ، چونکە ئەو زلە زلانە، زانیویانە کە: ئەو موحەممەدە ﷺ ئەو مووسایە، ئەو عیسایە،...هتد، ئەوانە پێغەمبەری خوان، زۆربەیان زانیویانە، بەڵام بۆچی شوێنیان نەکەوتوون؟ چونکە بازاڕەکەیان لێ تێکدەچوو، کەواتە: ئەوە فێڵێك بووە، لە خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەیان کردوە، بە پێغەمبەری خۆیانیان گوتوە: تۆ پێغەمبەر نی، ئەگەر ڕاست دەکەی پێغەمبەری، بەڵگە بێنە! هەڵبەتە زانیویانە ئەو قورئانەی کە موحەممەد ﷺ هێناویەتی، بەڵگەیە، زانیویانە موعجیزەیەکە لە بەرانبەریدا دەستەوسانن، ئنجا گوتوویانە: ئەدی بۆچی ئێمەش وەك گەلانی دیکە موعجیزەی بەرهەست (محسوس) مان بۆ نایەت؟ تاکو خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەیان گومانانیان بۆ دروست بێ! چونکە ئەگەر ئیمانیان پێ هێنابایە، ئەوکاتە ئەبو جەهل و ئەبو سوفیان و وەلیدی کوڕی موغەیرەو نەضری کوڕی حاریث و کێ و کێ... ئەو بەزم و بازاڕەی پەیدایان کردبوو، بەو بت پەرستیی و نەزانیی و نەفامییە، کە بەهۆیەوە ئەو خەڵکەیان دادۆشیوە: لە دەستیان دەدا.

دیارە ئێستاش هەروایە: ئێستاش ئەو ڕژێمە تاغوتییانەو، ئەو ڕژێمە بنەماڵەیی و دکتاتۆرییانە، چۆن ئەو خەڵکەیان بۆ ڕام و دەستەمۆ بووە؟ بەوە کە خۆیان لێکردوون بە پەرستراو، هەڵیانخەڵەتاندوون بەرنامەو ڕێچکەکانیانیان بۆ ڕازندوونەوەو، ناوی سەرنج ڕاکێشیان لێناون، بۆیە خوا وشەی (مکر)ی بەکارهێناوە بۆ ڕەفتاری زلەزلەکان.

مەسەلەی حەوتەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا جَآءَتۡهُمۡ ءَايَةٞ قَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ حَتَّىٰ نُؤۡتَىٰ مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ رُسُلُ ٱللَّهِۘ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥۗ سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ أَجۡرَمُواْ صَغَارٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعَذَابٞ شَدِيدُۢ بِمَا كَانُواْ يَمۡكُرُونَ ﴾.

﴿ وَإِذَا جَآءَتۡهُمۡ ءَايَةٞ ﴾، یانی: (وَإِذَا جَاءَتْهُمْ مُعْجِزَةٌ) (آية) لێرەدا بە مانای بەڵگەیەکی دەستەوسانکەر دێ، نەك مەبەست پێی ڕستەکانی قورئان بێ، ئەوەش بە سیاقەکە دەزانین، واتە: وە ئەگەر کاتێك بەڵگەیەکی دەستەوسانکەر،

موعجیزەیەك، نیشانەیەكی ئاشكرایان بۆ بێ، لەسەر ڕاستیی پێغەمبەر ﷺ: ﴿قَالُواْ لَن نُّؤْمِنَ حَتَّىٰ نُؤْتَىٰ مِثْلَ مَآ أُوتِىَ رُسُلُ ٱللَّهِ﴾، گوتیان هەرگیز ئیمان ناهێنین، تاكو ئەووەمان پێ نەدرێ، كە بە پێغەمبەرانی خوا دراوە، واتە: ئێمەش دەبێ موعجیزەی وامان بۆ بێ، یاخود دەبێ ئێمەش وەحییمان بۆ بێ، هەردوو ماناكەی دەگرێتەوە، خوای دادگەرو قسە لەجێ، وەڵام دەداتەوەو، دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُۥ ۗ سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ أَجْرَمُواْ صَغَارٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا كَانُواْ يَمْكُرُونَ﴾، خوا زاناترە بەو شوێنەو بەو كەسە كە پەیامی خۆی تێدا دادەنێ، یانی: خوا دەزانێ، كێ شایستەترە؟ ئەوانەی كە تاوانبارن لە لای خوا زەبوونییو بچووكییان تووش دێ، چونكە ئەوان خۆیان بە زل دەگرنو دەڵێن: ئیمان بە پێغەمبەر ﷺ ناهێنین، تاكو ئێمەش موعجیزەیەكمان پێ نەدرێ، یان ئیمان بە پێغەمبەر ﷺ ناهێنین تاكو ئێمەش وەحییمان بۆ دێ، خۆیان بە زل دەگرن، بۆیە خوا بە پێچەوانەی نیەتەكەیانەوە، بچووكیان دەكاتەوەو زەبوون دەبن.

لە فەرموودەیەك دا هاتووە دەربارەی حاڵی خۆ بە گەورەزانان، كە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿يُحْشَرُ الْمُتَكَبِّرُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَمْثَالَ الذَّرِّ فِي صُوَرِ النَّاسِ، يَعْلُوهُمْ كُلُّ شَيْءٍ مِنَ الصَّغَارِ حَتَّى يَدْخُلُوا سِجْنًا فِي جَهَنَّمَ، يُقَالُ لَهُ: بُولَسُ فَتَعْلُوَهُمْ نَارُ الأَنْيَارِ، يُسْقَوْنَ مِنْ طِينَةِ الْخَبَالِ : عُصَارَةِ أَهْلِ النَّارِ﴾(١)، واتە: لە ڕۆژی قیامەت دا خۆبەزلگران لە شێوەی مرۆڤو قەبارەی مێروولەدا كۆدەكرێنەوە، تەنانەت لەبەر بچووكییو زەبوونیی هەموو شتێك وەسەریان دەكەوێ هەتا لە دۆزەخ دا دەچنە سجنێكەوە كە پێی دەگوترێ: (بۆلەس) ئاگری ئاگران دایاندەپۆشێ، لە كێمو زووخاوی خەڵكی ئاگر بە گەروویان دا دەكرێ.

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٦٦٧٧)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٤٩٢) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيح، وَأَخْرَجَهُ أَيْضَاً: الحُمَيْدِي برقم: (٥٩٨)، وَالبُخَارِيُّ في "الأدب المفرد" برقم: (٥٥٧) قَالَ شعيب الأرنؤوط: إِسْنَادُهُ حَسَنٌ.

(القرطبي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ: (قَالَ الوَلِيد بن الـمغيْرَة: لَوْ كَانَت النّبوّة حَقّاً لَكُنْتُ أَوْلى بِهَا مِنْكَ، لأَنِي أكْبَرُ مِنْكَ سِناً، وأَكْثَرُ مِنْكَ مالاً)[1] واتە: وەلیدی کوڕی موغەیرە "بە پێغەمبەر ﷺ ی گوت" ئەگەر پێغەمبەرایەتیی هەق بووایە، من پێی شایستەتر بووم لە تۆ، چونکە لە تۆ بە تەمەنترمو، لە تۆش دەوڵەمەندترم.

هەروەها (القرطبي) ئەوەشی هێناوە، دەڵێ: (وَقَالَ أَبُو جَهل: وَاللّهِ لا نَرْضَى بِهِ وَلا نَتَّبِعه أَبداً، إلاَّ أَنْ يَأْتِينا وَحيٍ كَمَا يأتيه؛ فَنَزَلَت الآية)[2] واتە: ئەبو جەهلیش گوتی: سوێند بە خوا پێی ڕازی نابین، وە هەرگیز شوێنیشی ناکەوین، مەگەر وەك چۆن وەحی بۆ ئەو دێ، وەحی بۆ ئێمەش بێ، ئیدی لەوبارەوە، ئەم ئایەتانە هاتنە خوار.

مەسەلەی هەشتەم: کە دەفەرموێ: ﴿فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِى ٱلسَّمَآءِ ۚ كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٢٥﴾﴾،

ئەم ئایەتە موبارەکە باسی هیدایەت درانی ئینسانو چۆنیەتی گومڕابوونی دەکات، خوای کاربەجێ بۆمان وێنە دەکاتو دەفەرموێ: ئەگەر خوا بیەوێ هەر کەسێك ڕێنمایی بکاتو بیخاتە سەر ڕێی ڕاست، سینەی بۆ ئیسلام گوشاد دەکاتو دڵی دەکاتەوە، وە بیەوێ هەرکەسێکیش گومڕا بکات، سینەی تەنگو سەغڵەت دەکات، وەك ئەوەی بیەوێ بەرەو ئاسمان سەر بکەوێ، ئاوا بەم شێوەیە خوا پیسیی و کوفرو نەفرین لەسەر ئەوانە دادەنێ، کە بڕوا ناهێنن.

(يَشْرَحْ) واتە: (يُوسِّعْ) فراوانی دەکات، وە شەی (ضَيِّقًا) خوێنراویشەتەوە: (ضَيْقاً) واتە: تەنگ، وە وشەی (حَرَجًا) خوێنراویشەتەوە: (حَرِجاً) ئەویش بە

---

١) الجامع لأحكام القرآن، ج ٧ ، ص ٦٥.

٢) هەمان سەرچاوە.

مانای زۆر تەنگو تەسك دێ، وە (القُرطُبي) دەڵێ: هەندێك گوتوویانە: (حَرَجْ) (جَمْعُ حَرَجَةٍ، وَهُوَ شِدَّةُ الضَّيْقِ، وَالحَرجَةُ الغَيْضَةُ، وَالجَمْعُ حَرَجْ وَحرجَات)[1]، واتە: (حَرَجًا) كۆی (حَرَجَة)یە، كە بریتیە لە زۆر تەنگیی، وە (حَرَج) بە باغو جەنگەڵێك دەگوترێ، كە هیچ شتێك ڕێی تێ نەباتو بە (حَرَجْ وَحرجَات) كۆدەكرێتەوە.

هەروەها دەڵێ: عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ گوتوویەتی: (الحَرَجُ : مَوضِعُ الشَّجَرِ المُلْتَفِّ)، (حَرَج) لە نێو باغو جەنگەڵێكدا، بەو شوێنە دەگوترێ كە دارەكان پێكدا دەدەن، درەختەكان لێك بئاڵێنو هیچ شتێك ڕێی نەبێ تێی بچێ، واتە: وەك چۆن شوانێك بیەوێ مەڕەكانی بباتە نێو باغێك، كە دارەكانی چڕوپڕو جەنگەڵ بێو نەتوانێ، بە هەمان شێوەش ئیمانو هیدایەت ناچێتە نێو سینەو دڵی كەسێك، كە خوای كاربەجێ نەیویستوە هیدایەت وەربگرێ، لەبەرئەوەی كە شایستە نیە، وە لەبەرئەوەش كە بۆخۆی ئارەزووو ویستی نیە، بۆ وەرگرتنی هیدایەت.

كە دەفەرموێ: ﴿كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي ٱلسَّمَآءِ﴾، واتە: وەك ئەوە كە بەرەو ئاسمان بەرزبێتەوە، خوێنراویشتەوە (یَصْعَدُ) و (یصّاعَد) هەر سێ قیرائەتەكەی هەن، ئنجا ئەگەر وردبینەوە: هەر جەرەسی وشەكە ماناكەشی دەگەیەنێ، وە ئەم ئایەتە ئیعجازێكی زانستیی تێدایە، كە دەفەرموێ: ﴿يَصَّعَّدُ﴾، واتە: زۆر بە زەحمەت سەردەكەوێ، ئیعجازەكەش ئەوەیە كە مرۆڤ تا بەرەو سەرەوەی هەوا بڕوات، دیارە ڕێژەی ئۆكسجین كەم دەبێتەوە، كە ڕێژەی ئۆكسجین لە هەوادا (٢١٪)ە، وە ڕێژەی نایترۆجین (٧٨٪)، وە ڕێژەی دووەم ئۆكسیدی كاربۆن لە (٠.٠٣٪)یە، ئینسانیش ئۆكسجین هەڵدەمژێو تاكو ڕێژەكەی كەمتر بێ تووشی تەنگە نەفسیی زیاتر دەبێ، وە ئینسان دوای ئەوەی كە باڵۆنی دروست كرد، فڕۆكەی دروست كرد، زانی كە لە سەرەوەی خۆی چ باسە، زانی كە ئەگەر بەرزبێتەوە بۆ ئاسمان، ڕێژەی ئۆكسجین كەم دەبێتەوە، وە تووشی تەنگە

---

١) الجامع لأحكام القرآن ج٧، ص٨١.

نەفەسیی دەبێ، یانی: پێش ئەوەی باڵۆن و فڕۆكە دروست بكرێ، ئەوە نەزانرابوو، بەڵام ئەمە پێشتر لە قورئان دا باسكراوە، مانای وایە ئەم قورئانە كەسێك ناردوویەتی، كە پێش ئەوەی باڵۆن و فڕۆكە دروست بكرێن، زانیویەتی، بە بەرەو سەرێ چوون، ڕێژەی ئۆكسجین لە هەوادا، كەم دەبێتەوە، ئەگەرنا دوایی بەشەریش ئەوەیان بۆ دەركەوتوە، بەڵام ئەو كاتە، تەنیا خوا زانیویەتی.

كەواتە: ئەم قورئانە دەبێ لەلایەن خوایەكەوە هاتبێ، كە هەزارو چوار سەدو سیو شەش ساڵ، پێش ئێستاو دوای ئێستاشی زانیوە.

كە دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ يَجۡعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴾، ئاوا خوا (رجس) دەخاتە سەر ئەوانەی ئیمان ناهێنن، وشەی (رجس) لە زمانی عەرەبیدا بە (نتن) یانی: شتی بۆگەن و پیس، وە بە (اللعن)، یانی: نەفرین، وە بە (كفر) بەوانە هەموویان لێكدراوەتەوە، موجاهید گوتوویەتی: (الرِّجْسُ: مَا لا خَيْرَ فِيهِ)، (رجس) بریتیە لە هەر شتێك خێری تێدانەبێ.

ڕوونكردنەوەی چەمكی سینە گوشادبوون :

ئنجا دەربارەی ئەوە كە ئایا ئینسان چۆن سینەی گوشاد دەبێ بۆ ئیمان و هیدایەتی خوا ؟ دوو فەرموودە دێنینەوە :

یەكەم: ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ، قَالَ: تَلاَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: ﴿ فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهۡدِيَهُۥ يَشۡرَحۡ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِ ﴾، فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ! وَمَا هَذَا الشَّرْحُ؟ قَالَ: نُورٌ يُقْذَفُ بِهِ فِي الْقَلْبِ فَيَنْفَسِحُ لَهُ الْقَلْبُ، قَالَ: فَقِيلَ: فَهَلْ لِذَلِكَ مِنْ أَمَارَةٍ يُعْرَفُ بِهَا؟ قَالَ: نَعَمْ، قِيلَ: وَمَا هِيَ، قَالَ: الإِنَابَةُ إِلَى دَارِ الْخُلُودِ، وَالتَّجَافِي عَنْ دَارِ الْغُرُورِ، وَالاِسْتِعْدَادُ لِلْمَوْتِ قَبْلَ لِقَاءِ الْمَوْتِ}[1]، واتە:

١) أَخْرَجَهُ إِبْنُ أَبِي شَيْبَة برقم: (٣٥٤٥٦)، وَإِبْنُ جَرِير برقم: (١٢٨٥٣)، وَإِبْنُ أَبِي حَاتم، وَقَالَ إِبْنُ كَثِير فِي الحديث طُرقٌ مرسلةٌ ومتصلةٌ يشدُّ بعضها بعضاً.

عەبدوڵڵای کوڕی میسوەر، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ﴾، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو سینە گوشاد بوونە چۆنە؟ فەرمووی: ڕووناکییەکە دەخرێتە نێو دڵو، دڵو دەروونی فراوان دەبێ، گوتیان: ئایا ئەوە نیشانەیەکی هەیە کە پێی بزانرێ؟ (ئینسان لە خۆی حاڵی بێ) فەرمووی: بەڵێ: گوتیان چییە؟ (سێ نیشانەی لێ هەڵدانو) فەرمووی: گەڕانەوە بۆ مەنزڵگای هەمیشەیی (بەهەشت)، وە خۆ دوورگرتن لە مەنزڵگای فریودەر (کە دنیایە، بەو مانایە نا کە وازی لێبێنێ، یانی : باوەشی بۆ نەکاتەوەو گوریسی لە بن ڕانەخات)[١]، وە خۆ ئامادەکردن بۆ مردن پێش گەیشتن بە مردن.

{واتە: هەمیشە مردنت لەبیر بێ، وە مردن داینەمۆیەك بێ، وا بكات ئازاتر بی لە ئەنجامدانی چاکەو خێرخوازیو چاکسازیی، وە بۆ هەر شتێك کە جێگای ڕەزامەندیی خوایە}.

دووەم: ﴿رُوِيَ أن عَبدَاللهِ بْنِ مَسْعُودٍ قَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ ! وَهَلْ ينشرح الصَّدْرُ ؟ فَقَالَ: نَعَمْ يَدخُلُ القَلْبَ نُورٌ، فَقَالَ: وَهَلْ لِذَلِكَ مِنْ عَلَامَةٍ؟ فَقَالَ ﷺ: التَّجَافِي عَنْ دَارِ الْغُرُورِ، وَالإِنَابَةُ إِلَى دَارِ الْخُلُودِ، وَالإِسْتِعْدَادُ لِلْمَوْتِ قَبْلَ لِقَاءِ الْمَوْتِ﴾[٢]، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود خوا لێی ڕازی بێ، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ! ﷺ ئایا سینەی ئینسان گوشادو فراوان دەبێ؟ فەرمووی: بەڵێ، ڕووناکییەك دەچێتە نێو دڵ، (واتە: ئیمانو هیدایەت)، گوتی: ئایا ئەوە نیشانەی هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ: نیشانەکەی ئەوەیە، خۆ دوورگرتن لە مەنزڵگای فریودەر (واتە: دنیا کە زۆربەی خەڵك فریوی پێ دەخوات)، وە گەڕانەوە لە ناخەوە بۆ مەنزڵگای هەمیشەیی (واتە: لە دڵەوە بەهەشتت خۆشبوێ)، وە خۆ ئامادەکردن بۆ مردن، پێش دابەزینی مردن.

---

١) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە.

٢) أَخْرَجَهُ إِبْنُ جَرِير برقم: (١٢٨٥٣).

ئنجا لێرەدا پرسیارێك دەكرێ، وەك زۆرجاری دیكەش ئەم پرسیارەمان هاتۆتە پێش، یەكێك بۆی هەیە بڵێ: خوا كە دەفەرموێ: ﴿فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهۡدِيَهُۥ يَشۡرَحۡ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِۖ﴾ بۆ ئەوەی دیكەش دەفەرموێ: ﴿وَمَن يُرِدۡ أَن يُضِلَّهُۥ﴾ هەر كەسێك خوا بیەوێ بیخاتە سەر رێی راست، وە هەر كەسێك خوا بیەوێ گومرای بكات، ئایا ئەمە چۆنە ؟ وەڵامەكەی ئەوەیە: خوای دادگەر لێرەدا باسی یاسایەكی خۆیمان بۆ دەكات، كە خوا نەك هەر لەگۆترە خەڵك هیدایەت بداتو خەڵك گومرا بكات !

یانی: خوا دەفەرموێ: ئەی مرۆڤەكان سەرنج بدەن ! هەر كەسێكتان بینی ئەو نیشانانەی لێ دەركەوتن، ئەوە خوا ویستوویەتی هیدایەتی بدات، ئەوەی دیكەش كە پێچەوانەی ئەوەتان لێ بینی، بزانن كە خوا ویستوویەتی گومرای بكات، یانی ئێمە بەهۆی حاڵەتی بەشەرەكە دەزانین، كە خوا چ ئیرادەیەكی بەو كەسە هەیە، چونكە لە شوێنی دیكەدا، باسی ئەوەمان بۆ دەكات، كە روونكردنەوەی یاساكەیەتیو دەفەرموێ: ﴿وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَۚ ٢٧﴾ إبراهيم، واتە: خوا ستەمكاران گومرا دەكات، كەواتە: خوا لەخۆرا خەڵك گومرا ناكات، ئەوانە گومرا دەكات كە ستەم دەكەن، وە هەمیشە ویستی خراپەو شەڕیان هەیەو، نایانەوێ بەرەو خوا بڕۆن، ئنجا وەك خۆیان دەیانەوێ، خوای دادگەر ئاوا مامەڵەیان لەگەڵدا دەكات، ئەگەرنا، ئەگەر بیانەوێ بەرەو خوا بچن، خوا دەفەرموێ: ﴿وَيَهۡدِيٓ إِلَيۡهِ مَنۡ أَنَابَ ٢٧﴾ الرعد، ئەوەی بەرەو خوا بگەڕێتەوە، رێنمایی دەكات، ئەوەی بەرەو خوا بجووڵێ، خوا دەستی دەگرێ، ئەوەی پشتیش لە خوا بكات، خوای دادگەر ئیهمالی دەكات.

كەواتە: ئینسان بە دڵو سینەی خۆی دەزانێ، كە وەزعی چۆنە؟ ئایا خوا ویستوویەتی هیدایەتی بدات، یان نەیویستوە؟ ئەوە مەسەلەیەكی زۆر وردە: ویستی خوا وەك ئاسمان وایە، ئینسان هەرچی بكات لە بن سێبەری ئاسماندا دەیكات، تۆش هەرچی بیكەی بە ویستی خوا دەیكەی، كە بەرەو كوفرو گومڕایی

بچی، یان بەرەو دینداریی‌و تاعەت بچێ، هەر بە ویستی خوا دەچی، هیچ شتێك لە ویستی خوا بەدەر نیە، بەلام هەموویشی بە پێی حیکمەت‌و زانیاریی خوای دادگەرە، حیکمەتی خوا وا دەخوازێ: کەسێك دڵی بەرەو خوا وەرچەرخێ، خوای پەروەردگار یارمەتی دەدات، وە کەسێك بەرەو کوفر بچێ، خوا بە تۆبزیی نایگێڕێتەوە بۆ سەر ئیمان‌و هیدایەت، بۆچی؟ چونکە خوای کاربەجێ ویستوویەتی : ئەو ئینسانانە ئازادو سەر پشك بن، بە ویستی ئازادانەی خۆیان ڕێی ڕاست بگرن، یان ڕێی چەوت بگرن، خوای دادگەر نە بە تۆبزیی ڕێی ڕاست بە کەس دەگرێتەبەر، نە بە تۆبزییش ڕێی چەوت بە کەس دەگرێ، بەلکو ئازادی کردوون، وەك فەرموویەتی: ﴿ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ﴿٢٩﴾ ﴾ الكهف، واتە: ئنجا کێ دەیەوێ با بڕوا بێنێ‌و، کێش دەیەوێ با کافر بێ.

وە هەر ئەوەشە وایکردوە مرۆڤ بەکەڵکی تاقیکردنەوە بێ.

ئنجا کە خوا دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾، مانای وایە وەلامی پرسیارەکەمان دەست کەوت، دەفەرموێ: ئاوا خوا سزا، (یان پیسیی، یاخود کوفر، یاخود نەفرین) دەخاتە سەر ئەوانەی ئیمان ناهێنن، کەواتە: بەهۆی ئیمان نەهێنانیانەوە، تووشی ئەو حاڵەتە بوون، کە لە بەرانبەر ئایینی خوادا دڵیان داخراوە، سینەیان دەگوشرێ‌و دڵیان ڕێك دێ، وە ڕێگای هیدایەتی خوا نیە، بچێتە نێو دڵ‌و سینەیانەوە.

مەسەلەی نۆیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ وَهَٰذَا صِرَٰطُ رَبِّكَ مُسْتَقِيمًا ۗ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٢٦﴾ ﴾، ئا ئەمە ڕێبازی پەروەردگارتە، ڕێك و ڕاستە، وشەی (الصِّرَاطُ الـمُسْتَقِيم) بە مانای ڕێی ڕاستو، ڕاستە شەقامێکی بێ گرێ‌و گۆڵ، ﴿ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ ﴾، بە ڕاستیی ئایەتەکانی خۆمانمان جوان ڕوونکردوونەوە، بۆ کەسانێك بۆ کۆمەڵێك، کە پەند وەربگرن‌و، بیر بکەنەوە.

توێـژەرەوانی قورئـان دەڵـێن: کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَهَٰذَا ﴾، ئـەو (و)اوە، واوی بادانـەوە (عـطـف)یە بۆ سـەر پێشـێ، بەڵام (هـذا) ئـەمـە، ئاماژەیـە بـۆ سـێ واتایـان، دوو مانایان زانایـان باسیان کردوونو، یـەکیان ڕای خۆمـە:

١- دەگونجـێ مەبەسـت پێـی ئەوەبـێ: ئـەم ڕێبازە، ئـەم ئایینو بەرنامەیـە کـە تـۆی لەسـەری، ئـەی موحەممەد ! ﷺ ئا ئەوە ڕێبازو ڕاستە شەقامی پەروەردگارتە.

٢- دەگونجـێ مەبەسـت پێـی ئەوەبـێ: (البيـان الـذي جـاء بـه القـرآن) واتـە: ئـەو ڕوونکردنـەوانـەی قورئـان هێنـاونـی، ئـا ئەوە ڕاستە شەقامی خوایە.

٣- منـیش وای تێدەگـەم مەبەسـت لـەم ئایـەتە: ﴿ وَهَٰذَا صِرَٰطُ رَبِّكَ مُسْتَقِيمًا ﴾، واتە: ئەم جۆرە مامەڵەیـەی خـوای پەروەردگار لەگـەڵ بەنـدەکانی دا، مامەڵەیـەکی ڕێـكو ڕاسـتو دادگەرانـەیـە، چـۆن؟ بـۆ وێنـە: خـوا لـە سـوورەتی (البلـد)دا فەرموویـەتی: ﴿ وَهَدَيْنَٰهُ ٱلنَّجْدَيْنِ ﴿١٠﴾ ﴾، واتـە: ئێمـە دوو ڕێیـەکانمان پێشـان داون، یـان لـە سـوورەتی (الإنسـان)دا دەفـەرموێ: ﴿ إِنَّا هَدَيْنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ﴿٣﴾ ﴾، واتـە: ئێمـە ڕێمـان خسـتۆتە بـەردەمی: یـان سوپاسگوزار دەبێ، یان سپڵەو ناسوپاس دەبـێ.

ئنجـا ئـەو جـۆرە مامەڵەیـەی خـوا، لەگـەڵ بەنـدەکانی دا، کـە: هـەر کەسێك سوپاسگوزار بوو، یارمـەتی دەدا، وە هـەر کەسێك سپڵەو نـاسـوپاس گوزار بـوو، لێـی دەگـەڕێ، یاخود ئـەوە کـە: هەر کەسێك بـەرەو خـوا ڕۆیشـت، خـوا سینـەی گوشـاد دەکات، وە هەر کەسێك پشتی لە خوا کردو ئارەزووی نـەبوو لە خـوا نـزیك بێتـەوە، خـوا لە بەرانبەر دینی خۆیدا، سینـەی دادەخـاو دڵـی وێـك دێنێتـەوە، ئـەو جـۆرە مامەڵەیـە ڕێبـازی ڕاستی خـوایە.

ئنجـا بۆچـی ئـەم مانـایـەم هەڵبـژارد؟ چونکـە بـە لای کەمـەوە لـە دوو شـوێنی دیکەی قورئـاندا، خـوای دادگـەر بـەو شـێوەیە مامەڵەکـردن لەگـەڵ بەندەکانیـدا، بـە ڕێی ڕاستـی خۆی دانـاوە، بۆ وێنـە:

١/ لە سوورەتی (هود)دا، لەسەر زمانی هوود کە بۆ لای گەلی عاد نێردراوە، فەرموویەتی: ﴿ إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُمۚ مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآۚ إِنَّ رَبِّي عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ۝٥٦ ﴾، واتە: من پشتم بە خوا بەستوە، پەروەردگاری منو ئێوەشە، هیچ زیندەوەرێك نییە، مەگەر خوا پێشە سەرەکەی گرتوە (جڵەوی وی بە دەستە)، بێگومان پەروەردگارم لەسەر ڕێیەکی ڕاستە.

واتە: پەروەردگارم لەسەر ڕێیەکی ڕاستەو بە شێوەیەکی دادگەرانەو، بە ڕاستو ڕێکیی، مامەڵە لەگەڵ بەندەکانیدا دەکاتو، ستەم لە کەس ناکات.

٢/ هەروەها لە سوورەتی (الحجر)دا لە ئایەتەکانی (٤١ و ٤٢) دا خوای پەروەردگار لە وەڵامی ئیبلیس دا، کە دەڵێ: هەموو بەندەکان گومڕا دەکەم، جگە لەوانەی بەندەی هەڵبژاردەی تۆن فەرموویەتی: ﴿ قَالَ هَٰذَا صِرَٰطٌ عَلَيَّ مُسۡتَقِيمٌ ۝٤١ إِنَّ عِبَادِي لَيۡسَ لَكَ عَلَيۡهِمۡ سُلۡطَٰنٌ إِلَّا مَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ ۝٤٢ ﴾، واتە: (خوا دەفەرموێ: ئەی ئیبلیس ئەوەی کە تۆ دەیڵێی هەموو بەندەکانم گومڕا دەکەی، جگە لە بەندە هەڵبژێردراوەکان) ئەوە ڕێی ڕاستی منە، بێگومان ئەوانەی بەندەی منن، تۆ دەستەڵاتت بەسەردا نین، جگە لە وانەی شوێنت دەکەون، لە سەرگەردانان.

کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ وَهَٰذَا صِرَٰطُ رَبِّكَ مُسۡتَقِيمٗاۗ ﴾، واتە: ئەم شێوە مامەڵەیەی خوای کاربەجێ لەگەڵ بەندەکانیدا کە: هەر کەسێك بەرەو خوا بچێ، دەستی دەگرێ، وە هەر کەسێك پشت لە خوا بکات، وازی لێ دێنێ، ئا ئەوە مامەڵەیەکی ڕاستو دروستو دادگەرانەی خوایە، لەگەڵ بەندەکانیدا، چونکە ئەگەر وا نەبووایە، ئەوەی بەرەو ڕووشی هاتبایە، یارمەتی نەدابا و، ئەوەی پشتیشی تێکردبایە، بەتۆبزیی هێنابایەوە، مانای وایە ئەو کاتە ئینسان بەکەڵکی تاقیکرانەوە نەدەهات، چونکە ئینسان کاتێك بەکەڵکی تاقیکرانەوە دێ، بتوانێ چەوت بڕواو ڕاست بڕوا، بەڵام دیارە خوای میهرەبان پێی خۆشە، بەندەکانی

ڕاست بڕۆن، بۆیە هەر كەسێك ڕێی ڕاست بگرێتەبەرو بەرەو خوا بڕوا، یارمەتی دەدات، بەلاّم ئەگەر پشتیشی تێبكات، بەتۆبزیی نایهێنێتەوە، چونكە ئازادی كردووە لێی گەڕاوە.

مەسەلەی دەیەمو كۆتایی: كە دەفەرموێ: ﴿لَهُمْ دَارُ ٱلسَّلَٰمِ عِندَ رَبِّهِمْۖ وَهُوَ وَلِيُّهُم بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿١٢٧﴾﴾، ئەمە دەچێتەوە بۆ پێشی، كە دەفەرموێ: ﴿قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْـَٔايَٰتِ لِقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ ...﴾، یانی: ئەو كۆمەڵەی كە پەند وەردەگرنو بیردەكەنەوە، مەنزڵگای ئاشتییان بۆ هەیە، لە لای پەروەردگار یان {كە مەبەست پێی بەهەشتە، چونكە لە بەهەشت دا ناكۆكییو دەمەقاڵێو دمبەدمبەو دەنگ بەرزكردنەوەی لێ نیە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا إِلَّا سَلَٰمًاۖ وَلَهُمْ رِزْقُهُمْ فِيهَا بُكْرَةً وَعَشِيًّا ﴿٦٢﴾﴾مریم، واتە: قسەی ناڕێكو بێخێرو بێ نەزاكەتی تێدا نابیستن، جگە لە سەلام كردن. بەلاّم لە دۆزەخ دا، هەموو نەفرین لە یەكدی دەكەن}.

وە كە دەفەرموێ: ﴿لَهُمْ دَارُ ٱلسَّلَٰمِ عِندَ رَبِّهِمْ﴾، ئەوانە مەنزڵگای ئاشتییان هەیە، لە لای پەروەردگاریان، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كە بەهەشت لە عەرشی خوا نزیكە، وەك لە حەدیس دا هاتوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿فَإِذَا سَأَلْتُمُ اللّٰه عَزَّ وَجَلَّ فَاسأَلُوهُ الْفِرْدَوْسَ، فَإِنَّهُ وَسَطُ الْجَنَّة وَأَعْلَى الْجَنَّة، وَفَوْقَهُ عَرْشُ الرَّحْمَنِ﴾[١]، واتە: ئەگەر داواتان لە خوای زاڵی پایەدار كرد، داوای فیردەوسی لێبكەن، چونكە نێوەڕاستو بەرزترین پلەی بەهەشتە، وە لە سەروویەوە، عەرشی خوای بە بەزەییەوە.

١) أَخْرَجَهُ إِبْنُ أَبي شَيْبَة برقم: (٣٤٠٧٦)، وَأَحْمَد، برقم: (٢٢٧٤٧)، وَالبُخَارِيُّ، برقم: (٢٨٠٩)، وَعَبْدُ بْنُ حُمَيد برقم: (١٨٢)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣١٧٤)، وَالحَاكِمُ برقم: (٢٦٩)، وَقَالَ: إِسنَادُهُ صَحِيح، وأَخرجه أيضاً إبنُ حِبَّانَ برقم: (٩٥٨).

هەڵبەتە هەر خوا بۆخۆی دەزانێ کە بەهەشت نزیك بوون لە خوا، چۆنە ؟ چۆنیەتییەکەی خوا دەیزانێ، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە دێتە زەینەوەو فەرموودەکەی پێغەمبەریش ﷺ دەیگەیەنێ، کە: مادام فیردەوس بەرزترین پلەی بەهەشت بێ‌و لە سەروویەوە عەرشی خوابێ، مانای وایە بەگشتی بەهەشت لەگەڵ عەرشی خوا لێك نزیکن.

لە کۆتاییی دا دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ وَلِيُّهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾، وە خوا سەرپەرشتیارو دۆستیانە، {هی ئیمانداران}، بەهۆی ئەووەوە کە دەیانکرد.

ئنجا ئایا بۆچی خوای بەرز لێرەدا بەو جۆرە باسی بەهەشت دەکات‌و دەفەرموێ: ﴿لَهُمْ دَارُ السَّلَامِ عِندَ رَبِّهِمْ﴾، موناسەبەتی وشەی (سلام) لێرەدا چییە؟ هەڵبەتە لە شوێنی دیکەش دا باسی کردوە، بەڵام لێرەدا موناسەبەتی ئەوەیە کە: لە قیامەتدا سەلامەتیی بۆ مرۆڤ زۆر گرنگە.

وە موناسەبەتێکی دیکە ئەوەیە کە: ئەو ئیماندارانە لە دنیادا لەگەڵ خوا لە حاڵەتی ئاشتەوایی دا بوون‌و لە حاڵەتی شەڕو ناکۆکییدا نەبوون، وە لە حاڵەتی سەرپێچیی‌و لاملیی دا نەبوون، بە پێچەوانەی کافرەکانەوە، بۆیە هەر کەس لە دنیادا لەگەڵ خوا لە حاڵەتی ئاشتیی‌و (سلم) دابێ، خوای پەروەردگاریش لە قیامەت دا، دەیباتە ئەو شوێنەی کە پڕە لە ئاشتیی‌و خێرو خۆشیی‌و سەلامەتیی.

هەروەها ئینسانی ئیماندار، نەك هەر لەگەڵ خوادا، بگرە لەگەڵ بەندەکانی خواشدا، لە حاڵەتی ئاشتیی‌و (سلم) دایە، مەگەر ئەوانەی شەڕی پێبفرۆشن‌و بەری دەرگای بگرن، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ﴾[(١)]، واتە: مسوڵمان کەسێکە مسوڵمانان لە دەست‌و زمانی سەلامەت بن، هەروەها دەفەرموێ: ﴿الْمُؤْمِنُ مَنْ أَمِنَهُ النَّاسُ عَلَى دِمَائِهِمْ

---

١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (١٠)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٢٤٨١)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٩٩٦)، وَالحُمَيدِيُّ برقم: (٥٩٥)، وَأَحْمَد برقم: (٦٥١٥)، وَالدَّارِمِيُّ برقم: (٢٧١٦)، وَإِبْنُ حِبَّانَ برقم: (٢٣٠)، وَالطَّبَرَانِيُّ في "الأوسط" برقم: (٣٥٩٨).

وَأَمْوَالِهِمْ﴾[١]، واتە: ئیماندار کەسێکە خەڵك بە ئەمینداری دابنێ، لەسەر خوێنیانو ماڵو سامانیان.

کەواتە: کەسێك ئەهلی ئەمانو سەلام بێ، لەگەڵ بەندەکانی خوادا، شایستەی ئەوەیە کە خوای پەروەردگاریش بیخاتە مەنزڵگای ئاشتیيو سەلامەتیی خۆیەوە.

ئنجا کە دەشفەرموێ: ﴿وَهُوَ وَلِيُّهُم﴾، وە خوا سەرپەرشتیارو دۆستی ئیماندارانە، بەڵام بەهۆی چییەوە دۆستو پشتیوانیانە؟ خۆ هەر لەگۆترە نیە، بەڵکو: ﴿بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾، بەهۆی ئەوەوە کە دەیانکرد، کەواتە: لە ڕاستییدا چارەنووسی ئینسان، بۆ ڕەفتارو هەڵسوکەوتو هەڵوێستەکانی خۆی دەگەڕێتەوە چ چاك، چ خراپ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٨٩١٨)، وَالتِّرْمِذِيُّ برقم: (٢٦٢٧) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَالنَّسَائِيُّ في "الكبرى" برقم: (١١٧٢٦)، وَالحَاكِمُ برقم: (٢٢)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (١٨٠)

دەرسی چواردەیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

لەم دەرسەدا ئایەتەکانی: (١٢٨ تا ١٣٥) واتە: هەشت ئایەت دەتوێژینەوە، تەوەری سەرەکیی ئەم هەشت ئایەتە موبارەکە بریتیە لە خستنەڕووی سەرەنجامی شوومی بێبڕواو هاوبەش بۆ خوادانەران، لە ڕۆژی دوایی دا، وە پاشان سەرزەنشت کردنیان، لەلایەن خوای زاڵی دادگەرەوە، لەسەر ئەوە کە لامل بوون و سەرپێچیی کار بوون لە پێغەمبەرانی خوا (علیهم الصلاة والسلام)، وە لە پەیامو بەرنامەکانیان.

وە هەروەها خوا ﷻ باسی دادگەریی و کاربەجێیی و بێنیازیی و میهرەبانیی و دەستەڵاتداریێتی ڕەهای خۆی، دەکات.

وە لە کۆتایی دا بە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ دەفەرموێ: کە لە بێبڕوایەکان بێمنەت بە، لێیان بێباك بە، چییان لە دەست دێ، با بیکەن، وە کە دڵنیاشیان بکاتەوە، کە سەرەنجامی مەنزڵگای دوارۆژ، هی ئیماندارانە، ستەمکارانیش هەرگیز سەرفراز نابن و بە مراد ناگەن.

﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ قَدِ اسْتَكْثَرْتُم مِّنَ الْإِنسِ ۖ وَقَالَ
أَوْلِيَاؤُهُم مِّنَ الْإِنسِ رَبَّنَا اسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ وَبَلَغْنَا أَجَلَنَا الَّذِي أَجَّلْتَ
لَنَا ۚ قَالَ النَّارُ مَثْوَاكُمْ خَالِدِينَ فِيهَا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿١٢٨﴾
وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴿١٢٩﴾ يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ
أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَاءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا ۚ
قَالُوا شَهِدْنَا عَلَىٰ أَنفُسِنَا ۖ وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَشَهِدُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ
كَانُوا كَافِرِينَ ﴿١٣٠﴾ ذَٰلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا
غَافِلُونَ ﴿١٣١﴾ وَلِكُلٍّ دَرَجَاتٌ مِّمَّا عَمِلُوا ۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ
﴿١٣٢﴾ وَرَبُّكَ الْغَنِيُّ ذُو الرَّحْمَةِ ۚ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَسْتَخْلِفْ مِن
بَعْدِكُم مَّا يَشَاءُ كَمَا أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ آخَرِينَ ﴿١٣٣﴾
إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لَآتٍ ۖ وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴿١٣٤﴾ قُلْ يَا قَوْمِ اعْمَلُوا
عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّي عَامِلٌ ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن تَكُونُ لَهُ عَاقِبَةُ
الدَّارِ ۗ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ ﴿١٣٥﴾ ﴾.

مانای وشــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((وە ئـەو ڕۆژە کـە (خـوا) هـەموویان کۆدەکاتـەوە (لـە گۆڕەپـانی خڕکرانــەوەدا) (دەڵێین:) ئەی کۆمـەڵی جند ! زۆرتـان لە مرۆڤەکان (گومـڕا) کـردن! وە دۆستەکانیـان لـە مرۆڤان گوتیان: پەروەردگارمان ! هەنـدێکمان لـە هەنـدێکمان بەهرەمەنـد بـووین، وە (ئێستـاش) گەیشـتووینە ئـەو کـاتەی کـە بـۆت دانـابووین، (خـوا) فـەرمووی: (ئاگـری دۆزەخ) جێگـای حەوانەوەتانـەو، مەگــەر ئـەوەی خـوا بیــەوێ، دەنا تێیـدا هەمیشـەیی دەبـن، بەڕاسـتیی پـەروەردگارت کـاربەجێی زانایـە ﴿١٢٨﴾ وە بـەو شـێوەیە (کـە شـەیتانە جندەکـانمان بەسەر مرۆڤـە بێبـڕوایەکاندا زاڵ کـردوون) بەشـێك لـە سـتەمکاران (کـە زلــە زلەکانیـــانن) بەســـەر بەشـــێکیاندا (کــە شــوێنەکەوتووەکانیانن) زاڵ دەکــەین و، دەیانکەینە هەمەکارەیان، بە هۆی ئەوەوە کە (لە کردەوەی خـراپ) دەیانکـرد ﴿١٢٩﴾ ئـەی کۆمەڵی جنـدو مرۆڤ ! ئـەدی لـە خۆتـان ڕەوانـەکراوانتان بـۆ نەهـاتن، ئایەتـەکانمانیان بەسـەردا دەخوێندنـەوەو، لـە دیـداری ئـەمڕۆ دەیانتـرساندن؟ گوتیـان: (بـا) شـایەدیی لەسـەر خۆمان دەدەین، وە ژیـانی دنیـا فریـوی دایـن، وە شـایەدییان لەسـەر خۆیانـدا کـە ئەوان بێبـڕوا بـوون ﴿١٣٠﴾ (ڕوونکردنـەوەی) ئـەو (ڕاسـتیی)ەش بـۆ ئەوەیـە کـە (بزانـرێ) پـەروەردگارت بــە هــۆی ســتەمەوە ئاوەدانییــەکان لەبــەین نابـات، لـە کاتێکـدا کـە خەڵکەکەیــان بــێ ئاگـان ﴿١٣١﴾ وە بـۆ هـەر کەسـێك چـەندان پلـە هـەن، بەهـۆی ئـەو (کــردەوە باشــان)ەوە کــە دەیـانکرد، وە پــەروەردگارت لــەوەی "بێبـــڕوایەکان" دەیکــەن بێئـاگا نیە ﴿١٣٢﴾ وە پەروەردگارت دەوڵەمـەندی خاوەن بەزەیی یە، ئەگەر بیــەوێ لاتــان دەبات (لەسـەر زەوی) و هەر کەسێکی بوێ لە شوێنتان دایدەنــێ، وەك چۆن ئێــوەی لـە وەچەی کۆمەڵێکی دیکە پێگـەیاندوە ﴿١٣٣﴾ بێگومان ئەوەی بەڵێنتان پێـدەدرێ هەر دێ، وە ئێـوە دەستەوسـانکەر نـین ﴿١٣٤﴾ بڵـێ: ئـەی خەڵکـینە! چیتان لەدەسـت دێ بیکـەن، منـیش ئەنجـامدەر (ی ئـەرکی سەرشاسـنم)م، بێگومـان لەمـەودوا دەزانـن سـەرەنجامی مەنزڵگا (ی دواڕۆژ) بۆ کـێ دەبـێ ! بە دڵـنیـایی یەوە ستەمکاران سـەرفراز نـابن ﴿١٣٥﴾)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان

(يَٰمَعۡشَرَ): (معشر) کۆیەکەی (معاشر)ە، واتە: کۆمەڵ، دەستە تاقم.

(ٱسۡتَمۡتَعَ): (استمتع: طلب التمتع، والمتاع انتفاع ممتد الوقت)، (استمتع) واتە: داوای کرد کە لە شتێك بەهرەمەندبێ‌و سوود وەربگرێ، (متاع) بریتیە لە بەهرە وەرگرتنێك کە ماوەیەکی پێ بچێ.

(مَثۡوَىٰكُمۡ): واتە: جێگای حەوانەوەتان، (الثواء: الإقَامَة مَعَ الإسْتقرَار) (مَثْوَى) بریتیە لە شوێنی نیشتەجێبوون لەگەڵ ئارامیی‌و سەقامگیریی دا، (ثوى، يثوي، ثواءً) واتە: (استقر، يَستقر، استقرَاراً) واتە: لەو شوێنەدا نیشتەجێبوو، وە سەقامگیر بوو.

(نُوَلِّي بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا): (نُسَلّطُ بَعْضَ الظّالِمِينَ على بَعْضٍ) هەندێك لە ستەمکاران بەسەر هەندێکیاندا زاڵ دەکەین، دەیانکەینە کاربەدەست‌و حوکمڕانیان، یاخود دەیانکەینە دۆست‌و پشتیوانیان، (الوَلاية: النُّصْرَة، وَالوِلاية: تَولّي الأمْر)، (وَلاية) واتە: پشتگرتن‌و یارمەتیدان، بەڵام (وِلاية) واتە: سەرپەرشتییکردن‌و مشوورخواردن.

(يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي): واتە: ئایەتەکانی منیان بەسەردا دەخوێندنەوە، (قَصّ عَلَيْهِ الخَبَر: رَوَاهُ عَلَى وَجْهِه) بەو شێوەیە کە ڕووداوەکە ڕووی دابوو، گێڕایەوە.

(عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ): واتە: بەو شێوەیەی کە ئێوە هەن، یاخود بەو حاڵەتەی کە هەن، (مَكنَ مَكانَة: ضَخُمَ ضَخَامَةً عَظُم عِنْدَهُ وَارتَفَع فَهُو مكين)، (مكانة) واتە: ڕێزو پێگە، جاری واش هەیە، بە مانای دەست ڕۆیشتوویەتی دێ.

(عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِ): (الدار: المنْزل) مەنزڵگا، کە لێرەدا وشەی (دار)، لە زمانی عەرەبیدا ئەگەر (ال)ی تەعریفی لەسەر بوو، مەبەست پێی قیامەتە، بەپێی سیاق دەزانرێ، جاری وایە مەبەست پێی بەهەشتە، جاری وایە مەبەست پێی دۆزەخە.

مانای گشتی ئایەتەکان

لەم ئایەتانەدا خوای بەرزو مەزن، باسی سەرەنجامی شوومی کافرەکانو شوێنکەوتووانی کافران دەکات، وە باسی ئەوە دەکات کە خوای کاربەجێ لە قیامەتێ سەرزەنشتو سەرکۆنەیان دەکات، ئەوانیش وەڵامێکیان پێ نابێ، جا ئەو بێبڕوایانە جند بووبن، یان مرۆڤ بووبن.

دەفەرموێ: ﴿ وَيَوۡمَ يَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعٗا يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ قَدِ ٱسۡتَكۡثَرۡتُم مِّنَ ٱلۡإِنسِ ﴾، وە ئەو ڕۆژەی کە تێکڕایان کۆدەکاتەوەو خڕیان دەکاتەوە، لە کوێ کۆیان دەکاتەوە؟ خوا لە قیامەت کۆیان دەکاتەوە، ئنجا ئایا شوێنەکە کوێیە؟ لە فەرمایشتی پێغەمبەردا وەسفی ئەم شوێنە کراوە، فەرموویەتی: زەوییەکە گۆڕەپانێکی سپی وەك نان وایە، بێ گرێو گۆڵەو، هیچ نیشانەیەکی هیچکەسی لەسەر نییە: ﴿عن سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ، قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: يُحْشَرُ النَّاسُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى أَرْضٍ بَيْضَاءَ عَفْرَاءَ كَقُرْصَةِ نَقِيٍّ لَيْسَ فِيهَا مَعْلَمٌ لأَحَدٍ﴾ أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ بـرقم: (٦١٥٦)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٧٩٠)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٧٣٢٠).

کەواتە: ئەم سەر زەوییەی ئێمە نییە! چونکە خوا دەربارەی ئەو زەوییەی کە لە دوارۆژ خەڵکی لەسەر کۆدەکاتەوە، فەرموویەتی: ﴿ يَوۡمَ تُبَدَّلُ ٱلۡأَرۡضُ غَيۡرَ ٱلۡأَرۡضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُۖ وَبَرَزُواْ لِلَّهِ ٱلۡوَٰحِدِ ٱلۡقَهَّارِ ٤٨ ﴾إبراهيم، ئەو ڕۆژە کە نە زەوی وەك خۆی دەمێنێ، نە ئاسمانەکان، وە خەڵکی دێنە دەرێ بۆ خوای تاکی مل پێکەچکەر.

ئنجا کە خوا بە سەرکۆنەوە سەرزەنشتەوە دەفەرموێ: ﴿ وَيَوۡمَ يَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعٗا يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ قَدِ ٱسۡتَكۡثَرۡتُم مِّنَ ٱلۡإِنسِ ﴾، واتە: ئەو ڕۆژەی کە خوا هەموویان کۆدەکاتەوە (دەفەرموێ:) ئەی کۆمەڵی جند! زۆرتان لە مرۆڤەکان گومڕا کردنو پەلکێشتان کردنو بە لای خراپەتان دا بردن، لێرەدا مەبەست لە (کۆمەڵی جند) جندە شەیتانەکانە، چونکە جند ئیمانداریشیان هەیە، واتە: خوا دەفەرموێ: (یا

مَعْشَرَ الجَنِّ الكَفَرە) یان (یا مَعْشَرَ الجِنِّ الشَّیاطِین)، وە بە پێی سیاقەکە دەزانرێ کە مەبەست جندە کافرەکانە.

ئەمەش ئەوەی لێوەردەگیرێ، کە ئینسانەکان بە زۆریی بەهۆی شەیتانەکانی جندەوە سەرگەردانو گومڕا دەبن.

﴿وَقَالَ أَوْلِيَآؤُهُم مِّنَ ٱلْإِنسِ رَبَّنَا ٱسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ﴾، دۆستەکانیان لە مرۆڤەکان، (واتە: دۆستی شەیتانە جندەکان) گوتیان: پەروەردگارمان! هەندێکمان لە هەندێکمان بەهرەمەند بووین، هەندێکمان سوودمان لە هەندێکمان بینی، دوایی لە مەسەلە گرنگەکان دا باسی سوود بینینی جند لە ئینسان، وە سوود بینینی ئینسانەکان لە جند دەکەین، چییەو چۆنە؟ واتە: ئێمە پێکەوە بەرژەوەندییمان گۆڕیوەتەوە، ﴿وَبَلَغْنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِىٓ أَجَّلْتَ لَنَا﴾، وە گەیشتینە ئەو کاتەی تۆ بۆت داناوین، وشەی (أجل) بریتییە لە کاتی دیارییکراوی کۆتایی هاتنی شتێك، بۆ نموونە: دەگوترێ: فڵان کەس ئەجەلی هاتوە، یانی: کاتی دیارییکراوی مەرگی گەیشتوە، کە دەبێ دنیا بەجێبێڵێ، واتە: لێرەدا مرۆڤەکان دان بەوەدا دەنێن، کە ئەوە هەر خەتای شەیتانە جندەکان بوو، کە ئەو مرۆڤانەیان گومڕا کردوە، بەڵام دیارە خۆشیان ئارەزوومەندی ئەوە بوون.

ئنجا با بزانین خوا چی دەفەرمویٚ؟ ﴿قَالَ ٱلنَّارُ مَثْوَىٰكُمْ خَٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ﴾، (خوا) فەرمووی: ئاگری دۆزەخ جێگای حەوانەوەتانە، جێگای تێدا نیشتەجێ بوونتانە، وە ئەی مرۆڤو جندەکان! ئێوە هەردووکتان بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، مەگەر ئەو ئەندازەیەی خوا بیەوێ.

ڕەنگە یەکێك بڵێ: ئایا جندو مرۆڤە کافرەکان لە دۆزەخ دا هەتا هەتاییو هەمیشەیی نابن، بۆچی لێرەدا ئەگەری تێخستوە؟ ئەوە دوایی باسی دەکەین، کە مەبەست پێی چییە؟ ﴿إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ﴾، بێگومان پەروەردگارت کاربەجێی زانایە، واتە: کە دنیای داناوە، بۆ جێی تێدا تاقیکردنەوەی جندو

مرۆڤان، وە دۆزەخێكی داناوە بۆ شوێنی سزا، وە بەهەشتیشی داناوە بۆ پاداشت دانەوەیان، ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴾، ئاوا هەندێك لە ستەمكاران دەكەینە سەرپەرشتیاری هەندێكیان، یان هەندێكیان دەسەڵاتدار دەكەین، بەسەر هەندێكیاندا، یان هەندێكیان دەكەینە دۆستو نزیكی هەندێكیان.

ئنجا ئایا ئەوە بەهۆی چییەوەیە؟ بەهۆی ئەو كردەوانەوەیە كە دەیانكەن، واتە: كردەوەكانی ئینسانن كە دۆستەكانی دیاریی دەكەن.

كەواتە: خوای دادگەر لەگۆترە هەندێك لە مرۆڤەكان ناكاتە شوێنكەوتووی شەیتانەكانی جند، بەڵكو بەهۆی ئەو كردەوە خراپانەوە كە دەیانكەن، شایستەیی ئەوەیان پەیدادەبێ كە لە شەیتانەكان نزیك بن، وەك خوا لە شوێنی دیكەدا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّا جَعَلۡنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوۡلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾ الأعراف، واتە: ئێمە شەیتانەكانمان كردوە بە دۆستو پشتیوانو نیزیك، بۆ ئەو كەسانەی كە ئیمان ناهێنن.

ئنجا خوا جارێكی دیكە بانگی مرۆڤایەتیی دەكات، وە بانگی جندانیش دەكات، جندو مرۆڤ پێكەوە، دەفەرموێ: ﴿ يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَا ﴾، ئەی كۆمەڵی مرۆڤو جند! ئایا لە خۆتان ڕەوانەكراوتان بۆ نەهاتن ؟ ئنجا ئایا ئەو ڕەوانەكراوانە هەر مرۆڤ بوون، یان لە نێو جندیش پێغەمبەر هەبوون ؟ زۆربەی زۆری زانایان ڕایان وایە، كە تەنیا لە نێو مرۆڤەكاندا پێغەمبەر هەبوون، ئەدی بۆچی خوا فەرموویەتی: ﴿ مِّنكُمۡ ﴾، لە هەردووكتان ؟ وەڵامی ئەمەش لە مەسەلە گرنگەكان دا ڕوون دەكەینەوە، ﴿ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَا ﴾، ئایەتەكانی منیان بەسەردا دەخوێندنەوە، وە ئایا نەیانترساندنو وریایان نەكردنەوە، لەم دیدارەی ئەمڕۆتان، كە دێنەوە بۆ لای من ؟ ﴿ قَالُواْ شَهِدۡنَا عَلَىٰٓ

أَنفُسِنَا ﴾، گوتیان: شایەدیی دەدەین لەسەر خۆمان، کە پێغەمبەرانمان بۆ هاتن‌و ئایەتەکانی تۆیان بەسەردا خوێندینەوە، وە ئاگاداریشیان کردووینەوەو گوتوویانە: ئەم ژیانە دنیاییە، قۆناغێکی دیکەی بە دوادا دێ، کە بەرزەخەو، پاشان قیامەت‌و لێپرسینەوەو سزاو پاداشت هەیە.

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَشَهِدُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا كَافِرِينَ ﴾، بەلاّم ژیانی دنیا فریوی دان‌و هەڵیخەڵەتاندن، وە شایەدییان لەسەر خۆیاندا کە ئەوانە بێبڕوا بوون.

ئنجا لێرەدا خوای دادگەر باسی دادگەریی خۆی دەکات دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا غَافِلُونَ ﴾، ئا ئەوەمان بۆیە ڕوونکردەوە ـ کە بەو شێوەیە ڕەفتارمان لەگەڵ جندو مرۆڤەکان دا کردوە، ـ چونکە پەروەردگارت فەوتێنەری ئاوەدانییەکان نیە بە ستەم، لە کاتێکدا کە دانیشتووانی ئەو ئاوەدانییانە، بێئاگان، واتە: ئەگەر بێئاگابن‌و پێغەمبەرانیان بۆ نەنێررابن، خواش بیانفەوتێنێ، ئەوە ستەمە، وە ستەمیش لە خوا ناوەشێتەوە.

واتایەکی دیکەی ئەوەیە: پەروەردگارت بەهۆی ستەمەوە خەڵکی ئاوەدانییەکان نافەوتێنێ، ئەگەر بێئاگابن، واتە: دەبێ ئاگادار بکرێنەوە، تاکو دەست لەو ستەمە هەڵبگرن، ئنجا ئەگەر دەستیان هەڵنەگرت، ئەوجار دەیانفەوتێنێ، پاشان دەفەرموێ: ﴿ وَلِكُلٍّ دَرَجَاتٌ مِّمَّا عَمِلُوا ﴾، وە بۆ هەر کامێك لە بەندەکانی خوا، لە جندو مرۆڤ، چەندان پلە هەن، بۆ ئەو کردەوانەی کە دەیانکەن، هەر کەسە بەپێی کردەوەی خۆی‌و بەپێی چاکەو خواپەرستیی خۆی، پلەیەکی هەیە، هەروەك چۆن بەهۆی خراپییشەوە، هەر کەسە پێگەیەکی هەیە لە ئاگردا، بەهۆی چاکەکانیشەوە، هەر کەسە پلەیەکی هەیە لە بەهەشتدا، وەك چۆن خوا لە بەهەشت پلەکان (درجات)ی داناون، لە ئاگریش قادرمەکان (درکات)ی داناوە، (درجات) بۆ سەرێیە، (درکات) بۆ خوارێ، ﴿ وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ ﴾، وە

پەروەردگارت لەوە بێئاگا نیە کە دەیکەن، ﴿ وَرَبُّكَ ٱلۡغَنِيُّ ذُو ٱلرَّحۡمَةِۚ ﴾، وە پەروەردگارت بێنیازی خاوەن بەزەییە، بێنیازەو پێویستی بە کەس نیە، وە زۆر خاوەنی بەزەییشە، ﴿إِن يَشَأۡ يُذۡهِبۡكُمۡ﴾، ئەگەر بیەوێ، ئێوە لادەبات، گەسکێکتان لێدەداتو هەمووتان ڕدەماڵێ، یەکی لەسەر نەکەوتوون، ﴿وَيَسۡتَخۡلِفۡ مِنۢ بَعۡدِكُم مَّا يَشَآءُ كَمَآ أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوۡمٍ ءَاخَرِينَ﴾، وە هەرکەسێکی بوێ دەیهێنێە شوێنی ئێوە، وەك چۆن ئێوەشی پێگەیاندوە لە وەچەی خەڵکێکی دیکە، واتە: خوا دەتوانێ ئێوە لابەرێو، خەڵکێکی دیکە لە شوێنی ئێوە دابنێ، لەم سەر زەوییە، ژیانی بەشەرو جند بەردەوام دەبێ، ئەگەر ئێوە خراپ بن‌و، خوا ئێوەش لابەرێ، یەکی ناکەوێ، وەك چۆن ئەوانەی پێشێ لەبەین بردوون‌و، ئێوەی لە شوێنی وان دانا، ئێوەش لادەباو، خەڵکێکی دیکەتان دێنێتە شوێن، کە ئەوە هەڕەشەیە، خوا لێیان دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوا ڕەحمەتو بەزەیی خۆشی پێیان پێشاندەدات: ﴿ إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لَأٓتٖۖ ﴾، بێگومان ئەوەی کە بەڵێنتان پێ دەدرێ دێ، یاخود ئەوەی هەڕەشەتان پێی لێدەکرێ، دێ وشەی (توعَدُون) (مجهول الفاعل) هاتوە، دەگونجێ لە: (وَعَد، یَعِدُ، وَعداً)ەوە بێ، وە دەگونجێ لە (أَوْعَد، یُوعِد، وَعِیداً)ەوە بێ، چونکە (وَعِید) واتە: هەڕەشە، بەڵام (وعد) واتە: مژدە، ئەم وشەیەش هەردووك مانایان دەگەیەنێ، واتە: ئەوەی کە خوا مژدەی پێداون، وە ئەوەش کە هەڕەشەی پێ لە کافرەکان کردوە، هەر دێ، ڕوویەکی ئیعجازو دەستەوسانکەریی قورئان لەوەدایە، ئەم وشەی: (تُوعَدون)ە، ئەگەر بەم شێوەیە نەهاتبایە، بە هەر شێوەیەکی دیکە هاتبایە، هەر یەك مانای دەگەیاند، بۆ وێنە: ئەگەر بە (معلوم الفاعل) هێنابایو فەرمووبای: (إِنَّمَا یعِدُکُم) ئەو کاتە تەنیا مژدەی دەگرتەوەو هەڕەشەی نەدەگرتەوە، وە ئەگەر فەرمووبای (إِنَّمَا یوعِدُکُم بە ...) تەنیا هەڕەشە (وعید)ی دەگرتەوە، بەڵام ﴿تُوعَدُونَ﴾، هەردووکیان دەگرێتەوە، ﴿وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ﴾، وە ئێوە دەستەوسانکەر نین، (عجز) واتە: بێ دەستەڵاتیی، دەستە پاچەیی، (معجز) واتە:

دەستەپاچەکەرو بێ دەستەڵاتکەر، کەواتە: ئەوەی خوا بەڵێنی داوە، بێ، چ بە باری موژدەدا، چ بە باری هەڕەشەدا، هەر دێ، وە کەسیش ناتوانێ ڕێگای لێ بگرێ.

ئنجا لە کۆتاییدا دەفەرموێ:﴿ قُلْ يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَامِلٌ ﴾، بڵێ: ئەی گەلەکەم ! لەسەر ئەو حاڵەتەی کە خۆتان لەسەریینی، یاخود بە پێی توانای خۆتان هەرچی لە تواناتاندا هەیە، بیکەن، وە منیش ئەوەی لەسەر شانمە بە پێی توانای خۆم دەیکەمو جێبەجێی دەکەم، ﴿فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾، لەمەودوا بە تەئکید دەزانن، چی دەزانن؟ ﴿مَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِ ﴾، کێ سەرەنجامی مەنزڵگای هەیە، واتە: ئایا ڕۆژی دوایی لە گرەوی کێ دایەو، کێ سەرەنجامی چاکی هەیە لە دواڕۆژدا، من یان ئێوە، منێك کە بە ڕێی خوادا ڕۆیشتووم، یاخود ئێوە کە بە ڕێی شەیتاندا ڕۆیشتوون؟ ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾، بێگومان ستەمکاران سەرفراز نابن، واتە: ئەگەر ئێوەش لەسەر ئەو ستەمکارییەتان بمێننەوە، بە تەئکید سەرفراز نابن، پێچەوانەی سەرفرازییش، دیارە ماڵوێرانییو ناکامییو بێ مرادییە.

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ قَدِ ٱسْتَكْثَرْتُم مِّنَ ٱلْإِنسِ ۖ رَبَّنَا ٱسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ وَبَلَغْنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِىٓ أَجَّلْتَ لَنَا ﴾ وشەی: ﴿ يَحْشُرُهُمْ ﴾ بە (نحشرهم)یش خوێنراوەتەوە، هەردوو قیرائەتەکە هەن، جا زانایانی زمانی عەرەبیی دەڵێن: (یوم) بەچی (منصوب)ە؟ دەڵێن بە (أذکر) یانی: (أُذکر یومَ...) یاد بکەوە ئەو ڕۆژەی کە هەموویان کۆدەکرێنەوە، کە مەبەست پێی ڕۆژی قیامەتە.

وشەی (معشر)و (قوم)و (جماعة) هەموویان بە مانای کۆمەڵە خەڵکێك دێن.

کە دەفەرمووێ: ﴿ قَدِ ٱسْتَكْثَرْتُم مِّنَ ٱلْإِنسِ ﴾، واتە: خوا بە جندە شەیتانەکان دەفەرموێ: زۆر لە مرۆڤەکانتان گومڕا کرد، یاخود زۆرتان لێ کردوونە شوێنکەوتەی خۆتانو، بە ڕێی بەتاڵو پووچدا بردووتانن، ئنجا مرۆڤەکان کە دەڵێن: ﴿ رَبَّنَا ٱسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ وَبَلَغْنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِىٓ أَجَّلْتَ لَنَا ﴾، پەروەردگارمان! هەندێکمان لە هەندێکمان بەهرەمەند بووین، خوای زاناو شارەزا لە سووڕەتی (الجن)دا باسی ئەوەمان بۆ دەکات، کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ ٱلْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا ﴿٦﴾ ﴾، وە هەندێك لە پیاوانی مرۆڤ ، پەنایان دەبردە بەر هەندێك لە پیاوانی جند، ئەوانیش زیاتر گومڕایان دەکردن.

کە ئێستاش هەر وایە، کاتی خۆی وابووە، کەسێك بەلای دۆڵێكو شیوێك دا لایداوە، گوتوویەتی: (أَعُوذُ بِرَبِّ هَذَا الوَادِي) پەنا دەگرم بە گەورەی ئەم دۆڵە،

پەنایان دەبردە بەر شەیتانە جندەکان، ئەوانیش زیاتر پێی لەخۆبایی دەبوون، ئێستا ئەوانەی جادوو لە خەڵك دەکەن، بە زۆریی بەهۆی شەیتانەکانەوە جادوو دەکەن، یانی: ئەو جادووگەرانە سوود دەبینن لەو شەیتانانە کە جادوویان بۆ دەکەن، وە شەیتانەکانیش سوود لەوان وەردەگرن، کە بەهۆی ئەو جادووکردنەوە، خەڵك تووشی کێشەو گرفتی خێزانییو کۆمەڵایەتیی دەکەن، ئەوەش شتێکی دیارەو خوای پەروەردگار بە دەقی ئایەت دەفەرموێ: ﴿يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَزَوْجِهِۦ ﴿١٠٢﴾﴾ البقرة، واتە: بەهۆی ئەو جادووەوە، ژنو مێرد لێك دەکەن، ئەوە سوود لە یەکدی بینینی مرۆڤە گومڕاکانو شەیتانە جندەکانە، کە بۆ شتی خراپ هاوکاریی یەکدی دەکەنو یارمەتیی یەکدی دەدەن.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿وَبَلَغْنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِىٓ أَجَّلْتَ لَنَا﴾، واتە: ئێمە گەیشتینە ئەو کاتەی کە بۆت دانابووین، بۆت ناوزەند کردووین، یاخود بۆت دوا خستبووین (أخَّرت لنا) هەردوو ماناکەی هاتوون: (أجَّل: وقَّت) کاتی دیاریکرد، وە (أجَّلَ: أخَّر) دوایخست.

<u>**مەسەلەی دووەم:**</u> کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿قَالَ ٱلنَّارُ مَثْوَىٰكُمْ خَٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ﴾، ئاگر جێگاو ڕێگاتانەو شوێنی حەوانەوەتانە، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە، مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ، بێگومان پەروەردگارت کاربەجێی زانایە.

پێشتر باسمان کرد (ثَوَى، يَثْوَي) واتە: (أقَامَ ، يُقيم واستقرّ، يَسْتَقِرُّ) مایەوە لەو شوێنەی تێیدا نیشتەجێ بووە دەمێنێتەوە.

مشتومڕێکی زانایان لەبارەی هەمیشە مانەوە لە دۆزەخ دا

توێژەرەوانی قورئان دەربارەی ئەم ڕستە موبارەکە کە دەفەرموێ: ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ﴾، مشتومڕێکی زۆریان لەنێودا دروست بووە، خوا دەفەرموێ: لە دۆزەخدا دەمێننەوە، مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ.

گوتوویانە: ئایا کافرەکانی جندو مرۆڤ، لە دۆزەخ دێنە دەرێ؟ ئەدی بۆچی خوا فەرموویەتی: ﴿إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ﴾، مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ؟ کەچی لە شوێنی دیکە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴿٢٣﴾﴾ الجن، واتە: ئەوەی سەرپێچیی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی بکات، ئەوە بە تەئکید ئاگری دۆزەخی هەیەو تێیدا دەمێنێتەوە بە هەمیشەیی، ئەوە بۆ ئەهلی دۆزەخ وایفەرمووە، وە بۆ ئەهلی بەهەشتیش فەرموویەتی: ﴿جَزَآؤُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ﴿٨﴾﴾ البينة، واتە: (ئیمانداران) پاداشتیان لە لای پەروەردگاریانە، کە بەهەشتی عەدنەو ڕووباری بە ژێردا دەڕۆن، تێیدا دەمێننەوە بە هەمیشەیی، کەچی لێرەدا فەرموویەتی: ﴿إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ﴾؟

سەرەتا دەڵێین: ئەم ئایەتە، وەك ئەم سێ ئایەتەی سووڕەتی (هود)ە، کە خوا دەفەرمووێ: ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ شَقُواْ فَفِي ٱلنَّارِ لَهُمۡ فِيهَا زَفِيرٞ وَشَهِيقٌ ﴿١٠٦﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَۚ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٞ لِّمَا يُرِيدُ ﴿١٠٧﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ سُعِدُواْ فَفِي ٱلۡجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَۖ عَطَآءً غَيۡرَ مَجۡذُوذٖ ﴿١٠٨﴾﴾، واتە: ئەوانەی بەدبەخت بوونو تووشی ڕۆژی ڕەش

بوون، لە ئاگری دۆزەخ دان، لەوێدا هەناسە هەڵمژینو هەناسە دانەوەیان هەیە (یاخود ئاگری دۆزەخ هەناسە هەڵمژینو هەناسە دانەوەی هەیە) تێیدا دەمێننەوە، هەتا ئاسمانەکانو زەوی بەردەوام بن، مەگەر ئەوەی پەروەردگارت بیەوێ، بێگومان پەروەردگارت هەرچییەکی بوێ، دەیکات.

وە ئەوانەی کە بەختەوەر بوون لە بەهەشتدا بە هەمیشەیی دەمێننەوە، هەتا ئاسمانەکانو زەوی بەردەوام بن، مەگەر ئەوەی پەروەردگارت بیەوێ، ئا ئەوە بەخششێکی نەبڕاوەیە.

زانایان لێرەدا چەند وەڵامێکیان داونەوە:

١/ هەندێك دەڵێن: خوا تەنیا ویستوویەتی لێرەدا ڕەهایی ویستی خۆی پێشانی ئێمە بدات، واتە: ویستی خوای باڵادەست بەندداو بەستراونیە، بە هیچ شتێکەوە، چونکە خوا دەتوانێ کۆتایی بە بەهەشتو دۆزەخیش بێنێ، بەڵام مادام بۆخۆی هەواڵی پێداوین کە بەهەشتییەکان، تا ئەبەدو بەبێ بڕانەوە لە بەهەشت دەمێننەوە، وە دۆزەخییەکانیش کە کافرن، بەبێ بڕانەوە لە دۆزەخ دەمێننەوە، دیارە هەر وایە.

کەواتە: ئەم ئایەتەش کە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ﴾، تەنیا بۆ ئەوەیە کە پێشانمان بدات: ویستو خواستی خوای پەروەردگار ئازادەو ڕەهایەو بەستراونیە، ئەگەرنا مەبەست ئەوەنیە، ئەم ڕستە قورئانییانە لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی قورئان دا تێکبگیرێن.

٢/ هەندێکیش گوتوویانە: ئەو (ما)ی کە دەفەرموێ: ﴿إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ﴾، بە مانای (مَنْ) دێ، چونکە ئیماندارانیش بە ئەندازەی گوناهەکانیان لە دۆزەخ دا دەمێننەوەو دەسووتێن، کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ﴾، واتە: (إِلاَّ مَنْ شَاءَ اللّه) یانی: مەگەر ئەوەی پەروەردگارت بیەوێ، بە ماوەیەکی کاتیی تێیدا بمێنێتەوە، تاکو پاك دەبێتەوەو بە ئەندازەی گوناهەکانی دەسووتێ، دوایی دەربازی دەبێ، چونکە ئیماندارە.

٣/ هەندێکیش گوتوویانە: ﴿إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ﴾، واتە: ئەو ئاگرە بەردەوام دەبێ، وە تێیدا دەمێننەوە، مەگەر ئەو کاتەی پەروەردگارت بیەوێ لە نێو ئاگر بچنە دەرو، بچن بۆ (زمهریر) کە شوێنێکی زۆر زۆر ساردە[1]، لەبەر ساردیان مرۆڤ دەسووتێنێ.

بەڵام لە ڕاستییدا ڕای یەکەمیان بەهێزترە.

ئنجا لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ﴾، بێگومان پەروەردگارت کاربەجێی زانایە، ئەمە وەڵامی ئیشکالێك دەداتەوە، کە ڕەنگە یەکێك بڵێ: چۆن ئەگەر کەسێك پەنجا ساڵ کوفرو شیرك‌و نیفاق‌و بێدینیی کردبێ‌و مردبێ، خوا بەبێ بڕانەوە سزای دەدات؟ وە هەروەها کەسێك شەست ساڵ خواپەرستیی کردبێ، خوا بەبێ بڕانەوە دەیخاتە بەهەشتەوە؟

وەڵامەکەی ئەوەیە: بۆیە خوا ئەوە دەکات، چونکە ئەوەی کە کافرەو هاوبەش بۆ خوا دانەرەو مونافیقە، ئەگەر ژیانێکی هەمیشەییشی هەبێ، هەر لەسەر کوفرەکەی خۆی دەمێنێتەوە، وەك لە شوێنی دیکەدا هاتوە، فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ رُدُّواْ لَعَادُواْ لِمَا نُهُواْ عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿٢٨﴾﴾الأنعام، ئەگەر بشگێڕدرابانەوە، دەگەڕانەوە سەر ئەوەی لەسەری بوون، وە بە نسبەت ئەهلی ئیمانیشەوە، دیارە کەسێکی ئیماندار، ئەگەر خوا هەتا هەتا ژیانی پێبدات، هەر بە ئیمانەوە دەمێنێتەوە.

شایانی باسە زانایان هەموو یەکدەنگن لەسەر مانەوەی بەهەشت بە هەمیشەیی، بەڵام بۆ هەمیشە مانەوە لە دۆزەخدا، جۆرە ڕاجیاییەکی تێدایەو هەندێك دەڵێن: کاتێك دێ، خوای باڵادەست کۆتایی بە دۆزەخ بێنێ‌و کەسی تێدا نەمێنێ، بەڵام بێگومان ئەوە ڕایەکی زۆر بێهێزە، بەس هەر ویستم ئاماژەی پێ بکەم.

---

١) مختار الصحاح، ص: ٢٤٩.

مەسەلەی سێیەم: کە خوا ﷻ دەفەرمویّ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴾، واتە: وەك چۆن جندو مرۆڤ لە یەکدی بەهرەمەند دەبن، بە باری شەڕو خراپەدا، شەیتانەکانی جند، لەگەڵ مرۆڤە سەرلێشێواوو سەرگەردانەکان لە یەکدی بەهرەمەند دەبن و، یەکدی تووشی زیان و زەرەر دەکەن، کە ئەوان پێیان وایە، ئەوە بەهرە وەرگرتنە، بەڵام بێگومان بەهرەی خراپ وەرگرتنە لە یەکدی، بە هەمان شێوەش هەندێك لە ستەمکاران دەکەینە دۆست و نزیکی هەندێکیان ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًۢا ﴾، کە دیارە مەبەست لە (الظالمین) واتە: خراپەکاران، ستەمکاران، (ظلم) لە بەکارهێنانی قورئاندا، وە لە زمانی عەرەبیدا بریتیە لە: (وَضْعُ شَيْءٍ فِي غَيْرِ مَوْضِعِهِ)[1] واتە: دانانی شتێك لە غەیری شوێنی خۆیدا، واتە شتی بێ جێ، کە خوای کاربەجێ، هەم شیرکی بە زوڵم ناوبردوە، وەك دەفەرمویّ: ﴿ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾ ﴾ لقمان، وە هەم کوفریشی بە زوڵم ناوبردوە، وەك دەفەرمویّ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَنفِقُوا۟ مِمَّا رَزَقْنَٰكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خُلَّةٌ وَلَا شَفَٰعَةٌ ۗ وَٱلْكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٥٤﴾ ﴾ البقرة، وە دەستدرێژیی کردنە سەر مافی خەڵکی دیکە، وە شکاندنی سنوورەکانیشی، بە زوڵم ناو بردوە، وەك دەفەرمویّ: ﴿ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ فَأْذَنُوا۟ بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۖ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَٰلِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٩﴾ ﴾ البقرة، واتە: نە ستەم لە خەڵك بکەن، نە با خەڵکیش ستەمتان لێ بکات.

ئنجا خوای بەرز کە لێرەدا دەفەرمویّ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًۢا ﴾، ئاوا بەو شێوەیە واتە: وەك چۆن شەیتانەکانی جندو مرۆڤە سەرگەردانەکان،

---
١) مختار الصحاح، ص: ٣٥٨ .

بەهەرەی خراپ لە یەکدی وەردەگرن، بە هەمان شێوەش ستەمکارەکانمان هەندێکیان کردوە بە دۆستو نزیکی هەندێکیان، یاخود هەندێکیانمان کردوە بە سەرپەرشتیارو مشوورخۆرو حوکمڕانی هەندێکیان، واتە: هەندێکیان بەسەر هەندێکیاندا حوکمڕانو دەست ڕۆیشتوون، بەڵام بۆچی؟ ﴿بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ﴾، بەهۆی ئەوەوە کە وەدەستیان دەهێنا، کەواتە: ﴿نُوَلِّي بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا﴾، واتە: ١) (نَجْعَل بَعْضهُم أَوْلِياء بَعْض) یان هەندێکیان دەکەینە دۆستی هەندێکیان، ٢) (نَجْعَل بَعْضُهُم يَتَوَلّى أَمْرَ بَعْض) واتە: هەندێکیان کاروباری هەندێکیان بەدەستەوە دەگرن، بەڵام خوا ﷻ هۆکاری ئەوە کە ستەمکاران: ستەمکارانی مرۆڤو جندە، یان ستەمکاران لەنێو ئینسانەکاندا، یان ستەمکاران لەنێو جندەکاندا، واتە خراپەکارانو سنوورشکێنان، دەبن بە دۆستو پشتیوانی یەکدی، هۆکارەکەی بەوە بەیان دەکات، دەفەرموێ: ﴿بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ﴾، بەهۆی ئەوەوە کە وەدەستیان دەهێنا، کەواتە: کردەوەکانی ئینسانو جندن کە جۆری پەیوەندییەکانیان دیاری دەکەن، ئەگەر ئینسان کردەوەی باشی هەبێ، بە تەئکید کردەوە باشەکانی وای لێ دەکەن، کە دڵی بەرەو خەڵکی باش وەربچەرخێ، وە ئەگەر کردەوەکانیشی خراپ بن، کردەوە خراپەکانی وای لێ دەکەن، کە دڵی بەرەو خەڵکی خراپ وەربچەرخێ، ئەوەش شتێکی ئاشکرایەو زانراوە، هەر بۆیەش پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿الأَرْوَاحُ جُنُودٌ مُجَنَّدَةٌ، فَمَا تَعَارَفَ مِنْهَا ائْتَلَفَ، وَمَا تَنَاكَرَ مِنْهَا اخْتَلَفَ﴾[1]، واتە: ڕووحەکان وەك سەربازی مەشق پێکراو وان، ئەوانەی کە پێك ئاشنان، لێك نزیك دەکەونەوەو، ئەوانەش کە پێك نامۆن لێك دوور دەکەونەوە، جا ئەوانەی کە کردەوەکانیان وەك یەکن، پێك ئاشنا دەبن، ئینسان بە سروشت وایە ئەگەر نوێژکەر بێ، ڕۆژووگر بێ، خۆپارێز بێ لە قەدەغەکراوەکان، کەیفی بەو جۆرە کەسانە دێ، وە ئەگەر بە پێچەوانەشەوە

---

١) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٣١٥٨)، وَأَبُو يَعْلَى برقم: (٤٣٨١) عَنْ عَائِشَةَ، وَأَخْرَجَهُ أَيْضاً أَحْمَد برقم: (٧٩٢٢)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٦٥٠)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٨٣٤)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٦١٦٨) عَنْ أَبي هُرَيرَة.

بێ، بۆ نموونە ئەهلی شەڕابو قومارو دزیی‌و فەسادو خراپە بێ، دیارە کەیفی بەو جۆرە کەسانە دێ، کە کردەوەی وەك هی وی ئەنجام دەدەن.

مەسەلەی چوارەم: کە ﷻ دەفەرموێ ﴿ يَـٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَاۚ قَالُواْ شَهِدۡنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَاۖ وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ﴾، لێرەدا خوا ﷻ بانگی جندو مرۆڤ دەکات، هەردووکیان: ئەی کۆمەڵی جندو مرۆڤ ! ئایا لە خۆتان ڕەوانەکراوانێکتان بۆ نەهاتن، ئایەتەکانی منیان بەسەردا دەخوێندنەوەو لە دیداریی ئەمڕۆتان دەیانترساندن‌و ئاگاداریان دەکردنەوە، واتە: پێیان ڕادەگەیاندن کە ڕۆژێك دێ، خوا لێتان دەپرسێتەوەو بە دیداری خوا دەگەن؟ ﴿ قَالُواْ شَهِدۡنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَاۖ ﴾، گوتیان با، شایەدیی دەدەین لەسەر خۆمان، کە ئێمە پەیمان ڕاگەیەنراو، ئایەتەکانی تۆیان بۆ خوێندینەوە، وە ئاگاداریشیان کردینەوە لەم دیدارەی ئەمڕۆمان ﴿ وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا ﴾، (خوا دەفەرموێ:) ژیانی دنیا هەڵی خەڵەتاندن، فریوی دان، ﴿ وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ﴾، وە شایەدییشیان لەسەر خۆیاندا، کە ئەوان بێبڕوا بوون.

لێرەدا زانایان پرسیارێکیان بۆ دروست بووە، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەی کۆمەڵی جندو مرۆڤ ! ئایا لە خۆتان پێغەمبەرانێکتان بۆ نەهاتن؟ پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) تەنیا لە ئینسانان بوون، یاخود لە جندیش بوون، دیارە زۆربەی هەرە زۆری زانایان دەڵێن: تەنیا لە نێو مرۆڤەکان دا، خوا پێغەمبەرانی ڕەوانەکردوون، وە جند هیچ پێغەمبەریان لە نێودا ڕەوانە نەکراون، ئەدی چۆن لێرەدا خوای شارەزا دەفەرموێ: ﴿ يَـٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ ﴾، ئەی کۆمەڵی جند و مرۆڤ ! ئایا لە خۆتان ڕەوانەکراوانتان بۆ نەهاتن؟ پاڵی داوەتە لای هەردووکیان ؟

وەڵامەکەی ئەوەیە کە خوا ﷻ لە قورئاندا، لە شوێنی دیکەش دا بابەتی وای باسکردوە، کە پاڵی دەداتە لای دوو لایەن، بەڵام تەنیا پەیوەندیی بە لایەنێکیانەوە هەیە، بۆ وێنە: لە سوورەتی (الرحمن)دا خوا ﷻ باسی گەوهەرو مرواریی دەکات، دەفەرموێ: ﴿ مَرَجَ ٱلۡبَحۡرَيۡنِ يَلۡتَقِيَانِ ﴿١٩﴾ بَيۡنَهُمَا بَرۡزَخٞ لَّا يَبۡغِيَانِ ﴿٢٠﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٢١﴾ يَخۡرُجُ مِنۡهُمَا ٱللُّؤۡلُؤُ وَٱلۡمَرۡجَانُ ﴿٢٢﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٢٣﴾ ﴾، واتە: (خوا) دوو دەریاکانی تێکەڵ کردوون، پێکدەگەن، بەڵام پەردەیەکیان لە نێواندا هەیە، کە دەستدرێژیی ناکەنە سەر یەکدی، یانی: پێك دەگەن، بەڵام تێکەڵ بە یەکدی نابن !

کە ئەوەش ئیعجازێکی عیلمیی تێدایە، چونکە مۆلکۆلەکانی ئاوی شیرین لەگەڵ ئاوی سوێر لێك جیان، وە تێکەڵ نابن، ڕووبارەکان کە تێکەڵ بە زەریاو ئۆقیانووسەکان دەبنەوە، تا ماوەیەکی زۆریش ئاوەکان بە یەکجاریی پێکەوە ئاوێتە نابن.

دوایی دەفەرموێ: ﴿ يَخۡرُجُ مِنۡهُمَا ٱللُّؤۡلُؤُ وَٱلۡمَرۡجَانُ ﴾ لەو دوو ئاوانە گەوهەرو مرواریی دێنەدەرێ، (اللّؤلؤة) کە کۆیەکەی لە (لؤلؤ)ە و بە مانای گەوهەرە[١]، کە لە نێو سەدەفێك دایە، مەرجانیش جۆرە بەردێکی زۆر بەنرخە[٢]، هەموو شارەزایان دەزانن کە گەوهەرو مرواریی تەنیا لە ئاوی سوێردا، (واتە: لە زەریاکاندا، لە ئۆقیانووسەکاندا) دروست دەبن، لە ئاوی شیریندا دروست نابن، بەڵام خوا ﷻ پاڵی داوەتە لای هەردووکیان، ئەوە لە زمانی عەرەبییدا پێی دەگوترێ: (تغليب) واتە: زاڵکردن، ئەگەر دوو شت پێکەوە باس بکرێن، یەکێکیان بەسەر ئەویدیکەدا زاڵ دەکرێ، واتە: شتێك کە پەیوەندیی بە یەکێکیانەوە هەیە، پاڵدەدرێتە لای هەردووکیان، ئەوە شێوازێکی باوە لە زمانی عەرەبییدا، لێرەش کە خوا دەفەرموێ: ئەی کۆمەڵی جندو مرۆڤ ! ئایا لە خۆتان پێغەمبەرانتان بۆ نەهاتوون،

---

١) اللؤلؤة: الدُرَّة، مختار الصحاح، ص: ٥٠٨ .

٢) المرجان: صغر اللؤلؤء، مختار الصحاح، ص: ٥٣٥ .

پێغەمبەران تەنیا لە ئینسانەکان ڕەوانەکراون، بەڵام خوای پەروەردگار بە شێوازی زاڵکردن، پێغەمبەرەکان (علیهم الصلاة والسلام)ی پاڵ دەداتە لای هەردووکیان.

هەڵبەتە ڕایەکی واش هەیە، کە دەڵێ: نەخێر بەڵکو جندیش پێغەمبەریان لەنێودا هاتوون، با ئێمەش ناوەکانیان نەزانین، بەڵام ئەو ڕایە بێهێزە، بە بەڵگەی ئەوەی کە لە سوورەتی (الأحقاف)دا خوای زانا دەفەرموێ: ﴿ قَالُواْ يَـٰقَوْمَنَآ إِنَّا سَمِعْنَا كِتَـٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٣٠﴾ ﴾ الأحقاف، لێرەدا جندەکان باسی ئەوە دەکەن دەڵێن: ئێمە گوێمان لێبووە: لە دوای مووسا کتێبێکی دیکە هاتۆتە خوارێ، (کە قورئانە)، کەواتە: باسی هیچ پێغەمبەری خۆیان ناکەن، کەواتە: جندیش هەر شوێنکەوتووی پێغەمبەرانێکن، کە لەنێو بەشەردا دێن، جا ئەوانەی کە لە سەردەمی مووسا دابوون (علیه السلام) شوێن مووسا کەوتوون، ئەوانەی دوایی، دوای پێغەمبەرانی دیکە کەوتوون، وە ئەوانەی دوایی دوای پێغەمبەری خاتەم ﷺ کەوتوون، وە ئیمانیان پێی هێناوە، هەر بۆیە لە نێو جندان دا، نەصرانیی هەن، جوولەکە هەن، مسوڵمان هەن، کافر هەن، مونافیق هەن، هەموو ئەوانەی کە لەنێو بەشەردا هەن، لەنێو ئەوانیشدا هەن، وە من وام دێتە بەرچاو کە جند لەو ڕووانەوە زیاتر شوێنکەوتەی مرۆڤەکانن، زیاتر کارتێکراوی مرۆڤەکانن، چونکە مرۆڤ پایەی بەرزترە لە جند.

وە من جاری وا هەبووە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان قسەم لەگەڵدا کردوون[1]، دەڵێن: بۆ ئێمە شانازییە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە خزمەت ئینسانێکدا بین، دیارە ئیماندارانیان لە خزمەت ئیماندارانیانن‌و، کافرەکانیشیان لە خزمەت کافرەکانیان دان.

ئنجا وەك خوای زاناو توانا باسیکردوە ئەوانە دوو جار شایەدیی لەسەر خۆیان دەدەن :

---

١) لەسەر زمانی مرۆڤ و لەکاتی چوونە نێو جەستەیان دا.

١/ جارێکیان دەڵێن: ﴿شَهِدْنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَا﴾، یانی: شایەدیی دەدەین کە پێغەمبەران هاتوونە لامان، وە پێشیان ڕاگەیاندووین کە ڕۆژێك دێ ئێمە بە دیداری تۆ دەگەین و سزاو پاداشت و لێپرسینەوە، دێتە گۆڕێ.

٢/ دەفەرموێ: ﴿وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ﴾، وە شایەدییان لەسەر خۆیاندا، کە بێبڕوا بوون، وشەی (کفر)یش لە ئەسڵدا لە (ستر)ەوە هاتوە، واتە: داپۆشین (کافر) بە مانای داپۆشەر (ساتر) دێ، کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ﴾، شایەدییان لەسەر خۆیاندا، کە ئەوانە داپۆشەری هەق بوون، واتە: هەقەکەیان ناسیوە، بەڵام هەقەکەیان داپۆشیوەو بڕوایان پێ نەهێناوەو پشتیان تێکردوە، ئەگەرنا کەسێك کە پەیامی خوای پێ نەگات، پەیامی پێغەمبەرانی (علیهم الصلاة والسلام) پێنەگات، بە کافر لە قەڵەم نادرێ، چونکە هیچی دانەپۆشیوە، هەقێکی پێ نەگەیشتوە، کە زانیبێتی ئەوە هەقەو لە خواوە هاتووەو داییپۆشێ !

بۆیە ئەوانەی کە پەیامی خوایان پێ ناگات پێیان دەگوترێ: (أهل الفترة) واتە: خەڵکی ماوەیەك کە پێغەمبەرایەتیی تێدا دابڕاوە، بە نسبەت ئەوانەوە پێغەمبەرایەتیی پچڕاوە، ئەوان پەیامی خوایان پێ نەگەیشتوە، خوای پەروەردگاریش لە قورئاندا لە سوورەتی (الإسراء)دا دەفەرموێ: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبۡعَثَ رَسُولٗا ١٥﴾، واتە: ئێمە سزادەر نین (بۆ ئینسانەکان و بۆ جندەکانیش) تاکو پێغەمبەر ڕەوانە نەکەین، کەواتە: کەسانێك پەیامی خوای پەروەردگاریان لە ڕێی پێغەمبەرانەوە پێ نەگەیشتبێ، با لە سەدەی بیست و یەکەمیشدا بن، ئەوە حوکمی کافربوونیان بەسەردا نادرێ، مادام لە بنەڕەتەوە پەیامی خوای بە بەزەییان پێ نەگەیەنرابێ، چونکە هەقێکیان پێ نەگەیوە، دایانپۆشیبێ، بەڵام بە مەرجێك کەمتەرخەم نەبووبن لە ناسینی ئەو هەقەدا.

کەواتە: ئەگەر قەومێك هەبن لە شوێنێکی زۆر دووری دنیا، وە بە هیچ شێوەیەك ناوو ناوبانگی ئیسلامیان پێ نەگەیشتبێ، یاخود ناوو ناوبانگی ئیسلامیان پێ گەیشتبێ، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە کە ئیسلامی لەسەرە، ئەوانە وا پێدەچێ کە ئەهلی سزا نەبن، بە پێی ئەوەی کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ﴿١٥﴾ ﴾، ئەوەش لە چی هەڵهێنجا ؟ لەوە کە دەفەرموێ: ﴿ وَشَهِدُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا كَافِرِينَ ﴾، واتە: وە شایەدییان لەسەر خۆیاندا کە کافر بوون، واتە: ئەو هەقەی کە پێیان گەیشتوە، دایانپۆشیوەو بڕوایان پێ نەهێناوەو تەبەنییان نەکردوە، بەڵام کەسێك هەقی پێ نەگەیشتبێ، هیچی دانەپۆشیوە.

وە دوایی کە دەفەرموێ: ﴿ وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا ﴾، وە ژیانی دنیا فریوی دان، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هۆکاری سەرەکی کافربوونی خەڵك، ژیانی دنیایە، زریقو بریقی دنیایە، خۆشییو لەزەتەکانی دنیایە، واتە: خۆشییو لەزەتە ناشەرعییەکان، هەواو ئارەزووەکان، ئەوانە وا لە خەڵك دەکەن کە بێبڕوا بن، چونکە لە ڕاستیدا ئیمان جۆرێکە لە بەستنەوەی ئینسان، بۆیە پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ: ﴿الدُّنْيا سِجْنُ الْمُؤْمِنِ وَجَنَّةُ الْكافِرِ﴾[1]، واتە: دنیا حەپسخانەی ئینسانی ئیماندارە، وە بەهەشتی ئینسانی کافرە.

یانی: ئینسانی ئیماندار بەهۆی پابەندیی بە شەریعەتەوە، بەهۆی دەرنەچوونی لە شیرازەی شەریعەتەوە، وەك لە گرتووخانەیەکدا بێ وایە، لەو ڕووەوە کە بە دوای ئارەزووەکانی ناکەوێ، وە دوای ئارەزووی خەڵك ناکەوێ، وە مافی خەڵك پێشێل ناکات، وە نەفسی چی پێ خۆش بوو، وا ناکات، بەڵام ئینسانی کافر وەك لە بەهەشت دابێ، وایە لە بەهەشت دا هیچ شتێ لە ئینسان قەدەغە نیە، وەك دنیا نیە، کەواتە: ئینسانی کافر لەو ڕووەوە، کە هیچ شتێك لە

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٨٢٧٢)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٧٣٤٠)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٣٢٤)، وَإِبْنُ مَاجَهْ برقم: (٤١١٣)، وَإِبْنُ حِبَّانَ برقم: (٦٨٧) عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ.

خۆی بە قەدەغە نازانێ، وەك ئەو كەسە وایە كە لە بەهەشت دابێ، بەڵام بە تەئكید بەهەشتێكی وەهمییە، چونكە شوێن ئارەزووەكانی دەكەوێ، وە هەر كەسێك شوێن ئارەزووەكانی بكەوێ، لە دنیاو دوارۆژدا زەرەر دەكات، وە زەرەر بە جەستەو ڕووحو عەقڵی وە بە خۆیو بە خێزانیو بە كۆمەڵگا دەگەیەنێ.

بۆیە خوای زاناو شارەزا لە سووڕەتی (فاطر)دا پێمان دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ٥ ﴾، واتە: ئەی خەڵكینە! بێگومان ژیانی دنیا بەس ڕابواردنێكی كەمە، {(متاع) بریتییە لە بەهرەمەندبوونی ئینسان لە شتێك، بۆ ماوەیەكی دیاریكراو، ژیانی دنیاش بەهرەمەندبوونێكی كەمە، ڕابواردنێكی كەمە} با ژیانی دنیا فریوتان نەدا، وە با فریودەر (كە مەبەست شەیتانە) هەڵتاننەخەڵەتێنێو لە خشتەتان نەبات.

<u>**مەسەلەی پێنجەم:**</u> كە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ أَن لَّمۡ يَكُن رَّبُّكَ مُهۡلِكَ ٱلۡقُرَىٰ بِظُلۡمٖ وَأَهۡلُهَا غَٰفِلُونَ ﴾، ئەوە (ذَلِكَ)، ئایا ئەوە ئاماژەیە بەچی؟ دیارە (هَذَا) ناوی ئاماژە، (اسم إشارة)یە، بۆ شتێك كە نزیك بێ، (هَذَا) یانی: ئەمە، (ذَلِكَ) یانی: ئەوە، بۆ شتێكە كە دوور بێ، (ذَاكَ) تۆزێك دوور بێ، (ذَلِكَ) دوورتربێ، واتە: ئەو ڕەوانەكردنی پێغەمبەرانە لە لایەن خواوە : ﴿أَن لَّمۡ يَكُن رَّبُّكَ مُهۡلِكَ ٱلۡقُرَىٰ بِظُلۡمٖ وَأَهۡلُهَا غَٰفِلُونَ ﴾، لەبەرئەوەیە كە ناگونجێ پەروەردگارت فەوتێنەری ئاوەدانییەكان بێ، لەبەرئەوەی كە ستەمو خراپە دەكەن، لە حاڵێك دا كە خەڵكەكە بێئاگایە، یانی: هەتا خەڵكەكە وریاو، هۆشیار نەكرێتەوە لە لایەن پێغەمبەرانەوە، با ئەهلی زوڵمو خراپەو كوفریش بن، خوا لە بەینیان نابات، دەشگونجێ، (ذَلِكَ) ئاماژە بێو ڕوونكردنەوەی ئەو ڕاستییە: كە ئەوە یاسای خوایە: خەڵكی شارو وڵاتەكان نافەوتێنێ بەهۆی زوڵمو خراپەیانەوە، مادام خەڵكەكە بێئاگا بن، ئنجا وشەی (بِظُلۡمٖ) دەگونجێ پەیوەست بێ بە: (القُرى) وە، هەرچەندە خراپەو ستەم بكەن، بەڵام خوا

نایانفەوتێنێ، ئەگەر بێئاگا بن، دەبێ وریاو ئاگادار بکرێن، وە دەگونجێ (بِظُلْمٍ) پەیوەست بێ بە: (رَبّكَ)ەوە، واتە (بظلم منه) یانی خوا ستەم ناکات لە خەڵکی شارو ئاوەدانییەکان، کە بیانفەوتێنێو ئەوانیش بێئاگابن، بێئەوەی کە وریاو ئاگاداریان بکاتەوە.

ئەمە وەك ئەو ئایەتەی سوورەتی (الإسراء)ە، کە دەفەرموێ: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ﴿١٥﴾﴾، واتە: وە ئێمە سزادەر نین (بۆ ئاوەدانییو بۆ شارەکان) تاکو پێغەمبەر ڕەوان نەکەینو ئەو پێغەمبەرە (علیه الصلاة والسلام) وریایان نەکاتەوەو ئاگاداریان نەکاتەوە، دیارە حیکمەتو دادگەرییو میهرەبانیی خواش هەر وای لێ چاوەڕێ دەکرێ.

پێشتریش باسمان کردووە کە وشەی (قریة) کە بە (قُرَى) کۆ دەکرێتەوە، واتە: شاری گەورە، یاخود وڵات، یان دەوڵەت، وە بە مانای (گوند)و (دێ) نییە، وەك لە زاراوی ئێستادا باوە.

<u>**مەسەلەی شەشەم:**</u> کە دەفەرموێ: ﴿وَلِكُلٍّ دَرَجَٰتٌ مِّمَّا عَمِلُوا۟ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ﴾، واتە: بۆ هەر کامێك لەو مرۆڤانە، یان لەو جندانەی کە لەسەر زەویین، چەندان پلە هەن، بەهۆی ئەو کردەوەوە کە دەیانکرد، یانی: کردەوەکانیان پلەکانیان بۆ دیاریی دەکەن، ﴿وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ﴾، وە پەروەردگارت بێئاگا نییە لەوەی کە کردوویانە، دەزانێ چییان کردوە، هەر کەسە بە پێی کردەوەی خۆی، پێگەو پلەی بۆ دیاریی دەکرێ.

کە دەفەرموێ: (وَلِكُلٍّ) ئەم تەنوینەی سەر: (ولكلٍّ) یانی: (وَلِكُلٍّ مِنْ أَهْلِ الإيمان وَالكُفْرِ) بۆ هەر کام لە ئیماندارانو کافران، ئنجا ئایا: ئەهلی کوفر کوا پلەیان هەیە؟ چونکە پلە بۆ بەرزییەو، ئەهلی کوفریش نزم دەبنەوە؟! ئەمە

وەك (الآلوسي) لە تەفسیری (روح المعاني) دا، دەڵێ: (الدرجات: أَي المَرَاتِب فَيَتَناوَل الدَّرَكاتِ حَقِيقَةً أَو تَغْلِيبًا)[1] واتە: بۆ هەر كامێكیان پێگەیەك هەیە، بە پێی كردەوەكانیان پێگەیەكی هەیە، {جا ئەو پێگەیە لە بەرزە، یان لە نزمە}، بۆیە مەبەست لە (درجات) لێرەدا (مراتب)ە، كە (دركات)یش دەگرێتەوە، چونكە درجات بەرەو سەرە، بۆیە قالدرمە، پەیژە، پێی دەگوترێ: (دَرَجْ)، چونكە پێی دەچیتە سەرێ، بەڵام بەرەو خوار پێی دەگوترێ: (دَرَك)[2]، وەك لە كوردەواریی خۆماندا ئەگەر یەكێك لە یەكێك توورە بێ، پێی دەڵێ: (دە برۆ بە دەرەك بی) یانی: زۆر بچیە خوار، (الآلوسي) دەڵێ: وشەی (درجات) لێرەدا یان بە مانا حەقیقییەكەی، یاخود بە مانا زاڵكردنەكەی مانای (دركات)یش، دەگرێتە خۆی، كە بەرەو نزمیی و خوارییە، وەك خوای گەورە دەربارەی مونافیقەكان دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿١٤٥﴾﴾ النساء، واتە: بێگومان مونافیقەكان لە پلەی خوارەوەی ئاگردان، كەواتە: دەزانین (دَرَكة) كە بە (دَرَكات) كۆ دەكرێتەوە، بۆ خواریی و نزمییە.

كە دەفەرموێ: ﴿وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ ﴾، پەروەردگارت بێئاگا نیە لەوەی كە دەیانكرد، ئەمە وەك ئایەتی ژمارە (١٧)ی سوورەتی (المؤمنون) كە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعَ طَرَآئِقَ وَمَا كُنَّا عَنِ ٱلْخَلْقِ غَٰفِلِينَ ﴿١٧﴾﴾، واتە: وە بێگومان لە سەرووتانەوە حەوت چینمان دروستكردوون، (كە مەبەست پێیان حەوت ئاسمانەكانە)، وە ئێمە لە دروستكراوەكانی خۆمان بێئاگا نین، ئاگاداری وردو درشتین، بە پێچەوانەی ئەوەوە كە فەیلەسووفەكان تەصەووریان دەكرد، دەیانگوت: خوا ﷻ ئەو بوونەوەرەی وەك سەعاتێك وەگەڕخستوەو قورمیشی كردوەو لێی گەڕاوە، ئیدی هەقی نیە، بەسەر ئەو وردەكاریانەوە كە تێیدا دەبن! خوا زۆر لەوە گەورەترە ئەو وردە شتانە بزانێ! ئەوان پێیانوابوو كە لە پایەو مەقامی خوای پەروەردگار دادەبەزێ، ئەگەر شتی وردو بچووك

---

١) ج ٤، ص ٣٧٠.

٢) الدَّرْك والدَّرُك: أسفل كلّ شيء ذي عُمْقٍ كالبئر ونحوها. المعجم الوسيط: ص ٢٨١.

بزانێ، بەڵام لە ڕاستییدا وانیە، بۆیەش (أبو حامد الغزالي) یەكێك لەو شتانەی كە فەیلەسووفەكانی پێ كافر كردوون، ئەوەیە كە گوتوویانە خوا وردەكارییەكان نازانێ، بەڵام خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ۝٧﴾ المجادلة، واتە: خوا بە هەموو شتێك زانایە، وە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَخۡفَىٰ عَلَيۡهِ شَيۡءٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ ۝٥﴾ آل عمران، بێگومان هیچ شتێك لە خوا ون نابێ، نە لە زەوی و نە لە ئاسمان دا، هیچ شتێ لە خوا پەنهان نابێ، ورد بێ یان درشت، ئاشكرا بێ یان پەنهان.

مەسەلەی حەوتەم: كە دەفەرموێ: ﴿وَرَبُّكَ ٱلۡغَنِيُّ ذُو ٱلرَّحۡمَةِۚ إِن يَشَأۡ يُذۡهِبۡكُمۡ وَيَسۡتَخۡلِفۡ مِنۢ بَعۡدِكُم مَّا يَشَآءُ كَمَآ أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوۡمٍ ءَاخَرِينَ﴾، وە پەروەردگارت دەوڵەمەندی خاوەن بەزەییە، ئەگەر بیەوێ لاتان دەبات، وە هەر كەسێك كە بیەوێ لە شوێنی ئێوەی دادەنێ و، دەیكاتە جێنشینی ئێوە، وەك چۆن ئێوەی لە وەچەی خەڵكێكی دیكە، كۆمەڵێكی دیكە پێگەیاندوە.

ئەمە لێرەدا هەڕەشەیە، خوا سُبۡحَانَهُۥ وَتَعَالَىٰ لێیان دەكات، خوا لێرەدا خۆی بە دوو سیفەت وەسف دەكات: ﴿وَرَبُّكَ ٱلۡغَنِيُّ ذُو ٱلرَّحۡمَةِ﴾، پەروەردگارت دەوڵەمەندە، وە خاوەنی بەزەییە، دەوڵەمەند كێیە؟ (مَنْ لا يَحْتاجُ إِلى غَيْرِهِ)[1] دەوڵەمەند كەسێكە پێویستیی بە جگە لە خۆی نیە، كەواتە: خوا دەوڵەمەندە، ئەگەر ئێوەش لەبەین بەرێ، پەكی لەسەر ئێوە نەكەوتوە، خەڵكێكی دیكە لە شوێنی ئێوە دێنێتە سەر ئەم زەوییە.

وە خوا خاوەنی بەزەییە، وە بەزەیی خوا وای كردوە كە چاوپۆشییتان لێ بكات و، مۆڵەتتان بدا، گەسكێكتان لێ نەدات، ڕاتان نەماڵێ ! مۆڵەتدان دەدات،

١) مختار الصحاح، ص: ٤٢٢ .

بەڵكو بگەڕێنەوە، كەواتە: ئەم ئایەتە هەم هەڕەشەیە، هەم جۆرێكە لە تەماع وەبەرنانو، ئومێدەواركردن، كە ئەگەر بێتو بگەڕێنەوە، خوا بەزەیی زۆرەو، هەر ئەو ڕەحمەتەشی وایكردوە كە زوو لەبەینتان نابات.

كە دەفەرموێ: ﴿إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَسْتَخْلِفْ مِنْ بَعْدِكُم مَّا يَشَآءُ كَمَآ أَنشَأَكُم﴾، ئەمە وەك ئەو ئایەتەی سووڕەتی (محمد) وایە كە دەفەرموێ: ﴿... وَإِن تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓا أَمْثَٰلَكُم ﴿٣٨﴾﴾، واتە: ئەگەر ئێوە پشت هەڵكەن، خوا ئێوە لادەبات، كۆمەڵێكی دیكە دێنێ، پاشان ئەوان وەك ئێوە نابن، یانی: خوای بێنیاز پەكی لەسەر كەس نەكەوتوە.

ئنجا كە دەفەرموێ: ﴿مِّن ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ ءَاخَرِينَ﴾، لە وەچەی كۆمەڵێكی دیكە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كە ئەو خەڵكەی دێن لە ئێوە جیاواز دەبن، گەلێكی دیكە دەبن‌و، كۆمەڵێكی دیكە دەبن، ئنجا ئەگەر تەماشای یاسای خواش بكەین هەر وایە: عەرەب دەستیان بە دینی خواوە گرت، هەتا بە كەڵك هاتن‌و ڕاست بوون لەگەڵ دینی خوادا، سەرقافڵەی مسوڵمانان بوون، كە ئەوان دەستیان لێ هەڵگرت، خوای بالادەست خەڵكێكی دیكەی هێنا، سەلجووقییەكانی هێنا، غەزنەوییەكانی هێنا، ئەیووبییەكانی هێنا، دوایی عوسمانییەكانی هێنا، خوای كاربەجێ هەر جارە، چ كۆمەڵگایەك، چ نەتەوەیەك لەگەڵ دینی خوادا ڕاستیان كردبێ، ئەوانی هێناوەتە سەر شانۆو، ئەوانی دیكەی لابردوە.

مەسەلەی هەشتەم: كە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لَءَاتٍ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ﴾، بێگومان ئەوەی كە بەڵێنتان پێ دەدرێ، دێ، وە ئێوە دەستەوسانكەر نین، لێرەدا خوا ﷻ ئەم وشەیەی: ﴿إِنَّ مَا تُوعَدُونَ﴾ بە: (البناء للمجهول) هێناوە، نەك بە: (البناء للمعلوم)و نەیفەرمووە: (إِنَّ مَا يَعِدُكُم اللهُ بِهِ) یان (إِنَّ مَا يُوعِدكُم اللهُ بِهِ) ئنجا ئەوە یەكێك لە ڕووەكانی

ئیعجازی قورئانە، چونکە دەفەرموێ: (تُوعَدُونَ) ئەوەی کە بەڵێنتان پێ دەدرێ، ئەوە هەم بەڵێن (وعد) دەگرێتەوە، هەم هەڕەشە (وعید)یش دەگرێتەوە، (وعد) واتە: گفتو بەڵێندان بۆ شتی باش، (وعید) واتە: بەڵێندان بە هەڕەشە لێکردن، بەڵام ئەگەر بەشێوەی (معلوم الفاعل) بووایە، ئەو کاتە بەس بەڵێنی دەگەیاند.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴾، (عَجْز) یانی: چی؟ یانی: دەستەپاچەیی، دەستەوەستانیی، ئەوە کە ئینسان هیچی لەدەست نەیەت.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴾، وە ئێوە دەستەوستانکەر نین، خوا ئەوەی کە ڕایگەیاند بە تەئکید، دێ، وە ئەگەر بێت ئێوە دەستەوستانکەری نین.

ئەمەش دوو مانا دەگەیەنێ:

١/ ئێوە دەرباز نابن لە ژێر ڕکێفو دەستەڵاتی خواو قوتار نابن.

٢/ ئێوە لە دەستەڵاتی خوا بەدەر نینو، لە هەر شوێنێك بن، دەستەڵاتی خوا دەتانگاتێ.

<u>**مەسەلەی نۆیەمو کۆتایی:**</u> کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَامِلٌ ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِ ۗ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾، لێرەدا خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بڵێ: ئەی گەلەکەم! ئێوە لە شوێنی خۆتانەوە، یان بە پێی توانای خۆتان، یان چەندتان لە دەست دێ، ئیشی خۆتان بکەن، منیش کاری خۆم دەکەم، لەمەودوا بۆتان دەردەکەوێ، سەرەنجامی مەنزڵگای دوارۆژ بۆ کێ دەبێ؟ بێگومان ستەمکاران سەرفراز نابن، ئەمە وەك ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێ: ﴿ٱعْمَلُوا۟ مَا شِئْتُمْ ۖ إِنَّهُۥ بِمَا

تَعۡمَلُونَ بَصِيرٌ ۝٤٠ ﴾، فصلت چیتان دەوێ، بیکەن، بێگومان خوا بینەری ئەوەیە کە دەیکەن.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ يَٰقَوۡمِ ﴾، ئەوە جۆرێکە لە سەرنج ڕاکێشانو دڵ نەرمکردن، واتە: ئێوە خەڵکو کۆمەڵی خۆمنو نەتەوەی خۆمن، ئینسانیش بۆ خەڵکو نەتەوەی خۆی، چاکە نەبێ نایەوێ، دوایی کە دەفەرموێ: ﴿ ٱعۡمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ ﴾، ئەمە سێ واتای هەن :

١/ وشەی (مكانتكم) بە مانای شوێن (مكان)ە، وەك (المقامة والمقام)[1] و (الدارة والدار)[2] و (الماءة والماء)[3]، هەموویان بە یەك مانان، یانی: چ بڵێی: (مقامة)، چ بڵێی: (مقام)، وە چ بڵێی: (دارة)، چ بڵێی: (دار)، وە چ بڵێی (ماءة)، چ بڵێی (ماء) هەر یەکن، لێرەشدا (مكانة) یانی: (مكان)، واتە لە شوێنی خۆتانەوە چیتان لە دەست دێ، بیکەنو مەجووڵێن.

٢/ مانایەکی دیکەی (مكانة) بریتیە لە حاڵەت، یانی: (حالتكم)، واتە: لەو حاڵەی کە لە سەرینی.

٣/ وە مانایەکی دیکەی (مكانة): (تمكنكم) واتە: بەو شێوەی کە دەستتان دەڕوات، چیتان لە دەست دێ، درێغیی مەکەن .

مەبەست لەم ڕستە قورئانییە ئەوەیە، کە ئێوە چیتان لە دەست دێ بیکەن، لە دژایەتییکردنی من، من بێ باکمو، بێ منەتم لەبەرئەوەی پشتم بە خوا قایمە، ئێوەش درێغیی مەکەن، وە منیش چیم لە دەست دێ، یان ئەوەی کە بە چاکی دەزانم دەیکەم، وە پیلانگێڕیی‌و هەڕەشەو گوڕەشەی ئێوە، وە پەرچ خستنە بەر پێی من، لەلایەن ئێوەوە من بەرەو دوا ناگێڕێتەوە.

---

١) واتە: پێگەو پایە، یان بەردەوامبوون، مختار الصحاح، ص: ٤٨٣ .

٢) واتە: مەنزڵگا، خانوو، مختار الصحاح، ص: ١٩٩ .

٣) واتە: ئاو.

دوایـــی دەفـــەرموێ: ﴿فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ مَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِۗ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾، بـە تەئکـید لەمـەودوا دەزانـن کـێ سـەرەنجامی مەنزڵگای دواڕۆژی دەبێ، واتە: دەزانـن کە سـەرەنجام لـە دواڕۆژدا، سـەرفـرازیـی لـە گـرەوی منو شـوێنکەوتوانمدا دەبێ، لەبـەرئەوەی پشتمان بـە خـواوەیـە، وە بـە ڕێی خــوادا دەڕۆیــن، وشــەی (عاقبة) یانــی: (أَخيـر الأمـر و أثـر عمل العامل)[١] بــە مانای کۆتـایی کارێكو، بـە مانـای شـوێنەواری کردەوەی کەسێکە کە ئـەنجامی دەدات، خـوای پـەروەردگار لە زۆر شـوێنـان لە قورئاندا تەئکیدی لەسەر ئـەوە کردۆتـەوە، کە ســەرەنجامی دنیــاو دواڕۆژ، لــە گــرەوی پارێزکــاران و ئیمـاندارانـدایــە، بــۆ وێنــە دەفـەرموێ: ﴿وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ ١٢٨﴾ الأعـراف، وە دەفـەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلۡعَٰقِبَةَ لِلۡمُتَّقِينَ ٤٩﴾ هـود، واتە سەرەنجام بـۆ پارێزکـارانە، وە بـە پێچەوانەوە ئەهلـی کوفــرو زوڵــمو خـراپــە، سـەرەنجامی شــوومو خراپیــان هـەیــە، وەك لــە سـووڕەتی (الــروم)دا دەفــەرموێ: ﴿ثُمَّ كَانَ عَٰقِبَةَ ٱلَّذِينَ أَسَٰٓـُٔواْ ٱلسُّوٓأَىٰٓ... ١٠﴾، پاشــان سـەرەنجامی ئەوانەی کە خراپـەیان دەکـرد، بریتـی بـوو لـە خراپـە، واتـە: لـە سـزاو پـەشێمانیـی.

لە کۆتـاییـدا خــوا دەفـەرموێ: ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ١٣٥﴾ الأنعام، واتـە: بێگومان سـتەمکاران سەرفراز نـابن، ئنجا ئایـا سـتەمکـاران کێـن؟ خــوا دەفـەرموێ: ﴿...وَٱلۡكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٢٥٤﴾ البقرة، وە کـافرەکان سـتەمکارن، سـتەمکاری ڕاسـتەقینە هـەر ئەوانـن.

کەواتـە: وەك پێشـتــریش گوتمـان لێـرەدا خـــوای کـاربــەجێ باســی ســوننەتو یـاسایـەکی خـۆی دەکـات، کـە سـتەمکـاران سـەرفراز نـابن، ئنجا ئـایـا سـەرفـرازیی، (فلاح) یـانی چی؟ (الفلاحُ: الفوز والبقاء والنجاة، وهو إسم، والمصدر هو الإفلاحُ،

---

١) مختار الصحاح، ص: ٣٨٩ .

والفَلْحُ: الشقُّ، فَلَّح الأرض: شَقَّها)[١]، (فلاح) بریتییە لە بردنەوە، مانەوە، دەربازبوون، وە وشەی فەلاح ناوە، چاوگەکەی بریتییە لە (إفلاح) دەڵێ، (أَفْلَحَ، يُفلِحُ، إفْلَاحا وَفَلَاحاً)، (فَلْح)یش بە مانای (شَقّ)ە، دەگوترێ (فَلَّح الأرضَ) واتە: (شَقَّ الأرض)، زەوییەکەی شەق کرد، بۆیە بە جوتیار دەگوترێ: (فلّاح)، واتە: شەقکەری زەوی، ناخی زەوی دەدڕێ.

بەڵێ لێرەدا خوای دادگەر ئەو حەقیقەتە لەسەر زمانی پێغەمبەری خاتەم ﷺ ڕادەگەیەنێ، کە ئەی بێبڕوایەکان! ئێوە چیتان لە دەست دێ، بیکەن، منیش ئەوەی کە بە پێویستی دەزانم دەیکەم، ئەوەی خوا منی پێوە پابەند کردوە، ئەنجامی دەدەم، وە دڵنیاشم کە سەرەنجام ئێوە بەدبەختیی‌و پەشیمانییتان بۆ دەمێنێتەوە، وە ئێمەش سەرفرازیی‌و ڕوو سوورییمان بەقسمەت دەبێ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

١) مختار الصحاح، لفظ: ف ل ح.

دەرسی پازدەیەم

پێناسـەی ئەم دەرسـە

ئـەم دەرسـەمان لـە ئایەتـەکانی (١٣٦ تـا ١٤٤)، واتـە: نـۆ (٩) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، تەوەری سـەرەکیی ئەم نۆ (٩) ئایەتـە بریتیـە لـە خستنە ڕووی پووچیی بیـرۆکـەی بـە قەدەغە دانانـی هەندێك لەو نیعمەتـانەی کە خـوا بـۆ مرۆڤەکانی حـەڵاڵ کـردوون، لـە بەروبوومی کشتوکاڵو ئاژەڵ، هەروەها کوشتنی منداڵی خۆ، جگەرگۆشـە، بـە بیانووی پڕوپووچو ئەفسانەیی، کـە ئـەوە عـادەتێك بـووە لـەنێو هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرەکـانی نیوە دوورگەی عەرەبییو غەیری نیوە دوورگـەی عەرەبییش دا باو بووە، کـە ئێستاش ئەوە هـەر هەیـە، بەڵام لە قاڵبی دیکەداو بە شـێوازی دیکە.

پاشان خوا ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو، کـە: نیعمەتـەکانی وەك میوەجاتو دانەوێڵەو ئاژەڵی بارهەڵگری، بۆ بەهرەمەندبوونی مرۆڤەکان دروستکردوون، بۆیـە نابـێ بەهـۆی کـەوتنە ژێـر کاریگـەریی شـەیتانو شـوێن پـێ هەڵـگرتنیو خوتخوتـەیەوە، ئـەو نیعمـەتانە لە خۆیـان قەدەغـە بکەن.

پاشـان خـوای بە بـەزەیی داوایان لـێ دەکات کـە بەڵگـەیەك بێـنن، لەسـەر قەدەغە بوونی هەر یەك لەو ئـاژەڵانەی کە بە بیـانووی جـۆراو جـۆرەوە، قەدەغـەیان کـردوون، لەو هەشـت جۆرە ئاژەڵـە، واتە: لە مـەڕو بزن، هـەروەها لە ڕەشـە وڵاخو لە حوشـتر، کـە بـە تەئکیـد هـیچ بەڵگـەیەکیان دەسـت ناکـەوێ بـۆ سـەلمـاندنی ڕاسـتیی ئـەوە کـە کافرەکان هەندێك جـۆر لـەو ئاژەڵانـەیان لـە خۆیـان قەدەغـە دەکـرد، خـوا دەفەرموێ: هیچ بەڵگەیەکتان بە دەستەوە نیە، بەڵکو ئێـوە لەسـەر بناغـەی نـەفامییو ئەفسـانەیی ئەو شـتانە لە خۆتـان قەدەغـە دەکەن.

﴿ وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلْحَرْثِ وَٱلْأَنْعَٰمِ نَصِيبًا فَقَالُوا۟ هَٰذَا
لِلَّهِ بِزَعْمِهِمْ وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَا ۖ فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمْ فَلَا يَصِلُ
إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَآئِهِمْ ۗ سَآءَ مَا
يَحْكُمُونَ ﴿١٣٦﴾ وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ
قَتْلَ أَوْلَٰدِهِمْ شُرَكَآؤُهُمْ لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُوا۟ عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ ۖ وَلَوْ
شَآءَ ٱللَّهُ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴿١٣٧﴾ وَقَالُوا۟ هَٰذِهِۦٓ أَنْعَٰمٌ وَحَرْثٌ
حِجْرٌ لَّا يَطْعَمُهَآ إِلَّا مَن نَّشَآءُ بِزَعْمِهِمْ وَأَنْعَٰمٌ حُرِّمَتْ ظُهُورُهَا وَأَنْعَٰمٌ لَّا
يَذْكُرُونَ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهَا ٱفْتِرَآءً عَلَيْهِ ۚ سَيَجْزِيهِم بِمَا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ
﴿١٣٨﴾ وَقَالُوا۟ مَا فِى بُطُونِ هَٰذِهِ ٱلْأَنْعَٰمِ خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ
أَزْوَٰجِنَا ۖ وَإِن يَكُن مَّيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَآءُ ۚ سَيَجْزِيهِمْ وَصْفَهُمْ ۚ إِنَّهُۥ
حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿١٣٩﴾ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓا۟ أَوْلَٰدَهُمْ سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُوا۟
مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفْتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِ ۚ قَدْ ضَلُّوا۟ وَمَا كَانُوا۟ مُهْتَدِينَ ﴿١٤٠﴾ وَهُوَ
ٱلَّذِىٓ أَنشَأَ جَنَّٰتٍ مَّعْرُوشَٰتٍ وَغَيْرَ مَعْرُوشَٰتٍ وَٱلنَّخْلَ وَٱلزَّرْعَ مُخْتَلِفًا
أُكُلُهُۥ وَٱلزَّيْتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُتَشَٰبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَٰبِهٍ ۚ كُلُوا۟ مِن ثَمَرِهِۦٓ
إِذَآ أَثْمَرَ وَءَاتُوا۟ حَقَّهُۥ يَوْمَ حَصَادِهِۦ ۖ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ
﴿١٤١﴾ وَمِنَ ٱلْأَنْعَٰمِ حَمُولَةً وَفَرْشًا ۚ كُلُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعُوا۟
خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿١٤٢﴾ ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ ۖ مِّنَ ٱلضَّأْنِ ٱثْنَيْنِ

وَمِنَ ٱلْمَعْزِ ٱثْنَيْنِ ۗ قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ
أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِ ۖ نَبِّـُٔونِى بِعِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿١٤٣﴾ وَمِنَ ٱلْإِبِلِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ
ٱلْبَقَرِ ٱثْنَيْنِ ۗ قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ
ٱلْأُنثَيَيْنِ ۖ أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ وَصَّىٰكُمُ ٱللَّهُ بِهَـٰذَا ۚ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ
عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا لِّيُضِلَّ ٱلنَّاسَ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٤٤﴾ ﴾.

مانای وشە بە وشەی ئایەتەکان

((وە لەوەی کە خوا دروستی کردوە لە کشتوکاڵو ئاژەڵ، بەشێکیان بۆ خوا دانا، بە بۆچوونی هەڵەی خۆیان گوتیان: ئەمە بۆ خواو ئەمەش بۆ هاوبەشەکانمان (لە پەرستندا)، ئنجا ئەوەی هی هاوبەشەکانیانە، ئەوە بۆ خوا ناچێ، بەڵام ئەوەی هی خوایە، بۆ هاوبەشەکانیان دەچێ ! ئەوە خراپترین بڕیارە کە دەیدەن ﴿١٣٦﴾ وە هەر بەو شێوەیە بۆ زۆرێك لە هاوبەشدانەران، هاوبەشە (پەرستراوە)كان كوشتنی ڕۆڵەكانیان بۆ ڕازاندنەوە، تاكو بە هیلاكیان بدەنو، ئایینەكەیانیان لێ تێكەڵو پێكەڵ بكەن، وە ئەگەر خوا ویستبای وا نەكەن، وایان نەدەكرد، ئنجا واز لە خۆیانو درۆ هەڵبەستنەكانیان بێنە ﴿١٣٧﴾ وە گوتیان: ئەوە ئاژەڵو كشتوكاڵێكە بە بۆچوونی هەڵەی خۆیان، قەدەغەیەو نابێ هیچ كەسێك بیخوات، مەگەر كەسێك بمانەوێ، وە ئاژەڵێك كە پشتی قەدەغەكراوە (بۆ بارو سوار بەكاری ناهێنن) وە ئاژەڵێك كە بە درۆ هەڵبەستنەوە، بە ناوی خواوە، ناوی خوای لەسەر ناهێنن، بە دڵنیاییەوە لەمەودوا بەهۆی درۆ هەڵبەستنیانەوە، خوا سزایان دەدات ﴿١٣٨﴾ وە گوتیان: ئەوەی لە سكی ئەم ئاژەڵانەدا بێ، تایبەتە بە نێرینەكانمانەوە، وە لە هاوسەرەكانمان قەدەغەیە، بەڵام ئەگەر ئەو (بەچكەیـ)ە مردار بێ، ئەوە نێرو مێ تێیدا هاوبەشن، بێگومان (خوا) سزای ئەو وەسفكردنە (بێ بنەمایانە)یان دەدات، بە

ڕاستیی خوا کاربەجێی زانایە ﴿١٣٩﴾ مسۆگەر ئەوانەی نەفامانەو بەبێ زانیاریی، ڕۆڵەکانی خۆیانیان کوشتو، ئەو ڕۆزییەی خوا پێی دابوون، قەدەغەیان کرد: زیانبار بوون، وە بێگومان گومڕابوونو لە ڕێی ڕاستگرتووان نەبوون ﴿١٤٠﴾ خوا ئەو کەسەیە کە باغی کەپردارو بێ کەپری هێناونە دی، هەروەها دارخورماو کشتوکاڵ کە بەرەکەی جۆراوجۆرە، وە زەیتوونو هەناری وێکچوو لە (ڕەنگدا)و وێکنەچوو (لە تامو چێژدا)، جا هەر کات بەریدا، لە بەرو میوەکەی بخۆن، وە لە ڕۆژی هەڵگرتنەوەی حاسلاتیشدا، مافەکەی کە بۆ هەژارانو نەداران دانراوە، بیدەن بە خاوەنەکانیان، وە زێدەڕۆیی مەکەن، چونکە خوا زێدەڕۆییکارانی خۆشناوێ ﴿١٤١﴾ وە لە ئاژەڵی بارهەڵگرو، هی (گچکەو وردی وەك) لە زەمینیدا ڕاخراوی بۆ هێناونە دی، دەجا لەوەی کە خوا پێیداون، بخۆنو بە دوای هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، کە بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکرایە ﴿١٤٢﴾ خوا هەشت جووتی هێناونەدی لە ئاژەڵان: لە مەڕ دووان، (بەرانو مەڕ)، وە لە بزن دووان (بزنو نێریی)، بڵێ: ئایا خوا دوو نێرەکانی قەدەغە کردوون (واتە نێرییو بەران)؟ یان دوو مێیەکان (واتە: بزنو مەڕ)، یان ئەوەی کە لە بەچکەدانی دوو مێینەکان دایە، قەدەغەی کردوە؟ ئەگەر لە ڕاستانن لەوبارەوە، زانیارییو هەواڵم پێ بدەن ﴿١٤٣﴾ وە خوا لە حوشتریش دووان (جَمَل و ناقة) وە لە ڕەشە وڵاخیش دووان (گاو مانگا)ی دروست کردوون، بڵێ: ئایا خوا دوو نێرەکانی قەدەغە کردوون، یا دوو مێینەکان، یان ئەوەی بەچکەدانی دوو مێینەکان گرتوویانەتە خۆیان، یان ئایا ئێوە ئامادەبوون، کە خوا ئەمەی پێ ڕاگەیاندن؟ دەجا کێ لەو کەسە ستەمکارترە، کە درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستێ، تاکو بەبێ زانیاریی خەڵك گومڕا بکات! بێگومان خوا کۆمەڵی ستەمکاران ناخاتە سەر ڕێی ڕاست ﴿١٤٤﴾)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(ذَرَأَ): (الـذَرءُ: إظهَـارُ اللهِ تَعَالـى مَـا أَبْـدَاهُ، يُقَـالُ ذَرَأَ اللهُ الخَـلْق، أي: أَوْجَـدَ أَشْخَاصُهُم)، (ذَرء) لـە زمـانی عەرەبییـدا واتـە: بـڵاوی کـردەوە، دروسـتی کـردو بـڵاوی کـردەوە، پەخشـی کـرد، کـە لـێرە دەفـەرموێ: (ذَرَء) واتـە: خـودی شـتەکانی هێنـاوەتـە دیو، ئاشـکرای کـردوون و بـڵاوی کردوونـەوە.

(ٱلْحَرْثِ): (الحَـرْثُ: إلقَـاء البَـذْرِ فِي الأَرْضِ وَتَهيؤُهَـا لِلْـزَّرْعِ وَيُسَـمَّى الـمَحْرُوث)، (حَرْث) لە ئەسـڵدا بە مانـای کێڵان دێ، یاخود بە مانای چاندنی تـۆو لـە زەوییـدا دێ، یـان زەوییـەك خـۆش بکـەیو بیکێڵـی، بۆئـەوەی ئامـادەی بکـەی شـتی تێـدا بچێنـی، وە وشـەی (حَرْث) بە مانـای کشـتوکاڵیش دێ.

(وَٱلْأَنْعَـٰمِ): (النَّعَـمُ مُخْتَص بالإبْل، جَمْعُهُ أَنْعَام، لَكِن الأَنْعَام تُقَالُ لِلإبِلِ وَالبَقَرِ وَالغَنَـمِ، وَالأَنْعَـام: الـمَالُ الرّاعِيَـة)، وەك لـە (مختـار الصحاح)دا هـاتوە[1]، کـە دەگوتـرێ: (نَعَم) تـایبـەتە بە حوشـترەوەو کۆیەکـەی (أَنْعَام)ە، بەڵام وشـەی (أَنْعَام) وێـرای حوشـتر، ڕەشـە وڵاخیش و مەڕو بزنیش دەگرێتەوە، هەروەها (أَنْعَام) هەر ئاژەڵێکـە بلـەوەڕێ، دیـارە بـە پێـی قسـەی ئەوبـێ، گوێدرێـژو وڵاخـە بـەرزەو هێسـتریش، دەگرێتـەوەو هەرچی بلـەوەڕێ دەیگرێتـەوە.

(لِيُرْدُوهُمْ): (الـرَّدى الـهلاَك، وَالتَـرَدِّي: التعرُّض لِلهلاَك) ، (لیُـردُوهُم) واتـە: بـۆ ئـەوەی بیـانفەوتێنـن، چونکـە (رَدى) بـە مانـای فەوتانـە (التَـردِّي) ئەوەیـە کـە کەسـێ خـۆی بخاتە حاڵـەتی فەوتـانـەوە.

(وَلِيَلْبِسُوا۟ عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ): بـۆ ئـەوەی دینەکـەیان لـێ تێکـەڵ و پێکـەڵ بکـەن، (لَبَسَ يَلْبِسُ) واتە: (خَلَطَ يَخْلِطُ)، تێکەڵـی کـرد، تێکـەڵ دەکـات، (أَصْلُ اللَّبْسِ:

---

١) ص: ٥٧٥.

سِتْرُ الشَّيء، وَيُقَالُ لَبَسْتُ عَلَيْهِ أَمْرَهُ) واتە: شتەکەم لێ تێکەڵ کرد، بەس لە ئەسڵدا بە مانای پۆشین دێ.

(حِجْرٌ): (الحِجْرُ: المَمْنُوع مِنْهُ بتَحْرِيمِهِ) شتێك كە قەدەغە كرابێ، وەك بڵێی پەردەیەکی بۆ کراوە، کە ڕێ نیە کەسێك دەستی بگەیەنێتێ.

(ٱفۡتِرَآءً عَلَيۡهِ): واتە: بە درۆ هەڵبەستن لە کوردییشدا بەکاردێ، دەڵێ: ئیفتیرای پێ کرد، واتە: شتێکی بە دەمەوە هەڵبەست کە نەیگوتوە، (الفَرِي: قَطْعُ الجلْدِ للْخَرْزِ وَالإصْلاَح وَالإفْرَاءُ: للإفْسادِ، والإفْتراء فيهما وفي الإفساد أكثر)، وشەی (فري)، لە زمانی عەرەبییدا بریتیە لە بڕینی چەرم و پێست، بۆ ئەوەی کە پینەی پێ بکا، (پینەی پێڵاو، پینەی شتێکی پێ بکاو شتێکی پێ چاك بکاتەوە)، ئنجا (إفراء) تەنیا بۆ خراپە بەکاردێ، بەڵام (إفتراء) بۆ چاکەو بۆ خراپە، بەڵام زیاتر بۆ خراپە بەکاردێ.

(وَصۡفَهُمۡ): (الوَصْفُ: ذِكْرُ الشَّيء بحِلَيتِهِ وَنَعْتِهِ، وَالصِّفَةُ: الحَالَةَ الَّتِي عَلَيْهَا الشيء، والوصف قد يكون حقاً أو باطلاً)، (وَصْف) بریتیە لە باسکردنی شتێك بە ئاوەڵناوەکانیەوە، ئەو حاڵەتانەی کە لە سەریانە، بەڵام سیفەت بریتیە لەو حاڵەتەی کە شتێك لەسەریەتی، وەسفیش جاری وا هەیە بە هەقەو، جاری واش هەیە بە ناهەقە.

(سَفَهَۢا): (السَّفَهُ: خِفَّةٌ فِي البَدَنِ، وَثَوْبٌ سَفيهٌ: رَدِيءُ النَّسْجِ واسْتُعمِلَ فِي خِفَّةِ النَّفْسِ لِنقُصَانِ العَقْلِ) واتە: وشەی (السَّفَهُ) بەمانای قالب سووکیی دێت، وە قوماشێك کە باش نەچنرابێ (سفیه)ی پێ دەگوترێ، (واتە: باش نەچنراوەو سووکە)، پاشان بەکارهێنراوەو خوازراوەتەوە بۆ سووکیی نەفس، لەبەر عەقڵی سووك، چونکە عەقڵ بریتیە لە حەقیقەتی ئینسانو کاکڵی ئینسان.

(مَّعۡرُوشَٰتٖ): واتە: کەپر بۆ کراوەکان، (العَرْشُ: فِي الأَصْل شَيء مُسَقَّف، وَجَمْعُهُ عُرُوش، عَرَشْتُ الكَرمَ وَعَرَّشتهُ: إِذَا جعلت لَهُ كَهَيْئَةِ سَقف)، دار مێو کە ئەگەر

کەپری بۆ بکرێ، دەچێتە سەر کەپرەکە، پێی دەگوترێ: (مَعْرُوش) واتە: کەپر بۆ کراو، بەڵام ئەگەر ئەوە نەبێ، پێی دەگوترێ: (غَيْر مَعْرُوش) واتە: ئەوەی کە هەر لەسەر زەوی ڕادەکشێو بڵاودەبێتەوە.

(مُخْتَلِفًا أُكُلُهُۥ): واتە: میوەکەی جۆراو جۆرە، جیاوازە، (الإخْتِلافُ وَالـمُخَالَفَةُ أَنْ يَأْخُذ كُلّ وَاحِدٍ طَرِيقاً غَيْر طَرِيق الآخَر)، (إخْتِلاف ومُخَالَفَة) ئەوەیە کە هەر کامێك ڕێی ئەوی دیکە بگرێ، وشەی (أُكُلْ)یش (الأُكل: ما يُؤكَل) هەر شتێکە کە بخورێ، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی میوەیە.

(حَصَادِهِۦ): (أَصلُ الحَصد قَطعُ الزَّرْع)، وشەی (حصد) بە مانای برینی کشتوکاڵ دێ، حاصلاتێك: گەنمە، جۆیە، دانەوێڵەیە، هەر شتێکە، کە دەدروێتەوە. (الحَصَادِ والحِصادِ قطع الشيء فِي إبّانه، لَكِنَ الحَصِيد فِي غَيْرِ إبّانه)، وشەی (حَصاد وحِصاد)، هەردووکیان بە مانای دروێنەو برینی ئەو دانەوێڵەو شتە دێ لە کاتی خۆیدا، بەڵام (حصيد) بەوە دەڵێن کە لە غەیری کاتی خۆیدا بێ.

(حَمُولَةً): واتە: بارهەڵگر، هەندێ دەڵێن: تەنیا بە حوشتر دەگوترێ، بەڵام خاوەنی (مختار الصحاح) دەڵێ: (الحَمُولَةُ: الإبل الّتِي تحمل، وَكَذَا كُل مَا احْتُمِلَ عَلَيْهِ الحِمْلُ، مِنْ حِمَار وَغَيْرِه، سَوَاء كَانَت عَلَيْهِ الأَحْمال أو لَمْ تَكُن)[١] هەر شتێ: باری لێ بار بکرێ، چ بارەکەی لەسەر بێ، یان لەسەری نەبێ، لە کەران‌و ئەوانی دیکەش هەر پێیان دەگوترێ: (حمُولَة)، یانی: بارهەڵگرەکان.

(وَفَرْشًا): (فَرْش) واتە: ڕاخراو، (الفَرْشُ: مَا يفرش مِنَ الأَنْعَام، أَي: يُرْكَب)، بریتیە لەو ئاژەڵانەی کە بۆ سواریی بەکاردێن، نەك بۆ بار، وەك: ئەسپ، کە بۆ سواریی بەکاردێ، هەندێکیش گوتوویانە: (فرش) واتە: حەیوانی ورد، کە لە دوورەوە تەماشایان دەکەی، وەك فەرشێك بە زەویەوە نووسابێ‌و ڕاخرابێ، چونکە لە زەوییەوە نزیکەو وردە.

---

١) مختار الصّحاح، ص: ١٤٩.

(أَزْوَاجٍ): (يُقَالُ لِكُلِ وَاحِد مِنَ القَرِينَينِ مِنَ الذَّكَرِ وَالأُنْثَى فِي الحَيْوَانَاتِ المُتَزَاوِجَة : زَوْج، وَلِكُلّ قَرِينَين فِيهَا وَفِي غَيرِهَا : زَوْج، كَالْخُفّ وَالنَّعْلِ)، وشەی (زَوْج) کە بە (أَزْوَاج) کۆ دەکرێتەوە، واتە: جووت، ئنجا جووت مەرج نیە دووان بن، بۆ وێنە: بزن پێی دەگوترێ : جووتی نێریی، نێریی پێی دەگوترێ: جووتی بزن، یان پیاو پێی دەگوترێ : جووتی ئافرەت، ئافرەت پێی دەگوترێ: جووتی پیاو، بۆیە خوای پەروەردگار لە قورئاندا بە ئادەم دەفەرموێ:

﴿ وَقُلْنَا يَٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ ﴿٣٥﴾ ﴾البقرة، واتە: ئەی ئادەم خۆت و جووتەکەت، (واتە: ئەوەی کە تۆ لەگەڵ وی دا، هەردووکتان دەبن بە جووت) لە بە هەشت دا نیشتەجێ بن، زۆر کەس وا دەزانێ کە گوترا: (زَوْج) تەنیا دەبێ دووان بن، نەخێر، بە هەر کامێك لەو شتانەی کە هاوتایەکیان هەبێ، دەگوترێ: (زَوْج)و مەرج نیە تەنیا نێرو مێ بن، دەڵێ: جووتە نەعل، جووتە گۆرەوی، هەر شتێ کە دووان بێ، بەرانبەرێکی هەبێ، بە هەر کامێکیان دەگوترێ: (زَوْج).

(ٱلضَّأْنِ): کۆی (ضَائِن)ە، واتە مەڕ، پێچەوانەی (مَاعِزْ)ە کە بە (مَعْز) کۆدەکرێتەوە، (مَعْز) تاکەکەی (مَاعِز)ە واتە: بزن، یان حەیوانی ڕەش، (ضأن) تاکەکەی (ضائن) واتە: حەیوانی سپی، مەڕ.

(ٱلْإِبِلِ): (الإبْل لا وَاحِدَ لَهَا مِنْ لَفظ ، وَهِيَ مُؤَنَّثَة لأَنَّهَا اسْمُ جَمْع)، وشەی (إبل) حوشتر، تاکی نیە، ناوی کۆیە، بۆیەش بە (مؤنث) دێ، چونکە ناوی کۆیە، (بقر)یش دیسان ناوی جنسە، تاکەکەی (بقرة)یە هەندێ کەس وا دەزانێ (البقرة) بە مانای مێینەیە، (واتە: مانگا) دێ، بەڵام وانیە، هەڵبەتە من بۆ خۆشم وامدەزانی هەر وایە، بەڵام کە تەحقیقم کرد، دەڵێ: (البَقَرَةُ: تَقَعُ عَلَى الذّكَرِ وَالأُنْثَى والهاء للإفراد، والجمع: بقرات، والثور والثورة: للذَّكَرِ وَالأُنْثَى)، وشەی (بقرة) لە زمانی عەرەبییدا واتە: ڕەشە وڵاخ، ئنجا (البقرة) بۆ تاکێکە چ نێر بێ، چ مێ، (ها)یەکەی (البقرة) بۆ تاکە، کۆی (بقرة) (بقرات)ە، واتە: دیسان بۆ نێرو بۆ مێ بەکاردێ، بەڵام ئەگەر بتەوێ بۆ مێ بەکاربێ، دەڵێی: (ثورة)، وە بۆ نێریش دەگوترێ: (ثور)، ئەگەرنا وشەی (بقرة و بقر) نێرو مێ دەگرنەوە.

مانـای گـشـتـی ئایەتەکـــان

خـوای بـەرزو مـەزن لـەم نـۆ ئایەتـەدا، باسـی هەڵوێـستی کـافرو هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان دەکـات، کـە لەسـەر بناغەیـەکی ئەفسـانەیی، لەسـەر بناغەیـەك کـە هـیچ بەڵگـەیەك لـە عـەقڵ و زانسـت، وە لـە فیطـرەت پشتگیـریی ناکـات، هەڵدەسـتان بـە قەدەغـەکردنی هەنـدێك لـە بەرهـەمی میوەجـاتو دانوێڵـەو کشتوکـاڵ، وە هەنـدێ لـە جـۆرەکانی ئـاژەڵ، هەروەهـا هەڵدەسـتان بـە کوشـتنی منـداڵەکانی خۆشـیان، چ کـچ، چ کـوڕ، دیـارە بەشـێکیان ئەو کـارەیان ئەنجامداوە.

جا خوا ﷻ لێرەدا لەم ئایەتانەدا، ئـەو جـۆرە هەڵسوکـەوتانەی هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرەکـان، کـە دیـارە مـەرج نیـە هـەر لـە نیـوە دوورگـەی عەرەبییـدا، ئـەو نەریتانـە هـەبووبن، بەڵـکو لـە نێـو زۆربـەی میللـەتانی دنیـادا بـاوبوون، خـوای زانـا ئـەو مەسـەلانـە دەخاتـە ڕوو، وە لە مەحـەکی وەحییان دەداتو، سەرەنجام دەریدەخـات: کـە ئەو هەڵسوکـەوتانە، هەڵسوکـەوتی پووچو بـێ بنەمـان، وە لـەوبارەوە ئەم دەقـە هـاتوە: ﴿عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: إِذَا سَرَّكَ أَنْ تَعْلَمَ جَهْلَ الْعَرَبِ، فَاقْرَأْ مَا فَوْقَ الثَّلاثِينَ وَمِائَةٍ فِي سُورَةِ الأَنْعَامِ: ﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوْلَـٰدَهُمْ سَفَهَۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾ إِلَى قَوْلِهِ ﴿ قَدْ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ ﴾﴾[1]، واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبباس خـوا لـێیان ڕازی بـێ، دەڵـێ: ئەگـەر پێت خۆشـە، نەزانیی عەرەبەکان بزانی، ئایەتی (١٣٠) بە پشتەوە لـە سوورەتی (الأنعام) بخـوێنەوە: ﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوْلَـٰدَهُمْ سَفَهَۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾ هەتـا فـەرموودەی خـوا: ﴿ قَدْ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ ﴾، کە دیـارە مەبەسـتی ئـەو ئایەتانەیـە کـە ئێستا ئێمە مانـای گشـتییان دەکەین.

---

١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (٣٣٣٤).

خوا ﷻ هەر لە سیاقی ئەو ئایەتانەدا کە باسی نەفامیی‌و نەزانیی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان‌و کافرەکان دەکەن، دەفەرمویٚ: ﴿ وَجَعَلُواْ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلۡحَرۡثِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ نَصِيبٗا ﴾، وە بەشێکیان بۆ خوا دانا، لەوەی کە بەدیهێناوە لە کشتوکاڵ‌و ئاژەڵان، واتە: لە دانەوێڵەو میوەجات‌و سەوزەو هەر ڕووەکێکی دیکە، وە لە ئاژەڵان، کە مەبەست پێی: حوشترو ڕەشەو وڵاخە لەگەڵ مەڕو بزن، بە ڕای زۆربەی زانایان، ﴿ فَقَالُواْ هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعۡمِهِمۡ وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَا ﴾، وە بە بۆچوونی هەڵەی خۆیان، گوتیان: ئەم بەشە بۆ خوایەو، ئەم بەشەش بۆ هاوبەشەکانمانە، واتە: ئەوانەی کە لە خەیاڵ‌و زەینی ئەواندا بە هاوبەشی خوا دانراون، لە پەرستراندا، ئەگەرنا بە تەئکید خوای پەروەردگار هیچ هاوبەشی نین، ﴿ فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمۡ فَلَا يَصِلُ إِلَى ٱللَّهِۖ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَآئِهِمۡ ﴾، ئنجا ئەوەی کە بۆ هاوبەشەکانیان دایاننناوە، ناگاتە خوا، بەڵام ئەوەی کە بۆ خوا دایاننناوە، دەگاتە هاوبەشەکانیان.

دیارە ئەم مەسەلەیە وەك لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین، تەفسیلێکی هەیە، بەڵام کورتەکەی ئەوەیە کە کافرەکان دوای ئەوەی حاصەڵاتیان هەڵدەگرتەوە، جا دانەوێڵە بووایە، یان میوەجات، دەیانکردە دوو بەش‌و، دەیانگوت: ئەو بەشە بۆ خوا، کە ئەو بەشەی بۆ خوا دایاننابوو، بۆ خۆیان‌و میوان‌و بۆ هەژارو نەدار بەکاریان دەهێناو، دەیانبەخشی، وە دەیانگوت: ئەوەش بۆ بتەکانمان، بۆ هاوبەشەکانمان، بۆیەش خوا لێرەدا ناوی ناون: هاوبەشەکانیان، چونکە ئەوان وایاندەگوت‌و نەیاندەگوت بت‌و صەنەم، دەیانگوت: ئەوانە هاوبەشی خوان، لە پەرستن‌و بەندایەتییداو بەشێکی پەرستنیان بۆ ئەوان ئەنجام دەدا.

ئنجا یەکێك لە شێوەکانی پەرستن ئەوەبوو کە بەشێك لە ماڵ‌و سامانەکانیان بۆ خوا دادەناو، بەشێکیش بۆ بت‌و صەنەمەکانیان کە ناویان نابوون: هاوبەشەکان (شرکاء)، وە ئەو بەشەی کە بۆ بت‌و صەنەمەکان دایان دەنا، خزمەتی بتەکانیان پێ دەکرد، بۆ مەسرەف‌و خەرجیی بتەکان: بەرگیان بۆ بتەکانیان دەکرد، بەڵکو جاری

وا هەبوو زێڕو خشڵیان پێوە دەخستن، وە بۆنخۆشیان دەکردن، وە پاشان (سادن)یان بۆ دەگرتن، (سادن)[١] واتە: بتەوان، ئنجا ئەو بتەوانانەش کە خزمەتی صەنەمەکانیان دەکرد، دیارە ئەوانیش پێویستییان بە پارەو مەسرەفو خەرجیی هەبوو، بۆیەش هاوبەش بۆ خوا دانەرو بتپەرستەکان بەشێك لە بەرهەمی ئاژەڵو کشتوکاڵیان بۆ بتەکان دادەنا، بۆ ئەو مەبەستانە، جا ئەوەی کە بۆ بتەکانیان دادەنا، ئەگەر بەشێکی لێ هەڵوەریباو چووبایە گەڵ بەشی خوا، دەیانهێنایەوە، دەیانگوت: خوا پێویستیی بەوە نیە، بەڵام ئەوەی کە بۆ بتەکانیان (هاوبەشەکانیان) دایاننابوو، ئەگەر بەشێکی لێ چووبایە لای بەشی خوا، دەیانگوت: ئەوانە پێویستییان پێیەتی، بەڵام خوا بێنیازە ! واتە: ئەگەر بەشی بتەکان لەگەڵ هی خوا تێکەڵ بووبایە، دەیانگێڕایەوە بۆ بتەکان، بەڵام ئەگەر بەشی خوا تێکەڵ بووبایە، لەگەڵ هی ئەوان، نەیاندەگێڕایەوەو دەیانگوت: خوا پێویستیی پێی نیە ! بۆیە خوا دەفەرموێ:

﴿سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ﴾، ئەوە خراپترین جۆرە بڕیارە، کە ئەوان دەیدەن، واتە: ئەو هەڵسوکەوتە بەو شێوەیە لەگەڵ خوای بەرزدا کە: بەشێکی بۆ دابنێی، لەو شتانەی کە دروستی کردوون، ئنجا هەر کات لە بەشەکەی وی تێکەڵ بە بەشی بتەکان بوو، لێی گەڕێی، بەڵام ئەگەر هی ئەوان تێکەڵ بە بەشی خوا بوو، بیهێنیەوە ! مانای وایە کە تۆ بە کەمتر لە بتەکانیش، تەماشای خوای پەروەردگارت کردوە، جا دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا زیاتر تیشکی دەخەینە سەر، کە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان ئەو بیرۆکە ئەفسانەییە چی لێ وەردەگیرێ ؟

پاشان دێتە سەر باسی هەڵسوکەوتێکی دیکەی ئەفسانەییان کە ئەویش بریتی بووە، لەوە کە منداڵەکانی خۆیانیان دەکوشت، ئنجا ئەگەر کچ بوونایە دەیانگوت: بۆ ئەوەی تووشی عەیبەمان نەکەن: (دَفْعَاً للعَار)، وە ئەگەر کوڕیش بوونایە، جاری وا بوو هەندێك لە تیرەکانی عەرەب (هەموویان نا)، لە ترسی ئەوەی کە دوایی مەسرەفیان پێ ناکێشرێن: (دَفْعَاً للفَقْر أو مَخَافَةً مِنَ الفَقْر)، خوا دەفەرموێ:

---

١) کۆی: سادن، (سَدَنَة)یە، کە بە خزمەتکاری کابەو بتو صەنەمەکان دەگوترا، بڕوانە: مختار الصِّحاح، ص: ٢٦٤.

﴿ وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَـٰدِهِمْ شُرَكَآؤُهُمْ لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُوا۟ عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ ۖ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴾، وە هەروەها بەو شێوەیە {واتە: وەك چۆن لەسەر بناغەیەکی ئەفسانەیی دەستکاریی بەرهەمی کشتوکاڵیان دەکرد، بەشێکیان بۆ خواو، بەشێکیان بۆ هاوبەشەکانیان دادەنا، بە هەمان شێوە} زۆرێك لە هاوبەشەکان، کوشتنی منداڵەکانیان بۆ ڕازاندبوونەوە، کێ؟ (شُرَكَآؤُهُمْ)، ئەوانەی کە دەیانکردن بە هاوبەش بۆ خوا، کە دیارە مەبەست بتو صەنەمەکانن.

ئنجا یەکێ بۆی هەیە بڵێ: باشە خۆ بتو صەنەمەکان قسەیان نەدەکرد؟ دەڵێین: ڕاستە، بەڵام ئەوان دەچوون بۆ لای ئەو بتو صەنەمانە، دوایی شتێکیان دەخستە قورعەوە، سێ پارچە داریان دەهێنا، یەکێکیان لەسەری نووسرابوو: بیکە، یەکێکیان لەسەری نووسرابوو: مەیکە، وە یەکێکیان هیچی لەسەر نەنوسرابوو، ئنجا لە توورەگەیەکیان دەهاویشتن‌و، دەستیان تێدەخست، ئنجا ئەگەر ئەو پارچە دارە بووایە، کە لەسەری نووسراوبوو: بیکە، یەکسەر ئەو شتەیان ئەنجام دەدا، کوشتنی منداڵ بووایە، هەرچی بووایە، بەڵام ئەگەر ئەوە بووایە، کە نووسرابوو : مەیکە، ئەنجامیان نەدەدا، وە ئەگەر ئەوە بووایە کە هیچی لەسەر نیە، دووبارەیان دەکردەوە، تاکو یەکێك لە بیکەو مەیکە دەردەچوو! بۆیەش خوای کاربەجێ پاڵی داوەتە لای بتو صەنەمەکان، چونکە بتەوانەکان لەلای ئەوان دەیانکرد، هەروەها بتەوانەکانیش زۆرجار قسەیان دەکرد لە پشت بتەکانەوە، کە بە حیساب ئەوە بتەکەیە قسە دەکات، یاخود بە ناوی بتەکەوە قسەیان دەکرد، بۆیە خوا پاڵی داوەتە لای ئەوان.

ئنجا ئایا بۆچی وایاندەکرد؟ خوا دەفەرموێ: ﴿زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَـٰدِهِمْ شُرَكَآؤُهُمْ لِيُرْدُوهُمْ ﴾، هاوبەشەکانیان بۆیان جوان دەکردن، کە ڕۆڵەکانی خۆیان بکوژن، بۆ ئەوەی بە هیلاکیان بدەن‌و بیانفەوتێنن، ﴿وَلِيَلْبِسُوا۟ عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ﴾، وە بۆ ئەوەی دینەکەیان لێ تێکەڵ بکەن.

هەڵبەتە دەشگونجێ لێرەدا کە دەفەرموێ: هاوبەشەکانیان کوشتنی ڕۆڵەکانیان بۆ دەڕازاندنەوە، مەبەست پێی شەیتانەکان بێ، چونکە بتپەرستەکان شەیتانەکانیان دەپەرستو، ئەوانیش بە خوتخوتە دەیانخستە دڵو مێشکیان، کە: کچەکەت بکوژە! نەوەك دوایی شوو بکات، یاخود تیرەیەکی دیکە بەسەر تیرەکەتاندا بداتو، بە دیل بگیرێو عەیبەت بێتە سەرێ! وە: بێنە کوڕەکەت بکوژە ! نەوەك دوایی گەورە ببێو مەسرەفی ئەو هەمووە کوڕانەت پێ نەکێشرێ، کەواتە: بە دوو مەبەست ئەو هاوبەشانەیان کوشتنی منداڵەکانیان بۆ جوان دەکردن: یەکەم: بۆ ئەوەی بیانفەوتێنن، دووەم: بۆ ئەوەی دینەکەیان لێ تێکەڵ بکەن.

یەکێك بۆی هەیە بڵێ: کام دینە؟ دەڵێین: ئەو دینەی کە هی ئیبراهیمو ئیسماعیل بوو سەلامی خوایان لەسەر بێ، لەنێویاندا مابۆوە، هەندێ شتی باش لە شوێنەواری دینی ئیبراهیمو ئیسماعیلیان لەنێودا مابۆوە، بەڵام شەیتانەکان دەیانویست ئەوەندە شتەی کە باشیش بوو، لە پاشماوەی ئەو دینە ڕاستەی ئیبراهیمو ئیسماعیل، تێکی بدەن، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴾، لێرەدا ئەمە وەڵامی پرسیارێکە، کە ڕەنگە لە هەندێ مێشکدا پەیدا بێ، بڵێ: ئایا خوا نەیدەتوانی ڕێیان لێ بگرێ؟ با، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا فَعَلُوهُ ﴾، وە ئەگەر خوا ویستبای وا نەکەن، وایاننەدەکرد، بەڵام ئەدی خوا بۆچی نەیویستوە، وانەکەن؟ لەبەر ئەوەی ویستوویەتی ئازادیان بکاتو، ئازاد بن، سەرپشك بن، چونکە وا نەبێ تاقی ناکرێنەوەو، وانەبێ دەرناکەوێ: ئایا کێ بە ئازایەتیی خۆی بەندایەتیی بۆ خوا دەکات؟ وە کێ بەندایەتیی بۆ خوا ناکات؟ ئەگەر خوا ناچاری کردبان لەسەر تاعەت، ئازایەتیی ئەوانە کە بەندایەتیی بۆ خوا دەکەن، بە ئیرادەی ئازادانەی خۆیان، دەرنەدەکەوت، هەروەك تاوانی تاوانبارانیش دەرنەدەکەوت.

ئنجا لە کۆتایی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: ﴿ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴾، دەجا وازیان لێ بێنەو ئەوەی کە هەڵیدەبەستن، واتە: ئەو درۆو دەلەسەیەی کە بە ناوی

دینەوەو بە ناوی خواوە هەڵیدەبەستن، لێیانگەڕێ، وە کە دەفەرموێ: لێیانگەڕێ، مەبەست ئەوە نیە ئاگاداریان نەکاتەوە، ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ، ئەرکی سەرەکیی ئاگادارکردنەوەیە ﴿... وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿٥٤﴾﴾ النور، وە خوای پەروەردگار قورئانی ناردوە، بۆئەوەی ئاگاداریان بکاتەوەو بانگەوازیان بکات، بەڵام مەبەست ئەوەیە کە زۆر خەفەتی پێ مەخۆو، لێیانگەڕێو لە گومڕایی خۆیاندا وێڵیان بکە، بەو واتایە کە ئیهمالیان بکە خۆیانو بیرۆکە ئەفسانەییەکانیان، لەو ڕووەوە کە هیچ نین، واتە: هیچ ئیعتیبارێکیان بۆ دامەنێو بە هەندیان مەگرە.

ئنجا خوای زاناو شارەزا دێتە سەر باسی هەندێ شتی دیکەی ئەفسانەییان، دەفەرموێ: ﴿وَقَالُواْ هَٰذِهِۦٓ أَنْعَٰمٌ وَحَرْثٌ حِجْرٌ لَّا يَطْعَمُهَآ إِلَّا مَن نَّشَآءُ بِزَعْمِهِمْ وَأَنْعَٰمٌ حُرِّمَتْ ظُهُورُهَا وَأَنْعَٰمٌ لَّا يَذْكُرُونَ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهَا ٱفْتِرَآءً عَلَيْهِ سَيَجْزِيهِم بِمَا كَانُواْ يَفْتَرُونَ ﴾، وە گوتیان: (واتە: هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، کافرەکان) ئەوانە چەند جۆرێك ئاژەڵن، وە چەند جۆرێك بەروبوومی کشتوکاڵن، قەدەغەیە نابێ هیچ کەس بیانخوات، مەگەر کەسێك کە خۆمان بمانەوێ.

(هەروا بە بۆچوونی خۆیانو لەخۆوە دەیانگوت: ئەو جۆرە ئاژەڵە، یان ئەو جۆرە دانەوێڵەیە، یان ئەو جۆرە میوەجاتە، یان ئەو جۆرە بەرهەمە، دەبێ حەتمەن فلان جۆرە کەسە بیخواو، نابێ فلان جۆرە کەسە بیخوات، بۆیە خوا دەفەرموێ: (بِزَعْمِهِمْ) وشەی (زَعْم) واتە: بۆچوونێکی هەڵە، بە بۆچوونی هەڵەی خۆیان، ﴿وَأَنْعَٰمٌ حُرِّمَتْ ظُهُورُهَا ﴾، واتە: وە هەندێ ئاژەڵ پشتیان قەدەغە کردبوون، واتە: نە بۆ بارهەڵگرتن، نە بۆ سواریی، بەکاریان نەدەهێنان، ئنجا ئەو ئاژەڵانە حوشتر بوونایە، گا بوونایە، کە زیاتر حوشترو گا بەکارهێنراون بۆ بارو سوار (بارلێنانو بۆ سواریی)، ﴿وَأَنْعَٰمٌ لَّا يَذْكُرُونَ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهَا ٱفْتِرَآءً عَلَيْهِ ﴾،

وە هەندێ ئاژەڵیش ناوی خوایان لەسەر نەدەهێنان، بە درۆ هەڵبەستن بە ناوی خواوە، هەر لەخۆوە دەیانگوت: ئەوانە کە سەریان دەبڕین، نابێ ناوی خوایان لەسەر بهێنرێ، ئنجا یان ناوی بتو صەنەمیان لەسەر دەهێنان، یاخود هیچ ناوێکیان لەسەر نەدەهێنان، هەر ئاوا سەریان دەبڕین، دیارە گەر تۆ بتەوێ بە شێوەی عەقڵو مەنتیق ئەوە هەڵسەنگێنی، ناچێتە عەقڵەوەو هیچ پێوەرو تەرازوویەك نایگرێتەوە، ﴿سَيَجۡزِيهِم بِمَا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ﴾، بە تەئکید لەمەودوا خوا سزایان دەدات، بەهۆی ئەو درۆ هەڵبەستنانەیانەوە، کە لەخۆوە شتیان قەدەغە دەکرد.

ئنجا خوای زاناو شارەزا دێتە سەر باسی هەندێ قسەو بیروڕای دیکەی ئەفسانەییان، دەفەرموێ: ﴿وَقَالُواْ مَا فِي بُطُونِ هَٰذِهِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ خَالِصَةٞ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِنَاۖ وَإِن يَكُن مَّيۡتَةٗ فَهُمۡ فِيهِ شُرَكَآءُۚ سَيَجۡزِيهِمۡ وَصۡفَهُمۡۚ إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٞ﴾، وە گوتیان: ئەوەی لە سکی ئەو ئاژەڵانە دایە، (ئاژەڵە مێینەکان) تایبەتە بە نێرینەکانمانەوە، هەندێك جۆرە ئاژەڵیان دانابوو، دەیانگوت: بەچکەکانی، یاخود شیرەکەی کە لە سکیدایە، دەبێ تایبەت بێ بە پیاوەکانیانەوە ﴿وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِنَا﴾، وە گوتیان : قەدەغەیە لەسەر ژنەکانمان، لەسەر هاوسەرانمانو، نابێ ئافرەتان بیخۆن، چ شیرەکەیان کە لە سکیان دابوو، چ بەچکەکانیان کە دەیانبوون، ﴿وَإِن يَكُن مَّيۡتَةٗ فَهُمۡ فِيهِ شُرَكَآءُۚ سَيَجۡزِيهِمۡ وَصۡفَهُمۡۚ إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٞ﴾، بەڵام ئەگەر بەچکەکە مردوو بووایە، واتە: کاتێ کە بە مردوویی لە دایك بووایە، یاخود کاتێك ئەو ئاژەڵەیان سەردەبڕی، ئەو بەچکەیەی کە لە سکی دایە، ئەگەر مردوو بووایە، ئەوە پیاوو ئافرەت تێیدا هاوبەش دەبوون! ئەوەش هەر لەخۆوە، بەبێ بەڵگەیەكو، بێئەوەی کە عەقڵ بیخوازێو زانست بیخوازێ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿سَيَجۡزِيهِمۡ وَصۡفَهُمۡۚ إِنَّهُۥ

﴿ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴾، خودا سزای ئەو جۆرە وەسفكردنو باسكردنە ئەفسانەییەیان، دەداتەوە، ﴿إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴾، بێگومان خوا كاربەجێی زانایە.

ئنجا دێتە سەر باسی ئەوەی كە ئەو جۆرە ڕەفتارانەیان سەرەنجامی چۆنە؟ دەفەرموێ: ﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوْلَٰدَهُمْ سَفَهَۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُواْ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفْتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِ ۚ قَدْ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ ﴾، بێگومان زیانباربوون ئەوانەی كە منداڵەكانی خۆیان بە نەفامیی كوشت، بە بێ زانیاریی، {كچو كوڕەكانیان لەبەر هەژاریی‌و نەداریی، یاخود كچەكانیان لەبەر ئەوە كە عەیبەیان نەیەتە سەر ، وە كوڕەكانیان لە ترسی هەژاریی}، هەروەها زیانباربوون بەهۆی ئەوەوە كە ئەوەی خوا پێی داون، ئەو ڕزق‌و ڕۆزییانەی خوا پێی داون {لە دانەوێڵەو لە ئاژەڵ‌و لە میوەجات، هەر لەخۆوە هەندێ جۆریان لێ قەدەغە كردن}، ﴿ٱفْتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِ ﴾، بە درۆ هەڵبەستن بە ناوی خوا چونكە ئەوانەیان هەموو بەناوی دینەوە دەكردو دەیانگوت: لە ڕووی دینەوە دەبێ وابێ‌و ئەگەر وابكەین لە خوا نزیك دەبینەوەو بت‌و سەنەمەكان شەفاعەتمان بۆ دەكەن، بۆیە خوا دەفەرموێ ﴿قَدْ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ ﴾، گومڕابوون، ڕێی ڕاستیان ون كرد، وە لە ڕێی ڕاستگرتووان نەبوون.

ئنجا خوای بێ هاوتا، باسی هەندێ لە نیعمەتەكانی خۆی دەكات، وە پاشان باس دەكات كە دەبێ چۆن لەگەڵ نیعمەتەكانی خوا، لەگەڵ چاكەكانی خوادا مامەڵە بكرێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَ جَنَّٰتٍ مَّعْرُوشَٰتٍ وَغَيْرَ مَعْرُوشَٰتٍ ﴾، وە خوا ئەو كەسەیە كە باغ‌و بێستانی كەپردارو بێ كەپری هێناونە دی، واتە: ئەو جۆرە میوەجاتەی كە پێویستییان بە كەپر دەكات، كە دیارە مەبەست پێی درەختی مێوە، (ترێ) دەبێ كەپری بۆ بكرێ، بۆ ئەوەی بەرزبێتەوەو هێشووەكانی پێدا شۆڕ بێتەوە، ﴿وَغَيْرَ مَعْرُوشَٰتٍ ﴾، وە ئەوەشی كە پێویستیشی بە كەپر ناكات

ڕادەخرێ، ئەوەی کە لە شوێنی ئاودێر بیکەن، کەپری بۆ دەکەن، بەڵام ئەوەی کە لە دێمەکار بڕوێ، ئەو درەختی ترێیە، ڕادەخرێو بەبێ کەپرە، ﴿وَغَيْرَ مَعْرُوشَٰتٍ﴾، دەگونجێ مەبەست پێی ئەو جۆرە میوانە بێ، وەك خۆخو سێوو هەنارو هەنجیرو هەرمێو ئەوانە، کە درەختیان هەیەو پێویستییان بە کەپر ناکات، بۆخۆیان بە درەختەکەیانەوە هەڵواسراون، وە دەشگونجێ ﴿مَعْرُوشَٰتٍ﴾، مەبەست پێی ئەو جۆرە تەرەکارو سەوزەو شتانەبێ، کە لە زەوی ڕادەخرێن، وەك کاڵەكو شووتیو ترۆزییو خەیارو تەماتەو هەموو ئەو شتانەی دیکە، ﴿وَغَيْرَ مَعْرُوشَٰتٍ﴾، مەبەست ئەو جۆرە میوانە بن کە بە درەختەوەن، ﴿وَٱلنَّخْلَ وَٱلزَّرْعَ﴾، وە خوا دارخورمای دروستکردوە، وە کشتوکاڵ، (زرع) هەموو جۆرەکانی سەوزەو دانەوێڵە دەگرێتەوە، وە هەموو جۆرەکانی ئەو ڕووەکانەش دەگرێتەوە کە لە نێوانی سەوزەو دانەوێڵەدان، وەك گەنمەشامیی﴿مُخْتَلِفًا أُكُلُهُۥ﴾، (مختلف) واتە: جۆراوجۆر، (أكل) واتە: خواردنەکەی، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی ئەوەیە کە دەخورێ، کە میوەکەیەتی، یاخود بەرەکەی کە جۆراوجۆرە، جا ئەوە چ مەبەست پێی (زرع) بێ، واتە: تەرەکارو دانەوێڵە، چ مەبەست پێی میوەجات بێ، هەموویان جۆراوجۆرو ڕەنگاو ڕەنگن، ﴿وَٱلزَّيْتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُتَشَٰبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَٰبِهٍ﴾، وە خوا زەیتوونی دروستکردوەو، هەناری دروستکردوە، وێکچوویەو وێکنەچووشە، وێکچوویە لە ڕەنگدا وێکدەچێ، هەنار بە هەنار دەچێ، وە زەیتوون بە زەیتوون دەچێ، بەڵام لە تامو چێژو بۆنو نێوەڕۆکیان دا، وێکناچنو جۆراو جۆرن، ﴿كُلُوا۟ مِن ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثْمَرَ وَءَاتُوا۟ حَقَّهُۥ يَوْمَ حَصَادِهِۦ﴾، ئنجا ئایا دەبێ چۆن لەگەڵ ئەو نیعمەتانەی خوادا مامەڵە بکرێ؟ ئایا وەك هاوبەش بۆ خوادانەرە ئەفسانەییەکان، بکەن؟ نەخێر بەڵکو دەبێ لە بەرهەمەکەی بخۆن، هەر کاتێ بەری دەرکرد، واتە: هەر کاتێ پێگەیشت، وە هەقەکەشی لێ دەربکەن لە ڕۆژی

هەڵگرتنەوەیدا، (حصاد) واتە: حاصەڵات هەڵگرتنەوە، ئەو کاتەی کە درەو دەکرێ‌و دەچنرێتەوەو هەڵدەگیرێ، ﴿ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْ ﴾، واتە: زێدەڕۆیی مەکەن، لە خواردندا زێدەڕۆیی مەکەن‌و لە لێ بەخشینیدا زێدەڕۆیی مەکەن، هەردووکیان دەگرێتەوە، بۆچی ؟ چونکە: ﴿ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴾، بێگومان ئەو (خوا) زێدەڕۆییکارانی خۆش ناوێ.

دوای ئەوە دێتەوە سەر باسی ئاژەڵ، دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ حَمُولَةً وَفَرۡشًا ﴾، وە لە ئاژەڵەکان هی باربەرو ڕاخراوی بۆ دروستکردوون، باربەر ئەو حوشترانەن کە بار دەبەن، یان ئەو (گا)یانەی کە بار دەبەن، بەڵکو هەندێکیان گوتوویانە: (حمولة) ناوە بۆ هەر بارهەڵگرێك، جا چ حوشتر بێ، چ گوێدرێژ بێ، چ ماین‌و ئێستر بێ، چ گا بێ، چ هەر شتێکی دیکە بێ، وە (فَرۡشًا) بە مانای ڕاخراو دێ، جا دەگونجێ مەبەست پێی ئاژەڵی ورد بێ، وەك مەڕو بزن، کە لەچاو حوشترو گادا، بە زەوییەوە نووساون، وەك فەرشێك ڕاخراون لەسەر زەوی، هەندێکیش دەڵێن: ﴿ وَمِنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ حَمُولَةً وَفَرۡشًا ﴾، واتە: لەنێو ئاژەڵەکاندا، هەم هەیانە بارتان بۆ هەڵدەگرن، هەم فەرش‌و ڕایەخیش لە تووك‌و مووو خورییەکەیان، دروست دەکەن، ﴿ كُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِ ﴾، لەوەی کە خوا پێی داون، بخۆن‌و بە دوای هەنگاوەکانی شەیتان دا مەڕۆن‌و، بە دوای شوێن پێیەکانی شەیتان مەکەون، کە بێن لەخۆوە هەندێ لەو شتانە قەدەغە بکەن، یان بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، کە لە ئایەتەکاندا باسکرا، ﴿ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴾، بێگومان شەیتان بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکرایە، کەواتە: شوێنی مەکەون، هەر لەخۆوە، ئەو ڕزق‌و ڕۆزییە پاك‌و چاکانەی پەروەردگار: چ لە ئاژەڵ، چ میوەجات، چ دانەوێڵە، چ بەرهەمی دیکە، لەخۆوە لە خۆتانیان قەدەغە مەکەن.

دوایی خوای بالآدەست وەك دەمکوتکردنێکی هاوبەش بۆ خوادانەرەکان، کە لەخۆوە هەندێ لەو شتانەیان لەخۆیان قەدەغە دەکرد، بەتایبەت ئاژەڵەکان، دەفەرموێ: ﴿ ثَمَـٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ ﴾، واتە: (خَلَقَ لَكُمْ ثَمَانِيَةَ أَزْوَاجٍ)، هەشت جووتی بۆ دروستکردوون، لە چوار جۆرە ئاژەڵ، وشەی (أزواج) کۆی (زوج)ە، (زوج)یش بریتیە لە تاکی هەر شتێك کە بەرانبەرێکی هەبێ، مەرجیش نیە تەنیا لە نێرو مێدا بێ، خوا دەفەرموێ: هەشت جووتی بۆ دروستکردوون، لە چوار جۆرە ئاژەڵ، ﴿ مِّنَ ٱلضَّأْنِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْمَعْزِ ٱثْنَيْنِ ﴾، لە حەیوانی سپی دووان‌و، لە حەیوانی ڕەش دووان، بۆیە وادەڵێم، چونکە: لە کوردییدا (ضأن) واتە: مەڕ، کە زیاتر مێینەکە دەگرێتەوە، بەڵام لە زمانی عەرەبییدا (ضأن) کە کۆی (ضائن)، (ضائن) واتە: ئاژەڵی وردی سپی، کە ئێمە دەڵێین : مەڕ، بەڵام مەرج نیە تەنیا مێ بێ، بەڵکو بە نێرو مێی دەگوترێ: (ضائن)، ئەگەر تاك بێ، ئنجا بە مێیەکەی دەگوترێ: (نعجة) مەڕ، وە بە نێرەکەی دەگوترێ: (کبش)، بەران، ئێمە دەڵێین: بەران‌و مەڕ، ﴿ وَمِنَ ٱلْمَعْزِ ٱثْنَيْنِ ﴾، وە لە وردە ئاژەڵی ڕەش یاخود سوور، یان مەرەز، دووان، (معز) کۆی (ماعز)ە لە زمانی عەرەبییدا، (ماعز) بە تاکی ئەوە دەگوترێ کە ئێمە پێی دەڵێین: بزن، بەڵام لە عەرەبیی دا، نەك تەنیا بە مێینەکەی نا، بە هەردووکیان دەگوترێ: (ماعز)، چ نێر بێ، کە ئێمە بە نێرەکەی دەڵێین : نێریی‌و، بە مێیەکەی دەڵێین: بزن، بەڵام لە زمانی عەرەبییدا، بە هەردووکیان دەگوترێ: (ماعز) وە بە کۆیان دەگوترێ: (مَعْز)، وە بە تاکی نێریان دەگوترێ: (تَيْس)و بە تاکی مێیان دەگوترێ: (عَنْزَة). کەواتە بە کوردیی: (معز) واتە: ئاژەڵی وردی ڕەش، کە زیاتر لە چیا دەبێ، وە (ضأن) واتە: ئاژەڵی وردی سپی، کە زیاتر لە دەشت دەبێ.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ ﴾، (ئەی پێغەمبەر !) تۆ پێیان بڵێ، (یان هەر کەسی کە قورئان دەخوێنێ)، ئایا خوا دوو نێرەکانی قەدەغە کردوون، لە ئاژەڵی ڕەش‌و سپی، مەڕو بزن، واتە: بەران‌و نێریی

قەدەغە کردوون، یان دوو مێینەکانی قەدەغە کردوون، واتە: بزنو مەڕ؟ ﴿أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِ نَبِّـُٔونِي بِعِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾، یاخود هەرچی بەچکەدانی دوو مێینەکان گرتوویانەتە خۆیان، واتە: ئەوەی لەنێو سکیاندایە؟ چونکە خوا وشەی (أرحام)ی بەکارهێناوەو (أرحام)یش کۆی (رحم)ە، ئەگەر بۆ بەشەر بێ، دەبێ بڵێی: منداڵدان، بەڵام بۆ ئاژەڵ دەبێ بڵێین: بەچکەدان، چونکە بەچکەکەی تێدایە.

یانی: ئایا خوا هەردوو نێرەکانی قەدەغەکردوون، یان هەردوو مێیەکان، یاخود ئەوەی کە لە بەچکەدانی مێینەکاندایە، کامەی قەدەغە کردووە؟! ﴿نَبِّـُٔونِي بِعِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾، ئەگەر ڕاست دەکەن، خوا ئەوانەی قەدەغە کردووە، بەناوی دینی خواوە ئەوە دەڵێن، بە زانیاریی هەواڵم پێ بدەن، نەك هەروا بە شێوەیەکی ئەفسانەیی.

ئنجا لە کۆتایی دا دێتە سەر باسی چوار جۆرەکەی دیکە لە ئاژەڵانو، دەفەرموێ: ﴿وَمِنَ ٱلْإِبِلِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ ٱثْنَيْنِ﴾، وە لە حوشتر دووانو لە ڕەشە وڵاخیش دووان، دیارە لە زمانی عەرەبییدا (إبل) ناوی (جنس)ە، بۆ حوشتر، یانی: بێئەوەی کە بزانی: داخۆ نێرە یان مێیە؟ وە (بقر)یش ناوە بۆ ڕەشە وڵاخ، دیسان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە: نێرە یان مێ؟ بۆ هەردووکیان بەکاردێ، جا عەرەب بە نێرەی حوشتر، دەڵێن: (جَمَل) وە بە مێیەکەشی دەڵێن (ناقة)، کە لە کوردییدا ئێمە ئەوەمان نییە، چونکە حوشتر لە کوردەواریی دا نەبووە، تاکو مێیەکەی ناوێکی بۆ دابنێینو، نێرەکەی ناوێکی دیکەی بۆ دابنێین، هەر دەڵێن: وشتر، یان حوشتر، وە (بقر)یش ناوی (جنس)ە، بۆ ڕەشە وڵاخ، جا بە نێرەی ڕەشە وڵاخ دەگوترێ: (ثور)، وە بە مێیەکەشی دەگوترێ: (ثورة)، کە (ثور) بە (ثیران) کۆ دەکرێتەوەو (ثورة)ش بە (ثورات)، بەڵام ئێمە بە نێرەکەی دەڵێین: گا، وە بە مێیەکەی دەڵێین: مانگا، کەواتە: وشەی (بقرة) واتە: تاکی ڕەشە وڵاخ، چ نێر بێ،

چ مێ، کە زۆربەی خەڵك وا دەزانن: (بقرة) واتە: مانگا، واتە: مێینەی ڕەشە وڵاخ، بەڵام لە زمانی عەرەبییدا وانیەو (بقرة) تاکی ڕەشەوڵاخە، نێر بێ یان مێ و، بە (بقرات) کۆدەکرێتەوە، واتە: ڕەشەوڵاخەکان، نێربن یان مێ.

دووبارە خوا دەفەرموێ: ﴿قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِ﴾، بڵێ: ئایا خوا دوو نێرینەکانی قەدەغە کردوون، یان دوو مێینەکان، یاخود ئەوەی کە بەچکەدانی ئاژەڵەکان گرتوویاننە خۆیان، یانی کامەیان، بەڵگەتان چییە؟ ﴿أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ وَصَّىٰكُمُ ٱللَّهُ بِهَٰذَا﴾، یان ئایا ئێوە شایەد بوونو ئاگادار بوون کە خوا ئەو وەسیەتەی بۆ کردن، واتە: ئەگەر بەڵگەی زانیاریی و عەقڵییتان نییە، ئایا بەڵگەی نەقڵییتان هەیە ؟ بەڵگەیەکتان لە وەحی هەیە ؟ کە خوا ڕاسپاردەیەکی وای بۆ کردبن؟ ئەوە لێرەدا جۆرێکە لە پلارو توانج تێگرتنو گاڵتەپێکردن، یانی: نەخێر، نە خوا وەسیەتی وای بۆ کردوون، نە عەقڵو عیلمیش داخوازی ئەوە دەکەن کە هەندێ لەو جۆرە ئاژەڵانە قەدەغە بکەن، بۆیە دەفەرموێ: ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا لِّيُضِلَّ ٱلنَّاسَ بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾، ئنجا ئایا کێ ستەمکارترە لە کەسێك کە درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستێ، بۆ ئەوەی بەبێ زانیاریی خەڵك گومڕا بکاتو سەرگەردانیان بکات ؟ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾، بێگومان خوا کەسانی ستەمکار ڕاستە ڕێ ناکاتو، نایانخاتە سەر ڕێی ڕاست.

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلُواْ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلۡحَرۡثِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ نَصِيبٗا فَقَالُواْ هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعۡمِهِمۡ وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَاۖ فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمۡ فَلَا يَصِلُ إِلَى ٱللَّهِۖ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَآئِهِمۡۗ سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ ﴾، پێشتر ئەم ئایەتەمان مانا کرد، لێرەدا هاوبەش بۆ خوادانەرەکان، سێ جۆرە بێئەدەبیی و بێڕێزیی بەرانبەر بە خوا دەکەن :

١/ بەشێکیان بۆ خوای بێ هاوتا دانا، لەوەی کە دروستی کردووە لە کشتوکاڵ و لە ئاژەڵ، واتە: خوا ئەو کشتوکاڵ و دانەوێڵەو میوەجات و ئاژەڵانەی دروستکردوون، کەچی لە دروستکراوەکانی خۆی، بەشێکی بۆ دادەنێن !

٢/ ئەوەیە کە بەشێکی بۆ دادەنێن، نەك هەمووی.

٣/ ئەوەیە کە بەشی هاوبەشەکانیان، بۆ خوا نەدەچوو، بەڵام بەشی خوا، بۆ بت و صەنەمەکان و بۆ هاوبەشەکانیان دەچوو، ئنجا ئایا ئەوە چۆن بووە؟! عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە: {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا قَالَ: وَكَانُوا إِذَا هَلَكَ الَّذِي لآلِهَتِهِم وَكَثُرَ الَّذِي لله، أَخَذُوا الَّذِي لله، وَأَنْفَقُوهُ عَلَى الأَصْنَامِ، وَإِذَا هَلَكَ الَّذِي لله وَكَثُرَ الَّذِي للأَصْنَامِ، قَالُوا: لَوْ شَاءَ اللهُ لأَزْكَى الَّذِي لَهُ}[1] واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ، دەڵێ: (عەرەبە بت پەرستەکان عادەتیان وابوو: ئەو بەشەی کە بۆ بتەکانیان دانابوو، ئەگەر فەوتابایە، وە ئەو بەشەی کە بۆ خوایان دانابوو، زیادی کردبایە، (جا ئاژەڵ بووایە، یان

١) جامع البيان، برقم: (١٠٨٢٠) و (١٠٨٢١) والتفسير الكبير للطبراني، ج٣، ص٨٩.

دانەوێڵە، یان هەرچی بووایە)، لە بەشەکەی خوایان هەڵدەگرتو دەیانخستە سەر هی بتەکانیانو، بۆیان سەرف دەکردن، بەڵام ئەگەر لە بەشی خوا فەوتابایەو بەشی بۆ بتەکانیان زیادی کردبایە دەیانگوت: ئەگەر خوا ویستبای، بەشەکەی خۆشی زیاد دەکرد، (دیارە پێویستیی پێ نیە).

هەر لەوبارەوە عەبدوڵلای کوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکی ئەو هەڵسوکەوتەی بتپەرستەکان، ئەمەشی لێ گێڕدراوەتەوە: {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللّهُ عَنْهُمَا قَالَ: جَعَلُوا لِلّهِ مِنْ ثَمَرَاتِهِم وَمَا لَهُمْ، نَصِيباً، وَلِلشَّيْطَانِ وَالأَوْثَانِ، نَصِيباً، فَإِنْ سَقَطَ مِنْ ثَمَرَةِ مَا جَعَلُوا لِلّهِ، فِي نَصِيبِ الشَّيْطَانِ، تَرَكُوهُ، وَإِنْ سَقَطَ مِمَّا جَعَلُوهُ لِلشَّيْطَانِ، فِي نَصِيبِ اللّهِ، الْتَقَطُوه وَحفظُوه وَرَدُّوهُ إِلَى نَصِيبِ الشَّيْطَانِ، وَإِن انْفَجَرَ مِنْ سِقْيِ مَا جَعَلُوهُ لِلّهِ فِي نَصِيبِ الشَّيْطَانِ، تَرَكُوهُ، وَإِن انْفَجَرَ مِن سِقْيِ مَا جَعَلُوهُ لِلشَّيْطَانِ فِي نَصِيبِ اللّهِ، سَدُّوه، فَهَذَا مَا جَعَلُوا مِنَ الحروث وَسِقْيِ الماءِ، وَأَمَّا مَا جَعَلُوا لِلشَّيْطَانِ مِنَ الأَنْعَامِ فَهُوَ قَوْلُ اللّهِ: ﴿مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٖ وَلَا سَآئِبَةٖ وَلَا وَصِيلَةٖ وَلَا حَامٖ ١٠٣﴾ المائدة}[1]، واتە: عەبدوڵلای کوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: ئەوانە عادەتیان وابوو، لە کشتوکاڵو لە ماڵو سامان بەشێکیان بۆ خوا دادەنا، بەشێکیشیان بۆ شەیتانو بۆ بتەکانیان دادەنا، جا ئەگەر لەو بەشەی کە بۆ خوا دایاننابوو، لە میوەکە کەوتبایە خوارێو چووبایە گەڵ بەشی شەیتانو بتەکانیان، لێی دەگەڕان، بەڵام ئەگەر لەو بەشەی کە بۆ شەیتانو بۆ بتەکان دایاننابوو، لێی کەوتبایە خوارێو چووبایە گەڵ بەشی خوا، هەڵیاندەگرتەوەو دەیانپاراستو دەیانخستەوە گەڵ بەشی شەیتانو بتەکان، هەروەها ئەو کشتوکاڵە کە دەیانکرد، ئەگەر لەوەی کە بۆ خوا دایاننابوو، ئاوەکەی چووبایە نێو بەشی شەیتانو بتەکان، لێی دەگەڕان، بەڵام ئەگەر لەوەی کە بۆ بتو شەیتان دایاننابوو، ئاوەکەی چووبایە گەڵ بەشی خوا، دەیانگێڕایەوە، ئەوە سەبارەت بە کشتوکاڵو ئەوەی کە بە ئاودێریی، ئاو دەدرێو بەرهەم دێ، بەڵام

١) جامع البيان للطبري برقم: (١٣٨١٥).

بەنسبەت ئەو بەشەوە، کە لە ئاژەڵان بۆ شەیتانیان دانابوو، خوا دەفەرمویٚ:

﴿مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٖ وَلَا سَآئِبَةٖ وَلَا وَصِيلَةٖ وَلَا حَامٖ ١٠٣﴾ المائدة، چوار جۆرە ئاژەڵیان دیاریی کردبوون، بە تایبەتی لە حوشتر: بەحیرە، سائیبە، وەصیلە، حام، کە کاتی خۆی باسمانکردوە، بۆچی ئەو ناوانەیان لێناون، کە هەر لەخۆوە ئەو ناوانەیان لێنابوونو، لە خۆیانیان قەدەغە کردبوون، یاخود بۆ بتەکانیان تەرخانیان کردبوون.

دەشگونجیٚ مەبەست لەو ئایەتە موبارەکە، ئەوەبیٚ کە لەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ دا هاتوە: ﴿عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: (قَالَ اللهُ تَعَالَى: أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ، مَنْ عَمِلَ عَمَلاً أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْرِي، تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ)﴾[(١)]، واتە: ئەبو هورەیرە خوا لیٚی ڕازی بیٚ دەڵیٚ: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، دەیفەرموو: خوای پایە بەرزو مەزن دەفەرمویٚ: من بێنیازترینو دەوڵەمەنترینی هاوبەشەکانم لە هاوبەشداریٚتیی، هەر کەسێك کردەوەیەك بکات، بەشیی جگە لە منی تێکەڵ بکات، ئەوە من خۆیو هاوبەشەکەی (کە ئەو کەسە، یان ئەو شتەی کە کردوویەتی بە هاوبەش) وازی لیٚ دێنم، (واتە: بەشەکەی خۆشم دەدەم بەو).

کەواتە: دەگونجیٚ مەبەست لەو ئایەتە کە دەفەرمویٚ: (ئەوەی کە هی هاوبەشەکانیان بوو، بۆ خوا نەدەچوو، بەڵام ئەوەی هی خوا بوو، بۆ هاوبەشەکانیان دەچوو) مەبەست ئەوەبیٚ چونکە خوا بەشەکەی خۆی ناویٚ، واتە: بەشەکەی خۆیشی دەدات بەو هاوبەشانەو، خوا قبووڵی ناکات، ئەو کردەوەیەی کە بۆ خوا دەکریٚ، جگە لە خۆی تێدا بەشدار بکریٚ، جا نوێژ بیٚ، ڕۆژوو بیٚ، ماڵ بەخشین بیٚ، جەنگو جیهاد بیٚ، بڵاوکردنەوەی زانست بیٚ، هەر شتێك ڕیاو شیرکی تێکەوتو جگە لە خوای تێدا بەشدار کرا، خوای بێنیاز بەشەکەی خۆشی ناویٚ.

---

١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٩٨٥)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٤٢٠٢).

ئەوەی پێویستە لەم ڕۆژگارەمان دا، لە ئایەتی (١٣٦)ی وەربگرین

ئایا ئەمە چی لێ وەردەگیرێ، بۆ ئێستامان؟ ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە ئێستاش زۆر کەس ئەگەر خوا بە یەکگرو ئیمانداری باش نەبێ، هەر وا دەکات، چۆن؟ ئەوان ــ واتە: هاوبەشدانەرە پێشووەکان ــ بە شێوەیەکی ڕواڵەتیی‌و ئەفسانەیی‌و سادە، بەشی خواو بەشی جگە لە خوایان جیاکردۆتەوە، بەلام ئێستا خەڵك دێنێ، دەڵێ: دینی خوا لە مزگەوتییە، بەلام لە بازاڕو لە فەرمانگەو کێڵگەو لە هەموو کایەکانی دیکەی ژیان دا، بە دوای جگە لە خوا دەکەوێ، وەك لە یەکەمین هەڵبژاردندا[1]، گوتیان: حاجییەك دەنگی دابوو، گوتبوویان: حاجی دەنگت بە کێ داوە؟ ئەویش ئاماژەی کردبوو بۆ ڕەنگی یەکێ لەو حیزبە عەلمانییانەو گوتبووی: هەر فلان ڕەنگە جوانە نییە؟ گوتبوویان: حاجی ئەدی ئیسلام؟ گوتبووی ئیسلام بان سەر، بان سەر!!

یانی: لەسەر زەوی لەسەر لەگەڵ فلان بەرنامەو فیکرەیەم، بەنسبەت ئایین‌و بەرنامەکەی خواش ئەوە لە ئاسمانە! کە لە حەقیقەتدا ئەمە وەك ئەوەیە کە تۆ بێنی بەشی کەمتر بۆ خوا دابنێی، یان حیسابی کەمتر بۆ خوا بکەی، کە بێگومان ئەوە بێئەدەبییەکی زۆر گەورەیە، کە دیارە ئەوەش لە زۆر شتدا بەرجەستە دەبێ: بۆ نموونە :

١/ کەسێك خەریکی ئیشوکار دەبێ، دوایی، خۆر خەریکە ئاوابێ، ئەوجار نوێژەکەی دەکەوێتەوە بیرو، بە پەلە دەیکات.

٢/ یان کەسێك کە هەر خەریکی ئیشوکار دەبێ، ئنجا ئەگەر بواری هەبوو بەڕۆژوو دەبێ لە ڕەمەزان دا ! ئەگەرنا دەڵێ: ئیشم زۆرە، وەك بڵێی: بەشەکەی خوای پەروەردگار لە زیادەیە!

٣/ هەروەها جاری وابووە کەسێك ماڵێکی خراپ کە بۆخۆی نەیویستوە، ئەوەی کردوە بە خێرو داویەتی بە خوا، بەلام ئەوەی کە بەکەڵك هاتوە، بۆخۆی بەکاریهێناوە !

---

١) مەبەست یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانە، لە ساڵی: ١٩٩٢ ز دا.

لەڕاستییدا ئەوە هەمووی دەچێتەوە سەر ئەو ڕیشە ئەفسانەییەی، کە تۆ بەشی کەمتر بۆ خوا دابنێی ! ڕاست ئەوەیە نەك هەر بەشی کەمترو بەشی زۆرتر، بەڵکو تۆ دەبێ هەموو شتەکان بە هی خوای پەروەردگار بزانیو، لە ڕەزامەندیی خوادا بەکاریان بێنی، چونکە خوای تاكو پاك، ڕازی نابێ بەوە کە کەسی لەگەڵدا بکرێتە هاوبەش، بۆیە خوای بێ هاوتا لە کۆتاییدا دەفەرمویٰ: ﴿سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ﴾، واتە: خراپترین بڕیار ئەو بڕیارەیە کە ئەوان دەیدەن، کە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خوای گەورەدا دەکەن، کە جگە لە خوا پێش خوا دەخەن !

مەسەلەی دووەم: کە دەفەرمویٰ: ﴿وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ قَتۡلَ أَوۡلَٰدِهِمۡ شُرَكَآؤُهُمۡ لِيُرۡدُوهُمۡ وَلِيَلۡبِسُواْ عَلَيۡهِمۡ دِينَهُمۡۖ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا فَعَلُوهُۖ فَذَرۡهُمۡ وَمَا يَفۡتَرُونَ﴾، ئەوەی پێشێیان دەستکارییکردنی نیعمەتەکانی خوا بوو، لە ئاژەڵو کشتوکاڵو بەروبوومو میوەجات، لەسەر بناغەیەکی ئەفسانەییو بتپەرستانە، بەڵام ئەمەیان بریتیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆڵەو جگەر گۆشەی خۆت دا، لەسەر بناغەیەکی ئەفسانەیی، دەفەرمویٰ: هەروەها بەو شێوەیە، زۆر لە هاوبەشەکان (یاخود زۆر لە بتو صەنەمەکان، یاخود زۆر لە شەیتانەکان، کە لەگەڵ خوا دەپەرستێن) کوشتنی ڕۆڵەکانی خۆیانیان بۆ هاوبەش دانەرەکان جوانکردوە، بۆ ئەوەی بیانفەوتێنن، وە بۆئەوەی دینەکەیان لێ تێکەڵ بکەن، واتە: ئەو دینە هەقەی کە لە ئیبراهیمو ئیسماعیلەوە سەلامی خوایان لەسەربێ هاتوەو، هەندێ لە پاشماوە ڕاستەکانی لەنێو ئەواندا ماوەتەوە، ﴿وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا فَعَلُوهُۖ فَذَرۡهُمۡ وَمَا يَفۡتَرُونَ﴾، وە ئەگەر خوا ویستبای، وایاننەدەکرد، بۆیە: لێیانگەڕێو ئەوەی کە هەڵیدەبەستن، یا هەڵیبەستن.

لەوبارەشەوە عەبدوڵلای کوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: (كَانَ أَهْلُ الجَاهِلِيَّةِ يَدْفِنُونَ بَنَاتَهُم أَحْيَاءً، كَرَاهِيَّةً للبَنَاتِ، وَكَانَ الرَّجُلُ مِنْهُمْ يَحْلِفُ، لأَنَّ وُلِدَ مِنْهُمْ كَذَا وَكَذَا غُلاماً، لِيَنْحِرُوا أَحَدَهُمْ، كَمَا حَلَفَ

عَبْدُالـمُطَّلِب عَلَى ابْنِـهِ عَبْدُالله، وَكَانَ لآلِـهَتِهِم خُـدَّام يَقُومُـونَ عَلَـيهِم الَّـذِينَ كَـانُوا يزيِّنُـونَ لِلـمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلاَدِهِـم)[1]، واتـە: خەڵـكی سـەردەمی نەفامیـی، (كـافرو هاوبـەش بۆخـوا دانەرەكـان) كچەكـانی خۆیـان بـە زیندوویـی لـە گڵـی دەخسـتن، لەبـەرئـەوەی ڕقیـان لە كچـان بوو، (دەیانگـوت: چۆن دەبـێ كـچ بـە شـوو بدرێ‌و، ئەو عەیبە گەورەیەمـان بێتـە سـەرێ، یـان لە ترسـی ئـەوەی كـە نـەوەك تیـرەو هـۆزێك بەسـەر تـیـرەو هۆزەكەیاندا بداو، دوایی كچەكەیان بە دیل بگیـرێ‌و سـووكایـەتیی پـێ بكـرێ، دەیانگـوت: بـا هـەر بـە گچكـەیی بیكوژین باشـترە، وەك لـەوەی دوایـی عەیبەمـان بێـنێتـە سـەر)[2].

هەروەها هـەندێ لە پیـاوەكانیان سوێندیان دەخـوارد: ئەگـەر ئەوەندە كـوڕەی ببن، یەكێكیان سەردەبڕێ‌و دەیكاتـە قوربـانیی، وەك (عَبْدُالـمُطَّلِب)، (باپیـری پێغـەمبەر ﷺ) بەڵێـنـی داو سـوێندی خـواردو قـورعـەكەی كەوتـە سـەر عەبـدوڵڵا.

{هۆكـاری ئەوەش ئەوەبوو كـە قوڕەیشـییەكـان ویسـتیان زوڵمی لـێ بكەن، ئەویش لـە خـوا پاڕایـەوە: خـوایە ! ئەگـەر دە كـوڕانم بـدەیـە، كـە بەرگرییـم لـێبكـەن، یەكێكیـان بۆ تۆ دەكەمە قوربـانیـی، خـواش دە كـوڕی دانــێ، یەكێكـیان عەبدوڵـلا بـوو، بـابی پێغـەمبەری خۆمـان ﷺ، ئنجـا قورعـەی كێشـا، عەبدوڵـلا دەرچـوو، عەبدوڵڵاش لە هەمووان گچكەتر بوو، زۆری خـۆش دەویسـت، گوتی: تەگبیـر چـیـە؟ پرسـیان بە كاهینێـك كـرد، گوتـی: بێنـە دە حوشتـران لـەوێ دانـێ‌و، عەبدوڵـلاش لـەوێ دانـێ، قورعـە بكێشـە، ئەگـەر دە حوشـترەكـە دەرچـوون، ئـەوان سـەربڕەو، عەبدوڵڵا سەلامەت دەبـێ، ئەگەر عەبدوڵڵا دەرچوو، دە حوشـتری دیكەیان بخە گەڵ، دەڵێ: دە جاران قورعەیان دەكێشا، هـەر دە جارەكـە هـەر عەبدوڵـلا دەردەچـوو، دە حوشـتر، دە حوشـتر زیادی دەكردن، تاكو بوونە سەد (١٠٠) حوشـتـر، ئنجا دوایی سـەد حوشـترەكە سـەربـڕان وەك فیدیـەو قـەرەبوو بـۆ عەبـدوڵـلا}[3]، ئنجـا عەبدوڵـلای كوڕی عەبباس دەڵێ: پەرسـتـراوەكانیان خـوددامیان هەبوون، كـە كوشـتنی ڕۆڵەكانیان

---

١) جامع البيان للطبري، برقم: (١٠٨٢٦)، والتفسير الكبير للطبراني، ج٣، ص٨٩، ٩٠.

٢) ئـەوەی لە نێوان كەوانـەكان زیـادكردنـی خۆمـە.

٣) السيرة النبويَّة، لابن هشـام، ج ١، ص: ٨٠ ـ ٨٢، ط دار ابن الهيثم.

بۆ هاوبەشدارەکان دەڕازاندەوە، ئەو لێرەدا گوتوویەتی: (خُدّام) کە کۆی (خادم)ە، پێشیان دەگوترێ: (سدنة)، کە کۆی (سادن)ە، واتە: بتەوان، خزمەتی بتەکەیان دەکرد، سبحان الله ئێستاش لەسەر هەندێ مەزارگەی هەندێك تاقمو کۆمەڵی مسولّمانان، ئەو جۆرە کەسانە هەنو هەر پێیاندەگوترێ: (سادن) واتە: کەسێك کە خزمەتی ئەو قەبرە دەکاو، پارەیەك کە لەسەر قەبرەکە دادەندرێ، کۆی دەکاتەوە پێی دەگوترێ: (سادن)، کە لە سەردەمی نەفامییشدا پێیانگوتراوە: (سادن)، واتە: خزمەتکاری قەبر، یان خزمەتکاری بت، (خادم)یشی پێ گوتراوە، کە کۆیەکەی (خُدّام)ە، جا دەڵێ: ئەو بتانە (خدام)یان هەبوون، خزمەتی بتەکانیان دەکرد، وەك پێشتر گوتم: بەرگیان لەبەردەکردنو دەیانشۆردنو بۆنخۆششیان دەکردنو زێڕو خشڵیان پێوە دەخستنو ... هتد، ئنجا ئەوانەی کە بۆ هاوبەشدانەرەکان، کوشتنی منداڵەکانیان جوان دەکرد، ئەو بتەوانانە بوون، ئەوان بۆیان جوان دەکردن.

ئنجا خوا کە دەفەرموێ: ﴿لِكَثِيرٍ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ بۆ زۆرێك لە هاوبەشدانەرەکان لەبەرئەوەی هەموویان وانەبوون، خۆ ئەگەر هەموو وابوونایە، هەموویان کورو کچی خۆیانیان کوشتبان، بنەبڕ دەبوون، بەڵام نە هەموویان کچی خۆیانیان کوشتووە، نە هەمووشیان کوڕی خۆیانیان کوشتوە، بەس هەندێکیان وابوون، بەڵکو هەیانبووە کە زۆر عاقڵو بلیمەت بووەو، ئەگەر کەسێکی بینیبایە، ویستبای کچی خۆی بکوژێ، یان کوڕی خۆی بکوژێ، گوتوویەتی: بیدە من بەخێوی دەکەمو گەورەی دەکەم، کە پێگەیشت یان بە ڕێی دەکەم، یان دەتدەمەوە، هەیانبووە چەندان کەسی ئاوای زیندوو کردۆتەوە، ئەو کەسانە ناویشیان هەبووەو کەسانی خێرخواز بوون، کەواتە: خەڵکی حەکیمو زاناشیان تێدا بووە.

کە دەفەرموێ: ﴿قَتْلَ أَوْلَـٰدِهِمْ شُرَكَآؤُهُمْ لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُواْ عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ﴾، وشەی (أولاد) کۆی (وَلَد)ە واتە: منداڵ، دەگونجێ کوڕ (إبن) بێو، دەگونجێ کچ (بنت) بێ، جا ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتەی سوورەتی (الإسراء)ە، کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَوْلَـٰدَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَـٰقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ ۚ إِنَّ قَتْلَهُمْ

كَانَ خِطْـًٔا كَبِيرًا ﴿٣١﴾ ﴾الإسراء، واتە: وە منداڵەکانتان لە ترسی تەنگدەستیی مەکوژن، چونکە ئێمە ڕزقی ئەوانیش‌و ئێوەش دەدەین، توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: کچەکانیان لەبەرئەوە دەکوشت کە سووکایەتیی‌و عەیبەیان نەیەتە سەر، وە کوڕەکانیشیان لەبەر هەژاریی‌و نەداریی کوشتوە، وەك گوتم: دیارە هەندێ لە تیرەو هۆزەکان وابوون، یان هەندێك لە بنەماڵەکان وابوون، ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ﴾ وە ئەگەر خوا ویستبای وایانەدەکرد، لێیانگەڕێ‌و ئەوەی کە هەڵیدەبەستن (یا هەڵیبەستن).

ئاشکرایە کە دەفەرموێ: لێیانگەڕێ ئەوەی کە هەڵیدەبەستن، مەبەست ئەوە نیە کە بانگیان مەکەو هەقیان بۆ ڕوون مەکەوە، واتە: مەکەوە ژێر کاریگەرییان، دیارە ئەو کلتوورە سەقەتە فشارو کاریگەریی زۆر بووە لەسەر عەقڵ‌و دڵی خەڵك‌و کۆمەڵگا بەگشتیی، ئنجا هەرچەندە ڕووی دواندن لە پێغەمبەرە ﷺ، بەڵام مەبەست پێی مسوڵمانانە، واتە: مەکەونە ژێر کاریگەرییانو، لە دڵی خۆتان دا بڵێن: ئەوانە مادام ئەو کارە دەکەن، تۆ بڵێی ئەسڵێکی نەبێ‌و شتێکی باش نەبێ ؟ دڵنیا بن ! ئەو بیرۆکە ئەفسانەییانە هیچ نین‌و، مەکەونە ژێر کاریگەرییان، واتە: وازیان لێ بێنن‌و بەهەندیان مەگرن، نەك مەبەست ئەوەبێ: وازیان لێ بێنە ! بەو واتایە کە بۆیان ڕوون مەکەوەو، بانگیان مەکەن بۆ هەق ! چونکە قورئان هەمووی بانگکردنی مرۆڤە بۆ هەق، کەواتە: دەبێ وشەکانی قورئان وەك خۆیان لێیان تێبگەین.

مەسەلەی سێیەم: دوایی خوای پەروەردگار باسی کۆمەڵێك هەڵسوکەوتی ئەفسانەیی دیکەی بتپەرستەکان دەکات، کە دەفەرموێ: ﴿وَقَالُوا۟ هَـٰذِهِۦٓ أَنْعَـٰمٌ وَحَرْثٌ حِجْرٌ لَّا يَطْعَمُهَآ إِلَّا مَن نَّشَآءُ بِزَعْمِهِمْ وَأَنْعَـٰمٌ حُرِّمَتْ ظُهُورُهَا وَأَنْعَـٰمٌ لَّا يَذْكُرُونَ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهَا ٱفْتِرَآءً عَلَيْهِ ۚ سَيَجْزِيهِم بِمَا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿١٣٨﴾ وَقَالُوا۟ مَا فِى بُطُونِ هَـٰذِهِ ٱلْأَنْعَـٰمِ خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا

وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِنَاۖ وَإِن يَكُن مَّيۡتَةٗ فَهُمۡ فِيهِ شُرَكَآءُۚ سَيَجۡزِيهِمۡ وَصۡفَهُمۡۚ إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٞ ﴾، لێرەدا دەبێ چەند وشەو ڕستەیەك مانا بكەین:

١) (حِجۡرٌ) یانی: (ممنوع): قەدەغە، ئەمیش لەوەوە هاتوە كە ئەگەر كەسێك ویستبێتی پاوانێك، شتێك دیاریی بكات، پارەی بۆ كردووەو بەردی لە دەورە داناون، ئەوەش پێی دەگوترێ (حِجْر).

٢) (حُرِّمَتۡ ظُهُورُهَا)، پشتیان قەدەغەكراوە، یانی: پشتیان قەدەغەكردوون لەوەی كە سواریان بن، یان باریان لێ بنێن، چەند جۆرە حوشترێك هەبوون، گوتوویانە: نابێ باریان لێ بنێین، نابێ كەس سواریان بێ، قەدەغەیەو خوا پێی ناخۆشە، بە ناوی خواوە وایان گوتوە.

٣) (لَّا يَذۡكُرُونَ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَا) چۆن ناوی خوایان لەسەر نەهێناون؟ گوتوویانە: ئەو جۆرە ئاژەڵە بەس دەبێ ناوی فلان بتەی لەسەر بێو نابێ ناوی خوای لەسەر بێ، چونكە تایبەتمان كردوە بەو پەرستراوانەی خۆمانەوە.

٤) ﴿مَا فِي بُطُونِ هَٰذِهِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ خَالِصَةٞ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِنَا﴾ ئەوەی كە لە سكی ئەو جۆرە ئاژەڵانەدایە، (ئنجا ئەگەر شیر بووبێ، ئەگەر بەچكە بووبێ، بەڵام زیاتر واپێدەچێ كە بەچكە بووبێ)، ئەوە نابێ ئافرەتانمان لێی بخۆنو، دەبێ بەس نێرینەكانمان لێی بخۆن.

دیارە مەبەست لە ﴿هَٰذِهِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ﴾ لە ڕستەی: ﴿مَا فِي بُطُونِ هَٰذِهِ ٱلۡأَنۡعَٰمِ﴾دا، چەند جۆرە ئاژەڵێكی دیارییكراوو زانراو بوون لە باو (عرف)ی ئەو ساكەی هاوبەشدانەرەكان داو، وشەی (هذه) كە ناوی ئاماژە (إسم الإشارة)یە بۆ شتی نزیكو زانراو، بەڵگەی ئەوەیە كە گوتمان.

٥) ﴿وَإِن يَكُن مَّيۡتَةٗ فَهُمۡ فِيهِ شُرَكَآءُۚ﴾، وە ئەگەر مردار بووبێ لە سكی ئەو ئاژەڵەدا كە سەریان بڕیوە، یان بە مرداریی لەدایك بووبێ، گرنگ ئەوەیە

کە لێیان جیاکردۆتەوە، مردار بووبێ، ئەوە تێیدا هاوبەش بوون، کە ئەوانە هەموویان بیرۆکەی ئەفسانەیی بوون، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿سَيَجْزِيهِمْ وَصْفَهُمْ ۚ إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٌ﴾، بە تەئکید خوا سزایان دەداتو، لەسەر ئەوەی کە هەڵیدەبەستن، بێئەوەی کە پشت ئەستووربێ بە وەحیو، بەڵگەیەکی لە وەحی، یاخود بەڵگەیەکی عەقڵیی لەسەر بێ.

ئەمە وەك ئایەتی ژمارە (١١٦)ی سووڕەتی (النحل) وایە کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴿١١٦﴾﴾، واتە: وە هەر بەوەی کە زمانتان بە درۆ وەسفی دەکات، مەڵێن ئەوە حەڵاڵەو ئەمە حەرامە، تاکو سەرەنجام بە ناوی خواوە درۆ هەڵبەستن، بێگومان ئەوانەی بە ناوی خواوە درۆ هەڵدەبەستن، سەرفراز نابن.

هەروەها وەك ئەوە وایە کە لە ئایەتی ژمارە (١٠٣)ی سووڕەتی (المائدة)دا دەفەرموێ: ﴿مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٍ وَلَا سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ ۙ وَلَٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۖ وَأَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٣﴾﴾، عەرەبەکان چوار جۆرە ئاژەڵیان هەبوون:

١/ (بحيرة): حوشترێك بووە گوێیان شەق کردوە.

٢/ (سائبة): جۆرە حوشترێك بووە گوتوویانە: دەبێ بە کەیفی خۆی بگەڕێو نابێ کەس بیگێڕێتەوە.

٣/ (وصيلة): ئەویش جۆرە ئاژەڵێکی مێینە بووە، حوشتر یان مەڕ یان بزن یان مانگا بووە، ئەگەر چەند سکی کردبان لە دوای یەك، دەیانگوت نابێ نە سەرببڕدرێ، وە نە تووك یان خوریی یان مووی لێبکرێتەوە، وە نابێ بدۆشرێ.

٤/ (حام): بە جۆرە حوشترێکیان گوتوە، کە چەند جارێك لە مێیەی حوشتر پەڕی بێو بەچکەی بووبێ، دەیانگوت (حَمى ظَهْرَهُ) پشتی خۆی پاراستوە.

یانی: هەر لەخۆوە، ئەو چوار ناوەیان لەو چوار جۆرە ئاژەڵانە نابوون، نە سەریان دەبڕین، نە باریان لێ دەنان، نە سواریان دەبوون، نە هیچ سوودێکیان لێ دەبینین.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۖ وَأَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ ١٠٣﴾، بەڵام ئەوانەی کە بێبڕوان، درۆ بە ناوی خواوە دەکەن، وە زۆربەشیان نافامن.

ئەم ئایەتانە سێ مەسەلەیان لێ وەردەگیرێن :

١ - (القرطبي) دەڵێ: (وَفِي الآيَةِ دَلِيلٌ عَلَى أَنَّ العَالِمَ يَنْبَغِي لَهُ أَنْ يَتَعَلَّم قَوْلَ مَنْ خَالَفَهُ وَإِنْ لَمْ يَأْخُذْ بِهِ، حَتَّى يَعْرِفَ فَسادَ قَوْلِهِ، وَيَعلَم كَيْفَ يَردّ عَلَيْهِ؛ لأَنَّ اللهَ تَعَالَى أَعْلَمَ النَّبِيّ ﷺ وَأَصْحَابَهُ قَوْلَ مَنْ خَالَفَهُم مِنْ أَهْلِ زَمَانِهِم، لِيَعْرِفُوا فَسادَ قَوْلِهِم)[1]، واتە: ئەم ئایەتە ئەو بەڵگەیەی تێدایە، کە زانا دەبێ قسەو بیروڕای کەسێك کە پێچەوانەشیەتی، با بیروڕاکەشی پێ هەڵە بێ‌و لێشی وەرنەگرێ، دەبێ هەوڵبدات چاکی بزانێ، {ئەگەر لیبرالیی یە، ئەگەر عەلمانییە، ئەگەر مارکسییە، ئەگەر بتپەرستە، ئەگەر هەرچی پەرستە، دەبێ تۆ باش باش لێی تێبگەی‌و، بیرۆکەکەی‌و قسەکەی بزانی، بۆچی؟}[2] بۆئەوەی بزانی کە کوێی هەڵەیە، وە پاشان بزانی چۆنی بەرپەرچ دەدەیەوە، {چۆن دەزانین کە ئەم ئایەتە ئەوەی تێدایە}؟ ئەوەتا خوای بەرز، پێغەمبەری ﷺ خۆی‌و هاوەڵە بەرێزەکانی پێغەمبەری ﷺ ئاگادار کردۆتەوە لە قسەی خەڵکی ڕۆژگاری خۆیان (لە کافرەکان)، تاکو پووچەڵیی قسەو بیروڕایەکەیان بزانن.

یانی : بیروڕایەکانیان چۆن بوون، بەبێ دەستکاریی، خوای پەروەردگار ئاوا باسی کردوون، وە قسەکانیانی وەك خۆیان گێڕاونەوە، چونکە تۆ ئەگەر ناهەق نەزانی، ناتوانی بەرپەرچی بدەیەوە.

---

١) الجامع لأحكام القرآن: ج٧، ص٧٨.

٢) ئەوەی لە نێوان کەوانەکان دایە زیادکردنی خۆمە، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست.

٢ - پێشەوا (مالك)یش گوتوویەتی: (إسْتَدَلّ مَالِك بقَوْله ﴿ خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِنَا ﴾، عَلَى أَنَّهُ لا يَجُوزُ الوَقْفُ عَلَى أَوْلاده الذكور دون البنات، وأن ذلك الوقف يفسخ، ولو بعد موت الواقف، لأن: ذلك من فعل الجاهلية) [1]، پێشەوا مالیك ئەم ئایەتەی ﴿ خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِنَا ﴾، کردۆتە بەڵگە لەسەر ئەوە کە دروست نیە، کەسێك شتێك وەقف بکات، تەنیا بۆ منداڵە نێرینەکانی، جیا لە کچەکانی، {واتە تەنیا بۆ کوڕەکانی و کچەکانی لێ بێبەش بکات، هەروەها لە میراتدا، ئەوە چاکتر دروست نیە، چونکە میرات خوا دیاریی کردوە} [2]، وە ئەو وەقفە، ئەگەر دوای مردنی وەقفکەرەکەش بێ، دەبێ هەڵبوەشێنرێتەوە، چونکە ئەوە کردەوەی سەردەمی نەفامییە، کە بەشیان بۆ پیاوانیان دادەناو بۆ ئافرەتانیان دانەدەنا.

٣ — عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێ، کە پێشتریش قسەکەیمان هێنا لەبارەی ئەم ئایەتانەوە، ئەم دەقەی لێوە نەقڵ کراوە: {عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللّه عَنْهُمَا، قَالَ: إِذَا سَرَّكَ أَنْ تَعْلَمَ جَهْلَ الْعَرَبِ فَاقْرَأْ مَا فَوْقَ الثَّلاثِينَ وَمِائَةٍ فِي سُورَةِ الأَنْعَامِ: ﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوْلَٰدَهُمْ سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿ قَدْ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ ﴾} [3] واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: ئەگەر پێت خۆشە نەزانیی عەرەبەکان بزانی، ئایەتی (١٣٠) بە پشتەوە لە سوورەتی (الأنعام) دا بخوێنەوە: ﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوْلَٰدَهُمْ سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾ تاكو

---

١) محاسن التأويل، ج٤، ص ٧٣٨.

٢) ئەوەی لە نێوان کەوانەکان دایە زیادکردنی خۆمە، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست.

٣) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (٣٣٣٤).

﴿ قَدْ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ ﴾، بەڵێ بەم ئایەتانە بۆمان دەردەکەوێ کە عەرەبی بەر لە هاتنی ئیسلام لە چ نەفامییەکی قووڵ دابوون؟ چۆن لە نەزانیی و نەفامیی‌و لە بێئاگاییدا نغرۆ بوون، بەڵام بەهۆی ئیمان‌و ئیسلام‌و قورئانەوە، چۆن دوایی گەیشتنە لووتکەی زانست‌و عەقڵ‌و حیکمەت‌و دانایی‌و هەموو ڕەوشتێکی بەرزو جوان.

مەسەلەی چوارەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوْلَٰدَهُمْ سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُواْ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفْتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِ ۚ قَدْ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ ﴿١٤٠﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیاییەوە زیانبار بوون، ئەوانەی کە منداڵەکانی خۆیان، ڕۆڵەکانی خۆیانیان بە نەفامیی‌و بەبێ زانیاریی کوشتن، وە ئەو ڕۆزییەی کە خوا پێی دابوون، قەدەغەیان کرد، بە درۆ هەڵبەستنەوە بە ناوی خواوە، بێگومان گومڕا بوون، وە لە ڕێی ڕاستگرتووان نەبوون.

وشەی: (ضلال)، بریتیە لە ون بوون، یاخود ڕێ لێ ونبوون، ئێمە لە کوردەواریی خۆماندا دەڵێین: سەرگەردانیی، یاخود گومڕایی[1].

کە دەفەرموێ: ﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ ﴾، (محمد الطاهر بن عاشور) لە تەفسیرەکەی خۆی دا دەڵێ: (تَحقِيق الفِعْل بـ (قَدْ) لِلتَّنْبيه عَلَى أَنَّ خُسْرَانهم أَمْرٌ ثَابِتٌ، فَيُفِيد التَّحْقِيق التَّعجيب مِنْهُمْ كَيْفَ عَمُوا عَمَّا هُمْ فِيهِ مِنْ خُسْرَانِهِم ؟)[2]، واتە: کە وشەی (قد) چۆتە سەر کردەوەکە، کە لە زمانی عەرەبییدا مانای دڵنیاکردنەوە دەگەیەنێ، بۆ ئاگادار کردنەوەیە لەسەر ئەوە کە زیانباریی کافرو هاوبەش بۆ خوادانەرەکان، بەهۆی ئەو ڕەفتارانەیانەوە شتێکی چەسپاوە، وە ئەو دڵنیاکردنەوەیە سەرسوڕمان لە کردەوەیان دەگەیەنێ، کە چۆن ئەو زیانبارییەی خۆیان نەبینیوە، کە تێیدان ؟

١) مختار الصحاح، ص ٣٣٩.

٢) التحرير والتنوير: ج٤، ص ١١٣.

وەك دەبینین خوا دەفەرمووێ: ﴿ قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوۡلَٰدَهُمۡ سَفَهَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٖ ﴾، (سَفَهَۢا) بە نەفامیی، (بِغَيۡرِ عِلۡمٖ) بەبێ زانیاریی، واتە: ئەوانە هەم عەقڵ سووکیی‌و، هەم نەبوونی زانیارییان لە خۆیاندا کۆکردۆتەوە، جاری وایە ئینسان زانیاریی دەربارەی شتێك نیە، بەڵام عەقڵ‌و تێگەیشتنێکی باشی هەیە، وە جاری وایە کەسێك عەقڵ‌و تێگەیشتنەکەی باش نیە، بەڵام لە شتێکدا زانیاریی هەیە، بەڵام ئەو هاوبەش بۆ خوادانەرانە، هەم کێشەی عەقڵیان هەبووە، عەقڵیان سووك‌و کرچ‌و کاڵ بووە لەوبارەوە، وە هەم زانیارییان نەبووە، دیارە زانیاریی لەبارەی حەرام‌و حەڵاڵەوە، تەنیا لە وەحی وەردەگیرێ، بۆیە لێرەدا مەبەست لە زانیاریی، وەحییە، واتە: نە خۆیان عەقڵێکی باشیان هەبووە، وە نە زانیارییشیان بە وەحی خوای پەروەردگار هەبووە، تاکو تووشی ئەو جۆرە بەهەڵەداچوونە نەبن، ﴿ قَدۡ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهۡتَدِينَ ﴾، دیارە هەر کەسێك کە گومرابێ، ڕێی ڕاستی نەگرتووە، بەڵام ئەوە شێوازێکە لە زمانی عەرەبییدا، بۆ جەختکردنەوە لەسەر شتێك.

بۆ وێنە: خوا لە شوێنی دیکەدا دەفەرمووێ: ﴿ وَأَضَلَّ فِرۡعَوۡنُ قَوۡمَهُۥ وَمَا هَدَىٰ ٧٩ ﴾طـه، واتە: فیرعەون گەلەکەی خۆی گومڕا کردو، ڕێی ڕاستی پێشان نەدان، یان لە شوێنی دیکەدا دەفەرمووێ: ﴿ ...قَدۡ ضَلَلۡتُ إِذٗا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُهۡتَدِينَ ٥٦ ﴾، واتە: ئەگەر وا بکەم کەواتە من گومڕا بوومو، لە ڕێ ڕاستگرتووان نیم.

(الأعشی) شاعیرێکە لە شیعرێکدا دەڵێ: (إمَّا تَرَيْنَا حُفَاةً لا نِعَالَ لَنَا) ئەگەر ئێمە ببینی پێخواسین، پێڵاومان نین، دیارە ئەگەر کەسێك پێخواس بێ، بە تەئکید پێڵاوی نیە، ئەمە شێوازێکە لە زمانی عەرەبییدا، بۆ تەئکیدکردنەوە بەکاردێ.

مەسەلەی پێنجەم: کە دەفەرمووێ: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَ جَنَّٰتٖ مَّعۡرُوشَٰتٖ وَغَيۡرَ مَعۡرُوشَٰتٖ ﴾، ﴿ جَنَّٰتٖ ﴾، کۆی (جنة)یە، (جنة) واتە: بێستان‌و باغ.

ئێمە لە کوردەواریی دا دەڵێین: باغو بێستان، مەبەستمان پێی ئەوەیە کە درەختی میوەی تێدابێ، پاشان دەگونجێ کشتوکاڵیشی تێدا کرابێ، سەوزەی تێدا کرابێ، دانەوێڵەی لێ بێ، هەمووی دەگرێتەوە.

﴿مَّعۡرُوشَٰتٖ﴾، واتە: درەختی مێوی کەپربۆکراو، یاخود یانی: وەك چۆن عەرشو کورسی لەسەر زەوی دادەنرێ، ئەویش ئاوا ڕاخراوە، کە لێرەدا مەبەست پێی میوەیە کە ڕادەخرێ لەسەر زەوی، یاخود: سەوزەو کاڵەكو شووتی ... هتد.

﴿وَغَيۡرَ مَعۡرُوشَٰتٖ﴾، واتە: ئەو درەختانەی، یاخود ئەو میوەجاتەی کە درەختەکانیان بەرز هەڵدەچنو پێویستییان بە کەپر نیە، وەك دارخورماو خۆخو هەنجیرو هەنارو هەرمێو... هتد.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿وَٱلنَّخۡلَ وَٱلزَّرۡعَ مُخۡتَلِفًا أُكُلُهُۥ﴾، پێشتریش باسمان کرد، واتە: دارخورما، وە کشتوکاڵ کە بەروبوومەکەی جۆراو جۆرو جیاوازە لە ڕەنگو تامو بۆنو قەبارەیان دا، ﴿وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُتَشَٰبِهٗا وَغَيۡرَ مُتَشَٰبِهٖ﴾، وە زەیتوونو هەنار، وێکیش دەچنو وێکیش ناچن، دەگونجێ وێکچوونیان لەڕووی ڕواڵەتو ڕەنگو قەبارەوە بێ، بەڵام لە تامو چێژدا، وێکناچن.

کە دەفەرموێ: ﴿كُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ﴾، هەر کاتێك میوەجاتەکە بەری گرتو پێگەیشت، لێی بخۆن، وە دەگونجێ مەبەست لە (ثمر) بەروبوومی کشتوکاڵیش بێ، وەك دانەوێڵەو سەوزەو کاڵەكو شووتیو خەیارو... هتد، هەر کاتێك پێگەیشت، بۆتان هەیە لێی بخۆن، ﴿وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦ﴾، بەڵام ڕۆژی هەڵگرتنەوەی، یاخود ڕۆژی ڕنینەوەی، یان دروێنەکردنی، مافی خۆی لێبدەن، واتە: لەو ڕۆژەوە کە پێدەگات بۆت هەیە لێی بخۆی، بەڵام کەی دەبێ مافی هەژارو نەدارانی لێبدەی؟ ئەو ڕۆژە کە هەڵیدەگریەوەو دەیچنیەوە.

ئەم ڕستە قورئانییە لە ئایەتێکی دیکەش دا، هەر لەم سووڕەتەدا هاتوە، لە وێ خوا فەرمووی: ﴿ٱنظُرُوٓاْ إِلَىٰ ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ وَيَنۡعِهِۦٓ...﴿٩٩﴾﴾، واتە: سەرنجی میوەو بەرەکەی بدەن، کاتێ کە میوە دەردەکات، وە کاتێ کە پێدەگات.

بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: ﴿كُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦ﴾، لەوێدا دەفەرموێ: سەرنجی بدەنێ، چونکە لەوێدا مەقام مەقامی ئەوەبوو کە خوا باسی نیشانەکانی پەروەردگارێتیی خۆی دەکرد، بەڵام لێرەدا باسی نیعمەتەکانی خۆی دەکات، بۆیە لەوێ فەرمووی: سەرنجی درەختەکان بدەن کە میوە دەردەکاتو پێدەگات، لێرەش دەفەرموێ: لە میوەکەی بخۆن، چونکە لێرەدا باسی نیعمەتەکانە، پاشان وەك بەشێك لە سوپاسگوزاریی لە بەرانبەر چاکەو نیعمەتەکانی خوادا، فەرمان دەکات کە مافی خەڵکی لێ بدرێ.

وشەی (حَصَاد) هەم بە (حَصَاد) خوێنراوەتەوە، هەم بە (حِصَاد)، بە مانای چنینەوەو هەڵگرتنەوە، دێ.

کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ﴾، پێشتریش گوتمان، ئەمە سێ واتایان دەگەیەنێ:

١/ زێدەڕۆیی مەکەن لە لێخواردنیدا، کە هێندەی لێ بخۆن، هیچ بەشی هەژارو نەدار نەمێنێتەوە.

٢/ لە پێدانی هەژاراندا هێندەی لێ مەدەن بە هەژاران و نەداران، کە هیچ بۆ ماڵو منداڵی خۆتان نەمێنێتەوە.

دەڵێن: یەکێك لە هاوەڵان کە خورمایەکەی پێگەیشتوە، گوتوویەتی: ئەمڕۆ لە بەیانییەوە تاکو ئێوارێ، هەر کەسێ بێ، با لەو خورمایەی من بخوات، ئنجا کە ئێوارە داهات، هیچی بۆ نەمابۆوە بیباتەوە بۆ ماڵو منداڵی، خوای پەروەردگاریش فەرمووی: زێدەڕۆی مەکەن، تەنانەت لە خێرو چاکەشدا، ئینسان دەبێ خەتی نێوەڕاستو میانگیریی ڕەچاو بکات، نەوەك بۆخۆی هیچی نەمێنێو، خۆیشی دواتر پێویستیی بە خەڵکی بێ، یان ماڵو منداڵی چاویان لە دەستی خەڵکی بێ.

بۆیــە خــوا لــە ســوورەتی (الفرقــان)دا دەفــەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُواْ لَمۡ يُسۡرِفُواْ وَلَمۡ يَقۡتُرُواْ وَكَانَ بَيۡنَ ذَٰلِكَ قَوَامٗا ﴿٦٧﴾ ﴾، ئەوانـەی کـە ماڵیـان دەبەخشن‌و خەرج دەکەن، نە زێدەڕۆیی دەکەن، وە نە چرووکییش دەکەن، نـە دەست بڵاون، نە چنگ قوچاون، بەڵکو خەتی نێوەڕاست دەگرن.

٣/ دەشگونجێ مەبەست ئەوەبێ کـە بەگشـتی لـە هەموو کردەوەو ڕفتارەکانتاندا، زێدەڕۆیی مەکەن‌و، سنوورشکێنیی مەکەن.

مشتومڕی زانایان لەبارەی نەسخ بوونەوە،

یان نەسخ نەبوونەوەی ئەم ئایەتەوە :

لێرەدا تـوێژەرەوانی قورئان دەربارەی ئـەم ئایەتـە، کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦ ﴾، دوو بۆچوونیـان هـەن:

١) هەنـدێك دەڵـێن: ئـەم ئایەتـە بەفـەرزبوونی زەکـات نەسـخ بۆتـەوە، واتـە: لـە بەروبوومی کشتوکاڵ‌و دارو درەخت‌و میوەجات، پێویست ناکات هەقی لێبدەی، مادام زەکات فـەرز بـووە، تەنیا زەکات واجبە.

یەکێ لەو زانایانە پێشەوا (طبري)یە کـە بـە پێشـەوای توێژەرەوانـی قورئـان دادەنرێ، گوتوویەتی: {وَأَوْلَى الأَقْوَالِ فِي ذَلِكَ عِنْدِي بالصَّوَابِ، قَوْلُ مَنْ قَالَ: كَانَ ذَلِكَ فَرْضاً فَرَضَهُ اللّٰهُ عَلَى الـمُؤْمِنِينَ فِي طَعَامِهِم وَثِمَارِهِم الَّتِي تُخْرِجُهَا زُرُوعُهُم وَغُرُوسُهُم، ثُمَّ نَسَخَهُ اللّٰهُ بالصَّدَقَةِ المَفْرُوضَةِ، وَالوَظِيفَةِ المَعْلُومَةِ مِنَ العُشْرِ وَنِصْفِ العُشْرِ}[1]، واتە: ڕاستترین قسە لەلای من، قسەی کەسێکە کـە دەڵـێ: ئەوە فـەرزێك بـووە خـوا لەسـەر ئیمانداران دانـاوە، لـە خواردنیان‌و لـە میوەجاتیان‌و لـە بەرهەمی کشتوکاڵ‌و دارو درەختیان دا، دوایی

---

١) جامع البیان، ج٥، ص٦٢.

خوا بە زەکاتێك کە فەرزی کردووە، ئەندازەی بۆ داناوە، کە بریتیە لە یەك لەسەر دەو، یەك لەسەر بیست، ئەوەی نەسخ کردۆتەوە، {یەك لەسەر دە، واتە: ئەگەر بەرهەمی کشتوکاڵ بە ئاوی باران، یان بە ئاوی ڕووبار ئاو بدرێ، ئەوە بەرهەمەکەی، یەك لەسەر دە (١/١٠)ی زەکات لێ دەکەوێ، بەڵام ئەگەر بە دەست ئاو بدرێ، ئنجا جۆگای بۆ هەڵبەستی، یان بە بیرو ناعوورو... هتد، ئەوە نیوەی دە یەك، کە دەکاتە بیست یەك (١/٢٠)}.

هەڵبەتە توێژەرەوان بوونەتە دوو ڕا، بەشێکیان دەڵێن: ئەم ئایەتە نەسخ بۆتەوە بە زەکات، هەندێکیشیان دەڵێن: نەسخ نەبۆتەوە:

(طبري) یەکێکە لەوانەی دەڵێن: نەسخ بۆتەوە، بەڵام (محمد الطاهر بن عاشور) دەڵێ: نەخێر نەسخ نەبۆتەوە.

منیش پێموایە لە قورئاندا نەسخ هەر نیە، وە هیچ ئایەتێك نەسخ نەبۆتەوە.

(محمد الطاهر بن عاشور) لە تەفسیرەکەی خوای دا لەوبارەوە دەڵێ: (وَعَلَى القَوْلِ المُخْتَار: فَهَذِهِ الآيَة غَيْر مَنْسُوخَة، وَلَكِنَّهَا مُخَصَّصَة وَمُبَيَّنَة بِآيَاتٍ أُخْرَى وَبِمَا بيّنه النَّبِيُّ ﷺ فَلاَ يُتَعَلَّق بِإِطْلاقِهَا، وَعَن السُّدِّي: أَنَّهَا نُسِخَتْ بِآيَةِ الزَّكَاةِ يَعْنِي: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً ﴿١٠٣﴾﴾ التوبة، وَقَدْ كَانَ المُتَقَدِّمُونَ يُسَمُّونَ التَّخْصِيص نَسْخًا)[1]، واتە: لەسەر قسەی هەڵبژێردراوو ڕای هەڵبژاردە: ئەم ئایەتە نەسخ نەبۆتەوە، بەڵکو تایبەت کراوە، وە ڕوونکراوەتەوە بە ئایەتەکانی دیکە، وە بەوەی کە پێغەمبەری خوا ڕوونی کردۆتەوە، کە باسی زەکاتی کردووە، بۆیە کە دەفەرموێ: ﴿وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوْمَ حَصَادِهِۦ﴾، ئەوە پەیوەست نیە بە مانای ڕەهای ئەم ئایەتەوە {واتە: تەنیا مەبەست پێی زەکاتە} وە (سُدِّي) گوتوویەتی: ئەم ئایەتە بە ئایەتی زەکات نەسخ بۆتەوە، واتە: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا ...﴿١٠٣﴾﴾ التوبة، وە زانایانی پێشوو، هەندێك ئایەت کە مانای هەندێ

---

١) التحرير والتنوير ج ٨، ص١٢٢.

ئایـەتیان تایبـەت دەکـرد، ناویـان لێنـاوە نەسـخ، {ئـەوان وەك زاراوەیـەك بـەکاریان هێناوە، بەڵام زانایانی دوایی وایانزانیوە : هەر کە وشەی نەسخ بەکارهات مانـای ئـەوە دەگـەیەنـێ کـە ئـەو ئایەتـە حوکمەکـەی لاچووە، لـە کـاتێدا کـە زانایـانی پێشـوو مەبەستیان ئەوە نەبووە، بەڵکو مەبەستیان ئەوەبووە کە ئایەتێك مانایەکی گشـتی هـەبووەو، ئایەتێکی دیکـە هـاتوە مانایەکـەی تایبـەت کـردوە، یـان مانایـەکی ڕەهـای هەبووە، ئایەتێکی دیکە ماناکەی بەنـددار (مُقَیَّد) کـردوە}[١].

ئنجـا مـن دەڵـێم: لـە ڕاسـتییدا نەسـخ کاتێـك دەبـێ، کـە ئـەو دوو ئایەتـە تێکبگیـرێـن، ئنجـا ئـایا فـەرزبوونی زەکات کـە خـوا دەفـەرموێ: ﴿ خُذۡ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ صَدَقَةٗ تُطَهِّرُهُمۡ وَتُزَكِّيهِم بِهَا ...﴿١٠٣﴾ ﴾ التوبـة، واتـە: صـەدەقەیەك لـە ماڵەکانیان وەربگرە، کە بەهۆی ئەو صەدەقەیەوە، پاکیان بکەیەوەو گەشەیان پێبـدەی.

ئایـا ئـەو زەکاتـە، لەگـەڵ ئایەتەکـەی سـووڕەتی (الأنعـام) دا کـە سـووڕەتێکی مەککەییـە، کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦ ﴾ لـە بـەروبوومی کشـتوکاڵو میوەجاتەکـەتان هـەقەکـەی لـێ بـدەن، ئایـا تێکدەگیـرێن ؟ دەڵـێین: نـەخێر، چونکـە خـوای پەروەردگـار لـە سـەرەتادا بەگشـتی فەرموویـەتیو دیـاریی نەکـردوە لـە چـەندی چەنـد ؟ هـەر بەگشـتی فەرموویـەتی : لـەو بـەروبوومو کشتوکاڵـەی کـە دەیکـەن، هـەقی هـەژارو نـەداری لێبـدەن، بـەڵام دیـاریی نـەکردوە، پاشـان ئایەتەکانی دیکە، کە لە مەدینە هاتوونـە خـوارێ، وە سوننەتـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـە ڕوونکـەرەوەی قورئـانە، ئەندازەکـەیان دیـاریی کـردوە، کـە دەیـەك (١/١٠)ی لێیبدەن، ئەگـەر بـە ئـاوی باران یان ڕووبـار ئـاو بـدرێ، وە بیسـت یـەك، (١/٢٠)، ئەگەر بە ئاو بۆ هەڵبەستنو بە بیرو ناعوور ئـاو بـدرێ.

وە دەشگونجـێ بڵێیـن: پێشـێ خوا فەرموویەتی : هـەقی لێبـدەن ! مەبەسـتی پـێ سوننـەت (نـدب)و خۆبەخشیـی (تطـوع) بـووە، یانـی : ئەگـەر نەشیانـدابـایە، گوناهبـار نەدەبـوون، بـەڵام دوایـی خـوا فـەرزی کـردوە، کـەواتە: کـە دوایـی خـوا

---

١) ئـەوەی لە نێوان کەوانـەکان دایە زیـادکردنـی خۆمـە.

فەرزی کردوە، مانای ئەوە نیە کە سوننەت بوونەکە نەسخ بۆتەوە، چونکە فەرز بریتیە لە بەخشینێك کە پێویستە ببەخشی، بەڵام سوننەت ئەوەیە کە فەرز نەبووە ببەخشی، بەڵام پەسەند بووە ببەخشی، کەواتە: کە شتێك فەرز دەکرێ، حاڵەتە پەسەندییەکەشی هەر دەمێنێ.

ئنجا زانایان ئەم ئایەتەیان کردۆتە بەڵگە لەسەر ئەوە کە فەرزە لە دانەوێڵەو میوەجات، زەکات بدرێ، بەبێ ئەوەی کە ساڵی بەسەردا وەرسووڕێ، کە پێی دەڵێن: (حولان الحول) ساڵ بەسەردا وەرسووڕان، وە ساڵ بەسەردا وەرسووڕان، بۆ ماڵی بازرگانیو ئاژەڵو ماڵی نەغدینەیە، کە کاتی خۆی زێڕو زیو بووە، دینارو درەمیان پێ گوتوە، وەك ئێستا پارەی نەقدینە: دینارو دۆلارو تمەنو ریاڵو ... هتد، ئەوە دەبێ ساڵی بەسەردا وەرسووڕێ، بەڵام بەرهەمی کشتوکاڵو میوەجاتو سەوزە، ساڵ بەسەردا وەرسووڕانی ناوێ، بەڵکو دانەوێڵەو کشتوکاڵو میوەجات، لە کاتی هەڵگرتنەوەی ئەو حاسەڵاتەکەدا، هەقەکەی دەدرێ، کە مەگەر چۆن دەنا، ئەویش ساڵی هەر یەك جار دەبێ.

زەکات لە چیو چی دەدرێو، چەند دەدرێ ؟

ئنجا ئایا زەکات لە چیو چی دەدرێو، چەند دەدرێ ؟ لێرەدا زانایان مشتوومڕیان هەیە :

١/ ئەبو حەنیفە ڕای وایە: هەرچی زەوی سەوزی دەکات، وە دوایی بەشەر لێی بەهرەمەند دەبێ، پێویستە زەکاتی لێبدرێ، منیش بۆخۆم ئەو ڕایەم پێ پەسەندە.

٢/ هەندێکیش گوتوویانە: نەخێر، بەڵکو تەنیا زەکات لەو شتانە دەدرێ، کە وەك قووتو بژیو، ئینسان پێیان دەژیەت.

(إبن العربي) لە (أحكام القرآن)دا زۆر بە ڕێکیی ڕای زانایان لەوبارەوە دێنێ، دیارە لە شەرحی ئەم ئایەتەدا ﴿وَءَاتُوا۟ حَقَّهُۥ يَوْمَ حَصَادِهِۦ ...﴾ گوتوویەتی:

(وَقَدْ أَفَادَتْ هَـذِهِ الآيَةُ وُجُوبَ الزَّكَاةِ فِيمَا سَمَّى اللَّهُ سُبْحَانَهُ، وَأَفَادَتْ بَيَانَ مَا

يَجِـبُ فِيـهِ مِـنْ مُخْرَجَـاتِ الأَرْضِ الَّتِـي أَجْمَلَـهَا فِـي قَوْلِـهِ: ﴿ وَمِمَّآ أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ ﴿٢٦٧﴾ ﴾ البقرة، وَفَسَّرَهَا هَاهُنَا، فَكَانَتْ آيَةُ الْبَقَرَةِ عَامَّةً فِي الْمُخْرَجِ كُلِّهِ مُجْمَلَةً فِي الْقَدْرِ، وَهَذِهِ الآيَةُ خَاصَّةٌ فِي مُخْرَجَاتِ الأَرْضِ مُجْمَلَةٌ فِي الْقَدْرِ، فَبَيَّنَهُ رَسُولُ اللهِ ﷺ الَّـذِي أُمِرَ بِـأَنْ يُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُـزِّلَ إِلَيْهِـمْ، فَقَـالَ: "فِيمَا سَقَتْ السَّمَاءُ الْعُشْـرُ، وَمَا سُقِيَ بِنَضْحٍ أَوْ دَالِيَةٍ نِصْفُ الْعُشْرِ"، فَكَانَ هَـذَا بَيَانًـا لِمِقْـدَارِ الْحَقِّ الْمُجْمَلِ فِي هَذِهِ الآيَةِ.

وَقَالَ أَيْضًـا ﷺ: ﴿لَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسَـةِ أَوْسُـقٍ مِنْ حَبٍّ أَوْ تَمْرٍ صَدَقَةٌ﴾[1]، فَكَـانَ هَـذَا بَيَـانًا لِلْمِقْـدَارِ الَّـذِي يُؤْخَـذُ مِنْهُ الْحَقُّ، وَالَّذِي يُسَمَّى فِي أَلْسِنَةِ الْعُلَمَاءِ نِصَابًا.

وَقَدْ اخْتَلَفَ الْعُلَمَاءُ فِي ذَلِكَ اخْتِلافًا مُتَبَايِنًا قَدِيمًا وَحَدِيثًا، فَرُوِيَ عَنْ مَالِكٍ وَأَصْحَابِهِ: أَنَّ الزَّكَاةَ فِي كُلِّ مُقْتَاتٍ لا قَوْلَ لَهُ سِوَاهُ، وَقَدْ أَوْرَدْنَاهُ فِي كُتُبِ الْفِقْهِ وَشَرَحْنَاهُ، وَبِهِ قَالَ الشَّافِعِيُّ.

وَقَالَ أَبُو حَنِيفَةَ: تَجِبُ فِي كُلِّ مَا تُنْبِتُهُ الأَرْضُ مِنْ الْمَأْكُولاتِ مِنْ الْقُوتِ وَالْفَاكِهَةِ وَالْخُضَرِ، وَبِهِ قَالَ عَبْدُ الْمَلِكِ بْنُ الْمَاجِشُونِ فِي أُصُولِ الثِّمَارِ دُونَ الْبُقُولِ.

وَقَالَ أَحْمَدُ أَقْوَالاً: أَظْهَرُهَا أَنَّ الزَّكَاةَ تَجِبُ فِي كُلِّ مَا قَالَ أَبُو حَنِيفَةَ إِذَا كَانَ يُوسَقُ، فَأَوْجَبَهَا فِي اللَّوْزِ لأَنَّهُ مَكِيلٌ دُونَ الْجَوْزِ لِأَنَّهُ مَعْدُودٌ، مُعَوِّلاً عَلَى قَوْلِ النَّبِيِّ ﷺ: ﴿لَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسَةِ أَوْسُقٍ مِنْ تَمْرٍ أَوْ حَبٍّ صَدَقَةٌ﴾، فَبَيَّنَ النَّبِيُّ ﷺ أَنَّ مَحَلَّ الْوَاجِبِ هُوَ الْمُوسَقُ، وَبَيَّنَ الْقَدْرَ الَّـذِي يَجِبُ إِخْرَاجُ الْحَقِّ مِنْهُ. وَأَمَّا أَبُو حَنِيفَةَ فَجَعَلَ الآيَةَ مِرْآتَهُ فَأَبْصَرَ الْحَقَّ)[2].

گومان لەوە نیە کە ئەمە ئینصافی زانایانی پێشینمان بۆ دەردەخات، دیارە

---

١) أَخْرَجَهُ إِبْنُ أَبِي شَيْبَةَ برقم: (٣٦٥٣٣)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٩٧٩)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٢٤٨٣).

٢) أحكام القرآن ج٢، ص٢٨٢ و ٢٨٣.

ئیبنولعەرەبی یەکێکە لە زانایانی مالیکی مەزهەب، بەڵام لێرەدا قسەی (أبو حنیفة) هەڵدەبژێری، دیارە قسەی هەمووان دێنیو دەڵێ: (ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ کە زەکات فەرزە لە هەموو ئەو شتانەدا کە خوا ناوی هێناون، دیارە خوا باسی میوەجاتو باسی دانەوێڵەو کشتوکاڵی کردوە بەگشتی، وە ئەم ئایەتە ئەوەی گەیاندوە، کە ئەوەی زەکاتی تێدا پێویست دەبێ، ئەوەیە کە زەوی دەریدێنێ، خوا فەرموویەتی: ﴿وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ ﴿٢٦٧﴾﴾ البقرة، واتە: هەرچی لە زەوی بۆتان دەردێنین، زەکاتی لێبدەن، بەڵام لێرەدا ڕوونی کردۆتەوە ئەوەی کە زەوی دەریدێنێ چییە؟ دانەوێڵەیە میوەیە، وە کشتوکاڵە، لێرەدا ڕوونی کردۆتەوە، چونکە ئایەتەکەی (البقرة) بەگشتی باسی ئەوەی کردوە، کە هەرچی لە زەوی دێتە دەرێ، بەڵام ئەندازەکەی دەبێ چەند بێ؟ بە کورتیی فەرموویەتی، بەڵام ئەم ئایەتە بەتایبەت باسی ئەوانەی کردوە، کە لە زەوی دێنە دەرێ، وە بە کورتیی باسی ئەندازەکەی کردوە.

پێغەمبەری خواش ﷺ کە فەرمانی پێکراوە: ئەوەی بۆ خەڵکی نێردراوەتە خوار بۆیان ڕوونبکاتەوە، ئەو ڕوونی کردۆتەوە، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ﴿فِيمَا سَقَتْ السَّمَاءُ: الْعُشْرُ، وَمَا سُقِيَ بِنَضْحٍ أَوْ دَالِيَةٍ: نِصْفُ الْعُشْرِ﴾، واتە: ئەوەی کە بە بارانێ ئاودەدرێ، یەك لەسەر دە (١/١٠)ی دەکرێتە زەکات، ئەوەشی کە بە هەڵهێنجانی ئاو یان بە ناعوور ئاودەدرێ، ئەوە نیوەی دەیەك، واتە: بیست یەك (١/٢٠)ی دەکرێتە زەکات، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە کە زەحمەتو ماندووبونی پێوە دەکێشرێ.

ئەوە ڕوونکردنەوەی ئەو ئەندازەیە بووە، کە لەوێ بە کورتیی باس کراوە، هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ئەوە کە لە چەندی زەکات دەدرێ؟ ئەوەشی ڕوونکردۆتەوەو فەرموویەتی: ﴿لَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسَةِ أَوْسُقٍ مِنْ حَبٍّ أَوْ تَمْرٍ صَدَقَةٌ﴾[1] واتە: لە کەمتر لە پێنج ویسق لە دانەوێڵەو لە خورما، زەکات نادرێ، {ویسقێك شەست صاعە، کە لە کوردەواریی خۆماندا، ڕبەی پێدەگوترێ، چونکە صاعێك چوار مستە کە نزیکەی دەکاتە چوار کیلۆ شتێك زیاتر یان

---

١) أَخْرَجَهُ إِبْنُ أَبِي شَيْبَةَ برقم: (٣٦٥٣٣)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٩٧٩)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٢٤٨٣).

کەمتر، بەو پێیە چوار جاران شەست، دەکاتە دوو سەدو چل مست، کە ڕەنگە هەر مستێك کیلۆیەك یان زیاتر بێ، کەواتە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: لەوەندە کەمتر بێ زەکاتی لێناکەوێ، چونکە ئەگەر لەوەندە کەمتر بێ، هەر بەشی خۆی دەکات ئەو ماڵە، یان ئەو کەسە}[١] ئەمەش ڕوونکردنەوەی ئەندازەکەی بووە کە ئەو هەقەی تێدا دەدرێ، کە لە زمانی زانایان دا پێی دەگوترێ: (نصاب)، واتە: ئەندازەی زەکات لێکەوتوو.

ئنجا لەوبارەوە زانایان زۆر کەوتوونە ڕاجیایی: هی پێشێ و هی دوایش، لە مالیك و هاوەڵەکانییەوە گێڕدراوەتەوە: زەکات لە هەر شتێك دەدرێ، کە مرۆڤ هەڵیبگرێ و پێی بژیەت، مالیك هەر ئەو ڕایەی هەیە، هەروەها شافیعییش هەمان ڕای هەیە.

بەڵام ئەبو حەنیفە گوتوویەتی: هەرچی زەوی سەوزی دەکات، لەو شتانەی کە دەخورێن، لە بژیوو لەوە کە هەڵبگیرێ لە میوەو سەوزە، هەمووی زەکاتی لێدەکەوێ.

ئەحمەدیش چەند قسەیەکی هەن لەوبارەوە : ئاشکراترین قسەی ئەوەیە کە زەکات لە هەموو ئەو شتانە دەکەوێ کە ئەبو حەنیفە گوتوویەتی، بە مەرجێك بپێورێ، بۆیە ئەحمەد زەکاتی لە بادەم (اللَّوْز)دا واجب کردوە، چونکە دەپێورێ، بەڵام لە گوێزدا، چونکە دەژمێردرێ، زەکاتی تێدا واجب نەکردوە.

دوایی (إبن العربي) دەڵێ: (وَأَمَّا أَبُو حَنِيفَةَ فَجَعَلَ الآيَةَ مِرْآتَهُ فَأَبْصَرَ الْحَقَّ) واتە: بەڵام ئەبو حەنیفە ئایەتەکەی کردۆتە ئاوێنەی خۆی، بۆیە هەقی بینیوە.

منیش دەڵێم: قسەکەی زۆر جوانەو ڕایەکەی ئەبو حەنیفە ڕاستە، چونکە ئێستا هەندێ جۆرە میوەو خواردن هەن، لە وڵاتانی دیکەدا، ڕەنگە نەژمێردرێ و نەشپێورێ، بەڵام مرۆڤیش پێی دەژی، یان زۆر بەنرخە، بۆیە ناگونجێ زەکاتی لێ نەدرێ ! هۆکاری ئەوەش ئاشکرایە: زۆرینەی زانایان سەیری دەوروبەری خۆیان کردووە، بەس باوو عادەتی خۆیان، یان ئەوەی لە دەوروبەریان بووە، هەر ئەوەیان بینیوە، بەڵام ئەبو حەنیفە چونکە دنیای زیاتر بینیوە، بۆخۆی

١) نێوان کەوانەکان زیادکردنی خۆمە.

فارس بووە بە ئەصڵ، واشپێدەچێ ئەزموونی زیاتر بووبێ، چونکە لە کووفە بووە، کووفەش ئەو کاتە شوێنێك بووە، خەڵکی جۆراو جۆری لێبووە، بۆیە لە زۆر شتدا ئەبو حەنیفە دیدی فراوانتر بووەو، ئاسۆی فیکری فراوانتر بووە، وە چەمك واتای ئایەتەکانی فراوانتر لێکداوەتەوە.

مەسەلەی شەشەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَمِنَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ حَمُولَةٗ وَفَرۡشٗاۚ كُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿١٤٢﴾﴾ پێشتریش باسمان کرد کە لێرەدا خوا دەفەرموێ: وە لە ئاژەڵان (خوا) هی باربەرو هی ڕاخراوی بۆ دروستکردوون، دەجا لەوەی کە خوا پێیداون بخۆن، وە بە دوای هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، چونکە ئەو دوژمنێکی ئاشکرایە بۆتان.

مانا و چەمکی (حمولة) و (فرش)

أ - (حَمُولَةٗ): (الحمولة: الإِبْلُ الَّتِي تَحْمِلُ، وَكَذَا كُلُّ مَا احْتُمِلَ عَلَيْهِ (حَمُولَة): ئەو حوشترەیە کە بارهەڵدەگری، بەڵام خاوەنی (مختار الصحاح) دەڵێ: (الحَمُولَةُ: الإِبْلُ الَّتِي تُحْمِلُ، وكذا كل ما احتمل عَلَيْهِ الحَيُّ مِنْ حِمَارٍ وَغَيْرِه، سَوَاءٌ كَانَتْ عَلَيْهِ الأَحمالُ أَوْ لَمْ تَكُن)[1]، واتە: (حمولة) هەم حوشتریش دەگرێتەوە، هەم هەر شتێك کە هەر ژیانداریێك باری بخاتە سەر، لە کەران و ئاژەڵانیی دیکەش، ئنجا باریان بەسەرەوە بێ، یان نا.

بە کورتیی واتە: بارهەڵگر، ئنجا لە هەندێ شوێنان بار لە (گا) دەنێن، لە هەندێ جێگا بار لە (مانگا) دەنێن، لە گوێدرێژ، لە ئێستر، لە ماین، لە فیل، بۆیە هەموو ئەوانە، وشەی (حمولة) دەیانگرێتەوە.

ب - (وَفَرۡشٗا) وشەی (فرش): واتە: ڕاخراو، بۆیە هەندێکیان گوتوویانە: مەبەست پێی ئاژەڵی وردە، لەبەرئەوەی کە لە دوورەوە تەماشای دەکەی، وەك

١) مختار الصحاح، ص ١٤٩.

فەرشێك ڕاخراوە، ئاژەڵی وردیش وەك: مەڕو بزن.

وە هەندێكیان گوتوویانە: مەبەست لە (فرش) دەگونجێ حوشتر بێ، ڕەشە وڵاخ بێ، مەڕو بزن بێ، هەرچییەك بێ، كە سەردەبڕدرێ، چونكە كە سەردەبڕدرێو دەكەوێتە سەرجێ، وەك ڕاخرابێ وایە.

هەندێكیان گوتوویانە: (فرش) مەبەست پێی ئەوەیە كە دروست دەكرێ، وەك ڕایەخ كە لە تووكو مووو خوریی، ئەو ئاژەڵانە دروست دەكرێ.

هەندێكی دیكە گوتوویانە: مەبەست لە (فرش) حوشتری بچووكەو (حمولة)ش حوشتری گەورەیە، لە هەندێ لە وڵاتان حوشتر هەیە بەقەدەر گوێدرێژێك دەبێ، جاری وایە لە مەڕو بزن گەورەترەو، لە گوێدرێژیش بچووكترە.

كە خوا دەفەرموێ: ﴿كُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ﴾، لەوەی كە خوا پێیداون، بخۆن، واتە: لە جیاتی ئەوەی لەخۆتانی قەدەغە بكەن، سوپاسگوزاریی خوا بكەنو لەو نیعمەتانە بخۆن، كە وەك ڕۆزیی پێیداون، ﴿وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾، وە بە دوای هەنگاوەكانی[1] شەیتان مەكەون، كە لەخۆتانەوە هەندێكیان لەخۆتان قەدەغە بكەنو، لەو نیعمەتانەی خوا، خۆتان بێبەش بكەن.

دیارە مەبەست لە بەدوای هەنگاوەكانی شەیتان نەكەوتن، نەكەوتنە ژێر كاریگەریی یەتیو هەڵنەخەڵەتانە بە خوتخوتەو دنەدانەكانی.

ئنجا ئایا لە چیدا بە دوای هەنگاوەكانی شەیتان نەكەوین ؟ خوا بە شێوەیەكی گشتی فەرموویەتی، بەڵام بە پێی سیاق دەڵێین: یانی: لە مامەڵەكردن لەگەڵ ئاژەڵو دانەوێڵەو میوەو میوەجاتدا، بە دوای هەنگاوەكانی شەیتان مەكەون، لەخۆوە خۆتان لەو نیعمەتانەی خوا بێبەش مەكەن، ئەگەرنا لە هیچ شتێكدا نابێ شوێنی هەنگاوەكانی شەیتان بكەوین.

---

١) الخُطْوَةُ بالضمِّ : مابين القدمين، و جمع القلّة : خُطُوات و خُطْوات و خُطَوات، والكثير: خُطى، والخَطْوَةُ: المرة الواحدة والجمع: خُطوات و خِطاء. مختار الصحاح، ص ١٧١ .

مەسەلەی حەوتەم: خوا دەفەرموێ: ﴿ ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ مِّنَ ٱلضَّأْنِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْمَعْزِ ٱثْنَيْنِ قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِ نَبِّـُٔونِى بِعِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾ دواتر دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلْإِبِلِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ ٱثْنَيْنِ ... ﴿١٤٤﴾ ﴾، لێرەدا خوا دەیەوێ پرسیارێكی بێ وەڵام ئاڕاستەی ئەو كافرو هاوبەش بۆ خوادانەرانە بكات، كە لەخۆوە شتیان قەدەغە دەكرد، لەسەر بناغەیەكی ئەفسانەیی، دەفەرموێ: خوا هەشت جووتی بۆ ئێوە خوڵقاندوون، لە مەڕ دووانو لە بزن دووان، وە لە حوشتر دووانو لە ڕەشەوڵاخ دووان، ئایا خوا كامەی قەدەغە كردوە، دوو نێرەكانی قەدەغە كردوون لە ئاژەڵی ورد، یانی: بەرانو نێریی، یان دوو مێیەكانی قەدەغە كردوون، یانی: مەڕو بزن، یاخود ئەوەی كە بەچكەدانی مێینەكان هەڵیگرتوە، واتە: ئایا خوا گەورەكانی قەدەغە كردوون، یاخود بێچووەكان؟ بەڵگەتان چییە؟ بۆیە دەفەرموێ: ﴿ نَبِّـُٔونِى بِعِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾، بە زانیاریی هەواڵم پێبدەن، ئەگەر ڕاست دەكەن، واتە: هیچ زانیارییەكتان نیە، دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلْإِبِلِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ ٱثْنَيْنِ ﴾، هەروەها لە وشتر دووانو لە ڕەشەوڵاخ دووان، دیسان خوا دەفەرموێ: ئایە خوا دوو نێرەكانی قەدەغە كردوون، یانی: (گا) و (جَمَل)، یاخود دوو مێیەكان، یانی: (ناقة) و (مانگا)، یان ئەو بەچكانەی كە لە بەچكەدانی مێینەكاندان؟ بە تەئكید هیچیانی قەدەغە نەكردوە بەگشتی واتە: ئێوە لەخۆتانەوە ئەو قسانە دەكەن، بۆیە خوا لە كۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿ أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ وَصَّىٰكُمُ ٱللَّهُ بِهَٰذَا ﴾، یانی: ئەگەر زانیارییتان نیە، ئایا ئێوە شایەدن، كە خوا وەسیەتی لەم شێوەیەی بۆ كردوون، وەك یەكێك بە یەكێكی دیكە دەڵێ: تۆ وەكیلی خوای؟ لەلای خوا هاتوویەوە، كە خوا ئەو شتانەی قەدەغە كردوون؟ بۆیە لێرەدا خوا پرسیارێكی بێ وەڵامیان لێدەكاتو،

چاوەڕێــی وەڵامیـان لــێ ناکــات، چونکــە ئــەوە پێـی دەگــوترێ: پرسـیاری نکووڵــیی لێکەرانە، (الإستفهام الإنكاري) کە پرسـیارێك نیـە چاوەڕێی وەڵام بی، وەك ئەوەی کە کەسێك ئاوێکی لە پێش بێو، تۆش بڵێی : ئایا ئەوە ئاو نیە ؟ خۆ تۆ مەبەستت ئەوە نیــە، کە بڵــێ: بـا، یـانی: تـۆ دەیـبینــی، بۆچی نکووڵــیی لــێدەکــەی؟ بۆیـە لـە کۆتــایی دا دەفــەرموێ: ﴿ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا لِّيُضِلَّ ٱلنَّاسَ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، ئنجــا ئایــا کــێ ستەمکارترە لە کەسێك کە درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستێ، تاکو خەڵك بەبێ زانیاریی گومڕا بکات ؟ بێگومان خوا کەسانی ستەمکار ناخەتە سەر ڕێی ڕاست.

جــا (محمد الطاهر بن عاشور) دەڵــێ: (وَيُسْتَفَادُ مِنَ الآيـةِ أَنَّ مِنَ الظّلـمِ أَنْ يُقـدِمَ أَحَـد عَلَـى الإفْتَاءِ فِـي الـدِّين، مَـا لَـم يَكُـن قَـد غَلَـب عَلَـى ظَنِّـهِ أَنَّـه يُفْتِـي بالصَّوَاب الّذِي يُرضِي الله)[1]، واتـە: لـەم ئایەتـە وەردەگیـرێ، کـە ستەمە ئینسـان فـەتوا بـدات لـە دینـدا، بـێ ئـەوەی کـە دڵـی بـە لای ئــەوەدا شکابێتــەوە، کــە ئـەو فەتوایـەی دەیـدا، ڕاسـتەو، خـوای پەروەردیگاریش لـێی ڕازییـە.

واتە: ئینسان سـەری لە شتێك دەرنەچێ، نابێ قسەی تێدا بکات، وە ئـەو ڕەفـتارە ستەمێـکی گـەورەیـە، چونکـە لێـرەدا خـوا ڕەخنـە لـە کافرەکـان دەگـرێ، کـە هـەر لەخۆیانەوە، هەندێ لە ئاژەڵەکانیان لەخۆیانیان قەدەغە دەکردنو ناوێکیان لێدەنان، خوای دادگەریش ئەوەی بە ستەم ناوبردوە: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ مسۆگەر خــوا کۆمـەڵی ستەمکاران ناخاتـە سـەر ڕێـی ڕاسـت، کەواتــە: هـیچ کــەسێك بەبێ زانیاریـیو، بەبێ دڵنیـایی، یـان بـەلای کـەمــەوە: بەبــێ گومانێکــی زاڵ، نابــێ قسـان لەســەر شــتێك بکـات، دەبــێ دڵـت بــەلای شــتەکەدا چووبــێ، بەڵگەیەکــت بەدەستەوە هەبێ، ئەوجار بڵێی: ئەو شتە ئاوایە، ئەگەرنا لەسەری گونـاهبـار دەبـی.

هەڵبەتە ئەو گوتوویـەتی فەتـوا، بەڵام من دەڵێم: فەتـواو غەیری فەتـواش، چونکە خـــوا دەفــەرموێ: ﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ

---

١) التحرير والتنوير ج٤، ص١٣٥.

﴿كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنۡهُ مَسۡـُٔولٗا ٣٦﴾، واتە: بە دوای شتێك مەكەوە كە زانیارییت دەربارەی نیە، واتە: نەك هەر لە بواری فەتوادا، بەڵكو لە هەر بوارێكی دیكەش دا، ئینسان كە زانیاریی لەبارەی مەسەلەكەیەوە پێ نیە، پێویستە بڵێ: نایزانم.

هەڵبەتە زانایانی پێشینمان زۆر بە ئەدەبو گەلێك خاكیی بوون: پرسیارێكیان لێ كرابێ نەیانزانی بێ، گوتوویانە: (اللّٰهُ أَعْلَم) خوا زاناترە، بۆیەش زانایانی پێشوو گوتوویانە: هەر كەسێ: (لا أَدْرِي) نازانم، نەزانی ئەوە كاری كراوە، واتە: هەر كەسێ هەر پرسیارێكیان لێ كردو، هەر شتێكی هاتە پێشێ‌و هەر قسەی تێدا كرد، ئەوە بە تەئكید زۆرجار بە نەزانیی قسەی تێدا دەكاتو مانای وایە، بە پێچەوانەی فەرمایشتی خوای پەروەردگارەوە، دەجووڵێتەوە، كە خوا دەفەرموێ: هەر شتێك زانیارییتان لەبارەیەوە نیە، قسەی لێ مەكەنو بەدوای مەكەون.

دەگێڕنەوە ئیمام مالیك یەكێك چل (٤٠) پرسیاری لێدەكات، دەڵێ: ئەوە چل پرسیارە هی خەڵكی ئەندەلووس (ئیسپانیا)ن، هێناومن، تۆش ئیمامی خەڵكی مەدینەی، ئنجا دوای ئەوەی چل پرسیارەكەی ئاراستە دەكات، لە وەڵامی سیو شەشیاندا دەڵێ: (لا أَدْرِي)، نازانم، ئەویش دەڵێ: چۆن نازانی؟ من لە ئەندەلووسەوە هاتووم چەند مانگە ڕێ، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە؟ (دیارە خەڵكی ئەندەلووس‌و ئەفریقیا، هەموویان لەسەر مەزهەبی ئیمام مالیك بوون، ئێستاشی لەگەڵ دابێ)، ئەویش دەڵێ: ئاخر نازانم، بەرانبەرەكەشی دەڵێ: چۆن نازانی، من ئەو خەڵكە ناردوومی ؟ دەڵێ: {لا أَدْرِي، وأَبلِغْ مَنْ وَرَاءَكَ بأَنَّ مَالِكاً، قَالَ: لا أَدرى)، واتە: نازانم، وە بەوانەی كە ناردووشیانی بڵێ: مالیك گوتوویەتی: نازانم !

ئا ئەوە ئینصافە، چونكە ئەوانە زانیویانە كە لە ڕاستییدا ئەو فەتوایە دینە، وە هەر قسەیەك كە ئینسان دەیكات، دەبێ پێشێ وەڵامەكەی بۆ قیامەتێ ئامەدە كردبێ، ئایا قەناعەتی پێیەتی، وە ئایا بە ڕاستی دەزانێ‌و، بەڵگەی چییە ؟!

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی شازدەیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان شەش (٦) ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی : (١٤٥ تا ١٥٠)، دیارە تەوەری سەرەکیی ئەم شەش ئایەتە، ئەوەیە، کە خوا بە پێغەمبەری خۆی دەفەرمووێ: کە بەگشتی بە هەموو خەڵك، بە کافرو هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیشەوە ـ کە لەسەر بناغەی ئەفسانەیی چەندان جۆرە ئاژەڵیان لەخۆیان قەدەغە دەکردن ـ ڕابگەیەنێ، لەو بەرنامەیەدا کە خوا بۆی ناردوە ـ کە قورئانە ـ بێجگە لە چوار جۆرە شت، لەو شتانەی کە ئەوان بە قەدەغەیان دادەنان، هیچ شتێکی دیکە قەدەغە نیە، ئەو چوارەش بریتین لە: (مردار، خوێنی ڕژاو، گۆشتی بەراز، سەربڕاو بۆ جگە لە خوا).

پاشان باسی ئەو شتانەش کراوە کە کاتی خۆی، خوا وەك سزادانێك لەسەر جوولەکانی قەدەغە کردبوون، کە ئەوانیش: ئاژەڵو پەلەوەری نینۆکدار کە نینۆکیان هەبێ، وە پاشان بەزو چەوریی ڕەشەوڵاخو مەڕو بزن، جگە لەوەی کە بە ئێسقانەوە دەنووسێ، یان بە ڕیخۆڵەکانەوە دەنووسێ، کە ناگونجێ لێی بکرێتەوە.

ئنجا خوای پەروەردگار باسی ئەوەی کردوە کە: هاوبەش بۆ خوادانەرەکان بیانووی ئەوە دەگرن کە ئەو هاوبەش بۆ خوادانانو شت لە خۆ قەدەغە کردنەیان، بەهۆی ویستی خواوە بووە، کەواتە: دیارە خوا ئەو شتانەی پێ چاکن، بۆیە ویستوونی، وە ئەگەر خوا ویستبای نەیانکەین، نەمان دەکردن، خواش بەرپەرچیان دەداتەوەو ڕایدەگەیەنێ، کە ئێوە هیچ بەڵگەیەکتان پێ نیەو خوای بێوێنە بەڵگەی تەواوی هەیە لەسەرتان، کە ناچاریی نەکردوون بۆ شیرك و شت لەخۆ قەدەغەکردنەکانتان.

﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٖ يَطۡعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ
مَيۡتَةً أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا أَوۡ لَحۡمَ خِنزِيرٖ فَإِنَّهُۥ رِجۡسٌ أَوۡ فِسۡقًا أُهِلَّ لِغَيۡرِ
ٱللَّهِ بِهِۦۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١٤٥﴾ وَعَلَى
ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا كُلَّ ذِي ظُفُرٖۖ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ وَٱلۡغَنَمِ حَرَّمۡنَا
عَلَيۡهِمۡ شُحُومَهُمَآ إِلَّا مَا حَمَلَتۡ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلۡحَوَايَآ أَوۡ مَا ٱخۡتَلَطَ
بِعَظۡمٖۚ ذَٰلِكَ جَزَيۡنَٰهُم بِبَغۡيِهِمۡۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿١٤٦﴾ فَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل
رَّبُّكُمۡ ذُو رَحۡمَةٖ وَٰسِعَةٖ وَلَا يُرَدُّ بَأۡسُهُۥ عَنِ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴿١٤٧﴾
سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ لَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشۡرَكۡنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمۡنَا مِن
شَيۡءٖۚ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ حَتَّىٰ ذَاقُواْ بَأۡسَنَاۗ قُلۡ هَلۡ عِندَكُم مِّنۡ
عِلۡمٖ فَتُخۡرِجُوهُ لَنَآۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَخۡرُصُونَ ﴿١٤٨﴾ قُلۡ
فَلِلَّهِ ٱلۡحُجَّةُ ٱلۡبَٰلِغَةُۖ فَلَوۡ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿١٤٩﴾ قُلۡ هَلُمَّ شُهَدَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ
يَشۡهَدُونَ أَنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَ هَٰذَاۖ فَإِن شَهِدُواْ فَلَا تَشۡهَدۡ مَعَهُمۡۚ وَلَا تَتَّبِعۡ
أَهۡوَآءَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ وَهُم بِرَبِّهِمۡ
يَعۡدِلُونَ ﴿١٥٠﴾ ﴾ .

مانای وشــه به وشـەی ئایەتەکـان

((''ئەی پێغەمبەر'' بڵێ: لەو (بەرنامەیـ)ەدا کە بۆم نێرراوە، هیچ قەدەغەکراوێك لەسەر هیچ بخۆرێك کە بیخوا، شك نابەم، مەگەر مردار بێ، یان خوێنی ڕژاو، یان گۆشتی بەراز، کە بێگومان پیسن، یان فیسقێك، ناوی جگە لە خوای لەسەرهێنرابێ، ئنجا هەر کەسێکیش ناچارکرا، بۆ خواردن لە یەکێك لەو چوارانە، بە مەرجێك بە ئارەزوو لێبوون و بە تێپەڕاندنەوە نەبێ، ئەوە بێگومان پەروەردگارت لێبوردەی بە بەزەییە ﴿١٤٥﴾ وە لەسەر ئەوانەی جوولەکەن: هەموو خاوەن نینۆکێکمان قەدەغە کردبوو، وە بەزی ڕەشەوڵاخ و مەڕو بزنیشمان لێ قەدەغە کردبوون، مەگەر ئەوەی کە بە پشتیانەوە نووسابێ، یان بە ڕیخۆڵەکان، یان لەگەڵ ئێسکدا ئاوێتە بووبێ، ئەو جۆرە سزایەشمان دان، بەهۆی سنوورشکێنییانەوە، وە بێگومان ئێمە ڕاستین لەوەدا کە دەیڵێین ﴿١٤٦﴾ ئنجا ئەگەر تۆیان بە ناڕاست دانا، ئەوە پێیان بڵێ: پەروەردگارتان خاوەن بەزەییەکی فراوانە، وە سزای لە کۆمەڵی تاوانباران ناگێڕدرێتەوە ﴿١٤٧﴾ ئەوانەی هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، لەمەودوا دەڵێن: ئەگەر خوا ویستبای : نە خۆمان نە باب و باپیرانمان هاوبەشمان بۆ خوا دانەدەناو، هیچ شتێکیشمان قەدەغە نەدەکرد، هەر ئاواش ئەوانەی پێش ئەوانیش بە درۆدانانیان کردبووە پیشە، تاکو سزای ئێمەیان چێشت، بڵێ: ئایا بۆ سەلماندنی قسەکەتان، هیچ زانیارییەکتان لەلایە، تاکو بۆمانی بێننە دەرێ و پێشانمانی بدەن؟ بەڵکو بەس بەدوای گومان دەکەون و، ئێوە هەر درۆ دەکەن ﴿١٤٨﴾ بڵێ: هەر خوا بەڵگەی تەواوی هەیە، وە ئەگەر ویستبای (ئازادو سەرپشك نەبن، لە نێوان ئیمان و کوفردا)، هەمووتانی دەخستە سەر ڕاستە ڕێ ﴿١٤٩﴾ بڵێ: ئەو شایەدانەتان بێنن کە شایەدن، لەسەر ئەوە کە خوا ئەو شتانەی قەدەغەکردوون، ئنجا ئەگەر شایەدییاندا، تۆ شایەدییان لەگەڵ

مەدە، وە بەدوای ئارەزووی ئەوانە مەکەوە، کە ئایەتەکانمان بە درۆ دادەنێن، وە بڕوایان بە دوارۆژ نیەو، دروستکراوەکان لەگەڵ پەروەردگاریاندا یەکسان دەکەن (١٥٠)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان

(لَّآ أَجِدُ): واتە: شك نابەم، نابینم، نادۆزمەوە، (وَجَدَ يَجِدُ مطلوبَه وَجْدًا وَوَجَدًا وَجِدَةً وَوُجُودًا وَوِجْدَانًا: أَدْرَكَهُ، وَوَجَدَ الشَّيءَ كَذَا... عَلِمَهُ)، (وَجَدَ) واتە: وایزانی، زانی کە وایە، یاخود ئەو شتەی کە بەدوایدا دەگەڕا، پەیدای کرد.

(مُحَرَّمًا): (حَرَّمَ الشَّيءَ عَلَيْهِ: جَعَلَهُ حَرامًا) (حَرَّمَ الشَّيءَ عَلَيْهِ) واتە: ئەو شتەی لێ قەدەغە کرد، حەرام لە زمانی عەرەبییدا یانی: (ممنوع) واتە: شتێك کە ڕێی لێ گیراوە، (المَمنُوع مِنْ فِعْلِه، أَوْ مِنْ أَكْلِه، أَوْ مِنْ قَوْلِهِ) شتێك کە ڕێی لێ گیراوە بکرێ، یان بخورێ، یان بگوترێ، (المُحرَّم: ذُو الحُرْمَة) شتێك کە قەدەغەبێ.

(طَاعِمٍ): (اسْم فَاعِل من طَعِمَ)، (طاعِم) بە کوردیی یانی: بخۆر.

(مَيْتَةً): وە بە (مَيِّتة)ش خوێنراوەتەوە، (المَيْتَة: الحَيْوَان الَّذِي مَاتَ حتف أنفه، أَو عَلَى هَيْئَة غَيْر مَشْرُوعَة) ئاژەڵێك کە بۆخۆی مردار دەبێ، لە کوردەوارییدا دەڵێن: مردار بووە، بێ ئەوەی دەستی کەسی تێدا بێ، یاخود بە شێوەیەکی ناشەرعیی دەمرێ، وەك ئەوەی کە بە دار لێی بدرێ، یان هەڵبدێرێ ... هتد.

(دَمًا مَّسْفُوحًا): واتە: خوێنی ڕژاو، جا دوایی باسی دەکەین بۆچی خوا لێرەدا وشەی ﴿دَمًا مَّسْفُوحًا﴾ خوێنی ڕژاوی بەکارهێناوە، لە چوار ئایەتدا هەر تەنیا (دم) هاتوە، تەنیا لێرەدا نەبێ کە دەفەرموێ: ﴿دَمًا مَّسْفُوحًا﴾،

خوێنــی ڕژاو، (سَـفَحَ الـدَّمُ)، واتــە: خوێنەکـە ڕژا، وە دەگـوترێ: (يَسـفَحُ سـفوحاً وسَفَحَاناً: انصبَّ فهو مَسْفُوح) یـانی: ڕژاوە.

(رِجۡسٌ): (القَذَر، والشيء القَذِر) یانـی: پیسیی، یـان شـتێك كە پـیس بـێ، (الحَرَامُ، اللَّعْـنَة، الفِعْـلُ القَبـيح، العَـذَاب، الكُـفْر) وشــەی (رجـس) ئەمانــە هــەموویان دەگرێتـەوە: قەدەغـە، نەفرین، كـردەوەی خـراپ، سـزا، كوفر.

(أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ): واتـە: نـاوی جگـە لـە خـوای لەسەر بەرزكرابێتــەوە، چـونكە عـەرەب عادەتیـان وابوو، كە مانگیـان دەبینـی، دەیانگوت: (هَذَا هِلاَل، هَذَا هِلاَل) ئەمە هیلالـە، ئەمە هیلالـە ! ئنجـا لـەوەوە هـەموو دەنـگ بەرزكردنەوەیـەكیان بـە (أَهَلَّ بـهِ) یـانی: (رَفَـعَ صَوْتَه بـهِ) دەنگــی پــێ بەرزكــردەوە، تەعبیـر كـردوە، وە لەكـاتی سـەربڕینی قوربانیـش دا، ئاژەڵـەكە دەنگـی لەسـەر بەرزكراوەتـەوە، بـە ناوی جیـا لـە خـواو، نـاوی جگـە لـە خـوای لەسەر هێنـراوە.

(بَاغٖ): (بَغِي) واتە: سنووری شـكاند، یان تێپەڕانـد، یان ستەمی كرد، دەڵێ: (الـبَغِي: تَجَاوُز الحَـدّ، بغـى يَبْغـي بَغِيـاً، اعْـتَدَى) واتــە: ســنووری شـكاندوە، كـە لێـرەدا مەبەست ئەوەیـە بە ئـارەزووەوە نەبــێ، لەو شـتانەی لێیـان دەخوات.

(شُحُومَهُمَآ): واتـە: بـەز، چـەوریی، (شحم).

(ٱلۡحَوَايَآ): (جَمْع حَويَّة، وَهِي الأَمْعَاء، والأَمْعَاء جَمْعُ المِعَى: المصير : والجمع مُصران ومَصارين)، (الحوايا) كـۆی (حَويَّـة) واتە: ڕیخـۆڵە.

(بَأۡسُهُۥ): (البـأس): (العَذَابُ والشِّدَّة) واتــە: ســزاو ســەغڵەتیــی.

(ٱلۡحُجَّةُ ٱلۡبَٰلِغَةُ): (البُرهـان الكَـافِي، البَـلاَغ: الكِـفَايَة، بَلَـغَ الأمـر: وَصَـل إلـى غَايَتـه) واتە: بەڵگـەیەكی یەكلاییكـەرەوە، (بَلاغ) واتە: شتێك كە بەس بـێ، كـە دەگوتـرێ: (بَلَـغَ الأمـر) واتە: كـارەكە گـەیشـتە مەبەسـتی خـۆی.

(هَلُمَّ): (أحِضرْ، هَاتِ، أحْضِروا، هاتوا، (هَلَمَّ) : دعوةٌ لإحضارِ أمرٍ)، (هَلُمَّ) واتە: بێنە، ئامادە بكە.

(يَعْدِلُونَ): واتە: یەكسان دەكەن، دەڵێ: (عَدَلَ الشيء بالشيء: سَوَّاه بِهِ) واتە: شتێكی وەك شتێك لێكرد، یەكسانی كردن.

مانای گشتی ئایەتەكان

ئەم ئایەتانەش هەر تەواوكەری بابەتی سەرەكیی ئایەتەكانی رابردوون، كە بریتی بوو لە: قەدەغەكردنی چەند جۆرێك لە دانەوێڵەو میوەجاتو ئاژەڵ، لەلایەن كافرەكانەوە بە بێ بەڵگەی وەحیی.

دیارە لەم شەش ئایەتەدا، خوای كاربەجێ كۆتا ئەنجام لەو بوارەدا رادەگەیەنێو روونی دەكاتەوە، كە خوای زاناو شارەزا لەو شتانەی كە هاوبەشدانەركان لە خۆیانیان قەدەغەكردوون، تەنیا چواریان لە كتێبی كۆتاییو دوا پەیامی خوادا، قەدەغەن.

شایانی باسیشە كە زانایان لەبارەی ئەم شەش ئایەتەوە، زۆر مشتومریان كردوە، ئێمەش لە مەسەلە گرنگەكاندا، بە درێژیی باسی ئەو مشتومڕو راجیاییەی زانایان دەكەین، خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطۡعَمُهُۥٓ ﴾، یانی: هەموو ئەو شتانەی كە ئێوە لە خۆتانتان قەدەغە كردوونو ناوناتۆرەی جیا جیاتان لێناون، ئەوانە بەپێی وەحییەك كە لەلایەن خواوە بۆم هاتوە هیچیان قەدەغە نین، بەڵكو ئێوە لەسەر بناغەیەكی ئەفسانەیی ئەو شتانە لەخۆتان قەدەغە دەكەن، ﴿ قُل ﴾ بڵێ: ﴿لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ ﴾، پێم شك نایەو نابینم لەوەدا كە بۆم سرووش كراوە، لەو پەیامەدا كە لە خواوە بۆم هاتوە، ﴿ مُحَرَّمًا ﴾، هیچ قەدەغەكراوێك نابینم، ﴿عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطۡعَمُهُۥٓ ﴾،

لەسەر هەر بخۆرێك كە بیخوا (طاعم) واتە: كەسێك كە شتێك دەخـوات، جا پیاوبـێ، یان ئافرەت بـێ، گچكە بێ، یـان گـەورە بـێ، بـە پێچـەوانەی ئەوانـەوە كـە دەیانگـوت: ئـەو شـتە بـۆ پیـاوان دروسـتە، بـەڵام بـۆ ئافـرەتـان دروسـت نیـەو، نابـێ بیخـۆن، ﴿إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ﴾، مەگـەر ئـەو شـتە كـە قەدەغـە كـراوە، یەكـێك لـەو چـوارانە بـێ: مـردار بـێ، یـان خـوێنێكی ڕژاو بـێ، یـان گۆشـتی بـەراز بـێ، ﴿ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ ﴾، كە بێگومان ئەوە پیسەو قـێزەونە، زۆربەی زانایان دەڵێن: ئـەو (رجس)ە، بۆ هەرسێكیان دەچێتەوە، یانی: هەركام لە مردارو خوێنو گۆشتی بەراز (رجس)ن، كـە بـە مانـای پـیسو زیانبـەخشو قێـزەون، دێ، ﴿أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ﴾، یاخود ئاژەڵێكی (فسق) بێ، واتە: (فسق)ی تێدا بەرجەستە بووبێ، ئەویش ئەوەیە كە بۆ جگە لە خوا سـەربڕابـێو، لـە كـاتی سـەربڕینـدا، نـاوی جگـە لـە خـوای لەسـەر هێنـرابێ، لەو وەحییەدا كە بۆم هاتوە : تەنیا ئەو چوارە قەدەغە كراون.

جا ئـەوە دوایـی باسـی دەكـەین، وە لـە تەفسیری سوورەتی (البقـرة)شـدا ئـەو ڕایـەم هەڵبـژاردوە، كـە جگـە لـەو چـوارە دەگونجـێ شـتی دیكـەش قەدەغـەبن، چـونكە لـە فەرمایشـتی پێغـەمبەر ﷺدا هاتوون، وەك: هـەموو خـاوەن كەڵبەیـەك لـە دڕنـدان، وە هـەموو خـاوەن نینۆكێك لە پەلەوەران، وە كەری ماڵیـی، بـەڵام وەك دوایـی لـە مەسـەلە گرنگەكاندا باسی دەكەین، دوای لێوردبوونـەوەی زیـاتر، گەیشـتوومە ئـەو قەناعەتـە كـە: جگـە لـەو چوارە، هیچی شـتی دیكـە قەدەغـە نیـە، مەگـەر وشـەی (خبائـث) بیگرێتەوەو پیسو قـێزەون بـێ، یان چەمكو واتـای وشـەی (رجس) بیگرێتـەوە پـیسو زیانبـەخش بـێ[1]، ئەگەرنا خـوای پەروەردگار هیچ شتێكی دیكەی قەدەغـە نەكـردوە، هەر لە كەرگەدەن، تاكو مارو مێروو، كە دوایی بە درێـژیی باسـی دەكـەین.

---

١) هەڵبـەتە هەركـام لـە : كەڵبـدار لـە دڕنـدانو، چڕنووكـدار لـە پەلـەوەرانو كـەری ماڵیـی، پـیسو زیانبەخشن.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ ﴾، هەر كەسێك تێگیراو ناچار كرا، بە مەرجێك بە ئارەزووەوە نەخوات، وە لەو ئەندازەیەی كە پێویستیشی پێیەو، پەكی لە سەری كەوتوە، تێنەپەڕێنێ، ﴿ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾، بێگومان پەروەردگارت لێبوردەی بە بەزەیی یەو، لەو چوارانەش بۆی هەیە بخوات، لەكاتی تێگیراویی و ناچارییدا، تێگیراوییەك بە شێوەیەك بێ، كە وا بزانێ ئەگەر نەخوات، دەمرێ، ئەوە بەنسبەت شەریعەتی ئیسلامەوە.

ئەدی بەنسبەت جوولەكەكانەوە؟ خوا دەفەرموێ ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا كُلَّ ذِي ظُفُرٖۖ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ وَٱلۡغَنَمِ حَرَّمۡنَا عَلَيۡهِمۡ شُحُومَهُمَآ إِلَّا مَا حَمَلَتۡ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلۡحَوَايَآ أَوۡ مَا ٱخۡتَلَطَ بِعَظۡمٖۚ ذَٰلِكَ جَزَيۡنَٰهُم بِبَغۡيِهِمۡۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ١٤٦ ﴾، وە لەسەر ئەوانەی گەڕاونەوە، ئایا جوولەكە بۆچی ناویان لێنراوە: (یهود)؟ لەبەرئەوەی وەك لە قورئاندا هاتوە، گوتوویانە: ﴿ إِنَّا هُدۡنَآ إِلَيۡكَ ١٥٦ ﴾ الأعراف، (هُدْنَا) یانی: (رَجَعْنَا)، گەڕاینەوە، كاتی خۆی ئەوانە بۆ لای خوا گەڕاونەوە، ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا كُلَّ ذِي ظُفُرٖۖ ﴾، وە لەسەر ئەوانەی كە گەڕابوونەوە بۆ لای خوا (لەسەر دەستی مووسا) هەموو خاوەن نینۆكێكمان قەدەغە كردبوو، (لە پەلەوەرو لە ئاژەڵ)، ﴿ ... وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ وَٱلۡغَنَمِ حَرَّمۡنَا عَلَيۡهِمۡ شُحُومَهُمَآ ... ﴾ وە لە ڕەشەوڵاخ و لە ئاژەڵی ورد، {چونكە وشەی (غَنَمْ) لە زمانی عەرەبییدا، هەم مەڕ دەگرێتەوەو هەم بزنیش، واتە: لە ئاژەڵی ورد، یان مەڕو بزن، یاخود حەیوانی سپیو ڕەش} بەزەكەیانمان قەدەغەكردبوو، واتە: چەوریی و بەزی ڕەشەوڵاخو، بەزی ئاژەڵی وردمان قەدەغە كردبوو، ﴿ إِلَّا مَا حَمَلَتۡ ظُهُورُهُمَآ ﴾، مەگەر ئەوەی كە بە پشتیانەوە نووسابوو، ئەو بەزو چەورییە كە لێ نابێتەوە، ﴿ أَوِ

﴿ أَوْ مَا ٱخْتَلَطَ بِعَظْمٍ ﴾ ﴿ ٱلْحَوَايَآ ﴾، یـان ئەوەی لەگـەڵ ڕیخـۆڵەکان دا تێکەڵ بووە، یان ئـەو بەزەی لەگـەڵ ئێسـقانەکان دا تێکەڵ بووە.

ئنجا ئایا بۆچی خـوا ئەوەی لـە جوولەکەکان قەدەغـە کـرد بـوو ؟ لەبـەر پیسیی‌و، زیانبـەخش بـوونی ؟ نـەخێر، ﴿ ذَٰلِكَ جَزَيْنَـٰهُم بِبَغْيِهِمْ ۖ وَإِنَّا لَصَـٰدِقُونَ ﴾، ئـەویش بەهۆی ستەمکاریی‌و لادانیانەوە، ئـاوا سـزامان دان‌و ئەوانـەمـان لـێ قەدەغـەکردن، وە بە دڵنیایـی یەوە، ئێمـە ڕاسـتگۆیین.

بۆیـەش خـوا وا دەفـەرموێ: چونکە جوولەکـەکان بـە پێغـەمبەریان دەگـوت: ئێمـە خوا سـزای نـەداوین، وە هیچ شـتێکی لەبـەر سـزادان لـێ قەدەغـە نـەکردووین، بەڵـکو ئەوە کاتی خـۆی یەعـقووب لەسـەر خـۆی قەدەغـەی کـرد بـوو، ئێمـەش بـە دوای بـاب‌و باپـیرانمان کەوتـووین! بـەڵام خـوا ڕوونـی دەکـاتەوە کـە نەخێـر، بەڵـکو یەعقـووب شـتێکی دیکەی لەسەر خۆی قەدەغە کردوە، نەك ئەو شتانە، بەڵکو ئەو شـتانە بەهۆی سـەرکێشـیی‌و سـتەم‌و خراپـەیانـەوە، خـوا سـزای دران‌و، لێـی قەدەغـە کـردوون.

ئنجا دەفـەرموێ: ﴿ فَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَٰسِعَةٍ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُۥ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴾، ئنجا ئەگـەر بێبـڕوابوون بەرانبـەرت‌و تۆیـان بـە درۆ دانـا، تۆیان بـە ناڕاسـت دانـاو گوتیـان: ڕاست ناکەی، {کـە مەبەست پێـی تەنیـا هاوبـەش بـۆ خـوادانەرەکـانە، یـان مەبەسـت جوولەکـەکان‌و هاوبـەش بـۆ خـوادانەرەکانیشـە، ئەگـەر وایانکـرد} ﴿ فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَٰسِعَةٍ ﴾، تـۆ بڵـێ: پـەروەردگارتان خـاوەن بەزەییـەکی فراوانـە، ﴿ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُۥ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴾، وە تۆڵەو سـزای خـواش لـە کۆمـەڵی تاوانبـاران ناگێڕدرێتـەوە، واتـە: ئەگەر بگەڕێنەوە خـوا ڕەحمـەتێکی فـراوان‌و فـەڕاحی هەیە، بەشـی هـەمووتان دەکات، ئەگـەر نەشگـەڕێنەوە، دڵنیـابن خـوا سـزاتان دەداو، کەسـیش ناتوانـێ سـزای خـوا بەرپـەرچ بداتـەوە.

ئنجا خوا دێتە سەر باسی قسەیەکی هاوبەش بۆ خوادانەرو کافرەکان، کە دەیانگوت: ئێمە کە هاوبەش بۆ خوا دادەنێین‌و، ئەو شتانە قەدەغە دەکەین، مادام بە ویستو خواستی خوایە، دیارە خوا پێی چاکە ! ﴿ سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَيْءٍ ﴾، لەمەو دوا ئەوانەی هاوبەش بۆ خوادانەرن دەڵێن: ئەگەر خوا ویستبای، نە ئێمەو نە بابو باپیرانمان، هیچ هاوبەشێکمان بۆ خوا دانەدەنا، وە هیچ شتێکیشمان قەدەغە نەدەکرد، {ئەگەر خوا ویستبای، نە بتمان دەپەرست، نە هیچ شتێکیشمان قەدەغە دەکرد}، خواش بەرپەرچیان دەداتەوەو دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُواْ بَأْسَنَا ﴾، ئاوا هەر بەو شێوەیە ئەوانەی پێش ئەوانیش پێغەمبەرانی ئێمەیان بە درۆ دانا، تاکو سزای ئێمەیان چێشت، یانی: پێغەمبەرانیان بە درۆ دانا، لەوەدا کە پێغەمبەران دەیانگوت: نابێ بت پەرست بن، نابێ لەخۆتانەوە شت قەدەغە بکەن، ئەوانیش هەر ئاوا پێغەمبەرانیان بەڕاست دانەدەنا، دەفەرموێ: ﴿ قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَآ ﴾، تۆش بڵێ: ئایا هیچ زانیارییەکتان لەوبارەوە هەیە، تاکو بۆمانی دەربێنن‌و پێشانمان بدەن؟ ﴿ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴾، بێگومان ئێوە بەس بە دوای گومان دەکەون، وە تەنیا درۆ دەکەن، واتە: ڕاست ناکەن، کە خوا ئەو بت پەرستییەی ئێوەی پێ چاکە، هەر لەبەرئەوەی ویستوویەتی، وە ڕاست ناکەن، کە ئەو شت قەدەغەکردنەی ئێوەی پێ چاکە، هەر لەبەرئەوەی ویستوویەتی‌و بەپێی ویستی خوایە، چونکە ویستی خوا لەگەڵ ڕەزامەندیی خوا، لە یەك جیان، خوا هەموو شتێکی دەوێ، بەڵام هەموو شتێکی خۆشناوێ، وەك دوایی باسی دەکەین، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ فَلِلَّهِ ٱلْحُجَّةُ ٱلْبَٰلِغَةُ فَلَوْ شَآءَ لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ ﴾، بڵێ: خوا بەڵگەی تەواوی هەیە لەسەر ئێوە، ئەگەر

ویستبای هەمووتانی ڕێنمایی دەکردو، هەمووتانی دەخستە سەر ڕێی ڕاست، بەڵام نەیویستوە زۆرییتان لێبکاتو ئازادی کردوون، بۆیە هەندێکتان بە ویستی ئازادانەی خۆتان، ڕێی ڕاستتان گرتۆتەبەر، هەندێکیشتان ڕێی چەوتتان گرتوە.

ئنجا لە کۆتایی دا دەفەرموێ: ﴿قُلۡ هَلُمَّ شُهَدَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ يَشۡهَدُونَ أَنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَ هَٰذَاۖ﴾، بڵێ: ئەو شایەدانەتان بێنن کە شایەدیی دەدەن لەسەر ئەوەی خوا ئەو شتانەی قەدەغەکردوون، کوان؟ کێن شایەدەکانتان ؟ ﴿فَإِن شَهِدُواْ فَلَا تَشۡهَدۡ مَعَهُمۡۚ﴾، ئنجا ئەگەر شایەدییشیاندا، شایەدییان لەگەڵ مەدە.

واتە: تۆ ئەی پێغەمبەر ! شایەدییان لەگەڵ مەدە، چونکە ئەوان شایەدیی بە درۆ دەدەن، تۆش شایەدیی بە ڕاست نەبێ نادەی، کەواتە: لەگەڵ ئەواندا شایەدیی مەدە، ﴿وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا﴾، وە بە دوای ئارەزووی ئەوانە مەکەوە، کە ئایەتەکانی ئێمە بە درۆ دادەنێن، ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ وَهُم بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ﴾، وە ئەوانەی بڕوایان بە دواڕۆژنییە، وە ئەوان دروستکراوەکان لەگەڵ پەروەردیگاریاندا یەکسان دەکەن.

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم:

باسێک دەربارەی خواردنە قەدەغەکراوەکان

بابەتی خواردنەکان: کامیان قەدەغەنو، کامیان ڕەوان و ڕێ پێدراون؟ بابەتێکی گرنگەو پەیوەندیی بە مرۆڤەکانەوە هەیە بەگشتی، بە مسوڵمان و نا مسوڵمان و بە وردو درشتیانەوە، بە نێرو مێوە، جا ئێمە هەوڵدەدەین ئەم باسە زۆر بەگوشراویی بخەینە ڕوو، سەرەتا لەبەر تیشکی ئەو ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٖ يَطۡعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيۡتَةً أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا أَوۡ لَحۡمَ خِنزِيرٖ فَإِنَّهُۥ رِجۡسٌ أَوۡ فِسۡقًا أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١٤٥﴾ ﴾ بابەتەکە ڕوون دەکەینەوە، واتە: بڵێ: لەوەدا کە بۆم سرووش کراوە، هیچ قەدەغەکراوێك نابینم، لەسەر هیچ بخۆرێك کە بیخوا، مەگەر: (ئەو قەدەغەکراوە) مرداربێ، یان خوێنی ڕژاو بێ، یان گۆشتی بەراز بێ، کە ئەوە پیسە، (یاخود ئەوانە هەموویان پیسن)، یان (فیسق)ێك بێ، کە دەنگی لەسەر بەرزکرابێتەوە بۆ جگە لە خوا، {واتە: سەربڕاوێك ناوی جگە لە خوای لەسەر هێنرابێ}، وە هەر کەسێك تێگیرا، بە مەرجێ بە ئارەزووەوە نەبێ و لە سنووریش تێنەپەڕێنێ، ئەوە بێگومان پەروەردگارت لێبووردەی بە بەزەییە.

ئەم ئایەتە مشتومڕو ڕاجیاییەکی زۆری زانایانی لەسەرە، ئنجا ئێمە دیارە سەرەتا چەند بڕگەیەك لەبارەی ئەو ئایەتە موبارەکەوە، دەخەینە ڕوو، وەك ڕوونکردنەوە، دوایی دێینە سەر هەردوو ڕایەکان، کە زانایان بەگشتی تێیدا کەوتوونە دوو ڕاو بۆچوونەوە:

١/ هەندێکیان دەڵێن: خوا زۆر بە ڕوونو ڕاشکاویی لەم ئایەتانەدا دەفەرمویٚ: (ئەی موحەممەد!) تۆ بەو خەڵکە بڵێ: لەوەدا کە خوا بۆی سرووش کردووم بێجگە لەم چوارە: مردارو، خوێنی ڕژاوو، گۆشتی بەرازو، بۆ جگە لە خوا سەربڕاو، قەدەغە نین، بۆ هەر کەسێك کە بیانخوات.

دەڵێن: کەواتە: جگە لەم چوارە، نابێ هیچ شتێکی دیکە قەدەغەبێ.

٢/ هەندێکی دیکەش دەڵێن: لەبەرئەوەی کە لە چەند فەرمایشتێکی پێغەمبەر ﷺ دا، باسی درندەی کەڵبەدار (كُلَّ ذِي نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ) وە پەلەوەری چڕنووکدار (ذِي مِخْلَبٍ مِنَ الطُّيُورِ) کراوە، وە باسی کەری ماڵیی کراوە (الحمار الأهلي)، هەروەها باسی ژووشك (قنفذ) کراوە، وە باسی پشیلە (هِرّ) کراوە، لە چەند دەقێکدا، کە ئەوانە نەهییان لێکراوە، یان حەرامن، کەواتە: دەبێ جگە لەم چوارە، حەرامکراوی دیکەش هەبن.

ئنجا ئێمە پێش ئەوەی بێینە سەر ڕوونکردنەوەی ئەو دوو ڕایانەو بەڵگەکانیان، چەند شتێك دەخەینە ڕوو:

پێنج ڕاستیی گەورە و گرنگ لەبارەی قەدەغەکراوەکانەوە

یەکەم: بە پێی سیاق دیارە، کە ئەم ئایەتە وەڵامی حەرامکردنە ئەفسانەییەکانی کافرەکان دەداتەوە، کە لە ئایەتەکانی ڕابردوودا خراونە ڕوو، بە کورتیی خوا دەفەرمویٚ: ئەو شتانەی ئێوە قەدەغەتان کردوون، قەدەغە نین، بڵێ: تەنها ئەو چوارە قەدەغەن، نەك ئەو شتانەی ئێوە، هەر ئاژەڵەی ناوێکتان لێناوە: (بەحیرە، سائیبە، وەصیلە، حام) یان دەڵێن: نابێ ئافرەتان لەم جۆرە ئاژەڵە بخۆن، یان ئەو جۆرە ئاژەڵە دەبێ وابێ! یانی: ئەوانەی ئێوە بە قەدەغەیان دادەنێن، هیچیان قەدەغە نین.

دووەم: وشەی: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ ﴾، بڵێ لەوەدا کە بۆم سرووش کراوە، بە وەحی بۆم هاتوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە حەرام دەبێ، تەنیا لە

ڕێگەی وەحییەوە دیاریی بکرێ، واتە: بۆ دیارییکردنی قەدەغەکراوەکان، جگە لە وەحی، هیچ سەرچاوەیەکی دیکەمان نیە، ئەگەر یەکێك بڵێ: ئەدی بۆ حەڵاڵ؟ دەڵێین: بۆ حەڵاڵ پێویست ناکات دەقی لەسەر هەبێ، چونکە خوا بە گشتی فەرموویەتی: هەموو شتێکم بۆ مرۆڤەکان خوڵقاندوە، وەك دوایی باسی دەکەین، بەڵام بۆ دیارییکردنی قەدەغەکان، حەتمەن دەبێ دەقێکی شەرعیی هەبێ، وەك خوا لە شوێنێکی دیکەدا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ تَفْتَرُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾ یونس، واتە: تۆ بڵێ: ئایا دەبینن ئەوەی کە خوا لە ڕۆزیی بۆی ناردوونە خوار! پاشان ئێوە حەڵاڵو حەرامتان تێدا داناوە، بڵێ ئایا خوا مۆڵەتی داون؟ یان بە ناوی خواوە درۆ هەڵدەبەستن؟.

کەواتە: هەر شتێك حەرام بکرێ، لە دوو حاڵ بەدەر نیە:

أ) یان لە جێی خۆیەتیو بە مۆڵەتی خوایە، ﴿ قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ ﴾.

ب) یان بێ جێیەو درۆ هەڵبەستنە بە ناوی خواوە،﴿ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ تَفْتَرُونَ ﴾، یانی جگە لەو دوو حاڵەتە نیە، یان لە جێی خۆیەتیو بە پێی مۆڵەتی خوایە، واتە: دەقی وەحی لەسەرە، یاخود درۆ هەڵبەستنە بە ناوی خواوەو، حەرامکردنێکی بێ بنەمایەو بێ بەڵگەو بێ پاساوە.

هەروەها هەر لەوبارەوە خوا ﷻ لە سووڕەتی (النحل) دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُواْ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴿١١٦﴾ ﴾، واتە: وە بەوەی کە زمانتان بە دۆر دەیڵێ، (واتە: تەنیا بە دەربڕینی زمانو بە وەسفی درۆ) هەندێ شت قەدەغە مەکەن، بە درۆ بە زمانتان مەڵێن: ئەمە حەڵاڵەو ئەمە حەرامە، کە سەرەنجام بە ناوی خواوە درۆ هەڵبەستن،

بێگومان ئەوانەی بە ناوی خواوە درۆ هەڵدەبەستن، سەرفراز نابن.

بۆیەش دەفەرموێ: بە ناوی خواوە، چونکە کە تۆ گوتت : ئەو شتە حەرامە، دەبێ لە لایەن خواوە بەڵگەیەکت هەبێ، ئنجا کە بەڵگەت نەبوو، لە لایەن خواوە، کەواتە: درۆ هەڵبەستنە بە ناوی خواوە، بوختان کردنە بە خوای پاكو بێگەرد، کە فلان شتەی قەدەغە کردوە.

سێیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا ﴾، بڵێ: پێم شك نایەت لەوەدا کە بۆم وەحی کراوە، هیچ قەدەغەکراوێك هەبێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە بناغە لە شتەکاندا ڕەوایی و حەڵاڵییە، واتە: لە ئەسڵدا خوا هەرچی دروستی کردوە، لەم وجوودەدا کە ئێمە پەیوەندیمان پێوەی هەیە، چ لەسەر زەوی، چ لە بوونەوەردا بە گشتی، هەمووی بۆ مرۆڤ دروستکراوە، وە بۆ مرۆڤ ڕەوایە کە لێی بەهرەمەند بێ ، بۆچی ؟

چونکە :

١ - خوا لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ : ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ...﴿٢٩﴾ ﴾ واتە: ئەو کەسێکە ئەوەی کە لە زەوییدایە، بۆ هەمووتانی خوڵقاندوە، یانی: هەرچی لە زەوییدابێ، بۆ ئێوەی دروستکردوە.

٢ - هەروەها لە سوورەتی (لقمان)دا دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَوْا۟ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةً وَبَاطِنَةً ...﴿٢٠﴾ ﴾، واتە: ئایا سەرنج نادەن! کە خوا هەرچی لە ئاسمانەکانو زەوی دایە، بۆی دەستەمۆ کردوون (بۆی ڕامکردوون کە سوودی لێ ببینن)، وە نیعمەتو چاکەکانی خۆی بە ئاشکراو بە پەنهانیی بەسەردا ڕشتوون.

کەواتە: لە بوون (وجود)دا هەرچی مرۆڤ بتوانێ لێی بەهرەمەندبێ، وە سوودی لێ ببینێ، بۆی ڕەوایە، چونکە ئەسڵ لە شتەکاندا ڕەواییە، زانایان لەسەر ئەم بنچینەیە ڕێککەوتوونو دەڵێن: بناغە لە شتەکاندا بریتیە لە ڕەوایی (الأَصْلُ

فِي الأَشْيَاءِ الإِبَاحَةُ) هەروەها دەشڵێن: (الأَصْلُ فِي الأَشْيَاءِ الحِلِّيَّةُ) بناغە لە شتەکاندا بریتیە لە حەڵاڵ بوون، دەبێ بەڵگە هەبێ لەسەر قەدەغەکران و ڕێ لێگیران، کەواتە : ئەو تەعبیرە قورئانییە کە دەفەرموێ: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا ﴾، بڵێ: پێم شك نایەت، لەوەدا کە بۆم سرووش کراوە، هیچ قەدەغەکراوێك هەبێ... یانی: دەبێ ئێمە بۆ دۆزینەوەی حەرامەکان لە بەڵگە بگەڕێین، واتە: بۆ ئیسپاتی ئەوە کە فلانە شتە قەدەغەیە، پێویستیمان بەوە هەیە کە بەڵگە بدۆزینەوە، ئەدی بۆ ئیسپاتی ئەوە کە فلانە شتە حەڵاڵە؟ دەڵێین: لە ئەسڵدا هەموو شتێك حەڵاڵەو پێویستیی بە بەڵگە نیە.

چوارەم: کە دەفەرموێ: ﴿ عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُۥٓ ﴾، لەسەر هەر بخۆرێك کە بیخوا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نێرو مێ لە خواردنەکاندا یەکسانن، وە ئەوە بەرپەرچدانەوەی هاوبەش بۆ خوادانەرو کافرەکانە، وەك خوا لێیان دەگێڕێتەوە: ﴿ وَقَالُواْ مَا فِي بُطُونِ هَٰذِهِ ٱلْأَنْعَٰمِ خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِنَا ۖ وَإِن يَكُن مَّيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَآءُ ... (١٣٩) ﴾ الأنعام، واتە: وە گوتیان: ئەوەی کە لە سکی ئەو ئاژەڵانەدایە، تایبەتە بە پیاوەکانمانەوە، وە حەرامو قەدەغەیە لە ژنەکان (لە هاوسەرەکان)، بەڵام ئەگەر مرداربێ، هەردووکیان تێیدا بەشدارن.

بەڵێ ئەمە ئەوە دەردەخات، کە لە بواری خواردن و خواردنەوەدا، پیاوان و ئافرەتان، وەك یەك وانو، شتەکان، ئەگەر ڕەوا بن، بۆ هەردووك ڕەگەزەکە ڕەوان.

پێنجەم: کە دەفەرموێ: ﴿إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ﴾، مەگەر ئەو شتەی کە قەدەغەکراوە، یەکێك لەو چوارانە بێ: مردار بێ، یان خوێن بێ، یان گۆشتی بەراز، یاخود بۆ جگە لە خوا سەربڕا بێ .

پێناسەی: میتة و دم و لحم الخنزیر و ما أهلّ لغیر الله به :

١/ (الـمَیْتَـة): (المعجم الوسیط) ئاوا پێناسەی (مَیْتَة) دەكات: (الـمَیْتَة: الحَیْوَان الَّذِي مَاتَ حتف أنفه أَو عَلَى هَیْئَة غَیْر مَشْرُوعة) واتە: (مَیْتَـة) - مردار- ئەو ژیاندارەیە كە بۆخۆی مردوە، یان بە شێوەیەكی ناڕەوا مردوە، بۆ وێنە: ئاژەڵێك كە ئەوەندەی لێبدرێ، بمرێ، یان خنكێندرا بێ، ئەوە مردارە.

٢/ (الـدَّم): - خوێن - (سَائِلٌ أَحْمَر یَسْرِي فِي عُرُوق الحَیْوَان) ماددەیەكی شلی سوورە كە بە دەمارەكانی ژیانداردا هاموشۆ دەكات، ئنجا ئەو ژیاندارە: ئینسانە، ئاژەڵە، دڕندەیە، پەلەوەرە، هەرچی هەیە.

٣/ (لَحْم خنزِیر) - گۆشتی بەراز - بەرازیش ئاژەڵێكی زانراوە.

٤/ (﴿فِسۡقًا أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ﴾) واتە: ئاژەڵێك كە ناوی جگە لە خوای لەسەر هێنراوە (فسق)، واتە: لە ڕێ دەرچوون، لە شێرازەی شەرع دەرچوون، كە بریتییە لەوەی ناوی جگە لە خوای لەسەر هێنرابێ، واتە: بۆ جگە لە خوا سەربڕابێ.

پێویستە ئەوە بزانین كە خوای زانا، بۆ وشەی (دم) - خوێن - لێرەدا دەفەرموێ: ﴿دَمٗا مَّسۡفُوحًا﴾، خوێنی ڕژاو، ئنجا وەك دوایی باسی دەكەین، لە سێ شوێنی دیكە لە قورئاندا، ئەو چوارە هاتوون، واتە: مردارو، خوێنو، گۆشتی بەرازو، بۆ جگە لە خوا سەربڕدراو، بەڵام تەنیا لێرەدا ئەو قەیدەی خستۆتە سەرێ، كە دەفەرموێ: ﴿دَمٗا مَّسۡفُوحًا﴾، خوێنی ڕژاو، ئنجا بنچینەیەكی زانستی (أصول الفقه) لە نێو زانایاندا باوە، دەڵێت: (یُحْمَلُ الْمُطْلَقُ عَلَى الْمُقَیَّدِ) هەمیشە دەبێ ئەوەی بە ڕەهایی باسكراوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا كە بە بەنددار (مقیَّد)ی باسكراوە، تەفسیر بكرێ، كەواتە: لە شوێنەكانی دیكەش دا، مەبەست لە خوێن: خوێنی ڕژاوە، بۆچی خوا وایفەرمووە؟ چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ

دەفەرموێ: ﴿أُحِلَّتْ لَنَا مَيتَتَانِ: الْحُوتُ وَالْجَرَاد، وَدَمَانِ: الكَبِدُ وَالطِّحَالِ﴾[1]، واتە: دوو مردارمان بۆ حەڵاڵن: ماسیی و كوللە (كە سەرنابڕدرێن، با بشمرن حەڵاڵن، مەگەر بۆگەن بووبن، یان لەڕووی تەندروستیی و پزیشكییەوە زیانیان هەبێ)، وە دوو خوێنیش: جەرگ و سپڵ (كە ئەوانیش هەر جۆرێكن لە خوێن، بەڵام دیارە پێكهاتەكەیان جیایە، لە خوێنی ئاسایی).

هەڵبەتە لە رووی زانستییشەوە دەركەوتوە كە جەرگ و سپڵ زیانیان نیە، وەك خوێنی ڕژاو، ئنجا ڕەنگە یەكێ پێی سەیر بێ و بڵێ: جا خوێنی ڕژاو، كێ دەیخوات؟ كاتی خۆی عەرەبەكان عادەتیان وابوو كە میوانیان دەهات، حوشتری زیندوویان دەهێنا خوێنیان لێ دەگرت، خوێنەكەیان لە شتێك دەكرد، دوایی دەیانبرژاندو دەیانخوارد، یان جاری وابوو لە سەفەرێ خوێنیان لە حوشترەكەیان دەگرت، یان شتێكیان سەردەبڕی، دەیانگوت: با خوێنەكەی خەسار نەبێ، لە قاپێكیان دەكردو، لە ڕیخۆڵەیان دەكردو دەیانبرژاندو دەیانخوارد، ئێستاش ڕەنگە لە نێو هەندێ میللەتاندا شتی وا هەر هەبێ، خوای زاناو شارەزا هیچی لەخۆڕا باس نەكردوە.

وە خوا ﷻ لە باسی گۆشتی بەرازدا فەرمویەتی: ﴿ فَإِنَّهُ رِجْسٌ ﴾، (رجس) كە لە زمانی عەرەبییدا بە مانای: پیسیی و، قێزەون و، حەرام و سزاو ئازارو، نەفرین، دێ، دیارە لێرەدا بە مانای : قێزەون و شتی پیس و زیانبەخشە، بەڵام ئایا لێرەدا تەنیا مەبەستی گۆشتی بەرازە، یاخود مەبەست هەرسێكیانە؟

زۆربەی زانایان دەڵێن: كە دەفەرموێ: ﴿ فَإِنَّهُ رِجْسٌ ﴾، هەرچەندە لە دوای گۆشتی بەراز باسكراوە، بەڵام بۆ هەرسێكیان دەگەڕێتەوە، واتە: مردارو خوێن و گۆشتی بەراز، هەرسێكیان پیسن، بە مانای پیسیی ماددیی، ئەدی ئەوەی دیكە كە بۆ جگە لە خوا سەردەبڕدرێ؟ ئەوە پیسی مەعنەوییە، ئەگەرنا لەڕووی ڕواڵەتییەوە، پیس نیە.

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٥٧٢٣)، وَالدَّارَقُطنِيُّ برقم: (٤٦٨٧)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٣١٤)، عَنْ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، وَصَحَّحَهُ الألباني في "السلسلة الصحيحة" برقم: (١١١٨).

ئایا تەنیا ئەو چوار شتە قەدەغەن بۆ خواردن ؟!

ئنجا با بێینە سەر ئەوە کە ئایا تەنیا ئەو چوار شتە قەدەغەن، یان شتی دیکەش هەیە، قەدەغەبێ؟

بەڵام بەر لەوەی بێینە سەر ڕاو بۆچوونی زانایان دەڵێین: کاتی خۆی ئێمە لە سووڕەتی (البقرة) لە کاتی تەفسیری ئایەتی (١٧٣)دا، قسەمان لەوبارەوە کردوە، بەڵام بە حەقیقەت ئەو بابەتە زۆر گرنگە، بۆیە لێرەش دووبارە قسەی لێدەکەین، وە من دوای لێکۆڵینەوەی زۆرو دوای ئەزموونی زیاتر، ئەو ڕایەی کە لەو کاتەداو، لە تەفسیری ئایەتەکەی سووڕەتی (البقرة)دا خستوومەتە ڕوو، کە گوتوومە: جگە لەو چوارانەش قەدەغەکراوی دیکە هەن، ئێستا ئەو ڕایەم نەماوە، بەڵکو ڕایەکی دیکەم بۆ پەیدا بووە، ئەویش ئەوەیە کە جگە لەو چوارانە، هیچ شتی دیکە قەدەغە نیە، مەگەر پیس‌و زیانبەخش بێ.

زانایانیش بۆیە کەوتوونە مشتومڕەوە، چونکە ئەم بابەتە کە خوا دەفەرموێ: (تەنیا چوار خواردنتان لێ قەدەغەن) لە چوار شوێنان، لە قورئاندا هاتوە:

١- لە سووڕەتی (الأنعام)دا، ئایەتی (١٤٥).

٢- لە سووڕەتی (النحل)دا، ئایەتی (١١٥).

٣- لە سووڕەتی (البقرة)دا، ئایەتی (١٧٣).

٤- لە سووڕەتی (المائدة)دا، ئایەتی (١).

هەڵبەتە خوای دادگەر ڕاستییەك لە چوار شوێندا بخاتە ڕوو، دیارە بابەتێکی گەورەو گرنگە، وە بێگومان بابەتی خواردنی گۆشتی پەلەوەرو ئاژەڵ، شتێکی گرنگەو ژیانی زۆربەی خەڵکی لەسەرە.

ئنجا ڕاجیاییەکەیان بەو هۆیەوە سەریهەڵداوە، کە خوا لە چوار شوێناندا ئەوەی باس کردوە، لە سووڕەتەکانی (البقرة) و (النحل) لە هەردووکیاندا، وشەی

(إِنَّمَا)ی بەکارهێناوە، کە بە: ئامرازی کورتهەڵێنان و چەسپاندن، ناسراوە:

١/ لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيْرِ ٱللَّهِ ۖ فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٧٣﴾ ﴾.

٢/ وە لە سوورەتی (النحل)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ۖ فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٥﴾ ﴾.

وەك گوتمان : (إِنَّمَا) لە زمانی عەرەبییدا، پێی دەگوترێ (أَدَاة الحَصْرِ وَالإِثْبَات) یانی: ئامرازی کورتهەڵێنان و ئیسپات کردن، واتە: (إِنَّمَا) کە دەچێتە سەر شتێك، بۆ وێنە : کە خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ ﴾، واتە: تەنیا ئەوەی لێ قەدەغە کردوون و هیچی دیکەی لێ قەدەغە نەکردوون.

٣/ لە سوورەتی (الأنعام)یش دا وشەی (إِنَّمَا) نیە، لەوێ دەفەرموێ: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ﴿١٤٥﴾ ﴾، واتە: بڵێ: لەوەدا کە خوا بە وەحی بۆی ناردووم، هیچ قەدەغەکراوێك نابینم جگە لەم چوارانە.. "کە باسمان کردن".

٤/ لە سوورەتی (المائدة)ش دا دەفەرموێ: ﴿ أُحِلَّتْ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلْأَنْعَٰمِ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ﴿١﴾ ﴾، واتە: چوارپێی ئاژەڵانتان بۆ حەڵاڵ کراون، جگە لەوەی

بەسەرتاندا دەخوێنرێتەوە، دوایی لە ئایەتی ژمارە (٣)دا ئەوەی خوێندۆتەوەو فەرموویەتی: ﴿حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحۡمُ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ وَٱلۡمُنۡخَنِقَةُ وَٱلۡمَوۡقُوذَةُ وَٱلۡمُتَرَدِّيَةُ وَٱلنَّطِيحَةُ وَمَآ أَكَلَ ٱلسَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيۡتُمۡ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ وَأَن تَسۡتَقۡسِمُواْ بِٱلۡأَزۡلَٰمِۚ ذَٰلِكُمۡ فِسۡقٌ ... ﴿٣﴾﴾ المائدة، لەم ئایەتەدا یازدە (١١) شتان باس دەکات، بەڵام هەموویان دەچنەوە نێو ئەو چوارە، چونکە:

١) ﴿ٱلۡمُنۡخَنِقَةُ﴾ خنکێندراو. ٢) ﴿ٱلۡمَوۡقُوذَةُ﴾ لێدراو، ٣) ﴿ٱلۡمُتَرَدِّيَةُ﴾ هەڵدێراو، ٤) ﴿ٱلنَّطِيحَةُ﴾ قۆچ لێدراو، ٥) ﴿مَآ أَكَلَ ٱلسَّبُعُ﴾ ئەوەی دڕندە لێی خواردبێ، ئەم پێنجانە هەموویان بە مردار حیسابن.

٦) ﴿مَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ﴾ ئەوەی لەسەر بت سەربڕابێ، ئەمیش هەر لە جۆری ﴿مَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ﴾ یە، ٧) ﴿أَن تَسۡتَقۡسِمُواْ بِٱلۡأَزۡلَٰمِۚ﴾ ئەوە بە زەلەمان دابەشتان کردبێ، کە جۆرێکە لە قومار، ئەمیش هەر لە جۆری ﴿وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ﴾ یە.

خستنە ڕووی دوو ڕایەکانی زانایان

ڕای یەکەم :

دەڵێن: جگە لەو چوار شتانە، هیچ شتێکی دیکە لە ئاژەڵو پەلەوەرو زیندەوەرو دڕندەو مارو مێروو...هتد قەدەغە نیە، بەڵام دەشڵێن: بەو مەرجە حەرام نین، کە بە بەڵگەی زانستییو پزیشکییو تەندروستیی نەسەلمێندرابێ، کە فلانە شتە پیسەو زیانبەخشە، چونکە هەر شتێك سەلمێنرا، پیسەو

زیانبەخشە، ئەوە قەدەغە دەبێ، بەلاّم بەم ئایەتە نا، بەڵکو بە ئایەتی ژمارە (١٥٧) سووڕەتی (الأعراف) کە دەفەرموێ: ﴿ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ ﴾، واتە: وە (پێغەمبەری خاتەم) هەموو شتە پیسو زیانبەخشەکانیان لێ قەدەغە دەکات.

کەواتە: هەر شتێك پیسو زیانبەخش بێ، قەدەغەیە، بە بەڵگەی ئایەتەکەی (الأعراف - ١٥٧)، وە بەپێی ئەو وشەیەش کە لە ئایەتی ژمارە (١٤٥) سووڕەتی (الأنعام)دا هاتوە، کە دوای ئەوەی باسی مردارو خوێنو گۆشتی بەراز دەکات، دەفەرموێ: ﴿ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ ﴾، واتە: لەبەرئەوەی پیسو زیانبەخشن.

کەواتە : هەر شتێك پیسو زیانبەخش بێ، هەم وشەی (رجس)، وە هەم وشەی (خبائث) لە سووڕەتی (الأعراف)دا، دەیگرنەوە، بەلاّم بێجگە لەوە، ئەوەی نەکەوێتە ژێر ناوونیشانی: (رجس)و (خبائث)ەوە، مانای وایە، دەبێ حەلاّڵ بێ.

بەڵگەکانی ڕای یەکەم، جگە لە ئایەتەکان:

١) ﴿ عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ كَانَ أَهْلُ الْجَاهِلِيَّةِ يَأْكُلُونَ أَشْيَاءَ، وَيَتْرُكُونَ أَشْيَاءَ تَقَذُّرًا، فَبَعَثَ اللهُ تَعَالَى نَبِيَّهُ ﷺ، وَأَنْزَلَ كِتَابَهُ، وَأَحَلَّ حَلالَهُ، وَحَرَّمَ حَرَامَهُ، فَمَا أَحَلَّ فَهُوَ حَلالٌ، وَمَا حَرَّمَ فَهُوَ حَرَامٌ، وَمَا سَكَتَ عَنْهُ فَهُوَ عَفْوٌ، وَتَلا: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِى مَآ أُوحِىَ إِلَىَّ مُحَرَّمًا ﴾، إِلَى آخِرِ الآيَةِ﴾[1] واتە: خەڵکی سەردەمی نەفامیی چەند شتێکیان دەخوارد "لە ئاژەڵ" چەند شتێکیشیان واز لێ دەهێنا، لەبەرئەوە کە بێزیان لێ دەکردنەوە، خوای بەرزیش پێغەمبەری ﷺ خۆی ڕەوانە کرد، وە کتێبی خۆی ناردە خوار، ئەوەی کە حەلاّڵی کرد، حەلاّڵی کرد، وە ئەوەی کە قەدەغەی کرد، قەدەغەی کرد، وە ئەوەی کە خوا حەلاّڵی کردوە، حەلاّڵە، وە ئەوەی کە خوا قەدەغەی کردوە، قەدەغەیە، وە ئەوەشی کە خوا لێی بێدەنگ بووە، ئەوە عەفوویە (واتە:

---

١) أَخْرَجَهُ الطَّحَاوِي فِي "مشكل الآثار" برقم: (٦٣٩)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٨٠٠)، قَالَ الأَلْبَانِي: صَحِيح الإِسْنَاد.

لێیگەڕاوەو کە لێیگەڕاوە یانی: قەدەغە نیە)، دوایی (عبدالله) کوڕی (عباس) ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا ... ﴾.

وە لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا دەڵێ: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێ، ئەم ئایەتەی خوێندەوە، دوایی گوتی: {مَا خَلاَ هَذَا، فَهُوَ حَلاَلٌ}[1] واتە: جگە لەم چوارانە، ئەوەی دیکە هەمووی حەڵاڵە.

٢) ﴿عَنْ عَمْرِو بْنِ دِينَارٍ، قُلْتُ لِجَابِرِ بْنِ زَيْدٍ : يَزْعُمُونَ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ نَهَى عَنْ حُمُرِ الأَهْلِيَّةِ زَمن خَيْبَرا فَقَالَ: قَدْ كَانَ يَقُولُ ذَاكَ الْحَكَمُ بْنُ عَمْرٍو الْغِفَارِيُّ عِنْدَنَا بِالْبَصْرَةِ، وَلَكِنْ أَبَى ذَاكَ الْبَحْرُ ابْنُ عَبَّاسٍ، وَقَرَأَ: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا ﴾﴾[2] واتە: عەمری کوڕی دینار، دەڵێ: بە جابیری کوڕی زەیدم گوت: ئەوانە دەڵێن: کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژی خەیبەردا نەهی کردوە لە خواردنی گۆشتی کەری ماڵیی ! ئەویش گوتی: حەکەمی کوڕی عەمری غیفاریی لە بەسرە لەلای ئێمە، وایدەگوت، (دەیگوت: لە پێغەمبەرم ﷺ بیستوە وایفەرموە)[3]، بەڵام دەریا (مەبەست پێی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسە) ڕازی نەبوو بەو قسەیە، وە ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا ﴾ بۆیەش (جابر) گوتوویەتی: (بحر) واتە: وەك بەحری زانست وایە.

٣) ﴿أَخْرَجَ ابْنُ أَبي حَاتِمٍ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، قَالَ: لَيْسَ شَيْء مِنَ الدَّوَابِ حَرَامٌ، إِلاَّ مَا حَرَّمَ اللهُ فِي كِتَابِهِ: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا ﴾ }[4]، واتە:

---

١) أَخْرَجَهُ عَبْدُ الرَّزَّاق برقم: (٨٧٠٩).

٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (٥٢٠٩).

٣) ئەوەی نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست.

٤) فتح القدير: ج٢، ص٢١٣.

ئیبنو ئەبی حاتیم لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە دەگێڕێتەوە، کە گوتوویەتی: هیچ شتێك لە زیندەوەران قەدەغە نیە، مەگەر ئەوەی خوا لە کتێبەکەی خۆی دا قەدەغەی کردبێ.

٤) ﴿عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنه، أَنَّهُ سُئِلَ عَنْ أَكْلِ الْقُنْفُذِ؛ فَتَلَا : ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا ﴾، الآيَةَ، فَقَالَ شَيْخٌ عِنْدَهُ: سَمِعْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ يَقُولُ: ذُكِرَ عِنْدَ النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ: (خَبِيثَةٌ مِنَ الْخَبَائِثِ)، فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: إِنْ كَانَ قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ هَذَا، فَهُوَ كَمَا قَالَ، مَا لَمْ نَدْرِ﴾[1]، واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە دەگێڕنەوە، کە پرسیاری لێکرا دەربارەی ژیشك، (لە بارەی خواردنی گۆشتەکەی) ئەویش ئەو ئایەتەی خوێندەوە : ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا ﴾، {واتە: مادام لەوێدا نیە کەواتە: حەڵاڵە}[2]، پیاوێکی بە تەمەن لەوێ بوو، گوتی: گوێم لە ئەبو هورەیرە بوو دەیگوت: باسی ژیشك کراوە لەلای پێغەمبەر ﷺ، ئەویش فەرموویەتی: پیسێکە لە پیسییەکان، (یان زیانبەخشێکە لە زیانبەخشەکان)، عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش گوتی: ئەگەر پێغەمبەر ﷺ وایفەرمووبێ، ئەوە وەك ئەو فەرموویەتی وایە، دیارە ئێمە پێمان نەزانیوە !

وادیارە گومانی هەبووە، تۆ بڵێی پێغەمبەر وایفەرمووبێ، جا یان گومانی لەو کابرایە بە تەمەنە هەبووە، یان گومانی لە ئەبو هورەیرە هەبووە، کە ڕەنگە بەهەڵەدا چووبێ، چونکە جگە لە پێغەمبەر کەس پارێزراو (معصوم) نیە لە هەڵەدا کردن.

٥) ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: مَاتَتْ شَاةٌ لِسَوْدَةَ بِنْتِ زَمْعَةَ فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللهِ! مَاتَتَ فُلَانَةُ تَعْنِي: الشَّاةَ، قَالَ: (فَلَوْلَا أَخَذْتُمْ مَسْكَهَا)، قَالَتْ: نَأْخُذُ مَسْكَ

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد ج٢، ص٣٨١، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٧٩٩)، قَالَ أَيْمَن صالح شَعْبَان: إِسْنَادُهُ ضَعِيفٌ جِدًّا، وَضَعَّفَهُ الأَلْبَاني.

٢) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە.

شَاةٍ قَدْ مَاتَتْ؟ فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللّٰهِ ﷺ: (إِنَّمَا قَالَ اللهُ تَعَالَى: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٖ يَطۡعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيۡتَةً أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا أَوۡ لَحۡمَ خِنزِيرٖ ... ﴿١٤٥﴾ ﴾، وَإِنَّكُمْ لاَ تَطْعَمُونَهُ إِنَّمَا تَدْبُغُونَهُ فَتَنْتَفِعُونَ بِهِ)، فَأَرْسَلَتْ إِلَيْهَا فَسَلَخَتْ مَسْكَهَا، فَدَبَغَتْهُ فَاتَّخَذَتْ مِنْهُ قِرْبَةً حَتَّى تَخَرَّقَتْ عِنْدَهَا ﴾[1]، واتە: عەبدوللای کوڕی عەبباس دەڵێ: سەودەی کچی زەمعە (کە یەکێکە لە هاوسەرانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ و دایکانی ئیمانداران خوا لێی ڕازی بێ، ئافرەتێکی بە تەمەن بووە)، مەڕێکی هەبوو مەڕەکەی مرد، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فلان کەسە مردوە، {دیارە ئەوان عادەتیان وابووە کە ئاژەڵو شت، ناویان بۆ داناوەو ناوێکی هەبووە، بۆ وێنە : گوێ بە گوارە، مەرەز، لە کوردەوارییشدا هەیە ناو لە مەڕو بزنو مانگا دەنێن}[2] پێغەمبەریش فەرمووی: بۆ پێستەکەتان وەرنەدەگرتو کەوڵتان نەدەکرد ؟ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ! ﷺ ئایا پێستی مەڕی مردوو، کە مردوە وەریبگرین؟ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٖ يَطۡعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيۡتَةً أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا أَوۡ لَحۡمَ خِنزِيرٖ ... ﴿١٤٥﴾ ﴾، واتە: بڵێ: لەوەدا کە بۆم وەحی کراوە، هیچ قەدەغەکراوێك نابینم، لەسەر هیچ بخۆرێك کە بیخوا...، دوایی فەرمووی: خۆ ئێوە گۆشتەکەی ناخۆن، بەڵکو لە دەباغی دەدەنو خۆشی دەکەن، بۆئەوەی سوودی لێ ببینن، ئیدی سەودە ناردی (دیارە نەفەرێکی ناردوە) مەڕەکەیان کەوڵ کرد، پاشان خۆشیان کردو لە دەباغیانداو، مەشکەیەکیان لێ دروستکرد، تاکو لەلای سەودە دڕا، هەر مابوو .

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٣٠٢٧)، وَإِبْنُ حِبَّانَ برقم: (١٢٨١)، تعليق شعيب الأرنؤوط: صحيح.

٢) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە.

تەماشا دەکەین : پێغەمبەریش ﷺ بەڵگەی بەم ئایەتە هێناوەتەوە، لەسەر ئەوە کە پێستەکەی حەلاڵە، بەلام گۆشتەکەی حەرامە، چونکە مرداروو مردارییەکەشی بۆ گۆشتەکەی دەچێتەوە.

٦) ﴿عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا: أَنَّهَا كَانَتْ إِذَا سُئِلَتْ عَنْ كُلِّ ذِي نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ، وَكُلِّ ذِي مِخْلَبٍ مِنَ الطَّيْرِ، تَلَتْ: ﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا﴾﴾[1]، واتە: لە عائیشە خوا لێی ڕازی بێ گێڕدراوەتەوە، کە کاتێك پرسیاری لێدەکرا، دەربارەی هەر کەڵبەدارێك لە دڕندان، وە هەر چڕنووکدارێك لە باڵندان، ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە: ﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا﴾، بۆ وێنە: دەربارەی کەمتیار، گورگ، چەقەڵ، شێر، باشوو، خەرتەل، دالاش، پرسیاری لێکرابایە ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە، واتە: مادام لەو چوار شتانە نیە، حەرام نیە.

کەواتە: وێڕای ئایەتەکان، ئەو شوێنەوانەش هەن، وەك بەڵگەکانی ڕای یەکەم، کە دەڵێ: جگە لەو چوارانە، هیچ شتێك قەدەغە نیە.

ڕای دووەم :

دەڵێن: نەخێر، بێجگە لەو چوارانە، شتی دیکەش هەیە قەدەغە بێ، چونکە چەند ئایەتو فەرموودەیەك لەوبارەوە هەن:

بەڵگەکانیان:

١) دەڵێن: خوای پەروەردگار لە سووڕەتی (الأعراف)دا دەفەرموێ: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ ١٥٧﴾، واتە: هەرچی پاكو چاکە بۆیان حەلاڵ دەکات، وە هەرچی پیسو زیانبەخشە، لێیان قەدەغە دەکات،

---

١) أَخْرَجَهُ اِبْنُ أبي شيبة برقم: (٢٠٢٣٥)، وابْنُ أَبي حَاتِم في (تفسيره)، برقم: (٨٠١١).

ئنجا دەڵێن: سەرجەم ئەو پەلەوەرە بە چڕنووكو دەندووك بە قولابو، ئەو دڕندە كەڵبەدارانە كە مشتومڕیان لەسەرە، هەموویان زیانبەخشو پیسن، لەبەرئەوە وشەی (خبائث)، دەیانگرێتەوە.

هەروەها بەڵگە بە ئایەتی ژمارە (١٤٥) سوورەتی (الأنعام)یش دێننەوە، كە خوای پەروەردگار دوای ئەوەی باسی مردارو خوێنی ڕژاوو گۆشتی بەراز، دەكات، دەفەرموێ: ﴿ فَإِنَّهُۥ رِجۡسٌ ﴾، چونكە پیسە، وەك فەرموویەتی:

﴿إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيۡتَةً أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا أَوۡ لَحۡمَ خِنزِيرٖ فَإِنَّهُۥ رِجۡسٌ ﴾،

دەڵێن: كەواتە: هەر شتێكی دیكەش زیانبەخش بێ، دەیگرێتەوە، وە هەر شتێ قێزەون بێ، دەیگرێتەوەو هەمان حوكمی هەیە.

دەڵێن: ئەگەر مردارو خوێنو گۆشتی بەراز، لەبەر (رجس) بوون واتە: پیسو زیانبەخش بوون، حەرام بن، دیارە هەر شتێكی دیكەش وابێ، هەمان حوكمی هەیە.

٢) ئنجا لەوبارەوە ئەم فەرموودەیەش بە بەڵگە دێننەوە: ﴿عَنْ أَبِي ثَعْلَبَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ نَهَى عَنْ أَكْلِ كُلِّ ذِي نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ﴾[(١)]، واتە: ئەبی ثەعلەبە (كە یەكێكە لە هاوەڵان) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی كرد لە: خواردنی هەموو كەڵبەدارێك لە دڕندان، یانی: ئەو دڕندانەی گۆشتخۆرن[(٢)].

٣) هەر لەوبارەوە ئەم فەرموودەیەش هەیە: ﴿عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ نَهَى يَوْمَ خَيْبَرَ عَنْ لُحُومِ الْحُمُرِ الأَهْلِيَّةِ﴾[(٣)]، واتە: جابیری كوڕی عەبدوڵلا خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی كرد لە خواردنی گۆشتی كەری ماڵیی لە ڕۆژی خەیبەردا.

---

١) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (٥٥٣)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٩٣٢)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٤٧٧)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤٣٢٥)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٢٣٢).

٢) دواتر ئەو فەرموودەیەش دێنین كە وێڕای دڕندەی كەڵبەدار باسی باڵندە چڕنووكدار (ذي مخلب من الطَّير)یش دەكات، كە أحمد: ١٦٨٦٢ و أبو داود : ٣٨٠٥ هێناویانەو (الألباني)یش بە (صحيح)ی داناوە.

٣) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ، برقم: (٥٥٣)، وَمُسْلِمٌ، برقم: (١٩٣٢).

ئنجا شوێنکەوتووانی ئەم رایە دەڵێن: پێغەمبەری خوا ﷺ هەر قسەیەکی فەرمووبێ، وەك ئەوە وایە خوا ﷻ فەرموو بێتی، بە بەڵگەی:

أ/ پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ: ﴿أَلا هَلْ عَسَى رَجُلٌ يَبْلُغُهُ الْحَدِيثُ عَنِّي وَهُوَ مُتَّكِيءٌ عَلَى أَرِيكَتِهِ، فَيَقُولُ: بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ كِتَابُ اللهِ، فَمَا وَجَدْنَا فِيهِ حَلالاً اسْتَحْلَلْنَاهُ، وَمَا وَجَدْنَا فِيهِ حَرَاماً حَرَّمْنَاهُ، وَإِنَّ مَا حَرَّمَ رَسُولُ اللهِ ﷺ كَمَا حَرَّمَ اللهُ﴾[1]، واتە: نزیکە پیاوێك کە پاڵی داوەتەوە لەسەر تەختێك، فەرموودەیەکی منی پێبگاتو بڵێ: لە نێوان منو ئێوەدا کتێبی خوا هەیە: هەر شتێ لە کتێبی خوادا بینیمان حەڵاڵە، بە حەڵاڵی دادەنێینو، هەر شتێ لە کتێبی خودا بینیمان حەرامە، بە حەرامی دادەنێین، بەڵام وانییەو ئەوەی کە پێغەمبەری خواش ﷺ حەرامی کردوە، وەك ئەوەیە کە خوای بەرز حەرامی کردوە.

ب/ هەروەها لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ﴿أَلا إِنِّي أُوتِيتُ الْكِتَابَ وَمِثْلَهُ مَعَهُ، أَلا يُوشِكُ رَجُلٌ شَبْعَانُ عَلَى أَرِيكَتِهِ، يَقُولُ: عَلَيْكُمْ بِهَذَا الْقُرْآنِ، فَمَا وَجَدْتُمْ فِيهِ مِنْ حَلالٍ فَأَحِلُّوهُ، وَمَا وَجَدْتُمْ فِيهِ مِنْ حَرَامٍ فَحَرِّمُوهُ، أَلا لا يَحِلُّ لَكُمْ لَحْمُ الْحِمَارِ الأَهْلِيِّ، وَلاَ كُلُّ ذِي نَابٍ مِنَ السَّبُعِ ...﴾[2]، واتە: ئاگاداربن ! من کتێبم پێدراوە، وە لەگەڵ کتێبیشدا شتێکی دیکەی وەك ئەوم پێدراوە، (واتە: قورئانم پێدراوەو سوننەتیشم پێدراوە)، با ئەوە نەیەتە دی : پیاوێکی تێر لەسەر قەنەفەو لەسەر شوێنی ئیسراحەتی خۆی پاڵی دابێتەوە بڵێ: هەر خەریکی قورئان بن ! هەر شتێکتان لە قورئاندا حەڵاڵ بینی، بە حەڵاڵی دابنێن، وە هەر شتێکتان لە قورئاندا بینی حەرامە، بە حەرامی دابنێن ! ئاگاداربن ! کە گۆشتی کەری ماڵییتان بۆ حەڵاڵ نیە، هەروەها گۆشتی هیچ خاوەن کەڵبەیەك لە دڕندان.

١) أَخْرَجَهُ الترمذي، برقم: (٢٦٦٤)، قال الألباني: صحيح.
٢) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٧٢١٣)، تعليق شعيب الأرنؤوط: إِسْنَادُهُ صَحِيح رِجَالُهُ ثِقَات رِجَال الصَّحِيح غير عبد الرحمن بن أبي عروف الجرشي فمِنْ رِجَال أَبِي دَاوُدَ وَالنَّسَائِي وَهُوَ ثِقَة، وَأَيْضَاً أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٦٠٤) قَالَ الأَلبانِي: صَحِيح.

دوو جۆرە تەئویل و ماناکردنی ئایەتەکان،
بۆ خۆ دەربازکردنی لە تێکگیران:

بەڵام ئایا ئەوان چۆن لەم ئایەتانە حاڵی بوون؟ بە دوو شێوە مانای ئایەتەکان دەکەن:

یەك : دەڵێن: لێرەدا کە خوا دەفەرمویٚ: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطۡعَمُهُۥٓ ﴾، واتە: هەتا هاتنە خواری ئەم ئایەتە هیچ شتێك قەدەغە نەبووە، جگە لەم چوارە، ئەم ئایەتەش لە سوورەتی (الأنعام)دا لە مەککە هاتۆتە خوار، کەواتە: شتی دیکە کە دوایی هاتۆتە خوارو خوا قەدەغەی کردبێ، مانای وایە لەگەڵ ئەمەدا تێکناگیرێ، چونکە هەتا ئەو کاتەی ئەم ئایەتە هاتۆتە خوار، تەنیا ئەو چوارە قەدەغەبوون، بەڵام خوا ﷻ دوایی شتی دیکەشی قەدەغە کردوە.

بەڵام لەڕاستییدا ئەمە هەڵوەشاندنەوەی زۆر ئاسانە، ئەویش ئەوەیە کە: بەڵێ، ئەم ئایەتەی سوورەتی (الأنعام) مەککەییە، وە ئەوەی سوورەتی (النحل)یش هەروا، بەڵام ئایەتی ژمارە (١٧٣)ی سوورەتی (البقرة) لە مەدینە هاتۆتە خوار، وە ئایەتی ژمارە (٣) سوورەتی (المائدة)ش، نەك هەر لە مەدینە هاتۆتە خوار، بەڵکو سوورەتی (المائدة) کۆتا سوورەتە لە قورئان هاتبێتە خوار، یانی: لەو دوو سوورەتە مەدەنییەیانەش دا خوای زاناو شارەزا هەر باسی ئەو چوارانە دەکات، کەواتە: ئەوە بە بەڵگە دانانرێ.

دوو : مانایەکی دیکە بۆ خۆ دەربازکردن لە تێکگیران لە نێوان ئەم فەرموودانەو ئەو ئایەتانەدا، ئەوەیە کە دەڵێن : ئەو کورتهەڵێنانە کە خوا دەفەرمویٚ : تەنیا ئەو چوارە حەرامن، کورتهەڵێنانێکی گوێرەیی (حصر نسبي)یە، کە ئەوان پێی دەڵێن : (الحَصْر الإضَافِي أَو الحَصْر النّسبي) یانی : چی ؟ دەڵێن:

چونکه کافرەکان زۆر شتیان له گۆشتی ئاژەڵان قەدەغه دەکرد، وەك باسمان کردو ئاماژەمان پێدان، که خوا دەفەرموێ: ﴿مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٍ وَلَا سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ وَلَٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ وَأَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٣﴾﴾ المائــــدة، بۆیـه خـوا ﷻ فـەرمووی: ئـەو ئـاژەڵانەی ئێـوە قەدەغـەیان دەکـەن، هیچیان قەدەغـە نـین، تـەنیا ئـەو چـوار شـتە قەدەغـەن، کـە بریتین له: مـردارو خوێنـی ڕژاوو گۆشـتی بـەرازو بۆ جگە لـەخوا سـەربڕاو، واتـە: بەنسبەت ئەو شتانەوە، کە ئەوان قەدەغەیان کردوون، تەنیا ئەو چوارە قەدەغەن.

لـەوبـارەوە (إبن كـثير) دەڵـێ : (والـمقصود مـن سياق هذه الآية الكريمة، الـردُّ عَلَى الـمُشرِكِين الَّذِينَ ابتدعوا ما ابتدعوه، من تحريم الـمحرَّمَات عَلَى أَنْفُسِهم بآرائِهِم الفَاسِدَة مِن الـبَحِيرة والسـائبة والوصيلة والحـام ونحـو ذَلِـكَ، فَأَمَر (اللّه) رَسُولَهُ أن يُخبِرهم أنه لا يجد فِيما أَوحَاه اللّه إِلَيْهِ أَن ذَلِكَ مُحَرَّم، وَإِنَّمَا حُرِّم ما ذكر فِي هَذِهِ الآية، مِن الـميتة، والدَّم الـمسفوح، وَلَحْم الخنزِيـر، وَمَا أُهِلّ لِغَيْر اللّه بِهِ. وَمَا عَدَا ذَلِك فَلَم يُحَرَّمْ، وَإِنَّمَا هُـوَ عَفُو مَسْكُوت عَنْهُ، فَكَيْفَ تَزعُمُون أَنْتُـم أَنَّهُ حَـرَام، وَمِـن أيـن حرَّمتمـوه ولـم يحرِّمـه اللّه؟)[1]، واتـە: مەبەسـت لـەم ئایەتـانە بەرپەرچـدانەوەی هاوبـەش بـۆ خـوادانەرەکـانە، ئەوانـەی کـە لـەخـۆوە شـتیان دادەهێنـاو لەخۆیـانەوە شـتیان قەدەغـە دەکـرد لەسـەر خۆیـان، بـە بیروبۆچوونـە هەڵەکانیـان، وەك: (بَحِيرة، سائبة، وصيلة، حام)و وێنـەی ئەوانە، ئنجا خـوا ﷻ فەرمانی بە پێغەمبەر کـرد: هەواڵیـان پێبـدا : لەو ئایینـەدا کـە خـوا بە وەحی بۆی ناردوە، نابینـێ ئەو شـتانە قەدەغـە بن، بەڵکو هەر ئەوانە قەدەغـەن، کە لەم ئایەتـانەدا هـاتوون، کە بریتین لـە: مردارو خوێنـی ڕژاوو گۆشتی بـەرازو بـۆ جگە لـە خوا سـەربڕاو، وە جگـە لەم چوارە خـوا ﷻ هیـچی دیکەی قەدەغە نەکردوە، بەڵکـو لـێی بێـدەنگ بـووە، کەواتـە: ئێـوە چۆن گومـان دەبـەن کـە ئـەو شـتانە قەدەغـەن، وە چۆن قەدەغەتان کردن، لە حاڵێکدا کە خـوا قەدەغـەی نەکردوون ؟!

١) المصباح المنير في تهذيب تفسير إبن كثير، ص٤٥٥.

ڕای خۆم لــەوبـــارەوە

وەك پێشــتریش گوتــم ڕای یەكـەم هەڵدەبـژێرم كـە: جگـە لـەو چـوار شــتە، هـیچ شــتێك قەدەغـە نیـە، بەڵام دوای ئـەوەی كە ئـەو سێ ڕوونكردنەوانە، دەخـەمە ڕوو:

یەكـــەم: بەنســـبەت شـــەڕابو میـــزو پیسـایی‌و شـتی پیسـەوە، لەبـەر پیســیی‌و زیانبەخشییان، هەر حەڕامن، چونكە هەندێ كەس دەڵێن: ئەگەر وابێ، دەبێ ئەو شتانەش حەلاڵ بن، چونكە لە قورئاندا نەهاتوون‌و دەقیان لەسەر نیە !! ئێمەش لە وەڵامدا دەڵێیـن: نەخێر وانیە، چونكە وشـەی : ﴿ٱلۡخَبَٰٓئِثَ﴾ لە ئایەتی ژمارە (١٥٧) سـوورەتی (الأعراف)، وە وشـەی : ﴿فَإِنَّهُۥ رِجۡسٌ﴾ لە ئایـەتی (١٤٥)ی سـوورەتی (الأنعام)دا، ئەوە دەگەیەنن كـە هـەر شـتێك (خبائث) بێ، حـەڕامـە.

دووەم: مەرج نیە مرۆڤ بێزی لـە هـەرشـتێ ببێتـەوە، حـەڕام بـێ، چونكە زۆر لـە توێـژەرەوان لـە شـوێنێـك دا ژیـاون، بـۆ وێنـە: بۆقیـان نەخـواردوە، مارمێلكـەیان نەخـواردوە، ماریـان نەخـواردوە... هتـد، بەڵام ئێمـە لـە سوننەتی پێغـەمبەردا بەڵگەمان هەیە كە پێغەمبەری خوا، شتێكی نەخواردووە، بێزی لـێ كردۆتـەوە، بەڵام نەیفـەرمووە، حـەڕامــە، بـۆ وێنـە: ﴿عَـنْ خَـالِـدِ بْـنِ الْوَلِـيدِ ﷺ، أَنَّهُ دَخَلَ مَـعَ رَسُـولِ اللّٰهِ ﷺ بَيْـتَ مَيْمُـونَـةَ فَأُتِـيَ بِضَـبٍّ مَحْنُوذٍ فَأَهْـوَى إِلَيْـهِ رَسُـولُ اللّٰهِ ﷺ بِيَـدِهِ، فَقَالَ بَعْضُ النِّسْوَةِ اللاَّتِي فِي بَيْتِ مَيْمُونَةَ : أَخْبِرُوا النَّـبِيَّ ﷺ بِمَا يُرِيدُ أَنْ يَأْكُلَ مِنْـهُ، فَقَالُوا: هُوَ ضَـبٌّ، فَرَفَـعَ رَسُـولُ اللّٰهِ ﷺ يَـدَهُ، قَـالَ: فَقُلْـتُ: أَحَرَامٌ هُوَ يَا رَسُولَ اللّٰهِ؟ قَالَ: (لاَ وَلَكِـنَّهُ لَمْ يَكُـنْ بِأَرْضِ قَوْمِي، فَأَجِدُنِي أَعَافُهُ)، قَـالَ خَالِـدٌ: فَاجْـتَرَرْتُهُ فَأَكَـلْـتُهُ وَرَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ يَنْظُـرُ﴾[1]، واتـە: خالیـدی كوڕی وەلـید خـوا لـێی ڕازی بـێ، دەگێڕێتـەوە دەڵـێ: چوومە ماڵی مەیموونـەی

---

١) أَخْرَجَـهُ أَحْمَـد، بـرقم: (١٦٨٥٩)، وَالبُخَـارِيُّ، بـرقم: (٥٢١٧)، وَمُسْـلِمٌ، بـرقم: (٥١٤٦) بـرقم: (٥٢٦٣) قـال شـعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط الشيخين.

(خێزانی پێغەمبەر ﷺ کە پووری خالید بووە)، (ضب)یان هێنایە پێش پێغەمبەر ﷺ (ئێمە پێی دەڵێین: بزنمژە)، پێغەمبەری خوا ﷺ پێشی نەیزانی، دەستی بۆ برد، یەکێ لە ئافرەتەکان کە لە ماڵی مەیموونە دابوون، گوتی : هەواڵ بە پێغەمبەر ﷺ بەوەی کە دەیەوێ لێی بخوان، ئیدی هەواڵیان پێدا : کە ئەوە بزنمژەیە ! ئیدی پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی گێڕایەوە، خالید دەڵێ گوتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەوە حەرامە ؟ گوتی : نەخێر حەرام نیە، بەڵام لەسەر زەمینی ئەو خەڵکەی کە من لە نێویان دا گەورە بووم، نەبووە، بۆیە دڵم بۆی ناچێ، یاخود بێزم لێ دەبێتەوە، خالید دەڵێ: ئیدی منیش ڕامکێشاو خواردم، پێغەمبەری خواش ﷺ تەماشای دەکرد.

لەلایەکی دیکەشەوە فەرموودەی دیکەشمان هەیە بە جۆرێکی دیکە: ﴿أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ نَهَى عَنْ أَكْلِ لَحْمِ الضَّبِّ﴾[١]، واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی کردوە لە خواردنی گۆشتی بزنمژە (ضب)، وەك دەبینین : لێرەدا نەهی لێکردوە، لەویش فەرموویەتی : حەرام نیە.

کەواتە: مەرج نیە هەرچی پێغەمبەر ﷺ ڕێگریی لێکرد، حەرام بێ، جاری وایە ڕێگریی لێکرانەکە، لەبەر ئەوە بووە کە پێی خۆش نەبووە، لەسەر سفرەکەی هەبێ‌و بێزی لێ بۆتەوە.

<u>سێیەم</u>: ئەم ڕایە کە دەڵێ: جگە لەو چوارانە هیچ شتی دیکە قەدەغە نیە، ڕای پێشەوا مالیك‌و کۆمەڵێك زانای دیکەیە، دیارە مالیك یەکێکە لە پێشەواو زانا گەورەکان، کە ئیمامی خەڵکی مەدینە بووە، ئنجا ئەگەر ئەو بڵێ: جگە لەو چوارانە، هیچی دیکە قەدەغەنیە، مانای وایە ڕایەکەی ئیعتیبارێکی تایبەتی هەیە.

پێشەوا فەخرەددینی ڕازیی لەوبارەوە لە تەفسیرەکەی خۆی دا[٢] دەڵێ: (فَثَبَتَ بِالتَّقرِيرِ الَّذِي ذَكَرْنَاهُ : قُوّة هَذَا الكَلاَمِ وَصحّة هَذَا الـمَذْهَب، وَهُوَ الَّذِي كَانَ يَقُولُ بِهِ مَالِك بْن أَنَس) دیارە فەخرەددینی ڕازیی، دوای باس‌و خواسێکی

١) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٧٩٦)، وَحَسَّنَهُ الأَلباني.
٢) التفسير الكبير، ج٧، ص١٨٢.

زۆر دەڵێ: بەم شێوەیە چەسپا کە ئەم قسەیە زۆر بەهێزەو، ئەم ڕایە زۆر ڕاستەو، ئەم ڕایەش ڕای مالیکی کوڕی ئەنەسە.

لەبەر ئەوە من ئەو قسەیەی شەوکانیی کە لە (فتح القدير)ەکەیدا هێناویەتی، پێم باش نیە، کە لەوبارەوە دەڵێ: (وَقَدْ رُوِيَ عَن ابنِ عَبَّاسٍ وَابْن عُمَر وَعَائِشَة أَنَّهُ لا حرام إلاَّ مَا ذَكَرَه الله فِي هَـذِهِ الآيَـة، وروي ذَلِكَ عَنْ مَالِك، وَهُوَ قَول سَاقِط وَمَذْهبٌ في غَاية الضعف، لاستلزَامه لإِهْمَال غيرها مِمَّا نـزل بعدها، مِنَ القُرآن، وَإِهْمَال ما صَحّ عَن النَّبِي ﷺ أَنَّهُ قالَهُ بَعْدَ نزول هَذِهِ الآيَة، بلا سَبَب يَقْتَضِي ذَلِكَ ولا موجِبٍ يوجبه)[1] واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس‌و عەبدوڵڵای کوڕی عومەرو عائیشەوە خوا لێیان ڕازی بێ گێڕدراوەتەوە کە: جگە لەوەی خوا لەم ئایەتەدا باسی کردوە، هیچ شتێك قەدەغە نیە، وە ئەوە لە مالیکیشەوە گێڕدراوەتەوە (واتە: ڕای ئەویشە) وە ئەمە قسەیەکی زۆر بێهێزە، چونکە ئەم قسەیە، ئەوە دەخوازێ، کە هەرچی قورئانێك، کە لە دوای ئەوە دابەزیوەو باسی قەدەغەکراوەکان دەکات، پشتگوێ بخرێ، وە هەرچی کە پێغەمبەری خوا ﷺ دوای دابەزینی ئەو ئایەتە، فەرموویەتی‌و بە سەنەدی ڕاست پێمانگەیشتوە، دەبێ پشتگوێ بخرێ، بەبێ هۆکارێك کە ئەوە بخوازێ‌و بەبێ پاساوێك کە شایستە بێ!

بەڵام ئێمە دەڵێین: لەڕاستیدا هیچ ئایەتێك لە دوای ئەوە نەهاتۆتە خوار، کە لەگەڵ ئەم ئایەتەدا تێکبگیرێ، واتە: لەگەڵ ئەو ئایەتەی ژمارە (١٤٥) سووڕەتی (الأنعام)، وە ئەوەیش کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی ئەویش وەڵامی خۆی هەیەو، بێگومان قسەو کردەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ قورئان دا تێکناگیرێ‌و دژ ناوەستێ.

ئنجا وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا: من کاتی خۆی لە تەفسیری ئایەتی ژمارە (١٧٣)ی سووڕەتی (البقرة)دا، ئەو ڕایەم پەسند کرد، کە جگە لەو چوارانە، شتی دیکەش هەن، خواردنیان قەدەغەیە، ئەویش لەبەر هەبوونی ئەو فەرموودانەی

---

١) فتح القدير، ج٢، ص٢١٢.

پێغەمبەر ﷺ، کە پێشتر باسمان کردن‌و، دواییش جارێکی دیکە باسیان دەکەینەوە، بەڵام ئێستا دوای زیاتر وردبوونەوە لە بابەتەکە، گەیشتوومەتە ئەو رایەی کە جگە لەو چوارە، هیچ شتێك قەدەغە نیە وەك حەرام‌و قەدەغە بوون، بەڵام دەگونجێ بڵێین: ناپەسندە، قێزەونە، هەڵبەتە بە مەرجێك ئەو شتە زیانبەخش نەبێ، چونکە ئەگەر زیانبەخش‌و پیس بێ، دەکەوێتە ژێر ناوونیشانی: (خبائث)ەوەو، هەموو (خبائث)ێکیش قەدەغەیە.

هەروەها شتی پیس‌و زیانبەخش دەکەوێتە ژێر ناوونیشانی (رجس)یشەوە، کە ئایەتی (١٤٥)، سوورەتی (الأنعام)دا هاتووە، هەرچی (رجس)یش بێ، واتە: پیس‌و زیانبەخش بێ، قەدەغەی دەکات، بەڵام هەر ژیاندارێك بە مەرجێ پیس‌و زیانبەخش نەبێ، با ئینسان بێزیشی نەیەت بیخوات: مارە، بۆقە، پەرەسێلکەیە حاجی لەقلەقە، فیلە، پڵینگە، شێرە، مشکە، هەرچی هەیە، مادام دەرکەوێ زیانی نیە، هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نیە، کە بڵێین: ئەوە قەدەغەیە، بەڵگەم چییە لەسەر ئەوە ؟ ئەم دە (١٠) بەڵگانەی خوارەوەن :

دە (١٠) بەڵگە لەسەر قەدەغەنەبوونی جگە لە چوار قەدەغەکراوەکە

بەڵگەی یەکەم: مادام ئەو بابەتە لە چوار ئایەتدا هاتووە : دووانی مەککەیی‌و دووانی مەدینەیی، لە چوار شوێنان لە قورئاندا خوا بفەرموێ: تەنیا ئەو چوار شتانە قەدەغەن، ناگونجێ حوکمێکی لەم شێوەیە نە نەسخ بکرێتەوە، نە تایبەتکردن، بیگرێتەوە، بەتایبەتییش کە لە سێیان دا، شێوازی کورتهەڵێنان (حصر) بەکارهاتووە، کە خوا دەفەرموێ: بەس ئەو چوار شتە قەدەغەن، وە لە چوارەمیشیاندا کە ئایەتی کۆتایەمینە، پێویستیی نەکردوە خوا لەوێشدا شێوازی کورتهەڵێنان (حصر) بەکاربێنێ، کەواتە: ئایەتی چوارەمیش هەمان حوکمی هەیە، هەروەك چۆن کە لە ئایەتی یەکەم دا ـ کە واپێدەچێ یەکەم ئایەت، ئایەتەکەی سوورەتی (الأنعام) بێ ـ کە فەرموویەتی: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٖ يَطۡعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيۡتَةً أَوۡ دَمٗا

مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ۚ فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤٥﴾﴾، بەڵێ کە لێرەدا باسی خوێنی ڕژاو (دَمًا مَّسْفُوحًا)ی کردوە، لە سێ ئایەتەکەی دیکەدا، پێویستی نەکردوە، هەموو جارێك باسی خوێنی ڕژاو بکات‌و، وشەی ڕژاو (مَّسْفُوحًا)ی بۆ زیاد بکات، چونکە مانای وایە هەر کات باسی خوێن دەکات، مەبەست پێی خوێنی ڕژاوە، نەك ئەو خوێنەی کە لە جگەرو لە سپڵ دا کۆدەبێتەوە.

ئنجا هەر کام لەو چوار ئایەتەش، لە سیاقێکدا هاتوون، کە خوا باسی چاکەو نیعمەتەکانی خۆی دەکات، با تەماشا بکەین:

١ - خوای زاناو توانا لە ئایەتەکانی پێشتری سوورەتی (الأنعام)دا دەفەرموێ: ﴿ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ ۖ مِّنَ ٱلضَّأْنِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْمَعْزِ ٱثْنَيْنِ ﴿١٤٣﴾﴾، مانای وایە خوا باسی ئاژەڵەکان دەکات، کە خوا دروستی کردوون، ئنجا خوا گلەیی‌و سەرزەنشت ئاراستەی کافرەکان دەکات، کە بۆچی لە خۆتانیان قەدەغە دەکەن؟ ئنجا لەوێدا دەفەرموێ: ﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِى مَآ أُوحِىَ إِلَىَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيْتَةً ... ﴿١٤٥﴾﴾، کەواتە: جگە لەو چوارانە، ئەو نیعمەتانەی کە خوا خوڵقاندوونی لە ئاژەڵ‌و پەلەوەرو ... هتد، هیچیان قەدەغە نین.

٢ - لە سوورەتی (النحل)یشداو لە سیاقی باسی نیعمەتەکانداو، لە پێش ئایەتی (١١٥)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿فَكُلُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلًا طَيِّبًا وَٱشْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿١١٤﴾ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ۖ فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ

بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٥﴾ ﴾، واتە: لەوەی کە خوا پێیداون حەڵاڵو پاكو چاكە بخۆن، وە سوپاسی چاكەی خوا بكەن، ئەگەر تەنیا بەندایەتیی بۆ ئەو دەكەن، بێگومان (خوا) تەنیا مردارو خوێنو گۆشتی بەرازو بۆ جگە لە خوا سەربڕاوی لێ قەدەغەكردوون.

٣ - لە سوورەتی (البقرة)شدا دەفەرمویٚ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لِلَّهِ إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ ﴿١٧٢﴾ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحۡمَ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيۡرِ ٱللَّهِۖ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴿١٧٣﴾ ﴾، واتە: ئەی ئەوانە ئیمانتان هێناوە ! لەو ڕزقە پاكو چاكو بە لەزەتانەی كە پێمانداون، بخۆن، وە سوپاسی (چاكەی) خوا بكەن، ئەگەر تەنیا ئەو دەپەرستن، بێگومان (خوا) تەنیا مردارو خوێنو گۆشتی بەرازو بۆ جگە لە خوا سەربڕاوی لێ قەدەغەكردوون...

٤ - وە لە سوورەتی (المائدة)شدا دەفەرمویٚ: ﴿ ... أُحِلَّتۡ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلۡأَنۡعَٰمِ إِلَّا مَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ... ﴿١﴾ ﴾، واتە: هەرچی چوارپێی ئاژەڵە بۆتان حەڵاڵ كراوە، جگە لەوەی بەسەرتان دا دەخوێنرێتەوە...، دوایی دەفەرمویٚ: ﴿ حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةُ وَٱلدَّمُ ... ﴿٣﴾ ﴾، كەواتە: هەموویان لە سیاقی باسی نیعمەتەكانو چاكەكانی خوا دان، ئنجا مادام خوا وا بە ڕوونو ڕاشكاویی بفەرمویٚ: ئەو شتانەی كە بۆم دروستكردوون، هەموویان چاكەو نیعمەتی منن، وە جگە لەو چوارانە هیچ شتێكتان لێ قەدەغە نیە، ئەوە بەڵگەیەكی بەهێزە، كە جگە لەو چوار شتە، هیچی دیكە قەدەغە نیە.

بەڵگەی دووەم: خوا ڕایگەیاندوە كە بەگشتی دروستكراوەكانی بۆ سوودی مرۆڤایەتیی دروستكردوون:

أ - خـــوا دەفـــەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖۚ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ﴿٢٩﴾ ﴾، واتــە: خــوا ئــەو کەســەیە کــە هەرچــی لەســەر زەویــی دایــە، بــۆ ئێــوەی دروســتکردوە، مانــای وایــە هــەرچی بەشــەر بتوانــێ لێــی بەهرەمەنــدو سوودمەندبـێ، هـەر جرو جانەوەرێك بـێ، هەر زیندەوەرێك بـێ، مـادام بەشـەر بتوانـێ سوودی لـێ ببینـێ، خـوا بۆ ئێمەی دروستكردوە، گرنـگ ئەوەیـە زیانـی نەبـێو میـزاجو دڵـی قبـووڵی بکات.

ئنجـا لــەو ئایەتـانەی پێشێشـدا خــوا دەفـەرموێ: هیچـم لــێ قەدەغــە نەکـردوون جگـە لـەو چوارە، مەگـەر شتێك زیانبـەخشو پـیس بـێ، کە ئـەوە حوکمێکـی دیکەی هـەیە.

ب - وە لـــە ســـوورەتی (الحـــج)دا دەفـــەرموێ: ﴿ أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱلۡفُلۡكَ تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ بِأَمۡرِهِۦ ... ﴿٦٥﴾ ﴾، واتــە: ئایـا نابینــی کـە خـوا هەرچی لە ئاسمانو زەوی دایـە، بـۆ ئێوەی دەسـتەمۆکردوە، وە کەشـتیش لە دەریادا دەڕوا بـە فەرمـانی خـوا.

ج - وە لە سـوورەتی (الجاثیـة)شدا دەفـەرموێ: ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا مِّنۡهُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٣﴾ ﴾، واتـــــە: هـەرچی لە ئاسمانەکانو زەویدا هەیـە، هـەمووی لەلایـەن خۆیـەوە بـۆ ئێـوەی دەسـتەمۆو ڕام کـردووە، وایـلێکـردوە کە لـێـی بەهـرەمەنـد بـن.

بەڵـگـەی سـێـیـەم: خـوا ﷻ، هـەروەها پێغـەمبەری خـوا ﷺ قەدەغـەیان کـردوە کە بەبـێ بەڵـگـەی ڕوونو بـێ چـەندو چوون، شـتێك قەدەغـە بکـرێ، یـانی: خــواو پێغـەمبەری خـوا، زۆر بەوە قەڵسن کە لەخـۆوە شـتێك قەدەغە بکـرێ.

با تەماشا بکەین :

أ) لە سوورەتی (النحل)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴿١١٦﴾ ﴾، واتە: وە هەر بەوەی کە زمانتان وەسفی دەکات بە درۆ مەڵێن: ئەمە حەڵاڵەو ئەمە حەرامە، تاکو بە ناوی خواوە درۆ هەڵبەستن، ئەوانەی بە ناوی خواوە درۆ هەڵدەبەستن سەرفراز نابن.

ب - وە لە سوورەتی (یونس)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ ۖ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ تَفْتَرُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾، واتە: بڵێ: پێشانم بدەن ! ئەو ڕۆزییەی کە خوا بۆی ناردوونە خوار، کەچی هەندێکیتان بە حەرام داناو هەندێکیشتان بە حەڵاڵ دانا، بڵێ : ئایا خوا مۆڵەتی داون، یاخود درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستن ؟

کەواتە: خوا زۆری پێ ناخۆشە، هەر لەخۆوە ئەو شتانەی کە بۆ ئێمەی دروستکردوون، حەرامیان بکەین.

ج - پێغەمبەر ﷺیش لەوبارەوە فەرموویەتی: ﴿مَا أَحَلَّ اللَّهُ فِي كِتَابِهِ فَهُوَ حَلَالٌ وَمَا حَرَّمَ فَهُوَ حَرَامٌ، وَمَا سَكَتَ عَنْهُ فَهُوَ عَافِيَةٌ، فَاقْبَلُوا مِنَ اللَّهِ عَافِيَتَهُ، فَإِنَّ اللَّهَ لَمْ يَكُنْ نَسِيًّا، ثُمَّ تَلاَ هَذِهِ الآيَةَ: ﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴿٦٤﴾ ﴾ مريم﴾[1]، واتە: ئەوەی خوا لە کتێبی خۆی دا بۆی حەڵاڵ کردوون، حەڵاڵە، وە ئەوەش کە بۆی حەرام کردوون، حەرامە، وە ئەوەی لێی

---

١) أَخْرَجَهُ البَزَّار، برقم: (٤٠٨٧)، وَالطَّبَرَانِي، كَمَا فِي "مجمع الزوائد" (ج١، ص١٧١)، وَقَالَ الهَيْثَمِيُّ: إِسْنَادُهُ حَسَنٌ ورجاله موثقون، وَالحَاكِمُ برقم: (٣٤١٩) وَقَالَ: صَحِيح الإِسْنَاد، وَالبَيْهَقِيّ في "الكبرى"، برقم: (١٩٥٠٨)، وَالدَّارَقُطْنِي، برقم: (١٢).

بێدەنگ بووە، عەفوە (چاوپۆشیی لێکراوە)، دەجا چاوپۆشیی خوا وەربگرن، چونکە خوا هیچ شتێکی لەبیر نەچووە، {یانی: کە هەندێ شتی باس نەکردووەو نەیفەرمووە حەرامە، مانای وایە حەڵاڵو موباحە، ئەگەر زانیتان سوودی لێ دەبینن، بەکاریبێنن، وە ئەگەر زانیتان زیانی هەیە لێیگەڕێن}[1]، ئنجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴿٦٤﴾ ﴾ مريم، وە پەروەردگارت هیچی لەبیر نەچووەو هیچی لەبیرناچێ.

بەڵگەی چوارەم: بەڵگەکی دیکە لەسەر ئەوە کە جگە لەو چوار شتانەی، کە خوا لە چوار ئایەتی قورئاندا، لە سوورەتەکانی: (البقرة، المائدة، الأنعام، النحل)دا ڕایگەیاندوە کە حەرامن، کە بریتین لە: مردارو خوێنو گۆشتی بەرازو بۆ جگە لە خوا سەربڕاو، جگە لەو چوارە، قەدەغە نین، ئەوەیە کە خوا بە ڕەهایی خواردنی خاوەن کتێبەکانی بۆ مسوڵمانان حەڵاڵ کردوە، وەك لە ئایەتی ژمارە (٥)ی سوورەتی (المائدة)دا دەفەرموێ: ﴿ ٱلْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ حِلٌّ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَّهُمْ ﴿٥﴾ ﴾، ئەمڕۆ شتە بەتامو خۆشەکانتان بۆ حەڵاڵ کراون، وە خواردنی ئەوانەی کە کتێبیان پێدراوە بۆ ئێوە حەڵاڵە، وە خواردنی ئێوەش بۆ ئەوان حەڵاڵە.

ئنجا مادام لێرەدا خوا بە ڕەهایی خواردنی خاوەن کتێبەکانی بۆ ئێمە حەڵاڵ کردوە، بەتایبەت خواردنی جوولەکەو نەصرانییەکان، کە دیارە ئەوانیش مەگەر چۆن، دەنا کەم شت هەیە نەیخۆن، دیارە بەراز ئەوە جیایە، چونکە بەراز دەقی قورئانی لەسەرە، بەڵام شتەکانی دیکە هەرچی خاوەن کتێبەکان بیخۆن، لە گۆشتی ئاژەڵو پەلەوەرو دڕندەو زیندەوەران، بەپێی ئەم ئایەتە، کە دەفەرموێ: خواردنی خاوەن کتێبەکان بۆ ئێوە حەڵاڵ کراوە، کەواتە هەرچی بیخۆن، جگە لەوەی کە دەقی قورئانی لەسەرە، کە بەرازەو ئەوان گۆشتەکەی بە حەڵاڵ دەزانن، وە جگە لە مردارو، خوێنو، بۆ جگە لە

---

١) ئەوەی نێوان کەوانەکان خۆم زیادم کردوە.

خوا سەربڕاو، ئەوەی دیکە هەمووی ڕەوایە.

بەڵگەی پێنجەم: ئەوەیە کە ناگونجێ دەقەکانی سوننەت لەگەڵ ئایەتەکانی قورئاندا تێکبگیرێن، بۆچی ؟ چونکە خوا بە ئەرکی پێغەمبەری خاتەمی ﷺ داناوە کە ئایەتەکانی خوا بۆ خەڵك ڕوون بکاتەوە، وەك لە سووڕەتی (النحل)دا دەفەرموێ: ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾﴾، واتە: وە زیکرمان (بیرخەرەوەمان) بۆ تۆ ناردۆتەخوار، تاکو ئەوەی بۆیان نێرراوەتەخوار، بۆ خەڵکی ڕوون بکەیەوە، کەواتە: ئەرکی پێغەمبەر ﷺ بریتی بووە لە ڕوونکردنەوەی قورئان، بۆیە هەموو فەرمایشتەکانی، وە هەموو کردەوەکانی، وە هەموو دانپێداهێنانەکانی، یانی: سوننەت بە هەرسێ بەشەکەیەوە (أقوال وأفعال وتقريرات) دەبێ بریتی بێ، لە ڕوونکردنەوەی واتاو چەمکی ئایەتەکانی قورئان، نەك لەگەڵیاندا تێکبگیرێ !

ئنجا بابزانین: چۆن چارەسەری تێکگیرانی ئەو فەرموودانە دەکەین، کە پێشتر باسمان کردن، کە تێیاندا پێغەمبەر ﷺ نەهی کردوە، لە خواردنی گۆشتی دڕندەی کەڵبەدار، وە پەلەوەری نینۆکدار، وە کەریماڵیی...، ئایا چۆن ئەو فەرموودانە، لەگەڵ ئەم ئایەتانەدا بگونجێنین ؟

ئێمە لەوبوارەدا دوو ڕێگەمان لەپێشە :

<u>ڕێی یەکەمیان</u>: ئەوەیە کە بڵێین: ئەو دەقانە مادام لەگەڵ قورئاندا تێکدەگیرێن، دیارە هی پێغەمبەری خوا ﷺ نین، وەك ئیمام فەخرەددینی ڕازیی کە بۆخۆی یەکێکە لەو زانایانەی جگە لەو چوارانە، هیچ شتێکی دیکەی پێ قەدەغە نیە، هەرچەندە بۆخۆی شافیعیی مەزهەبە، بەڵام لەوەدا ڕای مالیکی بەلاوە پەسەندە، وە زانایانی ڕۆچوو هەر وابوون، ئەگەر بەگشتیش شوێنکەوتووی پێشەوایەك بووبن، بەڵام کە زانیبێتیان، لە شتێکدا ئیمامەکەیان نەیپێکاوە، پشتگیریی ڕای ئیمامێکی دیکەیان کردوە، کە پێکاویەتی، یان خۆیان ڕایەکی دیکەیان خستۆتە ڕوو، لەوبارەوە ئیمام فەخرەددین لە (تفسير الكبير)ەکەی خۆی دا کە بە (مفاتيح الغيب) ناسراوە

دەڵێ : (وَعِنْدَ هَذَا نَقُولُ: مَا رُوِيَ أَنَّهُ ﷺ حَرَّمَ كُلَّ ذِي نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ، وذِي مِخْلَبٍ مِنْ الطُّيُورِ ضَعِيفٌ، لأَنَّهُ خَبَرُ وَاحِدٍ عَلَى خِلاَف كِتَابِ اللهِ تَعَالى، فَوَجَبَ أَنْ لا يَكُونُ مَقْبُولاً)[١]، واتە: لێرەدا دەڵێین: ئەوە کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە، کە هەموو خاوەن درندەیەکی کەڵبەدار، وە هەموو خاوەن چڕنووکێك لە باڵندانی قەدەغەکردوە، ئەوە بێهێزە، چونکە هەواڵی یەکێکە، {خەبەری ئاحاد ئەوەیە کە یەك لە هاوەڵان لە پێغەمبەری خوای ﷺ بیستوە، دوایی بە ئێمە گەیشتوە، کە لە بەرانبەریدا هەواڵی موتەواتیر هەیە، کە ئەوەیە کە کۆمەڵێك، کە نەگونجێ لەسەر درۆ کۆببنەوە، شتێکیان لە پێغەمبەر بیستبێ‌و، دوایش بە ئێمە گەیشتبێ، دیارە ئەو فەرموودانەی باسی قەدەغەبوونی گۆشتی درندەو گۆشتی باڵندەی چڕنووکدار دەکەن، هەروەها هی کەری ماڵییش، هەموویان فەرموودەی ئاحادن، ئنجا دەڵێ}[٢] هەواڵی ئاحادیش کە لەگەڵ کتێبی خوای بەرزدا، تێکبگیرێ، نابێ وەربگیرێ.

ئەوە ڕێگای یەکەم، بۆ چارەسەری تێکگیرانی ئەو دەقانەی سوننەت کە لەوبارەوە هاتوون، لەگەڵ ئەو ئایاتانەدا، بەڵام خۆم ئەو ڕایەم پێ باش نیە، مادام فەرموودەکان، وە دەقەکان لە کتێب‌و سەرچاوە متمانە پێکراوەکان دا هاتوون، وە بە سەنەدی زۆر بەهێز هاتوون، ناچار نین بڵێین : ڕاست نین‌و وەریانناگرین.

بۆیەش: ڕێگای دووەم هەڵدەبژێرین، ئەویش ئەوەیە کە بڵێین: مەبەست لەم دەقانە، قەدەغەبوونی خواردنی جگە لەو چوار شتانە نیە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ناپەسەندەو باش نیە، یاخود لە ڕووی تەبیعەت نەبردن‌و لە ڕووی قێزەونیی‌و لە ڕووی بێز لێبوونەوەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی لێکردوون‌و ڕێی لێگرتوون، بەڵام قەدەغەی نەکردوون، هەڵبەتە جگە لەو شتانەی کە دەکەونە ژێر ناوونیشان‌و نێو بازنەی چەمك‌و واتای (خبائث)ەوە، کە لە ئایەتی (١٥٧)ی سوورەتی (الأعراف)دا

---

١) ج ٧ ، ص: ١٨٤.

٢) ئەوەی نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە، بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەست.

هاتوە، وە وشەی (رجس) کە لە ئایەتی ژمارە (١٤٥)ی سوورەتی (الأنعام)دا هاتوە، کە پێشتریش باسمان کرد، واتە: هەر شتێك پیس و زیانبەخش بێ، ئەوە بە پێی دەقی قورئان، وە بە پێی عەقڵی سەلیمیش قەدەغەیە، بەڵام شتێك پیس و زیانبەخش نەبێ، ئێمە دەڵێین: ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر ﷺ مەبەست پێیان ئەوە کە ئەو شتانە: ناپەسەندن، یاخود قێزەونن، تەبیعەتی ئینسان نایانبات، بەڵگەشمان لەسەر ئەوە چییە ؟

١/ ﴿عَنْ خَالِدِ بْنِ الْوَلِيدِ رضي الله عنه، أَنَّهُ دَخَلَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ بَيْتَ مَيْمُونَةَ فَأُتِيَ بِضَبٍّ مَحْنُوذٍ فَأَهْوَى إِلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِيَدِهِ، فَقَالَ بَعْضُ النِّسْوَةِ اللاَّتِي فِي بَيْتِ مَيْمُونَةَ أَخْبِرُوا النَّبِيَّ ﷺ بِمَا يُرِيدُ أَنْ يَأْكُلَ مِنْهُ، فَقَالُوا: هُوَ ضَبٌّ، فَرَفَعَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَدَهُ، قَالَ فَقُلْتُ: أَحَرَامٌ هُوَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: (لاَ وَلَكِنَّهُ لَمْ يَكُنْ بِأَرْضِ قَوْمِي فَأَجِدُنِي أَعَافُهُ)، قَالَ خَالِدٌ: فَاجْتَرَرْتُهُ فَأَكَلْتُهُ وَرَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَنْظُرُ﴾[1]، واتە: خالیدی کوڕی وەلید خوا لێی ڕازی بێ، دەگێڕێتەوە دەڵێ: چوومە ماڵی مەیموونە (خێزانی پێغەمبەر ﷺ، کە پووری خالید بووە)، (ضب)یان هێنایە پێش پێغەمبەر ﷺ (ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین: بزنمژە)، پێغەمبەری خوا ﷺ پێشی نەیزانیو دەستی بۆ برد، هەندێ لە ئافرەتەکان لە ماڵی مەیموونە دابوون، گوتیان: هەواڵ بە پێغەمبەری خوا ﷺ بدەن بەوەی کە بەتەمایە لێی بخوات، ئیدی هەواڵیان پێدا کە ئەوە بزنمژەیە، ئەویش دەستی گێڕایەوە، خالید گوتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئایا حەرامە ؟ گوتی: نەخێر حەرام نیە، بەڵام لەسەر زەمینی ئەو خەڵکەی کە من لە نێویان دا گەورە بووم، نەبووە، بۆیە دڵم بۆی ناچێ، یاخود بێزم نایەت.

٢/ ئنجا لە فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەر ﷺدا هاتوە، کە یەکێك لە هاوەڵان بە ناوی (عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ شِبْلٍ)، دەگێڕێتەوە، دەڵێ: ﴿أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد، برقم: (١٦٨٥٩)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٥٢١٧)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٥١٤٦) برقم: (٥٢٦٣) قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط الشيخين.

ﷺ نَهَى عَنْ أَكْلِ لَحْمِ الضَّبِّ﴾[١]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی کردوە لە خواردنی گۆشتی بزنمژە (ضب).

وەك دەبینن لێرەدا ڕێگریی لێ کردوە، لەوێش فەرموویەتی : حەرام نیە، کەواتە: مەرج نیە هەرچی پێغەمبەر ﷺ ڕێگریی لێکرد، حەرام بێ.

٣/ وە دەربارەی هەر کام لە گۆشتی دڕندەی کەڵبەدار، وە پەلەوەری چڕنووکدار، ئەم دەقە دێنینەوە: (عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما : ﴿نَهَى رَسُولُ اللّهِ ﷺ عَنْ أَكْلِ كُلِّ ذِي نَابٍ مِنَ السَّبُعِ وَعَنْ كُلِّ ذِي مِخْلَبٍ مِنَ الطَّيْرِ﴾[٢]. واتە: پێغەمبەری خوا ڕێگریی کردوە لە خواردنی هەر دڕندەیەکی کەڵبەدارو، هەر باڵندەیەکی چڕنووکدار.

٤/ هەروەها لەبارەی کەری ماڵیشەوە پێغەمبەر ﷺ نەهی لێکردوە، کەواتە: دەگونجێ پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی لە شتێك بکات، بەڵام حەرامیش نەبێ، بەڵکو ناپەسەند بێ، چونکە عورف و باو نیە بخورێ، یان لەبەرئەوەی خەڵك بە قێزەونی دەزانن، یان لەبەر هەر هۆیەکی دیکە.

وەك لەم دەقەدا هاتوە: عَنْ علي ﷺ: ﴿أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ نَهَى عَنْ نِكَاحِ الْمُتْعَةِ وَعَنْ لُحُومِ الْحُمُرِ الأَهْلِيَّةِ زَمَنَ خَيْبَرَ﴾[٣]، واتە: پێغەمبەر ﷺ لە کاتی (جەنگی) خەیبەردا، ڕێگریی کرد لە (نیکاحی) موتعەو (خواردنی گۆشتی) کەری ماڵیی.

وەك دەبینین : نەهیی کردوە لە خواردنی گۆشتی کەر، هەروەها لە خواردنی گۆشتی بزنمژە (ضب)، بەڵام کە خالیدی کوڕی وەلید پرسیاری کردوە، ئایا حەرامە ؟ فەرموویەتی : نەخێر.

کەواتە: دەگونجێ کە ئەوانەش حەرام نەبن، چونکە بەنسبەت بزنمژە

١) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ، برقم: (٣٧٩٦)، وَحَسَّنَهُ الأَلبَاني.
٢) أَخْرَجَهُ أحمد، برقم: (١٦٨٦٢)، وَأَبُو دَاوُدَ، برقم: (٣٨٠٥)، وَصَحَّحَهُ الأَلبَاني.
٣) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ، برقم: (٤٢٢٧)، وَمُسْلِمٌ، برقم: (٤٩٩٢).

(ضب)ەوە، پێغەمبەر پاساوی نەخواردنی بەوە هێنایەوە، فەرمووی: دڵم بۆی ناچێ، بێزم لێی دەبێتەوە، دیارە دەگونجێ بەنسبەت گۆشتی دڕندەو گۆشتی پەلەوەری نینۆکداریشەوە، بە هەمان شێوە بێ، یان دەگونجێ لەبەر هۆیەکی دیکە بێ، بۆ وێنە: بەنسبەت گوێدرێژەکانەوە، بۆ بارهەڵگرتن پێویستییان بوون، وەك دوایی باسی دەکەین.

بەڵگەی شەشەم: یەکێکی دیکە لەو بەڵگانە، ئەوەیە کە هەر کام لە (إِبْنُ عَبَّاس وَإِبْنُ عُمَر وعَائِشَة) خوا لە هەموویان ڕازی بێ، لێیان گێڕدراوەتەوە کە کاتێ لەبارەی خواردنی ئەو چوار شتەوە، پرسیاریان لێکراوە، ئەم ئایەتانەیان خوێندۆتەوە: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطۡعَمُهُۥٓ ﴿١٤٥﴾ ﴾، واتە: بە پێی ئەم ئایەتە ئەو شتانەی ئێوە پرسیاریان لەبارەیەوە دەکەن، جگە لەو چوار شتانە، هیچیان قەدەغە نین وەك پێشتر دەقی فەرموودەکانمان هێنا.

هەڵبەتە: ناگونجێ ئەو سێ هاوەڵە بەڕێزەش نەیانزانبێ کە پێغەمبەر ﷺ ئەو فەرموودانەی فەرمووە، ئاگایان لەو فەرموودانە نەبووبێ، بەڵام دیارە زانیویانە ئەم فەرموودانە، مانای قەدەغەبوون ناگەیەنن.

بەڵگەی حەوتەم: بەڵگەیەکی دیکە لەوبارەوە، ئەوەیە کە لە (إِبْنُ شِهَاب الزُّهْرِي) کە زانایەکی بەرچەستەی تابیعینە، گێڕاویانەتەوە کە: (لَمْ يَسْمَعْ هَذَا النّهِي فِي الحجَاز حَتَّى إِذَا جَاءَ الشّام ، سُمِعَهُ مَن أَبي إِدْرِيس الخَوْلانِي) واتە: نەیبیستوە لە حیجاز نەهی کرابێ {لە خواردنی گۆشتی کەری ماڵیو دڕندەو چڕنووکدار} تاکو لە شام لە ئەبو ئیدریسی خەوەلانی بیستوە.

کەواتە: لە مەککەو مەدینەو تائیفو هەموو ئەو شوێنانەی دیکەی حیجاز، دەبێ ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر زانرابن، بەڵام دیارە خەڵك وا لەو فەرموودانە حاڵی نەبووە، کە خواردنی ئەو گۆشتانە حەرام بێ، بەڵکو گوتوویانە: پێغەمبەر ڕێگریی لێکردوون، لەبەرئەوەی ناپەسەندن، یاخود لەبەر هەر هۆکارێکی دیکە.

بەڵگەی هەشتەم: بەڵگەیەکی دیکە لەوبارەوە، ئەوەیە کە مالیك کە ئیمامی خەڵکی مەدینە بووە، خواردنی گۆشتی دڕندان‌و پەلەوەری چڕنووکداری تەنیا بە ناپەسەند زانیوە، ئەمەش دیسان بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە نابێ ئەو شتانە قەدەغەبووبن، ئەگەرنا مەعقوول نیە ئیمام مالیك کە ئیمامی خەڵکی مەدینە بووە، لە خەڵکی مەدینەی نەبیستبێ، کە پێغەمبەر لە حاڵێك دا لەنێویاندا بووەو لە خزمەتی دابوون، ئەو شتانەی قەدەغەکردوون !

بەڵگەی نۆیەم: بەڵگەیەکی دیکە لەوبارەوە: ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: لاَ أَدْرِي أَنهى عَنْهُ رَسُولُ اللهِ ﷺ مِنْ أَجْلِ أَنَّهُ كَانَ حَمُولَةَ النَّاسِ، فَكَرِهَ أَنْ تَذْهَبَ حُمُولَتُهُمْ، أَوْ حَرَّمَ فِي يَوْمِ خَيْبَرَ، لَحْمَ الْحُمُرِ الأَهْلِيَّةِ﴾[1]، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆی‌و بابی ڕازی بێ، گوتوویەتی: نازانم ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەرئەوەی بارهەڵگری خەڵك بووە، ڕێگریی کرد لە سەربڕینی کەرو خواردنی گۆشتەکەی، بۆئەوەی کە بارهەڵگرەکانیان نەفەوتێن، یاخود لە ڕۆژی خەیبەردا بە یەکجاریی قەدەغەی کردوە، نەك لەبەرئەوەی کە بارهەڵگریانە بارە بەریانە، بەڵکو لەبەرئەوە کە پیس‌و زیانبەخشە ؟

بەڵام فەرموودەیەکی دیکە، ئەوە دەگەیەنێ کە زیاتر لەبەر بارهەڵگریی بووبێ: ﴿عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ جَاءَهُ جَاءٍ فَقَالَ: أُكِلَتْ الْحُمُرُ؟ ثُمَّ جَاءَهُ جَاءٍ فَقَالَ: أُكِلَتْ الْحُمُرُ؟ ثُمَّ جَاءَهُ جَاءٍ فَقَالَ: أُفْنِيَتْ الْحُمُرُ؟ فَأَمَرَ مُنَادِياً فَنَادَى فِي النَّاسِ: إِنَّ اللهَ وَرَسُولَهُ يَنْهَيَانِكُمْ عن لُحُومِ الْحُمُرِ الأَهْلِيَّةِ، فَإِنَّهَا رِجْسٌ، فَأُكْفِئَتْ الْقُدُورُ، وَإِنَّهَا لَتَفُورُ بِاللَّحْمِ﴾[2]، واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی ڕازی بێ دەگێڕێتەوە، دەڵێ: کەسێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ، گوتی: گۆشتی کەرەکان خورا، (واتە: کەرەکان سەربڕاون گۆشتیان دەخورێ، دیارە پێغەمبەر هیچی نەفەرمووە)، ئنجا یەکێکی دیکە

---

١) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ، برقم: (٤٢٢٧)، وَمُسْلِمٌ، برقم: (٤٩٩٢).
٢) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ، برقم: (٤١٩٩)، وَمُسْلِمٌ، برقم: (٤٩٩٦).

هـاتو گوتـی: گۆشـتی کـەرەکـان خـورا، دوایـی یـەکێکی دیکـە هـاتو، گوتـی: کەرەکان تەواو بوون (واتە: هەموویان سەربڕان) ئنجا پێغـەمبەر ﷺ فـەرمانی کرد بانگکەرێك بانگی کرد، لـە نێـو خەڵـکیدا کـە: خـواو پێغـەمبەری خـوا ﷺ ڕێتـان لێدەگـرن، لـە خـواردنی گۆشـتی کـەری ماڵیـی، چونکە پیسە، ئنجـا ئـەو مەنجـەڵانـەی گۆشـتەکانیـان تێدا کوڵـێنرابوون، لە حاڵێـکدا کـە گۆشـتەکانیان دەکوڵـی، قەڵـب کـرانـەوەو گۆشـتەکەش ڕژێنـرا.

ڕەنگـە هەنـدێ کـەس بڵـێـن:

هـۆی قەدەغـەکرانـی گۆشـتی کـەر، ئەوەیـە کـە پێغـەمبەر ﷺ بـە (رِجْس) ناوی بـردووە فەرموویـەتی: (فَإِنَّهَا رِجْسٌ)!

کـە دیـارە وشـەی (رِجْس) هـەر کـام لـە ماناکـانی: پیـس، ئـازار، سـزا... دەگەیـەنـێ.

ئێمـەش دەڵێیـن: مـەرج نیـە هەر شـتێك سیفەتی: ئـازاردەرو بێـزارکەری تێدا بێ، حەرام بێ، بە بەڵگەی ئەوە کە پێغەمبەری خـوا ﷺ هـەر کـام لـە پیـوازو سیـرو کەوەر (کوراده)ی بە ئازاردەرو بێـزارکـەر ناوبـردووەو، نەهیـشی لە خـواردنیـان کردوە، بۆ کەسانێك بێنە مزگـەوتو نوێـژی بە کـۆمەڵ، بـەڵام نەیفـەرمووە، حـەرامن:

١) ﴿مَن أكَلَ ثُومـاً أو بَصَلاً فَلْيَعْتَزِلْنا، أو ليعتزلْ مَسْجِدنـا﴾ رواه البخـاري: ٨٥٥ و مسـلم: ٥٦٤، واتـە: هەرکـەس سیـرو پیـوازی خـوارد، بـا کەنـارمان لێبگرێ، یـان: با لە مزگەوتمان کەنار بگرێ.

٢) ﴿مَن أكَلَ البَصَلَ والثُّوْمَ و الكراث، فَلا يَقْرَبَنَّ مَسْجِدنَا، فـإن الملائكة تتأذّى مِمّا يتأذى منـه بنـي آدم﴾ رواه مسلم: ٥٦٤، واتـە: هەرکـەس پیـوازو سـیرو کـەوەر (کـوراده ــ سیـرمۆکە)ی خـوارد، بـا نـزیـکی مزگەوتەکـەمان نەکـەوێ، چونکـە هـەر شـتێك ئـادەمیـزادان بێـزارو نـاڕەحـەت بکـات، فریـشتانیش نـاڕەحەتو بێـزار دەکات.

٣) (عمر بن الخطاب)یش خوا لێی ڕازی بێ: پیازو سیری بە دوو ڕووەکە پیسەکە (الشجرتين الخبيثتين) ناو بردوون: ﴿... ثم إنكم أيها الناس! تأكلون شجرتين، ما أراهما الاّ خبيثتين: البصلُ والثُّوم...﴾ رواه مسلم: ٥٦٧، واتە: پاشان ئەی خەڵکینە! ئێوە دوو ڕووەکان دەخۆن، من هەر بە پیس (بۆنناخۆش)یان دەزانم: پیوازو سیر....

ئنجا لێرەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە:

هەموو قەدەغەکراوێك پیسە (رجس)ە، بەڵام مەرج نیە هەموو پیسێك قەدەغەکراو بێ، چونکە (رجس) یان (خبيث) جاری وا هەیە بە شتی بۆن ناخۆشیان گوتوە، بۆ وێنە: سیرو پیاز، لەبەر بۆنە ناخۆشەکەی پێیانگوتراوە: (خبيث) کەواتە: دەگونجێ گۆشتی کەرێ، لەبەرئەوەی تەبیعەتی ئەوان نەیبردوە، بۆیە بە (رجس) ناوبراوە، بەڵام ئەگەر قەومێکی وا هەبێ کە تەبیعەتیان بیبا، ئەوە بۆ ئەوان بە (رجس) پیس لە قەڵەم نادرێ.

بەڵگەی دەیەم: ئەوەیە کە بە ڕاستیی دەبێ ئێمەی مسوڵمان عەقڵو زەینمان زۆر فراوان بکەین: ئیسلام تەنیا بۆ گەلی عەرەب نەهاتوە، تەنیا بۆ کورد نەهاتوە، تەنیا بۆ خەڵکێك نەهاتوە کە لە ئاسیا دەژین، یان لە ئەفریقیا دەژین، یان لە ئەورووپا دەژین، بەڵکو بۆ هەموو خەڵکی هاتوە لە سەرتاپای زەمین دا، من خۆم ساڵی (٢٠١١) کە چوومە (کەمبۆدیا) و چووم بۆ (مالیزیا) [(١)] تەماشام دەکرد (جرج) لەوێ دانراوە، مشکی قەڵەو ! منیش گوتم: ئەوە چییە؟ گوتیان: دەیفرۆشن بۆ خواردنێو لێرەدا زۆر بە ڕمێنە، بڕواتان هەبێ لەوێ مریشكو قەلو ئەوانە کڕیاریان هەر نەبوو، لەبەر مارو قرژاڵو بۆقو سیسرکەو، چەندان جۆرە قالۆنچەو جۆرە کرم، گوتم : ئەوە چیە؟ گوتیان: ئەوانە هەموویان دەخۆنو ڕمێنیشیان زۆر لەسەرە.

---

١) بۆ بەشداریی کردن لە کۆنگرەی پەرلەمنتارانی وڵاتانی ئاسیادا.

جا لە ڕاستییدا ئەگەر بە فراوانی تەماشای دنیا بکەین، باشە خەڵکێکی زۆر لەوێ ڕەنگە ژیانی هەر لەسەر خواردنی بۆق و قرژاڵو مارو مشكو جرج بێ، هەڵبەتە کە دەڵێم: جرجو مشك، نەك ئەوەی لە وڵاتی خۆمان هەیە، چونکە لە هەندێ فەرموودانددا هاتوە کە: مریشکیش ئەگەر پیسایی بخوات، وە مانگاش ئەگەر پیسایی بخوا، کە پێیدەڵێن: (جلاّلة)، لەبەرئەوەی گۆشتەکەی بۆنی لێدێ، هەندێ لە زانایان دەڵێن: ناپەسەندە، هەندێکیش دەڵێن: حەرامە بخورێ، مادام زۆربەی خواردنەکەی شتی پیس بێ، بەڵام مشکێك، یان جرجێك کە لە بیابان گیا دەخوات، مادام سوودبەخش بێو زیانی نەبێ، حوکمەکەی جیایە.

هەڵبەتە هەر شتێكو هەر ژیاندارو زیندەوەرێك، ئەگەر لە ڕووی تەندروستییەوە سەلمێنرا کە وشەی (خبائث) دەیگرێتەوە، زیانبەخشە بۆ تەندروستیی ئینسان، ئنجا مارە، دووپشکە، مشکە، بۆقە، قالۆنچەیە، هەرچی هەیە، ئەگەر دەرکەوت زیانی هەیە، ئەوە بەهۆی زیانەکەیەوە حەرامە، بەڵام نەك لەبەر ئایەتەکە، یان لەبەر فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ﷺ، بەڵام ئەگەر دەرکەوت زیانیان نیە، ئەو کاتە ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان نیە کە حەرام بن، فەرموودەکانی پێغەمبەریش ﷺ وەك گوتم: ئەوپەڕی ئەوە دەگەیەنن کە ناپەسەندن، ئەوە بەنسبەت دڕندەی کەڵبەدارو، پەلەوەری چڕنووکدارو کەری ماڵیی.

بەڵام بەنسبەت ئەو زیندەوەرو ژیاندرانەی دیکەوە نەمزانیوە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەکاندا باسی کردبن، بۆ وێنە: فیلو کەرگەدەنو مارو.... هتد، کە وەك گوتم: ڕەنگە زۆر لە وڵاتان خواردنی سەرەکییان ئەو شتانە بن، بە هەر حاڵ، وەك گوتم: ئەگەر دەرکەوت لە ڕووی زانستییەوە زیانبەخشو پیسن، ئەوە ئەوکاتە بە پێی ئایەتەکەی سووڕەتی (الأعراف) کە فەرمووی:

﴿ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ ﴾، مانای وایە مادام پیسو زیانبەخش بن، دەبێ قەدەغە دەبن، بەڵام ئەگەر پیسو زیانبەخش نەبوون، هەر لەبەرئەوەی من تەبیعەتم نایانبا، یان تەبیعەتی کەسێك حەزی پێناکات، ئەوە حەرام نابن، چونکە پێغەمبەر ﷺ تەبیعەتی بزنمژەی نەبردوە، بەڵام لە تەنیشتی

خالیدی کوڕی وەلید خوا لێی ڕازی بێ خواردوویەتی‌و پرسیاریشی کردوە: ئایا حەرامە ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: نەخێر، بەڵام تەبیعەتم نایبا.

هەڵبەتە منیش (عەلی باپیر) من تەبیعەتم کوللەو قالۆنچەو سیسرکەو مارو مشك، نابات، ئەگەر تەواو دڵنیاش بم، ڕەواو حەڵاڵیشن، تەبیعەتم نایبات، بگرە ڕەنگە تەبیعەتم شتی دیکەش نەبات، کە جاری وایە خەڵکی دیکەش پێی حەڵاڵە، بەڵام تەبیعەت نەبردن شتێکە، وە شت حەرامکردنیش شتێکی دیکەیە، ئێمە نابێ تەبیعەتی خۆمان لە خەڵکی بکەینە شەریعەت‌و، تەبعی خۆمان لە خەڵك نەکەینە شەرع، شەریعەتی خواش ئەوەیە کە لە وەحی خوادا هاتوە، لە قورئان‌و سوننەتی صەحیح دا هاتوە، بەڵام تەبیعەت‌و عادەت‌و سروشت‌و نەریتی ئێمە، جیایە.

ئنجا کە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ﴿٧٨﴾﴾ الحج، واتە: خوا لە دینی خۆیدا سەغڵەتیی بۆ ئێوە دانەناوە، بەو جۆرە تێگەیشتنە باشتر دێتە دی، زۆر لە وڵاتان ژیانیان لەسەر چەند جۆرێك لەو زیندەوەرو ئاژەڵ و دڕندانەیە، زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو لە ئەورووپا سەگ دەخۆن، پشیلەو بۆق‌و قرژاڵ‌و مارو مشك دەخۆن، زۆر جۆرە زیندەوەر دەخۆن، ناشبینین زیانێکی لێدابن، لە ڕووی زانستییشەوە پێموانییە ئەوان لە دوای ئێمەوەبن، تاکو بڵێین: ئێمە بۆمان دەرکەوتوە کە ئەوانە زیانیان هەیە، بەڵام ئەوان بۆیان دەرنەکەوتوە !

کورتەی قسان ئەوەیە: کە مادام خوا دینی خۆی بۆ هەموو بەشەر ناردوە، ئەو بەشەرە لە هەر شوێنێکی دنیا بێ، وە خواش فەرموویەتی : هەرچی لەسەر زەوییە بۆ ئێوەم دروستکردوە، کەواتە: هەرچی لەسەر زەوییە لەئەسڵدا ڕەوایەو حەڵاڵە، بەڵام ئەگەر دەرکەوت کە شتێك زیانبەخشە، ئەوە ئەو کاتە دەڵێین: ئەو شتە زیانبەخشەو لەبەرئەوەی کە زیانبەخشە، حەرامە، نەك لەبەرئەوە کە فلانە فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ دەیگرێتەوە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەقێکی ڕوون‌و بێ چەندو چوونی لێ نەگێڕدراوەتەوە، لەوبارەوە.

بە کورتیی: من ئەو رایەم پێ پەسندە، کە: مەرج نیە هەموو نەهی لێکراوێك حەرام بێ، ئنجا خوا لە کۆتایی ئەو ئایەتەدا دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ١٤٥﴾، ئنجا هەر کەسێ ناچاربوو، یان ناچارکرا، بە مەرجێك بە ئارەزووە نەخوات، وە زیاد لە ئەندازەی کە پەکی لەسەری کەوتوە، نەخوات و تێنەپەڕێنێ، ئەوە بێگومان پەروەردگارت لێبوردەی بە بەزەییە !

جێی سەرنجە کە ئەم ڕستەیە: ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ﴾، لە چوار شوێناندا هاتوە، کە ئەوەش لوتفو میهرەبانیو بەزەیی خوا دەگەیەنێ، بەرانبەر بە بەندەکانی، واتە: بەنسبەت ئەو چوارانەشەوە کە خوا لە چوار ئایەتدا، لە چوار سوورەتدا قەدەغەی کردوون، هەر کەسێك تێگیراو ناچاربوو لێیان بخوات، واتە: لە مردارو، لە خوێنو، لە گۆشتی بەرازو، لە بۆ جگە لە خوا سەربڕاویش، ئەوە گوناهی ناگاتێ.

حیکمەتی جیاوازی تەعبیری چوار ئایەتەکە

شایانی باسە کە حەرامکردنی ئەو چوا خواردنە پیسو زیانبەخشانە، کە لە چوار شوێنی قورئان دا هاتوە، لە هەر شوێنەی بە شێوەیەك هاتوە، ئەویش زۆر حیکمەتی تێدان، بەلاّم ئێمە بوارمان نیە زۆر لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە بە دوای ئایەتەکان بکەوینو، خوێنەرانی کوردیش ڕەنگە زۆر سوودی لێ نەبینن:

١ - لە سوورەتی (البقرة)دا خوا دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٧٣﴾.

٢ - وە لە سوورەتی (المائدة)دا دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ فِي مَخۡمَصَةٍ غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣﴾.

٣ - وە لە سوورەتی (الأنعام)دا دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤٥﴾﴾.

٤ - وە لە سوورەتی (النحل)دا دەفەرموێ: ﴿فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٥﴾﴾.

وەك دەبینین: لە هەر جێیەی بە تەعبیرێك هاتوە :

١) لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: هەر کەسێ ناچاربوو بە مەرجێك نە ئەهلی (بغي) بێ، نە ئەهلی (عدوان) بێ، (غَيْرَ بَاغٍ) واتە: بە ئارەزوووەوە نەبێ، (بغي) لێرەدا بە مانای دەستدرێژیی‌و سنوورشکێنیی نیە، بەڵکو بە مانای ئەوەیە بە ئارەزوووەوە نەخوات، (وَلَا عَادٍ) وە تێشنەپەڕێنێ، یانی: لە ئەندازەی پێویستیی‌و پێك لەسەرکەوتنی ﴿فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ﴾، گوناهی لەسەر نیە، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾، خوا لێبوردەی بە بەزەییە، واتە: ئەگەر ئینسان تیبگیرێ لە نێوان مردن لەبرسان، یاخود خواردنی گۆشتی بەرازو مردارو خوێن دا، ئەوە دەتوانێ لەوانە بخوات.

٢) وە لە سوورەتی (المائدة)دا فەرموویەتی: ﴿فَمَنِ ٱضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ﴾، یانی: وە هەرکەس ناچار کرا، لە برسیەتییەکی زۆردا، لێرەوەش بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو حاڵەتی ناچاریی (إضطرار)ە، برسیەتیی زۆرە، چونکە (مخمصة) ئەوەیە کە ئینسان زگی بە پشتیەوە نوسابێتەوەو ماوەیەکی زۆر هیچی نەخواردبێ‌و، زۆر تینی بۆ هاتبێ‌و سەغڵەت بووبێ ﴿غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ﴾، یانی: مەیلی بەلای گوناهدا نەکردبێ، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە

کە دەفەرموێ: ﴿غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ﴾، یانی: ڕستەی : نە بە ئارەزووەوە بخوات، نە لە سنوور تێپەڕێنێ، یانی: بەلا گوناهدا نەشکابێتەوە، کەواتە: ﴿غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ﴾، مەبەستی ئەوەیە کە بە ئانقەست نەخوات، بۆئەوەی گوناهبار بێ، بەڵکو دەبێ زۆری بۆبێ و ناچاربێ.

٣) هەروەها لە سوورەتی (الأنعام) دا فەرمووی: ﴿فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾، بێگومان پەروەردگارت لێبوردەی بە بەزەییە.

٤) وە لە سوورەتی (النحل)یش دا دەفەرموێ: ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بێگومان خوا لێبوردەی بە بەزەییە.

کەواتە: لە کاتی تێگیران و ناچارییدا، خوا ﷻ هەم وەك (خوا) و هەم وەك پەروەردگار میهرەبان و لێبوردەو بە بەزەییە، بەرانبەر بە کەسانێکی بێچارەو بێ دەرەتان، کە لەو شتە قەدەغانە بخۆن.

مەسەلەی دووەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمْنَا كُلَّ ذِى ظُفُرٍ ۖ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ وَٱلْغَنَمِ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ شُحُومَهُمَآ إِلَّا مَا حَمَلَتْ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلْحَوَايَآ أَوْ مَا ٱخْتَلَطَ بِعَظْمٍ ۚ ذَٰلِكَ جَزَيْنَٰهُم بِبَغْيِهِمْ ۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿١٤٦﴾﴾، وە لەسەر ئەوانەی جوولەکەن، بەزو چەوریی هەموو خاوەن نینۆکێك لە ڕەشەوڵاخ و حەیوانی ورد، (مەڕو بزن)مان لێ قەدەغەکردبوون، مەگەر ئەوەی بە پشتیانەوە نووساوە، یان بە ڕیخۆڵەکانیانەوە، یاخود بە ئێسقانی دیکەوە نووساوەو لێی جیا نابێتەوە، ئەوەش بەهۆی سنوورشکێنییان سزامان دان، وە ئێمە ڕاستگۆین.

لەم ئایەتە موبارەکەدا خوا ڕایدەگەیەنێ کە بەهۆی لادان و خراپەکارییەوە، نەك بەهۆی ئەوەوە کە زیانبەخشن، دوو جۆرە شتی لە جوولەکەکان قەدەغە کردوون:

یەکەم : هەموو ژیاندارێکی نینۆکدار، چ ئاژەڵ بێ، چ پەلەوەر، جا دیارە (ظفر) بە (أظفار وأظافیر) کۆدەکرێتەوە، وە (محمد الطاهر بن عاشور) لە (التحریر والتنویر)[1]دا دەربارەی وشەی (ظفر) دەڵێ: (الظُّفْرُ: العَظْمُ الَّذِي تَحْتَ الجِلْدِ فِي منتهى أَصَابع الإِنْسَان والحيوَان والمَخالب، وَهُوَ يقابل الحَافِر والظِّلْفَ وَيَكُونُ للإِبلِ والسَّبُع والكَلْبِ والهِرِّ والأَرْنَبِ وَالوَبْر وَنَحْوِهَا)، واتە: (ظفر) بریتیە لەو ئێسقانەی کە لە ژێر پێست دایە لە کۆتایی پەنجەکانی ئینسان، (پەنجەی پێ، یان پەنجەی دەست) وە ئاژەڵ.

وە چڕنووکی ئاژەڵو پەلەوەر، لە بەرانبەر نینۆكو سم دایە، وە حوشترو دڕندەو سەگو پشیلەو کەروێشكو وەبرو[2] هاووێنەیان، هەیانە.

حەیوانی یەك سم، وەك ئەسپو ماینو هێسترو کەر کە سمیان شەق نیە، بەڵام سمی ئەوانی دیکە وەك: مانگاو مەڕو بزن، بە عەرەبیی (ظِلْف)ی پێ دەڵێن، کە دوو لەتەو، بە کوردیی دوو سمی پێ دەڵێن، ئنجا ئەو (ظفر)ە چۆنەو چییە؟ هی حوشترە، هی دڕندەیە، هی سەگو پشیلەو کەروێشکە... هتد؟ (محمد متولي الشعراوي) ڕەحمەتی خوا لە هەموو توێژەروانی قورئان بێ، لە تەفسیرەکەی خۆی دا بەناوی (الخواطر) دەڵێ: (الظُفُر: هُوَ مَا يَظْهَرُ عِنْدَمَا نَنْظُر إِلَى أَقْدَام بَعْض الحيوَانَاتِ أَو الطّيور، فَهُنَاكَ حَيوَانَات نَجِدُ تَشقّق أُصْبُعِهَا ظَاهِرًا والأَصَابِعُ مُنْفصِلَةٌ ومُنْفَرِجَةٌ بَعْضُهَا عَنْ بَعْض، فَهَذِهِ لَيْسَت حَرَامًا عَلَيهم، وَنَوْعٌ آخَر نَجِدُ أَصَابِعُهَا غَيْر مفصولَةٍ وَغَيْر مُنفرجَة، مِثل: الإِبْل، وَالنعام، والبط، والأَوَّز، وهي ذو الظفر)[3]، واتە: (ظُفُر) بریتیە لەوەی کە بۆمان دەردەکەوێو دەیبینین لە کاتێکدا تەماشای پێی هەندێ لە

---

١) ج ٤ ، ص: ١٤٢.

٢) الوَبْرُ: حيوان من ذوات الحوافر في حجم الأرنب، أَطْحَلُ اللَّون، أي بين الغَبْرُةِ والسَّواد قصيرُ الذَّنَبِ.... المعجم الوسيط، ص : (١٠٠٨)، ئەمە: نازانم بە کوردیی چی پێدەڵێنو ڕەنگە لە کوردستان دا هەر نەشبێ.

٣) ج ٧ ، ص: ٣٩٧٧.

ئـاژەڵو باڵنــدەکان دەکـەین، هەنـدێك ژیانـدار هـەن تەماشـا دەکـەین (ژیانـدار مەبەستم پـێ ئاژەڵو پەڕندەیە) پەنجەکانیـان دیارنو لـە یـەك جیـان، وەك هـی مریشـكو کـەوو قەلو کۆتـر، دیارە پەنجـەکانیـان لە یەك جیانو له یـەك بـلاون، ئەمانەیان لـێ قەدەغـە نەبووە، بـەڵام جۆرێکی دیکـە هەیـە کە پەنجەکـانیان لـە یـەك جیانیــن، بەڵـکو پێکـەوە لکـاون، وەك هــی حوشــتـر، (حوشــتــر خوففـی هەیــەو هــەمووی پێکـــەوەیە)، وە حوشــترمــەلو، مراویــیو قــاز، ئەوانــە پێیانـدەگوترێ: خاوەن نینۆك (ذو الظفر).

واتە: ئەوەی کە پەنجەکانی پێی پێکەوە لکاون. کەواتە: جولەکەکان ئەوانەیان لـێ قەدەغە بووە، ئەویش نەك لەبەرئەوەی زیانبەخشن، بەڵکو وەك سزادانیان.

دووەم : جـۆری دووەمـی ئـەو شــتانەی کە لێیان قەدەغـە بوونی، بریتـی بـووە لە (بـەز)، کـە دوای ئـەوەی قاڵ دەکرێتـەوە، پێـی دەگوترێ: پیـو، بـە عەرەبیـی پێی دەگوتــرێ: (شـحم) کــە جۆرێــکە لــە چــەوری، دیـارە جوولەکــە هــەموو بــەزو چەوریــی ڕەشــەوڵاخو مــەڕو بزنیـان لــێ قەدەغــە بـووە، جگـە لـەوەی کـە بـە پشــتیانەوە لکــاوە، یاخــود لەگــەڵ ڕیخۆڵەکانیــان تێکــەڵ بــووە، یـان لەگـەڵ ئێسقانی دیکەدا تێکەڵ بووە، لەیـەك جیـا ناکرێتـەوە.

﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمْنَا كُلَّ ذِى ظُفُرٍ ۖ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ وَٱلْغَنَمِ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ شُحُومَهُمَآ ﴾، ئنجـا بـە تەفسیــرکردنی ئـەم ئایەتــە لـە دوو ئایـەتی دیکـەی ســوورەتی (النسـاء) حـاڵــی دەبـین، کـە خــوا لەوێـدا دەفەرمــوێ:

﴿ فَبِظُلْمٍ مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَٰتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ كَثِيرًا ﴿١٦٠﴾ وَأَخْذِهِمُ ٱلرِّبَوٰاْ وَقَدْ نُهُواْ عَنْهُ وَأَكْلِهِمْ أَمْوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلْبَٰطِلِ ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٦١﴾ ﴾، واتــە: بەهــۆی ســتەم کردنــی ئەوانـەی کە جوولەکـە بوون هەندێ لە خـواردنی خۆشو بـەتام کـە پێشــتـر بۆیـان حـەڵاڵ بـوون، بەهـۆی ستەمو زوڵـم دەسـتدرێژییانــەوە، لێمان قەدەغـەکردن، وەك

لێرەش دەفەرموێ: ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمۡنَا كُلَّ ذِي ظُفُرٖۖ وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ وَٱلۡغَنَمِ حَرَّمۡنَا عَلَيۡهِمۡ شُحُومَهُمَآ إِلَّا مَا حَمَلَتۡ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلۡحَوَايَآ أَوۡ مَا ٱخۡتَلَطَ بِعَظۡمٖۚ ذَٰلِكَ جَزَيۡنَٰهُم بِبَغۡيِهِمۡ ﴾، لێرەدا (بغـي)، لەوێش (ظُلْم) دیارە (ظُلْم)[1] و بغي[2])یش واتایان لە یەك نزیكە.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ وَبِصَدِّهِمۡ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ كَثِيرٗا ﴾، وە بەهۆی ئەوەوە كە خەڵكیان زۆر لەسەر ڕێگای خوا لادەدا، ﴿ وَأَخۡذِهِمُ ٱلرِّبَوٰاْ وَقَدۡ نُهُواْ عَنۡهُ ﴾، وە بەهۆی ئەوەوە كە ڕیبایان وەردەگرت، كە لێشیان قەدەغەكرابوو، ﴿ وَأَكۡلِهِمۡ أَمۡوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡبَٰطِلِ ﴾، وە بەهۆی ئەوەوە كە ماڵی خەڵكیان بە ناهەق دەخوارد، لەبەر ئەو ستەمانەو، لەبەر ئەو سنوور شكێنییانە، هەندێ شتی خۆش و بەتامیان لێ قەدەغە كردبوون.

ئنجا ئایا ئەو شتە خۆش و بەتامانە چین؟ لە سوورەتی (النساء)دا نەیفەرموە، بەڵام لە سوورەتی (الأنعام)دا فەرموویەتی و ڕوونی كردۆتەوە، بۆیە لە قورئاندا یەك وشەی زیادیش نیە، خوا بە پێویستی نەزانیوە لە سوورەتی (النساء)دا دووبارەی بكاتەوە، چونكە لە سوورەتی (الأنعام)دا، كە ئایەتەكە دابەزیوە، ڕوونی كردۆتەوە، كە چی لێ قەدەغە كردوون ؟

كە دوو جۆرە شت بوون :

١/ پەلەوەرو ئاژەڵی نینۆكدار.

٢/ بەزو چەوریی ڕەشەوڵاخ و مەڕو بزن.

---

١) الظلم : وضع الشيء في غير موضعه ، مختار الصِّحاح، ص: ٤٠٥.

٢) البغي : مجاوزة الحدَّ ، مختار الصِّحاح، ص: ٥٩.

لێرەدا توێژەرەوانی قورئان پرسیارێك دەكەن، دەڵێن : بۆچی خوا ئەو دوو شتە خۆش و بەتامانەی لێ قەدەغە كردوون، بەتایبەت چەورییەكە ؟

وەڵام: ئەوانە ملهوڕ بوونو، سنوورشكێنییان كردوە، بۆیە خوای كاربەجێ خواردنی خۆش و بەتامی لێ قەدەغەكردوون، بەتایبەتی چەوریی، تاكو لەو ملهوڕیی و یاخیی بوونەیان كەم بكاتەوە.

ئنجا لە ئەنجامی ئەوەدا كە جوولەكەكان دەیانگوت: ئێمە هیچ شتێكمان لێ قەدەغە نەكراوە: (إِنَّ اللهَ لَمْ يُحَرِّمْ عَلَيْنَا شَيْئًا، وَإِنَّمَا حَرَّمْنَا عَلَى أَنْفُسِنَا اقْتِدَاءً بيعقُوب فِيمَا حَرَّمَهُ عَلَى نَفْسِهِ)، واتە: خوا هیچ شتێكی لە ئێمە قەدەغە نەكردوە، (وەك سزادان)، بەڵكو بۆخۆمان هەندێ شتمان لەخۆمان قەدەغەكردوە، وەك چاولێكردنمان لە یەعقووب (بابی یوسف) چونكە یەعقووب ئەو شتانەی لەخۆی قەدەغەكردبوون، ئێمەش ئەو شتانەمان لەخۆمان قەدەغەكردوون، وەك ڕێزلێگرتنی و شوێن پێ هەڵگرتنی !

بەڵام ئەوە ڕاست نیە، بۆیە خوا بۆ بەرپەرچدانەوەیان دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ جَزَيۡنَٰهُم بِبَغۡيِهِمۡۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ﴾، ئاوا سزامان دان، بەهۆی دەستدرێژیی و سنوورشكێنییانەوە، وە ئێمە ڕاستگۆین. واتە: جوولەكەكان ڕاست ناكەن كە دەڵێن: یەعقووب ئەو شتانەی لەخۆی قەدەغە كردوون، ئێمەش بەدوای یەعقووب كەوتووین ، بۆیە ئەو شتانە ناخۆین و لەخۆمانیان قەدەغە دەكەین، نەك خوا سزای دابین، خواش ﷻ دەفەرموێ: نەخێر وانیە، بەڵكو بەهۆی ستەم و لادانیانەوە، سزامان دان، وە ئێمە ڕاستگۆین.

ئنجا با تەماشا بكەین، بزانین یەعقووب چی لەخۆی قەدەغەكردوە؟ ئایا جوولەكەكان ڕاستدەكەن، كە یەعقووب گۆشتی ئاژەڵ و پەلەوەری نینۆكدار، وە بەزو چەوری ڕەشەوڵاخ و مەڕو بزنی لەخۆی قەدەغەكردوە؟ نەخێر، چونكە خوا لە سوورەتی (آل عمران)دا دەفەرموێ: ﴿كُلُّ ٱلطَّعَامِ كَانَ حِلّٗا لِّبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِلَّا مَا حَرَّمَ إِسۡرَٰٓءِيلُ عَلَىٰ نَفۡسِهِۦ مِن قَبۡلِ أَن تُنَزَّلَ ٱلتَّوۡرَىٰةُۚ قُلۡ فَأۡتُواْ بِٱلتَّوۡرَىٰةِ

﴿فَأْتُلُوهَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٩٣﴾﴾، هەموو خواردنەکان بۆ وەچەی ئیسرائیل حەڵاڵ بوون، جگە لەوەی ئیسرائیل، (واتە: یەعقووب) لەخۆی قەدەغە کردبوو، پێش ئەوەی تەورات بێتە خوارێ، بڵێ: تەورات بێنن و بیخوێننەوە، ئەگەر ڕاست دەکەن.

لەوبارەوە بەسەرهاتێك هەیە کە تۆزێك درێژە، بەڵام کۆمەڵە شتێکی دیکەشی تێدان، سوودبەخشە بیگێڕینەوە: ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاس ﷺ حَضَرَتْ عِصَابَةٌ مِنَ الْيَهُودِ نَبِيَّ اللهِ ﷺ يَوْمَاً فَقَالُوا: يَا أَبَا الْقَاسِمِ ! حَدِّثْنَا عَنْ خِلالٍ نَسْأَلُكَ عَنْهُنَّ لا يَعْلَمُهُنَّ إلاَّ نَبِيٌّ، قَالَ: سَلُونِي عَمَّا شِئْتُمْ، وَلَكِنْ اجْعَلُوا لِي ذِمَّةَ اللهِ وَمَا أَخَذَ يَعْقُوبُ عَلَيْهِ السَّلام عَلَى بَنِيهِ لَئِنْ حَدَّثْتُكُمْ شَيْئَاً فَعَرَفْتُمُوهُ لَتُتَابِعُنِّي عَلَى الإِسْلام، قَالُوا: فَذَلِكَ لَكَ، قَالَ: فَسَلُونِي عَمَّا شِئْتُمْ، قَالُوا: أَخْبِرْنَا عَنْ أَرْبَعِ خِلالٍ نَسْأَلُكَ عَنْهُنَّ: أَخْبِرْنَا أَيُّ الطَّعَامِ حَرَّمَ إِسْرَائِيلُ عَلَى نَفْسِهِ مِنْ قَبْلِ أَنْ تُنَزَّلَ التَّوْرَاةُ؟ وَأَخْبِرْنَا كَيْفَ مَاءُ الْمَرْأَةِ وَمَاءُ الرَّجُلِ؟ كَيْفَ يَكُونُ الذَّكَرُ مِنْهُ؟ وَأَخْبِرْنَا كَيْفَ هَذَا النَّبِيُّ الأُمِّيُّ فِي النَّوْمِ، وَمَنْ وَلِيُّهُ مِنْ الْمَلائِكَةِ؟ قَالَ فَعَلَيْكُمْ عَهْدُ اللهِ وَمِيثَاقُهُ لَئِنْ أَنَا أَخْبَرْتُكُمْ لَتُتَابِعُنِّي، قَالَ: فَأَعْطَوْهُ مَا شَاءَ مِنْ عَهْدٍ وَمِيثَاقٍ، قَالَ: فَأَنْشُدُكُمْ بِالَّذِي أَنْزَلَ التَّوْرَاةَ عَلَى مُوسَى ﷺ هَلْ تَعْلَمُونَ أَنَّ إِسْرَائِيلَ يَعْقُوبَ ﷺ مَرِضَ مَرَضَاً شَدِيدَاً، وَطَالَ سَقَمُهُ ، فَنَذَرَ لِلَّهِ نَذْرَاً لَئِنْ شَفَاهُ اللهُ تَعَالَى مِنْ سَقَمِهِ لَيُحَرِّمَنَّ أَحَبَّ الشَّرَابِ إِلَيْهِ وَأَحَبَّ الطَّعَامِ إِلَيْهِ، وَكَانَ أَحَبَّ الطَّعَامِ إِلَيْهِ لُحْمَانُ الإِبِلِ، وَأَحَبَّ الشَّرَابِ إِلَيْهِ أَلْبَانُهَا؟ قَالُوا: اللَّهُمَّ نَعَمْ، قَالَ: اللَّهُمَّ اشْهَدْ عَلَيْهِمْ، فَأَنْشُدُكُمْ بِاللهِ الَّذِي لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ التَّوْرَاةَ عَلَى مُوسَى هَلْ تَعْلَمُونَ أَنَّ مَاءَ الرَّجُلِ أَبْيَضُ غَلِيظٌ، وَأَنَّ مَاءَ الْمَرْأَةِ أَصْفَرُ رَقِيقٌ ، فَأَيُّهُمَا عَلا كَانَ لَهُ الْوَلَدُ، وَالشَّبَهُ بِإِذْنِ اللهِ، إِنْ عَلا مَاءُ الرَّجُلِ عَلَى مَاءِ الْمَرْأَةِ كَانَ ذَكَرَاً بِإِذْنِ اللهِ، وَإِنْ عَلا مَاءُ الْمَرْأَةِ عَلَى مَاءِ الرَّجُلِ كَانَ أُنْثَى بِإِذْنِ اللهِ، قَالُوا: اللَّهُمَّ نَعَمْ، قَالَ: اللَّهُمَّ اشْهَدْ عَلَيْهِمْ ، فَأَنْشُدُكُمْ بِالَّذِي أَنْزَلَ التَّوْرَاةَ عَلَى مُوسَى ، هَلْ تَعْلَمُونَ أَنَّ هَذَا النَّبِيَّ الأُمِّيَّ تَنَامُ عَيْنَاهُ وَلا يَنَامُ قَلْبُهُ، قَالُوا: اللَّهُمَّ نَعَمْ، قَالَ: اللَّهُمَّ اشْهَدْ، قَالُوا: وَأَنْتَ الآنَ فَحَدِّثْنَا مَنْ وَلِيُّكَ مِنَ الْمَلائِكَةِ فَعِنْدَهَا نُجَامِعُكَ أَوْ نُفَارِقُكَ؟ قَالَ: فَإِنَّ وَلِيِّيَ جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلام وَلَمْ يَبْعَثْ اللهُ نَبِيَّاً قَطُّ إِلاَّ وَهُوَ وَلِيُّهُ، قَالُوا: فَعِنْدَهَا نُفَارِقُكَ ، لَوْ كَانَ وَلِيُّكَ سِوَاهُ مِنَ

الـمَلائِكَةِ لَتَابَعْنَـاكَ، وَصَـدَّقْنَاكَ، قَـالَ: فَمَـا يَمْـنَعُكُمْ مِـنْ أَنْ تُصَـدِّقُوهُ، قَـالُوا: إِنَّـهُ عَدُوُّنَـا، قَـالَ فَعِنْـدَ ذَلِـكَ ، قَـالَ اللهُ عَـزَّ وَجَـلَّ: ﴿ قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴿٩٧﴾ البـقــرة﴾[1]، واتـە: عەبدوڵـڵای كوڕی عـەبباس خـوا لێیـان ڕازی بـێ، بۆمـان دەگێڕێتـەوەو دەڵـێ: كۆمـەڵێك لـە جوولەكـەكان هاتنـە لای پێغـەمبەر ﷺ گوتیـان: هـەواڵمان پێبدە بـە چـەند شتێك لێت دەپرسـین: مەگـەر كەسێك كـە پێغـەمبەری خـوا بـێ، ئەگـەرنا هیچ كەس وەڵامیان نازانـێ، {چوار شت بوون}.

فەرمووی: ئەوەی كـە دەتـانەوێ، لێـم بپرسـن، بـەڵام بەڵـێنی خـوام پێبـدەن، وە ئەو بەڵێنەی كە یەعقووب لە كوڕەكانی وەرگرت، كـە لـەدوای ئـەو بێجگـە لـە خـوا هیچی دیكە نەپەرستن، ئەگـەر شـتەكەم پێگوتن و زانیتـان قسـەكەم ڕاسـتە، شـوێنـم بكـەون لـە ئیسـلامەتییدا، گوتیـان: ئـەوەش مافـی تۆیـەو بەڵێنـت پێـدەدەین، فەرمـووی: دە ئێسـتا چیتـان دەوێ لێـم بپرسـن.

گوتیـان: هـەواڵمـان پێبـدە دەربـارەی چـوار شـتان :

١/ هەواڵمـان پێبـدە دەربـارەی ئـەو خـواردنەی كـە ئیسـڕائیل (واتـە: یەعقـووب) لەسـەر خـۆی قەدەغـەی كردبـوو.

٢/ وە هەواڵمان پێبدە دەربـارەی ئـاوی ئـافرەت و ئـاوی پیـاو، (واتـە: تـۆوی ئـافرەت و تۆوی پیـاو)، وە چۆن نێرو مێیـان لـێ پەیدا دەبـێ ؟

٣/ وە هەواڵمان پێبدە ئـەو پێغـەمبەرە نەخوێنـدەوارە، ئایـا لـە كـاتی خـەودا حاڵـی چۆنـە ؟

٤/ وە هەواڵمـان پێبـدە ئەو پێغـەمبەرە لەنێـو فریشـتەكاندا كـێ دۆسـتیـەتی و، دێ بۆ لای ؟

---

١) أَخْرَجَـهُ أَحْمَـد، برقم: (٢٥١٤)، قَالَ شعيب الأرنؤوط: حَدِيثٌ حَسَـنٌ.

پێغەمبەریش ﷺ پەیمانی لێوەرگرتن، کە ئەگەر هەواڵی پێدان و ڕاست بوو بە پێی کتێبەکەی خۆیان شوێنی دەکەون.

ئنجا فەرمووی: بەو خوایە لێتان دەپرسم، کە تەوراتی ناردۆتە خوار بۆ سەر مووسا، ئایا دەزانن کە ئیسرائیل نەخۆش بوو و نەخۆشییەکەی درێژی خایاند، دوایی لەسەر خۆی نەزر کرد (لە کوردەوارییدا بە نەزر دەڵێن : لەخۆگرتن) کە ئەگەر خوا شیفای داو چاکی کردەوە لەو نەخۆشییەی، ئەوە خۆشەویستترین خواردنەوەو خواردن، لەخۆی قەدەغە دەکات، (دیارە لە دینی ئەواندا دروست بووە، کە ئینسان شت لەخۆی قەدەغە بکات، وەك نەزر) وە خۆشەویستترین خواردن لەلای، گۆشتی حوشتر بوو، وە خۆشەویستترین خواردنەوەش لەلای شیری حوشتر بوو ؟

گوتیان: بەڵێ ئەوە ڕاستە، فەرمووی: خوایە ! شایەدبە لەسەریان (کە ئەوە هی یەکەمم زانی)، دوایی فەرمووی: بەو خوایە کە جگە لەو هیچ پەرستراو نین، کە تەوراتی ناردۆتە سەر مووسا، لێتان دەپرسم : ئایا دەزانن کە تۆوی پیاو سپی و خەستە، وە تۆوی ئافرەت مەیلەو زەردو ڕوونە، وە هی هەرکامێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ بوو، ئەوە منداڵەکە بەویان دەچێ، (شێوەی ئەوی دەبێ)، بە ئیزنی خوا، ئەگەر ئاوی پیاو زاڵ بوو بەسەر هی ئافرەتدا، منداڵەکە کوڕ دەردەچێ، وە ئەگەر ئاوی ئافرەتەکە زاڵ بوو مێینە دەردەچێ بە ئیزنی خوا؟، {دیارە ئەو زاڵ بوونە وەك ئیعجازی عیلمیی دەرکەوتوە، کە ئاوی پیاو ڕەمزی کیمیایی کرۆمۆسۆمەکانی بریتیە لە : (X Y) بەڵام هی ئافرەت : (X X)}[1]، گوتیان: بەڵێ، ئەوەش وایە، فەرمووی: خوایە ! شایەدبە بەسەریانەوە.

ئنجا فەرمووی: بەو خوایە داواتان لێدەکەم کە تەوراتی ناردۆتە سەر مووسا، (واتە: ئەو خوایەتان بە گژدا دەکەم) دەزانن کە ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارە کە دەبێ پێغەمبەری کۆتایی بێ، لە خەودا چاوی دەخەون، بەڵام دڵی هەر بێدارەو ناخەوێ؟ گوتیان: بەڵێ ئەوەش وایە، فەرمووی: خوایە ! شایەدبە بەسەریانەوە.

١) ئەوەی نێوان کەوانەکان زیادکردنی خۆمە.

گوتیان: ئێستا تۆ هەواڵمان پێبدە دۆستی تایبەتیی تۆ، لەنێو فریشتەکاندا، ئەوەی کە دێ بۆ لاتو وەحییت بۆ دێنێ، کێیە ؟ ئەگەر پێت گوتین، یان لەگەڵت دەبینو شوێنت دەکەوین، یاخود لێت جیا دەبینەوە.

ئەویش فەرمووی: دۆستم لەنێو فریشتەکاندا جبریلە، وە خوا هیچ پێغەمبەرێکی نەناردوە، هەرگیز مەگەر بە جبریلدا پەیامی بۆ ناردوە.

گوتیان: ئێستا ئێمە لێت جیادەبینەوە، ئەگەر جگە لە جبریل فریشتەیەکی دیکە دۆستی تۆ بووایە، (لە ڕیواتێکی دیکەدا گوتوویانە : ئەگەر میکائیل بووایە) شوێنت دەکەوتین، بەڵام جبریل دوژمنی ئێمەیە، ئنجا لەو کاتەدا خوا ئەم ئایەتەی نارده خوار، کە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴿٩٧﴾ ﴾، واتە: بڵێ : هەر کەسێك دوژمنی جبریل بێ، ئەوە بێگومان جبریل ئەو کتێبەی ناردۆتە خوار بۆ سەر دڵی تۆ، بە ئیزنی خوا، کەواتە: هەر کەسێك دوژمنی جبریل بێ، دوژمنی خواشە.

بۆیە بە پێی ئەم فەرموودەیەش دەردەکەوێ کە ئەو شتانەی دیکەش، بەهۆی خراپەو ستەمیانەوە، لێیان قەدەغەکراون، دیارە یەعقووب تەنیا گۆشتی حوشترو شیری حوشتری لەسەر خۆی قەدەغەکردبوو، وەك نەزر، بەڵام ئەو شتانەی دیکە کە لە قورئانێدا هاتوون، وەك سزادانێك بووە، خوای دادگەر لێی قەدەغە کردوون.

<u>مەسەلەی سێیەم</u>: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَٰسِعَةٍ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُۥ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿١٤٧﴾ ﴾، ئنجا ئەگەر تۆیان بە درۆ دانا (بڕوایان بە تۆ نەکرد) پێیان بڵێ: پەروەردگارتان خاوەنی بەزەییەکی فراوانە، وە سزاشی لە کۆمەڵی تاوانباران، بەرپەرچ نادرێتەوە.

سبحان الله لێرەدا خوای بە بەزەیی تەماعی وەبەرناون بۆ ڕەحمەتەکەی، پێش ئەوەی بە سزایەکەی بیانترسێنێ، دەفەرموێ: ﴿ فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَٰسِعَةٍ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُۥ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴾، پێیان بڵێ: پەروەردگارتان

بەزەیـی زۆر فراوانـە، یانـی: بگـەڕێنەوە بـۆ لای، ئنجـا دەفـەرموێ: ﴿ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُۥ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴾، (بـأس) یـانی سـزا، جەزرەبـە: سـزای خـوا بەرپـەرچ نادرێتـەوە، ئەگـەر بۆ کـۆمەڵی تاوانبـاران هات، ناڵـێ ئێوە تاوانبـارن، خـۆ تـاوانبـاریش بوون، بەڵام خـوای کاربەجـێ ئەوە نافەرموێ، بۆ ئـەوەی دڵیان نـەرم بـێ و سەرنجـیان ڕابکێشـێ، وە تەمـاع و ئومێـدیان بـە ڕەحمـەتی خـوا بـێ و بگـەڕێنەوە، واتـە: ڕەحمـەت و میهرەبانیی خـوا ئەوەنـدە فراوانـە، ئێوە بـەو هـەموو گونـاح و تاوانانـەتـانەوە، جوولەکـەکان، یـان هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرو کافرەکـان، دەگونجـێ مەبەست پێی هەردووکیان بـێ، یاخـود مەبەسـت یەکێکـیان بـێ، لەگـەڵ ئەو هەموو گونـاح و تـاوان و خراپانەشـتان، ڕەحمـەتی خـوا هێنـدە فراوانـە، جێگـای ئێوەشی تێدا دەبێتەوە، هـەرچەنـدە خـاوەن خـراپـە و تـاوان بـن، تـا ئێسـتاش لەسـەر تـاوان و گوناهـەکانتان بـەردەوام بن، بەڵام وەختێـك سـزای خـوا بـێ، کـەس ناتوانـێ پێشی بگـرێ و بـەرپـەرچی بداتـەوە.

<u>**مەسەلـەی چـوارەم**</u>: کـە دەفـەرموێ: ﴿ سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَيْءٍۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُواْ بَأْسَنَاۗ قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَآۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴾، لەمـەودوا ئەوانـەی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەر بوون، دەڵێن: ئەگـەر خـوا ویسـتبای نـە ئێمـە و نـە بـاب و باپـیرانمان هاوبەشـمان بـۆ خـوا دانەدەنا، وە هیچ شتێکیشـمان قەدەغـە نەدەکـرد، هـەر بەو شـێوە ئـەوانی پێش وانـیش پێغـەمبەرانیـان بـە درۆ دانـا، تاکـو سـزای ئێمـەیان چێشـت، بڵـێ: ئایـا لەوبارەوە زانیارییتـان لەلایە بۆمـان بێننـە دەرێ و پێشـانمان بدەن !

ئەمـە بـە تەوسـەوە خـوا فـەرموویەتی، دوایـی دەفـەرموێ: ﴿إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴾ ئێوە بـەس بـەدوای گومـان دەکـەون، وە بـەس

درۆ دەکـەن، ڕاسـت ناکـەن.

لـێـرەدا با تەماشـا بکـەین !

ئـەوان دەڵێـن: ئەگـەر خـوا ویستبای، ئێمـە نـە خۆمـانو نـە بـابو باپـیرانمـان، هاوبەشـمان بۆ خـوا دانەدەنـا، وە ئەگـەر خوا ویستبای، ئەو شتانە قەدەغـە نەکەین، قەدەغـەمان نەدەکردن، کەچی خـوا دەفـەرمـوێ: هـەر ئـاوا ئەوانـەی پـێش وانیـش خـواو پێغـەمبەرانی خوایـان بە درۆ دانـا.

لـێرەدا پرسـیارێك دێتە پێش:

بێگومان ئەوان شـتێکیان گوتـوە کە ڕاستـە، دەڵێن: ئەگەر خـوا ویسـتبای ئێمـە کـافر نەدەبووین، ئنجـا ئەوەتـا خـواش بۆخـۆی فەرموویەتـی: ﴿ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكُوا۟ ۗ وَمَا جَعَلْنَـٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ ﴿١٠٧﴾ ﴾ وە ئەگـــەر خـوا ویسـتبای هاوبەشـیان بۆ خوا دانەدەنا... هەروەها فەرموویەتی: ﴿ ...وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ ۖ... ﴿١١٢﴾ ﴾الأنعام ، ئەگەر پەروەردگارت ویستبای، وایانـنەدەکرد، ئەدی یانی چی، لێرەدا خـوای پەروەردگار لەسەر ئەو قسەیان ڕەخنـەیان لـێ دەگرێ ؟

ئـەوە دەبـێ بـە وردیـی سەرنجـی بدەینـێ ! لـێرەدا توێـژەرەوانی قورئـان زۆر شـتیان گوتـوە، مـن تەماشـای دەوری سـی (٣٠) تەفسـیـرم کـردوەو، لەوبـارەوە زۆر شـتیان گوتـوە، منیش ئەوەی پێـم ڕاسـتو بەجێیـە، کورتو پوختـەی دەکـەمەوە :

سـەرەتـا دەڵێـین: ئـەوەی هاوبەشدانەرەکـان لێـرەدا گوتوویانـە: لـە سـوورەتی (النحـل)یشـدا هـەمان شـتیان گوتـوە، لێـرەدا خـوا دەفـەرموێ: ﴿ سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ ﴾، لەمـەودوا ئەوانـەی هاوبـەش بـۆ خـوادانەرن دەڵێن، هەواڵـی داوە کـە وا دەڵـێن، ئنجـا لـە سـوورەتی (النحـل)دا، ئـەوەی خـوا هـەواڵی پێـداوە هاتۆتـە دی:

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ نَّحْنُ

وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍۚ كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْۚ فَهَلْ عَلَى ٱلرُّسُلِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿٣٥﴾، دیارە سووڕەتی (الأنعام) پێش سووڕەتی (النحل) هاتۆتە خوارێ، لە (الأنعام)دا فەرموویەتی: لەمەودوا هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەڵێن: ئەگەر خوا ویستبای، خۆمان و باب و باپیرمان هاوبەشمان بۆ خوا دانەدەناو، هیچ شتێکیشمان قەدەغە نەدەکرد، لە سورەتی (النحل)یشدا دەفەرموێ: وە ئەوانەی هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، گوتیان: ئەگەر خوا ویستبای ئێمەو باب و باپیرانمان، جگە لە خوامان نەدەپەرست، وە هیچ شتێکیشمان بە بێ ئیزنی خوا قەدەغە نەدەکرد، خواش دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، ئەوانەی پێش وانیش هەر وایانکرد، ﴿ فَهَلْ عَلَى ٱلرُّسُلِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴾، ئایا پێغەمبەران هیچیان لەسەرە، جگە لە گەیاندنێکی ئاشکرا؟ ئەوە لایەکی بابەتەکە، کە ئەوەی خوا هەواڵی پێداوە، لە سووڕەتی (الأنعام)دا، لە سووڕەتی (النحل)دا هاتۆتە دی.

لێرەدا خولاصەی ئەو مەسەلەیە ئەوەیە: کە ئەوانە مەبەستیان ئەوە بووە بڵێن: ئایا کە ئێمە هاوبەش بۆ خوا دادەنێین و کافر دەبین و شت قەدەغە دەکەین لەخۆمان، بە ویستی خوایە یان نا ؟ وەڵامەکەشی هەر ئەوەیە کە: بەڵێ بە ویستی خوایە.

ئنجا گوتوویانە: مادام بە ویستی خوابێ، کەواتە: خوا ئەو کارانەی پێ چاکن ! بۆیە خوای زاناو شارەزا دەفەرموێ: ﴿ ... كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ... ﴿١٤٨﴾ ﴾ الأنعام، ئاوا ئەوانی پێش وانیش، پێغەمبەرانیان بە درۆ دانا، چونکە ئەوان ویستوویانە بڵێن: ئەی پێغەمبەرەکان ! ئێوە ڕاست ناکەن، کە خوا شیرك و ئەو شتانەی قەدەغە کردوە، بە بەڵگەی ئەوە کە خوا ویستوویەتی ئێمە وا بکەین، ئنجا مادام خوا ویستوویەتی، کەواتە: خوا ئەو شتانەی پێ چاکن، کەواتە: نابێ لە شەریعەت و دینەکەشیدا، نە شیرکی قەدەغە کردبێ، وە نە لە خۆ قەدەغەکردنی ئەو ئاژەڵ و خواردنانەشی قەدەغەکردبێ !

کەواتە: ئەوەی خوا لێرەدا ڕەخنەی لێدەگرێ، لە قسەو بۆچوونی کافرەکان ئەوەیە کە هەڵساون ویستی خواو ڕەزامەندیی خوایان تێکەڵ کردوە، (الإرادة التكوينية)ی خواو (الإرادة التشريعية) [1] خوایان، تێکەڵ کردوە.

گوتوویانە: مادام خوا ویستوویەتی ئێمە کافر بین، دیارە خوا کوفری پێ چاکە، وە مادام خوا ویستوویەتی ئێمە هاوبەش بۆ خوا دابنێین، دیارە خوا هاوبەش بۆ خوا دانانی پێ چاکە، وە مادام خوا ویستوویەتی ئەو شتانە قەدەغە بکەین، کە بەبێ ویستی خوا ناکرێ، ئنجا مادام بە ویستی خوا کردوومانە، کەواتە: دیارە خوا ئەو شتانەی پێ چاکن، وە مادام خوا ئەو شتانەی پێ چاك بن، ناگونجێ لە شەریعەتی خوادا ڕەخنەمان لێ بگیرێ لەسەر ئەو شتانە !!

بەڵام ئەوە لەڕاستییدا هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کە ئەوانە تێیکەوتوون، کە ئێستاش هەندێ لە خەڵکی مسوڵمانو خۆ بەمسوڵمان زانیش تووشی ئەو هەڵەیە دەبێ.

دەڵێن : هەموو شتێ بە ویستی خوا نییە ؟ با، دەی باشە، مادام خوا ئەو شتانەی ویستبێ، دیارە خوا لێیان ڕازییە ؟ بەڵام نا، ویستی خوا لەگەڵ ڕەزامەندیی خوا لێك جیان، ئنجا ئایا ئینسان بەهۆی چییەوە، تووشی ئەو هەڵەیە دەبێ ؟ بەهۆی قیاسکردنی خوا لەسەر خۆی، ئێمە وەك مرۆڤ ناتوانین ئیرادەی شتێك بکەین، مەگەر ڕەغبەتمان لەو شتە نەبێ، ئەگەر بەدەگمەن، دەنا بە زۆریی وایە کە ئێمە ویستو ڕەزامەندییمان یەکن، واتە: کە شتێکمان ویست، دیارە ئەو شتانەمان پێ خۆشە، ئەو شتەمان پێ چاکە، بەڵام خوا ﷻ جیایە، هیچ شتێك بەبێ ویستی خوا نابێ: کوفری کافران، شیرکی موشریکان، نیفاقی مونافیقان، گوناحی تاوانباران، چاکەی چاکەکاران، هەمووی بە ویستی خوایە، بەڵام بە تەئکید خوای پەروەردگار چاکەی پێخۆشەو، خراپەی پێناخۆشە، ئیمانی پێ خۆشەو، کوفری پێ ناخۆشە، بەڵگەمان چییە لەسەر ئەوە؟

---

١) ویستی هێنانەدیو، ویستی یاسادانا، کە ویستی هێنانەدی، ویستراوەکانی هەر دێنەدی، بەڵام ویستی یاسادانان، مەرج نیە ویستراوەکانی بێنە دی.

بەڵگەمان ئەوەیە كە خوا دەفەرمویٚ: ﴿وَلَا يَرۡضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلۡكُفۡرَۖ وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡ ۝٧﴾ الزمر، خوا ڕازی نیە بەندەكانی كافر بن، بەڵام ئەگەر شوكرانەی بكەن ڕازییە، واتە: خوا شوكرو ئیمانی حەز لێیە، وە كوفرو سپڵەیی، ڕق لێیە.

ئنجا خوا ئەو هەموو پێغەمبەرانەو ئەو هەموو كتێبانەی بۆچی ناردوون؟ بۆئەوەی كە تێمان بگەیەنیٚ: كە چی پیٚ خۆشەو، چی پیٚ ناخۆشە ؟ بەڵیٚ كوفرو ئیمانو خراپەو چاكە، هەمووی بە ویستی خوایە، بەڵام ئێمە ویستی خوامان لیٚ دیار نیە، بەس بە كردەوەی خۆمان، بۆمان دەردەكەویٚ، كە خوا چی لە ئێمە ویستوەو، چی لە ئێمە نەویستوە ؟ وە بەهۆی شەریعەتەكەیەوە، ڕەزامەندیی خوامان بۆ دەردەكەویٚ، تۆ بەدوای شەریعەتی خوا بكەوە، بە پێی شەریعەتی خوا دەزانی كە خوا ڕازییە لە ئیمانو چاكەو، وە ناڕازییە لە نیفاق شیرك خراپە.

كەواتە: ئەی كافرەكان ! ئێوە لەسەر ئەوە سزا دەدرێن، كە بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ پێغەمبەران بەدرۆ دادەنێن، كە پێتان وایە ڕاست ناكەن، لەوەدا كە پێتان ڕادەگەیەنن لە خراپیی كوفرو شیرك، وە بە حەرام دانانی شتان بەبیٚ مۆڵەتی خوا.

مەسەلەی <u>پێنجەم</u>: خوای پەروەردگار دوای ئەوەی بەرپەرچی هاوبەش بۆ خوا دانەرانو كافرەكانی دایەوە كە دەیانگوت: ﴿لَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشۡرَكۡنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمۡنَا مِن شَيۡءٖۚ ۝١٤٩﴾، ئەگەر خوا ویستبای نە خۆمانو نە بابو باپیرانمان، هاوبەشمان بۆ خوا دانەدەنا، وە هیچ شتێكیشمان قەدەغە نەدەكرد.

كە مەبەستیان ئەوەیە: هیچ شتێك لەو شتانە كە شەریعەتی پێغەمبەری خاتەم قەدەغەی كردوونو ڕەخنەیان لیٚ دەگریٚ، نەدەبوو قەدەغە بكرێن، خوای زاناو شارەزاش لە وەڵامیاندا فەرمووی: ﴿كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ حَتَّىٰ ذَاقُواْ بَأۡسَنَا﴾، هەروا بەو شێوەیە، (واتە: وەك ئەوان)، ئەوانی پێش وانیش پێغەمبەرانی خوا، یاخود پەیامی خوایان بە درۆ داناوە، تاكو سزای

ئێمەیان چێشت، ﴿ قُلۡ هَلۡ عِندَكُم مِّنۡ عِلۡمٍ فَتُخۡرِجُوهُ لَنَآ ﴾، پێیان بڵێ: ئایا زانیارییتان لەلایە، پێشانمان بدەن، بۆمان دەربێنن.

پاشان چییەت (ماهیة)ی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، دەخاتەڕووو دەفەرموێ: ﴿ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَخۡرُصُونَ ﴾، ئێوە بەس شوێن گومان دەکەون، وە تەنیا درۆ دەکەن، لەچی دا درۆ دەکەن ؟ ئایا لەوەدا درۆ دەکەن کە دەڵێن: ئەگەر خوا ویستبای، هاوبەشیان بۆخوا دانەدەنا؟ وە ئەگەر خوا ویستبای شتیان لەخۆیان قەدەغە نەدەکرد؟ بێگومان نەخێر، چونکە بێگومان بەبێ ویستی خوا، هیچ کەس نە ئیمان دێنێ، نە کافر دەبێ، وە نە شت قەدەغە دەکات، نە چاکە، دەکات، نە خراپە، دەکات.

ئەدی لە چیدا خوای کارزان بە درۆزنیان دادەنێ ؟ لەوەدا کە ئەوان مەبەستیان ئەوە بووە : هەر شتێك خوا لە ئێوەی ویستوە دیارە لە لاشی پەسەندە، هەر شتێك خوا ویستوویەتی ئێمە بیکەین، لە شیرکو، لە بە حەرام دانانی ئەو شتانەی کە نابێ حەرام بکرێن، دیارە خوا ئەو شتانەی پێ پەسەندن ! خواش دەفەرموێ: نەخێر، ئێوە درۆ دەکەن، ئەوە ڕاست نیە، کە خوا هەر شتێکی ویستبێ، لە لاشی پەسەند بێ.

دوایی دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ فَلِلَّهِ ٱلۡحُجَّةُ ٱلۡبَٰلِغَةُ ﴾، بلێ: بێگومان خوا بەڵگەی تەواوی هەیە، واتە: بەڵگەی تەواوی هەیە لەسەر بەندەکانی کە ستەمیان لێ ناکات، وە بەڵگەی تەواوی هەیە لەسەر بەندەکانی، کە ئازادی کردوون، بە ویستی ئازادانەی خۆیان ئیمان دێنن، یان ناهێنن، چاکە دەکەن، یان خراپە دەکەن، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ فَلِلَّهِ ٱلۡحُجَّةُ ٱلۡبَٰلِغَةُ فَلَوۡ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴾، بلێ: خوا بەڵگەی تەواوی هەیە، واتە بەڵگەکە گەیشتۆتە ئەوپەڕیو، گەیشتۆتە کۆتایی مەنزڵ، ئەگەر ویستبای بە زۆر واتان لێ بکات بڕوا بێنن، هەمووتانی دەخستە سەر ڕێی ڕاست .

لێـرەدا ڕسـتەی ﴿ لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ ﴾، مەبەسـت پێـی ڕێنمـایی كـردن نیـە، چونكە خـوا هەمووەمانی ڕێنمایی كردوە، وەك ڕێگا بۆ ڕوونكردنـەوەو ڕێ پێشـاندان، بەڵكو پێـی : مەبەست خسـتنە سـەر ڕێیـە، چونكـە هیـدایەت دوو جـۆرە:

یەكـەم: ئەوەیـە كـە خـوا ڕێ پێشـانی هەنـدێ خەڵك بـدات، ئـەوە دیـارە پێشانی كافرو مسوڵمانی داوە.

دووەم: ئـەوەیـە كـە بیانخـاتە سـەر ڕێـی ڕاسـت، كـە ئـەوە تایبـەتە بـە ئەهلـی ئیمانەوە، خـوا دەفـەرموێ: ئەگـەر خـوا ویستبای هەمووتانی دەخستە سەر ڕێی ڕاست، یانی چی؟ یـانی: ئەگـەر ویستبای زۆرتـان لـێ بكات، بـە زۆر هـەمووتـانی دەخسـتە سـەر ڕێـی ڕاسـت، بـەڵام نەیویسـتوە زۆرتـان لـێ بكـاتو ویسـتوویەتی ئازادتـان بكـات، ئنجـا كـە ئـازادی كـردوون، هەنـدێكتان ڕێـی ڕاسـتتان گرتـوەو هـەندێكیشـتان ڕێـی چـەوت.

كەواتـە: لێرەدا خوا كە دەفـەرموێ: ئێوە درۆ دەكەن، یـانی : كە ئـەو شـیـركو گوناهـو خراپـەیەی ئێـوە لەسـەرینی، لـەلای خـوا پەسـەند بـێو شـتێكی بـاشو خۆشویسـتراو بێ، ئـەوە وانیـە لـەوەدا ڕاست ناكـەن.

بـەڵام كـە دوایـی خـوای پەروەردگـار دەفـەرموێ: ئەگـەر خـوا ویستبای، واتـە: ئەگـەر خـوا ویسـتبای زۆرتـان لـێ بكـات، دەیتـوانی زۆرتـان لـێ بكـات، بـەڵام ویسـتوویەتی ئازادتـان بكـات، كـە ئازادیشـی كـردوون، هەندێكـتان ڕێـی ڕاسـتتان گرتـوە: ڕێـی تەنیـا خواپەرسـتیو چاكـە، هەندێكیشـیتـان ڕێـی چەوتتـان گرتـوە: ڕێـی شـیـركو گونـاهو تـاوان.

ئنجـا ئێـرە یەكێكـە لـەو شـوێنانەی كـە توێـژەرەوانی قورئـان زۆر تێـدا كەوتوونەتە مشـتومڕەوە، چونكـە: لەلایەكـەوە: ئەو هاوبەش بۆخوا دانەرانـە دەڵێن: ئەگەر خوا ویستبای ئێمە هاوبەشـمان بۆ خـوا دانەدەنـاو، هیـچ شـتێكمان قەدەغـە نەدەكـرد، خـوای پەروەردگـاریش دەفـەرموێ: درۆ دەكـەن، ئنجـا ئایـا لـەوەدا درۆ دەكەن، كە هەموو شـتێك بە ویستی خوایـە؟ نەخـێر، لـەوەدا درۆ ناكـەن، بـەڵام ئـەوان مەبەسـتیان ئەوەبوو كە: خـوا ویستوویەتی ئێمـە هاوبەشـی بـۆ دابنێیـنو، ویستوویەتی ئێمـە گونـاه بكەین، كەواتە: مـادام ئـەوەی لە ئێمـە ویسـتوە، دیـارە

پێی خۆشبووەو پەسەندیشی کردوە، خوای بەرزو مەزن لەوەدا دەفەرمویٚ: درۆ دەکەن، واتە: مەرج نیە هەرچی خوا ویستی، پەسندی بیٚو خۆشیبویٚ !

ئەدی ئایا ئێمە بە چی دەزانین شتەکان کامیان لەلای خوا خۆشویستراوەو پەسندە؟ وە کامیان ناخۆشویستراوەو ناپەسندە؟ بەهۆی شەریعەتەکەیەوە دەزانین، نەك لەبەرئەوەی خوا ویستوویەتی، خوا هەموو شتێکی ویستوەو، هیچ شتێك بەبیٚ ویستی خوا نایەتەدی، بەڵام بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە کام لەو شتانەی ویستوونی، لەلای خۆشەویستن، ئاوێنەی ئەوەو سەنگی مەحەكو تەرازووی ئەوە، بریتیە لە شەریعەت، ئێمە تەماشای شەریعەتەکەی دەکەین، خوا دەفەرمویٚ:

﴿وَلَا يَرۡضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلۡكُفۡرَۖ وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡ ۝٧﴾ الزمر، واتە: خوا کوفر بۆ بەندەکانی پەسند ناکاتو پێی چاك نیە، بەڵام ئەگەر سوپاسی خوا بکەن، سوپاسگوزاربن، شوکرانە بژێر بن، خوا پێی خۆشەو پێی ڕازییە.

کەواتە: بەهۆی شەریعەتەوە ئێمە دەزانین ڕەزامەندیی خواو خۆشویستنی خوا، لە کوێیەو، وە تووڕەیی خواو ڕازی نەبوونی خوا، لە کوێیە، نەك بیانوو بە ویستی خوا بگرین.

ئنجا ئەوە بۆیە زۆر تیشکی دەخەمە سەر، چونکە هەندێك خەڵك ئێستاش زۆرجار بیانوو بە ویستنی خوا دێنێتەوە: خوا ویستی لەسەر نەبووە، ئەو شتە ببیٚ، یان ئەو شتە نەبیٚ، کەواتە: خوا پێی چاکە؟ نەخێر، وەك گوتم: ئەوە هەمووی بریتیە لە قیاسکردنی خوا لەسەر خۆمان، ئێمە هەر شتێکمان ویست بە زۆریی وایە پەسندیش دەکەین، وە هەر شتێکمان نەویستو ئیرادەمان ڕووی تێنەکرد، بەزۆریی وایە خۆشمان ناویٚ، بەڵام بەنسبەت خوای پەروەردگارەوە، وانیە، چونکە ناگونجیٚ هیچ شتێك بەبیٚ ویستی خوا پەیدا بیٚ، هەموو شتێك بە پێی ویستی خوا پەیدابیٚ، هەموو شتێك بەویستی خوایە، بەڵام لە شتە ویستراوەکانی خوادا، کامیان خۆشویستراوە بۆ خوا، کامیان بوغزێنراوە؟ دەبیٚ تەماشای شەریعەت بکەینو بەهۆی شەریعەتەوە، خۆشویستراوو ناخۆشویستراوەکانی خوامان بۆ دەردەکەون.

مەسەلەی شەشەم: کە دەفەرمویٚ: ﴿قُلۡ هَلُمَّ شُهَدَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ يَشۡهَدُونَ أَنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَ هَٰذَاۖ فَإِن شَهِدُواْ فَلَا تَشۡهَدۡ مَعَهُمۡۚ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَ ٱلَّذِينَ

كَذَّبُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْأَخِرَةِ وَهُم بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ﴿١٥٠﴾ ﴾،

خوا ﷻ بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ، بڵێ: بێنن ئەو شایەدانەتان کە شایەدیی دەدەن: خوا ئەو شتانەی قەدەغە کردوون، ئنجا ئەگەر ئەوان شایەدییاندا، تۆ شایەدییان لەگەڵ مەدە، وە شوێن ئارەزووی ئەوانە مەکەوە، کە ئایەتەکانی خوا بە درۆ دادەنێن، وە ئەوانەی کە بڕوایان بە دوارِۆژ نییە، وە لەگەڵ خوادا دروستکراوەکانی خوا یەکسان دەکەنو، دەیانهێننە ڕیزی خوا.

چونکە شیرك یانی چی؟ ئەوەیە کە هەندێ لە دروستکراوەکان بهێنیە ڕیزی خوا، یانی: وەك چۆن خوا دەپەرستی، ئەوانیش بپەرستی.

کە دەفەرموێ: ﴿ قُلْ هَلُمَّ شُهَدَآءَكُمُ ﴾، وشەی (هَلُمَّ) لە زمانی عەرەبییدا، یانی: (هاتِ)، بیهێنە، یان (هاتُوا)، بیهێنن (احْضِروا) ئامادەی بکەن، ﴿ قُلْ هَلُمَّ شُهَدَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ يَشْهَدُونَ أَنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَ هَـٰذَا ﴾ ئەو شایەدانەتان بێنن کە شایەدیی دەدەن، خوا ئەو شتانەی قەدەغە کردوون، ﴿ فَإِن شَهِدُواْ فَلَا تَشْهَدْ مَعَهُمْ ﴾، ئەگەر ئەوان شایەدییان دا، تۆ شایەدییان لەگەڵ مەدە، چونکە شایەدیی بە درۆ دەدەن، تۆش (ئەی موحەممەد ! ﷺ) شایەدیی بە هەقو دادگەریی نەبێ نادەی، کەواتە: تۆ لەگەڵ ئەوان دا شایەدیی مەدە.

لێرەدا خوا لەجیاتی ئەو تەفصیلەی بداتێو بفەرموێ: ئەگەر ئەوان شایەدییان دا، ئەوان تەنیا شایەدیی بە درۆ دەدەن، تۆش شایەدیی بە درۆ نادەی، کەواتە: لەگەڵیان ئامادە مەبە، یەکسەر فەرموویەتی: ئەگەر شایەدییاندا، تۆ شایەدییان لەگەڵ مەدە.

وە دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْأَخِرَةِ وَهُم بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ﴾، وە شوێن ئارەزووی ئەوانە مەکەوە، کە بڕوایان بە ئایەتەکانی ئێمە نیەو بڕوایان بە دوارِۆژنییە، وە

دروستکراوەکان لەگەڵ خوادا یەکسان دەکەن، کەواتە: ئەوانە چوار عەیبیان هەن:

١ - ئەوەیە کە دوای ئارەزوویان دەکەون.

٢ - ئایەتەکانی خوا بە درۆ دادەنێن.

٣ - بڕوایان بە دوارۆژ نیە.

٤ - دروستکراوەکان لەگەڵ خوادا یەکسان دەکەن.

کەواتە: کەسانی وا، تۆ شایستە نی شوێنیان بکەوی.

لە کۆتایی ئەم دەرسەدا دەمەوێ ئاماژە بە دوو بابەتی گرنگ بکەم هەرچەندە پێشتریش، قسەمان لەبارەوە کردن :

بابەتی یەکەم: حەڵاڵو حەرام سنووردارە :

ئەو ئایەتانەی ڕابردن بە زۆریی باسی حەڵاڵو حەرامو بوون، ئێمە پێویستە وەك مسوڵمان بزانین: خوا ﷻ هیچ شتێکی قەدەغە نەکردوە، زیانبەخش نەبێ، وە هیچ شتێکیشی حەڵاڵ نەکردوە، کە سوودبەخش نەبێ، بەڵام سوننەتی خوا وایە هەمیشە ئەو شتانەی کە کەمن ـ کە بێگومان هەمیشەش حەرامو قەدەغەکان کەمینەن ـ سەرژمێریان دەکات، بۆئەوەی هەرچی مایەوە، دیاربێ کە هەموویان حەڵاڵن.

بۆ وێنە : لە بواری خواردنەکان دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: تەنیا ئەو چوار شتە قەدەغەن: مردارو، خوێنی ڕژاوو، گۆشتی بەرازو، بۆ جگە لە خوا سەربڕاو، کەواتە: هەرچی دەمێنێتەوە لە ئەسڵدا ڕەوایەو موباحە، بەڵام بەمەرجێك کە زیانبەخش نەبێو، ئینسان بەهۆیەوە تووشی زەرەر نەبێ.

هەروەها لە مەسەلەی ئافرەتانی شیاو بۆ هاوسەرگیریی دا، خوای پەروەردگار لە سوورەتی (النساء)دا، ئەو ئافرەتانەی کە حەرامن، سەرژمێریان دەکات:

﴿ حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمۡ أُمَّهَٰتُكُمۡ وَبَنَاتُكُمۡ وَأَخَوَٰتُكُمۡ وَعَمَّٰتُكُمۡ وَخَٰلَٰتُكُمۡ وَبَنَاتُ ٱلۡأَخِ وَبَنَاتُ ٱلۡأُخۡتِ وَأُمَّهَٰتُكُمُ ٱلَّٰتِيٓ أَرۡضَعۡنَكُمۡ

وَأَخَوَٰتُكُم مِّنَ ٱلرَّضَٰعَةِ وَأُمَّهَٰتُ نِسَآئِكُمۡ وَرَبَٰٓئِبُكُمُ ٱلَّٰتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ ٱلَّٰتِي دَخَلۡتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمۡ تَكُونُواْ دَخَلۡتُم بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ وَحَلَٰٓئِلُ أَبۡنَآئِكُمُ ٱلَّذِينَ مِنۡ أَصۡلَٰبِكُمۡ وَأَن تَجۡمَعُواْ بَيۡنَ ٱلۡأُخۡتَيۡنِ إِلَّا مَا قَدۡ سَلَفَۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿٢٣﴾ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۖ ... ﴿٢٤﴾﴾.

خوا ﷻ چواردە جۆر ئافرەت دەژمێرێ، کە ئەوانە قەدەغەن‌و پێتان ناشێن، مانای وایە ئەوانەی کە دەمێننەوە، پێتان دەشێن، هەمیشەی خوا ئەو شتانەی کە قەدەغەن سەرژمێریان دەکات، بۆئەوەی هەرچی مایەوە موباح بێ، وەك لە سووڕەتی (الأنعام)دا دەفەرموێ: ﴿وَمَا لَكُمۡ أَلَّا تَأۡكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ ٱسۡمُ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ وَقَدۡ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيۡكُمۡ إِلَّا مَا ٱضۡطُرِرۡتُمۡ إِلَيۡهِۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا لَّيُضِلُّونَ بِأَهۡوَآئِهِم بِغَيۡرِ عِلۡمٍۗ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴿١١٩﴾﴾، واتە: خوا ئەوەی لێی قەدەغەکردوون بە تەفصیلٚ بۆی باسکردوون، مەگەر ئەوەی بۆی ناچاربن، کەواتە: هەرچی کە خوا بە تەفصیلی باسی نەکردوە، ئەوە لەسەر ئەسڵی خۆی ماوەتەوە، کە بریتیە لە حەلاڵ بوون‌و ڕەوایی.

بابەتی دووەم: تەنیا شتی زیانبەخش قەدەغەکراوە :

پێشتریش باسمان کرد کە خوا: خوێن‌و، مردارو، گۆشتی بەرازو، بۆ جگە لە خوا سەربڕاوی، قەدەغە کردوون، هەر کامێك لەوانە زانستی پزیشکیی (طب) بۆی دەرکەوتوە، کە زیانبەخش‌و بەزەرە، دیارە تاکو زانست بەرەو پێشەوە بچێ،

حیکمەتو نهێنییەکانی خوا زیاتر ئاشکرا دەبن، کە هەر کام لە مردارو خوێن کانگای نەخۆشیی‌و میکرۆبن، هەروەها گۆشتی بەراز ـ وەك لە سوورەتی (البقرة)شدا باسمان کردوە، ـ کە بۆچی خوا قەدەغەی کردوە؟ چونکە هەم لەڕووی جەستەییەوە مایەی نەخۆشیی یە، هەم لەڕووی نەفسییەوە.

لە ڕووی جەستەییەوە جۆرە میکرۆبێك لە گۆشتی بەرازدا هەیە، کە زۆر بەزەحمەت دەفەوتێ، وە پاشان بەراز بۆخۆی پیس خۆرەو، پاشەڕۆکی خۆی دەخواتەوە، وە لە ڕووی دەروونییشەوە، بەراز عادەتێکی هەیە، نەمزانیوە هیچ ئاژەڵو دڕندەیەك ئەو عادەتەی هەبێ، ئەویش ئەوەیە کە نێرەی بەراز لە پەنا خۆی، سواری مێیەکەی دەبن، هیچ کاردانەوەیەکی نابێ، بە پێچەوانەی پەلەوەرو دڕندەو ئاژەڵەکانی دیکەوە، واتە: بەراز غیرەتی نیە بەرانبەر بە مێیەکەی خۆی، بۆیە زانایانی دەروونناس‌و کۆمەڵناس دەڵێن: هەر کەسێك گۆشتی بەراز بخوات، نەك هەر گۆشتی بەراز، هەر گۆشتێکی دیکە بخوات، عادەتی خاوەنی ئەو گۆشتە، ئنجا ئاژەڵە، پەلەوەرە، ئەو دڕندەیە، کەمو زۆر لە ڕووی دەروونییەوە، کاریگەریی لەسەری دەبێ، ئەوانەی کە دەڵێن: گۆشتی ئاژەڵی دڕندە، کە گۆشت خۆرن، نابێ بخورێ، لەبەرئەوەیە کە سیفەتی دڕندەیی کاریگەریی لەسەر نەفسی ئینسان دادەنێ.

هەروەها گۆشتی گوێدرێژیش بە هەمان شێوە، هەروەها گۆشتی بەرازیش کارگەرییەکەی ئێستا لە ژیانی ئەوروپاییەکاندا، لە ژیانی ئەو کەسانەدا کە گۆشتی بەراز دەخۆن، بە ئاشکرا دیارە کە سیفەتی غیرەت، واتە: (بە تەنگ نامووسەوە بوون)یان لەدەست داوە، کابرا زۆر پێی ئاساییە کچەکەی کوڕێك لەگەڵ خۆی بێنێتەوە، ماڵێ، یان جاری وایە هاوسەرەکەی لەگەڵ دۆستێکی دێتەوە ماڵ، وە بەپێی قانوونی ئەو وڵاتە مەگەر ئافرەتەکە ئەو پیاوە لەگەڵ خۆی بێنێتەوە بۆ شوێنی پیاوەکەی خۆی، ئەگەرنا ئەگەر لە دەرێ لەگەڵی جووت بێ، مادام بە ڕەزامەندیی خۆی بێ، پیاوەکە بۆی نیە هیچ سزایەکی بدات، وە لەلایان بۆتە شتێکی ئاسایی، وە بەتەئکید خواردنی گۆشتی بەرازەکە ئەو کاریگەرییە خراپەی لەسەر داناون.

وە دیارە بە پێی ئایەتی ژمارە (١٥٧) سوورەتی (الأعراف) کە خوای زاناو شارەزا فەرموویەتی: ﴿ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ ﴿١٥٧﴾ ﴾،

ئەوانەی کە سوودبەخش‌و باشن، بۆیان حەڵاڵ دەکات، وە ئەوانەی کە پیس‌و زیانبەخشن لێیان قەدەغە دەکات.

مانای وایە: هەر شتێك کە خوا قەدەغەی کردبێ پیس‌و زیانبەخشە، جا جاری وایە زیانەکەی ئێستا زانراوەو، جاری وایە ئێستا نازانرێ‌و دوایی دەزانرێ، ئێستا کە زیانەکانی: مردارو خوێن‌و گۆشتی بەراز دەرکەوتوون، کاتی خۆی نەزانراون، بەڵام تاکو زیاتر زانست بەرەو پێشەوە دەچێ، حیکمەت‌و نهێنییەکانی خوا لە دروستکراوەکانی داو، لە شەریعەتەکەی دا زیاتر دەردەکەون، بە پێی بەڵێنی خوا، کە دەفەرموێ: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْـَٔافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ ﴾ فصلت، واتە: لەمەودوا نیشانەکانی خۆمانیان پێ پێشان دەدەین لە ئاسۆکان‌و لە دەروونیان دا، تاکو بۆیان دەربکەوێ، کە (قورئان) هەقە، بەڵێ، هەتا زانست بەرەو پێشەوە بچێ، زیاتر پەردە لەسەر ڕاستییەکانی قورئان هەڵدەدرێتەوە.

هەروەها بۆ جگە لە خوا سەربڕاویش، ئێستا دەرکەوتوە ــ ئەویش لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی زانستدا ـ کە ئەو ژیانداره‌ی سەردەبڕدرێ، ئەگەر ناوی خوای لەسەر نەهێنرێ، یاخود ناوی جگە لە خوای لەسەر بهێنرێ، کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ئەو گۆشتە پەیدا، دەبێ تەنانەت لە ڕووی ڕواڵەت‌و جەستەییشەوە، بەڵام حیکمەتە گەورەکەی ئەوەیە، کە لە ڕووی مەعنەوییەوە خراپە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی حەڤدەیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان سێ (٣) ئایەت لە خۆ دەگرێ، ئایەتەکانی: (١٥١ تا ١٥٣)، ئەم سێ ئایەتە دە وەصیەتە گرنگەکانیان گرتوونە خۆیان، خوای کاربەجێ دە (١٠) لە شتە قەدەغەکراوە گەورەکان، بە ناوونیشانی وەصیەتی خۆی دەخاتەڕوو، کە ئەمانەن:

١ - هاوبەش بۆ خوا دانان.

٢ - پێچەوانەی چاك ڕەفتارکردن لەگەڵ بابو دایك.

٣ - کوشتنی منداڵ لەبەر برسیەتیی.

٤ - نزیك کەوتنەوە لە گوناهە دزێوەکان، بە ئاشکراو پەنهانەوە.

٥ - کوشتنی بە ناهەق.

٦ - نزیك کەوتنەوە لە ماڵی هەتیوو زیان پێگەیاندنی.

٧ - ناپاکیی لە پێوانو کێشاندا.

٨ - قسەی نادادگەرانە کردن، یان قسەی ناڕاست کردن.

٩ - پەیمانی خوا جێبەجێ نەکردن.

١٠ - لادان لە ڕاستە شەقامی خوا بەرەو ڕێچکان.

شایانی باسیشە ئەم سێ ئایەتەو ئەو دە وەصیەتە گەورەی گرتوویاننە خۆیان، پێگەو پلەیەکی تایبەتییان هەیە لە ئیسلامدا، وەك دوایی دەیخەینەڕوو.

﴿قُلۡ تَعَالَوۡاْ أَتۡلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمۡ عَلَيۡكُمۡۖ أَلَّا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ
وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗاۖ وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَوۡلَٰدَكُم مِّنۡ إِمۡلَٰقٖ نَّحۡنُ نَرۡزُقُكُمۡ
وَإِيَّاهُمۡۖ وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلۡفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا بَطَنَۖ وَلَا تَقۡتُلُواْ
ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ١٥١
وَلَا تَقۡرَبُواْ مَالَ ٱلۡيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ حَتَّىٰ يَبۡلُغَ أَشُدَّهُۥۚ وَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ
وَٱلۡمِيزَانَ بِٱلۡقِسۡطِۖ لَا نُكَلِّفُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۖ وَإِذَا قُلۡتُمۡ فَٱعۡدِلُواْ وَلَوۡ
كَانَ ذَا قُرۡبَىٰۖ وَبِعَهۡدِ ٱللَّهِ أَوۡفُواْۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ
١٥٢ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ
عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٥٣ ﴾.

مانای وشە بە وشەی ئایەتەکان

((بڵێ: وەرن با ئەوەی پەروەردگارتان لێی قەدەغە کردوون، بەسەرتاندا بخوێنمەوە، "ئەوەیە" کە هیچ شتێك نەکەنە هاوبەشی، وە کە لەگەڵ باب و دایکتاندا "هیچ خراپەیەك هەرچەندە گچکەو کەمیش بێ نەیکەن و" چاکەکارو خۆش ڕەفتاربن، وە توخنی گوناهە دزێوەکان مەکەون، بە ئاشکراو پەناهانەوە، وە نەفسێك کە خوا قەدەغەی کردوە "بکوژرێ" بە هەق نەبێ مەیکوژن، ئا ئەوەتان "خوا" پێی ڕاسپاردوون، بەڵکو بفامن ﴿١٥١﴾ وە نزیکی ماڵو سامانی هەتیو مەکەون، مەگەر بە باشترین شێوەی مامەڵە کردن، هەتا پێدەگات "باڵغ دەبێ"، وە پێوان و کێشان بە تەواویی و دادگەرانە ئەنجام بدەن، جگە لە توانای، لەسەر هیچ کەس "هیچ ئەرکێك" پێویست ناکەین، وە هەر کات قسەتان کرد، دادگەربن، ئەگەر "بابای قسە لەبارەوەکراو" خاوەن نزیکایەتیی "خزم"یش بێ، وە بە پەیمانی خوا وەفاداریی بکەن، ئا ئەوەتان "خوا" پێی ڕاسپاردوون، بەڵکو بیهێننەوە بیر خۆتان ﴿١٥٢﴾ وە ئەم "بەرنامەی"ە ڕێبازی منە، ڕاست و بێ گرێیە، دەجا شوێنی بکەون و بە دوای ڕێچکان مەکەون، ئەگەرنا لە بەرنامەی خوا هەڵەو پەرتەوازەتان دەکات، ئا ئەوەتان "خوا" پێی ڕاسپاردوون، بەڵکو پارێز بکەن ﴿١٥٣﴾)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(تَعَالَوۡاْ): واتە: وەرن، (وَقِيلَ : أَصْلُهُ أَنْ يُدْعَى الإِنْسَانِ إِلَى مَكَانٍ مُرْتَفِعٍ ثُمَّ جعل للدعاء إِلى كُلِ مَكَانٍ، قَالَ بَعضُهُم أَصْله من العلو وهو ارتفاع المنزلة فكانه دعا إلى ما فيه رفعة) وە گوتراوە: لە ئەسڵدا ئەوەیە کە کەسێك لە سەرێ بێ، بانگی کەسێکی دی بکات بۆ شوێنی بەرزو بڵێ: وەرە، واتە: وەرە سەرێ، دوایی بەکارهێنراوە بۆ هەر جۆرە بانگ کردنێكو، مەرج نیە بۆ سەرو خوار بێ، یاخود ئەوەیە کە کەسێك بانگ بکەی بۆ شتێك کە پێی بەرز بێتەوە، بۆیە خوا لێرەدا وشەی (تعالوا)ی بەکارهێناوە.

(أَتۡلُ): یانی: (أَقْرَأْ) واتە: بەسەرتاندا دەخوێنمەوە، (تَلاَهُ: تَبِعَهُ مُتَابَعَةً لَيْسَ بَيْنَهُمَا مَا لَيْسَ مِنْهُمَا)، ئەسڵی وشەی (تَلَى) واتە: بە دوای کەوت، بە دواکەوتنێك کە ئەوو شتەکەی دیکە، هیچ شتێك لە نێوانیاندا نەبێ.

(مِّنۡ إِمۡلَٰقٖ): وشەی (إِمْلاَق) واتە: (فَقر) نەداریی، (أَمْلَقَتْهُ الخَواطِب: أَفْقَرتهُ، وَأَمْلَقَ الدَّهْرُ مَالَهُ: أَذهبتهُ)، لە زمانی عەرەبییدا دەگوترێ: (أَمْلَقَتْهُ الخواطِب) واتە: کارەساتەکان هەژاریان کرد، هەروەها گوتراوە: (وَأَمْلَقَ الدَّهْرُ مَالَهُ) واتە: ڕۆژگار ماڵەکەی بردو نەیهێشت.

(ٱلۡفَوَٰحِشَ): (الفُحْشُ وَالفَحْشَاءُ وَالفَاحِشَة: مَا عَظُمَ قُبْحُهُ مِنَ الأَفْعَالِ وَالأَقْوَالِ) واتە: هەر سێ وشەی: (فُحْشُ، فَحْشَاءُ، فَاحِشَة) هەر قسەو کردەوەیەکە کە زۆر دزێوو ناقۆڵاو ناشیرین بێ، کە دیارە وشەی: (فَاحِشَة) لە قورئاندا هەم بە مانای زینا هاتووە، هەم بە مانای نێربازیی هاتوە، وە هەم بە مانای چرووکیی و ڕژدییش هاتوەو، هەم بە مانای بڵاوکردنەوەی قسەی خراپیش هاتوە.

(وَصَّىٰكُم بِهِۦ): (الوَصِيَة: التقَدُّمُ إِلَى الغَيْرِ بِمَا يَعْمَلُ بِهِ مُقْتَرِنَاً بِوَعْظٍ مِنْ قَوْلِهِم: أَرْضٌ وَاصِيَة، مُتَّصِلَةُ النَّبَاتِ، وَيُقَالُ أَوْصَاهُ وَوَصَّاهُ)، (وَصِيَة) ئەوەیە کە

بەرانبەرەکەت بەهۆی ئامۆژگـاریی کردنەوە، داوای کـردەوەی باشـی لـێ بکـەی، وە دەگوتـرێ: (أَرْضٌ وَاصِيَـة) یـانی: زەوییـەك کـە ڕووەکەکـەی پێکـەوە پەیوەسـتە، وە دەگوتـرێ: (أَوْصَـاهُ وَوَصَّاهُ)

(أَشُدَّهُۥ): (مُفْرَد بِمَعْنَى القُوَّة وَالبُلُوغ، أَوْ جَمْع "شِدَّة" كَنِعْمَة وَأَنْعُم)، وشـەی (أشـدّ) یـان تاکــە بـە مانـای: هێـزو پێگەیشـتن، یـان کـۆی (شـدة)یـە، وەك: (نِعْمَـة) کـە کۆیـەکـەی (أَنْعُم).

(وَأَوْفُواْ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ): (كَالَ يَكِيلُ كَيْلاً، وَكِلْتُ لَهُ الطَّعَام، إِذَا أَعْطَيْتَهُ وَاكْتَلْتُ عَلَيْهِ، أَخَذْتُ مِنْهُ كَيْلاً، الوَافِي: الَّذِي بَلَغَ التَّمَام)، (كَـيْل) واتە: پێوانە، دەگوتـرێ: (كِلْتُ لَـهُ) واتـە: بـۆم پێـوا، بـەڵام (اكْتَلْتُ عَلَيْهِ) یـانی: بـۆی پێـوام، (وَافِي) واتە: تێرو تـەواو.

(بِٱلْقِسْطِ): (القِسْـطُ: هُـوَ النَّصِـيبُ بِالعَـدْلِ كَـالنِّصْفِ وَالنَّصَـفَةِ، وَالقِسْـطُ: أَخْـذ قِسْـط الغَيْـرِ، وَالإِقْسَـاط: إِعْطَـاء الغَيْـر، قَسَـطَ وَأَقْسَـطَ)، (قِسْـط) بەشـکـردنی دادگەرانەیـە، وە (قِسْط) ئەوەیـە کە هـەقی بەرانبەرەکەت بخۆی، بـەڵام (إِقْسَـاط) ئەوەیـە کـە مافی بەرانبـەرەکەت بدەی، کە یـەکەمیان: (قَسَطَ يَقْسِطُ)و دووەمیـان (أَقْسَطَ يُقْسِطُ)یـە.

(وَبِعَهْدِ ٱللَّهِ): (العَهْدُ: حِفْظُ الشَّيءِ وَمُرَاعَاتُهُ حَالاً بَعْدَ حَالٍ، وَسُمِّيَ المَوثِقُ الَّذِي يَلْزَمُ مُرَاعَاتُهُ عَهْدًا)، (عَهْد) پاراسـتنی شـتێكو چـاودێری کردنیــەتی، حـاڵ دوای حـاڵ، وە ئەو پەیمانەی کە پێویستە ئاگاداریی لـێبکـرێ، نـاوی لـێنـراوە: (عَهْد).

(صِرَٰطِي): (الصِّرَاط: الطَّرِيقُ المُسْتَقِيم)، (صِرَاط) یانی: ڕێـی ڕاسـتو ڕێك.

(ٱلسُّبُلَ): (السبيل: الطَّرِيق الَّذِي فِيهِ سهُولَة، وَجَمْعُهُ: سُبُل)، (سبيل) ڕێیــەکی ئاسـانیی تێـدابێو بە (سُبُل) کورتدەکرێتـەوە.

مانای گشتی ئایەتەکان

خوای پەروەردگار لە کۆتایی باسی ئەو خواردنە قەدەغە کراوانەدا، کە هاوبەش بۆ خوا دانەرو کافرەکان لەسەر بناغەیەکی ئەفسانەیی، بێ ئەوەی کە عەقڵ پشتگیریی بکاتو لە وەحییەوە پشتگیریی بۆ هاتبێو، زانست پشت ڕاستی بکاتەوە، وە بێئەوەی لەگەڵ سروشتی ئینساندا بگونجێ، هەر لەخۆوە شتیان قەدەغە دەکرد، وە کۆمەڵێك هەڵسوکەوتیان دەکرد: منداڵی خۆیان دەکوشت، هاوبەشیان بۆ خوا دادەنا! کەچی دوای هەموو ئەوانەش، کردەوە خراپەکانی خۆیانو، پاشان کوفرو شیرکەکەی خۆشیان، دەخستەوە سەر خوای پەروەردگار! وەك چۆن شەیتان بە ویستی خوێ سەجدەی بۆ ئادەم نەبرد، واتە: سەجدەی ڕێزگرتن، کەچی دوایی گوتی: ﴿ قَالَ فَبِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي لَأَقۡعُدَنَّ لَهُمۡ صِرَٰطَكَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ١٦ ﴾الأعراف، واتە: (ئیبلیس) گوتی: لەبەرئەوەی تۆ منت گومڕا کرد، لەسەر ڕێ ڕاستەکەی تۆ بۆیان دادەنیشمو ناهێڵم بە ڕێی ڕاستدا بڕۆن، بۆخۆی خۆی گومڕا کرد، کەچی دەیخستە سەر خوای دادگەر، یانی: خۆی لە گوناهەکانی خۆی تەبریە دەکرد، ئەوە عادەتی ئیبلیسە.

ئنجا لە دوای هەموو ئەوانە، خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ تَعَالَوۡاْ أَتۡلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمۡ عَلَيۡكُمۡۖ أَلَّا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗاۖ وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَوۡلَٰدَكُم مِّنۡ إِمۡلَٰقٖ نَّحۡنُ نَرۡزُقُكُمۡ وَإِيَّاهُمۡۖ وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلۡفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا بَطَنَۖ وَلَا تَقۡتُلُواْ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ﴾، بڵێ: وەرن با ئەوەتان بەسەردا بخوێنمەوە، کە پەروەردگارتان لێی قەدەغە کردوون، یانی: قەدەغەکراوەکان ئەو شتانە نین کە ئێوە لە خۆتانیان قەدەغە دەکەن، لەسەر بناغەی ئەفسانەیی ! ئەو

شتانەی کە خوا قەدەغەی کردوون، دە (١٠) شتی سەرەکییو گرنگن، کە بەڕای زۆربەی توێژەرەوانی قورئان ئەو دە (١٠) شتە لە شەریعەتی هەموو پێغەمبەراندا قەدەغە بوون، وە ئەو دە شتە، زۆربەیان لە تەوراتی ئێستادا هەن، ئەو دە (١٠) شتانەش:

یەکەم: ﴿أَلَّا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـًٔا﴾، هیچ شتێك نەکەنە هاوبەشی خوا، واتە: یەکەمین قەدەغەکراو، بریتیە لە هاوبەش بۆ خوا دانان، خوا فەرموویەتی: هیچ شتێك مەکەنە هاوبەش، نەیفەرمووە هیچ کەس، لە هەندێك شوێنان دەفەرموێ: هیچ کەس، وەك: ﴿وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا ١١٠﴾الكهف، وە لە هەندێ شوێنان دەفەرموێ: هیچ شتێك، چونکە بەشەر کە تووشی شیركو هاوبەش بۆ خوا دانان بووە، جاری وایە یەکێك لە ئینسانەکانی، یان شەیتانەکانی کردۆتە هاوبەشی خوا، وە جاری وایە شتێك لە شتەکانی کردۆتە هاوبەشی خوا، دارێك، بەردێك، هەواو ئارەزوویێك، ڕووەکێك، درندەیەك، مارێك، دوو پشکێك، مشکێکی کردۆتە هاوبەش بۆ خوا، کە ئێستاش لە دنیادا ئەو شتانە هەر دەپەرسترێن.

دووەم: لە قەدەغەکراوەکان بریتیە لە خراپ نەبوون لەگەڵ دایكو باب دا، بەڵام لێرەدا خوا تەعبیرەکەی گۆڕیوەو نەیفەرمووە: لەگەڵ دایكو باب دا خراپ مەبن، بەڵکو فەرموویەتی: چاکە لەگەڵ دایكو بابتاندا بکەن: ﴿وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا﴾، کەواتە: دووەمین گوناهو قەدەغەکراو بریتیە لە پێچەوانەی: چاکەکردن لەگەڵ بابو دایکدا، یانی: هێشاندنی دڵی دایكو باب، وەك لە سوورەتی (الإسراء)دا دەفەرموێ: ﴿فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفّٖ وَلَا تَنۡهَرۡهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوۡلٗا كَرِيمٗا ٢٣﴾ واتە: هیچ وشەیەك نەڵێی کە ئەوان پێیان ناخۆش بێ، وە خۆیان لێ توورە مەکە، لێرەش فەرموویەتی: چاکە لەگەڵ بابو دایکتاندا بکەن، کە پێچەوانەی لەگەڵ خراپ بوونە، کە بریتیە لە دڵ هێشاندنیانو ماف فەوتاندنیانو بێڕێزیی کردن بەرانبەریان، دوایی حیکمەتەکەی ڕوون دەکەینەوە، بۆچی وایفەرمووە ؟

سێیەم: ﴿ وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَوْلَٰدَكُم مِّنْ إِمْلَٰقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ ﴾، وە منداڵەكانتان لەبەر هەژاریی‌و تەنگدەستیی مەكوژن.

جا تەماشا بكەن ! لە سووڕەتی (الإسراء)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَوْلَٰدَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَٰقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ ﴿٣١﴾ ﴾، واتە: منداڵەكانتان لە ترسی هەژاریی مەكوژن، ئێمە ڕۆزیی ئەوانیش دەدەین، هی ئێوەش دەدەین، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَوْلَٰدَكُم مِّنْ إِمْلَٰقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ ﴾، وە منداڵەكانتان لەبەر هەژاریی‌و تەنگدەستیی مەكوژن، ئێمە ڕۆزیی ئێوەش‌و هی ئەوانیش دەدەین.

مەبەستم ئەوەیە ئەوە هەمووی وردەكاریی فەرموودەی خوا (كلام الله)یە، كە مرۆڤ دەبێ زۆر بیری لێ بكاتەوە، ئنجا دەزانێ كە بۆچی ئەو وشەیە لە پێش ئەم وشەیەدا هاتوە ؟ دیارە لەبەر ئەوەشە خوای پەروەردگار پێمان دەفەرموێ: زۆر بیر لە قورئان بكەنەوەو تێیبفكرن.

چوارەم: لەو قەدەغەكراوانە: ﴿ وَلَا تَقْرَبُواْ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ﴾، وە توخنی گوناهە ناقۆڵاییەكان مەكەون، واتە: ئەوانەی كە بە قسەو زمان، یان بە كردەوەو ئەندامەكانی دیكە، دەكرێن، چ ئەوانەی ئاشكران‌و، چ ئەوانەی پەنهانن، ئەوانەی كە ئاشكران، واتە: ئەوانەی بە ئەندامە ئاشكراكانتان دەكرێن، ئەوانەی كە پەنهانیشن، واتە: ئەوانەی بە ئەندامە پەنهانەكانتان دەكرێن، وەك دڵ‌و هۆش‌و خەیاڵ، یاخود لەبەرچاوی خەڵكی دەیانكەن، یان بە پەنهانیی دەیانكەن.

پێنجەم: لە قەدەغەكراوەكان، دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَقْرَبُواْ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ۖ وَلَا تَقْتُلُواْ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۚ ذَٰلِكُمْ

﴿ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ﴾، وە ئەو نەفسە کە خوا قەدەغەی کردوە، بە هەقی خۆی نەبێ مەیکوژن، ئا ئەمەتان خوا پێی ڕاسپاردوون و پێی وەصیەت کردوون، بەڵکو بفامن و تێبگەن.

ئنجا لە ئایەتی دووەمدا دێتە سەر چوار قەدەغەکراوی دیکە :

شەشەم: ﴿ وَلَا تَقۡرَبُواْ مَالَ ٱلۡيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ حَتَّىٰ يَبۡلُغَ أَشُدَّهُۥ ﴾، وە توخنی ماڵی هەتیو مەکەون، مەگەر بە باشترین شێوە، هەتاکو دەگاتە قۆناغی تینو تاقەتو ماڵەکەی خۆی دەپارێزێ، بە باشترین شێوە یانی چی؟ یانی مەگەر بازرگانیی و کەسابەتی بۆ بە ماڵەکەی بکەن و بۆی زۆر بکەن، ئەگەرنا نەچن تەصەڕووف لە ماڵی هەتیوەکەدا بکەن، بە شێوەیەك کە زەرەر بکات.

حەوتەم: ﴿ وَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَٱلۡمِيزَانَ بِٱلۡقِسۡطِ ﴾، وە پێوانەو کێشان بەتەواویی و دادگەرانە ئەنجام بدەن، یانی چی؟ ئەوەی پێشێ، دەفەرموێ: توخنی ماڵی هەتیو مەکەون، مەگەر بە باشترین شێوە، واتە: مەیخۆن، زیانی پێ مەگەیەنن، لە حەوتەمیاندا نەیفەرمووە : فێڵ و تەرازوو بازیی لە کێشان و پێواندا مەکەن، بەڵکو دەفەرموێ: ﴿ وَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَٱلۡمِيزَانَ بِٱلۡقِسۡطِ ﴾، کە دوایی حیکمەتەکەی ڕوون دەکەینەوە، چونکە هەر ئەوەندە بەس نیە کە تۆ فێڵ نەکەی لە پێوان و کێشاندا، بەڵکو دەبێ بەتەواویی و دادگەرانە کێشان و پێوانەکە تەواو بکەی، ﴿ لَا نُكَلِّفُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَا ﴾، لەسەر هیچ کەسێك پێویست ناکەین، مەگەر ئەوەی لە توانای دا هەیە، چونکە مەسەلەی کێشان و پێوان زۆر هەستیارە، ئەگەر زۆر تووشی وەسوەسەش نەبن تێیدا، قەیناکات، چونکە خوای دادگەر جگە لەوەی لە توانتاندا هەیە، لەسەری پێویست نەکردوون.

هەشتەم: ﴿ وَإِذَا قُلۡتُمۡ فَٱعۡدِلُواْ وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰ ﴾، ئەگەر قسەتان کرد، دادگەرانە قسە بکەن، ئەگەر خاوەن خزمایەتیی و نزیکیش بێ.

لێرەش نەیفەرمووە: درۆ مەکەن، یان قسەی ناڕاست مەکەن، چونکە هەر ئەوە بەس نیە کە قسەی ناڕاست نەکەی‌و درۆ نەکەی، بەڵکو دەبێ قسەی دادگەرانە بکەی، ئەگەر ئەو کەسە کە قسەی لەبارەوە دەکرێ، خزمیش بێ‌و نزیکیش بێ‌و برادەریش بێ .

نۆیەم: ﴿ وَبِعَهْدِ ٱللَّهِ أَوْفُوا۟ ﴾، وە پەیمانی خوا جێبەجێ بکەن .

لێرەش نەیفەرمووە: پەیمانی خوا مەشکێنن، چونکە هەر ئەوەندەش بەس نیە کە پەیمان نەشکێنی، بەڵکو دەبێ بەجێشی بێنی، ﴿ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴾، ئەوەشتان خوا پێی ڕاسپاردوون، بۆ ئەوەی بیری لێ بکەنەوە، بەڵکو بیری لێ بکەنەوە.

دەیەم‌و کۆتایی: کە ئایەتی سێیەمی بۆ تەرخان کراوە، ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ﴾، وە ئەمە ڕاستە شەقامی منە بێ گرێ‌و گۆڵە، شوێنی بکەون، ﴿ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ﴾، وە بە دوای ڕێچکان مەکەون، ئەگەرنا لە ڕاستە شەقامی خوا دەترازێن‌و پەرتەوازە دەبن، ﴿ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾، خوا ئەمەی کردۆتە وەصیەت بۆتان، بۆ ئەوەی پارێزتان پەیدابێ، تەقواتان پەیدابێ، لێرەش خوا نەیفەرمووە: لە ڕێی من لامەدەن، چونکە لانەدان لە ڕێی خوا بەس نیە، بەڵکو دەبێ شوێنی بکەوی.

چەند مەسـەلەیەکی گرنـگ

مەسـەلەی یەکەم:

گرنگیی و تایبە تمەندیی ئەم سێ ئایەتەو ئەو دە وەصیـەتەی گرتوویانـنـە خۆیان :

کە هەرکامێك لەو دە وەصیەتە ئامۆژگارییەکی تێدایە، چ شێوازی ڕاستەوخۆ بیگەیەنێ، چ شێوازی ناڕاستەوخۆ، لەوبارەوە فەرمایشتێکی پێغەمبەری خوا ﷺ و هەندێ قسەی هاوەڵان دێنین :

یەکـەم: ﴿عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَيُّكُمْ يُبَايِعُنِي عَلَى ثَلاثٍ؟ ثُم تَلا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ: ﴿قُلْ تَعَالَوْاْ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ﴾، حَتَّى فَرَغ مِن الآيَاتِ، فَمَنْ وَفَّى فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ، وَمَنِ انْتَقَصَ شَيْئًا، أَدْرَكَهُ اللهُ بِهَا فِي الدُّنْيَا، كَانَتْ عُقُوبَتُهُ، وَمَنْ أَخَّرَ إِلَى الآخِرَةِ كَانَ أَمْرُهُ إِلَى اللهِ، إِنْ شَاءَ عَذَّبَهُ، وَإِنْ شَاءَ غَفَرَ لَهُ﴾ {أَخْرَجَهُ الحَاكِمُ برقم: (٣٢٤٠) وَقَالَ: صَحِيحُ الإِسْنَادِ، وَوَافَقَهُ الذَّهَبِي}، واتە: عوبادەی کوڕی صامیت خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: کێ لە ئێوە پەیمانم لەگەڵ دەبەستێ لەسەر ئەم سێ ئایەتە ؟

پاشان ئایەتەکانی خوێندەوە : ﴿قُلْ تَعَالَوْاْ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ ...﴾، هەتا هەر سێ ئایەتی تەواوکردن، فەرمووی: هەر کەسێك ئەم ئایەتانە جێبەجێ بکات، پاداشتی لەسەر خوایە، وە هەر کەسێك شتێکیان لێ کەم بکاتەوە، ئەگەر خوا لە دنیادا سزای دا، ئەوە سزای دا، وە ئەگەر دواشی خست بۆ دوارۆژ، ئەوە عایدی خوایە، ئەگەر ویستی سزای دەدات، وە ئەگەر ویستی لێی دەبووری.

دووەم: ﴿عَنْ عَبْدِ الله بْنِ مَسْعُودٍ، رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: مَنْ أَرَادَ أَنْ يَنْظُرَ إِلى وَصِيةِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ الَّتِي عَلَيْهَا خَاتَمُهُ، فَلْيَقْرأَ هَؤلاء الآيَاتِ: ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ﴾، إِلى قَوْلِهِ: ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾﴾﴾ {أَخْرَجَهُ التِرمِذِيُّ وَحَسَّنَهُ، والطبراني في "الكبير" برقم: (١٠٠٦٠)}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: هەر کەسێك دەیەوێ تەماشای وەصیەتی پێغەمبەر ﷺ بکات، کە مۆرەکەی پێوەیە، با ئەم ئایەتانە بخوێنێتەوە، ئنجا خوێندنیەوە، لە: ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ﴾، تاکو: ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾﴾.

سێیەم: ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ: إِنَّ فِي الأَنْعَامِ آيَاتٍ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الكِتَابِ، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ﴾﴾ {أَخْرَجَهُ الحَاكِمُ برقم: (٣٢٤٠)، وَقَالَ: هَذا حَدِيثٌ صَحيح الإِسناد، وَلَم يخرجاه، وَصَحَّحَهُ الذَّهَبِيُ}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: لە سووڕەتی ئەنعامدا چەند ئایەتێك هەن، موحکەمن، "واتە: مانایان ڕۆشنە" وە ئەوانە بە بنچینەی کتێبی خوا دادەنرێن، دوایی خوێندنیەوە، تا سێ ئایەتەکەی تەواو کردن.

ئنجا ئەوەی جێی سەرنجە : ئەم دە گوناهە، کە بریتین لە :

١- هاوبەش بۆ خوا دانان.

٢- خراپ ڕەفتار کردن لەگەڵ باب و دایك.

٣- کوشتنی منداڵ لەبەر هەژاریی.

٤- ئەنجامدانی گوناهە دزێوەکان، بە ئاشکراو پەنهانەوە.

٥- کوشتنی کەسێك بە ناهەق.

٦- خواردنی ماڵی هەتیو.

٧- ناپاكیی لە پێوان‌و كێشاندا.

٨- قسەی ناڕاست‌و نادادگەرانە.

٩- پەیمانی خوا جێبەجێ نەكردن.

١٠- لادان لە ڕاستە شەقامی خوا بەرەو ڕێچكان.

ئەم دە تاوانە، كە خستمانەڕوو، تاوان‌و خراپەی زۆر زلن، بەڵام جێی سەرنجە كە پێنج لەو دە شتە قەدەغەكراوانە، وەك قەدەغەكراو خراونەتە ڕوو، پێنجیشیان پێچەوانەكەیان خراوەتە ڕوو، چۆن؟

أ/ ئەو پێنجەی وەك قەدەغەكراو خراونەتە ڕوو، ئەمانەن، خوا دەفەرمویّ:

یەك: ﴿ أَلَّا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا ﴾، هیچ شتێك مەكەنە هاوبەشی خوا.

دوو: ﴿ وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَوْلَـٰدَكُم مِّنْ إِمْلَـٰقٍ ﴾، منداڵەكانتان لە ترسی هەژاریی مەكوژن.

سێ: ﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ﴾، توخنی گوناهە ناقولاّیەكان مەكەون، ئەوانەی كە ئاشكران‌و ئەوانەی كە پەنهانن.

چوار: ﴿ وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ﴾، ئەو نەفسەی خوا قەدەغەی كردوە، مەگەر بە هەقی خۆی، ئەگەرنا مەیكوژن.

پێنج: ﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ ﴾، توخنی ماڵی هەتیو مەكەون، مەگەر بە باشترین شێوە مامەڵەی بۆ پێبكەن.

ب/ بەڵام پێنجیان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ خراونەتە ڕوو، واتە: بە بارە خراپەكەدا نا، بۆ وێنە: كە خوا دەفەرموێ: هاوبەش بۆ خوا دامەنێن، ئەوانیش بریتین لە:

یەك: ﴿ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا ﴾، لەگەڵ دایك‌و باباتاندا چاك بن.

دووەم: ﴿ وَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَٱلۡمِيزَانَ بِٱلۡقِسۡطِ ﴾، پێوان و کێشان بەتەواویی ئەنجام بدەن، بە دادگەرانە.

سێ: ﴿ وَإِذَا قُلۡتُمۡ فَٱعۡدِلُواْ وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰ ﴾، ئەگەر قسەتان کرد، دادگەرانە قسان بکەن، هەرچەندە قسە دەربارە کراوەکە پەیوەندیی و نزیکایەتییشی لەگەڵ ئێوەدا هەبێ.

چوار: ﴿ وَبِعَهۡدِ ٱللَّهِ أَوۡفُواْ ﴾، پەیمانی خوا جێبەجێ بکەن.

پێنج: ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُ ﴾، وە ئەمە ڕاستە شەقامی منەو شوێنی بکەون.

ئنجا حیکمەتی ئەم جیاوازییە چییە؟ بۆچی خوای کاربەجێ، ئەو پێنجەی پێشێ، وەك قەدەغەکراو خستوونە ڕوو، بەڵام ئەو پێنجەی دوایی، وەك پێچەوانەکەیان خستوونە ڕوو؟

حیکمەتەکەی ئەوەیە کە بە نسبەت ئەو پێنجە پێشەوە :

١/ هاوبەش بۆ خوا دانان، ئەوە هەر نابێ مرۆڤ هاوبەش بۆ خوا دابنێ، لەبەرئەوەی گوناهێکی یەکجار گەورەیە.

٢/ هەروەها کوشتنی منداڵی خۆت.

٣/ وە دوورکەوتنەوە لە گوناهی پەنهان و ئاشکرا.

٤/ کوشتنی خەڵك بە ناهەق.

٥/ خواردنی ماڵی هەتیو، خوا وەك خۆیان فەرموونی.

بەڵام بە نسبەت پێنجەکەی دیکەوە :

١) دایك و باب کە چاکەیان لەگەڵدا بکەی، خوا نەیفەرمووە: (ولا تُسيئوا إلى الوالدين) بۆچی؟ چونکە ئەوەندە بەس نیە کە تۆ لەگەڵ باب و دایکتدا

خراپ نەبی، بەڵكو، نەك دەبێ خراپ نەبی، دەبێ زۆر چاكیش بی لەگەڵیاندا، ئنجا ئەگەر خوا فەرمووبای (ألاّ تُشركوا به شيئاً، ولا تُسيئوا إلى الوالدين) هاوبەش بۆ خوا دامەنێنن‌و، لەگەڵ بابو دایكیشتان خراپ مەبن ! مانای وایە ئەگەر لەگەڵ بابو دایكت دا باشیش نەبی، قەیناكات، واتە: هەر خراپ مەبە، بەسە ! بەڵام خوا وای نەفەرمووە.

هەڵبەتە كەلامی خوا زۆر وردەو لەو مەقامو سیاقەدا ئەوەندە بەس نیە خوای پەروەردگار بفەرموێ: لەگەڵ دایكو بابتدا خراپ مەبە ! چونكە كەسی وا هەیە، بێڕێزیی بەرانبەر دایكو بابی ناكات، بەڵام چاكەشیان لەگەڵدا ناكات، بەڵام نەخێر، خوا دەفەرموێ: لەگەڵ بابو دایكتان دا بە چاكە مامەڵە بكەن، چونكە هەر ئەوەندە كە خراپەیان لەگەڵدا نەكەی، بەس نیە.

٢) پاشان بۆ هی دووەم فەرموویەتی: ﴿ وَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَٱلۡمِيزَانَ بِٱلۡقِسۡطِ ﴾، وە پێوانو كێشان بە تەواویی ئەنجام بدەن، بە دادگەرانە، نەیفەرمووە: (ولا تخونوا في الكيل والميزان) لە كێشانو پێوان دا خیانەت مەكەن.

چونكە ئەوەندە بەس نیە كە خیانەتو ناپاكیی نەكەی، بەڵكو دەبێ وریابیو بە دادگەرانە هەقی خۆیان پێبدەی، كە بۆیان دەكێشیو پێیان دەدەی، نەك هەر بە ئانقەست خیانەت نەكەی، بەڵكو بە كەمتەرخەمییش نەیكەی.

٣) وە بۆ هی سێیەم دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا قُلۡتُمۡ فَٱعۡدِلُواْ وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰ ﴾، ئەگەر قسەتان كرد، دادگەرانە قسان بكەن، دیارە خوا مەبەستی ئەوەیە كە: ئەگەر قسەتان كرد، درۆ مەكەن، یان ناهەق مەڵێن، بەڵام هەر ئەوەندە بەس نیە كە تۆ درۆ نەكەیو ناهەقی نەڵێی، بەڵكو دەبێ زۆر بە دادگەرانەوە قسەی هەق بكەی، بە ئینصافەوە قسە بكەی، كاتێ قسەت لەسەر هەر شتێك كرد.

٤) بۆ هی چوارەم دەفەرموێ: ﴿ وَبِعَهۡدِ ٱللَّهِ أَوۡفُواْ ﴾، وە بە پەیمانی خوا وەفاداربن، خوا نەیفەرمووە: (ولا تَنْكثوا العهد) پەیمان مەشكێنن، چونكە هەرئەوەندە بەس نیە كە پەیمان نەشكێنی، بەڵكو دەبێ ئاگاشت لێی بێو كەمتەرخەمیی تێدا نەكەی.

٥) وە بۆ پێنجەمو كۆتایی دەفەرموێ: ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ﴾، وە ئەوە ڕاستە شەقامی منەو شوێنی بكەون، خوا نەیفەرمووە: (ولا تَنْحرفوا عَنِ الصِّرَاط) لە ڕاستە ڕێ لامەدەن، كە ئەو كاتە وەك ئەوەیە بفەرموێ: هەر لەڕێ لامەدەن، بەڵام نا، فەرموویەتی: شوێنی بكەون، تۆ لێرەدا تەركیزت لەسەر شوێنكەوتنی ڕاستە شەقامی خوایە، نەك تەركیزت لەسەر ئەوەبێ لەسەر ڕاستە شەقامی خوا لانەدەی، بەڵكو دەبێ تۆ ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەو ڕێیە ڕاستەوە پابەند بی، وە بۆ فەرمانی خوا ملكەچ بی.

<u>مەسەلەی دووەم</u> :

پۆلێن كردنی ئەو دە (١٠) گوناهە بۆ سێ جۆر :

<u>جۆری یەكەم /</u> پێنجیان كە لە ئایەتی یەكەمدا هاتوون، هەر پێنجیان عەقڵی سەلیم ڕەفزیان دەكات، یانی هەركەسێك عەقڵی هەبێ، دەزانێ ئەوانە خراپن، بۆیە خوا لە كۆتایی ئەو پێنج گوناهەدا دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ﴾، بەڵكو عەقڵتان هەبێ، هەر عەقڵتان هەبێ دەزانن كە ئەو كارانە خراپن، ئەو پێنجانە چی وچین؟

یەكەمیان: ﴿ أَلَّا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ ﴾، هیچ شتێك مەكەنە هاوبەشی خوا، مامەڵە لەگەڵ خوادا، دەبێ بە شێوەیەك بێ كە هیچ شتێك نەهێنیە ڕیزی خوا، بە هیچ جۆرێك، هاوبەش یانی چی؟ یانی تۆ یەكێك لە دروستكراوەكانی خوا، وەك خوا مامەڵەی لەگەڵدا بكەی.

ئنجا بۆ زانیارییتان : بەو پێیە بێ، زۆر لە مسولمانانیش تووشی شیرك دەبن، ئنجا شیرکی گەورە، یان شیرکی گچکە، بەلام ئێمە نالێین: هەرچی وایکرد لە بازنەی ئیسلام چۆتە دەرێ، چونکە زۆر کەس بە نەزانیی تووشی شیرك دەبێ، چۆن؟ ئەو کەسەی کە پێی وایە شێخەکەی، یان مامۆستایەکەی، یان حیزبەکەی، یان سەرۆك عەشیرەتەکەی، یان پارەو سامانەکەی، دەیپارێزێ، ئەوە شیرکە، بۆچی؟ چونکە پارێزەر بەس خوایە، شیفا هێن بەس خوایە، سەرخەر بەس خوایە، هەر خوا دەتوانێ دەولەمەندت بکات، هەژارت بکات، شیفات بدات، وە ئەگەر یەکێك لەو شتانەت لە جگە لە خوا زانی، ئەوە شیرکە، بۆیە لە سوورەتی (الشعراء)دا هاوبەش بۆ خوادانەرەکان لە قیامەت دەڵێن:

﴿ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ۝٩٧ إِذۡ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٩٨ ﴾، واتە: سوێند بە خوا ئێمە لە گومڕاییەکی ئاشکرا دا بووین، کە ئێوەمان لەگەڵ پەروەردگاری جیهانییەکاندا یەکسان دەکرد.

کەواتە: هەر کەسێك شتێك بێنێتە ڕیزی خوا، ئەوە کردوویەتی بە هاوبەش بۆ خوا.

عەبدوڵلای کوری عەبباس خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: کەسی وا هەیە شەوێ دز دێتە سەرماڵیان، کەڵەبابەکەیان دەقووقێنێ، یان سەگەکەیان دەوەڕێ، یان کەرەکەیان دەزەڕێ، دەڵێ: وەڵلاهی ئەگەر کەڵەشێرەکە، یان سەگەکە، یان کەرەکە نەبووایە، شەوێ دزییمان لێ دەکرا، دەڵێ: ئەوە شیرکە، بۆچی؟ چونکە دزیی لێنەکرانەکەی، گێڕاوەتەوە بۆ یەکێك لەو هۆکارانە (أسباب) کە دەیانبینێ، بەلام دەبێ هۆکار بەدیهێنەر (مسبب)یش ببینێ، کە خوایە، واتە: نابێ تۆ چاوت تەنیا هۆکارەکە ببینێ، بەڵکو دەبێ بڵێی: خوا نەیهێشت، بەلام کەڵەشێرەکەی کردە هۆکار، بەلام ئەگەر تەنیا باسی هۆکارەکە بکەی، ئەوە ئەو کاتە شیرکە.

ئنجا لێرەدا ئەم فەرموودەیە دێنینەوە: ﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَحَدَّثَهُ بِبَعْضِ الْكَلَامِ، فَقَالَ مَا شَاءَ اللَّهُ وَشِئْتَ، فَقَالَ: جَعَلْتَنِي لِلَّهِ عِدْلاً بَلْ مَا شَاءَ اللَّهُ﴾ {أخرجه الطبراني

بــرقم: (١٣٠٠٥)، والبخــاري فــي "الأدب الــمفرد" بــرقم: (٧٨٣) وصــححه الألباني}، واته: واته: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: پیاوێك هاته خزمەت پێغەمبەر ﷺ هەندێ قسەی بۆ کرد، پاشان گوتی: مەگەر خوا بیەوێو تۆ بتەوێ، فەرمووی: ئایا منت کردە هاوتای خوا؟! بڵێ: مەگەر خوا بیەوێ بەتەنیا، (یان بڵێ: ئەگەر خوا بیەوێ ئنجا پاشان تۆ)[1] کە دیارە ئەوانە شیرکی بچووکن، شیرکی گەورەش بریتیە لەوەی، ئەو شتانەی هی خوان، بیاندەیە پاڵ کەسێکی دی، وەك: شیفا هێنان، سەرخستن، ژێرخستن، هەژارکردنو دەوڵەمەندکردن، ئەو شتانە کە تەنیا بە خوا دەکرێن، یاخود یەکێك لەو شتانەی کە دەبێ تەنیا بۆ خوا ئەنجام بدرێن، بۆ غەیری خوایان ئەنجام بدەی، وەك: پاڕانەوە، لێترسان، خۆش ویستن، پشت پێبەستن، یاخود بۆ سەربڕین، سوێند پێ خواردن.

دووەمیان: ﴿ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا ﴾، لەگەڵ دایكو بابدا چاکەکاریی بکرێ، زانایانی زمانی عەرەبیی دەڵێن: خوا نەیفەرمووە: (وإلى الوالدين إحساناً) دەفەرموێ: ﴿ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا ﴾، کە لە هەموو قورئانیشدا هەر وایە، ئنجا ئایا ئەم دووانە جیاوازییان چییە؟! ئەگەر بڵێ (أَحْسَنَ إِلَيْهِ) چاکەی لەگەڵ کرد، یانی: دەگونجێ من کەسێك بنێرم بڵێم: بچۆ ئەو شتە بۆ بابم بەرە، یان ئەو کارەی بۆ بکە، بەڵام : ﴿ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا ﴾، مانای ئەوەیە بۆخۆت ڕاستەوخۆ شتەکە بکەی، خزمەتەکەیان بکەی، وە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: بۆخۆت ڕاستەوخۆ خزمەتەکەیان بکە، نەك لە ڕێی کەسێکی دیکەوە، کە ڕایسپێری.

سێیەمیان: ﴿ وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَوۡلَٰدَكُم مِّنۡ إِمۡلَٰقٖ ﴾، منداڵەکانتان لە ترسی هەژاریی مەکوژن، دیارە هەم چاکەکردن لەگەڵ بابو دایك، هەم نەکوشتنی منداڵی خۆ لەبەر هەژاریی، هەموو عەقڵێکی سەلیم پەسندیان دەکات.

---

١) لە گێڕانەوەی دیکە هاتوە: ﴿قُلْ مَا شَاءَ اللهُ، ثُمَّ شِئْتَ﴾ (أَخْرَجَهُ ابْنُ مَاجَه برقم: (٢١١٧)، قال الشيخ الألباني : حسن صحيح).

چوارەمیـــــــان: ﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ﴾، وە تـوخنی گوناهــە ناقۆڵایـەکـان مەکـەون، ئەوانـەی کـە ئاشـکران‌و، ئەوانـەی کـە پەنهانـن.

ئـەوەش دیسـان ئـەوەی لـە خـراپـە بـە دڵ دەکـرێ، یـان بـە ئەندامەکـانی جەسـتە، یـان ئـەوەی کـە لـە نێـو خەڵکـدا دەکرێ، یاخـود ئـەوەی لـە حاڵـەتی پەنامەکیی دا دەکـرێ، قسـە، یان کردەوە، دیارە هـەموو عەقڵێـکی سـەلیم ئـەو جۆرە شتانە ڕەفز دەکات.

پێنجەمیان: ﴿ وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ﴾، ئەو نەفسە کە خـوا قـەدەغـەی کردوە، مەگەر بە هـەقی خۆی، ئەگەرنا مەیکوژن.

ئیدی نەفسـەکە مسوڵمانە، یـان کـافرە، خـوا بەگشـتی فەرموویـەتی، دوایـی خـوا دەفـەرموێ: ﴿ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾، ئـا ئەمـە خـوا ئێـوەی پـێ ڕاسـپاردوە، بەڵـکو عەقڵتـان هەبـێ، یانی هـەر عەقڵتـان هەبـێ دەزانـن، کـە ئەم پێنـجە، هەر پێنجیان خراپـن.

مەسـەلـەی سـێیـەم:

جـۆری دووەم : چوار جـۆرە گونـاح کـە پێویستییان بـە بیـرکردنەوەو وەبیـر خـۆ هێنـانـەوە هـەیـە، کـە بزانـرێ خراپـن، ئەوانیش چـی‌و چین ؟

١) ﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ ﴾، وە تـوخنی ماڵی هـەتیو مەکـەون، هـەتا باڵـغ دەبـێ، مەگـەر بە باشتـرین شـێوە.

چونکـە دوای ئـەوەی منـداڵ باڵـغ بـوو، هـەتیو نامێنـێ، وەك عەلـی کوڕی ئـەبو طـاڵـیب خــوا لـێی ڕازی بـێ، لـە پێغـەمبــەرەوە ﷺ هێنـاویـەتی، کـە فەرموویـەتی: ﴿لاَ يُتْمَ بَعْدَ حُلُمٍ﴾ {أَخْرَجَهُ البَيْهَقِي في "السنن الصغرى" برقم: (٢٠٤٩)} واتـە: دوای باڵـغ بـوون هەتیویـی نامێنـێ، هـەر منداڵـێ، کوڕ یـان کچ، دوای ئەوەی باڵـغ بوو، بە هەتیو لە قەڵەم نادرێ.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلاثَةٍ عَنِ النَّائِمِ: حَتَّى يَسْتَيْقِظَ، وَعَنِ الصَّبِيِّ حَتَّى يَحْتَلِمَ، وَعَنِ الْمَجْنُونِ حَتَّى يَعْقِلَ﴾ {أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٤٠٣)، وَالترمِذِيُّ برقم: (١٤٢٣) وَقَالَ: حَسَنٌ غريب، وَالنَّسَائِي فِي الكُبْرَى برقم: (٧٣٤٦)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٠٤٢)، وَالحَاكِمُ برقم: (٨١٧٠)، وَالبَيْهَقِيُّ برقم: (٤٨٦٨)، وَأَخْرَجَهُ أَيْضاً: أَحْمَد برقم: (٩٥٦)}، واتە: قەڵەم لەسەر سێ کەسان لابراوە: نوستوو تا بەئاگا دێ، منداڵ تا باڵغ دەبێ، شێت تا چاك دەبێتەوە.

ئنجا خوای کاربەجێ لێرەدا نەیفەرمووە: ماڵی هەتیو مەخۆن، بەڵکو فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَقۡرَبُواْ مَالَ ٱلۡيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ﴾، وە توخنی ماڵی هەتیو مەکەون، لێی نزیك مەکەونەوە، نەك هەر نەیخۆن، ئنجا نەیفەرمووە (إلا بالتِي هِيَ حَسَنَة) مەگەر بەو شێوەی کە باشە، بەڵکو فەرموویەتی: مەگەر بە باشترین شێوە.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿حَتَّىٰ يَبۡلُغَ أَشُدَّهُۥ﴾، واتە: تا ئەو کاتەی باڵغ دەبێ، وەك لە سوورەتی (النساء)دا دەفەرموێ: ﴿وَٱبۡتَلُواْ ٱلۡيَتَٰمَىٰ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُواْ ٱلنِّكَاحَ فَإِنۡ ءَانَسۡتُم مِّنۡهُمۡ رُشۡدٗا فَٱدۡفَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ أَمۡوَٰلَهُمۡ ۝٦﴾، واتە: وە هەتیوەکان تاقی بکەنەوە، تاکو کە گەیشتنە ئەندازەی هاوسەرگیریی، ئەگەر هۆشتان پێوە بینین، ماڵەکەیان تەسلیم بکەنەوە.

بەڵام لێرەدا تێبینییەك هەیە دەبێ ئاگادار بین، هەندێ کەس پێیوایە دەبێ بە هەموو شێوەیەكو بە هەموو جۆرێك لە هەتیوان خۆی بە دوور بگری، هەتا خەڵکی عەوام دەڵێن: قەدەغەیە ئاویشیان لە ماڵێ بخۆیەوەو، لە ژێر سێبەریشیان دابنیشی حەرامە ! کە دیارە ئەوە ڕاست نیە، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە بێ، ئەو هەتیوانە زایە دەبنو هیچ کەسێك نابێ دەستیان بەسەردا بێنێو، سەرپەرشتییان بکاتو، ئاگای لێیان بێ، بەڵکو پێویستە تێکەڵییان لەگەڵ بکرێو، هاووشۆیان بکرێ، بەڵام دەبێ کەسێك کە

چایەکیان لە ماڵ دەخواتەوە، بایی دوو چایی سوودیان پێ بگەیەنێ، پارووە نانێکیان لە ماڵ دەخوا، با بایی دوو پاروو نان سوودیان پێ بگەیەنێ، وە ئەوە قسەی هەندێ مەلایە کە زۆر قووڵ نابنەوە لە شتەکاندا، یان هەر ئەوەیان رەچاو کردوە، کە ئەگەر هەر توخنی هەتیو بکەوی، زیانی پێدەگەیەنی، بەڵام کە تۆ چایەکی لە ماڵ دەخۆیەوە لە رووی مادديیەوە، بەڵام لە رووی مەعنەوییەوە هێندەی سەد چا، سوودی پێ دەگەیەنی، ئامۆژگاریی دەکەی، دڵی دەدەیەوە، دەستی بەسەردا دێنی، دڵی خۆشدەکەی، وە دەشتوانی لە رووی مادديیەوەش هاوکاریی بکەی، بایی ئەوەی کە سوودت لێ بینیوەو زیاتریش.

٢) ﴿وَأَوْفُوا۟ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ بِٱلْقِسْطِ ۖ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾، وە پێوانو کێشانە بە تەواویی ئەنجام بدەن، لەسەر هیچ کەسێك پێویست ناکەین، مەگەر ئەوەی لە توانایدا بێ.

(أوفوا: الوفاء: التمام) شتی تەواو، بە تەواویی جێبەجێی بکەن، ئنجا بۆچی دەفەرموێ: (بِٱلْقِسْطِ) تاکو مرۆڤ ستەم نەکات، بەڵکو بە دادگەرانە، نە ستەم لە خۆت بکە، نە لە بەرانبەرەکەشتی بکە.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾، لەبەرئەوەیە کە مرۆڤ زێدەرۆیی نەکات لە زۆر دوو دڵ بووندا و وەسوەسەی بۆ دروست بێ، بۆیە خوا دەفەرموێ: زیاد لە پێویست لەسەر کەس پێویست ناکەین.

٣) لەو شتانەی کە خوا لە کۆتاییەکەیاندا دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾، ئەوەیە کە دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَٱعْدِلُوا۟ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ﴾، وە هەر کاتێ قسەتان کرد، دادگەر بن، ئەگەر خزمیش بێ، ئەگەر خاوەنی نزیکییش بێ، واتە: ئەو کەسەی قسەکەی لەبارەوە دەکرێ، با پەیوەندییەکی خزمایەتیی، یاخود نزیکایەتیی لەگەڵ ئێوەشدا هەبێ، ئێوە دادگەرانە قسە بکەن .

لێرەدا وەك لە سەرەتاوەش گوتمان : خوا نەیفەرمووە: قسەی ناڕاست مەکەن، یان درۆ مەکەن، یاخود قسەی نادادگەرانە مەکەن، چونکە لێرەدا ئەوەندە بەس نیە، کە ئینسان ناڕاست نەبێ‌و نادادگەر نەبێ، بەڵکو دەبێ دادگەر بێ، وە دەبێ ڕاست بێ، ئنجا کە دەفەرمویٚ: ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَٱعْدِلُوا۟﴾، هەر کاتێ قسەتان کرد، واتە: هەموو جۆرە قسەیەك، وە لە هەموو بوارەکانی ژیان‌و گوزەراندا، تەنانەت ئەگەر ئینسان باسی بیروبڕوای کۆمەڵێکی نەیارو ناحەزیش بکات، دەبێ دادگەرانە قسە بکات، ئەگەر ڕەخنە لە بیرۆکەیەك دەگرێ، با پێچەوانەی ئیسلامیش بێ، با بیرۆکەیەکی کوفریش بێ، ئەگەر لایەنێکی باشی هەیە، دەبێ لایەنە باشەکەشی ئاماژە پێ بدەی، نەك لەبەرئەوەی ئەو خەڵکەی ناحەزی ئیسلامەو، ئەوان تەنیا ڕەخنە لە ئیسلام دەگرن‌و، ئاماژە ناکەن بەو شتانەی کە ناتوانن نکووڵییان لێبکەن، یان مشتومر هەڵناگرن، کە لایەنی چاك‌و باشن، نابێ مسوڵمانانیش لە کاردانەوەی ئەواندا وابن، بەڵکو پێویستە بە دادگەرانە قسە بکەن، وە بەڕاستیی قسە بکەن.

ئنجا وەك گوتم: با هەڵسەنگاندنی بیروبڕوای کەسێك بێ، کە بڕواشی بە ئیسلام نیە، یاخود با لە کاتی ناکۆکیی‌و مشتومریشدا بی، یاخود لە کاتی شایەدییدان دابێ، یان لە کاتی قسەی ئاساییش دابێ، ئینسان دەبێ هەوڵبدات، شتی ناڕاست‌و نادادگەر نەڵێ.

چونکە کە دەفەرمویٚ: ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَٱعْدِلُوا۟﴾، ئەوە هەمووی دەگرێتەوە، هەر کاتێ قسەتان کرد، دادگەر بن لە قسەکەتاندا، ﴿وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ﴾، با ئەو کەسە کە قسەکەی لەبارەوە دەکرێ‌و قسەکە بە زیانی تەواو دەبێ، خزمیش بێ‌و خاوەنی خزمایەتیی‌و نزیکییش بێ.

ئەم ئایەتە وەك ئایەتی ژمارە (١٣٥)ی سووڕەتی (النساء)ە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُونُوا۟ قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ

﴿وَلَوۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۡ أَوِ ٱلۡوَٰلِدَيۡنِ وَٱلۡأَقۡرَبِينَۚ إِن يَكُنۡ غَنِيًّا أَوۡ فَقِيرٗا فَٱللَّهُ أَوۡلَىٰ بِهِمَاۖ فَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلۡهَوَىٰٓ أَن تَعۡدِلُواْۚ وَإِن تَلۡوُۥٓاْ أَوۡ تُعۡرِضُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا ١٣٥﴾، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! زۆر بە دادگەریی هەڵسن، (واتە: زۆر دادگەریی بچەسپێنن، وە بۆ خوا شایەدیی بدەن، با لەسەر خۆشتان بێ، (واتە: با بە زیانی خۆشتان تەواو بێ)، یاخود ئەو شایەدییدانە بە زیانی باب و دایك، یاخود خزمانیش تەواو بێ، ئەو کەسە کە شایەدییەکەی بۆ دەدرێ، ئەگەر دەوڵەمەند بێ، یان هەژار بێ، خوا لێیان لە پێشترە، {واتە: نە لەبەر سەروەت و سامانی دەوڵەمەندان، نە لەبەر هەژاریی هەژاران، شایەدیی مەگۆڕن و قسەی ناڕاست مەکەن، چونکە خوا لێیان لە پێشترە، وە خواش بۆ خۆی دەفەرموێ قسەی ڕاست بکەن}[1]، بە دوای ئارەزووەکان مەکەون، کە سەرەنجام تووشی نادادگەریی ببن، ئەگەر ئێوەش شایەدییدانەکە لار بکەن و قسەی ناڕاست بکەن، یان شایەدییەکە هەر نەدەن، بێگومان خوا بەوەی کە دەیکەن شارەزایە.

٤) ئەوەیە کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَبِعَهۡدِ ٱللَّهِ أَوۡفُواْ﴾، وە بە پەیمانی خوا وەفادار بن، واتە: پەیمانی خوا جێبەجێ بکەن، ئەمەش وەك ئایەتەکەی سووڕەتی (الإسراء) وایە، کە دەفەرموێ: ﴿...وَأَوۡفُواْ بِٱلۡعَهۡدِۖ إِنَّ ٱلۡعَهۡدَ كَانَ مَسۡـُٔولٗا ٣٤﴾، واتە: وەفادار بن بە پەیمان، چونکە پەیمان لێی دەپرسرێتەوە، ئنجا ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، کە لێرەدا خوا بە شێوەیەك ئەوەی فەرمووە، کە مانای پەیمان (عَهْد) زۆر فراوان دەبێ، چۆن ؟ خوا لێرەدا نەیفەرموە: (بما عاهدتم الله علیه) یان (بما عَهِدَ اللّهُ به إلیکم) یان (بما عاهدتم بینکم) بەڵکو چی فەرمووە؟ فەرموویەتی: ﴿وَبِعَهۡدِ ٱللَّهِ أَوۡفُواْ﴾، وە بە پەیمانی خوا وەفادار بن، ئنجا ئەمە دەگونجێ بڵێین :

---

١) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە.

أ / (إضافة المصدر إلى الفاعل) واتە: (ما عهد الله به إليكم من الشرائع، فأوفوا) ئەوەی کە خوا بۆ لای ئێوەی ڕاسپاردوە، پەیمانی لێ وەرگرتوون لە بەرنامەکانیدا، پێی وەفاداربن و جێبەجێیان بکەن.

ب / وە دەشگونجێ وەك عەرەبیی زانەکان دەڵێن: (أن تكون إضافة المصدرِ إلى مفعوله) یانی (ما عاهدتم الله أن تفعلوه، فأوفوا به) ئەوەی کە پەیمانتان لەگەڵ خوا داوە جێبەجێی بکەن، پێی وەفادار بن.

ج / وە دەشگونجێ ئەوە بێ کە پێی دەگوترێ: (الإضافة لأدنى ملابسة) یانی: (العهد الذي أَمَـرَ الله بحفظه وحذَّر من خَتْره ، وهو المعهود التي تنعقد بين الناس بعضهم مع بعض، فأوفوا بها) ئەو پەیمانەی کە خوا فەرمانی پێکردوە، بپارێزرێ، وە ئێوەی ئاگاداركردۆتەوە لەوەی کە بشکێنرێ، کە بریتیە لەو بەڵێن و پەیمانانەی خەڵك لەنێو خۆیاندا دەیاندەن، هەندێکیان بە هەندێکیان بەڵێن و پەیمان دەدەن، جێبەجێی بکەن.

کەواتە: بەهۆی ئەوەوە، کە خوا وەك (محمد الطاهر بن عاشور) دەڵێ : (وَلِهَذَا أُسند اسم العهد إلى اسم الجلالة بطريق الإضافة دون طريق الفعل، بأن يُقالُ: وبما عاهدتم الله عليه ، أو نحو ذلك ، كي يَتَّسِعَ لفظهُ إلى جميع هذه المعاني)[1] وشەی پەیمان (عَهْد) پاڵدراوەتە لای ناوی خوا، بە شێوەی پاڵدران، نەك بەشێوەی کردار، تاکو ئەو سێ مانایانە هەر سێکیان بگرێتەوە.

واتە: ئەو بەڵێنەی کە خوا لێی وەرگرتوون، پێی وەفادار بن، ئەو بەڵێنەی بە خوای دەدەن، پێی وەفادار بن، وە ئەو بەڵێنانە لە نێو خۆتاندا دەیاندەن ، پێیان وەفادار بن.

بەڵام ئەگەر هاتباو بە شێوەی (فعل) خوا فەرموویای، ئەو کاتە یەك مانای دەبوو، بۆ وێنە: ئەگەر فەرموویای : (وبما عاهدتم الله عليه) ئەو کاتە تەنیا یەك مانای دەگرتەوە، واتە: ئەو پەیمانەی کە داوتانە بە خوا.

١) التحرير والتنوير، ج٨، ص١٦٩.

ئنجـا کـە دەفـەرموێ: ﴿ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ﴾، ئـا ئـەوەتان خـوا وەصیـەتی ئێوەی پێکـردووەو ئێوەی پـێ ڕاسـپاردوە بـۆ ئـەوەی بـیـربکەنـەوە.

ئەمە لەبەر ئەوەیە کە وەك لە پێشەوە باسمان کرد : هەر کام لەو چوارانە، ئینسان هـەر تـۆزێ بیـر بکـاتەوەو وەبیـر خـۆی بێنێتـەوە، شتی ڕیشـەدارن لـە فیتـرەتو سروشتی ئینساندا، بۆیـە فەرموویەتی: ﴿لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾﴾، بەڵـکو بیـر بکـەنەوە، یـان لەبەرئـەوە بـووە کـە عەرەبەکـان ئـەو کـاتە کـە قورئانیـان لە نێودا دابەزیوە ، ئەو کردەوانەیـان ، هەر چواریان کـردوون، بۆیـە تـەنیا پێویسـتییان بـەوە بـووە کـە بیـریان بخرێتـەوە، واتـە: زانیویـانن، بـەڵام جاری وایـە لـێیان بـێ ئاگـابوون، یان کاڵ بوونەتەوە لەنێویـانداو، پێویستییان بە تۆخ کردنـەوەو بـیـرخسـتنـەوە بووە.

مەسـەلەی چوارەمو کۆتـایی:

جۆری سـێیـەم: خـوا ﷻ یـەك گونـاحی گـەورە، کـە گونـاحی دەیـەمینە، یان یـەك قـەدەغـەی گـەورە کـە قـەدەغـەی دەیـەمینە، وە سـەرجەم قـەدەغـەکـانی دیکـە دەخاتـەوە نێـو خـۆی، دەخــاتـەڕوو، وە دەشـفـەرموێ: بـە بـێ خۆپاراسـتن لـەو قـەدەغـەی دەیـەمە، پارێزکـاریی بـۆ ئێـوە پەیـدا نابـێ، ئـەو گوناهـەی دەیـەم خۆتـانی لـێ بپـارێزن، بـۆ ئـەوەی تـەقواو پارێزارییتـان پەیـدا بـێ، دەفـەرموێ:

﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾﴾، وە ئـا ئەمـە ڕاستە شـەقامی منە، ڕاسـتە ڕێبـازی منە، شوێنی بکـەون، وە بـە دوای ڕێچکەکـان مەکـەون، ئەگـەرنا شـوێنکەوتنی ڕێچکەکـان، ئێـوە لـە ڕاسـتە شـەقامی خـوا دەتـرازێنـێو پەرتـەوازەتان دەکـات، ئـا ئەمەشـتان خـوا وەصیـەتی ئێـوەی پێدەکات، بەڵکو پارێزتـان پەیدابـێ، تەقواتـان پەیدا بـێ.

بۆ تەفسیری ئەم ئایەتە موبارەكە چەند فەرموودەیەك هەن :

فەرموودەی یەکەم: ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه قَالَ: خَطَّ لَنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ خَطًّا، ثُمَّ قَالَ: (هَذَا سَبِيلُ اللهِ) ثُمَّ خَطَّ خُطُوطاً عَنْ يَمِينِهِ وعَنْ شِمَالِهِ، ثُمَّ قَالَ: (هَذِهِ سُبُلٌ مُتَفَرِّقَةٌ عَلَى كُلِّ سَبِيلٍ مِنْهَا شَيْطَانٌ يَدْعُو إِلَيهِ، وَقَرَأَ: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُ...﴿١٥٣﴾﴾ الأنعام)﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٤٤٣٧)، وَالطَّيَالِسِي برقم: (٢٤٤)، وَالنَّسَائِيُّ في "الكبرى" برقم: (١١١٧٤)، والدَّارَمِي برقم: (٢٠٦)، وَالطَّبَري في "التفسير" برقم: (١٤١٦٨)، وَصَحَّحَهُ الحَاكِمُ في "المستدرك" برقم: (٣٢٤١)، ووافقهُ الذهبي، وَصَحَّحَهُ أَحْمَد شَاكِر} (كە ئەمە جۆرێكە لە تەفسیركردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ قورئان) واتە: عەبدوڵڵای كوڕی مەسعوود خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ دانیشتبووین، هێڵێكی بۆ كێشاین {بە داروو چكەیەك یان بە پەنجەی موبارەكی لەسەر گڵ} وە فەرمووی : ئەمە ڕێبازی خوایە، وە دوایی هەندێ هێڵی خوارو خێچی لە لای ڕاستو چەپی هێڵە ڕاستەكە كێشاو، ئاماژەی بۆ وردە هێڵەكان كردو، فەرمووی: ئەمانەش ڕێچكەكانن و، لەسەر هەر ڕێچكەیەك شەیتانێك هەیە، خەڵكی بۆ بانگ دەكات {ماركسیزم، كۆمۆنیزم، ماویزم كە زیاتر كاتی خۆی هەبوون، وە كاپیتالیزم، لیبڕالیزم، سیكۆلاریزم، ناسیۆنالیزم، ئەوانە گشتیان ڕێچكەن}[1]، وە لەسەر هەر كام لەو ڕێچكانە شەیتانێك هەیە، {بەڵكو شەیتانەكان هەن}[2]، كە خەڵكی بۆ بانگ دەكات {بۆ ئەوەی خەڵك ببێتە شوێنكەوتەیان}[3]، دوایی ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُ...﴿١٥٣﴾﴾.

فەرموودەی دووەم : ﴿عَنْ النَّوَّاسِ بْنِ سَمْعَانَ رضي الله عنه عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ قَالَ ضَرَبَ اللهُ مَثَلاً صِرَاطاً مُسْتَقِيماً، وَعَلَى جَنْبَتَيْ الصِّرَاطِ سُورَانِ، فِيهِمَا

١) نێوان كەوانەكان زیادەی خۆمە.
٢) بە هەمان شێوە.
٣) بە هەمان شێوە.

أَبْوَابٌ مُفَتَّحَةٌ، وَعَلَى الأَبْوَابِ سُتُورٌ مُرْخَاةٌ وَعَلَى بَابِ الصِّرَاطِ دَاعٍ يَقُولُ: أَيُّهَا النَّاسُ ! ادْخُلُوا الصِّرَاطَ جَمِيعًا وَلاَ تَتَفَرَّقُوا، وَدَاعٍ يَدْعُو مِنْ جَوْفِ الصِّرَاطِ، فَإِذَا أَرَادَ يَفْتَحُ شَيْئًا مِنْ تِلْكَ الأَبْوَابِ ، قَالَ : وَيْحَكَ لا تَفْتَحْهُ فَإِنَّكَ إِنْ تَفْتَحْهُ تَلِجْهُ! وَالصِّرَاطُ : الإِسْلامُ ، وَالسُّورَان : حُدُودُ اللهِ تَعَالَى، وَالأَبْوَابُ الْمُفَتَّحَةُ: مَحَارِمُ اللهِ تَعَالَى، وَذَلِكَ الدَّاعِي عَلَى رَأْسِ الصِّرَاطِ: كِتَابُ اللهِ، وَالدَّاعِي فَوْقَ الصِّرَاطِ: وَاعِظُ اللهِ فِي قَلْبِ كُلِّ مُسْلِمٍ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٧٦٧١) تعليق شعيب الأرنؤوط: حَدِيثٌ صَحِيحٌ، وَأَخْرَجَهُ أَيْضَاً الحَاكِمُ برقم: (٢٤٥)، وَقَالَ: صَحِيح عَلَى شَرْطِ مُسْلِم ولا أعرف له علة، وَالبَيْهَقِي فِي "شعب الإيمان" برقم: (٧٢١٦)، وَالترمذِيُّ برقم: (٢٨٥٩) وَقَالَ: غَرِيبٌ، وَالنَّسَائِيُّ فِي الكبرى برقم: (١١٢٣٣)، وصَحَّحَهُ الألباني في صحيح الجامع، رقم: (٣٨٨٧)}، واته: نەوواسی کوڕی سەمعان خوا لێی ڕازی بێ، لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە، دەڵێ: پێغەمبەر فەرمووی: خوا وێنەی هێناوەتەوە بۆ ڕاستە شەقامو ئایینو بەرنامەی خۆی بە ڕێیەکی ڕاست، وە لە هەردوو تەنیشتی ئەو ڕێگا ڕاستەدا دوو دیوار هەن، (دوو شووره هەن) ئەو دوو شوورەیە کە بە دەوری ئەو ڕێگایەوە کراون، دەرگایان تێدانو کراونەتەوە، وە دەرگەکان کە کراونەوە پەردەیان بەسەردا دراوەتەوە، پەردەکە دەرگاکەی پەنهان کردوە، وە لەسەری کۆتایی ئەو ڕێگایە دەرگایەك هەیە بانگکەرێکی لێیە، بانگ دەکات دەڵێ: ئەی خەڵکینە! وەرن بەم ڕاستە شەقامەدا {بڕۆن کە ئەو دوو شوورەیەی لە دەورەن}، بچنە نێو ئەو ڕاستە شەقامەوە، وە پەرتەوازە مەبن، وە لەسەری ڕێگاکەش بانگخوازێکی دیکە بانگ دەکات، هەر کاتێ ئینسان ویستی یەکێك لەو دەرگایانە بکاتەوە کە لەملاولای ڕێگەکەن، {واتە: پەردەکە لابداتو بچێتە نێو ئەو دەرگایە} ئەو کەسەکە کە لە سەری ڕێیەکە ڕاوەستاوە دەڵێ: وریابە ! بێقەزابی دەرگاکە مەکەوە، چونکە ئەو پەردەیە بکەیەوە، دەچیە نێوی.

ئنجا {پێغەمبەر ﷺ شەرحی کرد، مەبەست لەو پێنج شتانە چییە؟ ئەو ڕێیەو ئەو دوو شوورەیەو، ئەو دەرگایانە کە پەردەیان بەسەردا دراوەو ، ئەو بانگکەرە کە لە کۆتایی دەرگاکە بانگ دەکاتو، ئەو بانگکەرەش کە لەسەر

ڕێیەکەوە بانگ دەکات؟)[1] فەرمووی : ڕێیەکە بریتییە لە ئیسلام، دوو شوورەکەش (دوو دیوارەکە) سنوورەکانی خوان، (ئەو شتانەن کە خوا قەدەغەی کردوون)، وە دەرگا کراوەکان، بریتین لە قەدەغەکراوەکانی خوا، وە ئەو بانگخوازەی کە لە سەری ڕێیەکەیە لە لای کۆتایی دەرگاکە، کتێبی خوایە (قورئان)، وە ئەو بانگخوازەش کە لەسەر ڕێیەکەیە لەلای سەرەوە، ئەوە ئامۆژگارییکەری خوایە لە دڵی هەموو ئینسانێکی مسوڵماندا.

تەماشا دەکەین پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر بە جوانیی ئەم ئایەتەی بۆ ئێمە وێناکردوە، بۆئەوەی کە بە شێوەیەکی تەصویریی لێی تێبگەین، جا ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ کە مەسەلەی نواندن (تمثیل) شتێکی ڕەوایە، پێغەمبەر ﷺ بۆخۆی لێرەدا نواندنێکی کردوە، واتە: (تمثیل)ی کردوە، ئەو چەمك و واتا مەعنەوییانەی لە شێوەیەکی بەرهەستدا خستوّتە بەرچاوی هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ، وە بەرچاوی ئێمەش، بۆ ئەوەی باش لێی تێبگەین.

ئنجا لە کۆتایی تەفسیرکردنی ئەو ئایەتە موبارەکانەدا دەڵێین: ئەم ئایاتانە کە دە (١٠) قەدەغەی سەرەکییان تێدا بوون، بە گوناهو قەدەغەی شیرك دەستیان پێکرد، کە پێچەوانەی خوا بەیەکگرتنە، وە بناغەو نێوەڕۆکی مسوڵمانەتیی، بریتییە لە خوا بەیەکگرتن‌و، شتەکانی دیکە هەموویان بە دەوری ئەو ئەسڵەدا دەخولێنەوە : ئەگەر عیبادەتەکانن، ئەگەر ڕەوشت‌و خووەکانن، ئەگەر خۆپارستن لە قەدەغەکانن، ئەگەر جێبەجکردنی ئەرکە شەرعییەکانن، ئەگەر هەڵسوکەوتەکانی بواری کۆمەڵایەتیی‌و سیاسیی‌و ئابووریی‌و جەنگ‌و ئاشتیین، هەموویان پەیوەستن بە خوا بەیەکگرتنەوە، چونکە تۆ هەر شتێك لەوانە: ئەگەر فەرمانە ئەنجامی دەدەی، وە ئەگەر قەدەغەیە خۆی لێ دەپارێزی، لەبەر ئەوەیە کە خوا وایفەرمووەو، بۆئەوەی خوا لێت ڕازی بێ لە دنیاو لە دواڕۆژدا، وە لە دنیادا لە عەیبداریی دووربیی‌و، لە قیامەتیش سەرفرازو سەربەرز بی، ئنجا قەدەغەی یەکەمیان بریتییە لە چی؟ بریتییە لە شیرك، وە کۆتا قەدەغەشیان بریتییە لە چی؟ بریتییە لە لانەدان لە ڕێبازی خواو پەرتەوازە نەبوون، واتە: قەدەغەی یەکەمیان

---

١) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە.

خۆپارستنە لە شیرك بەهۆی خوا بەیەکگرتنەوە، کۆتا قەدەغەش بریتیە لە: خۆپارستن لە پەرتەوازەیی، بۆئەوەی یەکڕیزیی (وحدة) لە خۆماندا بپارێزین، بۆیە دەتوانین بڵێین: ئیسلام دینی تەوحیدو وەحدەتە، ئیسلام دینێکە بناغەکەی بریتیە لە خوا بەیەکگرتن و، یەکڕیزیی و پێکەوە بوون و، لەیەك نەترازانی مسوڵمانان.

وە دەربارەی ئایەتی کۆتایی کە دەفەرموێ: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾، پێمان دەفەرموێ: کە بەبێ گرتنە بەری ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ لە هەموو ڕووەکان و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا: لە بواری عیبادەتدا، دەبێ عیبادەتت وەك ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بێ، وە دەبێ هەڵسوکەوت و خوو ڕەوشتت، وەك هی ئەو بێ، وە دەبێ سیاسەتت، وەك هی ئەو بێ، وە دەبێ بازرگانیی و مامەڵەت، وەك هی ئەو بێ، هەموو ئەوانەت پێویستە وەك هی پێغەمبەر ﷺ بن، وە بە پێی ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ بێ، ئنجا دەبی بە ئەهلی تەقوا، کەواتە: پارێزکار کێیە ؟ ئەو کەسەیە کە لە وردو درشتی ژیانیدا، بە دوای پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەوێ.

ئنجا خوا لە دوای پێنج قەدەغەی یەکەم دەفەرموێ: ﴿لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴾، وە لە دوای چوار قەدەغەی دووەم، دەفەرموێ: ﴿لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴾، وە لە دوای قەدەغەی کۆتایی، دەفەرموێ: ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾، ئەمەش ئەوەی لێوەردەگیرێ کە: ئینسان دەبێ عەقڵی بەکاربێنێ، ئنجا ئەگەر عەقڵت بەکارهێناو بیرت کردەوە، ئەو کاتە پەند وەردەگری، وە کە پەندت وەرگرت، پارێزکار دەبی، کەواتە: (تَعَقُّل وَتَذَكُّر وَتَقْوَى) سێ شتی پێکەوە پەیوەستن، کێ دەتوانێ ئەهلی تەقوا بێ؟ کەسێ کە بتوانێ ئەو ڕاستییانەی کە خوای پەروەردگار خستوونیە ڕوو لە قورئان و سوننەتدا، وە لەگەڵ فیطرەتیشدا تێکهەڵکێشراون، بیرخۆیان بێنێتەوە.

ئنجا ئایا کێ دەتوانێ ئەو ڕاستییانە وەبیرخۆی بێنێتەوە ؟ کەسێ کە عەقڵی بەکاربێنێ، کە عەقڵت بەکارهێنا، ڕاستییەکانت دەکەونەوە بیر.

وە ئەگەر ڕاستییەکانت کەوتنەوە بیرو پەندت لێوەرگرتن، دەبی بە ئەهلی تەقوا .

ئنجا جێی سەرنجیشە کە لە تەوراتدا لە (سِفْرُ الْخُرُوجِ) لە ئیصحاحی بیستەمدا، ئەو دە وەصیەتانە هەن، بەڵام دیارە بە صیغەو تەعبیرێکی دیکە کە ئاوا دەست پێدەکەن: {أَنَا الرَّبُّ إِلَهُكَ الَّذِي أَخْرَجَكَ مِنْ أَرْضِ مِصْرَ مِنْ بَيْتِ الْعُبُودِيةِ. لاَ يَكُنْ لَكَ آلِهَةٌ أُخْرَى أَمَامِي. لاَ تَصْنَعْ لَكَ تِمْثَالاً مَنْحُوتاً وَلاَ صُورَةَ مَا مِمَّا فِي السَّمَاءِ مِنْ فَوْقُ وَمَا فِي الأَرْضِ مِنْ تَحْتُ وَمَا فِي الْمَاءِ مِنْ تَحْتِ الأَرْضِ. لاَ تَسْجُدْ لَهُنَّ وَلاَ تَعْبُدْهُنَّ لأَنِّي أَنَا الرَّبَّ إِلَهَكَ إِلَهٌ غَيُورٌ أَفْتَقِدُ ذُنُوبَ الآبَاءِ فِي الأَبْنَاءِ فِي الْجِيلِ الثَّالِثِ وَالرَّابِعِ مِنْ مُبْغِضِيَّ. وَأَصْنَعُ إِحْسَاناً إِلَى أُلُوفٍ مِنْ مُحِبِّيَّ وَحَافِظِي وَصَايَايَ. لاَ تَنْطِقْ بِاسْمِ الرَّبِّ إِلَهِكَ بَاطِلاً لأَنَّ الرَّبَّ لاَ يُبْرِئُ مَنْ نَطَقَ بِاسْمِهِ بَاطِلاً. اُذْكُرْ يَوْمَ السَّبْتِ لِتُقَدِّسَهُ. سِتَّةَ أَيَّامٍ تَعْمَلُ وَتَصْنَعُ جَمِيعَ عَمَلِكَ. وَأَمَّا الْيَوْمُ السَّابِعُ فَفِيهِ سَبْتٌ لِلرَّبِّ إِلَهِكَ. لاَ تَصْنَعْ عَمَلاً مَا أَنْتَ وَابْنُكَ وَابْنَتُكَ وَعَبْدُكَ وَأَمَتُكَ وَبَهِيمَتُكَ وَنَزِيلُكَ الَّذِي دَاخِلَ أَبْوَابِكَ. لأَنْ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ صَنَعَ الرَّبُّ السَّمَاءَ وَالأَرْضَ وَالْبَحْرَ وَكُلَّ مَا فِيهَا وَاسْتَرَاحَ فِي الْيَوْمِ السَّابِعِ[1]. لِذَلِكَ بَارَكَ الرَّبُّ يَوْمَ السَّبْتِ وَقَدَّسَهُ. أَكْرِمْ أَبَاكَ وَأُمَّكَ لِتَطُولَ أَيَّامُكَ عَلَى الأَرْضِ الَّتِي يُعْطِيكَ الرَّبُّ إِلَهُكَ. لاَتَقْتُلْ. لاَ تَزْنِ. لاَ تَسْرِقْ. لاَ تَشْهَدْ عَلَى قَرِيبِكَ شَهَادَةَ زُورٍ. لاَتَشْتَهِ بَيْتَ قَرِيبِكَ، لاَ تَشْتَهِ امْرَأَةَ قَرِيبِكَ وَلاَ عَبْدَهُ وَلاَ أَمَتَهُ وَلاَ ثَوْرَهُ وَلاَ حِمَارَهُ وَلاَ شَيْئاً مِمَّا لِقَرِيبِكَ...}[2]، واتە: من پەروەردگارتم ئەو پەرستراوەی کە تۆم لە میسرِ دەرباز کرد، دوایی دەڵێ: لەگەڵ باب‌و دایکت دا چاك بە، وە

١) پێشتر بەرپەرچی ئەو بیرۆکە ئەفسانەییانەمان داوەتەوەو، دەشتوانی سەرنجی : (الإسلام كما يتجلى في كتاب الله) بدەی بەرگی سێیەم باسی : (الإيمان بكتب الله تعالى).

٢) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر الخروج، الإصحاح: ٢٠.

ئەزیەتیان مەدە ... دەڵێ: قەتڵ مەکە، زینا مەکە، دزیی مەکە، شایەدیی بە درۆ بۆ نزیك و خزمانت مەدە... هتد.

دیارە ئەوەی کە خوای پەروەردگار هێناونی لەم کتێبی کۆتایی خۆیدا، بە شێوەیەکی تەواوتر لە کتێبەکان هێناونی، ئەگەرنا وەك پێشتر باسمان کرد : ئەو دە وەصیەتە کە بریتین لە خۆپاراستن لەو دە قەدەغەکراوە، بە ڕای زۆربەی زانایان، لە هەموو بەرنامەی پێغەمبەرەکانی دیکەشدا هاتوون.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی هەژدەیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

لەم دەرسەماندا ئایەتەکانی ژمارە : (١٥٤ تا ١٦٠) تەفسیر دەکەن، لەو حەوت ئایەتەدا خوای پەروەردگار باسی پێدانی کتێب بە مووسا ﷺ دەکات، کە مەبەست پێی تەوراتە، وە خوا ﷻ تەورات بە روونکەرەوەی هەموو شتێك و، ڕێنمایی و بەزەیی خۆی وەسف دەکات.

پاشان باسی قورئان دەکات، وە بە پیرۆزو بەرهەمدار وەسفی دەکات، وە فەرمان بە ئیمانداران دەکات کە شوێنی بکەون و پارێز بکەن، تاکو شایستەی بەزەیی خوا بن.

ئنجا خوا ﷻ ئاماژە دەکات بە حیکمەت و ئامانجی دابەزێنرانی قورئان لە نێو گەلی عەرەبدا، دەکات، کە بریتیە لە بیانوو برکرانیان، تاکو بیانوویان نەمێنێ، وە پاشان هەڕەشەشیان لێدەکات لە حاڵێکدا کە لامل و لادەر بن لە قورئان، دەبێ چاوەڕێی سزای توندی خوابن، وە دوایی خوا هەڕەشە لە کەسانێك دەکات کە لە قورئان لادەدەن، بە هاتنی قیامەت، وە دەرکەوتنی نیشانەکانی قیامەت، وە ڕایدەگەیەنێ کە لەو کاتەدا : ئیمان هێنان، دادی کەس نادات، وە چاکەکردنیش دادی کەس نادات.

وە لە کۆتایی دا خوای بەرزو مەزن هەڕەشە دەکات لەو کەسانەی کە ئایینەکەیانیان بەش بەش کردووە، بوونە تاقم تاقم و پەرتەوازە بوون، وە ڕایدەگەیەنێ کە ئەگەر چاك بن و، بگەڕێنەوە بۆ سەر ڕێبازی خوا، ئەوە هەر چاکەیەك کە بیکەن بە دە (١٠) بەرامبەر پاداشت دەدرێتەوە، دیارە لە سوورەتی (البقرة)دا تاکو یەك بە حەوت سەدیش ڕۆیشتوە، کە دوایی باسی دەکەین، بەڵام خراپە تەنیا وەك خۆی سزای لەسەر هەیە، وە هیچ کەسیش ستەمی لێناکرێ .

﴿ ثُمَّ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِيٓ أَحۡسَنَ وَتَفۡصِيلٗا لِّكُلِّ
شَيۡءٖ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لَّعَلَّهُم رَبِّهِمۡ يُؤۡمِنُونَ ١٥٤ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ مُبَارَكٞ
فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُواْ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ١٥٥ أَن تَقُولُوٓاْ إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلۡكِتَٰبُ عَلَىٰ طَآئِفَتَيۡنِ
مِن قَبۡلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمۡ لَغَٰفِلِينَ ١٥٦ أَوۡ تَقُولُواْ لَوۡ أَنَّآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا
ٱلۡكِتَٰبُ لَكُنَّآ أَهۡدَىٰ مِنۡهُمۡۚ فَقَدۡ جَآءَكُم بَيِّنَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞۚ
فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَصَدَفَ عَنۡهَاۗ سَنَجۡزِي ٱلَّذِينَ يَصۡدِفُونَ عَنۡ
ءَايَٰتِنَا سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يَصۡدِفُونَ ١٥٧ هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ
أَوۡ يَأۡتِيَ رَبُّكَ أَوۡ يَأۡتِيَ بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَۗ يَوۡمَ يَأۡتِي بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ
نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ أَوۡ كَسَبَتۡ فِيٓ إِيمَٰنِهَا خَيۡرٗاۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓاْ
إِنَّا مُنتَظِرُونَ ١٥٨ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ
أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ١٥٩ مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشۡرُ أَمۡثَالِهَاۖ
وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ١٦٠ ﴾.

مانای وشــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((دوایی کتێبمـان دا بە مووسا، تێرو تەواوو تەواکەر بوو، بۆ چاکەی ئـەو کـەسـەی چاکـەی کــرد، وە ڕوونکــەرەوە بــوو بــۆ هــەموو شــتێك (کــە کۆمەڵگــای ئـەو کاتـە پێویســتیان بـوو)، وە ڕێنمـایـیو بـەزەیی بـوو (لــە خــواوە) بەڵـکو بــڕوا بــە دیـداری پەروەردگاریــان بێنــن. ﴿١٥٣﴾ وە ئــەم (قورئــان)ەش کتێبێکــە دامانبەزانـدوە، بەپێــزو بەرهــەمداره، دەجــا شــوێنی بکــەون، وە پــارێز بکــەن، بەڵکــو بــەزەیـیتــان لەگــەڵ بنوێنـرێ. (وە ئەم قورئـانەمان دابەزانده سەرتان، ئەی گەلـی عـەرەب !) نـەوەك بڵێن: کتێـب تەنیا بۆ دوو کۆمەڵ لەپێش ئێمــەدا (واتــە جوولەکــەو دیانـەکان) دابـەزێنراوە، وە ئێمـە لـە خوێنــدنەوەو فێرکردنیـان (بەهــۆی نەزانینــی زمانیانــەوە) بێئاگـابووین. ﴿١٥٤﴾ یــان نــەوەك بڵـێن: ئەگــەر هاتبــاو ئێمــە کــتێبمان دابەزێندرابـایە ســەر، بـە دڵنیــاییەوە ئێمــە لــەوان ڕێیڕاســـت گرتووتـــر دەبووینـــ، دەجـــا ئــەوە لـــە پەروەردگارتانــەوە بەڵگەیەکـی ڕوونو، ڕێنمـایـیو بەزەییتـان بـۆ هـات، ئنجا ئایا کـێ ستەمکارترە لە کەسێك کە بە ئایەتەکانی خـوا بێبڕوایـەو، لێیان لامل دەبــێ! بێگومـان لەمـەودوا بـە سـزایەکی زۆر خـراپ، سـزای ئـەو کەسـانە دەدەیـن، کــە لـە ئایەتـەکانمان لادەدەن (یـان خەڵکیـان لــێ لادەدەن) بەهــۆی ئــەوەوە کــە لێیــان لامـل دەبــن (یــان خەڵکــیان لــێ لادەدەن) ﴿١٥٧﴾ ئایــا ئــەوان چاوەڕێــی چـی دەکــەن؟ مەگــەر ئــەوە کــە فریشتەیان بێنـەلا، یان پـەروەردگـارت بـێ، یـان هەنـدێ لـە نیشـانەکانی پـەروەردگارت بێن، ڕۆژێك کە هەندێ لە نیشانەکانی پەروەردگـارت دێـن، هیـچ کـەسـێك ئیمانەکـەی سـوودی پێناگـەیەنـێ، کـە پێشتر ئیمـانی نەهێنـابـێ، یـان بەپێـی ئیمانەکـەی چاکـەی وەدەست نەهێنـابێ، بڵـێ: چاوەڕێ بن، ئێمەش لە چاوەڕوانانیـن ﴿١٥٨﴾ بێگومان ئەوانـەی ئایینەکانیان پەرتەوازەو بـەش بەش کردووە بوونە دەستە دەستە، تۆ هیچ پەیوەندییت پێیانــەوە نیــە، بەڵکو کاروباریان دەگەڕێتەوە بۆ لای خـوا، پاشـان هـەواڵیــان پێدەدات، بـەوەی کــە دەیانکــرد ﴿١٥٩﴾ هـەر کــەس چاکــە بێنــێ (بـۆ لای خــوا) بــە ئەنــدازەی دە بەرانبــەری پاداشــتی هەیـە، وە هەرکـەسێکــیش خراپــە بێنــێ (بــۆ لای خــوا) تەنیــا بەئەندازەی خراپەکەی سـزا دەدرێ، وە ئـەوان هیچ ستەمیان لـێناکـرێ ﴿١٦٠﴾)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(تَمَامًا): دوو واتای هەن، واتە: ئەو كتێبەی دامان بە مووسا كە تەوراتە، كتێبێكی كامڵو تێرو تەواو بوو، یاخود تەواوكەربوو، (تَمَام الشَّيء : انْتَهَاؤُهُ إِلى حَدٍّ لا يَحْتَاج إِلى شَيء خَارِج عَنْهُ وَالنَّاقِص عكسُهُ)، واتە: شتێك كە بگوترێ ئەو شتە تەواوە، یانی: گەیشتۆتە ڕاددەیەك پێویستیی بە دەرەوەی خۆی نیە، تێرو تەواوە، پێچەوانەی (ناقص) كە پێویستیی بە دەرەوەی خۆی هەیە، بۆئەوەی تەواو بكرێ.

(مُبَارَكٌ): (أَصْلُ البَرْك : صَدْرُ البَعِير، وَبَرَكَ البَعِيرُ: أَلْقَى بَرْكَهُ، وَسُمِّيَ مَحْبَسُ المَاءِ بِرْكَة، وَالبَرَكَةُ: ثُبُوتُ الخَيْرِ الإِلَهِي فِي الشَيء) وشەی (بَرْك) لە ئەسڵی زمانی عەرەبییدا، بە سینگی حوشتر دەگوترێ، بۆیە كە دەگوترێ: (بَرَكَ البَعِيرُ: أَلْقَى بَرْكَهُ) واتە: سینگی خۆی لە زەوی دانا، ئنجا ئەو شوێنەی ئاوی تێدا حەپس دەكرێ، پێی دەگوترێ: (بِرْكَة)، واتە: گۆماو ، شوێنێك كە ئاوی تێدا وەستابێ، (وَالبَرَكَة: ثُبُوتُ الخَيْرِ الإِلَهِي فِي الشيء)، واتە: (بَرَكَة) بریتیە لە چەسپانی بەرەكەتو پێزی خوا لە شتێكدا.

(دِرَاسَتِهِمْ): واتە: لە خوێندنیانو لێكۆڵینەوەیان، (دَرَسَ الكِتَابَ وَنَحْوَه دَرْسا وَدِرَاسة: قرأهُ قِرَاءَةً وَأَقْبَلَ عَلَيْهِ لِيَحْفَظَهُ) ئەگەر بگوترێ: كتێبەكەی دەرس كرد، یاخود هەر شتێكی دیكەی دیراسە كرد، واتە: خوێندیەوەو گرنگیی پێدا، بۆ ئەوەی لەبەری بكاو تێیبگات. كەواتە: (دِرَاسة) جیایە لە (قِرَاءَة)، (دِرَاسة) ئەوەیە بیخوێنیەوەو لەبەری بكەیو لێی تێبگەی، بەڵام (قِرَاءَة) ئەوەیە بەس بخوێنرێتەوە.

(وَصَدَفَ): (صَدَفَ يَصْدِف عَنْهُ صُدُوفاً: أَعْرَضَ وَ مَالَ، وَصَدَفَ فُلاَناً عَنِ الشَّيءِ: صَرَفَهُ) وشەی (صَدَف) دوو واتای هەن: واتایەكیان یانی: لەو شتەی لاداو ڕووی لێوەرگێڕا، واتایەكەی دیكەی ئەوەیە كە كەسێك، كەسێك لە شتێك بگێڕێتەوە، دەڵێن: فڵان كەسی لێ گێڕایەوە، كەواتە: (صَدَف) ئەوەیە كە ئینسان بۆخۆی لابدات لە ڕێیە، یاخود خەڵكی لابدات، هەردوو واتاكەی هەن.

(سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ): واتـە: (السُّوءُ: كُـلُّ مَـا يَغُـمّ الإِنْسـانُ، وكُـلّ مَـا يَقبُـحُ، اسْم جَـامِع للآفَـاتِ) وشەی (سُوء) هەر شـتێکـە کە ئینسان پێی نارەحەت بێ، پێی ناخۆش بـێ: نەخۆشیی بێ، ناخۆشـیی بێ، قسەی ناخۆش بـێ، هەژاریی بێ، هەرچی بێ، هەر شتێك کە ئینسان دڵی پێی تەنگ بێو پێی نارەحەت بێ، هەروەها (سُـوء) هەر شتێکە کـە ناشیرینو ناقۆلابێ، هەروەها وشەی (سُوء) ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو دەردو بەڵاو نەهامەتییەکان، کە خوا دەفەرموێ: (سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ) یانی: سزایەکی زۆر خراپ.

(فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ): واتـە: دینەکەی خۆیان بـەش بـەشو پەرتـەوازە کـردوە، دەڵـێ: (فَرَّقْتُ بَـيْنَ الشَّـيْئَينِ: فَصَّلْتُ بَيْنَهُمَـا، سَـوَاءٌ أُدْرِكَ بِالْبَصَـرِ أو الْبَصِـيرَة، وَالتَّفْرِيـق أصْلُه للتَّكْثِير، وَيُقَالُ ذَلِكَ فِي تشتيت الشمل والكَلِمَـة)، (فَرَّقْتُ بَيْنَ الشَّيْئَيْنِ) واتە: دوو شتم لێك جیاکردنەوە، (فَصَّلْتُ بَيْنَهُمَا) ئەو دوو شتەم لە یەك جیاکردنـەوە، ئنجـا چ ئەو شتە بەچاو ببینرێ، بۆ نموونە: دوو شت دانراون لە پەنای یەکن، لە یـەکیان دووردەخەیـەوە، یاخود بەعەقڵ بزانرێ، بۆ وێنە: یەکێ دەڵـێ: من ئەو بابەتەم وا بۆ باسکردن، کە هەقو ناهەقم بۆ لێك جیاکردنەوە، ئەوە بە عەقڵ دەبینرێ، یان کوفرو ئیمانم بۆ لە یەك جیاکردنەوە، ئەوە دیارە لە یەك جیاکردنەوەی کوفرو ئیمان، یـان هەقو ناهەق، یان حـەڵاڵو حـەرام، بە عـەقـڵو بـە دڵ دەبیـنـرێ ، نەك بە چاو.

(شِيَعٗا): (شـیع) یان (أشیاع) کـۆی (شـیعة)یـە، (وَالشـيعَةُ: مـن يتقـوَّى بِهِـم الإِنْسـان وَيَنْتَشِـرُونَ عَنْهُ)، هـەر کۆمـەڵێك کـە ئینسـان پشـتی پێیـان قـایم بـێ، وە لـەوەوە بـڵاوببنـەوە، پێیان دەگوتـرێ : (شیعة).

وە کـە بـە شـیعەی بەرانبـەر ئەهلـی سـوننەتو جەماعـەت دەگوتـرێ: (شیعة) لەبەرئەوە بووە ، کە وەك کۆمەڵێك بوون، کاتی خۆی بە حیسـابی خۆیـان (ئێمـە ناڵێیـن: وایـە) بە حیسـابی خۆیان بەرگرییـان لە عەلـی کوڕی ئەبـی طـالیـب خـوا لێی ڕازی بێ، کردوە، وە لە بنەماڵەی پێغەمبەر ﷺ ، کە بە زۆریـی عەلـی کـوڕی ئەبو طالیـب و بنەماڵەی پێغـەمبـەری خـوا ﷺ لەسـەریان قـەرزدار بـوونـەوە !.

مانای گشتی ئایەتەکان

خوا ﷻ دوای ئەوەی باسی دە (١٠) شتە قەدەغەکراوە سەرەکییەکانی کرد، کە وەك پێشتر گوتمان : بەڕای زۆربەی زانایان لە بەرنامەی هەموو پێغەمبەرانی دیکەدا ئەو شتانە هەر قەدەغەبوون، ئنجا دەفەرمووێ: ﴿ ثُمَّ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ ﴾، دوایی کتێبمان بە مووسادا، دیارە ئەو کتێبە لە شوێنی دیکە باسکراوە، کە مەبەست پێی تەوڕاتە، چونکە مووسا ﷵ یەك کتێبی پێدراوە، ئەویش بریتیە لە تەوڕات، وە تەوڕاتیش بە زمانی عیبریی بە مانای شەریعەت دێ، یانی بەرنامە، هەروەك چۆن ئینجیل واتە: مزگێنی، موژدە، ئنجا زانایان ـ وەك لە مەسەلە گرنگەکاندا باس دەکەین ـ دەڵێن: وشەی (ثم) لە زمانی عەرەبییدا (الترتيب والتراخي) بۆ ڕیزبەندییە کە پێی بچێ، بۆ وێنە: ئەگەر سێ نەفەر بێن ئەحمەد لە پێشەوە بێ، مەحموود لەدوای وی بێ و، دلشاد لەدوای وی بێ، دەگوترێ: (جَاءَ أَحْمَد، ثُمَّ جَاءَ مَحْمُود، ثُمَّ جَاءَ دلشاد)، (ثُمَّ) لە زمانی عەرەبییدا بۆ ڕیزبەندییەو بۆ ئەوەشە کە پێی چووبێ، زانایان لێرەدا دەڵێن: تەوڕات کە بە مووسا ﷵ دراوە لە پێش قورئاندایە، واتە: پێش ئەوەی قورئان بە موحەممەد بدرێ، تەوڕات بە مووسا ﷵ دراوە، ئەدی بۆچی لێرەدا دەفەرمووێ: ﴿ ثُمَّ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ ﴾، دوایی کتێبمان بە مووسادا؟ زانایان دەڵێن : ئەو (ثُمَّ)ەیە ، بۆ ڕیزبەندیی هەواڵدانە، نەك بۆ ڕیزبەندیی زەمانیی، ئەگەرنا دیارە تەوڕات لە پێش قورئانەوە بووە، لە ڕووی ڕیزبەندیی کاتییەوە.

(محمد متولي الشعراوي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا ئەو وێنەیە دەهێنێتەوەو وێنەیەکی جوانیشە، دەڵێ: ئەگەر بابێك بە کوڕەکەی خۆی کە لە زانکۆیە بڵێ: ڕۆڵە گیان! من لە زانکۆ مشوورم لێخواردووی‌و مشوورت لێدەخۆم، ئنجا لە ئامادەییش مشوورم لێخواردووی، ئنجا لە قۆناغی سەرەتاییش مشوورم لێخواردووی، ئەگەر بە (ثُمَّ)ش بیڵێ، لێرەدا مانای وانیە کە قۆناغی زانکۆ، لەپێش قۆناغی

ئامادەیی‌و قۆناغی سەرەتاییە، بەڵام ئەو (ثُمَّ)ەیە بۆ ڕیزکردنی هەواڵدانەکەیە، نەك بۆ ڕیزکردنی زەمەنیی.

دەشگونجێ مەبەست ئەوە بێ کە خوا دوای ئەوەی باسی ئەو دە (١٠) شتە قەدەغەکراوە بنەڕەتییانەی کرد لە پێشەوە، دوایی دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ ﴾، یانی: جگە لەو دە (١٠) قەدەغەکراوەش کە بۆ هەموو پێغەمبەران هاتوون، هەموو پێغەمبەران خەڵکانی خۆیان لێ ئاگادار کردوونەوە، ئنجا دوای ئەوەش تەوڕاتمان بە مووسادا، کەواتە: لەو حاڵەتەدا ئەو (ثُمَّ)ەیە لە شوێنی خۆی دا بەکارهاتوە بۆ ڕیزبەندیی‌و بەدوای یەکدا هاتنە، چونکە تەوڕات دوای ئەوە هاتوە کە خوا بۆ هەموو پێغەمبەرانی دیکە، ئەو دە (١٠) قەدەغەکراوەی کردوون بە بەرنامە، کە بە ئۆممەتەکانی خۆیانیان ڕابگەیەنن.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ تَمَامًا ﴾، لێرەدا ﴿ تَمَامًا ﴾، یان بە مانای تێرو تەواو دێ، یان بە مانای تەواوکەر دێ، ﴿ عَلَى ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ ﴾، وەك تەواوکەر بۆ کەسێ کە چاکەی کرد، کە مەبەست پێی مووسایە، یان مووساو ئۆممەتەکەینی، یانی : وەك تەواوکەر بۆ ئەو نیعمەتانەی کە خوا پێیدابوون، تەوڕاتیشمان پێدان، ﴿ وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَىْءٍ ﴾، وە ڕوونکەرەوە بۆ هەموو شتێك، ئنجا ئایا هەموو شتێك لە تەوڕاتدا باسکراوە؟ نەخێر، بەڵکو لێرەدا مەبەست هەموو شتێکە، کە ئەوان پێویستیان بووەو، کۆمەڵگەی ئەوکاتە پێویستی بووە، ﴿ وَهُدًى وَرَحْمَةً لَّعَلَّهُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴾، وە ڕێنمایی بوو، وە بەزەیی خوا بوو، بەڵکو بڕوا بە دیداریی پەروەردگاریان، بێنن.

ئنجا خوای بالادەست دێتە سەر باسی قورئان، دەفەرموێ: ﴿ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ ﴾، وە ئەمەش کتێبێکە دامانبەزاندوە، بەرهەمدارە، بە پیت و پێزە،

بەرەکەتی تێدایە، ﴿ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُواْ ﴾، دەجا شوێنی بکەونو پارێز بکەن، لە چەند شوێنێك لە قورئاندا، تەوراتو قورئان بەیەکەوە هاتوون، چونکە هەم تەورات شەریعەتی تێدابووە، هەم قورئانیش کامڵترین شەریعەتی خوای پەروەردگاری تێدایە، بەزۆریی پێکەوە هاتوون.

لێرەش کە خوا ﷻ باسی تەورات دەکات، ئنجا دەفەرموێ: ئەمەش کتێبێکە دامانبەزاندوە بە پیتو پێزە، دەجا شوێنی بکەونو پارێز بکەن، واتە: خۆتان بپارێزن لەوەی لێی لادەن، ﴿ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾، بەڵکو بەزەییتان لەگەڵدا بنوێنرێ، زانایان دەڵێن: (لَعَلّ مِنَ اللهِ وَاجِبَة)، (لَعَلّ) لە زمانی کوردییدا دەبێتە: ڕەنگە، لەوانەیە، بەڵام ئەگەر خوای پەروەردگار بۆ شتێك بەکاریهێنا، ئەوە ئەو شتەی لەسەر خۆی پێویست کردوە، واتە: ئەگەر دوای قورئان بکەون، وە پارێز بکەن لە خۆلێلادانی، بە تەئکید خوای پەروەردگار بەزەییتان لەگەڵدا دەنوێنێ.

ئەوجار باسی حیکمەتی ناردنی قورئان دەکات، لەنێو گەلی عەرەبدا، ئەم قورئانە دیارە کە بۆ هەموو بەشەر هاتوە، بەڵام پێشێ لە نێو گەلی عەرەبداو بە زمانی عەرەبیی هاتوە : ﴿ أَن تَقُولُوٓاْ إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلْكِتَٰبُ عَلَىٰ طَآئِفَتَيْنِ مِن قَبْلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَٰفِلِينَ ﴾، ئەم قورئانەمان بۆیە لەنێو ئێوەدا دابەزاند (ئەی گەلی عەرەب !) بۆئەوەی نەڵێن: بێگومان کتێب تەنیا لەنێو دوو کۆمەڵ لە پێش ئێمەدا دابەزێنراوە، کە مەبەست جوولەکەو نەصرانییەکانە، ﴿ وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَٰفِلِينَ ﴾، وە ئێمە لە لێکۆڵینەوەی ئەوانو، لە خوێندنەوەی ئەوانو ، لە توێژینەوەی ئەوان، بۆ کتێبەکەیان بێئاگابووین، بۆچی ؟ چونکە زمانی ئەوانیان نەزانیوە، ئەگەر تەورات بووە، ئەگەر ئینجیل بووە، دیارە عەرەب زمانی ئەوانیان نەزانیوە، واتە: بۆئەوەی ئەو بیانووەتان نەبێ، بۆیە قورئانمان لەنێو ئێوەدا دابەزاند، ﴿ أَوْ تَقُولُواْ ﴾، هەروەها بۆ ئەوەی کە نەڵێن: ﴿ لَوْ أَنَّآ أُنزِلَ عَلَيْنَا ٱلْكِتَٰبُ

﴿ لَكُنَّآ أَهۡدَىٰ مِنۡهُمۡ ﴾، ئەگەر ئێمە کتێبمان بۆ سەر دابەزیبایە، ئێمە لەوان ، واتە: لە جوولەکەو نەصرانییەکان، ڕێی ڕاستگرتووتر دەبووین، ئەوان باش بەدوای کتێبی خوا ناکەون، ئێمە باشی بەدوا دەکەوتین، ئەگەر خوا لەنێو ئێمەدا کتێبی دابەزاندبایە، ﴿ فَقَدۡ جَآءَكُم بَيِّنَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞۚ ﴾، دەجا ئێستا ئەوە خوا ئەو بیانووەی بڕیون، ئەوە لە پەروەردگارتانەوە، بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشکراتان بۆ هات، وە ڕێنماییتان بۆ هات، وە بەزەییتان بۆ هات، کە هەر سێکیان وەسفن بۆ قورئان، واتە: ئەو قورئانەی کە خوا بۆی ناردوون بەڵگەیە، بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشکرایە، وە ڕێنماییو ڕێپیشاندەرە، وە مایەی بەزەییو ڕەحمەتی خواشە.

مانای وایە: ئەوە بیانووتان نەما.

هەڵبەتە دەشگونجێ لێرەدا تەنیا مەبەست پێی گەلی عەرەب نەبێ، چونکە خەڵکی دیکەش جگە لە جوولەکەو نەصرانییەکان، جا کورد بووە، فارس بووە، هەر گەلێك بووە، گوتوویانە: خوا هەر تەوراتی بۆ جوولەکەکان ناردووە، ئینجیلیشی بۆ نەصرانییەکان ناردوە، بەڵام ئێمە خۆ هیچ کتێبمان بۆ نەهاتوە؟ میللەتانی دیکەش بۆیان هەبووە وابڵێن، بەڵام خوای کاربەجێ کە قورئانی دابەزاندوە، بۆ هەموو بەشەر، مانای وایە هەموویانی بیانووبڕ کردوون، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ﴾، ئنجا ئایا کێ ستەمکارترە لە کەسێك کە ئایەتەکانی خوا بە درۆ دەزانێو بڕوای پێیان نیە ! ﴿ وَصَدَفَ عَنۡهَاۗ ﴾، وە لێیان لادەدات، یاخود خەڵکیان لێ لادەدات ! ﴿ سَنَجۡزِي ٱلَّذِينَ يَصۡدِفُونَ عَنۡ ءَايَٰتِنَا سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يَصۡدِفُونَ ﴾، بێگومان لەمەودوا، بە سزایەکی زۆر خراپو بەئێش، سزای ئەو کەسانە دەدەین کە لە ئایەتەکانمان لادەدەن، یان خەڵکیان لێ لادەدەن، بەهۆی ئەوەوە کە لێیان لامل دەبن، یان خەڵکیان لێ لادەدەن.

﴿هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَوۡ يَأۡتِيَ رَبُّكَ أَوۡ يَأۡتِيَ بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ﴾، ئایا چاوەڕێی چی دەکەن؟ مەگەر ئەوە کە فریشتەیان بێنەلا، یان پەروەردگارت بێ، یان هەندێ لە نیشانەکانی پەروەردگارت بێن، ﴿يَوۡمَ يَأۡتِي بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ﴾، ئەو ڕۆژەی کە هەندێك لە نیشانەکانی پەروەردگارت دێن، واتە: نیشانە گەورەکان، یان نیشانە دوورەکان، ئەو نیشانانەی کە کەوتوونە پێش قیامەت، ﴿لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ أَوۡ كَسَبَتۡ فِيٓ إِيمَٰنِهَا خَيۡرًا﴾، هیچ نەفسێك، هیچ کەسێك ئیمانەکەی سوودی پێناگەیەنێ، دوای هاتنی نیشانەکانی خوا، مادام پێشتر ئیمانی نەهێنابێ، یاخود پێشتر ئیمانی هێنابێ، بەڵام چاکەی نەکردبێ، بەپێی ئیمانەکەی، واتە: ئیمانێکی ڕووکەشیی و ڕواڵەتیی هەبووبێ، دوای ئەوەی کە نیشانەکانی قیامەت دێن، ئەو جۆرە کەسانە ئیمانەکەیان سوودیان پێناگەیەنێ، چونکە ئیمانهێنان، واتە: بڕواهێنان بە شتێك کە نادیارە، ئنجا دوای ئەوەی کە قیامەت دێو دیار دەبێو، دوای ئەوەی کە فریشتە دێو دیار دەبێ، مانای وایە ئەوە پێی ناگوترێ: ئیمان.

بۆیە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿قُلِ ٱنتَظِرُوٓاْ إِنَّا مُنتَظِرُونَ﴾، بڵێ ئێوە چاوەڕێ بن، ئێمەش چاوەڕێین، چاوەڕێی یەکێك لەو سێ شتانە بکەن، ئێمەش چاوەڕێین، دیارە کەسێك قسەی وادەکات، کە زۆر لەخۆی دڵنیابێ.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍ﴾، بێگومان ئەوانەی ئایینەکەی خۆیانیان پارچە پارچە کردووە، خۆشیان تاقم تاقم بوون، تۆ هیچ پەیوەندییت بەوانە نیەو، ئەوانیش هیچ پەیوەندییان بەتۆوە نیە، چونکە تۆ خوا بەیەکگرتنت بۆ هێناون، وە یەکڕیزیت بۆ هێناون، ئایینی خوا بەیەکگرتنو یەکڕیزیی (دین التوحید والوحدة)، بەڵام ئەوان مادام خۆیان بەش

بەش بکەن‌و، دینەکەش پەرتەوازە بکەن، مانای وایە لەسەر ڕێبازی تۆ نین، ﴿إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ﴾، بەڵکو کاری ئەوان بۆ لای خوایە، دوایی هەواڵیان پێدەدات ، بەوەی کە دەیانکرد، ﴿مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشۡرُ أَمۡثَالِهَا﴾، هەر کەسێك چاکە بێنێ (چاکە بەگشتیی) ئەوە دە بەرانبەری ئەو چاکەیە پاداشتی هەیە، ﴿وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ﴾، وە هەر کەسێك خراپە بێنێ (خراپە بەگشتیی) ئەوە تەنیا بە ئەندازەی خۆی سزا دەدرێ، وە ستەمیان لێناکرێ.

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: کە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِيٓ أَحۡسَنَ وَتَفۡصِيلٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لَّعَلَّهُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمۡ يُؤۡمِنُونَ ﴾، هەرچەند پێشتریش ئاماژەمان پێدا، بەڵام بۆ زیاتر چەسپاندن لە زەینی هەموو لایەکدا، توێژەرەوانی قورئان زۆر مشتومڕیان کردوە، لەسەر ئەم وشەیەی (ثُمَّ) کە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ ﴾، یانی: دوای ئەوەی کە قورئان دابەزیوە، تەورات بە مووسا دراوە؟ کەچی دوای تەورات، قورئان دابەزیوە، ئەدی چۆن خوا وا دەفەرموێ : کە ڕواڵەتەکەی وایە : دوای ئەوەی قورئان دابەزی، کتێبیشمان بە مووسادا ؟

وەڵامەکەی بە دوو جۆرە :

١/ (ثُمَّ) بۆ ڕیزبەندیی و بەکاوەخۆ بەدوای یەکداهاتن (الترتيب والتراخي)ە، بەڵام مەبەست ئەوەیە کە دوای ئەوەی خوای زانا ئەو دە (١٠) وەصیەتەی کردن بۆ هەموو پێغەمبەران (عَلَيهم الصَّلاةُ وَالسَّلاَم)، ئنجا دوایی خوا تەوراتیشی دا بە مووسا.

٢/ مەبەست لە (ثُمَّ) لێرەدا ڕیزبەندیی کاتیی نیە، بەڵکو مەبەست پێی ڕیزبەندییە لە ڕووی هەواڵ پێدانەوە، وەك شاعیرێك دەڵێ:

قُلْ لِمَنْ سادَ ثُمَّ سادَ أَبُوهُ ... ثُمَّ قَدْ سادَ قَبْلَ ذَلِكَ جَدُّهُ

واتە: بە کەسێك بڵێ: کە بۆخۆی بووە بە سەرۆك، وە پاشان باپیشی بۆتە سەرۆك، وە دوای ئەوە لە پێش ئەودا باپیریشی سەرۆك بووە.

هەموویانــی بــە (ثُمَّ) هێنــاوە، بــەڵام بــە تەئکــید باپیــری لــە پێــش بابــیو، بابیشی لە پێش کوڕەکەدا، سـەرۆك بـووە.

یان وەك لە سوورەتی (الأعراف)لە ئایەتی (١١)دا دەفەرموێ:﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَاكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَاكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ ﴿١١﴾ ﴾، واتـە: وە بێگومان ئێوەمـان دروستکردووە، دوایـی وێنـەی ئێوەمـان کێشـا، دوایی بە فریشتەکانمان فەرموو: کڕنووش بۆ ئـادەم ببـەن.

ئاشکراشــە کــە خــوای بەدیهــێنەر پێــش ئــەوەی ئــادەم دروســت بکاتو وێنــەی بکێشــێ، بــە فریشــتەکانی فــەرموو: کڕنــووش بــۆ ئــادەم ببــەن، بــە بەڵگــەی ئایــەتی ژمـارە (٧٢)ی ســـوورەتی (ص) کــە دەفــەرموێ: ﴿ إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴿٧١﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ ﴿٧٢﴾ ﴾

واتــە: وە یــاد بکــەوە ! کاتــێ پــەروەردگــارت بــە فریشــتەکانی فــەرموو: مــن بــە دیهێنەری بەشــەرێکم لە قــوڕێ، ئنجـا هــەر کــاتێك ڕێکمخســتو لە ڕووحــی خــۆم فووم بەبەردا کـرد، کـڕنووشـی بۆ بـەرن.

کــەواتە: خــوا بــە فریشــتەکانی فەرمــووە: کڕنووشــی ڕێزگــرتن بــۆ ئــادەم ببــەن، پێــش دروســتکرانی، ئــەدی بۆچــی لــە سووڕەتی (الأعـراف)دا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ ﴿١١﴾ ﴾، لێـرەدا دەڵێیــن: ئـەو (ثُمَّ)یـە بـۆ ڕیزبەنـدیی هەواڵـدان (ترتيب الإخبار)ە .

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ تَمَامًا ﴾، ئەوەش دوو واتای هەن:

١/ یـان بـە مانـای: (كَامِلاً) دێ، واتـە: ئـەو کتێبـەی بـە مووسـامان دابوو، تـەواوو کـامڵ بــوو بــۆ خـەڵکــی ڕۆژگــاری خــۆی، وەڵامگــۆی پرسیارەکانــی خەڵکــی ڕۆژگاری خۆی بـوو.

٢/ یان بە مانای: (تَتْميماً وإتمَاماً) دێ، واتە: تەواوکەر بوو، واتە: خوا پێش دانی تەورات بە مووسا، کۆمەڵێك چاکەی دیکەی لەگەڵ گەلی مووسادا کردبوون ، دوایی وەك تەواوکردنی چاکەکانی، تەوراتیشی بە مووسادا، کە دەفەرموێ:

﴿تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ﴾، واتە: تەواو بوو، یاخود تەواوکەر، بوو وێڕای ئەو چاکەیەی کە پێماندابوو ، لەبەرئەوەی چاکەکاربوون.

ئنجا (عَلَى ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ)ش لێرەدا سێ واتای هەن:

١) دەگونجێ بڵێ: ﴿تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ﴾ لێرەدا بۆ (جنس)ە، وەك لە خوێندنەوەی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعووددا خوای لێی ڕازی بێ، هاتوە: (تمَامَاً عَلَى الَّذِي أَحْسَنوا)، واتە: تەواوکردنی چاکە بۆ هەر کەسێك چاکەیەك بکات ، کە مووساو گەلەکەی دەگرێتەوە.

٢) ﴿تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ﴾، واتە: وەك نیعمەتێکی تێرو تەواو، یان کتێبێکی تێرو تەواو، یاخود چاکەیەکی تەواوکەر بوو، دامانبەزاندە سەر ئەو بەندەیە کە چاکەی کرد، لە فەرمانبەریی دا بۆ خوای پەروەردگار.

واتە: مووسا لەسەر ئەو چاکەیەی کە کردی، تەوراتمان پێدا، چونکە خوای کاربەجێ پەیامی خۆی بە کەسێك نادات، کە شایستە نەبێ.

٣) ﴿تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ﴾، واتە: لەسەر ئەوە کە مووسا بە چاکیی کردی، ئێمە تەوراتو کتێبمان پێدا.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَىْءٍ﴾، لێرەدا خوا دەفەرموێ: ڕوونکەرەوە بۆ هەموو شتێك، واتە: هەموو شتێك کە خەڵکی ڕۆژگاری پێغەمبەر مووسا پێویستییان پێ بووبێ، ئەگەرنا تەورات هەموو شتێکی تێدا نەبووە، هەڵبەتە ئەم تەعبیرە بۆ قورئانیش هاتوە، خوای بەرز دەربارەی قورئان دەفەرموێ: ﴿تِبْيَـٰنًا لِّكُلِّ شَىْءٍ ﴿٨٩﴾﴾النحل، واتە: (قورئان) ڕوونکەرەوەیە بۆ

هەموو شتێك، كە ئێوە پێویستییتان پێیەتیو پەكتان لەسەری كەوتوە، بەڵام بۆ نموونە: لە تەوراتو لە قورئان دا باس نەكراوە، كە چۆن فڕۆكە دروست بكرێ، بۆچی؟ چونكە مرۆڤ بۆخۆی عەقڵی بەو شتانە دەشكێو، پێویست ناكات خوا فێری بكات، خۆی دەتوانێ بیر بكاتەوەو ئەو شتانە دابهێنێ، وەك دەبینین ئەو هەموو شتانەی هێناونە دی، بە پشت بەستن بەو عەقڵو توانایەی كە خوای بەخشەر پێی داوە.

پاشان كە دەفەرموێ: ﴿ وَهُدًى وَرَحْمَةً لَّعَلَّهُم بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴾، وە ڕێنماییو بەزەیی خوا بوو، بەڵكو بڕوا بە دیداری پەروەردگاریان بێنن.

دیارە لە پەیمانی كۆندا كە تەورات بەشێكیە لێو ، نزیكەی دوو هەزار لاپەڕەیە، لەوێ دا مەگەر بەدەگمەن، ئەگەرنا باسی قیامەتی تێدانیە، یانی: كەسێك كە پەیمانی كۆن دەخوێنێتەوە، وا هەست دەكات كە جوولەكەو نەصڕانیی بڕوایان بە قیامەت نیە، زۆر بەدەگمەن، لە پەیمانی كۆن دا باسی ڕۆژی دوایی كراوە، دەبێ بە چراو شەداوان[1] تێیدا بگەڕێی، تاكو ئەو بابەتە دەدۆزیەوە.

بەڵام لێرەدا كە خوا دەفەرموێ: ﴿ لَّعَلَّهُم بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴾، بەڵكو بڕوابێنن بە دیداری پەروەردگاریان.

ئەوە دەگەیەنێ، كە لە تەوراتیش دا باسی قیامەتو سزاو پاداشتی خوا كراوە، بەڵام لەمیانی ئەوەدا كە دەستكارییان كردوە، لایانبردوەو گۆڕیویانە، چونكە جوولەكە گرنگیی زۆریان بەوە داوە، كە تەنیا جەخت لەسەر دنیا بكەنو، قیامەت پشتگوێ بخەن.

مەسەلەی دووەم: كە دەفەرموێ: ﴿ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُوا۟ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾، وە ئەمەش كتێبێكە بەرهەمدارە، زۆر خێردارو بەپێزە، بەڵام

---

١) چراو شەداو: لە زستانان دا بۆ ڕاوی كۆترو ڕیشۆڵەو پۆڕو ... هتد، بەكاردێن.

ئایا بەرەکەتی قورئان لە چی دایە؟ خوا دەفەرموێ: ﴿ فَٱتَّبِعُوهُ ﴾، شوێنی بکەون، واتە: ئەگەر شوێنی بکەون، ئنجا لێی بەهرەمەند دەبن، بەهۆی خوێندنو تێگەیشتنو کارپێکردنیەوە، ئەو بەرهەمە وەدەست دێنن، وەك لە سوورەتی (ص)دا دەفەرموێ: ﴿ كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٢٩ ﴾، واتە: ئەمە کتێبێکە ناردوومانەتە لای تۆ، بەرهەمدارو، بەرەکەتدارە، بۆئەوەی لە ئایەتەکان وردبنەوەو خاوەن عەقڵان سوودی لێ وەربگرن، یانی: ئەگەر لێی ورد نەبنەوە، پەندی لێوەرناگرن.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُواْ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ﴾، شوێنی بکەونو پارێز بکەن، پارێز بکەن، یانی چی؟ یان لەخۆتان وریابنو هۆشیاربن ! لێی لانەدەن، بەڵکو بەزەییتان لەگەڵ دا بنوێنرێ، کەواتە: لە ئەنجامی شوێنکەوتنی قورئاندا، وە خۆپاراستن لە لێ لادانی دا، ئینسان شایانی ئەوە دەبێ، خوا بەزەیی پێدا بێتەوەو، لەگەڵی بەڕەحم بێ.

مەسەلەی سێیەم: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ أَن تَقُولُوٓاْ إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلۡكِتَٰبُ عَلَىٰ طَآئِفَتَيۡنِ مِن قَبۡلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمۡ لَغَٰفِلِينَ ١٥٦ أَوۡ تَقُولُواْ لَوۡ أَنَّآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا ٱلۡكِتَٰبُ لَكُنَّآ أَهۡدَىٰ مِنۡهُمۡۚ فَقَدۡ جَآءَكُم بَيِّنَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞۚ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَصَدَفَ عَنۡهَاۗ سَنَجۡزِي ٱلَّذِينَ يَصۡدِفُونَ عَنۡ ءَايَٰتِنَا سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يَصۡدِفُونَ ١٥٧ ﴾، لێرەدا خوای بەرز وەك لە مانا گشتییەکەیدا باسمان کرد: حیکمەتی ناردنە خواری قورئان لەنێو گەلی عەرەبدا بەتایبەت، دەخاتەڕوو، وە دەشگونجێ ڕووی دواندن لە هەموو مرۆڤایەتیی بێ، کە ئەو کاتە ماناکەی ئاوای لێ دێ: هەموو ئەوانەی کە شارەزای کتێبی ئاسمانی نەبوون، بۆ ئەوەی خوا بیانوویان بڕێ، کە بیانووان

بەوە بگرن، بڵێن: تەنیا لەنێو دوو کۆمەڵدا لە پێش ئێمەدا کە بریتین لە جوولەکەکانو نەصرانییەکان، کتێب دابەزێنراوە، {ئەو کتێبانەی کە زانراون: (تەوراتو ئینجیل)، ئەگەرنا بەتەئکید خوای پەروەردگار کتێبی دیکەشی دابەزاندوون} بۆیە قورئانمان دابەزاند بۆ سەر پێغەمبەری خاتەم، بۆئەوەی ئەو خەڵکە ئەو جۆرە بیانووەیان نەمێنێ، بەڵام بە پێی سیاقی ئایەتەکان، واپێدەچێ زیاتر مەبەست پێی گەلی عەرەب بێ، چونکە ئاشنایی بە جوولەکەو نەصرانییەکان، یاخود تەنیا ئەو دوو کۆمەڵە بە خاوەن کتێبی ئاسمانیی زانین، زیاتر لەنێو گەلی عەرەب دا باوبووە.

ئنجا با سەرنجی ئەو دوو ئایەتە موبارەکە بدەین، کە خوای کاربەجێ دەیەوێ بیانووبڕی کەسانێك بکات، کە بەهۆی دابەزاندنی قورئانەوە دوایی دەرفەتیان نەبێ، بڵێن: کاتی خۆی تەنیا جوولەکەو نەصرانییەکان کتێبیان بۆ دابەزێنراوە، وە ئێمە هیچ کتێبی خوامان لەبەردەستدا نەبووە.

شارەزایانی زمانی عەرەبی دەڵێن: کە دەفەرموێ: ﴿ أَن تَقُولُوٓاْ إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلْكِتَٰبُ عَلَىٰ طَآئِفَتَيْنِ مِن قَبْلِنَا ﴾، ئەو (أَن)ە، وشەیەك یان ڕستەیە لەدواوەی هەیەو وەك کورتکردنەوە ئەو شتە مەزەندە دەکرێ، وەك بگوترێ: (كَرَاهَةً أَنْ تَقُولُوا) واتە: لەبەر پێناخۆشبوونی ئەوەی کە بڵێن، یاخود (خَشِيَةَ أَنْ تَقُولُوا) لە ترسی ئەوەی کە بڵێن: تەنیا کتێب بۆ دوو کۆمەڵ لە پێش ئێمەدا دابەزێنراوە، بۆیە ئێمە کتێبمان بۆ سەر پێغەمبەری خاتەم دابەزاند.

هەندێکیشیان گوتوویانە: (أَن تَقُولُوٓاْ) یانی: (لِئَلاّ تَقُولوا) بۆئەوەی نەڵێن، یان: نەوەك بڵێن: کە کتێب تەنیا بۆ سەر دوو کۆمەڵ لە پێش ئێمەدا دابەزێنراوە، کە جوولەکەکانو نەصرانییەکان بوون، هەڵبەتە ناویان نەهاتوە، بەڵام بە پێی سیاق دەزانرێ ، کە مەبەست پێی ئەو دووانەن، چونکە تەنیا ئەو دوو کۆمەڵە خەڵکە بوون کە زانراو بووەو باوبووە، کە کتێبیان بۆ دابەزێنراوە: جوولەکە بوون، کە تەورات بۆ سەر مووسا دابەزیوە، وە نەصرانییەکان بوون، کە ئینجیل بۆ سەر عیسا دابەزیوە.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَٰفِلِينَ ﴾، یانی: تاکو دەرفەتی ئەوەتان نەبێ، یان ڕێی ئەوەتان نەبێ کە بڵێن: ئێمە لە لێکۆڵینەوەو شارەزابوونی ئەوان لە کتێبی خۆیان، بێئاگا بووین، لەبەرئەوە کە زمانی ئەوانیان نەزانیوە.

وشەی (دِرَاسة) هەندێ بە مانای خوێندنەوەیان لێکداوەتەوە، بەڵام لەڕاستییدا وانیە، دەڵێ: (الدرَاسة : القَراءَةُ ، مُحَاوَلَةٌ للحِفْظ والتأمل)، واتە: (درَاسة) خوێندنەوە بە مەبەستی لەبەرکردن و تێوەڕامان.

ئنجا (دِرَاسة) لە ئەسڵدا لە وشەی (دَرْس)ەوە هاتوە، (درس) واتە: شتێك کە لەبەین برابێ، یان زۆر پێخوستی لەسەر بێ، شتێك کە کۆن کرابێ، شڕ کرابێ خانوویەك ، ئاوەدانییەك شوێنەوارێکی کەمی لێ بەجێمابێ، پێی دەڵێن: (الدوارس)، یان (دارِسة)، کەواتە: (دراسة) خوێندنەوەیەکە چەند جار بیخوێنیەوە ، بۆئەوەی لەبەری بکەی و لێی وردبیەوە، کەواتە: (دراسة) تەنیا خوێندنەوە نیە، بەڵکو خوێندنەوەیە ، لەگەڵ لەبەرکردن و لێ تێگەیشتن و لێوردبوونەوە.

پێشتر باسمانکرد کە (طائفتین) مەبەست پێی جوولەکەو نەصرانییەکانە، ئنجا ئایا تەنیا جوولەکەو نەصرانیی کتێبیان بۆ دابەزێندراوە؟

دەڵێین: نەخێر، هەڵبەتە زۆر لە توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: دیارە تەنیا کتێب بۆ جوولەکەکان و نەصرانییەکان دابەزیوە، کتێبێك کە باوبووبێ و زانراوبووبێ، بەڵام لەڕاستییدا ئەوە بەڵگە نیە لەسەر ئەو مەسەلەیە، بەڵام عەرەبەکان وایانزانیوە کە تەنیا جوولەکەو نەصرانیی خاوەنی کتێبن، ئەگەرنا (صائبة) کتێبی (کنزا ربّا)و (مجوس) کتێبی (ئاڤێستا) یان هەن و، (زبور)ی (داود)و، (حِکَم)ی (سلێمان)یش لە پەیمانی کۆندا هەن، وە خەڵکانی دیکەش هەن لافی خاوەنی کتێبی ئاسمانیی بوون لێدەدەن.

دوایی خوا دەفەرموێ: بۆئەوەی کە وانەڵێن: هەروەها بۆئەوەی نەشڵێن: ﴿ أَن تَقُولُوٓاْ إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلْكِتَٰبُ لَكُنَّآ أَهْدَىٰ مِنْهُمْ ﴾، ئەگەر کتێب بۆ سەر

ئێمە دابەزیبایە، ئێمە لەوان زیاتر ڕێی ڕاستمان دەگرت، ڕێ ڕاستگرتووتر دەبووینو، سەر ڕاستتر دەبووین، یانی: باشتر دینداریمان دەکرد، واتە: بۆئەوەی بواری ئەو دوو بیانووەتان نەبێ : ﴿فَقَدْ جَآءَكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ﴾، بە دڵنیایی لێرەدا خوای پەروەردگار مەبەستی ئەوەیە ، کە ئەوە قورئانتان بۆ هات، بەڵام نافەرموێ: قورئانتان بۆ هات، بەڵکو دەفەرموێ: ﴿فَقَدْ جَآءَكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ﴾، سێ سیفەتتان لە قورئان هەڵدەدا:

١) بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشکراتان لە پەروەردگارتانەوە بۆ هات.

٢) وە ڕێنماییتان بۆ هات.

٣) وە بەزەییتان بۆ هات.

واتە: قورئان بە سێ وەسفان پێناسە دەکات :

١/ (بَيِّنَةٌ) لەبەرئەوەی هەر کەسێ عەقڵێکی سەلیمی هەبێ، دەزانێ کە قورئان بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشکرایەو ، ئەو کەلامە تەنیا فەرمایشتی خوایەو، تەنیا خوا دەتوانێ بەو شێوەیە فەرمایشت بکاتو، ئەو فەرموودانە بڵێ.

٢/ وە ڕێنماییە، ڕێنماییە بۆ ئینسان لە ژیانی تاکیی و خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی.... هتد.

٣/ وە مایەی ڕەحمەتی خوایە بۆ دوارۆژ، بەڵکو هەر لە دنیاشدا قورئان بەرجەستەکەری ڕەحمەتو بەزەیی و لوتفو کەرەمو بەخشندەیی خوای پەروەردگارە، کەواتە: ئەوە ئەم قورئانەتان بۆ هات، تاکو هیچ برو بیانووتان نەمێنن.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾، ئنجا ئایا كێ ستەمكارترە لە كەسێ، كە ئایەتەكانی خوا بە درۆ دادەنێ، بڕوای بە ئایەتەكانی خوا نیە، دوای ئەوەی كە بۆی هاتوون ؟

كە پێشتر دەیانگوت: ئەگەر بێتو ئایەتی خوامان بۆ بێ‌و، كتێبی خوامان بۆ بێ، لە خەڵكی پێش خۆمان (لە جوولەكەو نەصرانییەكان) بەدینترو چاكتر دەبین‌و، باشتر پابەند دەبین بە بەرنامەو ڕێنمایی خواوە، كەچی ئێستا كە بۆیان هات، بە درۆی دابنێن ! هیچ كەس لەو كەسە ستەمكارتر نیە، هەروەها دەیانگوت: ئێمە شارەزای ئەو دوو كتێبە نەبووین كە لە پێش ئێمەدا هاتوون، بۆ جوولەكەو نەصرانییەكان، بۆیە ڕێی ڕاستمان نەگرتوە ! باشە ئێستا فەرموون كتێبێكتان بۆ هات، بە زمانێكی ڕوون‌و پاراوی خۆتان، بۆتان هاتوە، كە لە لووتكەی ڕەوانبێژیی‌و پاراویی‌و ڕوونیی دایە، ئنجا ئایا كێ لە ئێوە ستەمكارترە، ئەگەر بڕوای پێ نەهێنن، بەڵكو لەجیاتی بڕوا پێهێنان ئایەتەكانی خوا بە درۆ دابنێن ؟! ﴿وَصَدَفَ عَنۡهَا﴾، وە لە ئایەتەكانی خواشی لادا، واتە: لەڕووی فیكرییەوە پێیان بێبڕوا بوو، وە لە ڕووی كردەییشەوە، لێی لادان.

یان ﴿وَصَدَفَ عَنۡهَا﴾، واتە: (صَرَفَ عَنْهَا) خەڵكی لێ لادان، یانی: بەوەندە وازیان نەهێنا، كە بۆخۆیان بڕوا بە ئایەتەكانی خوا نەهێنن، بڕوا بە كتێبەكانی خوا نەهێنن، بەڵكو خەڵكیشیان لێ لادان.

چونكە وشەی (صَدَفَ يَصْدِفُ صُدُوفاً) دوو مانای هەن:

١) مانای یەكەمیان (انحَرَفَ) لایدا.

٢) مانای دووەم: (صَرَفَ الناس عنها) خەڵكی لێ لاداو خەڵكی لێ دوورخستەوە.

لێرەدا بۆیە خوا وشەی (صَدَفَ)ی بەكارهێناوە، چونكە وشەی (صَدَف) لە یەك كاتدا هەردوو مانایەكان دەگەیەنێ، یانی: هەم خۆشیان لەو ئایەتانەو كتێبەی خوا، لایان دا، هەم خەڵكیشیان لێ دوورخستەوەو لێ لادا.

دیاره ئەگەر وشەیەكی دیكە بووایە، بۆ وێنە : وشەی (مال) یان (انحرف) یاخود، وشەی (صَدَّ)ی بەكارهێنابایە، ئەم وشانە تەنیا یەك مانای دەگەیاند، بەڵام وشەی (صَدَف) هەركام لەو دوو واتایانە دەگرێتەوە.

هەڵبەتە هاوبەشدانەرەكانیش هەم خۆشیان بڕوایان پێ نەهێناوەو لێی لامل بوون، وە هەم خەڵكیشیان لێی دوورخستۆتەوەو لاداوە.

ئنجا دەفەرمویٚ: هەركەسێ وابێ ! ﴿سَنَجْزِي ٱلَّذِينَ يَصْدِفُونَ عَنْ ءَايَٰتِنَا سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ بِمَا كَانُوا۟ يَصْدِفُونَ﴾، ئێمە لەمەودوا بە خراپترین سزا، سزای ئەو كەسانە دەدەین كە لە ئایەتەكانی ئێمە لادەدەن، یان خەڵك لە ئایەتەكانی ئێمە لادەدەن و دووردەخەنەوە، ئەو سزایەش بەهۆی ئەو كردارو ڕەفتارەوەیە كە ئەنجامی دەدەن.

مەسەلەی چوارەم: كە دەفەرمویٚ: ﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأْتِيَهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَوْ يَأْتِىَ رَبُّكَ أَوْ يَأْتِىَ بَعْضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ ۗ يَوْمَ يَأْتِى بَعْضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَٰنُهَا لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِىٓ إِيمَٰنِهَا خَيْرًا ۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓا۟ إِنَّا مُنتَظِرُونَ﴾، ئەم ئایەتە موبارەكە كە پێشتریش مانامان كرد، بە كورتیی ماناكەی ئاوایە: ئایا بێبڕوایەكان چاوەڕێی چی دەكەن؟ جگە لەوەی كە فریشتەكان بێنە لایان، یاخود پەروەردگارت بێ بۆ لایان، یاخود هەندێ لە نیشانەكانی پەروەردگارت بێن، ئەو ڕۆژە كە هەندێ لە نیشانەكانی پەروەردگارت دێن، ئیمان هێنانی هیچ كەس، سوودی پێ ناگەیەنێ، كە پێشتر ئیمانی نەهێناوە، (پێش هاتنی نیشانەكان) یاخود كە كردەوەی باشی بە پێی ئیمانەكەی ئەنجام نەداوە، بڵێ : چاوەڕێ بن ئێمەش چاوەڕێین !

لێرەدا خوای پەروەردگار باسی سێ شتانی كردووە: ﴿هَلْ يَنظُرُونَ﴾، یانی: (هَلْ يَنْتَظِرُونَ) ئایا چاوەڕێی چی دەكەن ؟ جگە لەوەی فریشتە بێن، یان

پەروەردگارت بێ، یان نیشانەکانی پەروەردگارت بێن ؟

ئەم ڕستە قورئانییە ، دەگونجێ چەند مەبەستێکی هەبن :

١/ دەگونجێ مەبەست پێی قیامەت بێ، هاتنی نیشانەکانی پەروەردگار، ئەوە دیارە مەبەست پێی ئەوەیە، بەڵام مەبەست لە هاتنی فریشتەکانو، هاتنی خوای پەروەردگار، دەگونجێ مەبەستی دیکەی هەبێ، وەك لە سوورەتی (البقرة)دا خوا دەفەرموێ: ﴿هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأۡتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِي ظُلَلٖ مِّنَ ٱلۡغَمَامِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ ٢١٠﴾، واتە: ئایا چاوەڕێی چی دەکەن، جگە لەوەی کە خوا لە سێبەرێك لە هەوراندا بێ، وە فریشتەکانیش لە خزمەتیدا، وە کاروباریان کۆتایی بێ، (واتە: دادگایی بکرێنو لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێ)، ﴿وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ﴾، وە کاروبارەکان بۆ لای خوا دەگێڕدرێنەوە.

دەگونجێ لێرەش دا مەبەست پێی ، هەمان مەبەستی ئەو ئایەتەی سوورەتی (البقرة) بێ.

٢/ دەشگونجێ مەبەست لە هاتنی فریشتانو هاتنی خوای پەروەردگار، ئەوە بێ کە کافرەکان داوایان دەکرد، وەك لە سوورەتی (الفرقان)دا دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَوۡ نَرَىٰ رَبَّنَاۗ لَقَدِ ٱسۡتَكۡبَرُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ وَعَتَوۡ عُتُوّٗا كَبِيرٗا ٢١﴾، واتە: ئەوانەی بە ئومێدی دیداری ئێمە نین، دەڵێن: ئەدی بۆچی فریشتە دانابەزنە سەرمان، یان بۆچی پەروەردگارمان نابینین ؟ (خوا دەفەرموێ:) لە نەفسی خۆیاندا خۆیان بەزلگرتو سەرکێشییو لاملییان بەرانبەر بە خوا نواند.

٣/ وە دەشگونجێ مانایەکی دیکەشی هەبێ، ئەویش ئەوەیە کە مەبەست لە هاتنی فریشتەکان، هاتنی فریشتان بێ، بۆ گیان کێشانیان، وەك خوا لە

ســـوورەتی (الأعـراف)دا دەفــەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوۡنَهُمۡ ... ﴿٣٧﴾ ﴾، واتـە: هـەتا کاتــێ کــە ڕەوانەکراوەکــانی ئێمــە، (واتــە: فریشـتەکانمــان) چوون بۆ لایان گیـانیـان کێشـان، ڕووحیـان وەرگـرتـن.

هـەروەها لە سـوورەتی (الأنعام)دا خـوای زاڵـی مـەزن دەفـەرموێ: ﴿ وَهُوَ ٱلۡقَاهِرُ فَوۡقَ عِبَادِهِۦۖ وَيُرۡسِلُ عَلَيۡكُمۡ حَفَظَةً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ تَوَفَّتۡهُ رُسُلُنَا وَهُمۡ لَا يُفَرِّطُونَ ﴿٦١﴾ ﴾، واتـە: وە ئـەو (خـوا) فریشـتە پارێزەرەکانتـان دەنێرێتە سـەر، هەتا کاتـێ یەکێکتان مردنی گەیشتە سەر، فریشتەکانمـان گیـانی دەکێشـن، ﴿ وَهُمۡ لَا يُفَرِّطُونَ ﴾، وە هیـچ کەمتـەرخـەمیی و خـاوە خـاوو سـاردیی تێـدانـاکـەن.

کـەواتە: دەگونجـێ مەبەسـت لـە: ﴿ هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ﴾، هەرەشــە بـێ، واتـە: ئایا چاوەڕێـی چی دەکەن؟ جگـە لـەوەی کـە فریشـتەکـان بـێن بـۆ لایـان گیـانیـان بکێشـن، ﴿ أَوۡ يَأۡتِيَ رَبُّكَ أَوۡ يَأۡتِيَ بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ ﴾، یـان پەروەردگـارت بێ، یاخـود هەنـدێ لە نیشانەکانی پەروەردگـارت بێـن ؟

هـاتـنی خـوا :

بەنســـبەت هـاتنی خـوای پەروەردگــارەوە، وە، دەڵێــین: سـیفەتەکانی خــوا وەك خۆیـنـی، وەك زاتینــی، وەك دەفەرموێ: ﴿ لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴿١١﴾ ﴾الشـوری، واتـە: هیـچ شـتێك وەك خوا نیـە.

دیــارە سیفەتەکــانی خــواش وێنــەیان نیـە، کەواتــە: بـۆ (هـاتنــی خــوا) دەبـێ بڵێیـن: ئـەوە سیفەتی خـوایە، وەك بۆ خـوا شـایستـەیە، نـەك بەو چەمـك و واتایـەی کە دێتـە زەینی ئێمـەوە: ئێـمە کاتــێ شـتێك لە شوێنێکەوە بچێتـە شـوێـنێك، ئەو

شوێنەی کە پێشی لێی بووە، چۆڵی دەکات، ئەوجار شوێنێکی دیکە داگیر دەکات، بەڵام هاتنی خوای بێ وێنە بەو شێوەیە نیە، بەڵکو سیفەتێکە وەك بۆ خوا شایستەیە، وایە، ئەگەرنا ئەو واتایەی کە ئێمە بۆ شتە ماددییەکان بەکاریدێنین، ئەو واتایە، لەگەڵ خوادا ناگونجێ، بۆیە دەبێ بڵێین: واتایەکەی بەو شێوەیە، کە بۆ خوا شایستەیە.

دیارە هەموو سیفەتەکانی دیکەی خوای پەروەردگاریش هەروان : زانیاریی خوا، فەرمایشتکردنی خوا، دەستەڵاتی خوا، رەحمەتی خوا، چوونە سەر عەرشی خوا، واتە: هەموو سیفەتەکان بەو شێوەیەن کە شایستەی خوایە.

هاتنی نیشانەکانی پەروەردگار:

مەبەست لە هاتنی هەندێ لە نیشانەکانی پەروەردگار، زۆربەی زانایان بەوە لێکیانداوەتەوە، کە نیشانەکان بریتین لەو نیشانانەی کە پێش هاتنی قیامەت، یان تێکچوونی دنیا، دێن، وەك لە فەرمایشتێکی پێغەمبەردا هاتوە: ﴿عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا﴾[1]، واتە: ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێ دەڵێ : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: دنیا کۆتایی نایەت، تاکو خۆر لە رۆژئاواوە هەڵنەیەت.

(ساعة) واتە: ئەو کاتەی کە ژیانی دنیای تێیدا کۆتایی دێ و تێکدەچێ، (قیامة) واتە: هەڵسانەوە، هەڵسانەوەی دوای تێکچوونی دنیا، لە قۆناغی دووەمدا، خەڵك هەڵدەستنەوەو زیندوو دەکرێنەوە، چونکە رۆژی دوایی[2] دوو قۆناغی سەرەکییە: ١) (ساعة). ٢) (قیامة)، وەك خوا لە سوورەتی (الزمر)دا لەبارەی قۆناغی یەکەمەوە دەفەرموێ: ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٧١٦١)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٤٦٣٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٥٧)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٣١٢)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٤٠٦٨)، وَالنَّسَائِيُّ في "الكُبرى" برقم: (١١١٧٧)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٦٨٣٨).

٢) لە کتێبی : (الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله تعالى)دا، بەدرێژیی باسی رۆژی دواییمان کردوە، بە هەردووك قۆناغەکەیەوە.

مَن شَآءَ ٱللَّهُ ﴾، واتە: فوو بە صووردا کرا، یەکسەرو دەستبەجێ هەرچی لە ئاسمانەکانو زەوییدا هەیە، مردن.

پاشان لەبارەی قۆناغی دووەمیشیەوە، دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾﴾، دوایی بۆ جاری دووەم فووی پێداکرا، یەکسەر هەموویان هەڵسانەوە.

جا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : ﴿ لاَ تَقُومُ السَاعَةُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا، فإذا طَلَعَتْ ورآها النَاس آمَنَ مَنْ عليها، فذلك حين لا ينفعُ نَفْساً إيمانُها لم تكن آمنت من قبلُ أو كسبت في إيمانها خَيراً﴾ رواه أحمد في المسند : (٧١٦١) ، وَالبُخَارِيُّ : (٨١ / ٢٢٣)، وَمُسْلِمٌ : (٢ / ١٩٤) و غيرهم، واتە: دنیا تێکناچێ، تاکو خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵنەیەت ، ئنجا کاتێ (خۆر لە ڕۆژئاواوە) هەڵهات (پێچەوانەی عادەتی خۆی ، کە هەموو ڕۆژێ لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێ) ، وە خەڵك بینییان ، هەموو ئەوانەی لەسەر زەویین ئیمان دێنن ، بەڵام ئەوە ئەو کاتەیە، کە هیچ نەفسێك ئیمان هێنانەکەی سوودی پێناگەیەنێ ، کە پێشتر (واتە: پێش هاتنی ئەو نیشانەیە) ئیمانیان نەهێناوە ، وە کردەوەی باشیان ئەنجام نەداوە.

باسێک لەبارەی پەیوەندیی کردەوە، بە ئیمانەوە

خــوا کــە دەفــەرموێ: ﴿يَوۡمَ يَأۡتِي بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ أَوۡ كَسَبَتۡ فِيٓ إِيمَٰنِهَا خَيۡرًا﴾، ئەمــە زانایــان دوو واتایان بۆ لێکداوەتــەوە:

واتـای یـەکـەم :

(الطبري) دەڵـێ: (معنـى الآيـة: لا ينفـع كـافرًا لم يكـن آمـن بـالله قبـل الطلـوع، إيمـانٌ كـذلك بعـد الطلـوع، ولا يَنْفَـعُ مؤمنـاً لم يكـن عمـل صـالحاً قبـل الطلـوع، عمـلٌ صـالِحٌ بعد الطلوع)[1]، واتە: کافرێك کـە پـێش خـۆرهـەڵهـاتن لـە خۆرئـاواوە ئیمانی نەهێنـابێ، ئیمان هێنـانەکەی دوای ئـەوەی خـۆر لـە خۆرئـاواوە هەڵدێتـەوە، ســوودی پێنـاگەیەنــێ، وە بـڕوادارێــك کــە پێــش ئــەوەی خــۆر لــە ڕۆژئــاواوە هەڵبێتــەوە، کــردەوەی باشــی ئەنجـام نەدابــێ، دوای خـۆرهەڵـهاتن لـە خۆرئـاواوە، کـردەوە باشـەکانی لێوەرنـاگیـرێن، (یـان تەوبەکـردنی لـێ وەرناگیـرێ).

واتـای دووەم :

(الشـوكاني) دەڵـێ: (لا يَنْفَـعُ نَفْسـا إِيمَـانُهـا عِنْـدَ حضُـور الآيَـاتِ متَّصفة بأَنَّهـا لَـمْ تَكُـن آمنـت مـن قبـل، أَو آمنـت مِـن قبـل، ولكـن لـم تكسـب فـي إِيمانهـا خَـيراً. فحصل من هَذَا أَنَّهُ لا يَنْفَعُ إلاَّ الجمع بين الإِيمَان من قبل مجيء بعض الآيات، مـع كَسـب الخَيـر فـي الإِيمـان ، فَـمَنْ آمـن مـن قبـل فَقـط، وَلم يكسـب خـيراَ فـي إِيمانـه، أَو كسـب خَيـراً، ولـم يُؤمـن، فـإن ذَلِـكَ غير نافعـه، وهـذا التركيـب هـو

---

١) جـامع البيـان ، ج: ٨، ص: ١٠٨ ، بە تۆزێك دەستكارييەوە.

كَقَولِك: لا أعطِي رَجُلاً اليوم أَتَانِي ، لم يأتني بالأَمْسِ، أَو لم يمدحني في إتيانهِ إليَّ بالأمس، فإن المستفاد من هذا: أَنَّهُ لا يَستحق العَطاء إلاَّ رَجُلٌ أَتَاهُ بالأَمْس، ومَدَحَهُ في إتيانهِ إليه بالأَمْس)[١]، واته: هیچ کەسێك ئیمانەکەی لە کاتی هاتنی نیشانەکاندا سوودی پێناگەیەنێ، کە پێشتر ئیمانی نەهێنابێ، یان ئیمانی هێنابێ، پێش هاتنی نیشانەکان، بەڵام کردەوەی باشی ئەنجام نەدابێ، {واتە: بە پێی ئیمانەکەی کردەوە باشەکانی ئەنجام نەدابن، چونکە ئیمان هەموو کردەوە باشەکان دەخوازێ}[٢]، (دەڵێ: کەواتە:) لەمەوە ئەوەمان دەستگیر دەبێ کە دەبێ هەردووکیان هەبن ، ئیمانیش هەبێ ، پێش ئەوەی نیشانەکان بێن ، وە دەبێ کردەوەی باشیش هەبێ ، بەپێی ئیمانەکە، کەواتە: کەسێك تەنیا ئیمانی هێنابێ، بەڵام کردەوەی باشی ئەنجام نەدابێ، یان بەس کردەوەی باشی ئەنجام دابێ، بەڵام ئیمانی نەهێنابێ، پێش هاتنی ئایەتەکان، سوودی پێناگەیەنێ.

وە پێکهاتنی ئەم ڕستەیەش وەك ئەوەیە کە تۆ بڵێی: بە پیاوێك نابەخشم کە ئەمڕۆ هاتبێ بۆ لام، بەڵام دوێنێ نەهاتبێ و مەدحیشی نەکردبم ، لە هاتنەکەیدا، ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ، کە تەنیا کەسێك شایستەی ئەوەیە کە تۆ پێی ببەخشی کە دوێنێ هاتبێ بۆ لاتو، مەدحیشی کردبێ {بەڵام ئەگەر دوێنێ هاتبێ و مەدحی نەکردبێ، یان هەر نەهاتبێ، ئەوە مانای وایە کە تۆ پێی نابەخشی}[٣].

شایانی باسیشە ئەم جۆرە لێکدانەوەیە سەردەکێشێ بۆ ئەو مەسەلەیە کە:

ئایا ئیمان یەکێ لە پێکهێنەرەکانی کردەوەیە، یاخود کردەوە تەنیا تەواوکەری ئیمانە ؟

ئنجا لە ڕاستییدا دوای ئەوە کە زۆر سەرنجی ئایەتەکەم داوە، پێمـوایە

١) فتح القدير: ج٢، ص٢٢٣.

٢) ئەوەی نێوان کەوانەکان، زیادکردنی خۆمە.

٣) ئەوەی نێوان کەوانەکان، زیادکردنی خۆمە.

ئایەتەکە لەگەڵ هەردوو واتاکاندا دەگونجێ، بەلاّم ئەوە کە ئایا کردەوە پێکهێنەری ئیمانە، یاخود بەس تەواوکەریەتی؟ دوایی قسەی لێدەکەینو ڕای خۆشم دەڵێم، بەلاّم با تۆزێکی دیکە تەماشای قسەی زانایان بکەین، لە بارەی لێکدانەوەی مانای ئایەتەکەوە :

(جمال الدين القاسمي) لە (محاسن التأويل)دا دەربارەی ئەم ئایەتە دەڵێ: (لا ينفع نفساً مؤمنةً إيمانُها إذا لم تكن قد كسبت خيراً، هذا قول المعتزلة والخوارج)[1]، واتە: ئەمە ڕای موعتەزیلەو خەواریجە کە: ئیماندارێك کە ئیمان دێنێ: ئەگەر کردەوەی باشی نەکردبێ، بەپێی ئیمانەکەی، ئەوە ئیمانەکەی سوودی پێناگەیەنێ، بەلاّم ئەشعەرییەکانو مالیکییەکانو ماتوریدییەکان ، ئاوای لێکدەدەنەوە، دەڵێن: (لا ينفع نفساً غير مؤمنة إيمانُها، بعد الآيات، أو نفساً مؤمنة لم تكن كسبت خيراً في إيمانها من قبل كسبها) ، واتە: کەسێك ئیمانی نەهێنابێ، دوای هاتنی نیشانەکان ئیمان بێنێ، ئیمان هێنانەکەی سوودی پێناگەیەنێ، وە کەسێکیش ئیمانی بووبێ، بەلاّم کردەوەی باشی نەکردبێ، دوایی دیتنی نیشانەکان، کردەوە باشەکانی لێ وەرناگیرێن.

دەڵێن: مەبەست پێی ئەوە نیە کە دەبێ ئیمانیشی هێنابێو ، کردەوەی باشیشی کردبن، چونکە کردەوە پێکهێنەری ئیمان نیە، بەڵکو تەواوکەریەتی .

ئنجا هەر خاوەنی (محاسن التأويل) دەڵێ: (لا يَنْفَعُ مَنْ كَانَ مُشْرِكاً ، إِيمَانُه، ولا تُقْبَلُ تَوْبَةُ فَاسِقٍ ، عِنْدَ ظُهُورِ هَذِهِ الآيَةِ العَظِيمَةِ الَّتِي تَضطَرُهُم إِلى الإِيْمَانِ وَالتَّوْبَةِ، وَذَلِكَ لِذَهَابِ زَمَنِ التَّكْلِيفِ) واتە: کەسێك کە موشریك بووبێ (کافر بووبێ) کاتێ کە ئەو نیشانە گەورەیە دەبینێ، ئیمان هێنانەکەی سوودی پێناگەیەنێ، وە هەروەها کەسێك فاسقو لاڕێ بووبێو کردەوەی باشی نەبووبن، دوای ئەوەی کە ئەو نیشانە گەورەیە دەبینێ ، تۆبەکردنو طاعەتکردنو چاکەکانی لێوەرناگیرێن، چونکە کاتی تەکلیف بەسەرچووە.

---

١) ج ٤، ص ٧٩٤.

وە ئـەم فەرموودەیـەش دەهێـنێتـەوە كـە پێغـەمبەری خـوا ﷺ دەفـەرموێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَقْبَـلُ تَوْبَـةَ الْعَبْـدِ مَا لَـمْ يُغَـرْغِـرْ﴾[١] واتــە: بێگومـان خــوا تۆبــەی بەنـدە قبـووڵ دەكات، بە مەرجێك ڕووحـی نەگەیبێتـە گەرووی.

(محمـد رشـيد رضـا)ش دەڵـێ: (والتحقيـق: أَنَّ الإِيمَـانَ الصَّـحيح بمَـا جَـاءَ بِـهِ الرّسُـولَ ، وَهُـوَ إِيْمَـانٌ الإِذْعَـانِ وَالقَبُـول، يَسْـتَلْزِمُ العَمَـل بمَـا جَـاءَ فِـي الجُمْلَـةِ دُونَ التَّفْصِـيل الشُّـمولِي ، فَيَجُـوزُ عَقْـلاً أَنْ يَتْـرُكَ الـمُؤْمِـن بَعْـض الوَاجِبَـاتِ أَو يَرْتَكِـب بَعـض الـمُحَرّمَـات...)[٢]، واتـە: وە ئەنجامی لێكۆڵینـەوە ئەوەیە كە ئیمانی ڕاسـتو دروسـت بەوەی پێغـەمبەر ﷺ لـە خـواوە هێنـاویـەتی ، كـە بریـتیە لە ئیمـانی مل بـۆ كـەچكـردنو قبووڵكـردن، ئـەوە دەخـوازێ كـە كـردەوەی بـاش ئـەنجام بـدرێ بەگشـتی، بەبـێ ئـەوە كـە بڵێین: دەبـێ هـەموو كـردەوە باشـەكان ئـەنجام بدرێـن، چونكـە بـە پێـی عەقـڵ دروسـتەو دەگونجـێ ئینسـانی ئیمانـدار هەنـدێ شـت كـە لەسـەری فـەرزە، بیچوێنـێ، یاخـود هەندێ لەو شتانەی كە قەدەغەن، بیانشكێنێ.

ڕای خـۆم لـەبـارەی پەیـوەنـدیی نێـوان ئیـمانو كـردەوەوە

ڕای خـۆم لەوبـارەوە: ئایا كردەوەی باش، جا كـردەوەی بـاش كردنـی فـەرزەكان بـێ، یاخــود خۆدوورگـرتــن لــە قەدەغــەكان بــێ، كــردەوەی بــاش هەردووكیــەتی، ئایــا كردەوەی باش پێكهێنـەری ئیمانـە، یـان تەواوكـەریەتی، یـان ئەسڵەن پەیوەنـدیی بـە ئیمانـەوە نیـە؟ لەوبـارەوە بەگشـتی پێنج ڕا هـەن :

١) **مـورجیئـەكـان** گوتوویانە: كـردەوەی بـاش بۆ ئـیمان، نە بەشێكی پێكهێنەریەتی، نـە بەشـێكی تەواوكـەریەتی، بەڵـكو دەگونجـێ ئینسـان ئیمـانێكی زۆر زۆر باشـی

---

١) أَخْرَجَـهُ أَحْمَـد بـرقم: (٦٤٠٨)، وَالتِّرمِـذِيُّ بـرقم: (٣٥٣٧)، وَإبْـنُ مَـاجَـهْ بـرقم: (٤٢٥٣)، وَإبْـنُ حِبَّـانَ بـرقم: (٦٢٨)، وَالحَـاكِمُ بـرقم: (٧٦٥٩) وَقَـالَ: صَـحِيحُ الإِسْـنَاد، وَالبَيْهَقِـي فـي "شـعب الإيمـان" بـرقم: (٧٠٦٣)، وَعَبْـدُ بْـنُ حُمَيـد بـرقم: (٨٤٧)، وَأَبُـو يَعْلَـى بـرقم: (٥٧١٧)، وَحَسَّـنَهُ الألبـاني فـي "صحيح الجامع" رقم: (١٩٠٣).

٢) تفسير القرآن الحكيم ج٨، ص١٩٥.

هەبێ‌و، یەك كردەوەی باشیشی نەبێ !

كە بە تەئكید ئەم ڕایە لە سەدا سەد هەڵەیە، چونكە خوا هەر جارێ باسی ئیمانی كردبێ ، باسی كردەوەی باشیشی كردوە، كەواتە: كردەوەی باش بەشێكە لە ئیمان‌و لێی جیانابێتەوە، وە ئەم بیرۆكەیەی مورجیئە ، زیانی زۆری لە مسوڵمانان داوە ، كە پێیانوابووە دەگونجێ مرۆڤ لافی ئیمانێكی زۆر باش لێبدات، بێئەوەی هیچ كردەوەیەكی باشی هەبێ، هەتا هەندێ لە مورجیئە گوتوویانە: ئینسان دەگونجێ ئیمانی وەك ئیمانی جبریل‌و میكائیل بێ، بەڵام كردەوەی باشیشی نەبێ ! كە ئەوە ڕێی زۆر خۆش كردوە بۆ مسوڵمانان، مسوڵمانانێكی ئیمان لاواز، كە كردەوەی باش ئەنجام نەدەن، وە خۆشیان بە ئیمانداری باش بزانن، وە ئێستاش لەگەڵدابێ ئەوە هەر هەیە، بۆ نموونە بابایەكی عەلمانیی، بابایەك كە نە نوێژ دەكات، نە ڕۆژوو دەگرێ، نە هیچ پابەندییەكی بە شەریعەتەوە هەیە، دەڵێ: من ئیمانداری زۆر باشم، دیارە بەپێی بیرۆكەی هەڵەی مورجیئە !

٢) خەواریج گوتوویانە: دەبێ هەموو كردەوە باشەكانت هەبن، واتە: هەرچی گوناهە نەیكەی‌و ، هەرچی واجبیشە هەمووی بكەی، ئنجا بە ئیماندار لە قەڵەم دەدرێی، واتە: ئەوان گوتوویانە: هەموو كردەوەكان پێكهێنەری ئیمانن، یانی: هەموو كردەوە باشەكان، كە وەك گوتم كردەوەی باش ئەوەیە: ئینسان خۆی لە قەدەغەكراوەكان بپارێزێ، وە فەرزكراوەكانیش ئەنجام بدات، گوتوویانە: هەموو كردەوە باشەكان پێكهێنەری ئیمانن.

بۆیەش خەواریج پێیانوابووە هەر كەسێك درۆ بكات، غەیبەت بكات، نەك هەر قەتڵ‌و زینا، گوتوویانە: ئەوە یەكسەر ئیمانەكەی هەڵدەوەشێتەوە، هەروەها هەر كەسێك واجبێك بچوێنێ، نوێژێك بچوێنێ، یان فەرمان بە چاكەیەك بچوێنێ، هەر واجبێك بچوێنێ، ئیمانەكەی هەڵوەشاوەتەوە.

كە بە تەئكید وەك چۆن مورجیئە كورتیان هێناوە، خەواریجیش تێیانپەڕاندوە، مورجیئە ئەهلی بەزایەدان (تفریط) بوون‌و ، خەواریجیش ئەهلی تێپەڕاندن (إفراط)ن.

٣) **موعتەزیلە** گوتوویانە: بەبێ کردەوە ئیمان دروست نابێ، بەڵام ناشڵێین: هەر کەسێك گوتی: ئیماندارمو کردەوەی باشی نەبوون، ئەوە کافرە، وە ناشڵێین: ئیماندارە، ئەدی دەڵێن چییە ؟ گوتوویانە: دەڵێین (لَهُ منزلَةٌ بين المنزلتين) پێگەیەکی هەیە لە نێوان دوو پێگەکان دا، واتە نە ئیماندارە نە کافرە، لەو نێوانەدا هەڵواسراوە !

کە ئەوەش ڕایەکی زۆر سەیرە !!

٤) **ئەشعەرییەکان و ماتۆریدییەکان**: ئەوەی کە باوە وەك بیرۆکەی ئەشعەرییو ماتۆریدییەکان، ئەگەرنا (أبو الحسن الأشعري) وەك لە کتێبی (الإبانة عن أصول الديانة)دا دیارە، ڕایەکەی بەو شێوەیە نیە، بەهەرحاڵ ئەوەی وەك قوتابخانەی ئەشعەرییو ماتۆریدیی باوە لە نێویاندا دەڵێ: کردەوە پێکهێنەری ئیمان نیە، بەڵام تەواوکەری ئیمانە، واتە: هەر کەسێك کردەوەی نەبێ، ئیمانەکەی ناتەواوە.

٥) **ڕای پێنجەم**: وەك لە کتێبی {ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی}[1] لە بەرگی یەکەم دا بە درێژیی باسم کردوە، وە بەڵگەکانیشم هێناون، وە من پێموایە ئەوە ڕای زۆربەی هەر زۆری زانایانە، وە ڕای پێشینی چاکمانە، وە ڕای ئەوانەیە کە بە ئەهلی سوننەتو جەماعەت ناسراون، ئەوەیە کە دەڵێ :

ئەسڵی کردەوە پێکهێنەری ئیمانە، واتە: لە ئەسڵدا کردەوە پێکهێنەری ئیمانە، بەڵام نەك هەموو کردەوەیەك پێکهێنەری ئیمان بێ، واتە: مەرج نیە ئینسانی ئیماندار هەموو کردەوە باشەکان ئەنجام بدات، وە خۆی لە هەموو قەدەغەکان بپارێزێ، بەڵکو گوناهێك دەکات: واجبێك دەچوێنێ، یان قەدەغەیەك دەشکێنێ، بەڵام هەر بە ئیماندار لەقەڵەم دەدرێ، مادام ئەو قەدەغە شکاندنو ئەو واجب چواندنە ، ئینسانی پێ کافر نەبێ.

(الترمذي) لەوبارەوە ئەم دەقەی هێناوە: ﴿عَنْ عَبدِ الله بنِ شَقِيق التَّابِعيِّ المتَّفَق عَلَى جَلالَتِهِ رَحِمهُ اللهُ، قَالَ: كَانَ أصْحَابُ محمَّدٍ ﷺ لا يَرَوْنَ

١) هەروەها لە بەرگی دووەمی: (الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله)ش دا بە درێژی باسم کردوە.

شَيْئاً مِنَ الأعْمَالِ تَرْكُهُ كُفْرٌ غَيْرَ الصَّلاَةِ﴾(١)، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی شەقیقی تابیعیی (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)، کە زانایان لەسەر گەورەیی و ڕێزداریی یەکدەنگن، گوتوویەتی: هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر موحەممەد ﷺ پێیان وانەبوو ، وازلێهێنانی هیچ کردەوەیەك ، کوفرە، جگە لە نوێژ.

وە من قەناعەتم وایە هەر کەسێ ئەسڵی نوێژی نەبێ، نەك هەیبێ و بیچوێنێ، هەر نەیبێ وەك دەڵێن: (تارك الصلاة) بێ، ئەوە ئەسڵی کردەوەی نیە، وە هەر کەسێك هیچ کردەوەیەکی مسوڵمانانەی تێدا نەبوو، بەتایبەتی نوێژ ، کە بناغەی کردەوە باشەکانە، ئەوە بەتەئکید بەڵگەیەکی بەدەستەوە نیە بڵێ : من ئیماندارم ، چونکە ئەصڵی کردەوە ، پێکهێنەری ئیمانە، بەڵام نەك وەك خەواریج و موعتەزیلە دەڵێن: هەموو کردەوەیەك پێکهێنەری ئیمانە، بەڵکو ئەصڵی کردەوە پێکهێنەری ئیمانە، نەك تەواوکەری بێت، وەك ئەشعەریی و ماتوریدییەکان گوتوویانە.

<u>مەسەلەی پێنجەم</u>: کە خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ١٥٩﴾، بێگومان ئەوانەی دینەکەی خۆیانیان پارچە پارچە کرد، وە بوونە دەستە دەستەو تاقم تاقم، تۆ هیچ پەیوەندییت پێیانەوە نیە، دیارە لێرەدا ڕووی دواندن لە پێغەمبەرە واتە: ئەی موحەممەد ! تۆ هیچ پەیوەندییت بەوانەوە نیەو، ئەوانیش هیچ پەیوەندییەکیان بەتۆوە نیە، واتە: ئەوانە لەسەر ڕێبازی تۆ نین، کە دینەکەیان بەش بەش کردووە ، خۆشیان بوونە تاقم تاقم و دەستە دەستە، ﴿إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ﴾، بەڵکو چارەنووسی ئەوان ، وە لێپرسینەوەی ئەوان و سزادانی ئەوان ، عایدی خوایە، وە دوایی هەواڵیان پێدەدا بەوەی دەیانکرد، کە بە تەئکید ئەوە هەرەشەیە.

١) رَوَاهُ التِّرمِذِيُّ (٢٦٢٢)، وَقَالَ الشيخ الألباني: صحيح.

ئەم ئـایەتـە مسـوڵمانانیـش دەگـرێتـەوە:

زانـایـان لـێرەدا کـەوتوونە مشتومڕەوە کـە ئایـا ئـەم ئایەتـە موبارەکـە: تەنیـا مەبەست پێی نا مسوڵمانەکانە، بەتایبەت خـاوەن کـتێبەکان، کە دینـی خۆیـان بـەش بـەش کـردووە، بوونەتـە تاقـم تـاقمو دەسـتە دەسـتەی دژ بەیـەك، هـەم جوولەکـە چەند دەستەن، هـەم نەصـرانیـی چـەند دەستەن، هـەم جوولەکـەو نەصـرانیـی دژی یەکـدین، وە ئـەوان لەگـەڵ (صـابِئَة)و ، (صـابِئَة) لەگـەڵ مەجـووسو ، ئەویـدیکـە لەگـەڵ ئەویـدیکـە، ئایـا مەبەسـت تـەنیا پێـی ئەوانـە ؟ یاخـود مسولمانـانیش دەگرێتـەوە ؟ هەندێکیان گوتوویـانە : تەنیـا خـاوەن کـتێبەکـان دەگرێتـەوە، ئـەوان دینی خۆیـان بـەش بـەشو پارچە پارچە کردووە، هەر یەکەیان لایـەکی گـرتوە.

بەڵام زۆربـەی زانـایان ، یان زۆربـەی توێژەرەوانی قورئـان، وە خۆشـم هـەر ڕام وایـە ، کـە ئـەو ڕایـە پەسـەندترە، کـە دەڵـێ : ئـەم ئایـەتە هـەم نامسوڵمانـان دەگرێتـەوە (خـاوەن کتێبـەکان)، وە هـەم مسـوڵمانـانیش دەگرێتـەوە، چونکـە مسولمانان حەقی ڤیتـۆیان نیـە ! مسولمانانیش ئەگەر دینـی خۆیـان بەش بـەش کـرد، یەکـیان تەنهـا لایـەنی تەزکیـەی نەفسی گـرت، ئـەوی دیکـە تەنهـا لایەنـی فیقهـی گـرتو، ئـەوی دیکـە تەنیـا لایـەنی جـەنگو جیهـادی گـرتو، ئـەوی دیکـە تەنیـا لایەنـی سیاسـەتی گـرتو ، ئـەوی دیکـە تەنیـا لایـەنی پـەروەردەی گـرتو ، ئەوی دیکە تەنیا لایەنێکی دیکەی گرت...، لەڕاسـتییدا ئـەوەش هـەر بـەش بـەش کـردنو پارچە پارچـە کردنـی دینـە، وە لە ئەنجـامی ئەوەشـدایە ، کـە پەرتـەوازەیی لـەنێو مسولمانـاندا پەیـدا دەبـێ، وەك خــوا دەفـەرموێ: ﴿ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗاۖ كُلُّ حِزۡبِۭ بِمَا لَدَيۡهِمۡ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ الـــــروم ، هـــەر حیـزبو کۆمەڵـە بـەوەی کەلەسـەریەتی پێـی دڵخۆشـە، چونکـە ئـەوەی کـە هـەر لایـەنی پـەروەردەی گرتـوە، دەڵـێ : دیـن هـەر ئەوەیـە، وە ئـەوەی تەنیـا لایـەنی عەقیـدەی گرتـوە، دەڵێ: دین هەر ئەوەیـە، وە ئـەوەی کـە تـەنیا لایـەنی سیاسـەتی گرتـوە، دەڵـێ: دیـن هـەر ئەوەیـەو ، بەبـێ ئـەوە هـیچ شـتێکمان بـۆ ناکـرێ، ئنجـا تەماشـایـان دەکـەی: لـێك دەخوێنـنو دەبنـە دژی یەکـدی !

بەڵام ئەگەر هەموو لایەنەکانی ئیسلام‌و هەموو بوارەکانی ڕەچاوبکەی، وە هەوڵبدەی بەپێی توانا بە هەموو لایەنەکانیەوە پابەند بی ، ئەو کاتە هەرکەسێ خزمەت بە هەر لایەکی ئیسلام بکا، تۆ بە هی خۆتی دەزانی، وە دڵت پێ خۆشە.

بەڵگەمان چییە لەسەر ئەوە ؟ بەڵگەمان ئەوەیە کە خوا لە سوورەتی (آل عمران)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخْتَلَفُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠٥﴾ ﴾، (بە مسوڵمانان‌و ئیمانداران دەفەرموێ:) وەك ئەوانە مەبن کە پەرتەوازە بوون‌و ناکۆك بوون، دوای ئەوەی بەڵگە ڕوون‌و ئاشکراکانیان بۆ هاتن، وە ئەوانە سزایەکی مەزنیان بۆ هەیە، کە دەفەرموێ: وەك ئەوان مەبن، مانای وایە: ئەگەر ئێوەش وەك ئەوان بن، ئەوا هەمان سزای ئەوان بۆ ئێوەش دانراوە، وە هەمان هەڕەشە کە لەوان کراوە، ئێوەش دەگرێتەوە.

ئنجا ئێمە فەرموودەیەکی پێغەمبەرمان ﷺ هەیە، هەرچەندە هەندێ لە زانایان مشتومڕیان لەبارەی سەنەدەکەیەوە هەیە، بەڵام زۆربەیان بە ڕاستی دادەنێن، بە چەند شێوەیەکیش هاتوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿افْتَرَقَتِ الْيَهُودُ عَلَى إِحْدَى أَوْ ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً، وَتَفَرَّقَتِ النَّصَارَى عَلَى إِحْدَى أَوْ ثِنْتَيْنِ وَ سَبْعِينَ فِرْقَةً، وَتَفْتَرِقُ أُمَّتِي عَلَى ثَلَاثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً﴾(١)، واتە: جوولەکەکان بوونە حەفتاو یەك، یان حەفتاو دوو دەستەو تاقم، وە نەصرانییەکانیش بوونە حەفتاو یەك، یان حەفتاو دوو دەستەو تاقم، وە ئۆممەتی منیش دەبێتە حەفتاو سێ دەستەو تاقم.

کەواتە: کە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ئەوانەی دینەکەیان بەش بەش کردووە ، بوونەتە تاقم تاقم: هیچ پەیوەندییەکەیان بە تۆوە نیە، وێڕای نامسوڵمانان، مسوڵمانانیش دەگرێتەوە، مسوڵمانانیش ئەگەر وابکەن، مانای وایە

---

١) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٥٩٦)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٦٤٠) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيحٌ، وَإِبْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٩٩١)، وَالحَاكِمُ برقم: (١٠)، وَالبَيْهَقِي برقم: (٢٠٦٩٠)، وَأَخْرَجَهُ أَيْضَاً أَحْمَد برقم: (٨٣٧٧)، وَأَبُو يَعْلَى برقم: (٥٩١٠)، وَإِبْنُ حِبَّانَ برقم: (٦٢٤٧) قال الشيخ الألباني: حَسَنٌ صَحِيحٌ.

هیچ پەیوەندییان بە پێغەمبەرەوە نابێ، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ دینێكی هێناوە، دینی خواپەرستییو خوا بەیەكگرتنە، وە دینی یەكڕیزییو یەكخستنە، وەختێك مسوڵمانان هەر كۆمەڵەیان لایەكی لێبگرن، وە لەنێو خۆیاندا پەرتەوازە بن، مانای وایە لەسەر ڕێبازی پێغەمبەر نین لەو بوارەدا، وە لەو كردەوەدا، با بە یەكجارییش لە بازنەی ئیمانو ئیسلام نەچووبنە دەرێ.

ئنجا لەوبارەوە زانایان چەند قسەیەكیان هەن، كە زیاتر تیشك دەخەنە سەر چەمكو واتای ئەو ئایەتە موبارەكە، بۆ نموونە :

چەند قسەیەكی زانایان لەبارەی چەمكو واتای ئایەتی (١٥٩)ەوە

١) (قال ابن عطية: هَذِهِ الآيَة تَعُمُّ أَهْلَ الأَهْوَاءِ وَالبِدَعِ والشُّذوذِ فِي الفُرُوعِ، وَغَير ذَلِكَ مِنْ أَهْلِ التَّعَمّق فِي الجِدَال وَالخَوْضِ فِي الكَلام)[1]، واتە: (ابن عطية) دەڵێ: ئەم ئایەتە هەموو ئەوانەی شوێن ئارەزووەكان دەكەون، وە داهێنان دەكەن لە دیندا، وە شتی ڕیزپەڕ دەهێننە پێش، لە لقو پۆپەكانی دیندا، وە جگە لەوەش ئەوانەی كە زۆر بە شەڕە قسەدا قووڵ دەبنەوە، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە.

٢) (إِبْنُ البَطّال) لە شەرحی (صحيح البخاري)دا، ئەم قسەیە لە (أبو حنيفة)وە دەگێڕێتەوە: (عَنْ أَبِي حَنِيفَة، يَقُولُ: لَقِيتُ عَطَاء بن أَبِي رباح بمكة، فَسأَلْتُهُ عَن شَيء، فَقَالَ: مِنْ أَيْنَ أَنْتَ؟ قُلْتُ: مِنْ أَهْل الكُوفَة، قَالَ: أَنْتَ مِنْ أَهل القَرِيَة الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُم وَكَانُوا شِيَعاً؟ قُلْتُ: نَعَمْ، قَالَ: فَمِن أَي الأَصْنَاف أَنْتَ؟ قُلْتُ: مِمّن لا يَسُبّ السَّلَف، وَيُؤمِنُ بالقَدَر، وَلا يُكَفِّرُ أَحَدَاً بذنبٍ، قَالَ لي عطاء: عَرفت، فَالزم)، واتە: (أبو حنيفة) دەڵێ: لە مەككە گەیشتمە عەطائی كوڕی ئەبی ڕەباح (كە یەكێك بووە لە زانایانی پێشین)، دەربارەی شتێك پرسیارم لێی كرد، ئەویش گوتی: تۆ لە كوێوە هاتووی، خەڵكی كوێی ؟

منیش گوتم : خەڵكی كووفەم.

گوتی: خەڵكی ئەو شارەی كە دینەكەیان بەش بەش كردووەو بوونە دەستە دەستە؟

١) الإعتصام للشاطبي، ج١، ص٣٩.

گوتم : بەڵێ.

گوتی : تۆ لە كامە كۆمەڵەی ؟

گوتم : من لەوانەم كە جنێو بە پێشینەی چاكمان نادەن، (واتە: لە شیعەكان نیم)، وە ئیمان بە قەدەر دێنن، (واتە: لە موعتەزیلە نیم)، وە لەوانەم هیچ كەسێك بە گوناهێك كافر ناكەن، (واتە: خەواریجیش نیم)، {كەواتە: نە شیعە بێ‌و ، نە موعتەزیلە بێ‌و، نە خەواریج بێ، مانای وایە ئەهلی سوننەت‌و جەماعەتە، كە زۆرینەی مسوڵمانانن}.

دەڵێ: (عَطَاء) پێی گوتم: ڕێی خۆت دۆزیوەتەوەو پێیەوە پابەند بە .

٣) (عَنِ الحَسَنِ قَالَ: خَرَجَ عَلَيْنَا عُثْمَانُ بْنُ عَفَّان ﵁ يَوْماً يَخْطُبُنَا، فَقَطَعُوا عَلَيْهِ كَلامَهُ، فَتَرَامَوا بِالبَطْحَاءِ، حَتَّى جَعَلْتُ مَا أُبْصِرُ أَدِيمَ السَّمَاءِ، قَالَ: وَسَمِعْنَا صَوْتاً مِنْ بَعْضِ حُجَرِ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ ﷺ، فَقِيلَ: هَذَا صَوْتُ أُمِّ الـمُؤْمِنِينَ، قَالَ: فَسَمِعْتُهَا وَهِيَ تَقُولُ: أَلا إِنَّ نَبِيَّكُمْ قَدْ بَرِيءَ مِمَّنْ فَرَّقَ دِينَهُ وَاحْتَزَبَ، وَتَلَت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا ﴾ قال القاضي إسماعيل: أحسبه يعني بقوله: أم المؤمنين أم سلمة ، وأن ذلك قد ذكر في بعض الحديث، وقد كانت عائشة في ذلك الوقت حاجَّةً)، واتە: لە حەسەنی بەصرایییەوە گێردراوەتەوە، گوتوویەتی: ڕۆژێك عوسمانی كوڕی عەففان خوا لێی ڕازی بێ، هاتەدەر وتاری بۆ داین، كەچی وتارەكەیان پێ بڕی، وە چەوو بەردیان لە یەكدی گرت، {ئەوانەی كە پشتگیریی عوسمانیان كردوە، وەك خەلیفەو ئەوانەی كە دژایەتییان كردوە، دیارە ئەوە ئەو كاتە بووە كە ئەو فیتنە گەورەیە ڕوویداوە، كە عوسمانی تێدا شەهید كراوە}[1] هەتا هێندەیان بەرد بە یەكدی دادان، ئاسمان دیارنەبوو لەبەر شەڕە بەرد، وە گوێمان لە دەنگێك بوو، لە یەكێك لە ژوورەكانی هاوسەرانی پێغەمبەرەوە دەهات، گوتیان: ئەوە دەنگی دایكی ئیماندارانە، دەڵێ: گوێم لێ بوو دەیگوت: ئاگاداربن ! پێغەمبەرەكەتان حاشای لەو

---

١) نێوان كەوانەكان، زیادكردنی خۆمە.

کەسانە کردوە، کە دینەکەی بەش بەش دەکەن، وە دەبنە تاقم تاقم، وە دوایی ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍ ﴾، (قاضي إسماعيل) دەڵێ: پێمـوایە کـە دەڵـێ: دایکـی ئیمانـداران، مەبەستی (أم سلمة)یە، چونکە لەو کاتەدا عائیشە لە حەجێ بـوو.

٤) (قَالَ القاضـي: ظَاهِرِ القُـرآن يَـدلُّ عَلـى أَنْ كـل مَـن ابْتَـدَعَ فِـي الـدِّين بدعَـة مِـنَ الخـوارج وغيرهـم ، فهـو داخـل فـي هـذه الآيـة، لأَنَّهُـم إذَا ابتَـدَعُوا تَجَـادَلُوا وَتَخَاصَمُوا وَتَفَرَّقُوا وَكَـانُوا شِـيَعَاً)، واتـه: قـازی {کـە مەبەسـت پێـی (قاضي عیاض)ە} دەڵێ: ڕواڵەتی ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ ، کە هەر کەسێك لە دینـدا داهێنان بکات، {شتێك پەیدا بکات، کە لەگەڵ ئەو دینەدا نامۆ بێ غەریب بـێ}[1]، ئنجا خەواریج بێ، یاخود جگە لـە خەواریج، ئەوە ئەم ئایەتە دەیگرێتەوە، چونکە هەر کاتێ داهێنانیـان کرد لە دینـدا، شـەڕە قسـە دەکـەن، وە کە شەڕە قسـەیان کـرد، ناکـۆك دەبـن و ، کە ناکـۆك بوون پـەرتـەواز دەبـن و دەبنـە تـاقم تاقم .

٥) (رَوَى عَبْدُ بنُ حُمَيد عَنِ الحَسَنِ قَالَ: رَأَيْتُ يومَ قَتْل عُثمان ﵁ ذِرَاعَ امْرَأَة مِنْ أَزْوَاج رَسُول الله قَدْ أُخْرِجَتْ مِنْ بَيـنِ الحَـائِطِ وَالسِّتْر وَهِيَ تُنـادي: أَلا إنَّ اللهَ ورسوله بَريئَانِ مِنَ الَّذِينَ فَارَقُوا دِينَهُم فكَانُوا شِيّعَاً)، واتە: عەبدی کوڕی حومەید لە حەسەنی بەصرابییەوە دەگێڕێتەوە، کە گوتوویەتی: ئـەو ڕۆژەی کـە عوسـمانی تێدا کوژرا، خـوا لـێی ڕازی بێ، قۆڵـی ئـافرەتێکم بینـی لـە هاوسـەرانی پێغەمبەر ﷺ، کە لەنێوان دیوارو پەردەیەك کە دادرابۆوە، قۆڵەکە هاتەدەرێ، بـانگی دەکـرد: ئاگـاداربن ! کـە خـواو پێغەمبەرەکـەی بەریـیـن و دوورن ، لەوانـەی کـە وازیـان لـە دینەکەیان هێناوەو، بوونەتە تاقم تاقمو دەستەدەستەی دژ بەیەكو ناکۆك.

ئنجا (محمد رشید رضا) لە تەفسیرەکـەی خـۆی (التفسير القرآن الحكيم)دا کە من قسەکانی دیکـەشم هـەر لـەووەوە هێنـاون، دەڵـێ: {وَجُمْلَـةُ القَوْلِ: أَنَّ الـمُرَادَ

---

١) نێوان کەوانەکان، زیادکردنی خۆمـە.

مِنَ : ﴿ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا ﴾، أَهْلُ الكِتَابِ، وَالمُرَادُ مِن جَعْل الرَّسُول بَرِيئاً مِنْهُمْ: تَحْذِيرُ أُمَّتِهِ مِنْ مِثْل فِعْلِهِم، لِيُعْلم أَنَّ مَنْ فَعَلَ فِعْلَهُم مِنْ هَذِهِ الأُمَّة فَرَسُولُ الله بَرِيء مِنْهُمْ بالأَوْلَى، لا كَمَا يَزْعُمُ بَعْضُ الجَاهِلِين المُضِلّينَ منْ أن مَا وَرَدَ فِي الكِتَاب وَالسُّنَّةِ مِنْ صِفَاتِ الكُفَّار وَأَفْعَالهم خَاص بِهِم، فَإِذَا تَلَبَّسَ بِهِ المُسْلِمُونَ لا يَكُون حُكْمُهُم فيهِ كَحُكم مَنْ قَبْلَهُمْ، كَأَنَّ الله تَعَالَى أَبَاح لِلْمُسْلِمِينَ الشِّرْكَ وَالكُفْرَ وَالنِّفَاقَ وَالبِّدَعَ والضَّلالاَت، وضَمِن لَهُم جَنَّتَهُ وَرِضْوَانَهُ بمجَرّد انتسابهم إلى الإِسْلامِ}[1] ئەمە قسەیەکی زۆر جوانە، ئەگەر بە زێڕ بنووسرێتەوە دەیهێنێ.

دەڵێ: کورتەی قسان: مەبەست لەوانەی کە خوا دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ ﴾، خاوەن کتێبەکانە، بەڵام مەبەست لەوە کە پێغەمبەر ﷺ بەرییە لە هەر کەسێ وابکات، ترساندنو ورياکردنەوەی ئۆممەتەکەیەتی، لەوە کە وەك ئەوان نەکەن، تاکو بزانرێ کە هەر کەسێك وەك ئەوان بکات، لە ئۆممەتی پێغەمبەر ﷺ، ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ لە پێشترە کە لەوان بەری بێو لەوان دوور بێ، تاکو لە جوولەکەو نەصرانییەکان، نەك وەك ئەوەی هەندێ لە نەزانە گومڕاکەرەکان دەڵێن: کە ئەوەی لە قورئانو سوننەتدا هاتوە، دەربارەی سیفەتی کافرەکانو کردەوەکانیان، تایبەتە بەوانەوە، بۆیە ئەگەر مسوڵمانان ئەو سیفەتو کردەوە خراپانەیان، کە خوا وەسفی کافرەکانی پێکردوون، ئەنجامی بدەن، حوکمیان وەك حوکمی ئەوان نابێ! ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خوای بەرز ڕێی داوە بە مسوڵمانان کە شیرك بکەن، کوفر بکەن، نیفاق بکەن، داهێنان بکەن لە دیندا، وە گومڕایی بکەن، وە خوا تەنیا بەوەندەی کە خۆیان بە مسوڵمان زانیوە، گرەنتی ئەوەی داونێ کە بیانخاتە بەهەشتەکەی، وە لێشیان ڕازییە !!

کە ئەوەش دیارە بۆچوونێکی زۆر زۆر هەڵەیە.

بەڵام پێویستە بزانرێ کە مەسەلە ئیجتیهادییەکانو ڕاجیایی تێیاندا ئاساییە، وە جیایە لەمە، چونکە پێشەوایانی وەك: (أبو حنيفة، أحمد، سفيان الثوري،

---

١) ج ٨، ص: (١٩٨–٢٠٠).

الشافعي، مالك، جعفر الصادق، زيد بن علي، أبو جعفر الطبري، ليث)، ئەو زانایانەو ، دوای وانیش کەسانی وەك : (إبن تيمية، إبن القيم، الشوكاني) ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لە هەموو لایەکیان بێ، ڕاجیاییان بووە لەسەر ئەو شتانەی کە بواری ئیجتیهادو کۆششیان تێدایە، وە دەقێکی قورئانو سوننەتی بێ چەندو چوونیان لەسەر نیە، بابەتەکەی یەکلایی کردبێتەوەو دەریخات کە ئەوە ماناکەیانە، یاخود دەقی قورئانو سوننەتی هەر لەسەر نیە، بەڵکو بۆ عەقڵو ئیجتیهادو ئەزموونی بەشەر بەجێهێڵراوە.

وەك زۆربەی مەسەلەکانی بواری حوکمو سیاسەتو ئیدارەو ئابووریی، ئەوە ڕاجیایی لەو مەسەلانەدا، جیایە لەوەی کە خوای پەروەردگار سەرزەنشتی خاوەن کتێبەکانی پێکردوە، وە سەرکۆنەی هەر کەسێکی دیکەشی پێ دەکات، کە وەك خاوەن کتێبەکان دەکات، وە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەریش ﷺ لەو جۆرە شتانەدا کەوتوونە ڕاجیایەوە، بەڵام ڕاجیاییان نەکردۆتە پاساوی ناکۆکییو دووبەرەکیی، ئەگەرنا ئەگەر لەسەر بابەتە فەرعییەکانو مەسەلە ئیجتیهادییەکانیش ناکۆکییو دووبەرەکیی پەیدا بکرێ، بە هەمان شێوە لاسایی کردنەوەو شوێنکەوتنی خاوەن کتێبەکان دەگەیەنێ.

مەسەلەی شەشەم: کە دەفەرموێ: ﴿مَن جَآءَ بِٱلۡحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشۡرُ أَمۡثَالِهَاۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَا وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿١٦٠﴾﴾، هەر کەسێك چاکە بێنێ، ئەوە دە بەرانبەر چاکەی هەیە یانی: دە بەرامبەر پاداشتی هەیە، وە هەرکەسێ خراپە بێنێ تەنیا بەقەدەر خۆی سزا دەدرێ وە ستەمیان لێناکرێ.

لەوبارەوەش چەندان فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ هەن، زیاتر تیشکمان بۆ دەخەنە سەر چەمكو واتای ئەم ئایەتە :

١/ یەکێك لەو فەرموودانە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿عَنْ عَبدِ الله بْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا عَنِ النَّبِيِّ ﷺ، فِيما يَرْوِي عَنْ رَبِّهِ عَزَّ وَجَلَّ ، قَالَ: إنَّ اللَّهَ كَتَبَ الْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ ، ثُمَّ بَيَّنَ ذٰلِكَ، فَمَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللّهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً، وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا، كَتَبَهَا اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ عِنْدَهُ عَشْرَ

حَسَنَاتٍ إِلَى سَبْعِمِائَةِ ضِعْفٍ إِلَى أَضْعَافٍ كَثِيرَةٍ، وَإِنْ هَمَّ بِسَيِّئَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا، كَتَبَهَا اللَّهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً، وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا، كَتَبَهَا اللَّهُ سَيِّئَةً وَاحِدَةً﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بِرقم: (٢٨٢٨)، وَالبُخَارِيُّ بِرقم: (٦٤٩١)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (١٣١)}، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: خوای بەرزی پایەدار چاکەکان و خراپەکانی نووسیون، دوایی ئەوەی ڕوون کردۆتەوە، کە دەفەرموێ: هەر کەسێك ویستی چاکەیەك بکات، بەڵام نەیکرد، خوا لەلای خۆی چاکەیەکی تەواوی بۆ دەنووسێ، {واتە: عەزمی لەسەر چاکەیەك جەزم کردوە، بەڵام بۆی نەکراوەو بەرچێك هاتۆتە ڕێی، بۆیە نەیتوانیوە بیکا، دەنا لێی پەشێمان نەبۆتەوە}[1]، ئنجا ئەگەر ویستی بیکات و کردیشی، خوا بە دە چاکە بۆی دەنووسێ، تاکو حەوت سەد بەرانبەر تاکو چەندان بەرانبەر زیاتر، وە هەرکەسێك ویستی خراپەیەك بکات و، نەیکرد، خوا چاکەیەکی تەواوی بۆ دەنووسێ، {واتە: نەیکردو لێی پەشێمان بۆوە، ئەگەرنا ئەگەر عەزمی لەسەر جەزم بێ، حوکمەکەی جیایە، دوایی باسی دەکەین}[2]، بەڵام ئەگەر ئەو خراپەیەی ویستوویەتی بیکات و کردی، خوا یەك خراپەی بۆ دەنووسێ.

٢/ لە فەرموودەیەکی دیکەی قودسیی دا واتە: کە پێغەمبەر ﷺ لە خواوە دەیگێڕێتەوە، دەفەرموێ: ﴿يَقُولُ اللَّهُ: إِذَا أَرَادَ عَبْدِي أَنْ يَعْمَلَ سَيِّئَةً فَلا تَكْتُبُوهَا عَلَيْهِ حَتَّى يَعْمَلَهَا، فَإِنْ عَمِلَهَا فَاكْتُبُوهَا بِمِثْلِهَا، وَإِنْ تَرَكَهَا مِنْ أَجْلِي فَاكْتُبُوهَا لَهُ حَسَنَةً، وَإِذَا أَرَادَ أَنْ يَعْمَلَ حَسَنَةً، فَلَمْ يَعْمَلْهَا ، فَاكْتُبُوهَا لَهُ حَسَنَةً، فَإِنْ عَمِلَهَا فَاكْتُبُوهَا لَهُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا إِلَى سَبْعِ مِائَةِ ضِعْفٍ﴾ (أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ بِرقم: (٧٥٠١))، واتە: خوای بەرز دەفەرموێ: هەر کاتێك بەندەی من ویستی خراپەیەك بکات (بە فریشتەکان دەفەرموێ) لەسەر مەنووسن، تاکو دەیکات، ئەگەر کردی ، یەك خراپەی بۆ بنووسن، بەڵام ئەگەر لەبەر من وازی لەو خراپەیە هێنا، {ویستوویەتی خراپە بکات، بەڵام نەیکرد لەبەر خوا}[3] لە

---

١) ئەوەی نێوان کەوانەکان، زیادکردنی خۆمە.

٢) ئەوەی نێوان کەوانەکان، زیادکردنی خۆمە.

٣) ئەوەی نێوان کەوانەکان، زیادکردنی خۆمە.

جێی ئەو خراپەیە، چاکەیەکی بۆ بنووسن، بەڵام ئەگەر ویستی چاکەیەك بکاتو نەشیکرد، {واتە: نەیتوانی بیکاتو پەرچێکی هاتە ڕێ}[١] چاکەیەکی بۆ بنووسن، {هەر بە نیەتەکەی}[٢]، بەڵام ئەگەر ویستی بیکاتو کردیشی، ئەوە دە بەرانبەر بۆی بنووسن، تاکو حەوت سەد بەرانبەر.

(إبن كثير)یش لەوبارەوە قسەیەکی جوان دەکات، لە تەفسیرەکەی خۆی دا کە دیارە کورتکراوەتەوە بە ناوونیشانی : (المصباح المنير في تهذيب تفسير إبن كثير)، دەڵێ: (إعْلَم أنَّ تَارِكَ السّيِّئَة الَّذِي لا يعملها عَلَى ثَلاثَة أَقْسام: تَارَةً يتركها لله عَزَّ وجل، فَهَذَا تُكْتُبُ لَهُ حَسَنَةً عَلَى كَفِّه عَنْهَا لله تعالى، وَهَذَا عَمل وَنِيَّة؛ وَلِهَذَا جَاءَ أنَّهُ يُكْتَبُ لَهُ حَسَنَةٌ، كَمَا جَاءَ فِي بَعض أَلْفَاظ الصَّحِيح: "فَإنَّمَا تَرَكَهَا مِنْ جرائِي" أي: مِنْ أَجْلِي. وَتَارَةً يتركها نسْيَاناً وذُهولاً عَنْهَا، فَهَذَا لا لَهُ وَلا عَلَيْهِ؛ لأنَّهُ لَمْ يَنْوِ خَيْراً ولا فعل شَرّا، وَتَارَةً يَتْرُكُهَا عَجْزاً وكَسَلاً بعد السعي فِي أَسْبَابهَا والتَلَبُّس بما يقرب مِنْهَا، فَهَذَا يَتَنَزَّلُ مَنْزِلَة فَاعِلِهَا)[٣]، واتە: بزانە ئەو کەسەی وازی لێ دێنێ، بەڵام دوایی ئەو کردەوە خراپەیەی کە ئینسان وازی لێ دێنێ سێ جۆرە:

١ – یان لەبەر خوا وازی لێ دێنێ، دەیەوێ خراپەیەك بکاتو نیەتی بە دڵدا دێ، بەڵام دوایی لەبەر خوا وازی لێ دێنێو پەشێمان دەبێتەوە، ئەوە وەك فەرموودەکە دەفەرموێ: ئەگەر لەبەر من وازی لێ هێنا، لە بەرانبەر ئەو خراپەیەدا ، کە ویستی بیکاتو لێی پەشێمان دەبێتەوە لەبەر خوا، چاکەیەکی بۆ دەنووسرێ.

٢ - وە جاری وایە کە وازی لێ دێنێ ، لەبیری دەچێتەوە، ئەوە نە خراپەکەی بۆ دەنووسرێو، نە چاکەکەشی بۆ دەنووسرێ، چونکە لێی پەشێمان نەبۆتەوە هەر لەبیری چووە، ویستوویەتی خراپەیەك بکات، بەڵام دوایی

---

١) ئەوەی نێوان کەوانەکان، زیادکردنی خۆمە.

٢) ئەوەی نێوان کەوانەکان، زیادکردنی خۆمە.

٣) ص : ٣٦٤.

لەبیری چۆتەوە بیکات، خراپەکەی بۆ نانووسرێ، چونکە نەیکردوە، چاکەکەشی بۆ نانووسرێ، چونکە لێی پەشیمان نەبۆتەوە.

٣ - ئەوەیە کە دەیەوێ خراپەیەك بکاتو، خراپەکەی بۆ ناکرێ، بەڵام عەزمی لەسەر جەزم کردوە بیکات، بەڵام یان لەبەر نەتوانین، یان لەبەر تەنبەڵیی بۆی ناکرێ، ئەگەرنا هەر دەیەوێ بیکات، وە هەوڵیشی داوە هۆکارەکانی بێنێتە دی، {بۆ وێنە: دەیەوێ قەتڵێك بکات، یان زینا بکات، یان دزیی بکات، بەڵام دوایی دەستی نایگاتێ، ئەگەرنا هەر لە دڵیدایە}[1]، ئەوە بە تەئکید وەك ئەو خراپەیەی کردبێ وایە.

دوایی خوای دادگەر دەفەرموێ: ﴿ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴾، وە ئەوان ستەمیان لێ ناکرێ، واتە: چاکەکاران ستەمیان لێ ناکرێ، بەڵکو پاداشتیان دەدرێتەوە بە ئەندازەی چاکەکانی خۆیان، بەڵکو بە چەند بەرانبەرو زیاتر پاداشتیان دەدرێتەوە، وە خراپەکارانیش ستەمیان لێ ناکرێ، خوای دادگەر تەنیا بە ئەندازەی خراپەکەیان سزایان دەدات.

یەکێك بۆ هەیە، بڵێ: ئایا بۆچی خوا یەك بە دە، چاکەی چاکەکاران دەداتەوە، بەگشتی، هی واش هەیە یەك بە حەوت سەدو بەڵکو زیاتریش پاداشتی دەداتەوە ؟!

وەڵامەکەی ئەوەیە کە ئەوە دەکەوێتە سەر ئەندازەی نیەتو عەزمو جەزمی ئەو ئینسانە، وە کەلێن پێگرتنی بە چاکەکەی، هەتا کەلێنی باشتری پێبگرێ، واتە: هەتا بە دڵێکی ساغو سافترەوە بیکاتو، زیاتر ڕەزامەندیی خوا هاندەرو پاڵنەری بێ، دیارە بەرانبەری پاداشتەکەی زیاترەو بەرزترەو چاکترە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

---

١) ئەوەی نێوان کەوانەکان، زیادکردنی خۆمە.

دەرسی نۆزدەیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان پێنج (٥) ئایەتی كۆتایی دەگرێتە خۆی، لە : (١٦١ تا ١٦٥)، لەم پێنج ئایەتەدا خوای پەروەردگار سێ جاران بە وشەی: بڵێ (قل) پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەدوێنێ، وەك لە سەرەتای تەفسیری ئەم سوورەتەدا گوتمان، لەم سوورەتەدا (٤٣) جار خوای پەروەردگار وشەی: (قل)ی بەكارهێناوە، جا ئەم پێنج ئایەتە سێ جاری كۆتایی واتە: جاری (٤١ و ٤٢ و ٤٣) یان گرتۆتە خۆیان، بۆیە جاری یەكەم خوای بالأدەست فەرمان بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەكات، كە بفەرموێ: من پەروەردگارم، بەرەو ڕێیەكی ڕاست ڕێنمایی كردووم، كە بەرنامەیەكی ڕاستو تەواو دامەزراوەو هەمان ڕێبازی ئیبراهیمە، كە ئیبراهیم خوا بە یەكگربوو، نەك هاوبەش بۆ خوا دانەر.

وە بۆ جاری دووەم خوا فەرمانی پێ دەكات كە ڕایبگەیەنێ: نوێژو بەندایەتییو ژیانو مردنی تەنیا بۆ خوای پەروەردگاری جیهانەكانە، كە هیچ هاوبەشی نین، وە بۆ خۆشی (واتە: موحەممەد ﷺ) یەكەمینی مسوڵمانانە.

پاشان بۆ جاری سێیەمو كۆتایی، ـ كە جاری چلو سێیەمینە لەم سوورەتەدا ـ خوا فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەكات كە بڵێ: ئایا جگە لە خوا كە پەروەردگاری هەموو شتێكە، كەسێكی دیكە بە پەروەردگار بگرم، لە حاڵێكدا كە هەر كەسێك، هەر چییەك بكات ، تەنیا لە ملی خۆیەتی، وە كەس لە گوناهی كەس هەڵناگرێ ؟!

وە لە كۆتایی دا خوای پەروەردگار ڕایدەگەیەنێ : كە ئێمەی مرۆڤی كردووە بە جێنشینی خۆی لەسەر زەوی، وە جیاوازیی خستۆتە نێوانمان، لەو نیعمەتانەدا كە پێی داوین، بە مەبەستی تاقیكردنەوە، وە ڕایدەگەیەنێ : كە خوای پەروەردگار سزای خێرایە، بۆ كەسانێك كە لاڕێ دەبن، وە لێبوردەو بە بەزەییشە، بۆ كەسانێك كە بەرەو خوا هەنگاو دەنێن.

﴿ قُلْ إِنَّنِي هَدَىٰنِي رَبِّيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ دِينٗا قِيَمٗا مِّلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗاۚ
وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٦١ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ
ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦٢ لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ١٦٣ قُلۡ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ
أَبۡغِي رَبّٗا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيۡءٖۚ وَلَا تَكۡسِبُ كُلُّ نَفۡسٍ إِلَّا عَلَيۡهَاۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ
وِزۡرَ أُخۡرَىٰۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرۡجِعُكُمۡ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ١٦٤ وَهُوَ
ٱلَّذِي جَعَلَكُمۡ خَلَٰٓئِفَ ٱلۡأَرۡضِ وَرَفَعَ بَعۡضَكُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ لِّيَبۡلُوَكُمۡ
فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلۡعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٞ رَّحِيمُۢ ١٦٥ ﴾.

مانای وشــه به وشـەی ئایەتەکـان

(("خــوا دەفــەرموێ: ئــەی موحەممـــەد" بڵــێ: بــە دڵنیاییـــەوە پەروەردگـــارم خستوومیــه ســەر ڕێیــەکی ڕاســتو بــێ گـرێو گـۆڵ، بەرنامەیـەکی ڕاسـتو دامـەزراوو ڕاسـت ڕاگـرە، ڕێبـازی ئیبــراهیمە، کە پـاكو بـێ خـەوش بـوو، وە ئـەو (ئیبــراهیم) لـە هاوبـەش بۆ خـوا دانـەران نەبـووە ﴿١٦١﴾ بڵێ: بێگومان نوێـژو پەرستشو ژیانو مـردنم بۆ خـوای پەروەردگاری جیهانەکانە ﴿١٦٢﴾ هیچ هاوبەشی نین، وە هـەر بـەوەش فـەرمانم پێکراوە، وە من یەکەمینی مسوڵـمانانم ﴿١٦٣﴾ بڵـێ: ئایا جگـە لـە خـوا بـە پەروەردگـار بزانـم ! لـە حاڵێـکـدا کـە ئـەو پەروەردگـارو خـاوەنی هـەموو شـتێکە، وە هـەر کەسـێك کـردەوەی خـراپ بەدەسـت بێنـێ بـەس سـەری خـۆی دەگـرێتەوە، وە هـیچ گوناهبارێـك گوناهی یەکێکی دیکە هەڵناگـرێ؟ پاشـان گەڕانەوەتـان بـۆ لای پەروەردگـارتانە، ئنجـا هـەواڵـتان پێـدەدات، بـەوە کـە تێیـدا دەکەوتنـە مشــتومرو ڕاجیاییـــەوە ﴿١٦٤﴾ وە ئـەو (خـوا) ئەو کەسـەیە کە کرده‌وونـی بـە جێنشینان(ی خـۆی) لەسـەر زەوی، وە بە چەنـدان پلە هـەندێکتانی بەسـەر هـەنـدێکتان دا بەرزکـردۆتـەوە، تاکو لـەوەدا کـە پێـی دابـوون، تاقیتـان بکاتەوە، بە ڕاسـتیی پەروەردگار، سـزادانی خێرایـە بـۆ تاوانبـاران، وە بێگـومان ئەو لـێبوردەی بە بـەزەییـە "بۆ فـەرمانبـەرانو گوێـڕایـەڵان" ﴿١٦٥﴾)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان

(دِينًا قِيَمًا): (دین) واتە، بەرنامەی ژیان، ئایین، (قِيَمًا) (أي ثابتاً مقوّماً لأمور مَعَاشِهِم وَمَعَادهم، و قُرِيءَ: قـيِّماً: القيِّم: السيّد وسائس الأمر، وأمرٌ قيِّم: مستقيم، وكتاب قَيِّم: ذو قيمة، والقيمة المستقيمة المعتدلة) وشەی (قيماً) بە مانای چەسپاو دێ، وە بە مانای ڕاگری کاروباری دنیاو دوارۆژ دێ، وە هەروەها وشەی (قَيِّم) بە مانای (سيِّد) سەرپەرشتیارو مشوورخۆر دێ، وە (أمرٌ قيِّم) واتە: کارێکی ڕێك ڕاست، وە (كتاب قيِّم) واتە: خاوەن بەهاو قیمەت، وە (قيِّمة) بە مانای ڕێكو ڕاستو هاوسەنگ دێ.

(مِّلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ): (المِلَّةُ: كالدِّين، وَهُوَ اسْمٌ لِمَا شَرَعَ اللّهُ تعالى لِعِبادِهِ عَلَى لِسَانِ الأنبِيَاءِ لِيَتَوَصَّلُوا بِهِ إلى جِوارِ اللّهِ، والفَرْقُ بَيْنَهَا وَبَيْنَ الدِّين ، أنَّ المِلَّةَ لا تُضافُ إلاَّ إلى النَّبِيِّ ﷺ)، واتە: وشەی (مِلَّة) هەر بەمانای (دین) دێت، وە ناوە بۆئەوە کە خوای بێ هاوتا لەسەر زمانی پێغەمبەرانی (عليهم الصلاة والسلام) وەك بەرنامەیەك بۆ بەندەکانی داناوە، تاکو پێی بگەن بە ڕەزامەندیی خواو، پێیبگەنە دراوسێیەتی خوا، بەڵام ئایا وشەی (المِلَّة) لەگەڵ (دین)دا جیاوازیی چییە؟ هەڵبەتە لە زمانی عەرەبیی دا، ئەگەرنا وشەی میللەت لە زمانی کوردیی دا ، بە مانای (گەل)ە، دەگوترێ: میللەتی کورد، بەڵام ئەوە بەکارهێنانێکی عورفییە، ئەگەرنا لە بەکارهێنانی قورئان دا، وشەی (مِلَّة) یانی دین، بەڵام جیاوازییان چییە ؟ جیاوازییان ئەوەیە ، کە دین پاڵ دەدرێتە لای خوا (دین الله)، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَرَأَيْتَ ٱلنَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفْوَاجًا ۝ ﴾ النصر، ناگوترێ : دینی موحەممەد ﷺ، بەڵکو دەگوترێ: میللەتی موحەممەد ﷺ ومیللەتی ئیبراهیم ؑ، واتە: ئەو

بەرنامەو ڕێبازەی لەسەری بوونە... کەواتە: دینی ئیسلام، ئەگەر پاڵبدرێتە لای خوا ، دەگوترێ: دین، بەڵام ئەگەر پاڵ بدرێتە لای موحەممەد ﷺ دەگوترێ: میللەت، واتە: ئەو ڕێبازو ئەو شێوە دینداریيەی ، کە ئەو گرتوويەتە بەرو پەیڕەویی لێکردوە.

(**حَنِيفًا**): (الحَنَفُ: هُوَ مَيْلٌ عَنِ الضَّلَالِ إِلَى الإِسْتِقَامَةِ، عَكْسُ الجَنَفِ: هُوَ مَيْلٌ عَنِ الإِسْتِقَامَةِ إِلَى الضَّلَالِ، والحَنَفُ: هُوَ المَائِلُ إِلَى ذَلِكَ)، واتە: (حَنَفْ) بریتییە لە مەیلکردنو بەلادا چوون، لە گومڕاییەوە بەرەو ڕاستە ڕێگا، بە پێچەوانەوەی (جَنَف)ەوە، وشەی (جَنَف) بریتییە لە مەیلکردنی کەسێك، بۆ وازهێنان لە گومڕاییو ڕێی لارو خوار ، بەرەو ڕاستە شەقامی خوا.

(**وَنُسُكِي**): (النّسكُ: العِبادَةُ والناسِكُ: العَابِدُ، واختصَّ بأعمالِ الحجِّ، والمناسِكُ: مواقفُ النسكِ وأعمالها، والنسيكة مختصة بالذبيحة) وشەی (نُسُك) بە مانای عیبادەتو خواپەرستیی دێ، وە (ناسِك) واتە: (عابد)، کەسێك خوا پەرست بێ، وە وشەی (نسك) تایبەتە بە کردەوەکانی حەجو عومرەوە، (مناسك)یش ئەو شوێنانەن ، کە خوا پەرستییەکانێ حەجو کردەوەکانی حەجیان تێدا ئەنجام دەدرێن، وە وشەی: (نسیکة) یانی: (ذبیحة) واتە: سەربڕاو، ئەوەی کە دەکرێتە قوربانیی.

(**خَلَٰٓئِفَ ٱلۡأَرۡضِ**): وشەی (خَلَائِف) کۆی (خَلِيفة)یە، و (خُلَفاء) کۆی (خَلیف)ە، (خَلیف وخَلِیفة) هەردووکیان بە مانای (جێنشین) دێن، خیلافەت بریتییە لە چی؟ (خِلافَة) کە زۆر کەس بە هەڵە دەریدەبڕێ، (الخِلافَة: النِّيَابَةُ عَنِ الغَيْرِ، إمَّا لِغَيْبَةِ المَنُوبِ عَنهُ، وإمَّا لِعَجْزِهُ، وإمَّا لِمَوْتِهِ، وَإمَّا لِشَرَفِ المُستخْلَفِ، وَعَلَى هَذَا الوَجْهِ ، استخْلَفَ اللهُ أَوْلِيَاءهُ فِي الأَرْضِ) وشەی (خِلافَة) بریتییە لە جێنشینایەتییکردنی جگە لە خۆت، جێنشینایەتیی کردنیش، یان لەبەرئەوە دەبێ ئەو کەسەی کە بە جێنشینی داناوە، لەوێ نییە، یان لەبەرئەوەیە کە ناتوانێ ، یان لەبەرئەوەیە کە دەمرێ، یان لەبەر ڕێزلێگرتن، یەکێك لە شوێنی

خۆی دادەنیٔو دەیەوێ ڕێزی لێبگرێ، وە لەم ڕووەیانەوەیە، کە خوا دۆستانی خۆی لە زەوییدا کردۆتە جێنشینی خۆی.

(لِّيَبْلُوَكُمْ): واتە: تاکو تاقیتان بکاتەوە، (بَلَوتُهُ: اختبَرتُهُ) تاقیم کردەوە، یانی: (كَأَنّي أَخْلَقْتُهُ مِنْ كَثْرَة اخْتبَارِي) وەك بڵێی: کە شتێك زۆر ئەزموونت کردبێو شڕت کردبێ، چونکە دەڵێ: (بَلَي الثّوبُ بِلاً وَبَلائاً: خَلِقَ) واتە: بەرگەکە، جلەکە، شڕ بوو، کۆن بوو، وە (إبتلاء) لەوەوە هاتوە ، کە شتێك تاقی دەکەیەوە، کۆنی بکەیو شڕی بکەی.

(ٱلْعِقَابِ): (العُقُوبَة، وَالـمُعَاقَبَة، وَالعِقَاب يَخْتَصّ بالعَذَاب) هەموویان بە مانای سزادان دێن.

مانای گشتی ئایەتەکان

دیارە خوای تاکی پەروەردگار ﷻ لەم سوورەتی (الأنعام)دا ، وەك زۆرجار گوتوومانە: بەتایبەت باسی یەکتایی خۆی کردوە، وە تێکهەڵکێش لەگەڵ ئەوە باسی پێغەمبەرایەتیی‌و وەحییو ڕۆژی دواییو بەهەشتو دۆزەخو، ئەوانەشی کردوە، بەڵام بەڕاستیی ئەم سوورەتە دەتوانین ناوی لێ بنێین (سورة التوحید)، سوورەتی خوا بەیەکگرتن، وە (٤٣) جار خوا لەم سوورەتەدا ، بە پێغەمبەری دەفەرموێ: (قُلْ) بڵێ، بڵێ، بڵێ...، لەم پێنج ئایەتەدا ، سێ جار وشەی بڵێ (قُلْ) هاتوە، وە ئەم پێنج ئایەتە ، وەك پوختەو گوشراوی مەبەستەکانی ئەو (١٦٠) ئایەتەی ڕابردوو، وان، چونکە ئەم سوورەتە هەمووی (١٦٥) ئایەتە، ئەو (١٦٠) ئایەتەی ڕابردوو، خوای پەروەردگار ئامانجە سەرەکییەکەی هەموویانی لەم پێنج ئایەتەدا پوخت کردۆتەوە، وە خوای کاربەجێ عادەتی وایە هەم لە سەرەتایی سوورەتەکانو ، هەم لە کۆتایی سوورەتەکان دا پوختەو ئامانجو مەبەستەکانی ئەو سوورەتانە، دەخاتە ڕوو.

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿قُلۡ إِنَّنِي هَدَىٰنِي رَبِّيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ دِينٗا قِيَمٗا مِّلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗاۚ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴾، بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: ــ لە کۆتایی هەموو ئەو قسەو باسو وتووێژکردنە لەگەڵ خەڵك دا بەگشتیو ، لەگەڵ هاوبەش بۆ خوا دانەرەکاندا، بەتایبەتی ـ تۆ بڵێ: بێگومان من پەروەردگارم ڕێنمایی کردووم بۆ ڕێیەکی ڕاستو بێ گرێو گۆڵ، ئنجا ئایا ئەو ڕێیە ڕاستو بێ گرێو گۆڵە، ئەو ڕاستە شەقامە چییە؟ ﴿دِينٗا قِيَمٗا﴾ بەرنامەیەکی چەسپاوو ڕێكو ڕاستو ڕاست ڕاگرە، ﴿قِيَمٗا﴾، هەر سێ ماناکەی هەن:

١) هەم بە مانای دامەزراو دێ.

٢) هەم بە مانای ڕاستو ڕێك دێ.

٣) وە هەم بە مانای ڕێبازێك دێ، كە كەسێك شوێنی بكەوێ، ڕێكی ڕادەگرێو ناهێڵێ بەملاولادا لابداو لە قاڵبێكی ڕاستی دەدا.

ئنجا ئایا ئەو دینە ڕێكو ڕاستو دامەزراو ڕاست ڕاگرە، ڕێبازو ڕێوشوێنی كێیە؟ ﴿ مِّلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ﴾، هەمان ڕێبازی ئیبراهیمە عليه السلام كە ئیبراهیمیش (حنیف) بووە، واتە: وازی لە هەرچی لاریی خواریی و نارێكیی هەیە، هێناوە، وە بەدوای ڕاستە شەقامی خوا كەوتوە، كەواتە: من پەروەردگارم بەرەو ڕاستە شەقامێكی ئاوا ڕێنمایی كردووم، كە سەرقافڵەی ئەو ڕێبازە ، ئیبراهیمە، ئیبراهیمیش پاكو ڕاست بووە، نە جوولەكە بووە، وە نە نەصرانیی بووە، نە هاوبەش بۆ خوا دانەر بووە، بەڵكو مسوڵمان بووە، بۆ خوا گەردن كەچێكی ساغو پاكو بێ خەوش بووە، بۆیەش خوای پەروەردگار تەئكید لەوە دەكاتەوە، چونكە هەم جوولەكەكان دەیانگوت: ئیبراهیم لە ئێمەیە، هەم نەصرانییەكان وایاندەگوت، هەم هاوبەش بۆ خوا دانەرەكانیش دەیانگوت: ئێمە لەسەر ڕێبازی ئیبراهیمین، بەڵام خوای زاناو شارەزا ، لێرەدا هەموویان بە درۆ دەخاتەوە ، دەفەرموێ: ﴿ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴾، وە ئیبراهیم لە هاوبەش بۆ خوا دانەران نەبووە.

كەواتە : سەرەتاو یەكەمجار خوا فەرمایشتەكەی خۆی ئاڕاستەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەكات، كە بە شێوەی فیكریی و تیۆریی، خوا بە یەكگرتنو ئەو هیدایەتو ڕێبازەی كە خوا ئەوی لەسەر داناوە، ڕایبگەیەنێ، ئنجا بۆ جاری دووەم پێی دەفەرموێ: كە بە شێوەی كردەیی بەندایەتیی بۆ خوا كردنو، یەكتاپەرستیی خۆی ڕابگەیەنێ، دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي ﴾ بڵێ: بێگومان نوێژم ﴿ وَنُسُكِي ﴾، (نُسك)بە مانای خوا پەرستیی دێ، بەگشتی، وە بە مانای سەربڕینیش دێ، وە بە مانای خوا پەرستییەكانی حەجیش دێ، ﴿ وَمَحْيَايَ ﴾، وە ژیانم ﴿ وَمَمَاتِي ﴾، وە مردنم

﴿لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾، هەمووی بۆ خوای پەروەردگاری جیهانەکانە، ﴿لَا شَرِيكَ لَهُۥ﴾، (ئەو) هیچ هاوبەشی نین، ﴿وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾، وە بەوە فەرمانم پێکراوە، واتە: هەر لە خۆمەوە وا ناکەم، فەرمانم وا پێکراوە، ﴿وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾، وە من یەکەمینی مسوڵمانانم، دیارە پێغەمبەری خاتەم یەکەمینی ئۆممەتەکەی بووە .

وە ئەمە ئەوەشی لێ وەردەگیرێ ، کە: من یەکەمین مسوڵمانو بۆ خوا ملکەچو گەردن کەچم، کەواتە: هیچ ئومێدێکتان بەوە نەبێ، من لەو ڕاستە شەقامە لابدەم.

پاشان بۆ جاری سێیەم دەفەرموێ: ﴿قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِى رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَىْءٍ﴾، بڵێ: ئایا جگە لە خوا، پەروەردگارێکی دیکە بخوازم، لە حاڵێکدا ئەو پەروەردگاری هەموو شتێکە؟! شتێکی زۆر بێجێیە، خوا پەروەردگاری هەموو شتێك بێ، کەچی تۆ بچی یەکێکی دیکە بکەی بە پەروەردگاری خۆت !! ﴿وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا﴾، هەر کەسێکیش هەر خراپەیەك دەکات، سەری خۆی دەگرێتەوە، کەواتە: ئەگەر من لابدەم، زەرەر لە خۆم دەدەم، ئێوەش کە لاتان داوە، زەرەر لەخۆتان دەدەن، ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾، وە هیچ گوناهبارێکیش گوناهی کەسێکی دی هەڵناگرێ، هیچ کەسێك کۆڵی گوناهانی کەسێکی دیکە، ناخاتە سەر شانی خۆی، ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ﴾، دوایی گەڕانەوەتان بۆ لای پەروەردگارتانە، ﴿فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾، هەواڵتان پێدەدات بەوەی کە تێیدا دەکەوتنە ڕاجیاییەوە لەگەڵ بڕواداران دا .

دیاره لێره ڕووی دواندنو قسەکردن، لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانە، ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَكُمۡ خَلَٰٓئِفَ ٱلۡأَرۡضِ ﴾، (خوا) ئەو کەسەیە کە ئێوەی کردۆتە جێنشینان لەسەر زەوی، ئێمە جێنشینانی کێین ؟! جێنشینی خواین ﷻ خوا تەصەڕووف کردنو دەخالەت کردنی لە کاروباری زەویی دا ، بە ئینسانان سپاردوە، ﴿ وَرَفَعَ بَعۡضَكُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ ﴾، وە خوا هەندێکتانی بەسەر هەندێکتان دا ، بە چەندان پلە بەرزکردۆتەوە، هەیە عەقڵی زیاتری پێداوە، هەیە هێزی بەدەنیی زیاتری پێداوە، هەیە ماڵو سامانی زیاتری پێداوە، هەیە هێزی دەروونیی زیاتری پێداوە، ئەمە واتایەکی .

واتایەکی دیکەشی ئەوەیە کە: خوای پەروەردگار ئیمتیازەکانی بە نێوتاندا دابەش کردوون، هەر کامێکتانی بەسەر ئەوەی دیکەدا بەرز کردۆتەوە، ئەگەر یەکێك لە ڕووی عەقڵییەوە بەهێزبێ، ئەوی دیکە لە ڕووی جەستەییەوە، ئەوەی دیکە لە ڕووی ماڵ سامانەوە بەهێزە، ئەوی دیکە لەڕووی دەروونیی و مەعنەوییەوە ، دڵی گەورەترە، هیچ کەسێك نیە ئیمتیازێکی نەبێ، شتێکی تایبەت بەخۆی نەبێ، خوای پەروەردگار شتەکانی دابەش کردوون.

ئنجا ئایا بۆچی خوا وایکردوە؟ ﴿ لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ ﴾، تاکو تاقیتان بکاتەوە لەوەدا کە پێی داون، ئایا چی لەو نیعمەتانەی خوا دەکەن ؟ پێیان لەخۆبایی دەبن ؟ پێیان لە کەوڵی خۆتان دەردەچن ؟ وە شانازیی و فەخریان پێوە دەکەن بەسەر یەکدیدا ؟ یاخود نیعمەتەکان دەگێڕنەوە بۆ لای خواو ، ئەو نیعمەتانە لە ڕەزامەندیی خوادا بەکاردێنن ؟

لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلۡعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٞ رَّحِيمُۢ ﴾، بێگومان پەروەردگارت سزای زۆر خێرایە، وە بێگومان زۆریش لێبوردەی بە بەزەییە، سزای خێرایە بۆ کەسێك کە شایستەی سزابێ، وە لێبوردەو بە بەزەییشە، بۆ کەسێك کە شایستەی بەخششو بەزەییو لێبوردنی خوای پەروەردگارە.

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: خوا لەو پێنج ئایەتەی کۆتایی سووڕەتی (الأنعام) دا ، سێ جاران بە پێغەمبەری فەرمووە :﴿ قُلْ ﴾ بڵێ، بۆ جاری یەکەم، دەفەرمویٚ:

﴿ قُلْ إِنَّنِي هَدَىٰنِي رَبِّيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسْتَقِيمٖ دِينٗا قِيَمٗا مِّلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفٗاۚ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴾، ئەمە چەند شتێکی لێ وەردەگیرێن:

یەکەم/ تۆ پێیان بڵێ، بێگومان، {چونکە ﴿ إِنَّ ﴾، بۆ تەئکیدو جەخت کردنەوەیە}، بێگومان پەروەردگاری من، خاوەنی من، منی ڕێنمایی کردوە، یاخود منی خستۆتە سەر ڕاستە ڕێیەك.

لێرەدا ئەمە وێچواندن (تشبیه)ی تێدایە ، یانی: ئەو ئایینو بەرنامەیەی کە پێغەمبەری خاتەمی ﷺ لەسەرە، وەك ڕێیەکی ڕاست وایە، کە خوای پەروەردگار بۆی ناردوە، وەك چۆن یەکێك دەستی کەسێك بگرێو بیخاتە سەر ڕێی ڕاست، واتە: خوای خاوەنم، ئەو ڕێیە ڕاستەی پێشانداومو ، خستوومیەتە سەر ئەو ڕێیە ڕاستە.

دووەم/ ئنجا پێناسەی ئەو ڕێیە ڕاستە دەکاتو دەفەرمویٚ: ﴿ دِينٗا قِيَمٗا ﴾، بەرنامەیەکی ڕاستەو چەسپاوە، وە شوێنکەوتووانی خۆشی ڕێك دەکاتو ڕاستیان ڕادەگرێ، ناهێڵێ بەملاولادا بچنو، سەرپەرشتییان دەکات.

سێیەم/ ئنجا ئەو ئایینو بەرنامە ڕاستو چەسپاوە، هی کێیە ؟! ﴿ مِّلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ ﴾، ڕێبازی ئیبراهیمە ، هەمان ئایینو ڕێباز کە ئیبراهیم ﷺ لەسەری ڕۆیشتوە، هەمان ڕێبازە.

چوارەم/ ئنجا ئایا ئیبیراهیمی سەرقافڵەی ئەو بەرنامەو ڕێبازە ، هەڵوێستی بەرانبەر ڕێچكەو كوێرە ڕێیەكان چۆن بووە ؟ ﴿ حَنِيفًا ﴾، ئیبراهیمیش پاكو بێ خەوش بووە، وازی لە هەرچی گومرایی سەرگەردانییو، هەرچی ڕێچكەو كوێرە ڕێ هەبووە ، هێناوەو، هاتۆتە سەر ڕاستە شەقامی خوا.

پێنجەم/ ﴿ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴾، وە ئیبراهیم لە هاوبەش بۆ خوا دانەران نەبووە.

لێرەدا ڕەنگە پرسیارێك لە زەینی هەندێك كەس دا دروستبێ: ئایا كە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ بەپێی ڕێبازی ئیبراهیم بەڕێوەدەچێ، مانای وانیە ئیبراهیم لە پێغەمبەری خاتەم گەورەتر بووە ؟

دەڵێین: نەخێر.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە كە ئەو ڕێبازی ئیسلامە ، كە پێغەمبەری خاتەم (موحەممەد)ی ﷺ لەسەر دەڕوات، شتێكی داهێنراو نیە، شتێكی تازە نیە، بەڵكو ڕەگو ڕیشەی بە قووڵایی مێژوودا چۆتە خوار، پیاوێكی گەورەی وەك ئیبراهیم كاتی خۆی لەسەر ئەو ڕێبازە بووە، لە ڕۆژگاری خۆیدا ئیبراهیم سەرقافڵەی ئەو كاروانو ئەو ڕێیە بووە.

كەواتە: ئێوە ئەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەكان، وە ئەی جوولەكەكانو نەصرانییەكان ! وە ئەی هەموو ئەوانەی كە خۆتان بە خاوەنی بەرنامەیەكی ئاسمانی دەزانن ! ئەو ڕێبازەی موحەممەد ﷺ لەسەریەتی، ئەو دینەی كە ئەو بۆی هاتوە: هەمان بەرنامەو ڕێبازی ئیبراهیمە سەلامی خوای لێ بێ.

ئنجا بۆ زانیاریتان ! هەموو خاوەن بەرنامە ئاسمانییەكان، هەموو خاوەن كتێبە ئاسمانییەكان ، شانازیی بە ئیبراهیمەوە دەكەن، جوولەكە عیسایان قبوول نیەو، نەصرانیی موحەممەد ﷺیان قبوول نیەو، لەنێو خۆیاندا ، پەیڕەوانی هەر بەرنامەیەك ئەوی دیكەیان قبوول نیە، بەڵام هەموویان ئیبراهیمیان قبووڵە، بە صابیئەكانیشەوەو، هەموشیان شانازیی بە ئیبراهیمەوە دەكەن، بۆیە خوای پەروەردگار ئەوەندە مەدحی ئیبراهیم دەكات.

وە بێگومان ئیبراهیمیش ﷺ لە زۆر ڕووەوە دەشوبهێتە پێغەمبەری خاتەمەوە ﷺ، مووسا ﷺ پێغەمبەری بەنی ئیسرائیل بووە، عیسا ﷺ تایبەت بووە بە بەنی ئیسرائیلەوە، داوود ﷺو سولەیمان ﷺ بە هەمان شێوە، پێغەمبەرێکی دیکە لە شوێنی دیکە بووە، یەکی دیکە تایبەت بووە بە شوێنێکی دیکەوە، بەڵام ئیبراهیم لە عێراق بووە، لە شام بووە، لە حیجاز بووە، لە میسر بووە، پێغەمبەرێکی جیهانییو نێو نەتەوەیی بووە ، پێغەمبەرێك بووە ، هەرچی دەستی گەیوەتێ ، بگرە هەرچی دەنگی گەیوەتێ ، بانگی کردوە بۆلای خوای پەروەردگار، وە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کە جگە لە خوایان پەرستوە، هەر لە بتو صەنەمەوە، بۆ خرۆکەو مانگو خۆر، هەتا حوکمڕانێکی ماهورو پادشایەکی ستەمکاری وەك نەمروود، لەگەڵ هەموویان دا تێکگیراوەو شەڕەقسەی کردوە.

سێ جۆرە سەرەکییەکەی هیدایەتی خوا

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ هَدَىٰنِي رَبِّيٓ ﴾، پەروەردگارم منی ڕێنمایی کردوە، بۆ زانیارییتان هیدایەت سێ جۆرە:

١ / (الهداية التكوينية): واتە: ڕێنماییکردنی خوا بۆ دروستکراوەکانی بەگشتیی، هەر لە گەردیلەوە تا کەهکەشان، هەر لە ئەمیباوە تا ئینسان، هەر لە جندو فریشتەوە، هەتا تێکرای ژیانداران و ڕووەك .

وەك خوای پەروەردگار لە سوورەتی (الأعلى)دا ، باسی ئەو جۆرە هیدایەتەی خۆی دەکات، واتە: کە خوا هەموو دروستکراوەکانی خۆی خستۆتە سەر ڕێی ڕاست، دەفەرموێ: ﴿ سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ١ ٱلَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ ٢ وَٱلَّذِي قَدَّرَ فَهَدَىٰ ٣ ﴾، واتە: ناوی ئەو پەروەردگارە بەرزەت بە پاك بگرە ، کە هەموو شتێکی بە ڕێكو پێکیی دروستکردوە، وە هەموو شتێکی ئەندازەگیریی کردووەو ڕێنماییشی کردوە.

هەروەها لە سوورەتی (طه)دا ، كە فیرعەون بە مووسا دەڵێ: ﴿ قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَٰمُوسَىٰ ﴿٤٩﴾ ﴾، (فیرعەون) گوتی: پەروەردگاری ئێوە كێیە ئەی مووسا ؟ مووسا لە وەڵام دا دەفەرمویٚ: ﴿ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِيٓ أَعۡطَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ خَلۡقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴿٥٠﴾ ﴾ طه، گوتی: پەروەردگارمان ئەو كەسەیە، كە بوونی بە هەموو شتێك بەخشیوە، دوایی ڕێنماییشی كردوە، ئەو هیدایەتە بریتیە لە هیدایەتی (تكويني) یانی هیدایەتی گشتی (الهداية العامة) ، كە خوای پەروەردگار هەموو دروستكراوەكانی خۆی، كە وەك گوتم : هەر لە گەردیلەوە تا كەهكەشانەكان، كە گەردیلە بچووكترین شتە كە ئێمە بزانین[1] ، وە كەهكەشان (مجرة) یان هێشووە كەهكەشان (السديم) ، گەورەترین شتە، هەموویان لەلایەن خواوە یاساو سیستەمیان بۆ دانراوەو لێی لانادەن.

٢ / (الهداية التشريعية): ڕێنمایی یاسا دانان، كە ئەوەش تایبەتە بە ئینسانو جندەوە، وەك خوا پەروەردگار لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرمویٚ: ﴿ شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ هُدٗى لِّلنَّاسِ ﴿١٨٥﴾ ﴾، واتە: ئەو مانگی ڕەمەزانەی كە قورئانی تێدا نێردراوەتە خوار، ڕێنماییە بۆ خەڵك بەگشتی، بۆ كافرو مسوڵمان، ئەوەش هیدایەتی بەرنامە دانان.

٣ / (الهداية التوفيقية): ڕێنمایی هاوكارییكردن، ئەویش ئەوەیە كە دوای ئەوەی ئینسان هیدایەتی تەشریعیی خوا قبووڵ دەكات، خوا هیدایەتێكی زیادەی دەداتێ، وەك لە سوورەتی (محمد)دا دەفەرمویٚ: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ زَادَهُمۡ هُدٗى وَءَاتَىٰهُمۡ تَقۡوَىٰهُمۡ ﴿١٧﴾ ﴾، وە ئەوانەی هیدایەتی گشتیی خوایان قبووڵ

---

١) دیارە گەردیلە (ذرة: Atom)ش لە سێ بەشی سەرەكیی پێكهاتوە، كە بریتین لە: ئەلكترۆنو پرۆتۆنو نیترۆنو، تەنۆلكەی بچووكتریش لەنێو گەردیلەدا هەن.

كردوە، (زَادَهُمۡ هُدٗى وَءَاتَىٰهُمۡ تَقۡوَىٰهُمۡ) هیدایەتیان بۆ زیدە دەكات، یانی: هیدایەتی تایبەتیشیان پێ دەبەخشێ ، كە بریتیە لە تەوفیق‌و دڵ وەچەرخان بەرەو چاكەو، دڵ نەرم بوون بۆ تاعەتو ، دڵ ڕۆشنیی‌و بەرچاو ڕۆشنیی، وە پارێزكاریی تایبەتییشیان پێ دەدات.

ئنجا دیارە كە پێغەمبەر دەفەرموێ: ﴿إِنَّنِي هَدَىٰنِي رَبِّيٓ﴾، مەبەست پێی جۆری دووەم‌و سێیەمیەتی، هەم جۆری دووەم كە خوا بەرنامەیەكی بۆ ناردوە، هەم جۆری سێیەم كە خوا یارمەتی داوەو ، دڵی خستۆتە سەر ئەو ڕاستە شەقامە.

ئنجا كە دەفەرموێ: ﴿وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾، وە ئیبراهیم لە هاوبەش بۆ خوا دانەران نەبووە، لە سوورەتی (آل عمران)دا دەفەرموێ: ﴿مَا كَانَ إِبۡرَٰهِيمُ يَهُودِيّٗا وَلَا نَصۡرَانِيّٗا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفٗا مُّسۡلِمٗا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٦٧﴾، واتە: ئیبراهیم نە جوولەكە بووەو نە نەصرانیی بووە، بەڵكو وازهێنەر بووە لە هەرچی بیری چەوتە، وە بۆ خوا ملكەچ بووە، وە لە هاوبەش بۆ خوا دانەران نەبووە.

مەسەلەی دووەم: خوا بۆ جاری دووەم بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦٢ لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ﴾، ئەمە چەند شتێكی لێ وەردەگیرێن: لە ئایەتی پێشێدا، خوا ﷻ بە پێغەمبەری ﷺ فەرمووە : كە بەو خەڵكە ڕابگەیەنێ : خوا ئەوی هیدایەت داوە، وە خستوویەتە سەر ڕاستە شەقامێك‌و، مشووری لێ خواردوە ، لە ڕووی فیكریی‌و عەقیدەیی‌و تیۆرییەوە، بەڵام ئەمجارە لە ڕووی كردەییەوە، خوا پێی دەفەرموێ : بەندایەتیی كردەیی خۆت بەوان ڕابگەیەنە بۆ خوا، كە تۆ بەندەی خوای، هەموو شتێكت بۆ خوایە بە كردەوە، ئەویش لە چوار برگەدا دەخاتەڕوو:

أ) ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي ﴾، تۆ بلێ: من نوێژم.

ب) ﴿ وَنُسُكِي ﴾، وە خـوا پەرسـتییم، یاخـود قوربـانیی سـەربڕینم، یاخـود خـوا پەرستییەکانی حەجم، هەر سێ واتـاکەی هەن.

ج) ﴿ وَمَحْيَايَ ﴾، وە ژیـانـم.

د) ﴿ وَمَمَاتِي ﴾، وە مردنـم.

﴿ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾، بۆ خـوای پەروەردگـاری جیهـانەکانە، ﴿ لَا شَرِيكَ لَهُ ﴾، ئـەو هـیچ هـاوبەشی نـین، ﴿ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ ﴾، وە بـەوە فـەرمانم پێکـراوە، وە من یەکـەمینـی مسولْمانانـم .

(صـلاة) و (نُسُـک) کـە لێـرەدا پێکـەوە هـاتوون، لـە سـوورەتی (الکوثر)یـش دا پێکەوە هاتوون، خـوا دەفـەرموێ: ﴿ إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ ۝١ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ ۝٢ ﴾، واتـە: ئێمە (کـوثر)مان بە تۆ داوە، واتـە: چاکـەو نیعمەتێـکی زۆر (الخیـر الکثیـر) یاخـود: ڕووبارێـکە لە بەهەشت دا (نَهْـرٌ فِـي الجَنَّـةِ)[1].

ئنجا نوێـژ بۆ پەروەردگارت بکـەو ، قوربانیی بۆ سـەرببـڕە .

دەگونجێ لێرەدا مەبەست ئەوەبێ: ﴿ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي لِلَّهِ ﴾، نوێـژ کردنـمو قوربانیی سـەر بڕینم، بۆ خـوایـە.

یاخود (نُسُـک) دەگونجێ مەبەست پێـی خواپەرسـتیی بێ ، بەگـشـتی، نوێـژیش تایبەتترین جۆری خـوا پەرستییە، واتـە: مـن خـواپەرسـتیی گشتییو خـواپەرسـتیی

---

١) ﴿عن أنس بن مالـك عن النبـيّ ﷺ ، أنه قـال : بَيْنـا أنـا أَسيـرُ فـي الجنّـة ، إذا بِنَهـرٍ حافَتـاهُ قُبـاب الدرِّ المجوَّف، قلت : ما هذا يـا جبريـلُ ؟ قـال : هـذا الكوثـر الّذي أعطـاك ربُّـك ...﴾ ، رواه البخاري: (١١ / ٤١٢)، و رواه مُسْلِمٌ وأحمد بلفظ آخر قريب ..

تایبەتییم، بەس بۆ خوایە .

﴿وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي﴾، لە زمانی عەرەبییدا ئەسڵی خۆی (حیاة و موت)ن، (مَحْیا ومَماة)یان لێ دروست كراون، یاخود: (إسما زمانٍ من: حَيَّ ومات) ناوی كاتن لە: (ژیا) وە (مرد)، واتە: ئەگەر (مصدر میمیّ) بن، واتە: من ژیانو مردنم بۆ خوایە، بەڵام ئەگەر ناوی زەمانیش بن، واتە: هەرچی لە ژیانمدا دەیكەمو ، هەرچی لە كاتی مەرگ دا دەیكەم، بۆ خوایە.

كەواتە: كردەوەكانی ژیانو مردن، یاخود ئەوەی كە لە حاڵەتی ژیانو مردنمدا بەسەرم دا دێ ، بۆ خوایە، خۆم بۆ خوا یەكلا كردۆتەوە.

ئنجا یەكێك ڕەنگە بڵێ : باشە ئینسان دەتوانێ ژیانەكەی بۆ خوا بێ، ئەدی مردنەكەی چۆن بۆ خوا دەبێ ؟ وەڵامەكەی ئەوەیە كە: ئاگات لە ژیانەكەت بێ ، مردنەكەشت یەكسەر بە دوای ژیانەكەتدا دێ، ئینسان لەسەر چی ژیا، لەسەر ئەوەش دەمرێ، وە لەسەر چیش بمرێ، لەسەر ئەوەش زیندوو دەبێتەوە .

وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ﴿يُبْعَثُ كُلُّ عَبْدٍ عَلَى مَا مَاتَ عَلَيْهِ﴾[1]، واتە: هەموو بەندەیەك لەسەر ئەوە زیندوو دەكرێتەوە ، كە لەسەری مردوە، كەواتە: كە دەفەرموێ: ژیانو مردنم بۆ خوایە، یانی: من ژیانەكەم بەو شێوەیە بە ڕێ دەكەم، كە دینی خوا دەیخوازێ، كە ژیانەكەت بەو شێوەیە بە ڕێ كرد، كۆتایی ژیانەكەشت كە مەرگەكەیە ، بەو شێوەیە دەبێ، وە هەر لەسەر ئەوەش زیندوو دەكرێیەوە .

﴿لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾، بۆ خوای پەروەردگاری جیهانەكانە، لێرەدا یەكێك بۆی هەیە بڵێ: ئنجا باشە خۆ ئەو شتانە هەر هی خوان؟ وەڵامەكەی ئەوەیە: كە من بۆ خوا ئەنجامیان دەدەم، دەنا هەموو شتێك هەر هی خوایە، بەڵام تۆ بە نیەتی خۆت نوێژەكەت بۆ خوا دەكەی، دەنا هەموو شتێك هەر خوا خاوەنیەتی، بەڵام

١) أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٨٧٨)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٧٣١٩)، وابنُ مَاجه برقم: (٤٢٣٠).

تۆ دەتوانی کە نوێژەکەت بۆ خوا نەبێ، بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵکت بێ، خوا پەرستییەکانی دیکەت ، دەگونجێ بۆ ڕیابازیی‌و سەرنج ڕاکێشانی خەڵکت بن، ژیانەکەت بەو شێوەیە نەبێ کە خوا پێی خۆشە.

لێرەدا دەمەوێ قسەیەکی جوانی (محمد الطاهر بن عاشور) بێنم کە لە تەفسیرەکەیدا[١] دەربارەی پێغەمبەر ﷺ گوتوویەتی، دەڵێ: (وَيَجُوزُ أَنْ يَكُون الـمُرَاد مِنَ الـمَمَاتِ مَا يحصل للرَّسُول عَلَيهِ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم بَعْدَ وَفَاتِهِ مِنْ تَوجُّهاته الرّوحيَّة نَحْو أمّته ، بالدُّعاء لَهُمْ ، وَالتَّسْلِيم عَلَى مَن سَلَّمَ عَلَيْهِ مِنْهُم، وَالظّهُور لِخَاصَّة أمَّته فِي الـمَنَام، فَإِنَّ للرَّسُول بَعْدَ مَمَاتِهِ أَحْكَام الحيَاةِ الرّوحيَّة الكَامِلَة كَمَا وَرَدَ فِي الحَدِيث : "إِذَا سَلَّمَ عَلَيَّ أَحَد مِنْ أُمَّتِي رَدّ الله عَلَيَّ رُوحِي فَرَدَدْتُ عَلَيْهِ السَّلاَم" وَكَذَلِكَ أعْمَاله فِي الحَشْر مِنَ الشَّفَاعَةِ العَامَّةِ وَالسُّجود لله في عرصات القيَامَة، فتلك أعمال خاصة به ﷺ وَهِيَ كُلّها لله تَعَالى لأنَّها لنفع عَبيده، أَوْ لِنَفع أتباع دينه الّذِي ارْتَضَاهُ لَـهُمْ، فَيَكُون قَوْلَـه: "وَمَمَاتِي" هُنَا نَاظراً إلى قوله في الحديث : ﴿حَيَاتِي خَيْرٌ لَكُمْ ومَمَاتي خَيْرٌ لَكُمْ﴾[٢] واتە: دەشگونجێ مەبەست لەوە کە دەفەرموێ: ژیان‌و مردنم بۆ خوایە، مەبەست ئەوەبێ کە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دوای مردنی، دوای پێغەمبەر دێتە دی، کە بریتیە لە گرنگیدانی ڕووحیی پێغەمبەر ﷺ بە ئۆممەتەکەی، کە دوعایان بۆ دەکات، وە سەلام دەکات ، لە هەر کەسێك کە سەلامی لێ بکات، وە لە خەونـدا دەردەکەوێ بۆ کەسانی تایبەت لە ئۆممەتی {جاری وایە لە خەوندا ئاراستەیان دەکات : وابکرێ وانەکرێ}[٣]، چونکە پێغەمبەر ﷺ لە دوای مردنیشی هەموو یاساکانی ژیانی ڕووحی بەتەواویی هەیە، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺدا هاتوە: ئەگەر یەکێك لە ئۆممەتم سڵاوی لێم کرد، خوا ڕووحەکەم بۆ دەگێڕێتەوە، تاکو منیش وەڵامی سەلامەکەی دەدەمەوە، هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە قیامەت شەفاعەتی گشتیی دەکات، وە سەجدە دەبات لە قیامەت داو ، لە خوای

١) التحرير والتنوير، ج٤، ص٢٠٢.

٢) التحرير والتنوير، ج٤، ص٢٠٢.

٣) ئەوەی نێوان کەوانەکان، زیادکردنی خۆمە.

پەروەردگار دەپارێتەوەو مەدحو سەنای خوا دەکات، ئەوانەش کردەوەی تایبەتن بە پێغەمبەرەوە ﷺ هەمووشیان بۆ خوان، بەڵام سوودی بەندەکانی خوای تێدایە، سوودی شوێنکەوتووانی ئەو ئایینەی کە بۆی پەسەند کردوون، تێدایە، بۆیە کە دەفەرموێ: مردنیشم بۆ خوایە، مەبەستی پێی ئەوەیە کە لە فەرمایشتدا هاتوە: ﴿حَيَاتِي خَيْرٌ لَكُمْ ، وَمَمَاتِي خَيْرٌ لَكُمْ﴾ واتە: ژیانم بۆ ئێوە خێرە، مردنیشم بۆ ئێوە خێرە، واتە: لە دوای مردنیشم خێری من هەر دێ، {ئاراستەکردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئۆممەتی دوای مردنیشی هەر بەردەوامە !}[1].

بەڵام بە تەئکید ئەوەی کە یاساکانی شەریعەتی لێوەردەگیرێن، تەنیا ئەو قورئانو سوننەتەن، کە پێغەمبەر ﷺ رایگەیاندوون، ئەدی خەون؟! پێغەمبەر ﷺ بۆخۆی فەرموویەتی: ﴿لَمْ يَبْقَ مِنَ النُّبُوَّةِ إِلا الْمُبَشِّرَاتِ ، قَالُوا: وَمَا الْمُبَشِّرَاتُ؟ قَالَ: الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ﴾[2]، واتە: جگە لە دڵخۆشکەرەکان هیچ شتێك لە پێغەمبەرایەتیی (دوای من) نەماوەتەوە، گوتیان: دڵخۆشکەرەکان چییە ؟ فەرمووی: خەونی چاکە .

وەك دەبنیین: پێغەمبەری خوا ﷺ ناوی لێناوە (مبشرات) مـوژدەدەرو دڵخۆشکەر.

کە دەفەرموێ: ﴿وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ﴾، یانی: ئەوە فەرمانی خوایەو رێنمایی خوایەو ، لەخۆمەوە ئەوانە ئەنجام نادەم ، ﴿وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾، وە من یەکەمینی مسوڵمانانم، ئاشکرایە کە هەموو پێغەمبەرێك یەکەمین مسوڵمانی ئۆممەتەکەی بووە، ئەدی بۆچی لێرەدا خوا وادەفەرموێ؟ لێرەدا مەبەست پێی نائومێدکردنی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانە، لەوەدا کە هیچ تەماعێکیان لە پێغەمبەر ﷺدا نەبێ ، کە دەستبەرداری ئایینەکەی ببێ، وە بە دوای وان بکەوێ، واتە: من یەکەمین مسوڵمانم، یەکەمین ملکەچکەرم بۆ خوا، کەواتە: هیچ

---

١) ئەوەی نێوان کەوانەکان، زیادکردنی خۆمە.
٢) أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (٦٩٩٠).

ئومێدیێكـتان بەمـن نەبـێ ! دەشـتوانین بڵێیـن: كـە پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرموێ: ﴿وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾، یانـی: پێغـەمبـەری خـوا ﷺ لە ڕووی كاتـەوە، بەڵـێ پـێش هـەموو ئۆممـەتی كەوتۆتـەوە، بـەڵام پـێش پێغـەمبـەرانی دیكەو ئۆممـەتانی دیكە نەكەوتۆتـەوە، بەڵام لە ڕووی پایـەو پلەوە، بێگومان پێش هەموویان كەوتۆتـەوە، بـۆ وێنـە : ئەگـەر لە شـوێنێك زانكۆیەك هـەبێ، هەموو ساڵێك قوتابییەكانـی: (٩٨، ٩٩) پلـە (درجـة) بێنـن، بەڵام دوایی قوتابییـەك لە یەكێك لە دەورەكانـدا (١٠٠) بێنـێ، یان لە سەد زیاتر بێنـێ، دەگونجـێ بڵێین: فڵان كەس یەكـەمی ئەو زانكۆیەیە، هـەر لـەو ڕۆژەوە كە زانكۆ دامەزراوە، با سەد ساڵیش بێ دامەزرابـێ، بۆچی؟! چونكە لـە مـاوەی سـەد ساڵ لەمەو پێش ، هیچ كەس ئەو پلـەیەی نەهێنـاوە، ئنجا ئەوە پێی دەگوترێ: ڕیـزبەندنیی پلـەو پایـە (الترتیبُ الرُّتبِيُّ)، ئنجا ئەوە بـە هـەمان شـێوەش لـە ڕووی پێگـەو پلـەوە: پێغـەمبـەری ئێمـە ﷺ یەكەمیـن مسوڵـمانە، چونكـە: هـەموو پێغـەمبەرانی دیكە بۆ خوا ملكەچتـر بووەو، لە پێش هەموویانەوەیە لە ڕووی پێگەو پلەوە، بەڵام لە ڕووی زەمەنەوە، دیارە كە تەنیا لە پێش ئۆممـەتی خۆیەتـی.

هـەموو پـێغـەمبـەران (علیهم السلام) بە (مسلم) وەسـف كراون :

جێـی سـەرنجە كـە خـوای پەروەردگـار هـەموو پێغـەمبـەرانی (علیهم الصلاة والسلام) بە (مسلم) ناوزەنـد كردوون، واتە: هەموو پێغـەمبـەران مسوڵـمان بوونـە، بـۆ خـوا ملكـەچ بوونـە، وە دینـی هـەموویان تەنیـا ئیسلام بـووە، یانـی: كـە خـوا دەفـەرموێ: ﴿وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ۚ ﴿٣﴾﴾المائـدة، واتـە: ئیسـلامم بـە بەرنـامە بۆ هەڵبـژاردوون، بـۆ پەسـەنـد كـردوون، كەواتـە: ئیسـلام ئایینـی هـەموو پێغـەمبـەران بووە، با تەماشا بكـەین:

١/ پێغـەمبـەر نووح علیه السلام لە سوورەتی (یـونس)دا دەفـەرموێ: ﴿فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَمَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ ۖ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾

﴿٧٢﴾، واتە: ئەگەر پشتتان هەڵکرد، هیچ کرێیەکم لێ داوا نەکردوونە، پاداشتم تەنیا لەسەر خوایە، وە من فەرمانم پێکراوە کە لە مسوڵمانان بم.

٢/ بە نسبەت ئیبراهیمیشەوە ﷺ، لە سوورەتی (البقرة)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبْرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَـٰبَنِىَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٣٢﴾ ﴾، وە ئیبراهیم وەسیەتی کرد بۆ نەوەکانی، هەروەها یەعقووبیش (گوتی): ئەی رۆڵەکانم ! خوا ئایینی بۆ هەڵبژاردوون، بە مسوڵمانەتیی نەبێ مەمرن.

واتە: ئیبراهیمیش و یەعقووبیش و کوڕەکانیشیان، هەموویان مسوڵمان و ملکەچ بوون بۆ خوا.

٣/ پێغەمبەر یوسف ﷺ لە ئایەتی (١٠١)ی سوورەتی (یوسف)دا دەفەرموێ: ﴿ رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِى مِنَ ٱلْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِى مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ فَاطِرَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَنتَ وَلِىِّۦ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ تَوَفَّنِى مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِى بِٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿١٠١﴾ ﴾ یوسف، واتە: پەروەردگارم ، تۆ موڵك و دەسەڵاتت پێدام، وە لە تەعبیری خەون شارەزات کردم، ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی ! تۆ سەرپەرشتیارو مشوورخۆرمی لە دنیاو دوارۆژدا، بە مسوڵمانەتیی بممرێنە، وە بە صاڵحانم بگەیەنە.

٤/ هەروەها مووسا ﷺ لە سوورەتی (یونس)دا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ يَـٰقَوْمِ إِن كُنتُمْ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُوٓا۟ إِن كُنتُم مُّسْلِمِينَ ﴿٨٤﴾ ﴾یونس، واتە: مووسا گوتی: ئەی گەلەکەم ! ئەگەر ئێوە ئیمانتان بە خوا هێناوە، تەنیا پشت بە خوا ببەستن، ئەگەر مسوڵمانن.

٥/ هەروەها سەرجەم پێغەمبەرانی جوولەکەکان، لە سوورەتی (المائدة) خوا لەبارەیانەوە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَا ٱلتَّوْرَىٰةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا

ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ ...﴿٤٤﴾ ﴾،
واتـە: ئێمـە تەوراتمـان ناردبووە خـوار، ڕێنمـایی ڕۆشـنایی تێدا بـوو، پێغەمبەرانێك كە بۆ خوا مسوڵمانو ملكەچ بوون، حوكمیان پێ دەكرد، بۆ ئەوانەی كە جوولەكەن، هەروەها مشوورخۆرانو زانایانی نێو جوولەكەكانیش .

(رّبانیون) واتـە: ئەو زانایانەی كە حوكمڕان بوون، (أحبار)یش ئەو زانایانەی كە دەسەڵاتیان نەبوو.

٦/ هەروەها خوا دەربارەی حەوارییەكانی پێغەمبەر عیسا ﷺ لە سوورەتی (المائدة)دا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذۡ أَوۡحَيۡتُ إِلَى ٱلۡحَوَارِيِّـۧنَ أَنۡ ءَامِنُواْ بِي وَبِرَسُولِي قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَٱشۡهَدۡ بِأَنَّنَا مُسۡلِمُونَ ﴿١١١﴾ ﴾، واتە: وە یادبكەوە ! كاتێك وەحییم كرد بۆ حەوارییەكان، {واتە: برادەرو هاوەڵە دانستەكانی عیسا ﷺ كە دوازدە كەس بوون بە ڕای زۆربەی زانایان}[١]، پێمگوتن: كە ئیمان بەمنو بە پێغەمبەرەكەم بێنن، گوتیان: ئیمانمان هێناوە، تۆ شایەدبە، كە ئێمە مسوڵمانین.

بۆیەش پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ﴿الأَنْبِيَاءُ إِخْوَةٌ لِعَلاَّتٍ، أُمَّهَاتُهُمْ شَتَّى، وَدِينُهُمْ وَاحِدٌ﴾ {أَخْرَجَهُ أَحْمَدُ بِرقم: (٩٩٧٥)، وَالبُخَارِيُّ بِرقم: (٣٢٥٨)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (٢٣٦٥)، وَأَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٤٦٧٥)}، واتـە: پێغەمبەران برانو كوڕی چەند دایكێكینو یەك بابیان هەیە، وە ئایینەكەیانو بەرنامەكەیان یەكە. {بەڵام دیارە لەگەڵ وردەكاریی جۆراو جۆردا}[٢].

مەسەلەی **سێیەم**: كە دەفەرموێ: ﴿ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَبۡغِي رَبّٗا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيۡءٖۚ وَلَا تَكۡسِبُ كُلُّ نَفۡسٍ إِلَّا عَلَيۡهَاۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرۡجِعُكُمۡ

---

١) ئەوەی نێوان كەوانەكان، زیادكردنی خۆمە.

٢) ئەوەی نێوان كەوانەكان، زیادكردنی خۆمە.

﴿فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾، بە پێغەمبەر دەفەرموێ ، بە شێوەی پرسیاری نکوولّیی لێکەرانە: پێیان بڵێ: ئایا جگە لە خوا بە پەروەردگار بخوازم کە ئەو پەروەردگاری هەموو شتێکە ؟

چەمك و واتای وشەی (ربّ)

وشەی (ربّ) لە زمانی عەرەبییدا دەڵێ: (الربّ فِي الأَصْل: التربية وهو إنْشاء الشيء حالاً فحالاً إلى حَدّ التَّمَام، يُقَالُ رَبَّه وَرَبّاه وَربَّبَه) وشەی (رب) لە بناغەدا بەمانای پەروەردەکردنە، ئەویش بریتییە: لەوەی کە شتێك قۆناغ بە قۆناغ پێ بگەیەنرێ، هەتاکو تەواو دەبێ و کامڵ دەبێ، دەگوترێ: (رَبّه وَرَبّاه وَربَّبه) هەرسێکیان بە یەك مانا دێن، واتە: پەروەردەی کردو پێی گەیاند، صەفوانی کوڕی ئومەیە کاتی خۆی لە جەنگی (حنین)دا بە ئەبو سفیانی گوت: (لَئِن يَرُبَّني رجلٌ من قريش، أحَبُّ اليَّ من أنْ يَرُبَّني رجل من هوازن) واتە: ئەگەر پیاوێك لە قوڕەیش سەرپەرشتییم بکات (مەبەستی پێغەمبەر بووە)، لەلام خۆشەویستترە لەوە کە پیاوێك لە (هوازن) (تیرەیەکی دیکەی عەرەبەکانە) سەرپەرشتییم بکات، هەڵبەتە وشەی (ربّ) چاوگ (مصدر)ە، بەڵام خوازراوەتەوە بۆ بکەر (فاعل)، وە جگە لە خوا بە ڕەهایی بە کەس ناگوترێ پەروەردگار، چونکە هەر خوای بەرز سەرپەرشتیی هەموو دروستکراوەکان دەکاتو، بەرژەوەندییەکانیان دێنێتە دی.

خاوەنی (المعجم الوسيط) هەشت مانای بۆ وشەی (ربّ) هێناون: (الربّ: إسم الله تعالى ولا يقال (الربّ) في غير الله إلا بالإضافة، والمالك، والسيد، والمربِّي، والقيِّم، والمُنْعِمُ، والمُدَبِّر، والمُصْلِحُ وجمعه أرباب وربوب)[1]:

(ربّ) : (١) ناوی خوای بەرزەو، بۆ غەیری خوای پەروەردگار بەکارنایەت، مەگەر پاڵ بدرێتە لای شتێك، {وەك: (رب الإبل، رب البيت) یان کە بە ئافرەت دەگوترێ (ربة البيت) یانی کابان، ئەگەر پاڵبدرێتە لای شتێك قەیناکات، بەڵام

---

١) ص : ٣٢١.

بە موتڵەقیی نابێ بە کەس بگوترێ (ربّ)}[1]، وە: (٢) خاوەن، وە: (٣) سەرۆك، وە: (٤) پێگەیەنەر ، وە: (٥) سەرپەرشتیار ، وە: (٦) چاکە لەگەڵداکار، وە: (٧) مشووورخۆر ، وە: (٨) چاککەر، (کاروباری کەسێك و شتێك چاك بکات) ، وە کۆی (ربّ)یش (أرباب)ە ، وە (ربوب)ە.

کەواتە شتێکی نەگونجاوە لە کاتێکدا خوای پەروەردگار سەرپەرشتیارو خاوەنی هەموو شتێکە، ئێمە شتێکی دیکەی جگە خوا، یان کەسێکی دیکەی جیا لە خوا، بکەینە پەروەردگار.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا﴾، هیچ کەسێك ئەو خراپەیەی کە دەیکات ، بێجگە لە خۆی زیانی بۆ کەسی دیکە نیە.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە: کە ئێوە ئەو گوناهانەی کە دەیانکەن، وامەزانن زیانیان بۆ من هەیە، ئەگەرنا بێگومان جاری وایە کەسێك گوناح دەکات، زیانی بۆ خەڵکی دیکەش هەیە، بەلاَم لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە خۆتان بە تەنیا، تەحەممولی سەرەنجامی غەڵەت و پەڵەت و گوناح و کوفرو شیرکی خۆتان دەکەن، کە بەقسەم ناکەن.

وشەی (کسب)یش لە قورئاندا بۆ چاکە بەکارهاتوە، وەك خوا لە سوورەتی (البقرة)دا خوا دەفەرموێ: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ ۝٢٨٦﴾، واتە: .. هەر نەفسێك ئەو چاکەیەی کە دەیکات، قازانجی بۆخۆیەتی، وە ئەو خراپەیەی کە دەیکات زیانی بۆخۆیەتی، وشەی: ﴿كَسَبَتْ﴾، بۆ چاکە، بەلاَم وشەی: ﴿ٱكْتَسَبَتْ﴾، بۆ خراپە بەکارهێنراون، چونکە چاکە لەگەڵ فیترەتدا دەگونجێ و، هیچ زەحمەتی ناوێ، بەلاَم خراپە زەحمەتی دەوێ، تەکەللوفە .

---

١) ئەوەی نێوان کەوانەکان، زیادکردنی خۆمە.

ئنجا ئایا لێرەدا چۆن دەزانین وشەی: ﴿ كَسَبَتۡ ﴾، بۆ خراپەیە ؟ بە هۆی وشەی ﴿ عَلَى ﴾ وە: ﴿ وَلَا تَكۡسِبُ كُلُّ نَفۡسٍ إِلَّا عَلَيۡهَا ﴾، چونکە ﴿ عَلَى ﴾، بۆ زیانە، کەواتە: هەر کەسێك گوناهێك بکات ، سەری خۆی دەگرێتەوە.

ئنجا ئایا بۆچی لێرەدا وشەی : ﴿ كَسَبَتۡ ﴾ی، بەکارهێناوە ؟ چونکە ئەوانە هێندە لەسەر خراپە بەردەوام بوون، لێیان بۆتە تەبیعەتو زۆر بە ئاسانیی خراپە دەکەن !.

دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰ ﴾، هیچ گوناهبارێك گوناهی کەسێکی دیکە هەڵناگرێ، واتە: وەك چۆن گوناهی کەس بۆ کەس ناچێ، کەسیش گوناهی کەس هەڵناگرێ.

ئنجا ئەوە ئەوپەڕی دادگەریی خوای پەروەردگارە، کە کەس گوناهی کەس هەڵناگرێ، هەڵبەتە لێرەدا مەبەست پێی ئەوەنیە کە کەسێك کەسێك گومڕا بکات، لە گوناهەکەی دا بەشدار نەبێ ! چونکە گومڕاکردنەکەی گوناهێکەو دێتە ئەستۆی ! بەڵام مەبەست ئەوەیە: ئایا ئەگەر کەسێك لەوپەڕی دنیا قەتڵێك دەکاتو ئاگات لێ نیە، دەبێ بێتە ئەستۆی تۆ ؟ یان: کوڕێك، کچێك هەڵەیەك دەکات، بابو دایکەکە بەبێ ئەوەی کە کەمتەرخەم بووبن لە پەروەردەکردنیدا، ئایا گوناهەکەی دێتە ئەستۆیان؟ نەخێر، لێرەدا مەبەست ئەو حاڵەتانەیە.

ئنجا کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرۡجِعُكُمۡ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ﴾، (وِزۡر) واتە: (حِمْل) کۆڵ، ئەوەی کە ئینسان بە پشت هەڵیدەگرێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَهُمۡ يَحۡمِلُونَ أَوۡزَارَهُمۡ عَلَىٰ ظُهُورِهِمۡۚ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ٣١ ﴾الأنعام، واتە: وە ئەوان کۆڵەکانی خۆیان لەسەر پشتی خۆیان هەڵدەگرن، وە ئەوە خراپترین شتە کە ئەوان هەڵیانگرتوە.

لێرەدا خوای پەروەردگار گوناح تەشبیه دەکات بە کۆڵێکەوە کە بابای گوناهبار بە کۆڵیدا داوەو، دەچێ بۆ قیامەتێ، ئنجا وەرە مرۆڤ بە کۆڵێ گوناهەوە ، بچێ بۆ خزمەت خوای پەروەردگار، کە خوا لەسەر زەوی داینابوو بەندایەتیی بۆ بکات، کەچی بە کۆڵێ گوناهەوە دەچێتەوە بۆ لای !

دوایی دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴾، دوایی گێڕانەوەتان بۆ لای پەروەردگارتانە، وە هەواڵتان پێدەدات بەوەی کە تێیدا دەکەوتنە ڕاجیاییەوە، چ لەگەڵ کافران دا، چ لەگەڵ ئیمانداراندا، ئەو مشتومڕو ڕاجیاییەی کە لە دنیادا یەکلایی نابێتەوەو هەڵنابڕدرێ، لە قیامەتێ خوا بۆتان هەڵدەبڕێ.

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی: خوا لە کۆتایی دا دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ الْأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ ۗ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ الْعِقَابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، وە خوا ئەو کەسەیە کە ئێوەی کردوە بە جێنشینانی (خۆی) لەسەر زەوی، وە هەندێکتانی بەسەر هەندێکتاندا بە چەند پلە بەرز کردۆتەوە، تاکو لەوەدا کە پێیداون، تاقیتان بکاتەوە، بێگومان پەروەردگارت سزای خێرایە، وە بێگومان ئەو لێبوردەی بە بەزەییە.

باسێک دەربارەی جێنشینی خوابوونی مرۆڤ لەسەر زەوی

لێرەدا زانایان پرسیاریان کردوە: ئایا ڕووی دواندن لە کێیە؟ کە خوا دەفەرموێ: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ ٱلْأَرْضِ﴾؟

١/ هەندێکیان گوتوویانە: ڕووی دواندن لە مسوڵمانانە، واتە: ئەی مسوڵمانان! خوا ئێوەی لەسەر زەوی داناوەو، ئێوە جێنشینی ئەون، بۆ ئەوەی شەریعەتی ئەو پیادە بکەن لەسەر زەوی.

٢/ وە هەندێکیان گوتوویانە: ڕووی دواندن لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانە، چونکە ئەو سووڕەتی (الأنعام)ە، بە زۆریی وتووێژە لەگەڵ هاوبەش بۆ خوا دانەران دا.

٣/ هەندێکیشیان گوتوویانە: ڕووی دواندن لە خەڵکە بەگشتی.

کە لە ڕاستییدا سێیەمیان ڕاستە، چونکە خوای بالادەست ، هەموو بەشەری لەسەر زەوی داناوە، وەك جێنشینی خۆی لەسەر زەوی داینـاون، وە نازو نیعمەتی بەسەردا ڕشتوون، وە جیاوازیی جۆراو جۆریشی خستۆتە نێوانیان.

لەو ئیمتیازانەدا کە پێیداون، تاکو تاقییان بکاتەوە، لەو بوارەدا هەموویان وان، نەك مسوڵمانان بە تەنیا، یاخود کافرو هاوبەشدانەران بە تەنیا، بەڵکو هەموو بەشەر لەوەدا یەکسانن.

ئنجا لەم ئایەتەدا کە خوا باسی ئەوە دەکات: ئینسانەکانی لەسەر زەوی کردوون بە جێنشینی خۆی، ئەو مەسەلەیە لە پێنج، شەش شوێنی دیکەی قورئاندا هاتووە، بۆ نموونە:

١/ لە سووڕەتی (فاطر)دا دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَٰٓئِفَ فِى ٱلْأَرْضِ ۝٣٩﴾، واتە: ئەو کەسێکە کردوونی بە جێشینان لە زەوی دا.

٢/ هەروەها لە سووڕەتی (الحدید)دا دەفەرموێ: ﴿ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَأَنفِقُواْ مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ ۝٧ ﴾، واتە: ئیمان بە خواو پێغەمبەرەکەی بێنن و، لەوەدا کە کردوونی بە جێنشین ببەخشن.

٣/ وە لە سووڕەتی (البقرة)دا، لە ئایەتی (٣٠)دا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَـٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً ۝٣٠ ﴾، واتە: وە یاد بکەوە کاتێ پەروەردگارت بە فریشتەکانی فەرموو: من جێنشینێك لەسەر زەوی دادەنێم.

٤/ هەروەها لە سووڕەتی (یونس) لە ئایەتەکانی (١٣)و (١٤)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا ٱلْقُرُونَ مِن قَبْلِكُمْ لَمَّا ظَلَمُواْ ۙ وَجَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ وَمَا كَانُواْ لِيُؤْمِنُواْ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْقَوْمَ ٱلْمُجْرِمِينَ ۝١٣ ثُمَّ جَعَلْنَـٰكُمْ خَلَـٰٓئِفَ فِي ٱلْأَرْضِ مِنۢ بَعْدِهِمْ لِنَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ۝١٤ ﴾، واتە: وە بێگومان کۆمەڵگاکانمان لە پێش ئێوەدا فەوتاندن، دوای ئەوەی کە ستەمیان کرد، وە پێغەمبەرانیان بۆ لا هاتن، بە بەڵگە ڕوونەکانەوە، بەڵام ئیمانیان نەهێنا بەوەی کە پێشتر پێی بێبڕوا بوون، ئاوا سزای تاوانباران دەدەین، دوایی ئێوەمان کردە جێنشین لەسەر زەوی لە دوای وان، تەماشا دەکەین چۆن ڕەفتار دەکەن !

٥/ هەروەها لە سووڕەتی (الأعراف) لە ئایەتەکانی (١٢٨ و ١٢٩)دا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ ٱسْتَعِينُواْ بِٱللَّهِ وَٱصْبِرُوٓاْ ۖ إِنَّ ٱلْأَرْضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۖ وَٱلْعَـٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ۝١٢٨ قَالُوٓاْ أُوذِينَا مِن قَبْلِ أَن تَأْتِيَنَا وَمِنۢ بَعْدِ مَا جِئْتَنَا ۚ قَالَ عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِي ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ۝١٢٩ ﴾، واتە:

كاتێ مووسا بە گەلەكەی خۆی گوت: پەنا بە خوا بگرن‌و یارمەتیی لە خوا وەربگرن، وە خۆڕاگربن، زەوی هی خوایە دەیكاتە میرات بۆ هەر كەسێك كە بیەوێ لە بەندەكانی، وە سەرەنجامیش بۆ پارێزكارانە، گەلەكەی پێیان گوت: پێش ئەوەی بێیە لامان (بكرێی بە پێغەمبەر لە نێوانماندا) هەر ئەزیەت دەدراین (لەلایەن فیرعەونەوە)، وە دوای ئەوەی كە هاتووشی، هەر ئەزیەت دەدرێین، فەرمووی: زۆر نزیكە پەروەردگارتان دوژمنەكانتان بفەوتێنێ، وە ئێوە بكاتە جێنشین لە دوای وان، وە تەماشا دەكات داخو ئێوە چۆن دەكەن؟!

كەواتە: لەو هەموو ئایەتانەدا، خوای پەروەردگار باسی ئەوە دەكات كە ئینسانەكانی كردوونە جێنشین لەسەر زەوی، ئنجا دەپرسین : ئایا دەگونجێ ئینسان خەلیفەی خوا بێ؟ هەندێك دەڵێن: نەخێر، من لە كتێبی (خواپەرستیی ئیسلامیی) بەرگی یەكەم دا، بە تەفصیل باسم كردوە، وە لەو كتێبەدا كە لە زینداندا نوسیومە بە ناوی (الإسلام كما یتجلّى في كتاب الله)دا باسم كردوە[1]، كە لە ڕاستییدا ئەوە كە ئینسان جێنشینی خوایە، واقیعە، یانی : هەر بە واقیعیی وایە، بۆچی؟ چونكە ئەوە دیارە خوا ئێمەی لەسەر ئەم زەوییە داناوە، وە فەرمووشیەتی : هەرچی لەو سەر زەوییەیە، بۆ ئێوەم دروست كردوە، وە فەرموویەتی: ﴿ هُوَ ٱلَّذِی جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ ذَلُولٗا فَٱمۡشُواْ فِی مَنَاكِبِهَا وَكُلُواْ مِن رِّزۡقِهِۦۖ ...﴿١٥﴾ ﴾الملك، واتە: ئەو (خوا) كەسێكە زەوی بۆ دەستەمۆ كردوون، دەجا بە قەد پاڵەكانیدا بڕۆن، وە لە ڕزقی خوا بخۆن !

وە فەرموویەتی: ﴿ هُوَ ٱلَّذِی خَلَقَ لَكُم مَّا فِی ٱلۡأَرۡضِ جَمِیعٗا ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖۚ وَهُوَ بِكُلِّ شَیۡءٍ عَلِیمٞ ﴿٢٩﴾ ﴾ البقرة، واتە: خوا ئەو كەسەیە كە هەرچی لە زەویی دایە بۆ هەمووتانی خولْقاندوە، یان هەمووی بۆ ئێوە خولْقاندوە .

---

١) لە بەرگی یەكەم دا.

کەواتە: ئێمە بە کردەیی جێنشینی خواین لەسەر زەوی، جێنشینی خوا یانی چی؟ یانی خوای پەروەردگار لە جیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ، یاخود لە ڕێی فریشتەکانەوە، کاروباری سەر زەوی هەڵسووڕێنێ، عایدی ئێمەی کردوە، ئەوە مانای جێنشین بوونی ئێمەیە بۆ خوای پەروەردگار، چونکە لە فەرمایشتێکدا پێغەمبەر ﷺیش فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الدُّنْيَا حُلْوَةٌ خَضِرَةٌ وَإِنَّ اللهَ مُسْتَخْلِفُكُمْ فِيهَا فَيَنْظُرُ كَيْفَ تَعْمَلُونَ فَاتَّقُوا الدُّنْيَا وَاتَّقُوا النِّسَاءَ فَإِنَّ أَوَّلَ فِتْنَةِ بَنِي إِسْرَائِيلَ كَانَتْ فِي النِّسَاءِ﴾ {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ بِرقم: (٢٧٤٢)، وَأَحْمَد بِرقم: (١١١٨٥)، وَعَبْدُ بْنُ حُمَيْد بِرقم: (٨٦٧)}، واتە: بێگومان دنیا شیرینەو سەوزە {خۆشترین تام لە تامەکاندا شیرینییەو جوانترین ڕەنگیش دیارە سەوزییە، واتە: دنیا جوانەو بەتامە}[1]، وە خوا ئێوەی تێدا کردوتە جێنشینو ، تەماشا دەکات داخۆ چی دەکەن، دەجا خۆتان بپارێزن لە دنیاو، خۆشتان بپارێزن لە ئافرەت (واتە: بە باری حەرامییدا)، چونکە یەکەمین کێشەو فیتنە کە لەنێو بەنی ئیسرائیلدا پەیدا بوو، بەهۆی ئافرەتانەوە بوو.

ئنجا ئایەتەکانیش هەر ئەوە دەگەیەنن، کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

ئنجا ئەو ئایەتانەی کە من خوێندنمەوە: ئایەتەکەی (فاطر)و ئایەتەکەی (الحدید)و ئایەتەکەی سووڕەتی (البقرة)، مانای خەلیفەی خوا بوونی ئینسان، دەگەیەنن، بەڵام ئایەتەکانی دیکە: ئایەتەکەی سووڕەتی (یونس)و ئایەتەکەی سووڕەتی (الأعراف) ئەوە دەگەیەنن، کە قەومێك لە شوێن قەومێك زەوی بە میرات بگرن.

پاشان (راغب الأصفهاني) زۆر بە جوانیی باسی خەلیفە دەکاتو دەڵێ: (خَلِيفة) بە (خَلائِف) کۆ دەکرێتەوە، هەروەك چۆن (خليف) بە (خُلَفاء) کۆدەکرێتەوە، (خَلِيفة) و (خَلِيف) هەردووکیان بە مانای جێنشین دێن (الخِلافة: النِّيَابَةُ عَنِ الغَيْرِ، إمَّا لِغَيْبَةِ المَنُوبِ عَنهُ، وإمَّا لِعَجْزِهُ، وإمَّا لِمَوْتِهِ، وَإمَّا لِشَرَفِ المُسْتَخْلَفِ)

---

[1] ئەوەی نێوان کەوانەکان، زیادکردنی خۆمە.

یانی: وشەی (خِلاَفَة) بریتیە لە جێنشینایەتییکردنی غەیری خۆت، جێنشینایەتییکردنیش، یان لەبەرئەوەیە کە ئەو کەسەی جێنشینی داناوە لەوێ نیە، یان لەبەرئەوەیە کە ناتوانێ، یان لەبەرئەوەیە کە دەمرێ، یان لەبەر ڕێزلێگرتن ، یەکێك لە شوێنی خۆی دادەنێ‌و، دەیەوێ ڕێزی لێبگرێ، ئنجا بەنسبەت ئینسانەوە ، کە خوا کردوویەتی بەجێنشینی خۆی، بە مانای چوارەمیانە.

بەڵگەمان چییە لەسەر ئەوە کە خوا ڕێزی لە ئینسان ناوە؟ ئەوەیە کە فریشتەکان گوتیان: ﴿ قَالُوٓاْ أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَۖ قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ البقرة، واتە: ئایا کەسێك لە زەویدا دادەنێی‌و دەیکەی بە جێنشین، کە خوێنی تێدا دەرێژێ‌و خراپەی تێدا دەکات، ئێمەش هەمیشە تۆ بە پاك دەگرین‌و ستایشت دەکەین؟ (خوا) فەرمووی: ئەوەی من دەیزانم، ئێوە نایزانن، کە دیارە ئەوە ڕێز لێگرتنێك بووە، بۆیە فریشتەکان پێیان خۆش بووە بۆ وان بێ.

ئنجا بێگومان ئێمە یان دەبێ بڵێین: ئینسان جێنشینی خوایە لەسەر زەوی، یان دەبێ بڵێین: ئینسانەکان هەندێکیان جێنشینی هەندێکیانن، یان دەبێ بڵێین: ئینسان جێنشینی (جن)ە، هەڵبەتە هەندێك لە زانایان وایانگوتوە، بەڵام لەڕاستییدا لەبەرئەوەی ئینسان‌و جند پێکەوە هاتوونە سەر زەوی، ناگونجێ ئینسان جێنشینی جند بێ.

ئنجا بەڵگەمان چییە لەسەر ئەوەی کە پێکەوە هاتوونەتە سەر زەوی ؟!

بەڵگەمان ئەوەیە کە خوا لە سوورەتی (طه)دا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ ٱهۡبِطَا مِنۡهَا جَمِيعَۢاۖ بَعۡضُكُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوّٞۖ فَإِمَّا يَأۡتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدٗى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشۡقَىٰ ﴿١٢٣﴾ ﴾، واتە: (خوا) فەرمووی: هەردووك لاتان دابەزنە سەر زەوی (ئیبلیس‌و ئادەم‌و حەووا) هەندێکتان دوژمنن بۆ هەندێکتان.

هەروەها لە سوورەتی (الأعراف)دا دەفەرمویٚ: ﴿ قَالَ ٱهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٢٤﴾ ﴾، واتە: (خوا فەرمووی: دابەزن هەندێکتان دوژمنی هەندێکتانن...).

کەواتە: جند لە پێش مرۆڤدا لەسەر زەوی نەبوون، بەڵکو پێکەوە دابەزیونە سەر زەوی، وە پێکەوە ئەو سەر زەوییەیان ئاوەدان کردۆتەوە .

وە ناشگونجێ بڵێین : مرۆڤەکان هەندێکیان خەلیفەی هەندێکیانن، ئەدی ئادەم خەلیفەی کێ بووە ؟ خۆ پێش ئادەم کەسی دیکە نەبووە ؟ ئنجا هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان، بۆئەوەی خۆیان لەوە دەرباز بکەن، گوتوویانە : لە پێش ئادەمدا، چەندان ئادەمی دیکە هەبوون! بێگومان ئەوە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیەو، ئەسڵ ئەوەیە کە ئینسان جێنشینی خوایە لەسەر زەوی .

ئنجا دیارە هەمووی سیفەتەکانی خوای پەروەردگار دەبێ وەك ئەوەبن، کە بۆ خوا شایستەیە، کەواتە: مرۆڤ کە دەبێتە خەلیفەی خوا، وەك ئەوە نیە کە مرۆڤەکان دەبنە خەلیفەو جێنشینی یەکدی، خەلیفەی خوا بوون ، بەو شێوەیەیە کە بۆ خوای پەروەردگار شایستەیە.

ئنجا خوا ﷻ دەفەرمویٚ: ﴿ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ﴾، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتەی سوورەتی (الزخرف) وایە، کە خوا دەفەرمویٚ: ﴿ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا ۗ وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾، واتە: ئێمە لە ژیانی دنیادا، ژیان و گوزەرانیانمان لەنێودا دابەش کردوون، هەندێکیان بە چەندان پلە بەسەر هەندێکیاندا بەرزکراونەوە، تاکو هەندێکیان هەندێکیان بەکاربێنن.

یانی: ئەگەر وەزیر جوتیار بەکاربێنێ، جوتیاریش وەزیر بەکاردێنێو خزمەتی ئەو دەکات، ئەگەر بەرگدروویەك، یاساناسێك بەکاردێنێ، ئەویش ئەو بەکاردێنێ، ئەگەر سەرۆك خەڵك بەکاربێنێ، خەڵکیش سەرۆك بەکاردێنن، یانی: هەموویان خزمەتی یەکدی دەکەن، هەر کەسە بەپێی ئەو نیعمەتانەی کە خوا پێی داون، لە بواری خۆیدا، هەرکامێکیان خزمەتی ئەوانی دیکە دەکات.

وە ئەگەر ماناش ئەوەبێ: خوا هەندێك لە نیعمەتەکانی زیاتر داون بە هەندێکیان، بەڵێ، هەیە عەقڵی بەقوەتترە، عیلمی زیاترە، ماڵو سامانی زیاترە، قەدو قیافەی ڕێکترە، ڕەنگو ڕووی جوانترە، بێگومان ئەوەش واقیعێکە، بەڵام بێگومان لە ڕۆژی دواییشدا لێپرسینەوە، بەپێی نیعمەتەکانە، وەك فەرموویەتی: ﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٨﴾ ﴾ التكاثر، واتە: پاشان لەو ڕۆژەدا لەبارەی نیعمەتەکانەوە لێتان دەپرسرێتەوە، یانی: کێ خوا نیعمەتی زیاتری پێدا بێ، بە دڵنیایی دیارە لێپرسینەوەی زیاتریشی لەگەڵدا دەکرێ.

لە کۆتایی دا خوا کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلْعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، بێگومان پەروەردگارت سزای خێرایە، وە بێگومان لێبوردەی بە بەزەییە، ئاشکرایە سزایەکەی بۆ کەسانێکە کە شایستەی بن، کە بێبڕواو ستەمکارە خراپەکانن ، وە لێبوردنو بەزەییەکەشی بۆ کەسانێکە کە شایستەی بن، کە ئەهلی ئیمانی چاکەکارو پارێزکارن.

خوا بە لوتفو کەرەمی خۆی بمانخاتە ژێر سایەی لێبوردەییو میهرەبانیو بەزەیی خۆیەوە، وە پەنا بە خوا دەگرین لەو گوناحو تاوانو غەڵەتو پەڵەتانەی کە وامان لێدەکەن شایستەی سزای خوای دادگەر بین، خوا ئاکامو سەرەنجامی هەموو لایەکمان خێر بکات، ئامین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

سەرچاوەکان

١) تفسير الطَّبَري الْمُسمى جامع البيان في تأويل القُرآن، لأَبي جَعفَر محمد بن جرير الطَّبَري، تحقيق: هاني الحاج، عماد زكي البارودي، خَيْري سعيد، المكتبة التوفيقية، ٢٠٠٤ القاهرة.

٢) المِصبَاحُ الْمُنِير في تَهْذِيب تفسير ابن كثير للإمام الجليل عِماد الدِّين أَبي الفِداءِ إسْماعيل بن عُمَر بن كَثير القرشي الدمشقي، إعداد جماعَة مِنَ العُلَماء، بإشراف الشيخ صَفي الرحمن المباركفوري، دار السلام، الطبعة الثانية (١٤٢١هـ - ٢٠٠٠ م).

٣) التفسير الكبير أو مَفَاتيحُ الغَيْب للإمام فخْرالدِّين محمد بن عُمَر بن الحسين بن الحسن ابن علي التميمي البكري الرازي الشافعي، حَقَّقَهُ وعَلَّق عَلَيْهِ وَخَرَّجَ أحَادِيثَهُ عِماد زكي البارودي المكتبة التوفيقية.

٤) الجامع لأحكام القرآن، تفسير القُرطُبي لأبي عبدالله محمد بن أحمد الأنصاري القُرطُبي، حَقَّقَهُ وَخَرَّجَ أحاديثهُ عِماد زكي البارودي، خَيْري سعيد، المكتبة التوفيقية.

٥) أَحْكَام القُرْآن، لأبي بَكر محمد بن عبدالله المعروف بابن العربي، راجع أصولهُ وَخَرَّجَ أَحاديثهُ وَعَلَّقَ عَلَيْهِ محمد عبدالقادر عطا، الطبعة الأولى (١٤٠٨هـ - ١٩٨٨م).

٦) فتح القدير، الجامع بين فني الرواية و الدراية من عِلم التفسير (تفسير الشوكاني) تأليف: الإمام العلامة محمد بن علي بن محمد الشوكاني، تحقيق: عبدالرزاق الْمَهدي، دار الكتاب العربي، الطبعة الأولى (١٤٢٠هـ - ١٩٩٩م).

٧) زاد المسير في علم التفسير: لابن الجوزي .

٨) روح المعاني: للآلوسي .

٩) تفسير القاسمي الْمُسمى محاسن التأويل، تأليف: علامة الشام محمد جمال الدين القاسمي، دار الفكر الطبعة الأولى (١٣٩٨هـ - ١٩٧٨م).

١٠) تفسير المراغي ، تأليف أحمد مصطفى المراغي ، دار الفكر ، بيروت.

١١) تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام الْمَنان ، تأليف: العلامة الشيخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي، تحقيق: عبدالرحمن بن معلا اللويحق مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى (١٤٢٠هـ - ١٩٩٩م).

١٢) صفوة البيان لِمَعَاني القُرآن، تأليف: الشيخ حسين محمد مخلوف الطبعة الثالثة.

١٣) صفوة التفاسير، تأليف: العلامة محمد بن علي الصابوني، مكتبة الهداية، أربيل/ العراق، الطبعة الطبعة الأولى (١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤م).

١٤) تفسير القُرآن الحكيم الشهير بـ (تفسير المنار) تأليف: محمد رشيد رضا، دار المعرفة، الطبعة الثالثة.

١٥) الأساس ‌في التفسير، تأليف: سعيد حوى، دار السلام، الطبعة الثانية (١٤٠٩ هـ - ١٩٨٩م).

١٦) في ظِلال القُرآن، تأليف: سيد قطب دار الشروق، الطبعة الشرعية الخامسة والعشرون (١٤١٧ هـ - ١٩٩٦م).

١٧) التفسير الْمُنير في العَقِيدة والشَّرِيعَة والْمَنْهَج، تأليف: الأستاذ الدكتور وهبة الزحيلي، دار الفكر الطبعة الثالثة (١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٥م).

١٨) التحرير والتنوير، محمد الطاهر بن عاشور .

١٩) الميزان ، محمد حسين الطباطبائي .

٢٠) تفسير الشعراوي ، محمد متولِّي الشعراوي .

٢١) تفسير نمونه ، ناصر مكارم شيرازي .

٢٢) الكاشف ، محمد جواد مغنية .

٢٣) التفسير التوحيدي ، د. حسن الترابي .

٢٤) مُفرَدات ألفاظ القُرآن، تأليف: العلامة الراغب الأصفهاني، تحقيق: صفوان عدنان داوودي، دار القلم، الطبعة الثالثة (١٤٢٣ هـ - ٢٠٠٢م).

٢٥) الإستيعاب في بيان الأسباب .

٢٦) أسباب النزول ، للنيسابوري .

٢٧) لُباب النقول في أسباب النزول، للإمام الحافظ جلال الدين عبدالرحمن بن أبي بكر السيوطي خَرَّجَ أَحاديثهُ وَعَلّقَ عَلَيْهِ عبدالرزاق الْمَهْدِي، دار الكتاب العربي (١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٦م) ، (أسباب النزول) للنيسابوري .

٢٨) مختار الصِّحاح ، للرازي .

٢٩) المعجم الوسيط، دار الدعوة، الطبعة الثانية.

٣٠) الْموطأ للإِمام مالك بن أنس برواية يحيى بن يحيى الليثي، تحقيق: الدكتور الشيخ خليل مأمون شيحا، دار المعرفة، الطبعة الثانية (١٤٢٩هـ - ٢٠٠٨ م)، (أسباب النزول) للواحدي.

٣١) الْمُسنَد للإِمام أحمد بن محمد بن حنبل، الناشر مؤسسة قرطبة، القاهرة، الأحاديث مذيلة بأحكام شعيب الأرنؤوط عليها .

٣٢) صَحِيح البُخَارِي للإِمام أبي عبدالله محمد بن إسماعيل البُخَارِي، تحقيق: الدكتور الشيخ خليل مأمون شيحا، دار الْمعرفة، الطبعة الأولى (١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤ م).

٣٣) صَحِيح مسلم للإِمام الحافظ مسلم بن الحجاج النَّيسابوري، حقوق أصولُهُ و خَرَّجَ أَحاديثهُ على الكتب الستة: الدكتور الشيخ خليل مأمون شيحا، دار المعرفة، الطبعة الثانية (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م).

٣٤) سُنَن أبي داود للإِمام أبي داود سُليمان بن الأشعث السجستاني، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة الْمعارف، الطبعة الثانية (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م).

٣٥) سُنَن التِّرمِذِي للإِمام الحافظ محمد بن عيسى بن سورة التِّرمِذِي، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة الْمعارف، الطبعة الثانية (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م).

٣٦) سُنَن النَّسَائي للإِمام أبي عبدالرحمن أحمد بن شعيب بن علي الشهير بـ(النَّسَائي)، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة الْمعارف، الطبعة الثانية (١٤٢٩هـ – ٢٠٠٨م).

٣٧) سُنَن ابْنُ مَاجَهْ، للإِمام أبي عبدالله محمد بن يزيد القزويني الشهير بـ (ابْنُ مَاجَهْ)، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة الْمعارف، الطبعة الثانية (١٤٢٩هـ – ٢٠٠٨ م).

٣٨) سُنَن الدار قُطني، للإمام الحافظ علي بن عُمر الدار قُطني، تحقيق: مجدي بن مَنصور بن سي الشورى، دار الكتب العلمية، الطبعة الثانية (١٤٢٤هـ - ٢٠٠٣ م).

٣٩) الْمُستَدرَك على الصحيحين للإمام الحافظ أبي عبدالله الحاكم النَّيسابوري، تحقيق: صالح اللحّام، دار ابن حزم، الطبعة الأولى (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م).

٤٠) صَحِيح ابْنُ حِبَّان للإمام أبي حَاتِم محمد بن حِبَّان الخُراساني، تحقيق: حقوق أصولهُ وخَرَّجَ أحاديثه: الدكتور الشيخ خليل مأمون شيحا، دار الْمعرفة، الطبعة الأولى (١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤ م).

٤١) الْمُعجم الكبير للحافظ أبي القاسم سُليمان بن أحمد الطَّبَراني، حَقّقَهُ وَخَرَّجَ أَحاديثهُ حمدي عبدالمجيد السلفي، مكتبة الأصالة والتُّراث، الطبعة الأولى (١٤٣١هـ - ٢٠١٠ م).

٤٢) سُنَن الدَّارمي للإمام أبو محمد بن عبدالرحمن بن الفضل بن بهرام الدَّارمي، حَقَّقَهُ وَشَرَحَ ألفاظُهُ وَجُمَلَهُ وَعَلّقَ عَلَيهِ وَوَضَعَ فَهارسَهُ: الأستاذ الدكتور مصطفي ديب البغا، دار المصطفى، الطبعة الأولى (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م).

٤٣) مشكاة المصابيح، تأليف: محمد بن عبدالله الخطيب التبريزي، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، المكتب الإسلامي، الطبعة الثانية (١٤٠٥هـ - ١٩٨٥ م).

٤٤) إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل، تأليف: محمد ناصر الدين الألباني، المكتب الإسلامي، الطبعة الثانية (١٤٠٥هـ - ١٩٨٥ م).

٤٥) السراج الْمُنير في ترتيب أحاديث صحيح الجامع الصغير، للحافظ جلال الدين السيوطي، العلامة محمد ناصر الدين الألباني، رتبهُ وَعَلّقَ عَلَيْهِ: عصام موسى هادي، دار الصديق، الطبعة الثانية (١٤٣٠هـ - ٢٠٠٩م).

٤٦) السنن الكبرى تصنيف: الامام أبي عبد الرحمن أحمد بن شعيب النسائي، تحقيق: دكتور عبدالغفار سليمان البنداري، وسيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية بيروت – لبنان، الطبعة الاولى (١٤١١ هـ - ١٩٩١ م).

٤٧) سلسلة الأحاديث الصحيحة، تأليف: مُحَمَّد ناصر الدّين الألباني، رحمه الله، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، الرياض، الطبعة الأولى.

نێوەڕۆک